# ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی

### توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان


**کامیل ئەحمەدی**

و

هاوکاران



ئاڤای بووف

2022زایینی / 2722 کوردی



© AVAYE BUF

AVAYeBUF.com

[AVAYeBUF .com](AVAYeBUF.com) [avaye.buf@gmail.com](mailto:avaye.buf@gmail.com)

**Traces of Exploitation in Childhood**
A Comprehensive Research on Forms, Causes and Consequences of Child Labour in Iran By: kameel Ahmady

**Publication Technician:** Ghasem Gharehdaghi
**Publisher:** Avaye Buf

**ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی**
**سەرپەرشت و ڕێکخەر:**
**کامیل ئەحمەدی**

**کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:** قاسم قەرەداغی

ISBN: 978-87-93926-92-9
© Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| سەرپەرشت و ڕێکخەر | : کامیل ئەحمەدی |
| ناوی [کتێب] | : ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی<br>توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان<br>/ سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی |
| زانیاریەکانی چاپخانە | : دانیمارک: چاپخانەی : ئاڤای بووف<br>2022 زایینی / 2722 کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیاریە ڕووالەتییەکان | :594 ل.؛ ٢١×٥/١۴ س.م. روقعی |
| پێرستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 978-87-94295-24-6: |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 978-87-94295-24-6 |

- ناوی کتێب: ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی
- سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی
- چاپی یەکەم: 2022 زایینی / 2722 کوردی
- چاپی دوو هە م: 2023
- تیراژ: 500 دانە
- شوێنی چاپ: چاپخانەی دانیشفەڕ



هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بڵاوکردنەوە بە هەر شێوەیەک بە مەرجێک کە ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.
بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێران و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:
لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: WWW.AVAYEBUF.COM

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی

**وە رگیر:** نەسیم غوڵامی

**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چنوور مورادی

**هاوکاران و یاریدەدەرانی کاری مەیدانی:** زوهرە مورشدی، سارا حیسامی، حیسام مورتەزافەرد، شوهرە داداشی، چنوور عەزیزی، مێهرداد قەنبەری

**گرووپی کۆدینگ:** پەریسا مەهاجری، ئامین میرزایی ئەلوەری، فرشید خزری

**یاریدەدەری یەکەمی ئامادەکردن و شیکاریی ناوەڕۆک:** سایە ڕەحیمی، چنوور عەزیزی

**هاواهەنگکەری توێژینەوە:** زوهرە مورشدی، پەیرسا مەهاجری

**وانەبێژی شێوازی توێژینەوە:** دکتۆر پەیام ڕۆشنفکر

**ڕاوێژکاران و چاودێرانی توێژینەوە:** دکتۆر عەلیرەزا کرمانی، دکتۆر هارڤی مەکەنزی، پرۆفیسۆر ئانا ستۆن هافتش

**ڕازێنەری خشتە و چارتەکان:** پەریسا مەهاجری، فاتمە ئازەری ڕەهوەرد

**خوێندنەوەی دەقی فارسی:** سایە ڕەحیمی، دکتۆر عەلیرەزا کرمانی

**ڕازێنەری بەرگ**: چیا سە رسپی

**وێنە گری ڕووبەرگ**: موبینا قادرزادە

**تایپ و دیزاینی ناوەرۆک:** ئومید موقەدەس

## پێڕستی بابەتەکان


سپاسبێژی............................................................... 11
پێشوتار ............................................................... 17
پێشەکی ............................................................... 25
**بەشی یەکەم: گشتێتیی توێژینەوە ........................................ 31**
بەشـــی یەکەم: چوارچێوەی گەڵاڵەکان، ناســـین و خوێندنەوەی جۆرەکانی کاری منداڵان ............................................................... 32
گرینگی و پێویستیی توێژینەوە ........................................ 34
ئاستەنگەکانی توێژینەوە ............................................. 36
بەشی دووهەم: کورتەمێژووی کاری منداڵ ............................... 39
ئاماری منداڵانی کار لە جیهان .......................................... 43
بارودۆخی منداڵانی کار لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە............................ 46
بەنگلادش............................................................... 48
هیندستان............................................................... 48
کیرکیزستان ............................................................ 49
کۆماری چاد............................................................ 50
کۆماری دیمۆکڕاتیکی کۆنگۆ............................................. 50
ئێسیۆپیا ............................................................... 50
کنیا ................................................................... 51
بڕازیل ................................................................ 52
سنێگال ............................................................... 54
بارودۆخی منداڵانی کار لە وڵاتانی پیشەسازی .............................. 54
یاسای دامەزراندنی منداڵان لە بریتانیا..................................... 55
هەلومەرجی کاریی منداڵ.................................................. 57
هۆکارەکانی کاری منداڵ ................................................. 58
کاری منداڵان لە ئێران.................................................... 60

کاری منداڵان لە یاساکانی ئێران ............................................62
بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی کرێکارە مێرمنداڵەکان ......................64

**بەشی دووهەم: چەمک و وێژەی تیۆری و ئەزموونیی توێژینەوە................69**
چوارچێوە و وێژەی تیۆریی توێژینەوە ...........................................70
دابەشکاریی کاری منداڵ ........................................................72
قەدەغەکردنی خراپترین جۆری کاری منداڵ .....................................74
پلانەکانی داپەڕی کۆنوانسیۆنی قەدەغەکردن و هەوڵ بۆ نەهێشتنی خراپترین
جۆرەکانی کاری منداڵ.............................................................75
کاری مەترسیدار بۆ منداڵان .....................................................75
جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان ................................................78
چەمکی توێژینەوە ...............................................................86
منداڵانی کار.......................................................................86
کرێکار ...........................................................................88
خاوەنکار..........................................................................89
پشکنینی کار ......................................................................89
کرێکارانی کارگە خێزانییەکان ...................................................91
هەلومەرجی کاری منداڵ و مێرمنداڵ لە ئێران ...................................91
گرێبەستی شاگردی مێرمنداڵ....................................................92
کارگە..............................................................................93
کارگەی ژێر دە کەسی ...........................................................94
کارگەی خێزانی...................................................................94
کارگەی ژێرزەوینی ..............................................................95
وێژەی تیۆریی لێکۆڵینەوە .......................................................95
ئاراستەی کۆمەڵناسانە بۆ تاوتوێی پرسە کۆمەڵایەتییەکان .......................96
نارێکخراویی کۆمەڵایەتی..........................................................96
تیۆریی کارلێکی دوولایەنەی سیمبۆلیک..........................................97
تیۆریی لێکدژ .....................................................................98
تیۆرییەکانی پەیوەست بە کاری منداڵ ...........................................99
کەلتووری هەژاری...............................................................99
کۆمەڵگاگریی منداڵ ............................................................99

کۆچ ........ 101
ئابووریی نافەرمی ........ 104
ئابووریی ژێرزەوینی ........ 107
منداڵان وەک دارایی بنەماڵە ........ 109
ناکارامیی بازاڕی کار ........ 110
فاکتەر و زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ڕێخۆشکەرەکانی کاری منداڵ ........ 110
پەیوەندیی تیۆریی کاری منداڵ و بازرگانی ........ 113
سەردەمی زانیارییەکان و کونەڕەشەکان ........ 114
چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر ........ 115
کۆچ، پەراوێزنشینی ........ 117
سڕینەوەی کۆمەڵایەتی ........ 117
کونەڕەشەکان ........ 118
تیۆریی دەروونناسی / کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کاری منداڵ ........ 121
تەندروستیی دەروون ........ 121
تێکچوونی پرۆسەی گەشەی سرووشتی ........ 122
کاتی پشوو ........ 126
تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی ........ 127
منداڵازاری ........ 130
چوارچێوەی تیۆریی لێکۆڵینەوە ........ 131
پێداچوونەوەیەک بە توێژینەوەکانی پێشوو ........ 133
ئەنجامەکانی توێژینەوە ........ 146
کارگەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو و پۆشاک ........ 146
پیشە کشتوکاڵییەکان ........ 150
سێ‌ڕیانی ترانسفۆڕ ........ 153
پیشەکانی پەیوەست بە گوڵ ........ 156
بەهەشتی زارا ........ 156
بازاڕی مەحەلاتی ........ 160
بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا ........ 164
کوورەخانەی خشتپێژی ........ 166
منداڵان لە فەرەحزاد ........ 169
منداڵانی کار لە کەن ........ 174

منداڵانی کار و سەرشەقام.......................................................177
هەموو جۆرەکانی منداڵانی کار و سەرشەقام ..................................179
نەتەوەی منداڵانی کار و سەرشەقام.............................................180
جۆرەکانی ئامادەبوون لە سەرشەقام و مەکۆکان ...............................181
شێوازی ڕفتاری منداڵانی کار و سەرشەقام....................................183
بەئەزموونکردنی توندوتیژی لە سەرشەقام ......................................184
ژیانی خێزانیی منداڵانی کار ......................................................186
چەوساندنەوەی سیستماتیک.........................................................186
سەرچاوە ...................................................................................187

**بەشی سێیەم: هۆکارەکانی کاری منداڵ، لێکەوتەکان و مەترسییەکان .........193**
شێوازناسی ...................................................................................194
ئەخلاق لە توێژینەوە.........................................................................195
جۆرەکانی کاری منداڵان .......................................................................198
کار لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار .................................................201
زبڵگەڕی .........................................................................................205
کار لە سەر شەقام...................................................................................210
گوڵفرۆشی.......................................................................................218
کارکردن لە فیتەریی ئۆتۆمبێل و میکانیکی .....................................225
کارکردن لە لەحیمکاری و مادە خەسارچووەکان.................................231
گواستنەوەی بار بە داشقە ...........................................................234
کارکردن لە کوورەی خشتپێژی ........................................................240
کارکردن لە کێڵگەی کشتوکاڵ...........................................................244
کارکردن لە ماڵان ...........................................................................248
کارکردن لە فرۆشگەی مادەی خۆراکی .............................................251
کارکردن وەک شاگرد دووکان.............................................................254
کارکردن لە کارواش.............................................................................256
کارکردن لە کارگەی دارتاشی و چێو .................................................258
کارکردن لە کارگەی بلوورساز ..........................................................260
کاری ماڵان.......................................................................................262
کچە کابانەکان...................................................................................268

هۆکارەکانی کاری منداڵان ................................................ 271
هەژاری و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان ................................ 271
نەخوێندەواری و کەمخوێندەواریی دایک و باوک ........................ 274
هاوکاریکردنی زیادبوونی بڕە داهاتی بنەماڵە ............................ 276
هاوکاریکردن بۆ زیادکردنی داهاتی بنەماڵە .............................. 277
نەخۆشی و لاکەوتەیی دایک و باوک .................................... 280
گیرۆدەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشبەر ........................... 281
قەرزداری و مەرگی دایک و باوک ........................................ 284
چوونە زیندانی دایک و باوک ............................................ 285
نایەکسانیی پەروەردەیی و هەژاریی فەرهەنگی ........................... 285
هاوسەرگیری................................................................ 287
باوەڕە فەرهەنگییەکان ..................................................... 287
کۆچکردن................................................................... 289
هۆگریی منداڵان بۆ سەربەخۆیی ئابووری................................... 291
ئابووریی نافەرمی .......................................................... 293
وتەزای کۆچکردن........................................................... 304
تەمەن ....................................................................... 319
ئێتنیک ....................................................................... 329
ڕەگەز ........................................................................ 336
ڕوانگەی منداڵان............................................................ 342
چاوپۆشی و بەنۆرمکردن ................................................... 350
چاودێری و پاراستن ........................................................ 363
پەیوەندییەکانی کار ......................................................... 371
پەیوەندییەکان دەسەڵات .................................................... 388
وازهێنان لە خوێندن ........................................................ 399
هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان ......................................... 416
سەرچەشنگریی لە گرووپی هاوتەمەنەکان و ناکارامەیی سیستەمی پەروەردە ...416
دەستێوەردان و داکۆکی، داکشان یان هەڵکشانی خەسارەت ................ 419
ئێن‌جی‌ئۆکان (ڕێکخراوە جەماوەرییەکان) ................................. 432
قەدەغەکردنی منداڵان لە کار و گەڵاڵەی ناکارامە.......................... 452
لێکەوتە و مەترسییەکان ..................................................... 465

مەترسییەکانی کاری منداڵان لە جۆرە جیاجیاکانیدا........................465
ئاسایش.......................................................................495
ئەزموونی توندوتیژی و ئازار ..................................................504
چەوساندنەوە ................................................................524
کاتی پشوو..................................................................537
خواردن .....................................................................549
شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵان ...............................................558
ڕێکار و ستراتیژی منداڵان بۆ زیادکردنی سەرکەوتن........................567
کار و تەندروستیی منداڵان ..................................................582

**بەشـــی چوارەم: کۆبەندی، ئەنجامگرتن و ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی کاری منداڵ ..........................................................................599**
چاوپێخشاندن .................................................................600
پوختە و ئەنجام................................................................603
ڕێکارە کردەییەکانی کەمکردنەوەی کاری منداڵان............................610

## سپاسبێژی

لە درێژەی ئەو ساڵانەی کە لە ناو دڵی مەیدانی توێژینەوەدا، سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتی و خەڵکناسییەکان دەکۆڵامەوە، چەندین جار هەندێ حاڵەتم بەدی دەکرد کە وەک مرۆڤێک لە کانگای دڵەوە بۆ کۆمەڵگەی ئامانج و ئەو کەسانەی کە قوربانیی نەریتە خەسارەتبەخشەکان، بیر و باوەڕ و هەژاری و چەرمەسەری بوون خەفەتم دەخوارد، بەڵام ژان و کەسەری و جەرگبڕی ئەو کاتە کاری کردە ئێسقانم کە لە هەندێ لە ناوچەکانی جیهان و جوگرافیا جیاجیاکاندا بەرکەوتنم لەگەڵ ئەو منداڵانە دەبوو کە لە هەرەتی منداڵیدا کاری تاقەتپڕووکێنیان ئەنجام دەدا و لە جیهانێکدا کە ئیدعای داکۆکی لە مافی منداڵان و سازدانی داپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان دەکا، ئەوان تا دەهات بێهێزتر و لاوازتر دەبوون. لەم ساڵانەی دواییدا لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی توێژینەوەی تاڵانی تافی منداڵی – توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران - کە من سەرپەرشتی توێژینەوە بۆ ئەنجومەنی مافەکانی منداڵان بووم - ئەم خەفەتەم بەئەزموون کرد و بە کوڵ گریام و جاری دووهەم ڕەنجێکی گەورەتر و دڵهەژێنترم بەتاقی کردەوە، چونکە لە ناو دڵی مەیدانی توێژینەوە، جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵم کە خاڵێکی هاوبەشیان هەبوو ناسی؛ ئەو خاڵە هاوبەشە چەوساندنەوەی منداڵان و ئەو ڕەنجەی بوو کە لە پرۆسەی کاری پڕچەرمەسەریدا بەئەزموونیان دەکرد. کەواتە ئەو زانست و مەعریفەی کە لە درێژەی توێژینەوەی تاڵانی منداڵی وەدەست هات، زیاتر دنەی دام کە بە شێوەی گشتگیرتر و تەواوتر هەموو یان بەشێکی زیاتری جۆرەکانی کاری منداڵ تاوتوێ بکەم.

کاری منداڵ بە لای منەوە شتێکی نامۆ نییە و من وەک کەسێک کە لە هەرەتی منداڵیدا لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و لە کوردستاندا ژیاوم و لە بوونی بارودۆخ و ئیماکانیاتی ناوەند لەو سەردەمەدا بێبەش بووم، ڕۆژانی وەرزی هاوین لە سەردەمی منداڵیمدا لە گوندی باپیرم، لە کاروباری ئاژەڵداری و کاری کێڵگە هاوکاریم دەکردن. ماوەیەک لای مامم، کە ئەو کات باری ئابووریی باش نەبوو، لە مەلایەر و قەزوێن لە کوورەی خشتپێژی لە بەرەبەیانییەوە هەتا نیوەشەو کاری خشتپێژیم دەکرد و یان لە قۆناغێکدا دەستفرۆشیم کردووە و لە سەردەمێکدا وەک شاگردی دووکان لە فیتەری و وێنەگریدا کارم کردووە. ئەو کات سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەکەم هەژار نەبوون و

پێویستیان بە کارکردن و داهاتی من نەبوو، بەڵام بارودۆخ و تامەزرۆیی خۆم وای کرد کە بۆ دابینکردنی تێچوو و سەربەخۆیی زیاتری ئابووری کار بکەم کە بەشێکی زیاتری زانست و زانیارییەکانم سەبارەت بە کاری منداڵان لە ئەزموونە ژیاوەکانی خۆمەوە هەڵقوڵاوە. من لە ساڵانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیدا بە هۆی کارکردن لە ناوچە گوندییەکانی زێدەکەمدا، هۆگری سروشت و ئاژەڵان و کشتوکاڵ بووم و پێم وا بوو کە کارکردن لە هەرزەتی مێرمنداڵیدا، بەو مەرجەی چاودێری بکرێ، یاسایی بێ و بۆ شارەزایی بێ، دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی لە سەر ژیانی مرۆڤ و ناسینی جیهان دابنێ، بە جۆرێک بەشێکی زۆری ئەزموونەکانی هەنووکەم، وەک کەسێک کە هۆگری سروشت و ئاژەڵانە و ئاگاداری چۆنیەتی سووڕانی پرۆسەی خۆراک و گرینگییەکەیەتی، دەرهاویشتەی ئەو ناسینەیە کە لە هەرزەتی منداڵیدا وەدەستم هێنا. کەواتە باش دەزانم کە کار، بەتایبەت لە تافی مێرمنداڵیدا، دەتوانێ تواناکانی مرۆڤ لە ژیاندا بەهێز بکا و بۆ ژیانی داهاتوو ئامادەی بکا، بەڵام دانی پێدا دەنێم بۆ ئەوەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی تاڵانی منداڵی و ئەم توێژینەوەدا بینیم و هەستم پێکرد، جگە لە ناوی چەوساندنەوە و زێراندنی ئاشکرای منداڵانی بەستەزمان ناتوانم ناوێکی دیکە لەم بەرهەمە بنێم و هەر لەبەر ئەوە ناوی ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵیم بۆ ئەم بەرهەمە دەستنیشان کرد.

تەنگژە ئابوورییەکان کە لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا گەیشتنە ئەو پەڕی خۆیان، ناوەندە دەوڵەتییەکان لە ئاست منداڵان بەرپرسایەتیی خۆیانیان کەم کردەوە و بە دلپەڕی دووڕگلنە هەوڵی بێهوودە دەدەن، هەندێ لە ئێن‌جی‌ئۆکان کە تووشی کەمیی بوودجە و تەنانەت زەختی ئاسایشیش بوونەتەوە و هەندێ جار بە ڕکابەریی ناتەندروستەوە تێوەگلاون، میدیاکان کە ئەرکی میدیایی خۆیان لە ئاست منداڵانیان پشتگوێ خستووە و ڕوویان لە سەرنجڕاکێشیی سەردێڕییەکانی بابەتی منداڵان کردووە، ئەو شارۆمەندلنەی کە بە بێ گرینگیدان بە منداڵان و بارودۆخیان بە لایاندا تێدەپەڕن، سیستەمی پەروەردەیەک کە پەیجووری ئەو منداڵانە نییە کە دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە، ئەو خاوەنکارانەی کە منداڵان دەچەوسێننەوە و لە هەمووی گرینگتر هەژاری لە بیچمگرتنی دیاردەی کاری منداڵ و بەردەوامییەکەی و هەڵکشانی ڕێژەی کاری منداڵ دەوریان هەیە و ئێستاش ئەم دەورەیان هەیە.

ئەم توێژینەوە بە نیازە جیا لە ناساندنی زۆربەی جۆرەکانی کاری منداڵ، ڕاستییەکی ئاشکراتر لە مەڕ ئەو منداڵانە زەق بکاتەوە کە جیا لە ستەملێکراوی و

بێدەرەتانی، دەبنە قوربانیی کار و هیوادارم ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لە بەشی سێیەم و ئەو ڕێکارانەی کە لە بەشی چوارەمدا هاتووە بتوانێ داپەڕی جێبەجێکردن کردن بخاتە بەر دەم بەرپرسان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و جەماوەری کۆمەڵگا لەگەڵ جۆرەکانی کاری منداڵ ئاشنا بکات. بەتایبەت ئەوەی کە لێکدانەوەی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ هەتا ئێستا لە لێکۆڵینەومیەکی یەکدەست و گشتگیردا ئەنجام نەدراوە و ئەم توێژینەوە هەوڵی داوە ئەگەر هەموو جۆرەکانی کاری منداڵیش نەبوو جۆرە بەرچاوەکانی لە سەر ئاستی کەلانشاری تاران و دەوروبەری (کە پیشاندەرەوەی کەلانشارەکانی دیکە و سەرتاسەری ئێرانە) بە پێی سێ دابەشکاریی کارە زیانبەخشەکان و کاری مامناوەند و کاری کەمتر خەسارەتبەخش بناسێنێت.

تایبەتمەندیی ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەییە و جیاوازیی ئەم بەرهەمە لە چاو لێکۆڵینەوەکانی دیکەی بواری منداڵان ئەوەیە کە ئەم توێژینەوە بە هۆی شێوازی ئەنجامدانی و جیاوازیی شێوازی چۆنایەتییەکەی لە ڕیزی توێژینەوەی نوێی بواری منداڵانە کە لە ئێراندا پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە. لە توێژینەوەکان و دەقی نوێدا لە بری "لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە منداڵان" (Research about Children) کەڵک لە (Research with or by Children) وەردەگیرێ و لەم کارەشدا هەوڵ دراوە کۆمەڵگەی ئامانج، واتە منداڵان گێڕەوەرانی ڕاستەوخۆی ژیان و منداڵیی خۆیان بن.

توێژینەوە مەیدانییەکانی خولی یەکەمی ئەم توێژینەوە و دیمانە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئامانج لە ڕۆژانی گەرمی هاوین ساڵی 1399 هەتاوی لە گەڕەکە جیاجیاکانی تاران لە بارودۆخێکدا ئەنجام درا کە ڤایرۆسی کۆڕۆناش زۆرێک لە کار و کاسپییەکانی داخستبوو و پەرەی بە هەژاری دابوو و لە هەلومەرجێکدا ڕۆژانێکی زۆر لە ناو دڵی مەیداندا، لەگەڵ پرسیارکەرانی پابەند و هۆگری توێژینەوە، گوێمان بۆ وتەی منداڵانی کار و هەندێ لە خاوەنکارەکان هەڵخست. بۆ قۆناغەکانی کۆدینگ و دانیشتنی باس و وتوویژ سەبارەت بە مۆدێلی تیۆریی ئەم توێژینەوەش کاتێکی زۆر تەرخان کرا و بە دوایدا بۆ چارەسەری کێشەکان و تەواوکردنی زیاتری نموونەکان و بە پێی پێشنیاری چاودێر و ڕاوێژکاری توێژینەوە، هەندێ دیمانە دیسان لە مەیدانی دووهەم ئەنجام دراوە و دیمانەی پسپۆڕانەی زیاتریش ئەنجام درا و لە کۆتاییدا شیکاریی ناوەڕۆک و نووسین و ئامادەکردن و سەر لە نوێ خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە چەندین مانگی خایاند.

دیارە ئەم لێکۆڵینەوە نەدەگەیشتە ڕۆخی ئەنجام و ئەم بەرهەمە نەدەکەوتە دەستی

ئێوە، ئەگەر بە بوون و هەوڵی گرووپی دیمانەکارانی مەیدانی و توێژەرانی گرووپی کۆدینگ، یاریدەدەرانی نووســین و شــرۆڤەکارانی دلتاکان، چاودێران و ڕاوێژکارانی چۆنایەتی، خوێنەرەوەکان و ئیدیتۆرەکان نەبووایە. پرسـیارکەرانی مەیدانی کە لە سـەر ئەوەی کە ناویان لەم بەرهەمەدا بهێنرێ ڕەزامەندییان نواند بریتین لە: زوهرە مورشدی، ســارا حیســامی، حیســام مورتەزافەرد، شــوهرە داداشــی، چنوور عەزیزی، مێهرداد قەنبەری کە بە پێویســتی دەزانم ســپاســی هاوکاریی دۆســتانەیان بکەم کە لە ماوەی مەیدانی یەکەم و دووهەمدا لەگەڵم بوون و لەو بارودۆخە سـەختە و لەو هەوا گەرمە و لەوپەڕی نەخۆشــیی پەتای کۆڕۆنادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆســتانەتر و مێهرەبانانەتر گوێیان بۆ گێڕانەوەی حەســرەت و ئاواتی ئەم منداڵە چاوگەشــانە دەگرت. لە قۆناغی کۆدینگ و شــیکاریی داتاکاندا خاتوونەکانی پەریســا مەهاجری و ئامینە میرزایی ئەلۆویری ـــــش هاتنە ناو گرووپەکەوە کە دەبێ دەستخۆشیش لەوان بکەم. هەروەها سپاسی چاودێریی کوالیتیی کار و وانەبێژی قۆناغی کۆدینگی توێژینەوە، بەڕێز دکتۆر پەیام ڕۆشــنفکر بکەم کە بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی ئەم بەرهەمە و لە گەیشــتن بە مۆدێلی کۆتایی هاوبیرێکی باش بوو. بەڕێز فەرشـید خزری کە شـانازیی ئەوەم پێ برا کە پاش توێژینەوەی تاڵانی منداڵی بۆ ئەم بەرهەمەش هاوکاریم بکا و لە خوێندنەوە و پێداچوونەوەی فایلی یەکەمی وێژەی تیۆری، ئامادەکردن و شیکاریی ناوەڕۆکی بەشی ســێیەمی ئەم لێکۆڵینەوە و هاوکاریی لە ئامادەکردنی فایلی کۆتایی وەک یاریدەدەری یەکەم پێشــنیاری هەندێ ڕێکاریان دا کە من لێرەوە دەســتخۆشــی لێ دەکەم. بۆ پێداچوونەوەی دووبارە دەق، لە نووســین و ئامادەکردنی چەند وتەزا و پێداچوونەوە بە گێڕانەوەی زیاتر بۆ هەڵبژاردن و ڕاوێژکردن لە شیکاریی داتاکان سپاسی خاتوو سایە ڕەحیمی دەکەم. بۆ هاواهەنگییە مەیدانییەکان ســپاســی زوهرە مورشــدی و بۆ ئەنجامدانی کاری نووسینگەیی و هاوکاری لە خوێندنەوەی فایلی یەکەم و کێشانەوەی خشتە سەرەتاییەکانی ئەم بەرهەمە سپاسی پەریسا مەهاجری دەکەم و بۆ تەواوکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گرافیکیی چارتەکان و خشتەکان دەستخۆشی لە خاتوو فاتمە ئازەری ڕەهوەرد دەکەم. بۆ چاودێری و خوێندنەوەی فایلی کۆتایی و خســتنە ڕووی ڕای پسپۆڕانە سپاسی عەلیرەزا کرمانی دەکەم و بۆ ڕاوێژ و شارەزاییان کە ڕوانگەیەکی نوێی لەو دیو ســنوورەکانی ئێران بە وتەزای توێژینەوە "لەگەڵ و یان بە منداڵان" هەیە دەستخۆشی لە هارڤی مەکەنزی و خاتوو پرۆفیسۆر ئانا ستۆن هافتش دەکەم و بۆ ئەو هاوکارییەی کە کردیان ســپاســیان دەکەم. دەکەم بۆ کاری پێداچوونە و وردبینییان،

بەتایبەت لە پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە سـپاسـی خاتوو مەرزییە نکووکار دەکەم. هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئامادە نەبوون لەم بەرهەمەدا ناویان بهێنرێ بە هۆی ئەو هاوکاری و چاکییەی کە لە جێبەجێکردن‌کردنی ئەم بەرهەمەدا، وەکوو قۆناغی سەرەکیی مەیدانی و قۆناغی سەرەتایی پێداچوونەوەی ویژەی تیۆری بوویانە دەستیان دەگووشـم و نەبوونیان دیارە. هەروەها هەموو ئەو ڕێکخراو و ناوەندە پەیوەندیدارانەی کە هاوکاریی ئەم توێژینەوەیان کرد و لە سـەر داخوازیی خۆیان و بەرژەوەندیی ئەوان ناوی ئەوانمان نەنووسـی زۆریان لێ مەمنوونم، چوونکە هاوکاریی ئەوان کۆمەکێکی زۆر کاریگەری بە تێگەیشتنی زیاتر و باشتری بابەتەکە کرد. سپاسـی یەک بە یەکی هەموو ئێن‌جی‌ئۆکان، ڕێکخراوی بێهزیستی (چاکژیانەوە)، وەزارەتی خۆشگوزەرانی، کـار و هـەرەوەرزی، سـەندیکـا کرێکـارییـەکـان، شـارەوانییـەکـان و نـاوەنـدە توێژینەوەییەکانیان و هەموو چالاکولنانی بواری منداڵان، چالاکولنانی کۆمەڵایەتی و کەسـانی زانکۆیی کە بە قبووڵکردن و بەشـداری لە دیمانەکان یان پێدانی ڕاوژ، هاوبیری‌کردن و ئاسـان‌کردنی پەیوەندییە مەیدانییەکان لە پرۆسـەی لێکۆڵینەوە و کۆتاییهاتنی ئەم بەرهەمە هاوکارییان کردم ئەوپەڕی دەستخۆشیم لێیان هەیە. بێگومان ئەگەر ڕووخۆشـی و هۆگریی منداڵان بۆ دیمانە نەبووایە و بیر و ڕا و لە هەمووی گرینگتر گێڕانەوە دڵتەزێنەکەیان بۆ ئێمە باس نەکردایە هەرگیز ئەم داتا دەوڵەمەندە ئێتنۆگرافییانە ئامادە نەدەبوو و ئەم توێژینەوە سـەری نەدەگرت بە دڵ سـپاسـی هەر هەموویان دەکەم و ئەوان بە قارەمانانی ڕاستەقینەی ئەم کتێبە دەزانم.

ئەم کتێبە کە ئێوە دەیخوێننەوە، بەرهەمی چەندین مانگ هەوڵ و توێژینەوەی گشـتگیر سـەبارەت بە جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵە کە پاش دوو خول کاری مەیدانی، ڕاوێژ و پێداچوونەوە لە ڕۆژی جیهانیی کاری منداڵ، واتە 12ـی جوونی سـاڵی 2021زایینی، هاوڕێکەوت لەگەڵ 22ـی جۆزەردانی 1400 هەتاوی و 2721 کوردی بڵاو بۆوە و وەک دیارییەکی بچووک بۆ منداڵانی ئەم نیشـتمانە و هەموو خەمخۆرانی ئەم بوارە بێبەرامبەر کەوتۆتە بەر دەسـتی خوێنەران و هیوادارم بە دەسـتڕاگەیشتنی ئەلیکترۆنی و ئاسان بەم بەرهەمە بتوانین هەنگاوێکی کاریگەر لە ئاراسـتەی فامکردنی کاری منداڵان و خسـتنە ڕووی هەندێ ڕێکار سـەبارەت بە چارسـەری ئەم کێشـە بهاوێژرێت. بەو هومێدەی ڕۆژێ بێ کە هیچ منداڵێک لە جیهاندا لە منداڵی بێبەش نەبێ و ناچار بە کاری زۆرەملێ نەبێت.

کامیل ئەحمەدی
جۆزەردانی 2721 کوردی
www.Kameelahmady.com

## پێشوتار

بە هەر دوو شێوەی تاکەکسی و کۆمەڵایەتی پرسەکان بوونیان هەیە، بەڵام "پرسێکی کۆمەڵایەتی" سێ تایبەتمەندیی دیاریکراو لە خۆ دەگرێ: یەکەم ئەوەی کە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی هەیە، دووهەم ئەوەی کە خەسارەت بە زۆر کەس دەگەیێنێ؛ سێیەم ئەوەی کە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیێنێت. ئەم سێ پێوەرە پێکەوە لە پەیوەندیدان؛ واتە ئەگەر پرسێکی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی هەبێ، ئەگەری ئەوە هەیە زۆر کەس تێوە بگلێنێ و کۆمەڵگاش بچێتە ژێر کاریگەرییەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر پرسێک زیان بە کۆمەڵگا بگەیێنێ، بە ئەگەری زۆر سەرچاوەی کۆمەڵایەتی هەیە. جیا لەم سێ بابەتە، تایبەتمەندییەکی دیکەش بۆ پرسی کۆمەڵایەتی ڕەچاو دەکرێ و ئەوەش ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵک بارودۆخێک بە "پرس" بزانن و پێویستیان بە چارەسەری بێت.

بۆ ڕوونتربوونەوەی چەمکی کێشەی کۆمەڵایەتی، دەبێ هەر سێ چەمکی بارودۆخی کۆمەڵایەتی[1]، کێشەی کۆمەڵایەتی[2]، پرسی کۆمەڵایەتی[3] لێک جیا بکەینەوە. بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت و بێلایەنانەی بە دوور لە قەزاوەتی بەهاکانە، وەکوو بەجیهانیبوون، هاوسەرگیری و تەلاق. کاتێک خەڵک لەم بارەوە قسە دەکەن کە ئایا ئەم بارودۆخە کێشەی هەیە یان نا، ئەم بارودۆخە دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەگەر تاکەکان ئەم بابەتە وەک کێشە بناسن و بتوانن ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لەم بارەوە ڕازی بکەن و ئەم بابەتە لە ناو جەماوەرێکی زۆری خەڵکدا پەرە بستێنێ، لەم حاڵەتەدا کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێتە پرسی کۆمەڵایەتی.

بە پێی پێناسەی پێوەرەکانی پرسی کۆمەڵایەتی و لە سەر بنەمای کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، کاری منداڵانیش یەکێک لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە دێرزەمانەوە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بوونی هەبووە، پرسێک کە بە پێی دوو بژێرە بە شێوەی فەرمی لە وڵاتە جیا جیاکاندا پێناسە دەکرێ: یەکەم جۆری کار و ئینجا

---

1. Social condition
2. Social issue
3. Social problem

لانیکەمی تەمەنی گونجاو بۆ ئەو کارەیە؛ جۆری کار واتە ئەوەی کە منداڵ کارێک دەکا کە پرۆسەی گەشە سروشتییەکەی تێک دەدا و تەمەنی گونجاو لە کار واتە منداڵ ئیشێک بکا کە بە گوێرەی بەڵگە نێودەوڵەتییەکان شیاوی تەمەنی ئەو نییە و بە زیانبەخش دێتە هەژمار. ئەگەر منداڵێک یەکێک لەم دوو بژێرە بیگرێتەوە پێی دەوترێ منداڵی کار و کاری منداڵ لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا بابەتێکی سیستماتیکە کە هۆکار و ڕیشەی جۆراوجۆری هەیە کە لە ناوچە و کەلتوورە جۆراوجۆرەکاندا کردوویەتی بە پرسێکی جیهانی. هەژاری و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواریی کەم و کەمیی وشیاری، پلان لاوازە کۆمەڵایەتییەکان و هەلی ناتەواو بۆ پیشەی گونجاو وەک هەندێ لە هۆکارەکانی منداڵانی کار لە سەرتاسەری جیهاندا لە قەڵەم دەدرێت.

ڕاپۆرتی ساڵی 2018ـی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار پیشان دەدا نزیکەی 218 میلیۆن منداڵی کار لە جیهاندا بوونیان هەیە کە لە ناویاندا 150 میلیۆن منداڵی قوربانیی کار لە هەرەتی منداڵیدان و نزیکەی 73 میلیۆن کەسیان سەرقاڵی ئیشی مەترسیدار و زیانبەخشن. ئەم ئامارە ئەوە دەردەخا کە لە کۆی هەر 10 منداڵ لە جیهان یەکیان منداڵی کارە. وڵاتانی باشووریی بیابانی ئەفریقا زیاترین ڕێژەی منداڵانی کاریان لە خۆ گرتووە. بە پێی ئاماری ساڵی 2018ـی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی کار، 29 لە سەدی منداڵانی پێنج بۆ هەڤدە ساڵان لەم ناوچەدا ئیش دەکەن کە ئەم بارودۆخە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باکوری ئەفریقا تەواو جیاوازە. لەم ناوچانەدا نزیکەی 5 لە سەدی منداڵانی پێنج ساڵە هەتا هەڤدە ساڵان خەریکی کاری مەترسیدارن. ڕێکخراوی نەتەوەکان ڕایگەیاندووە کە سەرباری هەموو هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی کاری منداڵ، هەتا ساڵی 2025 زایینی 121 ملیۆن منداڵی کار لە جیهاندا بوونی دەبێت. ئەم بابەتە ئەو کاتە زیاتر جێی نیگەرانییە کە بزانین نزیکەی 69 لە سەدی ئەم منداڵانە لە ناو بنەماڵە و بە بێ مووچە ئیش دەکەن و ئەمە مانای ڕاستەقینەی زێراندن و چەوساندنەوەی منداڵانە. وتراوە کە ڕێژەی کاری منداڵ لە وڵاتانی خاوەن داهاتی کەم 19 لە سەد زیاتر لە وڵاتانی دیکەیە و سەرباری ئەمە لە وڵاتانی دیکەدا ئەم ڕێژە لە ئاستێکدایە کە بۆ چاوپۆشی نابێت. لە لایەکی دیکەشەوە 9 لە سەدی کۆی منداڵان لە وڵاتانی خاوەن داهاتی مامناوەند تا ڕادەیەک کەمن و 7 لە سەد لە کۆی منداڵانی ئەو وڵاتانەی کە داهاتی مامناوەندی تا ڕادەیەک زۆریان هەیە حەشیمەتی منداڵانی کار پێک دێنن. ئاماری ڕێژەی کۆی منداڵانی کار لە وڵاتاندا بە گرووپی جیاوازی داهاتەوە ئەوە پیشان دەدا 84 ملیۆن منداڵی کار، کە 65

لە سەدی کۆی ئەم منداڵانە پێک دێنێ، لەو وڵاتانەدا دەژین کە بڕی داهاتیان مامناوەندە. هەروەها دوو ملیۆن منداڵی کار لە وڵاتانی بە داهاتی زۆر دەژین.

ئەم ئامارە بە ڕوونی پیشان دەدا کە سەرەڕای ئەوەی ئەو وڵاتلنەی کە داهاتێکی کەمیان هەیە پێویستیان بە سەرنجی تایبەتە، بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان تەنیا بە فوکووس‌کردنە سەر وڵاتانی هەژار نالوێت. پرسی هاوبەشی نێوان وڵاتانی هەژار و خاوەن داهاتی مامناوەند و دەوڵەمەند هەمان هەژاریی بنەماڵە و کۆمەڵگایە.

ئەم توێژینەوە لە سەر تەوەری جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان وەکوو ئیشی سەر شەقام و دەست‌فرۆشی، کار لە کارگەی بەرهەمهێنان، کار لە کارواش، شاگردی لە دووکان، زبڵگەڕی، کار لە کارگە ژێرزەوینییەکان، کاری ماڵان، کار لە ماڵ، کار لە کوورەخانەی خشتپێژی، و ...، بە شێوازی تیۆری داتابنیات (GT)[1] ئەنجام دراوە.

ئەوەی لەم توێژینەوەدا لە چاو توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی دیکە لە بواری کاری منداڵان تۆخ و پڕڕەنگە لە پلەی یەکەم جۆر و کوالیتیی و چۆنایەتیی توێژینەومیە کە وەک شێوازێکی چۆنایەتییە و لە دڵ و لە ناو مەیدان هەڵقووڵاوە؛ واتە کۆمەڵگای ئامانج، بە ڕوانینێکی دیاردەناسانە و چەندلایەنە وتەزای کار، جۆرەکانی کار و مەترسی و ڕێکارەکانیان تاوتوێ کردووە کە لەم نێوەندەدا ناسین و تێگەیشتنیان لە کار و ئەزموونە دەروونناسییەکان لە شوێنی کار سەرنجڕاکێش و گرینگە.

لەم توێژینەوەدا هۆکارە جۆراوجۆرەکانی کاری منداڵان لە هەر کام لە پێشە تاوتوێ کراوە و بگۆڕەکانی ڕەگەز، ئێتنیک و تەمەن بە شێوەی جیا لە 22 جۆری کاری منداڵ شیکاری و تاوتوێ کراوە. مەترسییەکانی کاری منداڵان یەکێک لە بابەتە بەرچاوەکانی ئەم توێژینەومیە کە بە پێی جۆری کار و بارودۆخی تەمەن و فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی تر، زەختیی زەرەر و زیانی هەمەجۆری لێ دەکەوێتەوە.

چەوساندنەوە لە کاری منداڵان و بازاڕی کاری نافەرمی دوو وتەزای تەوەریی ئەم توێژینەوەن و کەلێنی پێشکەوتن، گرژی و شەڕ لە وڵاتی ئەفغانستان، هەژاری و بێکاریی خانەوادە، بەدسەرپەرشتی و بێ‌سەرپەرشتی، و هۆگربوون بە کار هۆکارەکانی کاری منداڵان لەم لێکۆڵینەوەن.

لە شێوازی جێبەجێکردن‌کردنی یاساکان و چاودێری‌کردنی یاساکان، تۆڕی کۆچبەران، هەڵاواردنە ئێتنیکی و ڕەگەزییەکان، پەیوەندییەکانی دەسەڵات، نیشتەجێ‌بوون (شوێنی نیشتەجێبون)، بەها و ڕوانگەکان دەتوانێ لە هۆکارە

1. Grounded theory

دەســتێوەردەرەکـان بێ و تـەمـەن، ڕەگـەز، ئێتنیـک، بـارودۆخی خێزانی وەک فـاکتـەرە زەمینییەکانی ئەم توێژینەوە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین.

کۆنترۆڵ و چـاودێریی منـداڵ، شــیـاوکردن (بـەنۆرمکردن)، نـاوبژیوانێتی، خاوەنبەرژەوەندییەکان، کردەوەی چالاکانە و ناچالاکانە لە ڕێکارەکانی مۆدێلی زەمینەیی لێکۆڵینەوەن.

بێبەشبوون لە خوێندن، پشــوو و خۆراکی بەســوود، کێشــە تەندروســتییەکان، بـەئـەزموونکردنی تونـدوتیژی و جۆرەکـانی مـەترســی (وەک لێکـەوتـە نـەرێنی و نەخوازراوەکان)، دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خانەوادە، فێربوونی پیشە و بەرزبوونەوەی ئاسـتی پیشــە (وەک لێکەوتەی ئەرێنی و خوازراو) دەرهاویشــتەکانی کاری منداڵان و مۆدێلی زەمینەیی لێکۆڵینەوەن.

خاڵێکی دیکەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە هەوڵ دراوە وتەزای کاری منداڵان لە گۆشــەی نیگای ڕاپەڕێنەرە کلیلییەکان، واتە منداڵان خۆیان و دایک و باوکەکانیان، خاوەنکارەکان، چالاکوانان و شـارەزایانی بواری منداڵی، و بەرپرسـانی حکومەتی لە ڕێکخراو و ناوەندەکانی پەیوەندیدار بە بواری کاری منداڵان (وەکوو شـــارەوانی و بێهزیســتی (چاکژیلنەوە) و هێزەکانی ئاســایش) تاوتوێ بکرێت. کەوڵتە ڕوانینێکی چەند لایەنەی بۆ دیاردەی کاری منداڵان هەیە.

لە ڕاســتیدا ئەم خوێندنەوە بە نیاز بووە بە ناســینی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان، هۆکارەکانی کاری منداڵان، میکانیزمە بیچمدەرەکانی کاری منداڵ و پرس و دەرهاویشتەکانی کار بۆ سەر منداڵان، لە پێناو نەهێشتنی کۆسپ و کەمکردنەوەی زیانەکان، تاکەکان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەم دیاردە وشیار بکاتەوە.

و خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەم توێژینەوە بە تاوتوێکردنی جۆرە جیاوازەکان و دیوە شاراوەکانی کار و شوێنی کار و پێناسەکردنی شوێنی کاری منداڵان وێنەیەکی ڕوون لەو پانتایە پیشـــان دەدا کە منداڵان تێدا خەریکی کارکردنن و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرە جیاوازە نەناسـراوەکانی کاری منداڵان لە تاران بۆ بەردەنگ بەرهەمـست ببێتەوە و بتوانێ تێگەیشتنێکی دروستی لە مەترسییەکانی کاری منداڵان دەست بخا و هەروەها ئاسـۆیەک بەرەو ڕووی سـیاسـەتدانەران و بەرپرسـانی ئەم بابەتە بکاتەوە بۆ ئەوەی بە ناسـینێکی ڕاسـتەقینەوە بتوانن لە پێناو نەهێشـتن و سـڕینەوەی کاری منداڵان هەنگاو بنێن.

کەوڵتە بەشـــی یەکەمی ئەم توێژینەوە لە ســـەر بەراییەکان، کورتەمێژووی منداڵی

کار، ئاستەنگەکان، گرینگی و ئامانج و پرسیارە گەڵاڵەکراوەکانی توێژینەوە کاری کردووە و هەروەها بە چڕ و پڕی دیاردەی کاری منداڵی تاوتوێ کردووە، چونکە ئامارە جیهانییەکانی ڕێکخراوی کار لە ڕێژەی زۆری منداڵانی کار لە سەرتاسەری جیهان هەواڵ دەدەن کە لە تافی منداڵی بێبەشن و چەوسێنراونەتەوە.

بەشی دووهەم ئاماژە بە پاڵپشتیی تیۆری و ئەزموونیی توێژینەوە دەکات. لەم بەشەدا هەوڵ دراوە کە لە پێشدا چەمکەکانی توێژینەوەی پەیوەست بە منداڵ، کاری منداڵ، منداڵانی کار و جۆرە جیاجیاکانی کاری منداڵ پێناسە بکرێت. بەو پێیەی کە کاری منداڵ پەیوەندییەکی ماناداری لەگەڵ هەژاری و کێشە ئابوورییەکان هەیە، کەولتە لەم بەشەدا بە شێوەی گشتگیر هەژاری و هەژاریی بنەماڵە، کە لە کۆتاییدا لەوانەیە هەژاریی منداڵی لێ بکەوێتەوە، شی کراوەتەوە. لە بەشی وێژەی تیۆریدا لە پێشدا تیۆرییە ئابوورییەکانی منداڵانی کار پەیوەست بە منداڵی کار و هۆکارە ئەگەرییەکانی چوونی منداڵان بۆ ناو پرۆسەی کار لە ڕوانگەی تیۆرییەوە ڕوون کراوەتەوە و ئینجا ئاراستە و تیۆرییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە پێداگرینواندن لە سەر منداڵانی کار پێداچوونەوەیان پێدا کراوە.

بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوە کۆمەڵێ داتای چەندایەتی و چۆنایەتیی توێژینەوە لە خۆ گرتووە. لە بەشی چەندایەتیدا بە پیشاندانی چارت و خشتەی فرەییەکانی پەیوەست بە دیاردەی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان ئەنجامەکانی خراوەتە ڕوو کە نەتەوە، ئێتنیک، تەمەن، ماوەی کار، هۆکارەکانی کار، کۆچکردن، نیشتەجێکردن، ڕەگەز، کاتی پشوو و دیکەی فاکتەرەکان لە خۆ دەگرێت. بەشی چۆنایەتی بە شیکاریی داتاکان لە سەر بنەمای شێوازی تیۆریی داتاتەوەر (داتابنیات) یان زەمینەیی (GT)، ئەنجامەکانی دیمانە لەگەڵ منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا لە چوارچێوەی وتەزاکان و تەوەرە بنەڕەتییەکان هەڵێنجنراوە و بەتەواوی شی کراوەتەوە. زۆربەی تەوەرە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوە سەبارەت بە منداڵ و بارودۆخی منداڵییە. هەروەها ئەو مەترسییانەی کە حەڕەشە لە منداڵان دەکا، واتە ئابووری و ماف و بارودۆخی کاریی پەیوەست بە کاری منداڵان و پەیوەندییەکان و سیستەمی زاڵ بە سەر ئەم بارودۆخەدا، جۆر و چۆنایەتیی ژیان و خۆراکی منداڵان، خەسارەت و ئەو لێکەوتانەی کە منداڵان لە کاردا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

بەشی کۆتایی توێژینەوە بابەتەکان کۆبەندی دەکا و ئەنجامی لێ دەگرێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ڕێکاری پشتبەستوو بە ئەنجامی توێژینەوە و مۆدێلی زەمینەیی بۆ

کەمکردنەوە یان کۆنترۆڵکردنی دیاردەی کاری منداڵان بخاتە ڕوو. لە پلەی یەکەمدا چارەسەری کێشە ئابوورییەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی کۆمەڵگەی سەرتا، کە هێزی مرۆیی ئەم دیاردە دابین دەکا، دەتوانێ تا ڕادەیەک هاوکاریی نەهێشتنی کاری منداڵ بکا، بەڵام بەو پێیەی کە لە ڕەوتی بیچمگرتن و درێژەی ئەم دیاردە کۆمەڵێ فاکتەر و هۆکار کاریگەرن، لەم بەشەدا ڕێکاری گونجاو لەگەڵ دەرفەت و سنووردارییەکانی ئێران و بە پێی هۆکارەکانی کاری منداڵان لە وڵاتی ئێران و کەمکردنەوەی خەسارەتەکان خراوەتە ڕوو و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوە هەندێ نوێگەرێتیشی لە خۆ گرتووە، چونکە ڕێکارە ئاماژەپێکراوەکانی بەشی چوارەم لە ئەزموونەکانی کۆمەڵگەی ئامانج، مۆدێلی هەڵێنجاندنی توێژینەوە، ڕوانگەی پسپۆڕان، و بە پێی ڕاستییەکانی ڕۆژ وەرگیراوە و تەنگژە ئابوورییەکان و کێشەکانیش ڕەچاو گیراوە. کەواتە ئەم توێژینەوە بە جۆرێ لە جۆرەکان وەک ڕاپۆرتێکی شیکاریی ستراتیژانە لە قەڵەم دەدرێ کە دەتوانێ لە شێوازی سیاسەتدانانی بواری کاری منداڵان بەسوود و کارامە بێت.

ئەم توێژینەوە هەروەها تێکۆشاوە بەرۆژترین بارودۆخی کاری منداڵ لە ئێران و بەتایبەت کەلانشارەکان پیشان بدات. ڕاستە بواری مەیدانیی ئەم توێژینەوە کەلانشاری تاران و دەوروبەری بوو، بەڵام دەتوانین ئەم مۆدێلە بۆ دیکەی کەلانشارەکان و تەنانەت سەرتاسەری ئێران بگشتێنین. خاڵێکی گرینگ و سەرنجڕاکێشی دیکە سەبارەت بەم توێژینەوە ئەوەیە کە وێنەیەکی دروستتری لە کۆمەڵگەی منداڵانی کار لە شاری تاران پیشان دەدات. هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە کە خوێنەر دەتوانێ لە ڕێگەی گێڕانەوە و وردەکاریی ئێتنۆگرافییانەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگەی ئامانج ساز بکا و لە ڕاستیدا ئاوێنەیەکی تەواونوێنی منداڵانی کار و بارودۆخ و هەلومەرجی ئەوانە. بە هۆی خوێندنەوەی خەڵکناسی و ئەوباوەڕەی کە بەرامبەر بە گرینگیی کاری مەیدانی هەمە، لە هەموو کارە لێکۆڵینەوەییەکانمدا تێکۆشاوم کۆمەڵگەی ئامانج پەیامهێنەری بێناوبژیوان بۆ خوێنەر بن و قسەی خۆیان بکەن. لەم توێژینەوەشدا گێڕانەوەکان ئەم ئەرکە دەنوێنن و جۆرەکانی کاری منداڵ کە لەم توێژینەوەدا ناسێنراون بە هۆی شوناسی شاراوەیانەوە پشتگوێ خراون، بەڵام لە ناو گێڕانەوەکانی کۆمەڵگەی ئامانج و منداڵانی کار دیوە شاراوەکانی ئەم کارانە و ئەو خەسارەتانەی کە بۆ منداڵانی هەیە پیشان دراوە.

ئەم توێژینەوە لە هەندێ ڕووی دیکەشەوە جیاوازە، چونکە هەوڵ دەدا ڕاستییە

کەمتر وتراوەکان سەبارەت بە منداڵانی کاری کۆچبەر و نایاسایی پیشان بدات. ئەم بابەتە دەتوانێ بەرپرسان ڕابچڵەکێنێ بۆ ئەوەی وەکوو زۆرێک لە وڵاتان، ئاسانکردنی میکانیزمی کۆچی یاسایی و دەرکردنی ڤیزای کار بخەنە ناو فەرمانی کارەوە و کارێکی وا بکەن کە قاچاغی مرۆڤ و قاچاغی منداڵان، بێبەشبونی منداڵانی کۆچبەر لە چوونە قوتابخانە و گۆشتگرتنی ئابووریی نافەرمی کەم بکەنەوە. وێڕای ئەمە گرینگیی ئەم بابەتە بەتایبەت لە سەردەمی تەشەنەسەندنی پەتای کۆرۆنا دووقات بوو، چونکە ڕێژەیەکی زۆری کۆچبەرانی نایاسایی بە هۆی ترس لە کەوتنە دەست یاسا هەوڵی لێدانی واکسەنی کرۆنا نادەن و بەم شێوە ئەوان لە مافی سوودمەندیی تەندروستی بێبەش دەبن. پرسێکی دیکە کە جێی مەترسییە ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا و لە پاڵ منداڵانی کۆچبەر کە دەبنە قوربانیی کار، ڕێژمیەکی زۆری منداڵانی بنەماڵە ئێرانییەکانیش بە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و بچووکبوونەوەی سفرە و خوانەکانیان لە خوێندن دابڕاون و چوونەتە ناو پرۆسەی کارەوە. هەموومان باش دەزانین کە بنەبڕکردنی کاری منداڵ، بە تەواوەتی پێویستی بە زۆر شتە کە گرینگترینەکەیان نەهێشتنی تەواوی هەژارییە و هەتا ئەو کاتەی ئەم پێویستییانە دابین نەبێ پلاندانانی بۆ کەمکردنەوەی کاری منداڵ هیچی لێ سەوز نابێت. هیوامان ئەوەیە ڕێکارەکانی بەشی کۆتایی وەک جارنامەیەک بتوانێ هەندێ ڕێکار بۆ بەرپرسان بخاتە ڕوو.

## پێشەکی

لە جیهانی ئەوڕۆدا کە گرینگیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان سەلمێنراوە و کۆمەڵگای جیهانی بەم باوەڕە گەیشتووە کە یەکێک لە گرینگترین پێویستییەکانی گەشەی بەردەوام لە کۆمەڵگاکاندا سازدانی دادپەروەری و نەهێشتنی نایەکسانییەکانە، کاری منداڵان و هەوڵ لە پێناوی کەمکردنەوە و وەستاندنی کاری منداڵان گرینگییەکی زۆری هەیە، منداڵان وەک بێپەناترین چینی کۆمەڵگا کە تولنای بەرگری لە خۆیانیان نییە، ئەگەر ببنە قوربانیی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و لەبەر هەندێ هۆکار، بۆ وێنە هەژاری لە خوێندن بێبەش بکرێن و بچنە ناو پرۆسەی کاری ناچارییەوە، ئاراستەی کۆمەڵگاش بۆ پێشکەوتنی بەرەو گەشەی بەردەوام تووشی کێشە دەبێت.

سەرەڕای تێگەیشتن لەم بابەتە کە کارکردنی منداڵان زیان بە تەندروستیی تاک و کۆمەڵگا دەگەیێنێ و لە مافە مرۆییەکان بە دوورە، هێشتا زۆر منداڵ لە سەرتاسەری جیهاندا دەبنە قوربانیی کاری پێشووەختە. کارکردنی منداڵان کێشەیەکە کە لە کۆمەڵگایەکدا بەدی دێ کە پلاندارێژان و بڕیاردەران ناتوانن هەلی یەکسان بۆ هەموو چین و توێژەکان دروست بکەن و هەروەها ناتوانن ئاستی هەژاری کەم بکەنەوە یان ئەم بابەتە زۆر گرینگە دەکەنە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین بە پێچەوانەی یاسا پەسەندکراوەکان لە بەستێنە نیشتمانی و ئەوپەڕنیشتمانییەکاندا لە پێناو وەستاندنی کاری منداڵ و هەروەها کۆنوانسیۆنە جیهانییەکان، هێشتا منداڵان لە پرۆسەی کاری ناچاریدا زیان دەبینن، بەتایبەت ئەوەی کە زۆرێک لە جۆرەکانی کار دەچنە ڕیزی کارە تاقەتپڕووکێنەکانەوە کە پرۆسەی گەشەی سروشتیی منداڵ تووشی کێشە دەکەن و تەندروستیی جەستە و دەروونیی منداڵ دەخەنە مەترسییەوە.

هەوڵە جیهانییەکان بۆ کەمکردنەوە و وەستاندنی کاری منداڵ لە چەند ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە؛ لە ساڵی 1999ی زایینی ڕێکخراوی جیهانیی کار کۆنوانسیۆنی لانیکەمی تەمەنی دامەزراندنی پەسەند کرد کە بە پێی ئەوە، بەکارهێنانی منداڵانی ژێر تەمەنی پازدە ساڵان قەدەغە کرا و بۆ پیشە زیانبەخشەکانیش نەدەبا

منداڵانی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵان کاریان پێ بدرابایە. پاش پەسەندکردنی ئەم یاسایە، زۆربەی وڵاتان بۆ وێنە بریتانیا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵ چاکسازییان لە یاسا ناوخۆییەکانی خۆیاندا کرد. لە ساڵی 1973 ڕێکخراوی جیهانیی کاریش کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی خێرای خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵی پەسەند کرد کە بە پێی ئەم کۆنوانسیۆنە، کە بە ژمارەی 182 دەناسرێ، دامەزراندنی منداڵان لە پیشە سەخت و زیانبەخشەکاندا قەدەغە کرا. لە ساڵی 2020ـی زایینی بە دەنگدانی هەر هەموو وڵاتی جیهان بەم کۆنوانسیۆنە، ڕێکخراوی نەتەوەکان ساڵی 2020ـی وەک خاڵی گرینگی مێژوویی بۆ هەوڵی جیهانی لە پێناو وەستاندنی کاری منداڵ ڕاگەیەند و ساڵی 2021 بە ساڵی وەستاندنی کاری منداڵ ناو نا. پێشتریش ساڵی 2015ـی زایینی بە ساڵی نەهێشتنی کاری منداڵان ڕاگەیێندرا بوو. سەرەڕای هەر هەموو ئەو هەوڵانە، یوونیسێف و دیکەی ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافەکانی منداڵان ڕایانگەیاندووە هەتا ئەو کاتەی هەژاری هەبێ کۆتاییهێنان بە کاری منداڵان نامومکینە. ئەم وتە ئەوە دەگەیێنێ کە ڕاستە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی هەندێ وڵات کارکردنی منداڵانیان قەدەغە کردووە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لایەنی ناچاریی دەستخستنی داهات و دابینکردنی بژێوی بۆ منداڵانیش دەبێ ڕەچاو بگیرێت. هەر بۆیە هەندێ پرسیار لە زەیندا دروست دەبێ: منداڵ بە هۆی چ بارودۆخێک ناچار بە کارکردن دەبێ؟ چ فاکتەرگەلێک جۆری کاری ئەو دیاری دەکا؟ ئەگەر واز لەم کارەی ئێستای بێنێ چ بەدیلێکی گونجاو لە بەر دەستە؟

لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا کارکردنی منداڵ هەتا تەمەنێکی تایبەت قەدەغە کراوە. بەمەشەوە، لە هەندێ لە ناوچەکانی دیکەی جیهان ڕێگرییەکی ئەوتۆ لە کارکردنی منداڵ ناکرێت. پرسێک کە سەبارەت بە کارکردنی منداڵ گرینگییەکی زۆری هەیە بارودۆخی پێناسەکراو بۆ ئیشەکەیانە. لە هەندێ لە وڵاتانی جیهاندا منداڵان لە کاتی کارکردندا خراپترین بارودۆخ بەئەزموون دەکەن. بۆ وێنە لەوانەیە کاری تاقەتپڕووکێن و بە واتایەک "یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ"ـیان پێ بسپێردرێ یان ئەوەی کە منداڵ بەرەو ڕفتاری نەشیاو دنە بدات. منداڵانی کار بە پێی دوو بژێرە، بە شێوەی فەرمی، لە وڵاتانی جۆراوجۆر پێناسە دەکرێن: یەکەم جۆری کارە و دووهەم لانیکەمی تەمەنی گونجاو بۆ ئەو کارەیە. "منداڵی کار" بە منداڵێک دەوترێ کە خەریکی ئیشێک بێ کە بۆ تەندروستیی فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و کەسایەتیی ئەو زیانبەخش بێ و بواری گەشەی سروشتی - کە بریتییە لە

مافی خوێندن و یاریکردن - لەو منداڵە زەوت بکات. بژێرەی دووهەم تەمەنی گونجاو بۆ هەر پیشە و کارێکە کە ئاسەوار و دەرهاویشتەکانی لە تەندروستی و گەشەی منداڵدا خۆی دەنوێنێت. بەم پێیە، گرێبەستی ژمارە 138ـی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لانیکەمێکی تەمەنی بۆ پیشە جۆراوجۆرەکان دیاری کردووە کە ئەگەر منداڵێک بە تەمەنی کەمتر لە تەمەنی ئەو ئیشە لەو شوێنەدا کار بکا، بەو منداڵە دەوترێ منداڵی کار.

لە ئێرانیش، بە پێی مادەی 79 یاسای کار، کارکردنی منداڵانی ژێر تەمەنی پازدە ساڵان قەدەغەیە و ئەگەر خاوەنکارێک کار بە کەسانی خوار تەمەن پازدە ساڵ بکا بە سەرپێچیکار لە قەڵەم دەدرێ و وەبەر سزای نەختی و زیندان تا دەگاتە پلۆمپکردنی کارخانە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کار دەکەوێت. مادەی 84 یاسای کاریش پێشبینی کردووە کە ئەو پیشە و کارانەی کە تایبەتمەندییەکەیان بۆ تەندروستی و یان ئەخلاقی شاگردان و مێرمنداڵان زیانبەخشە، لانیکەمی تەمەنی کار هەژدە ساڵان تەواوە کە لێکدانەوەی ئەم بابەتە لە ئەستۆی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە. بە پێی مادەی 80 یاسای کار، "کرێکارێک کە تەمەنی لە نێوان 15 هەتا 18 ساڵانی تەواو بێ پێی دەوترێ کرێکاری مێرمنداڵ و لە دەستپێکی دامەزراندنیدا دەبێ لە لایەن ناوەندی دابینکردنی کۆمەڵایەتییەوە پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت". بە پێی مادەی 80 هەتا 84 یاسای کار، خاوەنکار دەتوانێ لە هەلومەرجی تایبەتدا هێزی کاری مێرمنداڵ بقۆزێتەوە کە ئەم هەلومەرجە بریتییە لە: ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ کرێکاری مێرمنداڵ؛ کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانەی کرێکاری مێرمنداڵ دەبێ نیوکاتژمێر کەمتر لە کاتژمێری کاریی کرێکاران بێت؛ پێسپاردنی هەر چەشنە کارێکی زیادە و ئەنجامدانی کار لە شەو و هەروەها پێسپاردنی جۆرەکانی کاری دژوار و زیانبەخش و مەترسیدار و هەڵگرتن بە دەست، زیاتر لە ڕادەی ڕێگەپێدراو و بە بێ بەکارهێنانی کەرەسەی میکانیکی بۆ کرێکاری مێرمنداڵ قەدەغەیە؛ هەروەها کارکردن لەو پیشانەی کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بۆ مێرمنداڵ دژوار و زیانبەخشە قەدەغەیە. ئەگەر ئەم مژارلنەی سەرەوە ڕەچاو نەکرێ سزای نەختی بە ڕێژەی 5 بۆ 100 قاتی لانیکەمی حەقدەستی ڕۆژانەی کرێکارێک لە سەر ئەستۆی خاوەنکارە. بە گشتی دەبێ بڵێین، بە پێچەوانەی پێویستی و سنووردارییەکان، هەندێ لە کارگە خێزانییەکان و کارگە بچووکەکان یاسای کاری نایانگرێتەوە و ئەمە بەکارهێنان و چەوساندنەوەی منداڵانی لێ کەوتۆتەوە. لە بواری ڕووداوە پیشەییەکانیش پاش کارگە بیناسازییەکان،

زیاترین ڕووداو لە کارگە بچووکەکاندا ڕوو دەدا کە ئەویش بە هۆی ڕەچاونەگرتنی ڕێنماییە خۆپارێزییەکان و نەبوونی پشکنینی وردە. لەم کارگانەدا ئەگەر ڕووداوێک بۆ "منداڵ"ـێک بکەوێتەوە، ئەم منداڵانە بە هۆی بێئاگایی لە یاساکان و ئەو ترسەی کە هەیانە، سەردانی هیچ کوێ ناکەن و مافیان پێشێل دەکرێت [1].

منداڵانی کار لە بارودۆخی زۆر نالەبار لە ڕووی خواردن، تەندروستی و ئەنجامدانی کاری مەترسیدار و سەختدا بە سەر دەبەن. ئەم منداڵانە دەتوانن زۆر بە ئاسانی ببنە دارەدەستی کەڵەتاوانبارانی وەکوو دز یان باندەکانی بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر، ئەجێنداکانی دامەزراندنی بنکەی لەشفرۆشی، و ... و هەروەها سوودمەندنەبوون لە پەروەردە و وەدەستهێنانی زانست و تەکنیک وای کردووە کە هێزی ڕکابەریی لەگەڵ دیکەی منداڵان بۆ دروستبوونی ژیانێکی تەندروست، زیاتر لەم منداڵانە زەوت بکرێت. بە شێوەی گشتی زۆربەی منداڵانی کار، بە هۆی بوونی بارودۆخی سۆزداریی نەگونجاو و بارودۆخی تایبەتی ژیان، خاوەن ڕۆحییەیەکی هەستیار و لە ڕووی سۆزدارییەوە لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆیان خەسارهەڵگرترن. کەواتە کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی ئەم منداڵانە بووەتە هۆی ئەوەی کە توڕەییەکی شاراوە لە ناوشیارگەی ئەم منداڵانەدا بچەسپێ کە ئەمە لە گەورەساڵیدا دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە نانۆڕمییەکان لە کۆمەڵگادا سەر هەڵبدات. لە لایەکی دیکەشەوە کاری منداڵان هەڵکشانی بڕی قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ ئەو کەسانەی لێ کەوتۆتەوە کە منداڵان دەچەوسێننەوە و لە ئەنجامی ئەوە لە ناو کۆمەڵگادا مەودای چینایەتی و هەژاری و دەستەڕۆیی زۆرتر دەکا، منداڵان لە دەستڕاگەیشتن بە زانست و شارەزایی پێویست بێبەش دەکا و کارامەیی هێزی کار کەم دەکاتەوە. هەروەها دەبێتە هۆی زۆربوونی خەسارمتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، تاوانباری، چەوساندنەوە، هەڵاواردن، و هەژاری و لە ئەنجامدا تەندروستیی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە و ڕێگری لە پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا دەگرێت.

بە پێی بارودۆخی جیاوازی کاری منداڵان و سەرهەڵدانی کێشە و خەسارەتی زۆر لە شوێنەکان و کارگەی جیاواز و هەروەها هەڵکشانی ڕێژەی کاری منداڵان لە پانتا داخراوەکاندا، ئەم توێژینەوە بە نیازی لێکۆڵینەوە و ناسینی کاری منداڵان و ناسینی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ لە سەر ئاستی شاری تاران و شارۆچکەکانی دەوروبەریەتی. ناسینی لێکەوتە و ئەو خەسارەتانەی کە منداڵان لە شوێنی کاردا

بەئەزموونی دەکەن و هەروەها هۆکارە درێژەپێدەرەکان کاری منداڵان و فاکتەرە دەستێوەردەرەکانی کەمکردنەوە یان زیادکردنی کاری منداڵیش لەم توێژینەوەدا خراوەتە بەر تیشکی سەرنج و لە کۆتاییشدا لە پاڵ دواکۆبەندی و ئەنجامگرتن. هەندێ ڕێکاری ئیجرایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە زێراندنی منداڵان خراوەتە ڕوو. بەو هیوایەی کە ئەم توێژینەوە - کە بەرهەمی چەندین مانگ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە مەیدانە و لە ئەنجامی چەندین کاتژمێر وتووێژ لەگەڵ منداڵانی کار، خاوەنکارەکانیان و یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە کراوە - بتوانێ چاوساغێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە چەوساندنەوە و زێراندنی منداڵان بێ و منداڵیی لەدەستچوویان بۆ بگەڕێنێتەوە.

# بەشی یەکەم: گشتێتیی توێژینەوە

## بەشـــی یەکـەم: چوارچێوەی گـەڵاڵـەکـان، نـاســین و خوێنـدنـەوەی جۆرەکانی کاری منداڵان

کاری منداڵ[1] دیاردەیەکی جیهانییە کە جۆر و شـێوازی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ، بەڵام بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی، کاری منداڵ بەو کۆمەڵە کارانە دەوترێ کە زیان بە تەندروستیی جەستە، ڕۆح و دەروونی منداڵ دەگەیێنێ و مافی خوێندن و ڕاهێنـانی لێ زەوت دەکـات. بۆ وێنـە دەبێتـە هۆی بێبـەش‌بوونی منـداڵ لـە چوونـە قوتابخـانـە، یـان وازهێنـانی نـاچـاری لـە خوێنـدن یـان نـاچـارکران بـە کـاری قورس و درێژخایەن هاوکاتی لەگەڵ خوێندن.

ڕاپۆرتی ساڵی 2018ـی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار پیشان دەدا نزیکەی 218 میلیۆن منداڵ لە جیهاندا بوونیان هەیە کە خەریکی یەکێک لە جۆرەکانی کارن. بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، دەتوانین بڵێین لە کۆی هەر 10 منداڵ لە جیهان یەکیان منداڵی کارە. بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی جیهانیی کار، وڵاتانی باشـووری بیابانی ئەفریقا زیاترین ڕێژەی منداڵانی کاریان لە خۆ گرتووە و بە پێی ئاماری ساڵی 2018ـی ئەم ڕێکخراوە، 29 لە سەدی منداڵانی پێنج بۆ هەڤدە ساڵان لەم ناوچەدا ئیش دەکەن کە زۆربەیان لە بەشـی کاری دژوار و زیانبەخشـدا خەریکی ئیشـن. ئەم بارودۆخە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باکووری ئەفریقا جیاوازە و لەم ناوچانەدا نزیکەی 5 لە سەدی منداڵانی پێنج ساڵە هەتا هەڤدە ساڵان خەریکی کاری مەترسیدارن، بەڵام لە وڵاتانی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا بارودۆخی منداڵان جێی نیگەرانییە؛ لە وڵاتانێکی وەکوو هیند و پاکسـتان منداڵان لە چوارچێوەی گرێبەسـتی ڕایەتی و بندەستی دەفرۆشرێن یان دەدزرێن بۆ ئەوەی لە کێڵگە، کارخانە و کارگە لە کەشێکی کاریی نالەباردا کاریان لێ بکێشرێت.

ئامـاری ڕاگـەیێنـدراو لـە لایـەن ڕێکخراوی جیهـانیی کـارەوە بـەراوردێکی کـەم تـا کورتی ڕێژە و حەشـیمەتی منداڵانی کار لە جیهانە، چونکە ڕاگەیاندنی ئاماری وردی منداڵانی کار بە پێی جۆری جیاواز و ئەوەی کە لە هەندێ لە مژارەکلندا شـوناسـی

1. Child labour

شاراوەیان هەیە، دەتوانین بڵێین نامومکینە.

تەشـــەنەســـەندنی هاوکاتی هەژاری و بەجیهانیبوونی چالاکییە ئابوورییەکان لە جیهان و هەژاربوونی بەشـــێکی زۆری حەشـــیمەت، بنەماڵەکان منداڵەکانیان ناچار دەکەن بۆ مانەوەیان خۆ لە هەر کارێک بدەن. بە واتایەکی تر، ئەم فاکتەرە باســـکراوانە بۆتە هۆی ئەوەی کەرتی ئابووریی نافەرمی پەرە بســـتێنێت. بە گشـــتی لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، ئابووریی نافەرمی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا گەشەی کردووە.

بۆ پێناســـەکردنی ئابووریی نافەرمی هەوڵێکی بەربڵاو دراوە و بۆ ئاماژەکردن بەم بەشـــە چەمکی جۆراوجۆر بە کار هێنراوە، چەمکگەلی وەکوو "ئابووریی ســـێبەری"، "ئابووریی هاوتەریب"، "ئابووریی ژێرزەوینی" و "ئابووریی نافەرمی". خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئابووریی نافەرمی لەگەڵ کەرتی ئابووریی نایاسایی فەرقی هەیە؛ لە یاسای وڵاتاندا ئەو ئیشانەی کە لە کەرتی ئابووریی نایاسایی (وەکوو بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر) ئەنجام دەدرێ بە تاوان ناسراون، بەڵام کار و چالاکییەکانی کەرتی ئابووریی نافەرمی هەمیشـــە تاوان نییە و بە نایاســـایی لە قەڵەم نادرێت. لە بنەڕەتەوە ئابووریی نافەرمی بریتییە لە "هەموو ئەو کارانەی کە بۆ دەستخستنی داهاتن و لە لایەن دەوڵەتەوە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئامادە نەکراون، لە شوێنێکدا کە ئیشی هاوشێوە ئامادە دەکرێت". [4] هەر بەم شـێوە لە ئێرانیش لە درێژەی یەک دوو دەیەی ڕابردوودا ئابووریی نافەرمی گەشەی بەرچاو سەندووە و بۆتەوە هۆی هەژاری و نایەکسانییەکی قووڵ. [5]

لەگەڵ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی بەربڵاو و گۆڕانی ئابووریی بژێوی و پەرەسەندنی کەرتی نافەرمی، هاوکات هەژاری، نایەکســـانی و چەوســـاندنەوەی لە ڕادەبەدەری هەژارانی لێ دەکەوێتەوە. چینی لاوازتر لە ســـۆنگەی ڕەگەز و تەمەنەوە، واتە ژنان و منداڵان زیاترین ڕێژەی کرێکارانی کەرتی ئابووریی نافەرمی پێک دێنن. زۆرێک لە پیشـــەکان لە ئابووریی نافەرمیدا دەرهاویشـــتەی جەســـتەیی و دەروونیی زۆریان بۆ منداڵان هەیە. کاری شـــاراوەی منداڵ لە شـــوێنی داخراویش جۆرێکە لە کاری مەترسیدار، چونکە منداڵان لە بەر چاو ونن و نازانرێ چییان بە سەر دێت. بە جۆرێک کە کارکردن لە کارگەی بچووک، کارگەی ناوماڵ و لە زۆر حاڵەتدا کارگەی نایاســـایی و لە کەرتی ئابووریی نافەرمی خەســـارەت و زیانی زۆری لێ دەکەوێتەوە، چونکە منداڵان لە ژینگەی داخراوی کاریدا ئازادیی کردەیی کەمتر بەئەزموون دەکەن و بۆ بەرگری و چاودێریکردنی خۆیان لە چاو شـــەقام توانایەکی کەمتریان هەیە. بوونی

پانتای تابشتهەڵنەگر و مەترسیداری کارگەی ژێرزەوینی چەوساندنەوە و منداڵازاریی پتری لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی تریشـەوە منداڵان مافی خاوەنداریێتیی پارە یان حەقدەستیان نییە و لەم ڕووەشەوە دەچەوسێنرێنەوە.

بە گشتی تەشەنەسەندنی کاری منداڵ جۆری جیاوازی لە خۆ گرتووە کە بریتییە لە دەستفرۆشی و گوڵفرۆشی لە شەقامەکان، ئیش‌کردن لە فیتەری و میکانیکی، ئیش‌کردن لە کەرتە بەرهەمهێنانەکانی بەرگدووری و بلوورسازی، ئیش‌کردن لە کورەخانەی خشت‌پێژی و تەنانەت زبڵگەڕی.

سەبارەت بە کارگە جۆراوجۆرەکان و بارودۆخی کاریی منداڵان لەم ژینگانەدا زانیارییەکی کەم لە بەردەستە، چونکە نازانرێ لە ڕۆژدا چەند کاتژمێر ئیش بەو منداڵانە دەکرێ و چەندە حەقدەست بەم منداڵانە دەدرێت. هەر بۆیە پێویستە جۆرەکانی کاری منداڵ بناسرێ و لە ڕووی شوناس، بارودۆخ و مەترسییەکانی کار تاوتوێ بکرێن. ئامانجی ئەم توێژینەوە هەر ئەمەیە. بە واتایەکی تر ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە: ناسینەوە و خوێندنەوەی جۆرەکانی کاری منداڵان لە سەر ئاستی شاری تاران لە سۆنگەی شوناس، بارودۆخ و لێکەوتەکانی بۆ سەر منداڵان. سەرەڕای ئەوە بە شێوەی بەربڵاو هەوڵ دراوە لە ڕەهەندی نیشتمانی و جیهانیشەوە ئەم بابەتە لێک بدرێتەوە.

## گرینگی و پێویستیی توێژینەوە

منداڵان سەرمایەی سەرەکی و مرۆیی بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی هەموو وڵاتانن. ئەگەر منداڵان لە گەشەی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیی باش سوودمەند نەبن ناتوانن تافی گەورەساڵیش بە باشی بەئەزموون بکەن و بۆ ڕێنوێنیی کۆمەڵگا بەرەو گەشە توانای پێویستیان نابێت. بە واتایەکی دیکە کاری منداڵان نە تەنیا ڕێگری لە درێژەدان بە خوێندنیان دەکا و لە هاوتەمەنەکانیان هەڵیاندەبڕێ، بەڵکوو کاریگەریی نەرێنیش لە سەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونیان دادەنێت. منداڵان بە هۆی ئەوەی لە قۆناغی گەشەی جەستەییدان و جەستەیان لە چاو گەورەساڵان لاوازترە، لە هەمبەر زیان و نەخۆشی کە بە هۆی کارە زیاتر زیانیان پێ دەگا و بە هۆی تەمەنی کەمەوە لە مەترسیی هەندێ لە کارەکان ئاگادار نین و ئاستی ئاگاداریيان کەمە. لە ئەنجامدا ڕێژەیەکی زۆری منداڵانی کار و لە هەندێ لە وڵاتاندا نزیکەی دوو لە سەر سێیان لە بەر دەم مەترسیی جیدیدان. زۆرێک لە منداڵان لە بەر دەم خەسارەت و

زیانگەلی وەکوو برینداربوون، شـکان یان کەمئەندامبوون، سـووتمان و نەخۆشـیی پێستی، خەسارەتی بینایی و بیسایی، نەخۆشیی هەناسەکێشان و کۆئەندامی هەرەس، ژلنەسـەری بە هۆی کارکردن لە شـوێنی گەرم و ... دان [6]. بەم پێیە و بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە ساڵی 2005، بە شێوەی مامناوەند ساڵانە 22 هەزار منداڵ بە هۆی خەسـارەتەکانی کارەوە دەمرن [7]. منداڵانی کار، بەدەر لە زیان و خەسـارەتی جەسـتەیی ڕووبەڕووی خەسـارەتی ناجەسـتەییش دەبنەوە کە ئەم خەسـارەتانە چارەسـەر ناکرێن و لێکەوتەی قەرەبوونەکراویان لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە منداڵی کرێکار لە ڕەهەندی ناسینییەوە تووشی لاوازی دەبن و ئەم پرسە کاریگەری لە سـەر فێربوونیان، بەتایبەت لە قۆناغی خوێندندا دادەنێت. گەشـەی سـۆزداریی منداڵانیش بە هۆی کار لە بارودۆخی سـەختی دەروونیدا تێک دەچێ و زیان بە هەسـتگەلی وەکوو خاوەن حورمەتبوونی تەواو، متمانەبەخۆیی، هۆگربوون بە بنەماڵە و عەشـق و دۆسـتایەتیان دەگات. ئەم منداڵانە هەروەها تووشـی جۆرەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن کە لەگەڵ تەمەنیان ناگونجێ و بە بوونی بەرپرسـایەتیی کاری لە کارگەیەکی بچووک، بە هۆی نەبوونی پەروەردەی پێویست و نەبوونی توانای پلاندانانی، لە شـوێنی کاردا بەردەوام دڵەڕاوکێیان هەیە کە ئەم دڵەڕاوکێیە هاوڕێی هەمیشەیی ژیانیانە [8].

سـەرەڕای پێویسـتی و گرینگیی ناسـینی جۆرەکانی کاری منداڵ، هەتا هەنووکە توێژینەوەیەکی گشـتگیر لەم بارەوە لە ئێراندا ئەنجام نەدراوە. ئەو توێژینەوانەشـی کە هەن تاقمێکی سـنوورداری جۆرەکانی کاری منداڵیان لێک داوەتەوە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەم توێژینەوە کەمەشـدا هەندێ کاری وەکوو کاری ماڵان سـەرەڕای فرەییەکی زۆر، تاوتوێ نەکراوە. توێژینەوە لەم بارەوە لە چەند ڕووەوە گرینگە: لێکەوتەی دەروونی و جەسـتەیی کاری منداڵان نەک تەنیا تاک بەڵکوو هەر هەموو کۆمەڵگا تێوەدەگلێنێ؛ منداڵانی کار بێبەشـترین چینی کۆمەڵگان کە لە زیاترین مافی بنەڕەتیی خۆیان بێبەشـن؛ هەروەها ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم دیاردە وەکوو هەلومەرجی کاری منداڵان، ڕێژەی منداڵانی کار لە کارگەکان و شـوێنە کارییە جیاوازەکان، حەقدەسـتی منداڵان، ماوەی کارکردنیان، کێشـەی کار لە کارگەکان و شـوێنە جیاوازەکان و سـوودەکانی بۆ منداڵ و خاوەنکار و ... ڕوون نییە و بە هۆی نەبوونی ناسـیارییەکی دروسـت لەم دیاردە، سـیاسـەتداڕێژی و داپەڕێکی تایبەتیش ئەنجام نەدراوە. کەواتە تاوتوێکردنی پرسی جۆرەکانی کاری منداڵ و ناسینی ڕەهەندە

شاراوەکانی ئەم دیاردە و هەروەها خستنە ڕووی ڕێکارە زانستی و کردەییەکان دەتوانێ لەم بوارەدا هارکاریی کەمبوونەوەی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە ناسینی جۆرە جیاجیاکانی کاری منداڵ لە سەر ئاستی شاری تاران و دەوروبەریەتی، بەڵام ناسینی هۆکار و فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی جۆرە جیاوازەکانی کار، ناسینی سروشت و بارودۆخی کار و ناسینی لێکەوتەی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان بە پێداگرینواندن لە سەر مەترسییەکانی کار بۆ منداڵان وەک ئامانجی دووهەم ڕەچاو کراوە. بۆ دەستپێڕاگەیشتن بەم ئامانجانەش هەندێ پرسیار ئامادە کرا کە وڵامدانەوەی هەر کامیان توانی هەندێ زانیاریی تەواو لە بارودۆخی منداڵانی کار لە تاران پیشان بدا و هەروەها بە هۆی فرەڕەنگی و بەربڵاویی جۆرەکانی کاری منداڵ لە پێتەخت، دەتوانین ئەم ناسینە تەواوە بۆ سەرتاسەری ئێران و دیکەی کەلانشارەکانی ئێران بگشتێنین.

ئەم پرسیارانە بریتین بوون لە:

1ـ جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ چییە؟

2ـ چ فاکتەرگەلێک دەبێتە هۆی کاری منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا؟

3ـ منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا چ تێگەیشتنێکیان لە کاری خۆیان هەیە؟

4ـ لە پیشە جیاوازەکاندا لێکەوتەکانی کاری منداڵان چییە؟

5ـ منداڵان لە پیشە جیاجیاکاندا ڕووبەڕووی چ مەترسی و کێشەگەلێک دەبنەوە؟

6ـ ڕەوشی کاری منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا چییە؟

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە

بە پێی بابەتی لێکۆڵینەوە، واتە جۆرەکانی کاری منداڵ لە پانتا داخراو و کراوەکاندا، ئەم لێکۆڵینەوە تووشی سنوورداریی تایبەتی وەکوو شێواز و ئاستی دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵگەی ئامانج، لێکبڵاویی کۆمەڵگەی ئامانج لە شاری تاران و دەوروبەری، بوونی کۆچبەری نایاسایی، نەگونجاوبوونی دیمانە لەگەڵ منداڵانی ژێر چاودێریی خاوەنکار و بە گشتی منداڵبوونی کۆمەڵگەی ئامانج بوویەوە. بە شێوەی گشتی لەم توێژینەوەدا جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ وەکوو کارگەی بەرگدووری و پەردەدووری، بەردەستی، گوڵفرۆشی، بلوورسازی، جۆرە جیاوازەکانی کاری تەکنیکی، زبڵگەڕی، داشقەچێتی، کارکردن لە کارگە جیاوازە بەرهەمهێنانەکان،

کارکردن لە کارواش، کارکردن لە کوورەخانەی خشـــتپێژی و جۆرە جیاوازەکانی کاری سەرشەقامی وەکوو دەسفرۆشی، شووشەسڕین، فاڵفرۆشی، گوڵفرۆشی و ... تاوتوێ کراوە، بەڵام سنووردارییی ئابووری و زەمانی و هێزی مرۆیی بوو بە ئاستەنگی بەر دەم تاوتوێی قووڵتری هەموو جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ. بە هۆی ئەم سنوورداریيانەوە، هەندێ جار بە پەلە هەندێ لەو ناوچانەمان کە کاری منداڵانی تێدا بوو تاوتوێ دەکرد. هەروەها ســەبارەت بە هەندێ کاری وەکوو کاری ماڵان بە هۆی شوناسی شاراوە و دژواریی دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵگەی ئامانج، ئەوەندەی بۆمان کرا بارودۆخی منداڵانی کرێکاری ماڵانمان پیشــان دراوە. لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوە زیاتر خوێندنەوەی جۆرەکانی کاری منداڵ لە پانتا داخراوەکان و ژێر چاودێریی ڕاســتەوخۆی خاوەنکار بوو، دیمانە لەگەڵ منداڵان لە شــوێنی کاریی داخراو و ژێر چاودێریی خاوەنکار یان بۆمان نەدەلوا یان ئەوەی کە منداڵ هەر وا بە ئاســانی نەیدەتوانی قســە بکا و لە هەندێ حاڵەتیش گرووپی توێژینەوە بۆ چوونە ناو شــوێنی کاری منداڵانی کار و کارگەکان ڕووبەڕووی ڕێگریی خاوەنکارەکان دەبوونەوە. هۆی ئەم کارە دەتوانێ ســەرقاڵکردنی منداڵان و بەهەدەردانی کاتی ئەو منداڵە لە کاتی کارکردن و هەروەها ڕۆڵی خاوەنکار خۆی لە چەسپاندنی بارودۆخی کاریی منداڵان لە بارودۆخی نالەبار بێت. بە شێوەی گشتی سەرەکیترین ئاستەنگەکان هی ناسینی مەیدانی توێژینەوە و دیمانە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئامانج بوو و بەو پێیەی کە لە زۆربەی حاڵەتەکلندا پانتای کارگەکان بچووک بوو و مەودای نێوان منداڵ و دیکەی کرێکاران و خاوەنکار کەم بوو، هەلی دیمانەکردن هەر وا بە ئاســانی نەبوو و هەروەها ڕاکێشـــانی متمانە و ڕەزامەندیی منداڵان بۆ دیمانەش یەکێک لە دژوارییەکانی توێژینەوە بوو، هەروەها ئەوەی کە لە زۆربەی حاڵەتەکلندا خوازیارییەکی ئەوتۆیان بۆ دیمانەکردن نەبوو. یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکانی توێژینەوە هی کاتی توێژینەوە واتە هاوینی ســاڵی 1399 هەتاوی بوو کە هاوکات بوو لەگەڵ گەرمەی تەشـەنەسـەندنی پەتای کۆڕۆنا کە هەر ئەمە خۆی لە ڕووی ڕەچاوگرتنی ڕێنماییە تەندروســتییەکان لە مەیدانی توێژینەوە زۆر کێشەی بۆ گرووپی توێژەران ساز کردبوو.

ڕەچاوگرتنی ئەخلاق لە توێژینەوەش کە وەک یەکێک لە مژارە گرینگەکانی کاری توێژینەوەیی سەیر دەکرێ گرووپی توێژینەوە تووشی هەندێ کەند و کۆسپ دەکا؛ لە هەندێ حاڵەتدا پاش قۆناغی دژواری ناســینی کارگەی شــوێنی کاری منداڵان و ڕازیکردنی منداڵان بۆ دیمانە، هەندێ جار هەندێکیان ملیان بە دیمانە نەدەدا و یان

لە ناو دیمانەدا لە درێژەدان بە گفتوگۆ خۆیان دەبوارد. سەبارەت بە وێنەی منداڵانیش هەوڵ درا مافەکانی منداڵان بۆ شاردنەوەی شوناسیان بپارێزرێ، بە جۆرێکە لە وێنەکاندا دەموچاویان بە هەندێ گۆڕانکاری کە لە قۆناغی گرافیکیدا ئەنجام درا، شیاوی ناسینەوە نییە.

دەستپێکی توێژینەوە بۆ گرووپی مەیدانی خەرمانەیەک لە ناڕوونی لەگەڵ بوو، چونکە ئەم توێژینەوە لە پێشدا دەویست کاری منداڵان لە ناو کارگە ژێرزەوینییەکان تاوتوێ بکا، بەڵام لە پرۆسەی توێژینەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جۆرە جیاجیاکانی کاری منداڵ لە ناو کارگەکان و شوێنە جیاجیاکان، توێژینەوە ڕووبەڕووی بارودۆخی نوێ بوویەوە. هەر لەبەر ئەوە، ئەو دیمانەنامەی کە لە پێشدا ئامادە کرا چەندین جار پێداچوونەوەی پێدا کرا و هەموو پرسیارە داڕێژراوەکان ئاراستەی هەموو منداڵەکان نەکرا.

## بەشی دووهەم: کورتەمێژووی کاری منداڵ

مێژووی کاری منداڵ بارتەقای درێژایی مێژووی دەرکەوتنی جیهان و لەدایکبوونی مرۆڤە. هەر لەو ساتەوە وا مرۆڤ بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی هەستا بە بیناکردنی خانوبەرە و دابینکردنی خۆراک، منداڵانیش بە شێوازی جۆراوجۆر کاریان پێکراوە و بە گوێرەی توانای جەستەییان ناچار کراون کە لە کارکردندا بەشداری بکەن و لەگەڵ تێپەڕینی زەمان و گۆڕانی شێوازی ژیانی مرۆڤ ئەم کارکردنە لە پەرەسەندندا بووە. وەک توێژینەوە کۆنینەناسییەکان پیشان دەدەن، بەکارهێنانی منداڵان لەو کۆمەڵگایلنەی کە پشتبەستوو بە ڕاو و کۆکردنەوەی خۆراک بوون لە چاو کۆمەڵگە دواترییەکان کە لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە خۆیان دەژیاند کەمتر بوو. بە واتایەکی دیکە، پاش سەردەمی کۆنینەبەردی، لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت، پەرەسەندنی شارنشینی و نیشتنگەی هەمیشەیی و باوبوونی کشتوکاڵ، بەکارهێنانی هێزی کاری منداڵانیش پەرەی سەند و لە هەموو چاخە مێژووییەکان و لە کۆمەڵگە جیاجیاکلندا بەردەوام بوو. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەموو ئەندامانی بنەماڵە لە پێناو مانەوە و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی ئەرکەکانیان ڕادەپەڕلند و منداڵەکانیش بە گوێرەی توانایان ئیشیان دەکرد. بە واتایەکی دیکە لەم چەشنە کۆمەڵگایانە کار بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵگاگری بوو و دەتوانین تەمەنی دەستپێکردنی کاری منداڵان لەو ساتەوەختەدا بخەملێنین کە ئەوان دەیانتوانی بەشداری هەندێ لە کارەکاندا بکەن و هەندێ بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرن و ئەم بەرپرسایەتییانە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی ئەوان زۆر دەبوو. بەتایبەت ئەوەی کە لە ڕابردوودا، قۆناغێک بە ناوی مێرمنداڵی بوونی نەبوو و هەر تاکێک پاش تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی دەچووە ناو تافی گەورەساڵییەوە و دەبوایە لە هەندێ کاری وەکوو کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، کاری پیشەسازی و کاروباری ناوماڵ بەشداری بکردایە.

لە هەندێ لە کۆمەڵگەکلندا تەنانەت پرسەکە لەوەش زیاتر دەچێ و ئەنگێزەی زۆرێک لە بنەماڵەکان لە منداڵخستنەوە، جیا لە درێژەدان بە نەوە، بەکارهێنانی منداڵان وەک قۆڵ و نوێڵی هێزی کار بووە. ئەم پرسە لە مەڕ کچان و کوڕان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ زۆربەی کوڕان لە کاری دەرەوەی ماڵ و زۆرینەی کچان لە کاری ناوماڵدا ئیشیان کردووە. لەو مژارانەی کە منداڵان لە کاری پیشەسازیدا ئیشیان دەکرد پەیوەندییەکان بە شێوەی وەستا و شاگرد پێناسە دەکرا. سەرباری ئەمە، "کاری منداڵان" لە سەردەمانی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی پاش شۆڕشی

پیشەسازی لە دنیادا باو بووە جیاوازیی بنەڕەتی هەیە، چونکە هەتا بەر لە شۆڕشی پیشەسازی، کاری منداڵان سەرباری سەختی و تاقەتپڕووکێنییەکەی، بەرهەمی نەریتە باوەکان و فەرهەنگی زاڵی ئەو کۆمەڵگە بوو، بەڵام لە پاش شۆڕشی پیشەسازی، دنیا دیاردەیەکی بە خۆوە بینی کە بە شێوەی سیستماتیک و ئامانجدار منداڵانی دەچەوساندەوە و وەک هێزی کاری هەرزان و چاپک بە کاری دەهێنان.

شۆڕشی پیشەسازی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ڕووی دا، سەردەمێک کە دنیا چلێسانە تامەزرۆی بەرهەمهێنان بوو و بۆ خێراکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان، مەکینە بوو بە بەدیلی هێزی کاری مرۆیی و لە بریتانیا و ئینجا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دیکەی وڵاتانی جیهان کارخانەی بچووک و گەورە پەرەی سەند. خاوەن کارخانەکان بۆ کارکردن بە مەکینەکان دەبا هێزی مرۆییان دامەزراندبا، بەڵام ئیشکردن بەم مەکینانە پێویستی بە هێز و شارەزایی تایبەت نەبوو. کەواتە خاوەنکارەکان زۆر هۆگری دامەزراندنی منداڵان بوون کە لە چاو گەورەساڵان حەقدەستیان کەمتر بوو.

ئەو ڕووداوەی کە لە پرۆسەی بەپیشەسازیدا بیچمی گرت ئەوە بوو کە کاری منداڵان لە چاو ئەوەی لە ڕابردوودا بوونی بووە، شوناسێکی جیاوازی گرتە خۆی و پەیوەندیی خاوەنکاری لە سەر بنەمای حەقدەست بەدی هات، بەڵام ئەم پەیوەندییانە پێکهاتەیەکی دادپەروەرانەیان نەبوو و سەرباری کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن، حەقدەستی کەم بە منداڵان دەدرا. منداڵێکی کرێکار لەوانە بوو شەش ڕۆژی هەفتە دوازدە بۆ هەژدە کاتژمێر لە ڕۆژدا تەنیا بۆ وەرگرتنی دۆلارێک ئیش بکات. زۆرێک لە منداڵان لە تەمەنی بەر لە هەوت ساڵانەوە بە پیشەگەلی وەکوو کارکردن بە مەکینە، داتاشینی ئاسنەکان، یان هەڵگرتنی باری قورس دەستیان بە کار دەکرد. ژینگەی کارخانەکانیش زۆر جار تاریک، شێدار و پیس بوو. تەنانەت هەندێ لە منداڵان لە ژێرزەوین و کانگای خەڵووز ئیشیان دەکرد. ئەم منداڵانە هیچ دەرفەتێکیان بۆ یاریکردن یان چوونە قوتابخانە نەبوو، تەنانەت ئەم منداڵانە بۆ یاریکردن یان چوونە قوتابخانە هیچ دەرفەتێکیان نەبوو، تەنانەت بۆ پشوودان وەختی ئەوتۆیان نەبوو و زۆربەیان نەخۆش دەکەوتن.

ئەم بابەتە لە بەرهەمی کەڵەنووسەر و بیرمەندانێکی وەکوو چارڵز دیکنز[1] و کارڵ

---

1. Charles John Huffam Dickens

مارکس[1]ـــیشدا بە شێوەی ڕخنەیی و ناڕەزایەتییانە ڕەنگی داوەتەوە. مارکس لە وەسفی بارودۆخی منداڵانی بەکارهێنراو بە داهێنانی پیشەسازیی نوێ لە پاڵ ڕووبارەکان، لە پارێزگا نوێکان، وەکوو داربی شـــایێر، ناتینگام شـــێیر و لانکشـــایێر، لە بریتانیا دەنووســـێ: "خاوەنکارەکان لە پاڵ بەکارهێنانی کرێکارانی گەورەســـاڵ منداڵانی بچووکی هەتیوخانەکانیان بە کار دەهێنا، چونکە چاپکبوونیان و پەنجە ناسکەکانیان زۆر بەکەڵک بوو. بارودۆخی ئەم منداڵە بەشـەمەینەتانە ترسـناک بوو و حەقدەسـتیشیان کەم بوو." [9]

ئەو زیانانەی کە پاش شـۆڕشـی پیشـەسـازی ئاوقانی منداڵان بوو ئەوەندە زۆرە کە ڕەنگە بتوانین ســـەدەی هەژدەهەمی زایینی بە ڕەشـــترین ســـەدە بۆ منداڵانی هەژار و منداڵانی کار لە قەڵەم بدەین. کاتێک کە دایک و باوکەکان نەیاندەتوانی تێچووی منداڵەکانیان دابین بکەن، ئەوانیان بە خاوەن کارگە یان کارخانەکان دەســـپارد و خاوەنکارەکان وەک دیل کاریان بەم منداڵانە دەکرد. بۆ وێنە کارخانەیەکی بەرهەمهێنانی شووشە لە ماساچۆست بە تەلی دڕکاوی دەورە درابوو بۆ ئەوەی ڕێگری لە ڕاکردنی منداڵە بەدفەڕەکان بگرێ و ئەم منداڵە بەدفەڕانە هەمان منداڵانی خوار تەمەنی دوازدە ساڵان بوون کە بە درێژایی شەو بۆ وەرگرتنی حەقدەستێکی چل سنێتی یان یەک دۆلاری باری شووشەی داخیان دەگواستەوە [10].

لە کۆمەڵگە پیشـەسـازییەکاندا بارودۆخی جەرگبڕ و پەرۆشـیهێنەری منداڵانی کار و هۆگریی خاوەنکارەکان بۆ چەوسـاندنەوەیان، لە پاڵ پەرەسـەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادی هەژاری، پرسـی منداڵانی کاری کرد بە کێشـەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا کەلیســـا، گرووپە کرێکارییەکان، مامۆســـتایان و زۆربەی خەڵک دژ بەم ڕفتارە ســـتەمکارانەیە ناڕەزایەتییان نواند و پێداگرییان لە ســـەر چاکســـازی لەم بوارەدا کرد. هەروەها لەگەڵ ســـەرهەڵدانی کەڵەنووســـەرانێک کە ســـەرنجێکی تایبەتیان خســـتبووە سەر پێداویستی و دنیای منداڵان و لە گۆشە نیگای ئەوانەوە جیهانیان پێناسە و بەراورد دەکرد، شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵانیش گۆڕا و جیهان وەرچەرخانێکی مەزنی نە تەنیا لە هەڵســـوکەوت لەگەڵ منداڵان بەڵکوو لە شـــێوازی پەروەردەش بەئەزموون کرد. لەم ئاراســـتەدا بەرهەمی نووســـەرانێکی گەورەی وەکوو چارڵز دیکنز و ڤیکتۆر هۆگۆ[2] کە نەهامەتییەکانی منداڵانیان لە سەرەشارە مۆدێرن و پڕ لە بەرژەوەندیخوازی و

---

1. Karl Heinrich Marx
2. Victor Marie Hugo

توندوتیژییەکان گێڕاوە، زۆر کاریگەر بوو. دیکنز لە ڕۆمانی ئۆلیوێر تویست بارودۆخی دڵهەژێنی منداڵانی هەژار و منداڵانی کاری پیشان دا و لە ئەنجامی هەموو ئەم هەوڵانەدا وردە وردە لە وڵاتە جیاجیاکاندا هەندێ یاسا دابەزێنرا بۆ ئەوەی بارودۆخی منداڵانی کار باشتر ببێت. بریتانیا یەکەم وڵات بوو کە سەبارەت بە کاری منداڵان هەندێ یاسای دابەزاند. لە نێوان ساڵانی 1802 هەتا 1878 زایینی کۆمەڵە یاسایەک دابەزێنرا کە تا دەهات ماوەی کاری منداڵانی کەمتر دەکرد و بارودۆخی منداڵانی کرێکاریان لە شوێنی کاردا باشتر دەکرد. بە گوێرەی ئەم یاسایانە، لانیکەمی تەمەن بۆ کاری منداڵانیش زیاد کرا. پاش ئەوە دیکەی وڵاتانی ئورووپاییش یاساگەلی هاوشێومیان دابەزلند، بەڵام چەندین ساڵی خایلند هەتا کاری منداڵان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا قەدەغە بکرێت. بۆ وێنە لە کانێکتیکێت لە ساڵی 1813 یاسایەک جێبەجێکردن بوو کە بە پێی ئەوە، منداڵانی کار دەبا هەتا قۆناغێک هەلی درێژەدان بە خوێندنیان هەبایە. ساڵی 1899 لە 28 ویلایەتی ئەمریکا سەبارەت بە سنووردارییی کاری منداڵان هەندێ یاسا جێبەجێکردن کرابوون. پاش ئەوە بۆ دابەزلندنی یاسا نیشتمانییەکانی کاری منداڵان هەوڵێکی زۆر درا. کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دوو یاسایان لە ساڵانی 1918 هەتا 1922 دابەزاند، بەڵام دیوانی باڵا هەر دووکیانی بە دژی یاسای بنەڕەتی لە قەڵەم دا. لە ساڵی 1924 کۆنگرە پرۆژەیاسای چاکسازییەک لە یاسای بنەڕەتیی بە پێی قەدەغەکردنی کاری منداڵان خستە ڕوو، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان پەسەندیان نەکرد. ئینجا کۆنگرە لە ساڵی 1983 یاسایەکی لە بارەی ستانداڕەکانی کاری دادپەروەرانە جێبەجێکردن کرد کە بە پێی ئەم یاسایە لانیکەمی تەمەن بۆ ئەو منداڵانەی کە لە ماوەی قوتابخانەدا ئیش دەکەن شازدە ساڵ و بۆ ئەو منداڵانەی کە پاش ماوەی قوتابخانە ئیش دەکەن چواردە ساڵ و بۆ پیشە مەترسیدارەکان تەمەنی 18 ساڵان دیاری کرا.

قەیرانی منداڵانی کار لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و تەشەنەسەندنی هەژاری کە تا دەهات زیاتر دەبوو نیگەرانی بۆ بارودۆخی منداڵان و داهاتوویانی زیاتر دەکرد و داپەڕی ڕێگرییانەی ناچاری کردبوو؛ ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ساڵی 1973، بە تێگەیشتن لەم بارودۆخە و بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە زێراندنی منداڵان، "کۆنوانسیۆنی لانیکەمی دامەزراندن"ـی پەسەند کرد. ئەم پەیماننامە ئیزنی بە وڵاتانی ئەندام دەدا کەسانی پازدە ساڵی تەواو بۆ کاری سووک دابمەزرێنن و بۆ کاری سەخت و دژوار کە تەندروستیی دەروون و جەستەی کرێکار دەخاتە مەترسییەوە، لانیکەمی

تەمەنی دامەزراندن هەژدە ساڵی تەواو بێت.

سەرباری ئەمە وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامە دمبایە لە هەمبەر هەر چەشنە زێرلاندنێک داکۆکی لە منداڵان بکەن، بەڵام دیاردەی کاری منداڵ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەهەندی تازەتری بە خۆ دەگرت و سەرباری ئەوەی منداڵان بە شێوەی یاسایی دانەدەمەزران، زێرلاندنیان بە شێوازی نایاسایی بەردەوام بوو. زێرلاندنی منداڵان و چەوساندنەوەیان لە ساڵی 1999 ڕێکخراوی جیهانیی کاریان ناچار کرد بۆ ئەوەی "کۆنوانسیۆنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ" پەسەند بکات. وڵاتانی واژۆکەری ئەم کۆنوانسیۆنە خۆیان بە پلبەند زانی کە بۆ نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان داپەڕی بەپەلە بگرنە بەر. بە پێی مادەی یەکەم هەتا سێیەمی ئەم کۆنوانسیۆنە، هەر تاکێک کە ئەم جاڕنامە جیهانییە پەسەند دەکا دەبێ بۆ قەدەغەکردن و نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ وەک بابەتێکی بەلەز داپەڕی خێرا و کاریگەر بگرێتە بەر. بە باوەڕی ئەم کۆنوانسیۆنە، زاراوەی "منداڵ" بۆ هەموو کەسانی کەمتر لە هەژدە ساڵان بە کار دەبرێت.

بەڵام کۆنوانسیۆنی جیهانیی نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵیش نەیتوانی کۆتایی بە زێرلندن و چەوساندنەوەی منداڵان لە جیهانی مۆدێرندا بێنێت. هەر ئەمە وای کرد کە ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ساڵی 2002 وەک سێیەمین داپەڕی خۆی، پێشنیاری دیاریکردنی ڕۆژێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵ لە ڕۆژژمێریی جیهانی پێشکەشی ڕێکخراوی نەتەوەکان بکات. و بەم شێوە بوو کە 12 جوون وەک "ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵ" ڕابگەیێنرێ، بەڵام سەرباری هەموو هەوڵی ڕێگرییانە و هەوڵە جیهانییەکان، کاری منداڵ هێشتا وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا بوونی هەیە.

### ئاماری منداڵانی کار لە جیهان

ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ساڵی 2005ـی زایینی هەواڵی حەشیمەتی 246 ملیۆن کەسی منداڵانی کاری دا و ڕایگەیاند لەم ڕێژە 73 ملیۆن منداڵ تەمەنیان کەمتر لە دە ساڵانە و هەموو ساڵێک نزیکەی 22 هەزار منداڵ بە هۆی ڕووداوی کاری زۆرەملێوە گیان لە دەست دەدەن. گرینگترین دەستکەوتی هەوڵە جیهانییەکان بۆ نەهێشتنی کاری منداڵ و ڕێگری لە بەکارهێنانی منداڵان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دلبەزینی بەرچاوی ڕێژەی منداڵانی کار لە ماوەی کەمتر لە پازدە ساڵ بوو، بە جۆرێک کە

ڕاپۆرتی ساڵی 2018ـــــی ڕێکخراوی جیهانیی کار پیشانی داوە ئەم ڕێژە بۆ 152 ملیۆن کەس لە جیهان دابەزیوە. بە پێی ئاماری ڕاگەیێندراوی ئەم ڕێکخراوە، هەر ئێستـــا نزیکەی نیوەی منداڵانی کاری جیهان، واتە 72.1 ملیۆن کەس لە ئەفریقا، 62.1 ملیۆن کەس لە ئاســیا و ئووقیانووســییە، 10.7 ملیۆن کەس لە کیشــوەری ئەمریکا، 1.2 ملیۆن کەس لە وڵاتانی عەرەبی، و 5.5 ملیۆن کەس لە ئورووپا و ئاســیای ناوەندی دەژین. بە واتایەکی تر، لە کۆی هەر 5 منداڵی ئەفریقایی یەکیان منداڵی کارە، لە حاڵێکدا ئەم ڕێژە لە لە وڵاتانی عەرەبی 2.9 لە ســەد، لە ئورووپا و ئاســیای ناوەندی 4.1 لە ســەد، لە کیشــوەری ئەمریکا 5.3 و لە ئاســیا و وڵاتانی ئووقیانووسییە 7.4 لە سەدە. ڕێکخراوی جیهانیی کار ڕایگەیاندووە کە لە کۆی 152 ملیۆن منداڵێک کە بوونەتە قوربانیی کاری ناچاری نزیکەی 73 ملیۆن کەســیان ســەرقاڵی یەکێک لە پیشــە مەترســیدار و زیانبەخشــەکانن. زیاترین ڕێژەی کاری مەترسیدار، واتە نزیکەی سێ لە سەر چواریان، هی ئەوانەیە کە تەمەنیان لە مەودای پازدە هەتا هەڤدە ساڵانە. سەرەڕای ئەمە نزیکەی یەک لە سەر چواری ئەو منداڵانەی کە ســەرقاڵی کاری مەترســیدارن، واتە نزیکەی 19 ملیۆنیان، ژێر تەمەنی دوازدە ساڵانن. بە واتایەکی تر، 48 لە سەدیان تەمەنیان لە نێوان پێنج هەتا یازدە ساڵانە، 28 لە سەدیان دوازدە هەتا چواردە ساڵانن، و 24 لە سەدیان تەمەنیان لە نێوان پازدە هەتا هەڤدە ســاڵانە. لەم نێوەندەدا 70.9 لە ســەد لە کەرتی کشــتوکاڵ، 11.9 لە کەرتی پیشەسازی و 17.2 لە سەدیان لە کەرتی خزمەتگوزاریدا ئیش دەکەن [11].

بە پشــتبەســتن بەم ڕاپۆرتە، دەتوانین بڵێین لە کۆی هەر دە منداڵ یەکیان دەبێتە قوربانیی کاری ناچاری و وەک دەوترێ وڵاتانی باشــووری بیابانی ئەفریقا زیاترین ڕێژەی منداڵانی کار لە خۆ دەگرن، بە جۆرێک کە 29 لە سەدی منداڵانی پێنج هەتا هەڤدە ســاڵان لەم دەڤەرەدا ئیش دەکەن کە زۆربەشــیان خەریکی کاری قورس و زیانبەخشن. ئەم بارودۆخە لە خۆرهەڵاتی ناڤین و وڵاتانی باکووری ئەفریقا جیاوازە و لەم ناوچانەدا نزیکەی 5 لە ســەدی منداڵانی نێوان پێنج بۆ هەڤدە ســاڵان خەریکی کاری مەترسیدارن، بەڵام بارودۆخی منداڵانی کار لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتیی ئاســیایی جێی نیگەرانییە؛ لە وڵاتانێکی وەکوو هیند و پاکســتان زیاتر منداڵان لە چوارچێوەی گرێبەستی ڕایەتی دەفرۆشرێن یان دەدزرێن بۆ ئەوەی لە کێڵگە و کارخانە و کارگەکان لە بارودۆخێکی کاریی دژوار کاریان لێ بکێشــرێت. هەروەها لەو

ماڵانەی کە مافووری تێدا دەکرێ چەوساندنەوەی هێزی کاری منداڵ، بە هۆی قامکە ناسکەکانیان باوە [12].

ئاماری ڕاگەیێندراوی ڕێکخراویی جیهانیی کار گوزارشـــت لە فراوانیی ڕێژەی حەشیمەتی منداڵانی کاری کوڕ لە چاو کچان دەکا، بە جۆرێک کە دەوترێ لە ئێستادا نزیکەی 64 ملیۆن منداڵی کچ و 88 ملیۆن منداڵی کوڕ لە جیهاندا ئیش دەکەن. بە گوێرەی ئەم ئامارە ئەم گومانە ســاز دەبێ کە حەشــیمەتی منداڵانی کاری کوڕ لە هی کچان زیاترە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە زۆربەی وڵاتانی هەژار و ڕوو لە پێشــکەوتن منداڵانی کچ زۆریان لە ناو ماڵان بە شــێوەی زۆرەملێ بەرپرســایەتیی ئەنجامدانی کاری ماڵیان لە ئەســتۆیە، بە هۆی شــوناســی شــاراوەی ئەم چەشــنە کارە و دەســتڕانەگەیشــتنی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان بۆ ئەم کۆمەڵگە ئامانجە، ئاماری ئەم کچانە لە ڕیزی منداڵانی کاردا هەژمار ناکرێت. لە لایەکی دیکەوە لێکدانەوەکانی سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یوونیسێف، لە ساڵی 2019 پیشانی داوە لەو وڵاتانەی کە کەمترین ئاســتی گەشــەکردنیان هەیە لە کۆی هەر 4 منداڵی تەمەن نێوان پێنج هەتا هەڤدە ساڵان منداڵێک خەریکی کارە کە ئەمە ڕێگری لە گەشەکردنی دەکا و تەندروستیی جەستە و دەروونی دەخاتە مەترسییەوە. یوونیسێف ڕایگەیاندووە زیاترین ڕێژەی منداڵانی کار لە ناوچە باشــوورییەکانی بیابانی ئەفریقایە و لە خۆرهەڵاتی ناڤین و باکوری ئەفریقا 5 لە ســەدی منداڵانی گرووپی تەمەنیی پێنج هەتا هەڤدە ساڵان دەست بۆ کارگەلێک دەبەن کە بۆ تەندروستییان زۆر مەترسیدارە. هەروەها ئەم ڕێژە بۆ ڕۆژئاوا و ناوەندی کیشــوەری ئەفریقا 31 لە ســەد ڕاگەیێندراوە و بە شێوەی گشتی ڕێژەی منداڵانی کار لە وڵاتانی پێشنەکەوتوو 29 لە سەدە.

ڕێکخراوی جیهانیی کار هەروەها ڕایگەیاندووە ســـەرەڕای هەوڵی زۆر بۆ نەهێشــتنی کاری منداڵ و ئەو پێشــکەوتنانەی کە لەم بوارەدا وەدەســت هاتووە هێشــتا هەتا ساڵی 2025 زایینی ڕێژەی 121 ملیۆن منداڵ لە سەرتاسەری جیهان ناچار بە کاری زۆرەملێن و 71 لە سەدی ئەم منداڵانە لە کەرتی کشتوکاڵ و 69 لە سەدیان لە ماڵ و بە بێ وەرگرتنی حەقدەســـت ئیش دەکەن و ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە ڕێژمیەکی زۆری منداڵانی کار لە جیهان لە لایەن بنەماڵەکانەوە ناچار بە ئەنجامدانی کاری زۆرەملێن، لە حاڵێکدا هیچ حەقدەستێکیش وەرناگرن [13].

ئەو ئامارەی کە لە لایەن ڕێکخراوی جیهانیی کارەوە خراوەتە ڕوو بەراوردێکی گریمانەیی لە ڕێژە و حەشــیمەتی منداڵانی کار لە جیهانە چونکە خســتنە ڕووی

ئامـاری وردی منـداڵانی کـار بـە پێی جۆرە جیـاوازەکـان و ئـەوەی کـە لـە زۆربـەی حاڵەتەکاندا شوناسی شاراوەی هەیە، تا ڕادەیەک نامومکینە.

بۆ وێنە لە هیندسـتان، بە پێی ئاماری نافەرمی، ڕێژەی منداڵانی کار نزیکەی 10 قاتی زۆربەی ئامارە فەرمییەکانە. ئامارە فەرمییەکان حەشـیمەتی منداڵانی کرێکاریان لەم وڵاتەدا بە 10 ملیۆن کەس ڕاگەیلند، بەڵام یەکێتیە بازرگانییەکان باس لە ئاماری 100 ملیۆنیی منداڵانی کار دەکەن. ئەم پرســە ئێرانیش دەگرێتەوە و ســەرەڕای وتە جیاواز و بگۆڕەکان، هیچ ئامارێکی متمانەپێکراو و ورد لە مەڕ ڕێژەی منداڵانی کار بوونی نییە. سـەرەڕای هەموو ئەم قسـانە لە نێوان 2 بۆ 5 ملیۆن منداڵی کار لە مەودای تەمەنیی نێوان پێنج بۆ هەڤدە ســاڵان لە ئێرلندا بوونیان هەیە و هەندێ لە ئامارەکان ڕێژەی ئەم منداڵانەیان بە "منداڵانی کاری ماڵانیش" هەتا 5 میلۆن بەراورد کردووە.

نەبوونی زانیاریی بایەخدار، کە تا ڕادەیەک بە هۆی کارشــێوێنی و کەمتەرخەمیی بەرپرسان و سەرچاوە فەرمییەکانە، پیشاندەری ئەم بابەتەیە کە لە سەرتاسەری جیهاندا پێناسەیەکی یەکگرتوو سەبارەت بەم بابەتە کە چ شتێک کارە و کێ منداڵی کارە بوونی نییە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کارکردنی منداڵان هەتا تەمەنێکی تایبەت قەدەغە کراوە. ســەرباری ئەمانە لە هەندێ لە ناوچەکانی جیهاندا بۆ کاری منداڵان هیچ بەربەســتێک بوونی نییە. پرسـێک کە ســەبارەت بە کاری منداڵان زۆر گرینگە بارودۆخی پێناســەکراو بۆ کاری منداڵانە. لە هەندێ لە وڵاتانی جیهاندا منداڵان لە کاتی کارکردندا خراپترین بارودۆخ بەئەزموون دەکەن. ئەوان ناچارن بۆ دابین‌کردنی پێداویســتییە مادییەکانی خۆیان و بنەماڵە، بە پێی چوارچێوەی کەلتووری و نەریتیی زاڵ بە سـەر کۆمەڵگا، لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا کە تەندروسـتی، خۆشـگوزەرانی و ئاسایشیان دەخاتە مەترسییەوە و هەلی پەروەردە و گەشەی سروشتییان لە تەمەنی زۆر کەمدا لێ زەوت دەکا بە خەسـتی و سـەختی ئیش بکەن. بە پێی بارودۆخی جیاوازی کاری منداڵان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، بۆ تێگەیشــتن لە بارودۆخی ئەم منداڵانە پێویســتمان بە توێژینەوەی ناوچەیی و وردە [14]. بۆ وێنە لەوانەیە کاری تاقەتپڕووکێن بخرێتە ئەستۆیان یان ئەوەی کە بۆ کاری نەشیاو دنە بدرێن.

## بارودۆخی منداڵانی کار لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە

یەکێک لە بژێرە ســەرەکی و بنەڕەتییەکانی گەشــە وەســتاندنی بێ‌ســێ و دووی هەر چەشنە زێراندنی منداڵان و سازدانی هەلومەرجێک بۆ ئەو منداڵانەیە بۆ ئەوەی لە مافە

سروشتییەکانی خۆیان سوودمەند بن. کۆمەڵگایەک کە لە ئاست منداڵەکانی خۆی بە پابەند نازانێ و بۆ باشترکردنی بارودۆخیان هیچ هەنگاوێک ناهاوێژێ لە ئاراستەی گەشەکردندا هەرەس دێنێ، بەڵام وەستاندن و نەهێشتنی کاری منداڵیش وتەزایەکە کە بە فاکتەری جیاجیا و زۆرەوە بەستراوەتەوە.

یوونسێف هەژاری وەک گرینگترین هۆکاری کاری منداڵ ڕاگەیاندووە و وتوویەتی هەتا ئەو کاتەی کە هەژاری لە سەر ئاستی وڵاتاندا بە تەواوەتی بنەبڕ نەکرێ، هیچ هیولیەکمان بۆ کۆتاییهاتنی کاری منداڵ نییە. سەرباری ئەمە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی بەردەوامیی زێراندنی منداڵان لە زۆربەی وڵاتانی ڕوو لە گەشە لێکدژیی نێوان یاسا و شێوازی جێبەجێکردنکردنی یاساکانە. وەک کۆرترۆپ[1] دەڵێ: "زۆرێک لە وڵاتان سەرباری یاسای پەیوەست بە منداڵان، چاویان لە ئاست ئەم زەمینە نوقلندووە و تاوتویکردنی ئەم بابەتە کە زۆرێک لە منداڵان هەر هەموو کاتی خۆیان تەرخانی کار کردووە و لە بارودۆخێکی نالەباردا ناچار بە کارکردنن پشتگوێ دەخەن. جیا لەوە بەو پێیەی کە کاری منداڵ زۆر جار لە بارودۆخی نایاساییدا ئەنجام دەدرێ، منداڵان هەرچی زیاتر دەچەوسێنرێنەوە و لانیکەمی یاساکان لە پێدانی حەقدەست، ماوەی کار، پارێزراویی شوێنی کار، و بە گشتی بارودۆخی کارییان بۆ جێبەجێکردن نابێت؛ ئەوە لە حاڵێکدایە کە سەبارەت بە کاری گەورەساڵان ئەم پرسانە لە ژێر چادێریی سەندیکای کرێکارانە." [15]

بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بەهێزکردنی بنیاتی ئابووریی بنەماڵەکان گرینگترین ڕێکارێکە کە بۆ بنەبڕکردنی کاری منداڵان بوونی هەیە و لە پاڵ ئەوەش هەندێ داپەڕی دیکەش دەتوانێ یارمەتیدەر بن. پاوڵ[2] و بۆڵتۆن[3] بە مەبەستی ڕێگری لە زێراندنی منداڵان دوو ڕێگای کردەییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵیان پێشنیار داوە کە بریتییە لە: ئیدانەکردنی جیهانیی زێراندنی هێزی کاری منداڵ لەگەڵ جێبەجێکردنکردنی داپەڕی ئابووری لە دژی ئەو وڵاتانەی کە ئەم یاسایانە دەبەزێنن و جووڵاندنی بزاڤ لە لایەن ئێن‌جی‌ئۆکانەوە.

لە درێژەدا بارودۆخی منداڵانی کار لە هەندێ لە وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتن، کە تووشی ئەم دیاردە بوونەتەوە، تاوتوێ دەکرێت.

---

1. Qvortrup
2. Paul
3. Bolton

**بەنگلادش**

لە وڵاتی بەنگلادش کە دەکەوێتە ئاسیای باکووری، منداڵان زیاتر لە کارخانەی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ، کێڵگەی کشتوکاڵ و جۆرەکانی کاری پیشەسازی خەریکی ئیشن. سەرباری ئەمە دۆزینەوەی کار بۆ ئەوان زۆر ئەستەمە، چونکە بە شێوەی نافەرمی ئەنجام دەدرێت. هەژاری وەک یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی کارکردنی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی لە وڵاتی بەنگلادش دێتە هەژمار. سەرباری ئەمە لەم وڵاتانەدا زۆر یاسای بە پێی داکۆکی لە منداڵان بوونی هەیە، بەڵام ئەم وڵاتە لە مەڕ منداڵانی کار ڕووبەڕووی زۆر چالنج بۆتەوە.

**هیندستان**

پتر لە 33 ملیۆن منداڵ لە دووهەمین وڵاتی پڕحەشیمەتی جیهان لە کانگاکان، کێڵگەی کشتوکاڵ و باغ و کارخانەی بەرگدووری کار دەکەن. سەرباری گەشەی ئابووری ئەم وڵاتە لە هەژاریدا بە سەر دەبات. سەرباری ئەوەی لەم ماوەی دواییدا وڵاتی هیندستان سەبارەت بە قەدەغەی کار بۆ منداڵان هەوڵی زۆری داوە، ڕێژەی ئەم منداڵانە بەتایبەت لە سەر ئاستی شارە گەورەکانی ئەم وڵاتەدا تا دێ زیاتر دەبێت.

بە پێی توێژینەوەیەک لە هیندپانێل لە ساڵی 1990 (هەزار دیمانە لەگەڵ منداڵانی سەر شەقامی شاری بەمبەیی) هەژاری هۆکاری سەرەکیی بوونی منداڵانی کار لە سەر شەقامەکان نییە، بەڵکوو توندوتیژی لە ناو بنەماڵە هۆکاری سەرەکیی منداڵانی کارە.

پوومکارا[1] گوندێک لە ناوچەی کێرالا[2] لە باشووری هیندستانە. لەم گوندەدا گۆڕانکاری لە چاوەڕوانیی پەروەردەیی بۆ منداڵان دژی ڕوانگەی نەریتی سەبارەت بە کاری منداڵانە. مرۆڤناسێک بە ناوی ئۆلگا بوودهایز[3] لە ساڵی 1993 وتی چوونە قوتابخانە لە کێرالا و لە ناو کاستێتە نزمەکاندا پێشوازی لێ کراوە، چونکە ئەوان پێیان وایە چوونە قوتابخانە بە وەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ کارکردن لە پیشە دەوڵەتییەکان شێوازێک بۆ ڕزگاربوون لە جیاکاریی کاستییە. سەرەڕای ئەم گریمانە بنیاتییە، سیاسەتە پەروەردەییەکانی کێرالا بەم شێوەیە کە منداڵانی لادێیی وێڕای چوونە قوتابخانە،

---

1. Pomkara
2. Kerala
3. Olga Budhaizer

دەبێ بۆ دابینکردنی تێچووی خۆیان و بنەماڵەکانیان لە کاتی بێکاریدا ئیش بکەن .[16]

ئەم ئاستەنگانە منداڵانی دواناوەندیی هیندی تووشی زەخت و گوشاری زۆر دەکا، چونکە گەورەساڵان لە هەمبەر تێچوو هەست بە بەرپرسایەتیی ئەوتۆ ناکەن. منداڵان دەبێ ئەم تێچووانە لە شوێنی کۆمەکتێچووی کەمی قوتابخانە وەکوو گواستنەوە، خۆراک، کەلوپەلی پەروەردەیی، و پۆشاک جێبەجێکردن بکەن کە لە هەمبەر ئەو کارەی کە بۆ دایک و باوک و گەورەساڵانی دیکە دەیکەن ئەم تێچووە وەردەگرن. جیا لەوە، دایک و باوکیش پێیان وایە هاوکاریکردنی کاروباری ڕۆژانە لە ئەرکە سەرەکییەکانی منداڵانە، سەرباری ئەوەی کە هەندێ کەس ڕەهەندە ئەرێنییەکانی ئەم بابەتە تاوتوێ دەکەن. بۆ وێنە ئەم خاڵە کە ئاوێتەکردنی (کار و خوێندن) هەڵکشانی ئاستی سەربەخۆیی و متمانەبەخۆیی منداڵانی لێ دەکەوێتەوە و ڕکلبەری لەناو منداڵاندا زیاد دەکا، بەڵام ئەم پرسە ڕەهەندی نەرێنیی زیاتر لە خۆ دەگرێ کە حەڕەشە لە یەکدەستیی کۆمەڵگەکان دەکات. لەم ڕکابەرییانەدا زۆرێک لە منداڵان ناتوانن لە خوێندندا سەرکەوتوو بن و ئەم سەرنەکەوتنە دەبێتە هۆی بندەستبوونیان. سەرباری ئەمە وەک نێونهایز[1] دەڵێ: "ئازاربەخشترین و ڕووخێنەرترین کاریگەریی ئەم ئاوێتەکردنە (خوێندن و کار) لەوانەیە ئەو دەردەسەرییە زۆرە بێ کە منداڵان لە ئەنجامدانی وانەکانی قوتابخانە و کار ڕووبەڕووی دەبنەوە، بارودۆخێک کە کاتێکی ئەوتۆ بۆ یاری و پشوو ناهێڵێتەوە." [17]

**کیرکیزستان**

پاش دارمانی یەکێتیی سۆڤییەت، کۆماری تازەدامەزراوی کیرکیزستان پەرەدان بە کاری منداڵی لە پێوەری پیشەسازیدا خستە ناو چوارچێوەی کاری خۆیەوە. ئەم بڕیارە لە پێناو هەڵکشاندنی ئاستی سوودمەندبوون لە کێڵگەی لۆکە وەک داهاتی سەرەکیی دەوڵەتی "ئیسلام کریمۆف" خرایە ناو چوارچێوەی کارەوە. لەم وڵاتەدا مانگی سێپتێمبەر، لەگەڵ وەرزی کرانەوەی قوتابخانەکان، پۆلەکانی خوێندن هەڵدەپەسێردرێن و قوتابیان بە نیازی کار بەرەو کێڵگەی لۆکە بەڕێ دەکرێن. بۆ هەر منداڵێک نزیکەی بیست بۆ شەست کیلۆگرام پشکی چنینەوەی لۆکە (پەمۆ) ڕەچاو دەکرێت. لەگەڵ دەستپێکی وەرزی بژار لە بەهار، منداڵان دیسان دەبرێنەوە بۆ کێڵگەی لۆکە. بە پێی توێژینەوەیەک کە ساڵی 2006 ئەنجام درا، نزیکەی 2.7

1. Newnehiez

ملیۆن منداڵ لە کیرکیزستان خەریکی کارکردن لە کێڵگەی لۆکەن.

**کۆماری چاد**

لە چاد کە وڵاتێکی بێدرمیا لە کیشـــوەری ئەفریقایە و لە چوار لاوە ویشـــکایی دەوری داوە، منداڵان خەریکی کارکردن لە کێڵگەی کشـــتوکاڵ و زیاتر لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن. خاوەنکارەکانی هەندێ لە منداڵانی وڵاتی چاد لەوانەیە بە پێچەوانەی خواســـتی خۆیان ئەم منداڵانە بە نیازی کار بنێرن بۆ ناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوت یان تەنانەت ئەم منداڵانە قاچاغ بکەن. بە پێی داتاکانی یوونیســـێف، پتر لە نیوەی منداڵانی ئەم وڵاتە ئیش دەکەن کە زۆربەیان بۆ کاری سەربازی بە کار دەبرێن.

**کۆماری دیمۆکراتیکی کۆنگۆ**

لە کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ، وڵاتێک کە کەوتۆتە ناوەندی ئەفریقا، منداڵان لە تێکهەڵچوونی ســـەربازی کە لە ناوچەکەدا باوە بەشـــدارییان پێ دەکرێ و هەروەها منداڵان ناچار دەکرێن کە لە کانگای زێڕ و هەندێ کانگای دیکەی وەکوو وۆلفرامیت و تانتانیت ئیش بکەن. بە گوێرەی دوایین ئامار، ڕێژەی 3 ملیۆن و 328 هەزار منداڵ لە وڵاتی کۆنگۆ لە کەرتە جیاجیاکانی وەکوو کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری ئیش دەکەن. ئەم منداڵانە لە قوتابخانە بەتایبەت لە بەشـــی ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە بێبەشـن یان ئەوەی کە بە ناچاری، هاوکات لەگەڵ خوێندن دەچنە ناو سـوپا. نەبوونی بەڵگەی بایەخداری تۆمارکردنی وردی ڕێکەوتی لەدایکبوون و بەڵگەی گەواهیی شـــارۆمەندیی زۆرێک منداڵان لەم وڵاتانەدا وای کردووە کە ئەوان جگە لە چوونە ناو بازاڕی کار و دەســـتخســـتنی داهاتی کەم بۆ بنەماڵەکانیان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لە بەردەست نەبێت. منداڵان لەم وڵاتەدا وەک کۆیلە کاریان پێ دەکرێت.

**ئێسیۆپیا**

ســـەرەڕای هەوڵەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی ئێســـیۆپیا بۆ قەدەغەکردنی کاری منداڵان، نزیکەی 41.5 لە سەدی کۆی حەشیمەتی ئەم وڵاتە، کە لە نێوان تەمەنی 7 هەتا 14 ســـاڵانن، لە کەرتە جیاوازەکاندا خەریکی کارن. تەنیا نیوەی منداڵانی ئەم وڵاتە قۆناغی ســـەرەتایی بە ســـەرکەوتوویی تێدەپەڕێنن. زۆربەی منداڵەکان لە ناوچە گەشـــەنەکردووەکانی وڵاتەوە بەرەو ناوچە پێشـــکەوتووەکان دمیانبەن بۆ ئەوەی لەوێ ئیشـی وەکوو پێڵاودووری، دەسـتفرۆشـی، کانگا و یان تەنانەت کاری بێحەقدەسـت ئیش بکەن.

## کنیا

لە زۆربەی وڵاتانی ناوەندی و باشــووریی ئەفریقا، تا دێ منداڵان زیاتر ڕوو دەکەنە ژیانی سەرشەقامی ناو شارەکان بۆ ئەوەی بەم شێوە هاوکاریی باری ئابووریی خێزانەکانیان بکەن. هۆکارەکانی هەژاریی ئەم منداڵانە لەگەڵ منداڵانی ئەمریکای ناوەندی و باشووری و هاوبەشە. دەتوانین گرینگترین فاکتەرەکانی هەڵکشانی ڕێژەی منداڵانی کار و سەرشەقام لەم وڵاتەدا بگەڕێنینەوە بۆ مەندیی ئابووری دەیەی 1980 و قەرزی قورسی ئابووریی کە ئەنجامی ئەم مەندییەیە.

کنیا پاش سەربەخۆیی سیاسی لەساڵی 1963 گەشەی ئابووریی باشی بە خۆوە بینی و ڕەوتی ئەم گەشــە هەتا ســاڵی 1980 بەردەوام بوو و ئابووریی ئەم وڵاتە لە باشترین ئابوورییەکانی کیشوەری ئەفریقا بوو، بەڵام لە سەرەتاکانی ساڵی 1990 گەشەی ئابووری وەستا و لە سیفر نزیک بوویەوە. هەر ئەو کات، ڕێژەی هەڵاوسان هەتا 40 لە سەد بەرز بووەوە و ئەمە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی زیاتر تووشی چەرمەسەری کرد. ئەم مەندییە ئابوورییە ســندووقی جیهانیی پارە، بانکی جیهانی، و دیکەی ڕێکخراوە ئابوورییەکانی ناچار کرد کە خوازیاری وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان بن و داوایان کرد کە دژ بەم وڵاتە سیاسەتی سەختگیرانەی ئابووری بسەپێنرێت. وەکوو زۆربەی وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتن منداڵان ڕێژەیەکی بەرچاوی حەشیمەتی کنیا پێک دێنن؛ واتە 59 لە سەدی حەشیمەتی ئەم وڵاتە خوار تەمەنی بیست ساڵانن و پتر لە 27 لە ســەدی حەشیمەتی ئەم وڵاتە خوار تەمەنی 5 ساڵانن. لە ئەنجامی کێشەی ئابووری، ژیانی ئەم منداڵانە وەها کەوتە ژێر کاریگەرییەوە کە پلانی ڕژێمی خۆراکی، تەندروســتی، پەروەردە و دیکەی پلان داکۆکیکارییە کۆمەڵایەتییەکان ڕووی لە کزبوونەوە کرد. یەکێک لە کاریگەرییەکانی خراپبوونی بارودۆخی ئابووریی منداڵان هەڵکشانی ڕێژەی منداڵانی شەقامگەڕ بووە کە یان لە ســەر شــەقامەکان سواڵیان دەکەن، یان شــووشــەی ئۆتۆمبێلەکان دەســڕن و یان لە کارگەی بچووکی کرێکاریدا ئیش دەکەن. زۆربەی ئەم منداڵانە وازیان لە خوێندن هێناوە و گەورەســاڵان دەیانچەوسێننەوە. زۆربەی ئەم منداڵە سەرشەقامییانە کوڕن و کچان بۆ کاری ماڵان دادەمەزرێنرێن و ناچارن چەندین کاتژمێر خەریکی کاری ماڵ و چاودێریکردنی منداڵان بن. هەروەها ئاســتی زێراندنی ســێکسیی مێرمنداڵان پەرەی ســەندووە و زۆربەی کچان و کوڕانی مێرمنداڵ تووشی نەخۆشیی نزیکیی وەکوو ئایدز بوونەتەوە. بەراورد کراوە کە 20 لە ســەدی منداڵانی تووشــبوو لە کنیا لە ڕیزی تەمەنیی پێنج بۆ

چوارده ساڵانن و ئەم پەرەسەندنە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چەوساندنەوەی سێکسیی منداڵان هەیە. ئەم ئامارە لەوەش ناڕوونترە، کاتێک بەراورد بکەین 8 هەتا 9 لە سەدی کۆی حەشیمەتی کنیا تووشبووی ئێچئایڤین و ئەم ڕێژە بەردەوام لە زۆربووندایە.

**برازیل**

کێشەی منداڵانی سەرشەقام لە برازیل دەبێ بە ڕەچاوگرتنی قەیرانی ئابووریی ئەم وڵاتە لێک بدرێتەوە. ئەم وڵاتە لە ساڵانی 1960 هەتا 1980 گەشەی ئابووریی خێرای بەئەزموون کرد و ڕێژەی گەشەی دە لە سەدی لەم مەودایەدا گۆڕانکاریی قووڵ و فرەچشنی لێ کەوتەوە، بەڵام لە دەیەی 1980 برازیل سەردەمێکی مەندیی ئابووری بە خۆوە بینی کە بەرهەمهێنانی ناپوختی نیشتمانی (GNP) هەتا ڕێژەی 6 لە سەد دابەزی. و مامناوەندی کەمترین حەقدەست هەتا ئاستی 33 لە سەد کەم بووەوە. لەم زەمانەدا ئابووریی برازیل مانگانە پەنجا لە سەد گەشەی کرد. هەر هەموو ئەم گۆڕانکارییانە بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەتیشی لەگەڵ بوو؛ بە جۆرێک کە لە درێژەی دەیەی 1980 هەتا 1990 حەشیمەتی برازیل لە 119 ملیۆن کەسەوە بۆ 144 کەس بەرز بۆوە کە نزیکەی 40 لە سەدی ئەم حەشیمەتە خوار تەمەنی هەڤدە ساڵان بوون. هەر بۆیە هیچ سەیر نییە کە هەموو ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی بارودۆخ بۆ هەژاران و بەتایبەت بۆ منداڵان ئەستەمتر بێت [18].

کۆرۆساڕۆ[1] لە کتێبەکەی خۆیدا باس لە بارودۆخی دڵهەژێن و جەرگبڕی منداڵانی برازیلی دەکا، ئەو منداڵانەی کە بە هۆی زیاتری هەژاری و لانەوازییەوە پیاوکوژییان دەکرد یان سزای سێدارەیان بە سەردا دەسەپا. ئەو ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی ڕیزینی و هاوکارەکانی کرد و وتی: 457 منداڵ لە شەقامەکانی ڕۆ، سائۆپۆلۆ و ڕەسیف لە مەودایەکی شەش مانگەدا لە ساڵی 1989 کوژران یان لە سێدارە دران. زۆربەی قوربانییەکان (33 کەس لە کۆی 39 کەس) کوڕ و تەمەن پازدە هەتا هەڤدە ساڵان بوون کە 11 کەسیان پێشینەی تاوانیان بوو و 13 کەسیان بە قاچاغی مادەی هۆشبەر بەرگومان بوون. زۆربەی ئەم قوربانییانە لەگەڵ دایک و باوکیان ژیانیان دەکرد و لە کۆتاییدا هیچ کامیان چەکیان هەڵنەگرتبوو [19].

هیچێت[2] لە ساڵی 1998 لە توێژینەوەیەکدا کە لە شاری ڕەسیف لە باکوری

1. William A. Corsaro
2. Hecht

ڕۆژهەڵاتی بەرازیل سەبارەت بە منداڵانی سەرشەقام ئەنجامی داوە، ئالۆزیی فەرهەنگە خۆجێییەکان و ژیانی سەر شەقام و پەیوەندییەکەی لەگەڵ هێزە ئابوورییە جیهانییەکان دەگێڕێتەوە. تا ڕادەیەک هەموو ئەو منداڵانەی کە هیچێت تاوتوێی کردوون دلیک و ماڵ و ئەو گەڕەکەی تێیدا ژیانیان کردووە خۆش دەویست، بەڵام بە هۆی ئەوە ژیانیان سەر شەقامیان هەڵبژاردبوو چونکە سەربەخۆیانی کردبوو و دەیانتوانی لە ڕێگەی سواڵ و تاوانی نەشیاوی سەرشەقام، وەکوو دزی و توندوتیژی، پارە وەدەست بێنن. دەتوانین بڵێین هەموو ئەو منداڵانەی کە هیچێت لێیان کۆڵاوەتەوە تووشی چارەنووسی خراپ هاتن و زۆریان لە سەر شەقام کوژان. سەرباری ئەمە هیچێت بەڵگە دێنێتەوە کە بە تەنیا چڕبوونەوە لە سەر ئەنجام و کێشەی بە هۆی توندوتیژیی شەقام دەبێتە هۆی کەمتەرخەمیی لە ئاست هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە کەلتووری ژیانی سەرشەقامی وەک تاکە ڕێگەچارەی خستۆتە بەر دەم منداڵان. بە گوێرەی هیچێت، بوونی منداڵانی سەرشەقام لە بەرامبەر ماڵی هەموو دەوڵەمەندانی برازیل و لە دەرەوەی هەموو میوانخانە پێنج ئەستێرەکان، کە ڕاوێژکارانی کاروباری گەشە تێیدا هاتوچۆ دەکەن، وەبیرهێنەرەوەی لێکدژییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخە و بریتییە لە سامانی ڕێژەیەکی کەمی خەڵک لە هەمبەر هەژاریی زۆرینەی کۆمەڵگا کە وەبیرهێنەرەوەی قازانجی زۆر لە لایەک و فەوتانی دەرفەتەکان لە لایەکی دیکەیە. هەروەها هیچێت بەڵگە دێنێتەوە کە بوونی منداڵانی کار پیشاندەری ناکارامەیی و شکستی سیستەمی شاراوەی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتییە کە تێدەکۆشێ هەژاران لە دەرەوەی وێنەکە سەیر بکات. منداڵانی سەرشەقام چ لە ماڵ و چ لە سەر شەقام ئەم ڕاستییە جەرگبڕە وەبیر دەهێننەوە کە دنیایەک کە تێیدا ژیان دەکەین مەترسیدارە [20].

بارودۆخی ناخهەژێنی منداڵانی کار و سەرشەقام لە برازیل و کاردانەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ ئەم پرسە کە دەرخەری تووڕەیی گشتی لەم بارودۆخەیە بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئەم وڵاتە بەرنامە، داپەڕ، و یاسای نوێ جێبەجێکردن بکا کە کارامەش بن. زۆرێک لەم داپەڕانە لە لایەن ڕێکخراوە مەدەنییە نادەوڵەتییەکانەوە ئەنجام دراون. وەک ڕیزینی و هاوکارەکانی وتوویانە جێبەجێکردنکردنی ئەم یاسایانە بۆ گۆڕینی ماناداری ژیانی ڕۆژانەی منداڵانی سەرشەقامی چالنجێکە کە لە بەر دەم کاربەدەستانە [21].

## سنێگال

لە مەڕ بارودۆخی منداڵان لە سـنێگال ڕێگەچارەی درێژخایەن بوونی هەیە و هاوشـێوەی برازیل لەم بوارەدا زیاترین تروسـکە هیواکان لە لایەن ڕێکخراوە مەدەنییە نادەوڵەتییەکانەوە دەردەکەوێ کە لە کۆمەڵگە خۆجێییەکاندا ڕەگیان داکوتاوە و دەتوانن ژیانی منداڵان بە شـێوەی مانادار بگۆڕن. پاڵپشـتیکرانی ئەم ڕێکخراوانە بەتایبەت لە لایەن کۆمەڵگەی ئابووریی جیهان و هەروەها چاکسـازییە دەوڵەتییەکان دەتوانێ بە شێوەی مانادار ژیانی منداڵان بگۆڕێت [٢1].

## بارودۆخی منداڵانی کار لە وڵاتانی پیشەسازی

لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پلان پاڵپشتییەکان وەکوو بیمەی خانەنشـینکران و پیری، و جۆرەکانی دیکەی پلانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بوونی نییە. لەم وڵاتانەدا خۆراکی سـەرەتایی، خزمەتگوزاریی تەندروسـتی، پشـووی منداڵبوون و تێچووی چاودێری لە منداڵ دابین کراوە. بە کورتی وڵاتانی پیشـەسـازی لەگەڵ ئەوەی تووشـی کێشـەی تێچووی ڕوو لە زیادبووی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بۆ بەسـاڵاچووان ببوونەوە، سـەرمایەدانەریان لە سـەر منداڵانیش کردووە. ئەم وڵاتانە کەمتر لە ئامریکا لاگیریی بازاڕییان هەیە و شـارۆمەندەکانیان زیاتر لە شـارۆمەندانی ئەمریکا هۆگری پێدانی باج لە هەمبەر خزمەتگوزارین. تیمۆتی سـمیدینگ، لی ڕینواتێر و گری باتلێس لە سـاڵی 2001 لە توێژینەوەیەکدا ڕێژەی هەژاریی منداڵانیان لە ئەمریکا و هەڤدە وڵاتی پیشـەسـازیی دیکە لە ماوەی زەمەنیی 1990 هەتا 1997 تاوتوێ کرد. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشـانی دا لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی نایەکسـانییان زۆرترە، وەکوو ئەمریکا، ئیتالیا، و ئەو وڵاتانەی کە ڕووبەری جوگرافیاییەکەیان پان و فرەچەشـنە، وەکوو ئەمریکا، ئوسـتڕالیا و کانادا و ئەو وڵاتانەی کە سـیسـتەمی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان پێشـکەوتوو نییە ڕێژەی هەژاریی منداڵان زیاترە. لە لایەکی دیکەشـەوە ڕێژەی کەمی هەژاریی منداڵان لە وڵاتانێکی وەکوو وڵاتانی ئورووپایی و سـکادیناڤیا بەدی دەکرێ کە لە سـۆنگەی جوگرافیاییەوە بچووکترن و سـیسـتەمی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان پێشـکەوتوو و بەخشـندەترە. هەروەها ئەو وڵاتانەی وا مووچەی بێکارییان زیاترە و زیاتر داکۆکی لە دایکانی سەڵت و دایکە پیشەدارەکان دەکەن و شارۆمەندان لە پاڵپشتیی سەرەتایی زیاتر سوودمەندن ڕێژەی هەژاریی منداڵانیان کەمترە. لە ڕاسـتیدا بارۆدۆخی منداڵانی هەژار لە ناو

بنەماڵە سوویسراییی، نەروێژی، دانیمارکی و سوویدییەکان لە چاو منداڵانی بنەماڵە هەژارەکانی ئەمریکا 27 بۆ 57 لە سەد باشترە و لە دیکەی وڵاتانی ئورووپایی وەکوو بەلژیک و فەڕەنسە و هۆڵەندا ئەم ڕێژە دەگاتە 20 لە سەد [23].

## یاسای دامەزراندنی منداڵان لە بریتانیا

بریتانیا یەکێک لە یەکەم وڵاتانێک بوو کە پاش شۆڕشی پیشەسازی، ڕێژەیەکی زۆری منداڵان تێیدا بوونە قوربانیی کاری زۆرەملێ و لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە چەوسێنراوە. لە هەمان کاتدا ئەم وڵاتە لە یەکەم وڵاتەکان بوو کە بە مەبەستی داکۆکی لە منداڵانی کار هەندێ یاسای جێبەجێکردن کرد، بەڵام ئەم یاسا نیشتمانی و خۆجێییانە کە دواترینیان هی ساڵی 1930 هەندێ بۆشایی و سەرلێشێواوی تێدا بوو؛ بریتانیا بە ئامانجی کۆتاییهێنانی بەم ناڕوونی و سەرلێشێواوییە لە ساڵی 1973، ولتە ڕێک لەو ساڵەی کە ڕێکخراوی جیهانیی کار کۆنوانسیۆنی لانیکەمی تەمەنی دامەزراندنی پەسەند کرد، بریتانیاش یاسای دامەزراندنی منداڵانی پەسەند کرد. بە گوێرەی ئەم یاسایە کە تێدەکۆشێ ناڕوونییە یاساییەکانی پێشوو بڕەوێنێتەوە، ماوەی کاری منداڵان کەم بۆوە و ئەوان بۆیان نەبوو بەر لە کاتژمێر هەوتی بەیانی و پاش هەوتی ئێوارە بچنە سەر کار. هەروەها بۆیان نەبوو بەر لە کاتژمێری قوتابخانە یان لە ڕۆژانی یەکشەمە پتر لە دوو کاتژمێر ئیش بکەن. لە هەمان کاتدا ئەم یاسایە دامەزراندنی منداڵانی خوار سێزدە ساڵانیش قەدەغە کرد و هەر چەشنە بەکارهێنانی منداڵانی خوار تەمەنی سێزدە ساڵان بە تاوان لە قەڵەم درا و دەبا ڕاپۆرتەکەی ڕابگەیێندرایە. سەرەڕای سەختگیریی ئەم یاسایە و یاسا هاوشێوەکانی، لە زۆربەی وڵاتانی دیکەدا ئەوەی بە کردەوە دەکرێ پێشێلکەری ئاشکرای یاسا و بەکارهێنان و چەوساندنەوەی منداڵان لە تەمەنی کەمە.

بۆ وێنە لە بریتانیا منداڵان کارگەلی وەکوو دابەشکردنی شیر یان ڕۆژنامە و فرۆشیاری و خزمەتکاریی ماڵان ئەنجام دەدەن؛ زۆربەی ئەم کارانە بە شێوەی نایاسایی ئەنجام دەدرێن. هەندێ جاریش یان جۆری کارەکە نایاساییە یان کاتی کار زیاتر لە ماوەی دیاریکراوی یاسای 1973ـیە. هەڵبەت لە زۆربەی کاتەکاندا بارودۆخی منداڵان بە شێوەی ورد تۆمار ناکرێ و ئەو جۆرەی کە لە یاسادا دیاری

کراوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناکرێت. ئەنجامی توێژینەوەکانی پۆند[1] و سێرلی[2] لە ساڵی 1991 پیشانی دا نزیکەی 72 لە سەدی منداڵانی کرێکار بارودۆخی یاسایی و پێویست نایانگرێتەوە و ئەم ژمارە لە توێژینەوەکانی واڵت[3] لە ساڵی 1994 بۆ 92 لە سەد بەرز بوویەوە و پیشانی دا کە منداڵان لە ئاست ئەو کارەی کە دەیکەن حەقدەستێکی ئەوتۆ وەرناگرن.

پۆند و سێرلی بۆیان دەرکەوت هەندێ لە کارەکانیش لە بوارەکانی ئاسایش، تەندروستی و لەشساغیی منداڵان نیگەرانیی خۆی هەبوو. بۆ وێنە ئەو منداڵانەی کە کاری دابەشینی شیر دەکەن، دەبا هەموو ڕۆژێک کاتژمێر چواری بەرەبەیانی دەست بە کار ببوایەن و ئینجا بچووبایەنە قوتابخانە، بەو پێیەی زۆربەی ئەم کارانە بە شێوەی نایاسایی ئەنجام دەدران، بواری ناسینەوەی ئەم منداڵانە و پشکنین و چاکسازیی جیدی لە لایەن دەوڵەتەوە لەبار دەچوو و ئەم پرسە دەبووە هۆی ئەوەی منداڵانی یاسایی تەنانەت لە چاو کرێکارانی گەورەساڵی یاسایی بارودۆخێکی نەگونجاویان هەبێ، چونکە بۆ وێنە یاسا قەبارەی ئەو بارەی کە کرێکارێکی پۆستچیی گەورەساڵ دەبێ هەڵیبگرێ دیاری و سنووردار دەکاتەوە، بەڵام بۆ منداڵان هەرگیز وەها یاسا و سنووردارییەک بوونی نییە و بینراوە کە هەندێ لە کچان یان کوڕانی ڕۆژنامەفرۆشی گەڕۆک باری قورستر لەو قەبارەی کە بۆ کرێکارێکی پۆستچیی گەورەساڵ دیاری کراوە هەڵدەگرن [24].

خشتەی ژمارە 1-1 بەراوردی ناوچەیی چالاکیی ئابووریی منداڵانی پێنج هەتا چواردە ساڵان لە ساڵی 2000 پیشان دەدات [25].

1. Pound
2. Serley
3. Walt

خشتەی ژمارە 1-1 بەراوردی ناوچەیی چالاکیی ئابووریی منداڵانی پێنج هەتا چواردە ساڵان لە ساڵی 2000

| ناوچە | ڕێژەی منداڵانی کار (ملیۆن) | ڕێژەی پەرەسەندنی ڕێژەی کاری منداڵان |
|---|---|---|
| وڵاتە پێشکەوتووەکان | 5.2 | 2 |
| ئابوورییە ڕوو لە تێپەڕینەکان | 4.2 | 4 |
| ئاسیا و ئوقیانووسییە | 3.127 | 19 |
| ئامریکای لاتین و کاراییب | 4.17 | 16 |
| بیابانی باشووریی ئافریقا | 0.48 | 29 |
| خۆرهەڵاتی ناڤین و ئافریقای باکوری | 4.13 | 15 |
| کۆی جیهان | 211 | 18 |

## هەلومەرجی کاریی منداڵ

لە وڵاتانی نیوگۆی باشووری تاکە ڕێگایەک کە بنەماڵەیەکی هەژاری شاری بتوانێ خۆی بژیێنێ و درێژە بە ژیان بدا ئەوەیە کە ئەوەندەی بۆیان دەلوێ زیاترین ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە بنێرنە ناو بازاڕی کار؛ لە بارودۆخێکدا کە هیچ خۆشگوزەرانییەکی دەوڵەتی پێشکەش ناکرێ و داهاتی کەم، ناسەقامگیر، و کاری تاکەکەسیی زۆرە کاری منداڵان پێویستە. ئەم پێویستییە بەتایبەت ئەو کاتە حاڵەتێکی تایبەت دەگرێتە خۆی کە سەرپەرشتیاری بنەماڵە بێکار بێت. لە شاری بەمبەیی تەنیا یەک لە سەر دوو یان یەک لە سەر سێی مووچەی گەورەساڵان بە منداڵان دەدرێت. سەرباری ئەمە، لە زیاتر لە نیوەی بنەماڵەکان منداڵان هەتا ئاستی یەک لە سەر چوار داهاتی بنەماڵەیان زیاد دەکرد و دەتوانین بڵێین پتر لە یەک لە سەر سێی ئەم حاڵەتانە، داهاتی منداڵان داهاتی بنەماڵە هەتا 50 لە سەد بەرز دەکردەوە [26].

لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ئەگەرەش هەیە کە بەشێکی زۆری منداڵانی کرێکار پشکنین و پاراستنی ورد نەیانگرێتەوە. زۆربەی منداڵانی کرێکار لە دەڤەرە پەراوێزییەکان و بە دوور لە یاسا و پشکنینی فەرمی و زۆر جار لەگەڵ ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی خۆیان خەریکی کارن. هەندێکی دیکەیان لە بارودۆخێکی پێشتر ئامادەکراو لە سەر دەستی خاوەنکارەکانیاندان کە ئەوەندەی بۆی بکرێ پەیوەندییان ئەوان لەگەڵ دنیای دەرەوە کەم دەکاتەوە. وەکوو منداڵە کرێکارەکانی تایلەند کە بە

ڕاستی کە لە دۆخێکی زیندانئاسادان و ئەو نامانەشی کە بۆ بنەماڵەکانیانی دەنێرن بە خەستی سانسۆڕ دەکرێت [26]. ئەم منداڵانە زیاتر لە دووکانی بچووکدا کاریان پێ دەکرێ و کاری سووکیان پێ دەکرێ و بەم شێوە خاوەنکارەکانیان زانراوانە یان نەزانانە نکۆڵی لەم خاڵە دەکەن کە منداڵانیان ناچار بە کاری قورس کردووە.

زۆربەی خاوەنکارەکان بە هۆی ئەو بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە زۆرەی دەستیان دەکەوێ، تا ڕادەیەک لە کۆنترۆڵ و پشکنینی یاسایی خۆیان دەدزنەوە. هەندێ جار بەرتیل بە کارمەندەکان دەدەن کە چاوپۆشی لەو کارە جەستەییە نایاساییە بکەن کە ڕەنگە سوودی زۆری بۆیان هەبێت. ئەگەرچی ئەم حاڵەتە هەندێ پیشەی وەکوو تەونچنین لە هیندستان (کانبارجی، 1988) یان دەباغی (خۆشکردنی پێست) لە میسر (عبدلله، 1988)، دەگرێتەوە، ئەو مووچە کەمەی کە کرێکارانی منداڵ وەریدەگرن، مانەومیان لە بازاڕە ڕکابەرییە جیهانییەکان دەستەبەر دەکات. لە هەمان کاتدا دایک و باوکەکانیش لەوانەیە چالاکانە لە پێدانی زانیاریی دروست سەبارەت بە بارودۆخی کاریی منداڵەکانیان بە پشکنەرانی دەوڵەتی خۆ دەبوێرن. ئامریکا و ئورووپاش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێک کە لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵی توندتر دەسەپا، هەر ئەم بارودۆخەیان هەبوو. بنەماڵە هەژارەکانی دنیای ئێستا پێیان وایە دەبێ ئەو زیانەی کە لە کاری جەستەییەدا ئاوقانی منداڵ دەبێتەوە لەگەڵ زیندوومانەوەی کۆی ئەندامانی خێزان، بە تەواوی بەراورد بکرێت [28].

## هۆکارەکانی کاری منداڵ

ئەگەرچی هەر هەموو خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان هەژاری بە هۆکاری سەرەکیی کاری منداڵ دەزانن، بەڵام ڕێی تێی دەچێ ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگە خۆشگوزەرانەکانیش (سەرەڕای کەمبوونیشی) بوونی هەبێت. هۆکاری کاری منداڵ لە دوو دیوی خستنە ڕوو و داخوازییەوە جێی لێکدانەومیە. لە بەشی خستنە ڕوودا هەر هەموو خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان هەژاری بە هۆکاری سەرەکی دەزانن. لە نێوان فاکتەرەکانی پەیوەست بە داخوازیی کاری منداڵیش، بنەماڵەی منداڵانی کار گرینگترین دەوریان (بەتایبەت لە کۆمەڵگە لادێییەکان) هەیە. ILO لە ساڵی 2007 لە درێژەی لێکدانەومیەکدا بەم چەشنە ئاماژە بە فاکتەرەکانی خستنە ڕوو و داخوازیی کاری منداڵی دەکا:

فاکتەرەکانی پەیوەســت بە خســتنە ڕوو بریتییە لە: هەژاری، بارودۆخی بژێوی لە ناو بنەماڵە، نۆڕمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، تیۆریی مەترسـیی لافاو، زەویلەرزە، نەخۆشــی، بێکاری و شــەڕ و ... و قەرزداربوونی خانەوادە، دابەشــاندنی بە هەڵەی داهات و نایەکسانی.

فاکتەرەکانی پەیوەســت بە داخوازی بریتییە لە: گریمانەی قامکی فرز و گورج بەتایبەت لە بەکارهێنانی منداڵان لە کانگاکانی زێڕ و ئەڵماس، پێکهاتەی بازاڕی کار، قازانجی خاوەنکاران و حەقدەستی کەمتر [29].

لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوتردا، هۆکارەکانی کاری منداڵ بۆ سەر سێ بەشی گشتیی ژێرەوە دابەش دەکرێن کە ILO لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "داهاتوویەکی بێبەری لە کاری منداڵ" ئاماژەی پێکردوون:

هۆکارە ڕاســتەوخۆکان: کەمایەســیی یان نەبوونی پارە یان خۆراک، هەڵکشــانی نرخی کاڵا ســەرەکییەکان، قەرزداربوونی بنەماڵە، شــۆکی خێزانی وەکوو مردن یان نەخۆشکەوتنی سەرپەرشتیاری بنەماڵە، کەمیی چنینەوەی بەرهەم، نەبوونی قوتابخانە یان بوونی قوتابخانەی بە کوالێتیی نزم و لاواز یان وانەی بێهوودە، داخوازیی بۆ کرێکاری هەرزان لە کارگەی بچووکی نافەرمی، نەبوونی هاوسەگەنگیی کار و پیشە و داهاتی کێڵگەی خێزانی بە تێچووی هێزی کارەوە.

هۆکارە شــاراوەکان: لێکترازانی بنەماڵە بەربڵاوەکان و ســیســتەمی پشــتیوانیی کۆمەڵایەتیی نافەرمی، دایک و باوکی نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوار، ڕێژەی زکوزای زۆر، چاوەڕوانییە کەلتوورییەکان لە منداڵ ســەبارەت بە کار و پەروەردە، ڕوانگەی جیاکارلنە بە پێی ڕەگەز، چین (کاســت)، ئێتنیک، نەتەوە، ئایین، ڕوانگەی سەبارەت بە هەژاری، ئارەزووی بەکارهێنانی کاڵا و ستانداردەکانی ژیانێکی باشتر، هەستکردنی زەختلێکرانی منداڵان لە لایەن بنەماڵەکانیان و کەسانی هەژار لە لایەن دەوڵەمەندەکانەوە.

هۆکارە پێکهاتەییەکان: دابەزینی داهاتی نیشتمانی، نایەکسانی لە نێوان نەتەوە و ناوچە جیاجیاکان و بارودۆخی نەخوازراوی بازرگانی کار و پیشە، شۆکی کۆمەڵایەتی وەکوو شەڕ، قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان، کۆچ و ئایدز، پابەندییە ناتەواوە سیاسیی داراییەکان بۆ ڕاهێنانی خزمەتگوزاریی ســەرەکی و پاڵپشــتیی کۆمەڵایەتی، دەســەڵاتداریی خراپ و لاواز، بێبەشــێتیی کۆمەڵایەتیی گرووپە پەراوێزخراوەکان و کەمایەسیی یاسامەندێتی یان بەهێزنەکردنی کارای یاسا [30]. بە پێچەوانەی ئەوەی

زیاتر وێنا دەکرێ، کاری منداڵ تەنیا کێشەی وڵاتانی ڕوو لە گەشە نییە. منداڵانی کار لە تەواوی ناوچەکانی جیهاندا بوونیان هەیە. سەرەڕای ئەمانە ڕاپۆرتەکانی ILO و خوێندنەوەی توێژەران دەریخستووە کە هەرچی ئاستی گەشەسەندوویی زیاتر بێ، کاری منداڵان کەمترە. لە بەشەکانی دواتردا بە تێر و تەسەلی بۆچییەتی کاری منداڵان و فاکتەرەکان و هۆکارەکانی بەردەوامبوونی تاوتوێ دەکرێت.

## کاری منداڵان لە ئێران

دەستڕاگەیشتن بە ئاماری وردی ڕێژەی منداڵانی کار لە ئێران زۆر چەتوونە. بە سەردانی بنکە و چاپەمەنیی ناوەندی ئاماری ئێران و هەروەها خوێندنەوەی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان لە مەڕ کاری منداڵ لە ئێرلندا دەتوانین ئاماری گریملنەیی وەدەست بێنن. لە سەرژمێریی ساڵی 1365 لە کۆی حەشیمەتی وڵات 11 ملیۆن و 737 هەزار و 886 کەس (11.737.886) کەس منداڵانی شەش هەتا چواردە ساڵان بوون. لەم ڕێژە 315 هەزار منداڵ خاوەن پیشە بوون. بەڵام لە سەرژمێریی ساڵی 1375 لە کۆی حەشیمەتی وڵات 55 ملیۆن و 837 هەزار و 163 (55.837.163) کەس بوون کە لەم ڕێژە نزیکەی 400 هەزار منداڵی شەش هەتا چواردە ساڵان بوون کە کاریان دەکرد. لە گۆڤاری جیهانیی کار لە چاپەمەنیی ILO هاتووە کە لە ساڵی 1996 لە ئێران 4.71%ی حەشیمەتی چالاکی ئابووری منداڵانی دە هەتا چواردە ساڵان پێکی دێنن. هەڵبەت ILO لەم ئامارەدا منداڵانی کار (پێنج هەتا نۆ ساڵان) ڕەچاو نەکراوە. لە سەرژمێریی ساڵی 1385 کە زانیارییەکەی لە ساڵنامەی ئاماریی هەمان ساڵدا هاتووە، 185 هەزار و 268 منداڵ (دە تا چواردە ساڵان) خەریکی ئیشن و 75 هەزار و 71 کەسیش لەم گرووپە تەمەنییەدا خولیای کارن [32]. وامقی و یەزدانیش بە لێکدانەوەی سەرژمێریی گشتی و خەڵک و خانوبەرە ڕێژەی منداڵانی چالاک بەم شێوە شی دەکەنەوە:

خشتەی ژمارە 2-1: ڕێژەی بەراوردەکان بە پێی ڕەگەز، تەمەن و شار و گوندی منداڵانی کار لە ماوەی ساڵانی 1375 هەتا 1390 هەتاوی [33]

| ساڵ | کوڕ | کچ | گوندی | شاری | 18-15 | 14-10 | کوڕی گوندی | کچی گوندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1375 | 74.5 | 26.5 | 60 | 40 | 76 | 24 | 71 | 29 |
| 1385 | 77.8 | 22.2 | 51 | 49 | 85.4 | 16.5 | 74 | 26 |
| 1390 | 82.5 | 12.5 | 50 | 50 | 81 | 11 | 82.2 | 17.8 |
| | | | 18-15 | 14-10 | کوڕی | کچی | 18-15 | 14-10 |

| گوندی | گوندی | شاری | شاری | شاری | شاری |
|---|---|---|---|---|---|
| **83.5** | **16.5** | **84.7** | **15.3** | **71** | **29** |
| **90** | **10** | **81.2** | **18.4** | **80** | **20** |
| **86.2** | **14.8** | **82.8** | **17.2** | **91.8** | **8.2** |

کاری منداڵان لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ئێرانیش باو بووە، بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا لە سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا پرۆسەی پیشەسازی لە ئێراندا دەستی پێنەکردبوو کە منداڵان بچنە کارگە پیشەسازییەکانەوە و ئەم پرۆسە لە سەدەی دواتر، واتە لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕەزاشا، دەستی پێکرد. بەو پێیەی کە ئابووریی ئێران تێکەڵ بە ئابووریی جیهانی بوو و دابەش‌کردنی کاری نوێ بەدی هات، تایبەت بەم دابەش‌کردنی کارە، منداڵان لە ئێراندا زیاتر سەرقاڵی ئەو ئیشانە بوون کە وەبەر ئێران کەوت‌بوون. یەکێک لەم کارانە ئیش‌کردن لە کارگەی تەون‌کردن وەک پیشەیەکی نوێی کاری منداڵان بوو. ئیش‌کردن لەم کارگەیانە زۆر قورس و دژوار بوو و بارودۆخی ناو کارگەکان زۆر نالەبار بوو. بە پێچەوانەی ئەوەی کە پیشەسازیی تەون‌کردن لە ئێران بازاڕێکی باشی هەبوو بەڵام تەونکاران لە هەژارییەکی ڕەهادا بوون. سەبارەت بە بارودۆخی کاری منداڵانی تەونکەر هاتووە: "تەونکارانی داماو لە شوێنێکی داخراو و نالەباردا ئیش دەکەن، شوێنی کارەکەیان لە هاویندا داخراوە بۆ ئەوەی گەرمایەکی زۆر نەیەتە ژوورەوە. لە زستانیشدا هەر داخراوە بۆ ئەوەی شوێنی کارەکە گەرما لەدەست نەدا. هەر بۆیە ڕەواڵەتی تەونکاران لە نەخۆش دەچێت. هەڵبەت ئەم ڕەواڵەتە نەخۆشئاسایە هۆکارێکی دیکەشی هەیە و ئەویش بە هۆی کارکردنی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و شەش ڕۆژ لە هەفتەیە." [34]

لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی پەهلەوی و دامەزرانی هەندێ پیشەسازیی نوێ لە سەر ئاستی چەند پارێزگا، بەکارهێنانی منداڵانی کار تا ڕادەیەک لە کەرتی پیشەسازیدا پەرەی سەند. بەڵگە مێژووییەکان پیشان دەدا لە دەیەی 1300 هەتاوی ماوەی زۆری کار، حەقدەستی کەم، چەوساندنەوەی ژنان و منداڵان برەوی سەندووە و چاودێران هەلومەرجی کارەکە بە "کۆیلایەتی" دەشووبهێنن [35].

بەرەنگاربوونەوەی دژ بە کاری منداڵان لە ماوەی ئەم پرۆسەدا دەستی پێکرد و وڵاتی بریتانیا لەم بەرەنگاربوونەوەدا پێشەنگ بوو. لە ئێران پەسەندکردنی یەکەمین یاسای کاری منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1302 هەتاوی ئەم یاسایە لە لایەن پارێزگاری ویلایەتەکانی کرمان و بەلووچستان بۆ یەکەم جار بۆ داکۆکیی لە منداڵان و مێرمنداڵانی ئیشکەر لە کارگەی تەونچنینی کرمان جێبەجێکردن کرا. بە پێی ئەم

یاسایە، کاری کوڕانی خوار تەمەنی هەشت ساڵ و کچانی خوار تەمەن دە ساڵ لە ناو کارگەکاندا قەدەغە کرا. لە ساڵی 1325 هەتاوی یاسایەک پەسەند کرا کە لە مادەی 18ـــی ئەو یاسایە دامەزراندنی منداڵانی خوار تەمەن دوازدە ساڵانی قەدەغە کرد، مەگەر لە حاڵەتی فێرکردن، ئەویش کەمتر لە شەش کاتژمێر. هەروەها لە مادەی 19ـــی ئەو یاسایەدا کارکردن لە شەو بۆ منداڵانی خوار تەمەن شازدە ساڵان قەدەغە کرا، جگە لەو حاڵەتانەی کە لەگەڵ دایک و باوکی خۆیان ئیشیان دەکرد. لە یاسای کاری 1328هەتاویشدا بەدەر لە حاڵەتی فێرکاری، کاری منداڵانی کەمتر لە دوازدە ساڵان قەدەغە بوو. لە یاسای کاری ساڵی 1337 هەتاوی لانیکەمی تەمەنی کاری منداڵان بە دوزادە ساڵ ڕەچاو کرا و دامەزرلندنی منداڵانی خوارتر لە تەمەنی دوزادە ساڵ تەنانەت وەک شاگردیش قەدەغە کرا. هەروەها کاری شەوی لە کاتژمێر 22 هەتا 6ـــی بەیانی بۆ ئافرەتان و کرێکارانی کەمتر لە تەمەنی 18 ساڵان (جگە لە ژنانی پەرستاری نەخۆشخانەکان و پیشەکانی دیکە کە وەزارەتی کار دیاری دەکرد) قەدەغە کرا [36].

ئێران هەروەها لە ساڵی 1372 هەتاوی بە واژۆکردنی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پابەند بوو بەوەی کە ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستە نێوەدوڵەتییە جێبەجێکردن بکا کە یەکێک لە بەشەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە زێراندن و کاری زۆرەملێی منداڵانە. هەروەها لە ساڵی 1380 هەتاوی بە بوونە ئەندامی کۆنوانسیۆنی جیهانیی نەهێشتنی بەپەلەی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ چووە ڕیزی ئەو وڵاتانەی کە داپەڕینی خێرا بۆ نەهێشتنی خراپترین جۆری کاری منداڵانیان بە پێویست دەزانی.

## کاری منداڵان لە یاساکانی ئێران

لە یاسای کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش سەبارەت بە بەکارهێنانی منداڵان و مێرمنداڵان هەندێ سنوور دیاری کراوە. لە بەشی سێی ئەم یاسایە و بە پێی مادەی 80، بە کارهێنان و دامەزراندنی هەر تاکێکی ژێر تەمەن پازدە ساڵ قەدەغەیە. لە کۆنوانسیۆنی جیهانیی مافەکانی منداڵ هەر کەسێک تەمەنی خوار 18 ساڵان بێ بە منداڵ لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە ئێران بە هەندێ مەرجەوە ئەم کۆنوانسیۆنەی واژۆ کردووە، سنووری هەڕەتی منداڵی بە پێی یاسا شەرعییەکان دیاری دەکرێ و بە پێی ئەوە منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە باڵق نەبووبێت. لە ڕوونکاریی

یەکی مادەی 1210، تەمەنی باڵقبوونی کوڕ پازدە ساڵانی تەواوی کۆچی و لە کچیشدا نۆ ساڵی تەواوی کۆچی دیاری کراوە. یاساکانی کاری منداڵانیش بە پێی ڕادەی تەمەنی منداڵی لە یاسای مەدەنیی ئێران دیاری کراوە و بە پێی مادەی 80 یاسای کار، هیچ خاوەنکارێک بۆی نییە کەسانی ژێر تەمەن پازدە ساڵان دابمەزرێنێ و هەر خاوەنکارێک ئەم یاسایە ببەزێنێ، 200 هەتا 500 قاتی لانیکەمی حەقدەستی ڕۆژانەی کرێکارێک سزا دەدرێت. بەڵام ئەگەر کرێکارێک تەمەنی ژێر پازدە ساڵان بێ، بە شێوەی کردەیی ناتوانێ لە ناوەندە یاساییەکاندا سکاڵای خۆی لە دژی خاوەنکار تۆمار بکا و بە شێوەی کردەیی ناتوانێ شکات بکا، چونکە بەکارهێنانی منداڵانی ژێر تەمەنی 15 ساڵان قەدەغەیە. هەڵبەت سەبارەت بە بەکارهێنانی کەسانی ژێر تەمەن 15 هەتا 18 ساڵانیش مەرجی تایبەت هەیە. بە پێی مادەی 81 یاسای کار، کرێکاری مێرمنداڵ لە یەکەم ساتەوەختی دامەزراندنیدا دەبێ پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدا و ئەم پشکنینانە دەبێ ساڵی جارێ درێژ بکرێتەوە و بەڵگەکانی لە دۆسییەی کەسەکەدا تۆمار بکرێت. هەروەها پزیشک سەبارەت بە گونجاوبوونی جۆری کار لەگەڵ تواناکانی کرێکاری مێرمنداڵ بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ و ئەگەر ئەو کارە بە نەگونجاو بزانێ، خاوەنکار دەبێ ئەوەندەی بۆی دەکرێ پیشەی کرێکار بگۆڕێت. لە مادەی 85ی یاسای کاریش کاتژمێری کاری ڕۆژانەی کرێکارێکی مێرمنداڵ نیوکاتژمێر کەمتر لە کاتژمێری کاری ئاسایی کرێکارانە. بە پێی مادەی 83ـی یاسای کار، پێسپاردنی هەر چەشنە کارێکی زیادە و ئەنجامدانی کار لە شەو و هەروەها کاری دژوار، زیانبەخش، مەترسیدار و هەڵگرتنی بار بە دەست زیاتر لە ڕادەی ڕێگەپێدراو و بە بێ بەکارهێنانی کەرەسەی مکانیکی بۆ کرێکاری مێرمنداڵ قەدەغەیە و لە کۆتاییدا بە پێی مادەی 84 لەو پیشە و کارانەی کە بە هۆی تایبەتمەندییەکەیان یان بارودۆخێک کە کاری تێدا ئەنجام دەدرێ بۆ تەندروستی یان ئەخلاقی شاگردان و مێرمنداڵان زیانبەخشن، لانیکەمی تەمەنی هەژدە ساڵی تەواوە. لێکدانەوەی ئەم بابەتە لە ئەستۆی وەزارەتی هەرەوەرزی، خۆشگوزەرانی و کاروباری کۆمەڵایەتییە.

هەندێ لەم پیشانە بریتین لە: کار لە کانگاکان، کار لە ئەمباری سەرداخراو، کار لە کارگەی چەرمخۆشکەری و ڕیخۆڵەخاوێنکردنەوە، کار لە گەنداوەڕۆکان، کار لە کەرتی کۆکردنەوە، هەڵگرتن و چاڵکردنی زبڵی ناو شار؛ ژارپرژێنیی باغ و درەخت و کێڵگە و خاوێنکردنەوەی شوێن و گەوڕ و هێلانەی کێڵگەکانی مریشک؛

مەلەوانێتی؛ کار لە بەرزایی بەرزتر لە پێنج مەتر لە سەر زەوی لە سەر دەکڵەکان، هۆدەی گەڕۆک، داربەست و سکلێتەکان؛ کاری بیناسازی، تواندنەوەی ئاسنەکان، شووشەگەری، هەڵگرتن و گواستنەوەی مادەی تواوە لە کوورەخانە چالاکەکان، کار لە نزیک کوورەخانەی چینی و گڵێنە، کار لە ئاژەڵداریی پیشەسازی و کوشتارگەکان، کار لە مردووشۆرخانە و ناشتنی مردووەکان، کار لە کوورەخانەی خشتپێژی و کارکردن لە نانەواخانەکان.

سەرەڕای ئەوەی یاساکانی ئێران دامەرزاندنی کەسانی ژێر پازدە ساڵانی قەدەغە کردووە و بەکارهێنانی مێرمندالانی پازدە هەتا هەژدە ساڵانیش بە شێوەی مەرجدار قبووڵ کراوە، دەبینرێ زۆر منداڵ لە گرووپی تەمەنیی جیاواز لە کەرتە بێژمارەکاندا لە کشتوکاڵ و کێڵگەوە بگرە تا دەگاتە کارگە بەرهەمهێنانەکان کاریان پێ دەکرێت. هۆکاری گرینگ و سەرەکیی بەکارهێنانی منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چاودێریی جیدی بە سەر ڕەوشی کارکردنی منداڵان و شوێنی کارکردنی ئەوان، بە جۆرێک کە خاوەنکاران بە ئاسانی و بە بێترس لە یاساکان دەتوانن کار بە منداڵان بکەن و بنەماڵەکانیش منداڵەکانی خۆیان بە شێوەی پێشوەختە دەنێرنە ناو پرۆسەی کارەوە. لە حاڵێکدا ئەگەر ئەم منداڵانە لە لایەن خاوەنکارەوە ئازار بدرێن و بچەوسێنرێنەوە یان خاوەنکارەکانیان حەقدەستیان پێ نەدەن، وا دەزانن ناتوانن سکاڵا لە دژ خاوەنکارەکەیان تۆمار بکەن و لە ڕووی یاساییەوە بە دواداچوون بۆ مافی خۆیان بکەن، چونکە لە تەمەنی خوار تەمەنی یاسایی ئیشیان دەست پێکردووە و ئیشەکەیان یاسایی نییە. ئەم بارودۆخە منداڵانی پەنابەر و کۆچبەریش کە بە بێ مۆڵەتی یاسایی لە وڵاتدا ئیش دەکەن دەگرێتەوە و ئەوانیش بە هۆی نەبوونی بەڵگەی یاسایی، ئەگەر لە کاتی کارکردندا تووشی گرفتێک ببن، ناتوانن سەردانی ناوەندە یاساییەکان بکەن.

## بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی کرێکارە مێرمنداڵەکان

بە پێی یاسای دابینکردنی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی کاریی نێوان کرێکار و خاوەنکار بە بیمەکردنی کرێکارەکان بەستراوەتەوە. کەواتە کرێکاری مێرمنداڵ دەبێ لە دەستپێکی دامەزراندنیەوە، بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بیگرێتەوە و سەرپێچیی خاوەنکارەکان لەم بارەوە سزای یاسایی بە دواوەیە. سەرباری ئەمە، خاڵێک کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە بارودۆخی بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی

کەسانی خوار تەمەن پازدە ساڵانە کە بە شێوەی یاسایایی ئیشیان پێ دەکرێت. هەندێ پێیان وایە کە ئەم کەسانە بە هۆی هەڵوەشاوەبوونی ناوی کرێکار لەم کسانە و بە هۆی ئەوەی کە بە گوێرەی مادەی 79 یاسـای کار دامەزرلندنی ئەم کەسـانە کێشـە بۆ خاوەنکار ساز دەکا، ناتوانن لە هەڤیازیی بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی سوودمەند بن. ئەم وێنایە بە پێی بەڵگە یاسـاییەکانە. یاسـای دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانی ساڵی 1350 هەتاوی پەسەند کرا و لە ساڵی 1369 هەتاوی یاسای کار لە لایەن کۆڕی لێکدانەوەی بەرژەوەندیی حکومەت پەسـەند کرا. کەواتە ڕێی تێدەچێ کە یاسای نوێ دەبێ یاساکەی پێشوو تایبەت و سنووورداری بکا، بەڵام لە سەر بەستێنی جێبەجێکردنکردندا وەها ئاراستەیەک بوونی نییە. ناوەندی دابینکردنی کۆمەڵایەتی خاوەنکارانی ناچار کردووە کە کرێکارەکانیان بیمە بکەن، مەگەر ئەوەی کە تەمەنی کرێکارەکان خوار تەمەنی پازدە سـاڵان بێت. دیارە ئەم کرێکارلنە جگە لە هەندێ ئاسـانکاری وەکوو مووچە و خزمەتگوزاریی ماوەی بێکاریی بەر لە تەمەنی پازدە سـاڵان، دەتوانن لە هەڤیازیی پێشـینەی بیمەی خۆیان و هەر چەشـنە ئاسـانکارییەک کە یاسـادلنەر بۆ کرێکارانی ڕەچاو گرتووە کەڵک وەربگرن. بۆ وێنە ئەگەر کرێکارێکی مێرمنداڵ بەر لە تەمەنی پازدە سـاڵان بیمە کرابێ، دەتوانێ بە سـوودمەندبوون لە پێشـینەی بیمەکەی، پاش گەیشـتن بە تەمەنی یاسـایی لە هەڤیازییەکانی خانەنشـینکران کەڵک وەربگرێ یان دەتوانێ پاش گەیشـتن بە تەمەنی یاسـایی ئەم پێشـینە بۆ بەکارهێنانی زیاتری هەڤیازییەکانی بیمەی بێکاری بە کار بێنێت.

کەواتە خاوەنکارەکان دەبێ سەرنجی ئەم خاڵە بدەن کە تەنیا لەبەر نایاساییبوونی کاری منداڵانی کەمتر لە تەمەنی پازددە سـاڵان ئەوان لە مافی سـوودمەندبوون لە بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بێبەش نەکەن [37].

**]1 [ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.**

[۲] کورسارو، ویلیام ای. (۱۳۹۳). جامعه شناسی کودکی (ترجمه علیرضا کرمانی و مسعود رجبی اردشیری)، تهران: ثالثا

*.Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work [3]*

[4] نادری، صـلاح الدین، (۱۳۹۳). جامعه شـناسـی مردم منار و آزمون نظریه کاسـتلز در عرصه کار کودکان پژوهش عملی مشارکتی با کودکان افغان در مرکز دوستدار کودک مشتاق). گروه جامعه شناسی دانشکده ادبیات و علوم اجتماعی دانشگاه باهنر کرمان به نقل از انجمن حمایت از حقوق کودکان، ۱۳۶۸، ص ۸۸).

[5] عرب مازا پار یزدی، علی. (۱۳۹۸). اقتصاد غیر رسمی و نابرابری در ایران در آسیب های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضـعیت اجتماعی ایران ۱۳۸۸- ۱۳۹۶. ج ۲ ص -۴۹۵ ۵۱۶)، تهران: آگاه [1] وامقی، مرونه؛ دژمان، معصومه؛ رفیعی، حسن و روشنفکر، پیام. (۱۳۹۴). ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی در شهر تهران (علل و خطرهای کار کودکان در خیابان ). مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران ۴ (۱)، ص ۳۳ - ۵۷.

[۷] کلانتری، صمد و گیانی، مژده. (۱۳۸۵). بررسی تطبیقی کار کودکان در کشوهای پیشرفته و جهان رو به توسعه، اطلاعات سیاسی اقتصادی، ۲۳۱ - ۲۳۲ (آذر و دی ماه)، ص ۲۸۲ - ۲۹۵.

*Boyden, J. (1991). Children of the cities. London: Zed Book [8]*

[9] مارکس، کارل (۱۳۹۴). سرمایه (ترجمه ایرج اسکندری). نشر ققنوس

[۱۰] پرتال انجمن حمایت از حقوق کودکان کار. بازبینی در ۱۶ دی ۱۳۹۶ از

**https://apcl.org ir/%D8%AA%D8%A7%D8%B1%DB%8C%D8%AE%DA%a8 69D9%87-%DA%A9%D8%A7%D8%B1**

**[11] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 20122016. Geneva: International Labour Organization Geneva.**

[۱۲] کورسارو، ویلیام ای. (۱۳۹۳). جامعه شناسی کودکی (ترجمه علیرضا کرمانی و مسعود رجبی اردشیری). تهران: ثالث.

**]13[ ILO. (2018). Child labour and its outcome. The International Labour Organization Oxford press.**

[14] جیمز، ألیسون؛ جنکس، کریس و پروت، آلت (۱۳۸۳). جامعه شناسی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) (ترجمه علیرضـا کرمانی و علیرضـا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث.

[15] کورتر وب، ر. ب. (۱۹۹۱). کودکی و جهان اطراف ما(ترجمة م أيضايي). تهران. بازبین

[16] کورسـارو، ویلیام ای. (۱۳۹۳). جامعه شـناسـی کودکی (ترجمه علیرضـا کرمانی و مسعود رجبی اردشیری). تهران: ثالث.

[۱۷] همان.

[۱۸] همان

[۱۹] همان

**]20 [Hecht, T. (1998). At home in the street street childrenof northeast Brazil New York: Cambridge University Press .**

**]21 [Ibid,**

به نقل از: گورسـارو، ویلیام ای. (۱۳۹۳). جامع شـناسـی کودکی (ترجمه علیرضـا کرمانی و مسعود رجبی اردشیری)، تهران: ثالث.

[۲۲] همان

[۲۳] همان

[24] جیمز، آلیسـون؛ جنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شـناسـی دوران کودکی نظریه پردازی در باره دوران کودکی) (ترجمه علیرضـــا کرمانی و علیرضـــا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث

ILO. (2004). Global estimates of child labour. The International Labour [25] .Organization. UN publication

[26] جیمز، آلیسـون؛ چنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شـناسـی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) (ترجمه علیرضـــا کرمانی و علیرضـــا ابراهیم آبادی)، تهران: ثالث.

*Boyden, J. (1991). Children of the cities. London: Zed Book [27]*

به نقل از جیمز، آلیسون جنگ

، کریس و پروت، آلن (۱۳۸۳). جامعه شـــناســـی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) (ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث.

[۲۸] همان

**]29 [ILO. (2007). Child domestic labour information resources. Geneva: International Labour Organization Geneva.**

[۳۰] کمبود کار شـــایســـته برای بزرگســـالان L01، به نقل از صـــفایی، منیژه وناظم، نازفر. (۱۳۸۶). کار کودکان تهران: مؤسسه کار و تأمین اجتماعی

[۳۱] کلانتری، صـــمد و کیانی، مژده. (۱۳۸۵). بررســـی تطبیقی کار کودکان در کشـــوهای پیشرفته و جهان رو به توسعه. اطلاعات سیاسی اقتصادی، ۲۳۲-۲۳۱ (آذر و دی ماه)، ص -۲۸۲ .۲۹۵

[۳۲] صـــفایی، منیژه و ناظم، نازفر. (۱۳۸۶). کار کودکان. تهران: مؤســـســـه کار و تأمین اجتماعی.

[۳۳] وامقی، مروئه و یزدانی، فرشـــید. (۱۳۹۸). گزارش وضـــعیت کار کودکان در ایران: در آسیب های اجتماعی و نابرابری (دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران ۱۳۸۸-۱۳۹۶). ج ۲ ص ۱۵۰-۹۵). تهران: آگاه.

[34] سیف، احمد. (۱۳۷۳). اقتصاد ایران در قرن نوزدهم. تهران: چشمه.

[۳۵] فوران، جان. (۱۳۸۰). مقاومت شـکننده، تاریخ تحولات اجتماعی ایران از صـفویه تا سال های پس از انقلاب اسلامی (ترجمه احمد تدین). تهران: مؤسسه خدمات فرهنگی رسا.
[۳۶] صـفایی، منیژه و ناظم، نازفر. (۱۳۸۶). کار کودکان. تهران: مؤسسه کار و تأمین اجتماعی.
[۳۷] روزنامه خراسان، ۲۸/۱۲/۱۳۹۶

# بەشی دووهەم: چەمک و وێژەی تیۆری و ئەزموونیی توێژینەوە

**چوارچێوە و ویژەی تیۆریی توێژینەوە**

لە زۆرێک لە پیشەکانی جیهانی ڕووە لە پێشکەوتن زۆر جار ڕیشەی کاری منداڵ لە ڕەواڵە ئاڵۆزە مێژوویی و بژێوییەکاندایە کە خۆی بە بابەتی بەربڵاوتری هەژاری و کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە. ڕێکخراوی جیهانیی کار بە ئامادەکردنی پلانی نێودەوڵەتیی بنەبڕکردن و نەهێشتنی کاری منداڵ (IPEC) هەوڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی جیهانی و پێداگر دژ بە هەموو جۆرەکانی دیاردەی کاری منداڵ دەدات. ئەم پلان توانیویەتی نزیکەی سەد وڵاتی جیهان ڕابکێشێ و هەتا دیسەمبەری ساڵی 2001 نرخی هەموو گەڵاڵە و پرۆژەکانی پتر لە 200 ملیۆن دۆلار بووە [1].

تەنانەت ئەم ڕێکخراوە لە داپەڕێکی سیمبۆلیکدا ساڵی 2015 و ساڵی 2021 بە ساڵی یەکێتی بۆ بنەبڕکردنی کاری منداڵان ناودێر کرد و بە ڕاگەیلندنی ئەوەی کە نزیکەی 168 ملیۆن کەس لە کۆی منداڵانی جیهان لە بری خوێندن و پەروەردە خەریکی ئیشن، ئەو کارانەی کە منداڵان دەیکەن بە دژی گەشە و پێگەی منداڵانی زانیوە و بۆ ئەم بارودۆخە کارتی سووری ڕاگەیاندووە. دانیشتنی گشتیی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ڕێکەوتی یەکی جوونی 1999 زایینی (1387 هەتاوی) لە ژنێڤ بەڕێوە چوو. لەم کۆنوانسیۆنەدا ڕێگری لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ تاوتوێ کرا. خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ دیاردەیەک لە کاری منداڵانە کە بیچمی جۆراوجۆری هەیە. مادەی سێی کۆنوانسیۆنی 182 ڕێکخراوی جیهانیی کار خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانی دیاری کردووە کە بریتییە لەم مژارانەی ژێرەوە:

ئەلف) هەر هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی یان شێوازە هاوشێوەکانی کۆیلایەتی، وەکوو فرۆشتن و قاچاغکردنی منداڵان، بەندایەتی بە هۆی قەرز و ڕایەتی و کار یان زۆرداری یان ناچاری، وەکوو کارپێکردنی بە زۆر یان زۆرەملێی منداڵان بۆ بەکارهێنانیان لە تێکهەڵچوونی چەکدارانەدا.

ب) بەکارهێنان، دابینکردن، یان خستنە ڕووی منداڵان بۆ لەشفرۆشی، بەرهەمهێنانی پۆڕنۆگرافی یان نمایشی پۆڕنۆگرافانە.

پ) بەکارهێنان، دابینکردن، یان خستنە ڕووی منداڵان بۆ کاری نایاسایی،

بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر، بەو شێوەی کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا پێناسە کراون.

ت) کارێک کە بە هۆی تایبەتمەندییەکەی یان ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێ، ئەگەری ئەوە هەیە زیانی بۆ تەندروستی، ئاسایش یان ئەخلاق و ڕەوشتی منداڵان هەبێت.

جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان لە کەرتە جیاجیاکانی پیشەسازی، ناوماڵ، خزمەتگوزاری و کشتوکاڵ بوونی هەیە و لە دەیەکانی ڕابردووشدا لە کەرتی بازاڕی کاری نافەرمی یان ئابووریی نافەرمی بە شێوەی بەرچاو پەرەی سەندووە. منداڵان لە کارگە جیاجیاکانی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنان و پیشەسازیدا ئیش دەکەن و هەر کام لەم کارانە دۆخی تایبەتی خۆیانیان هەیە و هەر لەبەر ئەوەش لە بارودۆخی جیاوازی کاریدان. ئامانجی ئەم توێژینەوە ناسین و تاوتوێی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ لە سەر ئاستی شاری تارانە و هەروەها بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی کۆنوانسیۆنی گشتیی ڕێکخراوی جیهانیی کار، کە نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ بەشێک لە ناوەڕۆکەکەیەتی، ئەم توێژینەوە بە نیازی ناساندنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵیشە.

لەم بەشەدا لە پێشدا چەمکە تیۆرییەکانی ئەم توێژینەوە پێناسە دەکرێت. لە درێژەدا پێشینەی ئەزموونی و تیۆریی توێژینەوە لێک دەدرێتەوە. ئینجا بە کەڵکوەرگرتن لەم تیۆرییانە، چوارچێوەی تیۆری و مۆدێلی تیۆریش دەخرێتە ڕوو. لە کۆتاییشدا هەندێ جۆری کاری منداڵان لە شاری تاران و ئەو شوێنانەی کە منداڵان تێیدا ئیش دەکەن دەناسێنین.

## دابەشکاریی کاری منداڵ

ڕاجێرز[1] و ستەندینگ[2] وتەزای کاریان بە بەشێک لە بواری بەربڵاوی کاری منداڵ لە قەڵەم دەدەن. ئەوان سەبارەت بە کارەکانی منداڵ دە بەش دەناسێنێن: کاری ناوماڵ، کاری جگە لە ناوماڵ، کاری بێ حەقدەست، کاری گرووپی یان بە کۆمەڵ، کاری بە کرێ، کارە ئابوورییە پەراوێزییەکان، پەروەردە و ڕاهێنان، تەمبەڵی و بێکاری، خۆشگوزەرانی و ڕابواردن، کاری بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە. ڕاستە کە بواری کاری منداڵان بەربڵاوە و دەتوانێ بازنەیەکی بەربڵاوی کاری منداڵان لە خۆ بگرێ، بەڵام ئەم وتەزایانە تەواو نافەرمی و دڵخوازانەن. جیا لەمە، هیچیان لە بەرامبەردا پاوانەیی نین. لە لایەکی تریشەوە یوونیسێف زۆر سنووردارانە و تا ڕادەیەک داشکانخوازانە لەم زەمینەدا ئیش دەکا و لەم بوارەدا بۆ منداڵان تەنیا سێ بەشی سەرەکی ڕەچاو دەکا:

1) کاری بێ حەقدەستی ناو بنەماڵە: ئەم بەشە خۆی بە سەر ژێرلقی کاری ناوماڵ، کاری کشتوکاڵ و شوانێتی وەکوو جووت‌کردن و دەسکەنە و ئاژەڵداری و هونەرە دەستی یان پیشەسازییەکانی پەیوەست بە کەلاوەسازی و دارتاشی، چەرمسازی و چەرمچنین دابەش دەبێت.

2) کاری ناو بنەماڵە بەڵام لە دەرەوەی ماڵ: کار لەم بەشەدا بریتییە لە کاری شوانێتی یان کشتوکاڵ ـ کە لەوانەیە هەر دوو شیفت، وەرزی، یان کۆچبەرێتی بێ ـ، خزمەتگوزاریی ناوماڵ کاتێک کە منداڵێک لە پەیوەندییە خێزانییەکانی بنەماڵەیەکی دیکەدا شوێنێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە بەڵام دەبێ کاری ماڵداریش ئەنجام بدا، کاری بەرهەمهێنان و کاری دامەزراندن لە سەر کار یان کاری تایبەتی لە ئابووریدا نافەرمی دەبێت.

3) کاری دەرەوەی ماڵ: ئەم بەشە لەوانەیە بریتی بێ لە دامەزراندن و کارلێکێشان لە لایەن دیترلنەوە، وەکوو کاری نۆکەری و کاری ناچاری کە بە مەبەستی پێدلنەوەی قەرز ئەنجام دەدرێن، شاگردێتی، بازرگانیی پڕۆفیشناڵ، بازرگانی، کاری ناپڕۆفیشناڵی پیشەسازی و هاوشێوەکانی لە کانگا و هتد و کاری ناوماڵ. ئەم بەشە هەروەها لەوانەیە سواڵ‌کردن یان ملدان بە کاری سێکسی و بێ‌ئەخلاقی و ناپەسێندیش لە خۆ بگرێت. لەم گرووپەدا هەروەها لەوانەیە منداڵان لە کەرتە نافەرمییەکان و کاری هەمەجۆری

1. Rogers.
2. Standing

بەربڵاو، وەکوو واکس‌لێدان (بۆیاخ کردن) و شـــتنی ئۆتۆمبێل، بە شـــێوەی تایبەتی سەرقاڵی کار بن.

وەک دەســـتبەجێ لـە دوای ڕەواڵـەتی ئـەم پۆلێنبـەنـدییـەدا دەردەکـەوێ، پێوەری دابەشینی کار لەم پۆلێنبەندییەدا، واتە ئەنجامدانی کاری ناو دەرەوەی ماڵ، ڕوانگەیەکە کە مشـــتومڕبزوێنە و وەک وایت1 لـە ســـاڵی 1995 ئاماژەی پێکردووە، بە هیچ چەشـــنێک نازانرێ لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە منداڵان لەگەڵ بنەماڵە یان بۆ بنەماڵە ئیش دەکەن، لە بەر دەم مەترسیی کەمتردا بن. کەسانێک کە تێدەکۆشـن لە بارودۆخ و پێگەی منداڵانی ئیشـکەر لە شـوێنێکی گریمانەیی تێبگەن دەبێ لەگەڵ زۆر فاکتەری هەمەجۆر دەســـت و پەنجە نەرم بکەن: ئایا کار لە ناوچەیەکی شـــاری یان گوندی ئەنجام دەدرێ؟ ئایا بۆ ئەو کارە حەقدەســـتی پێ دەدرێ یان نا؟ ئەم حەقدەســـتە بە شێوەی نەختییە یان نانەختی؟ و زۆر پرسیاری تر [2].

جەیمز دلبەش‌کردنێکی دیکە ســـەبارەت بە کاری منداڵان دەخاتە ڕوو کە بریتییە لەم حاڵەتانەی ژێرەوە:

1) کـاری نـاومـاڵ بریتییـە لـە خـاوێن‌کردنـەوەی مـاڵ، لێنـانی چێشـــت و چاودێری‌کردنی خوشک و برا بچووکترەکان؛

2) کار بۆ بژێویی ژیان لە کێڵگە یان دووکان کە لەم ڕێگەوە هەندێ شـــتومەک وەدەست دێنن کە دەتوانرێ لە بازاڕ بە کاڵای دیکە بگۆڕدرێتەوە؛

3) کار وەک شـــاگردێتی کە منداڵ ناچار دەکا لە کاتی فێربوونی هونەر لە ماڵێک یان شوێنێکی دیکە کار بکات؛

4) وەک کۆیلـە یـان هێزی کـاری پـەیمـانی کـە بـە دیتران دەفرۆشـــرێن و بۆ بەرژەوەندیی ئەوان ئیش دەکەن؛

5) وەک سـواڵکەرانێک کە بۆ خۆیان یان وەک بەشـێک لە گرووپ، چ بنەماڵە یان گرووپ یان باند، لە سەر شەقامەکاندا ئیش دەکەن؛

6) وەک کرێکـارانێـک کـە لـە کێڵگـە، کـارخـانـە، یـان دووکـان ئیش دەکـەن و حەقدەست و مووچە وەردەگرن. [3]

ڕێکخراوی جیهانیی کار مەزەندەی کردووە کە نزیکەی 250 ملوێن منداڵی کار لە وڵاتانی ڕوو لە گەشـــە بوونیان هەیە. ڕێژەی ڕاگەیێندراو بۆ ئەو منداڵانەی کە لە

1. White

کاری ناوماڵدا ئیش دەکەن ڕوون نییە، بەڵام بێگومان ڕێژەیان زۆرە. بە پێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، منداڵانی کچی ژێر تەمەن شازدە ساڵان پتر لە گرووپەکانی دیکە لەم کەرتەدا کار دەکەن. بە ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندیی شاراوەی کاری ناوماڵ، بوونی ئاماری متمانە پێکراو لە ئاماری ئەو منداڵانەی کە خەریکی کاری ناوماڵن ئەستەمە. ئاماری وەرگیراو لەم توێژینەوانە تەنیا لووتکەی ئەم کێوی سەهۆڵە پیشان دەدەن کە ئەویش نیگەرانییەکانی پەیوەست بەم دیاردە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەردەخات.

## قەدەغەکردنی خراپترین جۆری کاری منداڵ

ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ساڵی 1999 لە هەشتا و دووهەمین دانیشتنی جیهانیی خۆیدا کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی خێرای خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانی پەسەند کرد. ئەم یاسایە، کە پاش پڕۆژە یاسای ساڵی 1973 بە پێی دیاریکردنی لانیکەمی تەمەنی دامەزراندن لە وڵاتانی جیهان پەسەند کرا، بە نیاز بوو کە بە داپەڕی نیشتمانی و ئەوپەڕنیشتمانی ڕێگری لە چەوساندنەوەی منداڵان بکا و بەکاهێنانی منداڵان لە پیشەی دژوار و زیانبەخش قەدەغە بکات. لەو بابەتە گرینگانەی کە لەم کۆنوانسیۆنەدا پێداگری لە سەر کرا پەروەردە و ڕاهێنانی بێبەرامبەر و گرینگیدان بە خواستە سەرەکییەکانی منداڵان و بنەماڵەکانیان بوو بۆ ئەوەی ڕێگری لە کارکردنی منداڵان بگیرێت. ئەم کۆنوانسیۆنە لە مانگی گەلاڕێزانی ساڵی 1380، کە بریتی بوو لە 16 مادە، پێشنیارنامە، پێشەکی و مادەی یەکی پەیوەست لە پاڕلەمانی ئیسلامیی ئێران پەسەند کرا و لە لایەن شۆڕای نگابانەوە "ئەنجومەنی پارێزەران" قبووڵ کراە.

**کۆنوانسیۆنی داپەڕی خێرا بۆ نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ**

به پێی مادەی یەک هەتا سێی ئەم کۆنوانسیۆنە، هەر ئەندامێک کە ئەم کۆنوانسیۆنە پەسند دەکا دەبێ داپەڕی خێرا و کاریگەر بۆ قەدەغە و نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ وەک بابەتێکی بەپەلە بگرێتە بەر. بە بۆچوونی ئەم کۆنوانسیۆنە، وشەی "منداڵ" بۆ هەموو کەسانی ژێر تەمەن هەژدە ساڵان بە کار دەبرێت. بە بۆچوونی ئەم کۆنوانسیۆنە، وشەی "خراپترین جۆری کاری منداڵ" بریتییە لە بابەتەکانی ژێرەوە:

ئەلف) هەر هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی یان شێوازە هاوشێوەکانی کۆیلایەتی، وەکوو فرۆشتن و قاچاغکردنی منداڵان، بەندایەتی بە هۆی قەرز و ڕایەتی و کار یان زۆرداری یان ناچاری، وەکوو کارپێکردنی بە زۆر یان زۆرەملێی منداڵان بۆ

بەکارهێنانیان لە تێکهەڵچوونی چەکدارانەدا.

ب) بەکارهێنان، دابینکردن، یان خستنە ڕووی منداڵان بۆ لەشفرۆشی، بەرهەمهێنانی پۆڕنۆگرافی یان نمایشی پۆڕنۆگرافانە.

پ) بەکارهێنان، دابینکردن، یان خستنە ڕووی منداڵان بۆ کاری نایاسایی، بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر، بەو شێوەی کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا پێناسە کراون.

ت) کارێک کە بە هۆی تایبەتمەندییەکەی یان ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێ، ئەگەری ئەوە هەیە زیانی بۆ تەندروستی، ئاسایش یان ئەخلاق و ڕەوشتی منداڵان هەبێت.

## پلانەکانی دلپەڕی کۆنوانسیۆنی قەدەغەکردن و هەوڵ بۆ نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ

پلانەکانی داپەڕی بابەتی مادەی 6 کۆنوانسیۆنی وەک بابەتێک لەم بەرنامانە دەبێ لە سەر ئەم مژارانە چڕ ببێتەوە:

ئەلف) ناسینەوە و ئیدانەکردنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ؛

ب) دوورکردنەوە یان ڕێگری لە ئیشکردنی منداڵان لە خراپترین جۆری کاری منداڵ، پاراستنیان لە هەمبەر کردەوەی تۆڵەستێنانە و پێشبینیی پەروەراندنەوە و سازانی کۆمەڵایەتییان لە ڕێگەی داپەڕگەلێک کە خواستە پەروەردەیی، جەستەیی، و دەروونناسییەکانیان ڕەچاو دەکات؛

پ) سەرنجی تایبەت بە منداڵانی کەمتەمەنتر، منداڵانی کچ، کێشەی بارودۆخی کاری شاراوە کە تێیدا کچان لە بەردەم مەترسیی تایبەتدان، دیکەی گرووپی منداڵانی خەسارهەڵگر یان پێداویستییە تایبەتەکان، لێکدانەوە و دەستێپگەیشتن و کار لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیاندا منداڵان لە بەردەم مەترسیی تایبەتدان، وشیارکردنەوە، هەستیارکردن، و ئامادەکردنی بیری گشتی و گرووپە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت منداڵان و بنەماڵەکانیان.

## کاری مەترسیدار بۆ منداڵان

بە پێی مادەکانی کۆنوانسیۆنی کاری منداڵ، کاری مەترسیدار کارێکە کە منداڵان دەخاتە بەر مەترسیی کەڵکاوەژۆیی جەستەیی، دەروونی، یان سێکسی. هەروەها ئەم

کارانە لە خۆ دەگرێت: کار لە ژێرزەوی، ژێر ئاو، لە بەرزایی مەترسیدار یان لە شوێنی داخراو، کار بە مەکینە و دەزگا و ئامرازی مەترسیدار، ئەو کارانەی کە تێیاندا بارە قورسەکان بە دەست هەڵدەگیرێن، کار لە شوێنێکی ناتەندروست کە لەوانەیە منداڵان بخاتە بەر مادە و هۆکار یان پرۆسەی مەترسیدار یان بخاتە بەر دەم پلەی گەرما، دەنگ یان لەرینەوە مەترسیدارەکان کە حەرەشە لە تەندروستیی منداڵ دەکا، کارکردن لە بارودۆخی زۆر ئەستەم بۆ کاتێکی دوور و درێژ یان لە میانەی شەو یان کارکردن لە شوێنێک کە منداڵ بە شێوەی نایاسایی بە شوێنی کار سنووردار بۆتەوە.

بە پێی یاسای جێبەجێکردنکردنی ڕوونکارییەکانی یەک و دووی تاکمادەی یاسای پەسندکردنی کۆنوانسیۆنی قەدەغەکردن و داپەڕی خێرا بۆ نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ و پێشنیارنامە تەواوکەرەکەی، پێڕستی کارە زیانبەخشەکان بۆ کەسانی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵان بەم شێوەی ژێرەوەیە:

1) کارکردن لە کانگاکان، بە ژێرزەوینی و سەرزەوینییەوە و کارکردن لە تونێل و ڕێڕەوەکان یان تێلەکانی کانگا؛

2) کار لە کۆگای داخراو؛

3) کار لە کارگەی چەرمخۆشکەری (دەباغچێتی)، سالامبۆرسازی، و ڕیخۆڵەخاوێنکردنەوە؛

4) کار لە گەنداوەڕۆکان، کەرتی کۆکردنەوە، هەڵگرتن و چاڵکردنی زبڵی ناو شار؛

5) ژارپرژێنیی باغ و درەخت و کێڵگە و خاوێنکردنەوەی شوێن و گەوڕ و هێلانەی کێڵگەکانی مریشک؛

6) مەلەوانێتی؛

7) کار لە بەرزایی بەرزتر لە پێنج مەتر لە سەر زەوی لە سەر دەکڵەکان، هۆدەی گەڕۆک، داربەست و سکلێتەکان؛

8) کار لە شوێنگەلێک بە دەنگی بەرز (زیاتر لە حاڵەتی ڕێگەپێدراو)؛

9) ئیشکردن لە سەر هێڵ و پۆستەکانی گەیاندنی کارەبا بە فشاری 63 کیلۆوۆڵت و زیاتر؛

10) پیشەی خیزپرژاندن، کوڵاندنی قیرتاوی دەستی، قیرتاوکردن و ماڵچپرژاندن؛

11) ئیشکردن بەو کەرەسانەی لەرینەوەیان زۆرە (زیاتر لە ڕادەی ڕێگەپێدراو)

12) هەڵکەندنی کاریز و چاڵاو و ئاوەڕۆ و تووتێلی ژێرزەوینی؛

13) ئەو کارانەی کە بەردەوام ئەنجامدانیان ئەو نەخۆشـــیيانەی لێ دەکەوێتەوە کە بە هۆی تیشـــکن، وەکوو کارکردن بە مادەی ڕادیۆئەکتیڤ و کەوتنە بەر تیشـــکە یۆنسازەکان؛

14) کاری بیناسازی

15) شۆفێری و ئیش‌کردن بە کەرەسەی گواستنەوەی سووک و قورس و هەروەها ئۆتۆمبێلی ڕێسازی و کشتوکاڵ؛

16) تووانەوەی ئاسن، شووشەسازی، هەڵکردن و گواستنەوەی مادەی تواوە لە کوورەی چالاک و ئیش‌کردن لە کوورەی کوڵاندنی چینی و گڵێنە؛

17) ئیش‌کردن لە بارداگر، وزەخانە، پاڵاوگە، پەترۆشـــیمی، و دیکەی یەکەکانی نەوت و گاز؛

18) ئیش‌کردن لە کارگەی تەونچنین، نەمەدماڵی، زیلۆچنین، ڕێستن و چنین؛

19) کار لە کارخانەی بەرهەمهێنانی بەروبوومی ئازبێســـت و کارخانەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ و بەرهەمە چیمەنتۆییەکان؛

20) ئیش‌کردن لە دارســـتان، شـــەڕەڵوانی (نزارەوان)، بڕینەوە و هەڵگرتنی درەختەکان؛

21) ئیش‌کردن لە ئاژەڵداریی پیشەسازی و قەسابخانەکان؛

22) ئیش‌کردن بە مادەی شیاوی گڕگرتن و گڕگر؛

23) ئیش‌کردن لە کارخانەی قیرتاوکردن، بەردشـــکێنی، بەربڕی، کاری ڕێگاوبانسازی؛

24) بەرپرسی کلۆرلێدان و خاوێن‌کردنەوەی کۆگای ئاو؛

25) ئیش‌کردن لە مردووشۆرخانە و ناشتنی مردووەکان؛

26) مەلەوانی و ئیش‌کردن لە ماتۆڕخانەی کەشتی یان کەشتی‌سازی؛

27) ئیش‌کردن لە پیشەسازیی ئاوکاری؛

28) ئیش‌کردن بە دەزگای مەترســیداری وەکوو مەکینەی چێوتاشــی یان پڕێســی وەشێنی، زەربەیی، هیدرۆلیکی و لەم چەشنە؛

29) ئیش‌کردن لە کوورەخانە (خشتپێژی)؛

30) ئیش‌کردن بە مادەی ڕیشاڵی شـووشـە (پەشـمە شـووشـە) و بەرهەمهێنانی

بەرهەمەکانی و گواستنەوە؛

31) بەرگرە، دانان و بەرهەمهێنانی ئیزۆگام و قیرتاوکردنی سەربان و نهۆمەکان؛

32) ئاسنگەری، لەحیمکاری، بەردلێدان و ڕەنگ‌کردن؛

33) پەڕەپەڕەکردن و بڕینی ئاسنەکان و بەردە بیناسازییەکان؛

34) کارکردن لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و دەروونده‌رمانی، خانەی بەساڵاچووان و ڕادیۆلۆژی و تاقیگە؛

35) کارکردن لە نانپێژی؛

36) ئیش‌کردن لەو کارگە و کارخانانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان مادەی کیمیایی و ژار بەرهەم دێنن و بەستەبەندی و فرمۆلە یان ئەمبار دەکەن.

ڕوونکاری - ئەگەر کاری بابەتی بڕگەکانی "18" و "20"ـی ئەم مادە بە مەبەستی هاوکاری‌کردنی دایک و باوک و بە پێی توانای منداڵ و لە کارگە نەریتی و خێزانییەکاندا ئەنجام بدرێ، ئەم مادە نایگرێتەوە.

## جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان

دابەش‌کردنی ڕێژەیی منداڵان لە ناو پیشەکاندا لەوانەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاواز بێ و هەندێ لە جۆرەکانی کار لەوانەیە ناباو بێ و تەنیا لە هەندێ ناوچەی دەگمەندا بوونی هەبێت. بەم حاڵەوە بە شێوەی گشتی بارودۆخی کاری منداڵانی ئیشکەر لە زۆربەی وڵاتاندان بە شێوەی گشتی لە سەر چەند تەوەری ژێرەوە چڕ بوونەتەوە:

1) کشتوکاڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵ؛

2) کارخانە بچووکەکان، کۆمپانیا بچووکەکان، پیشەسازییە گوندییەکان، کار و کاسپیی خێزانی، و کاری ناوماڵ؛

3) کەرتی خزمەتگوزاری وەکوو خزمەت‌کردنی ماڵ لە ناو بنەماڵەکان؛

4) چالاکیی بەرهەمهێنانی پەراوێزی لە کەرتی نافەرمی [4].

کۆانسیۆنی یەکێتیی کرێکارانی نێودەوڵەتیی 2008 ئاماژە بە پێرستێک لە جۆرەکانی کاری منداڵان دەکا کە بەربڵاوترین و خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان لە خۆ دەگرێت. هەڵبەت ئەم پێڕستە هەموو جۆرەکانی کاری منداڵان لە خۆ ناگرێت. ئەم جۆرانە بریتین لە:

**1) کاری ماڵان:** جۆرێک کاری منداڵە کە زۆر باو و هەندێ جار قبووڵکراوە؛

ئەم جۆرە کارە یان لە ماڵەوە ئەنجام دەدرێ یان لە دەرەوەی ماڵ. کاتێک کە کاری ماڵ لە دەرەوەی ماڵ ئەنجام دەدرێ، منداڵان چەندین کاتژمێر ئیش دەکەن، شانسی چوونە قوتابخانەیان کەم دەبێتەوە و ئەم چەشنە کارە لە بنەماڵە و هاورێکانیان دادەبڕێنێت.

**2) کاری کشتوکاڵ:** زۆرێک لە منداڵان لە کەرتی کشتوکاڵ ئیش دەکەن. لە کێڵگەی خێزانی لەگەڵ بنەماڵەی خۆیان لە ناو یەکەیەکی بەرهەمهێنان یان بۆ خاوەنکارێکی دیکە ئیش دەکەن.

**3) کارکردن لە پیشەسازی:** کارکردن لە کەرتی پیشەسازی دەتوانێ بە شێوەی رێکوپێک یان بەرێکەوت، یاسایی یان نایاسایی و وەک بەشێک لە کاری بنەماڵە یان بۆ خاوەنکارێکی دیکە ئەنجا بدرێت. کارکردن لەم کەرتەدا بریتییە لە تەونکردن، سافکردنی بەردە بەنرخەکان، بەرهەمهێنانی جلوبەرگ، بەرهەمهێنانی مادەی کیمیایی، شقارتەسازی و بەرهەمهێنانی لایەنێکی بەربڵاوی کەلوپەلەکانی دیکەیە. ئەم منداڵان دەکەونە بەر مادە کیمیاییەکان و لەوانەیە ژاراویبوون، نەخۆشیی هەناسەکێشان و پێستی، گەرماژۆیی و تەقینەوە، زیانی بینایی و بیسایی، سووتمان و تەنانەت مەرگی بە دواوە بێت.

**4) کارکردن لە کانگاکان:** لە زۆربەی وڵاتلندا لە کەرتی کانگا کەڵک لە کاری منداڵان وەردەگیرێت. لەم کەرتەدا منداڵان بۆ چەندین کاتژمێر، بە بێ ڕاهێنان و خۆپارێزی ئیش دەکەن. منداڵە کانگاچییەکان بە هۆی زەختی فیزیکی، ماندوویێتی و هەروەها کێشەی ماسوولکەیی و ئێسکلێتییەوە دەناڵێنن.

**5) کۆیلایەتی و کاری زۆرەملی:** ئەم جۆرە کارە زیاتر لە ناو گوندەکاندا باوە و بە هۆی ستەمکردن لە کەمینە ئێتنیکییەکان و خەڵکی ڕەسەنەوە ئەنجام دەدرێت. منداڵانیش لەم بارودۆخەدا دەبنە قوربانی و لە تێکهەڵچوونی سەربازیدا بە کار دەبرێن.

**6) لەشفرۆشی و قاچاغی منداڵان:** مەترسییەکانی ئەم جۆرە کارانە کە ئاوقانی منداڵان دەبێتەوە زۆر زیاترە و لایەنێکی بەربڵاوی لە خەسارەتەکان لە بەدڕەوشتیی ئەخلاقییەوە بگرە تا دەگاتە گواستنەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان و مەرگی لەگەڵە.

**7) کار لە کەرتی ئابووریی نافەرمی:** کارکردن لەم کەرتەشدا لایەنێکی بەربڵاوی لە ئیش و کاری لە خۆ گرتووە کە بریتییە لە واکسکردنی پێڵاو، سواڵکردن، فرۆشتنی ڕۆژنامە یان زبڵگەڕی کە هەندێ لەم ئیشانە چاوی جەماوەر نلیانبینێ و

هەندێکیش دەبینرێن. ژینگەی کاریی ئەم بەشە زیاتر سەر شەقامە. هەڵبەت بەشێکی ئەم پیشانەش بە شێوی ناو ماڵ ئەنجام دەدرێن.

هەندێ لە جۆرەکانی کاری منداڵ کە وەک خراپترین کاری منداڵان ناسراون، دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان بەرەو کۆیلایەتی ڕاپێچ بکرێن، لە بنەماڵەکانیان دابڕێن، بکەونە بەر دەم چەندین جۆری مەترسی و نەخۆشیی جیدی یان دەبنە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە بەتایبەت لە تەمەنی کەمدا بهێنرێنە سەر شەقامەکانی گەورە شارەکان. ئەوەی کە بیچمێکی تایبەت لە کار بە ناوی کاری منداڵان ناوزەد بکرێ و بناسرێ بە تەمەنی منداڵ، جۆری کار، ئامانجی وڵات جیاوازەکان بەستراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کاری منداڵان چەندین جۆری هەیە، نەهێشتنی بەپەلەی جۆرەکانی کاری منداڵان لە یەکەمایەتیدایە کە بە پێی مادەی سێی کۆنوانسیۆنی ژمارە 182 ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بە "خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ" ناسراون. ئەم چەشنە کارانە بریتین لە:

- هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی یان نیمچە کۆیلایەتی، وەکوو فرۆشتن و قاچاغی منداڵان، کۆیلایەتی و بەدیل گرتنیان یان بەکارهێنانی زۆرەملێی ئەو منداڵانە لە شەڕی چەکداری؛
- بەکارهێنان، ئامادەکردن یان بەکارهێنانی منداڵان بۆ لەشفرۆشی، بەرهەمهێنانی پلانی پۆرنۆگرافی یان نمایشی پۆرنۆگرافی؛
- بەکارهێنان و تەیارکردنی منداڵان بۆ کاری نایاسایی بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر، بە جۆرێک کە لە پەیماننامە نێودەڵوەتییە پەیوەندیدارەکاندا پێناسە کراون.
- ئەو کارانەی کە بە پێی ناوەڕۆکەکەیان یان بارودۆخەکەیان بۆ تەندروستی و ئاسایش و پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی منداڵ زیانبەخش بن.

لە بەشەکانی دیکەدا هەندێ لە نموونەکانی پیشە مەترسیدارەکانی منداڵان و ئەرک و ئەو مەترسی و لێکەوتانەی بۆ سەر تەندروستیی منداڵ هەیانە، دەخرێتە ڕوو. بە شێوەی گشتی پیشەی منداڵان بە سەر کاری کشتوکاڵ، کاری بیناسازی، کاری کانگا و کاری بەرهەمهێنان لە کارگەی بچووک دلبەش دەکرێت. لەم دلبەشکارییەدا زیاتری ژێرلقەکان هی کارگەی بەرهەمهێنان و بچووکە کە بریتییە لە کارگەی ڕێستن، کارگەی تەونکردن، کارگەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو و چەرم، کارگەی بەرهەمهێنانی شووشە و بلوور، کارگەی شقارتەسازی، ڕەنگفرۆشی، چێکردنی

تەختەبەرد، ئاسنکاری، خشت‌پێژی، دوگمەسازی و پیشەسازیی بەرد.

خشتەی ژمارە 1 ـ 2: نموونەگەلێک لە پیشەی مەترسیدارەکان و ئەو لێکەوتانەی کە بۆ سەر تەندروستیی کاری منداڵان هەیەتی [5].

| کەرتی | ئەرک | مەترسی | لێکەوتە تەندروستییەکان |
|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | ئیش‌کردن بە کەرەسە و مەکینەی کشتوکاڵ / دەستکاری و ژارپرژێنیی مادە کشتوکاڵییەکان / چاودێری‌کردنی ئاژەڵانی کێڵگە و ڕانەمەڕ، چنینەوەی بەروبووم و بژار / کۆکردنەوەی گژ و گیا / هەڵگرتن | مەکینە و کەرەسە سەقەت و نەپارێزراوەکان / پێکدادانی تراکتۆری شۆفێری و کەرەسەی گواستنەوەی کێڵگە / دەنگە دمنگ و لەرینەوە / مەترسیی بەربوونەوە و خنکان / ئاژەڵی مەترسیدار / هۆکارە ژاراوییە بایۆلۆژییەکان / کەوتنە بەر مادەی کیمیایی مەترسیدار / کاری دژوار / کارکردن بە بێ دەزگا و پارێزەری تایبەتی / کەوتنە بەر پلەی گەرمای زۆر و هەڵگرتنی بارە قورسەکان | شکان / بڕان / زیانبەرکەوتن و مەرگ / شکان و کەمئەندامبوونی پەنجەی دەست، ئەندام و پەنجەکانی قاچ / زیانبەرکەوتنی سەر یان دیکەی زیانەکانی بە هۆی دەزگا و مەکینەی کێڵگە وەکوو کەمبوونەوەی ئاستی بیسایی و زیانبەرکەوتنی چاو / لاکوتی و دیکەی نەخۆشییە هەوکردنییەکان / ژاراوی‌بوونی درێژخایەن و کوشندە |
| فیتەریی ئۆتۆمبێل | چاک‌کردنەوەی کۆگەی بلتری، چاک‌کردنەوەی کێشەی میکانیکی / چاک‌کردنەوەی تایەر / شتن و سووتەمەنیگریی ئۆتۆمبێل | کەوتنە بەر مۆنۆکسایدی کاربۆن / بەنزین / دەنگە دمنگ / کەرەسە و ئۆتۆمبێلە مەترسیدارەکان / هەڵگرتنی شتە قورسەکان / هەواگۆڕینەوەی ناتەواو / مەترسیی ئاگرکەوتنەوە یان تەقینەوە | سووتمان / زیانبەرکەوتن / ژاراوی‌بوون بە مۆنۆکسایدی کاربۆن / ئەگەری بەربوونەوە / ئازاری بە هۆی کاری زۆر / ژاراوی‌بوونی کیمیایی بە قورقوشم / سووتمان / زیانبەرکەوتن بە هۆی مۆنۆکسایدی کاربۆن |
| تەون‌کردن | ئامادەکردنی پەت / | هەڵمژینی تەپ و تۆزی | کێشەی ئیسکلێتی و |

| کەرتی | ئەرک | مەترسی | لێکەوتە تەندروستییەکان |
|---|---|---|---|
| | داهێنانی خوری / شتن / تەشیرێسی و چنین / ڕەنگاندن | خوریی ئالوودە بە مادەی بایۆلۆژیکی / پۆزەیشنی هەڵەی کار، هەڵترووشکان / ڕووناکیی ناتەواو / مادەی کیمیایی مەترسیدار / جووڵەی دووپاتە | ماسوولکەیی / زەختی چاو و لاوازیی چاو / نەخۆشیی هەناسەکێشان / ژاراویبوون کیمیایی / لاکەوتەیی |
| کارخانەی سەرامیک و شووشە | ڕێککردنی و بڕینی شووشە / ڕەنگاندنی شووشە / دیزاینی شووشەی تەواوە / هەڵگرتنی شووشەی داخ | کەوتنەبەر قورقوشم / تەپ و تۆزی مەترسیدار / هەواگۆڕینەوەی لاواز / پلەی گەرمای زۆر | سووتمان / بڕین بە شووشەی شکاو / زیانگەیشتن بە چاو / زەختی گەرما / نەخۆشییە هەناسەییەکان / ژاراویبوون بە قورقوشم |
| کرێکاری بارداگر | ئەرکی کرێکاری بارداگر | بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی کەرەسەی قورس / کەوتن لە بەرزایی / کاری سەخت / ماوەی زۆری کار | زیانی بە هۆی بەربوونەوە / سووتمان / نەخۆشیی هەناسەکێشان / لاکەوتەیی / زەختی جەستەیی / کێشەی ئیسکلێتی و ماسوولکەیی / کارکردن لە گەرما |
| کارگەی پۆشاک / چەرم، دەباغی و چێکردنی پێڵاو | بڕین / قاوغسازیی نەخشی بەرجەستە / دوورین / ڕەنگرێژی / بەرگدووری / چەکووچوەشاندن | هەواگۆڕینەوەی نەشیاو / ژاوە ژاو / بەرکەوتن لەگەڵ چەسپ و تووێنەرەوەکان / بەرکەوتن لەگەڵ فۆرماڵدیید و ڕەنگ / مادە گڕگرەکان / پانتای کاریی قەرەباڵغ / مەترسیی ئاگرکەوتنەوە / دەزگای کارەبایی لە ڕادەبەدەر / سیم و بۆکسی فیووز / مەکینەی مەترسیدار و | بڕین و زیانی بە هۆی مەکینە و ئامرازە بڕێنەرەکان / سووتمان / لەدەستدانی پەنجەکان / لاکەوتەیی / کارەباگرتن / ژاراویبوونی کیمیایی / ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە / کێشەی ئیسکلێت و ماسوولکەکانی لەش |

| کەرتی | ئەرک | مەترسی | لێکەوتە تەندروستییەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| | | کەرەسە تیژەکان / کارکردن بە بێ جیازی خۆپارێزیی تاکەکەسی / گۆڕینی کار و ماوەی درێژخایەنی کار | |
| بەرهەمهێنانی ناو ماڵ | دروومان / سەر یەکخستن / چێکردنی گەوهەر / و هتد | مەترسییەکان بە جۆری کار بەستراونەتەوە؛ ڕووناکیی لاواز و بارودۆخی نالەباری کاری | ماندوویێتی بە هۆی ماوەی زۆری کار و زیانی تایبەتی بە پێی جۆری کار |
| ئاسنکاری | لەحیمکاری / لەحیمکاری و توانەوەی ئاسنی قورقوشم / بڕۆنزکاری / ئاوکاری | کەوتنە بەر پلەی گەرمای زۆر / کەوتنە بەر قورقوشم و گازی ئاسنیی مەترسیداری دیکە | زیانگەیشتن بە چاو / زەخت و گوشاری بە هۆی گەرما / سووتمان / کێشەی عەسەبی / ژاراویبوونی بە هۆی قورقوشم |
| کانزاکان (کانزا سەرئاوالآ و ژێرزەوینییەکان) | هەڵگرتنی بەرد / هەڵگرتنی تەختە بەرد یان دیکەی شتە قورسەکان / چاڵهەڵکەندن و کانگاکاری/ چەمانەوە، چۆکدادان یان ڕاکشان لە شوێنی باریک و تەنگەبەر لە کارە ژێرزەوینییەکاندا | ئەگەری بەربوونەوە / زیانی بە هۆی بەربوونەوەی شت و ڕووداوە کوشندەکان / مەترسیی تەقینەوەی بە هۆی گازی میتان / کەوتنە بەر تەپ و تۆزی مەترسیدار / گاز / گازی مۆنۆکسایدی کاربۆن / زەختی بە هۆی هەڵگرتنی باری قورس / کاری قورس / تەندروستیی لاواز / خۆراکی ناتەواو / هەرا و زەنا | شکان و زیانی بە هۆی هەڵڕژانی شتەکان / مەرگ / نەخۆشیی هەناسەیی / زەختی جەستەیی و کووتراوی / کێشەی ئیسکلێتی و ماسوولکەیی |
| لەشفرۆشی | سێکسکردن | بەرکەوتن لەگەڵ مادەی هۆشبەر / توندوتیژی / کەڵکاوەژۆیی / | نەخۆشیی نزیکیی سفلیس، هێپاتیت، ئایدز و ... / کێشەی دەروونی – |

| کەرتی | ئەرک | مەترسی | لێکەوتە تەندروستییەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| | | مەترسیی بۆ سەر تەندروستی و ئەخلاق / بێبەش‌بوون لە بنەماڵە و کۆمەڵگا | کۆمەڵایەتی / دووگیانیی نەخوازراوی |
| زبڵگەڕ و پاشماوەفرۆش | بەکارهێنانەوەی دوبارەی مادە شیاوی بەکارهێنانەوەکانی ناو زبڵەکان | بڕینی بە هۆی شووشە یان ئاسن / بەرکەوتن لەگەڵ مادە مەترسیدارەکانی وەکوو خەسارچووەکانی نەخۆشخانەکان / هەڵمژینی دووکەڵ و گازە زیانبەخشەکان / کەوتنە بەر مێروو / سۆسەی خواردنی خۆراکە فڕێدراوەکان / بارودۆخی ناتەندروست / ژیانکردن لە نزیک زبڵ | بڕان / سووتمان / کوزاز / ژاراوی‌بوونی کیمیایی / نەخۆشیی هەوکردنیی **HIV**، هێپاتیت / سیل / نەخۆشیی هەناسەیی / ژاراوی‌بوونی خۆراکی / بەدخۆراکی / برین / مەرگ |
| کاری سەر شەقام | دەستگێڕی و فرۆشتنی کاڵا / هەڵگرتنی مادەی هۆشبەر / فرۆشتنی ڕۆژنامە / واکس‌کردنی پێڵاو / خاوێن‌کردنەوەی پەنجەرەی ئۆتۆمبێل / پیشاندانی چرای سوور / ڕادەست‌کردنەوەی کاڵا / پەیامهێنەر | کەوتنە بەر مادەی هۆشبەر / توندوتیژی و تاوان و داوێنپیسی / ڕووداوی بە هۆی ئۆتۆمبێل / مەترسیی بۆ سەر تەندروستی و ئەخلاق | زیانبەرکەوتنی بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ / گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر / ماوەی درێژخایەنی کار / بەدخۆراکی / نەخۆشیی گوازراوەیی لە ڕێگەی سێکسەوە / کێشەی دەروونی - کۆمەڵایەتی / دووگیانیی نەخوازراو |
| کارگەی ڕێستن | تەشیڕێستن / چنین / ڕەنگێڕژیی جلوبەرگ | دەزگای مەترسیدار / ژاوە ژاو / هەڵمژینی تەپ و تۆزی پیس / تەپ و تۆزی ئازبێست | بڕین و زیان بە هۆی مەکینە / ژاراوی‌بوونی کیمیایی / نەخۆشیی هەناسەیی سییە / کێشەی ئیسکلێت و |

| لێکەوتە تەندروستییەکان | مەترسی | ئەرک | کەرتی |
|---|---|---|---|
| ماسوولکەیی / زەختی جەستەیی | / ڕووناکیی کەم / بەرکەوتن لەگەڵ مادەی کیمیایی / هەواگۆڕینەوەی ناتەواو / نمی زۆر / پلەی گەرمای زۆر / کارکردن بە بێ جیازی خۆپارێزی / بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی باری قورس / مەترسیی ئاگرکەوتنەوە | | |
| کێشەی ئیسکلێتی و ماسوولکەیی / لاکەوتیی / زیانی بە هۆی بەربوونەوەی شتەکان / بەربوونەوە / نەخۆشیی هەناسەیی / ژاراویبوون | برینی بە هۆی بەربوونەوەی شتەکان / کەوتنە بەر تەپ و تۆزی مەترسیدار / کێشەی هەناسەکێشان / کارکردنی بە بێ جیازی خۆپارێزی / کەوتنە بەر بارودۆخی نالەباری کەش و هەوا / بەرکەوتن لەگەڵ قورقوشمی لیعاو / گەرمای لە ڕادەبەدەری وجاغ / مۆنۆکسایدی کاربۆنی کوورەخانەکان | هەڵکەندنی زەوی / پێمەڕەی خیز و چیمەنتۆ / کارکردن بە ئاسن / کارکردن بە تەختەی دیوار و بەردانی ئاوەڕۆ / بێژلندن و تێکەڵکردنی خاکەسوورە بۆ چێکردنی خشت / هەڵگرتنی خشت | کاری پەیوەندیدار بە بیناسازی |
| کاریگەریدانان لە سەر تەندروستی بە هۆی ماوەی زۆری کار و پشووی کەم / برینی جەستەیی / سترێسی دەروونی | لە ژێر چاودێریی وەستا و پیاوەتیی ئەو / کاتی دوور و درێژخایەنی کار و نەبوونی پشووی تەواو / نەبوونی لانیکەمی ئیماکانیات بۆ خەوتن و پشوودان / زیانبەرکەوتنی | هەموو جۆرەکانی کاری ماڵان کە چاودێریکردنی منداڵانیش دەگرێتەوە | چالاکیی بەرهەمهێنانی لاوەکیی پێوەری بچووکی خزمەتگوزاریی ماڵی / |

| کەرتی | ئەرک | مەترسی | لێکەوتە تەندروستییەکان |
|---|---|---|---|
| کاری ماڵان | | جەستەیی / کەڵکاوەژۆیی جەستەیی و سێکسی / تەمبێ‌کردنی جەستەیی / بەدخۆراکی / ژەمە خۆراکی ناڕێکوپێک | |

## چەمکی توێژینەوە

چەمکەکانی ئەم توێژینەوە "منداڵ"، "جۆرەکانی کاری منداڵ"، و "کارگە"ـیە. بە ئاوێتەکردنی ئەم چەمکانە، دیکەی چەمکەکانی توێژینەوەش تاوتوێ دەکرێ، چەمکگەلی وەکوو کاری منداڵ، خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ، جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ، جۆرەکانی کارگە و کارگەی ژێرزەوینی. بەو پێیەی کە لەم توێژینەوەدا کارکردن لە کارگەش ڕەچاو دەکرێ، ئەم چەمکە چەمکی دیکەی وەکوو خاوەن‌کار، بارودۆخی کاری و ... لێ دەبێتەوە و بۆ ئەمە مادە یاساییەکانی یاسای کار لەم بارەشەوە تاوتوێ دەکرێت.

## منداڵانی کار

منداڵانی کار تاقمێک لەو منداڵانەن کە لە دەرەوەی ماڵ خەریکی ئیش‌کردنن. ئەم چەشنە ئیشانە لایەنێکی بەربڵاو لە جۆرەکانی ئیشی ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە، کرێکاریی ناپڕۆفیشناڵ، سواڵ‌کردن، واکس‌کردن، فرۆشتنی شمەکی بێ‌بایەخ و هتد لە خۆ دەگرێت [6]. بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار و یوونیسێف، هەر مرۆڤێک کە تەمەنی خوار 18 ساڵان بێ و بۆ مەبەستی دەستخستنی داهات خەریکی ئیشێک بێ یان ئیشەکەی لە ئاراستەی چەوساندنەوەی ئەو بە هۆی قەرزی بنەماڵەوە بێ پێی دەوترێ منداڵی کار. بە گوێرەی پۆلێنبەندیی تیۆریی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، منداڵانی کار بریتییە لەو منداڵانەی کە خراپترین جۆری کاری منداڵان ئەنجام دەدەن و یان لە تەمەنی خوارتر لە لانیکەمی تەمەنی یاسایی کار خەریکی کارن. وشەی منداڵی کار ئەو منداڵانە ناگرێتەوە وا کاری سووک و ئاسان ئەنجام دەدەن. بەم پێیە، کاری سووک ئەو کارە نامەترسیدارانە دەگرێتەوە کە منداڵانی تەمەن دوازدە هەتا چواردە ساڵان و لە مەودایەکی زەمەنیی کەمتر لە 14 کاتژمێر لە ماوەی هەفتەیەک ئەنجامی دەدەن.

مادەی 79 یاسای کار لە ئێران کەسانی ژێر تەمەنی 15 ساڵ وەک منداڵی کار ناوزەد دەکا و هەرچەشنە چەوساندنەوەی ئەم منداڵانە بە دژی یاسای کار و شیاوی بە دواداچوونی یاسایی دەزانێ و بە کەسانی 15 ساڵان هەتا هەژدە ساڵان بە "کرێکاری مێرمنداڵ" ناو دەبات. بە شێوەی گشتی کاری منداڵ بە کارێک دەوترێ کە منداڵان لە جیهانی منداڵی و ڕێز و پێگەی مرۆییان بێبەش دەکا و بۆ گەشەی و گوورانی زەینییان زیانبەخشە. بە گوێرەی هەندێ پێناسە، وشەی کاری منداڵان "بەو کارانە دەوترێ کە منداڵان لە قۆناغی منداڵی، دەفرایەتی و ڕێز و شان و پێگەیان بێبەش دەکا و بۆ گەشەی فیزیکیی و دەروونییان زیانبەخشە" و ئاماژە بەو کارانە دەکا کە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە:

- لە ڕووی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی مەترسیدارن و زیانیان بۆ منداڵان هەیە.
- لە حاڵەتەکانی ژێرەوەدا ڕێگری لە خوێندنی منداڵان دەکەن:
  - ✓ لە هەلی چوونە قوتابخانە بێبەشیان دەکات.
  - ✓ بەر لە کۆتاییهاتنی خوێندن ناچار بە وازهێنان لە خوێندنیان دەکات.
  - ✓ یان ناچاریان دەکەن وێڕای چوونە قوتابخانە، کاری درێژخایەن و قورس ئەنجام بدەن [7].

هەر لەم بوارەدا "خراپترین جۆری کاری منداڵ"[1] بریتییە لە کۆیلایەتی، جیابوونەوەی منداڵ لە باوەشی بنەماڵە، کەوتنە بەر مەترسی و نەخۆشیی جیدی، یان بەرەڵاکران لە سەر شەقامی شارە گەورەکان. ئەوەی کە جۆرە تایبەتەکانی "کار" دەتوانین ناو بنێین "کاری منداڵ" یان نا بەستراوەتەوە بە تەمەنی منداڵ، جۆر و کاتژمێر و کاری ئەنجامدراو، بارودۆخی ئەنجامدرانی، و ئەو ئامانجانەی کە لە لایەن وڵاتە جیاجیاکانەوە دەگیرێتە بەر. هەر بۆیە وڵامدانەوەی کاری منداڵ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و هەروەها لە بەشە جیاجیاکانی وڵاتێک جیاوازە [8].

یوونیسێف لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ژێر ناوی "بارودۆخی منداڵانی جیهان" بەشێکی تایبەتی هەیە بە ناوی "پاراستنی منداڵان" کە تێیدا ئاماری منداڵانی سەرقاڵ بە کاری بە جیاکردنەوەی تەمەن و ڕەگەز لە زۆربەی وڵاتانی جیهان -ئەو وڵاتلنەی کە ئاماری فەرمیی منداڵانی کار لە لایەن دەوڵەتەکانیانەوە بڵاو بۆتەوە - ڕادەگەیێنێت. هەر لەم ڕاپۆڕتانەشدا بە پێی تەمەن و کاتژمێری کاری منداڵی کار بە سەر ئەم پۆلانەی

1. Worst forms of child labour

ژێرەوە دابەش کراون:

– منداڵانی تەمەن پێنج ساڵان هەتا یازدە ساڵان کە لە ماوەی هەفتەیەک لانیکەم یەک کاتژمێر یان ئەو سەرەکەی 28 کاتژمێر لە هەفتەدا ئیشی ناوماڵ دەکەن.

– منداڵانی تەمەن دوازدە هەتا چواردە ساڵان کە لە ماوەی یەک هەفتەدا لانیکەم 14 کاتژمێر چالاکیی ئابووریيان بووە یان ئەو سەرەکەی 42 کاتژمێر چالاکیی ئابووری لەگەڵ کاری ناوماڵ دەکەن [9].

پەیماننامەی 138ـی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە مادەی هەوتی خۆیدا جەخت دەکاتەوە کە کاری سووک دەبێ دوو تایبەتمەندی هەبێ: یەکەم ئەوەی کە زیان بە تەندروستی و گەشەی منداڵ نەگەیێنێ، و دووهەم ئەوەی کە بەرکەوتنی لەگەڵ چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە و ڕاهێنانە پرۆفیشناڵییەکان و بە شێوەی گشتی لەگەڵ خوێندن و توانا پەروەردەییەکانی نەبێت. بە واتا ئاماریيەکەی، کاری سووک بۆ منداڵانی دوازدە هەتا چواردە ساڵان کارێکە کە تایبەتمەندیی مەترسیدار و پتر لە 14 کاتژمێر لە هەفتەدا نەبێت. ئەوەی لە ستانداردە دیاریکراوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار دەبێ ڕەچاو بگیرێ لانیکەمی تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ ئەنجامدامی کارە سووکەکانە کە دەتوانێ دوازدە یا سێزدە ساڵ بێ، بەڵام منداڵان دەتوانن ئەو کارلنە بکەن کە لە لایەن یاساوە بۆ گرووپی تەمەنیی تایبەت چاوپۆشییان لێکراوە. بۆ وێنە بەشداری لە کاری ماڵ و کارکردن لە پیشەی خێزانی کە وەک بەشێک لە ڕاهێنانی کار ڕەچاو دەکرێت. هەروەها لانیکەمی تەمەنی دامەزراندن یان کار لە لایەن یاسای نیشتمانی دیاری دەبێ و دەتوانێ چواردە، پازدە یان شازدە ساڵ بێت. هەر بەم شێوە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە هەر هەموو ئیشە مەترسیدارەکان و خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ، کە لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارەوە دیاری کراوە، بۆ هەموو منداڵان لە هەر تەمەنێکدا قەدەغەیە.

**کار**

کار بەو تاقمە چالاکییە ئابوورییانە دەوترێ کە بە مەبەستی وەدەستهێنانی داهات، بە نەختی و نانەختییەوە ئەنجام بدرێ و ئامانجەکەی وەدەستهێنانی کاڵا یان خزمەتگوزاری بێت [10].

**کرێکار**

لە سەر بنەمای یاسای کار، کرێکار ئەو کەسەیە کە بە هەر چەشنێک بێ لە هەمبەر وەرگرتنی حەقدەست، پارە، مووچە، پشکی سوود، و دیکەی هەڤیازییەکان لە سەر

داوای خاوەنکار کار دەکات.

**خاوەنکار**

خاوەنکار بە کەسێکی یاسایی یان نایاسایی دەوترێ کە کرێکار لە سەر داوای ئەو و لە سەر حسێبی ئەو لە هەمبەر وەرگرتنی حەقدەست ئیش دەکات. بەڕێوەبەران و بەرپرسان و بە شێوەی گشتی هەموو کەس کە بەرپرسی ئیدارەی کارگەن وەک نوێنەری خاوەنکار لە قەڵەم دەدرێن و خاوەنکار بەرپرسی هەموو ئەو بەڵێنانەیە کە ئەم نوێنەرانە لە هەمبەر کرێکار لە ئەستۆی دەگرن. ئەگەر نوێنەری خاوەنکار لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی بەڵێنێک بدا و خاوەنکار قبووڵی نەکا، لە بەرامبەردا خاوەنکار بەرعۆدەیە.

**پشکنینی کار**

بە پێی مادەی 96 یاسای کار و بە مەبەستی جێبەجێکردنکردنی دروستی یاسا و ڕێساکانی پاراستنی تەکنیکی، ئیدارەی گشتیی پشکنینی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە "چاودێرکردنی یاساکانی هەلومەرجی کار و بەتایبەت یاسا پاڵپشتییەکانی پەیوەست بە کاری دژوار و زیانبەخش و مەترسیدار، ماوەی کار، حەقدەست، خۆشگوزەرانیی کرێکار، کارکردنی ژنان و کرێکارانی مێرمنداڵ" ئەرکی چاودێرییان لە ئەستۆیە.

پشکنەرانی کار و کارناسانی تەندروستیی کار بە پێی ڕادەی ئەرکەکانی خۆیان مافی ئەوەیان هەیە کە بە بێ ئاگاداریی پێشتر و لە هەر کاتێکی شەووڕۆژدا، بچنە ناو ئەو دامەزراوانەی کە مادەی 85 ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و بیانپشکنن، بەڵام چوونی پشکنەران بۆ ناو کارگەی خێزانی پەیوەستە بە ئیزنی نووسراوی دادستێنی گەڕەکەوە.

یاسای کاری ئێران سەرەکیترین و گرینگترین یاسایەکە کە تێیدا بە چڕوپڕی ئاماژە بە بابەتی کاری منداڵان کراوە. لەم یاسایەدا، بەدەر لە دیاریکردنی لانیکەمی تەمەنی یاسایی کارکردن، مەرجەکانی بە کارهێنانی کرێکارانی مێرمنداڵ و هەروەها حاڵەتە ئاوارتەکان لەم بوارەدا لە لایەن یاسادانەرەوە دیاری کراوە. یاسای کاری ئێران، بە دابەزاندنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی کاری، ناچارکردنی کەسەکان بە کاری دیاریکراو و چەوساندنەوەی دیتری قەدەغە کردووە و لەم زەمینەدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا پێکەوە یەکسانن. یاسای کاری ئێران، بە دابەزاندنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی کار، لە مادەی 79 لانیکەمی تەمەنی ڕێگەپێدراوی کارکردنی دیاری کردووە و بە پێی ئەم مادە، لانیکەمی تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ کار لە ئێران پازدە ساڵانە و بە کارهێنان و کارکردن بە منداڵانی

ژێر تەمەنی پازدە ساڵان قەدەغەیە. لە یاسای کاری ئێران لە بەشی دووهەمدا باس لە پشکنینی کار دەکا کە لە ژێرەوە چاوێک بە مادە گرینگەکانی ئەم باسە دەخشێنینەوە.

مادەی 96 - بە مەبەستی جێبەجێکردن‌کردنی دروستی ئەم یاسایە و ڕێساکانی پاراستنی تەکنیکی، ئیدارەی گشتیی پشکنینی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەم ئەرکەکانەی ژێرەوە پێک دێت:

ئەلف) چاودێری بە سەر ڕێساکانی مەرجەکانی کار بەتایبەت ڕێسا پاڵپشتییەکانی پەیوەست بە کاری دژوار و زیانبەخش و مەترسیدار، ماوەی کار، حەقدەست، خۆشگوزەرانیی کرێکار، ئیش‌کردنی ژنان و کرێکارە مێرمنداڵەکان.

ب) چاودێری بە سەر جێبەجێکردن‌کردنی دروستی ڕێساکانی یاسای کار و فەرمان و میکانیزمەکانی پەیوەست بە پاراستنی تەکنیکی.

پ) فێرکردنی پرسەکانی پەیوەست بە پاراستنی تەکنیکی و ڕێنومایی کرێکاران، خاوەن‌کاران و هەموو ئەو کەسانەی کە لەبەر دەم زیان و خەسارمتەکانی ڕووداو و مەترسییەکانی کاردان.

ت) لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی کە هی جێبەجێکردن‌کردنی یاساکانی پاراستنی تەکنیکی و ئامادەکردنی پێشنیاری پێویست بۆ چاکسازیی ڕێژە و میکانیزمەکانی پەیوەست بە مژارە ئاماژەپێکراوەکان، گونجاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانە.

ج) پێڕاگەیشتن بەو ڕووداوانەی کە بە هۆی کارکردن لە کارگە وەبەر ئەم یاساکەوتووانە و شیکاری و شرۆڤەی گشتی و ئاماریی ئەم چەشنە حاڵەتانە بە مەبەستی ڕێگری لە ڕووداوەکان.

مادەی 98 - پشکنەرانی کار و شارەزایانی تەندروستیی کار بە پێی ئەرکەکانی خۆیان مافی ئەومیان هەیە بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر و لە هەر کاتێکی شەو و ڕۆژدا بچنە دامەزراوە بەرکەوتووەکانی مادەی 85ی ئەم یاسایە و پشکنین ئەنجام بدەن و هەروەها بۆیان هەیە سەردانی هەر هەموو نووسینگە و بەڵگە پەیوەندیدارەکانی دامەزراوە بکا و ئەگەر پێویست کرا ڕوونووسێک لە هەموو یان بەشێکیان ئامادە بکەن.

ڕوونکاری - چوونی پشکنەرانی کار بۆ کارگەی خێزانی پەیوەستە بە ئیزنی نووسراوی دادستێنی شوێن.

مادەی 99 - پشکنەرانی کار و کارناسانی تەندروستیی کار مافی ئەوەیان هەیە بە مەبەستی ئاگاداربوون لەو پێکهاتە مادەییەی کە کرێکاران بەرکەوتنیان لەگەڵی دەبێ و

یان لە کاتی کاردا بە کاری دەبەن، تا ڕادەیەک ئەوەندەی بۆ تاقی‌کردنەوە پێویست بێ لە هەمبەر پووسڵە، نموونە بگرن و ڕادەستی سەرۆکە ڕاستەوخۆکانی خۆیانی بکەن.

مادەی 104 - خاوەن‌کاران و دیکەی ئەو کەسانەی کە ڕێگری لە هاتنی پشکنەران و کارناسانی تەندروستیی کار بۆ ئەو کارگەیانە بکەن کە ئەم یاسایانە دەیانگرێتەوە و یان ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەرکی ئەوان بگرن یان لە پێدانی زانیاری و بەڵگەی پێویست بەم کارناس و پشکنەرانە سەرکێشی بنوێنن، بە پێی سزای دیاریکراو لەم یاسایەدا سزا دەدرێن.

مادەی 105 - هەرکات لە کاتی پشکنین بە پێی لێکدانەوەی کار یان کارناسی تەندروستیی پرۆفیشناڵ ئەگەری دەرکەوتنی ڕووداو و یان دەرکەوتنی مەترسی لە کارگە بدرێ، پشکنەری کار یان کارناسی تەندروستیی پرۆفیشناڵ دەبێ بەپەلە و بە نووسراوەیی ئەمە بە خاوەن‌کار یان نوێنەرەکەی و هەروەها بە سەرۆکی خۆیانیان ڕابگەیێنن.

## کرێکارانی کارگە خێزانییەکان

بە پێی مادەی 188 یاسای کار، کارگەی خێزانی کە ئەنجامدانی کار تێیاندا بە تەنیا لە لایەن خاوەن‌کار و هاوسەر و خزمانی پلە یەک لە نهۆمی یەکەمیدا ئەنجام دەدرێ یاساکانی کار نایانگرێتەوە.

## هەلومەرجی کاری منداڵ و مێرمنداڵ لە ئێران

ئێستاش لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا چالنجی کاری منداڵ کێشەیەکی قووڵە. جیا لە پاڵپشتییە ئابوورییەکان و چارەسەرکردنی گیر و گرفتە داراییەکان کە لە کۆمەڵگادا بۆ ڕەوانلنەوەی ئەم چالنجە لە ئارادایە، بوونی یاسای پاڵپشتیی لە منداڵانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵ دەورێکی گرینگ دەبینێت. یاسا ناوخۆییەکانی ئێران لە زەمینەی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵ و پاڵپشتیی لەوەی وەک کاری منداڵان دەناسرێ لەم بەشەدا تاوتوێ دەکرێت. هەر بە کورتی پرۆژە یاسای پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵان و مادە پەیوەستەکانی بابەتی کاری منداڵ شی دەکەینەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە هیچ ئاماژەیەکی بە مافەکانی منداڵان و ژێرلقەکانی پەیوەست بەو، بەتایبەت مافەکانی پەیوەست بە منداڵانی کار نەکردووە، بەڵام لە دوو یاسادا بە شێوەی لاوەکی، پێداگری لە سەر دەوری فاکتەرە کاریگەرەکانی سڕینەوەی کاری

منداڵ کردووە. ئەم دوو فاکتەرە بریتییە لە "مافی سوودمەندبوون لە پەروەردە و ڕاهێنانی بێبەرامبەر" و "ڕێگری لە کاری ناچاری و کەڵکاوەژۆیی لە منداڵان". لە بڕگەی سێیەمی یاسای بنەڕەتی، مافی پەروەردە و ڕاهێنانی بێبەرامبەر و لەبەردەستبوون بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دیاری کراوە و دابینکردنی ئەم مافە وەک یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت دەستنیشان کراوە. هەروەها بڕگەی چوارەمی یاسای 43ـــیش بە لێکدانەوەی مافی هەڵبژاردنی سەربەستانەی پیشە، کاری زۆرەملێ و کەڵکاوەژۆیی لە مرۆڤەکان قەدەغە کراوە و ئابووریی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەم ڕێسایانە تۆکمە کراوە.

لە سەر بنەمای یاسای کار لە کۆماری ئیسلامی، منداڵی نێوان پازدە هەتا هەژدە ساڵان وەک کرێکاری مێرمنداڵ دێتە هەژمار و یاسا نووسراوەکانی مادەی 79 و مادەی 84 یاسای کار سەبارەت بە کرێکاری مێرمنداڵ دەبێ جێبەجێکردن بکرێت. لەم مادە یاساییانەدا هاتووە کە کارکردن بە منداڵانی ژێر تەمەنی پازدە ساڵی تەواو قەدەغەیە. کرێکارێک کە تەمەنی لە نێوان پازدە هەتا هەژدە ساڵانی تەواو بێ پێی دەوترێ کرێکاری مێرمنداڵ و لە یەکەم ساتەوەختی دامەزرلندنیدا دەبێ هەر هەموو پشکنینە پزیشکییە قبووڵکراوەکانی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات.

## گرێبەستی شاگردی مێرمنداڵ

بە پێی ناوەڕۆکی یاسای کار کە بەشێکی پەیوەست بە شاگرد و گرێبەستی کارییە و منداڵانی تەمەن نێوان پازدە هەتا هەژدە ساڵ دەگرێتەوە، لە ماوەی شاگردیدا حەقدەستی شاگرد نابێ لە کرێکارانی دیکە کەمتر بێت. بە واتایەکی دیکە ئەو هەلومەرجەی کە بۆ کرێکار ئامادەیە بۆ شاگردیش ئامادەیە و هەر لەبەر ئەوە ئەگەر کێشەیەکیش بۆ ئەم منداڵانە ڕوو بدا، ئەوانیش بۆیان هەیە سکاڵا دژ بە خاوەنکار تۆمار بکەن. مادەکانی 112 هەتا 118 یاسای کار هەلومەرجی کاری شاگردی مێرمنداڵ تاوتوێ دەکات. شاگرد کەسێکە کە بە پێی گرێبەستی شاگردی، بە مەبەستی فێربوونی پیشەیەکی تایبەت، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پتر لە سێ ساڵ نەبێ، لە کارگەیەکی دیاریکراوی خەریکی فێربوونی لەگەڵ کارکردنە، بەو مەرجەی تەمەنی لە پازدە ساڵان کەمتر و لە هەژدە ساڵانی تەواو زیاتر نەبێت. هەروەها مووچەی کرێکار بۆ شاگردیش جێبەجێکردن دەکرێ و ماوەی شاگردیش وەک

پێشینەی کاری شاگردی دەژمێردرێت. حەقدەستی کرێکار لە ماوەی شاگردیدا نابێ لە حەقدەستی نەگۆڕ و یان حەقدەستی بنەما کەمتر بێت. شاگردی ئاماژەپێکراوی برگەی (ب) مادەی 112 بە پێی ڕێساکانی کرێکاری مێرمندالّی ئاماژەپێکراوی مادەکانی 79 هەتا 84ی یاسای کارن، بەلّام کاتژمێری کاریی ئەوان لە شەش کاتژمێر لە ڕۆژدا زیاتر نییە. گرێبەستی شاگرد بەدەر لە زانیاریی لایەنەکان دەبێ ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتبێ: پابەندیی لایەنەکان، حەقدەستی شاگرد، شوێنی شاگردی، پیشە یان کارێک کە شاگرد فێری دەبێت. و هەروەها بە پێی مادەی 157 یاسای کار، هەر چەشنە کێشەی تاکایەتیی لە نێوان خاوەنکار و کرێکار یان شاگرد کە بە هۆی جێبەجێکردنکردنی ئەم یاسایە و دیکەی ڕێساکانی کار، گرێبەستی خاوەنکاری، ڕێکەوتننامەی کارگەیی، لەگەلّ پەیمانی بە کۆمەلّێ کار بێ، لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕێگەی سازانی ڕاستەوخۆ لە نێوان خاوەنکار و کرێکار یان شاگرد و یان نوێنەرەکانیان لە شۆڕای ئیسلامیی کار چارەسەر دەبێ و ئەگەر شۆڕای ئیسلامیی کار لە یەکەیەکدا نەبێ، لە ڕێگەی ئەنجومەنی سەندیکایی کرێکاران یان نوێنەرانی یاسایی کرێکاران و خاوەنکارەکان چارەسەر دەبێ و ئەگەر نەسازان، لە ڕێگەی لێژنەی لێکدانەوە و چارەسەری کێشەکان بە ڕیز چارەسەر دەکرێت. بە پێی ئەم مەرجانە، مندالّانی تەمەن پازدە هەتا هەژدە سالّان دەتوانن لە دژی بارودۆخی شوێنی کار سکالّا تۆمار بکەن (ئەگەرچی لە کردەوەدا ئەم شتە بەدی ناکرێت). هەروەها بە پێی مادەی 85، بۆ پاراستنی هێزی مرۆیی و پاراستنی سەرچاوە ماددییەکانی ئێران هەندێ ڕێکار کە لە ڕێگەی ئەنجومەنی بالّای پاراستنی تەکنیکی (بۆ پاراستنی تەکنیکی) و وەزارەتی تەندروستی، چارەسەر و ڕاهێنانی پزیشکی (بۆ ڕێگری لە نەخۆشییە پرۆفیشنالّەکان و دابینکردنی تەندروستی کار و کرێکار و شوێنی کار) ئامادە دەبێ، بۆ هەموو کارگەکان، خاوەنکاران و شاگردان ئەمە پێویستە. ڕێساکانی ئەم بەشە کارگەی خێزانیش دەگرێتەوە و پێویستە ڕێکارە تەکنیکی و تەندروستییەکانی کار ڕەچاو بکەن.

## کارگە

کارگە شوێنێکە کە کرێکار لە سەر داوای خاوەنکار یان نوێنەرەکەی لەوێ ئیش دەکا، وەکوو دامەزراوە پیشەسازییەکان، کشتوکالّ، کانگا، بیناسازی، گواستنەوە، مسافرکێشی، خزمەتگوزاری، بازرگانی، بەرهەمهێنان، شوێنە گشتییەکان و شتی لەو

چەشــنە. هەموو ئەو دامەزراوانەی کە بە پێی جۆری کار پەیوەســت بە کارگەن، وەکوو نقێژگە، چێشــتخۆری، هەرەوەرزییەکان، داینگە، باغچەی ســاوایان، نۆرینگە، فێرگەی پرۆفیشــناڵ، خوێنــدنگــە، خولی فێرکــاری و دیکــەی نــاوەنــدە پــەروەردەییــەکــان و شـــوێنەکانی ئەنجومەن و ئەنجومەنی ئیســـلامی و پارێزەری کرێکاران (بەســـیج)، یاریگا، کەرەســـەی هاتوچۆ، و هەموو ئەولنە بەشـــێک لە کارگەن. بەم ڕوونکردنەوە ئاشـکرایە کە پێناسـەی کارگە لە یاسـای کاردا زۆر بەربڵاوە و لە ئاراسـتەی داکۆکی لە کرێکاران، زۆربەی ئەو شـــوێنانەی کە لەوانەیە بە پێی کار بدرێ بە کرێکاران وەک بەشێک لە کارگە بە هەژمار دێت.

**کارگەی ژێر دە کەسی**

بە گوێرەی مادەی 191 یاســـای کار، کارگەی بچووکتر لە دە کەس دەتوانین بە پێی بەرژەوەندی بۆ ماوەیەکی کاتی ومبەر ڕێســـاکانی ئەم یاســـایە نەخەین. لێکدانەوەی بەرژەوەندی و بابەتە ئاوارتەکان بە پێی یاســـایەکە کە لە ســـەر پێشــنیاری ئەنجومەنی باڵای کار لە لایەن لێژنەی وەزیرانەوە پەســـەند دەکرێت. ماوەی نەکەوتنە بەر مادە ئاماژە پێکراوەکان سێ ساڵە.

**کارگەی خێزانی**

کارگەی خێزانی بەو کۆمەڵە کارلنە دەوترێ کە لە لایەن ئەندام یان ئەندامانی بنەماڵە لە ناو شــوقە لە چوارچێوەی گەڵاڵەی کار و کاســپیدا بە بێ ئەوەی شــوقە دراوســێکان ئەزیەت بدرێن و ئاسوودەییان تێک بچێ بیچم دەگرێ و بە بەرهەمهێنان و یان کاڵای شیاوی خسـتنە ڕوو بۆ بازاڕ، لە دەرەوەی شـوقە، کۆتایی پێ دێت. خاوەن پیشـەکانی کارگە خێزانییەکان بۆ دەستخستنی سوود و قازانج بە شێوەی ژێرەوە ئیش دەکەن:

1) ئەنجامدانی چالاکی بە شێوەی حەقدەست بۆ خاوەنکارێک کە لە درەوەی شووقەیە؛

2) ئەنجامدانی چالاکیی سـەربەخۆ لە دابینکردنی مادە سـەرەتاییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە خستنە ڕووی بەرهەم بۆ دەرەوەی شووقە؛

3) ئەنجامدانی چالاکی بە شێوەی هەرەوەرزی، یەکێتی و یان هاوبەشی لەگەڵ ئەو بنکە باڵادەســـتانەی کە مادە ســـەرەتاییەکان دابین دەکەن و بەرهەمەکانیان لە ناو بازاڕدا دەخەنە ڕوو کە لەم حاڵەتەدا باشــتر وایە بە شـێوەی کار و کاســپیی هێشــوویی بێت.

کەواتە کارگەی خێزانی کارگایەکە کە یەکەم ئەوەی کە کرێکارەکانی پەیوەندیی

خزمایەتی نزیکی وەکوو باوک، دایک، منداڵ و هاوســەرییان هەبێت. دووهەم ئەوەی کە ئەنجامدانی کار لە لایەن خاوەنکار و خزمەکانی ئەنجام بدرێت. سێیەم ئەوەی کە کەســێکی دیکە لە ناو ئەو بنەماڵەدا نەبێت. ئەگەر خاوەنکار لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی لەو کارگەدا ئیش نەکا یان جگە لە ئەندامی ئەو خێزانە کەســێکی دیکە ئیش بکا، پێناســەی کارگەی خێزانی لە ســەر دەســڕدرێتەوە، تەنانەت ئەگەر نەوەی خاوەنکار بێ، شــایەنی ئاماژەیە بوونی کرێکارێکی دیکە لە وەها کارگەیەک کە ئەو خزمایەتییەی تێدا نەبێ، هیچ کام لە کرێکارەکان حاڵەتی ئاوارتە نایانگرێتەوە و وەبەر یاسای کار دەکەون. حاڵەتی ئاوارتە بە حاڵەتە جەختکراوەکانی یاسای کار سنووردار دەبێتەوە و ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە ناکا کە لە بەشە جیاجیاکاندا سەبارەت بە مژارە ئاماژەپێکراوەکان پێداگری لە سەر کراوە. بۆ وێنە ڕەچاوگرتنی ڕێکاری تەکنیکی و تەندروســتی لە کارگەی خێزانی بە گوێرەی ڕوونکاریی مادەی 85 یاســای کار پێویستە، ئەگەرچی هەموو ڕێکارەکانی ئەم یاسایە نەیانگرێتەوە.

**کارگەی ژێرزەوینی**

کارگەی ژێرزەوینی بە کارگایەک دەوترێ کە لە شــوێنێکدا تۆمار نەکراوە و لانیکەمەکانی یاســای کار وەکوو بیمە، گرێبەســتی کاری، پشــکنینی تەندروســتی، و پشکنینی کار ئەم کارگایانە ناگرێتەوە بە واتایەک بە هۆی شوناسە نافەرمییەکەیەوە هیچ چاودێرییەکی بە سەردا ناکرێت.

## ویژەی تیۆریی لێکۆڵینەوە

لەم بەشــەدا لە پێشــدا تیۆرییە کۆمەڵناســییەکان بۆ لێکدانەوەی پرســە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێتە ڕوو و لە درێژەدا تیۆرییەکانی پەیوەســت بە کاری منداڵ تاوتوێ دەکرێت. لە کۆتاییشدا چوارچێوەی تیۆری و مۆدێلی تیۆریی توێژینەوە ڕوون دەکرێتەوە.

## ئاراستەی کۆمەڵناسانە بۆ تاوتوێی پرسە کۆمەڵایەتییەکان

### نارێکخراویی کۆمەڵایەتی

نارێکخراویی کۆمەڵایەتی کاتێک بەدی دێ کە هەموو پاژەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەی هاوئاهەنگ لە هەمبەر پێداویستییە کارکردی و گۆڕانکارییە ژینگەییەکان یەک ناگرن و لە لایەکی تریشەوە لە ڕەوتی گۆڕانکارییە بەپەلە کۆمەڵایەتییەکاندا، بوار و بارودۆخی یەکسان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە پێی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان دابین نابێ کەواتە لە وەها دۆخێکدا بەدیهاتنی چین و توێژی خەسارهەڵگری کۆمەڵگا حاشاهەڵنەگرە [11].

بە باوەڕی مێرتۆن[1]، ئانۆمی[2] تێکچوونی پێکهاتەیەکی کەلتوورییە و ئەم دۆخە کاتێک ڕوو دەدا کە لە نێوان ئامانج و نۆڕمە کەلتوورییەکانی خواست و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئیمکانیاتی ناو بەستێنی چینە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازییەکی بەرچاو هەبێت. لە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر لە نێوان ئامانجە کۆمەڵایەتی - کەلتوورییەکان و ڕێگە قبووڵکراوەکان لە لایەن کۆی جەماوەرەوە هاوسەنگییەک بۆ گەیشتن بەوانە بوونی هەیە. ئانۆمی کاتێک دەست پێدەکا کە ئەم پەیوەندییە هاوسەنگە تێک بچێت [12].

نیزبێت[3]یش ئاماژە بە حاشاهەڵنەگربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک تێچووە کۆمەڵایەتی - کەلتوورییەکانی پرۆسەی گەشە و پەرەسەندنی بەپەلە دەکات. بە پێی ئەم ڕوانگە، دەرکران و کەوتنە پەراوێزی بەشێک لە چین و گرووپەکانی کۆمەڵگا لە پرۆسەی پڕتەوژمی گەشە پرسێکی حاشاهەڵنەگرە. کۆمەڵگاکان لە درێژایی تێپەڕینی خێرای خۆیان بەرەو ئەو شتەی کە پێی دەوترێ مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن ڕووبەڕووی پەرەسەندنی بەهاکانی پێشکەوتن و عەقڵانییەتی ئامێری لە کۆمەڵگا دەبنەوە و بە دوایدا هەندێ گۆڕانکاری وەکوو دابەشبوونی کاری ئاڵۆز، گەشەی خێرای حەشیمەت و شارخوازی، جیاوازیگریی کۆمەڵایەتی و گەشەی تاکایەتی دێتە دی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پرس و کێشەی کۆمەڵایەتیی بێژومار [13]. ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و گەشەی بەهاکانی شارنشینی دەبێتە هۆی چوونی بە لێشاوی حەشیمەت بەرەو شارە گەورەکان و چڕبوونی زۆری حەشیمەت و ناهاوسەنگبوونی گەشە لە کۆمەڵگا ڕوو لە گەشەکان و پرسگەلی وەکوو تڕافیک،

---

1. Robert K. Merton
2. Anomie
3. Robert Nisbet

پیس‌بوونی ژینگە، پەراوێزنشینی، دزی، کوشتن و توندوتیژی، لەشفرۆشی، هەژاری، ئالوودە بوون بە مادەی هۆشبەر و هەندێ جار نەخۆشیی جەستەیی و دەروونی و جۆرەکانی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە. بەو پێیەی کە لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە پێکهاتەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان، پیشە، و پەروەردە و ڕاهێنانی هێزی مرۆیی دابین نەکراوە، ئەم حەشیمەتە ڕوو لە زیادبووە کۆمەڵگای تووشی کێشەگەلی وەکوو کەم‌بوونی داهاتی ساڵانە و بەرهەمهێنانی ناپوختی ناوخۆیی، گەشەنەکردنی کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان لە ڕێگەی سەرف‌کردنی پارەیەکی زۆر بۆ پەروەردە و ڕاهێنان و بە کارهێنانی منداڵان، وابەستەیی ئابووری - کۆمەڵایەتی، نەخوێندەواری یان کەم‌خوێندەواری، بێکاری و کێشەی خانوبەرە کردووە [14].

## تیۆریی کارلێکی دوولایەنەی سیمبۆلیک

ڕوانگەی کارلێکی دوولایەنەی سیمبۆلیک ڕوانگەیەکی دیکەی ڕوون‌کردنەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم ڕوانگە یەکەم جار بۆ تاوتوێی پرسە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی پەرەسەندنی لە ڕادەبەدەری شارنشینی لە شاری شیکاگۆی ئەمریکایە، خرایە ڕوو و گەشەی سەند و هەر لەبەر ئەوەش هەندێ جار پێ دەڵێن "قوتابخانەی شیکاگۆ". لەم ڕوانگەدا، بە پێچەوانەی تیۆرییەکانی کاردەخوازانی پێکهاتەیی و لێکدژ کە پێداگری لە سەر پێکهاتە و کاردەکان دەکەن، ئەم ڕوانگە جەخت لە سەر ڕەهەندە زەینی و نێوانزەنییەکانی ئەو ڕاپەڕێنەرانە دەکا کە سازێنەری ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانن و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە بەرهەمی شیکاری و شرۆڤەی زەینیی ڕاپەڕێنەران سەبارەت بە باروودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەزانن کە ئەم واتا و شیکارییە زەینییانەی ڕاپەڕێنەران سەبارەت بە ڕاستییەکان و باروودۆخی کۆمەڵایەتیش بابەتێکی ڕێژەیی و بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و وەرچەرخانە. هەروەها بەو پێیەی کە ئەم ئاراستە جەخت لە سەر ئەنگێزە ئامانجدارەکان و هەڵبژاردەی ڕاپەڕێنەران لە بەدیهێنانی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ وێنە خەسارەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە، کەواتە لێکدانەوەی ئەنگێزەکان و هۆکارەکانی دەستدانە کار لە لایەن منداڵان، لە ڕوانگەی ئەوان و باروودۆخ و کارلێکە تاکایەتی و گرووپییەکانیان لە ژینگە، لە سایەی ئەم ئاراستە مومکینە [15].

ئێستا بە پێی تیۆریی منداڵتەوەری، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە کاری منداڵان چۆن ئەنجام دەدرێ و ئەم کارە ئەنجام دراوە چۆن بەڕێوە دەبرێ و واتادار دەبێت. ئەم

تیۆرییە هەروەها دەتوانێ زیاتر سەرنج بخاتە سەر ڕاپۆرتەکانی منداڵان خۆیان و بۆ پەیوەندیی نێوان ئاستی توانا و لێهاتووییان لە بڕیاردانی سەبارەت بە ژیان و داهاتووی خۆیان پێگەیەکی تایبەت ڕەچاو بکات. منداڵتەوەری پشت بە فاکتەرێتیی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کار دەبەستێت [16].

## تیۆریی لێکدژ

لە سەر بنەمای ئاراستەی لێکدژ، دوو تیۆریی مارکسیستی و نیۆمارکسیستی سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بوونی هەیە کە تیۆریی مارکسیستی فوکووس لە سەر لێکدژیی ئابووری دەکا و تیۆریی نیۆمارکسیستی جەخت لە سەر لێکدژیی کۆمەڵایەتی بە هۆی بەها و هۆگرییە لێکنەچووەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکلتەوە. لە سایەی وەها ڕوانگەیەکدا لێکدژی و ناتەبایی وەک جەوهەری کۆمەڵگا مرۆییەکان لە قەڵەم دەدرێت. لایەنگرانی تیۆریی لێکدژ پێداگری لە سەر نایەکسانیی سامان و دەسەڵات لە کۆمەڵگا لە نێوان چینە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئێتنیکی، ڕەگەزییەکان و تەنانەت تەمەن و نەووەش دەکەن. بە جۆرێک کە کارڵ مارکس[1] سەرچاوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە خاوەندارێتیی تایبەتی و چینایەتیی کۆمەڵایەتیی چەوسێنەر دەزانێ کە ڕێی دەرچوون لە وەها بارودۆخێک نەمانی سیستەمی سەرمایەداری، هاتنە دی کۆمەڵگایەکی بێبەری لە چینایەتی و ڕزگاربوونی مرۆڤ لە کۆت و بەندی چینایەتییە. بە باوەڕی خاوەنتیۆرییەکانی لێکدژ، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی تێپەڕینی کۆمەڵگا بەرەو گەشەسەندوویی حاشاهەڵنەگرە و حەقیقەتی کۆمەڵایەتی بابەتێکی لێکدژ و لە حاڵی گۆڕان بەرەو بارودۆخێکی باشترە و زۆرێک لە پرس و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی بە هۆی دیترهاوێژیی قەیرانە دەروونییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە. سیستەمی سەرمایەداری بۆتە کۆسپی بەر دەم داهێنان و نوێگەرێتی و ئازادیی مرۆڤ. کەواتە پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتدا ڕەگ، شوناس و تایبەتمەندییەکی "ئابووری"یان هەڵگرتووە [17]. بە پێی ئەم تیۆرییە، کاری منداڵ بە هۆی پرسە ئابوورییەکان و قەیرانی ئابووری کە ئەنجامی سیستەمی سەرمایەدارییە بەدی هاتووە.

---

1. Karl Heinrich Marx

## تیۆرییەکانی پەیوەست بە کاری منداڵ

### کەلتووری هەژاری

ویلا[1]، تیلدێر[2] و لینهان[3] لە لێکۆڵینەوە دەروونناسـی - کۆمەڵایەتییەکەیاندا ئەم تیۆری و گریمانانە تاوتوێ دەکەن. ئۆسـکار لوویز[4] لە چوارچێوەی تیۆریی "کەلتووری هەژاری" لە سـاڵی 1996 ئەم تیۆرییانەی خسـتە ڕوو و خسـتییە بەر تیشـکی ڕەخنە. ئەم تیۆرییە چوار گریمانەی سەرەکی هەیە: گریمانەی یەکەم ئاماژە بە بێ‌سەرپەرشتی و بەرەڵابوونی ئەم منداڵان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە دەکات. گریمانەی دووهەم منداڵانی کار گرێ دەدلتەوە بە هەژاری و ئەنجامی هەژاری بە بەرەڵاکرانی بێدەرمتلنلنە دەزانێت. بە پێی ئەم بۆچوونە قەدەرگەرایە، بنەماڵەی ئەم منداڵانە بە هۆی هەژاری ناتوانن لە ئاسـت منداڵەکانیان پابەندییە ئەخلاقییەکانیان ئەنجام بدەن و ناچارن بۆ دەرەوەی ماڵ هانیان بدەن و بەرەڵایان بکەن. گریمانەی سـێیەم منداڵانی کار بە ئەنجامی کۆچکردن لە دێوە بەرەو شـارەکان و لێکەوتەکانی وەکوو هەژاری و پەراوێزنیشـینی و گۆڕانی پێکهاتەی بنەماڵە دەزانێ کە لەم حاڵەتەدا منداڵانی کار بەرهەمی پەراوێزخرانی بنەماڵە پەراوێزنشـینەکلنە. گریمانەی چوارەم منداڵی کار بە دەرەنجامی وردە کەلتووری شاریی زۆر پەراوێزخراو و چەواشە دەزانێت. لوویس پێی وایە کەلتووری هەژاری بە تایبەتمەندیگەلێکی وەکوو قەدەرگەرێتی، بێ‌هیوایی، بێدەسـەڵاتی، وابەسـتەیی، خۆبەکەمزانین و دەربازنەبوون لە هەژاری دیاری دەبێت. [18]

### کۆمەڵگاگریی منداڵ

چەمکی سـەرەکی لە تیۆریی کۆمەڵناسـی سـەبارەت بە قۆناغی منداڵی چەمکی بەکۆمەڵایەتی‌بوونە. "کەلتوورگری" لەوانەیە بۆ ئەم پرۆسـە هاوواتایەکی جوان بێ، چونکە ئەم دێڕە بە شـێوەی لاوەکی دەلالەت لە سـەر ئەم بابەتە دەکا کە منداڵان فەرهەنگی ئەو جڤاکە مرۆییەی کە خۆیانی تێدا دەبیننەوە قبووڵ دەکەن و وردە وردە وەدەسـتی دێنن. منداڵان نابێ وەک کەسـانێک سـەیریان بکرێ کە بۆ بەشـداری و دەسـتێوەردانی جیهانی ئاڵۆزی گەورەسـاڵان تەیار کراون؛ منداڵان دەبێ وەکوو

---

1. Willa
2. Tilder
3. Leen Han

4. حسێنی، سەید حەسەن، (1383). بارودۆخی منداڵانی کاری و شەقامەکانی ئێران. وەرزنامەی رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155 - 173.

بوونەوەرانێ لێیان بڕوانرێ کە بۆ ســـازدانی پەیوەندیی هێدییانە و هێورانە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر دەفرایەتیی پێویستیان هەیە [19].

تیۆریی منداڵی کۆمەڵایەتی / پێکهاتەیی بەم لێکدانەوە ئاشــکرایە ئیشـــی خۆی دەست پێدەکا کە منداڵان لە هەموو جیهانە کۆمەڵایەتییەکاندا تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ و ســـەقامگیریان هەیە. لەم تیۆرییەدا منداڵان یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی هەموو کۆمەڵگاکاندا وەک کەسانێک تایبەت، بەردەوام، بەرهەست و ئاسایی دێنە هەژمار. لە ڕاســتیدا ئەوانە هێمای هەر هەموو تایبەتمەندی، ڕاســتی و حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکانن[1]. هەڵبەت شــکۆ و ڕەواڵەتیان لەوانەیە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاواز بێ، بەڵام لە هەر کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، ئەوان یەکدەست و هاوشــێوەن. تا ئەم ڕادە ئەوان بەشــێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێنن. ئەم تیۆرییە بەم گریمانەوە دەست پێدەکا کە منداڵان کەسانێکی کەمئەندام و بێتوانا نین، بەڵکوو ئەوان گرووپێک لە ئەجێندا کۆمەڵایەتییەکان پێک دێنن، هاووڵاتیانێکن بە خواســـت و مافی تایبەتەوە. لە مۆدێلی منداڵی خاوەن گەشـــەی کۆمەڵایەتیدا ئێمە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی پێکهاتوو لە گەورەساڵانی لۆژیکی و عەقڵانی لەگەڵ منداڵانمان بەدی کرد کە چاوەڕێ بوون کە ڕۆژێ کۆمەڵێ بۆنە و ڕێوڕەســـمی تایبەت - کە بۆ بوونە ئەندام و هەروەها بە کۆمەڵایەتیبوون لەو کۆمەڵگایە پێویســـت بوون - لە ئەنجامی هەندێ پرۆســـەی جیاوازدا ئەنجام بدەن و بچنە ناو کۆمەڵگاوە. لە تیۆریی کۆمەڵایەتی / پێکهاتەیی، ســـەقامگیری و بەردەوامیی منداڵ و هەروەها پێویســـتیی ئەم تایبەتمەندییە داکۆکی و پێداگری لە ســـەر دەکرێت. بەم دەســـتپێکە، تیۆریسییەنە جیاوازەکانی ئەم تیۆرییە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی هەم بارودۆخی پێویست و هەم هەلومەرجی تەواو بۆ قۆناغ و هەڕەتی منداڵی لە ناو کۆمەڵگایەکی تایبەت یان بە ڕاستی بۆ منداڵان بە شێوەی گشتی لێک بدەنەوە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە منداڵان هەتا ڕادەیەکی زۆر وەک وتەزایەکی گشتی لە قەڵەم دەدرێن و وا وێنا دەکرێ کە لەو زەخت و ســـنووردارییەی کە هۆکارەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تایبەتە دەرباز دەکرێن. کەواتە منداڵان کۆمەڵێک لە زەینەکانن، بەڵام زەینییەتیان نە ســـەرەڕۆیانەیە و هەوەسبازانە. ئەم بابەتە لە لایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێ و بەم شێوە قۆناغی منداڵی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکرێت.

1. Social facts

## کۆچ

ئەم تیۆرییە پێداگری لە سەر ئەم ڕەوتە دەکا کە شۆڕشی پیشەسازیی سەرمایەداری بۆتە هۆی کۆچکردنی هێزی کار لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان و بەدیهاتنی هێزی کاری زیادە لە شارەکان. ئەنجامی ناچاریی ئەم دۆخە هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری و کەمکاری و هلندانی هێزی مرۆیی بۆ کەرتی ناپێکهاتووی ئابووری و کاری سووکی ئەو خزمەتگوزارییانە بوو کە حەقدەستیان کەمتر بوو. بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، ڕێژەیەکی زۆری بنەماڵەکان پەراوێز دەخرێن و دەکەونە بەر هەموو جۆرەکانی خەسارەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان [21].

تێرنێر[1] لە ڕەوتی خۆگونجاندنی کۆچبەران لە شار، وێڕای لێکدانەوەی دیاردەی پەراوێزنشینی لە ناو شارەکاندا کە ئاشکراترین بەرهەمی کۆچکردن بەرەو شارەکانە، ئەم ئەنجامەی دەست خستووە کە کۆمەڵگا پەراوێزنشینەکان نەک هەر تەواو ڕێک خراون، بەڵکوو هەڵگری کۆمەڵێکی نۆرمداری ئاوات و یەکەمایەتییە بگۆڕە خێزانییەکانیانن. جان تێرنێر بۆ پیشاندانی چۆنیەتیی گۆڕانی ئەم یەکەمایەتییە لێکدژلنە، کاتێک کە بنەماڵە کەمداهاتەکان بە دڵنیایی زێدەترەوە لە ئابووریی شاریدا جێگیر دەبن، سەرچەشنێکی سادەی ئامادە کرد. لە سەر بنەمای ئەم سەرچەشنە لە یەکەم قۆناغدا واتە قۆناغی تازەهاتووان، دەستڕاگەیشتن بە کاری کاتی گرینگترین ئامانجە و هەر چەشنە سەرپەنایەکی بەردەستیان پێ تەواوە. کاتێک کە داهاتێکی هەمیشەیی و ڕێکوپێک و دڵنیا وەدەست هات، ئامانجی سەرەکیی تاک دەبێتە ئەوەی کە لە ڕێگەی دابینکردنی خاوەندارێتیی یاسایی خانوبەرە پێگەی خۆی پتەو بکات. پاش ئەوەی نیشتەجێبوونی یاسایی دابین بوو، لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە ئیمکانیاتی دیکە، گرینگی و یەکەمایەتی بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان دەدرێت. بە بۆچوونی جان تێرنێر و توێژەرانی دیکە، پەرەسەندنی شاری تەنیا گۆشەیەک لە ژیانی پەراوێزنشینان ڕووماڵ دەکات. دەموچاوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پەراوێزنشینی، کە زۆربەیان کۆچبەرانی لادێیین، زۆر هەمەجۆرن و لە هەندێ حاڵەتدا وەها لێوبەبارن، کە دەڵێی بۆ باشترکردنی ژیانی ئەم چینە کە لە حەشیمەتی جیاواز پێک هاتوون، کە هەندێ جار ڕێژەیەکی زۆری حەشیمەتی کەلانشارەکان پێک دێنن، هیچ ڕێدەرەتانێک بوونی نییە. خۆنەگونجان لەگەڵ ژینگەی نامۆی شاری و تەواو جیاواز لەگەڵ کەلتووری خۆجێیی کۆچبەران، لە سەر ئاستەکانی نێودەوڵەتی و نێوانکیشوەری، لە

1. John Turner

نەوەکانی دواتری کۆچبەرەکاندا بەردەوام دەبێ و بۆ کۆچبەران زیانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسـیی زۆر و هەروەها لە میکانیزمی پلاندانانی شـاریی ناوچە کۆچبەرگرەکان هەندێ کێشــە ســاز دەکات. لە درێژەدا ئاماژە بە هەندێ مژاری وەکوو چۆنیەتیی خۆگونجاندن و شـێوازی هەڵسـوکەوتی کۆچبەران و ژینگەی نوێی ژین لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە تاوتوێ دەکرێت.

لە ســەر بنەمای تیۆریی تۆدارۆ[1]، کۆچبەران باش دەزانن کە بەرەنجامی زۆری بێکاری لە ناو ئەوان و حەقدەستی کەمی شاری دیوارێکی درست کردووە، بەڵام هەتا ئەو کاتەی ئەوان لە گوندەکاندا حەقدەســتێکی کەمتر لەو بڕە پارەی وەردەگرن کە لە شــاردا هـەیـە، درێژە بـە کۆچ دەدەن. داهـاتی چـاوەڕوانکراوی ئـەوان بریتییە لـە: لێکهەڵدانی ئەو بڕە حەقدەســتەی کە لە شــار وەریدەگرن لەو دەرفەتانەی کە بۆ وەدەستهێنانی داهات هەیانە. بۆ وێنە وڵاتێک وێنا بکەین کە تێیدا مامناوەندی داهات لە گوند 100 دۆلار و مامناوەندی داهات لە شــار 250 دۆلارە، بەڵام بەرەنجامی بێکاری لە شـار 20 لە سـەدە؛ واتە لە کۆی هەر دە کەس هەشـت کەس دەتوانن کار وەدەست بێنن. کەواتە داهاتی چاوەڕوانکراو هەشت لە سەر دەی مامناوەندی داهاتی شــاری واتە هەشــت لە ســەر دەی 250 دۆلارە کە 200 دۆلار دەکات. کەواتە کۆچکردنیان بەقازانجە. لەم وڵاتە گریمانەییەدا گوندنشـینان درێژە بە کۆچکردن دەدەن هەتا ئەوەی کە بەرەنجامی بێکاری لە شــاردا بگا بە شــەســت لە ســەد، واتە ئەو بەرەنجامەی کە لە هەندێ لە ناوچە پڕحەشیمەتەکاندا بوونی هەیە. لەوانەیە لەم بارەوە گومان بکەین کە لە ئەنجامدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرەنجامی بێکاری لە شار، ڕەوتی کۆچکردن بە تەواوەتی بووەستێ، بەڵام خۆ ناتوانین ئاسـەوارە نگریسـەکەی پشـتگوێ بخەین. هەتا ئەو کاتەی کە لە شاردا سامانی زیاتر بوونی هەبێ، کۆچکردن لە گوندەوە بەرەو شار هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوامە [22].

کاسـتلۆ[2] لە تیۆرییەکەیدا سـەبارەت بە کۆچ لە خۆرهەڵاتی ناڤین دەڵێ: سـەرەڕای دیاردەکانی کۆچکردن، شــارنشــینی، و خۆگونجاندنی کۆچبەران لە شــارەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین تایبەتمەندیی هاوبەشـییان لەگەڵ دیکەی ناوچەکانی جیهاندا هەیە، لە هەندێ حاڵەتدا تایبەتمەندیی جیاواز و دیاری ناوچەیی کە کارتێکراوی فەرهەنگە خۆجێییەکان بووە، لەم دەڤەرەدا بەدی دەکرێ کە پێویســتە لە ئاراســتەی

1. Michael Paul Todaro
2. Castlo

پلاندانانی شـــاری و نـاوچەیی بنـاســـریێ و بەراورد بکرێت. لـە خۆرهـەڵاتی ناڤین کۆچ کردن بەرەو شـــارەکان پێکهاتەی بنەماڵەی بەربڵاوی تێک ڕووخاندووە. نەوەی گەنجتر بەرەو شـار کۆچ دەکەن و منداڵە نێرینەکان بە هۆی ئەوەی لە شـاردا سـەقامگیر بوون، چیتر لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستە بە دارایی بنەماڵە یان پیشەی نەریتیی خێزانی نین و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەوان کۆمەک خەرج بنێرن بۆ گوندەکەیان و بەم شێوە ئاراستەی پەیوەندییەکان لە سەرچەشنی وابەستەیی بگۆڕدرێت [23].

جووڵەی جوگرافیایی کۆچبەرەکان لە شـــار کاریگەرییەکی بەرچاوی لـە ســـەر چۆنیەتیی خۆگونجاندنیان هەیە. ئەوەی کە کۆچبەر لە کوێدا ژیان دەکا، ئایا لە لای کەس و کاری خۆیەتی یان تەنیایە، دەتوانی کارێک بدۆزێتەوە یان نا و هەروەها پێشینە و کەسـایەتیی تاک بە گشـتی لە دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا پرۆسـەی کۆچ کردن دەبێتە هۆی لێکترازانی ڕێکخراوی کۆمـەڵایـەتی یـان نـا کـاریگـەرن. توێژینـەوەکـان لـە تـەرابلوســـی لیبی پیشـــان دەدا هـەنـدێ لـە کۆچبـەران بـە هۆی ســـەرلێشـــێواویی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن. جێگۆڕکێی کۆچبەرانی کۆن و دانیشتووانی خۆجێیی خەڵکی تەرابلووس لە گەڕەکی کۆنی شـــار بۆتە هۆی لێکهەڵبڕانی کۆنەکۆچبەران و ئەو تازە هاتوولنەی کە بۆ یەکەم جار دێنە ناو گەڕەکە کۆنەکانی شـــارەوە. فرەچەشـــنیی پیشـــە نوێکانی شـــار لە ناو دەزگا دەوڵەتییەکان، پیشـەسـازیی نەوت، و کەرتەکانی دیکە کە ڕێگری لە چڕبوونەوەی ناوچەیی گرووپە ئەو کۆچبەرلنە دەکا کە خاوەن پیشـــەیەکن، خۆی ئەم پرۆســـە خێرا دەکاتەوە. لە ئەنجامدا کۆچبەران بەتایبەت کۆچبەرە تازە هاتووەکان هەسـت بە بێ‌پێشـینەیی دەکەن کە ئەمە لەدەسـتدانی هەسـتی وابەسـتەیی کۆمـەڵایـەتی لێکـەوتۆتـەوە [24]. جیـاوازیی بـەرچـاوی کـەلتووری لـە نێوان شـــوێنی سەرەتا و شوێنی مەبەستی کۆچبەر دەورێکی زۆر گرینگی لە پرۆسەی خۆگونجاندنی کۆچبەردا هەیە. ڕەنگە خۆرهەڵاتی ناڤین لە ناو وڵاتانی ناوچەکە و هەروەها کۆمەڵگە شـــاری و گوندییەکانی وڵاتانی جیهاندا تایبەت بێت. فرەچەشـــنیی ئێتنیکی، ئایینی، زمانی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیستەمی سیاسی وای کردووە کە دیاردەی کۆچ کردن و خۆگونجاندنی کۆچبەران بەتایبەت لە گەورەشـــارەکانی ناوچەکەدا ئاڵۆزتر بێت. فەرهەنگی خۆرهەڵاتی ناڤین پێداگری لە سـەر بەرکەوتن و پەیوەندیی تایبەتی دەکات. ئەم بابەتە کە لە سەر بنەمای کۆبوونەوەی خزمایەتییە و پەرە بە ڕێژەی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرییەکان بۆ ســـەد و ڕەنگە هەزاران کەس دەدا، وا دەکا کە تاک لە کۆمەڵگای خۆجێییدا هەست بە نامۆیەتی نەکات.

پێکهاتەی نەریتیی گرووپە خزمایەتییەکان لە خۆگونجاندنی کۆچبەران لە شارەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین دەورێکی گرینگی هەیە. گرووپە خزمایەتییەکان لەوانەیە هاوکاریی کۆچبەرە تازەهاتوو بۆ ناوچە شارییەکان بکەن بۆ ئەوەی پێگەی ئابووری و سیاسیی خۆیان پتەو بکەن. لە ناو بنەماڵە کۆنەکاندا لە وڵاتی لوبنان هەژاران پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ خزمە زەنگین و دەستڕۆیشتووەکانیاندا کە جۆرێک پەیوەندیی ئاغا و بەندەیە دەپارێزن. فاکتەرە حەشیمەتناسییەکانی وەکوو تەمەن و ڕەگەزی کۆچبەران، لە خۆگونجاندنی ئەوان لەگەڵ ژینگەی شار کاریگەرە. توێژەران پێیان وایە هەرچی کەسێک بەتەمەنتر بێ کەمتر لە ژیانی شاریدا بەشداری دەکا و هەرچی تاک پەرە بە پەیوەندییەکانی لە شاردا بدا، بیر و باوەڕ و تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگا بۆ بیر و باوەڕی و تێگەیشتنی نزیک لە مۆدێڕن دەگۆڕێت. لە حاڵەتێکدا کە هەلی کار لە شاردا دابین بێ و کێشەی ئابووری ڕێگری لە تاک نەکا، ئەو کەسانەی کە لە ناوچە گوندییەکانەوە بەرەو شارەکان ملی ڕێگا دەگرنە بەر، دەتوانن کەلتووری شار قبووڵ بکەن [25].

## ئابووریی نافەرمی

ئابووریی نافەرمی بەشێک لە ئابوورییە کە هێشتا ناڕوونییەکی زۆری لە خۆدا گرتووە و سەبارەت بە پێناسە و پانتای داگرییەکەی ڕێککەوتنێک نەکراوە. زۆرێک لە توێژەران لە گێڕانەوە و دیاریکردنی پانتای داگرییەکەی خۆ دەبوێرن. هەندێ لە بیرمەندانی ئەم بوارە چالاکیی نایاسایی بە هی ئەم کەرتە دەزانن و هەندێکی دیکە وەک کەرتێکی دیکە پێناسەی دەکەن. هەندێ لە توێژینەوەکان لە بری پێناسەی ئەم کەرتە، بە سەر چەند ژێرگرووپی یەکدەستدا دابەش دەکەن. ئاماری پیشاندراو لە لایەن دامەزراوەی ئاماری نیشتمانیی ئیتالیا کارکردن لە کەرتی نافەرمی بە پێی هۆکار و ئەنگێزەی تاکەکان بە سەر سێ تاقمدا دابەش کردووە: یەکەم تاقم چالاکیی ئابووریی نافەرمی کاری نایاسایی لە خۆ دەگرێت. نموونە چالاکییە نایاساییەکان کە ئەم کەرتە پێک دێنن بە پێی زەمان و شوێن جیاوازن. بۆ وێنە هەندێ لە چالاکییەکان وەکوو کڕین و فرۆشتنی خواردنەوە کحۆلییەکان لە هەندێ لە زەمەن و شوێنەکاندا بە نایاسایی پێناسە کراوە. کەرتێکی دیکەی ئابووریی نافەرمی چالاکییە تۆمارنەکراوەکانە. ئەم کەرتە ئەو چالاکییە ئابوورییانە لە خۆی دەگرێ کە یاساییە، بەڵام بە هۆی گەشەنەسەندوویی پرۆسەی بەرهەمهێنان و یان کەمپێوەربوونیان ناخرێنە ناو ئامارە فەرمییەکانەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەم چالاکییانەدا پارە ئاڵوگۆڕ دەبێ، وەکوو دەستفرۆشی

(دەستگێڕی)، گواستنەوەی مسافر بە ئامرازی تایبەتی و لە کەرتێکی دیکەدا پارە ئاڵوگۆڕ نابێت. بە واتایەکی دیکە، چالاکیی ئابووری شوناسی کاڵایی نییە، وەکوو بەرهەمهێنانی هەندێ کاڵا بۆ بەرهەمهێنانی بنەماڵەکان کە لە دەڤەرە گوندییەکاندا زۆر بەرچاوە. کەرتی سێیەمی ئابووریی نافەرمی شووناسێکی هاوشێوەی چالاکیی ئابووریی فەرمی هەیە؛ ئەم کەرتە لە ژێر ناوی "ئابووریی سێبەر" بەو چالاییە یاساییانە دەوترێ کە بە ئەنگێزەی ئابووری لە چاوی دەوڵەت دەشاردرێنەوە. چالاکوانانی ئابووری هەندێ جار وەک کاردانەوە بەرامبەر بە ڕێسا زۆرە دەوڵەتییەکان، داگیرکردنی دەوڵەت، و یان ڕانتخوازیی گرووپە لۆبیگەرەکان لە تۆمارکران لە ئاماری فەرمی خۆیان قوتار دەدەن. لەم حاڵەتەدا ئابووریی سێبەر وەک بەدیلی گەندەڵی یان بەدیلی ڕانتخوازی و دزەکردنە ناو دەوڵەت لێی دەڕوانرێت. هەندێ جاریش ئابووریی سێبەر نەک هەر کارێکی دوورەپەرێزانە یان بەدیل بەڵکوو ستراتیژێکی چالاکانە و تەواوکەری گەندەڵی و ڕانتخوازییە. جۆری ئەنگێزە یان پەیوەندیی ئابووریی سێبەر لەگەڵ گەندەڵی و ڕانتخوازی تەنیا بە شێوەی کەم و بە فوکووسخستنە سەر جۆری چالاکیی شاراوە مومکینە. هەر بۆیە خوێندنەوەی کراوەش بازنەی چالاکییەکان تەنگتر دەکاتەوە و تەنیا لە سەر بەشێک لە ئابووریی سێبەر یان جۆرێک چالاکیی ئابووریی سێبەر وەکوو قاچاغی کاڵا، خۆ لە باجدزینەوە و لەم چەشنە چڕ دەبنەوە [26]. بە گوێرەی هەندێ پێناسەی دیکە، ئابووریی نافەرمی لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئابووریی نایاسایی جیاوازە. کاری نایاسایی بەو چالاکییانە دەوترێ کە لە لایەن یاساوە بە ناوی کاری نایاساییەوە ناسراوە و لەبەر ئەمە ئەنجامدانی وەک تاوان لە قەڵەم دەدرێ، چالاکیگەلی وەکوو کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر یان قاچاغی منداڵان.

ئابووریی نافەرمی کە ناوی جیاوازی وەکوو ئابووریی سێبەری، ئابووریی ژێرزەوینی، ئابووریی شاراوە و ... لێنراوە، پاش شەڕی جیهانیی دووهەم و بە دوای بەشداریی بەربڵاوی دەوڵەتەکان لە بەستێنی ئابووری و لە ئەنجامدا دروستکردنی ئەنگێزەی بەهێز لە ناو ئەجێندا ئابوورییەکان لە پێناو جووڵە بەرەو کەرتی نافەرمی گرینگی پێدرا. فایگ بە کەڵکوەرگرتن لە ئاراستەی ڕێکخراوخوازیی نوێ چالاکییە ئابوورییە ژێرەزوینییەکان بۆ سەر چوار جۆری کاری نایاسایی، ڕانەگەیێندراو، تۆمارنەکراو و نافەرمی پۆلێنبەندی دەکا، چالاکیی نایاسایی هەر هەموو چالاکییە داهاتبەخشە ئابوورییەکانی وەکوو دزی، داوێنپیسی، و قاچاغی مادەی هۆشبەر لە خۆ دەگرێ کە ئەنجامدانیان لە یاسا فەرمییەکانی ناوخۆ نایاساییە و سزای لێ

دەکەوێتەوە. چالاکییە ڕلنەگەیێندراوەکان ئەو چالاکییانەن کە زۆر جار وەک وڵامێک بەرامبەر بە تێچوو بە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێ؛ خۆدزینەوە لە باج، پێنەدانی مووچەی بیمە و قاچاغی کاڵا نموونەکانی ئەم چەشنە چالاکییانەن. چالاکیی تۆمارکراو چالاکیگەلی وەکوو کابانێتی، خۆخزمەتی، و کاری خۆبەخشانە دەگرێتەوە کە تا ڕادەیەک لە هەموو ئابوورییەکاندا بەدی دەکرێت. کەرتی نافەرمیش هەندێ بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی ورد لە خۆ دەگرێ کە لەگەڵ پێشکەوتنی تۆمارکردنی زانیاری بە شێوەی ڕێژەیی ڕێژەکەی بەرەو دابەزین دەچێت. تانزی پێی وایە ئابووریی نافەرمی بە هۆی بوونی هەندێ چالاکی کە پێواندن و باج لێوەرگرتنیان ئەستەمە، وەکوو کاری ماڵ و هەندێ چالاکیی نایاسایی و شاراوە بەدی دێت [27].

شنایدر[1] و کلینگ مایێر[2] لە شیکاریی کاریگەریی ئابووریی نافەرمی بە سەر گەشەی ئابووری لە درێژەی دەیەی 90 توێژینەوەیەکیان لە سەر 109 وڵاتی ڕوو لە گەشە، وڵاتانی ڕوو لە تێپەڕین، و وڵاتانی پیشەسازی ئەنجام دا. بە پێی ئەنجامەکانیان لە وڵاتانی پیشەسازی و پێشکەوتوو پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان قەبارەی ئابووریی نافەرمی و گەشەی ئابووریدا بەدی دەکرێ و لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە پەیوەندیی نێوان ئەم دوولنە نەرێنییە. کەواتە لە نێوان ئاستی پێشکەوتن و ڕێژەی ئابووریی نافەرمی پەیوەندییەکی پێچەوانە لە ئارادایە. شنایدێر پێی وایە زۆرکردنی ڕێژەی باج و سیستەمی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەڵکشانی چالاکییە یاسادانەرییەکان و چاودێریی دەوڵەت لە فاکتەرە سەرەکییەکانی زیادکردنی قەبارەی ئابووریی نافەرمی لە سەر ئاستی جیهانە [28].

لوویزا[3] لە شیکارییەکی تیۆریدا فاکتەرە دیاریکەرەکان و کاریگەرییەکانی ئابووریی نافەرمی لە چوارچێوەی مۆدێلی گەشەی دەروونزا، کە تێیدا تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان وابەستە بە خزمەتگوزاریی گشتیی شیاوی چڕبوونەوەیە، لێک داوەتەوە. لەم مۆدێلەدا پیشان دەدرێ کە گۆڕینی پارامەترە سیاسەتدلنەرییەکان و هەروەها گۆڕینی کوالێتیی ئەو ڕێکخراوە دەوڵەتییانەی کە هەڵکشانی ئەندازەی ڕێژەیی ئابووریی نافەرمی لێ دەکەوێتەوە، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نرخی گەشەی ئابووری. هەروەها ناوبراو لە لێکدانەوەیەکی ئەزموونیدا لە مەڕ وڵاتانی

1. Schneider
2. K Meyer
3. Louisa

ئامریکای لاتین بۆی دەرکەوتووە زیادکردنی بڕی باج و سنووردارییەکانی بازاڕی کار و هەروەها کوالێتیی نزمی ناوەندە دەوڵەتییەکان کاریگەریی زۆری لە سەر ئابووریی نافەرمی داناوە. هەڵکشانی قەبارەی چالاکیی نافەرمی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی گشتی و هەروەها زیادکردنی ڕێژەی ئەو کارانەی کە بە کارامەیی کەمەوە خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەقۆزنەوە دەبێتە هۆی دابەزینی گەشەی ئابووری. لوویزا هەڵبژاردنی کەرتی نافەرمی بۆ ئەنجامدانی چالاکیی نافەرمی بە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی عەقڵانی لە لایەن کەسانی ئابوورییەوە دەزانێت. ئاسەواری بوونی ئابووریی نافەرمی بە شێوەی گشتی کاریگەری لە سەر بەرهەمهێنانی ناپوختی ناوخۆیی، باجی وەرگیراو، دابەش‌کردنی داهات، پلاندانانی و سیاسەتدانان و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی دادەنێت. بەم پێیە، هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئابووریی نافەرمی ئەمانەن:

**باری باج و سیستەمی دابین‌کردنی کۆمەڵایەتی** کە وەک گرینگترین هۆکارەکانی بوونی ئابووریی نافەرمی لە قەڵەم دەدرێن؛

**توندیی ڕێساکان** کە هۆکاری سەرەکیی کەمکردنەوەی ئازادی و هەڵبژاردنی تاکەکەسی لە ئابووریی فەرمییە. دەتوانین ڕێسای بازاڕی کار، ئاستەنگە بازرگانییەکان و دیکەی سنووردارییەکان بە نموونەکانی توندیی ڕێساکان بزانین؛

**دەستێوەردانی دەوڵەت و کێشە یاساییەکان** کە لە چوارچێوەی بەسیاسی‌کردنی چالاکیی ئابووری بە واتای پەرەسەندنی مافی چاودێری بە سەر بنکە ئابوورییەکان لە ڕێگەی سیاسەتمەداران و بۆرۆکراتەکانەوە بەکار دەهێنرێت. گریمانەمان لە سەر ئەوەیە کە بوونی دەوڵەتێکی تاڵانکەر دابەزینی قەبارەی کارە ئابوورییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

**گەندەڵی، ڕانتخوازی و دەوری یاسا** کە لە فاکتەرە گرینگەکانی ئابووریی نافەرمییە [29].

## ئابووریی ژێرزەوینی

ئابووریی نافەرمی ئەو تاقمە چالاکییە ئابوورییانە لە خۆ دەگرێ کە بە شێوەی یاسایی یان نایاسایی ئەنجام دراوە و لە شوێنێکدا تۆمار نەکراوە [30]. تۆماس[1] ئابووریی ژێرزەوینی بۆ سەر چوار گرووپ دابەش کردووە:

کەرتی بنەماڵە: لەم کەرتەدا بنەماڵە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەرهەم دێنن کە

1. Thomas

هەر لەم کەرتەشـدا بەکار دەهێنرێت. تایبەتمەندیی کەرتی خێزان ئەوەیە کە بەروبوومە بەرهەمهاتووەکەیان کەمتر دەخرێتە بازاڕ و نەبوونی نرخ بۆ کاڵا بەرهەمهاتووەکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی نرخاندنی کاڵاکان دژوار بێت.

کەرتی نافەرمی: ئەم کەرتە بەرهەمهێنەرانی ورد و هەروەها کاسپکاران و پیشەدارانی بێکرێکار و کاربەدەستانی خزمەتگوزاریی بازرگانی، گواستنەوە و خزمەتگوزارییە نافەرمییەکانی دیکە لە خۆ دەگرێت.

کەرتی ناتەکووز: هەر هەموو کارە پۆلێنبەندییەکان لەم کەرتەدا شوناسی نایاساییان هەیە، وەکوو ڕاکردن لە ڕێساکان، و ساختەکاری لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان. تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم کەرتە ئەوەیە کە سەرەڕای یاساییبوون و مۆڵەتداربوونی بەرهەمهێنان کاڵا و خزمەتگوزاری، کارێکی نایاسایی و ساختەکارانە لە شێوازی بەرهەمهێنان و یان دابەشکردنەکەیدا ڕووی داوە.

کەرتی نایاسایی: بەرهەمهێنانی کەرتی ناتەکووز یاسایی و ڕێگەپێدراوە، بەڵام بەرهەمهێنانی کەرتی یاسایی بریتییە لە چالاکی و بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریی نایاسایی وەکوو قاچاغی کاڵا، دزی، باجگیری، بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، داوێنپیسی و هتد. بەو پێیەی کە خۆ لە باجیش دەدزنەوە. بێگومان بەرپرسانی هەموو وڵاتێک زیاتر هۆگری کۆتاییهێنان بە بەرهەمهێنانی ساختەن نەک دەستخستنی باج [31].

کەواتە بە شێوەی گشتی ئابووریی ژێرزەوینی چوار کەرتی بنەماڵە، نافەرمی، ناتەکووز و نایاسایی لە خۆ دەگرێت.

هەر لەم زەمینەدا دەبێ بڵێین هۆکار و ئاسەوارەکانی ئابووریی ژێرزەوینی لە ئێراندا بریتییە لە:

- ڕێژەی کاریگەری باجی: لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژە کاریگەرەکانی باج ڕێژەی ڕاکردنی باجی زیاتر ڕوو دەدا و قەبارەی ئابووریی ژێرزەوینی بەرز دەبێتەوە. جانسۆن و هاوکاران وتوویانە کە هەڵکشانی باج یەکێک لە سێ هۆکارەکانی بەشداری و چالاکی لە بازارە نافەرمییەکاندا.

- ڕادەی شارنشینی: پەرەسەندنی شارنشینی و چڕبوونەوەی حەشیمەت لەگەڵ بەپسپۆڕیبوونی کاروبارەکان خواست بۆ ئاڵوگۆڕ زیاتر دەکات. نەهێشتنی خێرای خواستە فرەچەشنەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنانی کەرەسەی پێدان جگە لە پارەی نەختی پێویست بێت. هەر بۆیە چوونە سەرەوەی ڕادەی شارنشینی بە پێی

چڕبوونەوە و بوونی سیستەمی پێشکەوتووی دارایی لە شاراندا، جیا لە گەشەی ئابووری، خواست بۆ پارەی نەخت بۆ ئەنجامدانی مامەڵە کەم دەبێتەوە. لەگەڵ هەڵکشانی کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شارەکان ڕێژەی پەراوێزنشینی بەرز دەبێتەوە و تاکەکان بە هۆی ئەوەی ناتوانن ڕاکێشی ئابووریی فەرمی ببن، دەچنە ناو ئابووریی نافەرمییەوە. کەواتە لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی شارنشینی ئابووریی نافەرمی زیاد دەبێت.

– پێوەری گەشەی مرۆیی: پێوەری گەشەی مرۆیی پیشاندەری ئاستی گەشەسەندوویی وڵاتانە. هەرچی ئەم پێوەرە زیاتر بێ، وڵات لە سۆنگەی پەروەردە، تەندروستی، و ڕێژەی داهات گەشەی کردووە کە بە شێوەی لاوەکی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکانی وڵات بەرەو ژیانێکی مۆدێڕنتر و پانتای کار و کاسپیی پرۆفیشناڵتر بچن. لە ئەنجامدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی بنەماڵەکان و پرۆسەی خۆبەکارهێنەریی تاکەکان مۆدێڕنتر و ئابووریی ژێرزەوینیی کەرتی بنەماڵە کەمتر دەبێتەوە [32].

– ڕادەی ڕێسای دەوڵەتی: ئاستی توندتربوونی ڕێساکان، کە زۆر جار بە ڕێژەی یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکان ئەندازە دەگیرێ، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمبوونەوەی ئازادی و هەڵبژاردنە تاکایەتییەکان لە ئابووریی فەرمییە کە لە ئەنجامدا کەمبوونەوەی ئابووریی ژێرزەوینی لێ دەکەوێتەوە.

– بێکاری: بێکاری یەکێک لە گەورەترین و هەمەگیرترین کێشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەکان لە سەدەی بیستەمە. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا بێکاری زیانێکی زۆر ئاوقانی کۆمەڵگا دەکا و لە وڵاتانی سێیەمدا بێکاریی بەربڵاو لە پەیوەندیی لەگەڵ هەژاریی ئابووری دەتوانێ مەترسییەکی زۆر تووشی کۆمەڵگا و ئابووری بکات. تەشەنەسەندنی بێکاری ئەنگێزەی چالاکی لە بوارە بێ مۆڵەت و قەدەغەکان زیاد دەکا و بەم شێوە هاوکاریی هەڵکشانی قەبارەی ئابووریی ژێرزەوینی دەکات [33].

## منداڵان وەک دارایی بنەماڵە

تیۆریی ڕفتاری بنەماڵە گریمانە دەکا کە بنەماڵە یەکەیەکی سەرەتاییە کە تێیدا هەندێ بڕیار لە مەڕ خوێندن یان کارکردنی منداڵان دەردەکرێت. لە بنەماڵە هەژارەکان بۆ تەواوکردنی داهاتی بنەماڵە و دابینکردنی ژیان و بژێویی خانەوادە، بەدیلکردنی کاری حەقدەستی لە یەکەکانی خانەوادە، و دابینکردنی ئاسایش لە تەمەنی پیری و

لاکەوتەیی گرینگییەکی تایبەت بە منداڵان دەدرێت. هەندێ لەم تیۆرییانەی ڕفتاری بنەماڵە زکوزا و ڕێژەی منداڵان وەک بگۆڕێکی ڕوونی گرینگ بۆ پەرەسەندنی کار سەیر دەکەن. بە پێی سەرچەشنی گەلاڵەکراوی بێکێر[1] لە ساڵی 1960، ڕفتاری زکوزا / منداڵخستنەوە دەرەنجامی براوردی ئابووریی دایک و باوک بە پێی شیکاریی هاوکێشەی خەرج – سوودی منداڵ و تەرخانکردنی کات و زەمان بۆ منداڵە، بەڵام بە لای منداڵانەوە نەرمینوێنیی چەندایەتیی داخوازی لە نەرمینوێنیی چۆنایەتیی داخوازی کەمترە. هەڵبەت ڕێژەی بنەماڵەی گەورەتریش لەوانەیە پاکانە بۆ تەشەنەسەندنی زۆری کاری منداڵ بکات [34].

## ناکارامیی بازاڕی کار

لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان لە بواری کاری منداڵان ئاماژە بەم ڕاستییە دەکا کە کاری منداڵان بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پێکهاتە یان ناکامییەکانی بازاڕی کار، ئاشکرابوونی جیاوازیی حەقدەستی نێوان کاری منداڵان و کاری گەورەساڵان، کەمبوونی بڕی حەقدەستی گەورەساڵان. لە بازاڕە ڕکابەرییەکاندا، کە حەقدەستەکان نەرمینوێنن، کاری منداڵان زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ببێتە بەدیلی کاری گەورەساڵان و ئەمە لەوانەیە هاوکاریی بەردەوامیی کاری منداڵان بکات. ئەگەرچی ئەو حەقدەستانەی کە بە هۆی ڕاندمانی زۆرەوە دەدرێ بە گەورەساڵان لەگەڵ لانیکەمی حەقدەست و یاسا هاوشێوەکان یەک ناگرێتەوە، سەرباری ئەمە، کرێکاری منداڵ پێشنیارێکی باش بۆ بازاڕی کار نییە. سەرچەشنی گەشەسەندووی باسۆ[2] و وان[3] لە ساڵی 1998 هاوپەیوەستیی نەرێنیی نێوان کاری منداڵ و داهاتی دایک و باوکی کرد بە بنەما. لە بازاڕی کار کاری منداڵ، بە پێچەوانەی ڕاندمانی کەم لە چاو کاری گەورەساڵان، دەتوانێ ببێتە جێگرەوەی کە هەر ئەمە دەبێتە هۆی دابەزینی حەقدەستی گەورەساڵان و بەم شێوە کاری منداڵ بەهێز دەبێت [35].

## فاکتەر و زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ڕێخۆشکەرەکانی کاری منداڵ

بە پێی ڕوانگەی مەندێلڤیچ[4]، فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان لە

1. Becker
2. Basu
3. Wan
4. Mendelvich

دروســـتبوونی زەمینەی کاری منداڵان دەوری بەرچاویان هەیە. لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە هۆکاری هەڵکشانی ڕێژەی ئەم دیاردە هەژاری و لاوازیی بارودۆخی ئابوورییە. هەروەها نەریتە چەســپاوەکانی ناو وڵاتانی کەمتر پێشــکەوتوو یەکێکی دیکە لەم فاکتەرانەیە. نەبوونی پەروەردەی فەرمی و نەبوونی ژێرخانی ئابووریی بەهێز وای کردووە کە دایک و باوکەکان بۆ ڕێگری لە بێکاری و کاتڕابواردنی منداڵەکانیان لە هەوڵی دۆزینەوەی ئیشێکی باش بۆ منداڵەکانیانن [36].

ڕوانگەی ڕۆدجێر و ســتەندینگ[1] ڕوونی دەکاتەوە کە بە خســتنە ڕووی تۆڕی شــیکاری لەو وڵاتانەی کە بڕی داهاتیان کەمە، فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی کاری منداڵ بۆ ســەر دوو بەش دابەش دەبن: یەکەم زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، دووهەم فاکتەری ڕفتاریی ورد. ســەبارەت بە تاقمی یەکەم پێکهاتەی پرۆســەی بەرهەمهێنان و بازاڕی کار ڕەچاو دەکرێ و ئەم بۆچوونە لە ئارادایە کە لە کۆمەڵگە ســەرەتاییەکاندا هەموو ئەندامانی بنەماڵە لە ئاراســتەی ملنەوە و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن و منداڵانیش بە پێی توانایان ئیش دەکەن. بە واتایەکی دیکە، کار بەشــێک لە پرۆســەی کۆمەڵگاگریی لەم کۆمەڵگایانەیە. بە پێی ڕوانگەی بەڕێزیان، ســەرباری ئەوەی پرۆسـەکانی بەپیشـەسـازیبوون و شـارنشـینی لە قۆناغە سـەرەتاییەکاندا دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی جۆرەکانی کاری منداڵ، لە درێژماوەدا ڕادەی کارەکەیانی کەم کردۆتەوە. لە مەڕ تاقمی دووهەم قسە لە سەر دەوری بنەماڵە لە شێواز و سەرچەشنی کاری منداڵان دەکرێت. چونکە ڕەهەند و پێکهاتەی بنەماڵە لە ئیشکردنی منداڵان و ئیشنەکردنیاندا دەوری دیاریکەرەوەیە هەیە. بە شێوەی گشتی سێ فاکتەر لە هەڵکشانی ڕێژەی چالاکیی منداڵان لەو وڵاتانەی کە داهاتیان کەمە کاریگەرە:

ئەلف) بارودۆخێک کە تێیدا ڕێژەی زکوزا دابەزیوە و زۆربەی منداڵانی ئەم بنەماڵانە لە تەمەنی مێرمنداڵی و سەرەتای گەنجێتیدان؛

ب) پێگەی پیشەسازیی پیشەیی بنەماڵەکان بە ئەگەری ئەوەی کاری منداڵان لەو بنەماڵانەی کە کرێکاری گەورەساڵی سەرەکی لە کەرتی کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری و بەتایبەت و خۆپیشەیی کار دەکەن؛

پ) داهاتی بنەماڵە و هەروەها خوێندەواریی دایک و باوکەکان کە لە دیاریکەرەوە گرینگەکانی چالاکیی منداڵانە.

1. Gery Rodger and Guy Standing

گرۆتیارت و کانبوور[1] لە ڕوانگەی ئابوورییەوە فاکتەرەکانی کاری منداڵانیان لێک داوەتەوە و بۆ سەر دوو دەستەی فاکتەرەکانی خستنە ڕوو و فاکتەرەکانی داخوازیی کاری منداڵیان دابەش کردووە: بە باوەڕی ئەوان فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی خستنە ڕووی کاری منداڵ بریتین لە:

1) ڕێژەی بنەماڵە و تەرخانکردنی زەمان: چۆنیەتیی تەرخانکردنی کاتی منداڵ بۆ کار لە لایەن بنەماڵەوە بە ئەندازە و پێکهاتەی خلنەوادە، بواری بەرهەمهێنانی منداڵ و دایک و باوکەکان بەستراوەتەوە کە زۆر جار وابەستە بە بارودۆخی بنەماڵە و بازاڕی کار و ڕادەی بەدیل بوونی کار لە نێوان منداڵ و دلیک و باوکی ئەو مندڵە، زیاتر دایکە. کەواتە ڕەهەندی بنەماڵە دەوری سەرەکی لە کارکردنی منداڵاندا هەیە.

2) کاردانەوەکانی بنەماڵە بەرامبەر بە ئەگەری لەدەستدانی پیشە: هۆکاری سەرەکیی کارکردن بە منداڵان لە لایەن بنەماڵەکلنەوە لە لایەک هەڵکشلندنی بڕی داهاتی بنەماڵە و لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبردنی باشتری هەلومەرج و هەستکردن بە مەترسیی لە سۆنگەی لەدەستدانی داهاتە.

فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی داخوازیی کاریش بەم شێوەیە:

1) پێکهاتەی بازاڕی کار: بازاڕی کار بەش بە حاڵی خۆی دەوری کارکردن لە داهاتی بنەماڵەدا دیاری دەکات.

2) تەکنەلۆژیا: ئاستی تەکنەلۆژیا لە سەر ئەو ڕادەی کە منداڵێک بتوانێ ببێتە جێگرەوەی کەسێکی پێگەیشتوو کاریگەری دادەنێت [37].

بە باوەڕی فایف[2] کاری منداڵان بە تەنیا وڵامدلنەوەی پرۆسە ئابوورییەکان نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کاردا دیاریکراوە کەلتوورییەکانی منداڵانیشە. بەم پێیە، بەهاکانی پەیوەست بە چالاکیی منداڵان ناوەڕۆکی پرۆسە کۆمەڵگاگرییەکان ڕوون دەکاتەوە و ئەم کۆمەڵە فاکتەرە ئابووری / کەلتوورییانە پەیوەندییەکی قووڵیان پێکەوە هەیە. کاری منداڵ میکانیزمێکی لە خۆ گرتووە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەورە ڕەگەزییەکان فێر دەکرێن و هەمیشەیی دەبن. هەروەها وڵامدانەوەی کۆمەڵێکی بەربڵاوی چاوەڕوانییە خزمایەتییەکلنە کە منداڵ لە سەرەتاسەری ژیانی دەبێ جێبەجێکردنی بکات. جیا لەولنەی وترا، کاری منداڵ لە ناو دڵی بنەماڵەی بەربڵاو شێوازێک لە کۆمەڵگاگریی ئەو منداڵە لە خۆ دەگرێ کە شووناسێکی چەوسێنەرانەی هەیە. گۆڕانگارییە

1. Chiristian Grootaert and Ravi Kanbur
2. Fyfe

ئابوورییەکانی وەکوو مەندیی ئابووری کاریگەری لە سەر کاری منداڵان دادەنێت. ئاسەوارەکانی ئەم ڕەوتە بریتییە لە ئاستی هەڵکشاوی هەژاری، دابەشینی نایەکسانانەی داهات و کارکردنی گەورەساڵان کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر منداڵان دادەنێت [38]. نووسەرانێکی وەکوو بۆیدێن[1]، کە لە مەڕ ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی منداڵان لە وڵاتانی باشوور زانست و زانیاریی ئەزموونی و کردەییان هەیە، ڕاشکاوانەناڵێن کە قسە تەنیا لە سەر پێویستیی ئابووری نییە. ئەوان لەم بارەوە وردبینانە ئیش دەکەن. بۆ وێنە لێکۆڵینەوەکەی لە بەنگالۆر[2] پیشانی دا ڕێژەیەکی زۆری دایک و باوکەکان بەم بیرۆکەوە کە فێربوونی پێشوەختەی پیشەیەک شێوازێکە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانن منداڵەکانیان بۆ پێویستییەکانی ژیانی داهاتوویان ئامادە بکەن، منداڵەکانیان دەنێرن بۆ کاری جۆراوجۆر. شیڵدکراوات[3] بە سوودبینین لە لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە مەڕ منداڵانی موسڵمانی نەیجەریا لە باکووری ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کاری منداڵان بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی پێویست و گرینگن [39].

## پەیوەندیی تیۆریی کاری منداڵ و بازرگانی

ئەم تیۆرییە جێفری و لاهیری[4] لە ساڵی 2002 لە پەیوەندیی تیۆریی نێوان کاری منداڵ و بازرگانییان لێک داوە. ئەوانیان پیشانیان دا گەمارۆ بازرگانییەکان لەوانەیە ڕێژەی کاری منداڵان زیاد بکا نەک کەم. توێژەران وا دەزانن وڵاتێکی کەمداهات کاڵای بەرهەمهاتووی وای تێدایە کە بە شارەزایی و لێهاتوویی کەمەوە چێ کراون. لە وڵاتێکدا کە ئیمتیاز و هەڤیازییەکی ڕێژەیی هەیە و تێیدا کاڵا هەنارده دەکرێ ئەم کەرتە بێبەری لە لێهاتوویيە لە ئابووریشدا وەک شوێنی کارکردنی منداڵان لە قەڵەم دەدرێت. کەواتە گەمارۆی بازرگانی کاریگەری لە سەر کەرتی نالێهاتوو و لە ئەنجامدا کاری منداڵان دادەنێت. لە یەکەم ڕوانگەدا ڕێی تێدەچێ کە ئەم گەمارۆیانە ئاستی داخوازیی بۆ ئەم کاڵایانە واتە ئەو کاڵایانەی کە بە لێهاتوویی کەمەوە دروست دەکرێن، کەم بکاتەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمبوونی ڕێژەی کاری منداڵان لەم کەرتەدا، بەڵام گەمارۆی بازرگانی دەتوانێ ئاسەواری دیکەشی هەبێ، وەکوو کەمکردنەوەی دەرماڵەی مانگانەی چوونە قوتابخانە کە دەستڕاگەیشتن بە گووژمە

1. Boyden
2. Bangalore
3. Schildkraut
4. Jafarey and Lahiri

کەم دەکاتەوە و هەر ئەمە دواتر دەتوانێ ببێتە هۆی کەمبوونەوەی سـەرمایەدارینەری لە کەرتی پەروەردەدا [40].

## سەردەمی زانیارییەکان و کونەڕەشەکان

کاسـتلێز[1] لە توێژینەوە بەناوبانگەکەی خۆی لە ژێر ناوی "سـەردەمی زانیارییەکان" بە کـەڵکوەرگرتن لـە خوێـندنـەوە و بـەڵگـەی ئـەزموونیی زۆر لـە پێوەرێکی جیهـانیـدا چۆنیـەتیی نوێبوونـەوەی پێکهـاتـەی سـەرمـایـەداریی جیهـانی و بیچمگرتنی سـەرمایەداریی زانیارییەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم نوێبوونەوەی پێکهاتەی تـاوتوێ کردووە. بـە پێی تیۆریی کـاسـتلێز، یـەکێک لـە کـاریگـەرییـە نـەرێنییـەکـانی نوێبوونەوەی پێکهاتەی سـەرمایەداریی جیهانی و بیچمگرتنی "کۆمەڵگای تۆڕی" دەرکەوتنی پرۆسـەی "جیاوازی و سـڕینەوەی کۆمەڵایەتی" و "کونەڕەشـەکانی جیهانی چوارەم" لە پێوەرێکی جیهانی، نیشـتمانی، ناوچەیی و گەڕەکییە. کاسـتلێز پێی وایە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960 بەم لاوە لەگەڵ شـۆڕشـی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و تێپـەڕین لـە سـەرمـایەداریی پیشـەسـازیی و کۆمـەڵگـا دەوڵـەتسـالارەکـانـەوە بۆ سـەرمایەداریی زانیارییەکان و کۆمەڵگا تۆڕییەکان، هەندێ گۆڕانکاری لە پەیوەندییە ئـابوورییـە جیهـانییـەکـانـدا بـەدی هـاتووە کـە لاوازیی دەوڵـەت - نـەتـەوە و دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی، گۆڕانکاری لـە پێکهاتەی بنەماڵەی ناوکیی کلاسـیک، دەرکـەوتنی بیچمە نوێکانی هەژاری و پەراوێزنشـینی و "جوگرافیای سـڕینەوەی کۆمەڵایەتی - نیشـتمانی" لە ناوچە جیاجیاکانی جیهانی لێ کەوتۆتەوە. ناوبراو کۆمەڵە پرۆسـەی بەدیهێنەری جیاوازی / سـڕینەوەی کۆمەڵایەتی دەباتەوە سـەر گۆڕانکاری لە هەر دوو قـەڵـەمڕەوی بواری پـەیوەنـدیی دابـەشکردن - بـەکـارهێنـان و بۆنـەکـانی بـەرهـەمهێنـان. نـایـەکسـانی، جـەمسـەرێتی، هـەژاری و نـەداری هـەر هـەموویـان لـەگـەڵ بواری پەیوەندییەکانی دابەشکردن - بەکارهێنان یان ئاسـتە جیاوازەکانی وەدەسـتهێنانی سەرمایە، کە بە هەوڵی گشتی بەرهەم دەهێنرێ، لە پەیوەندیدان. لە لایەکی تریشەوە بە تاکایەتیبوونی کار، چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری کرێکاران، سڕینەوەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی سـنووردار لە تایبەتمەندییەکانی پرۆسـەی پەیوەندییە ومبەرهێنلنەکلنە.[2]

---

1. Manuel Castells

2. کاسـتلێز، ئیمانوێل (1380). ئابووری، کەلتوور، سـەردەمی زانیارییەکان، کۆتایی هەزارە (ئەفشین خاکباز و ئەحمەد عەلیقولیان). بەرگی سێیەم، تاران: تەرحی نو (طرح نو).

کاسـتلێز ڕوونی دەکاتەوە کە گرینگترین پرسـی هێزی کار لە سـەردەمی زانیارییەکان کۆتایی کار نییە بەڵکوو بارودۆخی کرێکارانە.

## چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر

بە بۆچوونی کاسـتلێز، نایەکسـانی ئاماژە بە وەدەسـتهێنانی نایەکسـانانەی سـامان لە لایەن کەس و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەکات. جەمسـەرایەتی پرۆسـەی تایبەتیی نایەکسـانییە و ئەو کاتە ڕوو دەدا کە هەر دوو سـەری لایەنەکە، دابەشبوونی داهات یان سـامان خێراتر لە بەشـی ناوەندیی ئەم لایەنە گەشـە بکات. بەم شـێوە ناوەندی لایەنی دابەشکردنی سـامانی بچووک دەبێتەوە و جیاوازییە کۆمەڵایەتییە نێوان جەمشـیمەتییەکان، کە لە هەر دوو سـەری لایەنەکەدان، زەقتر دەبێت. هەژاری پێوەرێکە کە پێناسـەیەکی چەسپاوی هەیە و پەیوەستە بە ئاستێک لە سەرچاوەکان کە خوارتر لەو گەیشتن بە ستانداردەکانی ژیان، کە وەک لانیکەمی ژیانێکی ئاسـایی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو لە قەڵەم دەدرێ، مومکین نەبێت. داماوی ئاماژە بە دیاردەیەک دەکا کە ئامارگرانی کۆمەڵایەتی پێی دەڵێن "هەژاریی لە ڕادەبەدەر"؛ واتە نزمتر لە ئاستی دابەشکردنی داهات - داراییەکان یان بە وتەی هەندێ لە کارناسان، "بێبەشی" کە کۆمەڵێکی بەربڵاو لە بێبەشییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت. مەبەسـتی کاسـتلێز لە چەوسـاندنەوەی لە ڕادەبەدەر ئەو کۆمەڵە بارودۆخ و زنجیرە کارلنەیە کە ڕێگە بە سـەرمایە دەدا بە شـێوەی ڕێکوپێک پێدان - تەرخانکردن وەدوا بخا و یان لە چاو ڕێسـاکان (شـێوازی ئاسـایی لە بازاڕێکی کاری فەرمیی دیاریکراو و لە کات و شـوێنی دیاریکراو) هەلومەرجێکی توندئاژۆتر بە سـەر گرووپێکی دیاریکراو لە کرێکاران بسـەپێنێت. ئەم وشـە ئاماژە بە نایەکسـانی لە دژی کۆچبەران، کەمینەکان، ژنان، منداڵان، یان دیکەی ئەو گرووپە کرێکارانە دەکا کە وەبەر هەڵاواردن دەکەون و ناوەندە چاودێرەکان ئەوە بە ڕێگەپێدراو دەزانن و یان لەم بارەوە نەرمی دەنوێنن. یەکێک لەو ڕەوتە مانادارانەی کە لەم بوارەدا بوونی هەیە باوبوونی دوبارەی منداڵانی کار لە سـەرتاسـەری جیهان و لە هەلومەرجی چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر، بێبەرگری، و کەڵکاوەژوویە [42].

کاستلێز هۆکارێکی دیکەی بەکارهێنانی منداڵانی لە بێبەرگریبوونیان دەزانێ کە هەر ئەوەش وا دەکا خاوەنکار بتوانێ کەمترین حەقدەسـت و هەلومەرجێکی کاریی ستەمکارانەیان بە سەردا بسەپێنێت. لەو ڕووەوەی کە منداڵان توانای ئەوتۆیان نییە و

هەروەها لە گەورەســاڵانیش مەســرەفیان زیاتر نییە، مومکینە گرینگترین هۆکاری دامەزراندنیان بابەتی نائابووری بێت. لەم بابەتەدا زۆر هۆکاری نائابووری بوونیان هەیە، بەڵام گرینگترینیان ئەم بابەتەیە کە منداڵان ســەبارەت بە مافەکانی خۆیان زۆر ئاگادار نین، کەمدەردەســەرترن، بە ئاســانی فەرمانەکان جێبەجێکردن دەکەن و بە بێ هیچ ســکاڵایەک کارە یەکدەســتەکان ئەنجام دەدەن، متمانەپێکراوترن، ئەگەری دزیکردن لە ناویاندا کەمترە و کەم وا هەیە لە شــوێنکەدا ئامادە نەبن. لە پیشەسازییەکانی کەرتی نافەرمیدا، کە کرێکاران بە شێوەی نافەرمی و بە هەڵکەوت دادەمەزرێنرێن و لە ئەنجامدا هەموو ڕۆژێ پێویستیان بە گرووپی تەواوی کرێکارانە، بەشدارنەبوونی کەمتری کرێکاران بۆ خاوەنکارەکان زۆر گرینگە. ڕەگەکانی زێراندنی منداڵان دەبێ لەو میکانیزمانەدا بۆ بگەڕێی کە هەژاری و ســڕینەوەی کۆمەڵایەتی لە ســەرتاســەری جیهانی لێ دەکەوێتەوە. منداڵان بە کەوتنە ناو داوی هەژاری و بێبەشبوونی وڵاتان، ناوچەکان و گەڕەکەکان لە خولگەکانی ســامان و دەســەڵات و زانیاری، دارمانی پێکهاتەکانی بنەماڵە دواپین مەتەرێزی بەرگری لە منداڵان تێک دەڕووخێنێت. لە هەندێ لە وڵاتانی هەژاری جیهان لە ناوچە گوندییەکان و گەڕەکە تەنەکەنشینەکان ئەم پێکهاتەیە دەبینین کە پشتی بنەماڵەی شکاندووە، بە جۆرێک کە بۆ مانەوەی خۆیان یان منداڵەکانیان دەفرۆشــن یان دەیاننێرنە ســەر شــەقام بۆ ئەوەی یارمەتیدەری بنەماڵە بن [43]. کاستلێز ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم بارودۆخی سەخت و چەتوونی کارییە بە حەقدەســتی کەمەوە بۆ منداڵان و کاتژمێری دوور و درێژی کار بە هۆی چەند هۆکاری جیاوازە: یەکەم ئەوەی کە ئەم بابەتە بە هۆی پەرەسەندنی هاوکاتی هەژاری و جیهانگیریی چالاکییە ئابوورییەکان لە جیهانە. قەیرانی ئابوورییە بژێوییەکان و هەژاربوونی بەشی هەرەزۆری حەشیمەت، بنەماڵە و منداڵان هان دەدا کە بۆ مانەوەی خۆیان دەســت بدەنە هەر ئیشــێک؛ لەم بارودۆخەدا ئیتر دەرفەتێک بۆ خوێندن نامێنێ، بنەماڵە زیاتر پێویستیان بە داهاتی منداڵەکانیانە و ئەم پێویستییە زۆر بەپەلەیە. بنەماڵەکان لە ڕووی ناچارییەوە ڕۆڵەکانی خۆیان بۆ ئیشــی ناچاری دنە دەدەن. خوێندنەوە ئەنجامدراوەکان کاریگەریی بنەماڵەی پڕحەشــیمەت لە ســەر کاری منداڵان پیشــان دەدا؛ هەرچی ڕێژەی منداڵان زیاتر بێ، ڕێژەی ئەو کەســانەی کە لە بری قوتابخانە دەنێردرێنە سەر شەقامیش زیاتر دەبێت [44].

## کۆچ، پەراوێزنشینی

لە سەرتاسەری جیهاندا کۆمەڵگا نەریتییەکان لە دارِماندان کە منداڵان پەلکێشی ناوچە هەژارنشینەکانی گەورەشارەکانی وڵاتانی نەپارێزراو دەکات. ئەم بابەتانە بریتییە لە کۆچ و کۆچی ناچاریی منداڵان لەگەڵ بنەماڵەکانی خۆیان بۆ ناوچە و وڵاتانی دیکە کە ئەمەش دەبێتە هۆی لە ناوچوونی سیستەمی پاڵپشتی و سیستەمی باوکسالاریی نەریتی [45].

## سرینەوەی کۆمەڵایەتی

لە دیکەی توخمە شیکارییەکانی کاستلێز چەمکی "سرِینەوەی کۆمەڵایەتی"یە. سرِینەوەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیە نەک بارودۆخ. کەواتە سنوورەکانی دەگۆرِێ و لە زەمەنە جیاوازەکاندا بە گوێرەی ئاستی خوێندەواری، تایبەتمەندییە حەشیمەتییەکان، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، شێوازەکانی کار و سیاسەتە کردەییەکان، واتە چ کەسانێک کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە و کێی لێ بسرِدرێتەوە، لەوانەیە جیاواز بێت. جیا لەوە ئەگەرچی بە هۆی نەبوونی کاری تەکووز وەک سەرچاوەی داهات لە کۆتاییدا میکانیزمی سەرەکی سرِینەوەی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی کە تاک و گرووپەکان بۆچی و چۆن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان ڕووبەڕووی دژواری - بێئیمکانیاتی و دەرفەتی پێکهاتەیی - دەبنەوە بە لایەنێکی بەربڵاوی جۆرە جیاوازەکانی هەژارییەوە بەستراوەتەوە. هەروەها کاستلێز پێی وایە پرۆسەی سرِینەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای تۆرِیی ئێمەدا پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک و وڵاتان هەیە، بە جۆرێک کە لە هەندێ هەلومەرجدا هەندێ لە وڵاتان، ناوچە، شار یان گەرەکەکان بە تەواوەتی نامێنن و هەموو یان زۆربەی حەشیمەت خۆیان بۆ ئەم لا پەلکێش دەکەن.

کەواتە ئەم گۆرِانکارییە چەسپاوانەی کە لە ڕەوتی نوێکردنەوەی پێکهاتەی ئابووریی جیهانی لە بواری ئابووریی سیاسیی کۆمەڵگاکانی ئەورۆدا ڕووی داوە بیچمگرتنی پرۆسەی سرِینەوەی کۆمەڵایەتی لێ کەوتۆتەوە. کە لە سەر بنەمای پەیوەندییەکانی دەسەڵات و چەوساندنەوەیە و لە سەر ئاستی ناوەندی و ورد بە پێی بگۆرِە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ڕەگەزێتی و تەمەن بە شێوازێکی جیاواز ئیش دەکا بە جۆرێک کە بە هۆی ئەم پرۆسەوە لاوازترین گرووپەکان لە سۆنگەی تەمەن و ڕەگەزەوە تووشی چەوساندنەوە و سرِانەوەی دووقات دەبن کە نموونەی وەها بابەتێک کاری منداڵان و چەوساندنەوە و زێراندنیان لە حاڵەتی جۆراوجۆرە. خوێندنەوەکانی کاستلێز پیشان دەدا پەیوەندیی ناتەواو و پەیوەندیی ئابووریی نایەکسانی وڵاتانی


جیهانیی سێیەم و لە حاڵی گەشــە لەگەڵ ئابووریی جیهانی لە ڕێگەی پلانی هاوســەنگ کردنی پێکهاتەیی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی بەربڵاوی لەم کۆمەڵگایانەدا بەدی هێناوە کە لە زۆرێک لەم کۆمەڵگایانەدا تێکەڵ بە لاوازیی دەوڵەت - نەتەوە و بەتایبەت لاوازی و داوەشــانی هێدییانەی دەوڵەتی خۆشــگوزەرانی، گۆڕانکاریی لە ئابووریی بژێوی و پەرەســەندنی کەرتی نافەرمیی ئابووری بووە. ئەم گۆڕانکارییە چەسپاوانە لە بواری ئابووریی سیاسی بۆتە هۆی بەهێزبوونی هەژاری، نایەکسانی، داماوی، بە تاکایەتیبوونی کار، چەوســاندنەوەی لە ڕادەبەدەری هەژاران، ژنان و منداڵان، ســڕینەوەی کۆمەڵایەتی، و بیچم گرتنی ئابووریی تاوانکارانە لەم چەشــنە کۆمەڵگایانەدا. گۆڕانی پەیوەندییە خێزانییەکانی چین و توێژە پلە نزمەکان لەگەڵ ئابووریی سیاسی و سیستەمی چینبەندیی کۆمەڵایەتی سەرچەشنی ئابووریی بنەماڵە، و بە دوایدا پێکهاتەی نەریتی و سەرچەشنی پەیوەندییە کاردایی خێزانییەکانی چین و توێژە نزمەکانی کۆمەڵگای گۆڕیوە. هەروەها زەمینەی زیاتری بۆ کاری ژنان و منداڵانی لە کەرتی ئابووریی نافەرمی و چەوساندنەوەیانی خۆش کردووە و دەرکەوتنی "جیهانی چوارەم" لە پێوەری جیهانی، ناوچەیی و گەڕەکی لێ کەوتۆتەوە.

## کونەڕەشەکان

بە باوەڕی کاستلێز، کۆمەڵگای تۆڕی خۆی قوت دەدا، چونکە وەها منداڵەکانی خۆی تەفر و توونا دەکا کە لە نەوەکاندا مانای بەردەوامیی ژیان لە بار دەبا و بەم شــێوە داهاتوویەک دروست دەکا کە تێیدا سۆزی مرۆڤایەتی تێدا نییە کە کاستلێز ناوی دەنێ کونەڕەشەکان.

کاردای کونەڕەشەکانی جیهانی چوارەم ئەوەیە کە پەراوێزخراوەکان دەگرێتە خۆی و لە هەمان کاتدا هاوکاریی وەبەرهێنانەوەی ســڕینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەم کونەڕەشــانە لە هەمان کاتدا کە زۆر جار لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان، لە ســۆنگەی کۆمەڵایەتی - کەلتوورییەوە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ڕەوتی ســەرەکیی کۆمەڵگادا نییە. ئەم ناوچانە لە ســۆنگەی ئابوورییەوە لەگەڵ بازاڕە تایبەتەکانی وەکوو ئابووریی تاوانبارانە و لە ڕووی ئیدارییەوە لەگەڵ ناوەندگەلێکی وەکوو پۆلیس و دابین کردنی کۆمەڵایەتی کە بۆ کۆنترۆڵکردنیان دامەزراون، لە پەیوەندیدان. جیهانی چوارەم لە ناو دڵی چەندین کونەڕەشــی ســڕینەوەی کۆمەڵایەتی لە ســەرتاســەری جیهاندا ســەریان هەڵداوە. جیهانی چوارەم ناوچەیەکی بەربڵاوی گۆی زەوی وەکوو وڵاتانی ئەفریقایی

ژێر هێڵی بیابان و ناوچە هەژارەکانی ئەمریکای لاتین و ئاســیا لە خۆ دەگرێ، بەڵام ئـەم جیهانـە دەتوانین بڵێین لـە هـەموو وڵات و هـەموو شــارێکی ئـەم جوگرافیـای ســڕینەوەی کۆمەڵایەتییەشــدا دەبینرێت. ئەم جیهانە لە گەڕەکە هەژارنشــینەکانی شــارەکانی ئەمریکا، دانیشــتووانی نارەســەنی ئیســپانیا، یان کۆمەڵێک لە گەنجانی بێکاری گەڕەکە فەرەنســییەکانی باکووری ئەفریقا، گەڕەکەکانی بووســیای ژاپۆن، تەنەکەنشینەکانی (کەوێڵنشینەکانی) گەورەشارەکانی ئاسیا پێک هاتوون. دانیشتووانی جیهانیی چوارەم لە ملیۆنان لانەواز، زیندانی، تاوانبار، لەشــفرۆش، دڵڕەق، بەدناو، نەخۆش و نەخوێندەوار پێک هاتوون. ئەوان لە هەندێ لە ناوچەکاندا زۆرینەن و لە هەندێ ناوچەی دیکەشــدا کەمینەن و لە هەندێ بارودۆخدا باشــترن، کەمینەیەکی بچووک پێک دێنن، بەڵام لە هەموو شـوێنێکدا ڕێژەیان ڕووی لە هەڵکشـانە و بوونیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تۆختر دەبێ، چوونکە ڕەوتی ئێســتای ســەرمایەداریی زانیاری و دارمانی ســیاســیی دەوڵەتە خۆشــگوزەرانەکان دەبێتە هۆی زەقتربوونی ســڕینەوەی کۆمەڵایەتی. [48]



وێنەی ژمارەی (2) چارتی مۆدێلی تیۆریی کونەڕەشەکان

کاســتلێز پێی وایە لە نێوان لۆژیکی بازاڕی بێســنوور لە ئابووریی جیهانیی تۆڕی، کە تـەکنەلۆژیـای پێشــکـەوتنی زانیـارییـەکـان بـەهێزیـان دەکـەن و دیاردەی منداڵانی کار پەیوەندییەکی پێکهاتەیی لە ئارادایە. لە ڕاســتیدا لە بواری گەشــەی ئابووری زۆر جار ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونەی شارەزایان دەبینەوە کە تەشەنەسەندنی کاری منداڵان وەک

کاردانەوەیەکی لۆژیکیی بازاڕ قبووڵ دەکا، کە لە بارودۆخی تایبەتیدا سـوودێک بە وڵاتان و بنەماڵەکان دەگا و پشتڕاستی دەکاتەوە. هەروەها هەر دوو کۆمەڵە فاکتەرەکانی خستنە ڕوو و داخوازی دەبێ دارمانی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگاکان و بنەبڕکردنی بەربڵاوی حەشیمەتەکان بە هۆی شەڕ، قاتوقڕی، پەتای هەمەگیر و چەتەیی وەک سەرچاوەکانی زێراندنی لە ڕادەبەدەری سـڕینەوەی و لەناوبردنی منداڵانیان پێ زیاد بکەین. لە لایەکی تریشەوە نەخوێندەواری دەبێتە هۆی بێکاری، هەژاری و لە کۆتاییدا بێبەشیی کۆمەڵایەتی [48].

## تیۆریی دەروونناسی / کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کاری منداڵ

### تەندروستیی دەروون

ســـەبارەت بـە تـەنـدروســتیی دەروونی ڕوانگـەی جیـاوازی وەکوو قوتـابخـانـەی ڕفتـارخوازی، مرۆڤ‌خوازی، تۆڕی کۆمـەڵایـەتی، دەروونـنـاســیی کۆمـەڵایـەتی، دەروونناســیی مۆدێلی کاریگەریی ڕاســتەوخۆ یان کاریگەریی ســەرەکیی و مۆدێلی زنجیرە پلـەیی - قـەرەبووکردنـەوە، ئـاخـاوتوون. ڕوانگـەی مرۆڤ‌خوازی پێی وایـە تەندروســتیی دەروونی واتە دابین‌بوونی خواســتە بنەڕەتییەکان و گەیشــتن بە قۆناغی خۆگەشاوەیی. هەر هۆکارێک کە تاک لە ئاستی دابین‌کردنی خواستە ئاستە نزمەکاندا ڕابگرێ و ڕێگری لە گەشانەوەی بکا ئەو کەسە تووشی تێکچوون دەکات. بە گوێرەی ڕوانگەی ڕفتارخوازی تاک ڕفتاری ســازش‌نەکراوانە وەکوو دیکەی ڕفتارەکان بە هۆی دووپات‌کردنەوە فێری دەبێت. لە لایەکی دیکەشــەوە تەندروستیی دەروونی ئەو ڕفتارە ســازشــکارانە (یان خۆگونجاوانە) لە خۆ دەگرێ کە فێر دەکردرێت. کەواتە ڕوانگەی ڕفتارخوازی فێربوونی سـەقەت بە هۆکاری سـەرەکیی کێشـەی دەروونی دەزانێ و پێی وایە تەندروستیی دەروونی لە ڕێگەی شکستهێنان لە فێربوونی ڕفتاری سازشکارانەی پێویســـت یان نامرازی لە زاڵبوون بە ســـەر پێگە کۆمەڵایەتییەکان بە شــێوەیەکی سەرکەوتووانە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە.

چـاهێن[1] (1991) تـەنـدروســتیی دەروونی بـە بـارودۆخێـک لـە بـاڵقبوونی دەروونناســانە دەزانێ کە بریتییە لە: زیاترین کاریگەری و ڕەزامەندیی وەدەســتهاتوو لە یەککەوتنی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە سۆز و کاردانەوەی ئەرێنی لە هەمبەر خۆ و دیتران [50].

مۆدێلی زنجیرە پلـەیی - قـەرەبووکراوی لـە ســـەر ئـەوەیـە کـە ئـەگـەر تـاکـەکـان لـە پەیوەندییە سەرەتاییەکانی داکۆکی بێبەش بن، بۆ وەرگرتنی داکۆکی خولیای پەیوەندییە پلە نزمەکان دەبن. لە ڕاســتیدا تیۆریســییەنەکانی ئەم ڕوانگە لەو بۆچوونەدان بە هۆی ئەوەی پەیوەندییە دۆستایەتییەکان لەگەڵ کەسـانی نزیک کاریگەریی زیاتری لە سـەر ڕۆحییەی مرۆڤ هەیە، ئەوان گرووپە یەکەم و نزیکەکانیان لـە کەســـانی دیکە پێ باشــترە. خاوەن تیۆرییەکانی ئەم ڕوانگە پێیان وایە کە لە نەبوونی پەیوەندییە ســەرەتاییە خێزانییەکاندا، پـەیوەنـدیی پلـە نزمتر وەکوو دۆســـتـایـەتی، دەتوانێ ببێتە جێگـەرەوەی قەرەبووی پەیوەندییە خێزانییەکان [51]. بە گوێرەی ئەو توێژینەولنەی کە کارتێکراوی

1. Chauhan

ئەم مۆدێلەن، ئەو کەســانەی کە لە تۆڕی داکۆکیی بنەماڵەدان، کەمتر خەمۆکن و زۆربەیان باری دەروونییان تەندروستترە [52].

هەروەها لە ڕوانگەی ئێدلێر[1]، تەندروســتیی دەروونی واتە بوونی ئامانجی دیاریکراو لە ژیان، بوونی فەلســەفەی تۆکمە و پتەو بۆ ژیان، بوونی پەیوەندیی خێزانی و کۆمەڵایەتیی باش و بەردەوام، بەســودبوون بۆ مرۆڤەکان، بوونی جەســارەت و بوێری و لێبڕاوەیی، توانای کۆنترۆڵکردنی ســۆز و هەســت، بوونی ئامانجی هەمیشەیی و دەستڕاگەیشتنی نەفس بە کەماڵ (تەواوکۆیی)، قبووڵکردنی کێشەکان و بە پێی توانا هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆ [53].

## تێکچوونی پرۆسەی گەشەی سرووشتی

ژان ژاک ڕۆســۆ[2]، بیرمەندی فەرەنســی و دامەزرێنەری شــێوازە نوێکانی پەروەردە و ڕاهێنان، یەکەم کەسێک بوو کە هەرەتی مێرمنداڵی لە منداڵی جیا کردەوە و لە نیمچە ڕۆمانی ئێمیل تێکۆشــا ســەرنجی ڕاهێنەر لە بابەتی وانە و فێرکردن بگوازێتەوە بۆ خودی منداڵ، وەک کەسێک کە دەبێ ئەم زانســت و تەکنیکانە فێر بێ و بە خســتنە ڕووی ئایدیای "منداڵتەوەری" و "منداڵمەداری" هەوڵی دا چاکســازی لە ڕوانگەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە منداڵ بکات. بە بۆچوونی ئەو، منداڵ نە ئاژەڵێکی نالۆژیکی و نە کەســێکی گەورەســاڵە بەڵکوو تەنیا منداڵە کە دەبێ پرۆســەی گەشــەی ســروشــتی تێپەڕێنێت. ژان ژاک ڕۆسـۆ، کە بە پیشــەنگی دەروونناســیی منداڵ دەیناســن، دنیای منداڵی بە جیاواز لە دنیای گەورەســاڵ دەزانێ و پێی وایە منداڵ دەبێ لە جیاوازی، لاوازی و بێهێزییەکانی خۆی ئاگادار بێ، بەڵام نابێ بە هۆیانەوە ئازار ببینێت؛ ئەو دەبێ فێری وابەســتە بوون بێ، بەڵام نابێ گوێڕایەڵێکی ڕەها بێ؛. ناوبراو پەیتا پەیتا جەخت دەکاتەوە کە دەبێ بە پێی تەمەنیان هەڵســوکەوت لەگەڵ منداڵ بکرێ، چونکە سروشت بەر لە باڵقبوون وەک منداڵێک لە منداڵ دەڕوانێ و ئەگەر بڕیار بێ ئێمە ئەم دیســیپلینە بشــێوێنین میومیەکی پێشــوەختەمان دەبێ کە تامی نییە و دەکەوێتە بەر مەترسیی گەندەڵی.

ئەگەر ڕا و بۆچوونی ڕۆسۆ لەگەڵ بارودۆخی منداڵانی کار هەڵبسەنگێنین ڕاست تووشی هەمان میوەی پێشوەختە دەبین کە بەر لە تێپەڕاندنی پرۆسەی سروشتیی گەشە

1. Adler
2. Jean Jacques Rousseau

هاتوونەتە ناو دنیای گەورەسالیییەوە. ئەم منداڵانە ڕاست لەو ساڵانەی کە کاری سەرەکیی ئەوان فێربوون، شارەزابوون، یاری و ئەزموون وەدەستهێنانە دەبێ وەکوو تاکێکی گەورەساڵ کە بە هۆی نەبوونی و نەدارییەوە دەناڵێنێ، لە خەمی ناندا بێ و بۆ وەدەستهێنانی داهات منداڵیی خۆی لە سەرشەقام یان شوێنی کار بە فیڕۆ بدات.

شەیما سەتاری کارناسی باڵای (ماستەر) دەروونناسی و پزیشکی منداڵ و مێرمنداڵ، بە وەبیرهێنانەوەی مادەی یەکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، لە سەر ئەم بنەمایە کە هەر تاکێکی خوار تەمەن 18 ساڵان بە منداڵ لە قەڵەم دەدرێ، وتی:

ئەگەر بمانهەوێ بە گوێرەی کۆنوانسیۆنی جیهانیی مافەکانی منداڵ، بابەتەکە لێک بدەینەوە، دەبێ بڵێین سەپاندنی کاری ناچاری بە سەر منداڵان هەتا بەر لە تەمەنی 18 ساڵان لۆژیکانە نییە، چونکە تاکە ئەرکێک کە بۆ مەودای تەمەنیی نێوان سیفر هەتا هەژدە ساڵان پێناسە کراوە، یاری و فێربوونە و هەر شتێکی دیکە جگە لەمە بێ ئەوە زیانبەخشە، چونکە کارکردن هەلی ناسین، فێربوون و ئەزموونوەدەستخستن لە منداڵ زەوت دەکات. لە ڕاستیدا هەڕەتی منداڵیی تاک بە تاڵان دەبات.

یاری و ڕابواردن یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی منداڵانە و کاریگەریی زۆر لە سەر تەندروستی و پرۆسەی گەشەی جەستەیی، دەروونی و زەینییان دادەنێت. کایەیان بە تێکەڵێک لە وتار، بیر و کردار پێناسە کردووە کە هەستی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی لە منداڵاندا دروست دەکات. بە واتایەکی دیکە یاری داپەڕێکی خۆورووژاو لە لایەن منداڵانە کە جیا لە کاریگەرییە ئەرێنییەکەی لە سەر گەشەی و چالاکیی منداڵ، پرۆسەی فێربوون لە درێژەی یاریکردندا بیچم دەگرێت. کەواتە ئامادەکردنی هەلی یاریکردن بۆ منداڵان، چ لە ناو ماڵ و چ لە دەرەوەی ماڵ، داپەڕێکی پێویستە. بەڵام یەکەم شتێک کە منداڵانی کار لێی بێبەش دەبن هەلی یاریکردن و ئەزموونکۆکردنەوە لە ڕێگەی یاریکردنە، چونکە ئەوان دەبێ چەندین کاتژمێر کە منداڵە هاوتەمەنەکانیان خەریکی یاریکردنن ئیش بکەن. ئەم پرسە نە تەنیا ڕەوتی سروشتیی گەشەی منداڵ پەک دەخا، بەڵکوو توانای ناسینیشی کەم دەکاتەوە و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی هەتا دواساتی تەمەن واز لە کەسەکە ناهێنێت. دووهەمین بوارێک کە لە منداڵانی کار زەوت دەکرێ مافی پەروەردە و خوێندنە، چونکە ئەوان بە هۆی کاری زۆرەملێوە ناتوانن هاوشێوەی هاوتەمەنەکانیان لە کاتژمێرە دیاریکراوەکاندا لە پۆل و قوتابخانە ئامادە بن. منداڵانی کار بە هۆی بێبەشیی دیکەشەوە دەناڵێنن کە خۆشگوزەرانیی خێزانی، مافی هەبوونی خانوبەرەیەکی

پارێزراو، تەندروستییە کە کۆی ئەم بەشخوراوییانە هەستێک لە منداڵاندا دروست دەکا کە دەتوانێ کاریگەریی نەرێنی لە سەر هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگەی دەوروبەری و تەنانەت لە سەر خۆشی دابنێت. زۆرێک لە تاوانباران بیرەوەریی تافی منداڵییان گێڕاوەتەوە کە تێیدا لە هەندێ شت بێبەش بوون و ڕێی تێدەچێ لەبەر ئەم بێبەشێتییانە ڕەنج و دەردێکی زۆریان بەئەزموون کردبێ و تامەزرۆیی بۆ دەستخستنی ئەو شتلنەی کە لێی بێبەش بوون ئەوانی بەرەو ڕفتاری تاوانبارلنە دنە دابێت. شەیما سەتاری دەروونپزیشکی منداڵان و مێرمنداڵان، لەم بارەوە دەڵێ:

فرۆید سەرەتای گەورەسالی لەو کاتەوە دەزانێ کە تاک دەچێتە ناو بازاڕی کارەوە. ئێستا ئەم کەسە لەوانەیە لە تەمەنی دە ساڵانەوە چووبێتە ناو پرۆسەی کارەوە یان لە ناو تەمەنی بیست و هەشت ساڵانەوە. بەڵام ڕێک لەو کاتەدا کە کاری دەست پێ کردووە تافی منداڵییەکەی کۆتایی هاتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کەسێکی خوار تەمەنی هەژدە ساڵان بە منداڵ لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام کاتێک کە ناچارە بچێتە ناو پرۆسەی کارەوە، لە ڕاستیدا ئەوە تافی منداڵییەکەی لێ دزراوە و ئەم دزرلنە هەندێ لێکەوتەی هەیە کە هەم بۆ منداڵەکە خەسارەتبەخشە و هەم بۆ کۆمەڵگا، چونکە لەوانەیە بیهەوێ لە گەورەساڵیدا میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی تافی منداڵیی بەتاڵانبراوی بەکار بێنێ و ئەمە ڕەنگە مەترسیدار بێ و لە سەدا سەدی بیرەوەری و ئەزموونەکانی منداڵی کاریگەری لە سەر ژیانی گەورەساڵیی ئەو دابنێت.

منداڵازاری یان ئازاراندنی منداڵ زۆرێک لە چەشنە ڕفتارییە خەسارەتبەخشەکان لە خۆ دەگرێ، بەڵام کۆی ئەم ڕفتارە خەسارەتبەخشانە دەکەوێتە ناو چوار گرووپی ئازاری دەروونی، وتەیی، سێکسی و فیزیکییەوە. بە گوێرەی پێناسەی تەندروستیی جیهانی، منداڵازاری بریتییە لە هەر چەشنە بەدڕفتاریی فیزیکیی و یان سۆزداری، کەڵکاوەژۆیی سێکسی، پشتگوێخران یان ڕفتاری تێکەڵ بە پشتگوێخستن، چەوساندنەوەی بازرگانی، یان دیکەی جۆرەکانی چەوساندنەوە کە خەسارەتی ڕاستەقینە یان ئەگەریی ڕەهەندی تەندروستی، مانەوە، گەشە یان کەرامەتی منداڵی لێ دەکەوتەوە. هەندێ لە ئاسەوارەکانی ئەم ئازارانە وەکوو ئەو کاتەی کە منداڵ تەمبێکرانی جەستەیی بەئەزموون دەکا ئاشکرایە، بەڵام لێکەوتەی بەشێکی زۆری ئەو ئازارانەی کە منداڵ بەئەزموونی دەکا، شاراوەیە و لە کۆی ڕوانگەکانی تاک بەرامبەر بە ژیان، ڕفتارەکانی، و جۆری هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی لە هەرەتی گەورەساڵیدا خۆی دەنوێنێت. منداڵان لە لایەن ئەندامانی خانەوادە، مامۆستایانی قوتابخانە، یان هەندێ

کەس لە ناو قوتابخانەدا و ژینگەی دەوروبەری خۆیاندا ئازاریان پێ دەگا و کاتێ کە منداڵ تۆڕی داکۆکی نییە و بێپەنایە، ئەم ئازارانەش زیاتر دەبن. کەواتە منداڵانی کار بە هۆی بوونیان لە ناو شوێنی مەترسیداری کار، تەرکی سەر شەقام یان شوێنی داخراو کە داڵدە و پشتیوانیان نییە، دەکەونە بەر مەترسی و ئازاری دووقات. منداڵی کار باش دەزانێ کە بەشێکی زۆری ئەم زیانانە بە هۆی بەشخوراوییەتی و ئەگەر داکۆکیکارێکی هەبایە تووشی ئەم ڕووداوانە نەدەهات. پیاوێکی تەمەن 50 ساڵان کە لە تەمەنی دە ساڵانەوە لە فیتەرییەکدا ئیشی دەکا و ئێستا دوو شاگردی مێرمنداڵ لە ناو فیتەرییەکەی خۆیدا کە دەکەوێتە دۆڵی فەرەحزادەوە، هەیە لەم بارەوە وتی:

> نەمتوانی بخوێنم؛ دایکم نەخۆش کەوت و لە سووچی ماڵدا کەوت، باوکم هەمیشە لێی دەداین. وازم لە قوتابخانە و خوێندن هێنا. مامم منی بردە فیتەریی هاوڕێکەی، بوومە شاگرد. خاوەن گاراژ هەموو ڕۆژێ ئۆتۆمبێلی خۆی و هاوڕێکانی دەهێنا لەو سەرمای زستانەدا دەیوت بیشۆ؛ دەست و قاچم کەسیرە دەبوو. جارێکیان وتم ناتوانم، ساردە نایشۆم. کەوتە دوام، جوێنێکی ناشیرینی بە دایکم دا، تووڕە بووم، چەکووچەکەم هەڵگرت و بۆم کردە برینگە، جەڕوادەرەکەی داغ کرد و چزاندنی بە دەستمەوە. ئینجا لەگەڵ هاوڕێکانی قاقا پێم پێکەنین. گۆشتی دەستم هەڵماسیبوو. ئەو کات پێم خۆش بوو تۆڵە لە هەموو دنیا بکەمەوە. هاتمەوە بۆ باوکمم گێڕاوە، وتی بە توون. گوێڕایەڵ بە. پێم خۆش بوو باوکم بچێ گیانی بکێشێ و پێی بڵێ تۆ گوو دەخۆی ئاوا دەستی کوڕی منت دەسووتێنی، بەڵام باوکم هیچ بە لایەوە گرینگ نەبوو.

ئەو منداڵەی کە لە شوێنی کاردا لە لایەن خاوەنکار، کرێکارەکانی دیکە، و شارۆمەندانەوە سووکایەتی پێ دەکرێ و خەسارەتی دەروونی، فیزیکیی و سێکسی بەئەزموون دەکا و خۆی وەک بێدەرەتان و تەنیا دەبینێتەوە لەوانەیە لە گەورەساڵیدا ئەو توندوتیژییانەی کە بە سەری هاتووە لە ناو کۆمەڵگا و بنەماڵەدا بەرهەمی بێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پاڵپشت و داکۆکیکار و پەنایەکی هەبێ، تەندروستیيە دەروونییەکەشی تا ڕادەیەک دەستەبەر دەبێت. شەیما ستاری (دەروونناس) لەم بارەوە دەڵێ:

وەک دەروونپزیشکێک دەتوانم بڵێم کاتێک کەسێک داکۆکی لە منداڵێکی ئازاردراو دەکا و لە ڕاستیدا پشتی دەگرێ، 40 تا 50 لە سەدی پرۆسەی چارەسەر ئەنجام دەدرێ، چونکە ئەم کارە منداڵ لە هەستکردن بە تارێنراوی و بێداڵدەیی ڕزگار دەکات. بەڵام مەخابن زۆرینەی منداڵانی کار لە لایەن بنەماڵە و دەوروبەرییەکانیان ئەم تۆڕی پاڵپشتییەیان نییە و لە لایەن ناوەندە بەرپرس و چاودێرەکانەوە داکۆکییان لێ ناکرێت. کەواتە زۆر جار کە ڕووبەڕووی ئازار و

سووکایەتی دەبنەوە، هەست بە بێ دەرەتانی دەکەن. هەڵبەت ڕادە و ئاستی ئەم ئازارانە بە پێی ئەوەی کە منداڵان لەو شـوێنەی کە ئیش دەکەن، جیاوازە. بۆ وێنە منداڵێک کە لە پاڵ بنەماڵەکەی خۆی کار دەکا کەمتر مەترسـی لە سـەرە، بەڵام ئەو منداڵەی کە لە ناو ژینگەیەکی داخراودا کار دەکا و خاوەنکار گەمارۆی داوە، مەترسـییەکی پتر حەڕەشەی لێ دەکا و ئاسایشی کەمترە.

شـەیما سـەتاری پێی وایە خەسـارەت لەوێوە دەسـت پێدەکا کە تاک خۆی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی هەڵدەسـەنگێنێ و بۆی دەردەکەوێ ڕێک لەو کاتەیدا کە ئەو ناچار بە کاری زۆرەملێیە، دیتران دەچنە قوتابخانە. ئەو ڕەنجەی کە کەسـێک بە هۆی نەداری و بێبەشـی بەئەزموونی دەکا، تارێنراوی و بێپەنایی، سـووکایەتی پێکران، ئازاری دەروونی، سـۆزداری، وتەیی، سـێکسـی و فیزیکیی کە منداڵانی کار هەمیشـە بەتاقی دەکەنەوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێ هەسـتی وەکوو قوربانیبوون، تووڕەیی، تۆڵەسـتاندن و بێمتمانەبەخۆییان و بەو پێیەی کە لێهاتوویی ئەوتۆیان نییە لە گەورەسـاڵی و لە سـەردەمە جیاوازەکانی ژیاندا کاریگەریی ئەم هەستە نەرێنییانە زیان بە ژیانی خۆیان، دەوروبەرییەکانیان و کۆمەڵگا دەگەیێنێ، چونکە ئەوان بەردەوام پێیان وایە بوونەتە قوربانیی شتێک کە خۆیان هیچ دەورێکیان تێیدا نەبوو.

## کاتی پشوو

لە پێناسـەیەکی سادەدا دەتوانین بڵێین کاتی پشوو کۆمەڵێک لەو چالاکییانەیە کە تاک پاش ڕزگاربوون لە پابەندی و بەرپرسـایەتییە پیشـەیی، خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان بە هۆگری و تامەزرۆییەوە ئەنجامیان دەدا و شـێوازی پشـوو، بێکاری و گەشـەکردنی زانسـت، بە کەماڵگەیاندنی کەسایەتی، دەرخسـتنی بەهرە و تواناکان، و بەشـداریی ئازادانە لە ناو کۆمەڵگایە [54]. دیاردەی کۆمەڵایەتیی پشـوو و شـێوازی تێپەڕاندنی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ڕەنگە پشوو و چۆنیەتیی سوودمەندبوون لەم پشووە لەگەڵ دەرکەوتنی خۆشـگوزەرانیی لە ناو کۆمەڵگادا سـەری هەڵدابێت. بە شـێوەی گشـتی پشـوو وەک یەکێک لە سـەرەکیترین بوارە توێژینەوەییەکانی شـێوازی ژیان و یەکێک لە بەسـتێنەکانی هەڵبژاردنی ئازادیی تاکایەتی، بەتایبەت لە ناو مێرمنداڵان و گەنجان، گرینگییەکی دووقاتی هەیە. شـێوازی ژیان بریتییە لە سـەرچەشـنی تایبەتمەندییەکانی ڕفتاری کۆمەڵایەتیی کەسێک یان گرووپێک کە لەم پێناسـەدا ڕفتار

بریتییە لە چالاکیی پەیوەست بە خانەوادە، خزم و کەس، دۆستان، دراوسێ، و هاوکاران، ڕفتاری بەکارهێنەرانەی پشووی کار، و چالاکیی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئایینی [55].

## تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی

تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی کاریگەریی دیتران لە سەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بە سەرتر لە بەهێزبوون یان گۆڕانی ڕوانگە و ڕفتارەکان دەزانێ کە دەتوانێ وەدەستهێنانی بەها و ڕوانگە و سەرچەشنە ڕفتارییەکانی لێ بکەوێتەوە. یەکێک لەم تیۆرییانە تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیی ئێلبێرت بەندۆرلیە[1]. بە پێی ئەم تیۆرییە مرۆڤەکان زۆربەی ئەو شتانەی کە بۆ ڕێنوومایی و کردار لە ژیاندا پێویستیان پێیە بە تەنیا لە ڕێگەی ئەزموون و بینینی ڕاستەوخۆ فێری نابن، بەڵکوو زۆربەیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەتایبەت لە ڕێگەی ژینگەی دەوروبەرەوە فێری دەبن. ئیدعای سەرەکیی بەندۆرا ئەوەیە کە زۆربەی ڕفتارەکانی مرۆڤ بە شێوەی بینینی ڕفتاری دیتران و لە ڕێگەی پەیڕەوکردن فێر دەبن [56].

ڕەگی تیۆریی کۆمەڵایەتی - ناسیاریی (مەعریفی) پێشنیارکراو لە لایەن ئالبێرت بەندۆرا دەچێتەوە سەر ئەو کۆمەڵە توێژینەوانەی کە تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی لە سەر هەمان بنەما بیچمی گرتووە، بەڵام زیاتر لە سەر پرۆسەکانی بیرکردنەوەی بەشەر چڕ بۆتەوە. ئایدیای سەرەکیی ناسینی - کۆمەڵایەتی ئەومیە کە خەڵک بە بینین فێر دەبن و ستایش و سزای ڕفتاری کاریگەری لە سەر ڕفتاری ئەوان و چاوەڕوانییەکانیان لە بارودۆخی هاوشێوەدا دادەنێت. هەروەها زیاتر ئەو کاتە فێربوون ڕوو دەدا کە تاک هەم هاوسۆزیی زۆر و خۆکارامەییەکی[2] زۆریان لەگەڵ سەرچەشن هەیە. تیۆری کۆمەڵایەتی - ناسینی ئەم دیاردە شرۆڤە دەکا کە تاکەکان فێر دەبن و کاتێک کە دەبینن دەکەونە بەر کاریگەری. تیۆری کۆمەڵایەتی - ناسینی جەخت دەکاتەوە کە تاکەکان بە ئەگەری زۆر دەکەونە بەر کاریگەریی ئەو سەرچەشن یان سەرچاوە پەیامانەی کە هاوسۆزی لەگەڵ دەکەن. کەواتە توێژینەوەی پێکهاتەیی دەتوانێ ئەم سەرچەشنانە بۆ بەکارهێنانی داهاتوو لە پەیامەکاندا بناسێتەوە. تیۆری کۆمەڵایەتی - ناسینی هەروەها گرینگیی ستایش و سزا تاوتوێ دەکا، پەیامەکانی کەمپەین دەتوانن پەرە بە دەرەنجامی

---

1. Albert Bandura
2. Self-efficacy

ئـەرێنییـەکـانی گوێڕایـەڵیی پێشـــنیـارەکـانی کـەمپـەین یـان ســـزادانی بـە هۆی بـە هەندوەرنەگرتنی کردار یان ئایدۆلۆژیای پێشنیارکراو بدەن [57].

لە ســەر تیۆریی ئالبێرت بەندۆرا، ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هاوتەمەنەکان، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکان لە دروســتکردن و بیچمدانی پڕەنســیپە باش و خراپەکانی تاکەکان دەورێکی دیاریکەرەوە، بەربڵاو و قوڵیان هەیە. ناوبراو بە پێداگری لە ســەر ســەرچەشــنی فێربوون و بەهێزکردن لە ڕێگەی فێربوونی شــاراوە پێی وایە فێربوون لە ڕێگەی بینین دەبێتە کارکرد.

بـەنـدۆرا پێی وایە چوار پرۆســـەی ســـەرەکیی فێربوونی کۆمـەڵایـەتی بریتییـە لـە "ســـەرنج"[1]، "پاراســـتن"[2]، "فێربوون"[3] "بەرهەمهێنانی کردەیی"[4] و "ئەنگێزە"[5]. بینینی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ڕووداوێک لە لایەن کەسێک خاڵی دەستپێکی فێربوونە. لـە ڕاســـتیدا "بـە ڕەچاوگرتنی ڕووداوێـک کـە ببینرێ، یـەکـەمین هـەنگـاوی فێربوونی کۆمەڵایەتی ســـەرنج خســـتنە ســـەر ئەو ڕووداوەیە. دیارە هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە ســەرنجی ڕووداوێک نەدەین و نەتوانین لە بەشــە گرینگەکانی تێبگەین، ناتوانین هیچ لەو ڕووداوە فێر بین" [58]. بە واتایەکی تر، ئێمە سـەرنج دەخەینە سـەر ئەو شـتەی کە پەیوەســتە بە ناوەندەکانی ژیان، خواســت و بەرژەوەندییە تایبەتەکانمان. کەواتە ئەوەی فێر بووین لەبەری دەکەین و بە پاشــەکەوتی ناســینەکانی ڕابردوومانی زیاد دەکەین بۆ ئەوەی لـە کـاتی پێویســـتدا وەبیریان بهێنینەوە. ئەگەر ئەو کردەوەی بینیمـان لـە بیرمـان نەبێ، ســـەرچەشـــنگری نامومیکنە. پرۆســـەی وەبەرهێنان واتە بە کارهێنانی کردەیی ئامۆژەکانمان کە خەڵاتکردن و تەمبێکردنی لێ دەکەوێتەوە و وەبەرهەمهێنانەوەی دروســـت ئەنجامی تاقیکردنەوە و هەڵەیە. لە کۆتاییدا ئەنگێزە بۆ درێژەدان زیاتر یان کەمتر دەبێت. ئەنگێزە، کە بۆ ئەنجامدانی کردەوە زۆر گرینگە، وابەستە بە ستایشە.

کۆمەڵگاگریی تاکەکان لە لایەن دیترانەوە لە ڕێگەی سـەرچەشـنگری و فێربوونی بەهاکان و نۆڕمە قبووڵکراوەکانی کۆمەڵگا ڕوو دەدات.

دیتران زۆر جار وەکوو پردێک لە نێوان ژیانی تایبەتی و جیهانی کۆمەڵایەتی ئیش دەکـەن و لـە کۆمـەڵگـاگریی ئێمـەدا فـاکتـەرێکی بـەهێزن. ئێمـە لـە ڕێگـەی دیتران و

1. Attention
2. Keep up
3. Reminder
4. Practical production
5. Motivation

ناوەندەکلنەوە لە خۆمان و پێگەی خۆمان لە کۆمەڵگا تێدەگەین و هەر لەبەر ئەوەش بۆ جێبەجێکردنکردنی ئەرک و کارکردە کۆمەڵایەتییەکانمان لە کۆمەڵگا ناچارین سەرنجی پەیامی دیتران بدەین. لە ناوەڕۆکی پەیامەکانیان تێبگەین؛ واتە هەموومان شێوازی ڕفتار لە پێگە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانیی دەور و ڕۆڵەکان لە کۆمەڵگا فێر دەبین. فاکتەرگەلێکی وەکوو سەرچەشن و فێربوو دەتوانن لە سەرکەوتووبوون و ناسەرکەوتنی فێربوونی کۆمەڵایەتی دەور ببینن. ئەو هەنگاو و داپەڕانەی کە بۆ ڕوودانی فێربوونی بینراوی کاریگەرن بریتییە لە:

**سەرنج:** بۆ ئەوەی فێر بن پێویستە سەرنج بدەن. هەر شتێک کە سەرنجتان بە لاڕێدا دەبا کاریگەریی نەرێنی لە سەر فێربوونی بینراوی دادەنێت. ئەگەر سەرچەشن سەرنجڕاکێش بێ یان لەم هەلومەرجی فێربوونەدا لایەنێکی نوێی هەبێ، بە ئەگەری یەگجار زۆر بە تەواوەتی سەرنجتان بۆ فێربوون ڕادەکێشێت.

ڕاگرتن: توانای پاشەکەوتی زانیارییەکانیش بەشێک لە پرۆسەی فێربوونە. ڕاگرتن دەتوانێ لە ژێر کاریگەریی چەندین فاکتەر بێ، بەڵام توانای دەرهێنانی زانیاری لە کاتەکانی دواتر و ئیشکردن بە پێی ئەو پرۆسەیەکی گرینگی فێربوونی بینراوەییە.

بەرهەمهێنانەوە: کاتێک کە ئێوە سەرنجی سەرچەشنێکتان دا و زانیارییەکانتان پاشەکەوت کرد کاتی ئەوە دێ ڕفتارە بینراوەکە جێبەجێکردن بکەن. ڕاهێنانی زیاتری ڕفتاری فێرکراو دەبێتە هۆی باشتربوون و بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویی.

ئەنگێزە: لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی فێربوونی بینراوەیی سەرکەوتوو بێ، دەبێ ئەنگێزەی ئەو کارمتان هەبێ کە لاسایی ئەو ڕفتارە مۆدێلییە بکەنەوە. بەهێزکردن و تەمبێکردن دەورێکی گرینگی لە ئەنگێزەدا هەیە. لە حاڵێکدا کە بە ئەزموونکردنی ئەم ئەنگێزلنە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێ، بینینی دیتران لە کاتی وەرگرتنی هەر هەمان بەهێزکردن یان تەمبێکردنیش دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەم پرۆسە دابنێت. بۆ وێنە ئەگەر بزانن قوتابییەکی تر بە هۆی ئەوەی لە کاتی خۆی دێتە قوتابخانە خەڵات دەکرێ، ئێوەش هەموو ڕۆژێ چەند خولەک زووتر دێنە قوتابخانە.

ئێستا ئەو پرسیارەی کە لە مێشکدا دەروست دەبێ ئەوەیە کە: تیۆریی فێربوون چ کەڵکێکی لە خوێندنەوەی بواری کاری منداڵان هەیە؟ فێربوون یەکێک لە میکانیزمەکانی ئاستی وردە و منداڵان یەکێک لە سەرچاوەکانی فێربوونی یەکترن. کاتێک کە لە گەڕەکەکاندا کۆمەڵێ منداڵ دەچنە ناو پرۆسەی کارەوە، ئەوان دەبنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دیکەی منداڵان. هەروەها ئەو منداڵانەی کە چوونەتە ناو

پرۆسەی کارەوە وەک زنجیرەی گواستنەوە بۆ منداڵانی دیکە لە قەڵەم دەدرێن چوونکە ئەوان تەکنیک و لێهاتوویی کار لە یەکتر و دیکەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان ئیش دەکەن فێر دەبن.

## منداڵازاری

بە پێی پێناسە جیاوازەکان ئازاردراوی بە شێوەی گشتی چوار بیچم لە خۆ دەگرێ کە بریتییە لە: سەرنج پێنەدان، ئازاراندنی سۆزداری، ئازاراندنی جەستەیی و ئازاراندنی سێکسی. بە هەر کردەوەیەک کە ببێتە هۆی برینی جەستەیی، وەکوو لێدان، مست، شەق، گاز لێ‌گرتن، و سووتاندن پێی دەوترێ منداڵازاریی جەستەیی. منداڵازاریی دەروونی واتە بەدرفتاریی ورووژێنەرانە یان دەروونناسانە و کاتێک ڕوو دەدا کە کەسێک ئەم پەیامە بە منداڵ بگوازێتەوە کە هیچۆکە، نووقسان و لە دڵەوە دوورە. بەدرفتاریی ورووژێنەرانە بریتییە لە تووڕەبوونی وتەیی (وەکوو سووکایەتی پێ‌کردن، بە سەرداگوڕاندن، حەرەشەلێ‌کردن، سەرکۆنەکردن، یان توانجلێدان) ڕووبەڕووکردنەوەی منداڵ بە توندوتیژیی خێزانی، ئازاراندنی منداڵ لە ڕێگەی چاوەڕوانیی لە ڕادە بەدەر، ستایش‌کردن یان فێرکردنی منداڵ بۆ بەشداری لە کاری دژەکۆمەڵگایی. منداڵازاریی سێکسی لایەنێکی بەربڵاو لە ڕفتارە سێکسییەکان دەگرێتەوە، وەکوو ماڵین یان دەستلێدان یا ماچ‌کردنی کۆئەندامی زاوزێی منداڵ و ناچارکردنی منداڵ بە دەستلێدانی کۆئەندامی زاوزێی گەورەساڵان و ... [59].

منداڵازاری واتە گرینگی پێنەدان یان پشتگوێ‌خستنی منداڵ کە باوترین جۆری بەدرفتاری لەگەڵ منداڵانە و بریتییە لە نەبوونی چاودێری و نەپاراستنی تەواوی منداڵان. پشتگوێ‌خستنی منداڵ بە واتای کەمتەرخەمی نواندن لە چاودێریی تەواو و پێویست کە گونجاو لەگەڵ تەمەنی منداڵە وەکوو دابین‌کردنی ماڵ، خۆراک، جلوبەرگ، ڕاهێنان و سەرپەرشتی و چاودێریی پزیشکی کە بۆ گەشەی توانای جەستەیی، سۆزداری و هەستی منداڵ پێویستن. زیاترین حاڵەتەکانی گرینگی‌پێنەدان و پشتگوێ‌خستن بۆ منداڵانی ساوا، منداڵی بچووک و منداڵانی باغچەی ساوایان ڕوو دەدات. گرینگی‌پێنەدان چەندین جۆری هەیە، وەکوو گرینگی‌پێنەدان یان پشتگوێ‌خستنی فیزیکی، گرینگی‌پێنەدانی پەروەردەیی، گرینگی‌پێنەدانی ئێحساسی و گرینگی‌پێنەدانی پزیشکی. گرینگی‌پێنەدانی جەستەیی و فیزیکیی بریتییە لە بەڕەڵاکردن، دەرکردن لە ماڵ، چاودێریی ناتەواو و کەمتەرخەمیی بەرامبەر بە ئاسایش

و خۆشگوزەرانیی منداڵ کە لە باوترین حاڵەتەکانی گرینگی‌پێنەدانە [60].

منداڵانی کار و منداڵانی سەرشەقام بە هۆی هەلومەرجی ئاڵۆزی خۆیان مومکینە ڕووبەڕووی حاڵەتی بێژومار و هەمەجۆری منداڵازاری ببنەوە. گریمانەی سەرەکیی ئەم باسە ئەوەیە کە جۆری ئازارەکانی دژ بە منداڵ پێکەوە لە پەیوەندیدان و لە جۆرێک پێکهاتەی تۆڕیدا هەر چەشنە ئازارێک جۆرەکانی دیکەی ئازار بەرهەم دێنێتەوە. ئەوەی کە جێی تێڕامانە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا هەموو جۆرەکانی هێرش و پەلاماری فیزیکیی لە دژی منداڵانی کار بوونی هەیە. ئەم پرسە لایەنێکی بەربڵاو لە ڕەفتاری توندوتیژیانەی جەستەیی، لە پاڵ پێوەنان و کووتان و زلەلێدانەوە بگرە تا دەگاتە لێدانی کوشندەی بە شتی قورس و بڕێنەر و تیژ لە خۆ دەگرێت. لە پاڵ ئەم پرسە، منداڵانی سەر شەقام ڕووبەڕووی تاقمێک لە خەڵک دەبنەوە کە لەوانەیە لە ڕووی جەستەییەوە ئازاریان بدەن. دایک و باوک (بە دایک و باوکی ئیشکەر لە شوێنی کاری منداڵ یان ئیشنەکەر لە شوێنی کاری منداڵ)، ئەندامانی بنەماڵە، هاوکاری گەورەساڵ، خاوەن‌کار، ڕکابەرانی کاری (بەتایبەت ئەگەر تووشی کەسانێکی وەکوو چەرچی، سواڵکەر و دەستفرۆشەکان هاتن) هەروەها گرووپ و کەسانی دیکەش لە ڕوودانی ئەم چەشنە ئازارانە دەور دەبینن و دەتوانین ئاماژە بە پێکهاتەی کەلتووریی کۆمەڵگا و ڕوانگەی بەزەییانە یان سووکایەتییانە بەم منداڵانە بکەین. ئەم گرووپە بە پێچەوانەی دیکەی گرووپە شیاوی بینینی و ناسینەوەکان، شیاوی ناسینەوە نین و کەمتر سەرنجیان پێ دەدرێ، بەڵام برینی بە هۆی ڕوانین و جۆرەکانی ئازار، بەتایبەت ئازاری سێکسی، بۆ هەمیشە زیانیان پێ دەگەیێنێت. منداڵازاریی دەروونی زۆرێک لە چەشنەکانی ئازار لە خۆ دەگرێ، وەکوو ئازاری وتەیی، حەڕەشە، گاڵتەپێ‌کردن، ترساندن، چاوەڕوانی و هەڵسوکەوتی نەگونجاو بە پێی تەمەنی منداڵ، جنێوپێدان، سووکایەتی‌پێ‌کردن و هتد. ئەوەی وا دەکا ئەم چەشنە ڕەفتارە کاریگەری لە سەر زەینی منداڵانی سەرشەقام دابنێ گۆڕینی پانتای زەینی، سۆزداری، و ناسینیی ئەم منداڵانەیە بە جۆرێک کە کاریگەریی نەرێنی لە سەر کاردەی تاکایەتی و کۆمەڵایەتییان دادەنێت. منداڵانی سەرشەقام لەوانەیە زیاتر لە منداڵانی دیکە کەڵکاوەژۆییان لێ بکرێت [61].

## چوارچێوەی تیۆریی لێکۆڵینەوە

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەی زانستی شیکاری و شرۆڤەیەکی ورد و یەکدەستمان لە داتاکانی دیاردەیەک هەبێ پێویستمان بە چوارچێوەی تیۆری و چەمکی هەیە بۆ

ئەوەی لە سەر بنەمای ئەوە بتوانین ڕەهەندە بگۆڕەکان و وتەزاکانی پەیوەست بەو دیاردە و چۆنیەتیی پەیوەندیی ئەولنە لەگەڵ یەکتر دیاری بکرێ و ئینجا بە پێی ئەولنە دلتاکان شیکاری و شرۆڤە بکرێن.

تیۆریی نارێکخراویی کۆمەڵایەتی توانای ڕوونکەرەوەی چاکی بۆ ڕوونکردنەوەی پرسی منداڵانی کار و سەرشەقامی ئێران هەیە. بە پێی ئەم تیۆرییە، دەتوانین گومانی ئەوە بکەین منداڵانی کار و سەرشەقام ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، و فەرهەنگیی چینی هەژار و خەسارهەڵگری پەراوێزنیشینە کە نەیتوانیوە لە ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان، لانیکەم لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردووی ئێراندا خۆی بگونجێنێت. بە واتایەک، ئەم تیۆرییە سەرچەشنی خۆگونجاندن و سازانی بنەماڵە بێبەش و پەراوێزخراوەکان لەگەڵ پرۆسەی سامان، دەسەڵات و پێگە لە دیسپیلینێکی کۆمەڵایەتیی نایەکسانە. بە کەڵکوەرگرتن لەم تیۆرییە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کاری منداڵ لە کارگە ژێرزەوینییەکاندا ڕوون دەبێتەوە (بەراوردکردنی پیشە و خوێندەواری و داهاتی دایک و باوکەکان، گیرۆدەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشبەر و توندوتیژیی دژی منداڵان؛ هۆکارەکانی پەیوەست بە کارکردن لە کارگە، دەست بە کارکردن و ...).

لەم توێژینەوەدا، بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی کارلێکی دوولایەنەی سیمبۆلی، تێگەیشتنی منداڵ لە کار لە کارگە و بەرژەوەندی و هۆگرییەکانی بۆ درێژەدان و ئامادەبوون لە کارگە، هەروەها تێگەیشتن و ڕەزامەندیی منداڵ لە کارکردن لە کارگاکاندا ڕەچاو دەکرێت. بە واتایەک بە کەڵکوەرگرتن لەم تیۆرییە هۆگری و تێگەیشتنی منداڵ لە کاری خۆی لە ناو کارگە ژێرزەوینییەکلندا تاوتوێ دەکرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی کاریی منداڵان و هۆکاری هۆگریی خاوەنکارەکان بۆ دامەزرلندنی منداڵان لە کارگاکادا تیۆریی کاستلێز هاوکاریمان دەکات. بە ولتایەکی دیکە، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر (پێدانی پارە بە شێوەی نارێکوپێک، سەپاندنی بارودۆخێکی توندئاژۆیانە بە سەر منداڵ، ملکەجێتیی بێ‌سێ و دووی منداڵ و ...) و هەروەها پرۆسەی سڕانەوە (نەبوونی کاری تەکووز بۆ داهات) بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی کاستلێز مەیسەر دەبێت. کۆچکردن، پەراوێزنشینی، هەژاری و ناکارامەیی داهاتیش بە کەڵکوەرگرتن لەم تیۆرییە شی دەکرێتەوە. لە کۆتاییشدا بە مەبەستی ناسینی هەلومەرجی کاریی منداڵ لە ناو کارگاکاندا کەڵکمان لە تیۆریی هەڵبژاردنی پیشە و ناکامیی بازاڕی کار وەرگرت.

**پێداچوونەوەیەک بە توێژینەوەکانی پێشوو**

لە زەمینەی کاری منداڵدا زۆربەی کارە زەق و بەرچاوەکان لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو یوونیسێف و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار ئەنجام دراوە. یوونیسێف یان سندووقی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری منداڵاندا ڕێکخراوێکی پێشەنگە کە لە 191 وڵاتی جیهاندا لە پێناو گەشەدان بە مافەکانی منداڵ و داکۆکی لە پلانکانی گەشە لە سەر تەوەری منداڵان چالاکی دەکات. یوونیسێف هاوکاریی هاوبەشەکانی خۆی دەکا بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانەی وا دەبنە هۆی هەژاری، توندوتیژی، نەخۆشی، و هەڵاواردنی دژ بە منداڵان لا ببا و پشتیوانی لەو ڕێوشوێن و داپەڕانە دەکا کە لە ژیانی منداڵاندا دەستپێکێکی باشیان هەبووە. پەیماننامەی مافەکانی منداڵ ڕێنووێنەری کاری یوونیسێفە. ئەم پەیماننامە ئیلهامبەخشی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی یاسا، پلان و سیاسەتی وڵاتانێکی زۆر بۆ باشترکردنی ژیانی منداڵان بووە. یوونیسێف مەزەندە دەکا کە نزیکەی 150 ملیۆن منداڵی تەمەن پێنج هەتا چواردە ساڵان یان لە کۆی هەر شەش منداڵ منداڵێک لەم گرووپە تەمەنییەدا ئیش دەکات. یوونیسێف لە وڵاتە جیاجیاکاندا هاوکاریی ئامادەکردن و جێبەجێکردنکردنی پلان گشتگیرەکان لە زەمینەی کاری منداڵ دەکا کە تێیاندا هەندێ مژاری وەکوو چوارچێوەی یاسایی و سیاسەتدانان هەتا هەڵکشانی دەفرایەتیی دەوڵەتەکان، پەرەدان بە گۆڕینی باشی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، و بە چالنجکێشانی نۆڕمە کەلتوورییەکان کە جەخت لە سەر کاری منداڵ دەکەنەوە، تاوتوێ دەکرێت. هەروەها یوونیسێف لە ئاراستەی هێنانەدی ئەرکەکانی خۆی لە پێناو هەرچی باشترکردنی دۆخی منداڵان بەم شێوە ئاماژە بە گرینگترین داپەڕە پێویستەکانی خۆی بۆ نەهێشتنی کاری منداڵ دەکا:

1) نەهێشتنی خێرای کاری مەترسیدار و زێراندنی منداڵان؛

2) ئامادەکاریی بۆ ڕاهێنانی بێبەرامبەر و ناچاری؛

3) پەرەپێدانی داکۆکیی یاسایی

4) کۆکردنەوە و چاودێری بە سەر زانیارییە پەیوەستەکان

5) چاکسازیی پرەنسیپەکانی ڕفتار و سیاسەتەکانی کڕین (کە بریتییە لە ڕێگری لە دامەزرلندنی منداڵان لە کارگاکان و نەکڕینی ئەو کەلوپەلانەی کە منداڵان

دروستیان کردووە لە هەلپەرستە چەوسێنەرەوەکان).

جیا لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەکوو یوونیسێف و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێکخراوی جیهانیی کار کە هەموو ساڵێک لە مەڕ بارودۆخی منداڵانی کار لە جیهاندا لێکۆڵینەوەی بەربڵاو دەکەن، توێژەران و لێکۆڵەرەوانێکی زۆریش بوون و ئێستاش هەن کە لە بواری کاری منداڵ و هۆکارەکانی بەدیهاتنی و بەردەوامبوونی کاری منداڵ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجام داوە کە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە، بە پێی بابەتی بەرتوێژینەوەیان، جێی سەرنجە. لە درێژەدا ئاماژە بە هەندێ لەم توێژینەوە و ئەنجامەکانی دەکرێ:

- توێژینەوەی ئاهـ. ئێنگ[1] لە ژێر ناوی "کاری منداڵان لە پیشەسازی بە پێوەری بچووک لە پەنانەگی نەدۆنسیا"، کاری منداڵان بە بەرهەمی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهانی سێیەم دەزانێت. بەم پێیە، لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا، کە تاکەکان بە مەبەستی بژێوی و مانەوەی گرووپ ئیش دەکەن، منداڵانی کار وەک بەشێک لە کۆمەڵگاگری و خواست بۆ هێزی کار لە داهاتوو و هەروەها چارەسەری خواستە ئابوورییەکان بە هەژمار دێن. سەرباری ئەوەی هەژاری هۆکاری سەرەکیی کاری منداڵانە [62].

- بۆیدن لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا لە مەڕ "ژیانی منداڵانی کرێکار لە وڵاتانی باشوور" پیشانی داوە کە کێشە پێویستیی ئابووری نییە و ڕێژەیەکی زۆری دایک و باوکان بەم تێگەیشتنەوە کە فێربوونی پێشوەختەی پیشەیەک باشترین شێوازە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانن منداڵەکانیان بۆ پێویستییەکانی ژیانی داهاتوو تەیار بکەن، منداڵەکانیان خەریکی کاری جۆراوجۆر دەکەن. بۆیدن بەم شێوە بەڵگە دێنێتەوە کە کاردلنەوەی نەشیاو بەرامبەر بە کاری منداڵان لە بری ئەوەی ئەو ڕێگەچارانە باشتر بکەن کە بۆ دابەزاندنی ڕاستەقینەی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتیی کاری ناچاری دەخرێنە ڕوو، بە پێچەوانەوە خراپتر و دۆخەکەیان ناخۆشتر دەکەن. دەرکردنی منداڵانی کرێکار لە پیشەسازیی پۆشاک لە بەنگلادش و بارودۆخی ناخهەژێنی بەدیهاتووی پاش ئەم دەرکردنە بۆ منداڵان لە سەرەتاکانی دەیەی 1990 نموونەیەک لەم چەشنە کاردانەوانەیە. بە پێچەوانەی هەڵوێستی یاسایی لە بەنگلادش، نزیکەی یەک لە سەر دەی کۆی 750 هەزار کرێکارێک کە لە کارگەکانی پۆشاکدا کار دەکەن منداڵانی ژێر تەمەنی 14 ساڵان پێکیان دەهێنا کە لەم ڕێژەدا پشکی سەرەکی هی ئەو کچانە

1. Ah. Eng

بوو کە کاری ناجەســتەیی تا ڕادەیەک ســووکی وەکوو بڕینی پەتە شــل و زیادەکانی جلوبەرگ و دوورینی بەشــە جیاجیاکانی جلوبەرگیان بە مەکینەی دوورێنەر ئەنجام دەدا. دەوڵەت بەوە حەڕەشــەی لە بەڕێوەبەرانی ئەو کارگە نێودەوڵەتییانە کرد کە ئەو کەلوپەلانەی کە لە ڕێگەی هێزی کاری منداڵانەوە بەرهەم دەهێنرێن گەمارۆ دەخاتە ســەری و بەڕێوەبەرانیش لە وڵامی ئەم حەڕەشــە منداڵانیان لە کارگەکان دەرکرد. ئەنجامی ئەم کارە، وەک لە لێکۆڵینەوەکانی دواتریشــدا دەرکەوت، ئەوە بوو کە منداڵانی دەرکراو درێژەیان بە کارکردن دایەوە و هیچیان درێژەیان بە خوێندن نەدا، بەڵام ئەمجارەیان لە دۆخێکی مەترسیدارتر لە پێشتر و لە کاری نافەرمی و شەقامی وەکوو (گەندەڵیی سێکسی) سەرقاڵی ئیشکردن بوون. ئەم گرووپە لە چاو ئەو کەمینە منداڵانەی کە ئیشــی خۆیانیان لە پیشــەســازیی پۆشــاکدا لە دەســت نەدابوو لە هەلومەرجێکی لاوازتر، خۆراکی نەشــیاو و داهاتێکی کەمتردا بوون. ئەم منداڵانە خۆیان - هەندێکیان لە وڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان‌دا - وتیان کاری سووکی کارگایی لە پاڵ دوو ســێ کاتژمێر چوونە قوتابخانە و وانە خوێندن باشــترین ڕێگە چارە بۆ چارەســەری هەژارییەکەیان بوو. ئەم وتانە گەڵاڵەیەکی نوێی لێ کەوتەوە، گەڵاڵەیەک کە تێیدا خاوەنکاران دامەزراندنەوەی دووبارەی منداڵانیان بە پەروەردە و ڕاهێنان و ئاسۆی کاریی داهاتوویانەوە گرێ دا [63].

ـــ توێژینەوەی بۆنت[1]، لە ژێر ناوی "منداڵانی کار لە ئەفریقا" پیشانی دا قەیرانی بێکاری دایک و باوکەکانی هێناوەتە ســەر ئەم باوەڕە کە پەروەردە و ڕاهێنان بە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ دەســتخســتنی بڕوانامەی دیپلۆم و بۆ دەســتەبەریی پیشــە لە داهاتوودا شــێوازێکی لەبار نییە، بەڵکوو مانەوە لە شــوێنی ئابووری پەیوەســتە بە ئیشکردن لە کەرتی نافەرمی [64].

ـ فۆراستیری[2] لە کتێبی منداڵان لە کار: مەترسیی تەندروستی و پارێزراوییی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵانی تاوتوێ کردووە. لەم کتێبەدا جۆر و چەشنە مەترســیدارەکانی کاری منداڵ تاوتوێ کراوە. کەواتە ئەوەی لەم کتێبەدا هاتووە، کاری منداڵ بە ســەر کارکردن لە کەرتی کشــتوکاڵ، کار لە پیشــەســازیی بچووک، کاری ناوماڵ و کاری پەیوەســت بە چالاکیی نافەرمی دابەش دەکرێت. هەروەها لەم کتێبەدا هەلومەرجی کاری منداڵیش بەراورد کراوە [65].

1. Bonnet
2. Forastieri

ـــ وال[1] لە ساڵی 2006 لە کتێبی منداڵانی کار لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان بارودۆخی کاری منداڵی لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان لە وڵاتی هیند لێک داوەتەوە. لەم کتێبەدا، لە سەرەتادا کاری منداڵان لە پیشەسازییەکاندا بە شێوەی چەندایەتی تاوتوێ کراوە و لە درێژەدا بارودۆخی کاری منداڵان لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکانی وەکوو شووشەسازی، کشتوکاڵ، کێڵگەی مریشک، پیشەی دەستی و هتد ئاماژەی پێکراوە [66].

ـــ ئۆدریسکۆڵ[2] لە ساڵی 2017 لە وتارەکەی خۆیدا، لە ژێر ناوی "پێداچوونەوەیەک بە کاری منداڵان لە کەرتی پیشەسازی و کانگا لە پێوەری بچووک لە ئاسیا و ئەفریقا" داتاکانی سەرچاوە زانکۆیی، سیاسی و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لەمەڕ کاری منداڵان لە کەرتی پیشەسازی و کانگای بچووک (SAM) لە ئەفریقا و ئاسیای لێک داوەتەوە. ASMئاماژە بەو گرووپە بچووکانە دەکا کە لە کەرتی هەڵکەندنی کەمتێچوو، کەمتەکنەلۆژی، کاری چڕ و پڕوزە ئیش دەکەن. کەواتە دەتوانین جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان کانگا پیشەسازی و بەربڵاوەکان - کە هەندێکیان مۆڵەتدارن - لە لایەک و کانگا پیشەگەر و بچووکەکان - کە زۆریان بێ‌مۆڵەتن - لە لایەکی دیکە دروست بکەین. هەروەها ئەم وتارە جۆرەکانی کاری منداڵان لە کانگاکانی وڵاتانێکی وەکوو تانزانیا، فیلیپین و ئەندۆنسیا پیشان داوە، ئیشی وەکوو هەڵکەندنی قووڵکە، ئیش‌کردن لە ژێرزەوین، هەڵگرتنی بەردی کانگا و هاڕینیان، چێشت‌لێنان بۆ منداڵان، و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ گەورەساڵان کە خەسارەتی جۆراوجۆری جەستەیی و دەروونی لەگەڵە [67].

ـــ ڕاپۆرتێک کە سۆنگا[3] لە ساڵی 1996 لە مەڕ کاری منداڵانی بنەماڵە چینی و بریتانیاییەکانی لە ڕیستووڕانتە چینییەکلندا پیشان داوە ئەم خاڵە ئاشکرا دەکا کە منداڵان بە کۆمەڵێک وتەزای بنەماڵەیی و خواست و نیازی بە پێی سۆز دەورە دراون کە بۆ هاوکاری‌کردنی دیتران ناچار بە کارکردن دەبن [68].

ـــ ڕاپۆرتی مارۆ[4] لە ساڵی 1994، لە مەڕ ئەوەی کە بۆچی منداڵان ئیش دەکەن ئەو مانا جیاوازانەی کە سەبارەت بە ئیش‌کردنی منداڵە ڕوونتر باسی دەکات. ناوبراو وتوویەتی لە وڵاتی بریتانیا بەشێک لە منداڵانی کار هی بنەماڵە زەنگینەکانن و بە پێی

1. Wall
2. Dylan O’ Driscoll
3. Songa
4. Maro

ئەم ڕاستییە ئەم ئەنجامە وەدەست دێنێ کە کاری منداڵان ناتوانین تەنیا بە هەژاریی خێزانەکان گرێ بدەینەوە. سەرباری ئەوەی کە هەندێ لە بنەماڵەکان لە ئورووپای ڕۆژئاوایی و ئەمریکای باکووری ئەو کۆمەکەی کە منداڵان بە داهاتی بنەماڵەی دەکەن، بێگومان وەکوو زۆرێک لە بنەماڵەکانی وڵاتانی ڕوو لە گەشە بۆ خۆیانی زۆر بە گرینگ دەزانن. خاتوو مارۆ پێی وایە دەبێ هۆکاری کاری منداڵ لە خۆیان بپرسین و پێشنیار دەکا کە بەشداری لە ناو بازاڕە بەکارهێنەرییە نوێکانی مێرمنداڵان و وەدوانەکەوتنیان لە هاوڕێکانیان لەوانەیە لەم زەمینەدا فاکتەرێکی کاریگەر بێت [69]. ئەم پرسە لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراوی جەیمز و جەنکسیشدا بە جۆرێکی دیکە دەرکەوتووە و ئەوان هۆکاری سەرەکیی هۆگریی منداڵان بۆ کاریان لە دەستخستنی ئەزموون و بەهێزکردنی متمانەبەخۆییدا زانیوە و وتوویانە: "سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە منداڵان کاریان بە مەبەستی بەهێزکردنی متمانە بە خۆیی و وەدەستهێنانی ئەزموون بۆ کار لە کاتی گەورەساڵی لە داهاتوو دەزانی، بۆ زۆربەی منداڵان پاداشت و ئەنگێزەی کارکردن ئەوە بوو کە ئەوان دەیانتوانی ئەو کاڵا لووکسانەی کە دایک و باوکیان ناتوانن بۆیان بکڕن، خۆیان دابینیان دەکرد." [70]

- نیۆن هایێز[1] لە ساڵی 1994 وەک مارۆ دەڵێ، وتوویەتی ڕێژەیەکی زۆری دەرفەتی کاری بۆ منداڵانی بنەماڵە هەژارەکان لەوانەیە کەمتر بێ، هاتوچۆکردنی شوێنی کار لەوانەیە بە لایانەوە زۆر چەتوون بێ و هەر لەبەر ئەوە لەوانەیە لە بنەماڵەکانی دەوروبەری شار و ناوچە خۆجێییەکان، هەل و پێشنیاری کەمتر بۆ وەئەستۆگرتنی کارگەلی وەکوو پەرەستاریکردنی منداڵ، شتنی ئۆتۆمبێل، فرۆشتنی ڕۆژنامە و ... وەربگرن [71].

- لە ساڵی 1996 کرۆگێر[2] هاوپەیوەندیی نەرێنی لە نێوان داهاتی سەرانە و بەشداریی هێزی کاری منداڵان سەلماند. بەم پێیە، ناوبراو کاری منداڵ وەک هۆکاری جوڵە لە پێگەی وەڵاتێکی کەمداهاتەوە بۆ وڵاتێک بە داهاتی زۆرەوە قبووڵ ناکات. هەر بۆیە پێی وایە گەشەی ئابووری دەبێتە هۆی قبووڵنەکرانی کاری منداڵ. بۆ وێنە زیاترین بەشداریی هێزی کاری منداڵانی دە هەتا چواردە ساڵان لە سەر ئاستی هەژارترین وڵاتانی دنیایە، واتە نزیکەی 49 لە سەد لە بڕۆندی و 42 لە سەد لە ڕوواندلیە. هەروەها لەو وڵاتانەی کە سەرانەی بەرهەمهێنانی ناپوختی ناوخۆییان پتر

1. Neon Hayes
2. Kruger

لە 5 هەزار دۆلارە، هیچ چەشنە تەشەنەسەندنێکی کاری منداڵ ڕانەگەیێندراوە [72].

لە ئێراندا هەندێ لە توێژەران، کۆمەڵناسان، و دەروونناسان لە چوارچێوەی کتێب، وتار و تێزی زانکۆیی لە ڕەهەندی جیاجیاوە پرسی کاری منداڵیان لێک داوەتەوە و هەندێکیان بەم شێوەی ژێرەوەیە:

ـــ لە توێژینەوەی نادر تالبی، لە ژێر ناوی (کار کودکان و بازتولید نابرابری اجتماعی) "کاری منداڵان و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی" لە ساڵی 1389 هەتاوی لە قۆناغی کارناسی باڵای کۆمەڵناسی، بە جەختکردنە سەر ئاراستەی مارکسیستی پرسی کاری منداڵانی ڕوون کردۆتەوە. کاری منداڵانیش وەکوو دیکەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتاییدا کارتێکراوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە کە وەک فاکتەرێکی دیاریکەرەوە ئیش دەکا، بەڵام لە پاڵ ئەمە پێکهاتە ئایدۆلۆژیکی و سیاسییەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا وەک بەهێزکەرەوە و بەرهەمهێنەرەوەی ئەم دیاردە ناوبردە دەکرێت [73].

ـــ توێژینەوەی "تاوتوێی کاری منداڵان" (واکاوی کار کودکان) لە ئامادەکردنی فەریبورز ڕەئیس دلنا لێکۆڵینەومیەکە کە زیاتر لە گۆشەنیگای بەربڵاو و پێکهاتەییەوە لە ڕێگەی شیکاریی داتا ئامارییەکان ئەم دیاردەی تاوتوێ کردووە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەش، وەکوو زۆرێک لە توێژینەوەکان و بە پشتبەستن بە ئاماری GNP پیشانی داوە کاری منداڵ لە وڵاتانی هەژار لە چاو وڵاتانی دەوڵەمەند فرەیی زیاتری هەیە و هەژاری و نادادپەروەری و نەبوونی چاودێرییە دەوڵەتییەکان لە بەرگری لە مافەکانی منداڵان، کە فاکتەری وابەستە و پەیوەست بە یەکترن، هۆکاری سەرەکی لە بەدیهاتنی کاری منداڵان لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی ـــ ئابووریی وڵاتە. هەروەها سیاسەتی بازاڕخوازی، هاوسەنگکردنی پێکهاتەی ڕادیکاڵی، لابردنی بەرپرسایەتی، و بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەوڵەت کاری منداڵانی زیاتر کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی کارەساتە مرۆییە جەستەیی و دەروونی و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کاری منداڵانی بەرز کردۆتەوە. بە وتەی ناوبراو، کاری منداڵان لایەنی زێڕاندن، ڕەنجاندن، نەخۆشیبەخش، پشتگوێخستنی مافە مرۆیی و نامرۆییەکانی زیاترە [74].

ـــ سەید حەسەن حسێنی لە ساڵی 1385 هەتاوی لە توێژینەوەیەکدا "وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران" (بارودۆخی منداڵانی کار و سەرشەقام لە ئێران)

دیاردەی کاری منداڵان و سەرشەقام لە سەر ئاستی ناوەندی پێنج پارێزگا (تاران، مەشهەد، ئەهواز، شیراز و ڕەشت) لێک داوەتەوە. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشان دەدا هەندێ فاکتەری وەکوو لاوازیی ناوەندە کۆمەڵگاگرەکانی وەکوو بنەماڵە و قوتابخانە، هەژاریی کۆمەڵایەتیی بنەماڵەکانی منداڵانی سەرشەقام و لاوازییان لە خۆگونجاندن لەگەڵ شێوازی ژیان لە مێترۆپۆلەکان، پیس‌بوون و خەسارەتبەخش‌بوونی گەڕەکەکانی دەوروبەری شار، نەبوونی دەنگی پێویست لە لایەن ڕێکخراوە بەرپرسەکان، سەرچەشنی هەڵەی کارلێکی دوولایەنەی نێوان شارۆمەندان و منداڵانی سەر شەقام، هەر هەموو ئەمانە دەستیان داوە بە دەست یەکەوە کە دیاردەی منداڵانی کاری سەرشەقام (چونکە زیاتر منداڵانی کار ئاوارەی سەرشەقامەکانن) بەدی بێ کە بەردەوام لە زۆربەی شارە گەورەکاندا وەک کێشەیەکی ڕژد خۆی دەنوێنێت [75].

ــ مەروەئە وامقی و دیتران لە ساڵی 1392 لە توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی خێرای بارودۆخی منداڵانی سەرشەقام لە شاری تاران (علل و خطرهای کار کودکان در خیابان) (هۆکار و مەترسییەکانی کاری منداڵان لە سەرشەقام) کاری منداڵیان لێک داوەتەوە. کۆمەڵگەی ئامانج و نموونەکانی ئەم خوێندنەوە منداڵانی سەر شەقامی تاران و خاوەنتیۆرییەکانی ئەم بوارەن. داتاکان لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە سەرچاوەکان، شێوازی چۆنایەتی کە بریتییە لە 16 دیمانەی قووڵ لەگەڵ کارناسان و 13 پرسی گرووپی لەگەڵ منداڵانی سەرشەقام، و تەواوکردنی 286 پرسیارنامەی چۆنایەتی لە منداڵانی سەرشەقام لە 28 مەکۆی (شوێنی کار) منداڵانی ئەنجام دراوە.

دلتا چۆنایەتییەکان بە شێوازی شیکاریی ناوەڕۆک و دلتا چەندایەتییەکانیش بە شێوازی ئاماری ئانالیز و تاوتوێ کراون. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا وەدەستهێنانی داهات بۆ هاوکاریکردنی بژێویی بنەماڵە هۆکاری سەرەکیی کارکردنی منداڵان لە سەر شەقامە، بەڵام سەبارەت بە منداڵانی ئەفغانستانی دەستڕانەگەیشتن بە پەروەردە، بارودۆخی نالەباری بنەماڵە وەکوو توندوتیژی و گیرۆدەیی بە مادەی هۆشبەر و ڕوانگەی فەرهەنگی لە ئاستە جیاجیاکاندا لە سەرشەقامیبوونی گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکانی منداڵان دەوری هەیە و منداڵان، لە بنەماڵە و لە سەر شەقام، تووشی خەسارەتی هەمەجۆری جەستەیی، سێکسی و دەروونی بەتایبەت توندوتیژی دەبنەوە. لە کۆتاییدا کێشە ئابوورییەکانی بنەماڵە لە سەرشەقامبوونی منداڵان دەوری سەرەکی دەبینێ، بەڵام ئەمە تاکە هۆکار نییە. هەر بۆیە لە پلاندانان بۆ

گرووپە جیاوازە منداڵەکان دەبێ سـەرنجی هۆکارە زەمینەییەکانی دیکەش بدرێت. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە توێژەران لە کۆتاییدا پێشنیار دەکەن کە باشتر وایە لە شوێنگەلی جیا لە سەرشەقام لە سەر کاری منداڵ چڕ ببینەوە [76].

- مەروەئە وامقی و دیتران لە ساڵی 1393 هەتاوی لە وتاری "لێکدلنەوەی ئاوێتەیی و بەراوردکردنی خێرای بارودۆخی منداڵانی سەرشەقام و تایبەتمەندییەکانی کاری ئەوان لە سەر شەقام" (بررسی ترکیبی و ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی و ویژگیهای کار آنان در تهران) بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک شێوازی چۆنایەتی و چەندایەتی، تایبەتمەندییەکانی کاری منداڵان لە سەر ئاستی شاری تارانیان تاوتوێ کرد. ئەم توێژینەوە بە شێوازی هەڵسەنگاندنی خێرا و وڵام لە ساڵی 1391 ـ 92 هەتاوی و بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی ئاوێتەیی / چۆنایەتی (وتووێژی بە کۆمەڵی چڕ، دیمانەی قووڵ) و چەندایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لە کەسانی شارەزای کلیلی و منداڵانی سەرشەقام بەڕێوە چوو. لە بار چۆنایەتییەوە، بۆچوونی شارەزایانی کلیلی و منداڵانی سەرشەقام، نموونەگیریی ئامانجدار ئەنجام درا و لە قۆناغی چەندایەتیدا نموونەگیریی مەکۆکان بۆ دەستڕاگەیشتن و هاتنی 289 کەڵک لە منداڵی سەرشەقامیی کچ و کوڕ وەرگیرا. ئەنجامە چۆنایەتییەکان بە شێوازی شیکاریی ناوەڕۆک و ئەنجامە چەندایەتییەکان بە تاقیکردنەوەی "کای دۆ" شی کرانەوە. بە پێی ئەم ئەنجامانە، زۆربەی منداڵانی سەر شەقامی شاری تاران خەریکی کاری ناسراوی وەکوو دەستگێڕی و کاری کەمترناسراوی وەکوو زبڵگەڕین. زیاتری فرەیی شوێنی کاری منداڵان لە گەڕەکەکانی 2، 12 و 1 شارەوانیی تارانە. نیوەی منداڵان، واتە 49 لە سەد، هەر دوو دانگی پێشنیوەڕۆ و پاشنیوەڕۆ و یەک لە سەر پێنجیان بە درێژایی ڕۆژ ئیش دەکەن. مامناوەندی داهاتی منداڵانی سەرشەقام 20 هەزار تمەن لە ڕۆژە و 79 لە سەدیان هەموو داهات یان بەشێک لە داهاتەکەیان دەدەن بە بنەماڵەکانیان. داهاتی منداڵانی سەرشەقام دەورێکی گرینگ و بنەڕەتی لە سەر دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی منداڵ و بنەماڵە هەیە و ئاستەنگی جیدی لە بەر دەم وەستاندنی کاری منداڵان لە سەر شەقامە. ئەم ئەنجامانە پێداگری لە سەر پێویستیی گرینگیدان بە هۆکارە زەمینەییەکانی کاری منداڵان لە ستراتیژە پەیوەندیدارەکانی کەمکردنەوەی کاری منداڵ و یەکەمایەتیدان بە داپەڕی نەهێشتنی کاری منداڵ بۆ وێنە کۆکردنەوەیان دەکات [77].

ـــ زارا مەهدەوی مزینانی و موجتەبا مزینانی لە ساڵی 1390 هەتاوی لە وتاری

"خەســارەتناســیی یاســایی کاری منداڵان و مێرمنداڵان لە کار و کاســپیی خێزانی" (آســیب‌شــناســی حقوقی کار کودکان و نوجوانان در کســب و کارهای خانوادگی) چالنجی یاساکانی پەیوەست بە کاری منداڵ لە کار و کاسپیی خێزانی و کارگەی ژێر دە کەســییان تاوتوێ کردووە. بۆ وێنە مادەکانی 188، 191 و 189 هەڵی جیاوازبوونی کرێکارانی کارگەی خێزانی، کرێکارانی کارگەی بچووکتر لە دە کەســی ڕەخســاندووە و هەروەها هەندێ لە چالاکییەکان لە کەرتی کشــتوکاڵ و ئاژەڵداری لە بازنەی یاسای کار چوونەتە دەرەوە. ئەو حاڵەتە جیاوازانەی سەرەوە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە منداڵان، مێرمنداڵان و گەنجانی پیشــەدار لە کەرتە نادەوڵەتییەکان - کە زۆربەیان پیشــەدارە مێرمنداڵ و گەنجەکانن - لەو هەڤیازییە خۆشــگوزەرانییانەی کە لە لایەن یاسای کارەوە ڕەچاو کراوە بێبەش بکرێن. کەواتە لەم توێژینەوەدا پێشــنیار کراوە یاسادانەر بە چاکسازیی مادەی 188 یاسای کار، مافی کرێکارە مێرمنداڵەکان بە پێی هەســتیارییە تایبەتەکانی ئەم گرووپە کار لە کار و کاســپیی خێزانی و هەروەها لایەنەکانی دیکەی وەکوو کارگەی بچووک دەستەبەر بکات [78].

ـــ عەلیڕەزا ئەفشانی و هاوکاران لە ساڵی 1391 لە وتاری "شرۆڤەیەک لە سەر بارودۆخی منداڵانی ســەرشــەقام و کار لە شاری ئیسفەهان" (تحلیلی بر وضعیت کودکان خیابانی و کار در شهر اصفهان) بارودۆخی گشتیی منداڵان وەکوو شێوازی ژیان، چالاکی، ئەزموون، زەمینە خێزانییەکان، تایبەتمەندییە خوێندنییەکان، و پرەنسیپە ڕفتارییەکان لە ڕووی ئەنجامدانی تاوان و لەم چەشنە تاوتوێ کردووە. بۆ ئەم مەبەســتە بە شــێوازی پێواندن و بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی پرســیارنامەی لەگەڵ دیمانە، نموونەی 122 کەســی لە منداڵانی تەمەن شــەش هەتا چواردە ســاڵانی ســەرقاڵی کار لە سەر شەقامەکانی شاری تاران لێک دراوە. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخا کە زۆربەی منداڵانی کار و ســەرشــەقامی ڕووماڵکراو کوڕ، کۆچبەر، خاوەن بڕە داهاتی کەم و خاوەن دایک و باوکی گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن کە لە لایەن دایک و باوکیانەوە ئازاری جەستەیی دراون و زیاتریان خەریکی کاری دەستفرۆشین. هەروەها ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە دەریدەخا کە زۆربەی منداڵانی سەر شەقام کاری لادەرانەیان ئەنجام داوە، دەستدرێژیی سێکسییان لێ کراوە، پۆلیس قۆڵبەستی کردوون و تەنانەت کۆمەڵێکیان خراونەتە زیندانیش. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پیشــانی داوە پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان گیرۆدەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشــبەر، منداڵازاریی دایک و باوک، زیندانچوونی دایک و باوک لەگەڵ جۆری

کاری منداڵدا هەیە [79].

ـــ عەلی ئیمانزادە لە ساڵی 1389 لە وتاری "ئەزموونی ژیاوی منداڵانی کاری شاری تەورێز لە هەستکردن بە تەنهایی" (تجربه زیستهٔ کودکان کار شهر تبریز از احساس تنهایی) ئەزموونەکانی منداڵانی کار لە هەستکردن بە تەنهایی تاوتوێ کردووە و لێکۆڵینەوەی وەسفی ئەنجام داوە. ئەم توێژینەوە بە شێوازی چۆنایەتی و دیاردەناسی و نموونەگیریی ئامانجدار و بە هاوکاریی دیمانەی قووڵ لەگەڵ 15 کەس لە منداڵانی کار ئەنجام دراوە. کۆمەڵە ئەنجامی ئەزموونەکانی منداڵانی کار لە هەستکردن بە تەنهایی بە چوار ناوەڕۆکی سەرەکیی "هەستە درکپێکراوەکان"، "جۆرەکانی هەستکردن بە تەنهایی"، "لێکەوتەکانی هەستکردن بە تەنهایی" و "ڕێگاکانی زاڵبوون بە سەر هەستکردن بە تەنهایی" دەستنیشان کرا. منداڵانی کار لە بەر دەم جۆرەکانی هەستکردن بە تەنهایی و بەتایبەت تەنهایی ئێگزیستانسیالیستدان. هەروەها منداڵان لە ژیانی خۆیاندا هەست بە بێمانایی، ناهومێدی و بەرەڵاکراندان. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین هەندێ سیاسەتی وەکوو باشترکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، ئامادەکردنی زەمینەکانی خوێندن، ڕاهێنانی توانا کۆمەڵایەتییەکان و مەعنەوەییەتدەرمانی دەتوانین هەستکردن بە تەنهایی لە ناو منداڵانی کاردا چارەسەری بکەین [80].

ـ سەفوورا داوەرپەنا و حسێن ڕاغفەر لە ساڵی 1388 هەتاوی لە وتاری "هەژاریی منداڵان و بازاڕی کار لە ئێران" (فقر کودکان و بازار کار در ایران) بە مەبەستی ناسینی پەیوەندیی نێوان جۆری پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، تایبەتمەندیی سەرپەرشتی بنەماڵە و هەروەها هەژاریی منداڵان پێکهاتەی بازاڕی کاریان تاوتوێ کردووە. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە ئامادەکردنی وێنەیەکی ڕوون لە سەرهەڵدانی هەژاری بە پێی پەیوەندیی هەژاری لەگەڵ بازاڕی کار لە ئێران بووە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە کە لێرەدا دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە حەشیمەتێکی زۆری منداڵانی هەژار 80.58 لە سەد لەو بنەماڵانەدان کە سەرپەرشتیاری بنەماڵە پیاوە و لە کەرتی تایبەت / فەرمی ئیش دەکەن، ژیانی خۆیان تێدەپەڕێن. 4.35 لە سەد هەژاریی منداڵان لەو بنەماڵانە بوون کە ژنی سەرپەرشتیاری پیشەدار لە کەرتی تایبەتین. ئەو منداڵە هەژارانەی کە سەرپەرشتیارەکەیان لە کەرتی نافەرمیدا پیشەدارن 3.5 قات هەژارتر لەو منداڵانەن کە سەرپەشتیارەکەیان لە کەرتی فەرمی ئیش دەکەن. پشکی پیشە نافەرمییەکان لە

کەرتی تایبەت لە شار 3.5 قاتی پیشە فەرمییەکانە و ئەم پشکە لە گوند 4 قاتی پیشە فەرمییەکانە. ئەو منداڵانەی کە لە لە بنەماڵە شارییەکاندا لە هەر دوو کەرتی فەرمی و نافەرمی ژیان دەکەن لە چاو منداڵانی لادێیی هەژارترن [81].

ـــــ سەلاحەدین نادری لە ساڵی 1393 هەتاوی لە تێزەکەیدا لە ژێر ناوی "کۆمەڵناسیی خەڵکتەوەر و تاقیکردنەوەی تیۆریی کاستلێز لە بواری کاری منداڵان (جامعەشناسی مردممدار و آزمون نظریۀ کاستلز در عرصۀ کار کودکان) (توێژینەوەیەکی کردەیی هاوبەشانە لەگەڵ منداڵانی ئەفغانستان لە ڕێکخراوی "دوستدار کودک مشتاق" ڕەوشی منداڵانی ئەفغانستانی تاوتوێ کردووە. ناوبراو لەم تێزەدا بۆ پیشاندانی بارودۆخی منداڵان تیۆریی ئیمانوێل کاستلێزی بە کار هێناوە و بارودۆخێک پیشان دەدا کە تێیدا منداڵان دەکەونە ناو دۆخێکی بێگەڕانەوە و بە کونەڕەشەکان ناوی دەبات. لەم نێوەندەدا منداڵانی کۆچبەر، لە چاو منداڵانی دیکە، بۆ کەوتنە ناو ئەم کونەڕەشە مەترسییەکی زیاتریان لە سەرە و لە لایەکی تریشەوە ئایدیای کۆمەڵناسیی خەڵکتەوەر یارمەتیدانی ئەم کەسانە و ئاشناکردنیان لەگەڵ بارودۆخی خۆیانە. لەم توێژینەوەدا، بە کەڵکوەرگرتن لە ئاراستەیەکی پڕۆژەیی و ئاراستەی منداڵ بە منداڵ، هەندێ چالاکی بە مەبەستی ڕاهێنان، وشیارکردنەوە و بە تواناکردنی منداڵان ئەنجام دراوە. لە پرۆسەی توێژینەوەدا 23 کچ و 33 کوڕ لە ڕێکخراوی هۆگری منداڵی تامەزرۆ (مرکز دوستدار کودک مشتاق) هاوکارییان نواند [82].

تۆلایی و هاوکارەکان لە ساڵی 1391 لە وتاری "پەیوەندیی کاری منداڵ لەگەڵ گەشەی مرۆیی لە وڵاتانی پێشنەکەوتوو و ڕوو لە گەشە" (رابطه کار کودک با توسعه انسانی در کشورهای توسعەنیافته و در حال توسعه) دیاردەی منداڵی کار و پێوەری گەشەی مرۆییان تاوتوێ کردووە. ئەوان بەڵگە دەهێننەوە کە ئەو وڵاتانەی کە پێوەری گەشەی مرۆییان لە ئاستێکی بەرزدایە ڕێژەی منداڵی کاریان کەمترە و بە پێچەوانەوە لە هەر شوێنێ ڕێژەی کاری منداڵ لە ئاستێکی بەرزدا بێ پێوەری گەشەی مرۆیی ئەو وڵاتە نزمە. ئەم توێژینەوە پەیوەندیی کاری منداڵی لەگەڵ گەشەی مرۆیی لە سەر ئاستی 65 وڵاتی گەشەنەکردوو و ڕوو لە گەشە تاوتوێ کردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە پیشان دەدا هەرچی پێوەری گەشەی مرۆیی لە ئاستێکی بەرزدا بێ، ڕێژەی کاری منداڵیش کەمترە و بە پێچەوانەوە. هەروەها بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکانیان دەڵێن گەیشتن بە گەشەی مرۆیی لەگەڵ پێوەری گەشەی مرۆیی بەرز

کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ باش‌بوونی ژیانی مرۆڤەکان هەیە، پێویستی بە کەم‌کردنەوە و بنەبڕکردنی کاری منداڵان لە سەرجەم کۆمەڵگاکانە [83].

ـ پەیام ڕۆشنفکر و دلارام عەلی لە ساڵی 1390 هەتاوی لە وتاری "ئاستبەندیی خەسارمتە کۆمەڵایەتییە حەرەشـەئامێزەکانی منداڵان لە شـاری تاران" (پهنه‌بندی آسیب‌های اجتماعی تهدیدکنندهٔ کودکان در شهر تهران) خەسارەتبەخشترین ناوچەکانیان بۆ منداڵان تاوتوێ کردووە. و بەم پێیە گەڕەکەکانی 17 و 18 و 19 شـارەوانیی تاران لە ڕووی ڕێژەی زۆری کۆچبەرانی ناوخۆیی و دەرەکی و باوترین خەسارەتەکانی سەر کاری منداڵ، ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر و توندوتیژی لە دژی منداڵان لە پلەی یەکەمدان. لەم وتارەدا هاتووە کە سەرنجی سەرەکیی ئەنجومەنە نادەوڵەتییەکان لە سەر کاری منداڵ و منداڵازاری چڕ بۆتەوە و لە بواری ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر کەم ڕێکخراو ئیشیان لە سەر کردووە. پێشنیاری زەمینەسازی و پشتیوانی لە وەگەڕخستنی ڕێکخراوە نادەوڵەتی و کۆمەڵگابنەماکان خراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ناوچەیی بەتوانا و کۆمەڵگا وشیار و ناوەندە دەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پشتیوانی لە منداڵان لە هەمبەر ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر خۆیان بە بەرپرس بزانن [84].

ـــ لە توێژینەوەی پرەن فێر لە ساڵی 1391 لە ژێر ناوی "سیاسەتە کۆمەڵایەتییە شیاوەکانی منداڵانی کار و شەقام" (سیاست‌های اجتماعی مناسب کودکان کار و خیابان) سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی ڕێگری، پشتیوانی و پێکهاتەیی تاوتوێ کردووە. بۆ وێنە لە بەشە سیاسییە پێشگیرییەکانیدا پێشنیار دراوە لە ڕێگەی ناوەندگەلی وەکوو بێهزیستی (چاکژیانەوە)، کومیتەی ئیمداد، ڕێکخراوی زیندانەکان و قوتابخانەکان، بنەماڵە کەمداهات و خەسارهەڵگرەکان بناسرێنەوە. ناسینەوەی گەڕەکە هەژارنشینەکان، پاڵپشتی و بەتواناکردنی بنەماڵەکان، تۆخ‌کردنی دەوری قوتابخانەکان و سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان، چاکسازی لە یاساکان، جێبەجێکردن‌کردنی کاریگەرانەی سیاسەتە کەلانەکان لە کۆمەڵگا وەکوو هەژاریسڕینەوە، دانانی هەلی کار لە دژی بێکاری و نەهێشتنی بێکاری، پێدانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتیی گونجاو، ڕەچاوگرتنی بیمە و دابین‌کردنی کۆمەڵایەتی، جێبەجێکردن‌کردنی بەربڵاو و وردی پلانی پرۆژە جڤاکییەکان، پەروەردە بۆ هەمووان، جێبەجێکردن‌کردنی پلانی کەلتووری و گەشەی کۆمەڵایەتیی گوندەکان و ناوچە بێبەشەکان و سەرنج‌پرژاندنە سەر ئابووریی خۆماڵی و ناوچەیی بە جۆرێک کە ببێتە هۆی کەم‌بوونەوەی کۆچ‌کردن

بەرەو کەلانشـارەکان، هەموو ئەمانە لە ڕێکارەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە. لە بەشـی سـیاسـەتە پاڵپشـتییەکان ناسـینەوە و هەڵسـەنگلندن بارودۆخی منداڵانی کاری سەرشەقام و وەدەستهێنانی ئاماری ورد سەبارەت بەم منداڵانە لەگەڵ سیاسەتدانان و پلاندانانی شیاو بۆ ئەم گرووپە وەک داپەڕگەلێکی پێویست لە قەڵەم دراون. ڕاکێشانی منداڵانی کار بە مەبەستی داکۆکی‌لێ‌کردنیان، سازکردنی پەیوەندیی کاریگەر لەگەڵ ئەوان، و پێدانی خزمەتگوزاریی شیاو لە زەمینەکانی ئاسایش، پەروەردە، تەندروستی و تەندروستیی تاکایەتی، ئیش‌کردن و خۆراکی بێبەرامبەر و هەمیشە لەبەر دەست لەو بابەتانەیە کە پڕەن فێر پێداگری لە سەر کردوون. ئەم توێژەرە وێڕای ئاماژە بەم خاڵە کە هەتا ئەو کاتەی کە توانای نەهێشـتنی تەواوی کاری منداڵ لە ئارادا نەبێ دەبێ شـێوازەکانی پاڵپشـتی و چاودێری‌کردنیان بەهێز بکرێ، پێشـنیاری کردووە هەندێ شوێن لە سەر ئاستی شار و لە نزیک هاتوچۆی منداڵانی کار بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە حاڵەتی مەترسیدا بتوانن سەردانی بکەن. هەروەها بۆ دابین‌کردنی ئاسایشی منداڵانی کار و سـازکردنی پەیوەندیی کاریگەر لەگەڵ لەگەڵ ئەو منداڵانە دەبێ هێزەکانی ئاسـایش (انتظامی)، شـارەوانی و چاکژیانەوە ڕاهێنانی پێویسـت ببینن بۆ ئەوەی هەڵسـوکەوتێکی شـیاویان لەگەڵ منداڵانی کار هەبێت. پڕەن فێر ڕەخسـاندنی هەلی کار بۆ مێرمنداڵان و ڕاهێنان لەو ڕێکارانە دەزانێ کە دەتوانێ هەلومەرجێک بۆ منداڵانی پازدە هەتا هەژدە سـاڵان ئامادە بکا کە پاش ڕاهێنان، پیشـەیەکی باشـیان هەبێت. بۆ ئەم کارەش دەتوانین کەڵک لە دەفرایەتیی ڕێکخراوی فەنی و حیرفەیی (ڕێکخراوی تەکنیک و ڕاهێنان) وەربگرین. هەروەها کارگەی ڕاهێنانی تایبەت بەم منداڵانە بە مەبەستی هەم فێرکاری و هەمیش بۆ پیشەی منداڵانی کاری سەر شەقام دابنرێت. بۆ کردنەوەی ئەم کارگایانە دەتوانین ڕێکخراوگەلی وەکوو شـارەوانی، چاکژیانەوە، وەزارەتی کار و دیکەی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بقۆزینەوە و هەڵبەت لە زەمینەی ئەو پیشانەی کە لەگەڵ بارودۆخی جەستەیی و ڕۆحیی منداڵان گونجاوە. هەروەها ئەو پیشـانەی کە لە بازاڕی کاردا خوازیاری کاریان هەیە. پێشـنیارەکانی دیکەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە: ڕاهێنان و ڕەخسـاندنی هەلی خوێندن لە پاڵ کار بۆ منداڵان، بەشـداریی منداڵانی کار لە هەندێ گەڵاڵە و بەرنامە، و بەدواداچوون بۆ بارودۆخی منداڵ هەتا ئەو کاتەی منداڵ سەربەخۆ دەبێت [85].

بە پێی توێژینەوەکانی ڕابردوو لە بواری کاری منداڵ لە ئێران، زۆربەی توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی ئێران لە سەر کاری منداڵ و کاری منداڵ لە سەر شەقام چڕ بۆتەوە و

لە مەڕ جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ کە فوکووسـی خسـتبێتە سـەر کارگاکان هیچ توێژینەوەیەک ئەنجام نەدراوە. هەر بۆیە ئەم توێژینەوە بە مەبەسـتی ناسـینی باشـتری هەلومەرجی کاری منداڵان لە پیشە جۆراوجۆرەکان، خوێندنەوەی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵی کردووە بە ئامانجی خۆی.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

لەم بەشـەی توێژینەوەدا کارگاکان و دیکەی ئەو شـوێنانەی کە منداڵان تێیدا ئیش دەکەن پێناسـە دەکرێت. ئەنجامەکانی ئەم بەشـە دەرەنجامی بینینی هاوبەشـانەی گرووپی توێژینەوەی مەیدانە.

## کارگەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو و پۆشاک

شـەقامی بێرڵین ناوی کۆڵانێکی کۆن و بەناوبانگی ناوەندی شـاری تارانە کە لە باشـووری شـەقامی (جمهوری اسـلامی) و لە ناو شـەقامەکانی لالەزاری باشـووری و فێردەوسیدایە و هۆکاری ئەوەی کە پێی دەوترێ "بێرڵین" ئەوەیە کە دەروازەی باشووری باڵوێزخانەی ئەڵمان دەڕوانێتە ئەم کۆڵانە و لە ڕاسـتیدا ناوی خۆی لە پێتەختی ئەم وڵاتە وەرگرتووە. کۆڵانی بێرڵین لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردووەوە وەک یەکێک لە ناوەندە سـەرەکییەکانی فرۆشتنی جانتا و پێڵاو لە تاران دەناسـرێت. ئەگەرچی دووکانە زریقە و بریقەدارەکانی فرۆشتنی جلوبەرگی شـەوانە و پۆشـاک و ئەو دەستگێڕانەی کە لە سـەر شـەقامەکان شت دەفرۆشـن هەمیشە وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکان ئەم گەڕەکە لە قەڵەم دەدرێن.

باغی سـپەهسـالاریش ناوی یەکێکی دیکە لە باغە کۆنەکانی تارانە کە هی میرزا حسێن خانی سـپەهسـالاری قەزوێن، سـەرۆک‌وەزیری ناسـرەدین شـا، بوو و ئێسـتا شـەقامی باغی سـپەهسـالار نەبێ کە بە ناوی ئەوڕۆیی شـەقامی "صـف" لە بازنەی مەیدانی بەهارسـتان دەناسـرێ، هیچی دیکەی لێ نەماوەتەوە. شـەقامی باغی سپەهسـالاریش یەکێک لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو لە شـاری تارانە و دەتوانین بڵێین لەم سـاڵانەی دواییدا بۆتە ڕکابەری یەکەمی بەرهەمهێنان و فرۆشـتنی جانتا و پێڵاو لە شـەقامی بێرلین کە زۆر لێی دوور نییە، بەتایبەت لە پاش سـاڵی 1385 هەتاوی کە ئەم شـەقامە بووە بە پیادەڕێ، دووکانی فرۆشـتنی جانتا و پێڵاو درەوشـانەوەیەکی دووقاتی هەیە و چێژی پیاسـەکردنی بۆ ڕێبواران لەم شـەقامە کۆنتەدا زیاتر کردووە.

هەروەها ناوەندی کڕینی شـــانزەلیزە لە شـــەقامی جمهوری یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ لە تارانە کە کارگەی بچووک و گەورەی لە خۆدا هەڵگرتووە. جیا لەمانە، هەندێ لە بەشـەکانی شـەقامی عەودلاجان لە گەڕەکی پامنار و بازاڕچەی شـــاپووری بازاڕی گەورەی تارانیش خەریکی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاون. بازاڕی گەورەی تاران چەق و جەمســـەری ئابووریی خەڵکی تاران و دیکەی شارەکانە.

خاڵی ســەرەکیی هاوبەشــی هەموو ئەم کارگە و بەرهەمهێنەرانە لەو گەڕەکانەی کە ئـامـاژەمـان پێکردن بوونی هێزی کـاری ژێر تـەمـەن هـەژدە ســـاڵان بۆ پیشــــە ناپسپۆڕییەکانی وەکوو بەردەستییە. لە سەرەتای هاتنە ناو ئەم کارگایانە بۆنی چەسپ، چەرم و هتد لووتت پڕ دەکات. لە کارگەی پێڵاو دەنگی چەکووچ و لە کارگەی جانتا و جلوبەرگ دەنگی مەکینەی دروومان بەردەوام دەبیسـترێت. خاڵی سـەرنجڕاکێشـی ئەم بازاڕانە، خێزانیبوونی ئەم پیشـــانەیە و زۆرێک لە بەرهەمهێنەران بە شـــێوەی بۆماوەیی لەم پیشــەدا ئیش دەکەن کە هەندێکیان وەک خۆیان لەگەڵ باوکیان ئیشـیان دەکرد، ئێســـتا منداڵەکانیان بۆ مەبەســـتی ڕاهێنانی کار، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا لەگەڵ خۆیان دەهێنا. ڕەنگە ئەم پرســـە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی کەمتری هێزی کاری کۆچبەر لە ناو ئەم پیشـــانە بێت. منداڵانی ناو ئەم کارگایانە زیاتر ئەو منداڵانەن کە لەگەڵ ئەندامێکی خێزان واتە (باوک، مام، خاڵۆ و ...) خەریکی ئیشن.

هاوکات لەگەڵ ئەو کارگایانەی کە بە شـــێوەی خێزانی بەڕێوە دەبرێن، هەندێ کـارگـاش هـەن کـە خـاوەنـەکـانـیـان بـە هۆکـاری جـیـاوازی وەکوو خراپبوونی بـازاڕ و نەبوونی ڕەونەقی کار و کاسـپی، نەیانهێشـتووە منداڵەکانیان بێنە ناو ئەم پیشـانەوە. لەم کـارگـایـانـەدا ئـەگـەر مـنـداڵانێـک ئیشـــیـان پێ دەکرێ، ئـەوە زیـاتر کۆچبـەر و ئەفغانستانییەکانن.



وێنەی منداڵێکی ئیشکەر لە کارگەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو لە بنکەی پۆلیسی نێعمەتاوا
(وێنە: توێژەر)

هەڵبەت ئەوەی ئەم کارگا بەرهەمهێنەرلنە لەگەڵ گەڕەکەکانی دیکە و ناوەندەکانی شـــوێنی کاری منداڵان جیا دەکاتەوە بوونی کەمتری هێزی کاری کۆچبەرە، جگە لە بازاڕی عەودڵاجان، کە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە گوێرەی وتەی کاســپکارەکان دەستمان کەوت، زۆربەی هێزی کاری ئەم گەڕەکە کۆچبەرانی ئەفغانین و جیا لەمانە، ئەو منداڵانە کاریان پێدەکرێ کە لە ناوچە جیاجیاکانەوە بە نیازی دەســتخســتنی کار بەرەو تاران کۆچیان کردووە و زۆریان لەم کارگانەدا کە ســـەرەتایی‌ترین ئیماکانیاتی ژیانی تێدا نییە، کار دەکەن و ژیان بە سـەر دەبەن. هەندێ لەم هێزی کارانە هاوشـاری یان هاوناوچەی خاوەنکارن و بە هۆی ناسینیەوە بە نیازی کار هاتوونەتە تاران.

کۆچبەرە ئەفغانییەکان بە شـێوەی نایاسـایی لە ئێران کار دەکەن، هەر بۆیە ناچارن کاری دژوار بە حەقدەســتی کەم قبووڵ بکەن و بە هۆی نایاســـاییبوون شـــوێنی نیشتەجێبوونیان ناتوانن داوای بیمە لە خاوەنکارەکەیان بکەن.

کرێکارە ئەفغانییەکان کە حەشـــیمەتێکی زۆریان منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ســـاڵانن، لە پیشـــەگەلی جۆراوجۆری وەکوو کاری خزمەتگوزاری و بیناســـازی، کێڵگەی مریشـک و کێڵگەی منداڵی کار، کێڵگەی کشـتوکاڵ و زبڵگەڕی ئیش دەکەن کە لەم کتێبەدا ئاماژە بە هەندێ لەم پیشانە دەکرێت.

ئەم گرووپی منداڵانە بەردەوام لە وەحشەتی دەرکران لە ئێران و گەڕانەوەی ناچاری بۆ ئەفغانســتاندا دەژین. هەر بۆیە وایان پێ باشــە لە کارگای بە دوور لە ناوەندی شـار

ئیش بکەن بۆ ئەوەی لە چاوی پشـــکنەرانی وەزارەتی کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی شـــاراوە بن. بەم پێیە لە هەندێ لەم شـــوێنانەدا وەکوو ســـێ ڕای جمهوری کە کارگە بەرهەمهێنەرەکان لە ناوەندی شارن و ناو و زانیاریی تەواویان لە بەر دەستە، ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە خەریکی ئیشـن یان زۆر کەمە و یان ئیشکردنیان بە شـێوەی پەنامەکییە [86] و زۆر جار لـە کـارگـاکـان، بینـای نیوەچڵ، کێڵگـەی گـا یـان ژووری بچووکی بێ‌ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ئیش دەکەن. ئەوان ناتوانن تێچووی خانوبەرەی گونجاو و پڕجیاز دابین بکەن، چونکە بە حەقدەســتی کەم لە ئێراندا کار دەکەن. کەواتە زۆربەیان هەر لە شوێنی کارەکەیاندا ژیان دەکەن [87].

بازاڕی فرۆشـــتنی جانتا و پێڵاو، وەکوو کاڵاکانی دیکە، کاتی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەم کاتانەدا ڕێژەی کرێکارانی ئیشـــکەر لەم کارگایانەدا زیاتر دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕێژەی کرێکارانی ئیشکەری ئەم پیشە بە ڕەونەقی بازاڕ بەستراوەتەوە.

لەو کارگایانەی کە جۆری کار پێویستی بە توانا، ئەزموون و شارەزایی زیاتر هەیە، وەکوو کارگەی بەرهەمهێنانی جلوبەرگی لووکس و یان هەندێ کارگەی بەرهەمهێنانی پێڵاو، منداڵانی کار بەدی ناکەین.

سـەرەڕای ئەوەی لە کاتی بینینی مەیدانیی توێژینەوە بەشـێکی زۆری هێزی کار بە هۆی تەشـــەنەســـەندنی پەتای کۆڕۆنا و داخرانی کارگە بەرهەمهێنەرەکان ئیشـــیان نەدەکرد، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەم هێزی کارانە هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ شـــوێنی کاری خۆیان.

مادەی ســـەرەکیی زۆربەی کارگا بەرهەمهێنەرەکانی جانتا و پێڵاو لە وڵاتی چینەوە دێ و لە هەندێ لەم کارگایانەدا هێزی کاری کۆچبەری وەکوو ئەفغانسـتانی خەریکی ئیشـــن، بەڵام وەک وترا، زۆربەی هێزی کاری ئەم کارگایانە منداڵان و کۆچبەرانێکن کە لە ناوچە جیاجیاکانی ئێرانەوە وەکوو هەندێ لە دەڤەرەکانی ئەهواز، باشـــووری لوڕســـتان، مەشـــهەد، ســـەبزەوار، کرمان، زەنجان و ناوچەکانی دیکە بە شـــێوەی زنجیرەیی، خزمایەتی، و گرووپی هاتوونەتە تاران و لە کارگاکان کار دەکەن. ئەوان زیاتر شەوانە لە شوێنی بچووکی کارگە دەمێننەوە و لە کاتی پشوودا مێزی دروومان لە پاڵ یەکتر دادەنرێن و بۆیان دەبنە تەختەنوێن؛ ئەم حاڵەتە بەتایبەت لە پاســـاژی "کاشـــانی"، "ئەمین"، "ســـەجاد" زۆر بەدی دەکرێت. جۆری کاری منداڵان لەم کارگایانەدا لەگەڵ ئەو ڕاهێنانەی کە بینویانە، جیاوازە، بەڵام زۆریان لە بەشـــی مۆنتاژکاری، قاپۆڕەبەندی، چەسپلێدان و دوگمەلێدان سەرقاڵن. کاتژمێری کاریی ئەم

منداڵانە، بە وتەی خۆیان، درێژماوەیە و پتر لە پازدە هەتا شـــازدە کاتژمێر لە ڕۆژە و سێ هەتا چواری بەرەبەیانی ئیش دەکەن و پاش ئەوە هەتا کاتژمێر 11 بەیانی دەخەون و ئینجا هەڵدەستن و دەست بە کار دەبنەوە.

جۆری کارکردنی ئەم کەســـانە بە جۆرێکە کە بەردەوام ئیش بە مادەی کیمیایی دەکەن و بەو پێیەی کە زۆریان بە بێ ڕەچاوگرتنی ڕێنمایییە خۆپارێزییەکانی وەکوو بەکارهێنانی دەســتەوانە، ئیش دەکەن لە بەر دەم مەترســیدان، بەتایبەت ئەوەی کە ئەو چەســـپانە گڕگرن و بە بچووکترین ڕووداو لەولنەیە تەندروســـتیی کرێکاران بکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها لە گەڕەکی عەودڵاجانی تاران، لە گەڕەکێک کە لە پشت بازاڕی ســـەرەکیی عەودڵاجان، کۆڵانێکی تەنگەبەری لێیە کە تێیدا کارگاکانی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو چالاکی دەکەن. کرێکارە ڕۆژمووچەکانی ئەم کارگایانە شـــەویش لە شـــوێنی ئیشـــەکەیاندا دەخەون و لەگەڵ کارگاکانی دیکەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاوی گەڕەکی 12ـی شارەوانیی تاران لە بارودۆخێکی هاوشێوەدان.



نومایەکی کارگە بەرهەمهێنەرەکانی پۆشاک و پەردە لە سنووری بازاڕی گەورەی شاری تاران (وێنە: توێژەر)

## پیشە کشتوکاڵییەکان

لە دەڤەرەکانی دەوروبەری شـــاری تاران و شـــاری ڕەی کۆمەڵێک گوند و لادێی زۆری لێیە کە ڕێژەیەکی زۆری حەشـــیمەتی ئەفغانی لە خۆدا هەڵگرتووە. حەشـــیمەتی زۆربەی گوندەکان، بۆ وێنە قەمســـەر، بە گوێرەی وتەی دانیشـــتووان، نزیکەی 95 لە

سـەدی ئەڤغانسـتانین. زۆرێک لەم گوندانە وەرگری ئەو ئەڤغانیاییانەن کە تازە کۆچیان کردووە و توانای ژیان و دەرەقەتی خەرجی ژیانی شـاری نایەن. باقرشـار گەڕەکێکە لە نزیک بەهەشــتی زەهرا کە لەم حاڵەتە بەدەر نییە و زۆرێک لەو ئەڤغانســتانییانەی لە خۆدا هـەڵگرتووە کـە دۆخی ئـابووریـیـان بـاشــە. گونـدەکـانی بـاشــووری تـاران هەلومەرجێکی جیاوازیان هەیە بەڵام خاڵی هاوبەشــی هەموو ئەم گوندانە بوونی حەشیمەتی ئەڤغانستانییە. یەکێکی دیکە لەم گوندانە "گل‌حصار" (گوڵ حەسار)ە.

گوڵ حەســار گوندێکە کە کەوتۆتە شــارەدێی کەهریزەک کە لە پێنج کیلۆمەتریی شــاری ڕێیە. هەتا بەر لە ســاڵی 1391 هەتاوی ئەم گەڕەکە دوو گوندی بە ناوەکانی "قووچ حەســار" و "ســەلمبۆر" هەبوو، بەڵام لە مانگی ڕێبەندانی ســاڵی 1391 هەتاوی، لە پرۆژەیاســای دەوڵەتی کاتی، ئەم دوو گوندە تێکەڵ بوون و ئێســتا ناویان نراوە گوڵ حەسار. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ئەم ناوچە لە ڕووی حەشیمەتی و تەنانەت فیزیکییشــەوە گەشــەیەکی باشــی بە خۆوە بینی و وەرچەرخانی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەئەزموون کرد.

لەم ناوچەدا کێڵگەی کشتوکاڵی زۆر و بەرفرەوان بەدی دەکرێ کە ساڵانی ڕابردوو تایبەت بە چاندنی گەنم و جۆ بووە، بەڵام ئێســتا بوونەتە کێڵگەی بەرفرەوانی میوە و تەڕەکاڵ و وەک یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی دابین‌کردنی تەڕەکاڵ و ســەوزەی تاران و شــارەکانی دەوروبەر لە قەڵەم دەدرێت. بە واتایەکی دیکە فرەیی و ڕووبەری کێڵگەی سەوزە و تەڕەکاڵ لە ئاستێکدایە کە پیشەی زۆرێک لە دانیشتووانی ئەم دەڤەرە بە سەوزە و تەڕەکاڵەوە بەستراوەتەوە. هەندێکیان خەریکی چاندن و چنینەوەی سەوزەن و هەندێکیشیان لە کارگا و کارخانەکانی سەوزەپاک‌کەرەوە و بەستەبەندی ئیش دەکەن. هەروەها بەرفرەوانیی کێڵگەکان وای کردووە کە خواست بۆ هێزی کار بۆ نزیکەی 12 قات بەرز ببێتەوە. هەر ئەم بابەتە یەکێک لەو هۆکارە هەرەگرینگانەیە کە وای کردووە 40 لە ســەدی دانیشــتووانی ئەم دەڤەرە ئەڤغانییە کۆچبەرەکانن و هەندێ کۆچبەری پاکســتانیش لەم ناوچەدا دەژین. خاڵی ســەرەکیی کۆچبەرانی ئەم ناوچە نەبوونی مۆڵەتی یاسایی نیشتەجێ‌بوون لە ئێرانە. زۆربەی هاووڵاتییە دانیشتووەکانی ئەم ناوچە لە سەر زەوی کشتوکاڵ ئیش دەکەن.

جیا لە کێڵگەی ســەوزە و تەڕەکاڵ، لەم ناوچەدا دامەزرانی پیشــەســازیی نەوتی و چالاکیی پاڵاوگەییش دەبینین. هەندێ کارگەی پیســکەر و تەنانەت بێ‌مۆڵەتی وەکوو چالاکیی بیناســازی، بە هۆی لاوازیی یاســا و ڕێســا ژینگەییەکان زۆر بە ئاســانی

چالاکی دەکەن. ئەوەی ئەم ناوچەی کردووە بە نیشتنگەیەکی ئارام بۆ کۆچبەرانی نایاسایی، و چالاکی و پیشە بێ مۆڵەتەکان، هەلی خۆدزینەوە لە یاسا و ڕێساکانە. گوڵحەسار دەڤەرێکە لە پێنج کیلۆمەتریی شاری تاران کە لەگەڵ هەژاری، بێ ئاوی و کەمیی ئیماکانیاتی خۆشگوزەرانی و تەندروستی دەست و پەنجە نەرم دەکا و دانیشتووانی ئەم دەڤەرە بە هۆی نیشتەجێبوونی نایاسایی توانای داخوازییان نییە. دانیشتووانی خۆجێییش - کە بوونەتە خانەخوێی ڕێژەیەکی زۆری کۆچبەران - لەوەی کە ئەم گوندە تووشی کێشە و گرفتی زۆر بۆتەوە و کۆچبەرە بیانییەکان بە کەوێڵنشینی کێشەیان بۆ ساز کردوون گلەیی و گازندەیان هەیە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە دارشتەی نیشتەجێبوونی ناوچەکە زۆر کۆنە و هیچ کام لە ستانداردە سەرەتاییەکانی نیشتەجێبوونی پارێزراوانەی تێدا نییە. ئەو کۆچبەرانەی کە هێزی سەرەکیی کاری کێڵگەی سەوزە و تەرەکاڵ پێک دەهێنن زۆریان بە شێوەی زنجیرەیی و خزمانە لە سەر زەوییەکان ئیش دەکەن، وەک دەبینرێ، زۆربەی کرێکارەکانی هەر کێڵگەیەک خزم و کەس و کاری یەکن. هەر ئەمە وای کردووە منداڵانی ئەم بنەماڵانە لەگەڵ گەورەساڵان و بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لە کێڵگە ئیش بکەن؛ کوڕان لە سەر زەوییەکان کار دەکەن، سەوزی چەپک چەپک دەکەن و بە پەت یان گوریسێک دەیپێچنەوە و کاری شتن ئەنجام دەدەن و دەیخەنە ناو وانێت و کچان لە کارگە خەریکی وردکردن و بەستەبەندی سەوزەکانن. ئەو برە حەقدەستەی کە منداڵانی ئیشکەر لەم کێڵگانە وەریدەگرن لە چاو ماوەی زۆر و دژواریی کار شتێکی ئەوتۆ نییە و لە 500 هەزار تمەنەوە دەست پێ دەکا و هەندێکیش لەولنەیە بە پێی تولنا و پێگەیەک کە دەستی دەخەن برە پارەی زیاتر وەربگرن. گوڵحەسار وەک وترا ژێرخانی پێویستی نییە و بە دوور لە کۆمەڵگاکان بینا کراوە و دانیشتووانی ناوچەکە بە هۆی کۆچ و نیشتەجێبوونی نایاسایی تولنای داخوازییان نییە. هەر هەموو ئەم بابەتانە دەستی داوە بە دەست یەکەوە کە ئەم دەڤەرە ڕووبەڕووی بێبەشیی دووقات ببێتەوە.


نومایەک لە کێڵگەی کشتوکاڵی دەوروبەری شاری تاران و منداڵانی کار لەم کێڵگەدا (وێنە: توێژەر)

## سێ ڕیانی ترانسفۆڕ

سێ ڕیانی ترانسفۆڕ ناوچەیەکە لە باشووری تاران، نەگەیشتوو بە جادەی کۆنی قومە کە دەتوانی لە شارێی ئازادەگان، شارێی شەهید ڕەجایی، و شارێی ئیمام عەلیشەوە بۆی بچی، ناوچەیەکە کە بەشێکە لە شاری ڕێی و مەودایەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەهەشتی زەهرا نییە. هۆکاری ناونانی ئەم ناوچە، کە دەکەوێتە شەقامی ئێران، بوونی کۆمپانیانی "ئێران ترانسفۆڕ"، بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری ترانسفۆڕماتۆرە کە ساڵی دامەزرلنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 1345 هەتاوی. جیا لەم کۆمپانیایە کۆگای کۆمپانیاکان و کارخانە گەورەترەکانی دیکەش لەم گەڕەکەدان و سوولەی گەورە لەم گەڕەکەدا چێ کراوە. سەرباری ئەمە ئەوەی لەم گەڕەکەدا زیاتر لە هەمووان بەر چاو دەکەوێ کێڵگەی بەرفرەوانی سەوزیکارییە کە لە شارێی ئازادەگانەوە و ئیمام عەلییەوە دەست پێ دەکا و هەتا بەهەشتی زارای تاران درێژەی هەیە.

لە سێ ڕیانی ترانسفۆڕ جۆرێکی دیکەی شێوازی ژیان دەبینرێ کە ئەورۆکە لە ژیانی شاریدا بە دەگمەن دەبینرێت. زەوی کێڵگەی بەرفرەوان کە لە نزیک سوولەی گەورەی کێڵگەی منداڵی کار، کێڵگەی مریشک، کێڵگەی ئاژەڵی زیندوودان. لەم کێڵگلنەدا جۆرەکانی سەوزە دەچێندرێ و بەرهەم دەهێنرێ و زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکە پەنابەرانی پاکستانین کە بە شێوەی نایاسایی هاتوونەتە ناو ئێران و لە گەوڕ و کۆخانەی کە لە ناوەڕاست کێڵگەدا بە مادە خەسارچووەکان چێ کراون لەگەڵ بنەماڵە

پڕحەشیمەتەکەیان ژیان بە سەر دەبەن.

شوێنی داهاتی ئەم کەسانە زەوی کێڵگەی بامییە و سەوزەیە و زیاتر بە شێوەی خێزانی لە سەر ئەم زەوییانە ئیش دەکەن و منداڵان لە پێکهێنانی هێزی کار لەم کێڵگانە پشکی شێریان بەر دەکەوێ کە ڕۆژانە پتر لە دوازدە کاتژمێر لە کاتژمێر چواری بەیانییەوە هەتا کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ ئیش دەکەن. ئەوان لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی بەرەبەیانییەوە کاری خۆیان بە دەستەکردنی سەوزەکان، لێکردنەوەی سەر و بنیان، بە چەپککردنیان و لە کۆتاییدا بە پێچاندنەوەی گوریس لە دەوریان دەست پێ دەکەن بۆ ئەوەی هەتا بەرەبەیانی بۆ خستنە ناو وانێت و کامیۆن ئامادە بێت. وانێتبارەکان لە دوو نۆرەدا ئامادەە دەبن و بەروبوومی ئەم کێڵگانە دەگوازنەوە و دەیبەن بۆ بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار. پاش ئەوەی سەوزەکان گوازرانەوە، منداڵانی کێڵگە کاری خاوێنکردنەوە و جنینی سەوزەکان دەست پێ دەکەن.

بە پێی مۆدێلی فەرهەنگگریی هەڵسوکەوتانەی بۆریس[1] لەوانەیە ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ لە هەمبەر کۆچبەران پێنج ئاراستەی فەرهەنگگری بگرنە بەر: یەکپارچەیی، جیاوازی، لێکچوونخوازی، پاوانخوازی و تاکخوازی. مەبەست لە یەکپارچەیی ئەوەیە کە کەسی کۆچبەر لە سەر فەرهەنگی کۆمەڵگەی یەکەمی خۆی سوورە، لە حاڵێکدا کە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئامانجیش هەیە و پێی پابەندە. لە یەکپارەچییدا جۆرێک دووکەلتووریی ڕاستەقینە بەدی دەکرێ و وەفاداربوون بە هەر دوو فەرهەنگەکە جۆرێک هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. کەواتە بە پێی ئەم مۆدێلە، دەتوانین بڵێین کۆچبەرانی پاکستانیی دانیشتووی ئەم ناوچە ئەم ئاراستەیان هەیە چونکە هەم جلوبەرگ و خشڵ و زمانی وڵاتی خۆیان پاراستووە و هەمیش لە ناو کێڵگە و لە پاڵ خانەخوێ ئێرانییەکان ژیان بە سەر دەبەن و کار دەکەن و وەرگیراون.

خاوەنەکانی ئەم کێڵگانە زۆریان ئێرانین و ئەو کۆچبەرە پاکستانییانەیان دامەزراندووە وا مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان نییە و ئەم کەسانە هەر لەبەر ئەوەی مۆڵەتی یاساییان نییە بڕە حەقدەستێکی کەمی یەک هەتا دوو ملیۆنی وەردەگرن و منداڵەکانیشیان کە لە کێڵگەدا لەگەڵ خێزانەکانی خۆیان کار دەکەن، حەقدەستێکی زۆر کەم وەردەگرن. کۆچبەرە پاکستانییەکان بە ناچار مل بەم کارانە دەدەن چونکە بە هۆی ئەوەی مۆڵەتی یاساییان نییە، کارێکی باشیان دەست ناکەوێ و ئەگەریش

---

1. Boris

کارێک هەبێ دەرەقەتی تێچووی خانوبەرە نایەن و هەر لەبەر ئەوە کار و ژیان لە ناو ئەم کێڵگانە باشتر و گونجاوترە.

بە پێی چەمکی ژینگەناسیی شاری - کە بریتییە لە خوێندنەوەی شێوازی لێکبڵاویی حەشیمەت و پەیوەندییەکانی نێوان حەشیمەت لەگەڵ خزمەتگوزاری، پیشەسازی، و پانتای کراوەی شار - دەتوانین بڵێین کە ئەم ناوچە لە ڕووی جیازاتی ژیان، هیچ کام لە ژێرخانە پێویستەکانی ژیان (تەنانەت ئیمکانیاتی گوند یان میرەدێ)ـیان نییە. دانیشتووانی کێڵگەکان ئاوی خواردنەوەیان نییە و ئاوی چاڵاو دەخۆنەوە، بۆ ئاوی گەرم ئاوەکە دەخەنە ناو تەنەکە و لە سەر ئاگری دادەنێن هەتا گەرم دەبێتەوە و بۆ گەرماو و پێویستیی خۆیان بەم شێوە ئاو گەرم دەکەنەوە. زۆربەی کۆخەکانیش یان کارەبایان نییە یان بە شێوەی نایاسایی لە کارەبای سەرشەقامەوە کارەبایان کێشاوە. بە پێی بارودۆخی ناوچەکە، منداڵانی ئەم بنەماڵانەش بە هۆی دووریی لە شار لە خزمەتگوزاریی تەندروستیی، پزیشکی و بەتایبەت پەروەردە بێبەشن. زۆرینەی بنەماڵەکان پڕحەشیمەتن. بە گوێرەی وتەی خۆیان، ئەگەر بەخت یاریان بێ و لە ماوەی نیشتەجێبوونیان لە ئێران ڕیپۆڕت نەکرێن، وەک دەرفەتێک لەم قۆناغەی ژیانیان دەڕوانن کە پارەیەک کۆ بکەنەوە و بیدەن بە قاچاغبەرەکان کە لە ئێرانەوە بیانبا بۆ تورکیا و ئورووپا. کەواتە هەندێکیان وەک تێپەڕگەیەک بۆ ئاسانبوونی کۆچکردنیان بۆ وڵاتی مەبەست لە ئێران دەڕوانن. زۆرێک لەم بنەماڵانە لە ئەگەری خراپبوونی کاری وەرزلنە، منداڵەکانیان دەبەنە سەر چواڕیلنەکان بۆ ئەوەی سواڵ بکەن و ئەگەر دۆخەکە زۆر بە لایانەوە دژوار و تاقەتپڕووکێن بێ، دەڕۆنەوە بۆ پاکستان.



نومایەک لە سێڕیانی تڕانسفۆڕماتۆڕ و کێڵگەی کشتوکاڵ (وێنە: توێژەر)

## پیشەکانی پەیوەست بە گوڵ

گوڵفرۆشی و کارکردن لە پیشە پەیوەستەکانی گوڵفرۆشی بە هۆی ئەوەی پێویستی بە شارەزایی ئەوتۆ نییە منداڵانێکی زۆر ڕاکێشاوە. ئەم منداڵانە هەندێ جار لە سەر شەقام و ڕێڕەوەکاندا گوڵ بە خەڵک دەفرۆشن و هەندێ جار لە شوێنگەلی وەکوو بەهەشتی زارا و ئەو شارێیانەی کە دەڕوانێتە بەهەشتی زارا. هەندێکیش بە داشقە لە ناو بازاڕەکانی گوڵ کڕدراوەکانی مشتەری و دووکاندارەکان دەگوێزنەوە. لە درێژەدا هەندێ لەم شوێنانە دمناسرێ و بارودۆخی منداڵانی گوڵفرۆش لەو شوێنانەدا تاوتوێ دەکرێت.

## بەهەشتی زارا

بەهەشتی زارا لە ڕووی ڕووبەرەوە دووهەمین گۆڕستانی موسڵمانان لە پاش وادیسەلامە کە لە باشووری تارانە و شارێی ئازادەگان بەوێ کۆتایی دێت. جیا لەو بەشانەی کە خەڵکی ئاسایی تێیدا نێژراون، هەندێ بەشی تایبەتی دیکەش لەم گۆڕستانەدا هەیە، بۆ وێنە بەشی 33 کە هی خەباتکارانی سیاسیی بەر لە شۆڕشی ئیسلامییە لە بەشی لەسێدارەدراوانی کۆمەڵایەتی یان سیاسی نێژراون و دە بەشیش بە

ناوی گوڵزاری شــەهیدانە کە شــوێنی ناشــتنی شــەهیدانی شــەڕی ئێران و عێراقە. گۆڕســتانی کوژراوەکانی ســەرۆککۆماریی هەوتی پووشــپەڕ لە بەشــی 24 و گۆڕی دامەزرێنەری کۆماری ئیسـلامی، ئایەتوڵا خومەینی لە ڕۆژئاوای بەهەشـتی زارایە. لە بەشی هونەرمەندان و ناودارانیشـدا هونەرمەندانی بەناوبانگ و کەسـانی ناسـراوی تێدا دەنێژرێت.

سـەبارەت بە نرخی گۆڕ لە بەهەشـتی زارا هەندێ دەنگۆ لە ئارادایە کە هەندێکیان ڕاگەیلاندنی نافەرمی لە هەندێ ماڵپەڕی وەکوو دیوار تەشــەنە بە دەنگۆی فرۆشــتنی چەند دە ملیۆنیی گۆڕ لە هەندێ بەشـی تایبەت دەدەن، سـەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەرانی بەهەشــتی زارا لە ســاڵی 1398 بە پێداگرییەوە ڕایانگەیاندووە زیاترین نرخی گۆڕ لە 16ملیۆن زیاتر تێناپەڕێ و هی بەشــەکانی یەکی بەهەشــتی زارایە. بە وتەی ئەوان لە بەشـی دووی ئەم گۆڕسـتانە نرخی هەر گۆڕێک بڕی 9 ملیۆن تمەن و لە بەشـی سـێ نرخی هەر گۆڕێک 3 ملیۆن تمەن دیاری کراوە و لە بەشـەکانی دیکەشـدا بە شـێوەی بێبەرامبەر گۆڕ دەدرێ بە هاووڵاتیان [88]. بەو پێیەی کە بەهەشــتی زارا لە ئێســتادا تاکە گۆڕســتانی فەرمیی شـاری پڕحەشـیمەتی تارانە، حەشـیمەتێکی زۆری خەڵکی ماتەم و پرســەگێڕ لە باکوور، باشــوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تاران ڕوو لەم گەڕەکە دەکەن. سـەرەڕای ئەوەی ئەو کەسـانەی کە لە ڕۆژانی ئاسـایی هەفتەدا دەچنە بەهەشتی زارا کەم نین، بەڵام زۆربەی خەڵک بە هۆی بیر و باوەڕی ئیسـلامییەوە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە بۆ سـەردانکردنی قەبرەکان دەسـتنیشـان دەکەن. وا باوە لە کاتی سـەردانکردنی گۆڕی ئازیزانیان گوڵ و گوڵاو بە دیاری دەبەن و دانانی گوڵ و پرژاندنی گوڵاو لە سـەر گۆڕی مردووەکـان نـەریتێکی کۆن لـە نـاو ئێرانیـان و خـەڵکی موسـڵمانە. هـەر بۆیـە گوڵفرۆشــی لـە گۆڕســتانی گـەورەی بـەهـەشــتی زارا و گۆڕســتانـەکانی دیکـە بۆتـە بازرگانییەکی گەورە کە لە کون و قوژبنی ئەم کارەدا چەوسـاندنەوەی منداڵانی هەژار بەدی دەکرێت.

بەشــی کۆتایی شــاڕێی ئازادەگان، وەک گرینگترین ڕێگەی کۆتاییهاتوو بە بـەهـەشــتی زارا لـە خـاڵـە جۆراوجۆرەکـانی تـارانـەوە، لـە ڕۆژانی کۆتـایی هـەفتـەدا لـە گوڵفرۆشـەکان جمەی دێ کە لە پەراوێزی شاڕێدا ڕاوەستاون و چاوەڕێی مشتەرین و زۆریـان منـداڵن. لـەگـەڵ وەســتـانی هـەر ئۆتۆمبێلێـک، کۆمـەڵێکی زۆری منـداڵی گوڵفرۆش بەرەو لایان ڕا دەکەن بۆ ئەوەی گوڵیان پێ بفرۆشـن. ئەمە یەکەم نومای منداڵانی گوڵفرۆش لە سنووری بەهەشتی زارای تارانە.

ئەم کەلوپەلانە لەو شـوێنانەدا هەڵدەڕێژرێن کە پێیان دەوترێ مەکۆ. ئەم مەکۆیانە هی ئەو کەســـانەیە کە پێشـــینەدارن و زۆریان ئێرانی و کۆنەکارن. کۆنەکارەکان لە ناو مەکۆکانی گوڵفرۆشـی یان خۆیان گوڵەکانیان هەڵدەڕێژن یان مەکۆکان بە کرێ دەدن. ئەگەر خۆیان کەلوپەل دابنێن کار بە منداڵان دەکەن بۆ ئەوەی گوڵیان بۆ بفرۆشـــن و ئەگەر مەکۆ بە کرێ بدەن کرێچی منداڵان بۆ فرۆشـــتنی گوڵ بە کار دێنێت. لەولنەیە ئەم منداڵانە ڕۆڵەی خۆیان بن یان منداڵە کرێکارەکان بن کە ڕۆژانە حەقدەســـت وەردەگرن. حەقدەســـتی منداڵانی گوڵفرۆش ڕۆژانە، کە لە ڕۆژدا لە بەرەبەیانییەوە دەست پێ دەکا و هەتا کاتژمێر هەوت یان هەشتی شەو بەردەوامە، 50 بۆ 70 هەزار تمەنە کە ئەم بڕە پارە بە پێی فرۆش فەرقی هەیە و ئەگەر فرۆش کەم بێ، خاوەنکار بە پێی باشـــترزانینی خۆی لە مووچەی منداڵان کەم دەکاتەوە. مۆدێلێکی دیکەی کار ئەوەیە کە کرێچی یان خاوەنی مەکۆ کۆی کەلوپەلەکان بە منداڵ دەســـپێرێ و لە کۆتایی ڕۆژدا 25 لە سەدی داهاتی فرۆشی گوڵ دەدا بە منداڵ.

خاڵی ســـەرنجڕاکێشـــی ئەنجامە مەیدانییەکان ئەوەیە کە هەندێ لە منداڵە گەورەترەکان مەکۆکان بە کرێ دەگرن و منداڵە کەمتەمەنترەکان بە شێوەی حەقدەستی ڕۆژانە دادەمەزرێنن و لەم نێوەندەدا لە فرۆشتنی ئەم گوڵانە قازانجێک دەست دەخەن. بە واتایەکی دیکە پرۆسەی دامەزراندنی منداڵان بە شێوەی زنجیرەیی بەردەوام دەبێت. وێنەیەکی دیکە ئەو منداڵانەن کە خۆیان مەکۆ بە کرێ دەگرن و بە ئامادەکردنی گوڵ لە بازاڕی گوڵفرۆشی، فرۆشی ڕاستەوخۆی خۆیانیان هەیە.

سەبارەت بە بارودۆخی منداڵانی گوڵفرۆش لە گۆڕستانەکان چەند خاڵ هەیە کە دەبێ ســـەرنجیان پێ بدرێ: زۆربەی ئەم منداڵانە کۆچبەرانی ئەفغانین کە لە هەندێ ناوچەی وەکوو کەهریزەک و کەریماوا دەژین. ڕاســـتە منداڵانی ئێرانیشـــیان تێدایە و زۆریان دانیشـــتووی باقرشـــارن، بەڵام خاڵی جیاوازیی منداڵانی گوڵفرۆشـــی ئێرانی لەگەڵ منداڵانی کۆچبەر لەوەدایە کە منداڵانی ئێرانی بە هۆی داکۆکیی ڕێژەیی بنەماڵە کەمتر مەترســـیی خەســـارەتیان لە ســـەرە، بەڵام منداڵانی کۆچبەر بە هۆی نەبوونی مۆڵەتی یاسایی یەکجار زۆر دەچەوسێنرێنەوە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە سەرەمایەی ســـەرەتایی بۆ بەکرێگرتنی مەکۆ و کەلوپەلیان نییە و ناچارن وەک کرێکاری ڕۆژانە حەقدەســـت وەربگرن. توندوتیژی و هەڵسـوکەوتی خراپ لەگەڵ منداڵانی گوڵفرۆش بەتایبەت ئەو کاتەی کە فرۆشـــی کەمتریان هەیە یان یاری دەکەن و حەزیان لە ئیشکردن نییە، پرســـێکی باوە. ئەم منداڵانە لە بەر دەم مەترســـیی ژینگەیی زۆرن،

وەکوو پیســـیی دەنگی بـە هۆی هـاتوچۆی جـادەیی، پێکـدادانی جـادەیی (بـە هۆی ڕاوەسـتان لە شـاڕێکان و ڕاکردن بە دوای ئۆتۆمبێلەکان)، لەبەر گەرمای سـووتێنەری هاوین و سـەرمای تا سـەر ئێسـقانی زسـتان، لە کاتێکدا کە لە شـوێنی کار سـێبەر و سـەرپەنایان نییە. هەڵبەت بارودۆخی ئەو منداڵانەی کە لە مەکۆ پاوەجێکاندا ئیش دەکەن، بە هۆی بوونی سـیڤان و سـەرپەنا، کەمێک باشـترە و لە ئاسـایشـی زیاتر سـوودمەندن. خاڵی جیاوازیی مەکۆی پاوەجێ لەگەڵ مەکۆکانی دیکە لەوەدایە کە مەکۆ پاوەجێکان هەر هەوت ڕۆژی هەفتە کراوەن، بەڵام مەکۆکانی دیکە تەنیا ڕۆژانی کۆتایی هەفتە و ڕۆژانی پشـوو چالاکن. بەو پێیەی کە کەلوپەلەکان لە ماوەی چەند هەنگاوییەوە لە لایەک هەڵدەڕێژرێن، زۆربەی کات ئەم منداڵانە لە سـەر فرۆش تووشـی ناکۆکی دەبن و لە یەکتر دەدەن. ئەم شـەڕ و ناکۆکییانە لە نێوان ئەو کەسـانەی کە خۆیان بە خاوەنی مەکۆکان دەزانن، بوونی هەیە. بە شـایەدیی و وتەی منداڵان و کرێکارە گوڵفرۆشـەکان، خاوەن مەکۆکان بۆ درێژەدان بە ئیشـی خۆی هەموو هەفتەیەک بڕە پارەیەک دەدەن بە پیاوانی شـارەوانی و ئەگەر یەکێکیان لە پێدانی ئەم بڕە پارەدا وەدرەنگ بکەوێ، یان سەرپێچی بنوێنێ، پیاوانی شارەوانی بە شێوەی دیاریکراو کەلوپەلەکەی کۆ دەکەنەوە و گوڵەکانی لەگەڵ خۆیان دەبەن. سـەرباری ئەمە ئەگەر خاوەن مەکۆکان لە ناو خۆیان تووشـی تەنگژە و شـەڕ بن، بە کوێخایەتیی هەر ئەم پیاوانی شـارەوانییە شـەڕە و ناکۆکییەکە کۆتایی پێ دێت. یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی بەکارهێنانی سـیسـتماتیکیی منداڵان لە بازرگانی و فرۆشـتنی گوڵ لە گۆڕسـتانەکان کەڵکاوەژۆیی لە سـۆزی خەڵکە و زۆربەی ئەو خەڵکەی کە دەچنە گۆڕسـتانەکان پێیان باشـە گوڵ لە منداڵانی کەمتەمەن بکڕن. لە ناو هەندێ لە مشـتەریەکاندا ئەم وێنایە هەیە کە لە ئەگەری کڕینی گوڵ لە منداڵانی کەمتەمەن و شادکردنیان، ڕۆحی ئازیزی کۆچکردوویان شادتر دەبێت. خواستی خەڵک بۆ کڕینی گوڵ لـە منـداڵان گرینگـترین هۆکـاری دامـەزرانـدنی منـداڵانی گوڵفرۆش لـە گۆڕستانەکانە. زۆر کەس لە کاتی چوونە سەر گۆڕی ئازیزێکی، جیا لە گوڵ، نەزریش دەبەن، نەزرییەکان بەشـێکی زۆر دەدرێ بە منداڵانی گوڵفرۆش. هەر بۆیە لە ناو کەلوپەلی زۆربەی منداڵەکاندا هەموو جۆرەکانی ئاومیوەی پاکەتی و خواردەمەنی هەیە کە خەڵک بۆیان دێنن. هەندێ جار منداڵانی گوڵفرۆش بە نرخێکی کەمتر بە دووکاندارەکانی دەفرۆشـنەوە، چونکە ناتوانن هەمووی بخۆن. هەندێکیان پارە بەم منداڵانە دەدەن کە هەندێ جار خاوەن مەکۆکان ئەم بڕە پارانە لە منداڵان وەردەگرن و

داگیری دەکەن.

خاڵی هاوبەشی منداڵانی گوڵفرۆشی گۆڕستانەکان، بە ئێرانی و کۆچبەریشەوە، ئەوەیە کە نان‌دەرهێنەر و کۆمەک‌خەرجی بنەماڵە نەدار و هەژارەکەیانن و داهات و و کاردەی ڕۆژانەیان هی خۆیان نییە. منداڵە کۆچبەرەکان زیاتر دانیشتووی ناوچەی کەهریزەک و کەریملبادن و منداڵە ئێرانییەکان دانیشتووی باقرشارن کە لە کاتژمێر هەوتی سەر لە بەیانییەوە هەتا هەوتی شەو کار دەکەن و هەندێ لە منداڵان تەنیا دوو ڕۆژی کۆتایی هەفتە و هەندێکیان بە درێژایی هەفتە لە مەکۆ و ژینگەی سەوزن و شوێنێکی نەگۆڕیان نییە.



نومایەک لە منداڵێکی گوڵفرۆش لە سەر ڕێگای بەهەشتی زارا، شارێی خەلیجی فارس (وێنە: توێژەر)

## بازاڕی مەحەلاتی

گەورەترین بازاڕی گوڵی تاران بە هۆی هەڵکەوتنی لە شارێی مەحەلاتی، لە گەڕەکی زەمزەم گەڕەکی 14ی شارەوانیی تاران، بە ناوی "بازاڕی گوڵی مەحەلاتی" دەناسرێت. ئەم بازاڕە لە زەوییەکی بە ڕووبەر دە هەزار مەتری دووجا لە ساڵی 1375 هەتاوی چێ کرا. نزیکەی 600 هۆدە لەم بازاڕەدا هەیە و دەوترێ ڕۆژانە نزیکەی دوو ملیۆن لقی گوڵ لەم بازاڕەوە بەرەو ناوچە جیاوازەکانی تاران دەنێردرێ یان بە ولتایەکی دیکە بە شێوەی چەپک و تاک لقی دەفرۆشرێت.

کاتژمێری دەستکردن بە کار لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی لە نزیکەی چواری

بەیانییەوە دەســـت پێ دەکا و هەتا دوازدەی نیوەڕۆ بەردەوامە، ئەگەرچی لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە و ڕۆژانی پشوودا هۆدەکان هەتا ماوەیەک لە پاشنیوەڕۆش ئیش دەکەن.

بازاڕی گوڵی مەحەلاتی، ســـەرەڕای ناو و کارداکەی کە چاوەڕێی ئەوە دەکرێ جوان و مۆدێڕن بێ، نە ڕەواڵەتێکی جوان و شیکی هەیە و نە ئەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێ، بازاڕێکی بازرگانیی خاوێنە، زەوی ژێر پای سەردانکەران قوڕاوییە، سووڵەکان پانتایەکی گونجاویان نییە، و هاتوچۆی داشـــقەکان قەرەباڵغیی شـــوێنەکەی دووقات کردووە، بەڵام بۆن و بەرامەی گوڵەکان شـوێنێکی دڵڕفێنی دروست کردووە، بەتایبەت ئەوەی کە هۆگران گوڵ و گیا لەم بازاڕەدا دەتوانن هەرچییەکیان پێویســـت بێ بە نرخێکی گونجاوتر بیکڕن، لە جۆرەکانی گوڵی ئاپاڕتمانی، گوڵی سروشتی، گوڵدان و گڵێنەوە بگرە تا دەگاتە دەوەن و کەرەسەی باخەوانی و مەکینەی کشتوکاڵ.

سـەردانکەرانی بازاڕی گوڵ خەڵک و گوڵفرۆشـەکانن. لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی چەند ســـەد کرێکار ئیش دەکەن کە بۆ گواســـتنەوەی بار و ڕاکێشـــانی داشـــقەکان دامەزراون، کرێکارانێک کە هەندێکیان لە خوار تەمەنی یاســـایی کاردان و ســـەرەڕای جەســـتە وردیلەکەیان، داشـــقەی زۆر قورس هەڵدەگرن. هەڵبەت ماوەیەکە ئیزنی ئەم کارە بە منداڵانی خوار تەمەنی 18 سـاڵان نادەن، مەگەر ئەوەی کە جەسـتە و فیزیکی لەشیان بۆ ئەم کارە گونجاو بێت.

لەم بازارەدا نزیکەی 180 داشـــقەی تاپۆکراو هەیە و ڕێژمیەکی زۆری داشـــقەی تاپەنەکراو بەدی دەکرێ کە تەنیا بۆ کۆگا و دووکانەکان بە شێوەی تایبەتی ئیش دەکەن. ئەو منداڵانەی کە ئیش بە داشـقە دەکەن لەگەڵ مشـتەری سـەردانی هۆدە جیاوازەکان دەکـەن و هـەتـا کـاتی کۆتـایی کڕینی گوڵ و دەرچوون لـە ســـنووری بـازاڕی گوڵ هاوڕێیتیی مشتەری دەکەن. ئەم پرۆسە نزیکەی نیوکاتژمێر هەتا کاتژمێرێک دەخایێنێ و بۆ ئەم کارە منداڵان 10 هەزار تمەن وەردەگرن.

منداڵانی ســـەرقاڵی کاری بازاڕی مەحەلاتی خەڵکی مەیمەنەی مزار شـــەریفی وڵاتی ئەفغانسـتانن. وەک خۆیان دەڵێن، هەموویان لەگەڵ کەسـێک یان دوو کەس لە کەســـانی گەورەی خزم وەکوو مام، خاڵۆ، برا و ... هاتوونەتە ئێران و بە جۆرێک لە جۆرەکـان هـەموو خزمن. بـە واتایەک، دەتوانین بڵێین کۆچی زنجیرەیی لـەم نـاوچـەدا زیاتر بەدی دەکرێت. بۆ وێنە لە بازاڕی گەورەی تاران، کۆچبەری زۆر خەڵکی شـــارە جیاوازەکانی ئەفغانستانن کە لە ویلایەتەکانی قەندەهار، هەرات و شـوێنەکانی دیکەوە هاتوون، بەڵام لە بازاڕی گوڵدا، هەمووان بە شـــێوەی زنجیرەیی پێکەوە لکێنراون و بە

جۆرێک لە جۆرەکان هاوویلایەتی و خزم و کەس و کاری یەکترن.

ئەوەی وای کرد کاری منداڵان لە بازاڕی مەحەلاتی بەرسەرنج بێ ئەوە بوو کە بە شێوەی ڕێکخراو هەموو ئەم منداڵانە لە نووسینگەی بازاڕی گوڵ جلوبەرگ یان یوونیفۆرمیان ئامادە کردبوو (هەڵبەت تەنیا داشقەچییەکان جلوبەرگیان هەبوو و ئەو منداڵانەی کە لە دووکانەکاندا شاگردن جلوبەرگیان نەبوو) کە دەتوانین بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک فەرمیدان بە کاری منداڵ لێی بڕوانین. ئەم منداڵانە لە بەرامبەر جلوبەرگ یان هێلەک کە بۆ بەریشیان گەورەیە لە پێشدا 400 هەزار تمەن دەدەن و ئینجا مانگانە بڕی 300 تمەن دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن لە بازاڕی گوڵ ئیش بکن و داشقەکانیان تاپۆدار بێت. لە ڕۆژانی نەورۆزدا ئەگەر کەسێک بۆ یەکەم جار بیهەوێ داشقەکەی تاپۆدار بکا ئەم بڕە پارە تا 800 هەزار تمەنیش دەچێت. ئەم داشقە هی منداڵەکان خۆیانە و بە واتایەک کڕین و فرۆشتنی داشقە بە خۆیانە. زۆربەی ئەم منداڵانە بەو پێیەی کە ماوەیەکی زۆر ئیش دەکەن هەتا درەنگانی شەو واتە کاتژمێری دوو و دوو و نیوی شەو لە خەو ڕادەپەڕن بۆ ئەوەی بتوانن کاتژمێری چواری سەر لە بەیانی لە سەر کار ئامادە بن. ئەوان بە هۆی کاتی کار گلەیی و گازندمیان هەیە و کەمخەون و بە هۆی کەمخەوییەوە سیستەمی لەشیان خەسارهەڵگرە. بە درێژایی هەوت ڕۆژی هەفتە ئیش دەکەن و کۆتایی هەفتە کارێکی زۆر بە سەریاندا دەڕژێت. لە کاتژمێری چواری بەیانی هەتا دوازدەی نیوەڕۆ لە بازاڕی گوڵ ئیش دەکەن و پاش ئەویش لەگەڵ داخرانی بازاڕ، لە پشت درگا داخراوەکاندا پاکژکردنەوە دەست پێ دەکات. وێدەچوو ڕێژەی منداڵان لەوێ زیاتر بووبێ، بەڵام بە هۆی کۆڕۆنا و پشکنینی شارەوانی، بەرپرسان ئەو منداڵانەی کە جەستەیان بچووکە لە داشقەچێتی دەریانکردوون و هێناویانەتە ناو سیستەمی شاگردیی دووکانەکانەوە و منداڵان لەم پرسە زۆر ناڕازی بوون و یەکیان بەم شێوە ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی:

> هەم داهاتی داشقەچییەکان زیاترە و هەمیش کاریان ئاسانترە؛ ئێمە دەبێ شتەکان هەڵبگرین، خۆڵی گوڵدانەکان بگۆڕین، گوڵەکان ئاودێری بکەین، ئاو بێنین، بەڵام لە داشقەچێتیدا ئاسانتر ئیشمان دەکرد و ڕۆژی 80 بۆ 120 هەزار تمەن دەکەوتین.

منداڵان لەم بەشەدا مووچەیەکی کەمتریان هەیە و هەروەها دەبێ لە شوێنێکی داخراوتر و بە یاسا و ڕێسای زیاترەوە ئیش بکەن کە ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئازاردان و ناڕەزایەتیی ئەو منداڵانە. سەرباری ئەوەی بازاڕی گوڵی مەحەلاتی بازاڕێکی

قەرەباڵغە، بەڵام ئەم قەرەباڵغییە هیچ تەوفیرێکی لە داهاتی منداڵاندا نییە، چونکە زیاتر کۆفرۆشەکان کەڵک لە داشقە وەردەگرن.

بلبەتێکی دیکە ئەوەیە کە بنەماڵە ئەفغانستانییەکان کە ساڵانێک لە بازاڕی گوڵ کاریان کردووە خۆیان بە بەکرێگرتنی هۆدەیەک بوونەتە خاوەن دووکان و منداڵانی ئەفغانستانیی دیکەیان هێناوە کە ئیشیان بۆ بکەن و ئەم مەسەلە پیشان دەدا کە کۆچبەرە پێشینەدارەکان چوونەتە ناو پرۆسەی ئابووریی گەورەتر و یەکپارچەتری بنکە ئابوورییەکان و سەیر ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە لە بازاڕەکانی دیکەدا کەمتر بەدی دەکرێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەموو ئەو کرێکارانەی کە لەوێ ئیش دەکەن لە گاراژێکدا بە ناوی "گاراژی سەیید" ژیان دەکەن کە نزیکەی 15 خولەک لە بازاڕی گوڵەوە دوورە. بەشێکی ئەو گاراژە فیتەری و سافکارییە و سەرتاسەری ئەو شوێنە کەسێک بەڕێوەی دەبا کە ژوورەکانی بەم کرێکارانە بە کرێ داوە و ئەوان دەڵێن مانگانە بڕی 100 بۆ 200 هەزار تمەن بە پێی ئەوەی کە چەند کەس لە ژوورێکدان پارە بەم کەسە دەدەن. هەموو ژوورەکان بکووک و پیسن و لە نزیک شوێنێکی کارگاییدان کە ڕۆژانە فیتەری و سافکارییە و پاشنەوڕوان کە ئیشی منداڵان زووتر کۆتایی پێ دێ بە هۆی دەنگە دەنگی زۆرەوە ناتوانن لەم ژوورانەدا پشوو بدەن یان بخەون. حەشیمەتێکی زۆری تێدا ژیان دەکەن کە ڕێژەیەکی زۆری ئەم کەسانە وەک خۆیان دەڵێن، نزیکەی 600 بۆ 800 کەسن. هەڵبەت ئەم حەشیمەتە پیاوانەیە گەورەساڵ و منداڵ لە خۆ دەگرێ کە پێکەوە لەم ژوورانەدا ژیان دەکەن. ئەم بارودۆخە ئەم پرسیار و نیگەرانییە دروست دەکا کە ئایا زۆربوونی حەشیمەت لە وەها ژینگەیەکدا منداڵان تووشی مەترسیی دەستدرێژیی سێکسی ناکاتەوە؟

لە بازاڕی گوڵ کۆمەڵێکی دیکەی کۆچبەران هەبوون کە خۆیان هەر لەو دەڤەرەدا ژووریان بە کرێ گرتبوو و دمیانوت لە گاراژی سەیید باشترە. کرێی زیاتریان دەدا، نزیکەی 400 هەار تمەن و 300 هەزار تمەنیش بۆ داشقە و دەیانوت دەتوانن 700 هەزار بۆ ملیوێنک پاشەکەوت بکەن و ئەم پارەیان لە ڕێگەی دراوگۆڕەوە دەینێرنەوە بۆ ویلایەتەکانی خۆیان واتە مەزار شەریف و مەیمەنە.


وێنەیەک لە منداڵانی کرێکار لە بازاڕی گوڵ (وێنە: توێژەر)

## بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تاران، لە جادەی خاوەران پاش شارۆچکەی مەشیرییە، یەکێک لە گەورەترین بازاڕەکانی گوڵ و گیای ئێران بە ناوی "بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا" بوونی هەیە کە پێی دەوترێ "بازاڕی گوڵی خاوەران" و بە هۆی ئەوەی لە ئوتووبانی ئیمام ڕەزایە پێی دەوترێ "بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا". کاتژمێری کاریی ئەم بازاڕە لە سێ و نیوی بەرەبەیانییەوە دەست پێدەکا و هەتا 11 نیوەڕۆ بەردەوامە. داشقەکانی بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا هاوشێوەی بازاڕی مەحەلاتی هەموو تاپۆکراو و ڕێکخراون و لە بەرامبەر ئەو برە پارەی کە دەیدەن ئیزنی کارکردنیان هەیە.

بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا ڕازاوە و مۆدێرن نییە، هۆدەکانی بە سادەترین شێوە و بە کەرەسەی کاتی لە پاڵ یەکتر دانراون، بەڵام ئەم بازاڕە بە هۆی تازەبوونی بەروبوومەکان و گونجاوبوونی نرخەکان بۆتە شوێنی سەردانکردنی زۆرێک لە کۆفرۆشەکانی شاری تاران. چەند خاڵ بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی جیا دەکاتەوە:

یەکەم ئەوەی کە بە هۆی دووربوون لە شار کەم کەس بۆ کڕینی کەم و تایبەتی سەردانی ئەم بازاڕە دەکەن. خاڵی جیاوازیی دووهەمی بازاڕی گوڵی خاوەران بوونی ڕێژمیەکی کەمی منداڵانی کارە کە وێدەچێ ڕێژمیەکی زۆری منداڵانی لە خۆ گرتبێ، بەڵام بە هۆی بوونی پشکنین و دەستێوەردانی توندی شارەوانی، منداڵان لە سیستەمی داشقەچێتی لابراون و وەکوو بازاڕی مەحەلاتی ڕاکێشی کاری شاگردێتی ناو دووکانەکان دەبن کە ئەمە دۆخی منداڵانی ئەستەمتر کردووە.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە مەڕ بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا ئەوەیە کە بە هۆی دووربوونی ئەم بازاڕە لە شـار زۆربەی کرێکارەکان هەر لە ناو ئەم بازاڕە و لە ناو ئەو کۆخانەی کە بۆ خۆیانیان چێ کردووە شـەو ڕۆژ دەکەنەوە. ئەم کۆخانە هیچ کام لە ئیمکانیاتی شارییان تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەی شوێنی قەرەباڵغ بەتایبەت بۆ منداڵان هەندێ مەترسی لەگەڵە. سـەرباری ئەمە کرێکارەکان لەوەی کە ئیزنیان بوو شـەو هەر لەوێ بمێننەوە ڕازی بوون و بە وتەی خۆیان بە هۆی ئەوەی شـوێنی ئیشـەکەیان لە شـارەوە دوورە و دەبێ کاتژمێر سـێی بەرەبەیانی لە سـەر کار ئامادە بن، مانەوە لەوێ بۆیان باشـترین و هەرزانترین بژاردەیە. زۆربەی کرێکاران لە وتوویژ لەگەڵ گرووپی توێژینەوە وتیان هەندێ جار بە چەندین ڕۆژ دەمێننەوە و لەم بازاڕە دەرباز نابن و شار نابینن.

خاڵێک کە لە بارەی هەر دوو بازاڕی گوڵی خاوەران و مەحەلاتی سـەرنجڕاکێش بوو ئەوە بووە کە هەم خاوەن هۆدەکان و هەم کرێکارەکان و منداڵەکان ڕفتاری نەرم و نیانتریان هەبوو و لە هەڵسـوکەوت و ڕفتاردا دووکاندارەکان لەگەڵ منداڵە شـاگردەکان جۆرێک میهرەبانی و دڵسۆزیی تێکەڵ بە ئاسوودەیی بەدی دەکرا. ڕەنگە ئەم حاڵەتە بە هۆی شوێنی کارییەوە بێ کە شوێنی بۆنخۆشی گوڵ و ناسکیی گوڵ و گیا کاریگەری لە سـەر مرۆڤ دادەنێ، لە حاڵێکدا لە شـوێنەکانی دیکەدا وەکوو کارگەی بەرهەمهێنان و ناوەندەکانی زبڵ، خاوەنکارەکان ڕفتاری توندوتاژۆیانەیان لەگەڵ منداڵان هەبوو.

بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا شـوێنی سـەردانی منداڵانێکی زۆرە کە کەڕەی بەیانی بۆ کڕینی بەکۆمەڵ دێن و گوڵ دەکڕن بۆ ئەوەی لە چوارڕیان و شـەقامەکاندا بیفرۆشـن. ئەم گرووپە سـەربەخۆن و جیا لەو گرووپەن کە بە شـێوەی ڕێکخراو کار دەکەن. بۆ وێنە ئەو منداڵانەی کە لە بەهەشـتی زارا گوڵ دەفرۆشـن، کۆتایی هەفتە زوو بە نیازی کڕینی گوڵ سـەردانی ئەم شـوێنە دەکەن. کەواتە ڕێژەیەکی زۆری مشـتەری و مشتەریانی بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا منداڵە گوڵفرۆشەکانی سەر شەقامن.

جیا لە منداڵە گوڵفرۆشـەکانی سـەرچوارڕیان و ئەو منداڵانەی کە لە بازاڕی گوڵدا کار دەکەن، گرووپێکی دیکەی منداڵانیش لە بازرگانیی گوڵدا هەن کە نابینرێن، ئەو منداڵانەی کە لە گوڵکارییەکان و باغی پێگەیاندنی گوڵ لە دەرەوەی شـاری تاران و لە زەوی و کێڵگەی گوڵ ئیش دەکەن. ئەمە خاڵێکە کە زۆربەی هۆدەدارانی بازاڕی گوڵ دانیان پێدا نابوو و دیانوت کاتێک بۆ کڕینی گوڵ دەچنە باغی گوڵ، منداڵانێکی زۆر دەبینن کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان لەو کێڵگانەدا ئیش دەکەن. ئەو منداڵانەی کە دەوترێ زۆریان کۆچبەرانی ئەفغانین و باوکیان زەوییەکەیان یان بە کرێ گرتووە و یان بە شێوەی

ڕێژەیەیی لە سەر زەوی کار دەکەن و بۆ ئەوەی تێچووی دابینکردنی سەرچاوە مرۆییەکان کەم بکەنەوە، بە شێوەی خێزانی ئیش دەکەن. هەندێکی دیکەیان لەگەڵ بنەماڵەی خۆیان بە شێوەی کرێکار ئیش دەکەن.

خاڵێکی دیکە ئەوەی کە لە بازاڕی گوڵ و گیا وەکوو کاری کێڵگەی سەوزە و تەرەکاڵ زیاتر بە شێوەی خێزانییە.



وێنەی منداڵێکی کرێکار لە بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا (وێنە: توێژەر)

## کوورەخانەی خشتپێژی

شەمساباد ناوچەیەکە کە دەکەوێتە نێوان ئیسلامشار و شارێی تاران - ساوە و ئازادگان لە نزیک گوندەکانی گوڵدەستە، فەیرۆز بارام و گوڵشار، ناوچەیەک کە کوورەی خشتپێژی تێدایە و پێشینەیەکی کۆنی هەیە و وەک یەکێک لە ناوچە پڕخەسارەتەکانی ئیسلامشار دەناسرێت. 28 کوورەی خشتپێژی، کە لە مەودایەکی دیاریکراو لە یەکتر دامەزراون، لە پاڵ یەکتر ناوچەی شەمسابادیان پێک هێناوە، ئەو کوورەخانانە ئێستا زۆریان کاربەرییەکەیان گۆڕاوە یان داخراون و ڕێژەی کوورەخنە چالاکەکانی ئێستا لە 10 دانە زیاتر تێناپەڕێت. لە هەندێ لە کوورەخانە خشتپێژییەکانی شەمساباد 10 بۆ 15 بنەماڵە دەژین کە زۆربەیان پڕحەشیمەتن و هەر بنەماڵەیەک بە ڕێژەیەکی زۆری منداڵەوە لە ناو کۆخێکی پازدە بۆ سێ مەتری ژیان دەکەن، ئەم کۆخانە بە

کەرەســـەی ناســـتاندارد دروســـت کراون و هیچیان تایبەتمەندیی نیشـــتنگەیەکی پارێزراویان نییە و لە هەمبەر ڕووداوی سروشتی وەکوو سێلاو و زەویلەرزە بەهێز نین.

ئەم کۆخانە هی خاوەنی کوورەخانەن. دانیشـــتووانی ئەم ناوچە بە خاوەن کوورەخانەکان دەڵێن ئەرباب و ئەرباب یەکی کۆخێک بە هەر کام لەم بنەماڵانە دەدا کە لە کوورەخانەدا ئیش دەکەن و وەک کرێی ماڵ بڕە پارەیەکیان لێ وەردەگرێت. بۆ هەر 10-15 خێزانێک کە لە ناو کوورەخانەیەکدا دەژین تەنیا گەرماوێک و توالێتێکی تێدایە. ئەوان ئاوی خواردنەوەیان نییە و بۆ بەکارهێنانی خۆیان یان ئاو لە چاڵاو هەڵدەگۆزن کە زۆر پیسە یان ئەرباب بە تانکەر ئاویان بۆ دێنێت.

نزیکەی 70 لە سەد ڕەنگە زیاتریش دانیشـــتووانی کوورەخانەکانی شـــەمســـاباد کۆچبەرە ئەفغانییەکانن کە مۆڵەتی یاسـایی نیشـتەجێبوونیان نییە و هەر لەبەر ئەوە لە کەمترین جیازاتی تەندروستی و خۆشگوزەرانی بێبەشن.

زۆربەی خێزلنەکان پڕحەشـــیمەتن و هەر بنەماڵەیەک ســـێ بۆ شـــەش منداڵی کەمتەمەنی لە خۆ گرتووە کە زیاتر هاوینان لە کوورەخانەکاندا ئیش دەکەن. هەندێ لەم منداڵانە بە هۆی نەبوونی بەڵگەی ناســـنامەوە ناتوانن بخوێنن و لە پەروەردەش بێبەشـن. ئەوەی وەک پرسێکی حاشاهەڵنەگر لە کوورەخانەکانی شـەمسـابادا دیار و ئاشـــکرایە هەژاریی کەلتووری و هەژاریی ئابوورییە. زۆربەی بنەماڵەکان لە بەرەبەیانییەوە دەســـت بە کار دەبن و هەتا نزیکەی کاتژمێر پێنجی پاشـنیوەڕۆ خشـت دەپێژن (هەڵبەت لە هەندێ حاڵەتدا وتیان کە باوکەکان لە کاتژمێر چواری بەیانی و منداڵان لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە دەســـت بە ئیش دەکەن). مووچەکەیان بە پێی ڕێژەی ئەو خشـــتانەیە وا دەیپێژن. منداڵانیش بە پێی تولنای خۆیان لە هەندێ کاری وەک خشـــتپێژی و ڕیزکردنی خشـــتەکان کار دەکەن و بۆ ئەو کارەی کە دەیکەن بڕە پارەیەکی زۆر کەم وەردەگرن.

ســـەرنجی ڕاگەیاندن بۆ ئەم ناوچە و هاتنی بەردەوامی ئێن‌جی‌ئۆکان و گرووپە خێرخوازەکان وای کردووە هەندێ کەس لەم کوورانەدا ببنە ناوبژیوان لە نێوان یارمەتیدەران و یارمەتیخوازان. ئەوان هاوشێوەی ڕێنوێنەری گەشتیاری، سەردانکەران دەهێننە ناوچەکە و هەندێ ڕوونکردنەومیان بۆ دەدەن و ئینجا هاوکاری وەردەگرن بۆ ئەوەی بە قســـەی خۆیان لە ناو هەژارانی ڕاســـتەقینەدا دابەشـــی بکەن، بەڵام بە وتەی دانیشتووانی ناوچەکە، ئەم کەسانە هاوکارییەکان وەردەگرن و بەشێکی کەمی دەدەن بە هەژاران و ئەوی دیکە لە بازاڕی ئازاد دەفرۆشـــنەوە. منداڵانی ئەفغانســـتانیی ناو

کوورەخانە خشــپتێژی زیاتر خەڵکی شــاری هەراتن و بۆ درێژەدان بە خوێندن یان دەچنە گوندەکانی دەوروبەری وەکوو گوندی گوڵدەســتە یان بە هۆی نەبوونی مۆڵەتی یاســایی لە پەروەردە بێبەش بوون. جیازاتی تەندروســتی و چارەســەری لەم ناوچەدا بوونی نییە و لە کوورەخانە چۆڵکراوەکان لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین؛ ئەم کوورەخانانە بە کەمترین ئیمکانیات و ســەرەڕای بوونی مێروو و گەزۆکی وەکوو قالۆنچە و قرژانگ بە کرێ دەدرێ بەو کۆچبەرانەی کە ســەڵتن یان زۆر هەژارن. زۆربەی ئەو کەســانەی کە لە کوورخانە ناچالاکەکانن زبڵگەڕەکانن کە کوورەخانە ناچالاکەکان بۆ لیک‌جیاکردنەوەی زبڵەکان بە کار دەبەن و هەمیش شــەوانە تێیدا دەمێننەوە.

خاڵێکی ســەرنجڕاکێش لە مەڕ کوورەخانە خشتپێژییەکانی شەمسـاباد ئەوەیە کە ئەم ناوچە بەر لە شۆڕشی ئیسلامی، بە هۆی سەردانی ئەو چریکانەی کە بۆ تێگەیشتن و ئازاری ژیانی کرێکاری ســەردانی ئەوێیان دەکرد، بەناوبانگە و تەواو ناسـراوە و هەر لەبەر ئەمە گرووپە خێرخوازییەکان لەوانەیە هەموو هەفتەیەک ســەردانی ناوچەکە بکەن و هەندێ شــت وەک هاوکاری ببەن بۆ دانیشــتووانی ئەوێ و بوونی پەیتا پەیتای خێرخوازییەکان لە ناوچەکە وای کردووە کە لە لایەن کۆمەڵگای ئامانجەوە پەیوەندییەکی ناتەندروســت ســاز ببێت؛ بە جۆرێک لە هەندێ لەم کۆخانەدا لە حاڵێکدا کە هەژاری و خەســارەت زۆر زەق و دیارە، تەلەڤیزیۆنی ئێلْســیدی و گرانبەهای تێدا بەدی دەکرێ کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەو ناوچە یەک ناگرێتەوە. لە لایەکی دیکەشــەوە گرووپ و ئەنجومەنە خێرخوازییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی هەستی هەرەوەرزی و هاوکاری، کە هەمیشە لە چینی کرێکاردا بوونی هەبووە، نەمێنێ و دانیشتووەکانی بۆ دەستخستنی هاریکاریی زیاتر ڕکابەری بکەن. هەندێ لە ڕەگەکانی ئەم پرســە دەبێ لە خەســارەتەکانی ناوچەکە بۆ وێنە گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشــبەر ســۆراغی بگرین. ڕاســتە کە گرووپە خێرخوازییەکان بە هاوکاری‌کردنی دانیشــتووانی ئەم ناوچە هەســت بە خۆشــی دەکەن، بەڵام جۆری هاوکاری‌کردنی ناوچەکە دەتوانی ڕێخۆشکەری گەندەڵی بێت.


نومایەک لە کوورەخانە خشتپێژییەکان لە شەمساباد (وێنە: توێژەر)

## منداڵان لە فەرەحزاد

لە باکووری ڕۆژئاوای تاران، لە بناره باشوورییەکانی بەرزایی ئەلبورز و لە بەرزایی گەڕەکەکانی پوونەک و سەعادەتابادی تاران کە لە گەڕەکەکانی 2 و 5ـــی شارەوانیی تاراندان، دۆڵێکی خۆش و سەوزەڵانی هەیە کە لە کۆنەوە بە دۆڵی فەرەحزاد ناسراوە. دۆڵی فەرەحزاد لە بەری ڕۆژئاواوە دەڕوانێتە پوونەک و کەن، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوانێتە شەقامی گوڵپاد و جادەی کۆنی ئیمامزادە داود و سەعادەتاباد و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بە شارۆچکەی ڕۆژئاوا کۆتایی پێ دێت. ئەم دۆڵە سروشتێکی ڕەنگاوڕەنگ، سەوز و دڵکەشی هەیە کە لە کوێستانەوە دەست پێ دەکا و هەتا دە کیلۆمەتریی شار (شاڕێی یادگار ئیمام) درێژ دەبێتەوە. سەبارەت بە هۆکاری ناوی ئەم گەڕەکە چەند بیر و بۆچوون لە ئارادایە: هەندێ دەیخەنە پاڵ هاوسەری حەمەڕەزاشای پەهلەوی و دەڵێن لەبەر ئەوە پێی دەوترێ "فەرەحزاد"، هەندێ دەڵێن "فەرەحزاد شۆرەتی (پاشناو) خێزانێکە کە لە کۆنەوە لەم گەڕەکەدا نیشتەجێ بوون"، بەڵام عەباس ئێقباڵ ئاشتیانی لە وتاری "جغرافیای بلاد و نواحی" لە گۆڤاری یادگار لە مەڕ فەرەحزاد نووسیویەتی: فەرەحزاد لە باشووری ڕۆژئاوای تاران و لە نێوان تەجریش و کەنە … ڕاقم دەڵێ "فره" (فەرەهـ) (یەکەم و دوهەم سەرەی لە سەرە و های نەبزۆک) واتە شان و

شکۆ و "زاد" بە واتای تۆشەیە و بە گشتی بە مانای "تۆشەی مەزن"ـە. [89]

ئەم ناوچە سەرباری ئەوەی هێشتاش دارشتە لادێیی و نەریتییەکەی وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام چیتر فەرەحزاد وەک گوندێکی خۆش لە بناری بەرزاییەکانی ئەلبورز ناناسرێ، بەڵکوو وەک گەڕەکێک لە دەوروبەری تاران دەناسرێ کە بە شێوەی ڕوو لە هەڵکشان خەسارەتی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی دەکرێت. سەرباری هەموو ئەمانە ژیانی دووبنە لەم ناوچەدا مافی ڕادەربڕینی پێداگرانە سەبارەت بە شوناسی ئەم ناوچەی زەوت کردووە. بێگومان دەتوانین بڵێین لە ڕووی بوونی دوو چینی تەواو جیاواز لە یەکتر فەرەحزاد بۆتە ناوازەترین شوێنی تاران؛ چینێکی خۆشبژێو کە ئۆتۆمبێلی چەند ملیارد تەمنی لە ژێر پایانە و گرووپێکی خەسارهەڵگر کە بە هۆی هەژاری و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەرەوە لە سووچی شەقامەکاندا دەمرن. دۆڵی فەرەحزاد لە لایەکەوە یەکێک لە سەیرانگا هاوینییەکانی شارۆمەندانی خواپێداوی تارانە و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی نیشتەجێبوونی کەسانی کۆچبەرەوە، کە زۆریان دەست و پەنجە لەگەڵ هەژاری و مادەی هۆشبەر نەرم دەکەن، وەک ناوچەیەکی خەسارەتخێز لە قەڵەم دەدرێت.

دەتوانین بڵێین گەڕەکی فەرەحزاد یەکێک لەو گەڕەکانەیە کە بەشێکی بەرچاوی کۆچبەرانی ئێرانی و ئەفغانستانی و بە دوایدا منداڵانی کاری لە خۆیدا هەڵگرتووە. لەم گەڕەکەدا سێ دەستە یان تاقم ژیان دەکەن: تاقمی یەکەم کەسانی خۆجێیی فەرەحزادن کە زۆریان لەماڵی ڤێلاییدا دەژین. بەشێکی زۆریان باغ و باغاتیان هەیە کە کرێکاریان بۆ پاراستنیان دامەزراندووە. تاقمێکی دیکەیان کۆچبەرانی ئێرانین کە لە ناوچە جیاجیاکانی ئێرلنەوە هاتوون و چەند دمیەیە بەرەو ئەم گەڕەکە کۆچیان کردووە؛ ئەم کۆچبەرانە لە گرووپە ئێتنیکییەکانی کورد، تورک و لەکن کە هاتوونەتە ئەم گەڕەکە. لە کۆتاییدا گرووپی ئەفغانییەکانن کە بەرەو ئەم گەڕەکە کۆچیان کردووە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە گرووپە کۆچبەر و هەژارەکان هاتوونەتە ئەم گەڕەکە ئەوەیە کە هەندێ لە بەشەکانی ئەم گەڕەکە لەو ناوچانەن کە نیشتەجێبوون تێیاندا نافەرمییە و خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی کە هەژارترن لە هەندێ بەشی ئەم گەڕەکەدا ژیان دەکەن کە لە سۆنگەی بارودۆخەوە لە هەموو خراپتر و ئاستنزمترن. بەشێکی زۆری منداڵانی کار یان هەموویان کە لە گەڕەکی فەرەحزاد لە منداڵانی کۆچبەری بە ڕەچەڵەک ئەفغانین. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە سەرچەشنی نیشتەجێکردنی خێزانە سەڵتەکان لە گەڕەکی فەرەحزاد زۆر باوە و ڕێژەیەکی زۆری

منداڵانی کار لە ناو ئەم خێزانانەدا دەژین. ئەوان لە چوارچێوەی گرووپی چوار پێنج کەسی ژوورێک بە کرێ دەگرن و هەندێ جار لە ناو ماڵێکدا پتر لە چەند خێزان ژیان بە سەر دەبەن.

منداڵانی کار لەم گەڕەکەدا لە سێ تاقمی سەرەکیدا ئیش دەکەن: بەشێکی زۆریان لە کاری سەرشەقام لە گەڕەکەکانی باکووری شاری تاران، بەتایبەت گەڕەکی 2ـــــی شارەوانی، ئیش دەکەن؛ ئەوان لە هەندێ کاری وەکوو سواڵکەری، شووشەسڕی، دەستگێڕی، و هتد لە سەر چوارڕیانەکاندا ئیش دەکەن. بەشێکی دیکەی ئەم منداڵانە لە کاری بیناسازی ئیش دەکەن. دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ئەو هێزی کارەی کە لە کەرتی بیناسازین دانیشتووانی گەڕەکی فەرەحزاد و منداڵانی ئەم ناوچەن. لە کۆتاییدا بەشێکی زۆری ئەم منداڵانەش لە کاری فیتەری و سافکاری کار دەکەن. لە گەڕەکی فەرەحزاد و دەوروبەری ڕێژەیەکی زۆریان سەرقاڵی کاری فیتەری بە توانای جۆراوجۆرن. بەشێکی زۆری منداڵانی کاری ئەم گەڕەکە لەم فیتەرییانەدا ئیش دەکەن وئاامانجی زۆربەیان فێربوونی ئەم پیشەیە. هەڵبەت ڕێژەیەکی دیکەی منداڵانی کار هەن کە لە کارگەلی وەکوو زبڵگەڕی، فرۆشتنی هەندێ میوەی خۆماڵی (وەکوو توو)، فرۆشگەی مادەی خۆراکی و خەسارچووەکاندا ئیش دەکەن، بەڵام ڕێژەیان کەمە.

سەبارەت بە فیتەرییەکان دەبێ بڵێین کە لە هەر دوو بەری شارێی یادگاری ئیمام گەڕەکێکی فیتەری بە دووکانی بچووک و گەورە هەیە کە هێزە تازەکارەکانی زۆریان منداڵانی کۆچبەری دانیشتووی گەڕەکی فەرەحزادن. ئەم منداڵانە لە فیتەری و سافکارییەکان وەک شاگردی بەردەست لە ماوەی درێژخایەن و بارودۆخی نالەبار، بە بێ ڕەچاوگرتنی ڕێسای کار و هەڤیازی و بیمە، ئیش دەکەن و زۆربەیان لە سەرەتادا بە بێ وەرگرتنی حەقدەست ئیش دەکەن و ئینجا بە پێی ئەو توانایەی کە وەدەستیان هێناوە حەقدەستی جیاواز وەردەگرن.

تاقمێکی دیکەی منداڵانی ئەم گەڕەکە ڕاکێشی کاری وەرزانە دەبن و هەندێ جار لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان و هەندێ جار بە تەنها یان لەگەڵ سەرکرێکار کاری وەرزانە ئەنجام دەدەن؛ میوەڕنینەوە، هەڵپاچینی درەخت، و پاکژکردنەوەی باغ لەم چەشنە پیشانەن. گرووپێکی دیکەی ئەم منداڵانە لە پیشەگەلی ڕۆژانەدا کاریان پێدەکرێ و بە شێوەی ڕۆژانە حەقدەست وەردەگرن، ئەوان وەک کرێکاری پیشەسازی و بیناسازی هەموو ڕۆژێ بەیانان لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە یان بە تەنها لە سەر چوارڕیانەکاندا لە گەڕەکی شارۆچکەی غەرب و

سەعادەتاباد یان لە بلواری دادمان چاوەڕێ دەبن، بەو هیوایەی کە کەسانێک بێن و بۆ کاری بیناسازی لەگەڵ خۆیان بیانبەن. جیا لەو بابەتانەی کە باسیان کرا، زۆر جۆری دیکەی کاری منداڵ لە گەڕەکی فەرەحزاددا بوونی هەیە، وەکوو فرۆشیاری و بەردەستی لە ناو ئازەووخەفرۆشییەکانی گەڕەک. بینینە مەیدانییەکان پیشان دەدا هێزی مرۆیی ئازەووخەفرۆشەکان و فرۆشگەکانی مادە خۆراکییەکانی ڕۆژئاوای تاران لە گەڕەکی فەرەحزادەوە دابین دەبێت. ئەم منداڵانەش لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی بەیانییەوە هەتا درەنگان ئیش دەکەن. کۆمەڵێکی دیکەی ئەم منداڵانە هەن کە سەرباری ئەوەی کە لە ناو ماڵ ئیش دەکەن، بەڵام ماوەی کارکردنەکەیان زۆر دوور و درێژە، ئەو منداڵانەی کە سەوزە دەفرۆشن. ئەم گرووپە لە کەرەی بەیانییەوە بە کۆکردنەوە، خاوێنکردنەوە و چەپککردنی سەوزەکان کاری خۆیان دەست پێ دەکەن و هەتا درەنگانێ خەریکی فرۆشتنی سەوزەن. منداڵە کارە کچەکانی گەڕەکی فەرەحزاد سەرقاڵی کاری جۆراوجۆر دەبن، لە دەستفرۆشیی سەر چوارڕیانەکانەوە بگرە تا دەگاتە کاری بەرگدووری و سەوزە جنین و پاقلە و فاسۆلیاخاوێنکرنەوە لە ناو ماڵ. خاوێنکردنی پاقلە و فاسۆلیا وەرزییە، وئەو ژن و کچلنەی کە زیاتر خەریکی ئەم کارەن تووشی کێشەی پێستی و جەستەیی دەبنەوە. بە شێوەی گشتی کاری سەوزەجنین لە پێوەرێکی گەورەدا لە گەڕەکی فەرەحزاد ئەنجام دەدرێ و لە کارگەی بچووک و گەورە کە هەندێکیان خێزانین، منداڵانێکی زۆر بەتایبەت کچان ئیش دەکەن. هەروەها ئەوەی کە گەڕەکی فەرەحزاد سەیرانگایە، ڕێژەیەکی زۆری ڕێستوڕانت لەم گەڕەکەدا کراوەتەوە، بەڵام خاوەنەکانی ئەم ڕیستوڕانتانە ئامادە نین دانیشتووانی خۆجێیی و منداڵان بۆ کار دابمەزرێنن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی گەڕەکی فەرەحزاد ئەوەیە ڕێژەیەکی زۆری منداڵی کەمتەمەن لە ناو کۆڵانەکاندا خەریکی یاریکردنن. بەو پێیەی کە لەم گەڕەکەدا شوێنی گەشتیاری و شوێنی وەرزشی لە ئاستێکی ئەوتۆدا نییە، ئەم منداڵانە لە ناو کۆڵان و هەندێ جار لە ناو داروپەردووی بینا ڕووخاوەکاندا یاری دەکەن. لە نێوان گرووپە ئێتنیکییەکانی ئەم گەڕەکە و منداڵاندا لێکدژییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت. بۆ وێنە منداڵە ئێرانییەکان کەمتر منداڵانی ئەفغانی دەهێننە ناو یارییەکانیان. منداڵانی ئەفغانی زیاتر یاریی بجووڵ[1] و تۆپێن دەکەن. بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی

1. جۆرە کایەیەکە کە بە ئێسکی مەچەکی قاچی مەڕ ئەنجام دەدرێ کە بجووڵ، بژووڵ یان بچووڵیشی پێ دەڵێن.

زۆری منداڵانی کار لەم گەڕەکەدا چەندین ئێن‌جی‌ئۆ، وەکوو دامەزراوەی ڕوویشـــێ نەهال (رویش نهال)، مێهر و ماهـــــ (مهر و ماه)، خانێ دووســـت (خانه دوســت)، خانێ عیلم (خانه علم)، بنکەی خێرخوازیی گوڵی نێرگس (گل نرگس) و ڕێکخراوی دەوڵەتیی وەکوو بنکەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و نووسینگەی گەشەی ناوچەیی، خزمەتگوزاری پێشـکەشـی منداڵان و منداڵانی کار دەکەن کە لە ئێن‌جی‌ئۆکان ئەمانە ئەنجام دەدرێت.



وێنەگەلێک لە گەڕەکی فەرەحزاد و منداڵانی ئەم گەڕەکە (وێنە: ڕێکخراوی نۆژەن‌کردنەوەی شاری تاران (1397)، کتێبی محله فرحزاد)

ئەوەی لە مەڕ حەشـــیمەتی زۆرینەی منداڵان لە ناو کۆچبەرانی گەڕەکی فەرەحزاد بەتایبەت کۆچبەرە ئەفغانسـتانییەکاندا ڕاسـتە ئەوەیە کە جۆری ڕوانگەی خێزانەکان و کەلتوور و داب‌ونەریتی باویان بە جۆرێکە کە "هەرەتی منداڵی" زۆر گرینگ نییە. هەر بۆیە کاری منداڵ لە ســەر بنەمای ئاراســتەیەکی نەریتی، کە هەمیشــە لە ناویاندا باو بووە، بۆتە بلبەتێکی قبووڵکراو. لە چەندین دیمانەدا قســـەمان لەگەڵ باوکەکان کرد کە لە تەمەنی 40 ســاڵاندا خانەنەشـین کرابوون و منداڵە ژێر تەمەن هەژدە ســاڵانەکەیان بەرپرسایەتیی دابین‌کردنی پێداویستیی بنەماڵەی لە ئەستۆ بووە، چونکە باوکیشیان بۆ وێنە لە تەمەنی دە ســـاڵانەوە دەســـتی بە کارکردن کردووە. لە ناو ئەو منداڵانەی کە ناچارن بە ئەنجامدانی کاری قورس تێچووی بنەماڵە دابین بکەن، ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکەکانیان گیرۆدەی مادەی هۆشـبەرن یان نەخۆشـن زەختێکی دووقاتیان لە

سەرە، چونکە دەبێ تێچووی چارەسەر یان مادەی هۆشبەری دایک و باوکیشیان دابین بکەن.

### منداڵانی کار لە کەن

کەن و سوولقان ناوی دوو گوند لە ڕۆژئاوای تارانن کە بە ڕووباری بەخوڕی کەن، کە ئێستا بەنداویان لە سەر چێ کردووە، لێک دابڕا بوون. مێژووی ئەم ناوچە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە 2 هەزار ساڵ و لە ڕابردوودا بەشی شاری ڕەی بووە. خەڵکی ناوچەی کەن، کە پێیان دەڵێن "کەنی"، بە زمانی "تاتی" ئاخافتن دەکەن. کەن سوولقان، کە لە ئێستادا بەشێک لە ناوچەی 5ـــی شارەوانیی تارلنە، کەوتۆتە ناوچەی بناری ئەلبورز و کۆمەڵێکی زۆر چیا لە ئامێزیان گرتووە. ئەم ناوچە لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوانێتە مەیدانی تەوحید و سەتار خان و ئاریاشار، لە ڕۆژئاواوە ڕووی لە گەردەرە و وەرداوەرد، قەڵای حەسن خان، لە لای باکوورەوە دەڕوانێتە شەمێران و فەرەحزاد و ئیمامزادە داود و شارستانەک و لە باشوورەوە بە ڕووباری فەیرۆز بارام و مێهراباد و تێرانسەر و شاڕێی ئازادەگان کۆتایی پێ دێت.

دارشتەی خۆماڵیی گەڕەکی کەن لە کۆندا لە بینای خشت و قوڕ و چێو پێک هاتبوو، پاشماوەی ئەم بینایانە هێشتا لە هەندێ لە کۆڵانە تەنگەبەر و تووەن دەر تووەکاندا ماوەتەوە، بەڵام زۆربەی ماڵەکان بە شێوەی دارشتەی شاری هاوشێوەی شاری تارانن. چێکردنی شاڕێکانی هیمەت، حەکیم، ئابشناسان، و ئازادڕێی تاران – باکوور لە گۆڕینی سیمای کەن لە گوندێکەوە بۆ ناوچەیەکی شاری کاریگەرییەکی زۆری بووە، بە جۆرێک کە زۆرێک لە باغ و خانووە کۆنەکان لەم گۆڕانی بیچمەدا تووشی خەسارەتێکی زۆر هاتوون. بۆ وێنە دەبێ ئاماژە بە تووتستانەکانی کەن بکەین کە لە ئەنجامی بیناسازیی لە ڕادەبەدەر و کەوتنە بەر ڕێگای شاڕێ ئاسەواریان لێ نەماوە.

سەبارەت بە زەوی و پارچە زەوییەکانی گەڕەکی کەنیش دەبێ بڵێین کەم هەیە کە پارچە زەوییەک تاپۆی هەبێ و زۆربەی پارچە زەوییەکان گرێبەستنامەیی و ڕێککەوتنین. گەڕەکی کەن لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی گەڕەکی فەرەحزادە، بۆ وێنە ئەوەی کە وەک سەیرانگای بەشێک لە خەڵکی تاران لە قەڵەم دەدرێت. هێشتاش باغی توو و خورماڵووی ئەم گەڕەکە بەشی سەرەکیی توو و خورماڵووی پێتەختی ئێران دابین دەکا و جیا لەوە باغە میوەکان هێشتاش لەم ناوچەدا سەوزن و خاوەنەکانیان وەک

ســـەیرانگا کەڵکیان لێ وەردەگرن و هەندێ جاریش بۆئاهەنگە تایبەتەکان بە کرێیان دەدەن. دۆڵەکانی کەنیش بەتایبەت لە کۆتایی هەفتەدا لە گەشـتیاران جمەی دێ کە لە پەنا درەخت و لە بنارەکاندا چەقە دووکەڵی نێرگەڵە و کەباب ســاز دەکەن. ڕەوشـــی خۆشی کەش و هەوا وای کردووە گەڕەکێکی ڕیستوڕانتیی سەوزیش لە کەن ساز ببێ و ئیمکانیاتی خۆشــگوزەرانی و خۆشبژێوی وەکوو پارکی شــەڕەڵیی کوێســتانی لەم گەڕەکە چێ بکرێ و ئەم شوێنە بکاتە گەڕەکێکی ناوازە.

دانیشــتووانی خۆجێیی کەن ســێ تاقمن: ئەوانەی هەمیشــە لەم ناوچەدا دەژین؛ تاقمێکیـان بۆ ژیـانکردن دەچنـە دیکـەی نـاوچـەکـانی تـاران، بـەڵام لـە کـەن بـاغ و ســـەیرانگایان هەیە؛ تاقمی ســێیەم ئەو کەنییانەن کە بۆ هەمیشـــە ئەم ناوچەیان بە جێهێشـتووە. سـەرهەڵگرتنی خۆجێییەکانی ئەم ناوچە و هەروەها دوورەدەسـتبوونی ناوچەکە و هەرزانتربوونی کرێماڵ لە هەندێ لە گەڕەکەکانی کەن وای کردووە لەم گەڕەکەشدا هاوشێوەی فەرەحزاد کۆمەڵێکی زۆری کۆچبەرانی یاسایی نیشتەجێ بن، ئەو کۆچبەرانەی کە زۆریان لە ئەفغانستانەوە هاتوونەتە تاران.

بە گوێرەی بینراوە مـەیدانییـەکـان، ئـەوەی لـە مـەڕ منـداڵی کـار لـە گـەڕەکی کـەن دەتوانین بیڵێین ئـەوەیـە کـە گرووپێکی زۆری منـداڵانی ئـەم گـەڕەکـە، چ ئـەوانـەی دانیشتووە خۆجێییەکانن و چ منداڵە کۆچبەرەکان دەبێ ئیش بکەن و وەک شتێ دەڵێی کـاری منـداڵ لێرەدا بۆ بنـەمـاڵـەکـان پرســێکی قبووڵکراوە. زۆربـەی منـداڵانی کـاری گەڕەکەکە منداڵە کۆچبەرەکانن. جۆری ئەو کارلنەی کە منداڵانی ناوچەکە ئەنجامی دەدەن بە پێی توانا و پێگەی بنـەماڵـە و ژیانی ئـەوان بگۆڕە؛ هـەندێ لـە منـداڵـەکـان لـە ڕێســـتوڕانت و ڤێلاکاندا ئیش دەکەن و تەنانەت شـــەوانەش لەوێ دەمێننەوە. هەندێ کۆچبەری نایاســـایی کاری وەکوو درگاوانی، باغەوانی و میوەڕنینەوە ئەنجام دەدەن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا منداڵەکانیش شـــان بە شـــانی ئەندامانی دیکەی بنەماڵە ئیش دەکـەن. گرووپێکیـان هـەر لـە گـەڕەکی کـەن نیشـــتـەجێی هـەمیشـــەیین و هـەنـدێکیـان کرێکاری وەرزین و پاش کۆتایی هاوین دەگەڕێنەوە بۆ شـــار و وڵاتی خۆیان. منداڵە دەستگێڕەکان لە مێترۆ و لە سـەر چوارڕیانەکانی گەڕەکی کەنیش ڕێژەیەکی بەرچاوی منـداڵانی کـار پێک دێنن کـە ڕۆژانـە لـەم نـاوچـەوە دەچنـە نـاوچـەکـانی دیکـەی تـاران و شـــەوانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. هەندێکی دیکە لەم منداڵانە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان خەریکی کاری خاوێنکردنەوە و جنینی سـەوزەن. لە پاڵ هەموو ئەمانە، ناومندێکی گەورەی دیکەی فیتەریی ئۆتۆمبێلیش لە گەڕەکی کەن هەیە کە ڕێژمیەکی

زۆری منداڵان ڕاکێشی کاری فیتەری و سافکاری کردووە. جیا لەو کرێکارانەی کە لە باغ و ڕیســـتوڕانتەکان کرێکاری دەکەن، هەندێ منداڵیش هەن کە لە گەڕەکی ســـەیرانگایی کەن یان بەرامبەر ڕێســـتوڕانتەکان و دووکانەکان کەلوپەل هەڵدەڕێژن و میوە و گوێز و گەنمە شـــامی دەفرۆشـــن. شـــاگردێتی لە هەندێ دووکانی وەکوو فرۆشـــگەی مادەی خۆراکیش جۆرێکی دیکەی کارە کە منداڵانی گەڕەکی کەن بە ئەزموونی دەکەن، بەڵام خاڵی هاوبەشـــی هەر هەموویان ئەوەیە کە زۆربەیان حەقدەســـت و داهاتی کەمیان هەیە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە تا ڕادەیەک هاوشێوەی یەکترن. منداڵە کۆچبەرەکان لە لانیکەمی جیازاتی خۆشگوزەرانی بێبەشن. سەرەڕای ئەوەی ئێن‌جی‌ئۆکان تێدەکۆشن بە بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنان ئەم بۆشاییە قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری منداڵان بە هۆکاری جیاواز نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن و دەبێ ببنە کۆمەک‌خەرجی بنەماڵەکەیان.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە مەڕ هەر دوو گەڕەکی کەن و فەرەحزاد لە چاو گەڕەکەکانی دیکە ئەوەیە کە بە گوێرەی پێکهاتە و پانتای شـــاریی گەڕەکەکان، منداڵان زیاتر لە هەڵاواردن و جیاوازیی چینایەتی تێدەگەن و بە پێی تیۆریی کارلێکی دوولایەنە و کۆچبەربوونی ئەم گرووپە، ئەوان تێدەکۆشن کە کۆمەڵگا قبووڵیان بکات. هەروەها بە پێی قوتابخانەی شیکاگۆ لە ناوچە پەراوێزییەکاندا بۆ وێنە ئەم ناوچە، خەسارەتی زۆر و بەستێنێک بۆ هۆگریی منداڵان بەرەو خەسارەت و ڕفتاری پڕمەترسی بوونی هەیە. لە زۆربەی گەڕەکەکانی دیکەی تاران، وەکوو شووش و دەروازەی غار و باغی ئازەری، بنەماڵە کۆچبەرە ئێرانی و ئەڤغانییەکان دەژین کە زۆربەی منداڵەکانیان ئیش دەکەن و ڕووبەڕووی مەترسیی هاوشێوە دەبنەوە.



وێنەیەک لە منداڵانی کار لە فیتەرییەکانی کەن (وێنەی ماڵپەڕی ویرگول)

## منداڵانی کار و سەرشەقام

منداڵانی کار و سەرشەقام ئەو منداڵانەن وا چەندین کاتژمێری ڕۆژ لە سەر شەقام و سەرەڕێگاکانی شار کار دەکەن و دیاردەیەکە کە لە زۆربەی شارە گەورەکاندا بەدی دەکرێت. ئەم چەشنە کارکردنە ناسراوترین جۆری کاری منداڵانە، بە جۆرێک کە زۆرێک لە خەڵک منداڵانی کار بە منداڵی کار و سەرشەقام دەناسن و پێیان وایە منداڵانی کار تەنیا هەر ئەو منداڵانەن کە لە سەر شەقام و چوارڕیانەکاندا دەیانبینن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە فرەیی جۆری کاری منداڵان ئەوە دەردەخا کە منداڵانی کار و سەرشەقام تەنیا ئەو منداڵانە نین کە کاریان پێ دەکرێت. کۆمەڵگەی ئاماری ئەم منداڵانە شیاوی سەرنجە و لە گەڕەکە جیاجیاکانی شاردا دەبینرێن.

ئامارێکی وردمان سەبارەت بە ڕێژەی منداڵانی کار و سەرشەقام لە ئێراندا نییە و ڕێژەی منداڵانی کار و سەرشەقام لە شارە جیاجیاکاندا بگۆڕە، بەڵام ئەوەی لە شاردا زۆرە ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵانی کار و سەرشەقام لە چوارڕیانەکان و سەرەڕێگاکانی شاردا ئیش دەکەن، بە جۆرێک کە بوونی ئەم منداڵانە لە سەر ئاستی سەرەڕێ و شەقامەکان بۆتە یەکێک لەو کێشانەی کە ڕێگەچارەیەکی ڕوون و

کاریگەرمان بۆ نەهێشتنی نییە.

جار نە جارێ بێهزیستی بە هاوڕێیەتیی شارەوانی و ناوەندەکانی دیکە لە ژێر ناوی ڕێکخستنی منداڵانی کار و سەرشەقام بۆ ڕێکخستنی ئەم منداڵە سەرشەقامییانە هەنگاو دەنێن، بەڵام لە کۆتاییدا بە هۆی نەبوونی ژێرخانی پێویست بۆ چارەسەری ئەم کێشە هیچ شتێک نییە کە ناوی ڕێکخستن بێ و ئەوەی ڕوو دەدا کۆکردنەوەی منداڵانی سەرشەقامە کە پاش چەند ڕۆژ ڕاگرتن، دیسان ڕادەستی بنەماڵە دەکرێنەوە و بنەماڵەکان دیسان دەیانئێرنەوە سەر شەقامەکان.




وێنەیەک لە منداڵانی کار و سەرشەقام کە خەریکی پێدانی خزمەتگوزاریی بێبەرامبەر بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس لە شەقامی (کارگر)ی باکوورین (وێنەگر: توێژەر)

## هەموو جۆرەکانی منداڵانی کار و سەرشەقام

منداڵانی کار و سەرشەقام دەتوانین بۆ سەر سێ گرووپی سەرەکی دابەش بکەین: تاقمی یەکەم ئەو منداڵانەن کە لە سەرشەقامەکان، سەرەڕێکان و چوارڕیانەکاندا کاڵایەکیان بۆ فرۆش هەیە، وەکوو منداڵانی فاڵفرۆش، گۆرەویفرۆش و گوڵفرۆش. تاقمێکی دووهەمی منداڵان هەن کە لە سەرەڕێکان و چوارڕیانەکاندا خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەن، وەکوو سڕینی شووشەی ئۆتۆمبێلەکان. تاقمی سێیەم منداڵە سواڵکەرەکانن کە بە پێداگری و پاڕانەوە داوای شت یان خزمەتگوزاری لە خەڵک دەکەن، بۆ وێنە داوا لە خەڵک دەکەن شتیان بۆ بکڕن.

تاقمی یەکەم و دووهەم زیاتر لە چوارڕیان و سەرەڕێگا پڕهاتوچۆکاندان و داهاتەکەیان بە پێی ئەو کاڵایەیە کە دەیفرۆشن یان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکەن، فەرقی هەیە، بەڵام تاقمی سێیەم زیاتر لە ڕێگا پڕهاتوچۆکاندان و سەرباری ئەوەی ئەوانیش کاڵای وەکوو فاڵ یان گۆرەوییان پێیە، بەڵام داهاتەکەیان بە پێی ئەو بەزەییەیە کە دەتوانن بەرەو لای خۆیانی ڕابکێشن. ئەم منداڵانە بە تکا و پاڕانەوە خەڵک دەبەنە ناو دووکانەکان بۆ ئەوەی شتیان بۆ بکڕن و ئەگەر شارۆمەندێک بیهەوێ ئاو، بەستەنی و یان خواردەمەنیی دیکەی لەم چەشنەیان بۆ بکڕێ ڕێگری لێ دەکەن و داوای کاڵای وەکوو برنج، چا و شتی پاککەرەوە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە نرخێکی کەمتر بە دووکانەکانی دیکەی بفرۆشن و ئەمەش جۆرێکی دیکەی دەستخستنی داهاتی منداڵانە کە لە سەر شەقامەکاندا سواڵ دەکەن. ئەم منداڵانە ئەو کاڵایەی کە پێیانە بۆیان دەبێتە جۆرێک پۆشن بۆ ئەوەی بە هۆی سواڵەوە لە لایەن ناوەندە پەیوەندیدارەکان لێپێچینەوەیان لێ نەکرێ، بەڵام لە بنەڕەتەوە داهاتەکەیان بە جۆرێ لە جۆرەکان لە سەر سواڵکردنە کە بە ڕاکێشانی سەرنج و بزواندنی بەزەیی خەڵک وەدەست دێت.



وێنەی منداڵانی کار و سەرشەقام لە ڕێگا باکوورییەکانی تاران- سەعادەتاباد و فەرمانییە (وێنە توێژەر)

## نەتەوەی منداڵانی کار و سەرشەقام

منداڵانی بنەماڵە کۆچبەرە ئەفغانستانییەکان، منداڵە قەرەجەکان هەندێ لە شارە باکووری و باکووری ڕۆژهەڵاتییەکانی وڵات، و منداڵە کۆچبەرە بەلووچە پاکستانییەکان زۆرینەی منداڵانی کار و سەرشەقامی تاران پێک دێنن. جیاوازیی سەرەکیی منداڵە کۆچبەرە ئەفغانستانییەکان کە لە سەر شەقامەکان کار دەکەن لەگەڵ منداڵە کۆچبەرەکانی دیکە ئەوەیە کە ئەم منداڵانە لە سۆنگەی نیشتەجێبوون لە ئێران پێشینەیەکی دوور و درێژیان هەیە هەر بۆیە هەندێکیان توانیویانە ناسنامە و مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەربگرن.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە مەڕ هەموو گرووپی منداڵانی کار و سەرشەقام، چ ئەوانەی کۆچبەرن و چ ئەوانەی منداڵانی ئێرانین، ئەوەیە کە زۆربەیان بە شێوەی بەکۆمەڵ، خێزانی و خزمایەتی هاتوونەتە تاران و هەر بەم شێوەش لە سەر شەقامەکانن و کار دەکەن. بینینە مەیدانییەکان ئەوە دەردەخا کە زۆربەی ئەم منداڵانە پێکەوە یان هاوشاری و خزمن یان ئەندامی خێزانێکن، بەڵام جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان منداڵە قەرەجە ئێرانییەکان و منداڵە کۆچبەرەکاندا هەیە: زۆربەی منداڵە کۆچبەرەکان بە بێ هاوڕێیەتیی باوکیان لە شەقامەکاندان و ئیش دەکەن، بەڵام منداڵانی ئێرانی زیاتر لەگەڵ کەسێکی گەورەتر لە خۆیان و باوکیان لە سەر شەقامەکاندا ئیش دەکەن.

مەودای تەمەنیی منداڵانی کار و سەرشەقام بە جۆرێکە کە هەموو قۆناغە تەمەنییەکان دەگرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، لە منداڵی چوار پێنج ساڵەوە بگرە تا دەگاتە

منداڵانی تەمەن هەشدە و هەژدە ساڵان لە شەقامەکاندا دەبینرێن، بەڵام بە وتەی منداڵان خۆیان، باشترین قۆناغی تەمەنییەک کە لە کاری سەرشەقامدا سەرکەوتوون منداڵانی دە تا چواردە ساڵانن، چونکە باشتر دەتوانن سۆزی خەڵک بجزوێنن.

وەک وترا، منداڵانی کار و سەرشەقام کە لە شوێنێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکن یان ئەندامی خێزانێکن یان خزمن کە لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی ڕۆژدا بە شێوەی گرووپی دەچنە شوێنی ئیشەکەیان و شەو پێکەوە دەگەڕێنەوە. هەر بەم شێوە بازنەیەکی داکۆکیی باش لە گرووپی هاوتەمەنەکاندا لە لایەن ئەم منداڵانەوە بوونی هەیە و ئەم منداڵانە چاودێری و داکۆکی لە یەکتر دەکەن.

## جۆرەکانی ئامادەبوون لە سەرشەقام و مەکۆکان

ئەو چوارڕیان و سەرەڕێگایانەی کە منداڵان تێیاندا ئامادەن و شتومەکی تێدا دەفرۆشن یان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن پێی دەوترێ مەکۆ (پاتۆق) و ئەم مەکۆیانە پاوانکراو و لە ژێر ڕکێفی ئەو کەسانەیە کە پێشینەیان دوور و درێژترە و خۆیان بە خاوەنی ئەم مەکۆ و مەکۆیانە دەزانن. کەسانی نوێ و تازەکار بۆ ئەوەی لە مەکۆی ئەم کەسانەدا ئیزنی کارکردنیان هەبێ ڕۆژانە دەبێ بڕە پارەیەکیان پێ بدەن کە ئەم پارە لە نێوان 30 بۆ 50 هەزار تمەنە. هەندێ لە مەکۆکانیش حاڵەتی بۆماوەییان بە خۆوە گرتووە و لە منداڵە کۆنترەکانی خزم و کەسەوە گەیشتۆتە منداڵە نوێتر و تازەهاتووەکان. لە هەندێ حاڵەتیشدا بینراوە کە خاوەن مەکۆکان هەندێ منداڵ بە کرێ دەگرن بۆ ئەوەی ئیشیان پێ بکەن و لە کۆتایی ڕۆژدا هەر هەموو داهاتەکە لە منداڵەکە دەستێنن و بڕە پارەیەکی 20 بۆ 40 هەزار تمەنیان پێ دەدەن، ئەویش بەو مەرجەی کە داهاتی ڕۆژانەی ئەو منداڵە شیاوی قبووڵ کردن بێت.

خاوەن مەکۆکان لە سنووری ژێر ڕکێفی خۆیان یاسای تایبەتیان دلبەزلندووە و ئەگەر منداڵێک بێتە ناو سنوورەکەیان یان گەورەترەکەی بڕی کرێی مەکۆکە نەدا، بە ڕفتاری توندئاژۆیانە وڵامی دەدەنەوە. ئەم کەسانە مەکۆی بێژوماریان هەیە کە هەندێکیان بە کرێ دەدەن و لە هەندێکیاندا خۆیان ئیش دەکەن. بۆ وێنە بینراوە کە لە ڕۆژانی شەمەدا کە ڕۆژی پشووی کاری کۆچەرەکلنە، مەکۆ دەدەن بە گرووپەکانی دیکە کە ئاشکرایە لە خاوەنمەکۆکان بە کرێیان گرتووە. کۆچەرەکان ڕۆژانی هەینی ڕۆژی کارکردنیانە و شەمانە پشووە و بۆ ئەو ڕۆژی شەمەیە مەکۆ بە کرێ دەگرن.

لە هەندێ لەم مەکۆیانەدا کەسانێک بە پێشینەی نزیک هەشت هەتا دە ساڵ هەن

و ئەم مەکۆیانە بە شـێوەی بۆماوەیی لە منداڵە گەورەترەکانی بنەماڵە و خزم و کەسـەوە گەیشـتۆتە منداڵە چکۆڵەترەکان کە ئەمە نیشـتەجێبوونی درێژخایەنی ئەم منداڵانە لە ئێران پیشان دەدا و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە توانیویانە مۆڵەت وەربگرن.

هەندێ مەکۆش هەن کە نەناسـراوترن و هێشـتا لە ژێر کۆنترۆڵی کەسـدا نین. لە هەندێ لە گەڕەکە ناوەندییەکانی سـەعادەتاباد، شـەقامەکانی دەوروبەری وەنەک، ئاریاشار و سادقییە ڕێژەیەکی زۆری مەکۆی لێیە. لەم مەکۆیانەدا منداڵە تازەهاتووەکان ئیش دەکەن کە لە بەرامبەر کارکردن لەم مەکۆیلنە ئیزن بە کەس ناکەن، بەڵام بە هۆی نەناسراوتربوون و چۆڵتربوونی ئەم مەکۆیانە، ئەم منداڵانە داهاتیان کەمترە.

لێکبڵاویی منداڵانی کار و سەرشەقام لە ناوچە باکوورییەکانی شاری تاران وەکوو زەعفەرانییە و کامەرانییە و ئەو گەڕەکانەی کە لە کۆتایی باکووری تاران دەسـت پێ دەکەن و هەتا گەڕەکەکانی شـارۆچکەی غەرب، سـەعادەتاباد، یووسـفاباد، و گەڕەکە ناوندیترەکانی شـار، واتە شـەریعەتی، پردەی سـەید خەندان، ئینقلابی ئیسـلامی، جمهوریی ئیسـلامی، موتەهەری، وەنەک، پوونەک، و سـادقییە درێژ دەبێتەوە و هەرچی بەرەو باشـووری شـاری تاران بچین، ڕێژەی ئەم منداڵانە کەم دەبێتەوە چونکە گەڕەکە باشـوورییەکانی شـاری تاران لە ڕووی داهاتەوە ئاخێزگەیەکی باشـی دەستخستنی داهات بۆ ئەم منداڵانە نین.



نومایەک لە بوونی منداڵان لە پیشە سەرشەقامییەکان، مەیدانی ئازدی (وێنە: توێژەر)

## شێوازی ڕفتاری منداڵانی کار و سەرشەقام

منداڵانی کار و سەرشەقام زۆربەیان ڕۆڵەی بنەماڵە هەژار و پڕحەشیمەتەکانن و زۆریان دایک و باوکیان گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن. هەر بۆیە ئەوان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە داکۆکی و چاودێرییەک کە بۆ گەشەی تەندروستیی منداڵ پێویستە نییانە و لە چاو منداڵانی دیکە خەسارهەڵگرترن. لە لایەکی دیکەشەوە لە سەر شەقامەکاندا هەمووو جۆرەکانی هەڵسوکەوتی ئازاردەرانە، وەکوو سوکایەتی و بێڕێزی بەئەزموون دەکەن و بە هۆی ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەر شەقامەکانن تووشی باڵقبوونی پێشوەختە دەبن و دەبینین کە منداڵانی کار و سەرشەقام لە چاو منداڵانی دیکە شێوازی ڕفتاریی نەترسانە و بێباکانەتریان هەیە. ئەم منداڵانە لە لایەک فێری تواناکان فێر نابن و لە لایەکی دیکەشەوە زۆرێک لە ڕفتار و هەڵسوکەوتە ناتەندروستە دەروونی و جەستەییەکان لە سەر شەقامدا بەئەزموون دەکەن و ئەمە شتێکی ئاساییە کە ئەگەر هەڵوەدای بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕفتارانە بن.

بوونی درێژخایەن لە سەرشەقام منداڵان تووشی خەسارەتگەلی وەکوو گیرۆدەیی بە مادەی هۆشبەر، زێراندن و تاوانکاری دەکات. ئەنجامە توێژینەوە بێژمارەکان و بینراوە مەیدانییەکان پیشان دەدا هەندێ لە منداڵان لانیکەم یەکجار تووشی بەکارهێنانی مادەی گیرۆدەهێن بوون و بەئەزموونیان کردووە و هەموو جۆرە ورووژێنەرەکان زۆر بە چاکی دەناسنەوە. هەندێکیان ئازاری جەستەیی و سێکسییان بینیوە و تووشبوون بە نەخۆشیگەلی وەکوو ئایدز، هێپاتیت و لەم ماوەی کۆتاییدا کۆڕۆنا لەو مەترسییانەیە کە هەمیشە حەڕەشەیان لێ دەکات. ئەوان بە هۆی جۆری بوونیان لە سەر شەقام و ئەو بارودۆخەی کە تێیدان تووشی هەندێ نەخۆشیی وەکوو نەخۆشیی دەروونی و تاوان دەبنەوە، هەژاری و جیاوازیی چینایەتی بە چاکی دەناسن و هەڵسوکەوتی تاوانکارانە لەگەڵ ئەم منداڵانە بە بڕ و بیانووی گەلاڵەی ڕێکخستن، دەورێکی تۆخی لە دروستکردنی هەستی تۆڵەستێنانە دژ بە کۆمەڵگا لەم منداڵانەدا هەیە.

ئەم منداڵانە بە هۆی ئەزموونی ژیاویان لە سەر شەقام فێر دەبن بەرامبەر ئەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن بێباکتر، بوێرتر و تەنانەت لە هەندێ پرسدا ئاگادارتر و وشیارتر بن. ئەوان تەنانەت لە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتریش بێباکتر و بوێرترن و لە کاتی شەڕدا یان لە کاتی شۆخی و گەنجەفەدا جنێو و جوێنی تفت و وشەی نەشیاو لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەبێ و ئەم پرسیارە سەرەکییە لە زەیندا بیچم دەگرێ کە بە پێی

دارِشـــتەی نەریتی و دەمارگرژیی بنەماڵەی ئەم منداڵانە، ئایا ئەم منداڵانە لە ناو ماڵ و لە سـەر شـەقام دوو ڕفتاری تەواو لێک‌جیاوازیان هەیە. هەڵبەت ڕفتاری پڕمەترسـی و بێ‌باکانەی ئەوان لە سەر شەقامەکان لەوانەیە لەو ئاستەنگ و ترسانەوە هەڵقوولاّ بێ کە لە ماڵەوە بە ئەزموونی دەکەن. زۆرێک لە منداڵان لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە و گەورەترەکانیانەوە توندوتیژییان بە سـەردا دەسـەپێ و لەگەڵ دەرکەوتنی هەر حاڵەتێکی شـەڕ و ناکۆکی لەگەڵ هاوتەمەن و هاوکارەکانیان تێدەکۆشـن هەر هەمان توندوتیژی بەرهەم بهێننەوە.

زۆربەی ئەم منداڵانە ئەزموون و ڕفتاری پڕمەترسـییان هەیە و کەمتر لە چوارچێوەی نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕفتار دەکەن. بۆ وێنە زۆربەیان زانیارییەکی باشـیان سـەبارەت بە هەموو جۆرەکانی مادەی هۆشـبەر و مادەی پڕوپووچ هەبوو و هەندێکیشیان ئەزموونی بەکارهێنانی ئەم مادانەیان بووە. زۆربەی ئەم منداڵانە بە هۆی ئەو ئەزموونەی کە لە سەرشەقامدا وەدەستیان هێناوە، ناسیارییەکی چاکیان لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. بۆ وێنە دەیانزانی لە کێ و بە چ پڕەنسیپگەلێک دەتوانن باشـتر داوای پارە بکەن. بۆ وێنە دەیانوت شـۆفێری شـاسیی بەرز یان کەسـانی پیر و بەتەمەن پارە نادەن، بەڵام گەنجترەکان بەتایبەت ئەو کاتەی کچ و کوڕێکی گەنج پێکەوە لە ناو ئۆتۆمبێلێکدان و یان لە کۆتایی هەفتەکلندا باشـتر شـتیان لێ دەکڕن یان پارەیان پێ دەدەن. لە پاڵ ئەمانە، هەندێ لەم منداڵانە بۆ زیاتر پارە وەرگرتن لە خەڵک فێڵی باش دەزانن و بە دیترانیشـیان فێر دەکرد. لە بەشـەکانی دواتردا زیاتر تیشـک دەخەینە ئەم تەکنیکە کارییانە. منداڵانی کار و سـەرشـەقام لە چاو منداڵە کارەکانی دیکە لە ڕووی ڕەواڵەت و ڕەچاوگرتنی ڕێکارە تەندروسـتییەکان لە ئاسـتێکی نزمتردان و خاڵی سـەرنجڕاکێشـی دیکە سـەبارەت بەمانە ئەوەیە کە پەیوەندی سـازکردن لەگەڵ ئەمانە چەتوون بوو و بە ئەستەمیش بیریان لە سەر دیمانە چڕ دەکردەوە و زیاتر بیر و هۆشیان لە لای دەوروبەریان بوو.

## بەئەزموونکردنی توندوتیژی لە سەرشەقام

منداڵانی کار و سـەرشـەقام لایەنێکی بەربڵاوی ڕفتاری دژەمنداڵ بەئەزموون دەکەن، لە توندوتیژیی جەسـتەیی و سـێکسـییەوە بگرە تا دەگاتە ئازاری وتەیی. ئەوان لە سـەر شـــەقامەکان ئازارگەل و توندوتیژیگەلێک بەئەزموون دەکەن کە هەندێ جار ئەم توندوتیژییانە لە لایەن خەڵکەوە ئەنجام دەدرێ، هەندێ جار لە لایەن گرووپێکی دیکەی منداڵان، یان لە لایەن گەورەترەکان و سـەرکرێکارەکان و هەندێ جار لە لایەن

خاوەن مەکۆکان، و هەڵبەت وەک وترا، زۆربەی ئەم منداڵانە لە ناو بنەماڵەشـدا ئازار و توندوتیژی بەئەزموون دەکەن. لەم نێوانەدا بارودۆخی منداڵانی کەمتەمەنتر خراپترە. چونکە منداڵە گەورەترکان دەچن بە گژیاندا و لێیان دەدەن.

منداڵانی کار و سـەرشـەقام لە دیمانەدا گلەیی و گازندمیان لە ڕفتاری هەندێ خەڵک هەبوو؛ دەوترا کە هەندێ جار خەڵک جوێنیان پێ دەدەن، تەنانەت بە ئۆتۆمبێل بە سـەر قاچیلندا تێدەپەڕن یان درگای ئۆتۆمبێلەکانیان بە لای کەلەکەیلندا دەکەنەوە بۆ ئەوەی لاچن، هەندێ جار داوایان لێ دەکرێ کە شووشەی ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ بسـڕن بەڵام کاتێک کە سـڕینەکە کۆتایی دێ، پارەکەیان پێ نادەن و یان لەولنەیە گوڵیان لێ بکڕن، بەڵام پارەکەیان پێ نەدەن و لێی بخوڕن و بڕۆن.

هەندێکیان سـکاڵای ئەوەیان هەبوو کە پێشـتر لە گەڵاڵەی ناسـراو بە گەڵاڵەی ڕێکخسـتن گیراون و ماوەیەک لە ناوەندەکانی بێهزیسـتی ماونەتەوە و لەوێ ئازار و توندوتیژییان بە ئەزموون کردووە.

هەندێکیان وتیان کە تەنانەت لە لایەن هەندێ لە پیاوانی شارەوانییەوە دەستدرێژی و سووکایەتیی سێکسییان لێ کراوە. خاڵێکی دڵتەزێن و جەرگبڕ سەبارەت بە منداڵانی کار و سەرشەقام ئەوەیە کە هەندێکیان توندوتیژیی سێکسی، لە سووکایەتییەوە بگرە تا دەگاتە دەستدرێژی یان لانیکەم پێشنیاری سێکسییان بەئەزموون کردووبوو. هەڵبەت ئەم دیاردە لە ناو کچاندا باوتر بوو.



وێنەیەک لە منداڵانی کار و سەرشەقام لە چوارڕیانی وەلیعەسر (وێنە: توێژەر)

## ژیانی خێزانیی منداڵانی کار

خاڵی هاوبەشی زۆربەی منداڵانی کار و سەرشەقام ئەوەیە کە لە ناو بنەماڵەدا ژیان بە سەر دەبەن بنەماڵەگەلێکی هەژار و پڕحەشیمەت کە پێویستیان بە داهاتی ئەوانە و داهاتی کاری منداڵ بە شێوەی ڕاستەوخۆ تەرخانی تێچووی بنەماڵە دەکرێت. هەندێکیان ئیشیان بۆ خۆیان دەکرد هەموو داهاتەکەیان دەدا بە بنەماڵەکەیان و هەندێکیان بۆ کەسێکی دیکە کاریان دەکرد کۆی داهاتەکەیان دەدا بەو کەسە و بڕە پارەیەکی کەمیان وەردەگرت و دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە. لەوە دەچێ ئەو منداڵانەی کە سەربەخۆ بوون و ئیشیان بۆ خۆیان دەکرد ئاسوودەتر ملیان بە دیمانە دەدا و ئەوانی دیکە خۆپارێزانەتر ڕفتاریان دەکرد. زۆرێک لەم منداڵانە لە هەندێ گەڕەکی وەکوو هەرەندی، شووش، فەرەحزاد، کەن و پاسگای نێعمەتاباد ژیانیان دەکرد.

## چەوساندنەوەی سیستماتیک

لە کۆی ئەنجامە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوە ئەوە دەردەکەوێ کە کاری منداڵان لە سەر شەقام بە شێوەی سیستماتیک و میکانیکی ئەنجام دەدرێت. زۆربەی ئەم منداڵانە شەوانە بە وەن و یان ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دێ بە دوایاندا دەڕۆنەوە بۆ ماڵ و بەم شێوەیە کە ئۆتۆمبێلێکی 405 کاتژمێر دەی شەو دێ بە دوایاندا و بینراوە لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا نزیکەی 15 منداڵ سوار دەکەن، ڕێک وەکوو ئەو کاتانەی کە کۆچبەرە ئەفغانییەکان لە سنوورەوە ئاودیوی ئێران دەبن، یا بۆ وێنە منداڵانی کار و سەرشەقامی گەڕەکی یووسفاباد وەنێکی 15 کەسی بۆ هاتوچۆ بە کار دێنن، بەڵام هەتا سی منداڵیش هەر لەو ئۆتۆمبێلەدا سوار دەبن و لە هەر منداڵێک نزیکەی 4 بۆ 5 هەزار تمەن وەردەگرت. بەو پێیەی ئەم منداڵانە بە شێوەی گرووپی ئۆتۆمبێلێک بۆ هاتوچۆ بە کرێ دەگرن، ئەم تێگەیشتنە باوە هەیە کە ڕەنگە هەموو منداڵەکان بۆ باندێک یان بە شێوەی باندی ئیش دەکەن، لە حاڵێکدا ئەم جۆرە کارکردنە لە ناویاندا بوونی نییە، بەڵکوو ئەوان تەنیا بۆ پاراستنی ئاسایشیان لە هەمبەر دزەکانی شار و سەرەڕێگا و بۆ کەمکردنەوەی تێچووی هاتوچۆکان بە شێوەی بەکۆمەڵ پێکەوە هاتوچۆ دەکەن یان ئیش دەکەن.

**سەرچاوە:**

[1] ILO. (2008). Global child labour developments: Measuring trends from 2004 to 2008. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[۲] جیمز، آلیسون؛ جنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شناسی دوران کودکی (نظریه پردازی درباره دوران کودکی) (وەرگێڕانی علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث.

[۳] هەمان

[4] Forastieri, Valentina (1997). Children at work: Health and safety risks. ILO Child Labour Collection. Geneva: International Labour Office .

[5] Ibid.

[6] ایمانی، نفیسه؛ نرسیسیانس، ایملیا (۱۳۹۰). مطالعه انسان شناسانه پدیده کودکان کار خیابانی در شهر کرج، مسائل اجتماعی ایران، ۳ (۱)، ۳۲-۷.

[7] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016 Geneva: International Labour Organization Geneva.

[8] Ibid .

[9] (2001) www.childinfo.com.

[10]https://www.amar.org.ir/Portals/0/Files/fulltext/1395/n_ank_sal95.pdf .

[۱۱] زاهدی اصل، محمد (۱۳۹۳). آسیب های اجتماعی از منظر مددکاری اجتماعی، تهران: دانشگاه علامه طباطبایی

[۱۲] رفیع پور، عبدالله. (۱۳۷۷). دوران نوجوانی و آسیبها. اصفهان: نشر افق

[۱۳] زاهدی اصل، محمد (۱۳۹۳)، آسیب های اجتماعی از منظر مددکاری اجتماعی، تهران: دانشگاه علامه طباطبایی

[14] معیدفر، سعید (۱۳۸۹). مسائل اجتماعی ایران. تهران: نشر امین.

[15] حسینی، سید حسن. (۱۳۸۳). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران، وەرزنامەی رفاه اجتماعی، ۵ (19)، ۱۷۳-۱۵۵.

[16] جیمز، ألیسون؛ جنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شناسی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) (وەرگێڕانی علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی)، تهران: ثالث.

[۱۷] زاهدی اصل، محمد (۱۳۹۳). آسیب های اجتماعی از منظر مددکاری اجتماعی، تهران: دانشگاه علامه طباطبایی.

[۱۸] حسینی، سید حسن. (۱۳۸۳). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. وەرزنامەی رفاه اجتماعی، ۵ (19)، ۱۷۳-۱۵۵.

[۱۹) جیمز، آلیسون؛ جنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شناسی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) وەرگێڕانی علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث.

[۲۰] هەمان.

[۲۱] زنجانی، حبیب الله. (۱۳۸۰). مهاجرت. تهران: سمت.

[۲۲] هریسون، پل، (۱۳۶۴)، درون جهان سوم (وەرگێڕانی شاداب و جدی)، تهران: فاطمی.

[۲۳] کاستللو وینسنت فرانسیس. (۱۳۶۸). شهرنشینی در خاور میانه (وەرگێڕانی پرویز پیران و عبدالعلی رضایی). تهران: نی.

[24] هەمان.

[25] هەمان.

[26] خندان، عباس. (۱۳۹۸)، اقتصاد غیررسمی در ایران. تهران: مؤسسه عالی آموزش و پژوهش مدیریت و برنامه ریزی.

[۲۷] نیلی، مسعود و ملکی، منصور. (۱۳۸۵). اقتصاد غیررسمی، علل ایجاد، روش های تخمین و اثرات آن بر بخش رسمی. وەرزنامەی علمی و پژوهشی شریف، ۲۲ (۳۶)، ۵۶-۴۵.

[۲۸] هەمان.

[۲۹] هەمان.

[۳۰] اسفندیاری، علی اصغر و جمال منش، آرش. (۱۳۸۱). اقتصاد زیرزمینی و تأثیر آن بر اقتصاد ملی. وەرزنامەی پژوهشنامه اقتصادی، ۲ (۶)، ۴۸-۱۳.

[۳۱] حسینی، سید حسن. (۱۳۸۳). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. وەرزنامەی رفاه اجتماعی، ۵. (19) ۱۵۵-۱۷۳.

[۳۲] شکیبایی، علیرضا و شادمانی، قاسم. (۱۳۹۳). برآورد اقتصاد سایه ای ایران ۱۳۴۹-۱۳۸۶ با استفاده از مدلسازی فازی چند مرحله ای. وەرزنامەی پژوهش های اقتصادی رشد و توسعه پایدار، ۱۴ (۱)، ۳-۷۷.

[۳۳] صامتی، مجید؛ سامتی، مرتضی و دالانی میلان، علی. (۱۳۸۸). برآورد اقتصاد زیرزمینی در ایران (۱۳۸۸-۱۳۴۴) به روش MIMIC. مطالعات اقتصاد بین الملل، ۲۰ (۲) بە گێڕانەوە لە حسینی، فهیمه السادات. (۱۳۹۷). بررسی چگونگی تأثیر فرار مالیاتی بر رشد اقتصادی در ایران. علمی - پژوهشی دانش پژوهان، ۱۴ (۴۶، ۴۷ و ۴۸).

[34] *Sirvastava, J. (2003). Child Labour in South Asia, Are Trade Sanctions the Answer? CUTS CENTRE FOR INTERNATIONAL TRADE, ECONOMICS & ENVIRONMENT* .

[35] *Ibid* .

[36] *Mendevich, Elias. (1979). Child Labour. International Labour Review, 118 (5.(*

[37] *Grooter, Chiritia and Ravi, Kanbur. (1995). Child Labour: Economic Perspective. International Labour Review, 134 (2), 187-203*.

[38] *Fyfe, Alice. (1989). Child Labour. New York: Polity Press*.

[۳۹] جیمز، آلیسون؛ جنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شناسی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) ( **وەرگێڕانی علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی)** . تهران: ثالث.

[40] لاهیری، طاهر. (۲۰۰۲). بررسی اقتصاد ایران، تهران: آریانا قلم.

[41] کاستلز، امانوئل (۱۳۸۰). اقتصاد، فرهنگ، عصر ارتباطات، پایان هزاره (وەرگێڕانی افشین خاکباز و احمد علیقلیان)، جلد سوم، تهران: طرح نو.

[4۲] هەمان.

[43] هەمان.

[44] هەمان.

[45] هەمان.

[46] هەمان.

[47] هەمان.

[48] هەمان.

[49] هەمان.

[50] Ventis, L. (1995). The relationship Between religious and mental health. Journal of Social Issues, 15, 33-44.

بە گێڕانەوە لە: امینی، یوسف و امینی، محمد. (۱۳۹۰). بررسی تأثیر پدیده طلاق بر سلامت روانی و عزت نفس دانش آموزان پسر مقطع راهنمایی در شهرستان بوکان.

[51] Cantor, M. (1979). Neighbors and friens: An overlooked resource in the informal support system. Research on agina, 1, 434-463.

[52] Thoits, P. (1982). Conceptual, methodological and theoretical problems in studying social support as a buffer against life stress. Journal of health and Social Behaviors, 230(2), 145-159.

بە گێڕانەوە لە: امینی، یوسف و امینی، محمد. (۱۳۹۰). بررسی تأثیر پدیده طلاق بر سلامت روانی و عزت نفس دانش آموزان پسر مقطع راهنمایی در شهرستان بوکان.

[53] بخشنده، مجتبی و نیک پور قنواتی، لیلا. (۱۳۹۵). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعەشناسان.

[54] زارعی، علی و تندنویس، فریدون. (۱۳۸۲). مقایسه نحوه گذران اوقات فراغت دانشجویان علوم پزشکی کشور با دانشجویان دانشگاەهای غیر پزشکی و آزاد. نشریه علوم حرکتی و ورزش، ۱ (۲)، ۱۸-۲۵.

*[55] veal. (2000).All we ned to know about child mind, ABB press.*

[56] عیوضی، غلام حسن (۱۳۸۸)، سبک زندگی، تلویزیون و مصرف. وەرزنامەی فرهنگی - دفاعی زنان و خانواده. ۵ (۱۶)، ۱۶۷-۱۴۳.

[۵۷] لیتل جان و فاس. (۱۳۹۴). نظریه های ثابت. تهران: نشر وازرت امور خارجه.

[۵۸] تن، الکسیس اس. (۱۳۸۸). نظریه ها و پژوهش های ارتباط جمعی (ترجمة نعیم بدیعی). تهران: انتشارات همشهری.

[۵۹] کامل عباسی و آقا محمدیان شعرباف. (۱۳۸۹). بە گێڕانەوە لە بخشنده، مجتبی و نیک پور قنواتی، لیلا. (۱۳۹۵). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.

[60] کاپلان و ســـادوک. (۱۳۷۵). بە گێڕلنەوە لە بخشـــنده، مجتبی و نیک پور قنواتی، لیلا. (۱۳۹۵). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.

[61] بخشـــنده، مجتبی و نیک پور قنواتی، لیلا. (۱۳۹۵). ســـنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.

[62] آه – انگ. (۱۳۹۵). من و کودکی هایم. تهران: آگاه

[63] Boyden, J. (1991). Children of the cities. London: Zed Book.

[64] بونت، لیز. (۱۹۹۳). نظریه پردازی جوانان، کرج: نشر فراغ

[65] Forastieri, Valentina. (1997). Children at work: Health and safety risks. ILO Child Labour Collection. Geneva: International Labour Office.

[66] Wall, S. (2006). Child labour in various industries. India: Sarub & Sons.

[67] O'Driscoll, D. (2017). Overview of child labour in the artisanal and smallscale mining ector in Asia and Africa. K4D Helpdesk Report. Brighton, UK: Institute of Development Studies.

[68] سونگا، جیچاکسون. (۱۹۹۶). کودکان کار در جهان امروز. تهران: نشر دانشگاه آزاد.

[69] پیی بادی، مارو. (۱۳/۰۹/۱۳۹۸). جهان وارونه. روزنامه ایران، بخش اجتماعی.

[۷۰] جیمز، آلیسـون؛ جنکس، کریس و پروت، آلن. (۱۳۸۳). جامعه شـناسـی دوران کودکی نظریه پردازی درباره دوران کودکی) (وەرگێڕانی علیرضـــا کرمانی و علیرضـــا ابراهیم آبادی). تهران: ثالث.

[۷۱] نوون، هایز. (۱۹۹۴). خشم و اقتصاد نوین گزارش مجله پولیتیکا، ۱۹، ۲۴-۱۹.

[72] Sirvastava, J. (2003).Child Labour in South Asia, Are Trade Sanctions the Answer? CUTS CENTRE FOR INTERNATIONAL TRADE, ECONOMICS & ENVIRONMENT.

[۷۳] طالبی، نادر (۱۳۸۹). کار کودکان و بازتولید نابرابری اجتماعی. تهران: گروه جامعه شناسی دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه علامه طباطبایی.

[74] رئیس دانا، فریبرز. (۱۳۸۲). واکاوی کار کودکان، وەرزنامەی رفاه اجتماعی، ۲ (۷)، ۲۳۱-۲۴۸.

[75] حسینی، سید حسن. (۱۳۸۳). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. وەرزنامەی رفاه اجتماعی، ۵ (19)، ۱۷۳-۱۵۵.

[76] وامقی، مروئه و یزدانی، فرشـــید. (۱۳۹۸). گزارش وضـــعیت کار کودکان در ایران در آسیب های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران ۱۳۹۶-۱۳۸۸. ج ۲، ص (۹۵ - ۱۵۰). تهران: آگاه.

[۷۷] وامقی، مروئه؛ دژمان، معصـومه؛ رفیعی، حســن و روشــنفکر، پیام. (۱۳۹۴). ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی در شهر تهران (علل و خطرهای کار کودکان در خیابان). مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. ۴ (۱)، ص ۵۷-۳۳.

[۷۸] مهدوی مزینانی، زهرا؛ مزینانی، مجتبی (۱۳۹۰). آسیب شناسی حقوقی کار کودکان و نوجوان در کسب و کارهای خانوادگی، خانواده پژوهی، 7 (2)، ۱۲۵-۱۴۳.

[۷۹] افشـانی، علیرضـا عسـکری ندوشـن، عباس و حیدری، محمد. (۱۳۹۱). تحلیلی بر وضعیت کودکان خیابانی و کار در شهر اصفهان، جامعه شناسی کاربردی. ۲۳(۴۸)، ۸۵-۱۰۲.

[۸۰] ایمان زاده، علی و علیپور، سـریه. (۱۳۹۸). تجربه زیسـته کودکان کار شـهر تبریز از احساس تنهایی مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران، ۸ (۲)، ۲۷۹-۳۰۴.

[۸۱] داورپناه، صـفورا؛ راغفر، حسـین و نخعی، منیژه. (۱۳۸۸). فقر کودکان و بازار کار در ایران. وەرزنامەی رفاه اجتماعی. ۹ (۳۵)، ۱۳۹-۱۵۹.

[۸۲] نادری، صـلاح الدین (۱۳۹۳)، جامعه شـناسـی مردم مدار و آزمون نظریه کاسـتلز در عرصـه کار کودکان (پژوهش عملی مشـارکتی با کودکان افغان در مرکز دوسـتدار کودک مشـتاق). گروه جامعه شـناسـی دانشـکده ادبیات و علوم اجتماعی دانشـگاه باهنر کرمان بە گێڕانەوە لە انجمن حمایت از حقوق کودکان، ۱۳۹۸، ص ۸۸).

[83] تولایی، حسـین رفیعی، حسـن و بیگلریان، اکبر. (۱۳۸۸). رابطه کار کودک با توسـعه انسانی در کشورهای توسعه نیافته و در حال توسعه، رفاه اجتماعی، ۹ (۳۵)، ۳۰۱-۳۳۶.

[84] روشـنفکر، پیام و علی، دلارام. (۱۳۹۱). پهنه بندی آسـیبهای اجتماعی تهدید کننده کودکان در شهر تهران ( با نگاهی به خدمات سازمانهای غیر دولتی). تهران: انجمن جامعه شناسی ایران، دومین همایش ملی آسیب‌های اجتماعی در ایران.

[85] پرنفر، شیما. (۱۳۹۱). سیاستهای اجتماعی مناسب کودکان کار خیابان تهران، تهران: دانشگاه علوم بهزیستی و توانبخشی.

[86] آشـنا، فرخنده. (۰۳/۰۶/۱۳۹۸). روزنامه کار و کارگر، بررسـی وضـعیت کارگران در سالی که گذشت.

[۸۷] هەمان.

[۸۸] هەواڵدەریی برنا، دیمانە لەگەڵ سەعید خال، بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی بهشت زهرا، ۹۸/۰۲/۱۷

[۸۹] ویکی پدیای فارسی، ڕێکەوتی دەستڕاگەیشتنی هاوین ۱۳۹۹، لە
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D8%B1%D8%AD%D8%B2%D8%A7 %D8%AF

# بەشی سێیەم: هۆکارەکانی کاری منداڵ، لێکەوتەکان و مەترسییەکان

## شێوازناسی

ئەم بەشـــە بەرهەمی توێژینەوەی ســـەبارەت بە "منداڵانی کار لە کارگە و جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ" پیشـان دەدات. لەم بەشـەدا سـەرەتا سـەبارەت بە شـێوازی توێژینەوە ڕوونکردنەوەیەک دەدرێ و لە درێژەدا بە تیشـک خسـتنە سـەر ئەخلاقی توێژینەوە داتا کۆکراوەکان تاوتوێ دەکەین.

ئەم توێژینەوە لە ســەر بنەمای شــێوازناســیی چۆنایەتی و بە کەڵکوەرگرتن لە شـێوازی زەمینەیی لە سـەر ئاستی کارگەکان و دیکەی شـوێنەکانی کاری منداڵان لە شـــاری تاران و شـــاری ڕەی ئەنجام دراوە. بە پێی ئەوەی کە ئەم توێژینەوە بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی زەمینەیی ئەنجام دراوە. لە پێشـــدا ژمارەی کەســـانی دیمانە لەگەڵکراو ئاشــکرا نەبوو، چونکە توێژەر لە ئاقاری توێژینەوە دڵنیا نەبوو و بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی دڵنیابوونی تیۆریک ڕێژەی دیمانەکان لە ڕەوتی توێژینەوەدا ئاشــکرا بوو. کەواتە لە کارگە جیاجیاکاندا هەندێ دیمانە لەگەڵ منداڵانی کار ئەنجام درا و لەگەڵ خاوەنکاران و پسپۆڕانی ئەم بوارە کۆمەڵێ دیمانە ئەنجام درا. ئەم شارەزا و پســـپۆڕانە بریتی بوون لە چالاکوانانی بواری کاری منداڵ و چالاکوانانی بواری کرێکاری و هەندێ کەس لە وەزارەتی خۆشگوزەرانی و چاکژیانەوە. بەو پێیەی کە ئەو کارانەی کە منداڵان ئەنجامی دەدەن بازنەیەکی بەربڵاو لە خۆ دەگرێ و هەروەها ئەوەی کە بەربڵاویی چەمکی کارگا، واتە ناونانی شـــوێنێکی کاری کە لانیکەم کرێکارێک و خاوەنکارێکی تێدایە، و هەروەها بارودۆخی جیاوازی منداڵان لە ناو کارگاکاندا، هەوڵمان دا کە بە مەبەســتی گشــتگیربوونی توێژینەوە ســەردانی کارگای جۆراوجۆر بکەین، چونکە بارودۆخی کاری منداڵان لە کارگە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە و منداڵێک کە لە دووکانێکدا ئیش دەکا یان بە ولتلیەک شـــاگرد و بەردەســـتە لەگەڵ ئەو منداڵەی کە ئیش بە مەکینە و دەزگا دەکا فەرقی هەیە. کەواتە لەم ڕاپۆڕتەدا هەوڵ دراوە کاری منداڵان و بارودۆخی کاریی ئەوان لە کارگە جیاجیاکلندا پیشـــان بدرێت.

شـــێوازی بەکارهێنراو لە دیمانەکاندا شـــێوازی نیوەپێکهاتوو و نیوەقووڵ و هەندێ جار قووڵ لە ڕێگەی دیمانەنامە بوو. دیمانەنامە بە تەنیا دەوری چاوســـاغێکی بۆ

دیمانەکار دەگێڕا و بۆ ناسینی بارودۆخی کار و ژیانی منداڵ، دیمانەکار لەگەڵ منداڵ دیمانەی قووڵی ئەنجام دا و هەوڵی دا ڕەهەندە جیاوازەکانی کاری منداڵ بناسێت. دیمانەکانی توێژینەوە لە ڕێگەی گرووپی چوار بۆ شەش کەسی ئامادە لە مەیدان ئەنجام درا. کاتی دیمانە هاوینی ساڵی 1399 هەتاوی و هاوکات لەگەڵ بارودۆخی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو. بۆ سەردانکردن و دیمانە لەگەڵ منداڵەکان جۆری کارگاکانمان بە شێوەی هەڵکەوت دەستنیشان کرد.

پاش کۆتاییهاتنی بەڵگە و دیمانەکان، ئەنجامەکانی توێژینەوە بە پێی خوێندنەوە مەیدانییەکان و دیمانەکان شرۆڤە و شیکاری کراون کە لەم بەشەدا بە تێر و تەسەلی شی دەکەینەوە. وڵامی پرسیارلێکراوەکان، پاش شیکاری و کۆدینگی داتاکان لە سێ قۆناغدا، بوون بە وتەزای سەرەکی. ئەم مۆدێلە هەڵێنجێنراوە دیاردە تەوەرییەکانی وەک کاکڵی سەرەکیی کاری منداڵ لە خۆ گرتووە. فاکتەر و هۆکارە هۆکاری و زەمینەیی و دەستێوەردەرەکان بە ڕێز وەک هۆکاری سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی دیاردەی کاری منداڵ، شوێنی کار و بەستێنی ئەم دیاردە لە قەڵەم دەدرێن و کاریگەری لە سەر دادەنن. ستراتیژەکان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە کاری منداڵ لە کارگاکاندا لە قەڵەم دەدرێ کە لە دیاردەیەکی تەوەرییەوە بەرهەم هاتوون و لێکەوتەکانیش لە کۆتاییدا قۆناغی تەواوکەری ئەم مۆدێلەن. بەو پێیەی کە ناسینی باشتری ئەم دیاردە و هەروەها توندییەکەیان پێویستی بە لێکدانەوەی چەندایەتیی داتاکانە، ئەنجامە چەندایەتییەکانی توێژینەوە وەکوو ڕێژەی دیمانەکان بە پێی جیاکردنەوەی جۆری کارگە، نەتەوە، تەمەن، ئەو شارەی لەوێوە کۆچ دەستی پێکردووە، ماوەی کاری، مووچە، ئاستی خوێندنی منداڵ و دایک و باوکی، و ... لە چوارچێوەی وێنە و چارتە ئامارییەکان پیشان دراون.

## ئەخلاق لە توێژینەوە

لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی بە جۆرێک دادەڕێژرێ کە سەبارەت بەوەی لە مەیدانی توێژینەوەدا ڕوو دەدا کراوە و یەکسان بێت. لێرەدا شێوازەکان لە چاو لێکۆڵینەوەی چەندایەتی ئاستی پیرۆزییان کەمترە. ئەم بابەتە گەلاڵە توێژینەوەییەکان بۆ کومەیتە ئەخلاقییەکان چەتوون دەکات. هەندێ جار لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە پانتای کراوەی وەکوو فرۆشگەکان، وێستگەی شەمەندەفەر و ناوەندگەلی لەم چەشنە ئەنجام دەدرێ ڕازیکردنی کەسانی بەرتوێژینەوە دژوارە. لە گەلاڵە و جێبەجێکردنکردنکردنی لێکۆڵینەوەدا ئەخلاقی توێژینەوە بابەتێکی زۆر گرینگە.

پەیڕەونامە ئەخلاقییەکان بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندیی توێژەران لەگەڵ تاکەکان و ئەو مەیدانانەی کە بە نیازن خوێندنەومیان لە سەر بکەن ئامادە کراون. پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی توێژینەوە ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕەوە کە ئایا لێکۆڵەران لە ڕێگەی ڕێزگرتن و سەرنجدانی خواست و هۆگری و بەرژەوەندیی بەشداربووان لە ڕەوتی توێژینەوەدا توانیویانە لە زیانگەیاندن بە تاکەکان خۆیان بپارێزن یان نا. ئەم پەیڕەونامە ئەخلاقییانە ڕایدەگەیێنن کە لێکۆڵینەوە دەبێ لە سەر بنەمای ڕەزامەندیی وشیارانە بێ (بەشداربووان بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لێکۆڵەر پێی داون ڕازی بن کە لە لێکۆڵینەوەدا بەشداری بنوێنن). هەروەها ڕایدەگەیێنن کە لێکۆڵینەوە دەبێ لە زیانگەیاندن بە بەشداربووان بەدوور بێت. ئەم یاسایە خۆبواردن لە پێشێل‌کردنی سنووری تایبەتیی ئەو بەشداربوولنە و هەڵفریولندنیان سەبارەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەش دەگرێتەوە [1].

**پاراستنی مافەکانی منداڵ لە کۆکردنەوەی داتاکان:** توێژەران دەبێ لە زیانگەیاندن بە بەشداربووان خۆ ببوێرن. بۆ ئەم مەبەستە لە کاتی دیمانەکاندا هەر کات بەردیمانەکان سەبارەت بە پرسیارێک ناڕازی بایەن و نەیانویستبا وڵام بدەنەوە، دیمانەکار پرسیارەکەی بە بێ وڵام دەهێشتەوە و دەچووە سەر پرسیارێکی دیکە و ئەگەر بەردیملنە هۆگری درێژەدان بە دیملنەکە نەبولیە، دیملنەکار وازی لە درێژەدان بە دیمانە دەهێنا.

**ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی:** دەبێ ڕێز لە بەها و بڕیاری بەشداربووان بگیرێت. بۆ ئەم مەبەستە دیمانەکان بە جۆرێک بوون کە لە دیمانەکاندا لاگیریی بەهایی بوونی نەبێ و لە بەرامبەردا ئەگەر بەردیملنە بۆچوونێکی دەربڕی، دیملنەکار بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ کە هیچ کاردانەوەیەکی بەهاییانە لە خۆی نەنوێنێت.

**دادپەروەری:** دەبێ بە شێوەی یەکسان هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسەکاندا بکرێت. لەم توێژینەوەشدا هەموو بەرتوێژینەوەکان لای توێژەر ڕێزیکی یەکسانیان هەیە و دیمانەکار هەر هەموو هەوڵی خۆی دەدا کە لە کاتی دیمانەدا کەرامەت و شان و مافی بەردیمانە بپارێزی و لە کاتی دیمانەدا زیانی پێ نەگەیێنێ و ڕەزامەندیی هەموو بەردیمانەکان وەدەست بێنێ و هەوڵ درا لەم بارەوە هیچ نادادپەروەرییەک ڕوو نەدا.

**ڕێز و مافی بەشداربووان:** پاراستنی شان و ڕێز و مافی بەشداربووان پەیوەستە بە ڕەزامەندیی ئەوانەوە، ڕەزامەندییەک کە لە ڕێگەی زانیاریی تەواو و بە شێوەی خۆبەخشانە دروست بووبێت. جیا لەمە، توێژەران دەبێ دەستەبەریی ئەوە بکەن کە

شوناسی بەشداربووان بە تەواوەتی دەشاردرێتەوە و زانیارییەکەیان بە جۆرێک بە کار دەهێنرێ کە دیتران ناتوانن بیانناسنەوە و هیچ ناوەندێک ئەم زانیارییانە لە دژی بەرژەوەندیی بەشداربووان نەقۆزنەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای دیمانەدا، دیمانەکار لە مەڕ نهێنیپارێزی و لەقاونەدانی زانیارییەکان هەندێ ڕوونکردنەوەی بە منداڵانە دەدا و ئەو منداڵانە دەبێ ڕازی بن لەوەی کە دەنگیان تۆمار دەکرێت. بە ولتایەک هەر کاتێک کە منداڵێک پێی خۆش نەبایە دەنگی تۆمار بکرێ، دیمانەکار دەنگی تۆمار نەدەکرد و تەنیا لە دیمانەکە یادداشتی هەڵدەگرتەوە (تەنیا بە مەبەستی ئاسانبوونی نووسینەوەی دیمانەکان و ناسینەوەی خاڵە بەهێز و سۆزدارییەکانی دیمانە بۆ هەڵبژاردنی گێڕانەوە دەنگە تۆمارکراوەکان بەکار هێنرا و بۆ پاراستنی پرەنسیپی نهێنیپارێزی تەنانەت ئەو ناوانەی کە بەردیمانەکان ئاماژەیان پێکرد لە گێڕانەوەکاندا سڕیمانەوە).

**ڕەزامەندیی وشیارانە:** بە قبووڵکردنی پرەنسیپی ڕەزامەندیی وشیارانە وەک پێشمەرجی بەشداریی بەشداربووان، لە توێژینەوەدا تووشی ئەم پێوەرانەی ژێرەوە هاتین:

- دەبێ ڕەزامەندی لە کەسانی شیاو وەربگیرێ: لەم لێکۆڵینەوەدا بە هۆی ئەوەی نەمانتوانی پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوک و سەرپەرشتیاری منداڵەکان ساز بکەین و ڕەزامەندییان لێ بستێنین، تەنیا ڕەزامەندی لە منداڵەکان وەرگیرا.
- کەسی ڕازی دەبێ زانیاریی تەواوی هەبێ: بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای دیمانەدا، بە پێی تەمەنی منداڵ هەندێ ڕوونکردنەوە درا. بۆ وێنە بۆ منداڵانی خوار تەمەنی دە ساڵان ڕوونکردنەوەی سادەتر و ئاسانتر درا، وەکوو ئەوەی کە: "لە قوتابخانە سەبارەت بە پەلەوەران یان مێرووەکان پرسیار لە گەورەترەکان و ئەو کەسانەی کە ئاستی زانیارییان لە ئێمە زیاترە پرسیار دەکەین، ئێستاش دەمانهەوێ لە مەڕ ئەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەین. هەر لەبەر ئەوە دەمانهەوێ لەگەڵت وتووێژ ئەنجام بدەین." و ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان زیاتر بوو، سەبارەت بە هۆکاری بیچمگرتنی ئەم لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی هەلومەرجی کاریی ئەوان و کێشەکانی بەردەمیان قسە دەکرا.
- ڕەزامەندیی دەبێ خۆبەخشانە و سەربەخۆیانە بێ: پاش ئەوەی دیمانەکار هەندێ ڕوونکردنەوەی خستە ڕوو، لەم قۆناغەدا بە بێ ئەوەی دیمانە ناچاری بێ، ئەگەر منداڵ هۆگری دیمانە بوایە، دیمانەی لەگەڵ دەکرا. هەروەها سەبارەت بە

وێنەکان پێویستە ئەم خاڵە بوترێ کە ئەم لێکۆڵینەوە تێکۆشاوە وێنەیەکی ڕاستەقینە و بەڵگەیی لە کاری منداڵان لە شاری تاران و دەڤەرە دەوروبەرییەکانی پیشان بدا و دیارە هەندێ لە بەشە دیکۆمنێتارییەکانی ئەم توێژینەوە هی ئەو وێنانەیە کە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە ئامادە کراوە. بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵان هەمیشە لایەنگری و دژبەری هەیە، وەکوو چۆن ڕێکخراوی یوونیسێفیش وەک گرینگترین ڕێکخراوی جیهانیی داکۆکیکاری منداڵان، بۆ بەبەڵگەییکردن و زانیاریبەخشین هەندێ وێنە لە منداڵانی کۆمەڵگای ئامانج بڵاو دەکاتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە لەم توێژینەوەدا بۆ خستنە ڕووی ڕاستییەکانی مەیدانی توێژینەوە و ژیانی منداڵانی کار وێڕای ڕەچاوگرتنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان، ڕێزی تافی منداڵی، و شاراوەبوونی شوناسی منداڵەکە هەندێ وێنە ئامادە کرا کە زۆربەی ئەم وێنانە لە ڕێگەی دوورەوە گیراوە و هەندێ لەو وێنانەی کە لەم توێژینەوەدا هاتوون وێنەی میلیا فەرمییەکانن کە سەرچاوەکەیان هاتووە و تەواوی دەموچاوی منداڵان لە قۆناغی گرافیکیی کاردا سڕدراوەتەوە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.

## جۆرەکانی کاری منداڵان

هەموو ئەو کارانەی کە منداڵان ئەنجامی دەدەن لە ڕیزی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ یان جۆری باوی کاری منداڵ نین، بەڵکوو هەندێکیان کاری نیمچەدانگ، سووک و بەشداری هەندێ ئەرکی خێزانییە بەو مەرجەی کە ڕێگری لە گەشە و خوێندنی منداڵ نەگرێ و زیان بە تەندروستیی ئەو منداڵە نەگەیێنێت. هەندێ لە کارەکانیش نە تەنیا ورەی هاوکاریی گشتی و بەرپرسایەتی لە منداڵدا بەهێز دەکا، بەڵکوو لە گەشە و لێهاتوویی منداڵدا دەوری گرینگیان هەیە. بەڵام بە داخەوە زۆرێک لەو کارانەی کە منداڵان ئەنجامی دەدەن دەچنە ناو ڕیزی جۆرەکانی کاری منداڵ و لە ڕیزی خراپترین جۆرەکانی کار لە قەڵەم دەدرێن. وەک وترا، بە پێی پێناسەی مادەی 32 پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵ، هەر چالاکی و کارێک کە لەوانەیە زیانی بۆ منداڵ هەبێ، پەکی خوێندنی بخا و زیان بە تەندروستی یان گەشەی جەستەیی، زەینی، ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتیی ئەو منداڵە بگەیێنێ وەک کاری منداڵ لە هەژمار دێت. بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی جیهانیی کار، "هەر چەشنە چالاکییەک کە لە ڕووی زەینی، ئەخلاقی، و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان مەترسیدار یان زیانبەخش بێ و بە بێبەشکردنی منداڵ لە چوونە قوتابخانە، ناچارکردنی منداڵ بە وازهێنان لە خوێندن، ناچارکردنی منداڵان بە خوێندن و کاری هاوکات کە هەلی چوونە قوتابخانە لە

منداڵان زەوت بکا دەچێتە ناو ڕیزی کاری منداڵەوە." لە درێژەی ئەم پێناسـەدا هاتووە: "خراپترین جۆرەکـانی کـاری منـداڵ لـە بنـەمـاڵـەیـان هـەڵـدەبڕێنێ؛ ئـەمـە جۆرێـک کۆیلایەتییە کە تووشی نەخۆشیی مەترسیداریان دەکا، یان ناچار بە کار و ژیانی سەر شـــەقامیـان دەکـات." [2] بە گوێرەی پۆلێنبـەنـدیی جیهـانی، جۆرە بـاوەکـانی کـاری منداڵان بریتین لە: کاری ماڵی (ئەم کارانە هەمیشە لە ناو ماڵ ئەنجام نادرێن)، کاری کشـــتوکاڵ، کارکردن لە کانگا، کار لە پیشـــەســـازی، کۆیلایەتی و کاری زۆرەملێ، لەشـفرۆشـی، بەکارهێنانی منداڵان لە تێکهەڵچوونی سـەربازی و قاچاغی منداڵان و کارکردن لە کەرتی ئابووریی نافەرمی. هەر کام لەم پۆلانە جۆرە جیاوازەکانی کار لە خۆ دەگرن. بۆ وێنە کـارکردن لـە کـەرتی پیشـــەســـازی وەکـوو تـەونچنین، دووریـنی جـلوبـەرگ، بـەرهـەمهێنـانی مـادەی کیمیـایی، بلوورســـازی، شـــقـارتـەســـازی و بەرهەمهێنانی لایەنێکی بەربڵاوی شـــتومەکەکانە یان لـە کـەرتی ئـابووریی فـەرمی کـارگـەلی وەکـوو زبڵگـەڕی، دەســـتفرۆشـــی، واکسکردنی پێڵاو، ســـواڵکردن (دەرۆزەیی)، فرۆشتنی ڕۆژنامە و لەم چەشنەن. هەندێ لەم کارانە دیارن و جەماوەری خەڵک دەتوانن بیانبینن و هەندێکیان تەواو شـــاراوە و نادیارن. بۆ وێنە لەوانەیە لە کارگەی ژێرزەوینیدا ڕوو بدەن، یان لە تۆڕی کڕین و فرۆشـــتنی مادەی هۆشـــبەر و بە شێوەی شاراوانە ئەنجام بدرێن [3].

بە پێی مادەی 3 کۆنوانسیۆنی ژمارە 182 ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار کە لە ژێر ناوی "خراپترین جۆری کاری منداڵان" ناســـراون. خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ ئەم چەشنە کارانەن:

ئەلف) هەر هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی یان شـێوازە هاوشـێوەکانی کۆیلایەتی، وەکوو فرۆشـــتن و قاچاغکردنی منداڵان، بەندایەتی بە هۆی قەرز و ڕایەتی و کار یان زۆرداری یـان نـاچـاری، وەکوو کـارپێکردنی بـە زۆر یـان زۆرەملێی منـداڵان بۆ بەکارهێنانیان لە تێکهەڵچوونی چەکدارانەدا.

ب) بـەکـارهێنـان، دابینکردن، یـان پیشـــانـدانی منـداڵان بۆ لـەشـــفرۆشـــی، بەرهەمهێنانی پۆڕنۆگرافی یان نمایشی پۆڕنۆگرافانە.


پ) بەکارهێنان، دابینکردن، یان خســـتنە ڕووی منداڵان بۆ کاری نایاســـایی، بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشـــبەر، بەو شـــێوەی کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا پێناسە کراون.

ت) کارێک کە بە هۆی تایبەتمەندییەکەی یان ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ئەنجام

دەدرێ، ئەگەری ئەوە هەیە زیانی بۆ تەندروستی، ئاسایش یان ئەخلاق و ڕەوشتی منداڵان هەبێت.

ئەم پۆلێنبەندییە پێمان دەڵێ کە هەندێ لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ لەوانەیە مەترسیی کەمتری بۆ سەر منداڵان هەبێ و هەندێکی دیکەیان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە تەندروستیی منداڵ دەخەنە مەترسییەوە.

ئەم توێژینەوەش بۆ یەکەم جار بە شێوەی گشتگیر و لە گەڵاڵەیەکی بووێرانە هەموو جۆرەکانی کاری منداڵی لە شاری تاران تاوتوێ کردووە. ئیدعای ئەوە ناکەین کە لەم توێژینەوەدا هەموو جۆرەکانی کاری منداڵان دەستنیشان و تاوتوێ کراون، بەڵام دەتوانین بڵێین کارە سەرەکی و باوەکان یاخود ئەو کارانە لێک دراونەتەوە کە بەشێکی بەرچاوی منداڵان لەو کەرتەدا ئیش دەکەن و تەنانەت دەتوانین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بە سەر زۆربەی جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران بگشتێنین. ئەو کارە زیاتر ناسراوانەی کە لە وێژەی ئەم بوارەدا ئاماژەیان پێ کراوە و بوونەتە پرسێکی گشتی و زیاتر لە هەمووان خەسارەتبەخشن لەم توێژینەوەدا لێک دراونەتەوە. لە بەشی ژێرەوە هەموویان لە سۆنگەی ناوەڕۆک، بارودۆخ، تایبەتمەندی و مەترسییەوە تاوتوێ دەکرێن.




چارتی ژمارە 1-3: لێکبڵاویی منداڵان بە پێی کاتژمێری کاری (N=311)

**کار لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار**

کار لەم بازاڕەدا چالاکییەکی تەواو ڕێکخراوە کە لە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی بازاڕەکانی میوە و تەڕەباری شارەوانیی تاران ئەنجام دەدرێت. لە شاری تاران لە گەڕەکە جیاوازەکاندا نزیکەی 200 ناوەندی تەڕەبار بوونی هەیە. ئەو منداڵانەی کە لەم بازاڕەدا ئیش دەکەن زۆریان کۆچبەرن و بە دوور لە بنەماڵە ئیش دەکەن؛ زۆرینەیان لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای کوردستانەوە هاتوونەتە تاران، ئەوە لە حاڵێکدایە کۆچبەرانی شارەکانی دیکەش وەکوو کۆچبەرانی نەیشابوور لە بازاڕی تەڕەکاڵ و کۆچبەرانی ئەراکی و تەنانەت کۆچبەرە ئەڤغانستانییەکانیش لەم کەرتەدا ئیش دەکەن. هەندێ لە منداڵانی ئیشکەری ئەم کەرتە سەبارەت بە ئێتنیکی خۆیان بەم شێوە وڵامیان دایەوە:

| |
|---|
| خەڵکی دیواندەرەم. |

| |
|---|
| خەڵکی سنەی ناوەندی پارێزگای کوردستانم. |

وەک وترا کاری ئەم منداڵانە بە تەواوەتی بە پێی یاسای بازاڕەکانی میوە و تەڕەبارە. کاتژمێری فەرمیی کاری منداڵان لە وەرزی هاوین، واتە لە کاتی کۆکردنەوەی داتا مەیدانییەکان، لە کاتژمێژی هەشتی بەیانییەوە دەستی پێ دەکرد هەتا هەشتی شەو. ئەم مەیدانانە لە کاتژمێر یەک هەتا سێی پاشنیوەڕۆ بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ و حەسانەوە دادەخرێت. لە پاڵ کاتژمێری فەرمیی کار، منداڵان لە کاتەکانی دیکەشدا ئیش دەکەن و بۆ وێنە ئەوان شەو و زۆریان لە کاتژمێری دووی شەو هەتا شەشی بەرەبەیانی بە پێی جۆری کار بار دادەگرن. بەیانیش لە کاتژمێری حەوت هەتا هەشت خەریکی لای یەکدلنانی بارەکانن. بە پێچەولنەی زۆرێک لە بازاڕەکانی دیکە، ڕۆژانی هەینیش هەتا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ کار دەکەن و پاش ئەوە خەریکی پاکوخاوێنی، کاروباری تایبەتی و پشوو دەبن. بە پێی ئەم بەڵگانە منداڵان ماوەیەکی زۆری شەو و ڕۆژ ئیش دەکەن، وەک چۆن منداڵێکی ئیشکەر لە بازاڕی میوە و تەڕەباری سادقییە گێڕایەوە:

| |
|---|
| تەڕەبار کاتژمێری کاری نییە. |

یان چەند کەس لە منداڵانی ئیشکەر لە بازاڕی میوە و تەڕەباری شەهران وتیان:

| |
|---|
| کاتژمێر شەشی بەیانی لە خەو هەڵدەستین هەتا کاتژمێری یەکی پاشنیوەڕۆ |

| |
|---|
| ئیش دەکەین. دیسان شەولنە بار دێنن؛ دوو سێ جار دەبێ هەستی بارەکان دابگرین. ئیتر ئاوایە. یەک هەڵدەستی، سێ هەڵدەستی، چوار هەڵدەستی. خەوێکی ڕێکوپێکمان نییە، ئاوایە. زۆر ناخۆشە؛ پیاو وا دەزانێ هیچ پشووی نییە، ئیتر ئێرە لە پات دەخا. |

| |
|---|
| دەزانی کاتژمێری کاریی ئێمە چۆنە؟ ئێمە کاتژمێری شەشی بەرەبەیانی لە خەو ڕادەپەڕین، دەی بارەکان دادەگرین هەتا کاتژمێر حەوت، هەندێ جاریش هەتا حەوت و نیو دەخایێنێت. دێین بەرچایی دەخۆین هەتا کاتژمێر هەشت. دیسان دەکرێتەوە هەتا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ. پاش کاتژمێر یەک ئەگەر بار بێنن، ئیتر نازانم شوتییە، کاڵەکە، هەر چییەک بێ هەتا یەک و نیو دایاندەگرین. پاشان هەتا کاتژمێر 3 پشوو دەدەین. چارەکە کاتژمێرێک دەچینە خوارێ، خاوەنکار دێ پێمان دەڵێ وەرن، مەگەر ئەوەی کرێکارەکان مل نەدەن، دیسان کاتژمێر سێ دەڕۆینەوە هەتا کاتژمێر هەشت. هەندێ جار پاکژکردنەوە هەتا هەشت و چل خولەک دەخایێنێت. ئیتر دەخەوێن هەتا کاتژمێر دوزادە و یەک و دیسان بار دێتەوە. |

| |
|---|
| هەتا بەیانی چەند کەڕەت بار دێنن، دەبێ هەستین دایبگرین؛ جارێ دێ، دوو جار دێ، چوار جار دێ. |

شوێنی نیشتەجێکردنیان لە هۆڵ یان هۆدەی جیا لە ناو ئەم مەیدانانەیە و کەسانێک بە تەمەنی جیاوازەوە لەوێ نیشتەجێن. لە هەندێ لە ڕۆژانی پشووی فەرمیدا، وەکوو ڕۆژانی شەهادەت یان جەژنەکان، لەوانەیە تەڕەبار بە تەواوەتی دابخرێ و یان نیمچەکاتی کار بکەن. حەقدەستی منداڵان بە شێوەی حەفتانە دەدرێ، هەرچەند هەموو حەفتەیەک پارە لە خاوەنکار وەرناگیرێت. ئەو ڕۆژانەی کە تەڕەبار بە تەواوەتی دادەخرێ، هیچ حەقدەستێکیان پێ نادرێت. بڕی داهاتی حەفتانەی منداڵان بە پێی ئاستی توانا و "چابوکبوونیان" لە 500 هەزار تمەنەوە بۆ 800 هەزار تمەن لە حەفتەدا جیاوازە. کۆمەڵێک لەم منداڵانە لەم بارەوە وتیان:

| |
|---|
| کرێکارەکان حەفتانە بڕی 600، 700 هەزار تمەن وەردەگرن. |

هەر کات پێم خۆش بێ حەقدەستم پێ دەدەن، بۆ وێنە من حەفتەی 700 هەزار تمەن وەردەگرم، ئیتر دەگەڕێتەوە سەر خۆمان، هاوڕێکەم لێی نازانێ حەفتەی 600 هەزار تمەنی پێ دەدەن.

چالاکییەکانیان لە ژێر چاودێریی چاودێرەکانی مەیدانەکانە و ئەگەر سەرپێچییەکیان لێ بووەشتەوە، بۆ وێنە لەگەڵ مشتەری ڕفتاری گونجاویان نەبێ، جلی فۆڕم لەبەر نەکەن، میوە و دیکەی کاڵا خراپەکان لە ناو سەوەتەی فرۆشەکەیاندا بێ، چاودێرەکان بەرسڤیان دەدەنەوە، یەکێک لە منداڵەکانی بازاڕی میوە و تەڕەباری ئینقلاب لەم بارەوە دەڵێ:

لێرە گیر بە هەموو شتێک دەدەن، بۆ وێنە دەبێ جلی یوونیفۆڕم لەبەر بکەی، میوە جوان بێ، هەڵسوکەوتمان لەگەڵ مشتەری چاک بێ، بەڵام لە شوێنی خەوەکەمان، ڕفتاری خاوەنکارەکەمان، حەقدەستەکەمان و زۆر شتی دیکە ناکۆڵنەوە.

لە زۆربەی کاتەکاندا کاری ئەم منداڵانە کاتییە و لەوانەیە چەند مانگ کار بکەن و ئینجا ماوەیەک بۆ سەردانی بنەماڵەکانیان بڕۆنەوە بۆ شارەکەیان. ئەو ڕۆژانەی کە دەڕۆنەوە حەقدەستیان پێ نادرێت. ئەم منداڵانە هەموویان بە چاوی کاری کاتی لە ئیشەکەیان دەڕوانن. هەڵبەت هەندێکیشیان هەر لەم بازاڕەدا دەمێننەوە و بۆ خۆیان هۆدەیەک بە کرێ دەگرن، وەک لە دیمانە لەگەڵ یەکێک لە خاوەنکارەکان بۆمان ڕوون بۆوە کە خۆشی لە منداڵییەوە لەم مەیدانانەدا ئیشی کردووە. هەندێ لەم منداڵانە تەنیا لە هاویندا ئەم ئیشە دەکەن و کاتێک کە قوتابخانە دەکرێتەوە بۆ درێژەدان بە خوێندن دەڕۆنەوە بۆ شارەکەی خۆیان. ئەگەرچی هەشیانە کە وازیان لە خوێندن هێناوە و تەنیا کار دەکەن. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵەکان سەبارەت بە ئیشەکەیان بەم شێوە بوو:

ئەگەر پشوو بێ هیچ حەقدەستێکمان پێ نادەن، ئەگەر نیوەی ڕۆژ بێ، حەقدەستی تەواومان پێ دەدەن.

نەهاتنەوە بە دەست خۆمە، بەیانی دەڵێم نایەمەوە. تەواو. پێیان دەڵێم کاکە گیان من بۆ وێنە ڕۆژی هەینی ئیتر نایەمەوە، حەقدەستم وەردەگرم و ماڵاوا.

گرینگترین کارە ئەستەمەکانی ئەم بازارە بۆ منداڵەکان بریتییە لە:
دابڕان لە بنەماڵە، ماوەی درێژخایەنی کار و ملندوویێتیی زۆر، کارکردن لە شەو، وەرگرتنی حەقدەستی کەم لە چاو ڕێژەی کار، هەڵمژینی تەپ و تۆز لە کاتی داگرتنی بار و ئیش‌کردن لە کۆگا بەتایبەت لە کۆگای پەتاتە و سیر و پیواز، بوونی زۆری مشتەری لە هەندێ لە بازاڕەکان و ناچاربوون بە کاری بەردەوام، هەڵسوکەوتی نەشیاوی چاودێرەکانی بازاڕی تەڕەبار، ڕاوەستان لە سەر پا بۆ ماوەیەکی زۆر، بینینی جیاوازیی چینایەتی و خەسارەتە دەروونییەکان کە بەرهەمی بینینی ئەم جیاوازییانەیە، ڕوانینی بەزەییانەی مشتەرییەکان بۆ کرێکارەکان، شوێنی نیشتەجێ‌بوونی نەگونجاو، ژیانی بە کۆمەڵ و ڕاهاتن بە زمانلووسی بۆ ڕاکێشانی مشتەری.

خۆراکی منداڵان لەم کارەدا تا ڕادەیەک باشە، چونکە خاوەن‌کاران و خاوەن هۆدەکان چێشتلێنەر دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی چێشتیان بۆ لێ بنێت. هەروەها ئەوەی کە ئەم منداڵانە لە هۆدەکانی میوە و سەوزە ئیش دەکەن، هەموو میومیەکیان بۆ خواردن لەبەر دەستە. یەکێک لەو منداڵانەی کە لە بازاڕی میوە و تەڕەباری سەعادەتباد ئیش دەکا لە مەڕ خۆراکی خۆی دەڵێ:

> خاوەن‌کار خۆی نانمان پێ دەدات. ئەو چێشتلێنەرە دێتە بەر هۆدەکە و دەڵێ چەند دانە کرێکارت هەیە، جۆری خواردنەکانی جیاوازە. بۆ وێنە بەرچایی شەممانە پەنیرە، یەکشەمانە خامە (کرێم) دەدەن. بە پێی ڕۆژ جیاوازە، چوارشەمانە جووشیمان هەیە، هەینی کەبابمان هەیە. ئەمە چێشتلێنەر خۆی بڕیار دەدات.



وێنەی مێرمنداڵێکی کرێکار لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار (وێنە: هەواڵدەریی ئیرنا)

## زبڵگەڕی

زبڵگەڕی لەو کارە زۆر خەسارەتبەخشانەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا منداڵان خەریکی ئەنجامدانین و لە بارودۆخێکی سەخت و دڵهەژێندا کار دەکەن. ئەنجامەکانی توێژینەوە پیشان دەدا نزیکەی 5 هەزار منداڵ لە شاری تاران لەم کەرتەدا چالاکی دەکەن [4]. کاری منداڵان لەم کەرتەشدا بە پێی کۆمەڵێ یاسا و میکانیزمی پێشتر دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. دەبێ بڵێین سەرباری ئەوەی ڕێکارەکانی ڕێکخراوی پاشماوەی شاری تاران کاری منداڵانی لەم کەرتەدا قەدەغە کردووە، بەڵام سەرباری ئەم قەدەغەکردنانە، کاری منداڵان لەم کەرتەدا زۆر باوە. ئەو منداڵانەی کە لەم کەرتەدا ئیش دەکەن زۆریان ئەو کۆچبەرە ئەفغانییانەن کە لە شاری هەراتەوە هاتوون. هەڵبەت ژمارەیەک لە منداڵانی ئێرانی سەر بە ئێتنیکە جیاوازەکانیش لەم کەرتەدا چالاکی دەکەن. شارەوانیی تاران کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی زبڵە وشکەکانی گەڕەکەکانی تارانی خستۆتە ئەستۆی پەیمانکارەکان. پەیمانکاریش لەوانەیە خۆی چاودێریی کۆکردنەوەی زبڵەکان بکا یان لە میکانیزمی دیکەدا بیخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە، وەکوو سپاردن بەو ئەفغانییانەی کە پێیان دەڵێن "ئەرباب" یان "سەرگوود" و "سەرگاراژ". بۆ وەدەستهێنانی قازانجی زێدەتر، خاوەنکارەکان دابەشکردنی زبڵەکانیان بە سەر هەر دوو دانگی بەیانی و شەو دابەش کردووە؛ لە دانگی بەیانیدا زۆرینەی ئەو کەسانە زبڵەکان کۆ دەکەنەوە کە لە بەشی پاشماوەی گەڕەکدا ئیش دەکەن و لە ژێر چاودێریی شارەوانیی گەڕەکدان؛ کەواتە لەم دانگەدا منداڵان کەمتر بە کار دەهێنرێن. لە بەشی دوانیوەڕواندا زیاتر منداڵان خەریکی کۆکردنەوەی زبڵن، ئەوان نزیکەی کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ دەست بە کار دەبن و هەتا نزیکەی کاتژمێر دوازدەی شەو زبڵ کۆ دەکەنەوە و تەنانەت هەندێ جاریش زیاتر لەوە کار دەکەن، هەندێکیان بە شێوەی مانگلنە برە پارەیەک لە ژێر ناوی "ڕسووم" دەدەن بە خاوەنکار بۆ ئەوەی ڕێگە بدا کە لە گەڕەک کار بکەن و هەندێکی دیکەیان ناچارن بە نرخێکی دیاریکراو زبڵەکان بە خاوەنکار بفرۆشن کە ئەم نرخە یەکجار کەمە. بۆ ئەو کەسانەی کە لەم کەرتەدا کار دەکەن کارتی چالاکییان بۆ دەردەکرێ و وێنەکەیان لە سەر موبایلی پشکنەرەکانی خاوەنکار پاشەکەوت دەکرێ بۆ ئەوەی چاودێری بکرێن و کەسێک بە شێوەی بێ مۆڵەت بە نیازی کار نەیەتە ناو ئەم بوارەوە. یەکێک لە منداڵانی زبڵگەڕ سەبارەت بە شێوازی هاتنیان بۆ ناو ئەم گەڕەکانە وتی:

| |
|---|
| ئێمە لێرە ڕسووم دەدەین؛ مانگی سێ ملیۆن دەدەین بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن ئیش |

بکەین. ئەگەر ڕسووم نەدەین، ئەوان دێن دەگەڕن، بزانن کێ پارەی نەداوە دەیگرن و لێی دەدەن.

یان سەبارەت بە نرخ یەکێک لە منداڵانی زبڵگەڕ لە گەڕەکی شارۆچکەی غەرب وتی:

ئەم بارە هەر شتێک نرخێکی هەیە؛ پلاستیک کیلۆی 700 تمەنە، پیت کیلۆی 900 تمەنە، ئاسن کیلۆی 400 تمەنە، کارتۆن 350، شووشەش کیلۆی 250 تمەن، نان کیلۆی 400 تمەن، نایلۆن، شتی پلاستیکی 700 تمەن.

دوو کەس لە منداڵانی زبڵگەڕ لە گەڕەکی وەنەک لە مەڕ شێوازی چاودێریکردنی منداڵان وتیان:

دەی دێن دەگەڕن؛ کارتمان هەیە، وێنەمان هەیە، وێنەکەمان لای ڕیسایکڵینە. ئەگەر وێنەمان نەبێ، دەبێ بڕی 4 ملیۆن بدەین بە ڕسووم یان دەبێ بارەکەیان پێ بدەین.

بۆ وێنە ناوی خاوەنکارەکەم دەڵێم، کام گاراژ، داشقە، واتە دەڵێی من هێزی کاکە ... لەو گاراژەدا ئیش دەکەم. ئیتر بەڕەڵام دەکەن. پێشتر کارتم هەبوو ئێستا نیمە.

ئەم منداڵانەی کە بە شێوەی ڕسووم ئیش دەکەن هەتا درەنگانێکی شەو زبڵ لە ناو زبڵدانەکاندا کۆ دەکەنەوە و ئینجا بەو کامیۆنانەی کە بە کرێی دەگرن دەیبەنە شوێنی بەکارهێنانەوە و بەیانان کە لە خەو ڕادەپەڕن خەریکی جیاکردنەوەی زبڵەکان دەبن؛ واتە ئەوان بە پێی جۆری زبڵ، بۆ وێنە کارتۆن، پیت، پلاستیک، ئاسن، و هتد جیا دەکەنەوە، چونکە نرخەکەیان جیاوازە. منداڵانی زبڵگەڕیش وەکوو منداڵانی ئیشکەری مەیدانە تەڕەبارەکان ماوەیەکی زۆر لە بارودۆخێکی زۆر دژوار و نەپارێزراودا کار دەکەن. گێڕانەوەی هەندێ لەم منداڵانە لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

ناخۆشیی کارەکە لە بێخەوییەتی؛ هەر دەبێ کار بکەیت. دەبێ ئەم تەلیسانە بە کۆڵ هەڵبگری. هەر بە دوای زبڵدا بگەڕی. زبڵ کۆ بکەیتەوە. دژوارە. کەمخەویی زۆر پیاو توورە دەکات. ئیتر ئێمە کاتژمێر 10 شەو دەچینەوە هەتا نانی شێو ساز

> دەکەین، شـێو دەخۆین، کاتژمێرێک دەخایێنێ، دوازدە و نیوی شـەو دەخەوین، شەشی بەیانیش لە خەو ڕادەپەڕین. ئیتر دژوارییەکەی لە جیاکردنەوەیەتی.

> ناخۆشییەکەی لە بێخەوییەتی، دەبێ زۆر بە ڕێگاوە بڕۆی، ئیتر ماندوو دەبی، دەبێ هەر بە ڕێوە بی، زیاتر بێخەوی هەراسانم دەکات.

ڕێژەی کاتژمێری کار لە کاری زبڵگەڕیدا کاریگەری لە سـەر داهاتی منداڵان دادەنێ و ئەو منداڵانەی کە کاتژمێرێکی زیاتر ئیش دەکەن، داهاتی زیاتریان هەیە، چونکە زبڵی وشـکی زیاتر کۆ دەکەنەوە. ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئەوان درەنگتر ئیشـەکەیان ڕاپەڕێنن، لەوانەیە بەر لەوان کەسـانێکی دیکە بێنە ناو گەڕەکەکەیان و زبڵەکان کۆ بکەنەوە. منداڵێکی زبڵگەڕ لەم بارەوە گێڕایەوە:

> هەندێ جار کە ئۆتۆمبێلی خاوەنکارەکەمان خراپ دەبێ، درەنگتر دێینە سـەر کار، ئیتر زەرەر دەکەین، چونکە منداڵەکانی دیکە دێن و هەموو کۆ دەکەنەوە و دەڕۆن. کە ئێمە دێین ئیتر هیچمان نییە. منداڵەکانی ... .

ئامرازی کاری منداڵان لەم جۆرە ئیشـەدا کەتفی (جۆرێک تەلیسـی تایبەت بە گواسـتنەوەی زبڵە) و داشـقەیە. شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەم کەسـانە لە ناو شـوێنی جیاکردنەوەی زبڵ لە گەڕەکە باشـووری و باشـووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی تارانە. ئەوان بۆ کۆکردنەوەی زبڵ بەو کامیۆنانەی کە بە کرێیان گرتووە لەم گەڕەکانەوە دێنە ناو شـاری تاران و پاش کۆتاییهاتنی ماوەی کار، هەر ئەو کامیۆنانە دەیانباتەوە بۆ شـوێنی نیشـتەجێبوونیان. لە سـەروبەندی تەشـەنەسـەندنی پەتای کۆڕۆنا لە وڵاتی ئێراندا کاری منداڵان لەم کەرتەدا قەدەغە کرا و شـارەوانییش لە سـەر ئاسـتی شـار بانگەشـەیەکی بەربڵاوی لە سـەر قەدەغەی کاری منداڵان ئەنجام دا. بەڵام پاش تێپەڕینی ماوەیەک، بەزمەکەی ڕابردوو دەسـتی پێکردەوە و منداڵان هاتنەوە سـەر ئەم بەسـتێنە. هەندێ لە منداڵان دەیانگێڕاوە کە بە هۆی هەڵاوسـانەکانی ئەم دواییە و گرانبوونی کاڵا ڕێژەی بەرهەمهێنانی زبڵی وشـک کەم بۆتەوە. هەر لەبەر ئەوە داهاتی ئەوانیش دابەزیوە. لەم بارەوە گێڕانەوەی دوو کەس لە منداڵانی زبڵگەڕ لە گەڕەکی سادقییە بەم شێوە بوو:

> ئێستا قەبارەی زبڵ کەم بۆتەوە، پیت، مشەما. چیتر وەکوو جاران ئیش ناکەین.

ئێســـتا پاش کۆڕۆنا دەچیتە ســـەر زبڵدانەکان، زیاتر دەمامک و ئەمانە لە ناو زبڵدانەکاندا بەدی دەکرێت. هەر وا بە بێ ئەوەی خستبێتیانە ناو نایلێکسەوە.

منداڵانی زبڵگەڕ زۆر هێور و ئارامن و لە کاتی کاردا کەمترین پەیوەندییان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان، بۆ وێنە شـــارۆمەندان هەیە و بەو پێیەی کە پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگا زۆر کەمە، لە هەمبەر ئەو ئازارانەی کە بەئەزموونی دەکەن کۆڵ دەدەن کە ڕەنگە بە هۆی ئەو ترســـەی بێ کە لە شـــارۆمەندان و شـــاری تاران هەیانە، وەک وترا، شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی ئەوان لە باشـــووری شـــاری تارانە و بە هۆی ئەوەی لەم ناوچانەدا کۆمەڵگەگەلێک ســـەریان هەڵداوە و شـــوێنی جیاکردنەوەی زبڵ (زبڵخانە) دامەزراون، بە پێچەوانەی دیکەی جۆرەکانی کاری منداڵان و شـــێوازی نیشتەجێکردنیان، شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵانی زبڵگەڕ زۆر مەترسیدارە، چونکە هەندێ جار ئەفســـەرانی دەزگای داد، لەگەڵ پشـــکنەرانی شـــارەوانی و هێزەکانی ئاســـاییش (ئینتزامی) پەلاماری ئەم شـــوێنە دەدەن و ماڵەکانیان خاپوور دەکەن. خاوەنکارانی ئەم بازاڕە، بەتایبەت لە ســـەروبەندی تەشـــەنەســـەندنی پەتای کۆڕۆنا، تەنانەت کەمترین ئیمکانیاتی خۆپارێزی وەکوو جلوبەرگی کار، دەستەوانە، دەمامک و هتدیان بۆ ئەم کرێکارلنە دابین نەکرد. منداڵێکی زبڵگەڕ کە لە مەیدانی فەڵەســـتین خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ بوو لەم بارەوە وتی:

نا، جلوبەرگمان نییە، هەر بەم جلانەوە دێین، خۆمان دەســـتەوانە دەکڕین، ئەوان هیچمان بۆ ناکڕن. خۆمان دەبێ بیکڕین.

سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون گێڕانەوەی منداڵانی زبگەڕ بەم شێوە بوو:

حەکیمییە ... لە ناو کانێکســـین. لەوبەری پردەکەی زینولدینین. زۆرین نزیکەی 300 بۆ 400 کەسین.

ئەو شـــوێنەی کە تێیدا دەژین، هەموویان منداڵن وەکوو خۆمان؛ ئەوانیش وەکوو من زبڵ کۆ دەکەنەوە. هەموویان وەکوو خۆمن.

ئەو شـوێنەی کە تێیدا دەخەوین و ئەو شـوێنەی کە زبڵەکان کۆ دەکەینەوە یەک جێگایە. دوو دانە گەرماومان هەیە دوو دانەش توالێت.

بە گشتی سەختی و مەترسییەکانی کاری زبڵگەڕی بریتییە لە: بەئەزموونکردنی توندوتیژی لە لایەن چاودێرانی خاوەنکار و پشکنەرانی شارەوانی، ماوەی درێژخایەنی کار و ماندوویێتیی لە ڕادەبەدەر، کارکردن لە بەر سەرما و گەرما، پیادەڕەویی درێژخایەن لەگەڵ هەڵگرتنی باری قورس، جیاکردنەوەی زبڵەکان لە ناو زبڵدان و زبڵەکانی دیکە، بۆگەنی پیسی زبڵ و زبڵدانەکان، ئەگەری برینداربوون لە کاتی کۆکردنەوەی زبڵ، کارکردن بە دوور لە بنەماڵە و نیشتمان، شوێنی نیشتەجێبوونی مەترسیدار و پیس، ڕووخاندنی پەیتا پەیتای شوێنی نیشتەجێبوون لە لایەن شارەوانی و دەزگای داد، ڕوانگەی بەزەییانەی شارۆمەندان و بیچمگرتنی هەستی نەرێنی لە ناو منداڵان، شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ زبڵگەڕەکانی دیکە و لانەوازەکان، دەستڕانەگەیشتن بە ئیمکانیاتی گونجاوی خۆشگوزەرانی و تەندروستی وەکوو توالێت و گەرماوی گونجاو لە شوێنی نیشتەجێبوون، نەبوونی ئامراز و جلوبەرگی گونجاو، ژیانکردن لەگەڵ گەورەساڵان و سەدان حاڵەتی دیکە. دەتوانین ئەم کارە وەک کۆیلایەتی لێی بڕوانین کە لە شاری تاراندا باوە، چونکە منداڵان بە شێوازی جۆراوجۆر لەم کارەدا دەچەوسێنرێنەوە و بە هۆکاری جیاواز و لە ڕەهەندی جیاوازدا تەندروستییان دەکەوێتە مەترسییەوە. گێڕانەوەی هەندێ لەم منداڵانە لە ئەزموونی کار، خۆراک و کێشەکانی زبڵگەڕی لە گەڕەکەکانی ئازادی و جمهووری بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| لێرە لە ناو بەکارهێنانەوەدا (ڕیسایکلین) دەخەوین. بەکارهێنانەوە لە کارخانەی تاقیکارییە، حەکیمییە، ئێمە سێ کەسین. لە شەشی بەیانییەوە هەتا دەی شەو یەکسەر ئیش دەکەین. |

| |
|---|
| بێخەوی پیاو ئازار دەدا، هەر لە بەیانییەوە هەتا شەو بار لە سەر کۆڵتە، دەبێ بە ڕێگاوە بیت. |



نومایەکی زبڵدانەکانی شار لە گەڕەکی وەنەک و منداڵێکی زبڵگەڕ لە گەڕەکی کامڕانییە
(وێنە: توێژەر)

**کار لە سەر شەقام**

منداڵانی سەرشەقام لە شوێن و پانتای جۆراوجۆردا ئیش دەکەن، وەکوو سەرشەقامەکان و سەر چوارڕێیانەکان و لە پیادەڕەوەکان، لە ناو کەرەسەی گواستنەوەی گشتی، ناو پارکەکان، لە لای پاساژەکان و سەیرانگاکان. ئەم منداڵانە خەریکی کاری جۆراوجۆری سەرشەقامین وەکوو دەستگێڕی، قانگ سووتاندن، گوڵفرۆشی، کێشاندن، سەوزەفرۆشی، شووشەسڕینی ئۆتۆمبێلەکان، سواڵکەری، فاڵفرۆشی، سی‌دی‌فرۆشی، فرۆشتنی کەرەسەی موبایل یان شتە پەیوەستەکانی، فرۆشتنی کلینیکس، چەسبی برین، ژەنیاری و گۆرانیبێژی ئەنجام دەدەن. لەم چەشنە کارانەدا هەم کچان و هەمیش کوڕان بوونیان هەیە. زۆربەی ئەم منداڵانە بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە یان هاوڕێکانیان دێنە ناو ئەم کارلنەوە. بە هۆی ئەوەی منداڵان باشتر دەتوانن هەستی بەزەیی دیتران بزوێنن و داهاتێکی زێدەتر وەدەست بێنن، دایک و باوکەکان ئەنگێزیەیەکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی بۆ ئەم چەشنە کارلنە منداڵەکانیان بە کار بێنن. لە مەیدانی توێژینەوە منداڵان چەندین جار وتیان کە لەگەڵ دایک و باوکیان هاتوونەتە ناو ئەم کارانەوە.

| |
|---|
| دایکم منی هێنایە ناو ئەم کارەوە، وتی وەرە، تۆش وەکوو منداڵی ئەو خەڵکە. زۆری لێیە. |

یەکێک لە یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتیی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی شووش بەم

شێوە جیاوازیی نێوان کار لە سەر شەقام و کار لە کارگاکان پیشان دەدات:

بڕوانە لە ناو کارگاکاندا حەقدەستێکی زۆر کەمتر لەوە دەدەن کە لە دەرەوە ئیش بکەن. منداڵێک کە لە کارگا ئیش دەکا، خاوەنکار ئیدعای ئەوە دەکا کە لەم کارگادا فێری شتێک دەبێ، خۆ هیچ نازانێ. لەوێ حەقدەستی زۆر کەم دەدەن، ڕەنگە لە حەفتەدا 60 هەزار تمەن بدەن، جا ئیتر نازانم لە پاش کۆڕۆنا زیاتر بووە یان نا. بەڵام ئەو منداڵانەی کە دەچنە سەر چوارڕێیان بە هۆی پیاوەتیی خەڵکەوە، دەی زیاتر پارە وەردەگرن، ئەوان لەوانەیە ڕۆژی 50 هەزار تمەن بکەون.

یارمەتیدەرێکی کۆمەڵایەتیی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی فەرەحزاد سەبارەت بە کاری منداڵان لە سەر شەقام و چۆنیەتیی هاتنیان بۆ ناو ئەم چەشنە کارانە وتی:

ڕێژەی منداڵانی کار لە فەرەحزاد کەمە. زۆرن ئەوانەی کە دێنە ئێرە ناوەندەکان ناناسن، سەرچاوە ناناسن، و ئەو سەرچەشنە دووپاتەیەی کە لە ناو خزم و کەسانی خۆیاندا هەیە لە ناو هاوگرووپەکانی خۆیاندا هەیە، لە ناو هاوتەمەنەکانی خۆیاندا هەیە، زۆربەیان ئیشی سەرشەقام ئەنجام دەدەن تا کارگە. زۆربەیان ئێستا فاڵفرۆشن، بنێشتفرۆش یان گۆرەویفرۆشن، هەندێکیان شووشە دەسڕن، دەزانی بۆچی؟ چونکە بەو ئامێر و دەسماڵەی کە شووشە دەسڕێ، کەسی بەرامبەری ناچارە 1000 تمەنی پێ بدات.

لە هەندێ حاڵەتدا دایک و باوکەکان لەوانەیە لە سەر شەقام لە مەودایەکی کەمدا، دووراودوور چاودێریی ڕۆڵەکانیان بکەن. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە پارکی (تئاتر شهر) دیمانەمان لەگەڵ کرد ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| من لەگەڵ دایکم هاتووم ئەوەتا لەو بەرەوە وەستاوە. |

بە پێچەوانەی زۆرێک لە کارەکانی دیکە، کارکردن لە سەر شەقام لە ژێر چاودێریی ڕێسای ڕێکخراوەیی تایبەت نییە؛ منداڵان هەر کاتێک کە بیانهەوێ دەست بە کارکردن دەکەن و دەست لە کار هەڵدەگرن. بە واتایەکی دیکە ئازادیی کردەیی منداڵان لەم چەشنە کارانەدا زیاترە. هەڵبەت ئەمە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە وا بنەماڵەش داکۆکییان لێ دەکەن، منداڵێک کە لە گەڕەکی کەن ئیشی دەکرد لەم بارەوە دەڵێ:

| |
|---|
| هەر کات پێم خۆش بێ دێم، هەر ڕۆژێکیش پێم خۆش نەبێ نایەم. |

هەڵبەت هەندێ لەم منداڵانە ناچارن هەموو ڕۆژێ ئیش بکەن، چونکە بنەماڵە بە

هۆکاری جیاوازی وەکوو دابین‌کردنی بەشێک لە تێچووەکانی ژیان، ناچار بە کارکردنیان دەکەن کە ئەم گێڕانەوەی ژێرەوە ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە:

> هەموو ڕۆژێ ئیش دەکەم، دایکم لێم دەدا، دەڵێ بچۆ ئیش بکە. قوڕ دەکرێ بە سەرماندا. لێم دەدا بۆ ئەوەی بچم ئیش بکەم.

دەتوانین بڵێین سێ تاقمی منداڵان خەریکی کاری سەرشەقامن: تاقمی یەکەم منداڵە کۆچەرەکانن کە زیاتر لەگەڵ دایک و باوکیان هاتوونەتە ناو ئەم کارەوە؛ ئەوان مەکۆ یان چوارڕێیانەکانیان قۆرخ کردووە و ڕێگە نادەن گرووپەکانی دیکە بێنە ناو سنوورەکەیلنەوە ئەو ڕۆژلنەی کە خۆیان کار ناکەن، مەکۆکەکەیان بە کرێ دەدەن، بۆ وێنە شەملنە مەکۆکەیان بە کرێ دەدەن. تاقمی دووەم منداڵە کۆچبەرە ئەفغانییەکانن کە ماوەیەکی زۆرە لە ئێران نیشتەجێ بوون و لەولنەیە نەوەی دووهەمی کۆچبەرەکان بن؛ تاقمی سێیەم ئەو کەسانەن کە تازە هاتوونەتە ناو ئەم کارەوە. شەڕ لە سەر سنوور و قەڵەمڕەو لەم کارەدا باوە. بۆ وێنە دوو کەس لە منداڵە ئیشکەرەکان لە چوارڕێیانی پارکی ڤێی لەم بارەوە بەم شێوە دوا:

> کۆچەرەکان دەڵێن 11 هەزار تمەن بدە، نازانم چەندە بدە. دڵێم نیمە، دەڵێ من حەقم بە سەر ئەووەوە نییە، دەچمە شوێنێکی دیکە. کە من دەمهەوێ بچمە سەر چوارڕێیان ئیش بکەم ناهێڵێت. پاشان دەڵێ وەرە ئەوەندەم پارە پێ بدە ئینجا بچۆ چوارڕێیان ئیش بکە. بە هەندێکیان پارە دەدەم بە هەندێکیان نادەم. دەڵێ ئەگەر پێت خۆشە لە چوارڕێیان ئیش بکەی، دەبێ پارە بدەیت.

> ... ئەمان دەڵێن ئێمە دە ساڵە لێرە ئیشمان کردووە، ئەمە چوارڕێیانی ئێمەیە، من دەڵێم باشە کوا تاپۆتان، ئیتر لە بەر ئەوە ڕۆژێک بوو بە شەڕمان. ئێمە پێشتر لەم چوارڕێیانەدا ئیشمان نەدەکرد، دەچووینە سەر چوارڕێیانی شارەوانی. حەفتەیەک لەوێ بووین، جارێکیان ... بەرەو لای ئۆتۆمبێلێک ڕۆشت، ویستی خاوێنی بکاتەوە،
>
> ... ماتۆرسیکلێتێک بوو، هات؛ لە ناکاو قاچی کوڕەی ومبەر دا، هەر لەبەر ئەوە ئێمە هاتینە سەر چوارڕێیان.

لە مێترۆشدا شەڕ و ناکۆکی لە سەر سنووری کار هەیە و بەشێکی زۆری دەستگێڕ

و سـوالکەرەکان کە ڕوویان لە مێترۆ کردووە تووشـی ئەم کێشـە دەبن. ئەو منداڵە دەسـتفرۆشـەی کە لە پارکی لالە دیمانەی لەگەڵ کرا سـەبارەت بەم ناکۆکی و شـەڕانە وتی:

> جارێکیـان لـە سـەر هێڵی پێنج لێیـان قـەڵس بووم، شـەڕم لـەگـەڵ کردن؛ مشـتەرییەکەمی پەڕاند، لەگەڵ هاوڕێکانم شـەڕم کرد. ئەوان هەم کلینیکس و هەم فاڵ دەفرۆشـن. هاوڕێکەم فاڵی هەبوو، مشـتەری خەریک بوو فاڵم لێ بکڕێ، هاوڕێکم هات فاڵێکی دلنا و وتی وەرە لەوەت بۆ بکەمەوە، ئەمە بێبەرامبەرە. لە من مەکڕن. کوڕە هات پارەم پێ بدا، من وتم 2 هەزار ئەو وتی 5 هەزار لەوی کڕی لە منی نەکڕی. هەر لەبەر ئەوە شـەڕم کرد. چ بکمە مشـتەری لێ پەڕاندم. ئیتر دووبارەی نەکردەوە و منیش شەڕم نەکرد.

شەڕ و پێکدادان لە ناو منداڵانی ئیشکەر لە سەر چوارڕێیانەکاندا زۆر باوە، ئەوان هەندێ جار لەوانەیە تەنانەت کەلوپەل یان پارەی یەکتر بدزن. زۆر جار ئەو منداڵانەی کە چکۆلەترن، زیاتر لێیان دەدرێ، بەتایبەت ئەگەر لە پاڵپشتیی بنەماڵە یان کەسێکی گەورەتر لە خۆیان بێبەش بن. منداڵێک کە لە شەقامی سۆهرەوەردی کاری دەکرد بەم شێوە بۆی باس کردین:

> ئەوان گەورەتر و ئێمە چکۆلەترین، ئەوان هەندێ جار تێمان هەڵدەدەن. کاکم لێم دەدا، ئەمەش لێم دەدا. ڕۆژی وایە ئەمەش تێم دەسرەوێنێ، دەڵێ ئۆتۆمبێل هی خۆمە. ئەمیان دەڵێ هی منە، هەر کە لەو لاوە دێ دەیسـڕێ. ئەم کابرلیە لێم دەدا. ئەو منداڵە هات لێیدام و پامی شـکاند. هەر لە سـەر ئەم چوارڕێیانەدا ئەم هەتیوە هات لاقمی شکاند.

منداڵەکان بەتایبەت ئەوانەی زیاتر لە سـەر شـەقام و چوارڕێیانەکاندا کاریان کردووە، زۆر بە باشـی مشـتەرییەکانی خۆیان دەناسـن و باش دەزانن کە لەوانەیە کامە گرووپی خەڵک و ئۆتۆمبێلگەلێک ڕەنگە کەلوپەلیان لێ بکڕن و یان ڕێگە بدەن کە شووشەکەیان بسڕن. منداڵێک کە لە سەر شەقامی وەلیعەسر کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

> خۆ هەموویان پارە نادەن؛ دەزانی چییە ژن و مێرد لەگەڵ یەک بن یان لەگەڵ دۆستەکەیان بن ئەو کات پارەی چاک دەدەن.

منداڵێک کە لە سەر مەیدانی وەلیعەسر کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| هەندێکیان، شاسیی بەرزەکان لە قڕنیس و چاوچنووک دەچن. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دەڵێن مەیسڕن نایسڕین. ئەوانەی کە دەڵێن بیسڕن ئێمەش بۆیان دەیسڕین. هەرچی ئۆتۆمبێل نرخی زیاتر بێ دەستقووچاوترە (پێدەکەنێت). ئەگەر خاتوون بێ، دەی دەڵێ بیسڕن. پارەی سڕینەکە دەدات. |

بەرکەوتن و هەڵسوکەوتی شارۆمەندان لەگەڵ ئەم منداڵانە جیاوازە: هەندێکیان لەولنەیە دژ بەم منداڵانە توندوتیژی بنوێنن لە توندوتیژیی وتەیی و فیزیکییەوە بگرە تا دەگاتە سێکسی و عەورەتدەرخستن. هەندێکیان مێهرەبانانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن. هەندێکیش سەرنجنەدەرلنە بە لایلندا تێدەپەڕن. بەڵام قەزاوەتی ئەم منداڵانە سەبارەت بە خەڵک بە پێی ئەزموونەکانی سەر شەقامیان بیچم دەگرێت. هەر لەم زەمینەدا گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی ئیشکەر لە سەر شەقامەکانی شارۆچکەی غەرب، سادقییە، فەرەحزاد و شیشەگەری بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| هەموو جۆرێکیان هەیە؛ باش و خراپ. هەندێکیان جنێو دەدەن، هەندێکیان پارەی چاک دەدەن، خۆراک دەدەن، پارە دەدەن، میوە دەدەن. |

| |
|---|
| خەڵک زۆر لێمان دەترسن ئەویش لەبەر پەتای کۆڕۆنایە. پێشتر وا نەبوو. |

| |
|---|
| چاکە، خراپ نین. خەڵک کاریان پێمان نییە، برا. خەڵک باشن. زۆر چاکن، هاوکاریمان دەکەن. بۆ وێنە هەندێ جار من زیز دەبم دێن لێم دەکرن. شەڕ دەکەین دێن لێکمان دەکەنەوە. |
| هەندێکیان ڕەوشتیان بەرزە؛ دێن دەمانـدوێنن، گلەیی و دەردەدڵ دەکەن. هەندێکیشیان کاتێک لێیان دەکەوی دەڵێن دادە لاچۆ بۆ وا دەکەیت؟ |

| |
|---|
| یەکیان باشە، یەکیان خراپە. یەکیان دەگوڕێنێ دەڵێ مەیسڕە، یەکیان دەڵێ بیسڕە. |

| |
|---|
| زۆر ناخۆشە، خۆیان بە چی دەزانن. بۆ وێنە هەندێ جار لە ناو شەمەندەفەر لێیان دەکەوم، دەبێتە شەڕمان، دادە! لاچۆ پیسی، لە حاڵێکدا جلوبەرگەکانم |

| |
|---|
| خاوێنە، زۆر تەڕپۆش و خاوێن دێمە دەرەوە. دادە لاچۆ قاچت لێم نەکەوێ. کەلوپەلەکەت لێم نەکەوێ. چەندین جار شەڕم بووە دەڵێم دادە گیان کوێم پیسە؟! |

داهاتی منداڵان لەم کارە لە چاو کارەکانی دیکە زیاترە و ئەوان و دایک و باوکەکانیان زیاتر بە چاوی وەدەستهێنانی داهات لە کار دەڕوانن نەک فێربوونی پیشە. هەڵبەت ناسەقامگیریی داهات لەم کارەدا زۆرە. لەوانەیە منداڵێک لە ڕۆژدا هیچ داهاتێکی نەبێ و یان لەوانەیە شارۆمەندێک تووشی ببێ و 100 هەزار تمەنی پێ بدات. هەندێ لە منداڵانی ئیشکەر لە چوارڕێیان و شەقامەکانی وەلیعەسر، کارگر، سی‌تیر، ناسر خەسرەو دەیانگێڕاوە:

| |
|---|
| دواجار ڕۆژێکیان هاتم، ڕۆژی هەینی، هیچ داهاتێکم نەبوو، زۆر تووڕە بووم، کەلوپەلەکەم فڕێ دا و چوومەوە بۆ ماڵەوە. |

| |
|---|
| ڕۆژێکیان چوومە لای ژنێک هەر وا 100 هەزار تمەنی پێ دام، هەر ئەو کاتە ئەوەندە شاد و کەیفخۆش بووم کە لەگەڵ کاکم چووینەوە بۆ ماڵەوە. |

| |
|---|
| لە کاتژمێر نۆ یان دەی بەیانییەوە هەتا هەشتی شەو ئیش دەکەم. ئەو کات کە لە قۆناغی ناوەندی بووم پێنج شەمانە و هەینییانە دەهاتم، بەڵام ئێستا دەخوێنم تەنیا هاوینان و ڕۆژانی جەژن دێم. ڕۆژی 150 هەتا 200 هەزار تمەن دەکەوم. شەشی بەیانی دێم هەتا هەر کاتێک کە کۆتایی دێت. |

هاتوچۆی ئەم منداڵانە لە ماڵەوە بۆ سەر شوێنی کار و بە پێچەوانە یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانە. هەندێکیان تاران باش دەناسن لەوانەیە بە مێترۆ یان تاکسی هاتوچۆ بکەن. کۆمەڵێکی دیکەیان کە ڕێژەیان زۆرە، تاکسی یان ڤانێک بە کرێ دەگرن و بەوە هاتوچۆ دەکەن. ئەم گرووپە لەوانەیە منداڵانی کاری چەند چوارڕێیان یان مەکۆ بن کە هاوڕێگان و بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکانیان ئەم کارە دەکەن. بەو پێیەی کە ئەم منداڵانە زیاتر لە بەر چاون، شارەوانی زیاتر بە منداڵانی سەرشەقام دەیانناسێت. لایەنێکی بەربڵاوی توێژینەوەکان ئەم تاقمە منداڵانەیان تاوتوێ کردووە. بۆ وێنە وامقی و دیتران لە ساڵی 1393 هەتاوی ژمارەی منداڵی سەرشەقامیان 26 هەزار کەس خەملاندووە.

لەم کارەدا بە پێچەوانەی کارەکانی دیکە، منداڵان لە تەمەنی زۆر کەمەوە دەست بە کارکردن دەکەن، بۆ وێنە تەمەنی پێنج ساڵان. لە کارەکانی دیکەدا منداڵان ناتوانن لە تەمەنی زۆر کەمەوە کار بکەن و داهاتیان هەبێ، چونکە زۆربەی کارەکان پێویستیان بە توانای جەستەیی و فیزیکییە. یەکێک لە منداڵە ئیشکەرەکان لە بلواری کشاورز لە بارەی تەمەنی دەستکردن بە کارەوە وتی:

> لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە ئیش دەکەم، لە پێنج ساڵانەوە هەموو من لێرە دەناسن.

دەستپێکردنی کار لە تەمەنی کەمدا مەترسیی زۆری بۆ منداڵان لێ دەکەوێتەوە کە یەکیان ونبوونە، چونکە لە گەورەشارێکی وەکوو تاران ناسینی ڕێگا و هێماکان بەتایبەت بۆ منداڵانی کەمتەمەن و نەخوێندەوار زۆر ئەستەمە.

منداڵێک کە لە پارکی دانشجو دیمانەی لەگەڵ کرا لەم بارەوە وتی:

> ڕۆژی یەکەم کە دەستم بە ئیشکردن کرد، ون بووم. منیان برد بۆ پۆلیس. هەتا شەو لەوێ دانیشتم و گریام. هەتا بەیانی گریام.

شەڕ لە سەر قەڵەمڕەو و سنوور لە مێترۆدا باوە و لە زۆربەی کاتەکاندا منداڵان ئەو تازەهاتووانەی کە دێنە ناو بازنەکەیان، ڕێگای کارکردنیان پێ نادەن و تەنانەت لەوانەیە توندوتیژییان لەگەڵ بکەن. گێڕانەوەی یەکێک لە منداڵەکان کە لە وێستگەی مێترۆی ئێرەم سەبز دیمانەی لەگەڵ کرا وتی:

> هیچمان پێ ناڵێن، چونکە من حەوت ساڵە لێرە ئیش دەکەم. بەڵام ئەولنەی کە تازە هاتوونەتە سەر هێڵ، لە هێڵی یەکەوە دێنە ناو هێڵی چوار یان کەلوپەلەکانیان لێ دەگرن یان لێیان دەدەن کە چیتر نەیەتە ئێرە، چونکە قەرەباڵغە.

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان لە مێترۆ ئەوەیە کە منداڵان بە پێی ئێتنیکێکی تایبەت لەولنەیە هێڵەکانی مێترۆ لە ناو خۆیاندا دابەش بکەن و ڕێگە نەدەن منداڵانی دیکە توخنی قەڵەمڕەوی کارییان بکەون. گێڕانەوەی دوو دانە لە منداڵە ئیشکەرەکان لە هێڵەکانی 2 و 4 مێترۆی تاران بەم شێوە بوو:

> ئەمانە ئەم کرمانشانییانە لێرە لە سەر هێڵێک سەرە دەگرن. هەر کەس بێتە ناو سەرەکەیان دەڵێن بۆچی لێرەی، بچۆ سەر هێڵێکی دیکە، ناهێڵین نامۆ بێتە ئەم

شوێنە.

وێستگەیەک لە دوای ئێرە شەڕ کرا، دەیانوت جنێو دەدەی و جنێوی زۆر تفت و تاڵیان بە یەکتر دەدا. چەند دلنە مستە کۆڵە و شەقیان لە کوڕێک وەشاند. بە نۆرەیە؛ بۆ وێنە یەکیان دەڵێ نۆرەی من لە جەوادییەیە، دەبێ هەمووتان بێنە جەوادییە سەرە بگرن. بۆ وێنە یەکێک لە زەمزەمەوە لە وێستگەی پێشتر سوار دەبێ، ئەمیان دەڵێ بۆچی هاتییە لای من، ئیتر دەبێتە دەمەوقڕێ و لە یەکتر دەدەن، لەبەر ئیش لە یەکتر هەڵدەدەن.

هەڵبەت لە کاری دیکەشدا دابەشکاریی جۆری کار بە پێی گرووپە ئێتنیکییەکان بەدی دەکرێ؛ وەک منداڵێکی دەستگێڕ کە لە چوارڕێیانی فێردەوسی کاری دەکرد وتی:

ئەوان کۆچەرن، گەورەن، گوڵ دەفرۆشن ... ، کلینیکیس و ئەمانە ... ئازارمان دەدەن. ئەرێ وتی چیتر لە چوارڕێیان نەتبینمەوە دمنا تێتهەڵدەدەم. ئێمەش وتمان باش، شەڕمان لەگەڵ کردن. هەندێ لە منداڵەکان تێیان هەڵدا و ئەویش دەستی شکاند.

کۆمەڵێکی دیکە لە منداڵان سەبارەت بە کاری چەرچێتی و دەستفرۆشی لە مەیدانی ئینقلاب و تەجریش و دژوارییەکانی ئەم کارە وتیان:

قاچم دێشێ، ئیتر دێم. قاچم زۆر دێشێ، سەختە.

جنێو دەدەن، زۆر بێئەدەبن، کچە بەرەو لای پیاوە چوو، کابرا پانتۆڵەکەی داکێشا خوارێ، ئینجا کە پانتۆڵەکەی دادەکێشێتە خوارەوە، کچە دەچێتە لای دایکی دەیگێڕێتەوە، دایکیشی گوێ نادا و دەڵێ بە جەهەندەم! ئەڤغانستانییەکان زۆریان لەمانە بۆ پێش هاتووە، جارێ شتی وا بۆ من ڕووی نەداوە.

من خۆم لێرە بینیم. نازانم کچە لەبەر توالێتەکە وەستا بوو، وتی پیاوێک هاتووە دەستدرێژی بکاتە سەری، دەگریا.



وێنەیەک لە کار و بوونی منداڵان لە چوارڕێیانەکان و شەقامەکانی شار؛ منداڵی لای ڕاست خەریکی دەستفرۆشی و منداڵی لای چەپ خەریکی خاڵکوتان لە سەر پای هاوڕێکەیەتی. (وێنە: توێژەر)

## گوڵفرۆشی

گوڵفرۆشـــی جۆرێکی دیکەی کاری منداڵان لە ســـەر شـــەقامە و بەو پێیەی کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی کاردا هەیە، لێرەدا بە شـــێوەی جیا تاوتوێ کراوە. ســـێ تاقمی دیاریکراوی گوڵفرۆشـــەکان لێک جیا دەکرێنەوە: تاقمی یەکەم ئەوانەن کە لە سـەر شـەقام و چوارڕێیانەکان گوڵ دەفرۆشـن؛ تاقمی دووهەم ئەو منداڵانەن کە لە هەندێ لە سـەیرانگاکانی وەکوو دەرکە و کەن، گوڵ دەفرۆشـن؛ تاقمی دوایی ئەو منداڵانەن کە لە گۆڕستانەکانی وەکوو بەهەشتی زارا و ئەو ڕێگایانەی کە بە گۆڕستانەکان کۆتاییان پێ دێ گوڵ دەفرۆشـن. ئەو منداڵانەی کە لە گۆڕستانەکان یان لە بەهەشـــتی زارا گوڵ دەفرۆشـــن. بە پێی ئەوەی لە چ بۆنەگەلێکدا گوڵ دەفرۆشـــن ئەمەش خۆی بە ســـەر ســـێ تاقمدا دابەش دەکرێ: تاقمی یەکەم ئەو منداڵانەن کە لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی دیارکراو گوڵ بۆ خاوەن مەکۆ گوڵفرۆشـییەکان دەفرۆشـن. زیاتر خاوەنی ئەم مەکۆیلانە ئێرانین و بۆ ماوەیەکی زۆرە کە خاوەنی ئەم مەکۆیلانەن و زۆریان لەگەڵ ئەفسـەرانی شـارەوانی پەیوەندییان هەیە کە بە پێی ئەم پەیوەندییانە ڕووبەڕووی گیر و گرفتی یاســـایی نابنەوە. خاوەن مەکۆکان منداڵان دادەمەزرێنن و لە بەرامبەر قەبارەی فرۆشـی ڕۆژانە بڕە پارەیەکی زۆر کەمی وەک حەقدەسـتیان پێ دەدەن. یەکێک لە منداڵە گوڵفرۆشەکان لە شارێی خەلیج فارس (ئوتووبانی تاران – قوم) سەبارەت بە شێوازی کارەکەی لەم بارەوە دەڵێ:

| |
|---|
| من بۆ خاوەنکارەکەم ئیش دەکەم، مەکۆ هی ئەوە. ئەگەر ڕۆژی 100 هەزار تمەن ئیش بکەم 70 هەزار تمەنی هی ئەوە. |

شـێوازی کـاری منـداڵانی گوڵفرۆش، وەک پێشــتریش وترا، پێکـەوە جیـاوازە: هەندێکیان مەکۆ بە کرێ دەگرن و بۆ خۆیان ئیش دەکەن. هەندێکیان حەقدەســت وەردەگرن، و هەندێکیش بڕێک لە داهاتەکە وەردەگرن کە زۆر کەمە. چەند کەس لە منداڵانی گوڵفرۆشـی لە شـاڕێی خەلیج فارس (ئوتووبانی تاران – قوم) شـارۆچکەی ڕۆژئاوا، مەیدانی شــووش، و ترمینالی باشــوور لە مەڕ بارودۆخ و شـێوازی کاری خۆیان بەم شێوە ڕوونکردنەوەیان دا:

| |
|---|
| گوڵ دەکڕین و دەینە ئێرە دەیفرۆشــین. هەندێ جار بۆ کەســێکی دیکە ئیش دەکەین. هەندێ جاریش بۆ خۆمان ... لە سـەر تابلۆکە نووسـراوە ئەفسـەرییە، پاش ئەوە، بچیتە ئەفســەرییە، گوڵی زۆر لێیە، ئینجا تابلۆی ئیمام ڕەزای لێ دراوە. پێم وا هەندێ شـتی تێدا نووسـراوە، لەو شـوێنەی کە گوڵی لێ دێنین و دەیفرۆشـین. ئەم حەفتە گوڵ بۆ خۆمان دەفرۆشین. |

| |
|---|
| ئەوان کەلوپەلیان هەڵدەڕێژن، ئێســتا ناهێڵن بووەســتین. حەفتەکانی ڕابردوو باش بووین، بەڵام ئێستا وا نییە، ناهێڵن؛ هەر ئێستا هات شەڕێکی ئاوقانمان کرد، ناهێڵن دەڵێن گوڵ مەفرۆشــن. ئەوەی وا ئێرەی داوە بە کەســێکی دیکە، دەڵێ لێرە ڕامەوەســتن. پیاوێک کەلوپەلەکەی لێرە هەڵڕژلندووە. ئێرەی بە کرێ داوە بە ئێمە. ئینجـا دەیـدا بـە کرێ، ئـەو حـەفتـەی وا بۆ خۆمـانـە دەیـدا بـە کرێ. ئینجـا وتـی لێرە کەلوپەلتان هەڵمەڕێژن. کرێکارەکانی خۆت بێنە. |

| |
|---|
| پێشـتر لای کابرایەک ئیشـم دەکرد، پێیان دەوت ... . کاتێک چووم منداڵ بووم و هیچم نـەدەزانی، ڕۆژی هـەزار تمـەنم وەردەگرت. کـە گـەورەتر بووم ڕۆژی 40 هەزاری پێ دەدام. |

| |
|---|
| کـەلوپـەلـەکـە هی خۆمـانـە. لـە بـازاڕی ئیمـام ڕەزا گوڵ دەکڕین. بـاوکـم دەچێتـە ئەوێ دەیهێنێت. ئەوەی کە لێرە ڕادەوەستین پێشتر 100 هەزار تمەنیان دەدا، بەڵام ئێســتا زۆر بووە بۆتە 300 هەزار تمەن. دەیدەین بەو کابرایەی کە وا وانێتی ســپی |

هەیە ها لەوێ وەســتاوە. ئەوەی کە 100 هەزار تمەن دەدەین ئەگەر لە لایەن شارەوانی و ئەمانەوە بێن، حەقیان بە سەرمانەوە نییە، دێڵن ئیش بکەین.

هەندێ جار منداڵانیش لەوانەیە بە شــێوەی ڕۆژانە کار بۆ خاوەنکارەکان بکەن. هەڵبەت بەو پێیەی کە کۆتایی حەفتە و هەندێ لە ڕۆژانی ســاڵ گۆڕســتانەکان قەرەباغڵترن، لەوانەیە حەقدەســتی منداڵەکان لەم ڕۆژانەدا زیاتر بێت. منداڵێک کە لە شاڕێی خەلیج فارس (ئۆتووبانی تاران – قوم) لە یەکێک لە مەکۆکان گوڵی دەفرۆشت سەبارەت بە داهاتەکەی وتی:

ئەگەر کرێکە بۆ خۆمان بێ، ڕۆژی 50 هەزار تمەن و دوو ڕۆژ 100 هەزار تمەن دەکەوین. بۆ ئێمە نەبێ ئەو 100 هەزار تمەنمان پێ دەدات.

لە کۆتاییدا تاقمی دوایی ئەو منداڵانەن کە بە تەنها یان زیاتر لەگەڵ بنەماڵەکانیان لەوانەیە بۆ ماوەیەک دیاریکراو ئەو مەکۆیە لە خاوەنەکەی بە کرێ بگرن. بەو پێیەی کە خاوەن مەکۆکان لەگەڵ ئەفســەرانی جێبەجێکردنکاری شــارەوانی ڕێک کەوتوون، کەواتە ئەم منداڵانە لە لایەن پشکنەرانی شارەوانی ئازار نادرێن و منداڵەکانیش خۆیان باش دەزانن کە ئەگەر کار بۆ خاوەن مەکۆ بکەن پیاوانی شــارەوانی کێشــەیان بۆ ســاز ناکەن؛ یەکێک لە منداڵە ئیشکەرەکانی شاڕێی خەلیج فارس (ئۆتووبانی تاران – قوم) ئاماژە بەم خاڵە دەکا:

ئێمە دەســتەبەر کراوین، چ کەس حەقی بە ســەر ئێمەوە نییە، ئیتر بارەکەمان نابەن.

شــەڕ و ناکۆکی لە ســەر قەڵەمڕەویش لەم شــوێنانەدا زۆرە. بە لای خاوەن مەکۆ و ئەو منداڵانەی کە کاری بۆ دەکەن یان ئەو منداڵانەی کە مەکۆکەیان لێ بە کرێ گرتووە زۆر گرینگە کە لە مەکۆکانی دیکەوە نەیەنە ناو بازنەکەیان و لە بازنەی ئەواندا گوڵ نەفرۆشــن. هەندێ جار تێکهەڵچوونی فیزیکیی لە نێوان خاوەن مەکۆکان لە ســەر ئەم بابەتە پێش دێت. دوو کەس لە منداڵە گوڵفرۆشــەکان لە بەهەشــتی زارا لەم بارەوە دەگێڕێتەوە:

شــەڕیش دەکرێت. بۆ وێنە ئەوان دێن لێرە گوڵ دەفرۆشــن. ئێمە دەڵێین ئێرە مەڵبەندی ئێمەیە، مەیەنە ئێرە یان خاوەنکارەکەمان دەچێ لەگەڵ خاوەنکارەکەیان

| |
|---|
| شەڕ دەکا و پێی دەڵێ یەکێ لە منداڵەکانی مەکۆکەت هاتۆتە ئێرە گوڵ دەفرۆشێت. |

| |
|---|
| بەڵێ، لە سەر ئەم کەلوپەلانە ناکۆکی ساز دەبێت. هەر ئێستا خەریک بوو شەڕێک ساز بێت. لە سەر ئەوەی کە بۆچی ئێرەت داوە بە کرێ، بێتدلبایە بە کرێکارەکانی خۆتان، چونکە شارەوانی ناهێڵێ، پۆلیسی هاتوچۆ ناهێڵێت. |

ئەو منداڵانەی کە لە بەهەشتی زارا گوڵ دەفرۆشن ئەزموونێکی جیاوازیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی زۆری نەزریی تازیەباران دەدرێ بەم منداڵانە، نەزریگەلی وەکوو خورما، شیرینی، حەڵوا، ئاومیوە، خواردن، و هەندێ شتی خواردەمەنیی دیکە. دەتوانین بڵێین لە هەندێ شوێنی وەکوو گۆڕستانەکان هەست و سۆزی خەڵک بەکوڵترە، یەکێک لە لێکەوتەکانی هاریکاریکردنی منداڵانی کار لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی خواردەمەنییەکانە. هەڵبەت هەندێ لەم منداڵانە خواردەمەنی وەکوو ئاومیوە یان وشکەمەنییەکان دەفرۆشن و لەم ڕێگەوە داهاتێک بۆ خۆیان دەست دەخەن.

ئەو منداڵانەی کە لە سەر شەقامەکان و سەر چوارڕێیانەکاندا گوڵ دەفرۆشن ئەوانیش بە پێی بۆنەی فرۆشتنی گوڵ بۆ سەر دوو جۆری سەرەکی دلبەش دەبن: تاقمی یەکەمیان ئەوانەن کە لە ژێر چاودێریی خاوەنکار کار دەکەن و خاوەنکارەکانیان زیاتر لە سووچێکی شەقام، چەند هەنگاو ئەو لاتر، گوڵەکان چەپک چەپک دەکەن، ئینجا لە زەنبیلدا ڕیزی دەکەن یان ڕووبانی لێ دەپێچن و بۆ فرۆش ئامادەیان دەکەن. حەقدەستی ئەو منداڵانە زیاتر بە شێوەی ڕێژەیی لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە دەدرێت. منداڵێک کە لە سەر شەقامی ئیمام خومەینی گوڵی دەفرۆشت سەبارەت بە حەقدەستەکەی دەڵێ:

| |
|---|
| ئێرە وا نییە کە ڕۆژانە بۆ وێنە 100 هەزار تمەن بدەن، هەرچی زیاتر بفرۆشی زیاتر وەردەگری. |

هەڵبەت هەندێ لە منداڵانیش لەوانەیە بە شێوەی ڕۆژانە حەقدەست وەربگرن. بۆ وێنە خاوەنکار ڕۆژێ 100 هەزار تمەنیان وەک حەقدەستی گوڵفرۆشی پێ بدات. ئەگەر منداڵان لە ژێر سەرپەرشتیی خاوەنکارێک بن، ئەو لە شوێنێکی دیاریکراو کۆیان دەکاتەوە و بە ئۆتۆمبێل دەیانباتە سەر چوارڕێیان یان شوێنی مەبەست.

گێڕانەوەی سێ منداڵ لە منداڵانی گوڵفرۆش کە لە بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا و مەحەلاتی دیمانەمان لەگەڵ کردن لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئێمە دەباتە گوڵخانە (خانەی پلاستیکی). بۆ بەیانی هەر لەوێ سوار دەبین. |

| |
|---|
| لە نزیک مێترۆ سوار دەبین. |

| |
|---|
| لە قەمسەر گوڵ دێنێ و سوارمان دەکات. |

دەربڕینی هەست و سۆزیش لێرەدا دەورێکی گرینگی هەیە هەڵبەت دەبێ بڵێین لێرەدا منداڵان باش دەزانن کە کام گرووپی شۆفێرەکان مشتەرییانن و ئەگەری ئەوە هەیە کە گوڵیان لێ بکڕن. بۆ وێنە ئەو کچ و کوڕانەی کە پێکەوە دۆستن و یان خاوەن ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرزن. هەروەها ئەوەی کە ئەم گرووپە جۆرێکی تایبەتی گوڵ دەفرۆشن، بۆ وێنە گوڵباخیی سوور یان سپی (هەڵبەت تەنیا ئەم دوو جۆرە گوڵە نافرۆشن). لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین منداڵانی ئەم گرووپە بۆ فرۆشتنی گوڵەکانیان فێڵ و کەڵەکی تایبەت بە کار دەبەن. گێڕانەوەی منداڵێکی گوڵفرۆش کە لە گەڕەکی سەعادەتاباد کاری دەکرد سەبارەت بە مشتەرییەکانی وتی:

| |
|---|
| ئەوانەی کە ژن و مێردن یان کچ و کوڕن و پێکەوە دۆستن و لەگەڵ یەکترن، زیاتر گوڵ بەوانە دەفرۆشین. بۆ وێنە دەڵێین: گەرەکت نییە گوڵ بۆ خۆشەویستەکەت بکڕی، چەندە عەشقەکەتت خۆش دەوێ [پێدەکەنێت]. |

تاقمێکی دیکە ئەو منداڵانەن کە ئیش بۆ خۆیان دەکەن. ئەوان بەیانی زوو دەچنە گوڵفرۆشی و گوڵ دەکڕن. ئینجا بە چەپک چەپک‌کردنیان لە ماڵ یان لە شوێنی فرۆش، بە مشتەرییەکانیانی دەفرۆشن. بە گشتی ئەو منداڵانەی کە لە چوارڕێیانەکاندا گوڵ دەفرۆشن چەند کێشەی سەرەکییان هەیە کە بە وتەی خۆیان پێنەدانی پارە گرینگترینیانە. منداڵێکی گوڵفرۆش کە لە گەڕەکی دەرکە کاری دەکرد سەبارەت بەم کێشە وتی:

| |
|---|
| گوڵیان پێ دەفرۆشم، دەڵێم پارەم پێ بدەن، ئۆتۆمبێلەکەیانی لێ گاز دەدەن و دەڕۆن. |

منداڵان تا ڕادەیەکی زۆر تووشـــی ئەم کێشـــە دەبنەوە و لەوانەیە لە درێژەی ڕۆژدا یەک یان چەند شۆفێر هەبن کە گوڵەکانیان لێ بکڕن و لە بەرامبەردا پارەیان پێ نەدەن. لە هەندێ حاڵەتدا هەر ئەم کارە وا دەکا کە ئەو منداڵە پیشـەکەی بگۆڕێت. کێشـەی سـەرەکیی دیکە شـارەوانی و ئەفسـەرەکانیەتی کە لەوانەیە بۆ کردنەوەی ڕێگاکان هێرش بکەنە ســەر منداڵـەکان و گوڵـەکانیـان لێ بســتێنن. گێڕانـەوەی یـەکێک لـە منداڵـە ئیشکەرەکان لە مەیدانی پوونەک لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

> هـەنـدێ جـار دایکم خـەفـەت دەخوا، منیش بێتـاقـەت دەبم. هـەنـدێ جـار خوشـکەکەم شـەرم لەگەڵ دەکا، قەڵس دەبن. ئەو کاتەی کە شـارەوانی پەلامارمان دەدا و گوڵەکانمان لێ دەستێنن.

لەم کاتەدا لەوانەیە خاوەنکاریش بە هۆی لەدەســتدانی گوڵەکانی منداڵەکان سەرزەنشت بکا و سزایان بدات. گێڕانەوەی منداڵێکی گوڵفرۆش کە لە شاڕێی خەلیج فارس (ئوتووبانی تاران – قوم) کاری دەکرد لە سەر ئەم خاڵە جەختی کردەوە:

> حەفتەیەک لەمەوبەر گوڵەکانیان لێ ڕفاندم، گوڵدانەکانیان بردم، هەموویان برد. خاوەنکارەکەم بە گژمدا چوو، وتی بۆ ڕلتان نەکرد؛ کۆڵێ گوڵمان بوو، وتمان نەماندەوانی ڕا بکەین.

دەمەقرێ لەگەڵ مشتەری و داخوازیی مشـتەرییەکان بۆ داشـکان یەکێکی دیکە لە کێشـــەکانی ئەم منداڵانـەیە. منـداڵێکی گوڵفرۆش کـە لـە شـــاڕێی خـەلیج فـارس (ئوتووبانی تاران – قوم) کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

> بەڵام هەموویان داوای داشـکان دەکەن، هەموو دەیانهەوێ گوڵەکە بە نرخێکی هەرزانتر بکڕن.

هەڵســوکەوتی نەشــیاوی شــارۆمەندان لەگەڵ ئەم منداڵانە یەکێکی دیکە لەم کێشانەیە. سکاڵا و گازندەی منداڵێکی گوڵفرۆش کە لە مەیدانی پوونەک کاری دەکرد بەم شێوە بوو:

> هـەندێ دەڵێن کوڕۆناتان هـەیە لێمـان نزیک مـەبنـەوە، بەڵام هـەندێکیـان نـا وا نین. هـەندێکیـان بـەر لـە کوڕۆنا دەیانوت لاچن لـەبەر چاومان، هیچ مـەفرۆشـــن. ئەیچی لەم قسانە. بەڵام هەندێکیشیان دلۆڤانن و گوڵمان لێ دەکڕن.

یان ئەگەر گوڵ بە نرخی کەمتر لە نرخی خۆی بفرۆشن، خاوەنکار نرخە کەمکراوەکە لە حەقدەستی ڕۆژانەیان دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەی منداڵێکی ئیشکەر لە مەیدانی سادقییە لەم بارەوە ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە:

> بە گژماندا دەچێ، لە حەقدەستمان کەم دەکاتەوە. ئەیچی. بۆ وێنە ئەگەر 10 هەزار تمەن هەرزانتر بیدەین، ئەو 10 هەزار لە حەقدەستەکەمان کەم دەکاتەوە؛ واتە 90 هەزار تمەنمان پێ دەدات.

و یەکێک لە منداڵە ئیشکەرەکان لە شاڕێی خەلیج فارس (ئۆتووبانی تاران – قوم) سەبارەت بە زەختی کاری گوڵفرۆشی وتی:

> بەیانان دەچین گوڵ دەکڕین، لێرە لەبەر ئەو خۆرە سوورە ڕادەوەستین هەتا ئەو کاتەی گوڵەکان دەفرۆشرێن.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کۆمەڵێکی دیکە منداڵانێکن کە لە هەندێ ناوەندی گەشتیاری، وەکوو دەرکە و فرەحزاد و کەن، گوڵ دەفرۆشن. ئەم منداڵانە زۆریان لە سەر ئیزن یان بە بێ ئێزنی خاوەن ڕیستوڕانتەکان دەچنە ژوورەوە. لە ناو ئەم ڕیستوڕانتانە یان لەبەر دەرگاکەی گوڵەکان دەفرۆشن. هەندێ جار کاتێک بۆ فرۆشتنی گوڵ ئیزن لە خاوەنی ڕستووڕانت یان بەڕێوەبەرەکەی ناگرن، لەوانەیە کاربەدەستانی ڕیستووڕانت هەڵسوکەوتی وتەیی یان فیزیکییان لەگەڵ بکەن.



وێنەی منداڵێکی گوڵفرۆش (وێنە: هەواڵدەریی ئیسنا)

**کارکردن لە فیتەریی ئۆتۆمبێل و میکانیکی**

بنەماڵەی ئەو منداڵانەی وا لەم بازاڕەدا کار دەکەن زۆریان گۆشەچاوێکیان لە داهاتووی منداڵەکان هەیە؛ واتە بە هاتنە ناو ئەم کارە فێری پیشەیەک دەبن و هیوادارن لە داهاتوون ببنە وەستا و داهات وەدەست بێنن، لە حاڵێکدا لە زۆرێک لە کارەکانی دیکەدا، بۆ وێنە کار لە سەر شەقام، ئەم جۆرە ڕوانینی کارە بوونی نییە. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵە ئیشکەرەکان لە فیتەرییەکانی کەن و فەرەحزاد سەبارەت بە ئیشەکەیان بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| هیچ، باوکم وتی بڕۆ فێری شتێک بە، خوێندن کەڵکی نییە. |

| |
|---|
| بە نیازم فێری کارێک بم؛ گەورە بم، خۆ ناکرێ هەر لە سەر چوارڕێیانەکان بم. |
| خۆم هاتم. دایکم وتی بچۆ پیشەیەک فێر بە، ئیتر منیش هاتم فێری کاری تەکینکی بووم، ئیش‌کردن لە خوێندن باشترە. دەمەوێ هەر لێرەوە درێژە بە ئیشەکەم بدەم. |

هۆگریی منداڵان بۆ ئەم پیشە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنی منداڵان بۆ ناو ئەم کارمیە. هەندێ لەو کوڕانەی کە هاتوونەتە ناو ئەم پیشەوە هەمیشە خەون بە بوونی ئۆتۆمبێلی باش و گرانبەهاوە دەبینن و بە هۆی ئەوەی هەلی وەدیهاتنی خەونەکانیان مەیسەر نەبووە و چاک دەیانزانی کە ناتوانن ئۆتۆمبێل بکڕن، هۆگری ئەم پیشە بوون. مێرمنداڵێکی تەمەن شازدە ساڵان کە لەم فیتەرییە لە گەڕەکی شووش کاری دەکرد سەبارەت بە هۆگرییەکانی بۆ بوونی ئۆتۆمبێلێکی لووکس وتی:

| |
|---|
| هەموو شەوێ خەونم دەبینی کە ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهام هەیە، هەندێ جار دەمژمارد کە ئەگەر داهاتی باوکم خەرج نەکەم، دەبێ چەند ساڵ کۆ ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانم ئۆتۆمبێلێکی شاسیی بڵیند بکڕم. سەرەتاکان پێم وا بوو کە خۆم گەورە دەبم و دەیکڕم، بەڵام ئێستا لەوە ناچێ بتوانم، پارەی زۆری دەوێت. زانیارییە تەکنیکییەکانی ئۆتۆمبێلەکان دەناسم، سەبارەت بە ئۆتۆمبێل هەر چی زانیارییە |

| |
|---|
| دەیزانم. |

منداڵێکی ئەفغانســـتانی کە لە یەکێک لە فیتەرییە میکانیکییەکاندا کاری دەکرد سەبارەت بە شێوازی هاتنی بۆ ناو ئەم کارە وتی:

| |
|---|
| ئەوسا تەمەنم کەم بوو، لە ئەفغانستان بووین ... بە باوکمم وت ئەو ئەستێرەم پێ جوانە ... مارکی بێنز بوو ... ئینجا باوکم چوو دانەیەکی دۆزییەوە، بۆی هێنام ... لە سەر ئەم بابەتە بوو کە تامەزرۆی ئۆتۆمبێل بووم، هەر وا فێری ماتۆڕ بووم ... ئۆتۆمبێلیش فێر بووم ... ئیتر وتم با بچم فێری فیتەری بم ... زۆرم حەز لێیە. |

هۆگری بۆ کارە تەکنیکییەکانیش لە هۆگربوونی کوڕان بۆ کارگەلی وەکوو فیتەری زۆر کاریگەر بووە. منداڵێکی ئیشکەر لە یەکێک فیتەرییەکانی گەڕەکی ناسر خەسرەو لە مەڕ هۆگرییەکانی وتی:

| |
|---|
| ئیش بە جەڕبادەر و لەم شتانە دەکەین، زۆر خۆشە. |

هەندێ لە منداڵانیش لەبەر ئەوەی کە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە یان خزم و کەســـیان لەم پیشـــەدایە، هاتوونەتە ناو ئەم کارەوە. یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتیی ئێنجئۆیەک لە گەڕەکی هەرمندی ســـەبارەت بە هۆکاری هاتنی منداڵان بۆ ناو کاری کارگە و جیاوازییەکانی لەگەڵ کاری سەرشەقام وتی:

زۆربەیان لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەیان هاتوونەتە ناو کارگەیەک کە باوک یان بۆ وێنە یەکێک لە خزمەکانی هاتووە ئیش دەکات. بەم شێوە دێن، بەڵام بە گشتی منداڵی ســـەر شـــەقامن - منداڵی فرۆشـــیار یان ســـواڵکەر هەر کامیان بێ - منداڵی سەرشەقامبوون زۆر ناخۆشە، سەر و زمانی دەوێ، هەندێ پڕەنسیپی دەوێ کە هەموو منداڵێک نییەتی و لە کۆتاییدا ئەو منداڵانە پێیان وایە کە بە قازانجیانە کە لە کارگا بن، چونکە ئەو منداڵانەی کە لە کارگان فێری تەکنیکێک دەبن کە دواتر بۆیان سوودمەندە. کە لەگەڵ خۆشـــیان دەدوێی باش دەزانن کە ئەو منداڵەی کە لە شـــەقام ئیش دەکا داهاتی زیاترە، بەڵام دەڵێ من بە نیازم فێری شـــتێک بم؛ من چەند ســـاڵی دیکە دەبمە بەرگدوور، چەند ساڵی دیکە دەبمە فیتەر.

هەروەها دەبێ بڵێین کاتێک کە دایک و باوکەکان لەو باوەڕەدان کە منداڵەکانیان لە ڕێگەی خوێندنەوە لەولنەیە لە داهاتوودا کار نەدۆزنەوە، ڕۆڵەکانیان لە تافی منداڵییەوە

دەنێرێنە بەر کار. تەنانەت لە هەندێ لە ناوچەکاندا کە هەلەکانی کار بەتایبەت ئەو هەلانەی کە پێویستیان بە خوێندنە بوونیان نییە، ئەم بڕوایە لای دایک و باوکەکان زۆر تۆخە. ئەم منداڵانەی کە لەم بازاڕەدا کار دەکەن هەم ئێرانی و هەم ئەفغانستانین. ئەوان لە گەڕەکگەلێکی وەکوو فەرەحزاد، کەن، ئازادی و هەندێکی دیکە لە گەڕەکە باشوورییەکانی تارانەوە خەریکی ئەم کارەن. خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کارکردن لەم بازاڕەدا وەکوو ڕابردوو بە شێوەی نەریتی ئەنجام نادرێت؛ واتە پێویستی بە تێپەڕاندنی خولی فێرکاری و وەرگرتنی بڕوانامەیە. هەر بۆیە منداڵانی ئەفغنستانی بەتایبەت ئەوانەی بە شێوەی نایاسایی لە ئێرانن و ناسنامەیان نییە ناتوانن لەم خولانەدا بەشداری بکەن و بڕوانامە وەربگرن. ئەو منداڵانەی کە دێنە ناو کارەوە لە پێشدا زیاتر خەریکی کاری سووکەڵە دەبن، کارگەلی وەکوو خاوێنکردنەوەی دووکان، کردنەوە و داخستنی دووکان، دانی جەڕبادەر بە خاوەنکار، کۆکردنەوەی ڕۆنە سووتاوەکان، هێنانی پارچەی ئۆتۆمبێل لە دووکانەکانی دیکە و هتد. پاش ماوەیەک ئەوانە وردە وردە هەندێ کاری فیتەریی سادە، وەکوو کردنەوەی پێچەکان ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پاش شارەزابوون بە شێوەی پڕۆفیشناڵتر بێنە ناو کاری فیتەرییەوە. هەر بەم شێوە ئەوان لە سەرەتای کاردا هیچ حەقدەستێک وەرناگرن. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵە ئیشکەرەکان لە فیتەرییەکانی کەن، فەرەحزاد، ئازادی، پانزدەی خورداد، سادیقییە و سەعدی بەم شێوەیە:

| |
|---|
| خاوەنکار پارەم پێ نادات. لێرە شادگردانە لە خەڵک وەردەگرم. |

| |
|---|
| ئێستا 2 ملیۆن دەدەن، لە پێشدا من ماوەی سێ مانگ بێبەرامبەر ئیشم دەکرد، پاشان وردە وردە بوو بە 2 ملیۆن تمەن. |

| |
|---|
| مانگی 800 هەزار تمەن وەردەگرم. |

| |
|---|
| حەفتەی سەد هەزار تمەن وەردەگرم. من پێشتر لێرە ئیشم دەکرد ... . هاتمە دەرەوە، دیسان هاتمەوە ... . داخستن و کردنەوە، بەرزایی لێدان (ارتفاع) ئەمانە باش دەزانم. |

هەرچی منداڵان لە سەر ئەم کارە سەقامگیر و لێهاتووتر بن، ئەگەری ئەوەی کە

داهاتێکی زێدەتر وەدەست بێنن زیاترە.

| |
|---|
| لە پێشــدا هیچ نادەن، دەڵێن هاتووی بۆ شــاگردی. پاشــان کە کەمێک ئیش دەکەی پاش چەند مانگ تازە حەقدەستت پێ دەدەن. |

دەتوانین بڵێین بە پێچەوانەی باوەڕی گشتی کە منداڵان لە سەر شەقامەکاندا زیاتر توندوتیژی بەئەزموون دەکەن، ئەم تاقمە منداڵانەش لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە توندوتیژییەکی زۆر بەئەزموون دەکەن. هەڵبەت لە کەســێکەوە بۆ کەســێکی دیکە جیاوازە. گوایا لەم بازاڕەدا جۆرە فەرهەنگێک بەدەروونی بووە کە منداڵ دەبێ بە توندوتیژیی وتەیی و فیزیکییەوە فێری کار بێت! گێڕانەوەی منداڵێکی ئیشــکەر لە فیتەرییەکی گەڕەکی دەرکە لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| خاوەنکارێکمان هەبوو بە پێچبادەر لێی دەداین. ئیتر ئێمە نەملندەوێرا لەگەڵی تێک هەڵبچین. دەمانوت عەیبە ژیان ئەوە ناهێنێت. دەیوت باش کارەکان ڕاناپەڕێنن، گوێڕایەڵیم ناکەم. |

ماوەی کارکردن لەم کارەشــدا درێژخایەنە. منداڵان لە کاتژمێر هەشــت یان نۆی سەر لە بەیانییەوە دەست بە کار دەبن و هەتا نزیکەی 9 شەو بەردەوام دەبن. بەو پێیەی کە ئەم کارە لە کارە خزمەتگوزارییەکانە، ئەوان ڕۆژانی هەینیش هەتا کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ کار دەکەن. کەواتە پشوویان نییە. هەر بۆیە منداڵە ئیشکەرەکان لەم کەرتەدا ماوەی پشــوویان کەمە کە ئەمە زۆر ئە منداڵانە لە تافی منداڵی بێبەش دەکات. گێڕلنەوەی کۆمەڵێ منداڵی ئیشــکەر لە فیتەریی ئۆتۆمبێل لە گەڕەکەکانی فەرەحزاد و دەرکە لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئێمە لێرە هەر خەریک ئیشــین؛ هەینیانیش دێین هەتا کاتژمێر یەک و دووی پاشنیوەڕۆ ئینجا دەڕۆینەوە بۆماڵەوە، ڕەنگە تۆ پێنیش بکەین. |

| |
|---|
| کاتژمێر هەشــت و نیوی بەیانی دێم هەتا شــەش و حەوت. هەر ڕۆژانی هەینی پشوومان هەیە. |

| |
|---|
| لە هاویناندا لە کاتژمێر نۆی بەیانی هەتا نۆی شــەو، نیوەڕوانیش بۆ نانی نیوەڕۆ دەڕۆمــەوە بۆ مــاڵی خۆمــان، بــەڵام کــە قوتــابخــانــە بکرێتــەوە لــە کــاتژمێری یــەکی |

نیوەڕۆوە دێم.

هەموو ڕۆژێک دێم. ڕۆژانی هەینیش نۆ دێم هەتا کاتژمێر دوو. ڕۆژانی پشـــوو دەچم بۆ یاری یان پارک.

یەکێک لە یاریدەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێن‌جی‌ئۆیەکی شـــاری ڕەی، کە لەگەڵ منداڵانی کار لە پەیوەندیدایە، ســـەبارەت بە کاتژمێری کاریی ئەم منداڵانە لە فیتەرییەکاندا دەڵێ:

فیتەرییەکان کاتژمێری کارییان لە نۆوە دەست پێ دەکا و هەتا حەوت و هەشتی شەو بەردەوامن و ئەوانەی دەخوێنن بەیانان دەچنە قوتابخانە و پاشنیوەڕوان دێنە سەر کار و هەشیانە کە بۆ پارەی گیرفانی خۆیان کار دەکەن و پارەکە دەچێتە گیرفانی خۆیان بەڵام هەندێکیشیان کە هەژار و نەدارن پارەکە وەک کۆمەک‌خەرجێک دەدەن بە دایکیان.

لەم کارەدا بەشـێکی بەرچاوی کار نەک لە ناو دووکان بەڵکوو لە دەرەوەی دووکان ئەنجام دەدرێت. هەر بۆیە منداڵەکان ســـەرما و گەرما بەئەزموون دەکەن. ئەوان جیازاتی خۆپارێزی و جل‌وبەرگی کاریان نییە، چونکە جل‌وبەرگ و جیازاتی خۆپارێزی بۆ ئەوان دەست ناکەوێت. بیمەی ڕووداوکەوتنەوە ئەم منداڵانە ناگرێتەوە و ئەگەر تووشـی ڕووداو ببن، خاوەن‌کار بەرعۆدەی هیچ خەرج و تێچوویەک نابێت. لە هەندێ کاری وەکوو ڕۆن‌گۆڕی یان سافکاری، دەست و جل‌وبەرگەکانیان زۆر پیسە و هەر ئەمە لەوانەیە بێتە هۆی وازهێنان لە کار. منداڵێک کە لە یەکێک لە فیتەرییەکانی گەڕەکی تەجریش کار دەکا ســـەبارەت بە ئەزموونی پێشـــووی خۆی لە کارکردن لە ڕۆن‌گۆڕی بەم شێوە دوا:

ڕۆن‌گۆڕی پیسە، جل‌وبەرگ و دەستت چەورە. دەچمەوە بۆنی ڕۆن دەدەم. ئیتر وتم بە کەڵک نایە، وازم هێنا.

بە هۆی ئەوەی منداڵان دەسـتیان بچووک و ناسـکە لەم بازاڕە و لە کاری دیکەدا بەسـوودن. بۆ وێنە دەســتە بچووک و ناسـکەکانیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشـاییەکان، یان زانووسقە لە سافکاری، یان کردنەوەی پێچ لە نێوان ماتۆڕ، ئەو شـوێنانەی کە کەسانی گەورەسـاڵ ڕەنگە نەچنە ناوی، زۆر بەسوودە. خاوەن‌کارەکان هەندێ جار داکۆکی لەم منداڵانە دەکەن و پێیان خۆشـــە ئەوان درێژە بە خوێند بدەن، تەنانەت ئەوان زۆر

کەیفساز دەبن کاتێک شتێک بە منداڵێک فێر دەکەن. زۆر جار خاوەنکارەکان لە تافی منداڵییەوە هاتوونەتە ناو ئەم بازاڕەوە و ئێستا بۆ خۆیان بوونەتە خاوەن دووکان و گاراژ. گێڕانەوەی یەکێک لەم خاوەنکارە پیشەدارانە لە گەڕەکی فەرەحزاد بەم شێوە بوو:

> ئێمە خۆشمان لە منداڵییەوە هاتووینەتە ناو ئەم بازاڕەوە، وەکوو ئەم منداڵانە. هەموو ئەمانەمان بە ئەزموون کردووە.

لە هەندێ حاڵەتدا خاوەنکارەکان لە ڕووی وتەیی و فیزیکییەوە منداڵان ئازار دەدەن و بە هەڵچوون و جنێوەوە داوای کارێک لە منداڵەکان دەکەن کە هەر ئەمە دەبێتە هۆی ڕەنجانی زۆربەی منداڵەکان و بێگومان کاریگەریی دەروونیی خراپ لە پاش خۆی بە جێ دێڵێت. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە یەکێک لە فیتەرییەکانی گەڕەکی پاسداران ئیشی دەکرد لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

> خاوەندووکان هەڵسوکەوتی باش نەبوو. بۆ وێنە ئەگەر بیویستایە بڵێ دا ئەو جەڕوادەرەم بۆ بێنە، دەیوت هۆو هەتیو لەگەڵ تۆمە! و جوێنی دەدا. منیش جەڕوادەرەکەم تووڕ دەدا و بە یەکجاری هاتمە دەرەوە. پێشتر حەفتەی 70 هەزار تمەنم وەردەگرت، نیوەشی نەدەدا دەیوت هەفتەکەی دیکە دەتاندەمێ.



وێنەی منداڵێکی ئیشکەر لە فیتەریی سافکاری (وێنە: ماڵپەڕی نەسیم)

**کارکردن لە لەحیمکاری و مادە خەسارچووەکان**

بەو پێیەی کە ئەم دوو کارە خاڵی لێکچوونیان زۆرە، بە شێوەی هاوبەش تاوتوێ دەکرێن. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە دەچنە ناو کەرتی لەحیمکارییەوە خۆیان یان بنەماڵەکەیان وەک فێربوونی پیشەیەک بۆ داهاتوو لەم کارە دەڕوانن. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی ئیشکەر لەم کەرتەدا لە گەڕەکی خەلازیر بەم شێوەیە:

| |
|---|
| باوکم وتی ئەمە باشە، شتێک فێر دەبی، دواڕۆژ بە کەڵکت دێت. سەرەتاکان پارەی کەمیان دەدا، مانگی 200 یان 300 هەزار. پاش کەمێک فێر دەبی دەبێتە 700 هەزار یان ملوێنێک. |
| ئیش دەکەم، چونکە باوکم لێرە ئێمەی گەورە کردووە. ئێستا دەمەوێ بۆ خۆم داهاتێکم هەبێت. هاتوومەتە لەحیمکاری کە فێری کارێک ببم. |

ئامانجی منداڵان و دایک و باوکەکانیان لە چوونە ناو کاری لەم چەشنە ئەوەیە کە لە ماوەی تێپەڕاندنی خولێک، منداڵ لە قۆناغی شاگردەوە ببێتە وەستا و بۆ خۆی کار بکات. منداڵان لە پێشدا بە کاری سووکی وەکوو گواستنەوەی پارچەی ئاسن و درگا و پەنجەرە، دەست بە کار دەبن و ئینجا فێری کارکردن بە دەزگای لەحیمکاری دەبن. زۆربەی منداڵە ئیشکەرەکان لەم کەرتەدا ئامرازی خۆپارێزییان نییە و تەنانەت هەندێکیان لە کاتی لەحیمکاریدا چاویلکەی تایبەت بە کار نابەن کە لەوانەیە چاوەکانیان زیانی پێ بگا، بەڵام لەوە دەچێ ئەمە بەشێک لە ڕەواڵەتی ئاسایی ئەم کارە بێت. بە هۆی کارکردن بە دەزگاکانی دیکە، وەکوو دەزگای بڕین، شوێنی کاری ئەم منداڵانە بەتایبەت لە وەرزی هاویندا زۆر گەرمە. لە زۆربەی کاتەکاندا، شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵەکان بەشێک لە دووکان یان هۆدەیەکە کە لە سەر دووکانە و زۆر پیس، خەفەخان، کونجڕ و مەترسیدارە. بە گشتی ڕەوتی فێربوونی ئەم کارە بۆ منداڵەکان سەختە و بەو پێیەی کە هێزی فیزیکیی تەواویان نییە، لە کاتی گواستنەوەی پارچە ئاسنەکان زەختێکی زۆریان لە سەرە. منداڵێکی تەمەنی چواردە ساڵان کە لە یەکێک لە کارگەکانی باشووری شاری تاران کاری دەکرد سەبارەت بە زیانەکانی ئەم کارە وتی:

| |
|---|
| زۆربەی شەوان کە دەچمەوە لەبەر کزانەوەی چاوم هەتا بەیانی خەوم لێ ناکەوێ و دەگریم ... دایکم پەتاتەم بۆ لە ڕنە دەدا، بە دەستماڵێک لە سەر چاومی |

| |
|---|
| دادەنێ، کەمێک ئاهۆن دەبمەوە، هەموو شـەوێ دەڵێم لە بیانییەوە ناچمەوە، زۆر ئازار دەکێشـم. بەڵام چی بکەم؟ چیم لە دەسـت دێ؟ دایکم خۆ ناتوانێ بە تەنیا کرێی ماڵ بدا و خەرجمان بکێشێت. |

منداڵێکی دیکە کە لە ئاسنگەری لە گەڕەکی کەهریزەک کاری دەکرد سەبارەت بە زەخت و دژوارییی کارەکەی وتی:

| |
|---|
| ئاسـن دێ دەبێ دایبگری، دەبێ ئەمانە بێنیە ناو دووکان. ئیتر هەمووشـیان قورسن، زۆر ناخۆشە. پیاو زەختی لێ دەکرێت. |

بەو پێیەی کە شـوێنی نیشـتەجێبوونی هەندێ لەم منداڵانە لەگەڵ شـوێنی کارەکەیان یەکە، هەموویان بۆ کارکردن لەبەر دەسـتن و پشـوو و کاتی بێکارییان نییە. چالاکی لە کەرتی شـتە خەسـارەچووەکانیش لە پاڵ لەحیمکاری و بڕینە. منداڵانی چالاکی ئەم کەرتە لەوانەیە لە ناو شـار مادە خەسـارچووەکان کۆ بکەنەوە و ئەوەی کۆیان کردۆتەوە بیبەنە گەڕەکی خەلازیر کە لە باشووری شاری تارانە لەوێ بیفرۆشن. خەلازیر بازاڕی گەورەی کڕین و فرۆشتنی مادە خەسارەچووەکانی تارانە. هەندێ جار منداڵەکان لەوانەیە داشـقە لە خاوەنکار یان دووکاندارەکان بە کرێ بگرن و مادە خەسـارچووەکان کۆ بکەنەوە. ئەو منداڵانەی کە لەم بازاڕەدا ئیش دەکەن زۆربەیان لە پاڵ مادە خەسـارەچووکان، لە هۆدەیەکی بچووکدا دەخەون کە زۆر پیس، خەفەخان و کونجڕ و پڕ لە پیسـییە کە بێگومان کاریگەریی نەرێنی لە سـەر دەروونیان دادەنێت. ئەوانەی کە لە ناو دووکانی مادە خەسـارچووەکاندا کار دەکەن جۆرە مادە خەسـارچووەکان جیا دەکەنەوە، مادەی خەسـارچووی وەکوو ئاسـن، ئالْمینیۆم، مس، زینک، چۆدەن و هتد. لە کاتی ئیشکردندا لەوانەیە بدرێن بە عەرز و یان ئاسنەواڵەیان بە سـەردا بکەوێ و بریندار بن. ئەو برە حەقدەسـتەی کە وەردەیگرن ڕێژەیی و پوورسـانتییە؛ ولتە ئەگەر خەسـارچووی زیاتر بۆ خاونکار کۆ بکەنەوە، پارەی زیاتر وەردەگرن و هەندێ جاریش لەوانەیە شـاگردانە لە پێشـنیاردەر وەربگرن. دوو کەس لە منداڵە ئیشـکەرەکان لە بازاڕی مادە خەسـارەچووەکانی خەلازیر سـەبارەت بە داهاتەکەیان وتیان:

| |
|---|
| کار زۆر بێ، داهاتیش زیاتر دەبێت. |

ئیتر ئیش بۆ خۆمان دەکەین، هەرچی ئیشی زیاتر بکەین پارەی زیاتر وەردەگرین.

ئەو منداڵانەی کە لە گاراژی مادە خەساچووەکاندا کار دەکەن لەوانەیە منداڵانی دیکە دابمەزرێنن بۆ ئەوەی مادە خەسارچووەکانیان بۆ کۆ بکەنەوە یان خۆیان ئەم کارە بکەن و بە فرۆشتنی مادە خەسارچووەکان داهاتیان زیاتر بکەن. ئەوان ئەو کاتەی کە خەسارچووەکان دەبەنە خەلازیر، کەلوپەلەکانیان بۆ دووکاندارەکان دەخەنە ڕوو و هەر کەس پارەی زیاتری دا بەوی دەفرۆشن. هەر بۆیە ئەم منداڵانە فێر دەبن کە لە هەڕەتی منداڵییەوە چەنە لێ بدەن و کاڵاکانیان بە نرخێکی زیاتر بفرۆشن. منداڵێک کە لە بازاڕی خەلازیر بۆ ئەوەی خەسارچوەکانی بفرۆشێ بە شوێن مشتەریدا دەگەڕا سەبارەت بە شێوازی بازاڕدۆزییەکەی وتی:

کێ بە نرخی زیاتر لێمان بکڕێ بەوی دەدەین. بۆ وێنە چەند دووکان دەگەڕین نرخەکان دەپرسین، کێ زیاتر پارە بدا بەوی دەفرۆشین.

دوو کەس لە منداڵە ئیشکەرەکان لەم کەرتەدان بەم شێوە ئاماژەیان بە مەترسیی کارەکەیان کرد:

داگرتن ناخۆشە، زەختمان لە سەرە، درگاکان قورسن، گواستنەوەیان ناخۆشە. ئێستا ڕاهاتووم.

مەکینە مەترسیدارە. بۆ وێنە شتێک دەخەی، دەبینی دەستت دەچەقێتە ناوی، ئیتر ئاسنە مەرسیدارە.



وێنەی منداڵێکی ئیشکەر لە کارگەی لەحیمکاری کە خەریکە کار بە مەکینەی فرێز دەکا (وێنە: هەواڵدەریی ئیرنا)

**گواستنەوەی بار بە داشقە**

گواســتنەوەی بار بە داشــقە یەکێک لەو کارانەیە کە منداڵانێکی زۆر خەریکیین. ســێ شــوێنی ســەرەکی هەیە کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان لەوێ بە ئارەبانە و داشــقە ئیش دەکەن: لە بازاڕی گەورەی تاران کە بەشـێکی بەرچاوی منداڵەکان لەوێ ئیش دەکەن؛ لە ناو بازاڕەکانی گوڵ وەکوو بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تاران؛ لە ترمیناڵەکانی گواستنەوە کە ڕێژەیەکی کەمی منداڵان لەوێ کار دەکەن.

وەکوو زۆربەی کارەکانی دیکە، منداڵان لە ڕێگەی تۆڕی دۆســت و خێزانەوە دێنە ناو ئەم کارە. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە بە داشــقە ئیش دەکەن منداڵانی ئەفغانین. هەڵبەت منداڵانی ئێرانیش لە ئێتنیکە جیاجیاکانی کورد، تورک، لوڕ بەتایبەت لە شاری کۆدەشـت خەریکی ئەم کارەن. منداڵانی ئێرانیی ئیشکەر لەم کەرتەدا زیاتر لە بازاڕی گەورەدا کار دەکەن. کارکردن لەم کەرتەدا چالاکییەکی ڕێک خراوە، واتە هەندێ لەو کۆمپانیانەی کە لەگەڵ شـارەوانی گرێبەسـتیان بەسـتووە چاودێری بە سـەر کاری ئەو داشــقانەدا دەکەن کە لە بازاڕی گەورە و بازاڕی گوڵن. بۆ وێنە داشــقەکانیان تاپۆدار دەکەن، یان جلوبەرگی کاری تایبەت و دیارکراویان پێ دەدەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان فەرمیدان بە کاری منداڵانە. ئەو جلوبەرگی کارانەی کە دەدرێ بە منداڵان زۆر جار بۆیان گەورەیە و منداڵان لە پۆشــینی جلوبەرگی گەورە و هەراو قەڵســن. هەڵبەت ئەم کێشــە لە هەموو ئەو بازاڕانەی کە منداڵان ناچار بە پۆشــینی جلوبەرگی فۆڕمن، بوونی هەیە، وەکوو کارکردن لە تەڕمبار. ئەگەر لە شــەقامەکلندا ســەرنجی ئەو منداڵانە بدەین کە لە ژێر چاودێریی پەیمانکارانی شــارەوانی کار دەکەین، زۆر بە ئاسانی ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت.

منداڵان بۆ ئەوەی بتوانن لەم کەرتەدا کار بکەن، دەبێ بە شـێوەی مانگانە بڕە پارەیەک بدەن بەم کۆمپانیانە کە ئەمە خۆی جۆرێک فەرمیدان بە کاری منداڵانە. منداڵێک کە لە بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا بە داشقە کاری دەکرد وتی:

> لێرە کەسێک هەیە کە لە پێشـەوەی بازاڕدا دادەنیشـێ، لەو ژووورە کە پێی دەڵێن شــۆڕا. ئەو جلوبەرگمان پێ دەدا، 400 هەزار تمەن لە پێشــدا دەدەین بۆ ئەوەی ئەم هێلەکلنە وەربگرین. ئینجا مانگانە بڕی 300 هەزار تمەن دەدەین کە لێرە ئیش بکەین.

منداڵێکی دیکەش کە بە داشـقە لە بازاڕی گەورە کاری دەکرد سـەبارەت بە پێدانی

پارە بۆ جل‌وبەرگی کار وتی:

> لێرە کرێیان پێ دەدەین. سەری مانگ بە بڕی 700 هەزار تمەن جل‌وبەرگمان پێ دەدەن بۆ ئەوەی بتوانین ئیش بکەین.

زۆربەی منداڵانی دیمانە لەگەڵ کراو هۆکاری هاتنیان بۆناو ئەم کار دەگەڕلندەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم ئەوەی کە پێویستی بە لێهاتوویی نییە و بەو پێیەی کە شارەزاییان نییە ناتوانن کاری دیکە بکەن و ئەم کارە پێویستی بە کەمترین لێهاتوویییە. هەروەها ئەم کارە نەختییە و منداڵان ڕۆژانە داهاتێکی دیاریکراویان هەیە. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانیان بۆ چوونەناو ئەم کارە ئازادیی کردەیی چاکترە کە ئەم ئازادییە لە کاردا هەیە. بۆ وێنە هەندێکیان بە هۆی نەبوونی ئەم ئازادیی کردەییە و قەتیس‌کران لە لایەن خاوەنکارەوە، وازیان لە کارەکەیان یان کاری پێشوویان بەتایبەت کاری کارگایی هێناوە و هاتوونەتە ناو ئەم کارەوە. گێڕانەوەی دوو کەس لە منداڵە داشقەچییەکان کە لە بازاڕەکانی گوڵی ئیمام ڕەزا و مەحەلاتی کاریان دەکرد بەم شێوە بوو:

> ئەمەش کارە. کار نییە ئەی چی بکەین؟ کاری دیکە نازانم، هەر ئەم داشقەچێتییە دەزانم.

> پێم خۆش نییە کەس بە سەرمدا بگوڕێنێت. لێرەدا هەر کەس ئیش بۆ خۆی دەکات.

وەک وترا، ئەم کارە تا ڕادەیەک ڕێک خراوە و ئەو منداڵانەی کە مل بە بنەماکانی کار نەدەن هۆشدارییان پێ دەدرێت. بۆ وێنە پشکنەرەکانی کۆمپانیا بە ناو بازاڕدا دەگەڕن و چاودێری دەکەن و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو منداڵانە دەکرێ کە بە گوێرەی ڕێساکانی کار ئیش نەکەن. لەم کارەشدا سێبەری "شارەوانی" و ئەفسەرانی شارەوانی لە سەر منداڵانە و هەندێ کێشەی لێ دەبێتەوە. لەم بارەوە گێڕلنەوەی دوو کەس لە منداڵانی ئیشکەر لەم کەرتەدا بەم شێوە بوو:

> جارێکیان داشقەکەم کە شتی تێدا بوو لێیان ستاندم. جارێکیان پێیان نەدامەوە. وتی ئەو شوێنەمان پێ بڵێ وا پێی داوی منیش ئادرەسەکەم نەمدا.

> بەم پارە چۆن 40 هەزار تمەن بدەم بە کاڤێر؟ هەر جارێک کە دەست بە سەر داشقەکەمدا دەگرن، دەبێ 70، 80 هەزار تمەن جێبەجێکردن بکەم بۆ ئەوەی

داشـقەیەکی نویێ بکڕم. هێشـتا ئەم داشـقانە هەرزانن گەوەرکان خۆ لە کڕین  نایەن .[5]

یان لەوانەیە لە هەندێ گەلاڵەی ڕێکخستن کاری منداڵان قەدەغە بکرێت؛ وەک منداڵێک کە لە بازاڕی گوڵدا کاری دەکرد وتی:

جلوبەرگ و عارەبانەیان پێنەدام، وتیان منداڵی.

و هەندێ جار لەوانەیە گەلاڵەی چاودێری بە سەر داشقەکان هەڵبووەشێتەوە و ئیتر چاودێری بە سەر داشقەکان نەکرێت.

ئەوان جاران گیریان بە تاپۆ دەدا؛ مانگانە بڕی 30 هەزار تمەنیان وەردەگرت، ئێستا ناهێڵن. دوو ساڵە شارەوانی کۆی کردۆتەوە. ئێستا هیچیان تاپۆیان نییە. بەڵێ ئێستــا تاپۆیان لێ دەدا. نا ئەگەر تاپۆی هەبایە شــارەوانی دەیبرد. ئێســتا هی شارەوانییە. ئێستا دەستی بە سەر ناگرێ، چیتر نایەت.

منداڵە ئیشـکەرەکانی ئەم بازاڕە بە دوو شـێوە کار دەکەن: ئەوان داشـقەکە یان خۆیان دەیکڕن یان بە کرێی دەگرن؛ لە حاڵەتی دووهەم لەوانەیە بۆ خاوەنکار یان دووکلندار کار بکەن و بارەکانیان بۆ بگوازنەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا منداڵان لە شـوێنێکی تایبەت کۆ دەبنەوە و چاوەڕێی مشــتەریین کە بۆ ماوەیەک بۆ گواسـتنەوەی کاڵاکان کاریان پێ بکەن یان لە ناو بازاڕدا دەخولێنەوە و چاوەڕێی مشــتەریین. ئەم تاقمە منداڵانە بڕی داهاتی ڕۆژانەیان لە ڕۆژدا بگۆڕە و بەو قەبارە بارە بەســتراوەتەوە وا دەیگوازنەوە. بەڵام ئەو منداڵانەی کە کار بۆ دووکاندارەکان دەکەن بڕە داهاتێکی نەگۆڕیان هەیە و خاوەنکار داشقەیان بۆ دابین دەکا و ئەگەر داشقە بە هەر هۆکارێک ڕاگیرا، لەوانەیە لە لایەن خاوەنکارەوە سەرکۆنە بکرێن و سزا بدرێن. گێرانەوەی دوو کەس لەو منداڵانەی کە لە بازاڕی گەورە کاریان دەکرد سـەبارەت بە بوونی هێزەکانی شـارەوانی بەم شـێوە بوو:

کە دێن داشــقەکەمان دەخەنە ناو ئۆتۆمبێلەوە. خاوەنکار دێ دەڵێ دەســتیان خۆش بێ، خەتاتە، تۆ وا دەکەیت.

دەڵێن لێرە ڕامەوەســتن ... پارەیان پێ دەدەین، ئێســتا لێرە نین، ڕۆشــتن زوو ڕۆشتن.

یان لە بازاڕ بە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە زۆر چاودێرییان لە سەرە لەوانەیە بە توندی بەرەنگاریان ببنەوە و لە ئەگەری لێوەشانەوەی هەر هەڵەیەک لە لایەن منداڵ، چاودێر یان سەرکرێکار لەوانەیە هەڵسوکەوتی زۆر نەشیاویان لەگەڵ بکات. منداڵێک کە لە بازاڕی گەورە کاری دەکرد سەبارەت بە شێوەی هەڵسوکەوتی سەرکرێکارەکەی وتی:

| |
|---|
| سەرکرێکار دەگورێنێت. بۆ وێنە دەبێ داشقە لێ بخورێ، شەڕ دەکا جلوبەرگەکەت دادەکەنێت. |

خاڵی سەرنجڕاکێش لەم کارەدا ئەوەیە کە کەسانی خاوەن پێشینە لەوانەیە تازەهاتووەکان دابمەزرێنن و داوایان لێ بکەن کە کاریان بۆ بکەن. و بەم شێوەی ڕێژمیەک لە بڕی داهاتی ئەم منداڵە تازەهاتوولنە بۆ خۆیان هەڵدەگرن. دوو منداڵ کە لە بازاڕی پەردەفرۆشانی گەڕەکی هەڕەندی کاریان دەکرد لەم بارەوە وتیان:

| |
|---|
| 40 هەزار تەمن وەردەگرین 20 دەدا بە من و 20ـیش بۆ خۆی هەڵدەگریت. |
| بۆ وێنە ئەگەر 10 هەزار تمەن بێ، 3 هەزار تەمنی هی ئەوە. 7 هەزار تمەنی هی منە. |

لە کاریشدا ڕکابەرییەکی زۆر بەدی دەکرێ و منداڵان پێکەوە ڕکابەری دەکەن. ئەوەی کە کێ باری مشتەری بگوازێتەوە و داهاتێکی زیاتری لە درێژەی ڕۆژدا هەبێت. منداڵێک کە لە بازاڕی ناسر خەسرەو کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| دوێنێ هاتم بارەکەم بگوازمەوە، داشقەیەک هات. پێم وت لاچۆ، من بارەکەم وەرگرتووە، دەڵێ نا من بە 5 هەزار تمەنم دەیبەم. دەڵێم من بارەکەم وەرگرتووە، بە خاتوون دەڵێ نا دادە گیان کوێ دەڵێی بە 5 هەزار تمەن بۆت دەبەم. هیچ ئیتر بردی. |

ئەم ڕکابەرییە جاری وایە سەر بۆ شەڕ و پێکدادانیش دەکێشێت. هەندێ جار، هەندێ لەم منداڵانە لەوانەیە ببنە قۆچی قوربانی و بەلاگەردان کە زۆر جار ئەوە منداڵە ئەفغانستانییەکانن دەبنە بەلاگەردان. شەڕ و ناکۆکییەکی بەرچاو لە نێوان منداڵانی ئێرانی و ئەفغانستانیدا هەیە و زۆر جار منداڵە ئێرانییەکان لەوەی کە بێڕێزی منداڵە

ئەفغانســـتانییەکان بکەن و ڕێگە نەدەن بارەکەیان بگوازنەوە زۆر بێباکن. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵە ئیشـــکەرەکان لە بازاڕی گەورە لە بواری ڕکابەری و تێکهەڵچوون و لێکدژیی ئێتنیکایەتی بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئەرێ هەموو ڕۆژە شـــەڕە، من لەگەڵ کەســـێ وڵات پاکژ دەکەمەوە، ئەو دێ دەڵێ بووەســـتە، من دەڵێم 20 هەزار تمەن ئەو دەڵێ 10 هەزار تەمن. ئیتر دەبێتە شەڕمان ... |

| |
|---|
| لوڕ و کورد زۆرمان هەراســـانمان دەکەن؛ ئەگەر بارمان هەبێ ناهێڵن، دێن دەڵێن ئێمە ئێرانین. دەڵێن وڵاتی خۆمانە. کەڵەگایی دەکەن وڵاتی خۆیانە. |

| |
|---|
| داشـــقەچییە ئێرانییەکان ئازارمان دەدەن؛ جوێنمان پێ دەدەن، پێمان دەڵێن ئەڤغانی. |

| |
|---|
| لەگەڵ منداڵە ئێرانییەکان تێک هەڵناچین، وڵاتی خۆمان نییە، ئیتر. ئەوان قسـە دەکەن و ئێمە سەر دادەخەین و دەڕۆین. ئیتر دەبێ گیرێک بدەن. |

شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵە ئیشکەرەکان لەم بەشەدا دوو بەشە: هەندێ لە لای بنەماڵەکانیان لە گەڕەکە باشـــوورییەکانی تاران ژیان دەکەن و شـــەولنە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. کاتێک کە دەگەڕنەوە بۆ ماڵەوە، داشـــقەکانیان لە بازاڕ بە جێ دێڵن کە لەوانەیە لە شـوێنێک بیبەستنەوە یان لەوانەیە لە ناو یەکێک لە پاسـاژەکاندا دایبنێن و بە شێوەی مانگانە بڕە پارەیەک وەک کرێ بەم پاسـاژانە بدەن. تاقمی دووهەم ئەو منداڵانەن کە بە دوور لە خێزانیان کار دەکەن و شـەوانە لە پاســاژدا ڕۆژ دەکەنەوە، هەندێکیان لە وەرزە گەرمەکان و هاویندا لەولنەیە هەر لە ســـەر ئەو داشـــقلنە بخەون. ئەم تاقمی منداڵانە زۆریان دووکارییین، هەندێکیان لەولنەیە بەیانی بە داشـــقە ئیش بکەن و شـــەو لە ناو پاســـاژدا کاری نگلبانی و درگاوانی بکەن. دوو کەس لەو منداڵانەی کە بە داشـــقە لە بازاڕی کوێتییەکاندا کاریان دەکرد لەم بارەوە وتیان:

| |
|---|
| ئەوانیش وەکوو خۆمان لە بازاڕدا داشـــقەچێتی دەکەن؛ بە ڕۆژ بار دمبەن و بە شەویش درگاوانن. |

لە کۆگای پاساژ  دەخەوین.

لەو سەختی و گیر و گرفتانەی کە منداڵان لەم کارەدا بەئەزموونی دەکەن، دەتوانین ئاماژە بکەین: ماوەی زۆری کار، گواستنەوەی باری قورس و زیان گەیشتن بە ماسوولکەکان، کارکردن لە بەر گەرما و سەرما، کارکردن لە ناو قەرەباڵغیی حەشیمەت و هەروەها گرژی و تێکهەڵچوون لەگەڵ شارۆمەندان بە هۆی گواستنەوەی بار لە ناو ئەواندا، ڕکابەری و تێکهەڵچوونی منداڵەکان لە ناو خۆیاندا و هەڵسوکەوتی ناوەندە چاودێرییەکان لەگەڵیان. هەندێ جاریش بە هۆی قورسیی بار و پیادەڕیی درێژخایەن لە درێژەی ڕۆژ لەگەڵ گواستنەوەی بار لەوانەیە لە ماوەی شەودا قاچکانیان زۆر بێێشێ کە هەر ئەمە خەوی خۆش لە چاویان دەتۆرێنێت. کۆمەڵێک منداڵی ئیشکەر لە شەقامی لالەزار و شەقامی پازدەی خورداد سەبارەت بە دژواریی ئەم کارە وتی:

بارەکە قورسە ...، ئەزیەت بووم. جارێک بەرزم کردەوە، پشتم زۆر ئێشا، ئیتر دوو جار کردم و ئیتر بارم وەرنەگرت.

پیاو وەڕەز دەبێ، مرۆڤ زۆر ئازار دەبینێ، شەکەت دەبیت. بەیانی کاتژمێر 9 دەبێ لە خەو ڕاپەڕی و بەیتە ئێرە هەتا نۆی شەو، ئیتر ناخۆشە.

تەنێک بار دەخەیتە سەر داشقە، بەو گەرمایە، عارەقە دەکەی، بار دەکێشی، ئیتر ئەمانە ناخۆشە.



وێنەی منداڵانی داشقەچی لە بازاڕی گەورەی تاران (وێنە: توێژەر)

## کارکردن لە کوورەی خشتپێژی

کارکردن لە کوورەی خشـتپێژی کارێکە کە لە کۆنەوە منداڵان کاریان تێدا کردووە و لە لایەن میدیاکان و چالاکوانانی بواری منداڵ و کارەوە زۆر بەرسـەرنج بووە. ئەم کوورەخانانە زیاتر کەوتوونەتە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای شاری تاران. هەڵبەڵت لە ڕابردوودا هەندێ گەڕەکی وەکوو دەروازەی غار یان هەڕەندیی ئێستا شـوێنی ئەم کوورەخانانە بووە، بەڵام لەگەڵ گەشەسـەندنی شـار، کوورەخانەکان براونەتە دەرەوەی شـار. کوورەخانەکانی شـەمسـاباد لە باشـووری ڕۆژئاوای تاران یەکێک لەو شـوێنانەیە کە ڕێژمیەکی زۆری منداڵانی کار لەوێ کار و تەمنلنەت ژیان دەکەن. بەڕێز قاسـمی، بەڕێوەبەری گشـتیی دامەزراوەی هەمیاری، سـەبارەت بە بارودۆخی کوورەخانەکانی خشتپێژیی شەمساباد بە هەواڵدەریی بورنای وتووە:

لە کوورەخانە خشـتپێژییەکانی شـەمسـاباد نزیکەی بنەماڵە 150ژیان دەکەن. ئەم مەڵبەندە دەکەوێتە گەڕەکی 18 تاران. حەشیمەتی ئەم 150 خێزان و 600 کەسە کە لەم ڕێژە، نزیکەی 220 منداڵی تەمەنیان دوو بۆ هەژدە سـاڵانن. هەر بنەماڵەیەک بە شـێوەی مامناوەند سـێ بۆ چوار منداڵی هەیە. نزیکەی 18 کوورەی خشـتپێژی لە سنووری شـەمسـاباد بوونی هەیە کە نزیکەی شـەش دانەیان بەردەوامن. 60 بۆ 70 لە سـەدی ئەو بنـەماڵانـەی کە لێرە ئیش دەکەن ئێرانین و ئەوانی دیکە ئەفغانیین. ئەو ئێرانییانەی کە لێرەدا ئیش دەکەن، زیاتر خەڵکی پارێزگاکانی خوراسـانی باکووری، خوراسـانی باشـووری و خوراسـانی ڕەزەویین. کورد و لوڕ لەو ئێتنیکانەن کە لەم ناوچەدا ئیش دەکەن [6].

زۆرێک لەم کوورەخانانە لە حاڵەتی نەریتییەوە بۆ حاڵەتی میکانیزە گۆڕاون و کەمتر پێویستیان بە کاری منداڵان و ژنانە، بەڵام هێشتاش بەشێکی زۆریان بە شێوەی نەریتی کار دەکەن. ئیشکردن لەم کوورەخانانە زیاتر بە شـێوەی خێزانییە و منداڵان زیاتر بە شـێوەی خێزانی ئیش دەکەن. هەر ئەمە وای کردووە منداڵەکان هیچ دەسەڵاتێکیان بە سەر داهاتەکەیاندا نەبێ و خاوەنکار ڕاستەوخۆ حەقدەستەکەیان بدا بە سـەرپەشـتیاری بنەماڵە یان باوکیان. دووان لەو منداڵانەی کە لە کوورەخانەکانی باشووری شاری تاران ئیش دەکەن، سەبارەت بە داهاتەکەیان وتیان:

| |
|---|
| پارەکە نازانم، دەیدەن بە باوکم. باوکم وەریدەگرێ و خەرجیماڵەوەی دەکات. |

باوکم لە کاتژمێر سـێی بەرەبەیانییەوە دێ هەتا حەوت و هەشـتی بەیانی. هەشـت دێ بەرچایی دەخوا هەتا نۆ و ئینجا هەتا کاتژمێر 1 ئیش دەکەن. ئێمەش 9 دێینە سەر کار هەتا یەک. یەک هەتا سێ پشوو دەدەین. دیسان هەتا پێنج ئیش دەکەینەوە. کاتژمێرێک چا دەخۆینەوە هەتا هەشـت ئیش دەکەین. نازانم حەقدەستمان چەندەیە.

یەکێک لە منداڵەکان سـەبارەت بە هۆکارەکانی کارکردنی خۆی لە کوورەخانەی خشتپێژیی شەمساباد دەڵێ:

زسـتانان لەبەر ئەوەی دایکم دەفتەر و کتێبمان بۆ دەکڕێ ئیش دەکەین. پارەکە باوکم وەریدەگرێ ... خشتەکان دەژمێرن و ئینجا پارە دەدەن.

پرۆسـەی بەرهەمهێنانی خشـت لە کارخانە نەریتییەکاندا چوار قۆناغ لە خۆ دەگرێت. ئەم چوار قۆناغە بریتییە لە: بەرهەمهێنانی خشـت، گواسـتنەوەی خشـت بۆ ناو کوورە، پێژاندنی خشـت و کردنی بە خشـت و گواسـتنەوەی خشـت بۆ دەرەوەی کوورەخانە. منداڵان زیاتر لە بەشی یەکەمدا کار دەکەن [7]. بەشێکی زۆری منداڵان و ژنان لەم کەرتەدا خشـتەکان لە ناو قاپۆڕەکانیان دەردێنن و بە ڕیز دەیانچنن. وەک وترا، کارکردن لەم کوورەخانانەدا زیاتر بە شـێوەی بنەماڵەییە. کچێکی مێرمنداڵ کە لە یەکێک لە کوورەخانەکانی شەمساباد کار دەکا سەبارەت بە کارەکەی دەڵێ:

بنەماڵەیەک ماڵی ماممن کە هەموویان گەورەسـاڵن کە .... ، خوشـکە گەورەکەی هاوتەمەنی منە، دوو ملنگ لە من گەورەترە، خوشـکەکەشـی لە کۆگا ئیش دەکا ... پیاوێکی لۆق لۆقی و درێژە، پێی دەڵێین کەربەلایی، ئەو کابراش لەگەڵ کوڕەکەی لە ئەمبار کار دەکا کوڕەکەشـی دو سـاڵ لە من گەورەترە. ئیتر دەمێنینەوە ئێمە. ئێمەش لە ئەمبارین. بە گشتی چوار کەس لە ئەمبارین.

ماوەی کارکردن لەم کوورەخانانەش درێژخایەنە. منداڵان هەندێ جار ناچارن بەیانیی زوو لە خەو ڕاپەڕن و بچنە سـەر ئەم کاری خشـتپێژی. گێڕانەوەی یەکێک لەم منداڵانە ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە هەتا هەشت و نۆی شەو ئیش دەکەین.

بەو پێیەی کە شــوێنی نیشــتەجێکردنی ئەم منداڵانە هەر لە شــوێنی کارە، ئەوان هەمیشــە و دەرهەم لەبەر دەســتی خاوەنکارن و خاوەنکار هەر کات بیهەوێ کاریان لێ دەکێشــێت. وەرزی قورەکاری و بیناســازی زیاتر دەکەوێتە بەهار و هاوین، کەواتە لەم دوو وەرزەدا برەوی کار باشــترە. کارکردن لەم وەرزانەدا گەرمایەکی زۆری لەگەڵە و گەرمای تاقەتپڕووکێن یەکێک لە کێشــەکانی منداڵانی ئەم کارەیە. یەکێک لە خاوەنکارەکان لەم بارەوە دەڵێ:

| |
|---|
| ئیشەکەی سەختە و ماوەی کارییەکەی زیاترە و هەمیشە لەبەر خۆرن. |

گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی ئیشــکەر لەم کەرتەدا کێشــە و ســەختیی کار لە کوورەخانەکانی شەمساباد بەم شێوەی ژێرەوەیە:

| |
|---|
| بۆ وێنە ئەگەر خشتەکان بە تەڕی بخەینە ناو کۆگا، لە نیوەی ساڵدا کە مۆمینەی (مشەمای) بە سەردا دەکێشن، خۆڵی پێدا دەکەن، خراپ دەبێ، دەقڵیشێ، ئینجا دەشــکێت. کاتێک کە لە زســتاندا داشــقەچییەکان دەیانهەوێ هەڵیبگرن و بیبەن، دەقڵیشێ، لە ناوەڕاستەوە دەشکێت. |

| |
|---|
| ئێرەت بینیوە، دەبێ ئاوی پێدا بکەن، دەبێ دەوراندەوری ئاوپرژێن بکرێت. هەندێ جاریش تەڕی دەکەن، قاچمان قوڕاوی دەبێت. هەندێ جاریش نایکەن تەپ و تۆز کوێرمان دەکات. |

| |
|---|
| هەندێ جار خشتەکان دەشکێن، ئیتر قەڵس دەبین. دەست و پاگیرە. خشتەکان دەشکێن. وەختێک دەمانهەوێ بیبەینە کۆگا شکاوەکان دەکەوێ دەدرێ لە قاچمان و لاقمان بریندار دەبێت ... ئیتر چارمان ناچارە؟ ئینجا خشــتەکە تەڵەزمێک دەبا، ئێمە دەڵێین قەیناکە، هەڵیدەگرین لە پڕ تەقەی لێ هەڵدەســتێ دەکەوێ بە ســەر قاچماندا، ئیتر کاتێک تراکتۆرچییەکان بێن زۆر ئاوپرژێنی ناکەن. |

| |
|---|
| هەمووومان دەست و قاچمان شکاوە، شا بڕوانە. ناوێرم دەست لە هیچ کوێم بدەم، دەکولێتەوە. دەبێ باری قورس هەڵبگرین. ناتوانین. خواردنێکی گونجاو و ئەوتۆمان پێنادەن. |

ئەم کوورەخانانە زیاتر لە دەرەوەی شـــارن و ئەو کەسـانەی کە لەم کوورەخانانەدا ئیش دەکەن پەیوەندییەکی زۆر کەمیان لەگەڵ کۆمەڵگای شـــاری هەیە. هەر بۆیە ئەو مەودا شـــوێنییەی ئەوان لەگەڵ شـــار ئەم کەســـانەی لە کۆمەڵگا تارلندووە. بە هۆی دەســـتڕانەگەیشـتن بە قوتابخانە و نەبوونی ئێن‌جی‌ئۆ لەم ناوچانەدا، زۆربەی منداڵانی ئەم ناوچانە لە خوێندن دادەبڕێن و یان لە هەندێ حاڵەتدا بە نیازی خوێندن دەچنە گوند و شـارەکانی دەوروبەر کە بە هۆی ئەو تێچوو و سـەغڵەتییەی کە هەیەتی، ڕێژەی ئەم منداڵانە کەمە. هەروەها زۆرێک لە دانیشـــتووانی ئەم کوورەخانانە بۆ دابین‌کردنی بەشـێک لە پێداویسـتیی ڕۆژانەیان، لە ئاوەوە بگرە تا دەگاتە خواردن، تووشـی کێشـە دەبن. ئەوان بۆ کڕینی وردە پیتاک ناچارن بچنە شـــارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەر. هەندێ جار لەوانەیە کەسـێک یان چەند کەس ببنە بەرپرســی کڕین و بۆ کڕینی پێداویسـتیی ڕۆژانەی دانیشـتووان بچنە شـار. هەندێ جار لەوانەیە خێرخوازەکان یان ئێن‌جی‌ئۆکان ســەردانی ئەم کوورەخانانە بکەن و هەندێ شـتیان بۆ ئەو کەسـانەی کە لەوێدا ئیش دەکەن دابین بکەن. لە بارەی هاوکاریی خەڵکەوە یەکێک لە دانیشـتووانی شەمساباد دەڵێ:

> بۆ وێنە هەن کەسـانێک کە شـت دێنن. پیاوێک جل‌وبەرگی نوێ و خۆراکمان بۆ دێنێ، خواردەمەنی و لەم شـــتانە. هەندێ دێن خۆیان با دەدەن و دەڵێن ئێمە ئەمانەتان بۆ دێنین، شـــتتان بۆ دەکڕین، من ئەوەم کرد و ئەمەم کرد، ئیتر دەبێتە شەڕ. بە هەندێک نادەن ئیتر ئەمە شەڕی لێ دەبێتەوە.

دانیشـتووانی کوورەخانەی خشـت‌پێژی ئەو کۆچبەرانەن کە لە ئەفغانسـتان یان لە هەندێ پارێزگای ئێرانەوە وەکوو خوراســـانی باشـــوورییەوە هاتوونەتە تاران. نیشتەجێ‌بوونی هەندێکیان لە شاری تاران بە شێوەی وەرزی و کاتییە؛ واتە هاوینان بە نیازی کارکردن لە کوورەخانەی خشـــت‌پێژی دێنە ئێران و زسـتانان دەگەڕێنەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە خوراســـانی باشـــووری و هەندێ ناوچەی وەکوو تایبادەوە هاتوونەتە تاران و لە کوورەخانەی خشـــتپێژی ئیش دەکەن زسـتانەکان دەچنەوە ســەر مەزرا و کێڵگەی لۆکە و زافەران. یەکێک لەو منداڵانەی کە لەگەڵ یازدە خوشـــک و برا و دایک و باوکیان لە ناو کۆخێکدا لە نزیک یەکێ لە کوورەخانەکاندا ژیان دەکا و ڕۆژانە پتر لە دە کاتژمێر لە کوورەخانەدا کار دەکا، دەگێڕێتەوە:

ئێمە لە تایبادەوە هاتووین، دوای هاوین دەڕۆینەوە بۆ شاری خۆمان. کارکردن لە کێڵگە ئەستەمترە، هەوا سارد دەبێ لەبەر سەرما ڕەق هەڵدێین. لەوێ لە سەر مەزرای لۆکە ئیش دەکەین.

سەردانکردنی ئێن‌جی‌ئۆکان و کەسانی خێرخواز بۆ ئەم کوورەخانانە بۆ داکۆکی و هاوکاریکردنی دانیشتووان هەندێ جار وای کردووە کە هەم ڕێژەی هاتنی کۆچبەر بۆ تاران زۆر بێ و هەمیش زەمینەی بۆ بەرژەوەندخوازیی هەندێ کەسی خۆش کردووە؛ بە جۆرێک کە کەسانی بەرژەوەندخواز لە ڕێگەی پەیوەندی سازکردن لەگەڵ خێرخوازەکان بە بیانووی ئەوەی کە ئەم کوورەخانانە باش دەناسن، داوا لە خێرخوازان دەکەن کە هاوکارییان بکەن. هەروەها هاوکاری دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاوی هاوکارییەکان بۆ خۆیان هەڵبگرن. بۆ وێنە لەوانەیە شتومەکەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خێرخواز یان ئەو بنەماڵانەی کە لە ناو ئەم کوورەخانانەدا ژیان دەکەن وەربگرن و ئەوان ئەمانە بۆ خۆیان هەڵبگرن و لە کۆتاییدا بیفرۆشن.




وێنەی کوورەخانەی خشت‌پێژی لە گەڕەکی شەمساباد و منداڵانی خەریکی کار (وێنە: توێژەر)

## کارکردن لە کێڵگەی کشتوکاڵ

کارکردن لەم بازاڕەدا لەو چەشنە کارانەیە کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵانی کوڕ و کچ تێیدا چالاکی دەکەن و لایەنێکی بەربڵاوی کار لە خۆ دەگرێ، وەکوو چاندنی بەروبووم، هەڵگرتنەوەی بەربوومە هەمەچەشنەکان، خاوێنکردنەوەی سەوزە و هەندێ تەرەکاڵ، گواستنەوەی بار، شتنی سەوزە، بەچەپک‌کردن، کارکردن لە خانەی پلاستیکی و هتد. کێڵگە کشتوکاڵییەکان زیاتر لە باشوور و ڕۆژئاوای تاران (وەکوو شاریار) چڕ بوونەتەوە. کارکردن لەم کەرتەش لە چوارچێوەی تۆڕی خێزانی یان

کۆمەڵێ کرێکاری سـەڵت ئەنجام دەدرێت. زۆربەی هێزی کار لەم کەرتەدا ئەفغانسـتانییەکان، کۆمەڵێک بەلووچی پاکسـتانی و لە کۆتاییدا بە ڕێژەی کەمتر ئێرانییەکانن. هەندێ جار بنەماڵەیەک لەولنەیە لە شـارەوە کۆچ بکەن و لە یەکێک لە کێڵگەکان نیشتەجێ بن و ئیش بکەن. شوێنی نیشتەجێبوونی کرێکارەکانی کەرتی کشـتوکاڵ زیاتر کۆخی دەسـتکرد یان ئەو خێوەتانەیە کە لە ناو ئەم کێڵگانەدا هەڵدراونەتەوە. هەندێ جار نەبوونی خزمەتگوزاریی خۆشبژێوی وەکوو ئاوی خواردنەوەی خاوێن، گازی شـاری و خۆشـگوزەرانییەکانی دیکەی وەکوو گەرماو و توالێتی گونجاو لە کێشە زۆر سەرەکییەکانی ئەم کرێکار و منداڵانەیە کە لەم شوێنەدا نیشتەجێ بوون. دوو کەس لە منداڵانی ئیشکەر لە کێڵگەکانی شاریار و سێڕێیانی تڕانسفۆڕ لە مەڕ شوێنی کار و نیشتەجێبوونیان وتیان:

| |
|---|
| ناخۆش ئەوەیە کە گەرماومان نییە، دەبێ بچینە ناو شـار، پارەی گەرماو دەدەین، دەچینە گەرماو. هەندێ لە منداڵەکان هەر لێرە ئاو دەخەنە بەر هەتاو با گەرم ببێ ئینجا بەوە خۆیان دەشۆن. |

| |
|---|
| لێرە لەگەڵ پێنج کەسـی دیکە ژوورێک بە کرێ دەگرین، سـەڵتین. ئەوان لە کارخانەی زبڵن. ئەو جێگایەی کە زبڵی لێ کۆ دەکەنەوە. |

کاری کشـتوکاڵ بە هۆی ئەوەی پێویسـتی بە هێزی جەسـتەیی زۆرە، بۆ منداڵان ناخۆشـە. بە پێی ئەنجامە مەیدانییەکان گرینگترین سـەختییەکانی ئەم کارە بریتییە لە کاتژمێری کاریی درێژخایەن، کاری فیزیکیی تاقەتپڕووکێن، پشـتئێشـە، کارکردن لە شوێنی پڕتەپ و تۆز و قوڕاوی، کارکردن لە زەوی شێدار و نم، کارکردن لەبەر خۆر و دەرهاویشتەکانی وەکوو هەتاوگەستن، ئەزیەت و ئازاری مێروو، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەندێ ئاژەڵی مەترسیداری وەکوو مار، گواستنەوەی باری قورس، ئازاری جەستەیی بە هۆی کاری زۆر و تاقەتپڕووکێن، بەکارهێنانی ئاوی پیسـاو بۆ ئاودێریی هەندێ لە کێڵگەکان و هەڵمژینی بۆگەن، ڕەنگیبوونی دەست بە هۆی خاوێنکردنەوەی هەندێ بەربوومی وەکوو گوێز، بڕینی دەست لە کاتی کۆکردنەوەی هەندێ بەروبووم بە چەقۆ و داس. گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی ئیشـکەر لە کێڵگە و مەزرا کشـتوکاڵییەکان سەبارەت بە دژوارییی کارەکەیان بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئیتر دژوارییەکەی لەوەدایە دەبێ هەر لەبەر هەتاو ئیش بکەی. هەوا گەرمە، |

| |
|---|
| مێشووله وەختە چاومان دەربێنە. |

| |
|---|
| بەیانان کاتژمێر حەوت و ئەمانە دێین هەتا حەوت و هەشـتی شـەو ئیش دەکەین. |

| |
|---|
| من هەر ئیش دەکەم، هەینییانە دێمە سەر ئیشەکەم، ناچمە هیچ کوێ. |

دەتوانین بڵێین تافی منداڵیی منداڵان لەم چەشـنە کارەدا سـنووردار دەبێتەوە: واتە ئەوان بەیانان زوو لە خەو ڕادەپەڕن و هەتا ئێوارە کار دەکەن، ئێوارانیا بە ملندوویێتی بە تەنیا یان لەگەڵ بنەماڵەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان و شـەو بە هۆی شـەکەتیی زۆرەوە خەوێکی خۆشـیان نییە. ژیانی ئەوان لە شـادی و یاریی هەڕەتی منداڵی بێبەرییە. هەروەها دەبێ بڵێین بەو پێیەی کە کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە ناوچەگەلێکن کە لە شـارەوە دوورن، ئەم منداڵانە هاوشـێوەی ئەو منداڵانەی کە لە کوورەخانە خشـتپێژییەکاندان، لە ڕەوتی سـەرەکیی کۆمەڵگا، خوێندن، خزمەتگوزاریی ئێن‌جی‌ئۆکان و زۆرێک لە ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی و شاری بە دوورن.

هەندێ جار ئەم منداڵانە بەشـێک لە بەرهەمە کشـتوکاڵییەکانی وەکوو فاسـۆلیا و پاقلا و پۆلکە سەوزە لە سەر زەوی یان لە ماڵەوە خاوێن و بەستەبەندی دەکەن و ئینجا خۆیان یان یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە بەروبوومەکای دەبەنە شـار و دەیفرۆشـن. خاوێن‌کردنەوەی سەوزی سەرەکیترین ئیشی ئەم منداڵانەیە. ئەوان بە شێوەی خێزانی لە پێشدا سەوزەکان دەخەنە ناو ئەو هەسێڵانەی وا بۆ ئەم کارانە چێ کراوە و دەیشۆن و پاش چەپک‌کردنیان، ڕادەسـتیان دەکەن. دەبێ بڵێین بەشـێک لە کاری منداڵان بە شێوەی وەرزانەیە و ئەوان لەوانەیە لە کاتێکدا کە لە شاری تاران کاری کشتوکاڵ کەمە، بە نیازی کارکردن لەم کەرتە واتە کاری کشتوکاڵ دەچنە پارێزگاکانی دیکە. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی پاسـگای نێعمەتلباد لەم بارەوە دەڵێ:

بڕوڵنە ئەوەندەی لەوێوە ئاگادار دەکرێینەوە، ئەو منداڵانەی کە کۆچ دەکەن، دەچنە ئەوێ و زیاتر لە سەر مەزرا ئیش دەکەن. بۆ وێنە منداڵ دێتە ئێرە لێرەوە دەچێتە قەزوێن. ئیتر قسـەی خۆیانە من نازانم بەڵام دەڵێن دەچینە ئەوێ. ئەومندەی پێ بزانین کۆچی وەرزانەیان هەیە، دەچنە ئەوێ شـەتڵ لێ دەدەن و هەتا شـەتڵەکان دەبنە تەماتە لەوێ

دەمێننەوە و ئینجا کۆی دەکەنەوە و دێنەوە.

یان لە هەندێ لە کاتەکاندا کە کاری کشتوکاڵ کەمە، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، منداڵان ڕەنگە بچنە ناو کاری دیکەوە، کاری وەکوو ئیش‌کردن لە کارخانە، دەستگێڕی یان زبڵگەڕی. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە یەکێک لە مەزراکانی باشـووری تاران کاری دەکرد ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| کە زستانی لێ دێ ئیتر کشتوکاڵ نامێنێ، دەچینە کارخانەی زبڵگەڕی. |

هەندێ جار چاودێرانی وەزارەتی کار سـەردانی ئەم مەزرایانە دەکەن و بە خاوەن زەوییە کشـتوکاڵییەکان و مەزراکان ڕادەگەیێنن کە بۆ کارکردن منداڵان دانەمەزرێن بەڵام بە گشـتی بە هۆی ئەوەی ئەم مەزرایانە لە کۆمەڵگای شـارییەوە دوورن و بە سیسـتەمی شـارییەوە نەلکێنراون و هەروەها بە هۆی پەرتەوازەبوونیانەوە، چاودێرییان ئەسـتەمە. منداڵانی ئیشـکەر لە گەڕەکی شـاریار سـەبارەت بە ئاسـتەنگی کارکردن لە مەزرا و کێڵگەی کشتوکاڵ وتی:

| |
|---|
| لێرە منداڵی خوار تەمەن پازدە ساڵان ڕێگا نادەن، چونکە دێن سەردان دەکەن، نابێ منداڵی کەم‌تەمەن کار بکات. |

پرسـێک کە سـەبارەت بە کاری منداڵان لە باشـووری تاران دێتە ئاراوە بەکارهێنانی ئاوی پیسـاو بۆ ئاودێریی مەزراکان بەتایبەت کێڵگەی سـەوزەیە کە بە هۆی ئەوەی ئەم ئـاوە میکرۆبێکی زۆری لـە خۆیدا هـەڵگرتووە دەتوانێ تـەندروسـتیی جەسـتەیی منـداڵـەکان بخـاتـە مـەترسـییـەوە. زۆرێـک لـە هـەواڵـدەری و تـەنـانـەت مـاڵپـەڕی قائیم‌مەقامییەکانی شـاری تاران ڕایانگەیاندووە کە بەشـێکی بەرچاوی مەزراکانی باشـووری تاران بە ئاوی پیسـاو ئاودێری دەکرێن [8]. کەواتە دەتوانین وێنای ئەوە بکـەین کـە منـداڵان و تـەنـانـەت کـەسـانی گـەورەسـاڵیش کـە لـەم مـەزرا و کێڵگـە کشتوکاڵییانەدا کار دەکەن تووشی چ مەترسییەکی کارەساتبار دەبنەوە. پیشـاندانی ئەم مەترسییانە پێویستی بە هەندێ توێژینەوەیە کە دەبێ لە لایەن پسپۆڕانی تەندروستییەوە ئەنجام بدرێت.



نومایەک لە کێڵگەی کشتوکاڵی سێڕێیانی تڕانسفۆڕ (وێنە: توێژەر )

## کارکردن لە ماڵان

جۆرێکی دیکەی کاری منداڵان بەتایبەت بۆ کچان کە زۆربەیان لەم کەرتەدا چالاکی دەکەن، کارکردن لە ماڵە. کارکردن لەم کەرتەدا لایەنێکی بەربڵاو و هەمەچەشنی کاری منداڵ لە خۆ دەگرێ، کارگەلی وەکوو خاوێنکردنەوەی سەوزە و بەرهەمی تەڕەکاڵی وەکوو پاقلە و فاسۆلیا لە وەرزی بەهار و هاوین، دەستەبەندیی هەندێ بەروبووم لە ماڵان، ئامادەکردنی خۆراکی ماڵی، دروستکردنی خشڵ و خاڵی جوانکاری و ئەنجامدانی کاری خەڵک لەگەڵ بنەماڵە. ڕێی تێدەچێ بە هۆی هەڵکشانی گەمارۆکان و گرفتە ئابوورییەکان زۆر بنەماڵە ڕوویان لە پاکوخاوێنی و خزمەتگوزاری کردووە و هەڵوەدای ئەوەن کە بەم شێوە هەندێ لە کێشە ئابوورییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی تەشەنەسەندنی پەتای کۆڤیدی 19 (کۆڕۆنا) داخوازی بۆ کاری پاکوخاوێنیی ماڵان کەمتر بۆتەوە.

ڕاستە کە منداڵەکان نابێ کار بکەن و کارکردنیان دەبێ قەدەغە بکرێ، بەڵام وەکوو پێکهاتەی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کار، کاری منداڵانیش بە هۆی پێکهاتەی جیاکاریی ڕەگەزییەوە دەناڵێنن، چونکە لە دەرەوەی ماڵ کاری زۆر بۆ کچان بوونی نییە و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا کە منداڵ لە دەرەوەی ماڵ کار دەکا، وەکوو کارکردن لە سەر شەقام، بە هۆی بەئەزموونکردنی توندوتیژییە سێکسییەکان ناچارە واز لە کارکردنی دەرەوەی ماڵ بێنێ، و ڕوو بکاتە کاری ماڵی بۆ ئەوەی کەمتر بکەوێتە بەر توندوتیژی و قسە و قسەڵۆکی دەوروبەرییەکان. یەکێک لە منداڵانی دانیشتووی دەروازەی غار هۆکاری گۆڕینی کارەکەی، لە شەقامەوە بۆ کار لە ماڵ بەم شێوە گێڕایەوە:

کاکە گیان خزم و کەس لە قسە دەگەڕن. هەموو ڕۆژێک کە دەچووم گیر و گرفتم هەبوو. لە ڕێگادا بە هۆی ئەوەی کەمێک دوور بوو، ئەم کوڕانە قسە هەڵدەدەن. شتێک دەڵێن. منیش دەترسام. دەنگم دەدان ئەوە فڵان کەس هاتووە بە دوامدا. ئینجا پشتەملم قسەیان دەکرد کە ئەمە چ کچێکە کە هەموو بە شوێنیەوەن.

هەندێ کاری ناوماڵیش پێویستیان بە کارکردنی درێژخایەن یان کاتی نەگونجاوە. بۆ وێنە هەندێ جار لەوانەیە باری سەوزە درەنگانێکی شەو بگا و منداڵەکان دەبێ هەتا نیوەشەو سەوزە چاک بکەن، چونکە سەوزەکە دەبێ بۆ بەیانی ئامادەی فرۆش بێت. گێڕانەوەی منداڵێک کە خەریکی کاری سەوزەچاکردن بوو ئەم خاڵەی پشتڕاست دەکاتەوە:

بۆ وێنە هەندێ جار سەوزە درەنگ دێنن، ئێمە دەبێ شەونخوونی بکێشین بۆ ئەوەی سەوزەکان چاک بکەین کە نەڕزێ، وا بێ بۆ بەیانی ئامادەی فرۆش بێت.

بەو پێیەی کە ئەم منداڵانە زیاتر شان بە شانی بنەماڵەکانیان کار دەکەن و سەرپەرشتیاری بنەماڵە پارە لە خاوەنکار وەردەگرێ یان کەسانی دیکە وەردەگرێ، کەواتە ئەم منداڵانە لە بەرامبەر ئەو کارەی کە دەیکەن حەقدەست وەرناگرن یان هەندێ جار لەوانەیە سەرپەرشتیاری بنەماڵە حەقدەستێکی کەم بە منداڵەکان بدەن، چونکە باش دەزانێ پێویستی بە کاری ئەوانە. هەندێ لەم منداڵانەی دانیشتووی گەڕەکەکانی کەن، فەرەحزاد، شووش، و شاری ڕەی سەبارەت بە داهاتەکەیان وتیان:

پارەکە لای دایکمە، ئەگەر پارەمان نەبێ مانگانە وەریدەگرین یان نەبوو سالانە.

ئێمە سەوزەکە چاک دەکەین، ئینجا دمیدەین بە باوکم دەیبا لە دووکانەکەی دەیفرۆشێ، ئینجا پارەکە لە ناوماندا دابەش دەکات.

داهاتەکەم دەدەم بە باوکم.

ناکرێ کار نەکەم، دەبێ خەرجیی ژیانمان دابین بکەین، نەچم هیچ لە ماڵدا نییە.

هەندێ جار لە کاری سەوزەچاکردندا کار لە نێوان ژنان و پیاواندا دابەش دەکرێ،

بە جۆرێک کە کڕین و فرۆشتنی لە ئەستۆی پیاوە و چاککردنی لە ماڵدا لە ئەستۆی ژنانە. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە سادقییە سەوزەی دەفرۆشت ئەم خاڵەی پشتڕاست دەکاتەوە:

> من سەوزە دەفرۆشم، لە تەرەبارێکدا دەیکڕین، دەیهێنین چاکی دەکەین، بەستەبەندی دەکەین، دەیفرۆشین. باوکم و دایکم چاکی دەکەن، من دێم هەڵیدەڕێژم و دەیفرۆشم.

بەشداریی منداڵەکان لەگەڵ دایک و باوکیان لە کاری پاکوخاوێنیی ماڵدا زۆر باوە. لەم کارەشدا زیاتر کچان لەگەڵ دایکیان کار دەکەن. ڕوانگەی منداڵان یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئەم چەشنە کارە کارکردن بە پاککەرەوەکان و بەرکەوتن لەگەڵ پیسایییەکانی ماڵانە. هەندێ جاریش کاتێک کە بە نیازی خاوێنکردنەوە دەچنە ماڵان، لەوانەیە خۆیان لەگەڵ منداڵەکانی دیکە بەراورد بکەن و هەر ئەم هەڵسەنگاندنە خەسارەتی دەروونی بۆ ئەو منداڵانە هەیە. لە کاری خاوێنکردنەوەی ماڵان زیاتر سەرپەرشتیاری منداڵ ئیشە قورسترەکان ئەنجام دەدا و کارە سووکەکان دەخەنە ئەستۆی منداڵ، بەڵام هەر ئەو کارانە بۆ منداڵ قورسن و هەندێ کێشە دروست دەکات. کچێکی بچووک کە لەگەڵ دایکی بۆ خاوێنکردنەوە دەچێتە ماڵان سەبارەت بە کارەکەی وتی:

> لەگەڵ دایکم دەچین بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵان، دایکم تەرکەکە دەسڕێ، منیش دەچم قاپ و کەوچکەکان دەشۆم.

لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا بەتایبەت لە ناوەندی شار کە کارگەی بەرهەمهێنانی زۆر لێیە، لەوانەیە یەکێک لە دانیشتووانی ئەم گەڕەکانە پێشنیاری هەندێ کاری تایبەت بەم کارگە بەرهەمهێنەرانە وەربگرن و لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن، کارگەلی وەکوو دانانی گۆرەوی لە ناو کارتۆنە تایبەتەکانیان، بەستەبەندیی هەندێ کەلوپەل، یان چێکردنی خشروخاڵ. ئەنجامدانی ئەم کارانە کاتگرە و بە تەنها ئەنجام بدرێت. کەواتە کەسی پێشنیاردەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە داوای هاوکاری لە منداڵانی گەڕەک دەکا و بەشێک لە کارەکان دەخاتە ئەستۆی ئەو. کچێک کە لە ماڵدا کار دەکا و لە شەقامی تاڵەقانی دیمانەی لەگەڵ کرا سەبارەت بە کارەکەی وتی:

> ئێمە ئیش بۆ خاتوو... دەکەین؛ لە ماڵەکەیدا کارتۆن دەخەینە ناو گۆرەوییەکان و بەستەبەندییان دەکەین.



وێنەی منداڵێک لەگەڵ دایکی لە گەڕەکی کەن خەریکی چاککردنی سەوزە بۆ فرۆشن (وێنە ڕۆژنامەی هەمشەهری)

## کارکردن لە فرۆشگەی مادەی خۆراکی

کارکردن لە فرۆشــگەی مادەی خۆراکییش لەو کارانەیە کە زۆرێک لە منداڵە کوڕەکان لەم کەرتەدا چالاکی دەکەن. ئەم منداڵانە زیاتر پەنابەرانی نایاسایی ئەفغانستانی و یان منداڵە کۆچبەرەکانی پارێزگاکانی ئەردەوێڵ و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتن. کارکردن لەم مارکێتیانە بە هۆی درێژخایەنبوونی ماوەی کار زۆر بۆ منداڵەکان ماندوویی‌هێن و تاقەتپڕووکێنە. ئەوان لەوانەیە لە هەندێ ڕۆژدا هەر لە بنە ڕۆژەوە بۆ وێنە کاتژمێر شەش و حەوتەوە هەتا دواساتەکانی شەو واتە کاتژمێر یازدە بە درێژایی حەوت ڕۆژی حەفتە کار بکەن. دوو کەس لە شــاگرد دووکانەکانی ئەم مارکێتانە لە گەڕەکی پوونەک و شەقامی بەهەشتی سەبارەت بە کارەکەیان و دژوارییەکەی وتیان:

| |
|---|
| ئیتر ســەختییەکەی لەوەدایە کە دەبێ بەیانیی زوو بێی و هەتا دە و یازدەی شـەو ئیش بکەی. |

| |
|---|
| چونکە لەوێین، لە کاتژمێر نۆی بەیانییەوە بۆ ئەم ئیشــە لە خەو ڕاماندەپەڕێنن. هەتا یەک و یەکی و نیوی شەو. |

هەندێ جار شــوێنی نیشــتەجێکردنی هەندێ لەم منداڵانە هەر لە ناو ئەم

دووکانانەیە و کەواتە لەبەر دەستی خاوەنکارەکانیانن بۆ ئەوەی کاریان پێ بکەن. منداڵانیش بە هۆی ئەوەی توانای "نا وتن"یان نییە و ئاگاداری مافەکانیان نین، ناچارن هەرچی خاوەنکار وتی بەڵێ بکەن. ئەم منداڵانە ئەگەر بە هەر دوو دانگی ڕۆژ کار بکەن، ئیتر دەرفەتیان بۆ چوونە قوتابخانە و یاریکردن نامێنێت. بە گشتی منداڵان لەم مارکێتیانەدا سەرقاڵی سێ کاری سەرەکیین: یەکەم کاتێک کە بار یان کەلوپەل بۆ دووکان دەکرن، ئەوان کەلوپەلەکان بۆ ناو دووکان یان کۆگا دەگوازنەوە و بە درێژایی ڕۆژ کاڵا و شمەکەکان دەخەنە ناو قەفەزەکلنەوە. دووهەم وەک پەیک کار دەکەن و داخوازیی مشتەرییەکان دەگەیێننە دەستیان. سێیەم ئەوەی کە شەوانە کاری کۆگاپارێزی و خاوێنکردنەوەی دووکان ئەنجا دەدەن. هەڵبەت لەوانەیە خاوێنکردنەوەی ناو دووکان و دوروبەری بخەنە بەیانیی ڕۆژی دوایی.

بە هۆی گۆڕانکاریی لە ژیانی مۆدێرن و بەکارهێنەرانە، بەتایبەت لە ناو چینی مامناوەند و خۆشبژێوی شاری تاران، بنەماڵەکانی ئەم چینانە زیاتر داوای کاڵا و پێداویستیی ڕۆژانەیان دەکەن بۆ ئەوەی بە شێوەی ڕۆژانە یان حەفتانە و بە بێ ئەوەی خۆیان بچنە مارکێت بێتە بەر درگای ماڵیان. مارکێتکانی مادەی خۆراکی چەقی ئەم جۆرە داخوازییانەن و هەر ئەمە وای کردووە خاوەنەکانی ئەم مارکێتیانە هێزی کاری زیاتر دابمەزرێنن و چ هێزێک لە هێزی کاری هەرزانی منداڵان باشتر! منداڵان لەم مارکێتیانەدا بەشێکی زۆری کاتەکەیان تەرخانی گەیاندنی داخوازی بە ماڵی مشتەرییەکان دەکەن. ئەوان هەندێ جار لە کاتی سفارشوەرگرتن و ڕادەستکردن، کاڵای خوازراوی مشتەرییەکان لە دووکلنەکانی دیکەش دەکرن و یەکجێ دەیبەنە ماڵی کەسی سفارشدەر. لە پاڵ دیکە کارەکانی دووکان، گواستنەوەی بارە قورسەکان، چەندن جار هاتوچۆکردن بۆ ماڵی مشتەرییەکان لە درێژەی ڕۆژدا و پیادەڕەویی زۆری ئەم کارە وای کردووە کە ئەم کارە بە لای منداڵانەوە سەخت و تاقەتپڕووکێن بێت.

| |
|---|
| ماوەی کارکردنەوەی زۆرە، ئینجا بۆ وێنە من لێرە پەیکیشم. |

بەو پێیەی کە ئەوڕۆکە زۆرێک لە کڕینەکان لە ڕێگەی کارتی بانکی و دەزگای کارتخوێنەوە ئەنجام دەدرێ، ئەم منداڵانە بە دەگمەن شاگردلنە وەردەگرن مەگەر ئەوەی کە کەسانێک هەبن کە هێشتا بە شێوەی نەختی شت بکڕن و بیانهەوێ شاگردانەیان پێ بدەن. کارکردن لە ناو مارکێتی مادەی خۆراکیش سەختیی دیکەی بۆ منداڵان هەیە، گێڕانەوەی منداڵانی ئیشکەر لەم مارکێتیانە لە ناوچەکانی پوونەک، کامرانییە، وەلیعەسر، تاڵەقانی و جمهووری سەبارەت بەم دژوارییانە بەم شێوە بوو:

ناخۆشـــە، کاتێک قەرەباڵغە دژوارتر دەبێ؛ مشـــتەری دەڕژێ بە ملماندا، ئیسنەپیشمان هەیە، دەبێ خێرا خێرا شتەکان ئامادە بکەین، ئیتر ناخۆشە. نایبەمە ماڵان، ئێمە ئامادەی دەکەین. ئەوان دەیبەن. ناخۆشـــییەکەی ئەوەیە کە بە هەڵە دەیگەیێنین، بۆ وێنە شـــتێکی ویســـتووە، شـــتێکی دیکە دادەنێین، ئینجا پەیک دێ دەیبا، بۆ وێنە دەچێتە ســـەر حســـێبی ئێمە لە ســـەر گیرفانی ئێمە حســـێبی دەکەن. پەیک دیسان دێتەوە پارەمان لێ وەردەگرێ و دەیبا، ئیتر لە حەقدەست و پارەی ئێمە کەم دەبێتەوە.

ڕۆنی بیست کیلۆیی و برنجی چل کیلۆیی دەگوازمەوە، شەکری سەد کیلۆیی و پەنجا کیلۆیی.

ناخۆشییەکەی ئەوەیە کە پشووی تەواومان نییە. دووهەم ئەوەی کە نانی نیوەڕۆ و نانی شـــێو بە دڵمانەوە نانووســـێت. بۆ وێنە کاتێک کە خەریکین نانی نیوەڕۆ دەخۆین مشـــتەری دێ، دەبێ هەســـتی. جاری وایە کوڕەمامەکەم یان مامم خۆیان دەگەیێنن، جاری وایە کەمیش شـــت دەکڕن، بەڵام هی وایە دێ شـــتی زۆر دەکڕێ دەبێ پێی ڕابگەیت. هی ماڵانیش من زیاتر دەیبەم. ئێســـتا من لێرەم، شـــوێنە نزیکەکان من زیاتر دەیانبەم.

پیر و بەساڵاچووەکان کەمێک ڕژدن بۆ وێنە دەڵێن گرانە یان گیر دەدەن، دەڵێن ئەوە چ بەزمێکە.

وەک ئاماژەی پێکرا شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی هەندێ لەم منداڵانە لە ناو دووکان یان لە ناو هۆدمیە کە لە ســـەر دووکانە کە بۆ ژیانکردن گونجاو نییە. شـــەوانە کاتی پشوو، درگای ئەم دووکانانە دادەخرێ و شوێنەکە هەواگۆڕینەوەی باشی نییە، گەرما و ژاوە ژاوی ساردینگ ناهێڵێ ئەمانە بە ئاسوودەیی پشوو بدەن و لە زۆربەی کاتەکاندا دەنگە دەنگی ئۆتۆمبێلەکانی ناو شـــەقامەکانیش ئازاریان دەدات. لە ڕاســـتیدا نیشـــتەجێکردنی ئەم کەســـانە لە ناو دووکان بۆ خاوەنکار وەک هەڤیازییەک لە قەڵەم دەدرێ، چونکە ئەوان دەوری نگابان دەگێڕن و چاودێریی لە کەلوپەلی خاوەنکار دەکەن. وەکوو زۆربەی کارەکانی دیکە، هەندێ لە منداڵان نەبوونی ئاســـتەنگ یان

ســنووردارییەکانیان وەک یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم پیشــە لە قەڵەم دا چونکە شــارەوانی ئەنجامدانی کارەکانی دیکەی بۆ ئەوان قەدەغە کردووە. کەواتە دەتوانین ئەو ئەنجامە دەست بخەین گەڵاڵەی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی منداڵان لە سەر شەقام ڕێگری لە کاری منداڵان ناکا، بەڵکوو ئەوان دەچنە ناو کاری دیکە کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو کارانەن کە مەترسی و ماوەی کارییان زیاترە و ئازادی و سەربەخۆیی کارییان نییە؛ وەک شاگرد دووکانێک لە گەڕەکی پوونەک دەگێڕێتەوە:

> ئیتر کەلوپەلمان بۆ فرۆش هەڵنەڕشت، شارەوانی نەیدەهێشت، هاتم بووم بە شاگرد دووکان.



وێنەی منداڵێکی ئیشکەر لە مارکێتی مادەی خۆراکی لە گەڕەکی دیباجیی باکووری
(وێنە: توێژەر)

## کارکردن وەک شاگرد دووکان

لە شاری تاران منداڵەکان تەنیا لە مارکێت مادە خۆراکییەکان وەک شاگرد کار ناکەن، بەڵکوو لە کۆمەڵێ دووکانی وەکوو کەرەسەی ئەردەکفرۆشی لە بازاڕە گەورەکانی تاران و دیکەی ئەو شوێنانەی کە ئەم کاڵایانەی تێدا بووڕسن، جلوبەرگفرۆشی، شیرینیخانەکان، گێڵگەی پیشەسازی و نەریتیی بەخێوکردنی گا و دووکانەکانی دیکە کار دەکەن. کاری ئەم منداڵانە لە بووڕسی کەرەسە ئەردەکییەکان ئەوەیە کە بار دادەگرن، بار لە ناو کۆگا دەستەبەندی دەکەن یان باری مشتەری دەگەیێنن.

منداڵێک کە لە بازاڕی مەحەلاتی شاگردی گوڵفرۆشییەک بوو سەبارەت بە

کارەکەی وتی:

گوڵدانەکان دەگوازمەوە، خۆڵی گوڵدانەکان دەگۆڕم، ئاگام لە درگای دووکانە، مشتەرییەکان دێن و دەچن.



نومایەک لە منداڵانی شاگرد دووکان لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی و ئیمام ڕەزا (وێنە: توێژەر)

هەندێ لەم منداڵانە لەوانەیە دوو پیشەیان هەبێ و پاشنیوەڕوان خەریکی کاری دیکە بن. کارکردن لە دووکانی خۆراکفرۆشی و ڕیستوڕانتەکان زیاتر بریتییە لە گاڕسۆنی، داگرتنی بار، یارمەتیدەری چێشتلێنەر، خاوێنکردنەوەی ناو ڕیستووڕانت و شتنی قاپ و کەوچک. لە ڕیستوڕانتە گەورەکاندا لەوانەیە ژوورێکی گەورە وەک شوێنی خەوتن بدرێ بە چەند کرێکار یان خاوەنی ڕیستوڕانت لە سووچێکی ڕیستوڕانت هۆدەیەک بۆ کرێکاران ئامادە بکا، بە قەرەوێڵی سێ نهۆمی کە نزیکەی سی کەس لە ناو ئەم هۆدەدا دەخەون. شتنی قاپ و کەوچک لە ڕیستوڕانتەکادا پێویستی بە کارکردن بە پاککەرەوەکان و ئاوە کە دەبێتە هۆی لێکەوتەی پێستی و هەناسەیی بۆ منداڵان. کارکردن لە ناو چێشتخانە پێویستی بە دابینکردنی کەرەسەی خۆراکی بۆ چێشتلێنەرە بۆ وێنە لێکردنەوەی توێکڵی پیاواز و پەتاتە یان خاوێنکردنەوەی سەوزە و شتنی برنج، و کارکردن لە لای چێشتلێنەر. گەرمای بە هۆی ئاگری چرای چێشتلێنان و دووکەڵی زۆری ئەم چێشتخانانە تەندروستیی جەستەیی منداڵان دەخاتە مەترسییەوە. ژمارەیەکی زۆری منداڵانی پەنابەر لەم کەرتەدا کار دەکەن کە هەڤیازییە یاساییەکانی کار، وەکوو بیمە و ساڵانە و جەژنانە

نایانگرێتەوە و بە مانای ڕاستەقینە دەچەوسێنەرێنەوە و خاوەنکار ئەو زێدەباییەی کە ئەوان بەرهەمی دێنن بە هۆی نەبوونی چاودێریی ناومندە کاریگەرەکان لێیانی زەوت دەکات. یەکێک لەو منداڵانەی کە شاگرد دووکان بوو لە شەقامی فاتمی سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی وتی:

| |
|---|
| هەر لێرە، لە ناو ژووری بازاڕ [بە پەنجە شوێنێکی پیشا دا] و لەگەڵ مامم و کاکم دەژین. |

## کارکردن لە کارواش

کارکردن لە کارواش نموونەیەکی دیکەی ئەو کارلنەیە کە منداڵانی کۆچبەری ئێرانی و منداڵانی پەنابەر تێیدا ئیش دەکەن. سیستەمی کارواش لە ئێران بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێ: ئەلف) تەواومیکانیزە، واتە لەم سیستەمەدا ئۆتۆمبێل لە شوێنێکەوە دێتە ناوەوە و لە شوێنی کۆتاییدا، پاش ئەوەی بە تەواوەتی خاوێن بۆوە، ڕادەستی مشتەری دەکرێت. لەم کارگایانەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ منداڵ ساز ناکرێت. ب) جۆرێکی دیکە کارواشە نەریتییەکانە کە منداڵان بە سۆندەی ئاوی پڕتەوژم و مادە پاککەرەوەکان ئۆتۆمبێلەکان پاکژ دەکەنەوە. کاتژمێری کارکردن لە کارواشیش درێژخایەنە و منداڵان لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە هەتا درەنگانی شەو، واتە دە کاتژمێر کار دەکەن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لە کۆتایی حەفتەدا ـ کە دەبێ پشوو بێ ـ ئەوپەڕی کاری ئەم منداڵانەیە و ناچارن زیاتر کار بکەن. دوو کەس لە منداڵانی ئیشکەر لە کارواشەکانی گەڕەکی سەعداباد و شارەکی غەرب سەبارەت بە کارەکەیان و دژوارییەکەی وتیان:

| |
|---|
| ئێرە پشوومان نییە، دەبێ هەر ئیش بکەیت. جارێ پێنجشەملنە و هەینییلنە دەبێ زیاتریش ئیش بکەین. |

| |
|---|
| هەینی و پێنجەشەمانە زۆرە قەرەباڵغە. ئێمە حەقدەستمان نییە، شاگردانە لە مشتەری وەردەگرین. |

زۆر جار منداڵان لەم کارە هیچ حەقدەستێک وەرناگرن و خاوەنکار تەنیا شوێنی خەویان پێ دەدا و داهاتیان لە شاگردانەی مشتەری دابین دەبێت. هەر بۆیە ئەوان بەر لە دەستپێکی کار داوای شاگردانە لە مشتەری دەکەن کە هەندێ جار گرژی و

تێکهەڵچوونی لەبزی لە نێوان ئەوان و مشتەرییەکاندا ڕو دەدات.

> لێرە کرێکاری دەستخۆشانەم، لێرە حەقدەستم نییە. کاتژمێر هەشت هەتا پێنجی پاشنیوەڕۆ، شەش، حەوت، نۆ و دە کار دەکەین.

> حەفتەی 100 هەزار هەتا 150 هەزار تمەن دەکەوین. مشتەری دێ و ئۆتۆمبێلەکەی دەشۆین، پارەمان پێ دەدات. ئەگەر مشتەری دەستخۆشانە و شاگردانەمان پێ نەدا، ئیتر داهاتمان نییە. ئێستاش نیمانە ... چی بکەم، مەجبوورم.

هەندێ جار ئەوان بە ئەنجامدانی کاری زیادە بۆ مشتەری، وەکوو خاوێنکردنەوەی ئۆتۆمبێل بە وردیی زیاترەوە، دمیانهەوێ دەستخۆشانەی لێ وەربگرن. کارکردن بە سۆندەی پڕفشاری ئاو و پاککەرەوەکان منداڵان تووشی مەترسیی زۆر دەکات. بەو پێیەی کە بەشێک لە کاری ئەم منداڵانە ئیشکردن بە ئاوە، لە وەرزی زستان و پاییزدا سەرمای تا سەر ئێسقان ئازاریان دەدات. هەروەها ئیشکردن بە مادە پاککەرەوەکان تووشی کێشەی هەناسەیی دەکا و زیان بە پێستیان دەگەیێنێت. دوو کەس لە منداڵانی ئیشکەر لە کارواشەکانی گەڕەکی فەرەحزاد سەبارەت بە دژوارییی کارەکەیان وتیان:

> یەکێک لە ناخۆشییەکانی ئەم ئیشە ئەوەیە کە دەبێ کەف لێ بدەین، ئیتر ئەگەر دەستکێشمان نەبێ پێستمان دەسووتێتەوە.

> خاوێنی دەکەینەوە، ئۆتۆمبێل گسک دەدەین. ئیتر جاری وایە شتێک دەپەڕێنن پیاو بێتاقەت دەبێ ... خاونکارەکەشم خراپ هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات.

هەندێ لە منداڵە کۆچبەرەکان لە هۆدەیەکی دیاریکراوی ناو کارواش، لە پاڵ کرێکارە گەورەساڵەکانی دیکە، دەژین و پشوو دەدەن کە ئەم بابەتەش خۆی لە خۆیدا هەندێ مەترسی لەگەڵە، وەکوو فێربوونی ڕفتاری مەترسیدار یان ئازاری فیزیکیی و تەنانەت سێکسی. یەکێک لە منداڵە ئیشکەرەکان لە کارواشێکدا کە بڕگەی سەرشەقامی حافزە سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونیان وتی:

> 23 کەس لە ناو ژوورێکداین. هەموو ناسیاو و ئاشنایین، براکەشمم لەگەڵە. چوار کەسی هاوتەمەنی منی تێدایە.



وێنەی مێرمنداڵێکی کرێکار لە کارواش (وێنە: اقتصادآنلاین)

**کارکردن لە کارگەی دارتاشی و چێو**

ئـەم کـەرتـەش لایـەنێکی بـەربڵاوی کـار لـە خۆ دەگرێ، وەکوو مۆبـڵ‌ســـازی، ڕووکەش‌لێدان، کـابینێت‌ســـازی بـە MDF، چێ‌کردنی مێز و کورســـی و دیکەی بەربوومە چێوییەکان. بەشێکی زۆری کارگا دارتاشییەکان لە شارۆچکەی پیشەسازی و بە دوور لە کۆمەڵگای شارییـن. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەم کارگایانەدا کار دەکەن منداڵانی پەنابەر و منداڵانی تورکەمەنن کە بە شـێوەی زنجیرەیی هاتوونەتە ناو ئەم کارەوە. شوێنی نیشتەجێ‌کردنی زۆرینەی ئەمانە لە ناو کارگاکانە و لەوانەیە خاوەن‌کار لە بەشـێکی کارگادا بۆ نیشـتەجێ‌کردنیان هۆدەیان بۆ دروســت بکات. کارکردن لەم کـارگـایـانە زیـاتر ئـەم بـابـەتـانە لـە خۆ دەگرێ: داگرتنی بـار، بڕینی تـەختە دارەکـان (ئاڵۆدار)، بزمارکوتان و چەســپ‌لێدان، بەکۆگاکردنی کاڵا، وبارکردنی کاڵا بار. ئەو کارە پسپۆڕییانەی کە زیاتر گەورەسـاڵان ئەنجامی دەدن و کارە دەستی‌ترەکانی وەکوو گواســتنەوەی دەخەنە ئەســتۆی منداڵان. کارکردن لەم کارگایانەدا مەترســیی زۆری لەگەڵە. بۆ وێنە لەوانەیە منداڵان ئیش بە دەزگا دارتاشــییەکان بکەن وبەو پێیەی کە ئیش‌کردن بەم دەزگایانە پێویسـتی بە شـارەزایی و وردیی تایبەتە و منداڵانی شـارەزایی ئەوتۆیان نییە لەوانەیە زیان بە دەستیان بگەیێنن. هەڵبەت کارکردن بە مەکینە هەمیشە مەترسیی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر کرێکار لێهاتوویی پێویستیش هەبێت. منداڵێک

لە یەکێ لە کارگە دارتاشییەکانی شارۆچکەی پیشەسازیی مورتەزاگەرد سەبارەت بە مەترسییەکانی کارەکەی وتی:

> بە مەکینەی دارتاشی کە دەیبڕێ، ئەمەش شریتی دەکات. ئەمانە لەوانەیە زیان بە دەستم بگەیێنێت ... دەستی کاکمی بڕی ... هات ورتکەدارەکان کۆ بکاتەوە، دەستی کەوتە بەری، من ناهێننە سەر ئەم مەکینە وەستاکارەکەم دەڵێ دەستت دەکەوێتە بەری.

بوونی گەردەی دار یەکێکی دیکە لە دژوارییەکانی ئەم کارەیە؛ پانتای ناو کارگاکان پڕە لە ورتکە و گەردە دار کە منداڵان هەڵیدەمژن و لە درێژماوەدا لەوانەیە کێشەی سییان بۆ ساز بکات. گواستنەوەی باری قورسی وەکوو ئەڵۆدار، لە توانای منداڵان بەدەرە، بەڵام هەندێ جار ناچارن ئەم کارە بکەن. زۆربەی ئەم کارگایانە لە دەرەوەی شارن، شوێنگەلێکی وەکوو ناوەندە پیشەسازییەکان. هەر بۆیە منداڵانی ئیشکەر لەم کارگایانەدا پەیوەندییەکی کەمیان لەگەڵ شار و کۆمەڵگای شاری هەیە و لە پشتیوانیی ئێن جی ئۆکان بێبەشن. وەکوو زۆرێک لە کارەکانی دیکە شوێنی نیشتەجێبوون و کاری ئەم منداڵانە یەکە و هەمیشە لەبەر دەستی خاوەنکارن. کەواتە ئەم منداڵانە گوێڕایەڵن و ئازادیی کارییان کەمترە. خۆیان خوادنی خۆیان ساز دەکەن کە فرەچەشن نییە کەواتە هەژاریی خۆراک یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئەم منداڵانەیە.



وێنەی مێرمنداڵێک کە لە کارگایەکی چێو لە گەڕەکی مورتەزاگەرد خەریکی کارکردنە. (وێنە: توێژەر)

## کارکردن لە کارگەی بلوورساز

یەکێکی دیکە لەو کارە پڕمەترسییانەی کە منداڵان لەو کەرتەدا ئەنجامی دەدەن کارکردن لە کارگەی بلوورسازییە کە مەترسییەکی زۆری بۆ سەر منداڵان هەیە. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەم کەرتەدا کار دەکەن کۆچبەرە پەنابەرەکانن کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان ژیان دەکەن. کچانیش لەم بازاڕەدا کار دەکەن. هەندێ لەو منداڵانەی کە ئەزموونی چالاکیی لە کارگای بلوورسازییان هەبوو چەندین جار دمیانگێڕاوە کە بە هۆی سەختی و مەترسیی کار و بە هۆی ئەوەی خاوەنکار حەقدەستیان پێ نادا وازیان لە کار هێناوە و دەستیان داوەتە کارێکی دیکە. منداڵێکی زبڵگەڕ لە بلوورسازیدا بەم شێوە ئەزموونی کاریی خۆی گێڕاوە:

| |
|---|
| ئیتر لە کارگە پارەکەمانیان خوارد، پارمیان نەدەدا، منیش هاتمە ناو ئەم کارە. شووشەیان ساز دەکرد، ئێمە بەستەبەندیمان دەکرد. |

منداڵان لەم کارەشدا ئەرکی جۆراوجۆریان لە ئەستۆیە، کارگەلی وەکوو گواستنەوەی کاڵاکان، بەستەبەندیی بلوورەکان بە شێوازی جۆراوجۆر، بەئەنبارکردنی کاڵاکان، فووکردنە ناو شووشەکان و هتد. یەکێک لە منداڵانی ئیشکەر لە کارگەی بلوورسازی لە گەڕەکی خێراباد سەبارەت بە کارەکەی وتی:

| |
|---|
| کار بە تێلەکان دەکەم. چەند جار لە بەردەم کوورەدا دەستم سووتا. ئەوە سەرەتاکانی ئیشەکەم بوو. هاتم نازانم چی بکەم، لە دەستم کەوت و دەستم سووتا. |

ئەم کارەش هەندێ مەترسی بۆ منداڵان هەیە کە گرینگترینەکەیان سووتانی زۆرە. کێشەی هەناسەیی و گەرماژۆییش یەکێکی دیکە لە دژوارییەکانی ئەم کارەیە. دوو کەس لە منداڵانی ئیشکەر لە کارگەی بلوورسازی، کە دەکەوێتە سێ ڕێیانی وەرامین، سەبارەت بە شوێنی کارەکەیان وتی:

| |
|---|
| ئێرە گەرمە. پیاو لەبەر گەرما دەپیشێێت. |

| |
|---|
| گەرما ... لەبەر گەرما تۆخمان چووە ... |

فووکردنە ناو شووشەکانیش کێشەی هەناسەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەو منداڵانەی کە لە کۆتایی زنجیرەی بەرهەمهێناندا، بلوور و شووشەکان لە سەر ڕەیل لا دەبەن و

بەستەبەندییان دەکەن، ئەگەر کەرەسەی خۆپارێزی وەکوو دەستەوانەی گونجاو بە کار نەهێنن، ڕووبەڕووی مەترسیی سووتمانی دەست دەبنەوە، چونکە ئەمانە هێشتا بە تەواوی سارد نەبوونەتەوە. بە گشتی ئەگەری سووتمان لەم کارەدا زۆرە. منداڵێکی ئیشکەر لە بلوورسازییەک بەم شێوە باسی لە سووتانی یەکێک لە هاوکارەکانی کرد:

| |
|---|
| جارێکیان یەکێک لە منداڵەکان لە لای کوورەکە سووتا، دەستی و زکی سووتا. |

خاوەنکارەکانیش لە سووتانی منداڵان و کرێکارەکانی دیکە کەمتەرخەمی دەنوێنن و داکۆکییان لێ ناکەن. منداڵە کۆچبەرەکانیش بە هۆی ئەوەی بیمە نین، ناچارن پارەیەکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی خۆیان سەرف بکەن و جیا لەوە ئەو ڕۆژانەی کە نایەنە سەر کار حەقدەستیان پێ نادرێت. بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری کارەکانی ئەم کارخانە و کارگایانە دەستی و سادەیە، ژنان و منداڵانێکی زۆری ڕاکێشانی خۆی کردووە. لەم کارەدا ڕۆژی پشوو بوونی نییە و منداڵان بە شێوەی حەفتانە حەقدەست وەردەگرن کە حەقدەستەکەیان زۆر کەمە. گێڕانەوەی کۆمەڵێ لە منداڵە ئیشکەرەکان لەم کارگایانە لە گەڕەکەکانی خێراباد و ئیسلامشار لە مەڕ داهاتەکەیان بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| حەفتانە پارە دەدەن، 200 هەزار تمەن دەدەن، 300 هەزار تمەن دەدەن، 400 هەزار تمەن دەدەن، ئەوانەی کە کۆنترن زیاتر وەردەگرن. ئەوانەی تازە دێن، کەمتر پارە وەردەگرن، بۆ وێنە حەفتەی 100 بۆ 200 هەزار تمەن. |

| |
|---|
| 300 هەزار تمەن، 350 هەزار تمەنمان وەک مانگانە پێ دەدەن. |

| |
|---|
| حەفتانە دەیدەن، هەر کات تێی بکەن، ... دەیدەن بە دایکم ... . ئیتر هەر چەندە بێ دەیدەن بە دایکم. |

زۆرێک لەم کارگایانە لە ڕێگەی کامێرای چاودێری کۆنترۆڵ دەکرێ و کاتێک کە چاودێرانی کار سەردانی ئەم کارگایانە دەکەن، کاربەدەستەکانی خاوەنکار لە درگاکانی پشتەوە منداڵەکان دەرباز دەکەن. منداڵان و زۆربەی ژنان لەم کەرتەدا بیمەیان نییە و لە هەندێ حاڵەتدا خاوەنکار تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لێ بیمە دەکا کە ئەویش پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ خاوەنکار هەیە.



وێنەگەلێک لە کارخانەی بلوورسازی لە باشووری شاری تاران و منداڵی کار لە گەڕەکی خێراباد
(وێنە: توێژەر)

**کاری ماڵان**

کاری ماڵان یەکێک لەو کارلنەیە کە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان لەم کەرتەدا کار دەکەن. بەر لە تاوتوێی ئەم جۆرە کارەی منداڵان لە پێشدا چەند چەمک لەم بوارە پێناسە دەکەین.

"کاری ماڵان"[1] ئەرکێکی ناوماڵە کە لە ماڵدا دەخرێتە ئەستۆی کەسی سێیەم. "کاری ماڵان"[2] ئەو کارەیە کە منداڵانی خوار تەمەن یاسایی و هەروەها منداڵانی ژوور لانیکەمی تەمەنی یاسایی بەڵام خوار تەمەن هەژدە ساڵان لە بارودۆخێکی تەواو کۆیلەدارانە، بارودۆخی مەترسیدار، یان چەوسانەوە ئەنجام دەدرێ و وەک لە بەڵێننامە نێودەوەتییەکاندا پێناسە کراوە، کارێکە کە دەبێ نەمێنێت. منداڵە کرێکارە کارە ماڵییەکان[3] منداڵانێکن کە کاری ماڵان ئەنجام دەدەن کە شرۆڤەکەی هاتووە [9]. لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە منداڵانی ماڵی یان کرێکارە کارە ماڵییەکان منداڵانی خوار تەمەن هەژدە ساڵانن کە لە ماڵی کەسانی دیکە کار دەکەن؛ ئەوان کاری ڕۆژانەی ماڵ، چاودێریکردنی منداڵەکانی دیکە، چاودێریکردنی گەورەساڵان و کاری لەم چەشنە ئەنجام دەدەن [10]. بە پێی کۆنوانسیۆنی ژمارە 189 ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی

1. Domestic work
2. Child domestic labour
3. Child domestic workers (CDWs)

کار، "کاری ماڵان" بە واتای ئەو کارمیە کە بۆ ماڵێک یان چەند ماڵ ئەنجام دەدرێ و "کرێکاری ماڵ" واتە ئەو کەســـەی کە لە کارێکی ماڵی و لە چوارچێوەی پەیوەندییە کارییەکاندا دامەزراوە. دوو کچی دانیشتووی گەڕەکی ئەمیناباد سەبارەت بە کارەکەیان وتی:

> ئیتر تێچووی ژیانمان بە ئەستەم وەدەست دەهێنا، ئیتر دایکم وتی خۆ باوکت ئیش ناکا، چاکتر وایە سەوزە بێنینەوە بۆ ماڵەوە و پاکی بکەین. ئیتر سەوزەمان هێنا. ئەو کاتە چەپکی 500 تمەن بوو، زۆر کەم بوو. حەفتەی 20 بۆ 30 هەزار تمەن دەکەوتین. ئێستا ساڵێکە بۆتە چەپکی 800 تەمن. یەکێک بۆمان دێنێ ... . پاکی دەکەین و پێیانی دەدەینەوە.

> داهاتەکەم دەدەم بە دایکم و بۆ ســـەرفی تێچووی ماڵ دەکرێت. خوشـــکێکی دیکەم هەیە تەمەنی 12 ســـاڵانە؛ ئەویش لەگەڵمان ســـەوزە پاک دەکات. ئەویش ئەگەر پێی خۆش بێت [پێدەکەنێت]. ئەگەر ئەو نەیکا هەر من و دایکم ئەم ئیشـــە دەکەین.

زاراوەی کاری ماڵان لایەنێکی بەربڵاوی ئەرک و خزمەتگوزاری لە خۆ دەگرێ و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و تەنانەت بە پێی تەمەن، ڕەگەز، پێشـــینەی ئێتنیکی، بارودۆخی کۆچبەریی منداڵ و ئەو زەمینە کەلتووری و ئابوورییەی کە منداڵ تێیدا ئیش دەکا جیاوازە.

بەم پێیە هەڵســـەنگاندنی ئەم چەشـــنە کارانە لە ســـۆنگەی شـــوناس، بارودۆخ، مەترسییەکان و بابەتەکانی لەم چەشنە بە جۆری کار بەستراوەتەوە. کەواتە ئەو زەمنەی کە کاری تێدا ئەنجام دەدرێ جیاوازە. کاری ماڵانی منداڵ ئاماژەیەکی گشتی بە کاری منداڵان لە بەشـــی ماڵان لە ماڵی کەســـی ســـێیەم و خاوەنکار دەکات. ئەم چەمکە گشـــتییە هەم کار لە بارودۆخی ڕێگەپێدراو و هەم کار لە بارودۆخی ڕێگەپێنەدراو لە خۆ دەگرێت [11].

زانیارییەکان لە بارەی ئەم منداڵە "نەبینراو یان نەشیاوی بینین"ـــە کەمە؛ نەبینراوی بە هۆی ئەوەی کە منداڵان بە شێوەی جیا دادەمەزرێنرێن و کار دەکەن و لە گۆشەگیری یان لە ماڵێکی تاکەکەســـی، بە پێچەولنەی منداڵانی ســـەر شـــەقام یان منداڵانی ناو کـارخـانـە و کـارگـاکـان، کـار دەکـەن. کـاری ئـەوان بـە شـێوەی گرووپی نییـە و دەســـتڕاگەیشـــتن بەوان و دیاریکردنی ژمارەیان دژوارە. کارەکەیان نابینرێت. کاری

ماڵان هی بازاڕی کاری نافەرمییە. هەر بۆیە تۆمار ناکرێ و لە ئامارە فەرمییەکاندا پیشـان نادرێت. هەروەها لەوانەیە بارودۆخی ئەم منداڵانە لە سـەرژمێرییەکاندا ئاوێتەی خاوەنماڵ بکرێ یان ئامارەکانیان نەچێتە ناو سـەرژمێرییەکانەوە. هەر بۆیە هەڵسەنگاندنی کاری ماڵیی منداڵەکان لە هەموو بارودۆخێکدا دژوارە.

ڕێکخراوی جیهانیی کار بەراوردی کردووە کە نزیکەی 250 میلۆن منداڵی کار لە سەر ئاستی وڵاتانی ڕوو گەشەن. ڕێژەی ئاماژە پێکراو بۆ ئەو منداڵانەی کە لە کاری ماڵاندا چالاکی دەکەن ڕوون نییە، بەڵام بێگومان ڕێژەیان زۆرە. بە پێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، منداڵانی کچی خوار تەمەن شـازدە سـاڵان پتر لە هەر گرووپێکی دیکە لەم کەرتەدا چالاکی دەکەن. بە پێی شوناسی شاراوەی کاری ناو ماڵ بوونی ئامارێکی جێی متمانە سـەبارەت بەو منداڵانەی کە خەریکی کاری ناوماڵن ئەستەمە. ئامارە وەرگیراوەکانی توێژینەوەکان تەنیا لووتکەی کێوی سەهۆڵەکە پیشـان دەدەن کە ئەویش پیشـلندەری هەندێ نیگەرانی سـەبارەت بەم دیاردە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهلنە. ئەو ئەنجاملنەی کە لەم ماوەی دواییدا لە ئەمریکای لاتین، ئاسـیا، و ئەفریقا وەدەسـت هاتووە پانتا و توندیی ئەم پرسـە پشـتڕاسـت دەکاتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە تەنیا 175 هەزار منداڵی خوار تەمەنی هەژدە سـاڵان لە ئەمریکای ناوەندی، پتر لە 688 هەزار منداڵ لە ئەفریقای باشـووری، و 38 هەزار منداڵی پێنج هەتا حەوت سـاڵان لە گواتمالا لە کەرتی کاری ماڵان خەریکی کارن. لە هاییتی نزیکەی 250 هەزار منداڵ لەم کەرتەدا کار دەکەن کە نزیکەی 20 لە سـەدیان لە نێوان حەوت هەتا دە سـاڵانن. لە جاکارتا پێتەختی وڵاتی ئەندۆنسـیا، نزیکەی 700 هەزار منداڵ و لە نیپاڵ نزیکەی 62 هەزار منداڵ خوار تەمەنی چواردە ساڵان لە گەڕەکە شارییەکان کاری ماڵان ئەنجام دەدەن [12].

ئەو کارانەی کە ئەم منداڵانە ئەنجامی دەدەن بریتییە لە: کاری ڕۆژانەی ناوماڵ، لێنانی چێشت، پاکوخاوێنی و شتن و ساوین، چاودێریکردنی منداڵی خاوەنکار و هاوڕێیەتیکردنیان لە کاتی چوونە قوتابخانە و هەڵگرتنی جانتاکانیان، چاودێریکردنی گەورەسـاڵەکان و کەسـانی لاکەوتە، باخەوانی، پەیامگەیاندن و هاوکاریکردنی خاوەنکارەکان لە ئیدارەی کار و کاسـپییە بچووکەکان. لە ناوچە گوندییەکان ئەم کارە دەتوانێ بریتی بێ لە ڕاگرتنی ئاژەڵان، خاوێنکردنەوەی شـوێنی ڕاگرتنیان، کاری کشـتوکاڵ، و هەندێ کار و کاسـپیی بچووکی وەکوو تەونچنین [13]. زۆرێک لەم منداڵانە لە ماڵی خاوەنکارەکانیان و هەندێکیشیان بە شێوەی جیا

دەژین. منداڵەکان بۆ ئەو کارەی کە دەیکەن بە شێوەی ڕاستەوخۆ پارە وەرناگرن. هەندێ لە بەرامبەر سەرپەنا، چاودێری و خۆراک کار دەکەن وە هەندێکی دیکە لە بەرامبەر وەرگرتنی حەقدەست. ئەو منداڵەی کە لە ماڵی کەسی سێیەمدا کار دەکا لەوانەیە بە هۆی قەرزداربوونی دایک و باوکی بنێردرێتە ماڵی خاوەنکار کە لەم حاڵەتەدا حەقدەست وەرناگرێت. لە حاڵەتی دیکەشدا لەوانەیە خاوەنکار حەقدەستێکی کەمی ئەو منداڵە بدا بە دایک و باوکی، یان لای خۆی ڕابگرێ و بە بڕ و بیانووی جیاوازی وەکوو نەگەیشتنی منداڵ بە تەمەنی یاسایی، ئەو پارەی پێ نەدا و منداڵ ئیزنی دەستڕاگەیشتن و خەرجکردنی پارەکەی خۆی نەبێت. ئەم منداڵە لەوانەیە بۆ خزم و کەسانی خۆی و یان کەسانی نامۆ کار بکات. لە کاری ماڵان کاتژمێری دیاریکراو یان شرۆڤەی ئەرکی دیاریکراو بۆ منداڵان ڕوون نەکراوەتەوە. ئەوان لە کاتێکی شەو و ڕۆژدا هەر شتێک کە خاوەنکار داوایان لێ بکا دەبێ ئەنجامی بدەن. لە لێکۆڵینەوەکاندا سروشتی بیست و چوار کاتژمێریی کار و ماڵیبوونی ئەرکەکان بۆ منداڵە کرێکارەکان بە باشی سەلمێنراوە. لە بەنگلادش، ئەندۆنسیا، پاکستان و فیلیپین منداڵانی کرێکاری ماڵان بە شێوەی مامناوەند پازدە کاتژمێر لە هەر ڕۆژێکی حەفتەدا کار دەکەن و بە شێوەی گشتی لە شەووڕۆژدا لە خزمەتی خاوەنکاردان. ئەم منداڵانە زیاتری کاتیان لە ماڵی خاوەنکاردان و ئەو کاتانەی ڕۆژیش کە کارێکی وایان نییە بۆیان نییە لە ماڵ دەرباز بن. ئەوان بۆیان نییە هاوڕێشیان هەبێ، چونکە بە بۆچوونی خاوەنکار بوونی هاوڕێ وا دەکا منداڵان هۆشیان لای کار نەمێنێت. بە هۆی ڕەهەندی مەودای نێوان ماڵی خاوەنکار و ماڵی باوکەوە، سەردانی بنەماڵە هەمیشە مەیسەر نییە و لە درێژەی ساڵدا دەرفەتێکی کەمیان بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە هەیە کە زیاتر دەکەوێتە کاتی جەژن و بۆنە ئایینییەکان. خواردن و خەوتنیان لە بنەماڵەی خاوەنکار جیایە کە ئەمە هەستی خۆبەکەمزانین و هەڵاواردن لەم منداڵانەدا بەهێز دەکات [14].

فاکتەرە سەرەکییەکانی کاری ماڵان فرەڕەهەندە. هەژاری و بەژنانە بوونی هەژاری، تاراندنی کۆمەڵایەتی، نەریتەکان، نەخوێندەواری، هەڵاواردنی ئێتنیکی و ڕەگەزی، توندوتیژیی خێزانی، ئاوارەیی، کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار، و لەدەستدانی دایک و باوک بە هەر هۆکارێک هەندێ لە فاکتەرەکانی کاری ماڵانی منداڵان لە سەرتاسەری جیهانە. هەڵکشانی ئاستی نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی، قەرزداری و ئەم وێنایە کە خاوەنکار بنەماڵەیەکی بەربڵاوتر و پارێزەرێک بۆ منداڵە، هەروەها ئەم وێنا

هەڵەیە کە کاریماڵان دەرفەتێک بۆ ڕاهێنانی منداڵان دابین دەکا لە فاکتەرەکانی دیکە پەرەسەندنی کاری منداڵانە. منداڵان زیاتر بە هۆی هەژارییەوە ڕوو لە کاری ماڵان دەکەن، بەڵام هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە بۆ کچان خزمەتگوزاریی ماڵان وەک بابەتێکی ئاسایی و سوودمەند سەیر دەکرێ، چونکە گومانی ئەوە دەکرێ کە ئەوان بۆ ڕۆڵی داهاتوویان وات کلبانێتی، ئامادە دەکات. هەروەها زۆر کەس پێی وایە کە کاری ماڵان لە کارەکانی دیکە ئاسانترە و ژینگەیەکی گونجاو بۆ ژنان و منداڵان ئامادە دەکات. خاوەنکارەکانی ئەم منداڵانە بە هیچ چەشنێک کاری خۆیانیان بە لاوە چەوساندنەوەی منداڵان نییە، بەڵکوو پێیان وایە کە هاوکاریی ئەم منداڵانە و بنەماڵەکانیان دەکەن. خاوەنکارەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پێیان وایە وەکوو "ئەندامێکی خێزانی خۆیان" هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم منداڵانەدا دەکەن [15].

بە پێچەوانەی وێنای گشتی، ئەم منداڵانە لەبەر دەم توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی، وتەیی و سێکسیدان. ئەم منداڵانە هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی زمانی وەکوو دەرا و دەمی سووکایەتییانە، بێڕێزی، حەرەشە، جنێو، قیژاندن و بە سەردا گوڕلندن بەئەزموون دەکەن. جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی فیزیایی لە دژی منداڵانی کرێکاری کاری ماڵانیش ڕاگەیێندراوە کە دەتوانین ئاماژە بە لێدان، دانە بەر شەق، قەمچی لێدان، نقوورچک گرتن، سووتاندن، سەپاندنی کاری زۆر و برسی ڕاگرتنی منداڵان بکەین [16]. بە هۆی دووریی لە بنەماڵە زۆربەی ئەم منداڵانە لە چاودێری و داکۆکیی بنەماڵە بێبەشن و نەبوونی میکانیزمی پشتیوانی دەبێتە هۆی ئەوەی زەمینەی زیاتر بۆ سەپاندنی توندوتیژی لە دژی منداڵان و کەڵکاوەژۆیی لێکردنیان برەخسێت. ئەنجامی هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان پیشان دەدا تەندروستیی دەروونی لە دژی ئەم تاقمی منداڵانە لە چاو منداڵە کارەکانی دیکە زیاتر لە بەر دەم مەترسیدایە. دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، شەومیزی، بێخەوی، مۆتەکە، ژانەسەری بەردەوام، گۆشەگیری، کۆڵدان و پاشەکشێ، باڵقبوونی پێشوەختە، و کاردانەوەی پڕترسانە لە بەرامبەر خاوەنکار لە ناو منداڵانی کرێکاری ماڵان زۆر باوە. هەموو ئەم بابەتانە بە هۆی دووریی لە بنەماڵە، نەبوونی تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و نەبوونی داکۆکییەک کە ئەنجامی تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بێ، تەنهایی و گۆشەگیری و بارودۆخی کاری بۆ ئەم منداڵانە دروست دەبێت [17].

ڕێکخراوی جیهانیی کار ژمارەیەک لە مەترسییەکانی کاری ماڵانی - کە دەبێتە هۆی زیانمەندبوونی منداڵان - دەستنیشان کردووە و هەر ئەم بلبەتانە هۆکارێکە بۆ

ئەوەی بۆچی ئەم کۆمەڵە کارانە وەک "خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵ" ناسێنراون. باوترینی ئەم مەترسییانەی کە ئەو منداڵانەی لە کاری ماڵاندا حەڕەشەیان لێ دەکرێ کە بریتیین لە:

1) ڕۆژانی کاری درێژخایەن و ماندوویی‌هێنەر؛

2) بەکارهێنانی مادەی کیمیایی ژاراوی؛

3) هەڵگرتنی باری قورس؛

4) دەستدانە کەرەسەی مەترسیداری وەکوو چەقۆ، قاپ و کەوچی داخ، تەور و داس؛

5) شوێنی ژیانی نەگونجاو و خۆراکی ناتەواو و ناتەندروست.

6) ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕفتاری بێ‌ڕێزییانەی وەکوو ئازاری جەستەیی، وتەیی، دەروونی و سێکسی.

ئەم مەترسییانە دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ بێبەش‌بوونی منداڵان لە مافە بنەڕەتییەکانیان وەکوو دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە و چاودێریی تەندروستی، مافی پشوو، کاتی بێکاری، یاری و پەیوەندیی ڕێک‌وپێک لەگەڵ دایک و باوک و هاوتەمەنەکانی خۆیان بەراورد بکرێت. ئەم فاکتەرانە دەتوانن کاریگەریی جەستەیی، دەروونی و ئەخلاقیی قەرەبوونەکراو لە سەر گەشە، تەندروستی و خۆشگوزەرانیی منداڵ دابنێن [18]. کاری ماڵان لە ناوچە گوندییەکاندا کچان سنووردار دەکاتەوەکە ئەمە دەبێتە کۆسپی بەر دەم بەتوانابوونیان. لە ناوچە لادێییەکاندا زۆر جار کچان هەتا قۆناغێکی تایبەتیی خوێندن واتە قۆناغی سەرەتایی دەچنە قوتابخانە، چونکە درێژەدان بە خوێندن ناچاریان دەکا بچنە ناوچە یان گوندەکانی دیکە، بەڵام دایک و باوک بە هۆی ترس لە زیان و خەسارەتی ئەگەری و تێچوو لە ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانە خۆ دەبوێرن. وازهێنان لە خوێندن یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنی کچان بۆ ناو کاری ماڵ یان هاوسەرگیری لە تافی منداڵییە. بەو پێیەی کە کاری ماڵان هیچ حەقدەستێکی بۆ منداڵان تێدا نییە، نابێتە هۆی دەستەڵاتداربوونیان. لەم توێژینەوەدا هەندێ لە جۆرەکانی کاری ماڵان لە ناو منداڵان تاوتوێ کرا. بۆ وێنە کۆمەڵێک کە لەگەڵ دایک و باوکی خۆیان بە نیازی ئەنجامدانی کارگەلی وەکوو پاک‌وخاوێنی دەچنە ماڵی خەڵک. لەم حاڵەتەدا منداڵان بەشێک لە کاری پاک‌وخاوێنیی ئەو ماڵە ئەنجام دەدەن. گێڕلنەوەی چەند کەس لەو منداڵانەی کە کاری ماڵانیان ئەنجام دەدا و لە گەڕەکەکانی دەرکە، ئیسلامشار و شووش دیمانەیان لەگەڵ کرا بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| لەگەڵ دایکم دەچین بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵان، دایکم سەر ئەرزەکە دەسڕێ، منیش دەچم قاپ و کەوچکەکان دەشۆم. |
| باوکم ئیش ناکا، ناچارین خۆمان ئیش بکەین. |

| |
|---|
| سێ چوار ساڵە ئێمە لێرەین. پێشتر لە گەڕەکێکی دیکەدا بووین ... . گەڕەک نا هەر لەم شـوێنەداین. کەمێک لە خوارەوە بووین. پاشـان ڕۆشـتین ... . دایکم ئەم پوورانـەی دەنـاسـی. ئینجا وتیان ئێمـە بـە نیازین دامـەزراوەیـەک بکـەینـەوە کـە منداڵـەکان بێن بخوێنن. ئینجا دایکم وتی باشــە ... هاتم، ناونووس کرام، لـە ڕێگـەی ... نـاســراین. دێنە ناو گەڕەک و ســۆراغی منداڵـەکان دەگرن. ئیتر ئاوا یەکترمان ناسی. |



وێنەیەک لە منداڵانی خەریکی کاری ماڵان (وێنە: ڕۆژنامەی هەمشەهری)

### کچە کابانەکان

مۆدێلێکی دیکەی کاری ماڵان کە ڕێک لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە زۆر باوە بەکارهێنانی کچان بۆ ئـەنجامدانی کـاری مـاڵـە، بـە جۆرێک کـە کچـان دەبێ هـەموو کـارەکـانی ئەندامانی بنەماڵە وەکوو چێشتلێنان و شتنی جلوبەرگەکان ئەنجام بدەن.

لە ئێســتادا بە ملیۆنان کچ لە ســەرتاســەری جیهاندا هەن کە لە هەڕەتی منداڵیدا ناچار بە کـاری مـاڵان کراون، ئـەوە لـە حـاڵێکدایـە کـە بۆ ئـەو خزمـەتگوزارییـانـەی کـە پێشــکەشــی دیترانی دەکەن هیچ حەقدەســتێک وەرناگرن، بەڵکوو لە کەمترین ماف ســوودمەندن و ســەرەڕای ئـەوەی هـەڕەتی منداڵییان لێ زەوت کراوە، بەڵام بە هۆی

سروشتی شاراوەی کاری ماڵان، لە لایەن دەوڵەت و ناوەندە مەدەنییەکانەوە پشتیوانی ناکرێن.

ئەم پرسە کە ئاخێزگەی نەریتی و فەرهەنگی و کەلتووری هەیە لەوانەیە لە گوندەوە بۆ شار و لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکەوە سەرچەنشێکی جیاوازی هەبێ، بەڵام لە ژێر کاریگەریی کەلتووری پیاوسالاردا ئەمە کچانن کە دەبێ کاروباری ماڵ ڕاپەڕێنن و مافیان لەگەڵ مافی کوڕان یەکسان نییە. لە گەڕەکی شەهران دیمانە لەگەڵ کچێکی پازدە ساڵان کرا کە دەبا هەموو کاروباری ماڵ، تەنانەت شتنی جلوبەرگی براکانیشی ئەنجام بدایە؛ ناوبراو لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| بنەماڵەکەم وەک کارەکەر لێم دەڕوانن. دەبێ هەموو کاروباری ناو ماڵ بکەم. بەیانی کە لە خەو ڕا دەبم بەرچایی بۆ هەموویان ساز بکەم. ئینجا نۆرەی شتنی قاپ و کەوچک و گسکدانی ماڵ و ئەمانەیە ... . |

کاری ماڵ بۆ کچان واتە ئەنجامدانی هەمیشەیی خزمەتگوزاریی خۆڕایی و بێبەرامبەر بۆ دیکەی ئەندامانی بنەماڵە و ئەم کارە لەگەڵ بەشداری پێکردنی منداڵان لە کاروباری ماڵە کە دەبێتە هۆی بەرپرسایەتی و شارەزایی زیاتریان جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. لە گەڕەکی پاسگای نێعمەتباد دیمانە لەگەڵ کچێکی تەمەن شازدە ساڵان کرا کە بنەماڵەکەی دژی خوێندنی بوون و دەبا هەموو کاروباری ماڵی ئەنجام بدایە. ناوبراویش وتی:

| |
|---|
| هەر کات لای بنەماڵەکەم بۆڵە دەکەم کە بهێڵن بخوێنم، گاڵتەم پێ دەکەن، بە ڕای ئەوان چ بخوێنم و نەخوێنم خۆ هەر دەبێ پەرە گوو بشۆم. دەزانی هەتا ئێستا چەند جار لێیان دام لەبەر تەوەزەلی قاپ و کەوچکەکانم نەشت؟ |

کچانی کابان لە ئەگەری هەر چەشنە سەرپێچییەک لە ئاست ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆیانە سزا و تەمبێ دەکرێن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە خاوەنکارانی ئەم منداڵانە کە زۆر جار دایک و باوکیانن، بە هیچ چەشنێک ئەم کارەی خۆیان بە زێراندن و چەوساندنەوەی ئەم منداڵانە نازانن.

نەریتە باوە فەرهەنگییەکان، کلیشە ڕەگەزییەکان و بیر و باوەڕی پیاوسالاری گرینگترین هۆکاری کاری زۆرەملێی کچان لە ماڵن، بەڵام لەبەر دەستنەبوونیان بە هۆی گەمارۆدرانیان لە ناو چوار دیواری ماڵ لە لایەک و بە ئاسایی سەیرکردنی کاری

منداڵان لە ناو ماڵ لە لایەکی دیکەوە وای کردووە کە نە تەنیا ئەم منداڵانە لە پاڵپشتیی ناوەندە مەدەنییەکان بێبەش بن، بەڵکوو تەنانەت لە ڕیزی منداڵانی کاریشدا لە قەڵەم نەدرێن.

ئەگەرچی ئاستی بەکارهێنانی کچان لە ناو ماڵدا بە بارودۆخی فەرهەنگی و کەلتووری و ئابووریی بنەماڵەکان بەستراوەتەوە و لە چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ئەو کچانەی کە ناچار بە کاری ماڵی زۆرەملێ دەکرێن بارودۆخێکی هاوشێوەیان نییە. بەڵام هەر هەموویان نایەکسانیی ڕەگەزی بەئەزموون دەکەن. بۆ وێنە ئەو کچانەی کە لە گوندەکان و پەراوێزی شارەکاندا ژیان دەکەن لەبەر دەم کاری سەختتر، جیاکاریی زیاتر و توندوتیژیی دوو قاتن. یەکێک لەم کچانە لە گەڕەکی غەنییاباد لەم بارەوە وتی:

> ئەوان پێیان وایە خوێندنی من فشەیە. براکەم ئیش دەکا، پارەکەی دەخاتە گیرفانی خۆی، بەڵام کە دێتەوە بۆ ماڵەوە، من دەبێ چێشتی بۆ لێ بنێم و بۆی دابنێم. هەر کات دەڵێم دەی جا بە جەحەندەم، خۆی هەڵدەستێ چێشت بۆ خۆی تێدەکا، دایکم دەڵێ براتە دەبێ بیکەی.

کاری ماڵانی کچان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هاوسەرگیریی پێشوەختەی ئەوان هەیە و هەرچی تەمەنی چوونی منداڵ بۆ ناو پرۆسەی کاری ماڵ کەمتر بێ، مەترسیی هاوسەرگیریی پێشوەختەی ئەو منداڵەش زیاترە. ئەو خانەوادانەی کە لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەژارن یان گیر و گرفتی ئابوورییان هەیە هەر لە تەمەنی کەمەوە کچەکانیان بۆ کاری ماڵ بە کار هێنابوو، و بەو پاساوەی کە توانای مێرداری و کاری ماڵیان هەیە و ئامادەیی پێویستیان هەیە، دەیاندەن بە شوو. حاڵەتێکی دیکە کچانی کلبانن کە زۆر جار بۆ دەربازبوون لە بارودۆخی نالەباری ماڵی باوک هاوسەرگیریی پێشوەختەیان هەڵبژاردبوو. کچێکی تەمەن چواردە ساڵان کە دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکەکانی باشووری شاری تاران بوو لەم بارەوە وتی:

> لە ماڵی باوکم ئەوەندەیان ئازار دام وام لێهاتبوو کە هەر کەس دەهاتە خوازبێنیم، قبووڵم دەکرد. لانیکەم لەوێ دەزانم کە کاری یەک کەسم پێ دەکەن نەک هی دە کەس.

بێبەشبوون لە خوێندن، خەسارەتی جەستەیی بە هۆی ئەنجامدانی کاری سەغڵەت، نەخۆشی، خەمۆکی، مۆتەکەی شەوانە، نامتمانە بە خۆیی، گۆشەگیری،

باڵقبوونی پێشـــوەختە، و زۆر زیانی دیکە حەڕەشـــە لەو کچانە دەکا کە لە تافی منداڵییەوە ناچار بە کاری زۆرەملێ و هەمیشەیی دەکرێن.

***

## هۆکارەکانی کاری منداڵان

### هەژاری و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان

ڕەنگە هەژاری سادەترین وڵام بۆ بۆچیەتیی کاری منداڵان بێ، بەڵام پرسیارێکی لەوە گرینگتر ئەوەیە کە: بۆچی لە ناو کۆمەڵگایەکدا، بەتایبەت کۆمەڵگاگەلێکی وەکوو کۆمەڵگای ئێران کە لە بواری بەرهەمهێنان‌دا توانای پەنگراوی هەیە، هەژاری بوونی هەیە؟ و هەژاری لە ڕێگەی چ میکانیزمێکەوە کاری منداڵانی لێ دەکەوێتەوە؟ بە واتایەکی دیکە هەژاری چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی بنەماڵەکان منداڵەکانیان بنێرن بۆ بازاڕی کار؟ وڵامی پرســیاری یەکەم ڕووی لە ئابووریی ســیاســیی کۆمەڵگایە. لە کۆمەڵگایەکدا کە ئابووری بە نەوت، دلبەشـــلندنی نادادپەروەرلنە، و جیاکارلنەی ڕانتە نەوتییەکان و هەلە ئابوورییەکان بەستراوەتەوە، قۆرخکاریی ئابووری پەرە بە نایەکسانی و هەژاریی زۆر قووڵ و پشـــتشـــکێن دەدات. ســـەرباری ئەمە، بابەتی فاکتەر و میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی هەژاری و نایەکســـانی لە وڵاتی ئێرلندا زۆر چڕوپڕ و ئاڵۆزە. بۆ وڵامی ئەم پرسیارە، واتە هەژاری لە ڕێگەی چ میکانیزمگەلێک دەبێتە هۆی کاری منداڵان، هەوڵمان داوە بە چاوخشـــاندنێکی کورت بە تیۆرییەکانی کاری منداڵان بگەین بە ڕۆخی وڵام. بە گوێرەی تیۆریی بنیاتیی "کاری منداڵ"، ئەگەر داهاتی گەورەســـالان یان ســـەرپەرشـــتانی بنەماڵە کەم بێ و بەشـــی تێچوو و بژێویی بنەماڵە نەکا، ئەوە بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی خەرج و تێچوو، بنەماڵەکان ڕۆڵەکانی خۆیان دەنێرنە ناو بازاڕی کار [19]. بە بۆچوونی ئێمێرسـۆن و سـۆزا[1] کاری منداڵان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان لە داهاتوودا داهاتێکی کەمیان هەبێ و بە هۆی داهاتی کەمەوە، منداڵەکانیان بنێرنە ناو بازاڕی کار. ئەم توێژەرلنە ناوی ئەم پرۆســـەیان ناوە "تەڵەی کاری منداڵان"[2]. بە گوێرەی ئەم تەڵە، ئەو گەورەســـالانەی کە لە هەرەتی منداڵیدا خۆیان منداڵی کار بوون، بە هۆی داهاتی کەم لە تافی گەوەرســـاڵیدا، زیاتر منداڵەکانیان دەنێرنە ناو بازاڕی کار [20]. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە سـەرپەرشـتانی ئەم تاقمی منداڵانە زوو خانەنشـــین دەبن - بە هۆی هەموو جۆرەکانی نەخۆشـــی و

---

1. Emerson and Souza
2. Child labor trap

کێشەی جەستەییەوە - منداڵەکانیان دەنێرنە ناو پرۆسەی کار و ئەم پرۆسە بە بێ ئەوەی کۆتایی پێ بێ دووبارە دەبێتەوە. بە پێی ڕوانگەی چاوەڕوانییەکان، دایک و باوک کاتێک لە سەر پەروەردەی منداڵەکانیان سەرمایە دادەنێن کە چاوەڕێی گەڕانەوەی سەرمایە بن. ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئەوان پێیان وا بێ کە سەرمایەدانان لە سەر پەروەردەی منداڵەکانیان هیچی لێ سەوز نابێ، خۆ لەم سەرمایەدلنانە دەبوێرن و منداڵەکانیان دەنێرنە ناو بازاڕی کار [21]. هەر لەم زەمینەدا یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی بواری کاری منداڵان، چالاکوانی گەڕەکی ناسر خەسرەو، وتی:

بە هۆی نەبوونی پیشەیەکی باش و گونجاو بۆ دایک و باوک، پیشەی وەرزانە، و بە هەر حاڵ، ئەو کارانەی کە بیمەی نییە و داهاتوویەکی بۆیان نییە، ئەمانە بە شێوەی ناوشیارانە ناچار دەبن هێزی کاری منداڵ بە کار بێنن.

ئێمێرسۆن و ناب لە شوێنێکی دیکەدا ڕوونی دەکەنەوە کە ئەوە دلبەشاندنی نادادپەروەرانەی هەلە ئابوورییەکانە کە دەبێتە هۆی هەژاری و کاری منداڵان. بۆ وێنە بەو پێیەی کە هەلەکان لە نێوان ناوچەکلندا بە شێوەی نایەکسان دلبەش دەبێ، لەو شوێنانەی کە هیچ هەلێک بۆ کار نییە، بۆ وێنە لادێکان، تەنانەت ئەو کاتەی کە منداڵەکانیان دەخوێنن، هەلی دۆزینەوەی کاری گونجاو لەگەڵ بڕوانامەی خوێندنەکەیان کەمە و لە ئەنجامدا دایک و باوکەکان بڕیار دەدەن کە هەر لە تافی منداڵییەوە بیانهێننە بەر کار [22]. منداڵێک کە لە گەڕەکی لالەزار کاری دەکرد و لە گوندەکانی دەوروبەری پارێزگای ئەردەوێلەوە بە نیازی کار هاتبووە تاران وتی:

> من ئێستا چوار پێنج ساڵە لێرەم. هەندێ جار شەش مانگ جارێ دەڕۆمەوە مانگێک دادەنیشم دیسان دێمەوە. دواجار کە بنەماڵەکەمم بینی نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر بوو. ئەوان ناتوانن بێنە ئێرە؛ باوکم ئەگەر ڕۆژێک نەچێتەوە سەر کار، دەری دەکەن. دایکیشم ناتوانێت. براکانم لێرەن، دێن یەکتر دەبینین. یەکێک لە براکانم لە شارە خەریکی کاری قاچاغە، خەریکی کاری قاچاغچێتییە. یەکیشیان لێرە ئیش دەکا، لە شیرینیخانەیە.

بە گوێرەی تیۆریی "منداڵانی کار و بەپسپۆڕیبوون" ئەگەری ئەوەی کە هەموو منداڵەکان لە ناو بنەماڵەیەکدا بچنە ناو پرۆسەی کارەوە، یەکسان نییە، بەڵکوو ئەگەری ئەوەی کە بنەماڵە ژمارەیەکی زۆری منداڵەکان بنێرێتە ناو پرۆسەی کارەوە، و لە سەر ژمارەیەکی دیکە سەرمایەدانەری بکا زیاترە. بە پێی ئەم تیۆرییە، ئەوە منداڵە

گەورەترەکانن کە دەبنە قۆچی قوربانیی ئەوانی دیکە و دەچنە ناو پرۆسـەی کارەوە [23]. وامقی و یەزدانییش لە ئێرلندا لە پێداچوونەوە بە لێکۆڵینەوەکانی بواری کاری منداڵان و بە گوێرەی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەولنە پیشـانیان داوە کە زۆربەی کاری منداڵان لەگەڵ بنەماڵەکانی خۆیان دەژین و "پڕەنسـیپە هاوبەشـە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خانەوادانە بریتییە لە: ژمارەی زۆری ئەندامانی بنەماڵە، ئاسـتی خوێندەواریی باوک و دایکەکان، بێکاری یان پیشەی کەمداهاتی باوکەکان، بەشداریی کەمی دایکەکان لە دەسـتخسـتنی داهات، و کۆچی ناوخۆیی و دەرەکیی بنەماڵە" [24]. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە کوردسـتانەوە هاتبوو و لە بازاڕی میوە و تەڕەباری تەجریش کاری دەکرد سەبارەت بە بنەماڵەکەی بەم شێوە بوو:

> جیا لە خۆم، براکانیشـم ئیش دەکەن، بەڵام ئیش بۆ خۆیان دەکەن، ئەوانیش دەزگیراندارن، ئیش بۆ خۆیان دەکەن. ئێمە پێنج برا و دوو خوشکین. خوشکەکانم منداڵن. من ئێستا لە دوو سێ شوێنەوە پارە وەدەست دێنم، سپاس بۆ خوا.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەش سـەبارت بە کاری منداڵان لەگەڵ وێژەی ئەم بوارە هاواهەنگە و بە پێی ئەمە هەندێ فاکتەری وەکوو هەژاری و داهاتی کەمی بنەماڵە، کارکردن بە داهاتی کەم، نەخوێندەواری یان کەمخوێندەواریی دایک و باوکەکان، لاکەوتەیی، زینـدلنیکران و گیرۆدەبوونی بـاوک بـە مـادەی هۆشـبـەر، مردنی سـەرپەرشـتیاری بنەماڵە، بەجێهێشـتنی بنەماڵە لە لایەن سـەرپەرشـت یان باوکی بنەماڵەوە، وەرزانەبوونی پیشـەی سـەرپەرشـتیاری بنەماڵە، فشـار و زەختەکانی ئەم دواییەی بواری ئابووری کە بە هۆی توندتربوونی گەمارۆ ئابوورییەکانی سـەر ئێرلنە، تەشـەنەسـەندنی پەتای کۆڕۆنا، قەرزداربوونی بنەماڵە، ڕاکردن لە ژینگەی نالەباری بنەماڵە و دابینکردنی تێچووی خوێندن، فەرهەنگی هەندێ لە کۆمەڵگاکان و بیر و باوەڕەکانیان سـەبارەت بە منداڵ، کۆچکردن و دابینکردنی تێچووی کۆچ لە هۆکارە سـەرکییەکانی کاری منداڵانن. پێویسـتە ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە هەژاریی بنەماڵە، دەبێ زیاتر لە ناو سیستەمە بەربڵاوەکاندا لێی تێبگەین، ئەگەرچی جاری وایە دەتوانێ هۆکاری ژیان - دەروونیشـی هەبێت. بۆ وێنە دەرکەوتنی نەخۆشـی و دابینکردنی تێچووی پشـتشـکێنی چارەسـەر دەتوانێ هەژاری لێ بکەوێتەوە. هەندێ جار منداڵ خۆی لەولنیە بە هۆکاری وەکوو کۆچ، شـوناسدۆزی، ئەو سـەرچەشـنانەی کە بۆ خۆیانیان کێشـاوەتەوە، فێربوونی پیشـە و پێشـکەوتن لە ژیان، کڕینی هەندێ پێداویسـتیی تایبەتی وەکوو جلوبەرگ یان موبایل و یان خۆنواندن بۆ بنەماڵە و

پیشـاندانی دەسـەڵات دەچنە ناو پرۆسـەی کارەوە. سیاسـەتە ناکارامەکانی دەوڵەت کە بۆتە هۆی سەپاندنی گوشاری ئابووریی زیاتر بۆ سەر شارۆمەندان، بەتایبەت هەژاران، داکۆکی‌نەکردنی دەوڵەت لـە بنەمـاڵـە نـەدار و دەســتـنـەڕۆکان، جێبەجێکردن‌نەکرانی یاســاکانی پەیوەســت بە کاری منداڵان، و نەبوونی چاودێری بە ســەر کاری منداڵان بەردەوام زەمینە بۆ بەردەوامیی ئەم دیاردە خۆش دەکات.

## نەخوێندەواری و کەمخوێندەواریی دایک و باوک


یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کاری منداڵان نەخوێندەواری یان کەمخوێندەواریی دایک و باوکە. زۆربەی ئەم دایک و باوکانە هەلی خوێندنیان لە منداڵیدا بۆ نەڕەخساوە و یان دایک و باوکیان لـە ســەر خوێندنیان ســەرمایەدانەرییان نەکردووە. بە هۆی نەخوێندەواری یان کەمخوێندەوارییەوە دەچنە ناو ئەو پیشـانەی کە ئاسـتی ئابووری و کۆمەڵایەتییان نزمە و داهاتێکی کەمیان هەیە. ئەوانیش بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشــێک لە تێچووەکانی بنەماڵە ســەرمایە لە ســەر خوێندنی منداڵەکانیان دانانێن و ڕۆڵەکانیان دەنێرنە ناو پرۆســەی کارەوە. لـە ڕاســتیدا ئەم خانەوادانە چوونەتە ناو "تەڵەی کاری منداڵ". لـە میانـەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوە، کاتێک کە پرســیار لـە منداڵان دەکرا کە بە چ هۆکارێک هاتوونەتە ناو پرۆســەی کارەوە، ئەوان ئاماژەیان بە دابین‌کردنی تێچووی بنەماڵەکانی خۆیان دەکرد و یان ئەو کاتەی کە ســەبارەت بە ئاســتی خوێندەواریی دایک و باوکەکانیان پرســیاریان لێ دەکرا، وڵامەکانیان ئەوەی دەردەخســت کە زۆربەی دایک و باوکی ئەم منداڵانە نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوار بوون. لەم بارەوە گێڕانەوەی هەندێ منداڵی کۆچبەر کە لە شـارەکانی باکووری ئێرانەوە (شـوێنی نیشتەجێ‌بوونی کۆچەرەکان)، زەنگان، مەزار شـەریفی ئەفغانستان و ورمێوە هاتبوونە تاران و لە گەڕەکی هەرەندی کاریان دەکرد بەم شێوە بوو:

> لەگەڵ دایک و باوکم ژیان دەکەم. باوکم هەتا پۆلی سێی سەرەتایی خوێندووە ... دایکم نەخوێندەوارە ... باوکم لە لاستیک فرۆشی ئیش دەکات.


> باوکم لە کارگەی بەرهەمهێناندا ئیش دەکا، هەر لەم کارگلیانەیە، کەرەســەی یانەی وەرزشی و لەمانە ... باوکم و دایکم نەخوێندەوارن، دایکم ئیش ناکات.

> باوکم ئیش ناکا، پێشتریش ئیشی نەدەکرد. ئێستا لە ماڵەوە بێکارە.


له ماڵی ئێمەدا کەس خوێندەوار نییە، هەر کەمێک خوێندەواریم هەیە؛ ئەوانی دیکە نییانە، برا گەورەکەم نەخوێندەوارە؛ دەڵێ من ناچمە قوتابخانە، پێی خۆش نییە. دایکم چۆتە مزگەوت و قورئان دەزانێ، نەخوێندەوارە ... .




چارتی ژمارە 2-3: ئاستی خوێندەواریی دایک و باوک (بە پێی کەس)




چارتی ژمارە 3-3: ئاستی خوێندەواریی باوکی منداڵان (بە پێی کەس )




چارتی ژمارە 4-3: ئاستی خوێندەواریی باوکی منداڵان (بە پێی کەس)

## هاوکاریکردنی زیادبوونی بڕە داهاتی بنەماڵە


ئاستی خوێندەواریی کەم لەگەڵ کار لەو پیشانەی کە ئاستی ئابووری - کۆمەڵایەتییان کەمە و یان لە بارودۆخی ئابووریی هەلاوسانی ئێران بێکاری بۆتە هۆی هەژاریی بەربڵاوی بنەماڵەکان و هەموو ڕۆژێ لایەنێکی بەربڵاوی کۆمەڵگا دێنێتە ناو پرۆسەی هەژارییەوە کە زەمینەخۆشکەری کاری منداڵانە. ئەنجامەکانی ژێرەوە هەژاریی بنەماڵەی بە هۆی جۆری پیشە دایک و باوکەکان و میکانیزمەکانی دواتر - گوشاری بنەماڵە - هاتنی منداڵ بۆ ناو کار پیشان دەدات. گێڕانەوەی چەند منداڵی ئەفغانستانی ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| باوکم لە مەیدانەکەدا دەوەستێ، بۆ کاری قوڕەکاری، چوار برا و دوو خوشکین. |

| |
|---|
| باوکم خزمەتگوزاری پاساژە، مانگی ملیۆنێک وەردەگرێت. منیش بە نیازم بچمەوە بۆ ئەفغانستان؛ ماندوو بووین، زۆر کار دەکەین. لەبەر بێکاری هاتووینەتە ئێرە، چی بکەین چارمان ناچارە. |

| |
|---|
| هەموو ڕۆژێ دێمە سەر کار، ئەگەر کەس نەخۆش نەبێ، دێم، ئەیچی دێم. ئەگەر ڕۆژێ نەیەمە سەر کار دایکم و باوکم وازم لێ ناهێنن دەڵێن بڕۆوە سەر ئیشەکەت. منیش ئیتر هیچ ناڵێم. |

### پیشەی دایکەکان




چارتی ژمارە 5-3: پیشەی دایکی منداڵان (بە پێی کەس)

### هاوکاریکردن بۆ زیادکردنی داهاتی بنەماڵە

هەژاریی بنەماڵە و نەبوونی داهاتی گونجاوی دایک و باوک وا دەکا کە دایک و باوکەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی تێچووی ژیان ڕۆڵەکانیان بنێرنە ناو بازاڕی کار. ڕێژمیەکی زۆری منداڵان وتیان کە لە پێناو زیادکردنی بڕی داهاتی بنەماڵە کار دەکەن و یان یەکێک لە هۆکارەکانیان بۆ کارکردن ئەوە بوو کە بتوانن بەشێک لە تێچووی بنەماڵەکەیان قەرەبوو بکەنەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوان داهاتەکانیان دەدەن بە بنەماڵەکەیان. منداڵانی ئەفغانستانییش داهاتەکەیان دەنێرنەوە بۆ بنەماڵەکانیان لە وڵاتی ئەفغانستان. لەو حاڵەتەکانی کە منداڵان لەگەڵ دایک و باوکیان کار دەکەن، دایک و باوکیان بە شێوەی ڕاوستەوخۆ حەقدەستەکەیان لە خاوەنکار وەردەگرن و منداڵ لە بوونی داهات بێبەش دەکەن. لەم بوارەدا گێڕانەوەی منداڵانی کاری پەنابەر بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| پارەکەمان خەرج دەکەین، ئەوی دیکە دەنێرینەوە بۆ ئەفغانستان. بۆ خۆمان جلوبەرگ و پێڵاو دەکڕین. مانگی بڕی 400 هەزار تمەنیش دەدەین بە کرێ. |

| |
|---|
| پارەکەم دەنێرمەوە بۆ ئەفغانستان و کەمێکیشی بۆ خۆم هەڵدەگرم. 500 هەزار لای خۆم گل دەدەمەوە و ملیۆنێک و 500 هەزار تمەن دەنێرمەوە. بەو 500 هەزار تمەنە نانی شێو بۆ خۆم ساز دەکەم. براکەم لێرەیە تەمەنی بیست و دوو ساڵانە. |

هەر هەموو پارەکەم دەنێرمەوە بۆ وڵاتی ئەڤغانستان. بۆ تێچووی خۆشم کۆڵ دەکێشم یان کاری زیادە دەکەم. ڕۆژی دوو سێ درگا ساز دەکەم. هەر ئەمە کارە زیادە یان بارداگرتنە. بە پارەکەی پێڵاو دەکڕم، جل‌وبەرگ دەکڕم، تێچووی ئەمانە جێبەجێکردن دەکەم.

ئێمە دەیدەین بە کرێ ماڵ. ئێمە پارەکەمان سەرف ناکەین. هەرچی دەستی دەخەین، دەیدەین بە کرێ ماڵ و ئەملنە. کرێ ماڵ 800 هەزار تمەنە، ساڵانەش بڕی 6 ملیۆن تمەن دەدەین بە ڕەهن.

من پارەکەم دەدەم بە دایک و باوکم. کاکم دەیڕژێنێتە ناو حسێبی بانکیی خاوەن‌ماڵ ئەوی دیکەش خەرجی ماڵی پێ دەکێشین.

پارەکەم پاشەکەوت دەکەم. ئۆتۆمبێل بۆ باوکم دەکڕم. بنەماڵەکەم پێویستیان بە پارەی منە و هەندێ جاریش پێویستیان پێ نییە. هەندێ جار باوکم ئیش ناکا، داوای پارە لە من دەکات.

پارەکەم هەموو دەدەم بە باوکم.

لە ماڵەوە من و باوکم ئیش دەکەین. باوکم بە پارەی خۆی قەرز و قۆڵەکانی دەداتەوە و منیش خەرجی ماڵەوە دەکێشم.




چارتی ژمارە 6-3: فاکتەرەکانی سوودمەندنەبوونی منداڵان لە داهاتی سەرپەرشتیاری بنەماڵە (N =109)

یەکێک لە خاوەنکارە چالاکەکانی کەرتی پۆشـــاک فشـــار و زەختی ئابووری بە گرینگترین هۆکاری کاری منداڵان لە قەڵەم دا و ســـەبارەت بە داهاتی پیشـــەیی ئەو منداڵانەی کە فێری ئەم پیشە بوون وتی هەندێکیان لە تافی گەورەسـاڵیدا درێژەیان بەم پیشـە داوە و کار و کاسـپییەکیان بۆ خۆیان ڕێخسـتووە و هەندێکیان کۆچیان کردووە و گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکەیان:

زۆریان ئیشێکیان بۆ خۆیان جێبەجێکردن کردووە، زۆرێک لە ئەفغانستانییەکان لـە ئێران ڕۆشـــتن. بەڵام بە گشـــتی کرێکارەکانی ئێرە زیاتر ئەفغانیین، چونکە ئێرانییەکان ڕۆڵەکانی خۆیان نانێرن بۆ ئەم چەشـــنە کارانە کە لە کەڕەی بەیانییەوە هەتا درەنگانی ئێوارە بێتە ئێرە و ئیش بکا، ئەویش بۆ 400 هەزار، و 300 هەزار، 500 تمەن برا تۆ بڵێ ملیۆنێک. بەڵام ئەفغانستانی نا. دەبینی ژن و مێردێک پێنج شـەش منداڵیان هەیە، دەی ناتوانێ بە خێویان بکا، دەرەقەتی خەرجیان نایە، دەڵێ دەیاننێرمە ناو ئەم پیشەوە هەر هیچ نەبێ خەرجیی خۆیان دەر بێنن.



وێنەی منداڵانی ئەفغانستانیی ئیشکەر لە کارگایەکی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو لە گەڕەکی پاسگای نێعمەتباد (وێنە: توێژەر)

## نەخۆشی و لاکەوتەیی دایک و باوک

نەخۆشـــی و لاکەوتەیی دایک و باوک یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کاری منداڵانە. لەم بارودۆخەدا زەختێکی دووقات بۆ کارکردن دەخرێتە ئەســتۆی ئەم منداڵانە. بە ولتایەکی دیکە، لەم بارودۆخەدا ئەوان ئیتر کۆمەکخەرجی بنەماڵە نین، بەڵکوو دەبنە سـەرپەرشـتیاری بنەماڵە و ناچارن بە تەنهایی یان لەگەڵ خوشـک و براکانیان تێچووی بنەماڵە دابین بکەن. وەک وترا، نەخۆشـــیی دایک و باوک فشـــارێکی دووقات دەخاتە ســـەر منـداڵان، چونکـە نـە تـەنیا دەبێ تێچووی بنـەمـاڵـە دابین بکـەن، بـەڵکوو دەبێ تێچووی دەوا و دەرمانی دایک و باوکە بێمار و نەخۆشەکەیان لە بارودۆخێکدا کە بیمە و پاڵپشـتیی کاریگەریان نییە دابین بکەن. ئەم فشـارە و زەختە بێگومان تەندروسـتی و تەنانەت ئاسـایشـی منداڵ دەخاتە مەترسـییەوە و بەرامبەر بە دنیا ڕەشـبینی دەکا و لای خۆی بیر دەکـاتـەوە کـە ئـەم جیهـانـە شــوێنێکی پـارێزراو بۆ ئـەو و ژیـانی ئـەو نییـە. گێڕانەوەی ژێرەوە گوزارشـت لە نەخۆشـیی دایک و باوک و بەو هۆیەوە هاتنی منداڵان بۆ ناو پرۆسەی کار دەکا:

> ئیش بۆ کـاکم دەکـەم، نـەخۆش بوو، بـاوکم نـەخۆش بوو، ئیش بۆ ئـەو دەکـەم. بێبەختییە. پارە نییە. دەڵێم خوایە گیان ئێمەت بۆچی دروســـت کرد، تۆخوا ئەمە ژیـانـە! دایکم گورچیلـەیـەکی هـەیـە گورچیلـەیـەکی لاوازە، دەچێتـە لای دکتۆر.

پزیشـک وتی گورچیلەت دەبێ دەربێنم. هیچ حاڵی باش نییە، هەر دەچێتەوە لای پزیشک. دەچێتە نەخۆشخانە و نۆرینگە.

باوکم بێکارە. جارانیش هەر بێکار بوو. لە ئەڤغانسـتانەوە هاتووینەتە ئێرە. ئیش ناکات. بەم مانگەوە دوو سـاڵە ئیش ناکات. لە ئەڤغانسـتان ئیشـی دەکرد. بەڵام لێرە نایکات. باری دەروونی باش نییە.

لەبەر ئەوەی کەســم نییە، باوکم پیرە، دایکم پیرە. کەســم نییە لە خۆم گەورەتر بێ، براگەورەم نییە. ناچار بووم بێم ئیش بکەم.

باوکم هەندێ جار دەچێ بۆ ئیش، ئێســتا ناهێڵم بچێ، چونکە نەخۆشــە، دیسکی کەمەری هەیە، خۆم ئیش دەکەم.

باوکم سێ مانگە دەماری پشتی، سیاتیکەکەی هەستاوە، ناتوانێ ئیش بکات.

باوکم پیر بووە، کار ناکات. باوکم سـۆمای چاوی کز بووە، قاچی شـکاوە ... چوو بۆ ماڵی خزمێکمان ویستی بچێتە توالێت، لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە قاچی هەڵخلیسکا و پای شکا، ساڵێک دەبێت.

باوکم ئیش ناکا و کێشەی هەیە ... ، سێزدە ساڵ لەمەوبەر جەڵتە لێی دا.

باوکم هیچ کار ناکا پازدە ساڵە ئیفلیج بووە.

باوکم دوو سـاڵ لە کارخانە ئیشـی دەکرد، نەخۆش کەوت. ئیتر نەچووە سـەر کار. شتێک لە ناو سەریەتی خۆشم نازانم چییە.

### گیرۆدەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشبەر

گیرۆدەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشـبەر یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کاری

منداڵانە. هەندێ لە دایک و باوکەکانی منداڵانی کار گیرۆدە یان فێری مادەی هۆشبەرن. ئەوان بە هۆکاری جیاوازی وەکوو ئەو زەخت و گوشارانەی کە پێشتر لە کار و ژیانیاندا بەئەزموونیان کردووە، ڕوویان لە مادە هۆشبەرەکان کردووە. گیرۆدەیی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکچوونی کاردای ئەوانە و لەم بارودۆخەدا ئیتر ناتوانن بە باشی کار بکەن. ئەوان بە هۆی نەبوونی کار، کێشانی مادە هۆشبەرەکان، و تێچووی دابینکردنی مادەی هۆشبەرەکان جگەرگۆشەکانیان دەنێرنە ناو بازاڕی کار و تەنانەت کەڵکاوەژۆییان لێ دەکەن. گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و لێکەوتە فیزیکیی و دەروونییەکەی و تەنانەت دابیننەبوونی تێچووی بنەماڵە لە لایەن سەرپەرشتیار یان باوکی بنەماڵە گرژی و لێکدژی لە ناو بنەماڵەدا ساز دەکا و ئەم گرژییە خۆی لە خۆیدا هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی سەرپەرشتیاری بنەماڵە ماڵەوە بە جێ بێڵێ یان ئەندامانی خێزان بخاتە ناو تەنگژەوە. لە ئەنجامدا ئەندامانی دیکەی بنەماڵە وەکوو منداڵەمان و دایک و باوک ناچار بە کارکردن دەبن. لێکەوتەکانی گیرۆدەبوونی سەرپەرشتی بنەماڵە جیا لە ڕەهەندە زەق و سەرنجڕاکێشە ئابوورییەکەی ئاسەواری دەروونیی زۆری بۆ ئەندامانی بنەماڵە و بەتایبەت منداڵەکان هەیە. وەک لەم توێژینەوەدا هەندێ لەو منداڵانەی کە لە ناو بنەماڵەی تووشبوو بە مادەی هۆشبەر دەژیان دەیانوت گیرۆدەیبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشبەر بە لایانەوە ئازاربەخشە و بە هۆی ئەمەوە گرژی و توندوتیژیی خێزانی ڕوو دەدا و ئەوان نە تەنیا ناچارن تێچووی بنەماڵە و تێچووی مادەی هۆشبەری سەرپەرشتیار دابین بکەن، بەڵکوو دەبێ تابشتی ژینگەی پڕ لە گرژیی بنەماڵە بێنن و هەر لەبەر ئەمە زۆرێک لەم بنەماڵانە دووریی لە ژینگەی بنەماڵە بە باشتر دەزانن. گێڕانەوەی کۆمەڵێ لە منداڵان سەبارەت بە بارودۆخی باوکەکانیان بەم شێوە بوو:

> باوکم خزمەتگوزارە، بەڵام ئێستا ئیش ناکات. گیرۆدەی مادەی هۆشبەریشە؛ سییەکانی هەویان کردووە [بە نابەدڵییەوە قسە دەکات]. من و دایکم لە ماڵەوە ئیش دەکەین. سەوزە چاک دەکەین، تێچووی ماڵەوە دابین دەکەین. حەفتەی 40 هەزار تمەن، 50 هەزار تمەن وەدەست دێنین. دایکم چۆتە نێهزەت و باوکم نەخوێندەوارە.

> باوکم گیرۆدەیە. من پارە دەنێرمەوە بۆ بنەماڵەکەم، باوکم بەو پارە مادەی هۆشبەر دەکڕێت. ئیش ناکا هیچ، لە ماڵەوە دانیشتووە. من پارە دەنێرمەوە.

باوکم گیرۆدەیە، ڕۆشـتووە. [بە حەسـرەت و پەژارەوە]، نازانم لە کوێیە. من و دایکم ئیش دەکەین. دایکم ئیش دەکا، خەریکی کاری گوڵچنینە.

باوکم گیرۆدەیە، هەندێ شـەو نایەتەوە. سـاڵێک بوو وازی لێ هێنا بوو، پاش سـاڵێک دیسـان چووەوە سەری. ئێمە ئیش دەکەین. ئیتر گیرۆدەی مادەی هۆشـبەر بووە و ئێمە لەو کاتەوە ئیش دەکەین.

دەزانی چۆنە باوکم گیرۆدەیە، ئەو ئیش ناکات. ئیتر کە ئەوەمان زانی دەستمان کرد بە ئیشکردن.



وێنەی منداڵانی ئیشکەر لە کارگایەکی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو لە گەڕەکی پاسگای نێعمەتباد
(وێنە: توێژەر)

هەندێ جار منداڵانی کار و دایکەکانیان بە هۆی قەیرانی سـەرپەرشـتی بنەماڵە دەکەونە ژێر زەختی تەنگژەی ماڵی و داراییەوە، بە جۆرێک کە ئەو داهاتە کەمەی ئەوان بۆ بنەماڵە پێویست و گرینگە. لەم زەمینەدا یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی کەن وتی:

بۆ وێنە کوڕێک کە لە ناو ئازووخەفرۆشـی (دێوەرەیی) ئیش دەکا، لەبەر ئەوەی باوکی گیرۆدەی مادەی هۆشـبەرە و ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدا، بۆ حەفتەی 100 هەزار تمەن ئیش دەکات. کاتێک کە بە دایکی دەڵێین بۆچی بۆ 100 هەزار تمەن کوڕەکەت دەنێری بۆ ئازووخەفرۆشـی، بێڵا با بخوێنێ، دەڵێ ئاتاج و دەسـتەنڕۆم، باوکی خۆ ئیش ناکا، گیرۆدەیە.

پانتای ئەم بنەماڵانە لە زۆربەی کاتەکلندا بە هۆکاری جیاوازی وەکوو، هەژاری و زەختی بە هۆی هەژاری، گیرۆدەیی بە مادەی هۆشبەر، منداڵپەروەرێنیی هەڵە و بابەتی لەم چەشنە، هەمیشە پڕ لە تەنگژەیە هەر بۆیە منداڵان تێدەکۆشن بۆ دەربازبوون لەم گرژی و ئاڵۆزییە، ئەومندەی بۆیان دەلوێ، لە بنەماڵە دوور بن و کارکردن بۆ ئەوان یەکێک لە بژاردەکانی ئەم بوارەیە. یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتیی یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکان لە گەڕەکی فەرەحزاد سەبارەت بە ئاستی ڕەزامەندیی منداڵان لە کار بەم شێوە دوا:

دەی ئەم ڕەزامەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئامانج لە کار بۆ ئەو منداڵە چۆن پێناسە کراوە؛ جاری وایە ئامانج لە ئیش‌کردن بە تەنیا ڕاکردن لە ماڵ و شوێنی ژیانە، ئیتر بە هەندێ هۆکار کە وای کردووە گرژی و ناکۆکی لە ناو ماڵدا ساز ببێ، بە هۆکاری وەکوو بارودۆخی هەڕەتی باڵقبوون و کێشەکانی نێوان دایک و باوک، تەنیا ئامانجەکەی ئەوەیە لە ماڵ هەڵبێت. جا ئیتر ئەم کارە چەندە باش و خراپ بێ، ئیتر بە لایەوە جیاوازە.

## قەرزداری و مەرگی دایک و باوک

هەندێ جار مردنی دایک و باوک یان سەرپەرشتی بنەماڵە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکان بچنە ناو پرۆسەی کارەوە. مردنی سەرپەرشتیاری بنەماڵە دەبێتە هۆی لەدەستچوونی داهاتەکەی و لە نەبوونی داکۆکیی کاریگەرانەی دەوڵەت یان پاڵپشتیی کەم، هەژاریی بنەماڵە و لە ئەنجامدا کاری منداڵانی لێ دەکەوێتەوە. لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە هەر دوو سەرپەرشتیاری منداڵەکە مردبێتن یان منداڵ بێ‌سەرپەرشتیار بێ؛ لەم حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە هەیە منداڵەکان بچنە ماڵی خزم و کەسەکانیان و بۆ دابین‌کردنی تێچوویان کار بکەن. وڵامی دوو منداڵی باشووری شاری تاران بۆ ئەم پرسیارە کە "بە چ هۆکارێک ناچار بە کارکردن بووی؟" ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە کە لەگەڵ مردنی سەرپەرشتیاری بنەماڵە ناچار کراون کە کار بکەن:

| |
|---|
| باوکم مردووە ئیتر. پێنج برا و چوار خوشکین. |

| |
|---|
| وەختێ باوکم مرد. |

بەڵام هەندێ جاریش منداڵان بە هۆی قەرز و قۆڵەی بنەماڵەوە ناچارن کار بکەن؛

بە جۆرێک کە گێڕانەوەی یەکێک لە منداڵەکان ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| ئێمە بیســت، ســی ملیۆن قەرزدارین. هیچ پارەمان نییە بۆ ئەوەی ماڵ بە کرێ بگرین. باوکم خۆی کوشـــت هەتا توانی ماڵێک بە کرێ بگرێ، هیچمان نییە. تێچووی ماڵ، پاســکیل، جلوبەرگ بۆ خوشــکەکەم بکرم. ئەمە پێڵاوی قونابخانەیە، دەچوومە هەر کوێ لە پێم دەکرد، ئێستا پێڵاوم نییە لە پێی بکەم. |

## چوونە زیندانی دایک و باوک

یەکێک لەو حاڵەتە باوانەی کە دەبێتە هۆی هەڵکشـانی ڕێژەی کاری منداڵان چوونە زیندانی دایک یان باوک یان هەر دووکیانە. لەم حاڵەتەدا منداڵەکان ناچار دەبن بۆ دابینکردنی تێچووی ژیان و ئەوەی کە ببنە کۆمەک خەرجێک بۆ بنەماڵە، دەســت لە خوێندن هەڵبگرن و بچنە ناو پرۆســەی کارەوە. لەم زەمینەدا گرینگترین داپەڕێک کە دەبێ ئەنجام بدرێ ئەوەی کە ڕێکخراوە بەرپرس و داکۆکیکارەکانی وەکوو بێهزیستی سەبارەت بە دۆسییەی ئەو کەسانەی کە زیندانی دەکرێن بێنە سەر خەت. ڕێکخراوی بێهزیســتی لەم بارودۆخەدا دەوری داکۆکیکاریی خۆیان دەبینن و ناهێڵن منداڵان لە ماوەی زیندانیبوونی دایک و باوکیان تووشــی زیان و هەژاری ببن. بەتایبەت ئەم چەشنە خانەوادانە دەبێ هاوکات لەگەڵ سزا و زیندان، دەبێ سیاسەتی پاڵپشتیشیان هەبێ بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو خەسارەتانە بکەنەوە کە تووشی منداڵانی دایک و باوک زیندانیکراو دەبێ و دادپەروەریی چاککردنەوە بگرنە بەر. گێڕانەوەی دوو منداڵی ئێرانیی دانیشتووی ئیسلامشار و سێڕێیانی وەرامین لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| باوکم لە زیندانە، چونکە کاری نایاســایی کردبوو، لەبەر ئەوەی کە چووە زیندان من تەمەنم سێ ســاڵان بوو چۆتە زیندان، پێنج شــەش ســاڵی دیکە بەرەڵا دەکرێت. |

| |
|---|
| باوکم چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ یەکێک بوو بە دەمەقرێی، چووە زنیدان. باوکم درگای ڕەنگ دەکرد، لەحیمکاری دەکرد. |

## نایەکسانیی پەروەردەیی و هەژاریی فەرهەنگی

لەم ســاڵانەی دواییدا هەڵاوسـانی ڕوو لە هەڵکشـان، کەمبوونەوەی گوژمەی وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان و بەتایبەتیکردنی پەروەردە وای کردووە کە تێچووی خوێندن بەرز

بیێتەوە. لە زۆربەی قوتابخانەکاندا لە کاتی ناونووسیندا قوتابییەکان پارەیان لێ وەردەگیرێ و ئەم بڕە پارە بۆ بنەماڵە پەنابەرەکان زۆر زیاترە. تێچووەکانی دیکەی خوێندن وەکوو کڕینی کتێب و قەڵەم و دەفتەر، کرێی سرویس و خۆراک و بابەتی لەم چەشنە هەڵکشانێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە. هەر بۆیە بەشێک لە منداڵان ناچارن بۆ دابینکردنی تێچووی خوێندن خۆیان کار بکەن. گێڕانەوەی دوو مێرمنداڵی کۆچبەر لە گوندەکانی خوڕەماباد کە لە تاران کاریان دەکرد ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

سـاڵێکی دیکە تاقیکردنەوەی زانکۆ (کونکوور)م هەیە؛ ئیتر دەبێ لە چەند خولدا ناونووسی بکەم، کتێبی تێستی [چوار بژاردەیی] بکڕم. ئیتر ناچارم ئیش بکەم. تێچووی ئەم خەرجانە جێبەجێکردن بکەم.

ئیش دەکەم بۆ ئەوەی خەرجیی ماڵەوە بکێشم. قوتابخانە، جلوبەرگ و ئەمانە. جلوبەرگ بکڕم، پارەکەم وەردەگرم، خەرجی جلوبەرگ و قوتابخانە و پێڵاوی بکەم.



وێنەیەک لە منداڵانی ئیشکەر لە کارگایەکی بەرهەمهێنانی پەردە لە بازاڕی پەردەدوورانی کۆڵانی مادەر (وێنە: توێژەر)

یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی چالاک لە گەڕەکی دەروازەی غار لەم بارەوە وتی:

دەبێ ئەم بابەتە تاوتوێ بکرێت. بەو پێیەی کە تێچووی خوێندن و پەروەردە گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، منداڵ ناچارە دەست لە خوێندن هەڵبگرێ و بە هۆی

هەژاری و نەداریی بنەماڵەوە تەنیا بژاردەی کارکردنی بۆ دەمێنێتەوە. بە واتایەک، [بۆ پڕکردنەوەی] ئەم کەلێنە لانیکەم سێ قاتە لە نێوان داهاتی کرێکار (باوک) و تێچووەکان، یەکێک لە ڕێگاکانی دابین‌کردنی کەمایەتییەکان کاری منداڵە. منداڵ کار دەکا بۆ ئەوەی تێچووی بنەماڵە قەرەبوو بکاتەوە یان تێچووی خوێندنەکەی.

## هاوسەرگیری

ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان لە ناو چینە بێبەشەکان و زیاتر کۆچبەرە ئەفغانییەکاندا زیاترە و هەر ئەمە، واتە هاوسەرگیری و دابین‌کردنی تێچووەکانی، یەکێکی دیکە لە زەمینەکانی کاری منداڵانە. بۆ وێنە لە هەندێ لە کۆمەڵگە ئەفغانستانییەکان ئەو کەسانەی کە بیانهەوێ هاوسەرگیری بکەن، چ منداڵی ژێر تەمەن هەژدە ساڵان و چ کەسانی ژوور تەمەن هەژدە ساڵان دەبێ بڕە پارەیەکی باش بدەن بە باوکی کچە. هەر بۆیە ئەم کەسانە هەر لە هەڕەتی منداڵییەوە کار دەکەن و پارەکانیان دەدەن بە باوکیان کە بۆیان پاشەکەوت بکا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکانیان بکەن. گێڕانەوەی دوو کەس لە منداڵە ئەفغانستانییەکان ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| دەبێ پارە کۆ بکەمەوە بۆ ئەوەی بتوانم هاوسەرگیری بکەم. |

| |
|---|
| پارەکانمان دەدەین بە باوکمان بۆ ئەوەی بۆمان پاشکەوت بکات. |

## باوەڕە فەرهەنگییەکان

لە هەر دوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستان فەرهەنگی هەندێ لە کۆمەڵگاکان بە جۆرێکە کە دایک و باوکەکان لە هەڕەتی منداڵییەوە منداڵەکانیان دەنێرنە بەر کار. بۆ ئەم تاقمە منداڵ ئیتر لە قۆناغێکی تەمەنیدا چیتر منداڵ نییە و دەبێ کار بکات. هەڵبەت ئەوەی کە ئایا فەرهەنگ لێرەدا وەک فاکتەرێکی سەربەخۆ دێتە هەژمار یان لە ژێر کاریگەریی پێکهاتە بەتایبەت پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵگایانەدایە پێویستی بە توێژینەوەیەکی وردترە، چونکە کاتێک کە هەژاری هەبێ، دەرفەتەکان بە نایەکسانانە دابەش بکرێن، خوێندن پیشەی لێ سەوز نەبێ، تەنانەت ئەگەر دایک و باوکەکان پێیان خۆش نەبێ کە ڕۆڵەکانیان بنێرنە بەر کار، ئەوان لە ڕووی ناچارییەوە دمیانێرنە ناو پرۆسەی کارەوە. لەم هەلومەرجەدا چیتر فەرهەنگ فاکتەرێکی نەک سەربەخۆ بەڵکوو لە ژێر کاریگەریی پێکهاتەی کۆمەڵگادایە. ئەگەرچی هەندێ لایان وایە کە

ئەم چەشــنە فەرهەنگە دەوری دیاریکەرەوەی لە کاری منداڵدا هەیە، وەک وترا، ســەلماندنی وەها تیۆرییەک پێویســتی بە توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەیە. یاریدەدەری یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکان لە گەڕەکی غەنیاباد هەر لەم بارەوە پێی وا بوو:

"تۆ بڕوانە کۆمەڵێ کەس لە ئەفغانســتان ئەگەر منداڵێک بگاتە تەمەنێک و ئیش نەکا وا دەزانێ تاوانێکی قورســی لێ وەشــاوەتەوە، چونکە ئەمە لە کەلتووریاندایە، من چەندین جار حاڵەتم بینیوە کە دێتە ئێرە بۆ وێنە دەڵێ دادە ئیشــم بۆبدۆزەرەوە، منیش دەڵێم تۆ جارێ دەبێ دەرس بخوێنی، تۆ بۆ کار نابی، دەڵێ نا دادە من گەیشــتوومەتە تەمەنێک کە دەبێ ئیش بکەم. ئەمە لایەنێکی بابەتەکەیە لایەنێکەشــی بە هۆی پێویستییە. لە ناو بنەماڵە ئێرانییەکاندا پرسەکە زیاتر لە سەر پێداویستی و ئاتاجی چڕ بۆتەوە، بەڵام لە ناو بنەماڵە ئەفغانییەکاندا بەهەر حاڵ بەشــێک لە کەلتووریانە، وەکوو بنەماڵە ئێرانییەکان کە کوڕ دەگاتە تەمەنێک دەبێ بچێتە قوتابخانە. هەموو چاوەڕوانییان لێیە ئیش بکا؛ ئەگەر ئیش نەکا ئەمە نائاســاییە. ئەمانە هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە بۆ وێنە دوازدە یان سێزدە ساڵان ئەگەر ئیش نەکەن نائاساییین. ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لە منداڵەکان لە لایەن باوکیەوە بە توندی تەمبێ کرابوو کە دواتر چوومەماڵیان و قسەم کرد. کاتێک کە لە دایکیم پرســی کە بە ڕاســتی ئەمە ڕووی داوە، دایکی گەڕاوە وتی: ئەرێ، ئەمە پێشتر دەچوو ئیشی دەکرد. ئەم منداڵە لە یەکێک لە دووکانەکانی فەرەحزاد شــاگرد دووکان بووە. بەڵام ئێســتا ماویەکە ناچێت. دەچێتە کووچە و کۆڵان یاری دەکات. دەی ئەم منداڵە تەمەنی چەندمیە؟ یازدە ســاڵان. زۆر پیس تەمبێیان کردبوو. زۆر شــوورەییە منداڵێک لەم تەمەنەدا لە بری ئەوەی بڕواتە لە کۆڵان یاری بکا بچێ ئیش بکات."

ئەم یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییە ســەبارەت بە بارودۆخی ئابووریی بنەماڵەی ئەم منداڵانە وتی ناتوانین بە شێوەی لە سەدا سەد لە دارایی بنەماڵە ئاگادار بین، بەتایبەت بنەماڵە کۆچبەرەکان کە سەرچاوەی دارایی و ماڵییان دەشارنەوە.

هەرگیز ناتوانم بە شێوەی سەد لە سەد باسی بابەتێک بکەم، یان زانیاریمان لە سەر هەیە یان لە سەدا سەد ئەم بابەتە بەم شێوەیە. لە ناو بنەماڵە کۆچبەرەکاندا هەمیشە بڕە داراییەکیان شاراوەیە، کەواتە من ناتوانم بە شێوەی سەد لە سەد بڵێم ئەم بنەماڵە بەڵام بێگومان ئەم بنەماڵە لە ڕووی ئابوورییەوە لاوازن کە هەر ئەم بابەتە دەبێتە هۆی کارکردنی ئەندامانی بنەماڵە بەتایبەت منداڵەکان. بەڵام ئەوەی کە لە سەدا سەد بڵێین ئەم بنەماڵە هیچ بڕە پارەیەکی نییە، هیچکات ناتوانین ئەم قسە بکەین. بەڵام لە ڕووی

ئابوورییەوە لە ئاستێکی نزمدان. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی کاری منداڵانە. پرسێکی دیکە بابەتی فەرهەنگی و کەلتوورییانە؛ بۆ تاقمە ئەفغانســتانییەکان ئەمە دەچێتە ڕیزی نەریت و فەرهەنگەوە کە باوک لە تەمەنی چل ســاڵانەوە خانەنشــین دەبێ و ئیتر ئیش ناکا، بەڵام دەبێ منداڵان کار بکەن. و لەوانەیە بنەماڵە لە ڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی خراپیشدا نەبن، بەڵام چون ئەمە لە فەرهەنگیاندا چەقی بەستووە و شێوازی ژیانیانە، منداڵ دەچێ ئیش دەکات. هەڵبەت ئەو خانەوادانەی کە لە ژێر چاودێری ئێمەدان بێگومان لە ڕووی ئابوورییەوە لاوازن.

## کۆچکردن

کۆچکردن و تێچووەکانیشی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵە. منداڵانی ئەفغانســتانی چ بە شــێوەی تەنیا و چ ئەو کاتەی کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان بەرەو ئێران کۆچ دەکەن، – چ بە شێوەی یاسایی و چ بە شێوەی نایاسایی - تێچووی کۆچکردنیان یەکجار زۆرە. تێچووی وەکوو پاسپۆرت و نیشتەجێبوون وەک کۆچبەرێکی یاسایی و تێچووی هاتوچۆی ڕێگا و قاچاغچییەکان لە کۆچی نایاســاییدا. هەندێ جار بۆ کۆچکردن بۆ ئورووپا ئێران ڕێگای نێوەڕاستە. ئەوان ماوەیەک لە ئێران نیشتەجێ دەبن و ئیش دەکەن بۆ ئەوەی تێچووی کۆچکردن بەرەو ئەورووپا دابین بکەن. هەندێ جار کۆچکردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان بکەونە ناو تەڵەی هەژارییەوە و ناچارن کار بکەن. گێڕانەوەی منداڵێکی ئەفغانســتانی لە بارودۆخی ژیانی پیشــاندەری کەوتنە ناو وەها تەڵەیەکە:

> کاتێک کە باوکم ئیشــی دەکرد، دایکم ئیشــی نەدەکرد، ئێمە هیچ خەممان نەبوو، دەچووینە قوتابخانە. هاتینە ئێرە بارودۆخمان شێواوە، خراپتر بووە.

یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی چالاک لە گەڕەکی فەرەحزاد ســەبارەت بەو خەســارەت و زیلنلنەی کە لە ئەنجامی کۆچ ئاوقانی ئەم منداڵانە دەبێ و دەبێتە هۆی چوونیان بۆ ناو پرۆسەی کار وتی:

ئەو شــوێنەی کە منی تێدام زیاتر منداڵانی کۆچبەرن. لەبەر ئەوەی کۆچبەرن، هەندێ خەســارەتی کۆمەڵایەتی تێیاندا ڕووی داوە، واتە بە هۆی نەبوونی پیشــەیەکی باش و گونجاو بۆ دایک و دایک، پیشــەی وەرزانە  و بە هەر حاڵ ئەو کارانەی کە نە بیمەیان هەیە و نە داهاتوو. ئەمانە ناچار دەبن هێزی کاری منداڵ بقۆزنەوە. زیاتر

کوڕان دەخرێنە بەر کاری دەرەوە و کچان کاری ماڵی وەکوو سەوزەجنین ئەنجام دەدەن. هەندێ جار تاکە نێرینەکانی بنەماڵە کاری ماڵی ئەنجام دەدەن. بۆ وێنە باوک یان یەکێک لە ئەندامانی پیاوی بنەماڵە کاتژمێر دووی نیوەشەو سەوزەی تازە وەردەگرێ و دەیهێنێتەوە بۆ ماڵەوە و ئەمانە دەبێ هەوڵ بدەن هەتا کاژمێر دە و یازدەی بەیانی ئەم سەوزانە چاک بکەن و دەستەبەندییان بکەن و ڕادەستی بکەنەوە، شەوکارن. زۆر جار هەر هەموو ئەندامانی بنەماڵە پێکەوە ئیش دەکەن. هەڵبەت کەم وا هەیە خۆیان فرۆشیار بن و فرۆشتنی سەوزەکان بە ناوبژیوانەکانە؛ یەکێک وانێتی پێیە، یەکێ شوێنی فرۆشی هەیە، و ئیتر ناوبژیوانەکان دەیفرۆشن.

لە ناو هەندێ لە بنەماڵەکاندا بەتایبەت بنەماڵە کۆچبەرەکان، هەر هەموو ئەندامانی بنەماڵە یەک کار دەکەن و دۆخی ژیانیان بە جۆرێکە کە بە لانیکەمی تێچوو، لە خۆراکەوە بگرە تا دەگاتە کرێی ماڵ ژیان بە سەر دەبەن و پرسیارێک کە لێرەدا دێتە گۆڕ ئەوەیە کە سەرەڕای بوونی تێچووی لانیکەمی و کاری هەموو ئەندامانی بنەماڵە بۆچی ئەم منداڵانە لە ناو هەژاری و دەستەنڕۆییدا بە سەر دەبەن و تەنانەت هەلی خوێندنیان بۆ هەڵناکەوێت. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی چالاک لە بواری منداڵان لە وڵامی ئەم پرسیارەدا وتی:

ئێوە بڕوانن ئیشی ئێمە لەگەڵ بنەماڵە کۆچبەرەکانە. چەند حاڵەت لە خۆ دەگرێ؛ ئێمە بنەماڵەی پەنابەرمان هەیە کە دەچینە سەردانی ماڵەکەیان دەبینن هیچیان نییە، بەڵام ئەم زەینە چیتان پێ دەڵێ، کاتێک کە بنەماڵەیەک خاوەن پێنج کوڕە کە مانگی ملیۆنێک و 700 هەزار تمەن ئیشی بۆ دەکەن، دەی ئەم بنەماڵە نابێ دۆخیان ئاوا نالەبار بێ، بنەماڵە ئەفغانستانییەکان توانایەکی باشیان لە پاشەکەوت و سەیڤکردنی پارەدا هەیە. لە پڕ دەبینی فلانکەس جەژن کۆچی کرد، چوو بۆ تورکیا، دەی ئەمانە تێچووی قاچاغچییە و ئەمانە کەم نین. بۆ وێنە ئێمە بنەماڵە دەبینین بڕی 25 بۆ 30 ملیۆن تمەنی داوە کە بە هەر چەشنێک بێ لە ئێران دەرباز بێت. دەی ئێوە بزانن بۆ چوونە تورکیا دەبێ ئەم بڕە پارەیە جا کەمتر یان زیاتر بێ نازانم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە بنەماڵەی ئاوا هەن کە من دەیانناسن. من باش دەزانم بنەماڵەیەک کە پێنج کوڕی هەیە و هەر پێنج کوڕەکەشی ئیش دەکەن، بەم هەلومەرجە و کە ئەویش بنەماڵەیەک کە هەوڵ دەدا بە هەر چەشنێک بێ کەمتر منداڵەکەی بنێرێتە بەر کار. هەندێ جار بنەماڵە تەنانەت لەوانەیە لە شاری خۆیاندا خاوەن پارچە زەوی و ماڵیش بێ بەڵام کاتێک کە لێیان دەپرسی بۆچی منداڵەکەت ئیش دەکا، دەڵێ ئێمە لە ئەفغانستانەوە هاتووین و

پاسپۆڕتمان هەیە، دادە گیان. ئەم پاسپۆڕتە خەرجی دەوێ، دەبێ ئیش بکەین و پارەی ئەم پاسـپۆڕتانە جێبەجێکردن بکەین؛ واتە بە هۆی هاتنیان بۆ ناو وڵاتی ئێران و ئەو یاسایانەی کە بە سەریاندا دەسەپێ و تێچوو و خەرجی دەوێ و ئەمە تێچووی بنەماڵەیە و بە هۆی ئەوەی دەوری کوڕ تۆخترە، دەبێ ئەو ئەم تێچووە وەدەست بێنێت.

## هۆگریی منداڵان بۆ سەربەخۆیی ئابووری

هەندێ جار منداڵان خۆیان پێیان خۆشە بچنە ناو پرۆسەی کارەوە. هەڵبەت ئەم هۆگری و تامەزرۆییە لە ژێر کاریگەریی ئەو پانتا کۆمەڵایەتییەدا بیچم دەگرێ کە ئەوان تێیدا دەژین. منداڵان جاری وایە پێیان خۆشە لە ڕوی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن. هەندێ جاریش ئەوە هاوڕێکانیانن کە چوونەتە ناو پرۆسەی کار و هەر ئەمە وای کردووە تامەزرۆیی کارکردن لەم منداڵانەدا ببزوێت. لە هەندێ حاڵەتدا منداڵان پێیان خۆشە فێری لێهاتوویەک بن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بۆ خۆیان پیشەیەک دەست بخەن. هەڵبەت هۆگریی منداڵن بۆ کارکردن لە بارودۆخێکی پێکهاتەییدا بەدی دێ و یەکێک لە میکانیزمەکانی ئەوە فێربوونی کۆمەڵایەتییە. نایەکسانی و هەژاری و دیکەی بەراوردەکانی وەک بەشێک لە بارودۆخی پێکهاتەیی ئەم سەرچەشنە لە قەڵەم دەدرێت. بۆ وێنە لە گەڕەکێکی هەژاردا، شوێنێک کە هەندێ لە منداڵەکان سەرقاڵی کارکردنن، کارکردنی ئەم تاقمە دەبێتە سەرچەشن و ژێدەرێک بۆ منداڵەکانی دیکە. هەڵبەت ژمارەیەکی زۆری منداڵەکان هۆگری کارکردن نین و حەزیان لێیە بچن یاری بکەن یان بچنە قوتابخانە. کاربەدەستی یەکێک لە ناوەندە پاڵپشتییەکان لە گەڕەکی فەرەحزاد لەم بارەوە وتی:

جاری وایە منداڵ هەستێکی ئەوتۆی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بنەماڵە نییە و ئەوانەی کە بەتایبەت ئەڤغانییەکان کە دێنە ناو کاری فیتەری و سافکارییەوە حەزیان لەو چەشنە کارەیە، چونکە ئەو کارەیان پێ خۆشە. ئینجا لەو فەرهەنگە یان با بڵێین لەو دارشتەدا کاری فیتەری و سافکاری یەکێک لە سادەترین و پڕلایەنگرترین کارەکلنە. بەڵام ئەوەی کە خاوەنکار پارەی کەم بدا یان هەڵسوکەوتی نەشیاوی لێ بووەشتەوە، من حاڵەتی لەو چەشنە بەرکەوتنم لەگەڵی نەبووە، واتە ئەمە قسە لە سەر هۆگرییە و لانیکەمێکی داهات بە لایانەوە زیاتر گرینگە. من لە ناو کەسانی

سەردانکەرانم حاڵەتی ناڕەزامەندییم بەدی نەکرد.

هەندێ منداڵ هەن کە خولیای وەدەستهێنانی توانایەکی پیشەیین. بۆ ئەوەی بەم شێوە بڕی داهاتی خۆیان زیاد بکەن و داهاتووی پیشەییان دابین بکەن. یەکێک لە منداڵە ئیشکەرەکان لە کارگەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو لە گەڕەکی پاسگای نێعمەتاباد لەم بارەوە وتی:

> کارکردن لە کارگا لە هی چوارڕێیان باشترە؛ کارگە شوێنێکی باشە، لە پێشدا حەقدەستی کەمە، بەڵام من خەریکە فێری مەکینەی دروومان دەبم بۆ ئەوەی حەقدەستم زیاتر بێت.

و منداڵێکی دیکە لە مەڕ چۆنیەتیی هاتنیان بۆ ناو کاری بەرهەمهێنان وتی:

> ئامۆزاکەم (کوڕەمام) منی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ کارگا. لەگەڵ ئەو دەچوومە سەر کار. دەمەوێ ببمە وەستای دروومان. پارەی زیاتری تێدایە.

گێڕانەوەی دووانی دیکە لە منداڵەکان لە مەڕ بۆچیەتیی کارکردنیان وەها دوان:

> لە ماڵەوە دوو برام ئیش دەکەن، باوکم ئیش دەکا، ئێمەش لە ماڵەوە بێتاقەت دەبووین حەزمان لە پیشەی بەرگدووری بوو. زۆرمان پێ خۆش بوو.

> ئەیچی. وتمان ئەم سێ مانگەی هاوین چی بکەین لە ماڵ بێکار و بێبار دانیشین، وتمان لانیکەم داهاتێک وەدەست دێنین.

وەک لە بەڵگە و ئەنجامە مەیدانییەکاندا دەردەکەوێ، ژمارەی ئەو منداڵانەی کە بە خواست و ویستی خۆیان کار هەڵدەبژێرن لە چاو ئەو منداڵانەی کە بە زۆرەملێ نێردراونەتە بازاڕ زۆر زیاترە. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەو منداڵانەی کە بە ناچاری کاریان دەکرد وا خۆیان دەنواند کە بە خواستی خۆیان هاتوونەتە بەر کار. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی چالاک لە گەڕەکی شووشی تارلنیش وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم خاڵە، وتی:

وەڵا من پێم وایە نەوەد لە سەدیان لە ڕووی ناچارییەوە ئەم ئیشە دەکەن. ئەزقەزا من ماوەیەک لەمەو بەر دانەیەکیانم دواند، وتم براگیان بۆچی. زۆر بە ئاسانی زەردەیەکی هات وتی دادە ئێمە دەبێ ئیش بکەین. دەزانی چییە زەردەخەنەکەی بە لای

منەوە مانادار بوو؛ واتە ناچارن دەنا کێ لە باتی یاری حەزی لە ئیش‌کردنە؟



وێنەی منداڵێکی شاگردی دووکانی پەردەفرۆشی لە گەڕەکی هەڕەندی (وێنە: توێژەر)

## ئابووریی نافەرمی

ئابووریی نافەرمی[1] یەکێک لەو چەمکانەیە کە بە هۆی سروشتی ئەم کەرتە ئابوورییەوە، واتە کەرتی نافەرمی، و بیچمە جۆراوجۆرەکانی ئەو کارانەی کە تێیدان، پێناسەیەکی گشتگیریان نییە. هەڵبەت سەبارەت بە خودی ئەم کەرتە لە بواری ئابووریدا مشتومڕێکی زۆر لە ئارادایە. ئابووریزانان بۆ لێک‌جیاکردنەوەی کەرتە ئابوورییەکان چەند پۆلێنبەندییان خستۆتە ڕوو. لە سیستەمی مارکسیستیدا ئەم کەرتانە بۆ سەر کەرتی پێش‌سەرمایەداری و سەرمایەداری دابەش کراوە؛ لە ئابووریی پێش‌سەرمایەداری کاڵا بە مەبەستی بەکارهێنان بەرهەم دەهێنرا و لە ئابووریی سەرمایەداریدا کاڵا بە مەبەستی فرۆش بەرهەم دەهێنرێت. لە پۆلێنبەندییەکی دیکەدا ئابووری بۆ سەر دوو بەشی نەریتی و مۆدێرن دابەش کراوە. لە پۆلێنبەندیی کلاسیک‌تردا، ئابووری بۆ سەر سێ کەرتی سەرەکیی کشتوکاڵ، پیشەسازی و خزمەتگوزاری دابەش کراوە و ئەم چەشنە پۆلێنبەندییانە لە ئابووریدا زۆرە. چەمکی ئابووریی نافەرمی و چەمک‌گەلی وەکوو تۆمارنەکراو، ڕانەگەیێندراو، شاراوە، نەبینراو

1. Informal economy

و دەیان حاڵەتی دیکە لەم ماوەی دواییدا سەریان هەڵداوە.

ئابووریی نافەرمی هەمەچەشـنییەکی زۆری پێگە و دیاردەکان لە خۆ دەگرێت. لە ڕاسـتیدا ئابووریی نافەرمی خۆی لە بیچمی جیاواز لە ناو و لە نێوان ئابوورییەکاندا دەردەخات. لەم زەمینەدا شـنایدەر و ئەنسـت[1] ئاماژەیان کردووە: "پێناسـەیەکی ورد سەبارەت بەم زاراوە ئەگەر نەڵێین نامومکین، بەڵام زۆر چەتوونە." [25]

کارکردن لە ئابووریی نافەرمی زیاتر بە شـوێنی کاریی بچووک یان پێناسـەنەکراو، بارودۆخی کاریی مەترسـیدار و ناتەندروسـت، ئاسـتی کەمی لێهاتوویی و سوودمەندی، داهاتی کەم یان ناتەکووز، ماوەی درێژخایەنی کار، دەستڕانەگەیشتن بە زانیاری، بازاڕ، کاروباری ئابووری، پەروەردە و تەکنەلۆژیایی ڕوون دیاری دەبێت. کرێکاران لە ئابووریی نافەرمیدا یاسـای کار و داکۆکیی کۆمەڵایەتیی ناسـراو، تۆمارکراو، تەکووز یان پاڵپشتی نایانگرێتەوە. هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەی ئابووریی نافەرمی توخمەکانی پەیوەسـت بە زەمینەی ئابووری، چوارچێوە یاسـایی و چاودێرییەکان و هەندێ لە فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی ئاسـتی وردی وەکوو کەمخوێندەواری، هەڵاواردن، هەژاری و - وەک لە سەرەوە ئاماژە پێی کرا - لەبەردەست نەبوونی سەرچاوە ئابوورییەکان، دارایی، خزمەتگوزاریی ئابووری، و دیکەی مەیدانە بازرگانی و بازاڕەکان پیشـان دراوە. پەرەسـەندنی زۆری کەرتی ئابووریی نافەرمی چالنجێکی بنەڕەتی بەر دەم مافی کرێکار و بارودۆخی گونجاوی کارە و کاریگەرییەکی نەرێنی لە سـەر بنکە ئابوورییەکان، داهاتی گشـتی، پانتای کارکردی دەوڵەت، تەندروستیی دامەزراوەکان و ڕکابەریی دادپەروەرانە دادەنێت [26].

پتر لە شەش لە کۆی دە کرێکار و چوار کۆمپانیا لە کۆی پێنج کۆمپانیا لە جیهاندا لە کەرتی نافەرمیدا ئیش دەکەن. بە پێچەوانەی زۆرێک لە بەراوردەکان، ئەم کەرتە نە تەنیا کەمی نەکردووە، بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتلندا ڕووی لە هەڵکشـانە. ئەم کەرتە بە تەشـەنەسـەندنی هەژاری و کەمیی زۆری کاری شـیاو دیاری دەبێ و وتراوە کە بە بێ فەرمیدان بە کاری گونجاو بۆ هەمووان و دادپەروەری بۆ کۆمەڵگا هەمیشـە وەک وەهمێک دەمێنێتەوە [27]. توێژینەوە جیاجیاکانیش پیشـان دەدەن پشـکی ئەم کەرتە لە کۆی ئابووریی وڵاتەدا ڕووی لە بەرزبوونەوەیە. بۆ وێنە لێکۆڵینەوەیەک پیشـانی داوە کە پشـکی ئابووریی نافەرمی لە وڵاتی ئێراندا لە سـاڵانی 1370 هەتاوی هەتا سـاڵی

1. Schneider & Enste

1394 هەتاوی گەشـــەیەکی بەرچاوی بووە، بە جۆرێک کە لە "13.6 لە ســـەد لە ســـاڵی 1370، ســـەرەتای ماوەی ڕووماڵکردن، بۆ 29.8 لە ســـەد کۆتایی ماوەی ڕووماڵکردن واتە ساڵی 1394 هەتاوی بەرز بۆتەوە" [28].

ئابووریی نافەرمی یەکێک لەو کەرتانەیە کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بۆتە یەکێک لە ناوەندە ســـەرەکییەکانی ڕاکێشـــانی منداڵانی کار و بە هۆی ســـروشـــت و بارودۆخەکەی یەکێک لە زەمینە سـەرەکییەکانی تەشـەنەسـەندنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانیشـە. بۆ وێنە زبڵگەڕی و کۆڵبەری دوو نموونە لەو کارانەن کە لە کەرتی ئابووریی نافەرمیدا ئەنجام دەدرێ کە منداڵانیش بەشێک لە هێزی کاری چالاکی ئەم کـەرتـەن. بـە واتـایـەکی دیکـە دەتوانین بڵێین هـەژاری و هێمـاکـانی دیکـە، وەکوو بەشـخوراویی لە یەک ئاسـت کە فاکتەرێکی دیاریکەرەوەیە و بازاڕی نافەرمیش وەک زەمینەیەکی ئاســـانکەرەوە وایە کە هەلە پیشـــەییەکانیان بۆ هاتنی منداڵان بۆ ناو کار خۆش کردووە. لـەم توێژینـەوەدا لـەگـەڵ توێژەران و ئـەو پســـپۆڕانـەی کـە لـە وەزارەتی خۆشـگوزەرانی، بێهزیسـتی، ناوەندە لێکۆڵینەوەی دەوڵەتی و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و هـەنـدێ ئێن‌جی‌ئۆ پلـە و پۆســـتێکیـان هـەبوو دوانـدمـانن کـە ئـەوان گرینگترین تایبەتمەندییەکانی بازاڕی کاری نافەرمی لە ئێران و بوونی منداڵانیان لەم بازاڕەدا بەم شێوە پێناسە کرد:

لە پێشـــدا لە ئابووریدا دوو کەرتی فەرمی و نافەرمیمان هەیە و کەرتی نافەرمی بە شـێوەی جۆراوجۆر پێناسـە کراوە. یەکێک لە گرینگترین ڕێسـاکانی کارگە و ئابووریی نافەرمی ئەومیە کە کار بەدەســـتان هیچ چەشـــنە بیمە و خزمەتگوزاریی دابین‌کردنی کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە و هیچ چەشـنە چاودێریێکیش نییە و برگە ئامادە پێکراوەکانی یاسای کاریان بۆ ڕەچاو ناکرێت.

کارگەی نافەرمی لە ڕووی یاسای کارەوە واتە نەدانی بیمە و باجەوە چالاکییەکانیان نایاسـاییە. کارگەی نافەرمی دەتوانین بۆ سەر دوو بەشی تاوانبارانە و ناتاوانبارانە دابەش بکرێت. کارگەی ژێرزەوینی ڕەنگە ئاماژە بە کاری نایاســـایی یان بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریی نایاســـایی، وەکوو کڕین و فرۆشـــتنی مادەی هۆشـــبەر و ... بێ کە لە ڕیزی کارگە نایاسـاییەکانن. کارگەی شـووشـەسـازی و خشـت‌پێژی لە ڕیزی کارگەی نایاسایین.

ئابووریی نافەرمی بەشـــی حاشـــاهەڵنەگری هەموو ئابوورییەکانە و لە ئێراندا زۆر گەورەیە و دەچێتەوە سەر کێشە یاساییە چاودێرییەکان و بوونی کاری نافەرمی بە کاری

فەرمی شتێکی چاکە چونکە چاودێری زۆر دەبێ و خاوەنکار لێکەوتەکانی فەرمیبوونی کارگای بۆ ئاشکرا دەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە کاری منداڵان دەبێ بە تەواوەتی ڕەت بکرێتەوە کە ئەمە دەچێتەوە سەر کێشە پێکهاتەییە هەژاری و نایەکسانییەکان. بەڵام لە نافەرمیبوونەوە بۆ فەرمی لە بنەڕەتەوە نامومکینە، چونکە ئامادە نییە یاسا فەرمییەکان قبووڵ بکات.

مەبەست لە کارگە ژێرزەوینییەکان یان کەرتی نافەرمی ئەو کارگایانەیە کە مەرجەکانی یاسای کار ڕەچاو ناکەن، بیمە ناکەن، گرێبەست نانووسن، و لانیکەمە پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی کرێکارییان نییە.

دوو چەشن کارگە لە ئەدەبی ڕێکخراوی کار، کە پێیان دەوترێ کارگای فەرمی و نافەرمی، بوونی هەیە. ئەوەی لە ئێران پێی دەڵێن ژێرزەوینی کاری نافەرمییە، کارێک کە لە هیچ شوێنێکدا تۆمار نەکراوە و باج نادرێ و ئەگەری کەڵکاوەژۆیی لە منداڵان و ژنان و مێرمنداڵان هەبێ، ئەوە پێی دەڵێن کاری نافەرمی. ئیتر کاری نافەرمی لە کارە هەرە نگریسەکانە، کە بریتییە لە زێرلندنی منداڵان و کارەکانی دیکە بریتییە لە بێکاری و نەبوونی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی. کارگەی ژێرزەوینی نە دۆسییەی باج و نە دۆسییەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی هەیە.

کارگای بێناسنامە و دەستنیشانکردنیان کە نە لە بیمەدا ناویان هاتووە و نە باجیان داوە. هۆکاری سەرەکیی ژێرزەوینیبوونیان ئەو باجانەیە کە لە شوێنە جیاجیاکاندا لێیان دەستێنن. دەی ئەم بوارە بوارێکی خەسارهەڵگرە کە ئێمە سەر و کارمان لەگەڵی هەیە و کرێکارە ئیشکەرەکان لەم بوارەدا بە مافی خۆیان ناگەن. دیسانیش لەم کارگایانەدا ڕادەی ئەو خەسارەتەی کە ئاوقانی تاکەکان دەبێ بە پێی دۆخی کارگاکان جیاوازە. بارودۆخی پیاوان و ئافرەتان لە چاو دۆخی منداڵەکان باشترە. چونکە ئەگەر لەگەڵ خاوەنکاریش تووشی ناکۆکی بن، یاسا داکۆکییانی لێ دەکا، بەڵام لە بواری کاری منداڵان تەنانەت ئەم لانیکەمانەش ڕەچاو ناکرێت. بە پشتبەستن بە قەدەغایەتیی کاری منداڵ بەدواداچوون بۆ سکاڵاکەیان ناکرێت.

مەبەست لە کارگای ژێرزەوینی ئەو کاگایانەن کە مەرجە یاساییەکانی کار ڕەچاو ناکەن و کارگا نافەرمییە، و لە یاساوە دوورە و هیچ چاودێرییەکی بە سەردا ناکرێت. لە بواری پاشخوانیشدا منداڵانی کار بوونیان هەیە کە زبڵ و پاشخوانەکان ڕیسایکڵین و بە کار دەهێنرێنەوە و ئەم بەرهەمانە دەبنە کیسەی زبڵ. لەم چەشنە شوێنانەشدا بەشێکی زۆری هێزی کاری ئەفغانستانی بەدی دەکرێن و منداڵان لێرەش بوونیان

هەیە. لە سوولەی لێک‌جیاکردنەوەی زبڵیشدا منداڵان بەدی دەکرێن.

ئەو پیشانەی کە چاوی پشکنەر و چاودێر نایانبینێ یان بە شێوەی گشتی بچووکە و پێیان دەوترێ کارگەی ژێرپلەکانی. کەرتێک لە پیشە ژێرزەوینییەکان هەن کە ناوی کارگایان پێوە نییە و لە ماڵەوەن؛ کاڵایەک بەرهەم دەهێنرێ کاڵا یان خزمەتگوزاریی جوانکاری یان بەرهەمی خۆراکی، بەڵام بە ناوی کارگاوە نییە، ماڵە؛ واتە نە تابلۆی هەیە، نە دیاری کراوە و نە لە شوێنێکدا تۆمار کراوە. لەبەر خۆدزینەوە لە بیمە و باج و ئەو ڕووداوانەی کە بۆ خاوەن‌کاریش ئەستەمە کە کارخولقێنی بکا دێن بەم شێوە ژێرپلەیی ئیش دەکەن. ئەم چەشنە پیشانە بۆ منداڵان و ئافرەتان زۆر مەترسیدارە، چونکە ڕەنگە پیاوێک ئامادە نەبێ لەم کارگایانەدا ئیش بکات. لە پیشە ژێرپلەییەکاندا زیاتر ژنان و منداڵان بە کار دەهێنرێن. کەرتێکی دیکەی پیشەی ژێرزەوینی ئەوەیە کە کارگا فەرمییە و بیمە دەکا، بەڵام بەشێکی کارەکە کەرتی نافەرمی دابینی دەکات. بۆ وێنە کۆمەڵێ کرێکاری منداڵ و پەنابەری هەیە. هەڵبەت پشکنەری کار درنگ سەردان دەکا و ئەگەریش سەردان بکا دەشاردرێتەوە. کەواتە هەر منداڵێک کە حەقدەست وەردەگرێ ئەوە خەریکی پیشەی ژێرزەوینییە.

بەشێکی زۆری کارکردنی منداڵان لە کارگاکاندا هی ئیش‌کردنیان لە پێشە ژێرزەوینییەکانە؛ ئەو کارگایانەی کە لە یەکەم ڕوانیندا ماڵن، بەڵام کاتێک کە دەچیتە ناوی ژمارەیەکی زۆری کرێکار خەریکی ئیش‌کردنن و هەڵبەت بەشێکی دیکەشیان هەیە کە لە کارگای فەرمی ئیش دەکەن، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا ناویان تۆمار ناکرێ، وەکوو فیتەری و لەحیمکاری، سەوزە چاک‌کردن، پیشەی دەستی و کارگەی بەرگدووری.



وێنەی کۆمەڵێ مێرمنداڵی ئیشکەر لە کارگایەکی بلوورسازی لە خێراباد (وێنە توێژەر)

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە نەخشەیەکی ئابووریی نافەرمی و کاری منداڵانی لەم کەرتەدا کێشاوەتەوە. یەکەم دەبێ بڵێین کەرتی ئابووریی نافەرمی کەرتێکە کە لە یاساکانی دەوڵەتدا نییە و یاساکانی کارگا نایانگرێتەوە. وەزارەتی کار نە پێرستێکی لە ناو و نیشانیان هەیە و نە بە تایبەتی چاودێریی ئاکارەکانیان دەکات. لەم بەشەدا یاساکانی کاری وەکوو پێدانی بیمە و باج لە ئارادا نییە. ژمارەیەک کارگای ئەم بەشە بە شێوەی خانوبەرەی نیشتەجێبوونن. بە واتایەکی دیکە خاوەنکارەکانی ئەم کەرتە بە مەبەستی خۆدزینەوە لە باج و چاودێریی پشکنەران و هەروەها تێچووی پشتشکێنی کرێ و پسوولە جیاوازە کارگاییەکان ئەم کارگایانە لە خانوبەرەی نیشتەجێبووندا دەکەنەوە، حاڵەتێک کە لە گەڕەکی 12 شارەوانیی شاری تاران زۆر بەرچاوە. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کەرتە بە کارنەهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێڕن و یان کەمترین کەڵک لێوەرگرتنیانە. بە چاوکردن لە کاری منداڵان زۆر بە باشی ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بۆ وێنە گواستنەوەی کەلوپەل و بار و داشقە، لێک جیاکردنەوەی زبڵ بە دەست و هەڵگرتنیان بە کەتفی (تەلیسی شانی) و داشقە، بەرهەمهێنانی پۆشاک بە مەکینەی دروومانی سادە و سەدان حاڵەتی دیکەی لەو چەشنە. بەکارنەهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، کە لە تایبەتمەندییەکانی ئابووریی مۆدێڕنە، لەم کەرتە ئابوورییەدا زەمینە بۆ کاری بە شێوەی دەستی و نەریتی خۆش کراوە ئێستا کێ دەبێ کارەکان لەم کەرتە ئابوورییە بە لانیکەمی تەکنەلۆژیاوە ئەنجام بدات؟ وڵامەکەی دەبێتە کرێکارێکی ناشارەزا و هەرزان کە بێگومان ژنان و منداڵان و دەستنەڕۆ و هەژارەکان باشترین بژاردە بۆ ئەم کارەن.

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم زەمینە پەیوەندیی توند و تۆڵی نێوان کۆچ و بازاڕی نافەرمییە. شەپۆلی کۆچکردن بۆ شاری تاران چ لە وڵاتی ئەفغانستان و چ لە ناوچە بێبەشەکانی ئێرانەوە بیچم بە کاری منداڵان لەم شارە دەدا و بەهێزی دەکات. ئابووریی نافەرمی هێزی کاری هەرزانی دەوێ و کۆچبەران بەتایبەت ژنان و منداڵان باشترین هێزی کار بۆ ئەم کەرتەن. ئەو کۆچبەرانەی کە شارەزاییان نییە و بێناسنامەن و منداڵن و نە تەنیا هێزی کاری هەرزانن و بەڵکوو ئەگەر لە کاتی کاردا مافیان پێشێل بکرێ ناتوانن لە ڕێگەی یاساییەوە دادخوازی بکەن و داوای مافی خۆیان لە خاوەنکار بکەن. کەسانی ئیشکەری ئەم کەرتە لە خوێندن، شارەزایی و هەموو ئەوانەی کە بۆ دەستخستنی هەلی کاری شیاوتر سوودمەندیان دەکا بێبەشن.

ئەم کەرتە بە هۆی ئەوەی نەریتییە و زۆرێک لە کاروبارەکان بە شێوەی دەستکرد و نەریتی ئەنجام دەدرێ، پێویستی بە هێزی کاری هەرزانە، ئێوە سەیر بکەن کە هێزی کاری هەرزان کێن؟ دیارە کۆچبەرانی پەنابەرن، ئەو بنەماڵە ئێرانییانەی کە لە ناوچە دوورەدەستەکانەوە بەرەو تاران کۆچیان کردووە. زۆربەی ئەم کرێکارە سەرشەقام و کارگلیلنە هی ئێتنیکی بەلووچ یان پاکستانی یان خەڵکی پارێزگای بەلووچستانن، ئەگەری ئەوەی کە زبڵگەڕەکان ئەفغانستانی بن زیاترە.

لە کارگاکاندا پرسی ئێتنیکی گرینگ نییە و زۆربەی ئەو خانەوادانەی کە پێویستیان بە کاری منداڵانە ئیش دەکەن، بەڵام لە کارگەی تەونچنین زیاتر کەسانی ڕەسەنن و زیاتر کۆچبەرانی ناوخۆیی و بیانی لە کارگەی خشتپێژیدان و بەڵگەکان پیشان دەدا لە سەر ئاستی نیشتمانیدا ئێتنیک گرینگ نییە.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی کەرتی ئابووریی نافەرمی لە ئێران پەرەی سەندووە و زەمینە بۆ کاری منداڵان ڕەخساندووە مشتومڕێکی زۆر لە گۆڕدایە. لە سەر ئاستی بەربڵاو، کێشە ئابوورییەکانی وەکوو وابەستەیی ئابووری بە مادەی خاو، قۆرخکارییەکان، کەڵکوەرنەگرتن، ئەو ڕانتانەی کە هەندێ لە کەرتە ئابوورییەکان وەردەگیرێن، ئاستی گەشەی نزمی ئابووری، سنووردارბوونی برە گوژمەی تەرخانکراوی دەوڵەت بۆ کەرتی تایبەت و دەستڕانەگەیشتن بە بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی گەشەی ئەم کەرتەیە. لە سەر ئاستی ورددا، بوونی هەژاریی بەربڵاو و نیشانەکانی وەکوو نەبوونی پەروەردەی فەرمی، نەبوونی شارەزایی، کەمخەوێندەواری و نەخوێندەواری، و کۆچی بە لێشاوی پەنابەرانی ئەفغانستانی ئەویش بە شێوەی نایاسایی لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی کەرتی

نافەرمی ئابوورییین. لە لایەکی دیکەوە زۆرێک لە خاوەنکارەکان لە کەرتی نافەرمی مل بە فەرمیبوون نادەن، چونکە دەبێ حەقدەستێکی زێدەتر بە کاربەدەستەکانیان بدەن، بیمەیان بکەن، و دیکەی مەرجەکانی کار جێبەجێکردن بکەن. هەروەها لە ئێران، بە هۆی ئەو گرژییانەی کە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ڕووی داوە و گەمارۆیەکی بەربڵاویان لە دژی ئابووریی ئێران سەپێنراوە، ئابووریی ئێران تووشی چالنجی زۆر گەورە بۆتەوە کە ئاستی توانای دەوڵەتی بۆ داکۆکیی کاریگەر لە کەرتە فەرمییەکان کەم کردووە و زەمینەی بۆ بازاڕی کاری نافەرمی ڕەخساندووە و لە ئەنجامدا وای کردووە دەوڵەت توانای ئەوتۆی بۆ چاودێریکردنی ئەم کەرتە نەبێت. وەک وترا، ئەنجامەکەشی تەنیا تەشەنەسەندنی کەرتی نافەرمی لە ماوەی دوو دەیە ڕابردوو و پەرەسەندنی بەربڵاو و بەرفرەوانی کاری منداڵان بووە.

ئێستا ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا کە کردوومانە لە پێشدا بەراوردێکمان لە ئاستی کاری منداڵان وەدەست هێنا، ئەو شتەی کە ئێمە بەراوردمان کرد نزیکەی 36 لە سەدی منداڵان لەم ئاستە ئابوورییەدان. بەڵام ئەم زانیارییانەی کە خستمە ڕوو پێم وا هی ساڵی 1392 هەتاوییە. ئیتر بە وردی نایزانم لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی ئەم یەک دەیەی ڕابردوودا کراوە، زۆر شت گۆڕاوە، ئەم 36 لە سەدە ڕەنگە بووبێتە 64 لە سەد، چونکە ئەو کات پشکی ئابووریی نافەرمی لە سەرتاسەری وڵاتدا ئەوەندە زۆر نەبوو و زیاتر بەراوردێک کە بوو 22 لە سەد و ئەمانە بوو. ئەم ئابوورییە نافەرمییە کاتێ تەشەنە دەکا کە هەڵبەت لە کاتە جیاوازەکاندا گەشە دەکا، بەڵام ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە ئێمە لە وڵاتی ئێراندا هەمانە بەستێنێک دێنێتە ئاراوە کە ئەمانە تێیدا گۆشت بگرن، بە لۆژیکی جۆراوجۆر ئەم کەرتە گەورە دەکات. کاتێک کە دەوڵەت لاواز دەبێ ئەم کەرتە گەورە دەبێ و چاودێریکردن بە سەریاندا کەم دەبێتەوە. کاتێک دۆخی ئابووریی دەوەستێ و چیتر ئەو ڕێسایانەی کە مافەکان ڕێک دەخا، وا دەکا بەشێک لە بازاڕ بەرەو لای ڕاکێشانی هێز بشکێتەوە؛ واتە بە لای جۆرێک یاریکردن کە حاڵەتە سەرەکییەکان ڕەچاو ناکات. لەبەر ئەوەی بتوانێ ڕکابەری بکا یان بتوانێ دەستەبەریی مانەوەی خۆی بکا، ئەمە هۆکاری دووهەمە. هۆکاری سێیەم ئەو کاتەیە کە پاشەکەوتی کار کەلێنێکی گەورەی هەیە و کەلێنی کاریی زۆر بووە و ئەوەندە داخوازیی بۆ ئیش زۆرە کە دەتوانین لە ناو ئەو کەلێنە پاشەکەوتیی کاری ئەو تاکانە وەربگرین کە ئامادەن بە خراپترین جۆر و کەمترین حەقدەستەوە ئیش بکەن و لەبەر ئەوەی زۆر چاو لەدەستن توانای چەنەلێدانیان نییە و هۆکاری چوارەم مافی

ڕێکخراودۆزی و هێزی چەنەلێدانی هێزی کار کەم دەبێتەوە. ئێوە هەر شتێک کە بەرچاوتان دەکەوێ کاریگەرییەکەی لە هەر چوارییاندا هەیە؛ واتە ئێستا لەبەر داڕمانی ئابوورییەوە چاودێریی دەوڵەت کەم بۆتەوە ئەو کارگا و بنکانەی کە خەریکی ئیشن، بۆ ئەوەی ئەگەر بیهەوێ هەموو ڕێساکانی دەوڵەت جێبەجێکردن بکا ئەوا هەرەس دێنێ و ئێستا زۆریان ڕوویان لە هەرەسهاتنە، دووهەم ئاشکرایە سێهەمیش جۆری کار و ئینجا نازانم پرسی ئەوەی کە هەلی مانەوە دەستەبەر بکا، قسە لە سەر - هەر ئەوانەی باسم کردن - لە بنەڕەتەوە توانای چەنەلێدان و ڕێکخراودۆزیی کرێکاران و بە فەرمی نەناسانە کە هەموو ئەمانە دەست دەدەنە دەست یەک کە و ئەم کەرتە قەڵەو بێ و گۆشت بگرێت. ئێستا ئەم گەشەکردن و گۆشتگرتنە لە کوێوە دێ؟ ئەو منداڵانەی کە لێرەدا ئیش دەکەن ئەو کات کێشەکانیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا جیا لەوەی کە دەگەنە تەمەنی یاسایی کار، لە ژێر تەمەنی پازدە ساڵان بن کە نابێ ئیش بکەن تەنانەت ئەو نەوجەوان و مێرمنداڵانەی کە بە لێکدانەوەی بەڕێز دەروێش کە زۆریش ڕخنەگرە لەگەڵ شرۆڤەی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ لە کارنەکردن و کارکردن، بەڵام بە هەر حاڵ لەوەدا شرۆڤەکەی ئەمە بوو، بچن ئیش بکەن، تەنانەت ئەگەر گیر و گرفتەکەیان ئەوە بێ، حەقدەستی کەم، ماوەی درێژخایەنی کار و نەبوونی بیمە. ئیش دەکەن دیارە ئەمانە تۆمار ناکرێن. پێیا خۆشە بە شاراوەیی بمێنێتەوە و ڕاینەگەیێنن و لەمانە. کەواتە یەکەمین ئەنجامی ئێمە شتێک لەم چەشنە بوو. واتە پیشانی دەدا کە هێشتا خوار تەمەن هەژدە ساڵانەکان لە کارگادان کە لە حاڵێکدا ئەم کارگایانە بە نایاسایی لە قەڵەم نادرێن. با چەند نموونەت بۆ بهێنمەوە، بۆ وێنە لە کەرتی بەرهەمهێنانی پۆشاک و بەربوومی کۆتاڵیی چەند نموونە بهێنمەوە. لە کەرتی بیناکەماندا چەند نموونە بهێنمەوە. لە کەرتی کارگای ئاسن، فیتەری، لە خزمەتگوزاریی شاری، فرۆشتنی کاڵا، فیتەریی کەرەسە ماتۆڕییەکان، هەموو ئەمانە هەن. با نموونەیەک بهێنینەوە؛ واتە ئەمانە نافەرمی نین، ژێرزەوینی نین. بۆ وێنە بەرگدوورەکان، شارەوانییەکان، کارگە بەرهەمهێنەرەکانی جلوبەرگ، کاناپەسازی، ڕووکەشی، ئاڵادووری، شابلۆنکوتان، هەموو ئەمانە لەو ئیشانەن کە منداڵان ئیشی تێدا دەکەن. واتە لە لێکۆڵینەوەی ئێمەدا ئەم پیشانە هەن و ئەمانە ژێرلقی کارگەی بەرهەمهێنانی پۆشاک و بەروبوومی کۆتاڵیین.

لاوازیی دەوڵەت لە چاودێریکردنی ئەم کەرتە لە لایەک و پەرەسەندنی ئەمە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو لە لایەکی دیکەوە زیاتر چەوسانەوەی چینی خەسارهەڵگر

بۆ وێنە ژنان و منداڵان و کۆچبەرانی نایاسایی لێ کەوتۆتەوە. بەو پێیەی کە یاسای فەرمی بۆ چاودێریکردنی ئەم کەرتە بوونی نییە، کەواتە یاسا و ڕێسای تاکەکەسی و سەرەڕۆیانەی خاوەنکارەکان بۆتە بەدیلی یاسای فەرمییەکان. دەتوانین بڵێین هەموو جۆر و بیچمەکانی کاری منداڵان، کە لەم توێژینەوەدا تاوتوێ کرا، لەم کەرتەدا هەن: گواستنەوەی بار بە داشقە (عارەبانە)، زبڵگەڕی، کارکردن لە زۆربەی کارگە بەرهەمهێنەرەکان، کارکردن لە سەر شەقام، کارکردن لە کوورەخانەی خشتپێژی و ... . هەڵبەت کارکردن لەو کەرتانەی کە منداڵان چالاکی تێدا دەکەن، واتە کەرتە ئابوورییە فەرمییەکانی وەکوو کاری منداڵان لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار، کەرتی بیناسازی، کارخانەی بلوورسازی، کارگای فیتەری، و هتد لە سۆنگەی هەلومەرجی کار بۆ منداڵان هاوشێوەی کاری کەرتی نافەرمین. لەم کەرتەدا خاوەنکارەکان بە کەڵکوەرگرتن لە کەڵەک و فێڵی جیاوازی وەکوو شاردنەوەی منداڵەکان و دەربازکردنیان لە درگای پشتیی شوێنی کار، لە چاوی چاودێرەکان دەیانشارنەوە. هەڵبەت ئاماژە بەم خاڵە پێویستە کە لە کەرتی زبڵگەڕیدا بە هۆی ئەوەی زیاتر کەرتی فەرمیی ئەم کارە چاودێری دەکرێ، کەمتر لە منداڵانی کار بەکار دەهێنرێن و زۆربەی منداڵانی کار لە کەرتی نافەرمیی زبڵگەڕیدا ئیش دەکەن، زۆربەی منداڵانی کار لە کەرتی نافەرمیدا سەرقاڵی زبڵگەڕین، شوێنێک کە منداڵان شەوانە زبڵگەڕی دەکەن.

کاتژمێری درێژخایەن، کارکردن لە کاتی نائاسایی، بەکارهێنانی ئامرازی بێکەڵک و نەریتی یان ئەو ئامرازانەی کە ئاستی تەکنەلۆژیاکەی نزمە، حەقدەستی کەم، پێنەدانی حەقدەست یان پێدانی حەقدەست لە هەندێ حاڵەتدا، کارکردن لە بارودۆخی نەگونجاو و ئاستی کوالێتیی نزم و خەسارهەڵگریی لە تایبەتمەندییەکانی کار لە کەرتی نافەرمییە.

بڕوانە لەم کەرتەدا بەو پێیەی کە هیچ چاودێرییەکیان بە سەرەوە نییە، ئەو کەسانەی کە لەم کەرتەدا ئیش دەکەن زۆر بە باشی کەڵکاوەژۆییان لێ دەکرێت. ئەمە تەنیا منداڵان ناگرێتەوە، پیاوێکی تەمەن چل ساڵانیش دەگرێتەوە کە هیچ شارەزاییەکی نییە و ناچار بە کارکردن لەم کەرتە کراوە. هەڵبەت منداڵان و ژنان زیاتر لە هەمووان لەبەر دەم خەسارەتدان. منداڵێکی تەمەن پازدە ساڵان کە لێرەدا ئیش دەکا هیچ داکۆکییەکی یاسایی نییە و بەو پێیەی کە ئەم کەرتە هیچ چاودێرییەکی بە سەردا نییە، زۆر بە باشی کەڵکاوەژۆیی لێ دەکەن، کاری زۆری لێ دەکێشن، حەقدەستی پێ نادەن و ئەگەر زیانێکیش ببینێ ئەوە کەس وڵامی ناداتەوە.

بە هۆی ئەوەی ئیشـــی مندالان نایاســـاییە، بەڵام خاوەنکارەکانیان ســـوودێکی زۆریان بەر دەکەوێ چونکە حەقدەســـتی کەم دەدەن، چاودێرییەکیش لە ئارادا نییە و گیر و گرفتی کرێکاری گەورەســـاڵیشـــی نییە. شـــێوازی چالاکیی ئەم مندالانە لە ناو کارگاکاندا، بەتایبەت کەرتی نافەرمی، بە پێی کەمترین بنەمایە و کاتژمێر و ڕۆژ و حەقدەســـت بە پێی ڕێککەوتنی ڕۆژی یەکەمە و ماوەیەکی درێژخایەنتر ئیش دەکەن (نزیکەی دوازدە کاتژمێر) بۆ وێنە ئیشکردن لە کارگەی شووشەسازی لە بەر گەرما و سەرما. لە ئەگەری هەر چەشنە زیانێک لە پاڵپشتی بێبەشن و بیمەیان نییە. لە کارگای فەرمی هەوڵ دەدرێ مندالانی ژوور تەمەن پازدە ســـالان دابمەزرێنن و لە لایەن ئیدارەی کاری هەر شـــارێک چاودێری بکرێن، ئەگەرچی ئەوەش دیاریکەرەوە و بەسوود نییە، بەڵام بارودۆخەکەی باشترە و هەوڵ دەدرێ مندالانی ژێر تەمەن چواردە سالان بشاردرێنەوە.

بەو پێیەی کە تێچووی خوێندن پشت دەشکێنێ منداڵ ناچارە دەست لە خوێندن هەڵبگرێ و بە هۆی هەژاریی بنەماڵەوە جگە لە کارکردن نەبێ هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی لە بەر دەم نییە. بە واتایەک، ئەم کەلێنە لانیکەم ســـێ قاتە لە نێوان داهاتی کرێکار (باوک) و تێچووەکان (ئەگەر باوکی بنەماڵە ئیش بکا و بڕی دوو ملیۆن و 700 مووچەی هەبێ، بەڵام لانیکەمی مامناوەندی مووچە شـــەش ملیۆن و 800 هەزار تمەن بێت.)، یەکێک لە ڕێگاکانی دابینکردنی کەمایەتییەکان کاری منداڵە. چونکە ئەم مندالانە ناویان لە بیمەدا تۆمار ناکرێ و ئیشەکەیان نایاساییە و حەقدەستی کەمیان پێ دەدەن و تەنانەت ئەگەر ڕووداوێکیش ڕوو بدا خاوەنکار دەروەســـتی قەرەبووکردنەوە نییە و لە هەمبەر ڕووداوە پیشـــەییەکاندا خەســـارهەڵگرترن چونکە خاوەنکار بەرعۆدەی قەرەبووکردنەوە نابێت. من بینیومە منداڵێک لە کارگەی تەراشـــکاری پەنجەیەکی پەڕیوە. بەڵام خاوەنکار بەرعۆدەی فلســـێک نەبووە، چونکە ئەم منداڵە ناوی نە لە بیمە و نە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و نە لە هیچ شـــوێنێکی دیکە تۆمار نەکراوە و بە گشتی بە شێوەی حەقدەستی ڕۆژانە ئیش دەکات. پەیوەندییەکانی کار ڕێســـاســـڕینەوە کراوە و لەم بارودۆخەدا هەمو شـــتێک گرێ دراوە بە پیاوەتی و چاکەی خاوەنکار. بە واتایەکی دیکە، ئەم پەیوەندییە دەبێتە پەیوەندیی وەستا و شاگرد و لەم پەیوەندییەدا ئاخۆ منی کرێکار دەچەوسێمەوە یان نا و ... بەستراوەتەوە بە پیاوەتی و چاکەی خاوەنکار. کاتێک ڕێساسڕینەوە لە پەیوەندییەک دەکرێ ناتوانین لە سەددا ســـەد بڵێین لە کوێ و چ منداڵێک زیاتر غەدری لێ دەکرێ (لە منداڵی کارگەی

ژێرپلەیی و یان منداڵی ناو کارگەی پیشەسازی). یەکێکی دیکە لە کێشەکانی منداڵان لەم کارگایانە لاکەوتەیی پێشوەختەیە، منداڵێک کە لە تافی منداڵی لە تراشکاری ئیش دەکا لە تەمەنی چل ساڵاندا لەشی وەکوو پیرێکی حەفتا ساڵەی لێ دێت.



وێنەی منداڵانی کار لە کارگە نەریتییە بلوورسازییەکانی شاری ڕەی (وێنە توێژەر).

### وتەزای کۆچکردن

یەکێک لەو بڕیارە هەرە دژوارلنەی کە هەر مرۆڤێک دەتوانێ لە ژیانیدا بیدا، کۆچکردن لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەیە، لەو ڕووەوە دژوارە کە مرۆڤێک کە لەگەڵ شوێنێک پەیوەندی ساز کردووە و لە ئاست شوێن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوێ هەست بە پابەندی و وابەستەیی دەکا دەبێ دەستبەرداری بێ و بچێتە شوێنێکی نوێوە کە نە ناسیارییەکی لێ هەیە و نە دەزانێ ڕێسای ژیانی ڕۆژانە لەو جێگایە چۆنە. لە ڕاستیدا هەستکردن بە ئاڵۆزی و دڵەڕاوکێ یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەم بڕیارە بۆ ئەو کەس یان کەسانەیە کە کۆچ دەکەن. کۆچکردن لە سەر ئاستە جیاجیاکاندا لێکەوتەی جیاوازی ئەرێنی و نەرێنیی زۆری لە خۆ گرتووە. ڕەنگە بتوانین بڵێین لە سۆنگەی ئابوورییەوە کۆچکردن لێکەوتەی ئەرێنی هەیە و لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە لێکۆڵەتەی نەرێنی. هەڵبەت هەمیشەش بەم شێوە نییە. لە سۆنگەی ئابوورییەوە کۆچکردن بەتایبەت کۆچکردنی هەژاران، دەستهەڵگرتن لە ژینگەیەکە کە هیچ هەلی ئابووری تێدا نییە و مانەوە لەو شوێنە جگە لە بەردەوامیی هەژاری و داماوی نەبێ هیچی دیکەی تێدا نییە. کۆچکردن بەرەو شوێنی نوێ دەتوانێ کۆمەڵێ دەلاقەی هەلی نوێ بۆ کەسی کۆچبەر بکاتەوە و هێزی کار بۆ وڵاتی

مەبەست دابین بکات. لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە، کۆچکردن وازهێنان لە سەرچاوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چوونە ناو بەستێنێکە کە مرۆڤ خۆی تێدا نابینێتەوە. لە ڕاستیدا کۆچکردن یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نارێکخراویی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی ورد و کۆمەڵگاکانە، چونکە پەیوەندییەکان لاواز دەکا و دەفرایەتیی خۆتەکووزیی کۆمەڵگاکان لەناو دەبات. لێکەوتەکانی ئەم چەشنە کۆچکردنە لەناو هەژاران و منداڵاندا زیاتر هەستی پێ دەکرێت.

لە سەر ئاستی ئەوپەڕنیشتمانی و نیشتمانی یەکێک لە تیۆرییە ڕوونکەرەوەکانی کۆچ تیۆریی وابەستەییە کە ڕوونکردنەوەی کۆچکردن لەم ڕوانگەدا بۆتە هۆی خستنەڕووی تیۆری یان مۆدێلی وابەستەیی. لە ڕوانگەی خاوەن تیۆرییەکانی ئەم ڕوانگە، کۆچ، بەتایبەت کۆچ لە لادێکانەوە بۆ شار، دەبێ لە ناو پەیوەندییە سەرمایەدارییە جیهانییەکان و گەشەی وابەستەی وڵاتە دواکەوتووەکان شی بکرێتەوە. ئەم تاقمە خاوەنتیۆرییە پێیان وایە هۆکارەکانی کۆچ ناتوانین لە ئاسەوارەکانی جیا بکەنەوە، چونکە کۆچ لە لایەک هۆداری گەشەی نایەکسانیی وڵاتە سەرمایەدارییەکان و وڵاتانی دواکەوتووە و لە لایەکی دیکەشەوە هۆکاری پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی گەشەی نایەکسانە. کەواتە لە دیاریکردنی پرۆسەی کۆچ دەبێ لە پێشدا سەرنج بخەینە سەر پرسی گەشەنەسەندن، چونکە لەم ئاقارەدا پەیوەندیی نایەکسانی پێکهاتەیی و شوێنی لە ناو بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگای مەبەست بیچم دەگرێت.

یەکێک لە ئایدیا ئاماژە پێکراوەکانی ئەم ڕوانگە پەیوەندیی ناوەند - پەراوێز لە پرسی گەشەی وڵاتانی گەشەنەسەندووە کە لە لایەن سەمیرا ئەمین خراوەتە ڕوو. وڵاتانی سەرمایەدار پێگەی باڵادەست (ناوەند) و وڵاتانی گەشەنەکردوو لە پێگەی بندەست (پەراوێز)دان. ئەم بارودۆخە کاریگەری لە سەر پێکهاتەی ناوخۆیی وڵاتانیش داناوە و بۆتە هۆی بەدیهاتنی جەمسەرە پێشکەوتوو و گەشەسەندووەکانی سەرمایەداری (زیاتر شارەکان) و ناوچە گەشەنەکردووەکان (زیاتر گوندەکان) کە جۆرێک ناهاوسەنگیی ناوچەیی خولقاندووە. ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی کۆچ و هێزی کار لە ناوچە بێبەشەکان وەکوو ناوچە لادێییەکان، بەرەو دەڤەرە شارییەکان کۆچ بکەن. پۆل سینجێر یەکێکی دیکە لە تیۆریسیەنەکانی ئەم ڕوانگە، دوو کۆمەڵە فاکتەری پەیوەست بە شوێنی سەرەتا کە دەبێتە هۆی کۆچ لێک جیا دەکاتەوە کە ئەم دوو کۆمەڵە فاکتەرە بریتن لە:

1) فاکتەرە مەندییەکان: ئەم فاکتەرانە ئەو کاتە ڕوو دەدەن کە حەشیمەتی

گوندی، بە هۆی باشـــتربوونی ڕێژەیی دۆخی تەندروســـتی و چارەســـەر، زیاتر لە بەروبوومە کشـــتوکاڵییەکان گەشـــەیان کردبێ و هەر لەبەر ئەوە هێزی کاری زیادە دروســت دەبێ کە ئەم هێزی کارە بە هۆی نەبوونی پیشــە لە لادێکاندا بەرەو شــارەکان ملی کۆچ دەگرنە بەر.

2) فاکتەرە گۆڕێنەرەکان: ئەم فاکتەرانە ئەو کاتە کاریگەرن کە شــێوازەکانی بەرهەمهێنانی ســەرمایەداریی مۆدێڕن دزەی کردبێتە ناو ناوچە گوندییەکانەوە و شـێواز و تەکنیکەکانی گۆڕیبێت. لێرەدا ئامانج هەڵکشــاندنی ئاسـتی کارامەیی کار بە هۆی پیشەسازییە سەرمایەبەرەکانە و ڕێژەی ئیشکەرەکان کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی کۆچی هێزی کاری زیادە بۆ لادێکان.

لە تیۆریی وابەستەیی، بە کورتی کۆچ‌کردن بابەتێکی ناچارییە کە لە سەر بناغەی گەشـــەنەکردنی شـــوێنیک (گوند) لە چاو شـــوێنێکی دیکە (شـــار) و ولبەســـتەیی ناسـەرمایەداری بە کەرتی سـەرمایەداری بەدی دێ و بابەتێکی تەواو چەسـاوانەوەییە و بەردەوامییەکەی دەبێتە هۆی دواکەوتوویی زیاتر [29]. بەشێکی زۆری ئەو منداڵانەی کە لـە شـــاری تاران ســـەرقاڵی کـاری جۆراوجۆرن کۆچیـان بـەئـەزموون کردووە و کۆچ‌کردن بۆ ئەوان زنجیری لکێنران بە کار بووە.

لە دەیەی 40 هەتاوییەوە کۆچ‌کردنی ناوخۆیی لە سەرچەشنە گرینگەکانی کاری منداڵانە و کۆچبەرە لادێییەکان زیاتر لە حاڵەتی نیشـتەجێ‌بوونی نایاسـایی ژیانیان بە ســەر دەبرد، چونکە بەم شــێوە تێچووی خانوبەرە کەمتر دەبۆوە و لە پاڵ کوورەخانە و خشت‌پێژییەکە بوو و لەم نێوەندەدا کۆچبەرانی بیانی و پەنابەرەکان پشکی شێریان بەر دەکەوت، بەڵام ئێستا ڕێژەی کۆچ لە گوندەوە بۆ شار کەم بۆتەوە و بە پێی نایەکسانی و هەژارییەوە، تەنانەت کەسانی ناو شاریش پێویستیان بە کاری منداڵانە و لە مەڕ کاری ناوماڵیش منداڵان بە بێ وەرگرتنی حەقدەست چالاکی دەکەن.

کۆچ‌کردن شـــێوازی هـەمـەجۆر لـە خۆ دەگرێ - وەک پێشـــتریش وترا - هۆکار و لێکەوتەی جۆراوجۆری لە سـەر ئاسـت و بوارە جیاوازەکاندا هەیە. جۆرێک کۆچ‌کردن کـە منـداڵانی کـار بـەئـەزموونی دەکـەن کۆچی دەرەکییـە؛ واتـە کۆچ‌کردنی منـداڵانی ئەفغانســـتانی بۆ وڵاتی ئێران کە یەکێک لـە دڵتـەزێن‌ترین کۆچ‌کردنـەکـانـە، چونکـە ئاسـایشـی گیانییان دەخاتە مەترسییەوە و شـایەدی چەندین ڕووداوی دڵهەژێن بووین. ئەو کاتەی لـە منداڵەکان پرسـیـار کرا کە بۆچی هاتوونەتە وڵاتی ئێران، وڵامەکانیان زیاتر پەیوەســـت بوو بە هەژاری و بێکاریی ئەندامانی بنەماڵە، هەلومەرجی شـــەڕ و

نائارامی و نەبوونی هەلی خوێندن لە وڵاتی ئەفغانستان. منداڵێکی ئەفغانستانیی فاڵفرۆشی کە لە مەیدانی فاتمی کاری دەکرد بەم شێوە باسی لە هۆکارەکانی کۆچکردن کرد:

> ئەگەر قەرزدار نەبین، ئەرێ. بەڵام ئێستا قەرز و قۆڵەمان زۆرە. براکانم، دوو زەڕبرام هەیە لە باوکەوە براین و دایکمان یەک نییە. ئێمە بچووک بووین پێنج شەش ساڵان، هێشتا نەماندەتوانی ئیش بکەین، دووانیان خێزلندارن، قەرزدارن. ئیتر باوکم ناچار بوو، بەشێک لە قەرزەکەیان هی باوکم بوو. باوکم ئەو کات زۆر قەڵس بوو، حسێبی نەکرد. ئەوانیش هاتنە ئێران. لە وڵاتی ئەفغانستان قەرزەکانیان کەوتە سەر شانی باوکم. باوکم وردە وردە قەرزەکانی دانەوە، ئیتر نەیتوانی، مایەباش هاتەوە. هەر قەرزی دەداوە. بە پارەی ئێستا 300 ملیۆن قەرزدار بووین. ئەو کات تمەن بەهای زۆر بوو، دەبووە 100 ملیۆن. کەمێکیمان داوەتەوە.

> بۆچی لە ئەفغانستان ئیشتان نەدەکرد؟
>
> لەوێ خۆ ئیش نییە، هەر بەدبەختی و قوڕبەسەرییە.

منداڵەکانی دیکە بەم شێوە هۆکاری کۆچکردنی خۆیانیان گێڕاوە:

> دەستنەڕۆ و هەژار بووین، دەبا ئیشمان بکردایە. تێچووی بنەماڵە دابین بکەین. ئەفغانستان شەڕە. خۆ کاری تێدا نییە.

> چەرچێتیم دەکرد، پارە نەبوو. لە ئەفغانستان ئەم کارەم دەکرد.

> لە گوندەکەی خۆمان ئیش نەبوو. هاتمە ئێرە. زۆر وەڕەز دەبووم.

> تاڵیبان قوتابخانەکەمانی ڕووخاند. شەڕەنگێزە، ئیتر شەڕ و نائارامییە.

> پێم خۆشە لێرە بمێنمەوە، ئەفغانستان ئیشی تێدا نییە.

> حەزم لە ئیشە، ئیش دەکەم ئیتر. خۆ ئەفغانستان ئیشی تێدا نییە. چی بخۆین؟ هیچ لەوێ کار نییە.

چووم بەڵام ... بڵێم ... دوو جار ... دوو پۆلم خوێند، بەڵام فێری هیچ نەبووم. ... ئەوێ شەڕە، لە ناکاو دەهاتنە ناو قوتابخانە دەیانکردە پشوو ... ئیتر قوتابخانە بۆ ڕۆشتن نەدەبوو ... درگاکانی قوڵف دەکرا نەمانتوانی بچین. لەبەر شەڕ. ئیتر باوکم بڕیاری دا بەینە وڵاتی ئێران ... هەر هیچ نەبێ ئەوێ باشترە ... زیاتر لەبەر خوێندنی ئێمە بوو ... وتی ئێرە بۆ خوێندەواربوون نابێ، با بچینە ئێران بڕێک فێری خوێندەواری بن. لەوێ هیچ ئیشم نەدەکرد هەر دەرز و وانەم دەخوێند و دەچوومە مزگەوت و قورئانم دەخوێند و ئەمانە فێر دەبووم. من فێری هیچ نەبووم بەڵام براکەم جوزئی یەکەمی قورئانی خەتم کرد، بەڵام من نەمتوانی خەتمی بکەم. من لە قوتابخانە باشتر بووم ... ڕۆژی یەکەم پێم نەوتن، ببوورن درۆم لەگەڵ کردن. چەند ساڵ بەر لە ئێستا واتە پێنج شەش ساڵ لەوە پێش، دووان سییانێک لە برا گەورەکانم هاتنە ئێرە. ئەوان لێرە ژیانیان دەکرد. ئینجا من و ئەم برایەم هاتینە ئێرە. من لە ماڵی پوورم بووم. ماوەی چەند ساڵ دواتر ئەم برایەم لە ماڵی خوشکە گەورەکەم ژیانی دەکرد. ئینجا براکەم لەگەڵ هاوڕێکانی لە ڕووداوی هاتوچۆدا تێدا چوو، ئەوسا باوکم لێرە بوو. بە قەستی تەلەفۆنیان بۆ دایکم کرد، بە قەستی وتیان قاچی من شکاوە هەستە وەرە ئێران، سنووری ئەفغانستان و ئێران شەشی بەیان دادەخرێ هیچیان پێ ناکرێت. ئەمان لێرە پەشۆکان زوو هێنایانە ئێرە. کەرەسەمان بوو، دلیان بە دراوسێکان ... پوورم و ئەوان دەستگرۆییان کردین ئێمە دیسان پارەمان پێدانەوە.

لە هۆکارەکانی دیکەی کۆچکردنی ئەفغانستانییەکان بۆ وڵاتی ئێران دەتوانین ئاماژە بە زمانی هاوبەشی ئەوان لەگەڵ ئێرانییەکان بکەین، چونکە زمانی هاوبەش دەبێتە هۆی ئاسانبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای وەرگر. یاریدەدەرانی دامەزراوە داکۆکیکارەکان لە گەڕەکی هەرمندی و شووش بەم شێوە ئاماژەیان بە هۆکارەکانی کۆچکردنی منداڵانی کار کرد:

بێگومان لەبەر نەبوونە کە منداڵەکانیان دەنێرن. منداڵەکان خۆیان جار نە جارێ تەلەفۆن دەکەن، ئەوان لە وڵاتی ئەفغانستان بوون، بەڵام لەبەر هەژاری و دەستنەڕۆیی منداڵەکانیان دەنێرنە ئێرە، دەنا کێیە پارەی هەبێ و بارودۆخی لەباری هەبێ منداڵەکەی دەنێرێتە هەندەران. هەڵبەت لەبەر ئەوەی زمانی فارسیش دەزانن وای کردووە زیاتر

بێنە ئێران.

لەبەر ئەوەی کۆچبەرن خەســـارەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ بنەماڵەکانیان ڕووی داوە، واتە بە هۆی نەبوونی پیشـەیەکی باش و گونجاو بۆ دایک و باوک، پیشـەی وەرزانە و بە هەر حاڵ بە هۆی ئەو کارلنەی کە بیمەیان نییە، هیچ داهاتوویەکیان نییە. ئەملنە ناچار دەبن هێزی کاری منداڵ بقۆزنەوە.

چۆنیەتیی کۆچکردنی منداڵەکان لە ئەڤغانســـتانیش جێی تێڕامانە. ئەوان هەندێ جار لەگەڵ بنەماڵەکەیانیان کۆچ دەکەن، هەندێ جار لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسیان و لە هەندێ حاڵەتدا بە تەنها کۆچ دەکەن. کۆچی زنجیرەیی لە ناو ئەڤغانســتانییەکاندا زیاتر باوە. بۆ وێنە لە پێشـــدا چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵە کۆچ دەکەن. ئینجا ئەندامانی دیکەی بنەماڵە یان خزم و کەس کۆچ دەکەن، چونکە کەس یان کەســـانێک کە پێشتر کۆچیان کردووە هەندێ زانیاری و شوێنی ڕێژەیی بۆ کار و نیشتەجێبوونیان دابین دەکەن. بەو پێیەی کە ئەم کۆچکردنانە بە شـــێوەی تۆڕی یان زنجیرەیی ئەنجام دەدرێ، بـە هۆیـەوە هـەنـدێ لـە جۆرەکـانی کـار هی گرووپ، شـــار یـان ئێتنیکـە تایبەتەکانن. بۆ وێنە منداڵانی زبڵگەڕ زیاتر خەڵکی پارێزگای هەراتن، لە حاڵێکدا ئەو کەســـانەی کە لە چوارڕێیانەکادا کار دەکەن، زیاتر خەڵکی کابوولن. یەکێک لە منداڵانی کار لە بازاڕی گەورەی تاران ســـەبارەت بە شـــێوازی کۆچکردنیان بۆ ئێران وتیان:

> لە ماڵی ئێمە تەنیا من هاتووم، لەگەڵ خزمەکانم، ئەمەش کوڕە پوورمە. خاڵۆم لێرەیە. ئەویش لەگەڵ ئێمە دەژی، هەر لە ناو ئەو ماڵەدا. کاری خاڵۆم داشقەچێتییە. ئێمە داشقەچیین.

یەکێکی دیکە لە منداڵانی کار لە گەڕەکی شەهرەکی غەرب لەم بارەوە وتی:

> لەگەڵ دوو، یان، سێ یان چوار دانە لە کوڕە مامەکانم هاتوومەتە ئێران. سێ برا و خوشکێک. دو برام لە ئێرانن، یەکیان لە تورکیایە، یەکیان لە ئەڤغانستانە. براکانم یەکیان لە شـیرینیفرۆشــی ئیش دەکا، یەکیان خەریکی کاری بیناســازییە، یەکیان بەنایە، چکۆڵەکەیان لە ئێرانە. براکەم ئیش بۆ خۆی دەکا، منیش لەگەڵ خاڵۆم دەچم بۆ کار.

گێڕانەوەکانی دیکە سەبارەت بە کۆچ بەم شێوەیە:

| |
|---|
| من لەگەڵ هاوڕێکەم بە شـێوەی قاچاغ هاتووم. هەر لێرە ئیش دەکەم، چی بکەم ئیش نییە. ئاشنا و ڕۆشناکانم منیان هێنایە ئێرە. |

| |
|---|
| من چوار ســاڵە هاتوومەتە ئێران، بەڵام باوکم و کاکم پێشــتر لێرە بوون. پاش ماوەیەک هاتنە ئەفغانستان؛ واتە لەوێ ئیشیان دەکرد. پاش چوار ساڵ هەموومان هاتینە ئێران. |

| |
|---|
| زۆر لە مێژە هاتووین؛ واتە زۆر لە مێژە لێرەین. هیچ ناسنامە و بەڵگە و شتمان نییە. |

| |
|---|
| ساڵێکە لەگەڵ براکانم هاتوومەتە ئێران، دایکم و باوکم ئەفغانستانین. |

| |
|---|
| ئێمە زۆر هاتوچۆ دەکەین. ماوەیەک دەوەستین؛ دو ساڵ، سێ ساڵ، ساڵێک. |

| |
|---|
| شەش مانگە هاتووین. خۆم بە تەنها هاتووم. بنەماڵەکەم ئەفغانستانین. |

| |
|---|
| لەبەر ئەوەی ئیش نەبوو هاتینە ئێران. پێنج ســاڵە لەگەڵ خاڵۆم هاتووم. خاڵۆم ناوی ... . دایکم و باوکم ئەفغانســتانین. ئەوان نەهاتن ... نایەن. من دەبێ پارە کۆ بکەمەوە. |

منداڵە ئەفغانستانییەکان زیاتر بە شێوەی نایاسایی هاتوونەتە ناو ئێرانەوە، چونکە هاتنی یاسایی کێشە و گرفتی زۆرە. یەکێک لە هۆکارەکانی کۆچی نایاسایی ئاستەنگە زۆرەکانی بەر دەم دەرکردنی ڤیزا بۆ کۆچبەرەکانە و لە هەندێ حاڵەتدا تێچووەکەی ئەوەندە قورسە کە منداڵ و بنەماڵەکەی دەبێ چەندین ملنگ ئیش بکەن هەتا بتوانن جێبەجێکردنی بکەن. هەر بۆیە کۆچی نایاسایی بژاردەیەکی بەدیل بۆ ئەوانە. کۆچی نایاسایی ئەفغانستانییەکان و منداڵەکانیان بۆ وڵاتی ئێران یەکێک لە ڕەوتە بەهێزەکانی کۆچە. لە سەر ئاستی بەربڵاو و بەڕێوەبەریی وڵاتیشدا ئەنقەستییەک بۆ هاتنی کۆچبەران بۆ ناو وڵاتی ئێراندا هەیە، چونکە سنوورەکان باش کۆنترۆڵ ناکرێن. ڕەوتی کۆچی نایاسایی ئەم کەسانە هێزێکی کاری زۆر هەرزانی بۆ کەرتە جیاوازە

ئابوورییەکانی وەکوو کەرتی نافەرمی ڕەخساندووە. زۆرێک لە دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان و پەیمانکارانی شارەوانیی تاران کەڵکاوەژۆیی لەم هێزە کارە هەرزانە دەکەن یان دمیانچەوسێیننەوە. هەروەها ئەم چەشنە کۆچە پەرەی بە تۆڕی قاچاغی کۆچ و قاچاغی منداڵان داوە. ئابووریی ئەم بوارە زۆر بەهێزە و سوودێکی زۆری بۆ قاچاغچییەکان "یان قاچاغبەرەکان هەیە. دوو کەس لە منداڵانی کار کە لە گەڕەکی خەلازیر کاریان دەکرد هەر لەم بوارەدا وتیان:

> ئەو ڕێگایە زۆر ناخۆشە. دەبێ حەفتەیەک بە ڕێگاوە بیت. ئەو شوێنانەی کە پارەی زۆری دەوێ ئاسانترە. لە پاکستان دژوارە، پارەی کەمتریان دەوێ. هەر کەسێک دەبێ بڕی دوو سێ ملیۆن بدات. ئەو شوێنانەی کە شاخ و کێوە بە پیادە دێین. نان نییە، خۆراک نییە، هەر برسێتییە. پازدە کەس دەتەپێننە ناو ئۆتۆمبێلێک، سێ چوار دانە دەخەنە ناو بۆکسەوە. ئیتر تا دێی دەپڕووکێی.

> حەزم لێیە بگەڕێمەوە بۆ ئەفغانستان ... دایک و باوکم لام بوایەن خۆش بوو. دوو ساڵە نەیانمبینیوە، دەی بیریان دەکەیت. لەو دیوەوە بە قاچاغ بچی و بێی زۆر ناخۆشە. دایک و باوکم ناتوانن بێن، خەرجی زۆرە. چوومە تورکیا، لە تورکیاوە چووم.

لە هەندێ حاڵەتدا ئێران بۆ بنەماڵە ئەفغانستانییەکان دەبێتە پردێک لە نێوان ئەفغانستان و ئەورووپا، بەتایبەت وڵاتی ئەڵمانیا. هەندێکیان لەوانەیە بە شێوەی تاکەکەسی یان خێزانی ماومیەک کار بکەن بۆ ئەوەی تێچووی سەفەر بۆ ئەورووپا دابین بکەن. لێرەشدا کۆچکردن بە شێوەی نایاسایی و بە پشتبەستن بە قاچاغچییەکان ئەنجام دەدرێت. لە میدیا گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر جار دەبینین و دەژنەوین کە چ مەترسییەکی بەرفرەوان حەڕەشە لەم کۆچبەرانە دەکات. هەندێ لەم منداڵانە لەم بارەوە وتیان:

> پێم خۆشە لە ئێرانەوە بچمە ئەڵمانیا، تورکیا. یەکێکمان لە لا بوو لێرە ئیشی دەکرد، چۆتە ئەوێ، ئێستا مانگی 30 ملیۆن وەردەگرێ؛ کاری تەکنیکی دەکات. دایک و ئەوان لە ئەڵمانیا بوو خۆشی چوو.

> هاتوومەتە ئێرە فێری لەحیمکاری بم. دیسان بچمەوە بۆ ئەوێ. دیسان

بگەڕمەوە بۆ تورکیا. ساڵێکە لێرەم. ئینجا بگەڕێمەوە. ئەوێ زۆر باشترە. پارەی ئێرە زۆر کەمە.

ئەڵمانیش باشە، چونکە خاڵۆم و ئەوان لەوێن. دەتوانم بخوێنم. دەتوانم شتێکم هەبێ، بەڵام وڵاتانێکی وەکوو ئێران و ئەفغانستان هەر بۆ کرێکاری باشە. خۆ کرێکارییش خراپ نییە، بەڵام بە هیچ کوێت ناگەیێنێت. ئیتر من هەوڵی خۆم دەدەم. دەتوانم هاوکاریی بنەماڵەکەم بکەم. کە ناتوانم ئازار دەچێژم.

ئێمە کە چووینە تورکیا، دیسان گەڕاینەوە. چووینە تورکیا. باوکمیان هەڵفریواند. وتیان وەرە با بچینە تورکیا. ئێمە لەوێ ئاشنا و ناسیاومان هەیە دەتانبەینە ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیا ژیانمان خۆش دەبێ، پارەکەی وەرگرت و لێیدا ڕۆی. چووە ئەڵمان، ئێمە لێرە ماینەوە. بە نەنکمان وت پارە بنێرێ بۆ ئەوێ. بە قاچاغ هاتینە ئێرە. پاش ئەوە خاڵۆم وتی دێی بچین پێکەوە ئیش بکەین، وتم باشە. خاڵۆ با بچین. بە دایکمم وت دایکم ڕازی بوو، وتی زۆر باشە، وتی ئەگەر بچی زۆر چاکە، هەم باوکت و هەم خۆت ئیش دەکەن.

جارێکیان هەوڵمان دا بچینە ئەڵمان، لە سەر سنوور گرتمانیان و ناردیانینەوە، پۆلیسەکان هاتن ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ ئەفغانستان.

زۆر ... زۆرم پێ خۆشە بگەڕمەوە بۆ ئەفغانستان. پێم خۆشە بچمە هەرات.

لایەنێکی دیکەی کۆچی منداڵەکان کۆچی ناوخۆییە. ئەم چەشنە کۆچە تەنیا منداڵانی ئەفغانستانی ناگرێتەوە، بەڵکوو منداڵەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە. کۆچکردن لە پارێزگا کەمگەشەکان کە هەلی پیشەییەکان کەمترە بەرەو پارێزگای تاران هەمیشە لە ناو هەموو جۆرەکانی کۆچدا ڕەوتێکی باڵادەست بووە. دەتوانین بڵێین لە سەر ئاستی زۆربەی پارێزگاکانی ئێران بەرەو تاران کۆچ دەکەن، بەڵام ڕێژەی ئەم کۆچکردنانە لە پارێزگاگەلی وەکوو ئەردەبێڵ، ئازەربایجان، کوردستان، کرمانشان و لوڕستان زیاترە. ئەم کۆچکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە جۆرەکانی کار تایبەت بە گرووپە تایبەتە ئێتنیکییەکان بێت. بۆ وێنە منداڵەکانی کوردستان زیاتر لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار

کار دەکەن، لە حاڵێکدا منداڵە لوڕەکان زیاتر لە بازاڕن و بە داشــقە کار دەکەن، یان منداڵە تورکەکان زیاتر لە کارگەی بەرهەمهێنانی وەکوو کارگەی جانتا و پێڵاو ئیش دەکەن. دوو دانە منداڵی کورد و فارس لەم بارەوە وتیان:

> ئێمە لە قوروەوە هاتووین، کوردستان، تەڕەبار هەر هی کوردەکان نییە. شوێنی دیکەش هەن کە تورکی لێیە، ســەبزەوارەکان لێرەن. بەڵام کوردەکان زۆرینەن، 70 لە سەد بە کوردەکانە.
>
> لە پێشــدا کاکم هات. کاکیشــم هاوڕێکەی هێنابووی. ئیتر منیش تەلەفۆنم بۆ کاکم کرد ئەویش کاری بۆ دۆزیمەوە، منیش هاتم.

> ئێمە خەڵکی ســەبزەوارین. نۆ ســاڵە کۆچمان کردووە، لەبەر ئەوەی پارە نەبوو. ئێرەیان پێ ناســاندین، وتیان ئێرە باشــە. ئەو کات دوو کەس بووین. ئیتر وردە وردە بووینە چوار کەس. زۆر نالەبار بووە؛ چونکە لەوێ زۆر باش بووین. ئەدەبمان، ڕەوشــتمان. ئیتر دایکم ئیشـــی نەدەکرد. ئێمە هەچ خەممان نەبوو. دەچووینە قوتابخانە. کە هاتینە ئێرە تەواو ژیانمان تێک چوو، خراپتر بوو. ئەوەندە خراپ بووە کە هەمووومان پەشیمانین. ئێستا لە ڕوومان هەڵنایە بچینەوە بۆ شارەکەی خۆمان.

منداڵێکی تورک لە مارکێتیەکی مادەی خۆراکی لە گەڕەکی وەنەک کاری دەکرد سەبارەت بە کۆچکردنەکەی وتی:

> بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەردەبێلین. من لە مێژە هاتوومەتە ئێرە. دایک و باوک لە مێژە هاتوونەتە ئێرە.


کۆچی "کۆچەر" و "قەرەجەکان" لە پارێزگا باکوورییەکانی ئێران بۆ شـــاری تاران جۆرێکی دیکەی کۆچی ناوخۆییە. ئەوان لە کۆنەوە بەرەو تاران کۆچیان دەکرد و هێشـــتا ڕەوتی کۆچکردنەکەیان بەردەوامە. ماوەی چەند مانگ لە تاران ئیش دەکەن و ئینجا بۆ ماوەیەک دەگەڕێنەوە بۆ زێدەکەی خۆیان و دیســـانیش بەرەو تاران کۆچ دەکەن. شـــێوازی ژیان و کاری کۆچەرەکان بۆتە وەردەفەرهەنگێک. ئەوان لە هەندێ گەڕەکی تایبەتی وەکوو دەروازەی غار و ئەتابەک دەژین. پیاوەکانیان لەوانەیە چەند ژنیان هەبێت. ژمارەی منداڵەکانیان زۆرن. زۆر جار ئەمە ژنان و منداڵانن کە کار دەکەن و تێچووی بنەماڵە دابین دەکەن. ئەوان زیاتر لە ســـەر چوارڕێیانەکان یان لە

گاراژەکاندا کار دەکەن؛ دەستفرۆشی دەکەن یان شووشەی ئۆتۆمبێلەکان دەسڕن یان سـوواڵ دەکەن. لە دیمانە لەگەڵ یەکێک لە منداڵە "کۆچەر"ـــەکانی دەستفرۆشـەکانی دانیشتووی شەقامی ئەتابەک بەم شێوە ئەزموونی کۆچ و کارەکەی باس کرد:


> شـووشـەی ئۆتۆمبێل دەسـڕم. زۆر نییە سـاڵێکە هاتوومەتە تاران. ناخوێنم. خوێندن هیچی تێدا نییە، باوکم دەڵێ وا چاکە لە ئێستاوە ئیش بکەیت.

منداڵە ئەفغانسـتانییەکان لەولنەیە بە مەبەسـتی دۆزینەوەی هەلی کار یان کاری باشتر، لە شارێکەوە بچنە شارێکی دیکە. لە یەکێک لە منداڵە ئەفغانستانییەکان کە لە گوڵفرۆشی کاری دەکرد پرسیار کرا کە "پێشتر لە کوێ ئیشت دەکرد؟" ئەو لە وڵامدا وتی:

> لە پێشدا لە مەشهەد بووین. دوو سێ ڕۆژ لەوێ بووین. ئەوسا لەوێ کێشەیەک هاتە پێشـەوە ... کارتی ناسـنامەمان نەبوو ... دەیانویسـت بماننێرنەوە. ئیتر هاتینە ئیسفەهان. لەوێش ئیش نەبوو. دیسان هاتینەوە بۆ تاران. ئیتر لێرە ئیشمان دۆزییەوە و لێرە سەقامگیر بووین.




چارتی ژمارە 7-3: شێوازەکانی کۆچکردن




چارتی ژمارە 8-3: شێوازەکانی کۆچکردنی منداڵان لە ئەفغانستانەوە بۆ ئێران

یەکێکی دیکە لە پرسە هەرەگرینگەکانی کۆچ ڕاکێشانی کۆچبەران یان چۆنیەتیی قبووڵکردنیان لە کۆمەڵگا وەرگر یان مەبەستەکانە. بۆ زۆرێک لە وڵاتە کۆچبەرگرەکان ئەم خەمە زۆر گرینگە کە کۆچبەران بە شێوەیەک ڕابکێشن کە ئەوان لەگەڵ فەرهەنگەکەیان هاواهەنگ بن. یاساکانی کار، کۆچ و خوێندن لە ڕاکێشانی کۆچبەراندا دەوری بەرچاویان هەیە. لە ئێراندا لە سۆنگەی ئەم یاسایانەوە هێشتا پرسی سەرەکی هەن کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕاکێشانی کۆچبەرەکان بە باشی سەر نەگرێت. بۆ وێنە یاسای پێرستی چواریانی ڕێگەپێدراوی کارکردنی پەنابەرە بیانییەکان تەنیا هەندێ ئیشی سەخت و دژوار بۆ کۆچبەران ڕەچاو کراوە. لە سۆنگەی یاساکانی پەیوەست بە کۆچ هێشتا ئاستەنگی سەخت و دژوار بوونی هەیە و زۆر جار کۆچبەران دەگیرێن و دەگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئەگەرچی لە سۆنگەی پەروەردە و خوێندنەوە هەندێ فەرمان بۆ خوێندنی کۆچبەرانی ئەفغانستانی دەرکراوە، بەڵام ئەوان هێشتا لەم بوارەدا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبنەوە. هەندێ لە بەڵگەکانیش پیشان دەدا کە کۆچبەرانی ئەفغانستانی بەتایبەت نەوەی دوهەمیان تا ڕادمیەک لە کۆمەڵگای ئێراندا هەندێ پێشکەوتنیان وەدەست هێناوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیویانە ڕاکێشی کۆمەڵگا بن. بۆ وێنە جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی خوێندەوارییەوە لە نێوان نەوەی یەکەم و دووهەمی کۆچبەراندا بەدی دەکرێ و بەڵگەکان پیشان دەدەن لە ساڵی 1390 هەتاوی، 62 لە سەدی کۆچبەرانی بیانی لە ئێران خوێندەوار بوون کە ئەم ڕێژە بۆ نەوەی یەکەم 44 لە سەدە و بۆ نەوەی دووهەم 74 لە سەدە [30]. ئەگەرچی نازانرێ کە ئایا ئەم ئەنجامە هەموو کۆچبەران بەتایبەت کۆچبەرانی نایاساییش دەگرێتەوە یان نا. هەڵبەت بە پێی بەڵگەکان، لە سەرژمێرییە

ئەنجامدراوەکان ئەو کەسانەی کە لە کوورەخانەی خشتپێژی، کێڵگە کشتوکاڵییەکان، یان شوێنە نافەرمییەکانی لێکجیاکردنەوەی زبڵ کاریان دەکرد نەژمێردراون.

زۆرێک لەو کۆچبەرانەی کە لە پیشە جیاوازەکانی وەکوو زبڵگەڕی و کوورەخانەی خشتپێژی یان لە سەر شەقام ئیش دەکەن هەم لە سۆنگەی کار و هەم لە سۆنگەی ژیانەوە کەمترین پەیوەندییان لەگەڵ شارۆمەندان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە یاسای زاڵمانەی کار، نەبوونی داکۆکیی کۆمەڵایەتی، و کۆچکردن وای کردووە ئەوان زیاتر لە کۆمەڵگا بتارێنرێن؛ بە جۆرێک کە ناتوانن ببنە خاوەنی خانوبەرە، هەژماری بانکی بکەنەوە. خزمەتگوزاریی بیمە بقۆزنەوە و هەزاران حاڵەتی دیکە. هەر لەبەر ئەوە ئەوان هێشتا لانیکەمی مافە شارۆمەندییەکانیان نییە و گرووپێکی تارێنراون. لە زەمینەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی یەکێک لە منداڵە ئەفغانستانییە زبڵگەڕەکانی بەم شێوە دووا:

> براکەم گورچیلەی دیالیز دەکرێ، سێزدە ساڵانە، کارتی نیشتەجێبوونمان نییە، پاسپۆرتمان هەیە، چووینە ناوەندی کاروباری نەخۆشییە تایبەتەکان، بەڵام هیچیان بۆ نەکردین. هەر جارێ کە دەچێ 140 هەزار تمەن دەدەن بۆ دیالیز. ئینجا کرێ ئۆتۆمبێل و ئەمانە. چووینە یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی کە کردیانە 140 هەزار تمەن دمنا 270 هەزار تمەن بوو. دەچینە نەخۆشخانەی تایبەتی منداڵانی شەریعەتی. ئێستا حەفتەی سێ ڕۆژ دەچین.

و گێڕانەوەی منداڵێکی ئەفغانستانیی دیکە لەم بارەوە بەم شێوە:

> باوکم نەخۆشە ... شێرپەنجەی خوێنی هەیە. سێ ساڵە تووشی بووە ... مانگی 6 بۆ 7 ملیۆن تمەن تێچووی دەوا و دەرمانەکەیەتی ... پێشتریش دایکم و مامم پارەیان دەنارد. باوکم ئیشی نەدەکرد.

کۆچبەرانی ئەفغانستانی نە تەنیا لە سۆنگەی مافی هاووڵاتییەوە ئاستەنگی زۆریان لەبەر دەمە، بەڵکوو ڕوانگەی کەلتووریی زۆرێک لە هاووڵاتیان بەرامبەر بەوان تێکەڵ بە تێگەیشتن و قەزاوەتی دڵتەزێنانەیە. زۆرێک لە شارۆمەندانی ئێرانی، لە پەیوەندیی ڕۆژلنەدا دەیانتارێنن و لەولنەیە لە دژی ئەم منداڵانە توندوتیژی بنوێنن، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و فیزیکی، چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ. لە پەیوەندیی ڕۆژانەدا، هەندێ لە تاکەکان بۆ سووکایەتی و تارلندنی ئەم کەسانە وشەی "ئەفغانی" بە کار دمبەن.

ئەزموونی ژیاوی کچێکی ئەفغانستانی کە لە شەقام کاری دەکرد لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

> ئەوان پێمان دەڵێن ئەفغانی. خۆ دەرەقەتیان نایەین، ناسنامەمان نییە، بێناسنامەین. خۆ ناتوانین هیچیان پێ بڵێین.

هەندێکی دیکە لە کچانی ئەفغانستانیش بەم شێوە ئەزموونی ژیاویان باس کرد:

> پۆلیسەکان دەڵێن ئەگەر لێرە لەم پارکە ئاسوودە نیت، چاکتر وایە بچیتەوە وڵاتەکەی خۆت منیش دەڵێم وڵاتەکەی خۆم ئارامی و ئاسایشی تێدا نییە. خۆ ئەگەر ئاسایشی تێدا بووایە دەچوومە ئەوێ، خۆ لێرە نەدەمامەوە.

> خۆ ئێمە ناتوانین بە کەس بڵێین بڕۆ. چونکە ئێرە وڵاتی خۆمان نییە.

> ناسنامە و بەڵگەمان نییە، ناهێڵن بچینە قوتابخانە. لە ئەفغانستان هەتا پۆلی دووی سەرەتاییم خوێندووە.

کۆچبەرە پەنابەرەکان لە ئێران تەنیا لە کۆچبەرە ئەفغانستانییەکاندا سنوودار نابێتەوە؛ بەشێکیان کۆچبەرانی پاکستانین کە لە باشووری تاران و شارە باشوورییەکانی تاران لە مەزرا و کێڵگە کشتوکاڵییەکان کار دەکەن. دەتوانین بڵێین ئەم تاقمە کۆچبەرانە بە هیچ چەشنێک ڕاکێشی کۆمەڵگای ئێران نابن. ئەم تاقمە کۆچبەرانە زیاتر بە شێوەی خێزانی بەرەو ئێران کۆچیان کردووە و لە هەموو مافە هاووڵاتییەکان بێبەشن و بە هۆی جیاوازیی زمانی و فەرهەنگی بە تەواوەتی گۆشەگیر بوون. ئەوان بە شێوەی بنەماڵەیی لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان کار دەکەن و لەو وەرزانەی کە کاری کشتوکاڵ کۆتایی پێ دێ، منداڵەکانیان خەریکی کاری زبڵگەڕی و کاری دیکەی لەم چەشنە دەبن.

منداڵە ئەفغانستانییەکان چ لە ئێران و چ لە ئەفغانستان یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات بۆ بنەماڵەکانیانن. ئەوان کاتێک کە کار دەکەن و پارەیەک دەست دەخەن، بەشێکی زۆری داهاتەکەیان دەدەن بە بنەماڵەکەیان بۆ ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان ببنە کۆمەکخەرجی بنەماڵەکانیان. دایک و باوکی بنەماڵەکانیش ئەو بڕە پارە بۆ دابینکردنی تێچووی ڕۆژانەی ژیانیان سەرف دەکەن یان ژیانی خۆیانی پێ باشتر دەکەن یان بۆ داهاتووی منداڵەکانیان پاشەکەوتی دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە

داهاتوودا ژیانیانی پێ باشــتر بکەن. لەم ســاڵانەی دواییدا بە هۆی گرانیی بەربڵاو و دلبەزینی بەهای ڕیاڵەوە، دراوی ئێران لە چاو دراوە بیانییەکان بەهایەکی ئەوتۆی نەما. هەر بۆیە ئەو بڕە پارەیەی کە کۆچبەرەکان دەینێرنەوە بۆ وڵاتانی دیکە بڕە پارەیەکی ئەوتۆ ناکا و هەر ئەمە وای کردووە کە ژمارەیەکی زۆری گرووپە کۆچبەرەکان بڕۆنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان یان تاقمێکیان بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچ بکەن.

دایکم و ئەوان نەورۆز دەچنەوە بۆ ئەڤغانستان. ئێرە هیچ نییە. دراوەکەی بەهای نییە، پارەی ئێرە لە چاو ئەڤغانســتان بەهایەکی وای نییە. بەهای دراوی ئەڤغانســتان باشترە.

بۆ وێنە 100 هەزار تمەن ئیش دەکەم، 80 تمەنی دەدەم بەماڵەوە. 20 تەمنی هەڵدەگرم بۆ خۆم. ئەگەر 50 هەزار تمەن کاســپی بکەم، 10 یان 15 هەزاری بۆ خۆم گل دەدەمەوە، ئەوی دیکەی دەدەم بە دایکم. پارەکەم خەرج دەکەم، دەچمە یانەی یاری دەکەم. باوکم پارەکەم بۆ پاشەکەوت دەکا بۆ خەرجی ماڵ.



وێنەی مێرمنداڵێکی ئیشکەر لە کارگایەکی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو لە گەڕەکی نێعمەتاباد

(وێنە: توێژەر)

**تەمەن**

تەمەن، ئێتنیک، ڕەگەز، نەتەوە و فاکتەری لەم چەشـــنە لە زۆربەی کاتەکانی ژیاندا ئاراســـتەی ژیان و شـــانس یان هەلەکانی ژیانمان بۆ دیاری دەکا، چونکە دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ شـێوازی دابەش‌کردنی سـەرچاوە و دەســـتڕاگەیشـتن بە سـەرچاوەی کۆمەڵایەتی یان بێبەش‌بوون لەم ســـەرچاوانە و لە کۆتاییدا تاراندنی کۆمەڵایەتی [31]. پرســـێکی زۆر گرینگتر پەیوەندیی نێوان تەمەن و کارە و پرســـە بنەڕەتییەکان "مرۆڤ لە چ تەمەنێکەوە دەبێ کارکردن و دەسـتخسـتنی داهات دەسـت پێ بکەن" و "ئایا کار دەتوانێ گەشـەی کەسـایەتیی منداڵ تێک بدا یان کاریگەری لە سـەر ئاقاری گەشـــەســـەندنی کەســـایەتیی ئەو منداڵە دابنێت". زۆرێک لە توێژینەوەکان و وێژەی بواری منداڵان ئەوە دەردەخا کە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەچێتە خانەی کاری منداڵان دەبێتە هۆی تێکچووەی گەشـەی کەسـایەتیی منداڵ کە مەترسـیی زۆری لێ دەکەوێتەوە. وەک وترا، کاری منداڵ "زیاتر بەو کارانە دەوترێ کە منداڵان لە تافی منداڵی، پتانسـێل و کەرامەت بێبەش دەکا و بۆ گەشـــەی فیزیکیی و دەروونییان زەرەرمەندە" [32]. ئەم تاقمی کارانە ڕێگری لە چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە دەگرن و ئەوان لە دیکەی لایەنەکانی تافی منداڵی، وەکوو یاری و شـادی و هەروەها ئاسـایش بێبەش دەکات [33].

زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی ڕابردوو پیشـــان دەدەن کە منداڵان لە تەمەنی کەمەوە دەسـت بە کارکردن دەکەن. بۆ وێنە حسـێنی، بە لێکدانەوەی بارودۆخی منداڵانی کار و منداڵانی ســـەر شـــەقام لە ئێران لە ناوەندە پارێزگاییەکانی وەکوو تاران، مەشـــهەد، ئەهواز و ڕەشـت پیشـانی داوە مامناوەندی تەمەنی منداڵانی کار تەمەنی 13.5 ساڵانە [34]. وامقی و دیتران بە توێژینەوە لە مەڕ منداڵانی ســـەرشـــەقام لە شـــاری تاران پیشـانیان داوە 5.8 لە سـەدی ئەم منداڵانە ژێر تەمەنی دە سـاڵان، 45.3 لە سـەد لە نێوان دە هەتا 15 ساڵان، و 48.9 لە سەدیان لە نێوان پازدە بۆ هەژدە ساڵانن [35]. توێژینەوەیەکی دیکە پیشـانی داوە 25 لە سـەدی منداڵانی کار لە شـاری کرمان خوار تەمەنی سـێزدە سـاڵان و 75 لە سـەدیان تەمەنیان لە نێوان سـێزدە هەتا هەژدە سـاڵان بوون [36]. منداڵان لە حاڵەتێکدا لە تەمەنی منداڵیدا خەریکی کار دەبن کە بە گوێرەی زۆرێک لە کۆنوانســـیۆنە جیهانییەکانی کاری منداڵان لە تەمەنی منداڵیدا

قەدەغەیە. ئەوان نە تەنیا کار دەکەن، بەڵکوو لە تەمەنی زۆر کەمەوە کارکردن دەست پێ دەکەن. ئەم منداڵانە زیاتر لەبەر دەم مەترسیدان، چونکە ئەوان وێنایەکی وردیان لە مەترسییەکانی کار نییە و بە باشی ناتوانن لە هەمبەر مەترسییەکان بەرگری لە خۆیان بکەن. هەندێ لە منداڵانی کار بەم شێوە دەستپێکی کارکردنیان لە تەمەنی کەمەوە گێڕاوە:

| |
|---|
| من لە تەمەنی حەوت هەشتساڵانەوە ئیش دەکەم. |


| |
|---|
| من لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵانەوە ئیش دەکەم. |

| |
|---|
| من ئاوەڵەمەیەک بووم لێرە ئیشم دەکرد. هەمووان من دەناسن. دووکاندارەکان، پۆلیس، هەموو دەمناسن. |

| |
|---|
| من لە تەمەنی شەش ساڵانەوە ئیش دەکەم، میوەفرۆشی و لەمانە ... ئەرێ خوا خۆی دەزانێ ئیشم دەکرد. |

| |
|---|
| من لە تەمەنی هەشت ساڵانەوە ئیش دەکەم. دەچوومە قوتابخانە، دەهاتمەوە بۆماڵەوە، ئینجا دەچووم ئیشم دەکرد. فاڵم دەفرۆشت. کلینیکس ... شووشەشم سڕیوە. |

| |
|---|
| من لە تەمەنی سێزدە چواردە ساڵانەوە ئیش دەکەم. |




چارتی ژمارە 9-3: تەمەنی دەستکردن بە کار لە ناو منداڵاندا (N =294)

ئەو چەند گێڕانەوەی سەرەوە بەباشی پیشان دەدا کە منداڵان لە تەمەنی زۆر کەمەوە کارکردن دەست پێ دەکەن و لە هەندێ حاڵەتدا زیانی قەرەبوونەکراوی بۆ ئەم منداڵانە هەبووە. بۆ وێنە کاتێک کە سەبارەت بە تەمەنی دەستپێکی کار پرسیار لە منداڵ دەکرا، تێگەیشتنێکی وردی لە تەمەن نەبوو و ئەمە پیشان دەدا منداڵ لە سۆنگەی ناسیارییەوە بە گەشەی پێویست نەگەیشتووە؛ وەک گێڕانەوەی منداڵێک کە لە مێترۆی تەرەشت کاری دەکرد ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| تەمەنت چەند ساڵان بوو کە دەستت بە کارکردن کرد؟ بیست ڕۆژ.<br>تەمەنت بیست ڕۆژ بوو ئیشت دەست پێ کرد؟ ئەرێ. |

گێڕانەوەی سەرەوە پیشان دەدا کە کارکردن بۆتە کۆسپ و تەگەرەی بەر دەم گەشەی مەعریفی و ناسیاریی منداڵ، بە جۆرێک کە منداڵ فامێکی دروستی لە تەمەن نییە. هەڵبەت دەبێ بڵێین کە هەموو منداڵەکان لە تەمەنی کەمەوە کارکردن دەست پێ ناکەن و هەندێ لەم منداڵانە لە تەمەنی سەرتر کارکردن دەست پێ دەکەن. گێڕانەوەی دوو دانە لە منداڵە کۆچبەرە ئەفغانستانییەکان سەبارەت بە تەمەنی دەستپێکی کار بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| من پێشتر ئیشم نەدەکرد. ئەوسا وا هاتینە ئێران دەستم بە کارکردن کرد؛ لە پارەکەوە ئەوسا تەمەنم پازدە ساڵان بوو. |

لەوەتی لە ئەڤغانستانەوە هاتووم ئیش دەکەم.

گێڕانەوەکانی سەرەوە پیشان دەدا کۆچ‌کردن وای کردووە منداڵەکان بچنە ناو پرۆسەی کارەوە و هەرچی تەمەنی منداڵان کەمتر بێ، تێگەیشتنیان لە مەترسییەکانی کار کەمترە و لە ئەنجامدا زیاتر دەتوانێ بکەوێتە بەر مەترسی و خەسارەت. یەکێک لە یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی سۆهرەوەردی لەم بارەوە وتی:

بەڵام لەم وتەزادا تەمەن زۆر گرینگە. تۆ بڕوانە ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان کەمترە ڕەنگە بە باشی لە چەشنی پەیوەندییەکان نەزانن، ڕەنگە خۆپارێزی نەزانن، ڕەنگە لەبەر زەختی دایک و باوک بێ، بەڵام مێرمنداڵ ئەم ڕێگای بڕیوە و لە قۆناغێکدا بەرامبەر بە دایک و باوکی دەوەستێ دەڵێ نا، دەمەوێ پارەکەم هەر بۆ خۆم بێت. ئیتر لە قۆناغێکدا بەرهەڵستیی خاوەن‌کار دەکات.

یەکێک لە خاوەن‌کارە بەرگدوورەکان لە بازاڕی گەورەی تاران سەبارەت بە مەترسییەکانی کاری منداڵان لە هەرەتی منداڵیدا بەم شێوە دوا:

بۆ وێنە شتێک، ڕفتارێک، ناچارن لەگەڵ کەسانی گەورەتر لە تەمەنی خۆیان هەڵسوکەوت و هاموشۆ بکەن و شتگەلێک دەبینن کە نابێ ببینن، منداڵن. بۆ وێنە من عارەق دەخۆمە. لە سەر سفرە و خوان عارەق دادەنێم، دەی پاش ماوەی کاری، ئەو شاگردە داماوە لەوێدا ڕاوەستاوە دەی ئەمانە دەبینێت. یان من دۆستەکەم دێنمە ئێرە بۆ وێنە دەیهێنمەوە ناو کارگای بەرگدووری، ئەوە شاگرد بەرگدوورییە لەوێدا ڕاوەستاوە و ئەمانە دەبینێت. ئیتر لەوێدا چی ببێنە الله اعلم. ئەو منداڵە فەقیرە دێتە ئێرە ئیش بکا خۆ ناکرێ ئەمانە ڕەچاو نەکەین.

زۆر جار تەمەنی منداڵ دیاریکەرەوەی جۆری کارەکەیەتی. هەندێ لە کارەکان پێویستیان ئاستێک لە شارەزایی و توانای جەستەییە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا منداڵان شارەزایی و توانای جەستەییان نییە، وەکوو کارکردن لە کەرتی بیناسازی قوڕەکاری و یان مەزرا. لە هەندێ لە کارەکاندا وەکوو ئەو کارانەی کە منداڵان لە سەر شەقام ئەنجامی دەدەن، بەو پێیەی کە خاوەن‌کاریان نییە، منداڵ لە هەر تەمەنێکدا دەتوانێ بێتە ناو ئەم چەشنە کارانەوە. لە هەندێ لە کارەکاندا وەکوو کارکردن لە کارگەی شووشە و بلوور، زیاتر پێویستیان بە کاری منداڵە، چونکە بۆ ئەم چەشنە کارانە پەنجە ناسکەکانیان زۆر بەسوودە. هەر بۆیە تەمەنی کرێکار و هەروەها ئەو توانا

و لێهاتووییەی کە بۆ هەندێ لە کارەکان هەیەتی لە جۆری کارەکەیدا دەوری سەرەکی دەبینێ و بەو پێیەی کە منداڵان تولنا و لێهاتووییان نییە یان خاوەنکارەکانیان بەکاریان ناهێنن یان منداڵەکە خۆی و بنەماڵەکەی بۆیان دەرکەوتووە کە منداڵ توانای ڕاپەڕاندنی ئەو کارەی نییە و ئەگەر سەردانیش بکا، خاوەنکار ئیشی پێ نادات. و هەر ئەمە وا دەکا منداڵەکان بچنە ناو کەرتێکی دیکەی ئەو کارانەی کە پێویستی بە لێهاتوویی ئەوتۆ نییە و هەندێ جار دەتوانێ تووشی مەترسیی زیاتریان بکات.

منداڵێکی زبڵگەڕ لە شەقامی هەرەندی لە مەڕ هەڵبژاردنی پیشەکەی وتی:

| |
|---|
| هاتمە ناو ئیشی زبڵگەڕییەوە، چونکە هیچ کارێکی دیکە نەبوو من بیکەم. بچووکم بووم، هیچ ئیشێک بۆ من نەبوو. |

منداڵێکی چەرچی کە لە شەقامی ئینقلاب کاری دەکرد هۆکاری کارکردنی لە سەر شەقام بەم شێوە گێڕاوە:

| |
|---|
| لە پێشدا چوومە فیتەری، وتیان منداڵی، ناتوانی؛ کەمێک گەورەتر بووی وەرە. |

دوو کەس لە منداڵە دەستفرۆشەکان کە لە گەڕەکی زەعفەرانییە کاریان دەکرد بەم شێوە دوان:

| |
|---|
| کاکم دەچێتە قوڕەکاری، بە من دەڵێ تۆ ناتوانی ئەو ئیشە بکەی، ئیشی ئەوێ قورسە. |
| لەبەر ئەوەی من دەمویست بچمە بەرگدووری، ئینجا خوشکەکانم چوونە ئەوێ، پارەکەیان لێ خواردن. دەی منیش چووم وتیان منداڵی تەمەنت هێشتا نەبۆتە شازدە و حەڤدە ساڵان، تۆ ناتوانی ئیش بکەی. لەبەر ئەوەش من دەستفرۆشی دەکەم. خۆ ئیشکردن عەیب نییە. |

منداڵێک کە لە سەر کێڵگە و مەزرا کشتوکاڵییەکان لە گەڕەکی شەهاریار کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| لێرە ژێر تەمەنی پازدە ساڵان ئیش نادەن، چونکە دێنە مەزرا سەرکێشی دەکەن. ناکرێ منداڵ لە تەمەنی کەمدا کار بکات. منداڵانی تەمەنی کەمتر لە کارخانەی زبڵگەڕی ئیش دەکەن. |

ئەو فەرهەنگ و وێنایەی کە بنەماڵە و تەنانەت خاوەنکارەکان لە منداڵانیان هەیە دەورێکی گرینگی لە دەستپێکی کاری منداڵ هەیە. جیا لەوەی خێزانەکان پێویستیان بە کاری منداڵە، داهاتەکەشیان دیاریکەرەوە. بە بۆچوونی زۆرێک لە بنەماڵەکان، منداڵ دەبێ لە قۆناغێکی تەمەنیدا کار بکا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بۆ پیشەیەک ئامادە بێت. زۆرێک لە دایک و باوکەکانی ئەم منداڵانە، خۆیان لە تەمەنی منداڵییەوە کاریان کردووە و تێچووی بنەماڵەکانیان دابین کردووە. زۆریان لە کارکردندا خەسارەتی پەیتا پەیتایان بەئەزموون کردووە و کاتێک گەیشتوونەتە تەمەنی پیری خۆیان خانەنشین دەکەن و چیتر کار ناکەن، چونکە جاری وایە، ناتوانن کار بکەن. منداڵێکی کۆچبەر سەبارەت بە هۆکاری کارەکەی بەم شێوە دوا:

> ئیتر باوکم نەخۆشە، ناتوانێ ئیش بکات؛ دیسکی کەمەری هەیە، چەند ساڵە ئیش ناکا، دەبێ تێچووی بنەماڵە دابین بکەین.

یەکێک لە چالاکوانانی بواری منداڵیش لەم بارەوە وتی:

منداڵ خۆی کار هەڵنابژێرێ، بنەماڵە ناچاری دەکەن، یان منداڵە خۆی دەبینێ کە کێشەی ئابوورییان هەیە و دەبینێ خزم و کەس خەریکی ئەم کارەن، ئەویش دەچێ بۆ ئیشکردن؛ ئیتر خولیای ئەوە نییە کە ئیشەکەی داهاتووساز بکات.

منداڵان بەتایبەت منداڵانی ئەفغانستانی چەندین جار ئاماژەیان کردووە کە بە هۆی لاوازیی دایک و باوکیانەوە ناچار بوون کار بکەن.

ئەو فەرهەنگ و وێنایەی کە بنەماڵە لە کاری منداڵانیان هەیە دەورێکی گرینگی لە تەمەنی دەستپێکی کاری منداڵدا هەیە. وەک وترا زۆرێک لە بنەماڵەکان پێیان وایە کە منداڵەکانیان یان دەبێ فێری شتێک بێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پیشەیەکی گونجاوتری هەبێ یان داهات و پاشەکەوتێکی هەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ژیانی هاوبەش و سەربەخۆ پێک بێنێت. منداڵێک کە لە فیتەری لە گەڕەکی یووسفاباد کاری دەکرد وتی:

> من هاتمە فیتەری؛ باوکم وتی قوتابخلنە هیچی لێ هەڵناوەرێ، بۆت نابێتە ناو و ئاو، بڕۆ فێری شتێک بە، ئیتر هاتمە ئێرە.

تەنانەت هەندێ جار بنەماڵە هیچ پێویستی بە داهاتی منداڵی نییە، بەڵام کەلتوور و باوەڕەکانی بنەماڵە بەم شێوەیە کە منداڵ دەبێ لە تەمەنێکەوە کار بکا و فێری شتێک

بێ کە هەر ئەم پرسە دەورێکی دیاریکەرەوەی لە دەستپێکی کاری منداڵ هەبووە. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی سوولْتان لەم بوارەوە وتی:

لەوانەیە تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە هیچ کێشەیەکیشیان نەبێ، بەڵام قسە لە سەر کەلتوور، شێوازی ژیانیانە کە منداڵ دەچێ ئیش دەکات.

منداڵێک کە لە سافکاری لە گەڕەکی کەن کاری دەکرد سەبارەت بە هۆکاری کارکردنەکەی وتی:

| |
|---|
| لەبەر ئەوەی ئەوانی دیکەت بینی چووی ئیشت کرد؟<br>هەموو چوون ئیشیان کرد منیش وتم هەموو چوون دەی با منیش بچم قەیناکە. خاوەن‌کارەکەم پێمی وت وەرە ئیش بکە. پاش من یەکێکی دیکەش هات بووینە دوو کەس. |

تەمەن لە هەندێ لە بابەتەکاندا بۆ منداڵانی کار وەک هەڤیازییەک لە قەڵەم دەدرێ و لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا دەبێتە بنەمای هەڵاواردن لە دژی ئەو منداڵە. لەو کارانەی کە خاوەن‌کار بوونی نییە، وەکوو کارکردن لە سەرشەقام، بڕی داهاتی منداڵان زیاترە. تەنانەت لەم حاڵەتانەدا بنەماڵەکان منداڵەکان ناچار بە کارکردن دەکەن کە داوایان لێ دەکەن ئەم کارانە بکەن. منداڵێکی فاڵفرۆش کە لە مێترۆ دیمانەی لەگەڵ کرا هەر لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| من لە پێشدا لەگەڵ دایکم دەهاتم بۆ کار. من لەو زیاتر داهاتم دەست دەخست، ئیتر من لە سەر ئەم کارە مامەوە. |

منداڵێک کە لە شەقامی فاتمی کاری دەکرد سەبارەت بە داهاتەکەی وتی:

| |
|---|
| وەڵا من زیاتر لەوان پارەم وەردەگرت، چونکە ئەوان گەورەترن، زۆر پارەیان پێ نادەن. من منداڵترم پارەم پێ دەدەن. |

ئەمە لە ناو هەندێ لە بنەماڵە "کۆچەرەکان" زۆر بە باشی بەدی دەکرێ کە منداڵەکانیان بۆ کاری سەر شەقام دەقۆزنەوە، چونکە باش دەزانن ئەوان بە بزواندنی هەستی بەزەیی خەڵک دەتوانن داهاتێکی زیاتر وەدەست بێنن. تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا لە کارگەکانیشدا تەمەنی کەمی منداڵان جۆرە هەڤیازییەکە چونکە هەندێ لە

خاوەنکارەکان زیاتر ئاگایان لە منداڵەکان دەبێت. هەر لەم بارەوە خاوەنکارێک وتی:

ئەگەریش دایاندەمەزرێنم لەبەر ئەوەیە چاوێکم لێیان بێت. کاری قورس ناخەمە ئەستۆیان. وەکوو ئەمە ... کە لێرەیە، زیاتر لەبەر ئەوەی دەستگرۆیی بکەم هێناومەتە ئێرە، دەنا هیچ پێویستم پێیان نییە. هەڵبەت شوێنەکانی دیکەش وایە منداڵان دێنم بۆ ئەوەی ئاگام لێیان بێت.

هەڵبەت پێچەوانەی ئەم بابەتەش بوونی هەیە؛ وەک خاوەنکارێک وتی:

بە لای خاوەنکارەوە هیچ گرینگ نییە کە ئەو منداڵە پێویستی بە پشووە، پێویستی بە کایە و یارییە، پێویستی بە ... هەڵبەت دایک و باوک گوێیان لێ نییە، دەی خاوەنکاریش دەڵێ وەختێ دایک و باوک گوێیان لێ نییە و ئاوا بیر دەکەنەوە دەی من بۆ گوێم لێ بێت.

بە گشتی تەمەن فاکتەرێکی بنەڕەتیی هەڵاواردن لە دژی منداڵانە. بۆ وێنە لە زۆرێک لە کارەکاندا بەتایبەت ئەو کارانەی کە بۆ خاوەنکار دەکرێ وەکوو کار لە کارگای بەرهەمهێنان، کارکردن لە مەزرا، کارکردن لە گوڵخانە و لەمانە، بڕی حەقدەستی منداڵەکان زۆر لە هی گەورەساڵان کەمترە. تەنانەت کاتێک کە بارتەقای کەسێکی گەورەساڵ کار دەکات. ژمارەیەک لە منداڵەکان لەم بارەوە وتیان:

کرێکارە گەورەساڵەکان بڕی حەقدەستەکەیان لە هی من زیاترە.

حەقدەستی ئێمە و ئەوان زۆری فەرقە؛ ئەوان لانیکەم مانگانە بڕی 3 ملیۆن وەردەگرن، ئێمە زۆر کەمتر وەردەگرین، 700 بۆ ملیونێک وەردەگرین.

من 800 بۆ 850 هەزار تمەن وەردەگرم. گەورەساڵەکان یەک دووانێکن، ئەوان یەک و یەک و دووسەد دەکەون.

لەم بارەوە یەکێک لە پەردەدوورە خاوەنکارەکان وتی:

کاتێک کە دەیتە ناو ئەم ئیشەوە، بڕی 200 بۆ 250 هەزار تمەن وەردەگرین. گەورساڵەکان هەتا 500 هەزار تمەن حەفتانە پێیان دەدرێت.

هەروەها بەو پێیەی ئەوان هەندێ جار منداڵەکان لە پێناوی بنەماڵە و لە سەر پێداگریی بنەماڵە کار دەکەن، بنەماڵە داهاتی ئەو منداڵە بۆ خۆی گل دەدلتەوە و مافی بەڕێوەبردن و ئیزنی سەرفکردنی ئەو پارە بە منداڵ نادات. زۆر جار منداڵەکان داهاتەکەیان دەدەن بە بنەماڵەکانیان و ئەگەر بنەماڵە لە ئەفغانستان بژییت، ئەوان لە ڕێگەی دراوگۆڕەوە پارە دەنێرنەوە بۆ بنەماڵەکانیان یان خۆیان کاتێک کە دەڕۆنەوە هەمو ئەو داهاتەی کە پاشەکەوتیان کردووە دەیدن بە بنەماڵە. هەر لەم بارەوە یەکێک لە خاوەنکارە چالاکەکان لە کەرتی پێڵاودووری سەبارەت بە شێوازی پێدانی حەقدەستی منداڵ وتی:

| |
|---|
| خۆیان وەریانگرت، باوکەکانیشیان وەریانگرت. باوکەکانیان زیاتر وەردەگرن. بە گشتی ئێمە حەقدەستەکە دەدەین بە باوکەکان، چونکە خۆیان وا دەڵێن. |

یان هەندێ لە منداڵەکان سەبارەت بە داهاتەکەیان وتیان:

| |
|---|
| کارت بە کارتی دەکەم، دەینێرمەوە بۆ ئەوان بۆ ئەفغانستان. |

| |
|---|
| هەرچەندەم بووێ بۆ خۆمی هەڵدەگرم و ئەوەی دیکە دەنێرمەوە بۆ ئەفغانستان. خۆ من لێرە پارەم پێویست نییە. خۆم ئیش دەکەم. هەرچییەک بکەم دەینێرمەوە بۆ ئەوان. |

| |
|---|
| دەیدەم بە دایکم. هیچ بۆ خۆم گل نادەمەوە. من لێرەم پارەم بۆ چییە؟ |

بە گشتی دەبێ بڵێین کاری منداڵان فاکتەری گرینگی تێکچوونی گەشەی ئەو منداڵانە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرە جەستەیی، ورووژان، سۆزداری، ناسیاری، کۆمەڵایەتی و هتدە. کارکردن منداڵەکان لە زۆرێک لە مافەکانیان بۆ وێنە مافی خوێندن، یاریکردن و شادی، ئاسایش و ئاسوودەیی، بێبەش دەکات. منداڵان پێیان خۆش نییە کار بکەن، بەڵام هەژاری و بڕوای هەڵە لە مەڕ کاری منداڵان، ناچار بە کارکردنیان دەکات. ئەوان چەندەها جار گەلەیی و گازندە لە سەختی، چەرمەسەری و مەترسییەکانی دەکەن و زۆر باش دەزانن کە وەکوو زۆربەی منداڵان مافی خوێندن و یارییان هەیە، بەڵام ناچارن لە مافە سەرەتاییەی خۆیان چاوپۆشی بکەن و کار

بکەن. گرووپی توێژینەوە لە بینراوە مەیدانییەکلندا هەندێ جار بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو منداڵە زبڵگەڕانەدا دەبوو کە لە ناو زبڵەکاندا کەرەسەی یارییەکانیان جیا دەکردەوە و بۆ خۆیانیان هەڵدەگرت بۆ ئەوەی لە کاتی بێکاریدا کایەیان پێ بکەن یان لە هەندێ کاردا بینراوە کە منداڵان لە کاتی کاردا پێکەوە یارییان دەکرد. منداڵێکی دەستفرۆش کە لە مێترۆ کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

هیچ، هەر ئیش ناکەین، ئێمە وەختی وایە پێکەوە یاری دەکەین؛ لە وەختی ئیشدا یاری دەکەین.

یان ژمارەیەک لە خاوەنکارە چالاکەکانی کەرتی بەرگدووری، فیتەری، و گوڵفرۆشی وتیان کە مافی منداڵ کارکردن نییە و منداڵ دەبێ لەم تەمەنەدا یاری بکا و بچێتە قوتابخانە. گێڕانەوەکان لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

منداڵە هاوتەمەنەکان ... یان دەبێ بخوێنن یان دەبێ کایە بکەن یان شوێنێک هەبێ کە لە سۆنگەی تەندروستیی دەروونییەوە بیمە بن.

ئەوەندەی من پێ بزانم منداڵەکان پێیان خۆش نییە کار بکەن.

من دەڵێم منداڵ چکۆلەتر لەو شتەیە کە ... تۆ بڕوانە منداڵێ دێتە نادو کۆبوونەوەیەک. گوێی لە هەندێ شت دەبێ کە نابێ بیبیستێت. لەبەر چاوی ئەم منداڵە هەندێ کار دەکرێ کە ئەو منداڵە بە لایەوە ئاسایی دەبێت. واتە هەندێ ڕووداو بە لایەوە ئاسایی و سروشتی دەبێت.



وێنەی منداڵێکی کەمتەمەنی گوڵفرۆش لە ڕێگای بەهەشتی زەهرا (وێنە: توێژەر)

**ئێتنیک**

یەکێکی دیکە لە دیاریکەرەوە کۆمەڵایەتییەکان ئێتنیکە. هەڵبەت ئێتنیک لە دیاریکەرەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو تەمەن و ڕەگەز جیا نییە. بۆ وێنە هەندێ لە گرووپە ئێتنیکییەکان لەوانەیە زیاتر کچەکانیان بنێرنە سەر کار و هەندێ ئێتنیکی دیکە کەمتر؛ بۆ وێنە کۆچەرەکان زیاتر کچەکانیان دەنێرنە سەر کار و ئەفغانستانییەکان کەمتر. کەواتە دیاریکەرەوە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە لە پەیوەندیدان و دەتوانن لە بواری هەڵاواردن یەکتر بەهێز بکەن. لە وڵاتی ئێراندا نایەکسانییەکان لەگەڵ هەندێ گرووپە ئێتنیکی - ئایینییەکان گرێ دراوە، بەڵام ئێتنیکایەتی بە تەنیا نایەکسانییەکان ڕوون ناکاتەوە، بەڵکوو بەشێکی گرینگی نایەکسانییەکان بە پێی سەرچەشنی ناوەند - پەراوێز بیچمی گرتووە [37]. بە گشتی ئەورۆکە چین، ڕەگەز، ئێتنیک، نەتەوە و هۆگریی ڕەگەزی و خاڵی هاوبەشیان بوونەتە گرینگترین فاکتەرەکان تاراندن.

لە شاری تاران هەندێ منداڵی ئێتنیکە جیاوازەکان سەرقاڵی کارن و هەندێ لە

جۆرەکانی کار لەگەڵ هەندێ لە ئێتنیکەکان لە پەیوەندیدان کە ئەمە گرینگیی دیاریکەرەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بیچمدان بە جیهانی کۆمەڵایەتیی ئێمە پیشان دەدات. لە ئێرلندا چەند ئێتنیکی سەرەکی کە لە کارە جیاوازەکاندا چالاکی دەکەن بریتین لە: کۆچەرەکان، کورد، لوڕ، تورک، بەلووچ و هەڵبەت هەندێ لە گرووپە کۆچبەرەکانی وەکوو ئەفغانستانی و پاکستانی. هەڵبەت ئەفغانستانییەکان خۆیان بە سەر چەند ئێتنیکی جیاوازدا دابەش دەبن.

ئێتنیکە ئێرانییەکانی وەکوو تورک، کورد، بەلووچ و لوڕ تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کۆمەڵگای ئێرانی ناسراون، بەڵام ئێتنیکی کۆچەرەکان کەمتر وەک گرووپێکی ئێتنیکی سەیر دەکرێن و کەمتر ناسراون. کاری منداڵان لە ناو ئەم گرووپەدا باوە و ئەوان لە تاران زیاتر لە گەڕەکەکانی دەروازەی غار، شووش، بازنە سفید، و ئەتابەک نیشتەجێن. کۆچەرەکان گرووپێکی یەکدەست نین و لە چەند شار و تایفەوە پێک هاتوون، بەڵام زۆربەیان لە شاری بابلەوە هاتوون. لای زۆربەیان بەڵگەی ناسنامەیی وەکوو ناسنامە و کارتی ناسینەوە مانایەکی ئەوتۆی نییە. پەیوەندیی نێوانگرووپی لە ناویان زۆر توندوتۆڵە. ماوەیەک لە شاری تاران دەمێننەوە و کار دەکەن و ئینجا بۆ هەندێ لە ڕێوڕەسمەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ بابل.

گرووپە ئێتنیکییە سەرەکییەکانی وڵاتی ئەفغانستانیش بریتین لە: پەشتۆن، تاجیک، هەزارە و ئۆزبەک. هەڵبەت هەموو گرووپە ئێتنیکییەکانی ئەم وڵاتە لەم چوار گرووپە ئێتنیکییەدا تەسک نابێتەوە. ئەم گرووپە ئێتنیکییانە لە سۆنگەی ئایینییەوە پێکەوە جیاوازن. پشتۆنەکان نزیکەی 40 لە سەدی حەشیمەتی ئەفغانستان پێک دێنن و زۆربەی پۆستە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە هی ئەم گرووپە ئێتنیکییەیە. لە وڵاتی ئەفغانستانیشدا هاوشێوەی وڵاتی ئێران نایەکسانییەکی زۆر لە ناو گرووپە ئێتنیکییەکاندا هەیە و هەزارەکان یەکێک لە گرووپە ئێتنیکییە تارێنراوەکانن [39].

پاکستانییەکان کە زیاتر بەلووچن بەشێکی دیکەی هێزی منداڵانی کار لە شاری تاران پێک دێنن.

بابەتێک کە لە پرسی ئێتنیک و جۆرەکانی کاری منداڵ گرینگە هاوپەیوەستبوونی هەندێ لە کارەکان لەگەڵ هەندێ لە گرووپە ئێتنیکییەکانە. بۆ وێنە زۆربەی زبڵگەڕە ئەفغانستانییەکان خەڵکی شاری هەرات و بەشگەلێک لەو شارەن. کوردەکانی پارێزگای کوردستان یان شاری قوروە زیاتر لە کەرتی تەڕەبار چالاکی دەکەن، تورک لە کەرتی بەرهەمهێنان و مارکێتی مادەی خۆراکیدا چالاکی دەکەن، لوڕ و هەندێ لە

کوردەکان و هەندێ لە ئەفغانستانییەکان عارەبانە و داشقەیان پێیە و بە واتایەک عارەبانەچین. کۆچەر و هەندێ لە ئەفغانستانییەکان لە چوارڕێیانەکادا دەستفرۆشی دەکەن و هەندێ لە ئەفغانستانییەکانیش خەریکی کاری فیتەرین. پاکستانییەکان زیاتر لە مەزرادا کار دەکەن و هەندێکیان لە سەر شەقامەکاندا خەریکی کارن.

منداڵێکی زبڵگەڕ لە گەڕەکی ئەکباتان پرسیاری لێ کرا کە "کێ زیاتر خەریکی کاری زبڵگەڕی دەبێ؟" لە وڵامدا وتی:

> ئێمە زۆربەمان خەڵکی هەراتین، بەڵام ئەوانەی کە لە پشت کامیۆنەکەدان خەڵکی کابولن.

یەکێک لە کۆچەرەکان "قەرەجەکان" سەبارەت بەو کارانەی کە دەیکەن وتی:

> ئێمە زیاتر لە سەر چوارڕێیانەکان و ترمیناڵدا ئیش دەکەین، فاڵ دەفرۆشین، بنێشت دەفرۆشین، دەستگێڕی دەکەین.

یەکێک لە خاوەنکارەکانیش لە مەڕ کرێکارانی بەرگدوورییەوە وتی:

> زۆریان ئیشەکیان بۆ خۆیان جێبەجێکردن کردووە، زۆرێک لە ئەفغانستانییەکان لە ئێران ڕۆشتوون. بەڵام بە گشتی کرێکارەکانی ئێرە زیاتر ئەفغانیین، چونکە ئێرانییەکان ڕۆڵەکانی خۆیان نانێرن بۆ ئەم چەشنە کارلنە کە لە کەڕەی بەیانییەوە هەتا درەنگانی ئێوارە بێتە ئێرە و ئیش بکا، ئەویش بۆ 400 هەزار، و 300 هەزار، 500 تمەن برا تۆ بڵێ ملیۆێنێک. بەڵام ئەفغانستانی نا. دەبینی ژن و مێردێک پێنج شەش منداڵیان هەیە، دەی ناتوانێ بە خێویان بکا، دەرەقەتی خەرجیان نایە، دەڵێ دەیاننێرمە ناو ئەم پیشەوە هەر هیچ نەبێ خەرجیی خۆیان دەر بێنن.

یەکێک لە خاوەنکارەکانی کەرتی پەردەدووری لە بازاڕی تاران لە مەڕ جیاوازییەکانی کاری منداڵانی ئێرانی و ئەفغانستانی وتی:

> شاگردی ئێرانیمان نییە، دێن دوو حەفتە ئیش دەکەن، دەڕۆن. تۆ ئەگەر سەیری ئێرانییەکان بکەی هەموویان یان پەیکیان پێیە یان ئۆتۆمبێلیان پێیە، یان دێن ساڵێک ئیش دەکەن دەیانهەوێ پاروویەکی گەورە هەڵبگرن و بە شەوێک پێ بگەن. بەڵام ئەمانە دێن ئیش دەکەن. لە سەرەتا هەتا کۆتا هەمووی فێر دەبن. زۆربەشیان ئێستا شاگردی خۆمن، براکانیان لە ئەڵمانن.



چارتی ژمارە 10-3: ئێتنیکی منداڵان (N=303)

گێڕانەوەی سەرەوە زۆر بە باشی ئەو نایەکسانییەی کە لە ناو گرووپە ئێتنیکییەکان لە کاردا هەیە پیشان دەدات. ئەفغانستانییەکان پتر لە هەمووان زوڵم و ستەمیان لێ کراوە و زۆر جار هەندێ کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن ئەنجام دەدەن کارگەلی وەکوو زبڵگەڕی. هەر بەم شێوە لە کەرتی نافەرمیدا کە حەقدەست و هەڤیازییەکی زۆر کەمی هەیە، ئاسایشی کاری لە هی هەمووان کەمترە، هەڤیازیی بیمەی نییە و مەترسییەکانیشی لە هی هەموویان زیاترە، گرووپە تارێنراوەکانی وەکوو ئەفغانستانییەکان دەیکەن. کاری زبڵگەڕی یەکێک لە کارەکانی کەرتی نافەرمییە. سەبارەت بە کەرتی نافەرمی و کاری گرووپە ئێتنیکییەکان یەکێک لە بەرپرسانی شارەوانی وتی:

نازانم. شوێنێک کە ئێرانی لێ بێ ئەگەری ئەوەی کرێکار بیمە بکرێ زیاترە، بەڵام هەرچی بەرەو کەرتی نافەرمی دەچین، ئەگەری دامەراندنی منداڵەکان زیاترە و گریمانەی ئەوە دەکرێ ئەو کارگایانەی کە نافەرمین زیاتر ئەفغانستانی لێ بێ و لە پاشخوانی وشکدا تاجیکەکان چالاکن و لە هەراتەوە هاتوون و لە سرین و گسکداندا ئۆزبەکەکان ئیش دەکەن.

یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەیەک کە لە گەڕەکی فەرەحزاد دانراوە و داکۆکی لە منداڵانی کاری ئەم گەڕەکە دەکا و لەم بارەوە وتی:

منداڵەکانی ئێرە زیاتر ئەفغانستانین. ئێستا لە ناو منداڵانی کار سێ حاڵەتی منداڵی ئێرانیشی تێدایە، لە هەر شەست دانە یەکیان.

یەکێک لە کار بەدەستانی وەزارەتی کاریش سەبارەت بە ئێتنیکی ئەو بەلووچانەی وا منداڵەکانیان دەنێرنە بەر کار وتی:

منداڵە بەلووچەکان هەندێ جار پێیان دەوترێ پاکستانی، بەڵام زۆریان هەر ئەو منداڵە بەلووچە بێناسنامە ئێرانییانەن. زۆربەی ئەم کرێکاری سەرشەقام و کارگایانە سەر بە ئێتنیکی بەلووچن کە یان لە پاکستان یان لە بەلووچستانی ئێرانەوە هاتوون.

سەبارەت بە ئێتنیک و جۆرەکانی کار دوو خاڵی گرینگ لە ئارادایە و ئەم دوو خاڵە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارمیە کە بۆچی هەندێ لە گرووپە ئێتنیکییەکان لە هەندێ لە کارەکاندا زیاتر چالاکی دەکەن. لە ڕاستیدا وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە لە هەندێ لە کارەکاندا چالاکن. بۆ وێنە لە پێشدا لەوانەیە هەندێ لە تاکەکانی ناو گرووپێکی ئێتنیکیی تایبەت لە شاری تاران خەریکی کار بوو بێتن؛ ئینجا پەرەیان بەو کارە دابێ و بەم شێوە زیاتر خزم و کەس و هاوواڵاتییەکانی خۆیانیان هێناوەتە ناو ئەم کارەوە و بەم شێوە زنجیرەیەکی خۆبەهێزکەر لەو کارەدا بیچمی گرتووە. خاڵێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ژیانی گرووپە ئێتنیکییەکان. بۆ وێنە ئەگەر گرووپێکی ئێتنیکی لە گەڕەکی فەرەحزاد یان کەن لە شاری تاران نیشتەجێ بین، منداڵەکانی ئەو گرووپە ئێتنیکییە ئەگەری زیاترە بچنە ناو کاری میکانیکی و فیتەرییەوە و بەو پێیەی کە زۆربەی ئەفغانستانییەکان لەم گەڕەکانەدا دەژین، لە ئەنجامدا منداڵەکانیان زیاتر لەم چەشنە چالاکییانەدا ئیش دەکەن. ناوەندی شار و بە بەتایبەتتر گەڕەکی گشتی 12 شارەوانی زیاتر تەرخانی چالاکیی بازاڕ و چالاکییە پشتیوانییەکانیان وەکوو کارگەی بەرهەمهێنان و کۆگا بووە. باشووری تارانیش تایبەت بە کوورەخانەی خشتپێژی، کارکردن لە مەزرا و لەمانەیە. بە واتایەکی دیکە سەرچەشنەکانی بەکارهێنانی زەوی لە کەرتە جیاجیاکانی شار پشکی گرینگی لە ڕاکێشانی ئەو حەشیمەتە هەیە کە وابەستەی بەون و هەروەها دەوری لە جۆر و بیچمی کار هەیە. لە وتەزای جۆرەکانی کاردا زیاتر ئەم بابەتە شی دەکرێتەوە.

یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتیی یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکانی بواری منداڵان کە لە گەڕەکی فەرەحزاد چالاکی دەکەن لەم بارەوە وتی:

زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە کارگا ئیش دەکەن ئەفغانستانین. زۆربەی ئەفغانستانییەکان دەچنە ناو کاری سافکاری، میکانیکی و جوانکارییەوە، بە چەند

هۆکار: یەکەم ئەوەی کە فێربوونی ئەم کارانە سووک و ئاسانە، داهاتی زیاتری هەیە و زۆر زووتر لە پیشەکانی دیکە دەبنە وەستاکار و بە گشتی ئەم ناوەندانە هێزی کاری ئەفغانستانییەکان زیاتر وەردەگرن. بۆ وێنە کارگایەکی دارتاشیی ڕێکخراوەیی هێزە ئەفغانستانییەکان چەتوونتر وەردەگرێت.

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی پەیوەست بە ئێتنیک و کار لێکدژیی ئێتنیکییە کە لە میلنەی کاری منداڵاندا خۆی دەنوێنێت. ئەم لێکدژییلنە تەنیا هی کار نییە، بەڵکوو لە قوتابخانە، پیوەندییەکانی ناو گەڕەک، یاریی منداڵانە، و پەیوەندییەکانی دیکەشدا خۆی دەنوێنێت. لێرەدا زیاتر قسە لە سەر لێکدژیی ئێتنیکی لە شەڕەی کارە. وەک وترا، لە هەندێ جڤاکی وەکوو ئێران و ئەفغانستان ئێتنیک دەوری سەرەکی لە بیچمدان بە دنیای کۆمەڵایەتیی خەڵکدا بووە. بۆ وێنە گرووپ یان تاکەکان خۆیان لە ناو گرووپێکی ئێتنیکیی تایبەتدا پۆلێنبەندی دەکەن یان ئەوانی دیکە دەخەنە ناو گرووپێکی ئێتنیکیی تایبەتی دیکە و ڕفتارەکانیان دەتوانێ بە گوێرەی داوەریی هەڵە یان دروست - پێشداوەری - لەگەڵ ئەو گرووپە ئێتنیکییە و لە ئەنجامدا ڕفتار لەگەڵ ئەو کەسە بێت. بەو پێیەی کە زۆرێک لە منداڵان لە گرووپی ئێتنیکیدا خەریکی چالاکین، لە ناویلندا پەیوەندیی نێوانگرووپیی ئێتنیکی بوونی هەیە و ئەم پەیوەندییە ناوئێتنیکییلنە بۆتە بناغەی لێکدژیی کۆمەڵایەتیی نێوان ئەوان. لەوانەیە هەندێ بازنەی جوگرافیایی تایبەت بە هەندێ گرووپی ئێتنیکی بێ و لە ئەگەری هاتنی گرووپەکانی دیکە بۆ ناو ئەو بازنە دژایەتیی کارکردنیان دەکەن. بۆ وێنە منداڵانی بەلووچی پاکستانی لە چوارڕێیلنەکانی سەعادەتباد کار دەکەن و ئەگەر گرووپێکی دیکە بێتە ئەوێ و کار بکا، دژی کارکردنی دەوەستنەوە. یان زۆر جار هەندێ لە چوارڕێیانەکان لە دەست کەسانێکی تایبەتە کە ئەوە بە منداڵان یان گرووپێکی تایبەت بە کرێ دەدەن و لەوانەیە بە نرخێکی زیاتر بیدەن بە گرووپێکی ئێتنیکیی دیکە. بۆ وێنە کۆچەرەکان ڕۆژانی شەممە کار ناکەن و خەریکی کاروباری تایبەتی و ناوماڵ دەبن. هەر بۆیە خاوەن چوارڕێیان لەوانەیە ئەو چوارڕێیلنە تایبەتە لە ڕۆژی هەینیدا بە نرخێکی زیاتر دەدا بە گرووپێکی ئێتنیکیی دیکە، وەکوو ئەفغانستانییەکان. وەک وترا کارکردن لە گرووپە ئێتنیکییەکان بۆتە هۆی دروستبوونی لێکدژی لە شوێنی کاردا. یەکێک لە منداڵە ئەفغانستانییەکانی خەڵکی هەرات کە بە داشقە لە ناو بازاڕدا کاری دەکرد سەبارەت بە هەڵسوکەوتی شارۆمەندان پرسیاری لێ کرا، لە وڵامدا وتی:

ئەوان باشن، ئیشیان پێمان نییە. بەڵام کرێکارە کورد و لوڕەکان خراپن. دەڵێن

ئەفغانیی گڵاو. بۆچی ناچیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت بۆچی هاتوویەتە ئێرە. دەڵێم خۆ من ڕسقی ئێوە ناخۆم. خودای خۆی ڕسق و بژێوی دەدا. لە داشقەکەم دەسرەوێنن، منیش دەست دەکەومەوە.

یەکێک لە منداڵە ئەفغانستانییە تاجیکەکان لە وڵامی ئەم پرسیارە کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئێرانییەکان چۆنە؟" وتی:

لەگەڵ ئێرانییەکان زۆر تێوە دەچین. خۆیان دێن جنێومان پێ دەدەن. ئێمەش لەگەڵیان تێوە دەچین.

یەکێکی دیکە لەم منداڵانە بەم شێوە سەبارەت بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ شارۆمەندانی دیکە و ئێتنیکەکان دوا:

خەڵکانێکی خراپن؛ ئێرانییەکان باشن. کرێکارە کورد و لوڕەکان خراپن.

هۆکاری ئەوەی کە منداڵانی ئەفغانستانی بەم شێوە لە کورد و لوڕ تێدەگەن ئەوەیە کە لە کارکردن لەگەڵ یەکتر لێکدژیی بەرژەوەندییان هەیە، چونکە زۆرێک لە ئێرانییەکان پێیان وایە بوونی ئەفغانستانییەکان لە کارە جیاوازەکاندا وای کردووە کە کار بۆ ئێرانییەکان کەمتر بێتەوە و ئەگەر کاریش هەبێ حەقدەستێکی کەمیان پێ دەدەن، چونکە کرێکارە ئەفغانستانییەکان بە حەقدەستی کەم زۆرترین کار دەکەن. هەر لەبەر ئەوەش کرێکارە ئێرانییەکان وەک یەکێک لە هۆکارەکانی کەمی و نەبوونی هەلی کار و بە دوایدا حەقدەستی کەم لەم پەنابەرانە دەڕوانن. یەکێک لە منداڵە لوڕەکان لەم بارەوە وتی:

ئەم ئەفغانستانییانە داریان داوە بە ڕۆحی کار و کاسپیی ئێمە. زۆر بە هەرزان ئیش دەکەن. ئیتر زۆربەی ئیشەکان دەدرێ بەوان.

گێڕلنەوەی ژێرەوە کە هی منداڵێکی ئەفغانستانییە جۆرێکی دیکەی جیاکاری و هەڵاواردنی ئێتنیکی دژ بە منداڵانی ئەفغانستانی پیشان دەدا:

هیچ ... ئەوان هینە ... پاش ماوەیەک کارتی نیشتەجێبوونیان پێ درا، ئیتر کەس گیریان پێ نادات. ... لە تورکیا وایە. چونکە لێرە کارتی نیشتەجێبوون وەربگری و نەگری هەر گیر دەدەن. هەتا ئێستا زۆریان گیر پێداوین [بە دەرا و

| |
|---|
| دەمێک کە دەڵێی زۆر باوە]. ئیتر گیر دەدەن پۆلیس و هەموویان. پێمان دەڵێن ئێوە ئەفغانین دەبێ بچنەوە بۆ وڵاتی خۆتان. |

## ڕەگەز

ڕەگەز، هاوشێوەی تەمەن و تەنانەت لەویش دیاریکەرەوەترە و وەک یەکێک لە دیاریکەرەوە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم دەدرێ و بناغەیەکە بۆ هەڵاواردن و نایەکسانی. توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ وێنە فیمینیستەکان جیاوازی دەخەنە نێوان "ڕەگەز" و "ڕەگەزێتی" بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە چۆن جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە بواری فیزیۆلۆژی بۆتە بناغەی جیاکاری لە دژی ژنان [40]. نمونەیەکی زەق لەم بوارەدا منداڵهاوسەری یان هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمە کە ڕێک لەگەڵ کار و دەرفەتەکانی دیکەی ژیان پەیوەندییەکی گرینگی هەیە. نەریت و باوەڕ و هەژاری لە ناو بنەماڵەدا هاوسەرگیریی پێشوەختەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەوان لە خوێندن و دەرفەتەکانی تافی منداڵی و داهاتوو کە دەتوانێ لە ئەستۆی بگرێ بێبەش دەکات. لە ژێر کاریگەریی نەریت و بیر و باوەڕ و تەنانەت هەژاری منداڵان زووتر هاوسەرگیری دەکەن و لە خوێندن و هەلە پیشەییەکانی داهاتوو بێبەش دەبن [41]. لە هەموو ئەو کارلنەی کە پێیان دەوترێ کاری منداڵ ڕەگەزێتی دەوری بەرچاوی لە بوونی منداڵ لە شوێنی کار، جۆرەکانی کار، مەترسی و ئازارەکانی شوێنی کار، ڕێژەی ئەو ساڵانەی کە منداڵ دەتوانێ کار بکا، و داهاتی منداڵ هەیە.

ئەنجام و بەڵگە مەیدانییەکان ئەوە دەردەخەن کە کاری منداڵان، بەتایبەت لە جۆرەکانی وەکوو زبڵگەڕی، فیتەری، لەحمیکاری، داشقە یان عارەبانەچێتی و حاڵەتی لەم چەشنە، زیاتر ئەو پیشانە دەگرێتەوە کە تەواو کوڕانەن.

بە واتایەکی دیکە، ئەوە کوڕانن کە زیاتر لە ماڵ دەچنە دەرەوە، بەڵام کچان بە شێوازی جۆراوجۆر لە کاری ماڵ و یان کاری پەیوەست بە کاری ماڵ کاریان پێ دەکرێت. ئەم بابەتە زیاتر هەڵقوڵاوی باوەڕە فەرهەنگییەکانی پەیوەست بە پیاوان و ژنانە، بە جۆرێک کە بە پێی باوەڕە فەرهەنگیـنەریتییەکانی زۆرێک لە کۆمەڵگاکان سەبارەت بە دابەش‌کردنی کار، ئەرکی پیاوان زیاتر ڕاپەڕاندنی کاری دەرەوەی ماڵ و نان‌دەرهێنەری بووە و ئەرکی ژنان ئەنجام‌دانی کاری ماڵ یان بەشداری‌کردن لەو کارانەیە کە پێویست ناکا بۆ ئەنجام‌دانیان لە ماڵ بچێتە دەرەوە. ئەم خاڵە وای کردووە کەمتر کاری منداڵانی کچ بە سروشتە شاراوەکەیەوە بەر سەرنج بکەوێ و تەنانەت


بارودۆخ و ئامارەکانیان لە بەر چاوی توێژەران بە شاراوەیی دەمێنێتەوە؛ بە جۆرێک کە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری کاری منداڵان ئەنجام دراوە ئەوە دەردەخا کە منداڵە کوڕەکان زیاتر لە کچان کار دەکەن. بۆ وێنە ئەنجامی توێژینەوەی وامقی و هاوکارەکانی کە بارودۆخی منداڵانی سەرشەقامیان تاوتوێ کردووە پیشان دەدا تەنیا یەک لە سەر چواری ئەم منداڵانە کچن و ئەوانی کوڕن [42]. ئەنجامەکانی توێژینەوەی حسێنیش پیشان دەدا تەنیا 5 لە سەدی منداڵە کچەکان کار دەکەن [43]. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر کچە کابانەکان هەژمار بکرێن، بێگومان ڕێژەی کچان لە کوڕان زیاتر دەبێ، چونکە نەریتە باوەکان و بیر و ڕا زاڵەکان و پرسە فەرهەنگییەکان وای کردووە لە زۆرێک لە بنەماڵەکاندا کچان دەوری کارەکەری ئەندامانی دیکەی بنەماڵەیان هەبێ و هەموو کارەکان وەکوو شتنی جلوبەرگی براکانیان، لە ئەستۆی ئەوانە. کچە کابانەکان هەر ئەو کەسانەن کە بە هۆی باڵادەستیی ڕوانگەی پیاوسالاری لە ناو بنەماڵەدا بۆیان نییە لە ماڵ بێنە دەرەوە و بۆ ئەو کارانەشی کە لە ماڵەوە ئەنجامی دەدەن هیچ بڕە حەقدەستێکیان پێ نادرێت.

کچانی ماڵ لەگەڵ خاوەنکارەکانیان کە زۆریان دایک و باوک یان ئەندامە گەورەساڵترەکانی بنەماڵەن، لە ناو ماڵێکدا ژیان دەکەن، بەڵام مافیان لە هی ئەوان کەمترە. لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا کوالێتیی خۆراکەکەیان لە منداڵە کوڕەکانی بنەماڵە کەمترە.

هەڵبەت دەبێ بڵێین لەوانەیە کچان خەریکی کاری ماڵ و کاری کارگەی بەرهەمێهنان بن کە کەمتر لە بەر چاوی کۆمەڵگایە و هەر بۆیە لە توێژینەوەکاندا کەمتر ئاوڕ لە جۆری کارەکەیان دەدرێتەوە. بەڵام بە گشتی بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدا کە ئەوە کوڕانن کە زیاتر سەرقاڵی کاری دەرەوەی ماڵن تا کچان. یەکێک لە پسپۆڕانی بواری منداڵ لەم بارەوە وتی:

لە ناو کۆمەڵگای ئەفغانستانیدا کەمتر بە نیازی ئیش کچان دەنێرنە دەرەوە، زیاتر کوڕان بۆ ئیش دەنێرنە دەرەوە. بەڵام لە ئیشی ماڵدا کچان کار دەکەن، سەوزە چاککردن و لەمانە ... . کاتێک کە سەوزە چاککردن هەیە باوک یان یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە کاتژمێر دووی نیوەشەو سەوزەی تازە دێنێ دەیهێنێتەوە ماڵەوە و ئەمانە دەبێ هەتا کاتژمێر دە و یازەی بەیای ئەم سەوزە چاک و بەستەبەندی و ئینجا ڕادەستی بکەن. شەوکارن. هەر هەموو ئەندامانی خێزان پێکەوە ئەم ئیشە دەکەن.

چارتی ژمارە 3-11: دابەشکردنی ڕەگەزی منداڵان بە پێی دوو جۆری کار (بە پێی کەس)




| | کارگا | شەقام |
|---|---|---|
| کچ | ۶ | ۱۶ |
| کور | ۴۶ | ۵۱ |
| کۆی گشتی | ۵۲ | ۶۷ |

چارتی ژمارە 11-3: دابەشکردنی ڕەگەزی منداڵان بە پێی دوو جۆری کار (بە پێی کەس)

یان یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتیی یەکێک لە ئەنجومەن و دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی منداڵ لەم بارەوە وتی:

زیاتر کوڕان وەردەگرین. لە کۆی 132 کەسێک کە وەرمانگرتووە، نزیکەی بیست و پێنج یا شەش کەسیان کچن. کچان هەم کەمتر بۆ خوێندن دێن و هەمیش کەمتر لە ماڵ دەردەکەون. ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە فەرهەنگی بنەماڵە ئەفغانی و تەنانەت ئێرانییەکانەوە هەیە کە زیاتر کوڕەکانیان دەنێرنە ناو کۆمەڵگا. ئێمەش یان ئەوان دەدۆزینەوە، یان ئەوان ئێمە دەدۆزنەوە یان کەسێک دەیانناسێنێت.


ڕەگەز کاریگەری لە سەر جۆری کاری منداڵان دادەنێت؛ واتە هەندێ لە کارەکان زیاتر کوڕان ئەنجامی دەدەن و هەندێکی کچان دەیکەن. بە گشتی کوڕان زیاتر لە کاری دەرەوەی ماڵ وەکوو زبڵگەڕی، فیتەری، عارەبانە یان داشقەچێتی، کارکردن لە هەندێ کارگای بەرهەمهێنانی وەکوو بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو، مارکێتی مادەی خۆراکی، کوورەخانەی خشتپێژی، بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار و ئەمانە چالاکی دەکەن، چونکە پانتای ئەم کارانە زیاتر پیاوانەیە و هەندێ لە منداڵانی کار شەوانەش لە شوێنی کارەکەیاندا دەخەون. لە بەرامبەردا کچان زیاتر لە کاری وەکوو بەرگدووری، کارکردن لە ماڵی وەکوو سەوزە چاککردن و دروستکردنی خشڵ و کاری پەیوەندیدار بەوە چالاکن. ئەو کارانەی کە بە شێوەی خێزانی ئەنجام دەدرێن، وەکوو کارکردن لە مەزرا، لەوانەیە کچان و کوڕان پێکەوە ئیش بکەن. لە هەندێ کاری وەکوو کارکردن لە سەر شەقام و دەستفرۆشی لە مێترۆ و بابەتی لەم چەشنە هەم کچان و هەم کوڕان بەشدارییان هەیە. گێڕانەوەی یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتیی یەکێک لە

ئێن‌جی‌ئۆکان لە مەڕ ڕەگەز و کاری منداڵان وتی:

منداڵەکان حەوتیان کچن و ئەوانی دیکە کوڕن. کچەکانیش یەکیان تەمەنی کەمە، هەشت ساڵانە، ئەو دەستفرۆشی دەکات. دلنیەکی دیکەمان هەیە کە ئەویش دەستفرۆشی دەکا لەگەڵ باوکی دەچێ بۆ دەستفرۆشی. کاری ناو ماڵ دەکەن بۆ وێنە ئیشێک دەکەن کە پێیان سپێردراوە، کاری خشر و خاڵ و شتی جوانکاری ئەنجام دەدەن یان بەشێک لە کاری بەرگدووری دەکەن. لە ناو کاری کارگای بەرگدووریدا کچیشمان بووە بەڵام زیاتر کوڕان بەدی دەکرێن.

یەکێک لە کچانی دانیشتووی مەیدانی ئێعدام کە کاری ناو ماڵی دەکرد لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| خۆم پێم خۆشە لە دەرەوە ئیش بکەم، بەڵام دایک و باوکم ناهێڵن، دەڵێن نامانهەوێ لە دەرەوە ئیش بکەیت. |




چارتی ژمارە 12-3: ڕەگەز بە پێی جۆری کار

یان چەند کەسی دیکە لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی لەم بارەوە وتیان:

دەتوانین بڵێین نیوە نیوەن. چونکە زۆربەی منداڵە بچووکەکان لە کارگەی بەرگدووریدا ئیش دەکەن، شاگرد و بەردەستن.

نۆیان کچن و سێزدە دانەیان کوڕن و تەمەنیان لە دە ساڵانەوە هەمانە هەتا شازدە هەڤدە ساڵان.

شا فەرقی هەیە. ئێمە زۆرێک لە کچەکانمان لە ماڵەوە ئیش دەکەن. بەڵام نایەنە

ئێرە، لە ماڵەوە پاپیۆن ساز دەکەن، زەنگیانە لە جلوبەرگ دەدەن، سەرپۆش و لەچک دێنن لە ماڵەوە دەستەبەندی دەکەن، ئوتووی لێ دەدەن، گۆرەوی دێنن و مقەبای تێدەخەن، پێی دەڵێن بەستەبەندیی گۆرەوی.

یەکێک لەو پرسانەی لە منداڵان واتە کچان ڕووبەڕووی دەبنەوە پرسی دەرچوون لە کار لە کاتی هەڵکشانی تەمەنە. بنەماڵەکان لەگەڵ ئەوەی منداڵەکانیان دەنێرنە ناو بەستێنی کارەوە، هەر بەو شێوەش دەتوانن لەو بەستێنە بیانهێننە دەرەوە. بنەماڵەکان لە قۆناغێکی تەمەنیی بەو لاوە، بەتایبەت لە تەمەنی باڵقبوونەوە کە ئاسەوارە ڕواڵەتییەکانی کچان گۆڕانی بە سەردا دێ، کەمتر ئیزن دەدەن کچەکانیان لانیکەم لە هەندێ کاردا چالاکییان هەبێ، چونکە ئەو جۆرە کارانە کۆمەڵگا زیاتر وەک کاری پیاوانە لێیان دەڕوانێت. هۆکاری ئەمەش دەتوانێ جیاواز بێت. یەکێک لەم هۆکارانە هەستکردن بەو مەترسییەیە کە بنەماڵەکان نیگەرانیین؛ واتە نیگەرانی ئەوەن کە کچەکانیان بکەونە بەر دەستدرێژیی سێکسی. بەڵام بە بۆچوونی ئەم بنەماڵانە گرینگترین هۆکارەکەی ئەوەیە کە پاش قۆناغی باڵقبوونی جەستەیی دەبێ بۆ هاوسەرگیری ئامادە بن. کاری کچان لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ بەها و باوەڕەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگاکانیان لە سەر ئەم بنەمایە کە کچ دەبێ کابان بێ ناکۆکە. هەر بۆیە هەر ئەمە دەتوانێ یەکێک لە هۆکارەکانی دەرچوونی کچ لە پرۆسەی کاری دەرەوەی ماڵ بێت. یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی یەکێک لە دامەزراوە چالاکەکان لە بواری منداڵان سەبارەت بە ڕێژەی کچان و کوڕان وتی:

ئەگەر بمانهەوێ قسەی لە سەر بکەین، ڕێژیی کچان لە چاو جاران زۆر کەمی کردووە، چونکە زۆربەی منداڵانی کاری ئێمە ئەفغانستانییەکانن و کچانیش لەبەر ئەوەی تەمەنیان دەچێتە سەرەوە، بنەماڵە لە سەریان دەمارگرژن و ڕێگە نادەن. ئێستا کوڕان زیاترن.

تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا منداڵەکان ئیشکردنی خۆیان لە بنەماڵە دەشارنەوە بۆ ئەوەی ئەوان نەزانن کە ئەمان کار دەکەن. بێگومان فەرهەنگی بنەماڵە و ئەو کۆمەڵگایانەی کە منداڵ تێیدا کاری منداڵ دەکا پشکی گرینگی لەم زەمینەدا هەیە، چونکە - وەک وترا - کاری کچان ئەویش لە دەرەوەی ماڵ یان لە سەر شەقام بە دڵی ئەم بنەماڵانە نییە. یەکێک لە کچانی کار کە لە چوارڕێیانی وەلیعەسر کار دەکا لە بارەی چالاکییەکەی وتی:

| |
|---|
| ئەرێ، لێرە لەگەڵیان هاوڕێم. تەنیا ... من پێم وت من دەچم ئیش دەکەم؛ |

| |
|---|
| [ئەو] باش دەیزانی. |

کاتێک کە کچان دێنە سەر شەقام، مەیدانی کاریان بەربڵاوتر دەبێ و بێگومان بینای زەینی و خوخدەکانیشیان لەوانەیە بگۆڕێت. هەر بۆیە ئەوان لە لایەک ڕووبەڕووی پانتای سنووردداری بنەماڵە و کۆمەڵگا دەبنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ پانتای سەرشەقام و کار کە ئەم دووانە پێکەوە هاواهەنگ نین. بنەماڵەکان بە هۆکاری فەرهەنگی و نەریتی، ناهێڵن کچەکانیان لەگەڵ پیاوان لە پەیوەندیدا بن، بەڵام کار لە سەر شەقام و دەمەدەمێ لەگەڵ خەڵک لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی بنەماڵە ناهاواهەنگە. ئەم پرسە دەتوانێ منداڵان تووشی ناکۆکیی جیدی بکاتەوە کە لەوانەیە لێکدژیی ڕۆڵ و هەندێ پرسی تەندروستیی دەروونی لێ بکەوێتەوە. هەروەها دەبێ بڵێین ئەگەری ئەوەی کە لە کاردا کچان تووشی توندوتیژی، بەتایبەت توندوتیژییە سێکسییەکان ببنەوە زیاترە و هەمیشە ئەوان و بنەماڵەکانیان لەوە دەترسن کە نەکا زیانێکیان پێ بگات. هەر بۆیە ترس لە خەسارەتمەندبوون یەکێک لە هۆکارەکانی کۆتاییهێنان بە کاری کچ لە سەر شەقام و دەرەوەی ماڵە. هەڵبەت ئەم توندوتیژییانە جیدین و کچان زۆر جار بە شێوەی جۆراوجۆر بەئەزموونیان کردووە. گێڕانەوەی هەندێ لە کچانی کار، کە لە سەر شەقامە جیا جیاکانی شاری تاران دیمانەیان لەگەڵ کرا بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئەیچی پووری. ئەمڕۆ کابرایەک لەمەی داوە، وتوویەتی دەبێ لەگەڵم بێی ... دەیهەوێ جلوبەرگم بۆ بکڕێ. منیش وتم بڕۆ هەتیو. من نایەم، کابرا وتی وەرە با هەڵتبگرم. چبووینە شەقامی بووستان. |

| |
|---|
| زۆر تەعلیقمان لێ دەدەن. دەڵێن وەرنە با بچینە ئەوێ، ئەومندە بڕە پارەت پێ دەدەم، بەڵام هەتا ئێستا وڵامیانمان نەداوەتەوە. |

| |
|---|
| هەیانە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا پانتۆڵەکەی دادەکێشێتە خوارێ و دەریدێنێ و دەڵێ شا وەرە چاوی لێ بکە. |

| |
|---|
| ئەوەی کە کوڕان ئازارمان دەدەن بەڵێ دێن هەراسانمان دەکەن ... نازانم، پارەکەت دەدزن، وازت لێ ناهێنن و لەمانە. |

هەندێ لە کوڕان دێنە بەردەمت، کێشەمان کوڕانن، دێن ئازارمان دەدەن.

زۆر جار کاتێک کە کچان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. بە هۆی ترس لەوڵنەیە ئەم توندوتیژییە بە تۆڕە پشـــتیوانییەکانیان واتە بە بنەماڵەکانیان ڕانەگەیێنن، چونکە لەم حاڵەتەدا منداڵ بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێت. چونکە بە دەیان جار پێیان وتراوە: "خۆت ماقووڵ بی، کەس حەقی بە سـەرتەوە نییە" و ئەم بڕوایە لە ناو منداڵانیشـدا چەسـپاوە. یەکێک لە کچانی کار کە لە گەڕەکی یووسفاباد کاری دەکرد هەر لەم بارەوە وتی:

من کە دێم ئیش دەکەم، هیچ کەس حەقی بە ســـەرمەوە نییە. ببوورە پەرژینی قایم بێ کابرا خۆی بنی ڕانی نەخوریێ کەس کاری پێ نییە.



وێنەی کچانی گوڵفرۆش لە سەر شەقام (وێنە: هەواڵدەریی ئیرنا)

## ڕوانگەی منداڵان

ڕوانگە ئاماژە بە کۆمەڵێک ســـۆز، باوەڕ، ڕفتاری بەرامبەر بە کەســـێک، بابەتێک، ڕووداوێک، یان شــتێک دەکات. ڕوانگەکان لە ئەنجامی ئەزموون یان پەروەردە بیچم دەگرن و دەتوانن کاریگەرییەکی زۆریان لە ســـەر ڕفتار هەبێت. ســـەرباری ئەوەی ڕوانگەکان نەگۆڕن، بەڵام گۆڕانیشـیان بە سـەردا دێت. دەروونناسـان ڕوانگەکان وەک ئاراستەیەکی فێرکراو بۆ هەڵسـەنگاندنی شـتەکان بە شـێوازێکی تایبەت پێناسـە دەکەن. ئەم هەڵســەنگاندنانە یان ئەرێنین یان نەرێنی، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە لێبڕاو نەبێت. توێژینەوەکان پیشانی داوە ڕوانگە سێ پاژە یان بژێرە لە خۆ دەگرێ:

**1)** بژێرەی ناســینی (مەعریفی): ئاماژە بە بیر و باوەڕی ســـەبارەت بە بابەتێک

دەکات. بە واتایەکی دیکە، کۆمەڵێک زانیاری، ئایدیا، حەقیقەت و زانست و ئاگاداری لەمەڕ شتەکان لە خۆ دەگرێت.

2) بژێرەی سۆزداری: ئاماژە بە سۆز و باوەڕی بەرامبەر بەو شتانە دەکا کە دەتوانن ئەرێنی یان نەرێنی، بەسوود یان زیانبەخش، لایەنگر یان دژبەری بن.

3) بژێرەی ڕفتاری: ئاماژە بە ئاراستەی ڕفتاری بەرامبەر بە شتەکان دەکات. بە واتایەکی دیکە، ئەوەی کە ئێمە چۆن بیر لە شتەکان دەکەینەوە و ئاماژە بە ناسیاری و هەستی ئێمە بەرامبەر بەوان دەکات [44].

وەک وترا ڕوانگەی سەبارەت بە کەسێک، بابەتێک، ڕووداو یان شتێک دەبێتە بابەت. هەر بەم شێوە منداڵان لە کاروباری جیاواز لە مەڕ کار، خوێندن، وڵاتانی جیاواز، شارۆمەندان، بنەماڵە، کاتی پشوو، و دیکەی شت و ڕووداوەکان کۆمەڵێ ڕوانگەیان هەیە کە کۆمەڵێ هەڵسەنگاندنی ئەرێنی و نەرێنی یان باش و خراپ سەبارەت بەوانە. لە ڕاستیدا ڕوانگەی ئەوان پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژیایی، ناسیاری و سۆزداری هەیە. ئەگەرچی ناتوانین ڕوانگەی منداڵان بۆ ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا ژیان و کار دەکەن نزم بکەینەوە، بەڵام ئەم پێگانە دەورێکی زۆر سەرەکییان لە بیچمگرتنی ڕوانگەی ئەوان هەیە. بە ولتایەکی دیکە ئەزموونی ژیاوی ئەوان لە ژیان و کار بیچم بە ڕوانگەیان دەدات. بەشێک لە ڕوانگەی منداڵان هی ئەو کار یان کارانەیە کە ئەنجامیان داوە و دەیدەن. ئەم ڕوانگە بە پێی ئەزموونی خێزانی، هاوڕێیان، هەلومەرجی کار، جۆری کار، هەڵسوکەوتی خاوەنکار و دەوروبەرییەکان لەگەڵیان بیچمی گرتووە. گێڕانەوەی ژێرەوە پیشاندەری ڕوانگەی منداڵان سەبارەت بە کارە:

> چوومە ئەوێ بە لای ناخێر ئیشێک پەیدا بکەم. پارە وەربگرم، بچم سەرفی بکەم. پێم خۆش نەبوو بچم بە دایکم بڵێم پارە بخە ناو دەستم. لە پێشدا فیلمم دەفرۆشت، ئینجا چوومە مەیدانی پوونەک گۆرەویم دەفرۆشت. ئەوسا وا نەبوو. شارەوانی لێی دەداین، جارێکیان بێهزیستی زۆر خراپ لێیداین [زەردەی دێت] ئیتر زانیمان وا نابێت. ناکرێ لەگەڵیان تێوە بگلێین. ئیتر چووینە کاری قوڕەکاری. کە چووین کاکم بەر بۆوە. تووشی کێشە هات، ئیتر نەچووم. گەچکارەکە لە بەرزایی بەر بۆوە پشتیان نەشتەرگەری کرد. ئیتر نەچووم. ئیتر چووم بۆ سافکاری. حەزم لەم کارەیە. نزیکەی چوار پێنج مانگ لە قوڕەکاری و بیناسازی ئیشم کرد. بەڵام براکەم لە مێژە. نزیکەی دە ساڵە گەچکارە، ئەو لە سەری بەردەوام بوو.

بەسەرهاتەکەی دوور و درێژە کە بۆچی هاتمە ناو ئیشی سافکاری؛ ئەوسا تەمەنم کەم بوو، لە ئەڤغانستان بووین ... بە باوکمم وت ئەو ئەستێرەم پێ جوانە ... مارکی بێنز بوو ... ئینجا باوکم چوو دانەیەکی دۆزییەوە، بۆی هێنام ... لە سەر ئەم بابەتە بوو کە تامەزرۆی ئۆتۆمبێل بووم، هەر وا فێری ماتۆڕ بووم ... ئۆتۆمبێلیش فێر بووم ... ئیتر وتم با بچم فێری فیتەری بم ... زۆرم حەز لێیە.

پێم خۆشە باوکم دەوڵەمەند بێت. پێم خۆشە، بۆچی؟ چونکە هەموو خزمەکانمان بە هۆی ئەم پیشەوە دوو سێ دووکانیان هەیە. مامم چۆتە ئەڵمان لاستیکفرۆشی داناوە. حەزم لە بۆنی لاستیکە.

هەندێ لەو منداڵانەی کە لە کارگا و فیتەرییەکاندا کار دەکەن سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم چەشنە کارە وڵامیان داوە کە گوزارشتە لە هۆگریی ئەوان بۆ فێربوونی پیشە، داهاتی زیاتر و ڕزگاربوون لە گیر و گرفتەکانی کار لە سەر شەقام:

بەرگدووریم پێ خۆشە، دەمەوێ فێر بم بۆ ئەوەی ئیش بکەم.

لێرەدا ئیش دەکەم بۆ ئەوەی فێری کار بم.

پارە وەدەست بێنم.

دەمەوێ ئیشێک فێر بم. کە گەورە بم، خۆ ناکرێ هەر لە سەر شەقام بم.

دەمەوێ فێری کارێک بم بۆ ئەوەی بتوانم کە گەورە بووم ئیشێک بکەم.

کارکردن لە کارگا لە هی چوارڕێیان باشترە؛ کارگە شوێنێکی باشە، لە پێشدا حەقدەستی کەمە، بەڵام من خەریکە فێری مەکینەی دروومان دەبم بۆ ئەوەی حەقدەستم زیاتر بێت.

تێچووی بنەماڵەکەم دابین بکەم.

| |
|---|
| لەم گەڕەکە بووین، لێرە بەرگدووری زۆر بوو، ئیتر هاتینە ئێرە. |

| |
|---|
| دەمەوێ کار بە مەکینەی بەرگدووری بکەم. ئیتر دەبێ ئیش بکەم تێچووی بنەماڵە دابین بکەم. |

| |
|---|
| دەبێ لە ئێستاوە فێری ئیش بم. کە گەورە بووم بچم بۆ خۆم ئیش بکەم ئیتر نەوەستم بە حەقدەستی کەمەوە کار بکەم. |
| ئیتر ئەمەش کارە. هیچ پیشەیەکی دیکەمان نییە. خۆ ئیش نییە. وەختێک هیچ ئیشێک نازانی، زۆر ناخۆشە. ژیانی ئێستا زۆر قورسە. کرێکاری نییە، ئیش نییە. ناچارین، خۆ ئەگەر ئیشێکی باش هەبوایە ئێمە بۆ داشقەمان لێ دەخوڕی. |

| |
|---|
| ڕقم لە ئیشە، پێم خۆشە بچمە سەر چوارڕێیانەکە، بچمە سەر چوارڕێیان، بچمە سەر چوارڕێیانی شارەوانی. نازانم پێم خۆشە لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم. بخوێنم. |


وێنەی منداڵێکی کرێکار لە کارگای بلوورسازیی پیشەسازی لە گەڕەکی خێراباد (وێنە: توێژەر).

گێڕانەوەکانی سەرەوە هەموویان کۆمەڵێک لە ڕوانگەکانی منداڵان سەبارەت بەو کارانە پیشان دەدەن کە ئەوان ئەنجامی دەدەن. منداڵان سەبارەت بە دەستپێکی کار و

هۆکارەکانی ئاماژەیان بە سێ هۆکاری سەرەکی کرد کە کۆمەڵە ڕوانگەکانی ئەوان لەم بارەوە پیشان دەدا کە ئەم سێ ڕوانگە بریتین لە: سەربەخۆبوونی ئابووری بۆ ئەوەی بۆ پارە دەســت بەرەو لای بنەماڵە پان نەکەنەوە، هاوکاریی دابینکردنی تێچووی بنەماڵە بکەن، و فێری پیشـەیەک بن و پێش بکەون بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئاسـایشـی کارییان هەبێت. ڕوانگەی ئەم منداڵانە بەرامبەر بە کاریش کۆمەڵێ ڕوانگەی ئەرێنی و نەرێنی بوو کە بە جۆر یان ســروشــتی کار و ئەزموونی کاریی ئەوانەوە بەســتراوەتەوە. ئەو کارانەی کە ئازادیی کردەییان زیاترە و چێژی لێ دەبینن و ئەو کارانەی بە هۆیەوە فێری تەکنیکێک دەبن ڕوانگەی منداڵان ئەرێنیترە. بۆ وێنە ڕوانگەی ئەوان ســەبارەت بە کاری ســەر شــەقام لەو ڕووەوە ئەرێنییە کە ئازادیی کردەییان زێدەترە و دەتوانن چێژی لێ ببینن. بەڵام هەندێ لە منداڵەکان بە هۆی ئەوەی کار لە ســەر شــەقام هیچ داهاتوویەکیان بۆ دەســتەبەر ناکا ڕوانگەیان بۆ ئەم کارە نەرێنییە. کەواتە منداڵان دەتوانن بەرامبەر بە هەندێ کار ڕوانگەی ئەرێنی و بەرامبەر بە هەندێ کار ڕوانگەی نەرێنییان هەبێت. ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بە کارگاش هەر بەم شێوە بوو: واتە ئەوان لەوەی کە دەتوانن لەم چەشــنە کارە فێری تەکنیکێک بن و داهاتوویانی پێوە دروســت بکەن ڕوانگەیەکی ئەرێنییان بەرامبەر بەو کارە هەیە، بەڵام هەندێکیان ئەم چەشــنە کارەیان بە لاوە یان دژوارە یان پیس و مەترســیدارە و هەر لەبەر ئەوە ڕوانگەیان بەرامبەر بەم کارە نەرێنییە. ڕوانگەی منداڵان ســەبارەت بەو کەســانەی کە لەگەڵیان لە پەیوەندیدان پەرە بە کۆمەڵێ ڕوانگی ئەرێنی و نەرێنی دەدات. دوو ڕێکخراوی شــارەوانی و بێهزیســتی لەو گرووپانەن کە منداڵانی کار بەرکەوتنیان لەگەڵی دەبێ و ئەزموونی منداڵان سەبارەت بەم دوو ناوەندە و کار بە دەستەکانی ئەزموونێکی تێکەڵ بە توندوتیژی بووە. کەولتە ڕوانگەیان بەرامبەر بەم دوو ڕێکخراوە نەرێنییە و متمانە بەم کەسانە ناکەن.

ڕوانگەی منداڵە کۆچبەرەکان بەرامبەر بە وڵاتی مەبەســتیان - ڕوانگەی منداڵە ئەفغانســتانییەکان بەرامبەر بە هەندێ وڵاتی وەکوو ئێران و هەندێ وڵاتی وەکوو ئەڵمانیا - هەڵگری کۆمەڵێ باوەڕ و ناسـیارییان سـەبارەت بەو وڵاتەیە. ئەم ڕوانگانە لە ژێر کاریگەریی ژیان لە وڵاتی سەرەتا و وڵاتی مەبەست، کارکردن لە هەر دوو وڵات، و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم منداڵانە لە وڵاتانی ئەوروپایی بیچمی گرتووە. بۆ ئەم منداڵانە وڵاتانێکی وەکوو ئێران و ئەفغانســتان وڵاتانێکن کە ئاوات و ئامانجەکانیان - وەک کۆمەڵێک لە بەهاکان - پێشــێل دەکەن و وڵاتە ئەوروپاییەکانی

وەکوو ئەڵمانیا شــوێنێکە کە بواری پێشــکەوتن و ســەربەســتییانی تێدا بەدی دەکەن. منداڵێکی ئەڤغانستانی لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| ئەڵمانیش باشـــە، چونکە خاڵۆم و ئەوان لەوێن. دەتوانم بخوێنم. دەتوانم شتێکم هەبێ، بەڵام وڵاتانێکی وەکوو ئێران و ئەڤغانستان هەر بۆ کرێکاری باشە. خۆ کرێکاریش خراپ نییە، بەڵام بە هیچ کوێت ناگەیێنێت. ئیتر من هەوڵی خۆم دەدەم. دەتوانم هاوکاریی بنەماڵەکەم بکەم. کە ناتوانم ئازار دەچێژم. |

منداڵێک کە لە یەکێک لە کارگاکانی پێڵاودا کاری دەکرد لە مەڕ وڵاتانی ئەوڕووپایی و ئێرانەوە وتی:

| |
|---|
| بچمە ئەڵمانیا هەر درێژە بەم ئیشـــە دەدەم، دەبم بە شـــتێک، چونکە وڵاتانی بیانی کە بچیتە ناو ئەم چەشنە پیشانەوە داهاتێکی زۆری هەیە. ئێمە هاوڕێیەکمان هەیە، ئامۆزاکەی بیست لە ئەڵمانە. پێشتر لێرە لە ساندڤیچی ئیشی دەکرد، چۆتە ئەوێ هەر ئەم کارە دەکات. ئێســـتا ســـاندڤیچییەکی دلناوە. وڵاتانی ئەوڕووپایی ئەوەی باشـــە کە پارەکەت لە قوماردا لە دەســـت نادمیت. لێرە دار لە بەر دەکەوێ پارەکەت هیچی نامێنێت. کابرا لێرە دەچێ کۆتاڵ دەکرێ پاش مانگێک بەو پارە هیچی بۆ ناکڕدرێت. دەی دیارە زەرەرمەند دەبێت. |

منداڵێکی ئەڤغانســـتانی کە لە شـــاری هەراتەوە هاتووە ڕوانگەی ســـەبارەت بە وڵاتانی دیکە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| هەر ئەمریکا خۆشە. ئەڤغانیش ئەڤغانییە خواپێداوەکان ... بەڵام ئەوێ خەڵک پارەیان کەمە، بەڵام زۆریان ماڵیان هەیە. حەتمەن ماڵێکیان هەیە. |

منداڵێکی ئەڤغانیی زبڵگەڕ لە بارەی وڵاتی خۆی و ئێران وتی:

| |
|---|
| پێم خۆشە بڕۆمەوە بۆ ئەڤغانستان، پێم خۆشە خزم و کەسی خۆم ببینم، بەڵام ئەوان لەوێن. لێرە بین هیچمان بە هیچ کوێ ناگات. دەبێ بچمە وڵاتێک هەڵبەت ئێران و ئەڤغانستان نا. |

وێدەچێ منداڵانیش زۆر بە باشـــی لە میکانیزمی ژیانی ماڵوێرانکەرەی گرانی تێدەگەن و باش دەزانن کە چۆن کاریگەری لە ســـەر کار و کاســـپییەکان دادەنێ و

تێگەیشـــتوون کە کارکردن لە ئێران، ئەو شـــوێنەی کە کار چیتر بایەخی نییە، هیچ داهاتوویەکیان بۆ دەســتەبەر ناکات. کەواتە وێڕای هەموو مەترســییەکانی هاوشـێوەی زۆرێک لە چین و توێژەکان ڕۆشتن لە ئێرانیان پێ باشترە.

شارۆمەندانی ئێرانی بۆ منداڵانی ئەفغانستانی و شارۆمەندانی دانیشتووی تاران بۆ منـداڵـە کۆچبـەرە نـاوخۆییـەکـان گرووپێکی دیکـەی پـەیوەنـدین کـە ڕوانگـەی بیچمگرتووی منداڵانی کار بەرامبەر بەوانە جیاوازە کە ئەم ڕوانگە بەرهەمی پەیوەندیی لە شـــوێنی کار، شـــوێنی ژیان، شـــوێنی کایەکردن لەگەڵ منداڵەکانی دیکە، و یانە وەرزشـییەکان و قوتابخانەیە. بەشـێکی ئەم ڕوانگانە بە پێی ڕاسـتییەکان بیچمی گرتووە و هەندێکیش بە پێی کۆمەڵێک پێشداوەریی چەواشـــەکراو. ڕوانگەی منداڵە ئێرانی و ئەفغانییەکان، سـەرەڕای خاڵە هاوبەشـەکانیان، هەندێ جیاوازیشـیان پێکەوە هەیە. بۆ وێنە دوورخســـتنە و تارلندنی منداڵە ئەفغانســـتانییەکان لە پەیوەندیی ڕۆژلنە زیاتر لە منـداڵـە ئێرانییـەکـانـە و ئـەوان زیـاتر لـەبـەر دەم تونـدوتیژیـدان. گێڕانـەوەکـانی ژێرەوە ڕوانگەی هەندێ لە منداڵە ئەفغانستانییەکان بەرامبەر بە شارۆمەندانی ئێرانی و هەندێ لە نوێنەرانی جێبەجێکردنکردنی یاســـا، وەکوو هێزەکانی پۆلیس و کاربەدەســـتانی شارەوانی و بێهزیستی لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم منداڵانە دەردەخا:

> هەیانە باشـــن هەیانە خراپن. بۆ وێنە دەچی بە عارەبانە زبڵ کۆ دەکەیتەوە جوێنت پێ دەدەن، دەڵێن ئەفغانی! زبڵ فڕێ مەدە! دەڵێم من نەمرشـــتووە. بە خۆم دەڵێم خوایە گیان بۆچی ئەم خەڵکە زمانیان بە خێر ناگەڕێ، خۆ دەتوانن ئەم قسانە جۆرێکی دیکە بکەن.

> ئێرانییەکان پێمان دەڵێن ئەفغانی! بۆچی هاتوویەتە ئێرە، بڕۆرەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت. وا دەزانن من چەتم خســتۆتە ناو کاریان. بەڵام نازانن ڕسـق و ڕۆزی خودا دەیدات.

> دوێنێ لێیان دام، دلنەیەکیان لێ ســـرەولندم [ئاماژە بە پشـــتەملی دەکات]. بە پۆلیسشم بڵێم دەڵێ دەی ڕاست دەکا ئەفغانی بۆچی ناڕۆیتەوە.

> هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەبەر ئەو خۆرە خەریکە بکوڵێی. زســتانیش لەبەر ســـەرما خەریکە ڕەق هەڵبێی. هاوین لە تینی گەرما خەریکە بتەقی. هەموو ئەمانە

> بە لایەک، لانیکەم شتێک بدەن پیاو دڵی پێ خۆش بێت. پیاو بچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان و بزانێ شتێکی بۆ ئەو ماڵە کردووە. هەندێ جار بە خۆم دەڵێم باشە خوا گیان ئێمەت بۆ دروست کردووە؛ هەر خەریکی خراپەکردن لە ئاست یەکترین. کەمێک چاومان ورد ناکەینەوە. ئەگەر خراپە دەکەین با کەمێکیش مشووری خۆمان بخۆین.

یان منداڵێکی کۆچبەری ئێرانی کە لە بازاڕی میوە و تەڕەباری میرداماد کاری دەکرد سەبارەت بە شارۆمەندانی تارانی بەم شێوە ڕوانگەی خۆی دەربڕی:

> ئەمانە زۆر پڕئیدعان. پێیان وایە دەبێ هەموو شتێک بۆ ئەوان بێت. ئێرە کە قەرەباڵغ دەبێ، ئێمە فریا ناکەوین قەمسەڵەکانمان لەبەر بکەین هەر دەگوڕێنن هۆۆ وا وا لێهاتوو ... میوە پەتاتە، خەیار، تەماتە بۆچی نایهێنیت. یان میوەکە دەگووشن و دەیفلیقێننەوە، ئیتر هەڵیناگرنەوە. ئێمەش کە پێیان دەڵێین زۆر بە ناشرینی وڵاممان دەدەنەوە. من جاران وام دەزانی تارانی زۆر ڕۆشنبیرن، بەڵام هیچ ڕۆشنبیر نین.

منداڵێک کە لە مارکێتیەکی مادەی خۆراکی لە گەڕەکی قەیسەرییە وەک پەیک کاری دەکرد وتی:

> بۆ وێنە هەندێک کە باریان بۆ دەبەین، کۆڵێ ڕێگا دەبڕی، لە پلیکانەوە دەچیتە سەر، دەستخۆشانەت پێ نادا، کە پێشی دەڵێی دەڵێ بۆ تۆ مەگەر لە خاوەنکارەکەت پارە وەرناگری. خۆ ڕاستە. ئەمانە چاو لەوە مەکە دەوڵەمەندن زۆر قڕنیس و ڕژدن.

ڕوانگەی منداڵانی کار لە مەڕ کاتی پشوو جیاوازە. کەواتە پێناسەکانیشیان سەبارەت بە کاتی پشوو جیاوازە. هەندێ بوونی کاتی پشوو بە پێویست دەزانن و هەندێکی دیکە بە ناپێویستی دەزانن. هەندێکیان بە شادی و کایەکردن پێناسەی دەکەن و هەندێکی دیکەیان بە پشوودان و خەوتن و ڕاپەڕلندنی ئیشە تایبەتەکانیان وەکوو پاکوخاوێنی و لە پاڵ بنەماڵەبوون.

> ڕۆژی پشوو دەخەوین، دەچینە گەرماو، ماڵەوە خاوێن دەکەینەوە ئەگەریش کاتمان بوو ئەوە کەمێک ناو شار دەگەڕین.

منداڵێک کە لە یەکێک لە فیتەرییەکانی گەڕەکی فەرەحزاد کاری دەکرد سەبارەت بە ڕۆژانی پشوو وتی:

| |
|---|
| ڕۆژانی پشوو دەچم تۆپێن دەکەم، لەگەڵ هاوڕێکانم دەچم بۆ یانە. |

ڕوانگەی کۆمەڵگاش جۆرێکی دیکەی ڕوانگەی منداڵەکانە و منداڵانی کار هەلومەرجی کار و ژیانی خۆیان لەگەڵ دیتران هەڵدەسەنگێنن. کاتێک کە دەبینن لە ژیانیاندا لە چاو دیتران هەندێ کەمایەسییان هەیە، هەندێ هەست و ناسیاریی بەرامبەر بە کۆمەڵگا لەواندا بیچم دەگرێ کە ئاوێتەبوونی ئەم دووانە ڕوانگەی بەرامبەر بە کۆمەڵگا بیچم دەدات. ئەم ڕوانگە بەم جۆرەیە کە لە کۆمەڵگادا نایەکسانییەکی زۆر بوونی هەیە و ژیانی ئەوان لە چاو دیتران زۆری کەم و کوڕی تێدایە کە دەبێ بە کارکردن بەشێک لەم کەمایەسییە قەرەبوو بکەنەوە. منداڵێکی ئەفغانستانی کە لە لەحیمکارییەکدا لە گەڕەکی خەلازیر کاری دەکرد بەم ڕستانە هەستی خۆی بەرامبەر بەم کەم و کوڕی و کەمایەسییانە دەربڕی:

| |
|---|
| بنەماڵەکەم پێویستیان بە پارەی من نییە، بە داهاتەکەم کەلوپەلی ناو ماڵ دەکڕم. ئەوان دەڵێن مەکڕە. من پێم خۆشە بیکڕم [بە چێژەوە ئەمە دەڵێت]. چونکە ئازار دەچێژم، ماڵمان نییە ڕەنج دەکێشم. بێتاقەت دەبم کە دەبینم خزمەکانمان هەیانە و ئێمە نیمانە. دەبێ شت بکڕم. خزمەکانمان بیست ساڵ لەمەوبەر هاتوونەتە ئێران. |

## چاوپۆشی و بەنۆرمکردن

جۆرەکانی کاری منداڵان لە شاری تاران باوە کە پرسیارێک کە لە مێشکدا دروست دەبێ ئەوەیە: بۆچی سەرەڕای بوونی یاسا، ڕێسا و ئەو ڕێکخراوانەی کە لەم بوارەدان و سەرچاوەی مرۆیی و مادییان هەیە، ئێمە هێشتا شایەدی کاری منداڵانین؟ بەشێک لە هۆکارەکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی منداڵانی پەنابەر و هەژاریی بەربڵاو کە لە کۆمەڵگای ئێراندا بوونی هەیە، بەڵام بەشێکی دیکەی بە هۆی کەمکاریی دام و دەزگا پەیوەندییەدارەکانی ئەم بوارەیە، دام و دەزگاگەلی وەکوو وەزارەتی کار، هەرەوەرزی و خۆشگوزەرانیی لە سەرووی کۆمەڵگا و بێهزیستی وەک یەکێک لە ناوەندەکانی ئەم وەزارەتخانە. لە ڕاستیدا ئەم وەزارەتخانە دەبێ چاودێرییەکی وردی بە

سەر کارە جیاوازەکانیدا هەبێ بۆ ئەوەی لە پیشە دژوارەکاندا منداڵان بەکار نەهێنرێن و بێهزیستی و ڕێکخراوەکانی داکۆکیی کۆمەڵایەتی و بەتواناکردنیش دەبێ ئەم منداڵانە دەستنیشان بکەن و بە پاڵپشتیکردنیان و خستنە ڕووی بەدیل ڕێگری لە کارکردنی ئەوان بکەن. هەڵبەت کۆچ و بە هۆیەوە، پەنابەری پرسێکی گرینگە و لە سۆنگەی یاساییەوە ئەم ڕێکخراوە لە ئاست داکۆکی لە منداڵە نائێرانییەکان هیچ ئەرکێکی نییە، بەڵام ئەم بابەتە دژی ئەرکە مرۆییەکان و ڕەچاوکردنی مافەکانی منداڵ نییە، بەتایبەت ئەوەی کە ئێران یەکێک لە واژۆکارانی کۆنوانسیۆنی جیهانیی مافەکانی منداڵە دەبێ لە پێناوی داکۆکیی لە منداڵانی کۆچبەر و پەنابەر لە ئێران هەموو هەوڵی خۆی بدا و بەرەنگاری هەر کارێک کە مافەکانیان پێشێل دەکا ببێتەوە. دامەزرلندنی منداڵان لە جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵ، بەتایبەت کارە سەخت و زیانبەخشەکان، پێشێلکرانی ئاشکرای مافەکانی منداڵە و بە پێی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ - کە وڵاتی ئێرانیش ئەندامیەتی - دام و دەزگاکان دەبێ ڕێگری لە کاری منداڵان بکەن. لە برگەی دووی پەیماننامەدا هاتووە: "وڵاتانی ئەندامی کۆنوانسیۆن ئەو مافانەی کە لەم کۆنوانسیۆنەدا هاتووە بۆ هەموو ئەو منداڵانەی کە لە بازنەی دەزگای دادی ئەوان ژیان دەکەن بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە هەڵاواردنێک لە ڕووی نژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیر و باوەڕی سیاسی، نەتەوە، پێگەی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتی، سامان، لاوازی، لەدایکبوون، و دیکەی حاڵەتە تایبەتەکانی دایک و باوک و سەرپەرشتیاری یاسایی ڕێزی لێ دەگرن و دەستتبەری دەکەن." [45] بەڵام دەبێ بڵێین لە ئێران دام و دەزگاکان لە ڕێکخستنی کاریگەرانەی منداڵەکان و ڕێگری لە کارکردنیان چاوپۆشی دەکەن و پشتگوێیان دەخەن. یەکێک لە چالاکولنەکانی مافەکانی منداڵ لەم بارەوە وتی:

بە گشتی وەزارەتی کار و دام و دەزگاکانی دیکە کە بەرپرسی ئەم بابەتەن هیچ چاودێرییەکی کاریگەر بە سەر ئیشی کاری منداڵاندا ناکەن، بە سەر کارگاکاندا هیچ چاودێرییەک ناکرێ، بەرەڵایان کردوون. بۆ یانی ئەوان نازانن لە کارگاکاندا منداڵان ئیش دەکەن، یان منداڵان لە سەر ئاستی شار زبڵ کۆ دەکەنەوە. ئەزقەزا خۆشیان هەندێ توێژینەوەیان لەم بارەوە ئەنجام داوە و لانیکەم ناسیارییەکی ڕێژەییان لەم بابەتە هەیە؛ دەزانن، [بەڵام] هیچ ناکەن، تەنانەت یاساکانی خۆشیان جێبەجێکردن ناکەن. هەڵبەت لە ڕووی یاسا و ڕێساوە کێشەمان نییە، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنکردنەوە کێشەمان هەیە.

یان یەکێک لە خاوەنکارە کارواشدارەکانی لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| لە لایەن وەزارەتی کارەوە هیچ چاودێرییەک ناکرێن، کێ دێتە سەر تەلەڤیزیۆن؟ هەر قسە دەژنەوین. |

وەک وترا، لە بواری کاری منداڵان و ڕێگری لە کاری منداڵان، یاسا و ڕێسای زۆر هەیە، بەڵام وێدەچێ هەندێکیان پەسەند کرابێتن بۆ جێبەجێکردن نەکران. پەسەندکرانی یاساکان بۆ نەهێشتنی کاری منداڵان بەس نییە، بەڵکوو دەبێ میکانیزمی گونجاویش بۆ جێبەجێکردنکردنی یاساکان ئامادە بکرێت. هەروەها نەهێشتن یان نایاساییکردنی کاری منداڵان بە تەنیا بۆ نەهێشتنی کاری منداڵان تەواو نییە، تەنانەت ئەگەر بیر لە میکانیزمێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنکردنی یاساکانیش بکرێتەوە، چونکە بنەماڵەیەک کە هەژارە بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە تێچووەکانیان منداڵەکانیان دەنێرنە بەر کار. تەنانەت دەبێ بڵێین کاتێک کە هەلی خوێندن لەبەر دەستدا نەبێ، هەلە ئابوورییەکان بە شێوەی دادپەروەرانە لە ناو چین و توێژەکان، ئێتنیک، ئایینەکان، ڕەگەزەکان و پانتای ژیان دابەش نابێ، کاری منداڵان دەبێتە یەکێک لە بژاردەکانی قەرەبووکردنەوەی ئەم هەلاواردن و بێبەشییانە. هەروەها دەستنیشانکردنی هەندێ کارگا، وەکوو کارگای ماڵی و ئەو کارگا بەرهەمهێنەرانەی کە لە پانتای ماڵیدا دادەمەزرێن، بە هۆی جۆری چالاکییەکەیان بۆ دەوڵەت چەتوونە و ئەگەر دەستنیشانیش بکرێ، چاودێریکردنیان ئەستەمە. یەکێک لە شارەزایانی بابەتەکە لەم بارەوە وتی:

لەوانەی کە ژێرزەوینین منداڵان حەڕەشەیان زیاتر لە سەرە، چونکە چاودێری و دەستنیشاکردنیانی کەمترە، چ چاودێریی ئێن‌جی‌ئۆیی و چ چاودێریی جەماوەری، ماوەی کار و جۆری کار و ڕەچاوگرتنی ئەو ستانداردانەی کە تەندروستیی دەروونی و ڕۆحی و جەستەیی منداڵ دابین و دەستەبەر دەکات. لەم پێناسەدا هەندێ لە منداڵەکان لە تەمەنی کاری پازدە هەتا هەژدە ساڵاندان، بەڵام بە هۆی ئەوەی ناسنامەیەکی ڕوونیان نییە ناتوانن وەکوو ئەوانی دیکە لە داکۆکیی یاسایی سوودمەند بن ئەو کەسانەی کە ناسنامەیان نییە هەم ئێرانین و هەمیش ئێرانی نین، ناتوانین بڵێین هەموویان ئێرانین.

تەنانەت لە هەندێ حاڵەتەدا کە یاساکان جێبەجێکردن دەبن، کار و ژیانی منداڵەکان ئەستەمتر دەبێت. وەک لە بەشەکانی پێشوودا ڕوون کراوە، لە زۆر حاڵەتدا چاودێریکردنی هەندێ لە کارەکان بەتایبەت ئەو کارانەی کە منداڵان زیاتر لەبەر

چاون، وەکوو منداڵانی سەر شەقام، و گرتنیان لە گەڵاڵەی شکستخواردووی ڕێکخستن نە تەنیا ڕێگری لە کاری منداڵان نەکردووە، بەڵکوو ئەوانی بردۆتە ناو کاری دیکەوە کە لە سۆنگەی سروشت و بارودۆخی کارەوە دژوارترن و منداڵ لەو کارانەدا سەربەخۆیی کردەیی کەمترە. هەروەها لە هەندێ حاڵەتی وەکوو پەلاماردانی شوێنی نیشتەجێبوونی زبڵگەڕەکان و ڕووخاندنی شوێنی نیشتەجێبوون و کارکردنیان، ئەم داپەڕانە نە تەنیا لە ڕێگری لە کاری منداڵان هیچی لێ سەوز نەبووە، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆر حەڕشەی لە ژیانیان کردووە. گەڵاڵە ناساراوەکانی ڕێکخستنی منداڵان یان نەهێشتنی کاری منداڵان بە تەنیا بۆ نەهێشتنی کاری منداڵان بەس نییە، بەڵکوو لە پاڵ ئەمە یاساکانی ئێران هەندێ کێشەی هەیە و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم زەمینەی بۆ خاوەنکارەکان ڕەخساندووە کە کەڵک لە کاری منداڵان وەربگرن و بگرە کەڵکاوەژۆییان لێ بکەن. یەکێک لە شارەزایان و چالاکوانانی بواری کاری منداڵ لەم بارەوە وتی:

چاو لێکە کارگاکان لە چاودێریی دەوڵەت دوورن، ئەمە ڕاستە و ئەوەی کە کارگای کەمتر لە دە کەس وەبەر یاسای کار ناکەون؛ ئەمەش باش نییە. کەس نازانێ خەریکی چین؛ واتە منداڵ ئیش دەکات. ڕەنگە لە گەورەساڵێک چاکتر ئیش بکا، من ئەم منداڵانە لە ناو فیتەرییەکاندا دەبینم کە لە ناو قوڵکەی ئۆتۆمبێلدان کە ڕۆنەکە دەگۆڕێ، خەریکی فیتەری دەبێ ... . دەی لێرەدا ئەمە کرێکارە. کاتێک کە حەقدەستی پێ دەدرێ؛ دەبێتە منداڵ؛ دو شتی لێکدژن و دەوڵەتیش هیچ چاودێرییەک ناکا، چونکە کارگەی ژێر دە کەسی بە کارگەی خێزانی دەزانێت. لە حاڵێکدا ئەمانە هیچ کارگای خێزانی نین. هیچ ئەڤغانستانییەک ناتوانێ بێتە ئێران بێتە دووکان بۆ وێنە فیتەری یان میوەفرۆشی هەبێت. ئەمانە دووکانی باوک - شاگردی نین. سەردەمانێک دەیانوت کارگای ژێر دە کەسی وەبەر یاسای کار دەکەوێت. دواتر کە ئەم کارگایانەیان کۆ کردەوە، زۆرێک لەم کارگایانە لە بازنەی یاسای کار هاتنە دەرەوە.

هەڵبەت دەبێ بڵێین کە ئەمە تەنیا دەوڵەت نییە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان چاوپۆشی لە کاری منداڵان دەکا، بەڵکوو زۆرێک لە ڕێکخراوە گشتییەکانی دیکەش وەکوو شارەوانی، ئێن جی ئۆکان، خاوەنکاران، و بنەماڵەی منداڵەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان چاویان لە ئاست کاری منداڵان دەنووقێنن و یان بەنۆڕمی دەکەن و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا پاساوی بۆ دەهێننەوە. شارەوانیی تاران یەکێک لەم ڕێکخراوانەیە. بۆ وێنە بە پێی زۆرێک لە ڕێکاری بەشە جیاجیاکانی وەکوو ڕێسای کۆکردنەوەی

زبڵی وشک، کاری منداڵان یان بەکارهێنانی منداڵان بۆ ئەم کارە قەدەغەیە، بەڵام بەو پێیەی کە شارەوانی ئەم چەشنە کارانە خستۆتە ئەستۆی کەرتی تایبەت و چاودێرییەکی لاوازی بە سەر پەیمانکارەکان بەتایبەت لە بواری بەکارهێنانی منداڵان هەیە، چاوپۆشی لە کاری منداڵ کردووە و پەیمانکارەکان شەرعێتییان بە کاری ئەوان داوە. زۆر بە باشی ئەمە لە کارگەلی وەکوو زبڵگەڕی، کارکردن لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار، و عارەبانەچییەکانی ناو بازاڕ بەدی دەکەین. یەکێک لە شارەزلیان بواری منداڵی لەم بارەوە وتی:

ئەم دەرەکی سپاردن و بەتایبەتی کردنی کارانە زۆر بە باشی زەمینەی بۆ کاری منداڵان ڕەخساندووە. ئەگەر شارەوانی خۆی بیهەوێ ئەم کارە بکا، بەو پێیەی کە لەوانەیە وەک ڕێکخراوێکی فەرمی ڕخنەی لێ بگیرێ، ڕەنگە کەمتر ئیشی بە منداڵان بکردایە، بەڵام بە دەرەکی ئەسپێریی ئەم کارانە، بەرپرسایەتی لە خۆی داماڵیوە، بە گشتی چاودێری بە سەر پەیمانکارەکاندا ناکات.

خاوەن کارەکانیش بە پێی پاساوی جیاجیا لە کارە جۆراوجۆرەکاندا منداڵان دادەمەزرێنن و کارەکەیان بە نۆرمدار پیشان دەدەن. لێرەدا بەنۆرمکردن دەگەڕێتەوە بۆ بیر و باوەڕی ئەوان لە مەڕ منداڵان و کارکردنیان. یەکێک لە پاساوەکانی ئەوان بۆ دامەزراندنی منداڵان و نۆرمدارانە پیشاندانی کارەکەیان ئەوەیە کە ئەوانیش خۆیان لە هەرەتی منداڵی کاریان دەست پێ کردووە و کارکردنی منداڵ نە تەنیا زیانیان پێ ناگەیێنێ بەڵکوو لە گەشەی کۆمەڵایەتی و فێربوونی تواناکانی ژیان کاریگەرە و ئەمە سروشتییە کە ئەم باوەڕە هەڵە جێی تێڕامان و ڕخنەیە. هەڵبەت ئەوانیش بە باشی ناتوانن لە نێوان جۆرەکانی کاری منداڵ و ئەو کارانەی کە وەک کاری منداڵان لە هەژمار نایە و هەروەها لێکەوتەکانی کاری منداڵ جیاوازی دابنێن. یەکێک لە خاوەن کارەکان هەر لەم بارەوە وتی:

> من خۆم هەر لە منداڵییەوە خەریکی ئەم ئیشەم (کاری فیتەری). وەکوو زۆرێک لە منداڵەکان، بەیانان دەهاتم، شەو دەچووینەوە، پیاو لێرەدا فێری زۆر شت دەبێ، و دواتر دەتوانێ بۆ خۆی ئیشێک بکات.

سەرباری ئەوەی نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەم جۆرە شارەزابوونە زیاتر لە ناو کاری ئابووریی نەریتی و کاری ماڵی و کارگای بەرهەمهێنانی بچووکدا بەسوودە. لە کۆمەڵگای نوێ کە یەکەکانی کار ڕێک خراون و بە پێی زانست و پیشەسازی

دامەزراون ئیتر ئەم چەشـــنە پرۆســـەی فێربوونانە کەڵکێکی ئەوتۆیان نییە. هەڵبەت بەشـێک لە ئابووریی ئێمە هێشـتا شـێوە نەریتییەکەی هێشـتووەتەوە و هێشـتا زۆر هەلی پیشەیی بۆ ئەنجامدانی کاری لە برەو کەوتوو و بەکارهێنانی هێزی کاری دەستی بوونی هەیە. یەکێکی دیکە لە پاســـاوەکانی ئەم گرووپە بۆ دامەزراندنی منداڵان ئەوەیە کە منداڵ دەبێ لە تەمەنی کەمەوە بچێتە ناو پرۆسـەی کار و شـارەزا بێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوودا لەو بوارەدا پیشـــەکەی دەســـتەبەر بکات. خاوەنکاری یەکێک لە کارگە پێڵاودوورییەکان لەم بارەوە وتی:

> دەبێ لە منداڵییەوە فێری ئەم ئیشـــە بی، چونکە پیاو کە یەکەم جار دێتە ئێرە نایزانێ، حەقدەسـتت کەمە و ئیشـەکەش قورسـە. دەبێ لە تەمەنی کەمەوە بێی کە هەم لەگەڵ ئیشەکە خۆشە بی و هەم ئەوەی کە وەختێ کە گەورە بووی، لانیکەمی داهاتێکت هەبێت.

هەندێکی دیکە لە خاوەنکارەکان بۆچوونی هاوکاریکردنی منداڵیان هەیە. ئەوان لەو باوەڕەدان و پێیان وایە کە بە دامەزرلندنی منداڵ بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوکاریی ئەو منداڵە و بنەماڵەی ئەو منداڵەیان کردووە. ڕەنگە ئەم تاقمە خاوەنکارانە لە ناو کارگاشدا زیاتر ئاگایان لە منداڵەکان بێ، کاری قورسیان پێ نەدەن، و لە ماوەی کاردا ئاگلیان لە منداڵ بێت. ڕەنگە ئە تاقمە خاوەنکارە لە لێکەوتەکانی کاری منداڵ ئاگادار بان، چیتر ئەم منداڵانەیان دانەدەمەزراند. یەکێک لە خاوەنکارەکانی بازاڕی گوڵ وتی:

> بە خوا من ڕێز لە یاسای منداڵانی کار و ئەمانە دەگرم. ئەگەریش دایانبمەزرێنم هەر وا، لەبەر ئەوەی دڵخۆشـیان بکەم، دەنا کاری قورسـیان پێ نادەم. وەکوو ئەمە ... کە لێرەیە. زیاتر لەبەر ئەوە کە دەسـتگرۆیی بکەم، دەنا پێویسـتم بەمە نییە. ئەم داماوە لێرەیە کە گوڵدانێک بگۆڕێ و دوو هەزار تمەن وەدەست بێنێ، بڕێک خۆش ببێ و هەر ئەمە.

یەکێک لە خاوەنکارەکانی بازاڕی پۆشـــاک کە ئەزموونی چەندین جارەی کار لەگەڵ منداڵانی هەبوو سەبارەت بە بەکارهێنانی منداڵان وتی:

> دەڵێم ئەومندەی بۆم بلوێ هەوڵ دەدەم منداڵ دانەمەزرێنم. دەڵێم باوکەکانیان عارەبانەچی و داشـقەچین، ئەمانە شـتن ... منداڵ دێنن. بەڵام خۆم ئەگەر بانگەواز بکەم، تەلەفۆن بکەن منداڵ دانامەزرێنم. مەگەر ئەوەی ناسـێنەر بێت. بۆ وێنە

شـوێنێکی متمانەپێکراوی دیکەی پێ شـک نایە، دەڵێن کاکە با لێرە بێ، دوو سـێ مانگ ئیش بکات. بەڵام بە گشتی ئەستەمە. ئیش‌کردن لەگەڵ منداڵان دژوارە. یان دەبێ خۆت بخەیتە تەمەنی ئەوان، یانی ئەزموونی زیاتری دەوێ کە ئیش لەگەڵ ئەمانە بکەی، یان فەرمانیان پێ بدەی، شـتێکی پێ دەڵێن دڵی پڕ دەبێت. یان ئیشـێک خراپ دەکا، کەمێک دەنگی لێ بەرز دەکەیتەوە دڵناسـکن و دڵیان پڕ دەبێت. دەی ئەمە ئەزموونی منە. هەوڵ دەدەم بە گاڵتە و جەفەنگ و پێکەنین پێیان بڵێن کارەکەت هەڵەیە. ئەگەر لەگەڵیان جیدی بی دڵیان پڕ دەبێت.

هەندێ جار خاوەن‌کارەکان بە پێی ڕەگەز یان جۆری کار، کاری منداڵان نۆرمدار دەکەن، چونکە پێیان وایە کە کاتێک کاری سـووک و لە ئاسـت تواناکانیان پێ بسـپێردرێ دەتوانین کەڵک لە منداڵان وەربگرن. لە وڵامی ئەم تاقمە دەبێ بڵێین ئەم تاقمە کارلنە لەوانەیە یان لە سـۆنگەی هەلومەرجی شـوێنی کار، نەک سـروشـتی کار، بۆ منداڵ گونجاو نەبێ، یان بە هۆی ئەوەی کاتێکی زۆری منداڵ زەوت دەکا و لە چوونە قوتابخانە بێبەشـی دەکات. یەکێک لەو خاوەن‌کارانەی کە کارگەی بەرهەمهێنانی بوو و لایەنگری ئەنجامدانی کاری سـووک لە لایەن منداڵەکان بوو بەم شێوە بۆچوونی خۆی دەربڕی:

بە پێی هەلومەرجەکە دۆخەکە فەرقی هەیە؛ جاری وایە کاتێک کە چاکە لەگەڵ منداڵ دەکەی بە چاکەکەت دەزانێت. ئەگەر کارەکە قورس بێ کار بە منداڵ ناکەین. ئەگەر ئیشەکە سووک با ئیشیان پێ دەکەین. تەکنیکەکە ئەوەندە قورس نییە کە فێری شـتێک بن. لە ڕووی شـارەزاییەوە ئەگەر زەینیان بەهێز بێ دێنە ناو کارەوە. چۆنت پێ بڵێم ئەگەر ئیشـەکە بە باشـترین شـێوە ڕاپەڕێنن تەواوە. چونکە کارەکە شارەزایی ئەوتۆی ناوێ. کاری بەردەستی و کاری سووکە.

خاوەن‌کاری فرۆشـگەیەکی مادەی خۆراکیش پێی وا بوو کە بە پێی جۆری کار دەشێ کار بە منداڵ بکرێ و لەم بارەوە وتی:

تۆ بڕوانە شـوێنی منداڵەکان لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیکە جیاوازە لە چواردە بۆ پازدە سـاڵ قبووڵ دەکەین. بەو مەرجەی بنەماڵەکەی بەمە بزانن. سـیسـتەمی ئێرە وایە. هەیە لەگەڵ دایکی دێت. ئێمە لەگەڵ دایکی قسـە دەکەین، دەڵێین دادە گیان ئێرە لە کاتژمێر نۆی بەیانییەوە هەتا نۆی شـەو کارە. سـنووری

| |
|---|
| خۆمان دەپارێزین. سیستەمی ئێرە وەهایە. ئێمە سنووری خۆمان ڕادەگرین. |

تاقمێکی دیکە لە خاوەنکارەکان پێیان وایە کە کاری منداڵ دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ سەرقاڵ بێ و لە ڕفتارە مەترسیدارەکانی وەکوو بەڕەڵایی و تاوانباری دووری بێتەوە. بە بۆچوونی ئەم تاقمە بەو پێیەی کە منداڵ ئیش دەکا و خاوەنکار لە شوێنی کار چاودێریی بە سەر ڕفتاری ئەواندا دەکا، هەر ئەم بابەتە کۆسپی بەر دەم ڕفتاری تاوانبارانەی منداڵان و کەڵکاوەڕۆژیی کردن لەو منداڵانە. خاوەنکاری بەرگدوورییەک لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| ئەگەر دەستگرۆییان نەکەین و کۆمەکیان نەکەین، یان دەچێتە سەر چوارڕێیانەکان یان دەبێتە گیرۆدەی مادەی هۆشبەر یان کەڵکاوەژۆییان لێ دەکەن، هەموو چەشنە کەڵکاوەژۆییەک کە خۆتان چاکتر دەزانن چی دەڵێم. |

تاقمێکی دیکەیان پێیان وایە کە سوودبینین لە کاری منداڵان هەم بە قازانجی خاوەنکارە و هەم بە قازانجی منداڵەکانە؛ چونکە بۆ ئەوان هێزی کاری هەرزانە و خاوەنکار لە هەمبەر ئەم کارە هەرزانە ئیشی پێ داوە کە وێڕای شارەزابوون، لەوانەیە مانگانە بڕە پارەیەکیشی پێ بدات. دووکاندارێک لە مەڕ هەڤیازیی بەکارهێنانی هێزی کاری منداڵ وتی:

| |
|---|
| هەر دووکمان براوەین. هەندێ جار ئەو درگای دووکانەکە دەکاتەوە منیش بە چوار کار ڕادەگەم، خۆ دەزانی چی دەڵێم. |

تاقمێکی دیکەی خاوەنکارەکان وێنایەکی تایبەتیان لە تەمەنی منداڵی هەیە و پێیان وایە تافی منداڵی ڕەنگە هەتا تەمەنی دە دوازدە ساڵان بێ و کەسانی ژوور پازدە ساڵان بە منداڵ نازانن و پێیان وایە دەکرێ ئەم تاقمە تەمەنییە (کە لە ڕاستیدا منداڵن) کاریان پێ بکرێت. هەروەها بە باوەڕی ئەوان تەمەنی منداڵی و سوودمەندبوون لە کاری منداڵ بە پێی ئێتنیکی منداڵەکان جیاوازە. بۆ وێنە بە باوەڕی ئەوان لەوانەیە تەمەنی منداڵانی ئێرانی و ئەڤغانستانی جیاوازە و دەتوانین لە کاری ئەوان سوودمەند بین. کەواتە نەتەوە و ئێتنیکی منداڵەکان بنەمایەکی جیاکارانە لە دژی منداڵانە. خاوەنکارێک کە لە کەرتی مادە خەسارچووەکان کاری دەکرد و ڕوانگەیەکی هەڵەی بەرامبەر بە تەمەنی منداڵی هەبوو لە مەڕ بەکارهێنانی کاری منداڵ وتی:

ئەریَ لەگەڵمان دیَن. خۆ منداڵ نین، پازدە شـازدە سـاڵانن ئیتر بۆ منداڵن. میَرمنداڵن. هەمووشیان خەڵکی ئەڤغانستانن.

تاقمیَکی دیکە بە پیَی ئەم پاسـاوە منداڵان دادەمەزریَنن کە منداڵەکان خۆیان لە سـەر کارکردن پیَداگری بکەن، ئەوان کاریان پیَ دەکەن. هەڵبەت هەندیَک لە منداڵەکان بە هۆی هەژاریی بنەماڵە یان پیَداگریی بنەماڵە لەولنەیە هەڵوەدای کار بن و داوای لە خاوەنکار بکەن کە کاریان پیَ بدەن. بەو پیَیەی کە تۆڕی پاڵپشتییان لاوازترە، لەوانەیە بۆ دۆزینەوەی کار هەولَیَکی زۆر بدەن و لە ئەنجامدا بچنە ناو کاری مەترسیدارەوە. کەواتە زۆربەیان لە بەر دەم مەترسی و کەڵکاوەژۆییدان. خاوەنکاری ڕۆنگۆڕەوەیەک سەبارەت بە پیَداگریی منداڵەکان خۆیان بۆ وەرگرتنی کار بەم چەشنە بۆچوونی خۆی خستنە ڕوو:

دیَن دەپارنەوە من ئەم ئیشە دەکەم. من پیَم وتن زیاتر لەگەڵ گەورەساڵان ئیش دەکەن. ئەولنەی وا کارزانن، ئەولنەی وا خۆیان تەلەفۆن دەکەن، ئەندازیار ئیشـت هەیە؟ ئیشت نییە؟ من ئاوا ئیشیان پیَ نادەم، چونکە هیَزی خۆمم هەیە. وەک وتم منداڵان لەم تەمەن و لەم بازاڕەدا زۆر دادەمەزریَنم. ئیتر تەلەفۆنیش بکەن و داوای ئیش بکەن دەلَیَم وەرن لە سـووچیَکدا بۆ خۆتان ئیش بکەن، ئەگەر ئیش هەبیَ. بەڵام ئەوەی کە خۆم بکەومە دوایان نا شـتی وا نەبووە. من هیَزی کاری باشـم دەویَ، تەمەنی لە سـەر و کارزان بیَ، چونکە بەتایبەت ئەگەر ناشـارەزا بیَ زیاتر دەست و پاگیرە.

تاقمیَکی دیکەی خاوەنکارەکان بەو پیَیەی کە دەزانن لە چاو گەورەسـاڵەکان گوێڕایەڵترن و هەرچییەکیان پیَ بوتریَ ئەوان ئەنجامی دەدەن، کەمتر ناڕازین، و کەمتر پەیجووری مافەکانیانن، کاری منداڵان بە کار دیَنن. بە پیَی بەڵگە مەیدانییەکان ئەم تاقمە خاوەنکارانە لە ژینگەی کاردا ئازاری منداڵەکان دەدەن. بۆ ویَنە لەوانەیە بە سەریاندا بگوڕیَنن، فەرمان و ڕیَگریان لیَ بکەن، و ئەگەر نەیانهەویَ منداڵ کاریان بۆ بکا حەقدەسـتەکەی نادەن. یەکیَکی دیکە لە هۆکارەکانی دامەزراندنی منداڵان لە لایەن خاوەنکارەوە ئەوەیە کە لەو کارانەی کە کاتژمیَری کاری دریَژخایەن یان نائاسـاییان هەیە و دەبیَ لە شـەودا ئیش بکەن، ئەوە منداڵەکانن کە زۆر بە باشـی بەرعۆدەی ئەم ئیشـانە دەبن، چونکە گەورەسـاڵەکان یان خیَزاندارن یان ئامادە نین ئەو کارانە بکەن. بۆ ویَنە ئەو کارانەی کە شـویَنی کار و نووستن یەکە یان لە نزیک یەکن،

و یان منداڵە ئیشکەرەکان لەم کەرتەدا لە شارەکانی دیکەوە هاتوون ئەوە منداڵانن کە باشترین شێوە دەتوانن ئەم کارانە ڕاپەڕێنن و لە هەموو ڕوویەکەوە بە قازانجی خاوەنکارە. یەکێک لە خاوەن کارواشەکان لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| من پێم وایە ئەم منداڵانە هەندێ جار لە سەد گەورەساڵیش باشترن. چونکە ڕاستگۆ و گوێڕایەڵن و هەمیش زیاتر دەترسن ئەمانە لە سەد گەنجی نەفام باشترن. بۆ وێنە بیست یان نۆزدە ساڵان ناوێری لە گوڵ کاڵتری پێی بڵێی دەتۆرێ یان خەریکە بێ بۆت. |

خاوەنکارێکی دیکە کە دووکانی کەلوپەلی ئێدەکی ئۆتۆمبێلی هەبوو سەبارەت بە چاکیی دامەزراندنی منداڵ وتی:

| |
|---|
| خۆشە، منداڵانێکی زیرەکن، لە چاو گەورەساڵان باشتر ئیش دەکەن. ئێمە متمانەمان پێیانە و کارمان پێ سپاردوون. |

هەر بەم شێوە تاقمێکی دیکە تەنیا بیر لە قازانجەکەیان لە کاردا دەکەنەوە و بە لایانەوە فەرقی نییە کە کێ کارەکە بکا و گرینگ ئەوەیە کە کارەکە ڕاپەڕێت. هەر لەم بارەوە خاوەن مارکێتیەکی مادەی خۆراکی وتی:

| |
|---|
| هەر کەس پێویستی بە ئیش بێ پێی دەدەین گەورە بێ یان چکۆلە. ئێمە خودی ئیشکەکەمان بە لاوە گرینگە. |

هەندێک جار خاوەنکارەکان لە هەندێک کارگادا باش دەزانن کە بەکارهێنانی کاری منداڵان نایاساییە، بەڵام دیسانەوە بەهۆی هەرزانیی کار و گوێڕایەڵیی منداڵان، بە کاریان دێنن و کاتێک پشکنەرانی کار سەردانی ئەم کارگایانە دەکەن، ئەوا خاوەنکارەکان ئەم منداڵانە لە چاوی پشکنەرەکان دەشارنەوە. بۆ وێنە لەوانەیە بیاننێرنە ئەمبار یان هەر شوێنێک کە تیشکی چاوی پشکنەرەکان نەیانپێکێ یان دەیاننێرنە درگای پشتەوە. خاوەنکارێک کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری جانتا و پێڵاو هەبوو سەبارەت بە بەکارهێنانی منداڵان لەم جۆرە کارگا فەرمییانە وتی:

| |
|---|
| کارگا فەرمییەکانیش کاری منداڵان بە کار دەهێنن، بەڵام بە وریاییەوە. ئەگەر کاتێک پشکنەری کار بێ، دەڵێ منداڵی یەکێکە لە کرێکارەکان یان دەیانشارنەوە بۆ ئەوەی پشکنەرەکە نەیانبینێت. |

بەشـێک لە خاوەنکارەکانیش کەمێک لە بارودۆخی منداڵەکان تێدەگەن و لە کەمتەرخەمیی بنەماڵەکان بەرامبەر بە منداڵان کەڵکاوەژۆیی لە منداڵان لە لایەن خاوەنکارەوە ڕەخنەیان هەیە و ئەوان پێیان وایە منداڵان هەندێ مافیان هەیە کە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت. یەکێک لەولنەی لە کەرتی پەردەدوورین ئیشـی دەکرد لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| هەندێک لە خاوەنکارەکان هیچ گرینگی نادەن کە بۆ وێنە ئەم منداڵە پێویستی بە پشـوودانە، پێویسـتی بە یاریکردنە، پێویسـتی بە ... بێگومان کاتێک بۆ ئەوان گرینگ نییە، دەی خاوەنکارەکەش دەڵێ کاتێک باوک و دایکی ئاوا بیر دەکەنەوە، باشە منیش وا دەکەم. |

خاوەنکارێک کە لە بازاڕی تاران هۆدەی هەبوو، ڕەخنەی لە کاری منداڵان گرت و وتی:

| |
|---|
| ژینگەی بازاڕ ژینگەیەکی باش نییە؛ ژینگەیەکی پیس و زۆر خراپە. لێرەدا دەبێ فێری درۆ و دەلەسە بێت. |

ئێنجیئۆکانیش هەندێ جار زەمینە بۆ کاری منداڵان خۆش دەکەن. بۆ وێنە لەوانەیە بە هۆی بینینی هەژاری و نەداریی بنەماڵە و ئەوەی کە بنەماڵەی منداڵەکە و منداڵەکە خۆشـی داوایان لێ کردوون کە کاریان بۆ بدۆزنەوە، هەندێ جار ئەم کارە بکەن. دەبێ بڵێین ئێنجیئۆکان پێیان وایە کاری منداڵ هەڵەیە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا بە پاساو و ناوبڕ زەمینەی کاری منداڵ دەڕەخسێنن. هەندێ لە پاساوەکانیان ئەوەیە کە لە کارگا فێری کارێک دەبن و بۆ داهاتوویان باشە، باشتر لە کارکردن لە سەر شـەقامە و یان لەو بڕوایەدان کە کارکردن کەمتر زیان بەم منداڵانە دەگەیێنێ و تەنانەت لە ئاقاری زۆرێک لە لادانەکان دووریان دەخاتەوە. ئەم ڕێکخراوانە بە پێی ئەو شوێنەی کە تێیدا دامەزراون لەوانەیە ڕێکاری جیاواز هەڵبژێرن. بۆ وێنە لە گەڕەکی فەرەحزاد لەوانەیە لە هەندێ لە کارگاکانی گەڕەک یان لە گەڕەکی 12ی شـارەوانی کار بۆ منداڵەکان بدۆزنەوە، هەڵبەت لەو جۆرە کارانەی کە بۆ بۆچوونی ئەوان بۆ داهاتووی منداڵ شـیاوە و ئەگەری کەوتنە مەترسـیی منداڵ کەمترە. یەکێک لە چالاکوانانی ئێنجیئۆکان لەم بارەوە دەڵێ:

لە قۆناغێکدا دەتوانین زیان کەم بکەینەوە؛ یانی هەر هیچ نەبێ ئەو شـوێنەی کە

منداڵ ئیشـــی تێدا دەکا کۆنترۆڵ بکەین یان ئەگەر دەزانین منداڵێک بە پێی توانای دەتوانێ ئیشێکی باشتری هەبێ، دەتوانێ فێری بێ لە سەر چوارڕێیانەکانەوە بیانهێنینە ناو کارگا؛ ئەمە داپەڕی یەکەمە کە لە پاڵ باشـــترکردنی بارودۆخی بنەماڵە و بەتولناکردنی ئەندامانی دیکەی بنەماڵە و لە کۆتاییدا ســـەنلنەوەی کار لە منداڵ ئەمە ڕەوتی گشتیی پلانەکەیە. ئەو ئیشەی ئێمە دەیکەین پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکارە؛ ئیتر منداڵ لە هەر شـــوێنێک ئیش دەکا جا هەر کوێ بێ یان خۆمان ئەوێمان بە منداڵە ناســـاندبێ، دەچینە ناوەندە جیاجیاکان وکوو جوانکاری، لەگەڵ خاوەنکار پەیوەندی ساز دەکەین، منداڵەکە بەو شوێنە دەناسێنین یان منداڵەکە خۆی شوێنێکی دۆزیبێتەوە، زانیاریی ئیشـــەکە وەردەگرین، دەچین و لەگەڵ خاوەنکار قســـە دەکەین و خۆمان دمناســـێنین و ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ خاوەنکار قســـە دەکەین. بارودۆخی کاری منداڵ تاوتوێ دەکەین، ماوەی کارکردنەکەی، بڕی حەقدەســـتەکەی، هەڵســـوکەوتی خاوەنکار، تەندروســـتیی دەروونیی خاوەنکار. ئەم پەیوەندییە بەردەوامە، جار نە جارێ قســـە لەگەڵ خاوەنکار دەکەین کە ئەگەر خاڵێک ســـەبارەت بەو منداڵە هەیە خاوەنکار ئاگادارمان بکاتەوە و ئەگەر ئێمە خول بکەینەوە منداڵ دەبێ بێ ڕاهێنان ببینێ بەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ خاوەنکار ســـازی دەکەین دەتوانین ئیزنی ئەوە وەربگرین کە لەو کاتژمێرەدا ئەو منداڵە نەچێتە ســـەر ئیش. ئەم پەیوەندییە دەپارێزرێ هەتا ئەو کاتەی کە منداڵ بە هەر هۆکارێک ئیشـــەکەی بگۆڕێ و ئینجا لەگەڵ خاوەنکارێکی دیکە دەچینە کەوان. ئەمە وا دەکا ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا ئەم زیانانە کەمتر بکەینەوە جا ئەو ئامانجە درێژخایەنەشـــمان هەیە کە منداڵ بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان کەمە جیا لەو منداڵانەی کە تەمەنیان ژوور پازدە ســـاڵانە بەرەو فێربوونی پیشە دەچن، بەڵام ئەو منداڵەی کە تەمەنی کەمە واتە لە حەوت هەتا هەشت ساڵان لە کار دوور بکەینەوە.

لە کۆتاییدا بنەماڵەی ئەم منداڵانە یان دایک و باوکەکانیانن کە کاری منداڵ بەنۆڕم دەکەن. زۆریان، بە پێی هەژاری و حاڵەتی نائاســـاییان بۆ دابینکردنی داهات، بیر و باوەڕەکانیان ســـەبارەت بە تافی منداڵی و کارکردنی منداڵ و بەکارهێنانی ڕێکارگەلی کەمکردنەوەی مەترســـییەکان، کاری منداڵان بۆ خۆیان و منداڵ نۆڕمدار دەکەن. هەڵبەت ئەم باوەڕانە لە دەق و لە ناو دارشـــتەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووریدا بیچم دەگرێت. بۆ وێنە هەندێکیان لایان وایە کە کارکردنی منداڵ دەبێتە هۆی فێربوونی کار و دروســـتبوونی کەســـایەتیی منداڵ و لە داهاتوودا بە قازانجی منداڵە

خۆیەتی. یان لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی کە هەلی نوێی ئابووری تێدا نییە، بۆ وێنە ناوچە گەشەنەکردووەکان، دایک و باوکی منداڵ زۆر باش دەزانن تەنانەت ئەگەر منداڵەکەیان بشخوێنێ، بیشچێتە زانکۆ و فێری شتێکیش بێ، بە پێی ئەو پسپۆڕییەی کە وەدەستی دێنێ، کارێکی بۆ دەست ناکەوێ و دەبێ خەریکی ئەو کارە نەریتییانەی بێ کە لەبەر دەستن. هەر بۆیە منداڵەکانیان دەنێرنە بەر کار. هەندێ جار ئەوان بەو چاودێری و پاڵپشتییەی کە بۆ منداڵانی دابین دەکەن و بەم پاکانە کە مەترسییەکانی کاریان بۆ منداڵ کەم کردۆتەوە منداڵەکانیان دەنێرنە بەر کار. بۆ وێنە لەگەڵ منداڵەکان دەچنە سەر شەقام و لە سووچێکی شەقامدا دووراودوور چاودێرییان دەکەن و ئاگایان لێیانە کە هیچ ڕووداوێکیان بۆ ڕوو نەدات. یان لە هەندێ لە کارگاکانی شوێنی کارکردنی خۆیان پاش ماوەیەک داوا لە خاوەنکارەکەیان دەکەن کە ئیش بە منداڵەکەیان بدرێ و باوەڕیان وایە کە بە هۆی ئەوەی لە شوێنی کارەکەدان هیچ کێشەیەکیان بۆ پێش نایە. بابەتێک کە زیاتر جێی سەرنجە ئەوەیە کە کاری منداڵان لە ناو جەماوەرێکی زۆری پەنابەرانی ناو کەلتوورێکە و ئەوان لەبەر ئەوە بەرەو ئێران کۆچ دەکەن کە کار بکەن. یەکێک لە چالاکوانانی بواری منداڵان لەم بارەوە وتی:

تۆ بڕوانە کۆمەڵێ کەس لە ئەفغانستان ئەگەر منداڵێک بگاتە تەمەنێک و ئیش نەکا وا دەزانێ تاوانێکی قورسی لێ وەشاوەتەوە، چونکە ئەمە لە کەلتووریاندایە، من چەندین جار حاڵەتم بینیوە کە دێتە ئێرە بۆ وێنە دەڵێ دادە ئیشم بۆ بدۆزەرەوە، منیش دەڵێم تۆ جارێ دەبێ دەرس بخوێنی، تۆ بۆ کار نابی، دەڵێ نا دادە من گەیشتوومەتە تەمەنێک کە دەبێ ئیش بکەم. ئەمە لایەنێکی بابەتەکەیە لایەنێکیشی بە هۆی پێداویستییانە کە لە ناو بنەماڵە ئێرانییەکاندا پرسەکە زیاتر لە سەر پێداویستی و ئاتاج چڕ بۆتەوە، بەڵام لە ناو بنەماڵە ئەفغانییەکاندا بەهەر حاڵ بەشێک لە کەلتوورییانە، وەکوو بنەماڵە ئێرانییەکان کە کوڕ دەگاتە تەمەنێک دەبێ بچێتە زانکۆ. هەموو چاوەڕوانییان لێیە ئیش بکا؛ ئەگەر ئیش نەکا ئەمە نائاساییە. ئەمانە هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە بۆ وێنە دوازدە یان سێزدەساڵان ئەگەر ئیش نەکەن نائاسایین. ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لە منداڵەکان لە لایەن باوکیەوە بە توندی تەمبێ کرابوو کە دواتر چوومە ماڵیان و قسەم کرد. کاتێک کە لە دایکیم پرسی کە بە ڕاستی ئەمە ڕووی داوە، دایکی گەڕاوە وتی: ئەرێ، ئەمە پێشتر دەچوو ئیشی دەکرد ئەم منداڵە لە یەکێک لە دووکانەکانی فەرەحزاد شاگرد دووکان بووە. بەڵام ئێستا ماوەیەکە ناچێت. دەچێتە کووچە و کۆڵان یاری دەکات. دەی ئەم منداڵە تەمەنی چەندمیە؟ یازدە ساڵان. زۆر

پیش تەمبێیان کردبوو. زۆر شـــوورەییە منداڵێک لەم تەمەنەدا لە بری ئەوەی بڕواتە کۆڵان یاری بکا بچێ ئیش بکات.



وێنەی منداڵێکی کرێکار لە کارخانەی بلوورسازیی نەریتی لە گەڕەکی ئیسلامشار (وێنە: توێژەر)

## چاودێری و پاراستن

چەمکی چاودێری لە زانســـتە کۆمەڵایەتییەکاندا بە واتای ئەو کارلێکانەیە کە ئامانجەکەیان بنەمادارکردنی ڕفتارە. بە واتایەکی دیکە ئامانج لە چاودێری ڕێگری لەو ڕفتارلنەیە کە دژی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکلنە و ئامانجەکەیان بنەمادارکردنی ڕفتار بە پێی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانە. هەڵبەت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم چەمکە زیاتر دەروانێتە ڕفتاری چەوتانە و لە بواری کاری منداڵدا سوودی نییە. هەر لەم بوارەدا کۆهێن دەڵێ: "چاودێری یان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و یان ئەو ڕفتارەی کە لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە کێشـەسـازە و لە ڕاسـتیدا وا سـەیر دەکرێ، چ بە واتای کاردانەوەیی و ناچالاک (پاش ئەوەی کارلێکی بەرگریمانە ڕووی داوە و ئەنجامدەر ناسـراوە) و چ بە واتای چالاک و دەستپێشخەرانە (بۆ ڕێگری لە کارلێک)ـــە" [46]. کەواتە چاودێری لێرەدا بەو واتایە بە کار ناهێنرێت. هەڵبەت دەبێ بڵێین کاتێک کە خاوەنکار لە کارە جیاوازەکاندا چاودێری بە سـەر منداڵاندا دەکا، ئەوان پەیجووری بنەمادارکردنی ڕفتاری منداڵان بە پێی ئەو یاسایانەن کە خۆیان دایانبەزاندووە. لەم یاسایەدا، ئیتر بەها و نۆرمەکان گشتی نین، بەڵکوو یاساکانی خاوەنکارە کە زۆر جار ستەمکارانەن. بەم پێیە خاوەنکاران و ئەجێنداکانیان بە شـێوەی جیاجیا چاودێریی منداڵان دەکەن بۆ

ئەوەی یاسا دابەزێنراوەکان پێشێل نەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە چاودێریی کۆمەڵایەتی بە واتای هەر چەشنە ئاکارێکە کە ئامانجەکەی پێگەیاندنی منداڵان و ڕێگری لە زیان یان خەسارەتمەندیی ئەوانە؛ وەکوو چۆن دایک و باوکەکان چاودێری لە منداڵان دەکەن بۆ ئەوەی زیانیان پێ نەگا و بە باشی گەشە بکەن.

منداڵان لە کاری جۆراوجۆر لە لایەن ڕێکخراوەکان یان کەسانی جۆراوجۆرەوە چاودێری دەکرێن یان دەپارێزرێن. لەم زەمینەدا دەتوانین ئاماژە بە ڕێکخراو و کەسەکانی وەکوو وەزارەتی کار، بێهزیستی، شارەوانی، هێزەکانی ئاسایش (ئینتزامی)، خاوەنکارەکان، ئێن‌جی‌ئۆکان، دایک و باوک، و دیکەی ئەندامانی بنەماڵە بکەین. وەک وەترا، ئامانجی هەر کام لە کەسەکان و ڕێکخراوەکان لە چاودێری و پاراستن جیاوازە. یەکێک لە ئەجێنداکانی چاودێری‌کردنی منداڵان و کاری منداڵان بەرپرسانی وەزارەتی کارن؛ ئەوان دەبێ بە هۆکاری جیاوازی وەکوو چۆنایەتیی ژیانی کار و بەکارنەهێنانی منداڵان، چاودێری شوێنی کارەکەیان بکەن. هەندێ جاریش چاودێری بە مەبەستی ڕێگری لە کارکردنی پەنابەرانی نایاسایی بەکار دەبەن. ئەم چەشنە چاودێرییە نە بە گوێرەی چاودێری بۆ بەکارنەهێنانی منداڵانی کار بەڵکوو بە گوێرەی هەڵاواردن و ستەم لە دژی ئەفغانستانییەکان ئەنجام دەدرێت. یەکێک لە خاوەنکارە بارتری‌سازەکان لە بارەی ئەم جۆرە چاودێرییانەوە وتیان:

> بیستبووم گیریان بە کۆمەڵێ لە هاوڕێکانم دابوو کە بۆچی ئەفغانستانی دامەزراندووە؛ فیتەری. هاوڕێیەکم هەبوو ئەو پێی وتم. دانەیەکیشیان باتری‌ساز بوو.

خاوەنکارەکان سەبارەت بەم بابەتە ئاماژەیان بە زۆر گێڕانەوەی جیاواز کرد.

> پشکنەر بێ منداڵانی خوار تەمەن هەژدە ساڵان ببینێ گیر دەدا ... لەبەر ئەوەیە ئێستا کە پێشتر بە عارەبانە ئیشیان دەکرد، ئێستا ناهێڵن. لەبەر تەمەنی کەمیانە. ناچارین ئەمانە بکەین بە شاگرد دووکان.

> بوونە شاگردی دووکان کێشە نییە؛ واتە ئەگەر پشکنەر بێ دەڵێم ئەمە خزممە لێرە دانیشتووە ... چوون بۆیان نییە ئیش بکەن.

> لێرە هەر لە ئیدارەی بیمە و بنکەی تەندروستییەوە دێن. ئەویش کاتێک دێن

| |
|---|
| منداڵەکان لە دووکان ڕا دەکەن. |
| شـــارەوانی تـەنیـا دێ پلۆمـپ دەکـات. بۆ مۆڵـەتنـامـەی کـار دێن، بێن بزانن شـــوێنێکی بازرگانی نییە قەپاتی بکەن و لێی دەدەن بڕۆن. بەڵام حەقیان بە ســـەر هیچەوە نییە. سەردەمانێک دەیاوت کارگەی ژێر دە کەسی یاسای کار دەیگرێتەوە، پاش ئەوەی ئەو کارگایانەیان هەڵپێچاوە، زۆرێک لە کارگاکان لەو یاســای کارە دەر چوون. |

یەکێک لەو منداڵانەی کە لە کارگای بەرگدووری شـــاگردی دەکرد ســـەبارەت بە پشکنەری کار وتی:

| |
|---|
| دەی خـاوەنکـار دەهـات گیری پێ دەداین. خـاوەنکـار هینـە ئێمـەی لـە دووکـان دەکردە دەرەوە. جارێکیان هاتن گیریمان بە من دا، وتی چەندە لێرە ئیش دەکەی، وتم شەش ساڵە لێرە ئیش دەکەم. |

چاودێری بە پێی جۆری کاری منداڵانیش فەرقی هەیە؛ بواری چاودێریی هەندێ لە کارەکان، بۆ وێنە ئەو کارانەی کە لە کارگای نافەرمی و ژێرزەوینی ئەنجام دەدرێن، بۆ چاودێران زۆر کـەمـە. ئـەو کـارگـایـانـەی کـە لـە یـەکـەی نیشـــتـەجێبوونـدان یـان لـە سۆنگەی یاساییەوە تۆمار نەکراون و هیچ ئادەرسێکیان نییە دەچنە ناو ئەم گرووپە و لە لایەن ناوەندە فەرمی و یاســـاییەکانەوە هیچ چاودێرییەک ناکرێن. هەڵبەت لە هەندێ حاڵەتیشـدا زۆرێک لە منداڵەکان بە هۆی نەبوونی ناسـنامە، تەنانەت لە سـەر بنەمای یاســـاکانی کاری ئێران، ناتوانن لە داکۆکییە یاســـاییەکان ســـوودمەند بن. یەکێک لە چالاکوانانی بواری منداڵ ســـەبارەت بە چاودێری بە ســـەر کارگا و منداڵانی کار بەم شێوە دوا:

لەوانەی کە ژێرزەوینین منداڵان حەڕەشـــەیان زیاتر لە ســـەرە، چونکە چاودێری و دەســـتنیشـــانکردنیانی کەمترە، چ چاودێریی ئێنجیئۆیی و چ چاودێریی جەماوەری، ماوەی کار و جۆری کار و ڕەچاوگرتنی ئەو ستانداردانەی کە تەندروستیی دەروونی و ڕۆحی و جەســـتەیی منداڵ دابین و دەســـتەبەر دەکات. لـەم پێناســـەدا هەندێ لە منداڵـەکـان لـە تـەمـەنی کـاری پـازدە هـەتـا هـەژدە ســـاڵانـدان، بـەڵام بـە هۆی ئـەوەی ناسـنامەیەکی ڕوونیان نییە ناتوانن وەکوو ئەوانی دیکە لە داکۆکیی یاسـایی سـوودمەند بن ئەو کەســانەی کە ناســنامەیان نییە هەم ئێرانین و هەمیش ئێرانی نین، ناتوانین بڵێین

هەموویان ئێرانین.

کێشـــەی ســـەرەکیی ئەوەیە کە لە زۆر حاڵەتدا بە هۆکاری جیاواز، زۆرێک لە کارگاکان لە ڕووی بەکارنەهێنانی منداڵان بۆ کار هیچ چاودێرییەک ناکرێن. لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی ئەم چاودێرینەکرانە دەتوانین ئاماژە بە کەمیی هێزی کار لە وەزارەتی کار و پەرەســـەندنی بازاڕی کاری نافەرمی بکەین. یەکێک لە کارناســـانی وەزارەتی کار لەم بارەوە وتی:

لە ڕووی ڕێســـاوە کێشـــەمان نییە، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنکردنەوە گرفتمان هەیە. منداڵان لەو بارودۆخەی کە بنەماڵە زیاتر کێشەی ئابووری هەیە، وەکوو ئێستا و کەش و هەوای کۆڕۆنا زیاتر خەسارهەڵگرن.

ئەو کارگایانەی کە مۆڵەتیان نییە و چاودێری ناکرێن کارگای ژێرزەوینین.ئەولنەی وا دەبینرێن زیاتر مۆڵەتدارن. بێمۆڵەت لە هەموو شـــتێک دەچێ لە کارگا نەبێ، لە چوارچێوەی ژوورێک. ئەگەریش ژوور نەبێ لە چوارچێوەیەکی بێمۆڵەتدان. ناوەندە مۆڵەتدارەکان بواری چاودێریکردنیان هەیە، چونکە یاســـا ئیزنی ئەوە دەدا، ئەگەرچی لە پشکنیندا چاودێری لاوازە.

پرســـی نەبوونی چاودێری بە ســـەر کارگا نافەرمی و بێمۆڵەتەکان بارودۆخێک بە سەر منداڵدا دەسەپێنێ کە بە هۆیەوە منداڵان ڕووبەڕووی مەترسیی زیاتری کێشەی جەســـتەیی و دەروونی دەبنەوە. وتەی یەکێک لە پســـپۆڕانیش ئەم خاڵە پشـــتڕاســـت دەکاتەوە:

بارودۆخی کاریی منداڵ لە کارگاکلندا زۆر خراپتر لە بارودۆخی ســـەرشـــەقامە، چونکە لە چاوی جەماوەر دوورە و ئەگەری کەمئەندامبوونیان هەیە و خاوەنکار لەم بارەوە بەرعۆدەی هیچ شتێک نابێت. کارکردن لە کارگا خەسارەتی زیاتری بە دواوەیە، منداڵ ئاسایشی پیشەیی نییە و تووشی خەسارەت و کەمئەندامی دەبێتەوە.

ئەو خاوەنکارانەی کە هەندێ پڕۆژە لە ڕێکخراوە دەوڵەتی و گشتییەکان دەستێنن بە شـــێوازی جۆراوجۆر چاودێری بە ســـەر کاری منداڵدا دەکەن. ئامانجی ئەوان لە چاودێری ئەوەیە کە منداڵان و دیکەی کاربەدەســـتان ڕێســـای کار پێشـــێل نەکەن بۆ ئەوەی لە ســـۆنگەی ئابوورییەوە زیاتر قازانج بکەن. بۆ وێنە لە کاری زبڵگەڕیدا پەیمانکارەکان گەڕەکە شارییەکان بۆ کۆکردنەوەی زبڵ لە شارەداری بە کرێ دەگرن و لە ڕێگەی پشکنەرانی خۆیانەوە چاودێری شوێنی ژێر ڕکێفیان دەکەن بۆ ئەوەی کار بە پێی ڕێســـا و یاســـای ئەوان جێبەجێکردن بکرێت. ئەم پەیمانکارلنەش بە شـــێوازی

خۆیان گەڕەکەکان بە زبڵگەڕەکان بە کرێ دەدەن کە ژمارەیەکی زۆریان منداڵن و ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم ڕێسایە کار بکا، دەستنیشانی دەکەن و بە شـێوازی جیاواز ســزای دەدەن. یان لە بازاڕی گوڵ و بازاڕی گەورەی تاران هەندێ ئەنجومەن هەن کە بە شـێوازی جۆراوجۆر چاودێریی منداڵانی داشـقەچی دەکەن بۆ ئەوەی بە پێی ڕێســاکانی ئەوان کار بکەن. ســەبارەت بە چاودێریی پەیمانکاران گێڕانەوەمان هەیە:

| |
|---|
| هەندێ عارەبلنەکان تاپۆ کراون، ئەوان پێشـتر تاپۆ کراون. ئێسـتا تاپۆ ناکەن. شارەوانی دەیدا، ئێستا شارەوانیش نەماوە. ساڵێک دەبێ. مانگانە 30 هەزار تمەنی وەردەگرت. |

| |
|---|
| نزیکەی چەند ساڵ بەر لە ئێستا کۆمپانیایەک هات و ئەمانەی ڕێک خست و ئەوانە بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بە کۆمپانیایان دەدا، وەک دەســتەبەرکردن، کۆمەڵێ کاسپ، دووکاندار، کەسانی گەڕەک، شۆڕای شار و هتدیان دەستەبەر دەکرد و ئەو دەســتەبەرییە کۆمپانیا قبووڵی دەکات. پەنجەمۆریان لێ وەردەگیرا و دۆسـییەیان بۆ ســاز دەکرا. لە کۆتاییدا ئەو تاپۆیە دەبوو بە هی ئەو کابرا و دیار بوو کە زامنەکەی کێیە و بە پێی ئەو تاپۆیە زانیارییەکانی ئاشـکرا دەبوو، جلوبەرگێکیشـیان پێ دەدا. واتە ئەگەر باری مشــتەرییەکیان بردبێ لە ڕووی تاپۆکەیەوە بیناســنەوە. هەڵبەت بەشـێکی بە ئێمەیە و بەشـێکی بە دەســت هێزە ئینتزامییەکانەوە. ئەگەر بارەکەیان بردبێ دەینێرین بۆ هێزە ئینتزامییەکان، ژمارەی تاپۆکە دەدا و ئینجا ئێمە زانیارییەکان دەنێرین بۆ هێزەکانی ئینتزامی و ئەوانیش بەدواداچوون دەکەن. |


| |
|---|
| ئەگەر ئەم گەلاڵە جێبەجێکردن بێ، بێ تاپۆکان کۆ دەکرێنەوە. چونکە زۆر جار ئەمانە فێڵەبازن. ئەوان لە فرت و فێڵی بازاڕ باش دەزانن. لە ناو ئەو قەرەباڵغیی بازاڕەدا لە ناکاو دەردەچێ کە خاوەن بار نەیدۆزێتەوە و ونی بکات. ئیتر ناتوانێ پەیدای بکات. ئەمە بۆ ئەوەیە کە هەم داشقەچی هیچی پێ نەکرێ و هەم کەسەکە خاترجەم بێت. ئەم گەلاڵە هی دە ســاڵ لەمەوبەرە، ئێمە هەوڵمانداوە ئەوەین پەیمانکارێکی کارزان بێ، چونکە ئێرە هەندێ جار تێیدا شـەڕ و چەقۆکێشـان ڕوو دەدات. وا نەبێ کە کارمەندەکانی ئەم کۆمپانیانە دەردمپەڕن. پێشــتر زانیارییەکان تۆمار دەکرا و دۆسییەیان بۆ دروست دەکرد. ئێستا ئێمە ئەوەمان دەوێ و بە نیازین |

ئەم گەڵاڵە جێبەجێکردن بکرێت.

لێرە کەسێک هەیە کە لە پێشەوەی بازاڕدا دادەنیشێ، لەو ژوورە کە پێی دەڵێن شۆڕا. ئەو جل‌وبەرگمان پێ دەدا، 400 هەزار تمەن لە پێشدا دەدەین بۆ ئەوەی ئەم هێلەکلنە وەربگرین. ئینجا مانگانە بڕی 300 هەزار تمەن دەدەین کە لێرە ئیش بکەین.

یان یەکێک لە خاوەن‌کارەکان لە مەڕ چاودێری‌کردنی مەکۆکانی گوڵفرۆشی وتی:

من و براکەم پێکەوە ئیش دەکەین؛ لە کەڕەی بەیانییەوە لێرەین و ڕووماڵی هەموو شوێنێک دەکەین. ئێمە لە منداڵییەوە لێرەین، بۆ ئەوەی لێرە ئیش بکەین پارە بە کەس نادەین.




چارتی ژمارە 3-13: چاودێریی ناوەندەکان بە سەر کاری منداڵان

ئێن‌جی‌ئۆکانیش یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی چاودێری‌کردنی بارودۆخی منداڵانن کە لە وتەزای ئێن‌جی‌ئۆکان زۆر بە باشی ئەم بابەتەیان تاوتوێ کراوە. ئەم ڕێکخراوانە ئامانجی جیاوازیان هەیە کە گرینگترینەکەیان بریتییە لە: دەستنیشان‌کردنی منداڵان بۆ ڕاکێشان و داکۆکیی لەو منداڵانە، چاودێری‌کردنی کار و خاوەن‌کارەکان بە مەبەستی ڕێگری لە چەوساندنەوەی منداڵان و کەم‌کردنەوەی

خەســارەت و زیانەکانی کار، دەربازکردنی منداڵان لە کاری چەتوون کە ئیمتیاز و هەڤیازیشــی کەمترە، لە هەندێ حاڵەتدا ناردنی منداڵەکان بۆ ناو ئەو کارانەی کە دژوارییان کەمتر و هەلی شــارەزایی و فێربوونیان زیاترە. لە پاڵ ئێن‌جی‌ئۆکان دایک و باوک یان یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەش بە شــێوازی جۆراوجۆر لە کاری جۆراوجۆر منداڵەکان دەپارێزن و چاودێریی ڕفتاریان دەکەن. ئامانجی ســەرەکیی ئەم گرووپە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کار و بەئەزموون نەکردنی توندوتیژی و ئازارە. گێڕانەوەکانی ژێرەوە هەر هەموویان بە باشــی پیشــان دەدەن کە دایک و باوک یان یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە چۆن و بە چ هۆکارێک منداڵەکانیان دەپارێزن و چاودێرییان دەکەن:

چووم بۆ ئیش، لەوێ دوو کچ هاوســەرگیرییان کردبوو و ڕۆشــتبوون. ئێمە تەنیا ماینەوە. ئێمەش ئێســتا ناچینە ســەر کار. ئێمە ئەوڕۆ دەچین پارەکەمان وەردەگرین. لەبەر ئەوەی ئێرە ئافرەتی تێدا نییە. دایک و باوکم ناهێڵن لێرە ئیش بکەم. دوو پیاو لێرەن هەشت کەس بووین هەموو ڕۆشتن هەر ئێمە ماینەوە لەگەڵ دوو پیاو. ئێستا ناهێڵن ئیش بکەین.

لە ســەر چوارڕێیانی شارەوانی بووین شــەوی پازدە هەزار تمەنیان پێ دەداین. لە منداڵەکانمانیان نەدەدا. لێرە شــەوی بیســت هەزار تمەن دەدەین و لێمان دەدەن. باوکم دەڵێ لێرە ئیش بکەن، لێرە لە ماڵەوە نزیکترە.

ئەو ئەڤغانســتانییانە لەگەڵ دایکیان دێن، دایکیان کەمتر ئیش دەکا، زیاتر دەوەستن چاودێرییان دەکەن کە کەس پارەکەیان لێ نەدزێ، شەڕ نەکات.

لەگەڵ تەشــەنەســەندنی ڤایرۆســی کۆڕۆنا چاودێری لە هەندێ لە کارەکان بۆ دانەمەزراندنی منداڵانیش زیاتر بووە. لە دەستپێکی تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و بە هۆی ترس لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم پەتایە زۆرێک لە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان لە بواری کاریی خۆیاندا ڕێگرییان لە کاری منداڵان کرد. یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە ڕێگرییان لە کاری منداڵان لە کەرتی زبڵگەڕی کرد شــارەوانیی تاران بوو کە ڕایانگەیاند بە سەپاندنی چاودێریی بەربڵاو، بانگەشە لە سەر ئاستی شار، و داواکردن لە شــارۆمەندان بۆ ئەوەی هەر حاڵەتێکی زبڵگەڕیی منداڵیان بینی ڕاپبگەیێنن و بەم

شـێوە ڕێگری لە زبڵگەڕیی منداڵان دەکات. هەڵبەت پاش ماوەیەک ئەم گەڵاڵە وازی لێ هێنرا و منداڵانیش گەڕانەوە سـەر زبڵگەڕی. چاودێری و ڕێگری لە کاری منداڵان لە کاتی تەشـەنەسـەندنی ڤایرۆسـی کۆڕۆنا تەنیا لە منداڵانی زبڵگەڕدا تەسـک نەبۆوە، بەڵکوو لە کارەکانی دیکەشـــدا، وەکوو بازاڕی گوڵیش هەر بەم شـــێوە بوو کە بەڵگە مەیدانییەکان پشتڕاستی کردەوە؛ وەک یەکێک لە خاوەنکارەکان لە بازاڕدا وتیان:

> ئیتر پاش ئەم بارودۆخی کۆڕۆنایە کە پێش هات، لە ســاڵی نوێدا، لە لایەن دەوڵەت فەرمان هات کە چیتر منداڵان بە نیازی کار دانەمەزرێنرێن، دەنا ســزا دەدرێن. ئیتر ئەنجومەنی بازاڕ بڕیاری دا عارەبانە (داشــقە) بە منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵان نەدات.




وێنەی ڕیکلامی شارەوانی لە پارکی لالە سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی زبڵگەڕیی منداڵان (وێنە: توێژەر)

ئێن‌جی‌ئۆکانیش بە شـێوازی جیاواز چاودێریی منداڵەکان دەکەن بۆ ئەوەی

داکۆکییان لێ بکەن و مەترســییەکانی کاریان بۆ کەم بکەنەوە. لەم بارەوە یەکێک لە چالاکوانانی ئەم بوارە وتی:

ئێمە لەگەڵ خاوەنکارەکەی پەیوەندی ســاز دەکەین، ئیتر بە جۆرێک لەگەڵی ڕادێین کە ماوەی پشــوو دابنێ کە ئەو منداڵە بچێ ڕاهێنانێ ببینێ، شــتێکی هەیە بچێ ئەنجامی بدات. من ســەبارەت بە یەکێک لە منداڵەکان لە بیرم چوو بیڵێم چۆتە بواری زێڕنگەری دەی ئەمەش ماوەیەکی زۆر خەریکی ئیش دەبێ هەشــتی بەیانی دەچێ هەتا پێنج و شەش. ئێستا وەک خۆی دەڵێ مانگانە بڕی ملیۆنێک و 300 یان 400 هەزار تمەن وەردەگرێ لە منداڵەکانی خۆمانن. ئێمە منداڵمان هەیە شــاگردی دووکانە مانگی ملیۆنێک وەردەگرێت.

یاریدەدەری یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکانیش وتی:

ســەردانی کارگا بەڵێ ئێمەش ســەرمتا کردمان. دواتر لە ڕێگەی بنەماڵەکانەوە بەدواداچوونمان کرد. چونکە بنەماڵەکان متمانەیان پێ کردین، خۆیان دەچنە شــوێنی کاری منداڵەکە و منداڵەکە دێنن. بۆ وێنە منداڵێکە لە فیتەری ئیشــی دەکرد، دایکیمان ڕازی کرد منداڵەکە بێنێتەوە. منداڵەکەش خوێندکاری قۆناغی یەکی دواناوەندی بوو.

## پەیوەندییەکانی کار

کاری منداڵان چەند تایبەتمەندیی دیاری هەیە. پەیوەندییەکانی کار و حەقدەســت گرینگترین تایبەتمەندییەکلنە. پەیوەندیی کار، ئیش لە ســەر پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ دەوروبەرییەکان لە شوێنی کاردا دەکات. لە کاردا زۆر کەس ڕۆڵ و دەوری جیاوازیان هەیە کە منداڵ پەیوەندییان لەگەڵ ساز دەکات. لەو کارانەی کە خاوەنکار بوونی هەیە ئەوە خاوەنکارە کە لە چوارچێوەی پەیوەندیی خاوەنکار - کرێکار زیاترین پەیوەندی لەگەڵ منداڵ هەیە. بە واتایەکی دیکە نە لە ســۆنگەی ڕادە و چەندایەتی بەڵکوو لەو ڕووەوە کە دەورێکی دیاریکەرەوەی لە کاری منداڵدا هەیە. پەیوەندیی منداڵ لە شوێنی کار تەنیا لە خاوەنکاردا تەسک نابێتەوە و بە پێی جۆر و شوێنی کار، پەیوەندیی لەگەڵ کەســانی جیاواز هەم لە شــوێنی کار و هەمیش لە شــوێنی ژیان دەگرێتەوە، وەکوو هاوکاران، چ هاوکارە منداڵ و چ هاوکارە گەورەســاڵەکان، بنەماڵەی منداڵ، کاسپکارەکانی گەڕەک، مشتەرییەکان، هاوکایە هاوتەمەنەکان، و دیکەی شارۆمەندان.

شێوازی هاتنی منداڵان بۆ ناو کار لە پێشدا زۆر لە ژێر کاریگەریی تایبەتمەندییە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکانی بنەماڵەی منداڵ، شــوێنی ژیان، و تۆڕی پەیوەندییەکانی

ئەوە. بە گشتی هاتنی منداڵان بۆ ناو کار بە پێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەیان ئەنجام دەدرێت. هەڵبەت لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا منداڵان بە شێوەی هەڵکەوت بچنە ناو کاری تایبەت، بەڵام ئە حاڵەتلنە دەگمەنن. بەو پێیەی کە پەیوەندییەکانیان ناوگرووپییە و بە تۆڕی خێزانی، هاوڕێ، خزم و کەس و هاوگەڕەکەکان بەستراوەتەوە، ئەم منداڵانە بۆ کار بژاردەی کەمیان لە بەر دەستە و دەچنە ناو ئەو کارانەوە کە پێیان دەوترێ "کاری منداڵ". هەندێ جار منداڵەکان لە ڕێگەی ئێن‌جی‌ئۆکانەوە کار دەدۆزنەوە. گێڕانەوەکانی ژێرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە دەردەخا کە منداڵان لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە چوونەتە ناو بەستێنی کار:

| |
|---|
| من هاتمە دووکانی بەرگدووری، شوێنێکی باشە. لەگەڵ دایکم هاتم. ویستم پارە وەدەست بێنم. |

| |
|---|
| هاوپۆلەکانم لێرە ئیشیان دەکرد. منیان ناساند و هاتمە ئێرە. |

| |
|---|
| دوو بۆ چوار ساڵ ئیشم نەکرد. ئینجا چوومە دەستفرۆشی. ئیتر هاتینە ناو کاری پەردەدووری. دواتر بە نیازی بەرگدووری چوومە شوێنیکی دیکە. ئیتر لەوێوە چوومە پەردەفرۆشییەکی دیکە. لەوێوە هاتمە ئێرە. لەگەڵ کوڕەپوورەکەم دەچم، بچێتە هەر کوێ منیش دەبات. |

| |
|---|
| ڕۆژیکیان بۆ خۆم هەر وا دەڕۆشتم، یەکێ هەرای لێ کردم، دێی لێرە ئیش بکەیت. کارێکی چاکە. منیش بەیانی زوو هەستام هاتم کە بزانم چۆنە. ئیتر لەو ڕۆژەوە هاتم بۆ ئیش. |

| |
|---|
| ڕۆژی یەکەم کە هاتم 24 هەزار تمەن حەقدەستی ئیش‌کردنەکەم وەرگرت. ڕۆژی دووهەم بوو بە 30 هەزار تمەن. وتم با بمێنمەوە ڕەنگە باش بێت. ئیتر چەند ڕۆژ هاتم و بینیم کە چاکتر بوو. |

| |
|---|
| خۆم هاتم.<br>چۆن هاتی؟<br>وتیان بچۆ بۆ ئەوێ. باوکم وتی. |

| |
|---|
| من ئێرەم نەدەزانی. نەنکم پێی وتم. لە پێشـــدا بە نابەدڵییەوە هاتم. بەڵام کە خۆمم ڕێک خســت جێی خۆمم کردەوە. کە من و نەنکم لەگەڵ شـیمالییەکان بوو بـە دەمـەقرێمـان، لـەگـەڵ کۆچـەرەکـان تێوەچووین نـەیانـدەهێشـــت ئیش بکـەین. دەیانوت ئێرە شـــوێنی ئیشـــی ئێمەیە، لەم قســـەلۆکانە ... . ئیتر نەنکم بە شـــوێن ئیشێکی باشدا دەگەڕا. ئیتر ئێرەی دۆزییەوە. بۆ بەیانییەکەی من و دادیشم هاتین. |

یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکان لەم بارەوە وتی:

بە هۆی پرســـە ئابووری و کەلتوورییەکانی بنەماڵەکانەوە منداڵەکان بە نیازی دۆزینەوەی کار لەگەڵ ئاشـــنا و ناســـیاوەکانیان کۆچ دەکەن و خەریکی ئەنجامدانی کـارێـک دەبن کـە لـە لایـەن دیترانـەوە بۆیـان هـەڵبژێردراوە. کـار دژوار و مـاوەی زەمەنییەکەی زۆرە. ئەگەر بیانهەوێ ئیشـەکەیان بگۆڕن، ئاشـنا و هاوڕێکانیان کارێکی دیکەیان بۆ دەدۆزنەوە. بڕی زۆری حەقدەستەکەیان دەنێرن بۆ بنەماڵەکەیان.

یاریدەدەرانی دیکە لەم بارەوە وتیان:

دایک و باوکیان دەیانخەنە بەر کار، بەتایبەت ئەگەر مێرمنداڵ بن یان منداڵ بن و تەمەنیان کەم بێ، لە لایەن دایک و باوکەکانیان کاردۆزییان بۆ دەکرێ یان یاریدەدەر کاریان بۆ دەدۆزنەوە. کە کاردۆزیشـــیان بۆ نەکا ڕێنوێنییان دەکا کە بۆ وێنە بچنە فلان شوێن فلان ئیش بکەن.

منداڵ خۆی کار هەڵنابژێرێ، بنەماڵە ناچاری دەکەن. یان منداڵە خۆی دەبینێ کە باری ئابووری باش نییە و خزم و کەس و کاری خۆی دەبینێ کە ئەم ئیشـــە دەکەن، ئەمیش پەیجووری پارە دەبێت؛ پەیجووری ئەوە نییە فێری ئیشـێک بێ کە داهاتووسـاز بێت. بۆ وێنە من یان ئەو بنەماڵەی کە خاوەن منداڵە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە هاوین بێکار نەبێ، نەچێتە شـــەقام، ئەم لا و ئەو لا نەچێت. هەوڵ دەدا بینێرێتە شـــوێنێک. بۆی هـەڵدەبژێرێ، نـاڵێ وەرە چـەرچێتی بکـە، نـاڵێ وەرە فلان کـارگـە ئەم کـارە بکـە، پـارە بێنەوە. دەڵێ من ئەم منداڵە فێری پیشەیەک دەکەم. ئەم منداڵە چی پێ خۆش بێ سەیر دەکەین بزانین خۆی یان بنەماڵە حەزیان لە چییە، دەیخەینە سەر ئەو ئیشە.

یەکێک لە خاوەن‌کارە بازاڕییەکان لەم بارەوە دەڵێ:

| |
|---|
| وەڵا من پێویستم بە کەسێک بوو، بەڵام کارەکەم سووکە و لەبەر ئەوەی باوکیان لێرە بوو، دوو کەسیان نارد، بە گشتی هاوینان کوڕە قوتابییەک دادەمەزرێنم. |

زۆر کات ڕەگەزی منداڵان کاریگەری لە سەر شێوازی هاتنیان بۆ ناو بازاڕی کار دادەنێت. ئەگەرچی ئێمە لە سەر شەقامەکان و وێستگەی مێترۆ دەبینین کە ژمارەیەکی زۆری کچان و کوڕان بە شێوەی تەنها ئیش دەکەن و کەس ئاگای لێیان نییە، بەڵام بۆ تاقمێک لە بنەماڵەکان زۆر گرینگە کە شوێنی کاری منداڵانیان پارێزراو بێت. نیگەرانیی لە ئازاری سێکسی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وا دەکا کە بنەماڵەی ئەم تاقمە منداڵانە، شوێن یان کارێکی پارێزراویان بۆ دابین بکەن. بۆ وێنە ئەوان هەندێ جار پارێزراویی کارگا لێک دەدەنەوە و ئەگەر لەوە ئەرخایەن بن کە شوێنەکە پارێزراوە ڕێگە بە منداڵە دەدەن کە کار بکا یان زۆر جار منداڵەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن. یەکێک لە منداڵەکان لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| دایکم لە خاتوونێکی پرسی وتیان لای ئەم پیاوە باشە. دایکم منی هێنا بۆ ئەوەی لێرە ئیش بکەم. |

و کچێکی دیکە لەمەڕ هاتنی بۆ ناو بازاڕی کار وتی:

| |
|---|
| ئەو خاوەنکارە دایکمی لە پارک بینیبوو کە من بەرگدووریم هەیە. دایکم وتبووی پێویستیان بە کەسێکە، کچیشە، پێی خۆشە فێری بەرگدووری بێت. |

یەکێک لە خاوەنکارانی کارگایەکی بەرهەمهێنان سەبارەت بە هاتوچۆی منداڵان بۆ شوێنی کار وتی:

| |
|---|
| دایک دەڕوا، کچە دێ، کچەکەشی لێرمیە، دوو کچ و برایەکی دیکەشیان لێرمیە. کەمتر یەک یەک دەچن. لە تەمەنی کەمتر، کەم وا هەیە یەک یەک بچن؛ واتە ڕەنگە پازدە شازدە ساڵانەکەیان یەک یەک ئیش بکەن، بەڵام بۆ ئەو تەمەنەی کە ئێمە دەڵێین، دوازدە، سێزدە، دە و ئەمانە، لەگەڵ کەسێک دێن. |

هەندێ لە منداڵان هۆگری کارکردن لە کارگان و هەندێکی دیکە حەزیان لە کارکردن لە سەر شەقامە. ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و خێزانییەی کە منداڵان تێیدا گەشەیان کردووە و گەڕەک و شوێنی ژیانیان دەورێکی گرینگی لە هەڵبژاردنی جۆری کار هەیە. منداڵێکی دەستگێڕ لە مەڕ کار لە سەر شەقام بەم شێوە بۆچوونی دەربڕی:

| |
|---|
| خۆی لە بنەڕەتەوە حەزم لەم ئیشە نییە، داهاتووی نییە، ئیتر کێشەیە کە هی |

| |
|---|
| هەندێ دەسرِم. [مەبەستی منداڵەکە سرِینی شووشەی ئۆتۆمبێلی خەڵکە]. دەڵێن ئەم کارە سواڵکردنە، باش نییە. |

یاریدەدەری ئێن‌جی‌ئۆیەک لەم بارەوە وتی:

منداڵان ئەو کارەیان پێ خۆشە وا تێیدا ئازادترن. جا منداڵێکی پازدە شازدە ساڵانی تەندروست بێ، منداڵ لەو ئاستەدا نییە کە ئەمانە لێک بداتەوە. ئەوە ئێمەین، ئەوە ئیشی یاریدەدەر و بنەماڵەیە کە ئەمانە ئاراستە دەکەین و دەزانی دنیا چۆنە و دەبێ فێری چی بن.

یان یەکێک لە یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییەکان لە مەرِ بۆچیەتیی پێباشتربوونی کاری سەرشەقام لە کاری کارگایی لە ڕوانگەی منداڵانی کار بەم شێوە دوا:

ئەوانەی دەچنە ناو کاری فیتەری و کاری کارگاییان پێ خۆش نییە، زۆر ڕازی نین. بە دەگمەن دەبینین لەم گرووپلەدا کەسێک ڕازی بێ، چونکە کێشەیەک کە ئەملنە هەیانە ئەوەیە کە دەبێ کاتی خۆی بێن و برِۆن؛ ئەمە بە لایانەوە گرفتە. ئەوەی کە ئێمە منداڵێکمان هەیە کە بەردەوام بۆڵەی ئەوەی دێ کە خاوەن‌کارەکەمم خۆش ناوێ؛ هەمیشە پێم دەڵێ دەبێ هەشت و نیو لێرە بی، من پێم خۆشە هەتا دە بخەوم، جا هەستم؛ واتە ناتوانن لەم کارەدا تەکووز بن، دەستفرۆشییان پێ باشترە، هەم سەرگەرمیی زیاترە و هەم بزۆزی دەکەن و هەم ئەو پارەی کە وەدەستی دێنن لە هی کارگا زیاترە.

یان یەکێک لە چالاکوانانی مافەکانی منداڵ لەم بارەوە وتی:

خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە بۆ زۆرێک لە بنەماڵە و ئەو منداڵانەی کە کار دەکەن من وای دەبینم کە ئیش‌کردن لە هەر چەشنە کارگایەک لە چاو ئیشی سەرشەقام هەر هیچ نەبێ لە ڕووی شان و شکۆی کۆمەڵایەتییەوە باشترە؛ واتە ئەوەی کە ئیش‌کردن لە سەر شەقام سووکترە تا ئیش‌کردن لە ناو دووکان یان کارگایەک. بۆ زۆرێک لە بنەماڵەکان ئەمە ناخۆشە کە ئەم ئەتک و سووکایەتییە قبووڵ بکەن کە منداڵ بچێ لە سەر شەقام ئیش بکات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئیشی سەر شەقام ماوەیەکی تەمەنی هەیە، منداڵان هەتا تەمەنێک دەتوانن لە سەر شەقام ئیش بکەن و سەرنجی خەڵک ڕابکێشن، یان کرِین و فرۆشتن بکەن، تەنانەت سەبارەت بە کچان ئەم تەمەنە کەمتریشە، بەتایبەت کچانی ئەفغانستانی؛ لەگەڵ ئەوەی پێدەگەن و باڵق دەبن لە شەقام دەیانهێننە دەرەوە لەبەر ئەوەی شەقامیان پێ مەترسیدارە. کەواتە ئیشی سەر

شەقام هەتا ڕادەیەکە. کوڕان لە تەمەنێک بەو لاوە بنەماڵە ئیتر بڕیار دەدا یان کوڕە خۆی بڕیار دەدا بچێ فێری پیشەیەک بێت. یان ئیشی سەرشەقام سنوورێکی بۆ دەستفرۆشی هەیە، ئیتر دەبێ لە جێگایەکەوە فێری پیشـەیەک بێ و بۆ داهاتووی تەگبیری پیشـەیەک بکات. هەر لەبەر ئەوە دەبینین کوڕان هەتا ماوەیەک لە ســەر شــەقام ئیش دەکەن کە گەورە بوون ئیتر شەقام بە جێ دێڵن، بۆیە ئێمە لە سەر شەقامەکان زیاتر منداڵان بەدی دەکەین.

یاریدەدەرێکی دیکە لە مەڕ مەترسـییەکانی کاری کارگایی و کار لە ســەر شــەقام وتی:

بۆچی ئیشـــی کـارگـا بکـەن؟ لـەبـەر ئـەوەی کـارگـا لێـت ڕوونـە؛ چونکـە ئـەگـەر مەترســییەکی بۆ پێش بێ دەتوانی یەخەی خاوەنکارەکەی بگری و قســەی لەگەڵ بکەی، بیدوێنی؛ چوزانم هۆکارەکەی لێ بپرســی، بەڵام ئەگەر لە ســەر چوارڕێیان کێشـەیەک بۆ ئەو منداڵە پێش بێ، جا ئۆتۆمبێل لێی بدا، ڕا دەکا دڕەوا چووزانم، خودا بەو ڕۆژ نەکا دەســتدرێژی بکرێتە ســەر، لەو شــوێنانەی کە ئیش دەکەن، تۆ ناتوانی بەدواداچوونی بۆ بکەی، کێ قۆڵبەســت دەکەی، لە کوێ، کێ دەدوێنی؟ ڕووداوێکی تایبەتیان بۆ پێش دێ، بۆ وێنە 1 لە ســەد یان بۆ وێنە 5 یان 10 لە ســەد دەتوانی بەدواداچوون بکەی بەڵام کارگا وا نییە. ناڵێم هیچ ڕوو نادا، ناڵێم کێشەی نییە، چونکە ئەوانیش کێشەی خۆیانیان هەیە، تەنانەت بۆ گەورەساڵەکانیش.

ســەبارەت بە بڕی داهات و فێربوونی کار بە پێی جۆری کاریش یەکێک لە خاوەنکارەکا بەم شێوە دوا:

بڕوانە بڕی داهاتی کارگا زۆر کەمتر لە هی دەرەوەیە. ئەو منداڵەی کە لە کارگا ئیش دەکا، خاوەنکار ئەو ئیدعایەی هەیە کە تۆ لێرە فێری شــتێک دەبی، خۆ لێی نازانی. لەوێ حەقدەســت زۆر کەمە. ڕەنگە حەفتەی 60 هەزار تمەنە. ئێســتا نازانم لە پاش پەتای کۆڕۆنا زیادیان کردووە یان نا. بەڵام ئەو منداڵانەی کە دەچنە ســەر چوارڕێیان لەبەر پیاوەتیی خەڵک بڕە پارەیەکی زیاتر وەدەســت دێنن. ئەوان لەوانەیە ڕۆژی 50 هەزار تمەن بکەون.

هەندێ لە منداڵانی کار دووکارەن و هەندێ تەنیا کارێکیان هەیە. ژمارەیەکیان لەوانەیە لە دوو دانگ کار بکەن و هەندێکیان لە دانگێک. یەکێک لە چالاکوانانی ئێن‌جی‌ئۆکان لە مەڕ دانگی کاری منداڵان وتی:

زۆریان تاک‌پیشــەیین. چونکە ئەمانە ماوەی ئیشــەکەیان زۆرە بۆ وێنە ئەوەی لە

میوەفرۆشـــی ئیش دەکا لە کەڕەی بەیانییەوە دەبێ میوەکان لە ســـەر ســـەوەتە بچنێ و شـــەولنە درەنگان میوەکان کۆ بکاتەوە و ڕادەســـتی بکا و بیخاتە ســـەر جێی خۆی و بڕوات.

منداڵێکیش لە بارەی پیشەی دووهەمی خۆی وتی:

| |
|---|
| شـــەوانەش دەچمە لای باوکم. پارە لە باوکم وەرناگرم؛ هەرچی ئیش بکا دەیهێنێنێتەوە ماڵەوە. لەوێ جلوبەرگەکان ڕێک دەکەم. |

پاش ئەوەی کە منداڵان دەچنە ناو کار، واتە ئەو کارانەی کە بۆ خاوەنکاری دەکەن، خاوەنکار دەورێکی دیاریکەرەوەی لە کاری ئەواندا هەیە. بڕی حەقدەســـت، کاتژمێر و ڕۆژانی کار، جۆری کار یان چۆنیەتیی ئەنجامدانی کار، پێشـــکەوتن لە کار و زۆر بابەتی دیکە خاوەنکار کاری منداڵ دیاری دەکات. هەندێ لە منداڵەکان کە لە ســـەر شـــەقام ئیش دەکەن هەندێکیان خاوەنکاریان هەیە و هەندێکی دیکە خۆخاوەنکارن. بۆ وێنە ئەو منداڵانەی کە لە ســـەر شـــەقام گوڵفرۆشـــی دەکەن زۆریان خاوەنکاریان هەیە و منداڵە دەســـتفرۆش و داشـــقەچییەکان خۆخاوەنکارن. هەڵبەت لەولنەیە ئەو منداڵانەی کە خاوەنکاریان هەیە پاش فێربوونی کار و تەکنیکی کار ببنە خۆخاوەنکار. ئەم حاڵەتە زیاتر ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە هەوڵدەدای فێربوونی کارن. لەم بارەوە یەکێک لە خاوەنکارەکانی گەڕەکی فەرەحزاد وتی:

| |
|---|
| زۆر بۆمان پێش هاتووە کە منداڵ لای ئێمە ئیشـــی کردووە پاش ماوەیەک بۆ خۆی بۆتە وەستا. فیتەری داناوە. ئێستا لە ناو فەرەحزاد زۆریان هەن. زۆرێک لەوان کە لێرە فیتەرییان دلناوە و بۆ خۆیان ئیش دەکەن ســـەردەمانێک شـــاگردی خۆمان بوون. |

زۆر جار خاوەنکارەکانی بوارە جیاجیاکان، بە هۆکاری جیاواز، بۆ وێنە لە کاتی ئەنجامدانی کار، ئەوان زیان بە کەرەســـەی کار بگەیێنن، پارچەیەک خراپ بکەن، یان کەرەســـە و ئامێرەکانی کاریان لە لایەن کاربەدەســـتانی شـــارەوانییەوە دەســـتی بە ســـەردا بگیرێ، منداڵەکان ســـەرکۆنە دەکەن و ســـزایان دەدەن و زۆر جار خاوەنکارەکان منداڵەکان بە تاوانبار دەزانن. سەرکۆنەکردن لە کاتی کاردا ڕەواڵی هەمیشەییە. چونکە خاوەنکار پێی وایە منداڵ بەم شێوە باشتر فێری ڕاپەڕاندنی کار دەبێ و باشتر کارەکان جێبەجێکردن دەکات. گێڕانەوەکانی ژێرەوە بە باشـــی ئەمە پیشـــان دەدا کە چۆن

خاوەنکارەکان بە هۆی هەڵەکانیان یان ڕووداوی کاتی کار سەرکۆنەیان دەکەن و سزایان دەدەن:

> ئەم حەفتە سەتڵەکانمانیان ڕفلند، هەموویان برد. خاوەنکار شەڕی لەگەڵ کردین. وتی بۆ ڕاتان نەکرد؛ کۆڵێ گوڵمان بوو. وتمان ناتوانین هەڵبێین.

> کۆتاڵێک خراپ ببڕی، مقەستەکە بە هەڵە هەڵبگری، ئیتر شتی وا دووکاندار سزات دەدات.

> داوای پشوو بکەم لە پارەکەم کەم دەبێتەوە. ئەگەر کارێک بە هەڵە ئەنجام بدەی سزات دەدەن.

هەندێ لە خاوەنکارەکان جیا لە سەرزەنشت و سزا، ئازاری وتەیی یان تەنانەت فیزیکیی منداڵەکان دەدەن. منداڵێکی ئەفغانستانی ئەزموونی ژیاوی خۆی لە توندوتیژیی وتەیی خاوەنکارەکەی بەم شێوە گێڕاوە:

> لەوێ جنێوی دەدا، جنێوی بە باوکم دەدا، دەیگوت پاتاڵ. منیش لەوێ هاتمە دەرەوە.

کاتێک کە منداڵێک بە گیان و دڵ کار دەکا و بە نیازە هەموو تەکنیکەکانی کار فێر بێ کە لە داهاتوودا ببێتە خاوەنکاری خۆی، لەوانەیە لە لایەن خاوەنکارەوە دوو حەڕەشەی لە سەر بێ: ئەگەری دەرکران بە هەر هۆکارێک بە پێی لێکدانەوەی خاوەنکار، و یان فێرنەکردنی هەموو تەکنیک و فرت و فێڵی کار لەبەر ئەوەی هەندێ لە خاوەنکارەکان دەیانهەوێ منداڵە شاگردەکان لە کاردا هەمیشە وابەستەیان بن و نەبنە خۆخاوەنکار و ڕکابەریان. کارگەلی وەکوو دەستفرۆشیش ئەگەری تێکهەڵچوونی لەگەڵ دووکاندارەکان هەیە کە ئەمە خۆی وەک حەڕەشەیک بۆ سەر منداڵانی کار لە قەڵەم دەدرێ، چونکە زۆرێک لە دووکاندارەکان پێیان وایە کە دەستفرۆشەکان کاسپیی ئەوان پەک دەخەن و یان بوونی ئەوان لە دەوروبەری دووکان شوێنەکە قەرەباڵغ دەکا و مشتەرییەکی کەمتر سەردانی ناو دووکانەکەی دەکات. هەر بۆیە دووکاندارەکان داوا لە چەرچی و دەستفرۆشەکان دەکەن کە بۆ ئەوەی لەبەر دووکانی ئەوان شت دەفرۆشن دەبێ بڕە پارەیەک بەو دووکاندارانە بدەن. هەندێ جار منداڵان ئامادە نین ئەم پارە

بدەن، لەبەر ئەمە گرژی و تێکهەچوون دەکەوێتە ناویان و ئەمە هەندێ لێکەوتەی بۆ منداڵان هەیە. منداڵێکی دەستگێڕ کە لە گەڕەکی ئەفسەرییە کاری دەکرد لە مەڕ شەڕ و ناکۆکییەکان وتی:

> من دێمە سەر ئەم شۆستە کە هی ئێوە نییە. ئەم دووکاندارانە ئەزیەتمان دەکەن؛ دەڵێن یان پارە بدە یان بڕۆ. لێم دەسرەوێنن، شتەکانیشم دەبەن.

لە کارگاکانیشدا ئەگەر منداڵ بەشێکی کارەکە خراپ بکا لەوانەیە خاوەنکار لەبەر ئەم هەڵەی کە کردوویەتی بەشێک لە حەقدەستەکەی ببڕێت. منداڵێک کە لە بەرگدووری کاری دەکرد سەبارەت بە ئەزموونی خۆی لەم چەشنە تەمبێیانە وتی:

> جارێکیان وەستاکار لە دووکان نەبوو ئەو کچە هەژدە ساڵە وتی ئەو جیرە لێدە وتم دەتوانم لێی بدەم، وتی ئەگەر دەتوانی بیکە. دەی جیرەکەم وەرگرت ئیتر دەبوایە بە دەور پانتۆڵەکەوە بیدوورێنم، دەورەکەیم ڕێک کرد، ئینجا جیرەکەم ساف و ڕێک کرد، ساف؛ شوێنێکی بڕابوو. ئینجا لێی ساندم و سەیری کرد. وتی باش بوو پانتۆڵەکەت هەموو نەدڕی. ئەوەندەی دڕا بوو [بە دەست ئاماژەی بۆ کەمێک کرد] ئاخە دەزانی چییە سەردوورەکان ئەم لای تیغی پێوەیە بە لایەکیشی دەیدوورێ؛ بەو تیغە دڕاندبووم. ئینجا بە خاوەنکارەکەم وت لە حەقدەستەکەم کەم بکەوە، وتی نا چۆم چاکی دەکەم. چاکی کرد. ئەگەر زیاترم دڕاندبایە حەقدەستی لێم دەبڕی.

لە زۆرێک لە کارەکان کە بوونی کەرەسەی خۆپارێزی پێویستیی کارە خاوەنکارەکان بە هۆکاری جیاوازی وەکوو کەمکردنەوەی تێچووی کار، ئەم جیازلتلنە بۆ منداڵ دابین ناکەن و منداڵان لەم کەرتانەدا بە بێ جیازاتی خۆپارێزی کار دەکەن، هەندێ کاری وەکوو زبڵگەڕی، فیتەری، دووکانی مادە خەسارەچووەکان، لەحیمکاری، کوورەخانەی خشتپێژی، بلوورسازی، کاری قوڕەکاری و نموونەی لەم چەشنە. دابیننەکرانی جیازاتی خۆپارێزی یان کار لەگەڵ کەرەسەی مەترسیدار تەندروستیی منداڵ دەخاتە مەترسییەوە و هەندێ جار دەبێتە هۆی کەمئەندامبوون یان مردنیان. منداڵێکی زبڵگەڕ لەم بارەوە وتی:

> جلوبەرگی کارمان نییە، هەر بەمانە دێین. خۆمان دەستەولنە دەکڕین، ئەوان هیچمان بۆ ناکڕن.

لە حاڵەتەکانی دیکەدا بەتایبەت لە کەرتە فەرمییەکاندا، وەکوو کارکردن لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار، بازاڕی گوڵ، و فیتەری، بە پێی یاســای ڕێکخراوەیی یان بە هۆی یاسا پەسەندکراوەکانی کار، خاوەنکارەکان دەبێ یوونیفۆڕم بۆ منداڵەکان دابین بکەن و منداڵەکان ناچار بکەن کە ئەو یوونیفۆڕمانە لەبەر بکەن. بەڵام بەو پێیەی کە ئەم جلوبەرگانە لە بنەڕەتەوە بە بەری ئەوان نەدووریێنراوە بۆیان فش و دەست و پاگیرە و منداڵەکان بێتاقەت دەکات. کەولتە ئەوان پێیان خۆش نییە ئەم جلوبەرگە یوونیفۆڕمانە لەبەر بکەن. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەم خاڵەیە کە بوونی ئەم چەشنە جلوبەرگانە لە ڕاستیدا پاساودارکردنی کاری منداڵانە.

ماف و حەقدەســتی منداڵەکان بەشــێکی دیکەی کاریانە کە زۆر جار پێشــێل دەکرێت. منداڵانی کار لەو بنەماڵە هەژار و دەستنەڕۆیشتووانەوە هاتوون کە لە لایەن بنەماڵەوە پاڵپشــتی ناکرێن و ناچارن کار بکەن. کەواتە توانای چەنەلێدانیان نییە و لە هەمان کاتیشدا لە مافەکانی خۆیان ئاگادار نین. هەر ئەم بابەتە وای کردووە هەندێ لە خاوەنکارەکان مافیان پێشــێل بکەن. بۆ وێنە خاوەنکارەکان بیمەی منداڵان نادەن و زۆر جار تەنیا کەســانی نزیکی خۆیان بیمە دەکەن بۆ ئەوەی لە کاتی ســەردانی چاودێرانی وەزارەتی کار ئەمانە پیشان بدەن و منداڵەکانی دیکە لەم مافە یاساییە بێبەش دەکەن. لێرەدا مەبەست لە منداڵانی کار منداڵانی پازدە هەتا هەژدە ساڵانە کە بە پێی یاساکانی کاری ئێران دەتوانن بیمە بکرێن. هەروەها داهاتی منداڵانی کار زۆر کەمە و هەندێ جار خاوەنکار هەر ئەم داهاتە کەمەشــیان پێ نادات. ماوەی کارکردنی ئەم منداڵانە زۆر درێژخایەنە و بۆ زیادەکارێک کە دەیکەن حەقدەســتیان پێ نادرێت. دەتوانین بڵێین ئەوان لە ئاســت ئەو شــتەی کە بۆ فرۆش هەیلنە هیچ حەقدەســتێک وەرناگرن. یەکێک لە یاریدەدەرانی ئێنجیئۆکان لە مەڕ ماوەی کاریی ئەم منداڵانە وتی:

ماوەی کاری منداڵەکان لە کارگا بە پێی ئەو قســەی کە لەگەڵ خاوەنکار کراوە و ئەو کاتە پشــووەی کە منداڵەکان هەیانە. زۆربەی منداڵەکانی ئێمە، ڕۆژانە دوو و نیو هەتا ســێ کاتژمێر لە قوتابخانەن، هەر ئەم دوو کاتژمێر ســێ کاتژمێرە نییە. ئەو ڕێگایەی وا دێتە ئێرە و ئەو ڕێگایەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لانیکەم ســێ چارەکە کاتژمێرێک بە ڕێگاوەن. هەندێکیان نیوکاتژمێر بەڕێوەن هەتا بێن، نیوکاتژمێریش هەتا دەگەڕێنەوە. ئەم ماوەیە وەختیان دەگرێت. ئەو منداڵانەی کە لە کارگا ئیش دەکەن ماوەیەکی کمتر ئیش دەکەن تا ئەو منداڵانەی کە لە ســەر چوارڕێیانن و ئیش دەکەن.

ئەوان لە کارگا نزیکەی شەش، پێنج پێنج بۆ شەش کاتژمێر ئیش دەکەن و لە چاو ئەو ئیشەی کە دەیکەن حەقدەستیان کەمتر.

لە چاو گەورەساڵەکان؟

لە چاو گەورەساڵەکان زۆر کەمترە.

هەڵبەت لە زۆرێک لە کارەکاندا بەتایبەت ئەو کارانەی کە پێویستی بە شارەزایی و تەکنیکە، هەرچی ئاستی شارەزایی منداڵ زیاتر بێ ئەو کاری پسپۆڕانەتر لە ئەستۆ دەگرێ، بڕی داهاتەکەشی زیاتر دەبێت. منداڵێک کە لە کۆڵانی بێرلین لە کارگایەکی بەرگدووریدا کاری دەکرد سەبارەت بە زنجیرەی کارەکانی وتی:

> زنجیرەی کاری ئێرە لە پێشدا بەردەستی و شاگردییە، ئینجا دەبێتە سادەدووری، پاش سادەدووری دەبێتە پۆلیسەدووری، پاش ئەو دەبێتە مۆدێلدووری. ئیتر هەر وا حەقدەستیشت زۆر دەبێت.

منداڵێکی بەرگدوور کە لە یەکێک لە کارگا بەرهەمهێنەرەکانی کۆڵانی مادەر لە سنووری بازاڕی گەورەی تاران کاری دەکرد و خۆی پێ بەگدووری زگماک بوو سەبارەت بە پلەکانی سەرکەوتنی خۆی بەم شێوە دوا:

> من خۆم جاری یەکەم کە هاتم شاگردیم دەکرد. جاری یەکەم 400 هەزار تمەنیان پێدام. پاشان وردە وردە فێر بووم، چوومە لای کەسێکی دیکە بوو بە 600 هەزار تمەن. ئینجا فێری ئیش‌کردن بە مەکینەی دروومان بووم. بوو بە ملوێنێک. پاشان چوومە لای کەسێکی دیکە، بڕی ملیوێنێک و 350 هەزارم وەردەگرت. ئێستا بۆ خۆم ئیش دەکەم، بەڵام من شاگرد و بەردەست نەبووم، من هەر زگماک بەرگدوور بووم [پێدەکەنین].

منداڵان بە هۆی ئەوەی لەگەڵ مافەکانی خۆیان ئاشنا نین و توانای دانوستان و چەنەلێدانیان نییە کەمترین دەستەبەرییان نییە و ئەو کەمە دەستەبەرییەش ڕێککەوتنییە کە بە شێوەی زارەکی لەگەڵ خاوەنکار ئەنجام دەدرێ و شتێک بە ناوی گرێبەستی نووسراوەیی لە نێوانیاندا نییە. منداڵێک کە شاگرد دووکانی پێڵاوفرۆشی بوو سەبارەت بە شێوازی گرێبەستی کارەکەیان وتی:

> ئێمە هیچ گرێبەستێکمان نییە. ئێمە لەگەڵ دووکاندار هەموو قسە و باسێکمان زارەکییە. گرێبەستمان نییە. شتێک بە ناوی گرێبەست لە گۆڕا نییە. بنەماغەی ئەمە

> وا نەبووە، هەموو شتێکمان لە سەرەتاوە دیارە. بە ساقەیان بم، خۆ 99 لە سەدی دووکاندارەکان ڕاست بە لایانەوە نییە.

بە هۆی ئەوەی دامەزراندنی منداڵان دژی یاسایە، ئەوان لە هەڤیازیگەلێکی وەکوو بیمەش سوودمەند نین ئەگەرچی زۆرێک لە خاوەنکارەکان بە هۆی خۆدزینەوە لە باج، کارێکارە گەورەساڵەکانیشیان بیمە ناکەن. هەر لەم بارەوە یەکێک لە خاوەنکارەکانی کەرتی پەردەدووری لە بازاڕی گەورەی تاران وتی:

> ئێمە کرێکارەکانمان بیمە ناکەین. ئێمە بیناکەمان بازرگانیمان نییە، ناتوانین بیمەیان بۆ تێ بکەین. ئەگەریش بمانهەوێ شوێنێکی بازرگانی بە کرێ بگرین، کرێکەی زۆرە، دەریناهێنێت.




چارتی ژمارە 14-3: داهاتی ڕۆژانەی منداڵان (بە پێی هەزار تمەن)


دەتوانین بڵێین ژمارەیەکی کەمی منداڵان نەبێ، ئەوانی دیکە گرێبەستی کاریان نییە یان گرێبەستەکەیان کەمخایەنە. خاوەنکارەکان بۆ لە خۆدامالینی ئەرکە یاساییەکان لە گرێبەست لەگەڵ ئەم گرووپە خۆ دەبورێن. هەر ئەمە وا دەکا منداڵان ئاسایشی پیشەییان نەبێت. ئەوان لەوانەیە لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ هەموو جۆرە کارێک بەئەزموون بکەن کە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی لە هیچ کارێک زۆر شارەزا

نەبن. لە پەیژەی زنجیرەی پیشەدا سەرنەکەون و حەقدەستیان زۆر نەبێت. ئەوەی کە بۆچی لە ناو پیشە جیاجیاکاندا ئەوان هاتوچۆ دەکەن، هۆکاری زۆرە. یەکێک لە چالاکوانانی بواری منداڵی لەم بارەوە وتی:


شا حەقدەستیان جیاوازە. من کەس نەهاتووە بڵێ حەقدەستم زۆرە، ئیتر 500 هەزار، 600 تمەن. چونکە بە پێی تەمەن، پرسی کۆچ، بارودۆخی ئابووری و بارودۆخی خێزانی، و ناسەقامگیری، هیچکات نەیانتوانیوە بەردەوام بمێننەوە و فێری پیشەیەک ببن. لەولنەیە ساڵێک هاوین فێری شتێک بن، بەڵام ساڵەکەی دیکە پیشەیەکەیان بگۆڕن. دیارە تواناکەی بە باشی گەشە ناکا، پیشەدۆزییەکەی بە فیڕۆ دەچێت. بەڵام 500 هەزار تمەن یان حەفتەی 50 هەزار تمەنمان بووە، حەفتەی 80 هەزار تمەنمان بووە، بۆ هەشت کاتژمێر هەتا دوازدە کاتژمێر. بەڵام لە پێشدا ڕاهێنان، بەدواداچوونی بەردەوام، ئەو شتەی کە لەو ماوەدا فێریان دەکەن، زۆرن ئەو منداڵانەی حەفتەیەک دەڕوا و ئەوی دیکە ناڕوات.

منداڵێکی ئەفغانستانی کە لە گەڕەکی تێهرانپارس خەریک شووشەسڕی بوو لە بارەی ئەزموونی کاریی خۆیەوە وتی:

| |
|---|
| لە ئەفغانستان ساڵێک کشتوکاڵم دەکرد. لەحمیکاریم کردووە؛ پێنج ساڵە ئیش دەکەم، پێنج شەش ساڵ دەبێ؛ واتە لە تەمەنی هەشت ساڵانەوە ئیش دەکەم. یەکەم جار کشتوکاڵم کردووە ئینجا لەحیمکاری. ئێستاش هاتوومەتە شووشەسڕی. ساڵێکیش لای باوکم میوەم فرۆشتووە. |



چارتی ژمارە 15-3: دابەش‌کردنی منداڵان بە پێی کاتی وەرگرتنی داهات



چارتی ژمارە 16-3: بڕی داهاتی حەفتانە و جۆری کار

جێگۆڕکێ بە هۆی کۆچ‌کردن یان گۆڕینی ماڵ بە هۆی کرێ‌نشـــینییەوە و گۆڕینی پیشـە کاریگەریی ڕووخێنەری لە سـەر منداڵان هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەسـتی وابەســتەیی بە شــوێن و ژینگە لەواندا بیچم نەگرێ و لە ســۆنگەی کارەوە وا دەکا کە ئەوتاتن نەتوانن لە شــوێنێکدا بمێننەوە و لەو کارەدا شــارەزایی تەواو وەدەســت بێنن و ئاسـتیان بەرز ببێتەوە. هەر بۆیە لە درێژەی ژیانی ڕۆژانەیاندا لە ناو پیشـە جیاجیاکاندا


جێگۆڕکێ دەکەن. لە زۆرێک لە کارەکاندا شوێنی کار بۆ منداڵان کوالێتییەکی گونجاوی نییە. بۆ وێنە زۆرێک لە کارگا لەحیمکارییەکان و مادە خەسارچووەکان، کارگا فیتەری و بەرهەمهێنەرییەکان زۆر هەلومەرجی گونجاوی کارییان وەکوو ڕووناکیی تەواو، هەواگۆڕکێ، جیازاتی خۆشگوزەرانی، پانتای تەواو و هەلومەرجی لەم چەشنەیان نییە.

یەکێک دیکە لە کێشەکانی منداڵانی کار نەبوونی ڕۆژی پشوو یان ڕۆژانی پشوو لە هەندێ لە کارەکانە؛ لە هەندێ کاری وەکوو فیتەری، کارواش، مارکێتی مادەی خۆراکی، تەرەبار، بازاڕی گوڵ و کاری دیکەی لەم چەشنە ئەم منداڵانە تەنانەت ڕۆژانی هەینیش بە چ شێوەی تەواوەخت و چ بە شێوەی نیوەوەخت کار دەکەن. لە کارەکانی دیکەشدا کە ڕۆژێک دەکەنە پشوو ڕۆژی پشووی ئەم منداڵانە لەگەڵ ڕۆژی پشووی فەرمی واتە هەینی هاواهەنگ نییە. بۆ وێنە لەوانەیە ڕۆژانی شەمە ئەوان پشوو بێ کە ئەوان سەرقاڵی کاری پاکوخاوێنیی خۆیان، پاکژیی ناوماڵ و بابەتەکانی لەم چەشنەن. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە کۆچەرەکان بکەین کە ڕۆژی پشوویان شەمانەیە. ئەم گرووپە لە ڕۆژانی پشوودا شوێن یان مەکۆکەیان وەک کرێ دەدەن بە گرووپەکانی دیکە.

لە هەندێ لە پیشەکاندا ئەم هەلە بۆ منداڵەکان ڕەخساوە کە داوای پشوو بکەن. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ ڕۆژانی پشوو حەقدەست وەرناگرن و لە ڕاستیدا حەقدەستی ئەوان بە پێی ڕۆژی کارییانە. دوو کەس لەو منداڵانەی کە لە مارکێتی کەلوپەلی ئێدەگی شاگرد دووکان بوون لە مەڕ وەرگرتنی پشوو وتیان:

| |
|---|
| خۆ پشوومان پێ دەدەن بەڵام ئەزیەتیشمان دەکەن، بۆ وێنە پێمان دەڵێن دەبێ شەو قەرەبووی بکەیتەوە. دەڵێ ناتەوێ ئیش بکەی بڕۆ، زۆر سادە ... . هەموو جێیەک وایە. |

| |
|---|
| دەتوانین پشوو وەربگرین. چاکن. ئێستاش هەر پشوویان پێدام بەڵام لە بڕی حەقدەستەکەم کەم دەکەنەوە. |



چارتی ژمارە 17-3: دابەش‌کردنی منداڵان بە پێی ڕۆژی پشوو

منداڵان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە هۆکاری جیاواز لەوانەیە واز لە ئیشەکەیان بێنن. پێشتر ڕوون کراوە کە چۆن ناسەقامگیریی بارودۆخی نیشتەجێبوون و کۆچ‌کردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کەسانە واز لە ئیشەکەیان بێنن یان کارەکەیان بگۆڕن. هۆکارەکانی وازهێنان یان گۆڕانی کاری منداڵان بریتین لە: حەقدەستی کەم، وەڕزانەبوونی هەندێ لە کارەکان، ڕەوشی کەش و هەوا، داخرانی کارگاکان، بەئەزموون‌کردنی توندوتیژی و خەسارەتی جیدی، دژواربوونی کار و ماندووبوون لە شوێنی کار، چەوسانەوە، و ئەزیەتکران لە لایەن ناوەندە فەرمییەکانەوە. ناشارەزایی و ئەنجامدانی ئیشی تاقەتپڕووکێنیش لە هۆکارەکانی بێزاریی منداڵان لە کارە. منداڵێک کە بە داشقە لە بازاڕ ئیش دەکا سەبارەت بە سەختیی ئیشەکەی وتی:

> ئەمەش کارە، هیچ پیشەیەکی دیکەمان نەبوو، کە پیشە نەزانی، زۆر ناخۆشە. ئەوەی قەڵسم دەکا ئەم عارەبانەیە، زۆر سەختە. کرێکاری نییە، ئیش نییە، چی بکەین مەجبوورین ئیش نییە. ئێمە کەی عاربانەمان لێ دەخوڕی؟ ئەم ئیشە زۆر قورسە. بەڵام ئەو کەسەی کە نەخوێندەوارە هیچ ئیشێکی پێ ناکرێت. ئەمەش کارە ئیتر. چی بکەم؟ هیچ ئیشێ نازانم، هەر ئەم عارەبانەچییە دەکەم.

منداڵێکیش لە مەڕ گۆڕینی پیشەکەی بە هۆی نەبوونی پشوو وتی:

> ئیشەکەی پێشووم بە کار نەدەهات. پشوو مشووی نەبوو. هەینیانەش دەچوومە دەوام. پاشنوێژان کاتژمێر یەک هەتا هەشت و نیو دەچووم بەڵام بە کەڵک

نەدەهات. زیاتر لەبەر ئەوەی کە پشووی نەبوو.

لە کۆمەڵگای ئێران بەو پێیەی کە تەکووزی و دیسیپلینی کۆمەڵگا تا ڕادەیەکی زۆر ئێتر لە دەسەڵاتی کاربەدەستانی بەدەرە و ناسەقامگیرییە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا ڕێسای دادپەروەرانە بوونی نەبێ، میکانیزمە ڕەوادارەکانی جووڵەی چینایەتی وەکوو خوێندن و کار بەهای خۆی لە دەست داوە و کارگەلێکی وەکوو دەڵاڵی و لەم چەشنە بوونەتە بزوێنەری کۆمەڵگا. لە وەها بارودۆخێکدا منداڵان زۆر بە باشی دەزانن کە کارکردن بایەخی نەماوە و کاتژمێری کار و زیادکردنی ئەم ماوە سەرمایەیان بۆ بەرهەم ناهێنێتەوە. گێڕانەوەی منداڵێکی ئەفغانستانی لە مەڕ بایەخی کار لە وڵاتی ئێران بەم شێوە بوو:

پێم خۆش نییە لە ئێران بمێنمەوە: یەک لەبەر ئەوەی دراوەکەی بایەخی نییە، هەر چەندەش ئیش دەکەی، سێ قۆڵی ئیش دەکەین، بە ڕاستی دەرەقەت نایەیێن. لە هەموو وڵاتێکدا ڕێز لە پەنابەر دەگرن، لێرە ڕێزت نییە، وڵات، دەوڵەت، خەڵکەکەی کە هیچ. من کاکم، سێ ساڵە ئیش دەکا. ئەگەر ئەو ئیشەی کە خەریکە دەیکا سێ ساڵی دیکە بیکا، دەبێتە چی؟ هەر خۆشت بیست ساڵ لە شوێنێکدا ئیش بکەی بە هیچ کوێ ناگەیت. تۆ بڕوانە من ئەو هەمووەم خوێند بووم بە چی؟ ئێران هەر بمژە و مەمرەیە. نازانم بۆ ئاوایە. تۆ هەفتەیەک ئیش نەکەی بۆ هەفتەکەی دیکە نانت نییە بیخۆی. خۆ موسڵمانیش لە حەق و ناحەق جەژنمان هەیە [ئاماژە بەو جەژنانە دەکا کە دەبێتە هۆی پشووی کار].

کارکردن بۆ ئەم منداڵانە لێکەوتەی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە کە لە وتەزاکانی پێشوودا هەندێ لە لێکەوتەکان تاوتوێ کران. گەورەساڵیی پێشوەختەش یەکێکی دیکە لەم لێکەوتانەیە کە یەکێک لە چالاکوانانی ئێن‌جی‌ئۆیەک لەم بارەوە وتی:

ئەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن لە ناکاو گەورە دەبن کە ئەمە فرە خراپە. دەڵێی لە ناکاو تافی منداڵی تێدەپەڕێنن. سوور دەبینی یەکێک کە دوێنێ هاتە ئەنجومەن و لە دیواری ئەنجومەن سەر دەکەوت، ئێستا بۆ خۆی پێگەیشتووە و لە پشت مێزی دووکلنە؛ ئەمە دڵهەژێنە. گەورە نەبووە و خۆی وەک گەورەساڵێک دەنوێنێت. چونکە کاتێک کە دەچێ ئیشێک دەکا و پارە دەباتەوە بۆ ماڵەوە لە ماڵەوە ڕێزی لێ دەگیرێت. بەهەر حاڵ پارە دەسەڵاتە. لە ناو ئەم بنەماڵانەدا پارە دەسەڵات بۆ ئەم منداڵانە دێنێ،

بۆ وێنە دەبینی بە دایکی یان بە خوشــکی دەڵێ نانم بۆ بێنە، یان چێشــتەکەم بۆ گەرم بکەرەوە.

## پەیوەندییەکان دەسەڵات

دەسەڵات لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و بە پێی بنەمای ئەوە پەیوەندی و شــێوازی دابەش‌کردنی ســەرچاوە چەندیانەکان - ســامان، زنجیرە پلە، زانســت و زانیاری و کەســایەتی - کە لە ناو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاپەڕێنەراندا بوونی هەیە دابەش دەکرێت. بە پێی ئەو کەســەی کە دەســەڵات دەســەپێنێ، دەســەڵات دەتوانێ بەرهەمهێنەر یان سنووردارکەرەوە بێت. بۆ وێنە کاتێک کە خاوەن دەسەڵات بە شێوەی ڕەوادارانە دەسەڵات بە کار دێنێ و لە ئاراستەی قازانجی گشتی کەڵکی لێ وەردەگرێ دەسەڵات حاڵەتی بەرهەمهێنەرانە دەگرێتە خۆی. لە حاڵێکدا ئەگەر خاوەن دەسەڵات بە قازانجی گرووپێک بۆ وێنە خاوەن‌کاران و بە زیانی گرووپێکی دیکە واتە کرێکارەکان بیقۆزێتەوە ئەوە ئەم دەســەڵاتە بۆ کرێکاران، بەتایبەت منداڵانی کار، حاڵەتی ســنووردارکەرەوە دەگرێتە خۆی و تەنانەت نەقۆســتنەوە و نەســەپاندنیشــی دەتوانێ حاڵەتی ســنووردارکەرەوەی بۆ هەندێ کەس بەتایبەت منداڵان هەبێت. بۆ وێنە کاتێک کە شارەوانی و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی وەکوو ڕێکخراوی پاشخوان، یاســا و ڕێســاکان جێبەجێکردن ناکا، بێ‌شــک ئەمە بە قازانجی پەیمانکاران و خاوەن‌کارانە و بە ئەگەری زۆر لە جێبەجێکردن‌نەکردنیان سوودمەند دەبن.

منداڵان لە کاری جۆراوجۆر، بە پێی جۆری کار، لەگەڵ خۆیان، لەگەڵ خاوەن‌کار، لەگەڵ شــارۆمەندان، لەگەڵ بنەماڵەکانیان و لەگەڵ دام و دەزگا جیاوازەکانی وەکوو شــارەوانی، بێهزیســتی و هێزەکانی ئینتزامی دەچنە ناو پەیوەندیی دەســەڵاتەوە. هەروەها لەو کارە جیاوازانەی کە منداڵان تێیدا چالاکی دەکەن یەک جۆر یان چەند جۆر پەیوەندیی دەســەڵاتمان هەیە کە هەندێکیان تایبەت بە هەندێ کارن. خاوەن‌کار دەتوانێ کەڵکاوەژۆیی لە دەســەڵاتەکەی خۆی بکا و بە زیانی منداڵەکە بێ یان لە شــوێنی کار داکۆکی لە منداڵەکە بکات. دەســەڵات دەتوانێ بە ئاشــکرا بســەپێنرێ، وەکوو توندوتیژییە ئاشــکراکان کە منداڵان لە کاردا بەئەزموونی دەکەن یان بە شێوەی شاراوەی وەکوو پەیوەندیی ستەمکارانە و چەوساوانە. دەسەڵات دەتوانێ دوو ڕەهەندی پێکهاتەییشــی هەبێت. بۆ وێنە ئەو شــوێنەی کە پێکهاتە یاســاییەکان کاری منداڵان بە فەرمی دەناســن و ڕێگری لێ ناکەن یان هەندێ لە

خراپترین کارەکان بە پێی ڕێســاکان تەرخانی تاقمێکی تایبەتی منداڵان وەکوو منداڵە پەنابەرەکان کراوە، دەسەڵات ڕەهەندێکی پێکهاتەیی هەیە.

دەتوانین دووانە سەرنجڕاکێشی پەیوەندیی دەسەڵات لە کاری منداڵانی ئیشکەر لە ناو کارگا و منداڵە چالاکەکانی سەرشەقام بەدی بکەین. بەو پێیەی کە لە زۆربەی کارەکانی سەرشەقام هیچ ڕێکخراوێک بۆ کار بوونی نییە، منداڵ بە شێوەی خۆخاوەنکار کار دەکا و خاوەنکاری نییە، مەیدان یان شوێنی کارکردنی منداڵ بەربڵاوە، فرەچەشنیی کاریی زیاتر بەئەزموون دەکا و ئازادیی کردەیی و هێزی زیاتری لە کاردا هەیە. لە بەرامبەردا، لە کاری کارگایی، وەکوو کار لە کارگاکان، یان ئەو کارانەی کە لە ژێر ڕکێفی یاســا ڕێکخراوەییەکانە، وەکوو زبڵگەڕی یان کار لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار، منداڵان کەمترین دەســەڵاتیان هەیە. کەواتە ئێمە لێرەدا دەتوانین لە بری دووانەی کاری ســەرشــەقام و کار لە کارگە باس لە ســیانەی کاری ســەرشــەقام، کاری کارگایی و ئەو کارانەی کە لە ژێر ڕکێفی ڕێســا ئیداری یان ڕێکخراوەییەکان بکەین. هەڵبەت پســپۆڕان و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئەم بوارە زیاتر ئاماژە بە دووانەی یەکەم دەکەن؛ بە باوەڕی ئەوان منداڵانی سەر شەقام زیاتر لە منداڵانی ئیشکەری ناو کارگاکان دەسەڵاتیان هەیە. بۆچوونی یەکێک لەم کارناسانە ئەمە بوو:

لە سەر شەقام ئەو کەسانەی کە بە شوێنتەوەن لەوانەیە تێت هەڵدەن، لەوانەیە لێت دەن بۆ ئەوەی کەســانی بەڕەڵا و گیرۆدەی مادەی هۆشــبەر و نەخۆش و ئەمانە کە دمیانهەوێ منداڵ ... بکەن ئەمانە لە ســەر شــەقام هەن، لە کارگاش هەن تەنانەت ئیشــێکی وەکوو بەرگدوری کە حاڵەتی کارەکە لەوە ناچێ مەترسیدار بێت. واش نییە ئەو کەســانەی کە لەو کارەدان زیان بەو منداڵە بگەێنن. ئەمە شــیاوی پێشــبینی نییە، ئەوەی ئێمە وەدەســتی دێنین دەســەڵات و زنجیرەی دەســەڵات و پەیوەندییەکانی دەسەڵات و باڵادەستی کۆنترۆلی ژینگەی داخراو بۆ منداڵ سنووردارترە تا شوێنی کراوە؛ ئەمە ئەنجامێکی چۆنایەتییە، ئێمە باش دەزانین ئەمە پێویســتی بە لێکۆڵینەی زێدەترە.

یەکێک لە چالاکولنانی بواری منداڵان کە لە ئێن‌جی‌ئۆیەک لە پەراوێزی بازاڕی گەورەی تاران ئیشی دەکرد لەم بارەوە وتی:

من بەش بە حاڵی خۆم وام پێ باشە منداڵ لە سەر چوارڕێیانەکاندا ئیش بکا نەک لە کارگە. شــا منداڵ لە ئاســت خاوەنکار متمانەی بە خۆی نییە و خاوەنکار باش

دەزانێ کە تەنانەت بنەماڵەی ئەم منداڵە کاتێک کە کێشــە بۆ ئەم منداڵە ســاز دەبێ هەست بەوە دەکا کە ئێستا دەچێتە لای دایکی یان باوکی دەیدرکێنێ یان ناو منداڵ ئەم هەســتەی نییە چونکە باش دەزانێ کە باوکیشــی کرێکاری ئەم پیاوەیە و مافی دەنگ هەڵبڕینی نییە. ئیتر ئەوەیە کە ئەم منداڵە ئەگەر لە کارگا دەســتدرێژیی ســێکســی لێ بکرێ دمنگ هەڵنابڕێت. جیا لەمانە، هەر ئەوەی کە نە ڕێزی لێ دەگرن چونکە باش لێیان ڕوونە، خاوەنکار چاک دەزانێ و منداڵەکانیش دەزانن زیرەکن. وەک شــتێ ئەم کابرا هێزی ڕەهای ئەم بنەماڵەیە و زۆر جار لە دایک دەبیستین کە بەڵێ ئەم پیاوە هات و ئیشــی بە منداڵەکەم دا، لەوەی کە ئیشــی پێ داوە زۆر حۆشــحاڵن. بەڵام ئەمە دەرهاویشتەی باشی لێ ناکەوێتەوە. بەتایبەت لە ناو ئەو کارگایانەی کە لە ناو شاری تاراندا سەردانم دەکردن. من وامدەزانی ئەم منداڵانە شەوانە دەچنەوە بۆ ماڵی خۆیان بەڵام نا شــەوانە لە ناو بازاڕی تاران ڕۆژ دەکەنەوە. من چاک دەزانم لەوێ شــتی باش ڕوو نادا گەنج و ناگەنج، ژنیان تێدا نییە.

وەک لە دوو قسەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، بۆچوونی لایەنگرانی مافی منداڵ و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی لە مەڕ مەترسییەکانی کاری منداڵ لە سەر شەقام و شوێنە داخراوەکان، وەکوو کارگا پێکەوە جیاوازن. هەندێ پێیان وایە کە لە شــوێنە کارگاییەکاندا منداڵ بێلایەنگترە و پەیوەندییەکانی دەســەڵات زۆر جیاوازترە و ئەو منداڵەی کە لە ســەر شــەقام کار دەکا، ســەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسیی زیاتر دەبێتەوە، بەڵام نابێتە دیلی هیچ پەیوەندییەکی دەســەڵاتی وەکوو پەیوەندیی کرێکار و خاوەنکار و هەروەها ئەوەی کە لە سەر شەقامدا فرەڕەنگییەکی زێدەتر بۆ دەسخستنی پارە هەیە، بەڵام تەنانەت لە ناو کارگایەکی بەرگدووریی بچووکیشــدا زنجیرلیەتییەک هەیە و ســەرکرێکار هەیە و ماوەیەکی زۆر دەخایێنێ هەتا ئەو منداڵە قۆناغەکانی ســەرەوە ببڕێ و پێش بکەوێت. لەم شــوێنە داخراوەدا ئەگەری ئەوەی کە منداڵ ببێتە قوربانیی توندوتیژی و ئازار زیاترە. بەڵام لە ســەر شــەقام و چوارڕێیانەکاندا تەنانەت ئەگەر کەسێک ئازاری بدا، منداڵ دەتوانێ شوێنەکە بگۆڕێت. لە لایەکی دیکەشەوە لە پانتای گشــتیدا ئەگەری ئەوەی کە بیانهەوێ پەلاماری منداڵ بدەن کەمترە. خاڵێکی دیکە تولنای منداڵێک بۆ چوونە ناو چوارچێوەی تەکووز و هاتوچۆ بە پێی یاســاکانی کارە. منداڵان بە توانای جەســتەیی کەم و بە پێی ئەوەی کە کاری پێشــوەختە جەســتە لاوازەکەیان شەکەت و هیلاک دەکا، پێویستیان بە پشووی زێدەترە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە یاســای کارە کارگاییەکان ئەم ئیزنەیان پێ نادات. یەکێک لە چالاکوانانی

ئێن‌جی‌ئۆیەک کە ئەزموونی چالاکی لە چەندین شوێندا بووە لەم بارەوە وتی:

ئەوەی ڕاستی بێ من بە پێی ئەو قسەی کە لە شوێنەکانی دیکەدا و لەگەڵ منداڵانی دیکەدا بوومە، ئەوانەی وا دەستفرۆشی دەکەن ڕازی‌ترن، ئەوانەی کە دەچنە سەر چوارڕێیانەکان زیانیشیان پێ دەگات. بەڵام ئەوانەی کە دەچنە ناو کاری فیتەری و کاری کارگا ڕازی نین. بە دەگمەن منداڵێک بەدی دەکەین کە لە ناو ئەم تاقمانە بێ و ڕازی بێ، چونکە ئەمانە کێشەیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە لایانەوە ئەستەمە کە کاتی خۆی بێن و کاتی خۆی بڕۆنەوە. ئەوەی کە ئێمە هەموو جارێ گوێمان لە پرتە و بۆڵەی ئەو منداڵانە دەبێ کە بۆ وێنە دەڵێن خۆشم لە خاوەن‌کارکەم نایە؛ هەمیشانە پێم دەڵێ دەبێ هەشت و نیو لێرە بی، دەی من پێم خۆشە هەتا دە بخەوم جا هەستم؛ واتە ناتوانن لە کاردا تەکووز بن، پێیان باشە بچنە دەستفرۆشی، هەم سەرگەرمی هەیە هەم یاری دەکەن هەمیش لەو چاو کارگا پارەی زیاتر وەدەست دێنن.

یەکێکی دیکە لە چالاکولنانی بواری منداڵان لە بارەی جیاوازیی منداڵانی کاری سەرشەقام و کاری کارگایی وتی:

پەیوەندیمان لەگەڵ منداڵ زیاتر لە سەر ئەوەیە کە تایبەتمەندییان جیاوازە؛ منداڵانی کارگا گوێڕایەڵ و ئارام دەبن. ئێمە زیاتر هەوڵ دەدەین کەمێک چالاکیان بکەین، بە پێچەوانەی منداڵانی سەرشەقام. منداڵانی سەر شەقام چالاکتر، ڕاپەڕێنەرتر، پەڕ هەرا و زەناتر و هار و هاجترن. منداڵانی سەرشەقام بە هۆی ئەوەی ئارام و هێمنترن ئێمە هەوڵ دەدەین لەم سۆنگەوە بیاندوێنین. چونکە ماوەی کاری زیاتریان هەیە و بەردەوام یەکێک لە ژوور سەریانە کە خەریکە هەموو شتێکیان فێر دەکا؛ واتە ژێر چەپۆکەن. لە ناو کارگا زۆرێک لە منداڵەکان ژێرچەچۆکەن.

لە بارەی جیاوازیی کاری منداڵان لە سەر شەقام یان لە کارگا گێڕانەوە و بۆچوونی چالاکوانانی ئەم بوارە یەکدەست نییە، وەک یەکێکی دیکە لەم چالاکوانانە دەڵێ:

با ئیشی کارگا بکەن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کارگا لێت ڕوونە؛ چونکە ئەگەر مەترسییەکی بۆ پێش بێ دەتوانی یەخەی خاوەن‌کارەکەی بگری و قسەی لەگەڵ بکەی، بیدوێنی؛ چوزانم هۆکارەکی لێ بپرسی، بەڵام ئەگەر لە سەر چوارڕێیان کێشەیەک بۆ ئەو منداڵە پێش بێ، جا ئۆتۆمبێل لێی بدا، ڕا دەکا دڕەوا چووزانم، خودا بەو ڕۆژ نەکا دەستدرێژی بکرێتە سەر، لەو شوێنانەی کە ئیش دەکەن، تۆ ناتوانی بەدواداچوونی بۆ بکەی، کێ قۆڵبەست دەکەی، لە کوێ، کێ دەدوێنی؟ ڕووداوێکی تایبەتیان بۆ پێش دێ، بۆ وێنە 1 لە سەد یان بۆ وێنە 5 یان 10 لە سەد دەتوانی

بەدواداچوون بکەی بەڵام کارگا وا نییە. ناڵێم هیچ ڕوو نادا، ناڵێم کێشەی نییە، چونکە ئەوانیش کێشەی خۆیانیان هەیە، تەنانەت بۆ گەورەساڵەکانیش.

گێڕانەوەی منداڵەکان خۆیان لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

> ئەرێ، وتم ئێرە وەکوو ئیشی کارگای بەرهەمهێنان نییە.دەچیتە کارگای بەرهەمهێنان ئیش دەکەی، شاگردی، لە ناکاو پێنج دانە مەکینەت پێ دەدەن دەبێ ئیش بکەی، خۆ بە کار نایە.

> لێرە کابرا بە خۆیەتی کاتژمێر نۆ بێ دە بێ، ئیتر خاوەنکار نییە جوێنت پێ بدات.

> پێشتر ئیشم دەکرد، لە جلوبەرگفرۆشیدا جلوبەرگم دەفرۆشت. من لە کاتژمێر دەوە دەچووم هەتا نۆی شەو. بیست هەزار تمەنی پێ دەدام. ناخۆش بوو. ئینجا چوومە شوێنێکی دیکە، قاپ و کەوچکم دەشت، هەفتەی 150 تمەنیان پێ دەدام، ئەوێش ئیشەکەی ناخۆش بوو، ئیتر نەمتوانی؛ لە کاتژمێر دەوە دەچووم هەتا دەی شەو. ئەویش هەر سەخت بوو. ئەوان بە سەرمدا دەیانگوڕاند، فەرمانیان پێم دەدا ئەوە بێنە ئەوە بەرە، جوێنیشیان پێم دەدا.

> لە ئیشدا زۆریان قەڵس دەکردم. نەیاندەهێشت کەمێک دانیشم. هەر دەیوت بچۆ ئەو ئیشە بکە، ئەوە بکە. ناوم لە سەر زمانی هەموویان بوو. ئەم دەیوت، بۆ وێنە باوکە بە کوڕەی دەوت ڕۆڵە بڕۆ ئەوەوم بۆ بێنە. ئەو بە منی دەوت ... بچۆ ئەوە بێنە. ئیتر دەبێ بڕۆی. ئینجا لە لەحیمکاری کاریان لێم دەکێشا بچۆ ئەوە خاوێن کەوە، ئەو دەیوت هەستە بچۆ ئەوە بکە.

تەنانەت دایک و باوکی ئەم منداڵانەش لە ئاست خاوەنکار گوێڕایەڵن. بۆ وێنە ئەگەر لە کارگا مافی منداڵ پێشێل بکرێ یان بە هەر هۆکارێک تەندروستیی دەروونی و جەستەییەکەی بکەوێتە مەترسییەوە یان ئازار بدرێ، دایک و باوک لەوانەیە بێدەنگی هەڵبژێرن و لە ئاست خاوەنکار ناڕەزایەتی نەنوێنن، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا دایک و باوکەکان خۆشیان هەر کار بۆ ئەو خاوەنکارە دەکەن و باش دەزانن کە داهات و بەشێک لە ژیانیان وابەستە بەوە. گێڕانەوەی یەکێک لە چالاکوانانی ئەم بوارە لەم بارەوە

وتی:

ئێوە هیچتان لە دەست نایە، بۆچی؟ چونکە بنەماڵە پێویستیان بەم پارەیە و ئینجا شێوازی دیکە دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی منداڵە واز لە خوێندن بێنێت. بۆ وێنە پێی خۆش نییە لە کۆڵان ئازاری بدەن چونکە باوکی ناهێڵێت. خۆ دەزانی دەڵێم چی؟ دەست دەکا بە پەڵپ و بیانوو، کێشە هەر ئەوەیە ئەو منداڵە بەو بڕە پارەی کە دەستی دەخا بنەماڵەکەی پێی وابەستەن و حسێبیان لە سەر کردووە.

لە کارگاکاندا تەنانەت هەندێ جار منداڵان دەبنە ئامێر و چەکی خاوەنکار بۆ ئەوەی بە شـێوی ناڕاسـتەوخۆ قسـەی خۆی بگەیێنێتە کرێکارەکانی دیکە. ئەزموونی جەرگبڕی کچە ئیشـکەرێک کە لە یەکێک لە کارگاکانی بەرهەمهێنانی گۆرەویچنین کاری دەکرد ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

> هەمیشـە لە کارگا قسـەم پێ دەکات. دەزانی بۆچی؟ بە کچۆڵە دەڵێن کە بووکیلێ گوێی لێ بێت. ئەیچی ئەگەر هەمیشـەش خەتای من نەبێ بۆ ئەوەی قسەی خۆی بداتە گوێ ژنەکانی دیکە، بە سەرمدا دەگوڕێنێ. خۆ دەزانم مەبەستی من نییە، منیش هیچ ناڵێم.

لەو کارانەی وا شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵ و خاوەنکار بە درێژایی شەو یەکە، وەکوو بازاڕی گوڵی مەحەلاتی، ئەم پەیوەندیی دەسـەڵات و نایەکسـانییە دەگاتە ئەو پەڕی خۆی، چونکە بوونی خاوەنکار بۆ منداڵ هەمیشەییە. وتەی چالاکوانانی بواری منداڵ لەم بارەوە هەر ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەم ئەگەرە هەیە، چونکە ئەم منداڵانە هەندێ جار لەگەڵ خاوەنکارەکەیان هاوژوون، ئەم پەیوەندیی دەسەڵاتە زۆر بە زەقی لە شوێنی ژیانیشیدا درێژەی هەیە.

چونکە ماوەی کاری زیاتریان هەیە و بەردەوام یەکێک لە ژوور سـەریانە کە خەریکە هەموو شـتێکیان فێر دەکا؛ واتە ژێر چەپۆکەن. لە ناو کارگا زۆرێک لە منداڵەکان ژێرچەپۆکەن.

هەر ئەمە وا دەکا ئەمانە کەسانێکی هێمن و لە سەرخۆ بن؟

ڕێک وایە. زۆریش کاریگەری هەیە.

یەکێک لە خاوەنکارە کۆتاڵفرۆشـەکان پەیوەندیی دەسـەڵات لە ئەزموونی ژیاوی سەردەمی منداڵیی خۆی ئەو وەختانەی کە کاری دەکرد، بەم شێوە گێڕانەوە:

> ئیتر ئێمە دان بە خۆدا دەگرین. بە خوا وا نین، هەتا ئێسـتا دەسـتمان لێیان بەرز

نەکردۆتەوە. ئەوسا وەستاکەمان لە پڕ شتێکی نیومەتری بۆ دەخستینە برینگە؛ ئیتر بە سەرماندا زاڵ بوون. ئێستا وا نییە ئێستا ئەوان بە سەرماندا زاڵن.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین بۆنە و پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە ناو کارگا دەبێتە پەیوەندیی تاکەکەسی، چونکە بنەمایەکی تایبەت نییە کە پەیوەندییەکانی نێوان منداڵ و خاوەنکار ڕێک بخا و تاکە بنەمای یاسایی یان ڕێکخراوێکیش کە هەبێ یاسای قەدەغەبوونی کاری منداڵە کە ناچێتە بواری جێبەجێکردنکردن. لەم بارودۆخەدا پەیوەندیی دەسەڵات دەتوانێ بە پێی پرەنسیپی تاکەکەسی و ئەخلاقیی خاوەنکار بێ؛ واتە ئەو دەتوانێ ماوەی کار، جۆری کار، بڕی حەقدەست و هەر شتێک کە دڵخوازی بێ دیاری بکات. تاکە بژاردەی منداڵ مانەوە یان وازهێنان لە کارە و ئەو منداڵە بۆ چەنەلێدان هیچی پێ نییە. هەڵبەت وەک وترا ئەم پەیوەندییانە حاڵەتی تاکەکەسییان بە خۆوە گرتووە و لە خاوەنکارێکەوە بۆ خاوەنکارێکی فەرقی هەیە.

لە کارگا بەرهەمهێنەکانی دیکەدا لەوانەیە خاوەنکار ئەندامانی خێزلنەکەی خۆی بە کار بێنێ و تەنانەت منداڵەکانی خۆشی بێنێتە شوێنی کار. ئەم خاوەنکارانە زۆر جار کارە ئاسانترەکان دەدەن بە منداڵەکانی خۆیان و یان ئەو کارانەیان پێ دەسپێرن کە بەتوانایان دەکا یان ئاستی توانایان بەرز دەکاتەوە. بە پێی بەڵگە مەیدانییەکان ئەم منداڵانەش بۆ سەپاندنی دەسەڵات دژ بە منداڵەکانی دیکە لە قەڵەم دەدرێن؛ وەک منداڵێک کە لە کارگایەکی دارتاشی کاری دەکرد دەگێڕێتەوە:

هەر کات خاوەنکار نەبێ، خۆ منداڵەکەی هەیە؛ ئەو چاودێری دەکات. خۆی ئیش ناکا، فەرمانمان پێ دەدات.

لە کاری گواستنەوەی بار بە داشقەش هەندێ کەس لەوانەیە چەندین منداڵ دابمەزرێنن و بیانهەوێ کاریان لێ بکێشن یان بار بگوازنەوە. ئەم تاقمی خاوەنکارانە لەوانەیە زیاتر ئاگایان لە هەندێ لە منداڵەکان بێ و دژ بە کۆمەڵێکی دیکە جیاکاری بنوێنن و ستەمیان لێ بکەن، بۆ وێنە زیاتر بار بە منداڵە ئێرانییەکان بدەن نەک منداڵە پەنابەرەکان. منداڵێکی ئەفغانستانی کە بە داشقە باری دەگواستەوە لە بارەی ئەم چەشنە هەڵاواردن و پەیوەندیی دەسەڵاتە وەها دوا:

ئەمانە سەرکرێکارن؛ بار کە وەردەگرن هەمووی دەدەن بە خزمەکانیان. لێرە دوو بۆ سێ خزمی هەیە، کە بە ئێمەی نادەن. زیاتر بە ئێرانییەکانی دەدەن، بە

ئێمەی نادەن.

منداڵە کۆچبەرە نایاساییەکان بە هۆی نەبوونی بەڵگەی ناسنامە و لە هەندێ ئیشدا بە هۆی بەڵاگێڕییەوە لە هەموو لاوازتر و بێدەرەتانترن. لە هەندێ لە کارەکان کە لەوانەیە شوێنی کاری ئەم منداڵە کۆچبەرانە لەگەڵ منداڵە ئێرانییەکان یەک بێ، وەکوو گواستنەوەی بار بە داشقە و دەستگێڕی و کارکردن لە چوارڕێیانەکان، منداڵە ئێرانییەکان وەک خۆیان دەڵێن "کەڵەگاییان" لێ دەکەن و هەندێ جار ئیزنی کاریان پێ نادەن، چونکە پێیان وایە بوونی ئەوان لە ئێراندا وای کردووە ڕێژەی هەلی کار و حەقدەستی ئێرانییەکان کەم ببێتەوە. کەولتە لە دژیان توندوتیژیی فیزیکی و وتەیی بە کار دمبەن و هەندێ جار لەوانەیە بە زەبر و زمنگ کەرەسەی کار یان پارەکەیان لێ بڕفێنن. منداڵێکی ئەفغانستانی کە لە مەیدانی تەجریش کاری دەکرد بەم شێوە وەسفی ئەزموونی ژیاوی خۆی کرد:

ئەم کۆچەرلنەن. ناهێڵن ئێمە بچینە ئەوێ. ئێمەش ئاوا مەکۆمان دلناوە؛ بەڵام ئێمە ڕێگە دەدەین، ئێمە حەقمان بە سەر کەسەوە نییە، ئێمە ناتوانین بڵێین بڕۆ، چوارڕێیان هی ئێمەیە. نا ئێمە وا نین، ئێمە ئیش دەکەین. کەسێک بێ خۆی دوای ڕۆژێ لێی دەدا دەڕوا چونکە باش دەزانێ ئێرە ئێمە ژمارەمان زیاترە دەڕواتە شوێنێکی دیکە و شوێنێکی دیکە دەدۆزێتەوە. ئێمە بە کەس ناڵێین بڕۆ. دەزانی چییە دادە ئێرە وڵاتی ئێمە نییە.

تەنانەت هەڵسوکەوتی هێزە ئینتزامییەکان لەگەڵ منداڵانی ئێرانی و ئەفغانستانی جیاوازە و کاتێک کە منداڵێکی ئەفغانستانی داوای هاوکارییان لێ دەکا بە دەنگییەوە ناچن، چونکە پێیان وایە بەرپرسی ئاسایشی ئەوان نین و یان وادەزانن کە بوونی منداڵانی ئەفغانستانی بۆتە هۆی گرژی و شەڕ کەواتە هەر ئەوانە بە تاوانبار دەزانن. منداڵێکی ئەفغانستانی کە لە شارۆچکەی غەرب کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

دەمانچەوسێننەوە، دەچینە لای پۆلیس؛ دەڵێ خەتای خۆتانە، ئاوڕمان لێ ناداتەوە.

پەیوەندیی دەسەڵات بە تەنیا لە کاری کارگاییدا سنووردار نابێتەوە و لە هەموو جۆرەکانی دیکەی کاردا بەدی دەکرێت. بۆ وێنە لە کاری بازاڕی میوە و تەرەبار

پەیوەندیی دەســـەڵاتی منداڵ فرەلایەن دەبێتەوە؛ لایەنێکی بنەمای ڕێکخراوەییە کە بۆ ئەم مەیدلنلنە داڕێژراوە، لایەکی دیکەی چاودێری ڕێکخراوی مەیدلنەکانن، لایەنێکی دیکە خاوەنکاری منداڵە. لایەنێکی دیکە هاوکارەکانی ئەو منداڵە لە شــوێنی کارن، و لە کۆتاییدا لایەنێکی دیکە شـــارۆمەندانن. منداڵان لەم نێوەندەدا لەوانی دیکە دەســـەڵاتیان کەمترە. گێڕانەوەی ژێرەوە کە هی منداڵێکی ئیشـــکەر لە کەرتی میوە و تەرەباری گەڕەکی ئەفسەرییەیە ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

> ئەندازیارەکان هیچ حەقیان بە ســـەرملنەوە نییە کە خاوەنکار چەندە پارە دەدا، پارەکەمان دەدا نادا. ئەو تەنیا چاودێری دەکا کە باری باش بە مشـــتەری بدەین، لەگەڵ مشتەری نەیکەین بە دەمەقاڵێ، ئێرە پاکژ بێت.

لە کاری ســەرشــەقامیشــدا هەر ئەم پەیوەندیی دەســەڵاتە هەیە و نموونەیەکی زۆر زەقی پەیوەندیی دەســـەڵات لە ناو منداڵەکاندا بەدی دەکرێ؛ ئەوانەی کە تەمەنیان زیاترە یان ئەوانەی کە پێشـــینەیان لە ســـەر شـــەقام و چوارڕێیان زیاترە و ئەوێ بە قەڵەمڕەوی خۆیان دەزانن کەڵەگایی لەو منداڵە کەم تەمەنانە و ئەو منداڵانەی کە تازە هاتوونەتە ناو بازنەی کاریلنەوە دەکەن و زیاتر هێزی خۆیان بەوان دەنوێنن و ئەم هێزە دەقۆزنەوە. منداڵێک کە لە سەرشەقامی ئینقلاب کاری دەکرد لە مەڕ سەپاندنی هێزی منداڵەکانی دیکە وتی:

> ... لەگەڵ دایکی دێ، لەگەڵ براکەی دێت. لەگەڵ دایکی دەبنە شــەش کەس. هەر لێرە ئیش دەکەن، شـــووشـــە دەســـڕن. دایکی لەوێ دانیشـــتووە، چاودێریی منداڵەکان دەکا. لێرە هەراســـانمان دەکەن؛ دەڵێن ئێمە لێرە دە ســـاڵە ئیش دەکەین، ئەم چوارڕێیانە هی ئێمەیە. من دەڵێم دەی باشە کوا تابۆکەی.

یان منداڵێک کە لە گەڕەکی ســادقییە شــووشــەی ئۆتۆمبێلەکان دەسڕێ بەم شــێوە دوا:

> هەر وا کە بۆ خۆمان دەڕۆین گەورەســاڵەکان لە پشــتەملمان دەدەن یان بە لەقە لێمان دەسرەوێنن و ئەم تییانەمان لێ دەستێنن.




وێنەی دوو منداڵی شووشەسڕ لە گەڕەکی سۆهرەوەردی (وێنە: توێژەر)

شـــارەوانی، بێهزیســـتی، و هێزی ئینتزامیش لـە چوارڕێیانەکانـدا بەشـێک لـە سـەپێنەرانی دەسـەڵاتن. شـارەوانی نیگەرانی ئاسـایشـی شـەقام و چوارڕێیانەکانە، بێهزیستی بە ناوی گەلاڵەی ڕێکخستن، منداڵان قۆڵبەست دەکا و هێزی ئینتزامیش بە پێی حاڵـەت لـەوانـەیـە ڕووبـەڕووی منـداڵـەکـان ببێتـەوە. منـداڵان بـە دەیـان جـار ئەزموونی بوونی ئەوانیان هەیە. هەر لەم ڕووەوە بە هۆی ئەو ناسـیارییەی کە لەوان و ئۆتۆمبێلەکانیان هەیە هەوڵ دەدەن کە نەیانگرن و بە بینینیان ڕا دەکەن یان خۆڕاگری دەنوێنن بۆ ئەوەی نەگیرێن. هەڵبەت هەندێ جاریش لەوانەیە نەتوانن. بۆ وێنە ئەو کەرەسە یان کاڵایانەی کە دەیفرۆشن لەوانەیە ببێتە کۆسپی بەر دەم ڕاکردنیان، چونکە پێیان خۆش نییە کاڵا و شـمەکەکانیان لە دەسـت بدەن، بەڵام ڕانەکردنیشـیان ناتوانێ ڕێگری لە لەدەســتدانی کاڵاکانیان بگرێ، چونکە دەرەقەتی پۆلیس و توندوتیژییە وتەیی و هەندێ جار فیزیکییەکانیان نایەن و هەڵبەت هەندێ جاریش بە دزییەوە قەرەبووی توندوتیژییەکانیان دەکەنەوە. منداڵێک کە لە ســەر چوارڕێیان لە گەڕەکی شووش کاری دەکرد بەم شێوە ئەزموونی خۆی گێڕاوە:

ناتوانم، تێدەگەم، ڕا دەکەم. هاتن بمانگرن، سووکێ هاتم خۆمم لێرە شاردەوە، چوومە بن ئەو درەختە، ئەو درەختە. ئێشـــمان دەکرد. جاری دواتر تگەرەکەیمان پەنچەر کرد، بە کێرد تگەرەکەیمان هەڵدڕی.

منداڵێکی گوڵفرۆشـیش بەم شـێوە باسـی لە بوونی کاربەدەسـتانی شـارەوانی و بێهزیستی لە گەڕەکی پوونەک کرد:

ئەم حەفتە سـەتڵەکانمانیان لێمان سـتاند، هەموویان برد. خاوەنکار شـەڕی لەگەڵ کردین. وتی بۆ ڕاتان نەکرد؛ کۆڵێ گوڵمان بوو. وتمان ناتوانین هەڵبێین.

کارکردنی منداڵ و بوونی داهات پەیوەندیی دەسـەڵات لە ناو بنەماڵەدا تێک دەدا؛ واتە بوونی داهات وا دەکا کە منداڵەکان کەمتر چاو لە دەستی دایک و باوکیان بن و لە ناو پانتای بنەماڵەدا هێز و دەسـەڵاتیان زیاتر بێت. لەم بارودۆخەدا ئەوان وەکوو جاران لە ژێر ڕکێفی دایک و باوکیاندا نابن و تەنانەت لە ناو بنەماڵەدا فەرمان و ڕێگری دەکەن. ئەم پرسـە زیاتر ئەو منداڵانە دەگرێتەوە وا لە سـەر شـەقام ئیش دەکەن، چونکە هەم داهاتیان زیاترە و هەم ئەوەی کە لە شوێنی کاردا ئاستەنگی ناو کارگە بە سەریاندا زاڵ نییە و هەر لەبەر ئەوە کەسـایەتییەکی سـەربەخۆیان هەیە. یەکێک لە چالاکوانی ئێن‌جی‌ئۆیەک کە لە گەڕەکی تێهرانپارس کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

ئەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن لە ناکاو گەورە دەبن کە ئەمە فرە خراپە. دەڵێی لە ناکاو تافی منداڵی تێدەپەڕێنێت. سـوور دەبینی یەکێک کە دوێنێ هاتە ئەنجومەن و لە دیواری ئەنجومەن سـەر دەکەوت، ئێسـتا بۆ خۆی پێگەیشـتووە و لە پشـت مێزی دووکلنە؛ ئەمە دڵهەژێنە. گەورە نەبووە و خۆی وەک گەورەسـاڵێک دەنوێنێت. چونکە کاتێک کە دەچێ ئیشـێک دەکا و پارە دەباتەوە بۆ ماڵەوە لە ماڵەوە ڕێزی لێ دەگیرێت. بەهەر حاڵ پارە دەسـەڵاتە. لە ناو ئەم بنەماڵانەدا پارە دەسـەڵات بۆ ئەم منداڵانە دێنێ، بۆ وێنە دەبینی بە دایکی یان بە خوشـکی دەڵێ نانم بۆ بێنە، یان چێشـتەکەم بۆ گەرم بکەرەوە.

لە بازاڕی گوڵفرۆشـیدا کە ئەنجومەنی کار یان چاودێری بە سـەر بازاڕدا بوونی هەیە هەر ئەم ئەنجومەنانە خۆیان یەکێک لە هۆکارەکانی سـەپاندنی دەسـەڵاتن. کاتێک کە جلوبەرگی فۆڕم بۆ ئەم منداڵانە ئامادە دەکەن یان کارتی تایبەتی کاریان پێ دەدەن لە ڕاسـتیدا ئەوە ڕەوداری بە کاری منداڵ دەدەن. ئەوان هەروەها بە چاودێری بە

سەر بازاڕ، چاودێری پەیوەندیی نێوان کرێکار و خاوەنکارەکان دەکەن و هەندێ جار ئەم چاودێرییە لە ناو کرێکارەکان و خاوەنکارەکاندا وەک بنەمایەک لە بازاڕدا دەور دەبینێ و کێشەکانیان چارەسەر دەکەن. منداڵێک کە لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی کاری دەکرد بەم شێوە چاودێریی ئەم ئەنجومەنانەی گێڕاوە:

> ئەم جلوبەرگلنە ئەنجومەن پێمان دەدات. ئەوەتا نووسینگەکەیان. چاودێریی ئێرە دەکەن. جلوبەرگ و ئەمانە [ئاماژە بە ئێتیکێتەکانی سەر جلوبەرگەکەی دەکات] پێ دەدەن، ناهێڵن شەڕ بکەین.

## وازهێنان لە خوێندن

لە سەردەمی نوێ و بە وتەی هەندێ لە کۆمەڵناسان لە مۆدێرنیتەی دوایدا، ئەو شوێنەی کە زانیاری و زانست بۆتە یەکێک گرینگترین سەرمایەکان، خوێندن و پەروەردە دەورێکی گرینگی لە فێربوونی تەکنیک بۆ ژیانی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی نوێ هەیە. لە بنەڕەتەوە مرۆڤەکان لە سەردەمی نوێدا لە سەر ئاستی ورد بە میکانیزمگەلی وەکوو پەروەردە، تەندروستی، و خۆراکی شیاو بەتوانا دەبن، ئەگەرچی دەستڕاگەیشتن بەمانە بەرهەمی سیاسەتدانانی کۆمەڵایەتیی کاریگەر لە سەر ئاستی بەربڵاوە [47]. بەڵام وێدەچێ منداڵانی کار بە جۆرێک لە جۆرەکان لەمانە بێبەش بن، چونکە کار بە جۆرێک ڕێگری لە خوێندنیان دەگرێ و تەندروستیی جەستە و دەروونیان دەخاتە مەترسییەوە.


ئەگەر مرۆڤەکان لەم میکانیزملنە بێبەش بن، هەژارییەکەیان نەک هەژاریی داهات بەڵکوو هەژاریی تولنایە و هەر کاتێک کە بە هەر هۆکارێک نەتوانن ئیش بکەن، زۆر خەسارهەڵگر دەبن، هەر وەکوو چۆن کە منداڵانی کار لە بەڵگە و بینراوە مەیدانییەکلندا چەندین جار ئاماژەیان بەوە کرد کە باوکیان لە تافی پیریەتیدا بە هۆی ئەوەی زیانیان بینیوە چیتر نەیانتوانیوە کار بکەن و ناچار بوون خۆیان خانەنشین بکەن. گێڕانەوەی دوو کەس لە منداڵەکان بەم شێوە بوو:

> باوکم نەخۆشە ناتوانێ ئیش بکات. دیسکی کەمەری هەیە، چەند جار ئێسکی شکاوە، پلاتینی تێدایە. ئیتر من و ئەو برایەی دیکەم خەرجیماڵەوە دەکێشین.

> باوکم سێ مانگ دەبێ، ئێستا ڕەگی پشتی، سیاتیکی هەستاوە، ناتوانێ ئیش بکات. ئیتر ناچار بووین بێین لێرە ئیش بکەین.

منداڵانی کار بە هۆی بێبەش‌بوون لە خوێندن و خەسارهەڵگریی بە هۆی کارەوە دەچنە ناو پرۆسەیەک کە باوکیان بەئەزموونی کردووە. هەڵبەت ئەم زنجیرە بەرهەمی پێکهاتەی جیاکار و تارێنەرە، پێکهاتەگەلی وەکوو نایەکسانی، هەژاری، یاساکانی کۆچ، یاساکانی خوێندن و بەکاڵایی‌بوون و لەم چەشنە. سەبارەت بە پرسی کاری منداڵان و خوێندن بە پێی ئەنجامە مەیدانییەکان سێ پرسی گرینگ لە ئارادایە کە لێک درلنەوە. ئەم سێ پرسە بریتین لە جۆرەکانی خوێندن، بارودۆخی خوێندن و فاکتەر و هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن.

بەشێکی بەرچاوی منداڵانی کار لە ئێران ئەفغانستانین کە بارودۆخی خوێندنیان لەگەڵ زۆرێک لە منداڵە ئێرانییەکان جیاوازە. ژمارەیەکیان بە شێوەی نایاسایی کۆچیان کردووە کە بە هۆی نەبوونی ناسنامە، نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن. ئەگەرچی ڕێبەری وڵاتی ئێران لە فەرمانێکدا وتی: "هیچ منداڵێکی ئەفغانستانی تەنانەت ئەو کۆچبەرانەی کە بە شێوەی نایاسایی و جیاواز لە ئێرانن، نابێ لە خوێندن داببڕێن و هەموویان دەبێ لە قوتابخانەکانی ئێران ناونووسی بکەن"، بە پێچەوانەی ئەم فەرمانە، هێشتا میکانیزمی پێویست بۆ چوونی ئەفغانستانییەکان بۆ قوتابخانەکاندا، هەم بە هۆکاری پێکهاتەیی و ڕێکخراوەیی و هەم بە هۆکاری کێشەی هەندێ لە منداڵان و بنەماڵەکانیان، بە باشی نەڕەخساوە. بۆ وێنە هەلی خوێندنی ئەم کەسانە پێویستی بەوەیە کە ژێرخانەکان لە قوتابخانەکاندا تەیار بکرێ، سەرچاوەی ئابووری بۆ دابین بکرێ و پەروەردە و ڕاهێنان و قوتابخانەکان هاوکاریی پێویستی ئەم منداڵانە و بنەماڵەکانیان بکەن. بە هۆی نەبوونی ئەم مژارانە زۆرێک لە منداڵانی کاری ئەفغانستانی لە خوێندن دابڕاون و یان لە قوتابخانەکانی ئێن‌جی‌ئۆکاندا دەخوێنن و سەرەڕای هەوڵی شیاوی ئەم ڕێکخراوانە و دەستکەوتە بەرچاوەکەیان، ئەم منداڵانە هێشتا بە هۆی هەندێ ئاستەنگەوە دەناڵێنن، ئاستەنگەلی وەکوو ناستاندارەدیی پەروەردە و نەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ منداڵەکان.




چارتی ژمارە 18-3: دابەشکردنی منداڵان بە پێی قۆناغی خوێندن (N=233)

یەکێک لە یاریدەدەرانی ئێن‌جی‌ئۆیەک لە گەڕەکی کەن وتی:

بڕولنە ئەملنە هاتوونەتە ناو وڵاتێک کە ئێمە هیچ خانەخوێیەکی باش نین. ئێستا دەتوانن لە قوتابخانەکاندا ناونووسی بکەن، هەر ئەم ناونووسین لە قوتابخانانە خۆی پڕۆژەیەکە؛ هەموو ساڵێک دەبێ بچنە ئیدارەی پەنابەران، لەوێ نامە وەربگرن، ئیدارەی پەنابەران جاری وایە نامە دەدا و جاری واشە نایدات. ئەم چوونە قوتابخانە پڕۆژەیەکە دەی قوتابخانەش بە دووچاوەکی و جیاکارانە لێیان دەڕوانن. بۆ وێنە من باشم لە بیرە درگاوانێک لە قوتابخانەکەیاندا بوو - قوتابخانە ئێرانی و پەنابەرەکانیان لێک جیا کردبۆوە، دانگی بەیانی ئێرانیەکان و دانگی پاشنیوەڕوان - کە ئەم درگاوانە لای بەیانی دەبوو بە مامۆستای دانگی پاشنیوەڕوان. ڕەنگە ئەو درگاوانە کەسێکی خوێندەوار بێ، بەڵام ئەمە جیاوازیی دەور و ڕۆڵە منداڵەکانی ئازار دەدا. منداڵەکانیش زۆر بە باشی جیاوازی ئاستی کوالێتی وانەوتنەوەی دانگی بەیانی و پاشنیوەڕۆیان بۆ دەرکەوتبوو ئەگەرچی کوالێتییان هیچیان لە ئاستێکی ئەوتۆدا نییە، بەڵام ئەمە لە دانگی بەیانان خراپترە.

یەکێک لە منداڵانی کار کە لە گەڕەکی ئیسلامشار بوو لە بارەی چوونە قوتابخانە وتی:

| |
|---|
| لە ئەفغانستان دەچوومە قوتابخانەی حکوومی. لێرە بەڵگە و شتم پێ نەبوو، |

| |
|---|
| سێ چوار جار چووم، کاغەزیان پێ نەدام. ئێستا پۆلی دووی نێهزەتم. |

بەشێکی بەرچاوی منداڵانی پەنابەر لە قوتابخانەی ئێن‌جی‌ئۆکاندا دەخوێنن. ئەم چەشنە ڕێکخراو و قوتابخانانە لە سەر ئاستی شاری تاران زۆرن و ڕەنگە بەشێکی مەزنی پێداویستییە پەروەردەیی و پێداویستییەکانی دیکەی ئەم منداڵانە دابین بکەن. ڕەنگە ئەگەر ئەم دامەزراوانە نەبان، بەشێکی زۆری پێداویستییە پەروەردەییەکانی ئەم منداڵانە دابین نەدەبوو و لە هەر چەشنە پەروەردەیەک دادەبڕان. یەکێک لە میکانیزمەکانی ئەم دامەزراوانە بەکارهێنانی تەکنیکی ناوبژیوانی بۆ ڕازی‌کردنی منداڵ، بنەماڵەکان و خاوەن‌کاران بۆ خوێندنی منداڵە.

یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی ئێن‌جی‌ئۆیەک لەم بارەوە وتی:

شا ئێمە ئەو ڕۆژەی وا ئەم کارەمان دەست پێکرد لای خۆمان سوێندمان خوارد کە بە هیچ چەشنێک ئیشەکەمان خێزخوازلنە نەبێ و هەوڵ نەدەین بە هەندێ داکۆکی کارێکی وا بکەین ئەمانە ئەم وەهمەیان لە لا ساز بێ کە هاتووین پارەمان داوە و لەمانە. ئێمە پەیوەندییەکەمان بەم شێوەیە کە لەگەڵ خاوەن‌کار یان بنەماڵەی ئەو منداڵە قسە دەکەین، منداڵ چەند کاتژمێر بێتە ئەنجومەن یاری بکا، چونکە ئێمە یاری بە یەکەمین مافی منداڵ دەزانین و پاش ئەوە پەروەردە و ئێمە حاڵەتمان بووە کە منداڵەکان هاتوون و ولنەکانیان خوێندووە. هەندێ لە بنەماڵەکانمان خاترجەم کردووە کە ئەگەر منداڵەکەت نەخوێنێ دەوڵەت منداڵەکەت لێ دەستێنێ و ئۆباڵی ئەمە لە گەردنی تۆیە. بە هەموو زمانێک بە بنەماڵەکانمان وت منداڵ دەبێ بخوێنێت. ئینجا ئەمانە نەیانتوانی بچنە قوتابخانەی ئاسایی و لە خوێندن دابڕان، هەر لەوێ ئیمکانیاتی خوێندنمان بۆ دابین کردن. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە منداڵ فێری خوێندن بێ و تا ئەو جێی دەلوێ بینێرینە قوتابخانەی حکوومی؛ نەک لەبەر ئەوەی قوتابخانەی حکوومی باشە نا نا لەبەر هەستی دادپەروەریی لە دەروونی ئەو منداڵەیە، خۆتان چاک دەزانن کە ئەو نایەکسانییە منداڵ دەشەمزێنێت. دەی دەبینێ منداڵە هاوتەمەنەکانی دەچنە قوتابخانە و جلوبەرگی تایبەتی قوتابخانە لەبەر دەکەن کە ئەم ناتوانێ ئەمە زیاتر دڵهەژێنە تا ئەو نەخوێندەوارییە. ئەوەیە کە تێدەکۆشین منداڵەکان بنێرینە قوتابخانە.

هیچ کام لە قوتابخانە حکوومییەکان ئەم میکانیزمەیان نییە کە لە نێوان کاری منداڵ، بنەماڵەکەی، و خاوەن‌کارەکەی ناوبژیوانی بکەن و ببنە هۆی ئەوەی منداڵ درێژە بە خوێندنی بدات. سیستەمی قوتابخانەکانی ئێران سیستەمی یاریدەدەریی

کۆمەڵایەتی نییە. بوونی ئەم یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییە لە پێشــدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ناو گەڕەک و لە کارە جیاجیاکاندا منداڵە پەنابەرەکان و منداڵانی کار دەســتنیشــان بکرێن و ڕابکێشــرێن و هەروەها ئەو کێشــانەی کە منداڵانی کار کە لە قوتابخانەدا تووشــی دەبن بناســن و بەدواداچوونی بۆ بکەن و پاڵپشــتیی پێویســت لەم منداڵانە بکەن. یەکێک لە پسپۆڕانی بواری منداڵان لەم بارەوە وتی:

تۆ بڕوانە قوتابخانەکانی ئێمە بۆ ڕاکێشــان و داکۆکیی لە منداڵانی کار و تەنانەت منداڵان دابڕاو لە خوێندن میکانیزمی کاریگەریان نییە. بە خۆشــحاڵییەوە هەندێ لە ئێن جی ئۆکان لە بواری منداڵدا زۆر بە چاکی ئەم پرسەیان ڕوومال کردووە. ئەوان جیا لە پێداویستیی پەروەردەیی منداڵان، خزمەتگوزاریی فرەچەشنیان پێشکەش دەکەن کە زۆرێک لە قۆتابخانەکان لەم خزمەتگوزارییە بێبەرین.

وەک ئاماژەی پێدرا زۆرێک لە منداڵانی ئەفغانستانی کە بە شێوەی نایاسایی بەرەو ئێران کۆچیان کردووە، بە هۆی نەبوونی ناســنامە و بەڵگە، لە خوێندن بێبەش دەبن. وتەکانی پســپۆڕان و چالاکوانانی بواری منداڵانی کار و پەنابەرانیش ئەم واتایە پشتڕاست دەکاتەوە:

بە هۆکاری وەکو نەبوونی کارتی نیشــتەجێبوون، یان نەبوونی کاری خوێندن، یان تەمەنی زۆر. ئێمە ئەو منداڵە دێنین هەتا ئەو قۆناغەی کە خۆی بیهەوێ کارتی خوێندن وەربگرێت. کاتێک کە کارتی خوێندن وەردەگرێ جێگرایەتیی پەروەردەی ئەنجومەن بە دواداچوونی بۆ دەکا؛ بۆ ئەم منداڵانە داوای جێگا لە پەروەردە و ڕاهێنان دەکەین. چونکە ڕێژەی ئەم منداڵانە لەم گەڕەکانەدا یەکجار زۆرە و قوتابخانە حکوومییەکان ئەستەمە، جێگایەکمان بۆ تەرخان دەکەن و ئێمە ئەم منداڵانە ناونووس دەکەین و ئەوەی کە ئەم منداڵانە دەچنە قوتابخانەی حکوومی ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە ئیتر پشــتیوانی لەو منداڵانە ناکەین و هەر لەم ئێن جی ئۆیەدا دووســەد دانە منداڵی قوتابخانەی حکوومیمان لە ژێر چاودێرییە کە ئەومندەی ئەنجومەنەکەمان لە تولنلیدا بێ ئێمە خزمەتگوزاریی دەروونناســی، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەرمان و تەنانەت تێچووی خوێندنیان بۆ دابین دەکەین. بەڵام ئەگەر لە ڕووی پەروەردەوە لاتان وا بێ ئێمە ئەم منداڵانە لای خۆمان ڕادەگرین و بە دەرس پێ خوێندنیان داهاتوویان بۆ دروست دەکەین، نەخێر شتی وا نییە.

من ناڵێم پەروەردەکەمان ســەقەتە، دەتوانم بڵێم پەروەردەی ئەنجومەن تایبەت بەم گرووپی ئامانجەیە یانی ئێمە تێدەکۆشین، ئێمە منداڵمان لەبەر دەستە کە بە هۆی ئەو

بارودۆخەی خەسارەتبەخشەی کە تێیدا ژیاوە گەشەی تەواوی نەبووە، تەنانەت ئێمە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵمان هەیە کە تازە دەتوانێ پۆلی یەکی سەرەتایی بخوێنێ و منداڵان لە فێربووندا کێشەیان هەیە کە ئێمە بۆ ئەم مەسەلە ڕاهێنەری کێشەی فێربوونمان هەیە. هەموو ئەم پرسانە بە دواداچوونیان بۆ دەکرێ، بەڵام لە ناو قوتابخانەکانی گەڕەکدا ئیتر ئەوەی من لە سەردلنەکانمدا بینیومە، هەندێ ئەزموون هەیە، دەبینم کە منداڵەکان پۆلێکی سی و سی و دوو کەسییان بۆ پێک هێناون و ئەوەی کە منداڵ بە هەموو ئەو زیانانەی کە هەیەتی لە سەر پۆل دادەنیشێ و مامۆستا چاوەڕوانی لێ هەیە کە بۆ وێنە منداڵێک کە هیچ گەشەی نەکردووە، یان بە واتایەکی دیکە بنەماڵە و ئەو ژینگەی کە تێیدا گەورە بووە ئیزنی گەشەیان پێ نەداوە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ هەیە کە زۆر ئاسایی و بە پەروەردەیەمی ئاسایی بخوێنێ و سەر بکەوێت.

خاوەنکاران و کار بە شێوازی جیاواز کۆسپی بەر دەم خوێندنی منداڵانن و پرۆسەی خوێندنیان تێک دەدەن. بەر لە هەموو شتێک دەبێ بڵێین خاوەنکارەکان دوو تاقمن: تاقمێکیان نە تەنیا دژی خوێندنی منداڵان نین، بەڵکوو هەوڵ دەدەن کە ئەم منداڵانە درێژە بە خوێندن بدەن و لە مافی خۆیان بێبەش نەبن. تاقمێکی دیکەیان ڕەنگە دژی خوێندنی منداڵ نەبن، بەڵام ئەم باوەڕەیان هەیە کە ئەم دەستە منداڵانە یان دەبێ کار بکەن یان دەبێ بخوێنن. چونکە لە پێشدا کاری منداڵ بە قازانجیەتی. دووهەم ئەوەی کە ئەو منداڵەی کە کار دەکا دەبێ هەر هەموو کاتەکەی تەرخانی کارەکەی بکات. کە پرسیار لە یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئێنجیئۆیەک کرا: ئایا منداڵ دەتوانێ لە سەر کار ئامادە نەبێ و ئەگەر لە سەر ئیشەکەی ئامادە نەبێ تووشی چ پێشهاتێک دەبێ؟ بەڕێزیان لە وڵامدا وتی:

چاو ئەمانە تەواووەختن. هەڵبەت ماوەی قوتابخانە بە هۆی ئەوەی نیوەوەختە، نائامادەیی بە لای خاوەنکارەوە هیچ مانایەکی نییە، چونکە منداڵەکان نیوەوەخت ئیش دەکەن. بەڵام لە دەرەوەی ماوەی قوتابخانە یان ڕۆژانی پشوو کە تەواووەختن، نائامادەییان پێویستی بەو پەیوەندییە دوولایەنەیە کە ئێمە لەگەڵ خاوەنکار هەمانە. ئەگەر ئەو پەیوەندییەی کە ئێمە لەگەڵ خاوەنکار هەمانە پەیوەندییەکی چاک بێ، ئێمە بۆمان هەیە لەبەر ئەو پۆلانەی کە بۆ ئەم منداڵانە بەڕێوە دەبری داوای ئیزن لە خاوەنکار بکەین و ئەم منداڵانە ئامادەی سەر کار نەبن، بەڵام پتر لە چەند جار نەهاتنە سەر ئیش خاوەنکار قەڵس دەبێ و ئەمە قبووڵ ناکات.

وڵامی دوو کەسی دیکە لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی بۆ پرسیارەکەی سەرەوە ئەمە

بوو:

خاوەنکارەکان بە گشتی دوو تاقمن: هەندێکیان دژی خوێندنی منداڵ نین. تەنانەت کاتێک ئێمە دەچینە لایان خۆشیان پێیان خۆشە، تەنانەت منداڵە هان دەدەن کە بخوێنێت. بەڵام تاقمێکی دیکەیان دژن. ئیشیان زۆرە، منداڵەکان بەشێک لە ئیشەکان ئەنجام دەدەن، پێیان وایە لەبەر ئەو قەرەپووڵەی کە پێیان دەدەن دەبێ هەر لەوێ ئیش بکەن.

منداڵەکان بۆیان نییە بچنە قوتابخانە، لە زۆر حاڵەتدا، دەی لێرەدا یەکەی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی دێتە سەر هێڵ و پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکار ساز دەکا و ڕازیی دەکا کە ڕێگە بدا ئەو منداڵە یەک یان دوو کاتژمێر بچێ بخوێنێ من منداڵ دەناسم نیوکاتژمێر دێتە سەر پۆلی خوێندن. لەبەر ئەو سەختگیرییەی کە لە ئارادایە و خۆشمان لەم لاوە لە ناو ئەم کێشە و گرفتلنەدا کۆمەکی ئەو منداڵە دەکەین کە هەر هیچ نەبێ نیوکاتژمێر لەم لا و لا بپچڕێنێ و بێتە سەر پۆلی خوێندن. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەگەر لە سەر ئیشەکەی ئامادە نەبێ چ پێشهاتێک دەکەوێتەوە، بەڵێ تووشی قڕە دەبن. ئێمە منداڵەکان دەبەینە سەیران منداڵەکان پۆلی وەرزشیان هەیە، منداڵەکان کاتی تۆپێنیان هەیە. منداڵەکان بەردەوام دڵەڕاوکێی ئەوەیان بوو کە دادە چی بووە، دادە تەلەفۆن بکە. دەی پەیوەندییەکە دەگرین و قسە دەکەین کە بۆ وێنە تکایە بێڵا بێتە سەیران، یان بێڵا لە ماوەی وانەی وەرزشدا بەشداری بکات.

بۆچوونی دووان لە خاوەنکارەکان لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

منداڵەکان کەم وا هەیە نەیەنە سەر ئیشەکەیان، چونکە دەترسن ترسەکەیان لەبەر لەدەستدانی ئیشەکەیان نییە، بەڵکوو لە لەدەستدانی حەقدەستی ئەو ڕۆژەیان دەترسن.

ئیتر منداڵەکان دەخوێنن. شا ئەوە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە، ئیتر دەرووەستی خوێندنی نین. بەڵام ئێمە لە سیستەمی کاریماندا منداڵی نیوەوەخت ڕادەگرین، لەبەر ئەوەی بە خوێندنیشیان ڕابگەن.

کەواتە ئێن‌جی‌ئۆکان تێدەکۆشن بە پەیوەندیسازی لەگەڵ خاوەنکار و بوونە ناوبژیوان لە نێوان منداڵ و خاوەنکار ئەو منداڵانە بخەنە بەر خوێندن، بەڵام ئەم هەوڵانە هەمیشە سەر ناکەوێت.

یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی ئێن‌جی‌ئۆکان ئەوەیە کە ئەوەندەی بۆیان بلوێ منداڵانی کار دەخەنە بەر خوێندنی فەرمی بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە لەم سیستەمە پەروەردەییە سوودمەند بن و بڕوانامەی بایەخدار وەدەست بێنن. هەر بۆیە یەکێکی دیکە لە داپەڕەکانی ئێن‌جی‌ئۆکان ناوبژیوانی و ڕاوێژ لەگەڵ قوتابخانەکانە بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە وەربگرن. یەکێک لە چالاکوانانی ئەم بوارە سەبارەت بەم هەوڵانە وتی:

زۆربەی سەردانکەرانمان کۆچبەرانی نایاسایی ئەفغانستانین. هۆکارەکەشی نەبوونی ناسنامە بۆ ناونووسی لە قوتابخانە حکوومییەکانە. ئێوە ئێستا خۆتان بینیوتانە لەم ماوە زەمەنییەدا کە دەمەو قوتابخانەیە ئێمە سەردانکەرمان هەیە کە بۆ ناونووسی سەردانمان دەکەن ئێستا بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە هەمانە کە چ منداڵانێک گرووپی ئامانج دەیانگرێتەوە و بڕیارە ئێمە پشتیوانی لێ بکەین، کاروباری نانووسینی منداڵەکان ئەنجام دەدەین، بەڵام بە گشتی ئامانج و ڕوانگەی ئەنجومەن بەم شێوەیە کە ئەو منداڵەی کە لە بارودۆخێکی لەبارە لە خوێندن لە قوتابخانەی حکوومی دانەبڕێ و ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کە بۆ وەرگرتنی کارتی پشتیوانیی منداڵەکان ئیتر بە ڕێنوێنی و بەدواداچوونیشەوە، کارتێک کە پێی دەڵێن کارتی شین وەربگرن و بچنە قوتابخانەی حکوومی و لەوێ ناونووسی بکەن. منداڵێک کە تەمەنی زۆر بێ لە خوێندن دانەبڕابێ ئەگەر مەرجەکان نەیگرێتەوە، ئێمە تەقەلای ئەوەمانە ئەو منداڵەی کە لە ئێستاوە سەردانمان دەکا خۆمان پاڵپشتیی بکەین، ئێمە هەوڵمانە هیچ منداڵێک بێ‌پارە نەبێ کاتێک کە دەچێتە قوتابخانەی حکوومی، ئیتر جا یان تەمەنی زۆر بێ یان کارتی نەبێ، هەر لەبەر ئەوە ئەو منداڵە دێتە لامان و ئێمە هەمیشە بەم منداڵانەوە سەرقاڵین ئێستا ئەوان پێیان وایە ئێمە گەرەکمان نییە ئەوان بخوێنن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە پێمان خۆشە ئەو لە سیستەمی پەروەردەیی فەرمی بخوێنێ، چونکە ئێمە ئەو کارنامەی کە دەیدەین بە منداڵ، لە ڕوانگەی وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانەوە بایەخی ئەوتۆی نییە. ئەگەر منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان لای ئێمە بخوێنێ و بیهەوێ بچێتە قوتابخانەی حکوومی، دەبێ تاقی‌کردنەوەی دیاری‌کردنی ئاست (تعیین سطح) بدا بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە قوتابخانەی حکوومی. بەڵام ئەگەر ئەم منداڵانە هەر لە سەرەتاوە بچنە ناو سیستەمی حکوومییەوە، ئەمە وا دەکا هەموو ساڵێ بە شێوەی خۆ بە خۆ ئەمە بۆیان دووبارە دەبێتەوە و بناغەیان پتەو دەبێت.

لە نێوان کۆچی منداڵان و خوێندندا پەیوەندییەکی دوولایەنە لە ئارادایە. بە هۆی بارودۆخی وڵاتی ئەفغانستان، واتە شەڕ و نائارامی و پەلاماردانی قوتابخانەکان و

ڕووخلندنیان لە لایەن هەندێ لە تاقمە توندڕەوە ئیسـلامییەکانەوە بواری درێژەدان بە خوێندن لە وڵاتی خۆیاندا مومکین نییە.

هەندێکیان بۆ درێژەدان بە خوێندن بەرەو ئێران کۆچ دەکەن و لەوانەیە لە پاڵ خوێندن کاریش بکەن. هەر بۆیە هەندێ جار درێژەدان بە خوێندن یەکێک لە فاکتەرەکانی کۆچ‌کردنی منداڵانە، پێچەوانەکەشی دروستە؛ واتە منداڵ لە وڵاتی خۆیدا دەرسی دەخوێند، بەڵام بە هەر هۆکارێک نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا و بەرەو ئێران کۆچی کردووە، بەڵام لە درێژەدا کۆچ و کار ئاستەنگی بەر دەم خوێندنی بوون. حاڵەتی دووهەم لە ناو ئەو منداڵانەدا باوە کە لە بەشی دواتردا شی دەکرێتەوە. یەکێک لە منداڵە پەنابەرەکان بەم شێوە هۆکاری کۆچ‌کردنی خۆی گێڕاوە:

| |
|---|
| چووم بەڵام ... بڵێم ... دوو جار ... دوو پۆلم خوێند، بەڵام فێری هیچ نەبووم. ... ئەوێ شەڕە، لە ناکاو دەهاتنە ناو قوتابخانە دەیانکردە پشوو ... ئیتر قوتابخانە بۆ ڕۆشتن نەدەبوو ... درگاکانی قوڵف دەکرا نەملندەتوانی بچین. لەبەر شەڕ. ئیتر باوکم بڕیاری دا بەینە وڵاتی ئێران ... هەر هیچ نەبێ ئەوێ باشترە ... زیاتر لەبەر خوێندنی ئێمە بوو ... وتی ئێرە بۆ خوێندەواربوون نابێ، با بچینە ئێران بڕێک فێری خوێندەواری بن. |

هەندێ جار پاش کۆچ‌کردنی منداڵان بۆ ئێران، ئیتر ناتوانن بخوێنن. لەم بارەوە کۆمەڵێ لە منداڵە ئەفغانستانییەکان وتیان:

| |
|---|
| لە ئەفغانستان دەچوومە قوتابخانەی حکوومی. لێرە بەڵگە و شتم پێ نەبوو، سێ چوار جار چووم، کاغەزیان پێ نەدام. ئێستا پۆلی دووی نێهزەتم. |

| |
|---|
| هەتا پۆلی شەش لە ئەفغانستان خوێندوومە، ئیتر هاتمە ئێران. لەوێ هەتا پۆلی سێ. دەرسیشت نەخوێندبایە سەرکەفتی بووی. پاش پۆلی سێ چوومە چوارەم، کەمێ وانەکان دژوار بوون. نازانم بە زیرەک ئێوە چی دەڵێن ئەها قوتابیی یەکەم.<br>زۆر باش.<br>زۆر باش دەڵێن نازانم چی چووزانم دەڵێن دەرەجەی یەکەم. لەوێ چوومە پۆلی پێنج، بوومە قوتابیی یەکەم. چوومە پۆلی شەش. بوومە قوتابیی دووهەم. |

وانەکان بڕێک دژوار بوون.

جۆر یان بیچمێکی دیکەی خوێندنی منداڵانی کار بە شێوەی خوێندن لە ناوەندە ئایینییەکان و فێربوونی دەقە ئایینییەکانە. ئەم منداڵانە لەوانەیە بە بۆنەی پەروەردەی ئایینییەوە فێری نووسین و خوێندنەوەش ببن. هەتا ئێستا سیستەمی بەرفرەوانی پەروەردەیی لە وڵاتی ئەڤغانستان بوونی نەبووە و هێشتا پەروەردەی فەرمی لە هەندێ لە ناوچەکانی ئەم واتە بوونی نییە. لە وڵاتی ئێرانیشدا لەوانەیە لە هەندێ لە گەڕەکە ئەڤغانستانییەمان ناوەندی ئایینیی خۆیانیان هەبێ و ئەم چەشنە پەروەردە لە ناویاندا برەوی هەبێت. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە مزگەوتی ئەڤغانستانییەکان لە گەڕەکی فەرەحزاد بکەین کە پەروەردەی ئایینی تێدا کراوەتەوە کە وەکوو جاران بە ڕفتاری توندئاژۆیانەی وەکوو دار و فەلاقە وانەیان پێ دەڵێن. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی چالاک لە گەڕەکی فەرەحزاد ئاماژەی بەم بابەتە کرد و وتی:

کارگامان بۆ ئەم منداڵە ئەڤغانستانییانە کردبۆوە و دەی لەم کارگایانەدا یەکێکیان دەیگێڕاوە کە لە مزگەوتەکەیاندا فێری خوێندەواریی ئایینی دەبن و بە هۆکاری جیاواز لەوانەیە توندوتیژییان لەگەڵ بکرێت. هەر ئەم منداڵە دەیوت کە دار و فەلاقە کراوە.

یان یەکێک لە منداڵە ئەڤغانستانییەکان لە بارەی پەروەردەی ئایینییانەوە وتی:

لە ئەڤغانستان هەتا پۆلی چوارم خوێندووە. بەیانان دەچوومە مزگەوت، کاتژمێر هەشت دەچوومە قوتابخانە هەتا دوازدەی نیوەڕۆ. کاتژمێر دوازدە دەهاتمەوە دەچوومە مزگەوت؛ لەوێ قوڕئانم دەخوێند هەتا دوازدەی شەو. لە ماڵ نەبووم قەت. چایەکم دەخوارد و دەڕۆشتم. ڕۆژانی هەینی کە پشوو بوو دەچوومە مزگەوت بۆ نوێژ و ئینجا دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە و پشووم دەدا. لە ئەڤغانستان زۆرم دەزانی هاتمە ئێرە هەمووم لە بیر چۆتەوە. هەموو ڕۆژێ قوڕئانم دەخوێند.

ڕاستە کە ڕابەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران فەرمانی خوێندنی منداڵانی ئەڤغانستانی دەرکردووە، بەڵام بە هۆکاری جیاواز خوێندنیان لە قوتابخانە حکوومییەکاندا مەیسەر نییە یان کۆسپ و تەگەرەی زۆریان لە بەر دەمە کە وا دەکا منداڵان پاش چوونە قوتابخانە هیچ هۆگرییەکیان بۆ درێژەدان بە خوێندن نەبێت. بۆ وێنە هەندێ لە قوتابخانەکان بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئەم منداڵانە داوای بڕە پارەیەکی زۆریان لێ دەکەن و بەو پێیەی کە زۆرێک لەم خێزانانە هەژارن و ناتوانن ئەم بڕە پارە

دابین بکەن، ناتوانن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن. بەرپرسانی هەندێ لەم قوتابخانانەش بۆ وەرنەگرتنی ئەم منداڵانە بڕ و بیانووی جۆراوجۆر دەهێننەوە، وەکوو پڕبوونەوەی قوتابخانە، نەبوونی فڵان بواری خوێندن و هتد. کاتێک کە ئەم منداڵانە لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا وەردەگیرێن زۆر حاڵەتی وا ڕووی داوە کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە قوتابخانە دەردەکرێن. بۆ وێنە ڕەنگە منداڵێکی تەمەن دە ساڵانی ئەفغانستانی بچێتە پۆلی چوار بەڵام بە هۆی ئەوەی لە قۆناغەکانی پێشوو و قوتابخانەکانی ڕابردوودا بە باشی وانەکان فێر نەبووە لەوانەیە نەتوانێ وانەکان بە باشی وەربگرێ و لێیان تێبگات. لەم حاڵەتەدا بە هەر هۆکارێک کاتی پێویست بۆ ئەم منداڵانە تەرخان ناکەن و زۆر جار لەولنەیە لە دژیان توندوتیژی بنوێنن کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە دەست لە خوێندن هەڵبگرن. گێڕانەوەکانی خوارەوە زۆر بە باشی ئەم حاڵەتانە پشتڕاست دەکاتەوە. سەرنج بخەنە سەر وتەی یەکێک لە پسپۆڕانی بواری منداڵان کە لەم بارەوە دەدوێ:

بڕوانە یەکێک لەو کێشانەی کە قوتابخانەکانی ئێمە هەیانە ئەوەیە کە لە بارودۆخی منداڵان تێناگەن. منداڵی کار یان منداڵێکی کۆچبەر تواناکانی لە ئاست توانای منداڵێکی ئێرانی نییە کە ئیش ناکا و دەچێتە قوتابخانە. هێشتا ئەمانە بنەماڵە داکۆکیان لە سەر دەکەن. ئەو منداڵە پەنابەرە ئیشکەرە دەنێرنە قوتابخانە مامۆستا و قوتابخانە بە باشی لێی تێناگەن، نازانن بارودۆخی ئەم منداڵە وەکوو ئەوانی دیکە نییە، ئیش دەکا، پێشتر قوتابخانەکان باش نەبوون، لە وڵاتی خۆیەوە هاتووە، بنەماڵەکەی نەخوێندەوارن ناتوانن لە بواری خوێندن هاوکاری بکەن. ئیتر ئەم منداڵە ناتوانێ بە باشی فێری وانەکان بێ ئیتر دڵسارد دەبێتەوە و لەوانەیە دەست لە خوێندن هەڵبگرێت.

یەکێک لە منداڵەکانیش لە بارەی وازهێنان لە خوێندن وتی:

> دەچوومە قوتابخانە؛ سێ ساڵ خوێندم. وازم هێنا. مامۆستاکەمان ئێسکقورس و ڕەزاگران بوو و من دەرنەچووم. ئیتر نەچوومەوە. من لە وانەکانی حاڵی نەدەبووم. ئیتر قەڵس دەبوو شەڕی لەگەڵم دەکرد.

بە گشتی دەتوانین بڵێین خوێندنی منداڵانی کار بەتایبەت منداڵانی کۆچبەر بە سێ چەشنە:

ئەلف) بەشێکیان کە لە ئێران لەدایک بوون و بەڵگەی ناسنامەیی و نیشتەجێبوونیان هەیە دەتوانن لە سیستەمی پەروەردەی فەرمی کەڵک وەربگرن، ئەگەرچی ئەم گرووپە بە هۆکاری کار و هەندێ ئاستەنگی دیکە لە قوتابخانە تووشی

کێشە دەبن.

ب) بەشێکی دیکە کە بەشێکی بەرچاوی منداڵان پێک دێنێ، بە هۆکاری وەکوو کۆچی نایاسایی و نەبوونی بەڵگەی ناسنامەیی، دابڕاوی لە خوێندن و هەڵکشانی تەمەن، تێچووی قورسی قوتابخانە حکوومییەکان بۆ ئەوان، کارکردن و هتد، بواری خوێندن بۆ ئەمانە مومکین نییە. هەر بۆیە زۆربەیان لە قوتابخانەی ئێن‌جی‌ئۆکاندا دەخوێنن. ڕاستە کە پەروەردەی ئەم قوتابخانانە ستانداڕد نییە و لەوانەیە لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی دیکە جیاواز بێ یان بە شێوەی نیوەوەخت لەگەڵ منداڵەکان کار بکەن، بەڵام بە گشتی بەشێکی بەرچاوی پێویستییە پەروەردەییەکانی ئەم منداڵانە دابین دەکەن و بەدواداچوون بۆ خواستەکانیان دەکەن و هەروەها پۆلی تایبەتی شیاو و پڕکوالێتییان بۆ دەکەنەوە.

ج) هەندێکی دیکەی منداڵانیش لە مەکتەبخانە و ناوەندە ئایینییەکان دەخوێنن و بە شێوەی نەریتی فێری خوێندن دەبن.

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی دابڕان لە خوێندن و وازهێنان لە خوێندن پرسی بارودۆخی بنەماڵەیی، کار و کۆچە. وەک لە پێناسەی کاری منداڵاندا هات، کاری منداڵان لە سۆنگەی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە مەترسیدارە و زیانی بۆ منداڵان هەیە و لە هەندێ حاڵەتی وەکوو بێبەش‌کردنیان لە خوێندن، وازهێنان لە خوێندن و چوونە قوتابخانە لەگەڵ کاری قورس و درێژخایەن دەبنە کۆسپی بەر دەم خوێندنی منداڵان یان پرۆسەی خوێندنیان تووشی کێشە دەکەن. لە ڕاستیدا منداڵان لە جۆرە جیاجیاکانی کاردا بە هۆکاری هەمەجۆر یان لە خوێندن دادەبڕێن یان ناچار دەبن دەست لە خوێندن هەڵبگرن.

وەک لە پرسەکانی پێشوودا وترا، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ناچار بە کاربوون و دابڕان لە خوێندنی منداڵانی کار کێشەی ئابووریی بنەماڵەکان و هەژارییە. هەر لەم بارەوە یەکێک لە پسپۆڕانی بواری منداڵان وتی:

چاو لێکە سەبارەت بە خوێندنی منداڵەکان یەکێک لەو پرسە گرینگانەی کە ڕێگری لە خوێندنی منداڵەکان دەکا یان وا دەکا واز لە قوتابخانە و پۆلی خوێندن بێنن هەژاریی بنەماڵەیە. لە هەلومەرجی نەداری و هەژاریدا، خێزلنەکان وەک هێزی کار لە منداڵەکان دەڕوانن. هەر بۆیە منداڵکان ناچار بە ئیش‌کردن دەکەن. بنەماڵە دەستەنڕۆ و هەژارەکان ناتوانن لە سەڕ خوێندنی منداڵەکانیان سەرمایەدلنەری بکەن، پێیان خۆشە بیاننێرنە قوتابخلنە، بەڵام ناتوانن. لە بنەڕمتەوە دەتوانین بڵێین هەتا ئەو کاتەی

هەژاری هەیە، پرسی ئیشی منداڵان، دواکەوتن لە خوێندن و وازهێنان لە خوێندنیش هەیە.

منداڵەکانیش چەندین جار وتوویانە کە بە هۆی هەژاریی بنەماڵە، ناچارن هەر هەموو یان بەشێک لە تێچووی بنەماڵە دابین بکەن، بە پێچەوانەی خواستی دڵیان دەست لە خوێندن هەڵبگرن و کار بکەن. گێڕانەوەکانی ژێرەوە هەر هەموویان بە باشی ئەم بابەتە دەخەنە ڕوو:

| |
|---|
| من لە پێشدا دەچوومە قوتابخانە، دواتر کە باوکم نەخۆش کەوت ئیتر نەچووم، من هەتا پۆلی چوارم خوێندووە، من بچمە قوتابخانە ئیتر نایەمە ئێرە. ئەرێ دوای هاوین ئیتر نایەمەوە. |

| |
|---|
| پێشتر دەچوومە قوتابخانە. باوکم نەخۆش کەوت، ئیتر نەچوومەوە. ئەوساڵ دەچمە قوتابخانە باوکم وتی بڕۆ قوتابخانە خۆم ئیش دەکەم. |

| |
|---|
| من بە منداڵی دەچوومە قوتابخانە. لە قوتابخانەوە دەهاتمە ناو ئەم بازاڕەوە و ئیشم دەکرد کارگای بەرهەمهێنان من تێیدا بەردەستیم دەکردم. ئیتر وازم لە خوێندن هێنا و هاتمە لای کاکم بۆ بەردەستی ئیتر فێری ئیش‌کردن بە مەکینەش بووم. پێم خۆش بوو بخوێنم بەڵام قسمەت نەبوو لەبەر وەعزی ئابووریمان. |

| |
|---|
| لەبەر بێ‌پارەیی نەچووم، دەبا جلوبەرگی قوتابخانە، پێنووس و قەڵەمم بکڕیبایە. |

| |
|---|
| من خۆم هەتا پۆلی هەشتم خوێندووە. هەتا پۆلی چوارەم لێرە خوێندم. چوار پۆلم لە وڵاتی ئەفغانستان خوێند هەتا هەشت لە ئەفغانستان. لێرە دەچوومە ئازادەگانی دوو. ئیتر وازم هێنا. |

| |
|---|
| دەچوومە قوتابخانە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری وازم هێنا؛ هەتا پۆلی دەمخوێند. ئیتر هەژار بووین و دەبا ورده ورده ... ، ئیتر نەکرا. تێچوو قورس بوو. بنەماڵەکەشم لە ئارادا بوو، کاروباری باوکم. ناچار بووم واز لە خوێندن بێنم. |

هەژاری بە شـێوازی جۆراوجۆر کۆسـپی بەر دەم خوێندنی منداڵانە. هەندێ جار نـەداری و هـەژاری کۆچکردن و ئینجـا کـار و بـە دوایـدا وازهێنـان لـە خوێنـدنی لێ دەکـەوێتـەوە. هـەنـدێ لـە منـداڵان لـە هـەنـدێ لـە نـاوچـەکـانی ئـەفغـانســتـان بـە هـۆی هەژارییەوە ناچارن لەگەڵ بنەماڵەکەیان یان بە تەنیا بە نیازی کارکردن بەرو ئێران کۆچ بکەن. ئەم منداڵانە لە وڵاتی خۆیان زۆریان دمیانخوێند، بەڵام بە هۆی کۆچ و هاتن بۆ شـوێنێکی نوێ هەلی درێژەدان بە خوێندنیان بۆ نەڕەخسـاوە. کاتێک کە پرسـیار لە منداڵەکان کرا کە "ئایا چوونەتە قوتابخانە؟" لە وڵامدا وتیان:

| |
|---|
| نـا، کـەمـم خوێنـدووە، هـەتـا پۆلی چوارم خوێنـدووە. ئیتر نـەمخوێنـد. هـاتمـە ئێران، ناکرێ دەبێ ئیش بکەم. |

| |
|---|
| قوتـابخـانە نـا، کـە لـە ئـەفغـانســتـان بووم دەچووم، لێرە نـا نـاچم، لێرە هـەر ئیش دەکەم. |

| |
|---|
| ئەوسـا کە لە قوتابخانە بووم دەمخوێند. کە هاتمە ئێرە داوای کارتیان کرد. ئێمە نیمانە. |

کۆچکردن تـەنیـا کـاریگـەری لـە ســـەر منـداڵانی ئـەفغـانســـتـانی دانـەنـاوە، بـەڵکوو کاریگەری لە سەر منداڵانی ئێرانیش داناوە و پرۆسـەی خوێندنیانی تێک داوە. بۆ وێنە کۆچەرەکان بە هۆی نەبوونی بەڵگەی ناسنامە ناچنە قوتابخانە و لە هەندێ حاڵەتدا بە شـــێوەی کـاتی دەچنـە قوتـابخـانـەی ئێن‌جی‌ئۆکـان. بـەڵام زۆر جـار بـە هـۆی گـەڕانـەوە بـۆ شـــوێنی ژیـانیـان لـە بـاکووری ئێران، ئیتر چوون بۆ ئـەم قوتـابخـانـانـە مومکین نییـە. یـاریـدەدەری کـۆمـەڵایـەتیی یـەکێک لـە ئێن‌جی‌ئۆکـان لـە گـەڕەکی ئـەمینـابـاد لـەم بـارەوە وتی:

بۆ وێنە منداڵە کۆچەرەکانی ناوەندەکەمان بەر لە جەژن کە چوونەتەوە باکوور، هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن.

لەو بارودۆخەی کە دایک یان سـەرپەرشـتیاری بنەماڵە گیرۆدەی مادەی هۆشـبەرە، ئـەم گیرۆدەبوونـە بـارودۆخی نـالـەبـاری ئـابووریی بنـەمـاڵـەی لێ دەکـەوێتـەوە و لـەم حاڵەتەدا منداڵەکان بە ناچاری لە خوێندن دادەبڕێن، چونکە دەبێ بۆ بژێویی بنەماڵە

ئیش بکەن. منداڵێک لە مەڕ هۆکاری نەچوونی بۆ قوتابخانە وتی:

| |
|---|
| ئیتر نەکرا، بچمە قوتابخانە، باوکم لەوێ گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بوو. |

هەندێ جاریش هۆکاری نەچوونی منداڵان بۆ قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ ملنەدانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە کە ڕێگری لە چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە دەگرێ؛ وەک چۆن کە منداڵێکی کۆچبەر لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| ناچمە قوتابخانە باوکم ناهێڵێت. |

کارکردن لە هەر جۆرێکیدا پرۆسەی خوێندنی منداڵەکان تێک دەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو منداڵە لە پاڵ کارکردن بشچێتە قوتابخانە، تێکەڵکردنی کاری قورس و خوێندن تەنیا زەختی دووقات دەخاتە سەر ئەو منداڵە کە لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی ئەو منداڵە لە خوێندن. بۆ وێنە هەندێ جار بینراوە کە ئەم منداڵانە پاش چەند کاتژمێر دیسان دەچنەوە سەر ئیشەکەیان. ئەم چەشنە خوێندنە وا دەکا منداڵ فشار و زەختێکی دووقات بەئەزموون بکا کە شەکەتیی جەستەیی و دەروونیانی لێ دەکەوێتەوە و لەولنەیە کاریگەریی ڕووخێنەری لە سەر تەندروستیی دەروونیان هەبێت. یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی بەم شێوە هاوکاتیی کار و خوێندن و کێشە پەیوەستەکانی پێناسە کرد:

من زۆر شتم بینیوە، یەکیان ئەم ماوە درێژخایەنەی کارە. تۆ وای دانێ من کچێکی تەمەن دوازدە سێزدە ساڵانم کە هەموو ڕۆژێ لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەچێتە سەر ئیش. من وا هەست دەکەم جاری واشە ئێمە چاوەڕوانیی زۆرمان لە منداڵ هەیە. بۆ وێنە پێی دەڵێم ئەگەر بە نیازی بخوێنی، ئاوا و ئاوایە، کاتژمێری نانی نیوەڕۆ وەرە. منداڵێک کە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە ڕاکە ڕاکە دەچێتە ئەوێ، نانی نیوەڕۆ بێتە ئێرە. دەی دیارە سارد دەبێتەوە، هەست بە زەختێکی دووقات دەکات.

یان دوو کەس لە منداڵەکان هەر لەم بارەوە وتیان:

| |
|---|
| لەبەر ئەوە هاتووم ئیش بکەم. لە ئەفغانستان دەمخوێند، بەڵام کە هاتمە ئێران وازم لێ هێنا. |

| |
|---|
| هەتا پۆلی نۆم خوێندووە، بەڵام ئیتر نیوەچڵ وازم لێ هێنا، هاتم ئیشم کرد. |

گێڕانەوەی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی شتێکە کە منداڵان لە ئێن‌جی‌ئۆکان بەئەزموونی دەکەن، شوێنێک کە بەڕێوەبەران و کاربەدەستەکانی هەوڵ دەدەن پۆلەکانی خوێندن لەگەڵ کاری منداڵان بگونجێنن بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە هەست بە فشارێکی کەمتر بکەن، لە حاڵێکدا سیستەمی پەروەردەیی قوتابخانەکان بەم چەشنە نییە و منداڵان دەبێ لە فۆرمێکی فەرمی و ڕەق و تەقدا لە هۆڵەکانی خوێندندا ئامادە بن. ئاوێتەکردنی کار و خوێندن لە کۆتاییدا زەختی دووقات دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکان لە نێوان ئەو دوولە یەکیان دەستنیشان بکەن و بە هۆی دەستنەڕۆیی و هەژارییەوە ئەوە کارە کە هەڵدەبژێردرێت. بە گشتی کەم وا هەیە کە منداڵان بە سەرکەوتووییەوە خوێندن تەواو بکەن و زۆریان یان لە خوێندن وەدوا دەکەون یان دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. کاتێک کە لە منداڵەکان پرسیار کرا کە "پێیان خۆشە لە داهاتوودا ببنە چی؟" زۆریان ئاماژەیان بە پیشەی چینی مامناوەند دەکرد. زۆرێک لەم منداڵانە بەتایبەت منداڵە کۆچبەرەکان و منداڵە بێ‌ناسنامەکان، باش دەزانن کە هەتا تەمەنێک دەتوانن بخوێنن و تافی منداڵی و داهاتوویان بە هۆی هەندێ یاسای جیاکارانەی وەکوو نەتەوە، ڕەگەز، چین، و نەبوونی داکۆکیی کۆمەڵایەتیی کاریگەر پێشێل دەبێ و ئیتر بەرە بەرە دەستڕاگەیشتن بە ئاواتەکانیان نامومکین دەبێت. یەکێک لە چالاکوانانی بواری منداڵی لەم بارەوە وتی:

تەمەنی باڵقبوون بۆ ئەم منداڵانە هەڕەتێکی ناسکە؛ کە باڵق دەبن، دەلاقەیەکی نوێ لە ژیانیان بەرەو ڕوویان دەکرێتەوە و ورد دەبنەوە و چیتر تۆ ناتوانی ئەو منداڵە لەو تەمەنەدا ڕازی بکەی کە ئەگەر تۆ بڕوانامەشت هەبێ و بخوێنی، ناتوانی بچیتە زانکۆ. هەتا بەر لە باڵقبوون هەموو وا بیر دەکەنەوە، بۆ وێنە ئەگەر لێیان بپرسی دەڵێن پێم خۆشە ببمە پزیشک، دەڵێن دەمانهەوێ ببینە مامۆستا، فڕۆکەوان. بەڵام ڕێک کە دەچنە ناو هەڕەتی باڵقبوونەوە هەموو ئەم ئایدیا و باوەڕانەیان تێک دەڕووخێ، دەپرسن باشە بۆچی ئێمە بۆمان نییە بچینە زانکۆ، ناتوانین بچینە بواری دروومان، بۆ لە ڕێکخراوی فەنی - حیرفەیی بۆمان نییە ناونووسی بکەین. بۆچی ناهێڵن ببینە پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە. ئەمانە ئەوەندە دووپات دەبنەوە کە ئیتر منداڵەکان سارد دەبنەوە، ئیتر خۆزگە و بریاکانیان پێشێل دەبێت.

بە گشتی دەبێ بڵێین هەژاری بە هەموو بیچم و میکانیزمە جیاوازەکانی، کۆچ‌کردن، کار و زەختی بە هۆی کار، یاسای جیاکارانەی دژ بە منداڵان، و ڕەواڵی نەشیاوی سیستەمی پەروەردەی قوتابخانەکان وای کردووە بەشێکی بەربڵاوی

منداڵانی کار یان لە خوێندن وەدوا بکەون یان واز لە خوێندن بێنن؛ خۆئەگەریش لە سەر خوێندن بەردەوام بن گوشاری بە هۆی کار و خوێندن بە شێوەی هاوکات وا دەکا ئەوان نەتوانن بە باشــی لە هۆڵەکانی خوێندندا ئامادە و چالاک بن و ســەربکەون. لە دیمانەکاندا کاتێک کە پرسیار لە منداڵەکان کرا کە "بە هیوای لە داهاتوودا ببیتە چی؟" ئەوان ئاماژەیان بەو شــتە دەکرد کە پێی دەڵێن "بەهاکانی چینی مامناوەند" و ئەم وڵامانە ئەوەی دەردەخست کە ئەم منداڵانە پێیان خۆشە بخوێنن و بچنە زانکۆ. بەڵام ئەو پێکهاتە و یاسایانەی کە پڕاوپڕ لە هەڵاواردن و ستەم و غەدرە ئەوان لە درێژەدان بە خوێندن دادەبڕێنێت. ئەنجامی وەها پێکهاتەیەکیش تەنیا پرۆســەیەکە کە هەژاری بەرهەم دێنێتەوە، چونکە ئەم منداڵانە بە هۆی نەداری و هەژاریی بنەماڵە و کۆمەڵگاکەیان ناچار بوون واز لە خوێندن بێنن و ڕوو بکەنە کارکردن. دەستهەڵگرتن لە خوێندن و دیکەی ئەو پێویستییانەی کە دەبێ لە هەڕەتی منداڵیدا بۆ منداڵان بوونی هەبێ (وەکوو یاری و شادی، ئاسایش و هەستکردن بە ئاسایش) جگە لە لاوازی نەبێ هیچی دیکەی لێ سەوز نابێ، هەژارییەک کە ئەگەر بیچم بگرێ - کە بیچمیشی گرتووە - بۆ ڕزگاربوون لێی هیچ ڕێگەچارەیەکمان نییە.



وێنەی منداڵێکی کار (وێنە: یانەی هەواڵنێرانی گەنج (باشگاه خبرنگاران جوان))

## هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان

هاوسەرگیریی پێشوەختە یەکێکی دیکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی خوێندن بەتایبەت خوێندنی کچانە، کە یەکێک لە هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان هەژارییە. لە بنەماڵە هەژار و دەستەنڕۆکاندا بەتایبەت لە ناو بنەماڵە هەژارە ئەفغانستانییەکاندا وەکوو بارگرانی لە منداڵان دەڕوانن و هاوسەرگیریی کچان دەبێتە هۆی ئەوەی تێچووی بنەماڵە کەم ببێتەوە. تەنانەت لە زۆربەی کلتەکاندا بنەماڵەکان لە بەرامبەر هاوسەرگیریی کچەکانیان بڕە پارەیەک لە زاوا یان بنەماڵەکەی وەردەگرن. لە فەرهەنگ و نەریتەکانی وڵاتی ئەفغانستان، لە تەمەنێک بە دواوە ئیتر کچان بۆیان نییە لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن، چونکە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ ڕێگریی لە هاوسەرگیرییان دەکا و منداڵەکان بە هاوسەرگیری ئیتر هەلی درێژەدان بە خوێندن بۆیان مەیسەر نییە، چونکە دەور و ڕۆڵی وەکوو کابانێتی، منداڵداری، و هاوسەرداریی لە تەمەنی کەم لەگەڵ خوێندن یەک ناگرێتەوە. زۆر جار ئەمە داخوازیی بنەماڵەیە کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵەکان بەتایبەت کچەکان. گێڕانەوەکانی منداڵانی کار لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

> قوتابخانەی بەڕێز ... کچەکانیان تێکەڵن؛ دادم پێی خۆش نییە، باوکم پێی خۆش نییە. ئەگەر بکرێ بەڕێز ... قوتابخانەیەکی دیکەیان هەیە ناوی سەباحە، ئەوێ، دایکم زۆر دەچووە ئەوێ، باوکم دەیکوت کچ دەبێ شوو بکات. خوێندنی زۆریش باش نییە.

> لەبەر بێپارەیی و خوازبێنم بۆ هات، زیاتر لەبەر نەداری بوو.

> هەتا پۆلی هەشتم خوێندووە. سێزدە ساڵان بووم کە مارمیان بڕیم، ئیتر نەمخوێند. قوتابییەکی باشیش بووم.

## سەرچەشنگریی لە گرووپی هاوتەمەنەکان و ناکارامەیی سیستەمی پەروەردە

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و چوونی پێشوەختەیان بۆ ناو پرۆسەی کار سەرچەشنگری لە گرووپی هاوتەنەکانە. ئەم بابەتە زیاتر لە ناو چینی مامناوەندی کۆمەڵگا بەدی دەکرێ کە دایک و باوکەکانیان بڕوانامەی خوێندنی

باڵایان نییە. مێرمنداڵان لە قۆناغی دواناوەندیدا بە هۆی باڵقبوون و کارتێکراویی هاوڕێیانەوە، هۆگری هەندێ ڕفتار دەبن و هەندێ خولیایان هطهی کە ئەگەر لە لایەن بنەماڵە و قوتابخانە چاودێری نەکرێن، لە وانەکانیان وەدوا دەکەون و تەنانەت واز لە خوێندنیش دێنن. بنەماڵەی ئەم منداڵانە، کە لەوانەیە بۆ درێژەدان بە خوێندنی منداڵەکانیان هەوڵی خۆیانیان دابێ، پاش ئەوەی منداڵ دەســـت لە خوێندن هەڵدەگرێ، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە ڕفتاری مەترســـیدار و هاوڕێکانی بپارێزن، هەوڵ دەدەن کارێکیان بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی فێری ئیشێک بن، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەو کارەی کە دەیکەن پارەش وەرنەگرن. باوکێکی تەمەن پەنجا ســاڵان کوڕە شــازدە ســاڵانەکەی پاش وازهێنان لە خوێندن، دەنێرێتە لایە فیتەرێک:

هەتا پۆلی هەشـــت و نۆ باشـــی دەخوێند. مامناوەندی نمرەکانی باش بوو؛ هەموو مامۆســتاکان لێی ڕازی بوون. تووشــی کۆمەڵێ هاوڕێی هەرچی و پەرچی هات ئیتر نە دەرســـی دەخوێند، نە گوێی دەگرت. دوو ســـێ جار لە گیرفانیدا جگەرەم دۆزییەوە. هەموو ڕۆژێ لە قوتابخانەوە بانگیان دەکردم، گلەیان لێ دەکرد، پێم دەوتن من خۆ لێرە نیم ئێوە دەبێ چاودێری بکەن. ئیتر نەیخوێند. ئەخت و چارمان کرد نەیخوێند. وازی لە خوێندن هێنا ... وتم بێتوو هەر وا لی بگەڕم و چاوپۆشـــی لێ بکەم بەڕەڵا دەبێ .. گیرۆدەی مادەی هۆشـــبەر دەبێ ... . هێنامە لام ئەم هاوڕێیەم با شتێک فێر بێ ... پارەشی پێ نادا، کاریشی لێ دەکێشێ ... بەڵام قەیناکە، لە بەڕەڵایی باشترە.

سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان لە ئێران لاوازیی زۆرە و یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی نەبوونی بەڕێوەبردنی دروستی قوتابخانەکان، بەتایبەت لە قۆناغی دواناوەندییە کە لەم ماوە زەمەنییەدا مێرمنداڵان بە هۆی تێپەڕاندنی قۆناغی باڵقبوون تووشـــی هەندێ گۆڕان و وەرچەرخان دەبن و پێویستیان بە چاودێریی زیاترە، بەڵام زۆربەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان نە تەنیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مێرمنداڵان و خولیا و کێشەکانیان ڕاهێنانی پێویستیان نەبینیوە و شێوازەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ مێرمنداڵان نازانن، بەڵکوو بە ڕفتار و هەڵســـوکەوتی توندلنەوە پانتایەک لە ناو قوتابخاندا ســـاز دەکەن کە مێرمنداڵان زیاتر هۆگری ڕفتاری مەترســـیدار و وازهێنان لە خوێندن دەبن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەو حاڵەتانەی کە بەڕێوەبەران و مامۆســتایان ڕفتاری باشــتریان لەگەڵ مێرمنداڵاندا بوو، ئەوان هەڕەتی نـاســـکی مێرمنداڵی و باڵقبوونیان بە

سەرکەوتوویی تێپەڕاندووە و زۆریان قۆناغەکانی خوێندنیان بە سەرکەوتووانە تێپەڕاندووە. مێرمنداڵێکی تەمەن شازدە ساڵان کە وەک پەیکی ماتۆری لە ڕیستوڕانتێکدا کاری دەکرد، لە حاڵێکدا کە لە نەخوێندنی خۆی پەشیمان بوو، وتی:

> ئێمە منداڵ بووین، عەقڵمان بە هیچ نەدەشکا، پێمان خۆش بووی هار و هاجی بکەین، گاڵتە بە مامۆستاکان بکەین، بەڵام ئیتر خۆ پیاوکوژ نەبووین، هەڵسوکەوتیان لەگەڵمان خراپ بوو، جارێکیان چاودێری قوتابخانەکەمان لە بەر چاوی هەموو کوڕەکان شەپلاغەیەکی لێدام، تەلەفۆنی کرد و باوکم هات. لە لای باوکم ئەوەندە قسەی ناشرینی کرد، باوکم تووڕە بوو، لە ژووری مامۆستاکاندا باوکیشم لە بەر چاوی هەموویان زللەیەکی لێدام. منیش ئیتر لە قوتابخانە هاتمە دەرەوە. وتم ئیتر ناچمەوە قوتابخانە. چوومە ماڵی پوورم. ئەویش ماتۆڕێکی بۆ کڕیم، هاتم بووم بە پەیک. ئێستا لەبەر ئەو سەرمایە هەڵدەلەرزی بۆ مانگی ملیۆنێک ... مانگێ لەمەوبەر تووشی ڕووداوی هاتوچۆ هاتم، ئۆتۆمبێلێکی شاسیی بەرز لێیدام، قاچم پیس شکا، لەبەر ئەوەی مۆڵەتنامەی شۆفێریم نەبوو لە ترسا نەوەستام ... . خۆ نەیانهێشت بخوێنین، بۆ خۆمان ببینە شتێک.

لە هەندێ حاڵەتیشدا کاری منداڵان بە هۆکاری وەکوو سەربەخۆبوونی ئابووری ڕوو دەدا، بەتایبەت لە ناو ئەو مێرمنداڵانەی کە ئاستی چاوەڕوانییان لە دایک و باوک زۆرە. لە وەها بارودۆخێکدا مێرمنداڵەکان بۆ دابینکردنی خواستەکانیان واز لە وانە و قوتابخانە دێنن و دەچنە ناو بازاڕی کارەوە. ئەم تاقمەش لە ژێر کاریگەری هاوتەمەنەکانیان ڕوو لەم ئاراستە دەکەن. وتەکانی مێرمنداڵێکی تەمەن پازدە ساڵان کە پاش وازهێنان لە خوێندن سەرقاڵی کارکردن ببوو بەم شێوە دوا:

> هەر جارێ کە بە باوکمم دەوت پارەم پێ بدە، دەیوت نیمە. هەمیشە خەفەتی هەموو شتێکم بوو. ئیتر ماندوو بووم. وتم دێم ئیش دەکەم، هەرچییەکم ویست بۆ خۆمی دەکڕم ... . من ئەگەر منداڵم ببێ هەموو شتێکی بۆ دەکڕم.



وێنەی مێرمنداڵێکی ئیشکەر لە فیتەریی ئۆتۆمبێل (وێنە: بنکەی هەواڵدەریی نەسیم)

## دەستێوەردان و داکۆکی، داکشان یان هەڵکشانی خەسارەت

وەک لە بەشی پەیوەندییەکانی کاردا ڕوون کراوە، زیاترین پەیوەندیی منداڵانی کار لە سێ کەرتدا سنووردار بۆتەوە: پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵە، پەیوەندیی لەگەڵ خاوەنکار، پەیوەندیی لەگەڵ ئێن‌جی‌ئۆکان. جۆر و شێوازی ئەم پەیوەندییانە کە لەوانەیە دەستێوەردان یان پاڵپشتانە بێ، کاریگەری لە سەر تەندروستیی منداڵ دادەنێ و دەتوانێ ببێتە هۆی کەمبوونەوە یان زۆربوونی خەسارمتە ئەگەرییەکان. لێرەدا ئەم بلبەتە تاوتوێ دەکرێ کە پەیوەندیی دەستێوەردەرلنە یان داکۆکیکارلنەی ئەم گرووپلنە چ لێکەوتەیەکی لێ دەکەوێتەوە.

**بنەماڵە:** منداڵان بە هۆکاری باڵقنەبوون، وابەستەیی، یان ناسەربەخۆیی، کار و مەترسییەکانی کار پێویستیان بە داکۆکیی هەمەلایەنەیە بۆ ئەوەی تواناکانیان گەشە بکا و ئاستی خەسارهەڵگرییان کەم ببێتەوە. ئەوان تۆڕی داکۆکیی هەمەلایەنانەیان هەیە کە گرینگترینەکەیان بریتییە لە: بنەماڵە، ئێن‌جی‌ئۆکان، حکوومەت و ڕێکخراوە حکوومەتییەکان و دیکەی ڕێکخراوە گشتییەکان و هەندێ جار خاوەنکاران و هاوکاران یان هاوڕێکانیان لە شوێنی کار. تۆڕە پاڵپشتییەکانی منداڵ تەنیا لەملنەدا سنووردار نابێتەوە، بەڵام ئەم چەندە تۆڕە پاڵپشتیی هەمەجۆر بۆ منداڵان دابین دەکەن. بۆ وێنە بنەماڵەکانیان سەرەڕای ئەوەی بە هۆی هەژارییەوە ئەو منداڵانە دەنێرنە بەر کار،

بەڵام هاوکات بە شـێوازی جیاواز پشـتیوانییان لێ دەکەن. بە باوەڕی هەندێ لە بنەماڵەکان، ناردنە بەر کاری منداڵان جۆرێک داکۆکییە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ فێری پیشـەیەک بێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ لە ڕێگەی ئەو پیشـەوە خۆی بژیێنێت.

یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتیی یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکان لەم بارەوە وتی:

زۆرێک لە بنەماڵەکان لەبەر ئەوە منداڵەکانیان دەنرێنە کارگا کە ئەو منداڵە فێری شتێک ببێ، بە پێچەوانەی کار لە سەر شەقام، ئەو منداڵانە لە ناو ئەم کارگایانەدا فێری پیشـەیەک دەبن، وەکوو بەرگدووری و فیتەری. هەڵبەت زۆرێک لە منداڵەکان فێری هیچ نابن، چونکە لەوانەیە چەند مانگ ئیش بکەن و بێنە دەرەوە. ڕوانینی دایک و باوک لێرەدا داهات نییە، بەڵکوو فێربوونی پیشەیە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دایک و باوک منداڵەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەیانخەنە بەر کار. ئەم حاڵەتە هەم لە کاری سەرشەقام و هەم لە کاری کارگاییدا بەدی کراوە. بۆ وێنە زۆرێک لە بنەماڵە کۆچەرییەکان منداڵەکانیان دەبەنە ناو مەکۆکان بۆ ئەوەی بە ناوی دەسـتگێڕییەوە سـواڵ بکەن. ئەم بنەماڵانە لە درێژەی ماوەی کاردا چاودێریی منداڵەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی دیتران ئازاریان نەدەن، پارەکەیان نەڕفێنن، و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی بێهزیسـتی یان کار بەدەسـتانی شـارەوانی و دیکەی ئۆڕگانەکان قۆڵبەسـتیان نەکەن. زۆر جار دایک و باوک لە سـووچێکی شـەقام یان چوارڕێیان دووراودوور وریای منداڵەکانیانن بۆ ئەوەی تووشـی هیچ ڕووداوێک نەبن و ئەگەریش ڕووی دا لە کاتی گونجاودا دەستێوەردان بکەن. یەکێک لە منداڵانی کاری ئێرانی لەم بارەوە وتی:

> ئەم ئەڤغانستانییانە دایکیشیان دێت. دەچێتە ئەوێ ڕادەوەستێ بۆ ئەوەی کەس ئازاری منداڵەکەی نەدات.

ئەگەر باوک و دایکی منداڵێ یان تەنانەت خوشـک و برا گەورەترەکانی لە کارگای کار ئیش بکەن، لەوانەیە پاش ماوەیەک، زەمینە بۆ کاری منداڵەکان یان خوشـک و براکانی خۆی بڕەخسـێنێت. ئەم حاڵەتە لە کارگای بەرگدووری، بەرهەمهێنان، و کارگای بلوورسازیدا زۆر بەدی دەکرێت. لە کارەکانی دیکەدا وەکوو زبڵگەڕی، دایک و باوک منداڵەکانیان لە سەرەتاوە دەخەنە شوێن خۆیان. لە حاڵەتەکانی دیکەدا دایک و باوک منداڵەکانی خۆیان لەگەڵ خزم و کەس و هاوڕێکانیان دەخەنە بەر کار. لەم

حاڵەتەدا ئەوان ئەرخایەنن کە هەر هیچ نەبێ منداڵەکەیان کەمتر ڕووبەڕووی ئازار و لێدان دەبێتەوە. لە هەندێ حاڵەتدا بنەماڵەکان لەگەڵ خاوەنکار پەیوەندی ساز دەکەن بۆ ئەوەی لە شوێنی ئیشکردندا هیچ کێشەیەک ئاوقانی منداڵەکەیان نەبێ و یان لەوانەیە داوای کۆمەک و هاوکاری لە ئێنجیئۆکان بکەن. منداڵانیش لە هەندێ حاڵەتدا دایک و باوک یان یەکێک لە ئەندامانی خێزان لە کێشەکانیان ئاگادار دەکەنەوە. گێڕانەوەکانی ژێرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو داکۆکییە پیشان دەدا کە لە لایەن تۆڕی خێزانیی منداڵەکان ئەنجام دەدرێ:

> دوێنێ ئیشم نەکرد، لە ماڵەوە مامەوە. دایکم وتی ئەمڕۆ مەچۆ بۆ کار، هەوا گەرمە ڕەش داگەڕاوی. ئینجا پێی وتم لە ماڵەوە بمێنەوە پشووبدە. من بە زۆری وتم دایە دەبێ بڕۆم دایکم وتی نا مەچۆ. منیش بەقسەم کرد و نەهاتمە سەر کار.

> کێشەیەکم بۆ پێش هات، خۆ ناتوانم لای دایکم باسی بکەم، چونکە هیچ بڕوام پێ ناکا، هەر لای دادم باسی دەکەم؛ ئەو لە ماڵە. جاران ئەویش ئیشی دەکرد، دوو ساڵ هات بۆ دەستگێڕی، ئیتر نەهات.

ڕاستە کە دایک و باوک منداڵەکانیان دەخەنە بەر کار، بەڵام هاوکات نیگەرانی خوێندن و پەروەردەشیانن و تێدەکۆشن بواری خوێندنیان بۆ بڕەخسێنن. لەو حاڵەتانەی کە منداڵ بە دوور لە بنەماڵەکەی ئیش دەکا، واتە ئەو کاتەی کە بنەماڵەکەی لە ئەفغانستانن یان منداڵانی ئێرانی کە بنەماڵەکەیان لە شارێکی دیکەن، منداڵان لە ڕێگەی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت. ئەم پشتیوانییانە زیاتر لە جۆری پشتیوانیی سۆزداری و زانیارییە. تەکنەلۆژیای پەیوەندیی نوێ ئەم هەلەی بۆ ئەم منداڵانە ڕەخساندووە کە بتوانن بە شێوەیەکی باشتر لەگەڵ بنەماڵەکەیان لە پەیوەندیدا بن. منداڵێکی ئەفغانستانیی زبڵگەڕ سەبارەت بە شێوازی پەیوەندییەکەی لەگەڵ بنەماڵەکەی وتی:

> 20 هەزار تمەن دەدەم باڵانس دەکڕم و وێنەیی لەگەڵ ماڵەوە قسە دەکەم. بە ئیمۆ یان واتساپ. ئیتر ئەوان دەبینم [بە پێکەنینەوە].

**ئێن جی ئۆ:** یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی پشتیوانی لە منداڵ و تەنانەت بنەماڵەکانیان ئێنجیئۆیە. بە هۆی حاڵەتی تایبەتی تافی منداڵ زۆرێک لەم

ڕێکخراوانە ســەرمایەدانەریان کردووە. بۆ وێنە لە گەڕەکی فەرەحزاد، گەڕکێک کە بەشــێک لە منداڵانی کاری لە خۆ گرتووە، چەندین ئێن جی ئۆی وەکوو دامەزراوەی مێهر و ماه (مهر و ماه)، ڕوویشــێ نەهال (رویش نهال)، خانێ عیلم (خانه علم (حەشــیمەتی ئیمام عەلی (س.خ))، بنکەی خێرخوازیی گوڵی نێرگس (گل نرگس) چالاکی دەنوێنن کە داکۆکی لەم منداڵانە دەکەن. لە گەڕەکەکانی ناوەند وەکوو شــووش، دەروازەی غار و عەودڵاجان ڕێکخراوی لەم چەشــنە زۆرن. پاڵپشــتیی ئێن جی ئۆکان بریتییە لە پاڵپشــتیی پەروەردەیی، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەروونناســی، پزیشــکی، شــارەزابوون و فێربوونی کار، پیشــەســازیی بۆ منداڵان و بنەماڵەکانیان، یاســایی، توێژینەوەیی، لۆبیگەری، و تەنانەت بژێوی. ئەم ڕێکخراوە جەماوەرییانە (ئێن جی ئۆ) بابەتگەلی وەکوو یاری و شــادی بۆ ئەم منداڵانە دابین دەکەن. پاڵپشتییەکانیان هەمیشە تەواو و بێ کەموکوڕ نییە، بەڵام زۆر جار چارەسازە و شێوازی پاڵشتییەکەیان وەکوو یەک نییە و هەندێ جیاوازیشی هەیە. بۆ وێنە لە هەندێ حاڵەتدا ئەوان زەمینە بۆ کاری منداڵان دابین دەکەن کە یەکێک لە بەرپرســانی ئێن جی ئۆیەک لە گەڕەکی دەروازەی غار ســەبارەت بە شــێوازی پاڵپشــتی کردنیان لە منداڵانی کار بەم شێوە دوا:

ئێمە جیا لەوەی خولی ڕاهێنانمان هەیە خولی دیکەشــمان هەیە، خولی گفتوگۆ، خولی شــانۆمان هەیە. خزمەتگوزاریی دیکەمان بۆ منداڵەکە خۆی نییە. ئێمە یەکەی یاریدەدەریی کۆمەڵایەتیمان هەیە؛ هەوڵ دەدەین لە ڕووی یاریدەدەریی کۆمەڵایەتییەوە بە منداڵەکان ڕابگەین، پێڕاگەیشــتنی یاریدەدەریی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو پرســانەی کە لە خولدا ڕووی داوە هەتا ئەو کاتەی کە لە پرســێکی تایبەتی ئەم منداڵە تێبگەین و بمانهەوێ بەدواداچوونی بۆ بکەین. بۆ وێنە ســەردانی ماڵ دەکەین، هەوڵ دەدەین لە نزیکەوە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی ئەو منداڵە ئاشــنا بین. ئێســتا کۆڕۆنایە بە تەلەفۆن پەیوەندی ساز دەکەین. یەکەی تەندروستیمان هەیە، منداڵان ئەگەر کێشەی نەخۆشــییان هەیە دەتوانن لای ئێمە باســی بکەن، ئێمە پزیشــکیان بۆ دەدۆزینەوە کە بچن سەردانی بکەن. هەندێ شوێن ڕەنگە بێبەرامبەر و خۆڕایی بێ، هەندێ شوێنیش نا، بەڵام هەرزانترە. هەموو ڕۆژێ خواردنیان پێ دەدەین.

ئێمە بە گشــتی دژی کاری منداڵین و هەموو هەوڵ و تەقەلامان ئەوەیە کە ئەگەر ناتوانین کاری منداڵ بنەبڕ بکەین و نەیهێڵین، با کاری بۆ کەم بکەینەوە. بۆ وێنە ئەگەر ســێ بۆ چوار کاتژمێر ئیش دەکا یان حەوت کاتژمێر، شــەش کاتژمێر ئیش دەکا، ئەم

ماوەی بۆ بکەینە نیوە. بە پێی ئەو قسـانەی کە بۆ منداڵی دەکەین دەینێرینە قوتابخانە، دەیهێنینە ئێرە بۆ ئەوەی بخوێنن. هەر ئەم هاتوچۆکردنەیان بۆ ئێرە وا دەکا کە کاری منداڵ کەم ببێتەوە؛ جیا لەم پرسـانە، هەندێ جار لە ناو کۆمەڵگاشـدا هەسـت بە مەترسـی دەکەین، لە ناو بنەماڵەدا هەسـت بە مەترسـی دەکەین. دێین پاڵپشـت دەدۆزینەوە. منداڵ لە ڕووی جەسـتە و ڕووڵەتەوە لە ڕووی تەمەنەوە بە جۆرێکە کە ئەگەری خەسـارهەڵگریی زیاترە. منداڵی بۆ وێنە کچ دەچێتە سـەر چوارڕێیان مانگانە لـە خێرخوازی یـان ئـەنجومـەنی خۆمـان بڕە پـارەیـەکی بۆ وەردەگرین دەیـدەین بـەم بنەماڵانە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە ئیش نەکات. بەڵێنێکی تایبەتیشی لێ دەستێنین کە دەبێ ئەم کارە بکات.

پەیوەندیسازکردن لەگەڵ خاوەنکار لەگەڵ یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی پاڵپشتیی ئەنجومەنەکان لە هەمبەر منداڵانی کارە. کاتێک ئەوان بەم شـێوە پشـتیوانی لە منداڵ دەکەن، هەم باشتر دەتوانن لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی منداڵ ئاشنا بن و هەم خاوەنکار هەسـت دەکا کە منداڵانی کار پشـتیوانیان هەیە و کێشـەی منداڵەکان لای ئەوان باس دەکەن و تەنانەت لەوانەیە کەمتر زیان بە منداڵ بگەیێنن و بیانخەنە مەترسـییەوە. یەکێک لە چالاکوانانی ئێنجیئۆکان لە قوتابخانەی پەنابەرەکان وێڕای پێداگریکردن لە سەر ئەم خاڵە وتی:

من پێم وایە کاتێک کە ئێمە خەریکی بەدواداچوونین منداڵێک حەفتەی جارێک یان دوو حەفتە جارێک، کـاتێک بۆمان دەردەکەوێ پاڵپشـتی هەیە، کەواتە کەس ناتوانێ کەڵکاوەژۆیی لێ بکا و هەروەها ئەوەی کە هەندێ جار ئەم خاوەنکارلنە دێن داوای یارمەتیمان لێ دەکەن. بۆ وێنە دێن دەڵێن دادە ڕفتاری ئەم منداڵە ئاولیە؛ ئەگەر من پێی بڵێم دڵی دێشـێ، ئێوە نزیکترن پێی بڵێین بـە جۆرێـک ئـەم ڕفتـارەی پێ ڕابگەیێنن و پێی بڵێن ئەم ڕفتارەی باش نییە. لەم چەشـنـە هاوکارییانەیان هەیە. من بە دەگمـەن بینیومـە بۆ وێنـە خـاوەنکـارێـک یـەک دوو حـاڵـەتمـان بووە کـە خراپ هەڵسـوکەوت دەکەن، بەڵام زۆربەیان هەم ڕا دێن و هەم ئەوەی کە بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو منداڵە پاڵپشتی هەیە و من وای دەبینم کە ئەمە ئاستی خەسارەت کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی من هەمیشـە داوا لە یاریدەدەرەکانم دەکەم دوو حەفتە جارێک تەنانەت ئەگەر بۆ خۆشـیان ناچن بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە بگرن، بارودۆخی چۆنە. 90 لە سەدیان کاتی خۆی حەقدەستیان وەردەگرن، هەندێکیان نا قەرزدار دەبن دەمێنێتەوە بۆ مانگەکەی دیکە، دەکەوێتە ناوەڕاسـتی مانگەکەی دیکە، ئەویش شـاگردانەیەک

وەردەگرن، بەڵام زۆربەیان حەقدەستیان وەردەگرن. هەندێ لە خاوەنکارەکان کەڵەگایی دەکەن؛ هیچ حەقدەستەکە کەمە، ئەو کەمەشیان پێ نادەن، دەڵێن فرۆشمان نەبووە یان نا، ئەو شوێنەی کە ئیشمان بۆی کردووە هێشتا پارەی نەناردووە، بێلا سەری مانگ پارەتان پێ دەدەین، لەم قسانە دەکرێت. لەم حاڵەتانەدا ئێمە دێینە قسە و هەوڵ دەدەین حەقدەستی ئەو منداڵە لەو خاوەنکارە بستێنین.

بارودۆخی هەموو منداڵەکان وەکوو یەک نییە. هەندێکیان لە بنەماڵەی زۆر هەژارەوە دێن و هەندێکیان لەوانەیە بنەماڵەکەیان زۆر هەژار نەبن. بە هۆی ئەم بارودۆخە، ڕێکاری ئێن‌جی‌ئۆکان و یاریدەدەرانی کۆمەلایەتی بۆ پشتیوانی و کەمکردنەوەی خەسارەتەکانی کار بۆ منداڵان جیاوازە. بە واتایەکی دیکە، ڕێکاری پشتیوانیی ئەوان بە پێی هەر منداڵێک و هەر حاڵەت و بارودۆخی خێزانیی ئەو منداڵە جیاوازە. لەم حاڵەتەدا بەتایبەت سەبارەت بەو منداڵانەی کە بنەماڵەی هەژار و نەداریان هەیە ئیتر قسە لە سەر حەقدەست نییە، بەڵکوو یاریدەدەرانی کۆمەلایەتی شێوازی کردەیی‌تر دەگرنە بەر بۆ ئەوەی منداڵ کەمتر لە کاردا زیانی پێ بگات. بۆ وێنە ئەوان ئیتر دژی کارکردنی منداڵ نین، بەڵکوو تێدەکۆشن منداڵان لە کاری مەترسیدار بهێننە ناو کاری کەم‌مەترسی یان لە سەر پێشنیاری هەندێک ڕێگە نەدەن ئەو منداڵانە بچنە ناو کاری پڕمەترسییەوە. یەکێک لە چالاکڤانانی بواری منداڵی لە گەڕەکی غەنیاباد لەم بارەوە وتی:

کێشە ئەوەیە کە ئایا ئەو ئیشە بۆ ئەو منداڵە پێویستە یان نا، هەندێ جار منداڵانێک دەبینین کە توانای فێربوون، بارودۆخی بنەماڵە، و یاساکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەم منداڵە دەرفەت و هەلومەرجی ئەوەی هەیە کە بخوێنێ، پێش بکەوێ، و لە کار دەرباز بێت. دەی ئێمە ئەم منداڵە هان دەدەین کە ئەمە ڕووبدا، هەندێ جاریش منداڵانێک دەبینین کە نا، زەین‌کوێرن یان بارودۆخی ئابوورییان باش نییە، بە پێی ئەوەی هیچ بەڵگە و ناسنامەیەکی نییە و کۆمەڵگا و یاسای ئێمە ڕێگە نادەن بخوێنێ - ئەوەی من دەیڵێم ڕای خۆمە لەوانەیە واش نەبێ - من خۆم پێم وایە ئەم منداڵە لە بری ئەوەی کۆڵێ وزەی بۆ تەرخان بکەین، کاتی بۆ دابنێین، و بۆ خوێندنی پارەی بۆ سەرف بکەین، سوودی نییە. لە ئەنجامدا من ئەم منداڵە هان دەدەم لە کرێکارییەوە بچێتە سەر پیشەیەکی دیکە فێری ئیشێک بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە پیشەیەکدا شارەزا بێت. ئەمە لەوە، ئێمە کاتێک دەتوانین کار لەو منداڵە بستێنینەوە کە بە هۆی ئیشەوە زیانی پێ گەیشتووە، کە لەو لاوە ئەو هۆکارەی کە وای کردووە ئەو منداڵە ئیش بکا چارەسەر

بکەین. من هەتا ئەو کاتەی کە ئەندامانی دیکەی خێزان کە دەتوانن ئیش بکەن یان بارودۆخی ئابووریی بنەماڵەیان باش نەبێ، سوودی نییە کە من بمهەوێ ئەو منداڵە لە کار بهێنمە دەرەوە، چونکە ئەم منداڵە دیســان دەچێتەوە ناو هەر ئەو ماڵە ڕەش و ڕووتە و ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە لە من بپرینگێتەوە. کەولتە ئێمە دەبێ ئەم دوو کارە بکەین، پرســی بەتواناکردن و پرســی وازهێنان لەو کارەی کە منداڵ دەیکا و زیانی پێ دەگەیێنێت. پرســی بەتولناکردن لەوانەیە وەختگیر بێ بەتایبەت بۆ بنەماڵە ئەڤغانییەکان ئەمە کاتێکی زۆر دەخایێنێت. منی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی تەنیا ئیشێک کە دەتوانم بیکەم کەمکردنەوەی زیانە. بۆ وێنە لە بواری گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر ناوەندی دیئایسـی من یەکەم هەنگاو دێم ئەو منداڵە دەخەمە ژێر کۆنترۆڵی خۆم. ئەگەر ئەم منداڵە لە سەر چوارڕێیان ئیش دەکا هەوڵ دەدەم منداڵ لە سەر چوارڕێیانەوە بێنمە کارگا. ئەگەر نەکرا هەوڵ دەدەم ئەو چوارڕێیلنە کۆنترۆڵ بکەم، هاتوچۆکەی کەم بکەمەوە. ئەگەر لە کارگا ئیش دەکا، پەیوەندی بە خاوەنکارەکەیەوە بگرم. ئەگەر خاوەنکارەکەی باش نەبوو جێگاکەی بگۆڕم. ئەگەر دەتوانم لەگەڵ خاوەنکار پەیوەندی ســاز بکەم کارەکەی بخەینە ژێر چاودێرییەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەکەی بەتولنا بکەین. ئیتر کە وردە وردە بەرەو پێشــەوە چووین، ئەوە ئەو کاتەیە کە من دەڵێم منداڵ ئیتر ئیش نەکات.

چاو لێکە ئێمە بە پێی یاســا کە لە هەژدە ســاڵان بۆ ســەرە، بەڵام بە گشــتی ئەو منداڵەی کە بە شێوەی نایاسایی هاتووە و هیچ بەڵگەی ناسنامەیی نییە وتی من تەمەنم هەژدە ساڵانە و ئێمە بە پێی توانای جەستەیی، جۆری پەیوەندییەکەی لەگەڵ بنەماڵە، ئەمانە باش فام دەکەین و ئەم پێشنیارەمان پێ دا. بۆ وێنە دەچووە ئێرە و ئەوێ و بەزمی بیمە و کێشــەی دیکەی هەیە. منداڵ ناتوانێ بچێتە ئەوێ، بەڵام ئێمە ئەم هەلەمان بۆ ڕەخساند کە بیری لێ بکاتەوە و ئەوەی کە بزانێ دەتوانێ ژیانی بگۆڕێ، بەڵام قبووڵی نەکرد. لەگەڵ براکەی چووە کانگا بۆ کرێکاری مانگی پێنج ملیۆن. خوا دەزانێ تووشی چی دەبێت.

لە حاڵەتەکانی دیکەدا ئەم بوارانە بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (ئێن جی ئۆکان) لەبار نییە کە بە شــێوەی قووڵ و هەمەلایەنە لە کێشــەی منداڵان بکۆڵنەوە. هەر بۆیە هەندێ جار بە مەبەســتی کەمکردنەوەی خەســارەتەکان ڕاوێژ بە منداڵان دەکەن و لە کێشــە و مەترســییەکانی کار ئاگاداریان دەکەن. لەم بارەوە یەکێک لە چالاکوانانی دامەزراوەیەکی جەماوەری لە گەڕەکی هەڕەندی وتی:

منداڵان کێشـــەی ئابووریيان هەیە بۆیە دەبنە منداڵانی کار. کاتێک کە مناڵێک دەبێتە منداڵی کار، لە ڕووی ئابوورییەوە هەندێ کێشـــەی هەیە کە دەبێ ئەمانە چارەســـەر بکرێن. بەڵام ئەگەر کەســـی بەرامبەر و منداڵی کار کێشـــەی کەلتووری و فەرهەنگی هەبێ، ئەوە ســـەخت‌ترە. دەبێ ئەمە ئیشـــی لە ســـەر بکرێ، ڕاهێنان ببینێ، خولی بۆ دابنرێ، بتوانین ئەم کەســـانە لەو ئاســـتە فەرهەنگییە نزمەی کە تێیدان بەرز بکەینەوە. چونکە ئەو ئاستە نزمە فەرهەنگییە گەشەی ئابووریشیان دەگرێتەوە، ئاوقانی بنەماڵەشـــیان دەبێ و ئینجا بۆی دەردەکەوێ دەبێ چی بکا، چۆن هەڵســـوکەوت بکا، تەنانەت لە ســـەر چوارڕێیان، تەنانەت لە شـــوێنی ئیشـــەکەی. کە چی؟ کە بتوانێ داهاتێکی زێدەتری هەبێت. لەم بوارەدا هەم منداڵ و هەم بنەماڵەکەی لە لایەن یاریدەدەرەوە ئاگادار دەکرێنەوە. ڕێکاری ئێمە بۆ کەم‌کردنەوەی خەســـارەت ئەوەیە کە دەبێ ئاگادار بکرێینەوە کە لەگەڵ یاریدەدەری کۆمەڵایەتی و بنەماڵە یان خاوەن‌کاری ئەو منداڵە لە پەیوەندیدا بێ و ئاگاداری بکاتەوە. لە ڕووی کێشەی جەستەیی و ڕۆحی و تەنانەت دەســـتدرێژی و هەندێ هەڵســـوکەوتی خاوەن‌کارەوە ئاگادار بکرێتەوە. خاوەن‌کار شێت و شەیدای چاو و برۆکەی نییە، ڕێکارێکیش هەیە کە من ناتوانم هیچ بۆ ئەو منداڵە بکەم. ئەوە نەبێ بەو منداڵە بڵێم کاکە ئیش مەکە یان بۆ وێنە یەکێک بدۆزمەوە کە لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەکیان بکات. لەم دوو ڕێگا زیاترمان پێ شـــک نایە، بەڵام ئەوەی کە ئێوە گەرەکتان بێ هەموو ئەم منداڵانە لە ســـەر زکی خۆمان بەتوانایان بکەین ئەمە ئەرکی ئێمە نییە. ئێمە هەر ڕێنوێنیان دەکەین، ئێمە سەرپەرشتیاریان نین، ئێمە یاریدەدەری کۆمەڵایەتیینین، ئەویش یاریدەدەری بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری. ئەوەندەی بتوانین هاوکاریی بنەماڵەکەیان دەکەین. بۆچی؟ چونکە ئەو منداڵانە هەمیشـــە لای ئێمە نین، ئێرە وەکوو بێهزیســـتی نییە، منداڵ شەو و ڕۆژ لای ئێمە نییە، کە هەر پلانیەک کە پێت خۆش بێ لە سەریان دابیبەزێنیت. ئەو منداڵە تەنیا دوو یان کاتژمێر لای ئێمەیە، دواتر دەچێتە ناو کۆمەڵگا. دەڕواتەوە ناو خێزانەکەی. ڕەنگە هەندێ پرســـت لای باس کردبێ، قسەشـــت کردبێ، ڕۆشـنبیریشـت پێ دابێ، بەڵام دیسـان دەچێتەوە ناو ئەو کەش و هەوایە، ڕەنگە لەگەڵ تێپەڕینی کات لە بیریشـــی بچێتەوە کە ئێوە چیتان پێ وتووە و چیتان پێ وتووە، نەک بڵێین بێ‌کاریگەرە، نا بەڵام لێک جیاین، کاریگەریی کەمتری لە سەر بنەماڵە هەیە.

پاڵپشـــتیی خێرخوازی یان لە جۆری بژێوییە کە جۆرێکی دیکەی پاڵپشـــتیی ئێن‌جی‌ئۆکانە کە دەدرێتە منداڵانی کار. وتەی یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی

ئەم ڕێکخراوە جەماوەرییانە کە لە گەڕەکی کەن چالاکی دەکەن ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە:

لێرە جیا لە پلان و خول، پاڵپشتیی دارایيش دەکرێن، بۆ وێنە ئێسپاگێتی، نیسک و کەلوپەلی ناوماڵ و ...یان پێ دەدەین.

گێڕانەوەی هەندێ لە منداڵانی گەڕەکی فەرەحزاد، کەن، شووش، و دەروازەی غار لە مەڕ پشتیوانیی ئێن‌جی‌ئۆکان بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| گەنج بووم ... ئینجا خاتوو ... بینی لەگەڵ منداڵەکان قسەی دەکرد. منیش چووم لێرەوە پرسیم کە بێمە ئێرە بخوێنم، زۆریشم فارسی نەدەزانی ... یەکین، بەڵام زۆری فەرق هەیە. ناڵێم ... هاوکارییان کردین، ئەوسا وا لەوێ بووم دەمخوێند. زۆرم پێ خۆش بوو بەڵام فریا نەدەکەوتم. ئەوسا هەتا یازدەی شەو ئیشم دەکرد. ئەوکات فیلممان دەفرۆشت. ئەو وەخت ئێمەیان گرت. |

| |
|---|
| بەڵێ ... ، دەچووین بۆ خوێندن، نەک بۆ هاوکاری و لەمانە. |

| |
|---|
| هات‌بوونە ئێرە، ئینجا وتیان ئێمە لێرە خولی خوێندنمان هەیە، هەر کەس پێی خۆشە با بێت. ئینجا ئێمە هاتین. ئیتر هەموومان هاتین. |

| |
|---|
| ئەوان هاتنە ئێرە و منیان دۆزییەوە هاوکارییان کردم. |

هەندێ لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (ئێن‌جی‌ئۆکان) دژی داپەڕە خێرخوازییەکانن و ڕخنەی لێ دەگرن کە لەم بەشەدا ئاماژە بە دوو گێڕانەوەی دژبەر دەکەین:

شا ئێمە ئەو ڕۆژەی وا ئەم کارەمان دەست پێکرد لای خۆمان سوێندمان خوارد کە بە هیچ چەشنێک ئیشەکەمان خێزخوازانە نەبێ و هەوڵ نەدەین بە هەندێ داکۆکی کارێکی وا بکەین ئەمانە ئەم وەهمەیان لە لا ساز ببێ کە هاتووین پارەمان داوە و لەمانە ...

یەکەم ئەوەی کە ئێمە خێرخوازی نین، ئێمە ڕێکار بە منداڵەکان دەدەین کە وانەکانیان بخوێنن، دایکەکانیان ناچار دەکەین بێن فێری ڕاهێنانی ژیان بن. ئەم دادەیە پێرستێکی هەیە، دایکەکان ئاگادار دەکەینەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بڵێین دادە گیان ئێمە نە پارە دەستێنین و نە پارەش دەدەین، دەبێ بێن و هاوکاریمان بکەن. ئەگەر باوکێک یان

دایکێک هاوکاری نەنوێنن ئەوە درگایان لێ دادەخەین. یان بۆ وێنە منداڵەکانیان دەنێرینە قوتابخانە، دایکەکان دەبێ بە نۆرە هاوڕێیەتیی ئەم منداڵانە بکەن. هەوڵ دەدەین ڕێکخراوێکی خێرۆمەندی نەبێن. بەشـداری، هلندانی دلیک و باوک کە ئەو منداڵە ئیش نەکا و بێ بخوێنێ، ڕاهێنان ببینێ، سەبارەت بە دەرهاویشتە و دەرەنجامەکانی کاری منداڵ بەتایبەت ئەوانەی وا لە سەر شەقام ئیش دەکەن لەم بارەوە قسەمان لەگەڵ کردوون. من باشم لە بیرە بە دایکێکم وت کە ئەگەر منداڵەکەت بچێتە سەر شەقام ئاوای لێ و وای لێ دێت.

هەندێ لە ئین‌جی‌ئۆکان خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکیشیان بۆ ئەم منداڵانە دابین کردووە. لە مەڕ پێشکەش‌کردنی خزمەتگوزاریی لەم چەشنە یەکێک لە چالاکوانان وتی:

تەندروستی و چارەسەر ئەوەندەی منداڵ لە مەترسیدا بێ پێشکەشی دەکەین. ئەمەمان بە ئەرکی خۆمان نەزانیوە، ڕاستییەکەتان با پێ بڵێم، بەڵام حاڵەت دێتە بەر دەستمان کە دەبینین ئەو منداڵە خەریکە نوقسان دەبێ، واتە دەست و قاچ و ئێسکی ئەو منداڵە کێشەی هەیە ئەم منداڵەمان ناردووە بۆ چارەسەر چونکە کاتێک کە سەردانمان کردن بینیمان بنەماڵە ناتوانن چارەسەری بکەن. یان بۆ وێنە دووان لە منداڵەکان پێویستیان بە چارەسەری دەروونناسییە، کێشەیان قورسە، ئێمە بۆ ئەمانە بەدواداچوونمان کرد بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەڵام زیاتر لە بنەماڵەکانیانمان دەوێ کە بیبەنە لای پزیشک.

**خاوەنکار:** لە بەشەکانی پێشوودا وێنەیەکمان لە خاوەنکارەکان پیشان دا کە بەم شێوە بوو کە هەندێکیان مافەکانی منداڵ پێشێل دەکەن، لە دژیان توندوتیژی دەنوێنن و دەیانچەوسێننەوە، بەڵام سیمای ئەو خاوەنکارانە دیوێکی دیکەشی هەیە، واتە هەندێ لە خاوەنکارەکان بوونەتە تۆڕی پاڵپشتیی منداڵان. بە گشتی ڕەنگە هەندێ لە خاوەنکارەکان دەوری کەسایەتیی یەکەمیان هەبێ و هەندێکی دیکە کەسایەتیی دووهەمیان هەبێ کە ئەم بابەتە بەندە بە فاکتەرگەلی جیاوازی وەکوو پرەنسیپی کەسایەتییانەوە. تاقمی دووهەم خاوەنکارن بە شێوازی جۆراوجۆر نیگەرانی تەندروستی و داهاتووی منداڵەکانن و بە مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کار و خەسارمتەکانی کار داکۆکی لە منداڵەکان دەکەن. بۆ وێنە دژی چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە هاوکات لەگەڵ کارکردن نین و تەنانەت ئەوان دنە دەدەن بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانە و بخوێنن. لە هەندێ حاڵەتدا لەولنەیە خۆیان ئەم منداڵانە ببەنە قوتابخانە

و بیانهێننەوە، لەگەڵ بنەماڵەی ئەو منداڵە و ئێن جی ئۆکان پەیوەندی ساز بکەن و لای ئەوان گیر و گرفتی منداڵ لە کاتی کاردا بخەنە بەر باس. لە بەرامبەر ئەو کارەی کە منداڵەکان دەیکەن بڕە پارەیەکی زیاتر بەو منداڵانە دەدەن و هەوڵ دەدەن ئەو کارانە بەو منداڵانە بکەن کە منداڵ بتوانێ بیکا و زیان بە تەندروستیی ئەو ناگەیێنێت. هەندێ جار خواردنیان بۆ ئامادە دەکەن یان هەندێ شتومەکی بژێوی بۆ بنەماڵەی منداڵ دابین دەکەن. بەڵام هەندێ لە خاوەنکارەکان بە چاوی خێرخوازانەوە لە منداڵ دەڕوانن؛ واتە پێیان وایە هەر ئەوەی کە هەلی کاریان بۆ ئەم منداڵە ڕەخساندووە یان بە واتایەکی دیکە دەستگرۆیی دەکەن و مانگانە بڕە پارمیەکی پێ دەدەن ئەوە کارێکی مەزنیان لە ئاست ئەو منداڵە و دایکی و باوکی کردووە. کەواتە هەنگاوێکی دیکەی بۆ هەڵناهێنن. خاوەنکارێک لە گەڕەکی گیشە کە دوو منداڵ لە دووکانی بڵاوکردنەوەی مادەی خۆراکیی ئەو ئیشیان دەکرد وتی:

> من هیچ پێویستم بە ئیشی ئەم دوو منداڵە نییە، وتم با دەستیان بگرم؛ لە ناو کووچە و کۆڵاندا نەخولێنەوە، دوو فلس پارە بۆ خۆیان و بنەماڵەیان وەدەست بێنن، کە بار دێ دەیگوازنەوە، لە بەر دووکانەکەدا دەوەستن.

هەڵبەت دەبێ بڵێین کاتێک کە دام و دەزگا جیاوازەکان هیچ پلانێکیان بۆ منداڵان نییە و بنەماڵەکانیشیان بە بە باشی ناتوانن کاتی بێکارییان بۆ پڕ بکەنەوە و منداڵان بەتایبەت لە ڕۆژانی پشووی درێژخایەنی قوتابخانەدا کاتی خۆیان لە کۆڵان و شەقامەکاندا دەبەنە سەر، خاوەنکاریش ڕەنگە ئەم مافە بە خۆی بدا کە ڕوانینێکی لەم شێوەی هەبێت. گێڕلنەوەکانی ژێرەوە جۆرێکی دیکەی ئەو پاڵپشتییانە دەردەخا کە خاوەنکاری پیشە جیاوازەکانی وەکوو کەرتی کارواش، مادە خەسارەچووەکان و باتریسازی بۆ منداڵەکانی دابین دەکەن:

> من بەش بە حاڵی خۆم داکۆکییان لێ دەکەم. ئەگەر کێشەیەکیان بۆ پێش بێ ئەوەندەی لە دەستم بێ بۆیانی دەکەم.

> پشوویان پێ دەدەم. ئیتر هەر کارێکیان هەبێت. من دەزانم ئەم منداڵانە چ ئیشێک دەتوانن بکەن و بۆ منداڵە چکۆلەکان هەوڵ دەدەم ئاگام لێیان بێ، لەگەڵ دراوسێ و هەرچی و پەرچی نەگەڕێن. ئیتر لە شوێنی ئیشدا هەوڵ دەدەم ئەو گۆرانییەی کە گوێی بۆ ڕادەدێرین یان قسەیەک کە دەیکەین خوار تەمەنی هەژدە

ســاڵان بێ کە ئەمانە ئازار ببینن. بێگومان شــوێنەکانی دیکەش وایە. دەڵێ ماوەی پشووم پێ بدە پێی دەدەم چونکە خۆی دەڵێ لەگەڵ باوکم دەچم.

من خۆم دەڵێم باسـی شـوێنەکانی دیکە ناکەم. شـوێنەکانی دیکە حەقدەسـتی زیاتر بە گەورەسـاڵان دەدەن. من هەوڵ دەدەن بارتەقای گەورەسـاڵێک حەقدەسـت بەو منداڵە بدەم بەهەر حاڵ ئەویش لەبەر کێشـەی ئابووری ڕووی لێرە کردووە ئیتر چیم بۆ بکرێ درێغی ناکەم. تێدەکۆشـم بیکەم. ئەگەریش نەتوانم ئەوە ناتوانم. بۆ وێنە دوو سێ ساڵ لەمەوبەر بوو دانەیەک هات خوێندکار بوو و ئەویش بە هەوای ئەوەی هاوینە و دێ ئیش دەکا هاتبوو و دواتر گەڕاوە؛ وتی نامهەوێ بخوێنم. باوەڕ و ئیمانت بێ دوو سێ جار تەنانەت پاش ئەوەی قوتابخانە کراوە، من قسەم لەگەڵ کرد، زۆرم دواند. چونکە من ئێستا بڕشـکارەکەم بکالۆریۆسـە، نابیسـە. من خۆم تێکنۆم. ئینجا دەیوت ئەومتا ئێوە دەبینم ئیتر خوێندنم بۆ چییە. زۆر قســەم لەگەڵ کرد، بەڵام ڕازی نەبوو. ئێستاش ئەوە ئیش دەکات. دەڵێم دەی ئەمانەش پێش دێ، ئیتر زۆر قسەی لەگەڵ دەکەم.



نومای یەکێک لە قوتابخانەکانی ئێن‌جی‌ئۆکان لە باشووری تاران (وێنە: توێژەر)

**ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان:** ســەرباری ئەوەی زۆرێک لەو داپەڕانەی کە دەوڵەت و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ منداڵانی دەکەن ڕەخنەیان لە ســەرە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا ئەوان دەبنە تۆڕی داکۆکیی لە منداڵان. بۆ وێنە هەندێ لە کارشـێوێنییەکان لە زەمینەی پەروەردەی منداڵان، بەتایبەت منداڵانی کۆچبەری ئەفغانســتانی، کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەنجام دراوە، لە هەندێ حاڵەتدا دەوڵەت پاڵپشتیی لە ئێن‌جی‌ئۆکان کردووە بۆ ئەوەی ئەوان بە شێوەیەکی باشتر داکۆکیی لە منداڵان بکەن و خزمەتگوزاری پێشـکەشــی ئەم منداڵانە بکەن. هەندێ گەڵاڵەی وەکوو ڕێک‌خســتنی منداڵانیش بە ئامانجی داکۆکیی لە منداڵان ئامادە کراوە، بەڵام لەوانەیە لە ئامانج و شــێوازی جێبەجێکردن‌کردنیدا تووشی کێشە بن. هەندێ جار چاوپۆشی لە کاری منداڵان واتە ڕێکنەخستنی ئەو گەڵاڵانە بە لای منداڵانەوە وەک جۆرێک پاڵپشتی لە قەڵەم دەدرێ، چونکە بە بۆچوونی منداڵ، ئەو لە نەبوونی ئاستەنگدا دەتوانێ ئیش بکات. لە هەندێ حاڵەتدا ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان یان ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هەندێ ناوەند بۆ خزمەت‌کردن بە منداڵانی کار دادەمەزرێنن، وەکوو بنکەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی شــارەوانی لە ناوچە خەســارهەڵگرەکانی شــاری تاران. گرووپە ئامانجەکانی ئەم بنکانە هەمەچەشــنن و یەکێکیان منداڵانی کارن. بێهزیســتی لە چوارچێوەی گەڵاڵەی ڕێک‌خستن و داکۆکیی کۆمەڵایەتی لە منداڵانی کار بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاتوونەتە سەر هێڵ، بەڵام ئەم گەڵاڵە کە پتر لە سی جاریش بەڕێوە چووە، بە بۆچوونی چالاکوانانی مافەکانی منداڵ شـکســتی هێناوە و نە تەنیا بە پاڵپشــتی بە منداڵان و ڕێک‌خســتنی بارودۆخی ئەوان کۆتایی پێ نایە، بەڵکوو زیانیشــیان پێ دەگەیێنێت. ئەم گەڵاڵە بە هاوقۆڵیی شــارەوانی و قایم‌مەقام جێبەجێکردن دەبێ و منداڵانی بەردیمانەی ئەم توێژینەوە گلەیی و سـکاڵایان لە گرتنیان لە لایەن هێزەکانی شارەوانی و بێهزیستی و ئەو توندوتیژییانەی کە بە سەریاندا دەسەپێ، هەبوو.

ئەوەی لێرەدا گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە منداڵانی کار پێویســتیان بە تۆڕە داکۆکیکارەکانە و ئەم داکۆکییانە لەوانەیە لە دیوی جیاوازەوە بێ، وەکوو داکۆکیی ســۆزداری و کۆمەڵایەتی. تۆڕە پاڵپشــتییەکان بەتایبەت پاڵپشــتییە نافەرمییەکان لە چوارچێوەی سـۆزداری و تەکنیکی دەبێتە هۆی هۆگری و فێربوونی تەکنیکەکانی ژیان لە تاقی منداڵیدا. هۆگری یەکێک لە فاکتەرە بەهێزکەرەوەکانی خۆکۆنترۆڵییە کە وەک توانا و پتانســیل وایە. ئەم تۆڕانە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان کەمتر لە کار و ژیاندا زیانیان پێ بگات. بۆ وێنە کاتێک کە هەندێ لە خاوەن‌کارەکان بەوە بزانن کە منداڵان

پاڵپشـــتیـان هـەیە کـەمتر لـە کـاردا زیـانیـان پێ دەگـەیێنن و تـەنـدروســـتییـان نـاخـەنـە مەترسـییەوە، چونکە باش دەزانن منداڵ پاڵپشـتی هەیە و لەوانەیە خاوەنکار تووشـی چەرمەســـەری بکات. بەڵام کاتێک کە بە هەر هۆکارێک ئەم تۆڕی داکۆکییانە لاواز بن، زەمینە بۆ کەڵکاوەژۆیی لە منداڵان لە بیچمی جۆراوجۆردا خۆش دەبێت.

ئێسـتا پێویسـتە ئەمانە وەبیر بهێنینەوە کە ئەم پرسـە دەتوانێ لە خاوەنکارێکەوە بۆ خـاوەنکـارێکی دیکـە جیـاواز بێ و وەک وترا هـەنـدێ لـە خـاوەنکـارەکـان نـە تـەنیـا کەڵکاوەژۆیی لە منداڵەکان ناکەن، بەڵکوو دەبنە تۆڕی پشـتیوانیی بۆ ئەو منداڵانە. بە گشتی پاڵپشتییە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە گرینگترین میکانیزمەکانن کە ڕێگری لە زیانبەرکەوتنی منداڵان و کەڵکاوەژۆیی لێکردنیان دەکا، بەڵام کاتێک کە ئەوان لاواز بن یان لەبەر دەسـتدا نەبن، منداڵان لە شـوێنی کاردا خەسـارەهەڵگرترن. یەکێک لە چالاکوانانی بواری منداڵی کە لە گەڕەکی چەهاردانگە کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

ئەولنەی کە سـەرپەرشـتیاریان هەیە و بێگومان چاودێرییان باشـترە لە چاو ئەو منداڵانەی کە سـەرپەرشـتیاریان نییە و یان سـەرپەرشـتیاریان کەسـێکی ئەوتۆ نییە و دیتران پشـتیوانییان لێ ناکەن ئەگەری هەیە کە زیاتر کەڵکاوەژۆییان لێ بکرێ و زیاتر لە ڕووی ئابووری و سێکسییەوە بچەوسێنرێنەوە.

## ئێنجیئۆکان (ڕێکخراوە جەماوەرییەکان)

لە بەشـەکانی پێشـوودا ئاماژە بە هەندێ خزمەتگوزاریی ئێنجیئۆکان (ڕێکخراوە جەماوەرییەکان) لە بواری منداڵانی کار کرا. بە هۆی ئەو دەورە گرینگەی کە ئەم ڕێکخراوانە لە پشـتیوانی لە منداڵانی کار هەیانە لێرەدا بە چڕوپڕی تاوتوێ دەکرێت. لە ئەدەبی ئەم بوارەدا هیچ پێناسـەیەکی بەربڵاو و قبووڵکراو لە ئێنجیئۆکان بوونی نییە. فرەچەشـنییان، ئامانج و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیان، و هەروەها هێزە بزوێنەرە جیاوازەکانیان وای کردووە کە ڕێککەوتن لە مەڕ وەها پێناسـەیەک چەتوون بێت. لە پێناسـەیەکدا هاتووە: ئێنجیئۆکان ئەو تاقمانەن کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگا وەک تاک و بە بێ هیچ ناوێکی دەوڵەتی و یان پێگەیەکی پیشـەیی لە پێناو دەسـتخسـتنی ئامانجە کۆمەڵایەتی، مەدەنی، ئەخلاقی، ژینگەیی، و هتد پێک دێت. ئەم ڕێکخراوانە نابەرژەوەندیخوازن؛ واتە لە پێناو دەسـتخسـتنی سـوود یان کار و کاسـپی ئیش ناکەن [48]. ئێنجیئۆکان بە پێی لاگیرییان بۆ سەر چوار بەش دابەش دەبن:

- خێرخوازانە: ئەم چەشـنە ڕێکخراوانە لە سـەرەوە بۆ خوارەوە چالاکیی

باوکســـالارانە ئەنجام دەدەن کە لانیکەمی بەشـــداریی قازانجدارەکان (گرووپە ئامانجەکان)ـــــی لەگەڵە. لەم چەشـنە ڕێکخراوانەدا چالاکیگەلی وەکوو بەدیهێنانی داخوازیی هـەژاران، دابەش‌کردنی خۆراک و پۆشـــاک یـان دەرمـان، ئـامـادەکردنی خانوبەرە، گواستنەوە، قوتابخانە و کاروباری لەم چەشنە ئەنجام دەدرێت.

- خزمەتگوزاری: ئەم چەشـــنە ڕێکخراوە نادەوڵەتییانە چالاکیگەلی وەکوو دابین‌کردنی تەندروســتی، بەرنامەڕێژیی خانەوادە، خزمەتگوزاریی پەروەردەیی، گەڵاڵەکردنی پلان ئەنجام دەدەن و بە هیوان خەڵک لە جێبەجێکردن‌کردن و وەرگرتنی خزمەتگوزاریدا بەشداری بنوێنن.
- بەشــداری: ئەم چەشـنە ئێن‌جی‌ئۆیانە زیاتر لە شـێوەی هەرەوەرزی پڕۆژە خۆهاوکاری ئەنجام دەدەن کە لەم پرۆژانەدا خەڵکی خۆجێیی بە هاوکاریی نەختی، ئامرازی کار، زەوی، مادەی هێزی مرۆیی، و لەم چەشنە ئەمانە تێوە دەگلێنن.
- بەتواناکردن: ئەم ئاراســتە ئەو کاتە بەرهەم هات کە دەســـتڕاگەیشـــتن بە گەشـــە بوو بە بنەمای هاوکاری‌کردنی خەڵک و تێگەیشـتنێکی ڕوون لە فاکتەرە کۆمەڵایەتی، ســیاســی و ئابوورییەکان – کە ژیانی ئەوانی خســـتە زێر کاریگەریی خۆیەوە –. ئەم چەشـنە ئێن‌جی‌ئۆیانە بەم ئاراســتەوە هەوڵ دەدەن ئاستی وشـیاریی خەڵک لە مەڕ هێزی پەنگراویان بۆ کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بەهێز بکەن. لە هەندێ چالاکیدا ئەم ڕێکخراوانە تێدەکۆشـن ئەوپەڕی دەسـتێوەردان و بەشـدارییان هەبێ و ئەوان وەک ئاسانکەرەوە چالاکی دەنوێنن [49].

ئێن‌جی‌ئۆکان لە هەموو بوارەکاندا پردێکی گرینگ لە نێوان هاووڵاتیان لەگەڵ یەکترن و خەڵک لەگەڵ دەوڵەتن. ئەم ڕێکخراوانە یەکێک لە گرینگترین توخمەکانی ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی و بەهێزکەرەوەی ئەون، چونکە دەبنە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندیی و پاڵپشـــتییە کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی تر، ئەم ڕێکخراوانە بە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان باشـــترین میکانیزم بۆ یارمەتیدانی خەڵک دەخەنە ڕوو کە مەخابن لە ئێران بە باشی کەڵک لەم دەفرایەتییە وەرنەگیراوە.

پشـتیوانی لە منداڵانی کار لە یاسـای هەندێ لەم ڕێکخراوانەدا هاتووە و لە تاران هـەنـدێ ئێن‌جی‌ئۆ لـە بواری کـاری منـداڵانـدا چـالاکن کـە دەچنـە ڕیزی ئـەو ئێن‌جی‌ئۆیانەی کە ئەرکی خێرخوازی، خزمەتگوزاری، بە تواناکردن و بەرگری لە مافەکانی منداڵانیان لە ئەســتۆیە. هەندێ لەم ڕێکخراوانە بریتین لە: ئەنجومەنی پشـــتیوانی لە منداڵانی کار، ئەنجومەنی پشـــتیوانی لە مافەکانی منداڵان، دامەزراوەی

مێهر و ماهـــــ، و حەشـــیمەتی ئیمام عەلی (س.خ)، ڕوویێش نەهال، حەشـــیمەتی بەرگری، دامەزراوەی مێهرئافەرین، تۆڕی یاری (کە هەندێ لەم ڕێکخراوانە ئەندامی ئەون)، پرنده درخت کوچک در منطقه کن (پەلەوەری داری بچووک لە گەڕەکی کەن)، حەشـــیمەتی بەرگری لە منداڵانی کار و ســـەرشـــەقام، ئەنجومەنی هاوکاریی منداڵان، گرووپە ئامانجەکانی ئەم ئەنجومەنانە منداڵان و ژنانی خەســـارەتلێکەوتوو و خەســـارهەڵگرن. هەڵبەت جیا لەم ڕێکخراوانە، زۆرێک لە ئەنجومەن و ناوەندە خێرخوازییەکانی دیکەش لە سەر ئاستی شاری تاران چالاکی دەکەن کە بە گەڕان لە ســـەر ئەنتەرنێت پۆڕتاڵ، پەیڕەونامەکان و چالاکییەکانیان دەتوانین گرینگترین خزمەتگوزارییەکانیان لە بواری کاری منداڵان بەدی بکەین، ئەم خزمەتگوزارییانە بریتییە لە: خزمەتگوزاریی پەروەردەیی، یارمەتیدەریی کۆمەڵایەتی، دەروونناســـی، یاسایی، بێهزیستی، توێژینەوەیی، پزیشکی، پاڵپشتی و داکۆکی، داخوازی، بەرگری لە مافەکانی منداڵان و بابەتی لەم چەشـــنە. زۆربەی منداڵانی کار (لە هەموو پیشـــەکاندا) ئەزموونی وەرگرتنی پاڵپشـــتیی جۆراوجۆریان لەم ڕێکخراوانە بووە کە هەڵبەت هەندێکیان لە ڕیزبەندی دەرچوون یان ئەندامی ڕێکخراوی کاغەزین. منداڵان بە دوو شێوە ڕاکێشی ئەم ڕێکخراوانە دەبن، واتە هەندێ جار ئێن‌جی‌ئۆکان بە چوونیان بۆ شـــوێنی کاری منداڵان ئەوان ڕاکێش دەکەن و هەندێ جار منداڵان و بنەماڵەکانیان بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی تۆڕەکانیانەوە لەم ڕێکخراوە جەماوەرییانە هەیانە، بە مەبەســـتی قبووڵکردن و وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانیان ســـەردانیان دەکەن. گێڕانەوەی هەندێ لە چالاکولنانی ئەم بوارە لەم بارەوە بەم شـــێوە بوو:

ئێمە دەچووینە ئەوێ وەک ئەوەی کە ئەگەر منداڵێک لەم کارگایانە هەیە بیانهێنینە لای خۆمان، بێن بخوێنن و لەم بارەشـــەوە خاوەنکارمان دنە دەدا. ئێمە ڕاوێژکاری دەروونناســـیمان هەیە، ئەگەر ویســـتیان بێن، دەتوانن بخوێنن، و ئەمە زۆر بە باشـــی ئەنجامەکەیمان بینی. خاوەنکارەکانمان دولند و پێمان وت کە ئەگەر بخوێنێ ئەوە بە قازانجی تۆیە، بە جۆرێک بوو کە ئەو خاوەنکارە دەهات کێشەی خۆی و بنەماڵەکەی لەگەڵ ڕاوێژکارەکەمان دەدرکاند.

کێشەی سەرەکی ناسینی ئەم منداڵانەیە، و سەرنجمان لە سەر ئەوە قاڵ دەکەینەوە کە جۆرە دژوارەکانی کار زۆر گرینگترن و لەم کارگایانەدا بە هۆی ئەوەی چاودێریی پێویســـت ناکرێ، ســـەرنجمان دەخەینە ســـەر ئەم جۆرە کاری منداڵە و لە کۆتاییدا

جۆرەکانی کاری سەرشەقام کە منداڵان لە حاڵەتی نایاسایی دەرباز بن و بە شێوەی یاسایی مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەربگرن و بتوانن خزمەتگوزاری وەربگرن و کاری گرینگ ئەوەیە کە ئەم منداڵانە لە حاڵەتی نایاسایی دەرباز بن و بە شێوەی یاسایی مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەربگرن و بتوانن خزمەتگوزاری وەربگرن.

پرۆسەی منداڵانی کار بەم شێوەیە کە منداڵەکان دێنە ئێرە، پاش ئەنجامدانی قۆناغی پێکهێنانی دۆسییە، ئامانجی کۆتایی دامەزراوە ئەوەیە کە لە پاڵ باشترکردنی بارودۆخی بنەماڵە، بەتواناکردنی بنەماڵە، کار لە منداڵ بسێندرێتەوە. کار ئەو کاتە لە منداڵ دەسێندرێتەوە کە لە پێناو باشترکردن و بەتواناکردنی بنەماڵە هەنگاوە سەرەتاییەکان هاوێژرابێ و هەتا ئەوە نەکرێ، سەندنەوەی کار لە منداڵ هیچ سوودێکی نییە.

دووان لە منداڵان لە مەڕ شێوازی ئاشنابوونیان لەگەڵ ئەو ئێن‌جی‌ئۆیانەی کە پاڵپشتییان لێ دەکەن، وتیان:

| |
|---|
| باوکم ئێرەی دۆزییەوە، یەکێک لە ئاشناکانمان ئادرەسی پێ دا. من دێمە ئێرە دەخوێنم. |

| |
|---|
| خۆمان هاتینە ئێرە ناومان نووسی بۆ ئەوەی بخوێنین. پوورم ئێرەی پێ ناساندین، هاتینە ئێرە بخوێنین. دوای چوار پێنجساڵیش چووینە قوتابخانە. |

هەندێ لە ئێن‌جی‌ئۆکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ژمارەیەکی بەرچاوی یارمەتیخوازەکانیان یارمەتیخوازانی ئێن‌جی‌ئۆکانی دیکە بوون و یەکێک لە کێشەکانی منداڵان و بنەماڵەکانیان نەناسینی سەرچاوەیە کە ئێن‌جی‌ئۆکان لەم بابەتە گرینگەدا هاوکاریی یەکتر دەکەن و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن؛ وەک یەکێک لە چالاکوانانی ئەم ئێن‌جی‌ئۆیانە وتی:

ئێستا هەر کەسێک بێ جا ئیتر ئەو منداڵە دەستی بە سەرچاوە نەگا، سەرچاوە نەناسێ یان ئەوەی کە دامەزراوە نەتوانێ لە هەندێ کەرتدا ئیش بکا، یان ئەوەی کە ئەم منداڵە نەبینراوە و نەهێنراوە و لەبەر ئەوە خزمەتگوزاری پێ نەگەیشتووە دەنا ئێمە سەردانکەرانمان لە ڕێکخراوەکانی دیکەوە، لە هاوگەڕەکەکانی خۆمان، کەسانی دیکە کە منداڵی کار بن بەدواداچوون بۆ هەموویان دەکەین. دانەیەکمان بوو منداڵێکی تەمەن شازدە ساڵان بوو هاتبووە ئێرە نەخوێندەوار بوو. کارمان بۆ دۆزییەوە، لەگەڵ

فێربوونی پیشە لە پیشەسازیی چێو، بەڵام بە داخەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی چووە شیمال (باکوور) و لە کانگادا ئیش دەکا، بۆ ئەم کارە بڕی 5 ملیۆن تمەن وەردەگرێ و هیچ دەستەبەرییەکی گیانیشی نییە و خەڵکی ئەڤغانستانیشە و ڕەنگە تووشی سەدان ڕووداو بێت. کاتێک هاتە ئێرە ئێمە بەدواداچوونمان بۆ کرد، مەبەستم ئەوەیە نموونەی سەردانکەرمان زۆرە.

زۆربەی کۆمەڵگەی ئامانجی ئێن‌جی‌ئۆکان منداڵانی ئەڤغانستانین و منداڵە ئێرانییەکان کەمتر بە نیازی وەرگرتنی پشتیوانی سەردانیان دەکەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بابەتانە دەتوانێ ئەوە بێ کە منداڵانی ئێرانی دەچنە قوتابخانەی دەوڵەتی و لە چاو منداڵانی ئەڤغانستانی تووشی ئاستەنگی یاسایی نابنەوە. یان منداڵانی کۆچەر بە هۆی کەلتووریی بنەماڵەکەیان، بۆ وێنە گرینگنەبوونی خوێندن، کەمتر سەردانی ئێن‌جی‌ئۆکان دەکەن. پاش ڕاکێشانی ئەم منداڵانە، ئێن‌جی‌ئۆکان بە پێی ئامانج و ئیمکانیاتیان خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر پێشکەشی منداڵەکان دەکەن. یەکێک لە گرینگترین خزمەتگوزارییەکانیان لە بواری پەروەردە یان خوێندنی منداڵەکانە کە لە وتەزای "دواکەوتن لە خوێندن" تاوتوێ کرا. گێڕانەوەکانی ژێرەوەش پیشاندەری خزمەتگوزاریی پەروەردەیی ئێن‌جی‌ئۆکانە:

زۆربەی سەردانکەرانمان پەنابەرانی نایاسایی ئەڤغانستانین. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بۆ ناونووسین لە قوتابخانە ناسنامەیان نییە، ئێوە ئێستا خۆتان بینیوتانە لەم ماوە زەمەنییەدا کە دەمەو قوتابخانەیە ئێمە سەردانکەرمان هەیە کە بۆ ناونووسی سەردانمان دەکەن ئێستا بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە هەمانە کە چ منداڵانێک گرووپی ئامانج دەیانگرێتەوە و بڕیارە ئێمە پشتیوانی لێ بکەین، کاروباری ناونووسینی منداڵەکان ئەنجام دەدەین، بەڵام بە گشتی ئامانج و ڕوانگەی ئەنجومەن بەم شێوەیە کە ئەو منداڵەی کە لە بارودۆخێکی لەبارە لە خوێندن لە قوتابخانەی حکوومی دانەبڕێ و ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کە بۆ وەرگرتنی کارتی پشتیوانیی منداڵەکان ئیتر بە ڕێنوێنی و بەدواداچوونیشەوە، کارتێک کە پێی دەڵێن کارتی شین وەربگرن و بچنە قوتابخانەی حکوومی و لەوێ ناونووسی بکەن. منداڵێک کە تەمەنی زۆر بێ، لە خوێندن دانەبڕابێ ئەگەر مەرجەکان نەیگرێتەوە، ئێمە تەقەلای ئەوەمانە ئەو منداڵەی کە لە ئێستاوە سەردانمان دەکا خۆمان پاڵپشتیی بکەین، ئێمە هەوڵمانە هیچ منداڵێک بێ‌پارە نەبێ کاتێک کە دەچێتە قوتابخانەی حکوومی، ئیتر جا یان تەمەنی زۆر بێ یان کارتی نەبێ، هەر لەبەر ئەوە ئەو منداڵە دێتە لامان و ئێمە هەمیشە بەم منداڵانەوە سەرقاڵین

ئێستا ئەوان پێیان وایە ئێمە گەرەکمان نییە ئەوان بخوێنن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە پێمان خۆشە ئەو لە سیستەمی پەروەردەیی فەرمی بخوێنێ، چونکە ئێمە ئەو کارنامەی کە دەیدەین بە منداڵ، لە ڕوانگەی وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانەوە بایەخی ئەوتۆی نییە. ئەگەر منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان لای ئێمە بخوێنێ و بیهەوێ بچێتە قوتابخانەی حکوومی، دەبێ تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست (تعیین سطح) بدا بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە قوتابخانەی حکوومی. بەڵام ئەگەر ئەم منداڵانە هەر لە سەرەتاوە بچنە ناو سیستەمی حکوومییەوە، ئەمە وا دەکا هەموو ساڵێ بە شێوەی خۆ بە خۆ ئەمە بۆیان دووبارە ببێتەوە و بناغەیان پتەو بێت. منداڵەکانی ئێرە زیاتر ئەفغانستانین. ئێستا لە ناو منداڵانی کار سێ حاڵەتی منداڵی ئێرانیشی تێدایە، لە هەر شەست دانەیەکیان. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو شوێنەی کە ئێمە تێیداین زۆربەی منداڵەکان پەنابەرن و بە هۆی ئەوەی پەنابەرن خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان ڕوویان تێ دەکا، واتە بە هۆی نەبوونی پیشەیەکی باش و گونجاو بۆ دایک و باوک، پیشەی وەرزانە، و بە هەر حاڵ، ئەو کارانەی کە بیمەی نییە، نە داهاتوویەکی هەیە بۆیان، ئەمانە بە شێوەی ناوشیارانە ناچار دەبن هێزی کاری منداڵ بە کار بێنن. لە کۆمەڵگای ئەفغانستانیدا کەمتر بە نیازی ئیشکردن کچان دەنێرنە دەرەوە زیاتر کوڕان دەخرێنە بەر کاری دەرەوە و کچان کاری ماڵی وەکوو سەوزەجنین ئەنجام دەدەن، واتە ئێمە کارگای خێزانیمان هەیە.

هەموو منداڵەکانمان جاریێ دەتوانن لە قوتابخانەی ئەفغانستانی بخوێنن. بەڵام ئێمە کێشەمان نییە، هەمووان دەتوانن بێن ناونوسی بکەن، بەڵام لە ئێستادا هەموویان ئەفغانستانین.

پاڵپشتییەک کە ئێمە دەتوانین بیکەین تەنیا داکۆکیی لە خوێندنە؛ واتە بەو مەرجەی کە منداڵێک کە دەچێ ئیش دەکا بچێتە قوتابخانە و تێچووی خوێندنەکەی ئێمە دەیدەین. خۆتان باشتر دەزانن قوتابخانەکانمان بێبەرامبەر نین و پارەی زیاتر لە پەنابەرەکان وەردەگرن و دەی یەکێ دەبێ لێرەدا ناوبژیوانی بکات.

ئێمە هەندێ لە بنەماڵەکانمان خاترجەم کردووە کە ئەگەر منداڵەکەت نەخوێنێ دەوڵەت منداڵەکەت لێ دەستێنێ و ئۆباڵی ئەمە لە گەردنی تۆیە. بە هەموو زمانێک بە بنەماڵەکانمان وت منداڵ دەبێ بخوێنێت. ئینجا ئەمانە نەیانتوانی بچنە قوتابخانەی ئاسایی و لە خوێندن دابڕابوون، هەر لەوێ ئیمکانیاتی خوێندنمان بۆ دابین کردن. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە منداڵ فێری خوێندن بێ و تا ئەو جێی دەلوێ بینێرینە

قوتابخانەی حکوومی؛ نەک لەبەر ئەوەی قوتابخانەی حکوومی باشە نا نا لەبەر هەستی دادپەروەریی لە دەروونی ئەو منداڵەیە، خۆتان چاک دەزانن کە ئەو نایەکسانییە منداڵ دەشەمزێنێت. دەی دەبینێ منداڵە هاوتەمەنەکانی دەچنە قوتابخانە و جلوبەرگی تایبەتی قوتابخانە لەبەر دەکەن کە ئەم ناتوانێ ئەمە زیاتر دڵهەژێنە تا ئەو نەخوێندەوارییە. ئەوەیە کە تێدەکۆشین منداڵەکان بنێرینە قوتابخانە.

ڕێکخراوەکان بە شێوازی جیاواز تەنانەت خزمەتگوزاریی پێشکەشی ئەو منداڵانەشی دەکەن کە لە سیستەمی پەروەردەی فەرمی یان دەوڵەتی وەرگیراون، چونکە ئەم منداڵانە بە هۆکاری کێشە و گیر و گرفتگەلێک کە لە کۆڵیان ناوە پێویستیان بە داکۆکییە. یەکێک لە چالاکوانانی ئێن‌جی‌ئۆکان لەم بارەوە وتی:

بۆ وێنە ئێوە وای دابنێن منداڵێک شەش مانگە هاتووە بۆ ئێران؛ بە هۆکاری وەکوو نەبوونی کارتی نیشتەجێبوون، یان نەبوونی کارتی خوێندن، یان زۆربوونی تەمەنی. ئێمە ئەو منداڵە دێنین هەتا ئەو قۆناغەی کە بیهەوێ کارتی خوێندن وەربگرێت. کاتێک کە کارتی خوێندن وەردەگرێ جێگرایەتیی پەروەردەی ئەنجومەن بە دواداچوونی بۆ دەکا؛ بۆ ئەم منداڵانە داوای جێگا لە پەروەردە و ڕاهێنان دەکەین. چونکە ڕێژەی ئەم منداڵانە لەم گەڕەکانەدا یەکجار زۆرە و قوتابخانە حکوومییەکان ئەستەمە کە جێگایان بۆ تەرخان بکەن و ئێمە ئەم منداڵانە ناونووس دەکەین و ئەوەی کە ئەم منداڵانە دەچنە قوتابخانەی حکوومی ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە ئیتر پشتیوانی لەو منداڵانە ناکەین و هەر لەم ئێن‌جی‌ئۆیەدا دووسەد دانە منداڵی قوتابخانەی حکوومیمان لە ژێر چاودێرییە کە ئەوەندەی ئەنجومەنەکەمان لە توانایدا بێ ئێمە خزمەتگوزاریی دەروونناسی، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەرمان و تەنانەت تێچووی خوێندنیان بۆ دابین دەکەین. بەڵام ئەگەر لە ڕووی پەروەردەوە لاتان وا بێ ئێمە ئەم منداڵانە لای خۆمان ڕادەگرین و بە دەرس پێ خوێندنیان داهاتوویان بۆ دروست دەکەین، نەخێر شتی وا نییە. من ناڵێم پەروەردەکەمان سەقەتە، دەتوانم بڵێم پەروەردەی ئەنجومەن تایبەت بەم گرووپی ئامانجەیە یانی ئێمە تێدەکۆشین، ئێمە منداڵمان لەبەر دەستە کە بە هۆی ئەو بارودۆخە خەسارەتبەخشەی کە تێیدا ژیاوە گەشەی تەواوی نەبووە، تەنانەت ئێمە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵانمان هەیە کە تازە دەتوانێ پۆلی یەکی سەرەتایی بخوێنێ و منداڵان لە فێربووندا کێشەیان هەیە کە ئێمە بۆ ئەم مەسەلە ڕاهێنەری کێشەی فێربوونمان هەیە. ئەم پرسانە هەموو بە دواداچوونیان بۆ دەکرێ، بەڵام لە ناو قوتابخانەکانی گەڕەکدا ئیتر ئەوەی من لە سەردانەکانمدا

بینیومە، هەندێ ئەزموون هەیە، دەبینم کە پۆلی سـێ و سـێ و دوو کەسـییان بۆ منداڵەکان پێک هێناون و ئەوەی کە منداڵ بە هەموو ئەو خەسـارەتانەی کە هەیەتی لە سـەر پۆل دادەنیشـێ و مامۆسـتا چاوەڕوانی لێ هەیە کە بۆ وێنە منداڵێک کە هیچ گەشـەی نەکردووە، یان بە واتایەکی دیکە بنەماڵە و ئەو ژینگەی کە تێیدا گەورە بووە ئیزنی گەشـەیان پێ نەداوە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ هەیە کە زۆر ئاسـایی و بە پەروەردەیەکی ئاسایی بخوێنێ و سەر بکەوێت.

بێگومان یاریکردن یەکێک لە ئەزموونە دانەبڕاوەکانی تافی منداڵییە و هەموو منداڵان پێویستیان پێیەتی. منداڵانی کاریش پێویستیان بەوەیە بۆ یاریکردن هەندێ شوێنیان هەبێ کە بەداخەوە زۆریان لێی بێبەشن. هەڵبەت ئێن‌جی‌ئۆکان هەندێ جار هەلی یارییان بۆ ڕەخساندوون یان لەوانەیە لە هەندێ ڕۆژانی ساڵدا بیابەنە ئۆردوو کە ئەمە تەنیا منداڵانێک دەگرێتەوە کە لە ژێر چاودێریی ئێن‌جی‌ئۆدان. سـەبارەت بە دابینکردنی وەها ئیمکانیاتێک یەکێک لە چالاکوانانی ئەم بوارە وتی:

ئێمە بەم شـێوە لەگەڵ خاوەن‌کار یان بنەماڵەکەی قسـە دەکەین کە ئەو منداڵە یەک یان دوو کاتژمێر بێتە ئەنجومەن یاری بکا، چونکە ئێمە یاری بە یەکەم مافی منداڵ دەزانین و پاش ئەوە خوێندن و هەمانە منداڵگەلێک کە هاتوونەتە لای ئێمە خوێندوویانە.

ئێمە منداڵەکانمان دەبردە سـەیران منداڵەکان پۆلی وەرزشـیان هەیە، منداڵەکان کاتی تۆپێنیان هەیە. منداڵەکان بەردەوام دڵەڕاوکێی ئەوەیان بوو کە دادە چی بووە، دادە تەلەفۆن بکە. دەی پەیوەندییەکە دەگرین و قسـە دەکەین کە بۆ وێنە تکایە بێڵا ئەورۆ بێتە سەیران، یان بێڵا لە ماوەی وانەی وەرزشدا بەشداری بکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە هەوڵمان دەدا هاوکاریی پێویستمان لەگەڵ خاوەن‌کار هەبێ، چونکە ئەم منداڵانە پێویسـتیان بەم پارەیە؛ واتە ئەگەر خاوەن‌کارێک داوا لە ئێمە بکا کە ئەو منداڵە مانگی ڕەشـەمە نەچێتە سـەیران چونکە لە ڕووی کار و بەرهەمهێنانەوە سـەریان قاڵە، بەڵام بۆ مانگی نەورۆز چەندمیان پێ خۆشـبا بچنە سـەیران و گەڕان. ئێمە لەوە دەگەین کە قەیناکە بچێ ئیشـەکەی ڕاپەڕێنێ بەڵام پلانی ڕۆشـنبیری و ڕابواردنیشـیان هەبێت. بۆ ئەوەی دواتر خاوەن‌کار لەگەڵمان بسازێت. هەندێ جار پێش دێ کە لاری دەنوێنێ و ناهێڵێ ئەو منداڵە بێتە قوتابخانە. تۆ ناتوانێ دەسـتێوەردان بکەی، بۆچی؟ چونکە بنەماڵە پێویستیان بەم پارەیە و ئینجا شێوازی دیکە دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی منداڵە واز لە خوێندن بێنێت. بۆ وێنە پێی خۆش نییە لە کۆڵان ئازاری بدەن چونکە باوکی ناهێڵێت.

خۆ دەزانی دەڵێم چی؟ دەست دەکا بە پەڵپ و بیانوو، کێشە هەر ئەوەیە ئەو منداڵە بەو بڕە پارەی کە دەستی دەخا بنەماڵەکەی پێی وابەستەن و حسێبیان لە سەر کردووە.

یەکێک لە منداڵانی کاری گەڕەکی فەرەحزاد گێڕایەوە کە بە نیازی یاری سەردانی ئەم ناوەندانە دەکەن:

| |
|---|
| ... ئیتر دەچینە ئەوێ بۆ ئەوەی تۆپێن بکەین. |

پەیوەندیی لەگەڵ خاوەنکار بۆ پاڵپشتیی لە مافەکانی منداڵ یەکێکی دیکە لە خزمەتگوزارییەکانی ئێن‌جی‌ئۆکانە. یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئەم ئێن‌جی‌ئۆیانە بە مەبەستی ڕاکێشانی منداڵ، ڕازیکردنی خاوەنکاران و ئاگادارکردنەوەیان لە بواری کاری منداڵان و لێکەوتە و مەترسییەکان، دەستنیشانکردنی کێشەی منداڵان لە ڕێگەی خاوەنکار، و پاڵپشتی لە منداڵ لە بەرامبەر دەستدرێژیی خاوەنکارەکان لە زەمینەی حەقدەستی منداڵان پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاران و شوێنی کاری منداڵان ساز دەکەن. بەشێک لە وتەی ئێن‌جی‌ئۆکان لە مەڕ شێوازی پەیوەندیگرتنیان لەگەڵ خاوەنکارەکان بەم شێوەیە:

ئینجا حەقدەستەکانیان هەندێکیان 500، 600، 400 هەزار تمەن، هەندێکیان 700 هەزار تمەن و هەندێکیان ڕەنگە زیاتر وەربگرن. ئەولنەی تەمەنی زیاتریان هەیە 800 تمەن وەردەگرن ئەویش یان دمیدەن بە منداڵە خۆی یان دایک و باوکی. ئەگەر منداڵ وەریبگرێ ڕێک دەدرێ بە بنەماڵەکەی. حەقدەستیان دەخۆن، 90 لە سەدیان کاتی خۆی حەقدەستیان وەردەگرن، هەندێکیان نا قەرزدار دەبن دەمێنێتەوە بۆ مانگەکەی دیکە، دەکەوێتە ناوەڕاستی مانگەکەی دیکە، ئەویش شاگردانەیەک وەردەگرن، بەڵام زۆربەیان حەقدەستیان وەردەگرن. هەندێ لە خاوەنکارەکان کەڵەگایی دەکەن؛ هیچ حەقدەستەکە کەمە، ئەو کەمەشیان پێ نادەن، دەڵێن فرۆشمان نەبووە یان نا، ئەو شوێنەی کە ئیشمان بۆی کردووە هێشتا پارەی نەناردووە، بێلا سەری مانگ پارەتان پێ دەدەین، لەم قسانە دەکرێت. لەم حاڵەتانەدا ئێمە دێینە قسە و هەوڵ دەدەین حەقدەستی ئەو منداڵە لەو خاوەنکارە بستێنین.

لە ڕاستیدا ئێمە دۆسییەکانمان بە جۆرێک ڕێک دەخەین کە هەر یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی بەرعۆدەی کۆمەڵێ دۆسییە بن. ئینجا لانیکەم حەفتەی جارێک ئەو منداڵە دەبینن و ئەوەی ڕوو دەدا ئەوەیە کە لە بواری فێربوونی پیشەدا لەگەڵ خاوەنکار پەیوەندی ساز دەکەین. ئێمە هەندێ منداڵمان هەیە کە دەچنە سەر چوارڕێیان و

لەوانەیە زیانی پێ بگات. ئێستا لە کەرتی فێربوونی پیشەدا هەندێ هاوکاری بنوێنین. بۆ وێنە ئەوەی کە ئەم ئیشــە دەکا لە پاڵ ئەو ئیشــەی کە دەیکا لانیکەم کارێک بکا کە هونەرێک، پیشــەیەک، شــتێکیش فێر بێت. ئێمە ئەم ئیشــە بۆ ئەم منداڵانە دەکەین و لەگەڵ بنەماڵەیاندا پەیوەندی ســاز دەکەین. لە ســۆنگەی خوێندنیشــەوە هاوکارییان دەکەین.

ئێمە لەگەڵ خاوەنکارەکەی پەیوەندی ســاز دەکەین، ئیتر بە جۆرێک لەگەڵی ڕادێین کە ماوەی پشــوو دابنێ کە ئەو منداڵە بچێ ڕاهێنانێ، شــتێکی هەیە بچێ ئەنجامی بدات. من سەبارەت بە یەکێک لە منداڵەکان لە بیرم چوو بیڵێم چۆتە بواری زێڕنگەری دەی ئەمەش ماوەیەکی زۆر خەریکی ئیش دەبێ هەشــتی بەیانی دەچێ هەتا پێنج و شەش. ئێستا وەک خۆی دەڵێ مانگانە بڕی ملیوێنێک و 300 یان 400 هەزار تمەن وەردەگرێ لە منداڵەکانی خۆمانن. ئێمە منداڵمان هەیە شــاگردی دووکانە مانگی ملیوێنێک وەردەگرێت.

یەکێک لە خاوەنکارەکان ئێمەی لە ســەر شــەقام دەبینی و پەیتا پەیتا پرســیاری دەکرد دادە ئەرێ چی بوو؟ ئێمە بۆ خولی فێربوونمان نییە دادە ئەرێ بوو بە چی؟ بە نیاز نین شتێکمان بۆ بکەن؟ بە دەم ڕێگای چوونە ئێنجیئۆوە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو خاوەنکارەی کە ئێمە دەیبینین خۆشــی منداڵی کار بووە، ئیتر بنیادەمە. بڕوانە ئەو ئەو ڕوانگەی کە خاوەنکارەکان هەیانە کە هیچیش نین، نییەتی. ئیتر وەک مرۆڤێک کەمێک هەستیان دەجوولێ و ئەو دیوە هاودڵی و مرۆییەیان دەبزوێت.

یارمەتیی چارەسەر یەکێکی دیکە لەو داکۆکییانەیە کە ئێنجیئۆکان باسی دەکەن. بەو پێیەی کە منداڵانی کار و بنەماڵەکانیان دەســتەنگن، کەواتە لە ڕووی کێشــەی تەندروستییەوە کێشەیان زۆرە و لەوانەیە لە کاتی کاردا خەسارەتێکی زۆریان پێ بگا و بە شــێوازی جۆراوجۆر پێویســتیان بە خزمەتگوزاریی دەرمانە. لە لایەکی دیکەشــەوە منداڵانی ئەفغانســتانی و تەنانەت ڕێژمیەکی زۆری منداڵانی کاری ئێرانی بەو پێیەی کە هیچ چەشــنە بیمەیەکی تەندروســتی دەرمانی نایانگرێتەوە و تێچووی پزیشــکی پشتیان دەشکێنێ، زیاتر لە هەمووان پێویستیان بە هاوکارییە. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئێنجیئۆکان لە مەڕ ئەو پاڵپشتییە دەرمانییە کە پێشکەشی دەکەن وتی:

لە هەموو ناوەندەکانمان خزمەتگوزاریی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و تەندروســتیمان بۆ ئەم منداڵانە هەیە؛ یانی - ســپاس بۆ خوا - دەتوانم بڵێم ئەگەر منداڵێکمان هەبێ کە لە ڕووی چارەســەرەوە پێویستی بە تێچووی قورسی چارەسەر

بێ، ئەنجومەن بە دۆزینەوەی پاڵپشـــت و بەڕێوەبردنی کەمپەین، ناهێڵێ ئەم منداڵانە ئەم کێشانەیان هەبێت. بە ڕای من ئەمە یەکێک لەو کێشانەیە کە بە پێی ئەوەی پەنابەرن و تێچووی چارەســەریان قورســە، ئەنجومەن لەم بارەوە - ســپاس بۆ خوا - توانیویەتی چالاکییەکی باشــی هەبێت. منداڵێک بوو کە گوێی هەوی کردبۆوە و نەشــتەگەری کراوە، قــاچی پلاتینی تێدا بوو. ئیتر ئـەمـە خـەرجی زۆرە - ســپاس بۆ خوا - ئەنجومەنەکەمان توانیویەتی لەم بارەوە خزمەتێکی باشــی ئەم منداڵانە بکات. ئێســتا ســەروبەندی کۆڕۆنایە، نا، بەڵام ئێمە جیا لەوە لە ناو ئەم ناوەندەدا ڕەنگە ژووری تەندروســتییەکەمانتان بینیبێ، هەموو حەفتەیەک بەر لەوەی پەتای کۆڕۆنا بێ، ئێمە پزیشــکمان هەبوو؛ پزیشــکی منداڵان هەبوو، پزیشــکی ژنانمان هەبوو کە دەهات ژنەکانی دەپشــکنی. ئیتر پارەی ویزیتەکەیان بێبەرامبەر بوو. ئیتر یارمەتیخوازەکانمان کە خۆمان بە باشــی لە بارودۆخیان تێدەگەین، بابەتی پشــکنین و کڕینی دەوا و دەرمـانـەکـانـیـان بـە بـێـبـەرامـبـەر یـان بـە نـرخـی کـەمـتـر وەردەگـرت. ژووری ددانپزیشــکییەکەمان لە ناوەندی مەولەوییە. ئێرە وەک بارەگا وایە. لە ژووری ددانپزیشکی ئێمە حەفتانە یەکێ خۆبەخشانە دێ بۆ چارەسەری منداڵەکان. لە بواری چارەسەردا هاوکارەکانمان زانیاری پترتان پێ دەدەن. سەبارەت بە بابەتی دەروونناسی ئێمە هەر کام لەو منداڵانەی کە دێنە ئێرە، بۆ دۆسییەی یاریدەدەرییەکەی سەردانێکی ماڵیان دەکەین. دۆســییەی یاریدەدەرییەکەی، هاوکات دۆســییەی دەروونناســی ئەو منداڵە و دۆسییەی خوێندنی بۆ ئامادە دەکەین. ئیتر لە بەشی دەروونناسیدا هەر کام لە منداڵەکان ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرێ، دەپشــکنرێن. ئیتر هەر کامیان هەر کێشــەیەکیان هەبێ یان لە فێربووندا گیریان هەبێ، فرەبزۆزیی منداڵەکان زۆر لە ســەریان ئیش دەکەین و بەدواداچوونیان بۆ دەکەین؛ یانی وا نییە ئەو منداڵە کێشــەی هەبێ و ئێمە پشتگوێی بخەین. هاوکاری لەگەڵ پزیشکانی بێسنوور - کە لە خوارەوەی شەقامی ڕەئیس عەبدوڵاهییە – ــــمان هەیە کە لە سۆنگەی بینین و ویزیتی پزیشک و دەوا و دەرمانی دەروونپزیشــکی کە ئەو منداڵە پێویســتی پێ هەبێ، ئەوە خۆشــبەختانە هاوکاریمان دەکەن و تیمی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی لە هەموو پرســە ئابوورییەکان، هەموو کێشــە یاســاییەکان لای ڕاوێژکاری یاســایی دەخەنە بەر باس. زۆربەی کێشــەکـانـمـان هی وەرگرتنی کـاری پـاڵپشــتی لـە خوێـنـدنی منـداڵـەکـانـە و ئـەگـەر کێشەیەکیش هی منداڵازاری بێت. پرسەکانی پەیوەست بەوەی کە ئەو منداڵە لەگەڵ بێهزیستی تێک هەڵچووبێ جا هەر پرسێک چونکە ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی ئەو منداڵانە

پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان هەیە واتە شتێکی لێکهەڵنەبڕاوە. زیاتر بەشی یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی زۆر لەگەڵ بنەماڵەی ئەمانەدا لە پەیوەندیدایە.

هەندێ جار ئێن‌جی‌ئۆکان سەرەڕای نەبوونی بەرپرسایەتی لە ئاست دەستێوەردانە تەندروستی و دەرمانییەکان لە بارودۆخی قەیرانی دا دێنە سەر هێڵ و لە بواری تەندروستی و دەرمان داپەڕی پێویست ئەنجام دەدەن. لە بواری وەها داپەڕگەلێک یەکێک لە چالاکوانەکانی ئەم بوارە وتی:

تەندروستی و چارەسەر ئەوەندەی منداڵ لە مەترسیدا بێ پێشکەشی دەکەین. ئەمەمان بە ئەرکی خۆمان نەزانیوە، ڕاستییەکەتان با پێ بڵێم، بەڵام حاڵەت دێتە بەر دەستمان کە دەبینین ئەو منداڵە خەریکە نوقسان دەبێ، واتە دەست و قاچ و ئێسکی ئەو منداڵە کێشەی هەیە ئەم منداڵەمان ناردووە بۆ چارەسەر چونکە کاتێک کە سەردانمان کردن بینیمان بنەماڵە ناتوانن چارەسەری بکەن. یان بۆ وێنە دووان لە منداڵەکان پێویستیان بە چارەسەری دەروونناسییە، کێشەیان قورسە، ئێمە بۆ ئەمانە بەدواداچوونمان کرد بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەڵام زیاتر لە بنەماڵەکانیانمان دەوێ کە بیبەنە لای پزیشک.

ئێمە هەر چی هاوکاری دەکەین هی خێرۆمەندەکانە. ئێمە خۆمان ئەرکەکەمان لە تەندروستی و چارەسەر نییە. ئێن‌جی‌ئۆیەک هەیە کە ئیشەکەی ئەوەیە وەکوو هەمدێلان (همدلان). لەوانەیە منداڵێک بەوێ بناسێنین بەڵام ئەوەی کە چەندە دەستێوەردان بکەین لە بواری تەندروستیدا ئەوە بەستراوەتەوە بە بنەماڵەوە؛ منداڵێک هەبوو کە خۆمان بردمانە لای پزیشک و هێنامانەوە. منداڵێک بوو کە خۆی بردوویەتی ئێمە زەحمەتمان لێ کردووە. بەڵام بنەماڵەیەک هەبوو کە دەیویست ببیات. بەڵام لە ڕووی مادییەوە نەیدەتوانی، ئێمە تێچووەکەمان بۆ دابین کرد. پزیشکمان هێنایە ئەنجومەن بۆ ئەوەی بۆ هەندێ شتی تایبەت منداڵەکان بپشکنێ کە ئەگەر کێشەیەکیان بوو بە بنەماڵەکانیان ڕابگەیێنین. بۆ وەرزشیش ڕاهێنەری پرۆفیشناڵمان هەیە.

دۆزینەوەی کار یان کاردۆزی بۆ منداڵان و بە واتایەکی وردتر، دوورکردنەوەی منداڵان لە کاری مەترسیدارتر و بە ئاسۆیەکی ناروون بۆ داهاتوو و تێوەگلانیان بەو کارانەی کە مەترسییان کەمترە و ئاسایشیان زیاترە و ئەو کارانەی کە فێری پیشەیەک بن یەکێکی دیکە لە زەمینە پشتیوانییەکانی ئێن‌جی‌ئۆکانە. هەڵبەت ئەم ئیشە بۆ ئێن‌جی‌ئۆکان کارێکی هەر وا ئاسان نییە و کێشە و دژواریی تایبەتی خۆی هەیە کە بەم چەشنە باسیان کرد:

شـــا من هەمیشـــە وای دەبینم کە ئەگەر منداڵێک هەڵبەت ئەمە ڕای منە ڕەنگە دروســتیش نەبێ لە ســەر شــەقام بەتایبەت لە تەمەنی زۆر بێتە دەرەوە و بچێتە پشــت مەکینەی درووماندا دابنیشـێ، ئیش بکا و فێری پیشـەیەک بێ، زۆر باشـترە و لەم بوارەدا زۆرم هەوڵ داوە؛ بووە منداڵێکی تەمەن چواردە پازدە ساڵان دەچوو شووشەی دەسڕی و هەموو چەشـــنە ســـووکایەتی و ئازارێک دەدرا من هانی دەدەم بچێ لە دووکانێکدا ڕاوەســـتێ یان بچێ لە کارگایەکدا ئیش بکا و من پێم وایە کە ئەگەر لە تەمەنی کەمدا چاودێری بکەی، شـــیاوی قبووڵ کردنە. بەڵام منداڵێکی تەمەن پازدە ســـاڵ بۆ وێنە منداڵێکی تەمەن هەشت هەتا پازدە ساڵان لە سەر چوارڕێیان بووە، زۆر ئەستەمە کە بیگرین و بیهێنینە ناو دووکان و ئیشـــی پێ بکەین، ئەم منداڵانە لە ســـەر چوارڕێیان ئازادیی کردەییان زیاترە. ئێمە لە هەندێ شـوێندا دێینە سەر هێڵ. من حاڵەتێکم هەبوو کچێکی تەمەن چواردە ســـاڵان بوو کە دەمانویســـت لە کارکردن بیگێڕینەوە بەڵام نەمانتوانی بە کۆمەک‌خەرج ئەم کچە لە کار بگێڕینەوە بۆچی؟ چونکە هەر بڕە پارەیەکمان پێ پێشـــنیار دەدا ئەو کچە لە ســـەر چوارڕێیان زیاتر وەدەســـتی دەهێنا. هاوکاریمان ناکەن، خۆشـە بوون، ناتوانن لە شـوێنێکدا بمێننەوە. فێری کاسـپی بووە، فێر بووە خۆی شـت بۆ خۆی بکڕێ. فێر نییە کەسـێک فەرمان و مەکەی پێ بدا و پێی بڵێ ئەو کاتژمێرە بچۆ و ئەم کاتژمێرە وەرەوە. ئیتر لەگەڵ ئەو پانتایەدا ڕا دێن. من پێم وایە ئاسـتی سـەرکەوتن لەگەڵ ئەم منداڵانە کە ماوەیەکی زۆرە لە ســەر شــەقام ئیش دەکەن زۆر سنووردارە.

بەڵام ئێمە بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان زۆرە هەوڵ دەدەین کاریان بۆ بدۆزینەوە وا بێ فێری پیشـەیەک بێت. ئێمە زۆرمان بە پێی یاسـا بۆ وێنە لە تەمەنی هەژدە ساڵان بەرەو سـەر بەڵام ئەم منداڵانە بە شـێوەی نایاسـایی هاتوون و هیچ بەڵگەی ناسنامەیان نەبوو وتی من تەمەنم شـــازدە ســـاڵانە بەڵام لێی دێ تەمەنی 18 ســـاڵان بێ و ئێمە بە پێی توانای جەستەی، جۆری پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵە لەمانە تێدەگەین و پێشنیارمان پێدا. و دەچوو و ئەوێ بیمە و ئەم کێشـــلنەی هەبوو. ئەم منداڵە نەیتوانی بچێتە ئەوێ. بەڵام ئەم هەلەمان بۆ ڕەخســـاند کە بیری لێ بکاتەوە و بزانێ چ گۆڕانکارییەک لە ژیانیدا ڕووی داوە، بەڵام قبووڵی نەکرد. لەگەڵ براکەی چوو بۆ کانگا، مانگی 5 ملیون و ئیتر خوا دەزانێ تووشی چی دەبێت.

هەژاریی بنەماڵەکان یەکێک لە هۆکارە ســـەرکەییەکانی کاری منداڵانە. ئەگەر لە بنەماڵەی ئەم منداڵانەدا دەســـتێوەردانێک نەکرێ دەســـتێوەردانەکان لەوانەیە لە ســـەر

ئاســـتی منداڵ بمێنێتەوە و نەگا بە دەســـتکەوتی دڵخوازی ئێن‌جی‌ئۆکان. هەر بۆیە هەندێ لە ئێن‌جی‌ئۆکان پەرە بە پانتای چالاکییەکانیان بۆ ســـەر ئاســـتی بنەماڵەکان دەدەن بۆ ئەوەی زەمینەی بەتولناکردنیان و نەهێشـــتنی کاری منداڵان مومکین ببێت. هەندێ لە ئێن‌جی‌ئۆکان لە بواری بەتولناکردن پێداگرییەکی زۆر لە ســـەر خانمان و دایکانی ئەو منداڵانە دەکەن، چونکە پێیان وایە دایک دەورێکی کلیلی لە بنەماڵە و پەروەردە کردنی منداڵەکاندا هەیە. یەکێک لە چالاکولانانی ئێن‌جی‌ئۆکان لە مەڕ ئەم چەشنە بەتواناکردنە وتیان:

لێرەدا بەتواناکردنی ژنان و منداڵانی کار، ڕوانگەی دامەزراوە و ئاراستەی دامەزراوە ئەوەیە کە بەتواناکردن لە خانمانەوە دەست پێ بکا، چونکە دایک دەوری کلیلی هەیە. کاتێک کە دایک لە ڕووی دەروونییەوە پێ بگا دەتوانێ لە بەشـــە جیاجیاکانی ژیلندا دەستێوەردانی هەبێ، دەتوانێ پاڵپشتیی سۆزداری هەبێ، دەتوانێ کاریگەری لە سەر زەمینە خوێندنی منداڵەکان دابنێ، پەیوەندیی نێوانتاکیی منداڵ لەگەڵ دایکە. ئینجا ئێمە دەچینە سەر فێربوونی پیشە و پیشەداربوون، ئەو زەحمەت و گوشارەی کە لە سەر کاری منداڵە کەم دەبێتەوە، ماوەی کارکردنی کەم دەبێتەوە و یەکێک لە پێش‌مەرجەکانی دامەزراوە ئەوەیە کە ئەگەر بڕیار بێ ئێمە خزمەتگوزاری پێشـــکەش بکەین، بەشـــداری‌کردن لە ناو کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری و بەدواداچوونی یاریدەرییە. ســـەبارەت بەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن دەبێ ئەو منداڵانە بخوێنن، واتە یەکێک لەو مژارانەی کە وا دەکا ئەو منداڵە پێش بکەوێ خوێندنە. ماوەی ئیش‌کردنی دەبێ کەم بێ؛ واتە بێتە ناو خولی فەرهەنگی و هونەریی دامەزراوە و بەشـــداری بنوێنێت. بابەتێکی گرینگ پەیوەندی لەگەڵ خاوەن‌کارە، هەم ئێمە و هەمیش بنەماڵە دەبێ ئاگادار بن کە منداڵ لە کوێ ئیش دەکا و چ کاتژمێرێک ئیش دەکات. شـــا منداڵەکانمان زیاتر لە گەڕەکی کتاب ئیش دەکەن کە بەردەوام دەمەدەمێ لەگەڵ فیتەری، ســـافکاری، ماتۆڕســـازی دەکەن. لە شـــوێنەکانی دیکەشـــدا هەیە بۆ وێنە حاڵەتێکمان بوو منداڵێک بوو کە لە ئاو و ئاوەڕۆی ماڵان ئیشـــی دەکرد ئەم منداڵە لەگەڵ باوکی دەچوو ئیشی دەکرد.

هاوکاریی بژێوی یەکێکی دیکە لە خزمەتگوزاریی پاڵپشـــتیی ئێن‌جی‌ئۆکانە کە یەکێک لە بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوانە بەم شێوە ڕوونیان کردەوە:

خێرۆمەند و خێرخوازەکان دێن هاوکاری دەکەن. بۆ وێنە بەڕێز ... لە پشووی کەرەنتینەدا برنج و ڕۆنی و شتە خواردەمەنییەکانی دەبرد بۆ بنەماڵەکان.

هەندێکی دیکە لە چالاکوانانی ئێن جی ئۆکان بەم شێوە پاڵپشتییە جۆراوجۆرەکانی خۆیان شی کردەوە:

لە گەڕەکێکدا دەتوانین ئاستی خەسارەتەکان کەم بکەینەوە؛ واتە لانیکەم ئەو شوێنەی کە منداڵ ئیشی تێدا دەکا کۆنتڕۆڵی بکەین یان ئەگەر دەزانین منداڵێک بە پێی توانای دەتوانێ پیشەیەکی باشتری هەیە، باشتر فێر ببێ، لە سەر چوارڕێیانەکانەوە بیانهێنینە ناو کارگا. ئەمە یەکەم هەنگاوێکە کە لە پاڵییەوە باشتربوونی بارودۆخی بنەماڵە و بەتوناکردنی دیکەی ئەندامان بنەماڵە و لە کۆتاییدا گێڕانەوەی ئەم منداڵانە لە کار، ئەمە ڕەوتی گشتیی پلانکەیە. ئێمە ئێستا ئەو کارەی کە دەیکەین، پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکارە؛ واتە منداڵ لە هەر کوێ ئیش دەکا کە لەولنەیە ئەو شوێنە خۆمان بەو منداڵەکان ناساندبێ یان ئەو منداڵە خۆی چووبێت. زانیارییەکانی ئەو کارە وەردەگرین، خۆمان دەچین و لەگەڵ خاوەنکار پەیوەندی ساز دەکەین و خۆمان دەناسێنین و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خاوەنکار ساز دەکەین، بارودۆخی کاری منداڵ لێک دەدەینەوە، کاتژمێری کارەکەی، حەقدەستەکەی، هەڵسوکەوتی خاوەنکار، تەندروستیی دەروونیی خاوەنکار. ئەم پەیوەندییە بەردەوامە، چار نە جارێ لەگەڵ خاوەنکار قسە دەکەین کە ئەگەر خاڵێک لە مەڕ ئەو منداڵە لە ئاردا بێ، خاوەنکار پێمان بڵێ و ئەگەر بڕیار بێ کارگایەکیان بۆ بەڕێوە ببەین، خولێکی کورتیش بێ ڕاهێنان ببینێ، بەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ خاوەنکاری ساز دەکەین دەتوانین ئەم ئیزنە وەربگرین کە ئەو کاتژمێرە نەچێتە سەر ئیشەکەی. ئەم پەیوەندییە دەپارێزرێ هەتا ئەو کاتەی کە ئەو منداڵە بە هەر هۆکارێک ئیشەکەی بگۆڕێ و ئینجا لەگەڵ خاوەنکارێکی دیکە پەیوەندی ساز دەکەین. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا ئەم زیانانە کەم بکەینەوە و ئامانجی درێژخایەن ئەوەیە کە کار لە منداڵ بستێنینەوە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان کەمە، ئەولنەی کە تەمەنیان ژوور تەمەنی 15 ساڵانە بەرەو فێربوونی پیشەیەک دنەیان دەدەین بەڵام ئەو منداڵەی کە تەمەنی کەمە، حەوت یان هەشت ساڵانە هەوڵ دەدەین لە کار بیانگێڕینەوە.

یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی لە دیوی جۆراوجۆرەوە لەگەڵ منداڵەکان و بنەماڵەکان کار دەکەن، باس لە یاریدەدرانی کۆمەڵایەتیی ناوەند دەکەم، بەڵام مامۆستا یان ڕاهێنەران تەنیا لە سەر خوێندەوارکردنیان ئیش دەکەن ، واتە کارێکی ئەوتۆیان پێیان نییە، واتە ئەمە ناچێتە ناو بازنەی ئەرکەکانیانەوە. بەڵام یاریدەدرانی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ڕاهێنانی کارگایی، ڕاهێنانی منداڵبەخێوکردن، پەروەردە و ڕاهێنان و یارمەتیی

ئابووری چ لە سۆنگەی کۆکردنەوەی هاوکاریی ئابووریی بۆ بنەماڵەکان، وەکوو ناساندنیان بە نۆرینگە و ئیشی تەندروستی و چارەسەریان دەکەوێتە ئەستۆی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی. هەر وا بێتەوە سەردانی ماڵی منداڵ و بنەماڵەکەیان دەکەین. سەردانی شوێنی ئیشەکەیان دەکەین. لە ڕاستیدا پەیوەندیی چڕوپڕ لە نێوان یاریدەدەری کۆمەڵایەتی بوونی هەیە و دەبێ ببێت. بۆچی؟ چونکە بە گشتی زۆربەی پرس و کێشە ڕفتاری و ئەخلاقی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی منداڵ لە ڕێگەی یەکەی یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش دەروونناسییەوە ئیشی لە سە دەکرێت. دەی لەبەر ئەوەی ئەم منداڵە کە لە ناو کۆمەڵگا بە زۆرەملێ یان لە لایەن بنەماڵەکەیەوە دەنێردرێتە بەر کار بتوانن ژیان و ئاسوودەیی زیاتری بۆ دابین ببێ و زیانی کەمتری لێ بکەوێ بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕۆحییەوە و نە لە ڕووی ئابوورییەوە ژیانێکی ئارامتریان هەبێت. چونکە ئێمە لە بنەڕەتەوە دژی کاری منداڵین و لە لایەکیشەوە هەر هەموو هەوڵ و تەقەلامان ئەوەیە کە ئەگەر ناتوانین کۆتایی بە کاری منداڵێک بێنین کارەکەی بۆ کەم بکەینەوە. بۆ وێنە ئەگەر سێ کاتژمێر چوار کاتژمێر ئیش دەکا یان حەوت کاتژمێر، یان شەش کاتژمێر بۆ نیوەی ئەم ماوە کەمی بکەینەوە. بە پێی ئەو قسانەی کە کە لەگەڵ منداڵی دەکەین یان دەهێنینە ناو قوتابخانە، دەیانهێنینە ئێرە بۆ وێنە بخوێنن. هەر ئەم هاتوچۆکردنەیان بۆ ئێرە وا دەکا کە کاری منداڵ کەم ببێتەوە؛ جیا لەم پرسانە، هەندێ جار لە ناو کۆمەڵگاشدا هەست بە مەترسی دەکەین، لە ناو بنەماڵەدا هەست بە مەترسی دەکەین. دێین پاڵپشت دەدۆزینەوە. منداڵ لە ڕووی جەستە و ڕوواڵەتەوە لە ڕووی تەمەنەوە بە جۆرێکە کە ئەگەری خەسارهەڵگریی زیاترە. منداڵی بۆ وێنە کچ دەچێتە سەر چوارڕێیان مانگانە لە خێرخوازی یان ئەنجومەنی خۆمان برە پارەیەکی بۆ وەردەگرین دەیدەین بەم بنەماڵانە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە ئیش نەکات. بەڵێنێکی تایبەتیشی لێ دەستێنین کە دەبێ ئەم کارە بکات.

بە پێی بەڵگە مەیدانییەکان، منداڵان لە لایەن ئێن‌جی‌ئۆ جیاوازەکانەوە هاوکاری وەردەگرن. بە بۆچوونی هەندێ لەم منداڵانە ئێن‌جی‌ئۆکان پانتایەکی باشیان بۆ دابین کردووە. لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا منداڵان لە سەردانکردنیاندا بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری ئەزموونێکی خۆشیان نەبوو و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەزموونەکانیان گێڕاوە:

> دامەزراوە ... زۆر لە مێژە دەیناسم، لە تەمەنی 7 ساڵانەوە من دەچوومە خولەکانیان؛ دەچوومە خولی بیرکاری، زمان، زانست (وانەی علووم)، شانۆ،

| |
|---|
| پینگ پۆنگ. دامەزراوەیەکی دیکەش هەیە لە ڕێگەی فوتبۆڵەوە دەچمە ئەوێ ... ناوی ... |

| |
|---|
| لە دامەزراوەی ... تایبەتی منداڵانی پەنابەر پاڵپشتی دەکرێین. |

| |
|---|
| ئەو دامەزراوەی کە من دەچم هەتا هەنووکە هاوکاری نەکردووین. مانگێک دەبێ ناونووســـیم کردووە. هەندێ جاریش دەڵێن وەرە، ئەزموونم لێ وەردەگرن. هەر ئیشێک بێت. |

ئێن‌جی‌ئۆکان بە پێی توانایان خزمەتگوزاری پێشـــکەش دەکەن، هەوڵ دەدەن داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، ئەوان و بنەماڵەکانیان بەتوانا بکەین، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری منداڵانی کار لە خزمەتگوزاریی هیچ کام لەم ئێن‌جی‌ئۆیانە سوودمەند نەبوون. هۆکاری ئەم بێبەشـــییە دەچێتەوە ســـەر ڕێژەی زۆری منداڵانی کار، دامەزرانی ئێن‌جی‌ئۆکان لە گەڕەکەکان و بێبەش‌بوونی گەڕەکەکانی دیکە لە خزمەتگوزاریی ئەم ڕێکخراوە جەماوەرییانە، توانای دارایی کەمی ئێن‌جی‌ئۆکان و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دەوڵەتەکان دەیخەنە بەر پێیان. بۆ وێنە لەوانەیە زۆرێک لە منداڵانی زبڵگەڕ و منداڵانیش ئیشـــکەر لە کێڵگە کشـــتوکاڵییەکان، بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار، مارکێتی مادەی خۆراکی، و کوورەخانەی خشـــت‌پێژی بە هۆی شـــوێنی نیشـــتەجێ‌بوونیان و ســـروشـــتی کارەکەیان هیچ خزمەتگوزاری یان خزمەتگووزارییەکی بەردەوام لەم ئێن‌جی‌ئۆیانە وەرنەگرن. یەکێک لە ڕۆژنامەوانانی چالاکی بواری منداڵ لەم بارەوە وتی:

ڕێژەی ڕووماڵ‌کردنی ئێن‌جی‌ئۆکان کەمە و زۆرینەی منداڵەکان کە لە لایەن دەوڵەتەوە پاڵپشـــتی ناکرێن و ســـەرباری ئەمە ئەم ئێن‌جی‌ئۆ مەدەنییانە ڕێژەیان زۆرە، بەڵام لە کردەوەدا منداڵان نایانناس و پەیوەندیی نێوان ئەم ئێن‌جی‌ئۆیانە و منداڵ لاوازە و زنجیرە پەیوەستکەرەکانیش زۆر چاک نین و پەیوەندیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەگەڵ جەماوەری خەڵک پەیوەندییەکی باش و گونجاو نییە.


بەڕێزیان پێی وایە یەکێک لە شـــێوازەکانی داکۆکی لە مافەکانی منداڵ لە پاڵ پێشـــکەش‌کردنی خزمەتگوزاری بە منداڵان لە ڕێگەی ئێن‌جی‌ئۆکان، داخوازیەتییە و دەڵێ:

بە بۆچوونی من دەبێ ئیشـــی ئێمە داخوازیەتی بێ نەک خێرخوازی، بە جۆرێک

کە دەوڵەت پێی وایە کۆمەڵێ ئەنجومەن و ئێن‌جی‌ئۆ هەن کە ئەرکەکانی دەوڵەت ڕادەپەڕێنن و ئیتر دەوڵەتیش ئەرخایەن دەبێت. داخوازیەتی لە دەوڵەت کە بۆچی ئەو کۆنوانسیۆنانەی کە لە ساڵی 1373 هەتاوی واژۆی کردووە جێبەجێکردنی ناکات. یەکێک لەم کۆنوانسیۆنانە ڕێگری لە کاری منداڵە یان گۆڕانکاریی پێکهاتەیی بە گوێرەی مادەکانی یاسای بنەڕەتی دەبێ کاری شیاو و خانوبەرەی گونجاویان هەبێت. دەبێ چاودێریی ناوەندە بەرپرسەکان بەتایبەت پشکنەرانی کار زیاتر بکرێ و ڕێژەی ئەم پشکنەرانە زیاتر بن و هەر شوێنێک کە تەنانەت کرێکارێکیشی تێدایە بپشکنرێت. دەبێ پەیوەندییەکانی کار بەفەرمی بکرێ و پەیوەندییەکانی کار دەبێ لە نافەرمی‌سڕینەوە بێتە دەرەوە و لە کۆتاییدا ڕێکاری درێژخایەن بریتییە لە نەهێشتنی هەژاری، دابین‌کردنی بژێویی بنەماڵە و بنەماڵەکان.

لە بواری داخوازیەتی لە دەوڵەتیش یەکێک لە پسپۆڕانی بواری منداڵ بەم شێوە دوا:

من زۆر لەو بڕوایەدام کاری ئێن‌جی‌ئۆکان بۆتە گۆچانی دەستی دەوڵەت و ئەمە هەڵەیە. بە بۆچوونی من ئەم ناوەندانە دەبێ خزمەتگوزاریی فەرهەنگی و پەروەردەییان هەبێت. دەبێ پەرە بە فەرهەنگی داخوازیەتی بدرێ، گۆڕانی یاساکان. من دەڵێم دەبێ داخوازیەتی هەبێ، دەبێ خۆیان داوا بکەن و لە سیفرەوە دەست پێ بکەن. شا ئێمە منداڵێکمان هەیە کە باوکی زۆری لێ کردووە ئیش بکا، تەنانەت یەکێک لەم منداڵانە قاچی ناخۆش دەڕوا؛ ئێمە زۆرمان لێ کرد بخوێنێت. بە خوا ئەو منداڵانە بەهرەمەندیش بوون. ئەمە دەهاتە ناو کانێکس. کانێکس دەوری پرد بۆ ئێمە دەگێڕێت. ئەو منداڵانەی کە دەهاتنە ناو کانێکس ئێمە دەچووینە سەر چوارڕێیان خوڵکمان دەکرد و ئەوانیش بە یەکتریان دەوت. منداڵێک کە هاتبووە ئەوێ، ئێمە دنەمان دەدا کە بێتە ئێرە بخوێنێ و ئیش بکات. بەڵام ئێوە بڕوانن باوکی ملی نەدەدا، لەو باوکە خراپانە بوو؛ سێ ژنی بوو و پارەی پۆشکەی ئەم ساوایانە ئەم منداڵە دابینی دەکرد. ئەم کوڕە بەینێ شەڕی لەگەڵم بوو، دەیکوت پووریێ ... منداڵی شارەوانییە. و بەم شێوە چونکە لە نێوان خۆی و باوکی ناکۆکی ساز ببوو و ئیتر ئەوە بوو کە بۆی دەرکەوت کە بەرامبەر بە باوکی بووەستێتەوە و بێتە ئێرە بخوێنێ، ئێستا دەچێتە قوتابخانە. من دەڵێم دەبێ لێرەوە داخوازی دەست پێ بکات.




چارتی ژمارە 19-3: تەوەری چالاکیی ئێن‌جی‌ئۆکان لە بواری خزمەتگوزاریی منداڵان (N=229)

تاوتوێی جۆری چالاکی و داپەڕەکانی ئێن‌جی‌ئۆکان ئەوە پیشـان دەدا هەندێکیان بە شـێوەی پسـپۆڕانەتر چالاکی دەنوێنن، هەندێکیان کاری خێرخوازی دەکەن، هەندێکیان خزمەتگوزاری پێشـکەش دەکەن، هەندێکیان لە بواری کەم‌کردنەوەی خەسارەتی کاری منداڵان کار دەکەن، هەندێکیان لە بواری بەتواناکردنی منداڵەکان و بنەماڵەکانیان چالاکی دەکەن و هەندێکی دیکەیان داکۆکی لە سـەر مافی منداڵەکان دەکەن. بەڵام هەندێکیان یان زۆربەیان خزمەتگوزاری فرەڕەهەندیان هەیە. لە گەڕەکەکانی باشـووری تاران، و گەڕەکەکانی فەرەحزاد و کەن ڕێژمیەکی زۆری ئەم ئێن‌جی‌ئۆ و ڕێکخراوە جەماوەرییانە بوونیان هەیە کە چالاکییەکەیان بە پێی جۆری ئامانجەکەیان خێزخوازی، ناوبژیوانێتی و پێشکەش‌کردنی خزمەتگوزاریی بژێوی یان بەتواناکردنە. هەندێ ئێن‌جی‌ئۆش هەن کە یەکێک لە ئامانجەکانیان پێشـکەش‌کردنی کاری بەدیل بۆ منداڵانە و خزمەتگوزارییەکەیان لە جۆری خزمەتگوزاریی بەدیلە. بۆ وێنە ئەوان لەوانەیە منداڵان لە چوونە ناو کاری سـەرشـەقامەوە بهێننە ناو کاری کارگاوە. ئەم چەشـنە ئێن‌جی‌ئۆیانە لە ڕاسـتیدا بە پێی بەرگری لە مافەکانیان و ڕێگری یان نەهێشـتنی کاری منداڵان مافی منداڵان پێشـێل دەکەن. ڕێکاری ئەو ئێن‌جی‌ئۆیانەی کە خزمەتگوزارییەکەیان لە چەشـنی خێرخوازییە کورت‌خایەنە و وەکوو ئازارشـکێنە و هەرگیز بەتوانابوونی منداڵانی کار و بنەماڵەکانیانی لێ

ناکەوێتەوە. دەتوانین بڵێین منداڵانی کار و بنەماڵەکانیان بۆ وەرگرتنی چەند کاڵای بژێوی هەمیشە بەم دامەزراوانە وابەستە دەبن، ئەوە کارێکە کە زۆرێک لە ئێن‌جی‌ئۆ حکوومییەکان لە ماوەی ئەم ساڵانەدا ئەنجامیان داوە. ئاراستەی هەندێکی دیکە لە ئێن‌جی‌ئۆکان سیستەمییە، ئەوان هەوڵدەدای کەمکردنەوەی زەختی سەر منداڵ لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ماوەی کار و پشتیوانییەکانی دیکەیە. ئامانجی سەرەکیی ئەو ئێن‌جی‌ئۆیانەی کە خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرمانی ئەنجام دەدەن پێدانی خزمەتگوزاریی درمانی نییە، بەڵکوو ئەو خزمەتگوزارییە تەندرستی و دەرمانییانەیە کە لە سەر بنەمای بەتواناکردنی منداڵان و بنەماڵەکانیانە. هەڵبەت هەندێ لە ئێن‌جی‌ئۆکان کە خزمەتگوزاریی سەرەکی و زیاتری ئەوان خزمەتگوزاریی پزیشکی لە جۆری تەندروستی و دەرمانییە، وەکوو پزیشکانی بێ‌سنوور. هەندێ لە ئێن‌جی‌ئۆکان وەکوو دامەزراوەی مێهر و ماهـــ لایەنێکی بەربڵاویان خزمەتگوزاریی پەروەردەیی، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، پزیشکی، فێربوونی پیشە، کارخولقینی، کەمکردنەوەی زیان و هتد بۆ منداڵان و بنەماڵەکانیان دابین کردووە بۆ ئەوەی بەتوانایان بکەن. منداڵان، بنەماڵەکانیان و دیکەی ڕێکخراوەکان کە لەگەڵ ئێن‌جی‌ئۆیانە (ئەو ئێن‌جی‌ئۆیانەی کە کاری بەتواناکردن ئەنجام دەدەن) لە پەیوەندیدان ڕازیترن. ئامانجی ئەم چەشنە ئێن‌جی‌ئۆیانە بە تەواوی مانا بەتواناکردنە. وەک ئامارتیا سن[1] لە (توسعه به مثابه آزادی) (گەشەکردن بە مانای ئازادی) وتوویەتی نابێ خواردن لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە دابەش بکرێ، بەڵکوو دەبێ مرۆڤەکان بەتایبەت چینی خەسارهەڵگر، بەتوانا بکرێن بۆ ئەوەی خۆیان خواردن بۆ خۆیان دەست بخەن. خواردن لێرەدا هەم واتای ڕاستەقینەی هەیە و هەم مانای خوازەیی، واتە دەبێ توانا و دەفرایەتیی مرۆڤەکان گەشە بکرێن بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان هەڵبژێرن.

چالاکیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە بواری منداڵان لە کێشە و ڕخنە بێبەری نین. ئەوان لە سۆنگەی پێکهاتەی دەروونی، شێواز، هێزی مرۆیی، ڕوانگەی سیاسی و بابەتی لەم چەشنە شیاوی ڕخنەلێگیرانن، ئەگەرچی ئاستەنگی خۆشیانیان هەیە. هەڵبەت هەندێ لەم ڕێکخراوانە وابەستە بە دام و دەزگا حکوومەتی و دەوڵەتییەکانن و پارە لەوان وەردەگرن و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراوەکان دەوری پرد دەبینن. بۆ وێنە لەوانەیە بە پێشکەش‌کردنی حزمەتگوزارییەک لە بوارەکانی دیکەدا وەبەر لێخۆش‌بوونی باج بکەون یان بۆ چالاکییە ئابوورییەکان هەندێ مۆڵەت وەربگرن.

1. Amartya Sen

هەندێ لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان لەم بەشەدا ئیش دەکەن. [50]

ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە زەختی دام و دەزگا ئاسایشییەکان، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، چالاکیی هەندێ لەم ڕێکخراو و ئێن‌جۆیانەی سنووردار کردووە. سەرباری ئەمە یەکێک لەو ڕخنە سەرەکییانەی کە ئاراستەیان دەکرێ ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتەکاندا بە ڕکابەری ساختەکارلەنەوە تێوەگلاون و بە هۆی ڕکابەرییەوە لە هاوکاری و هاوزیادکردن لەگەڵ یەکتر خۆ دەبوێرن و ئەمە وا دەکا ڕەوتی کەم‌کردنەوەی خەسارەت ڕەوتێکی هێواش و ناسەرکەوتووی هەبێت. لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە سەر پەیڕەونامەی داکۆکی لە مافەکانی منداڵ سوور نین. هەڵبەت ئەمە شتێکی ئاساییە کە پەیڕەوونامە و ئامانجی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لێک جیاوازن، بەڵام پێویستە لە هەندێ لە بنەما گشتی‌ترەکانی وەکوو مافەکانی منداڵ و بابەتی لەم چەشنە هەندێ هاوبەشییان تێدا بێت. گرینگیی ئەم بابەتە لەو ڕووەوەیە کە شێوازی داکۆکی لە منداڵەکان ستانداردڕ بکرێت. بۆ وێنە پێویستە لە بواری سەرچاوە پەروەردەییەکلندا ستلنداردێک لە ئارادا بێ یان بە مەبەستی هاوزیادی و کارامەیی زیاتری هەندێ لە گەڵاڵەکان پێکەوە هاوکاریی یەکتر بکەن و لە بەرگری لە مافەکانی منداڵ پێکەوە هاودەنگ بن. هەروەها پێویستە بەرگری لە مافەکانی منداڵان وەک بنەمایەکی گومان‌هەڵنەگر لە ناو هەموویاندا هەبێ و لە کردەوەدا پابەندی بن. پەیماننامەی مافەکان یەکێک لە گرینگترین پەیمانەکانە کە دەتوانێ ببێتە بنەمای پەیڕەونامە و کردەوەی ئێن‌جی‌ئۆکان.

### قەدەغەکردنی منداڵان لە کار و گەڵاڵەی ناکارامە

"ڕێک‌خستنی منداڵانی کار و سەرشەقام" نازناوی یاسایەک بوو کە لە ساڵی 1384 هەتاوی دەوڵەتی ئەو کاتی ئێران پەسەندی کرد. گەڵاڵەیەک کە ئامانجە گشتییەکەی بە بەتواناکردنی "منداڵانی کار" و پشتیوانیی لەوان ناو نرا و بڕیار بوو منداڵان لە پرۆسەی تاقەتپڕووکێنی کار دوور بکاتەوە، بەڵام لە ماوی پازدە ساڵ بوو بە گەڵاڵەیەکی بە پەلەی گرتنی منداڵانی کار لە سەر شەقام. بە پێی یاسای ڕێک‌خستنی منداڵانی کار و سەرشەقام پەسەندکراوی ساڵی 84ی هەتاوی هەر تاکێکی ژێر تەمەن 18 ساڵان کە لە چەندین کاتژمێری بێسنوور لە سەر شەقام بێ وەک "منداڵی سەرشەقامی" دەناسرێ و ناوەند، ڕێکخراو و دەزگا جێبەجێکردنکارەکان ئەرکی سەر شانیانە داپەڕی پێویستی وەکوو ناسینەوە، ڕاکێشان و قبووڵ‌کردنی ئەم منداڵانە ببەنە

بواری جێبەجێکردنکردن و هەتا گەیشتنی منداڵ بە ئاکامێکی دڵنیا پاڵپشتی لێ بکەن. لەم یاسایەدا پێداگری لە سەر ئەوە کراوە کە ناسینەوەی منداڵانی کار و سەرشەقامی لە ڕێگەی پەیوەندیی کاریگەری یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پاش وەرگرتنی متملنەی منداڵان دەلوێت. لە داپەڕێکی دیکەشدا منداڵان دەچنە قۆناغی بە تواناکردنەوە، پرۆسەیەک کە دوورکەوتنەوەی منداڵانی لە پرۆسەی کاری لێ دەکەوێتەوە.

ڕێکخراوی چاکژیانەوە (بێهزیستی) ئەم گەڵاڵە بە هۆکاری سەرەکیی پاڵپشتیی لە منداڵانی کار دەزانێ، بەڵام بۆ یازدە ئۆرگانە دەوڵەتییەکە کۆمەڵێ ئەرکی دیاری کردووە. بۆ وێنە هێزە ئینتزامییەکان دەبێ لە تەواوی قۆناغەکانی جێبەجێکردنکردندا ئاسایش بەرقەرار بکەن. دەرکردنی مۆڵەت و فەرمانە یاساییە پێویستەکان لە ئەستۆی وەزارەتی دادە. تەرخانکردن و تەیارکردنی پانتای فیزیکیی گونجاو بۆ جێبەجێکردنکردنی قۆناغەکانی ڕێکخستن ئەرکی شارەوانییەکانە و پێدانی قەرزی پیشەزا بە بنەماڵە خوازیارەکانی کاری منداڵان، دابینکردنی خواستە تەندروستی و دەرمانییەکانی منداڵان، دەرکردنی بیمەنامەی خزمەتگوزاریی دەرمانی، ئەنجامدانی داپەڕی کەلتووری و فەرهەنگیی پێویست، دابینکردنی خزمەتگوزاریی پاڵپشتانە و مرۆڤدۆستانە، ناسینەوە و ڕێنومایی ئەو قوتابیانەی کە لە بەر دەم خەسارەتدان و پاڵپشتیی پێویست لە بنەماڵە ژێرپشتیوانییەکان لەو ئەرکانەیە کە بە پێی ئەم یاسایە خراوەتە ئەستۆی وەزارەتی بێهزیستی، وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی بیمەی خزمەتگوزاریی دەرمانی، ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ناوەندی دەنگ و ڕەنگ، حەشیمەتی مانگی سوور، وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان و کومیتەی ئیمداد.

یاسای ڕێکخستنی منداڵانی کار و سەرشەقام لە چوارچێوەی گەڵاڵەیەکدا کە نووسراوە بەرگریکاری مافەکانی منداڵان و بەرژەوەندییەکانیانە، بەڵام میکانیزمێک کە ئەگەر بە شێوەی دروست جێبەجێکردن بکرابایە دەیتوانی ڕەنج و مەینەتی منداڵانی کار و یان تەنانەت ڕێژەکەیان کەم بکاتەوە، لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنکردندا بوو بە گەڵایەکی بەپەلە و خێرای بێپاڵپشتانەی جێبەجێکردنکردن کە نە تەنها پشتیوانی لە منداڵانی کار نەکرد، بەڵکوو بە توندوتیژی، بەدرفتاری، ترساندن و دڵەڕاوکێ خستنە ناو دڵی منداڵانی کار زیانێکی زۆری لێدان. گەڵاڵەیەک کە بڕیار بوو بەرەنگاری "کاری منداڵ" ببێتەوە بوو بە بەرەنگاربوونەوە لە دژی "منداڵانی کار" و هەوڵێک بۆ سڕینەوەیان لە سەر شەقامەکان جا بە هەر نرخێک بێت.


ئەوەی لە سەر شەقام ڕووی دەدا ناسینەوە و ڕاکێشانی منداڵانی کار لە لایەن یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی متمانە وەدەستهێنانیان نەبوو، بەڵکوو گرتنی منداڵان بوو. منداڵان پاش گرتن بە هەڵسوکەوتی تێکەڵ بە توندوتیژی و ترس و دڵەڕاوکێ دەبرانە نووستنگەی ڕێکخراوی چاکژیانەوە و پاش نزیکەی بیست ڕۆژ دووریی لە بنەماڵە بە مەرجی ئەوەی کە چیتر لە سەر شەقامەکان دەرنەکەون ئازاد دەکران، بە بێ ئەوەی پاڵپشتی و بەتوانا بکرێن. زۆرێک لە منداڵان لەم پرۆسەدا زیانیان پێ گەیشت، هەندێکیان کە ناچار بوون کار بکەن و تێچووی بنەماڵە لە ئەستۆی ئەوان بوو، دەچوونە کارگەی ژێرزەوینی کە مەترسییەکانی چەند قات زیاتر بوو و کۆمەڵێکیان فێر بوون کە لە دەست هێزەکان و ئۆپەراسیۆنی گرتن و بردن ڕا بکەن.

گەڵاڵەی ڕێکخستنی منداڵانی کار و سەرشەقام پاش پازدە ساڵ جێبەجێکردنکردن و هەرەسهاتن نە تەنیا ڕێژەی منداڵانی کاری کەمتر نەکرد، بەڵکوو بەوەی کە نەیتوانی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لە منداڵان بکا ناکارامەیی خۆی سەلماند. بەڵام لە ساڵی 1399 هەتاوی پاش پازدە ساڵ دووپاتکردنەوەی گەڵاڵەی شکستخواردووی "ڕێکخستنی منداڵانی کار و سەرشەقام"، بەرپرسانی ڕێکخراوی چاکژیانەوە باسیان لە بەدیلکردنی گەڵاڵەی "پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە منداڵانی کار" کرد و ئیدعا دەکەن لە گەڵاڵەی نوێ بە ناوی "پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە منداڵانی کار" بە شێوەی "بنەماڵەتەوەر" ئیش دەکەن و پرۆسەی ناسینەوە، ڕاکێشان و پشتیوانی لە منداڵانی کار لە ڕێگەی "بەڕێوەبەرایەتیی حاڵەت" ئەنجام دەدرێ، بەڵام بە هۆی ناڕوونییەکانی ئەم گەڵاڵە نیگەرانییەکانی منداڵانی کار و بنەماڵەکانیان پەرەی سەندووە.

گێڕانەوەی منداڵان لە گەڵاڵەگەلێکی وەکوو ڕێکخستنی منداڵانی کار و سەرشەقام ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم منداڵانە، لە ژێر ناوی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و ڕاکێشان، بونەتە قوربانیی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی. تەنانەت هەندێ جار ناوەندگەلێکی دیکەی وەکوو هێزە ئینتزامییەکان، شارەوانی و بەرپرسانی مێترۆ ڕێگری لە کارکردنی منداڵان لە زۆنی ژێر چاودێرییان دەکەن و لە زۆرێک لە حاڵەتەکادا هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی، فیزیکیی و دەروونی لە دژیان بە کار دەبەن. زۆرێک لە چالاکوانانی بواری منداڵانیش دانیان بە ناکارامەبوونی ئەم گەڵاڵانەدا داناوە. دەبێ بڵێین کاتێک کە پلانیەکی گشتگیر لە سەر ئاستی قوتابخانە و

گەڕەکەکاندا بۆ پشــتیوانیی لەم منداڵانە و بنەماڵەکانیان بوونی نەبێ، ئەوە ســەرچاوەی دارایی و مرۆیی تەرخانی کۆکردنەوەی ئەوان لە ســـەر شــەقامەکان دەکرێ و دەتوانین بڵێین ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێ و تەنیا دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی ســـەرچاوە. منداڵان چەندین جار گێڕاویانەتەوە کە جارێک یان چەند جار (شــەش جار) لە لایەن یەکێک لە ڕێکخراوەکانی وەکوو شارەوانی لە سەر شەقام قۆڵبەست کراون و بەرەو ناوەندەکانی بێهزیستی گوازراونەتەوە. گێڕانەوەی یەکێک لەم منداڵانە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| بێهزیســتی (چاکژیانەوە) بە نیازە هەڵمانگرێ بمانبا بۆ ســواڵکەرخانە و لەوێ ڕامانبگرێ کە دایکت بێ بتباتەوە بۆ ماڵەوە. پێمان دەڵێن چیتر لێرە کار نەکەن باشە. شارەوانی ڕاومان دەنێ بێهزیستی ڕاومان دەنێت. |




چارتی ژمارە 3-20: ڕێگری و سنووردارێتیی شارەوانی (N= 19)

ئەزموونی منداڵان لەو گەڵاڵانەی کە بێهزیســتی وەک ڕێکخســتن و پشــتیوانیی کۆمەڵایەتی بە ســـەری هێناون ڕووداوێکی تاڵە کە بە باوەڕی منداڵان لە زیندان و قۆڵبەستکردن دەچێت؛ بە جۆرێک کە بەم شێوە پێناسەیان دەکرد:

| |
|---|
| شـــارەوانی هەموو ڕۆژێ دێ پێمان دەڵێ کار مەکەن، بێهزیســـتی لە بەر ئەم کرۆنایە کاری پێمان نییە جارێ، منیان شــەش جار بردە بێهزیســتی، شــارەوانییش جارێک. دایک و باوکم هاتن بە دوامدا و بەڕەڵایان کردم. |

| |
|---|
| من لێرە لە بازاڕ بووم، خەریکی کار و ئیش بووم؛ لە ناکاو ئۆتۆمبێلێک هات، |

دەستی گرتم منی فڕێ دایە ناو ئۆتۆمبێلەکە و منیان بردە زیندان، لەو زیندانەدا زۆر کەس بووین؛ سێسەد کەس دەبووین. هەموو هاوتەمەنم بوون. دوو مانگ لەگەڵ ئامۆزاکەم لەوێ بووین هەتا ئەوەی کە براکەم هات 3 ملوێنی دا و ئێمەی ئازاد کرد. کارتۆنم کۆ دەکردەوە هاتن منیان گرت.

بێهزیستی منی گرت، شتێکم پێ وت، وتم بەڕێز ... من دەناسێ، سەرۆکی گشتیی هەموو بێهزیستییەکانە، وتی ئێ. تەلەفۆنی کرد بۆ بەڕێز ... وتی کچێکم گرتووە ناوی ... تەمەنی دە ساڵانە، وتی بەڕەڵای کە. دەیناسم ... . بەڕێز ... منی لە هین گرتبوو، بەڵام دیسان بەڕەڵای کردم، شتێکم بە بەڕێز ... وت. وتم پێت خۆشە یەکێ کچەکەی تۆ قۆڵبەست بکا و بیبات. کچەکەت کار بکا و بیگرن یەکێک بیبا بۆ شوێنێک، پێت خۆش؟! دەی تۆش وابزانە من کچی خۆتم. وتی بڕۆ.

لە شاری خۆمان دوو جار بێهزیستی منی گرت. لێرەش جارێک منیان گرتووە. دەمانبەنە بێهزیستی سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنینەوە و دواتر یەکێک دێ بە دوامدا، بەڕەڵامان دەکەن.


جارێک دانیشتبووم خەریک بووم ئیشم دەکرد، یەکێ هات وتی وەرە با بڕۆین، وامزانی خۆراک و شتم پێ دەدا، هەر کە بینیم ئۆتۆمبێلی بێهزیستییە، ڕام کرد. بەڵام منی گرت، سواری ئۆتۆمبێلی کردم. چەند ڕۆژ لەوێ بووم. و دواتر دایکم هات بە دوامدا.

شارەوانی دێ لێمان دەدا، پارەکەمان لێ وەردەگرێ، مانگێ لەمەوبەر لێیان دام، دەیانویست ڕیپۆڕتم کەنەوە و ئاودیوی سنوورم بکەن. لە گوڵشار بووم.

دەزانی چییە؟ جارێکیان بێهزیستی هات جانتاکەی لێ وەرگرتم، منیش جانتاکەمم بەردا چوومە لای هاوڕێکانم. وتم ئێستا چی بکەم جانتاکەمیان ڕفاندووە لای ئەو کابرایە. دیسان دۆزیمەوە، دەیویست بمگرێت. چوومە ئەو سەرە. هات دستی گرتم، هاوارم دەکرد و دەموت فریام بکەون، خەڵکم لێ کۆ

بووەوە هەموو وتیان بەڕەڵای بکە، پیاوێک بوو پیرەمەرد بوو؛ هات دەستی گرتم، ئەوانیش بەڕەڵایان کردم. ئەوان ئەوەندە مەچەکی دەستیان گووشیبووم ئەو دوو کەسە، منیان بە زۆری بردە ناو ئۆتۆمبێل. ئێرەی دەستم خەتی تێکەوتبوو، ئەوەندەم ئێش بوو. ئینجا منیان بردە ئەوێ. هەفتەیەک لەوێ مابوومەوە دایکم هات بە دوامدا، بەڕەڵایان کردم. هەر وتیان ئەوەتان بۆ دەکەین و ئەمەتان بۆ دەکەین هیچیشیان بۆ نەکردین. هەر چەرمەسەری بوو.

جارێکیان شارەوانی گرتمی و فڕێی دامە ناو ئۆتۆمبێل و کەلوپەلەکەشمی خستە ناو ئۆتۆمبێل. بە خاوەنکارەکەم وت منیان گرتووە. چی بکەم. وتی ئاگاداری سفرەکان بە نەیبەن هەتا خۆم دەگەیێنم. هەتا هات شەشسەد هەزار تمەنییەکەیان بردم.




چارتی ژمارە 3-21: ڕێژەی چاودێریی ناوەندەکانی بە سەر کاری منداڵان (N=16)

لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا منداڵان لەم چەشنە کۆکردنەوانە دەترسن، چونکە ئەم کۆکردنەوانە لە هەندێ حاڵەتدا توندوتیژی لەگەڵە و کاتێک دەیانگوازنەوە بۆ ناوەندەکانی ڕاگرتن، ئەم منداڵانە ئەم شوێنەیان وەک "سواڵکەرخانە"، زیندان و ئەم شتانە دێتە بەرچاو.

گێڕانەوەی ژێرەوە زۆر بە باشی پیشان دەدا کە منداڵ تا چەندە لەم ڕووداوە تۆقاوە:

> گرتمیان و منیان برد بۆ بێهزیستی. ئینجا من گریام. لە پڕ خەوتبووم. لە خەو ڕاپەڕیم، بینیم تەڕ بووم. درگاکەم ئاواڵا کرد خاتوونێک خەریک بوو دەیکوت تۆ ناتوانی ڕا بکەیت. من چووم. وتی وەرە لێرە بخەوە. منیش چووم سەرینەکەم هێنا لەگەڵ بەتانییەکەم هاتم لێرە خەوتم. ئینجا ڕۆژ بۆوە. دایکم هات بە دوامدا. بەڕەڵایان کردم.

بێهزیستی (چاکژیانەوە) لە ماوەی پازدەساڵی ڕابردوودا هەموو ساڵێک دوو جار گەلاڵەی ڕێکخستنی بەڕێوە دەبرد. کاتی دەستپێکردنی گەلاڵەکەش مانگی جۆزەردان بوو، هاوکات لەگەڵ پشووی قوتابخانەکان کە منداڵانێکی زۆر دەچنە ناو پرۆسەی کارەوە. منداڵان لە چوارچێوەی ئەم گەلاڵە، دەگوازرانەوە بۆ ناوەندگەلێکی وەکوو بێعسەت و یاسر. بێعسەت و یاسر ناوەندی نیشتەجێکردنی کاتیی منداڵانی بێهزیستییە کە دەفرایەتیی هەر کام لەم ناوەندانە بۆ ڕاگرتنی منداڵان بە شێوەی هاوکات کەمتر لە 50 کەسە، بەڵام لە چوارچێوەی گەلاڵەی بەپەلە و بێپاڵپشتانەی گەلاڵەی ڕێکخستن، بە شێوەی بەپەلە منداڵان لە سەر شەقامەکان کۆ دەکرێنەوە و دەگوازرێنەوە بۆ ئەم ناوەندانە. ئەم بابەتە بەتایبەت لە ساڵی 1398 هەتاوی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی چالاکولنانی مافەکانی منداڵ بوویەوە، چوونکە هەواڵی ئەوە هات کە لە ناوەندی یاسر – کە دەفرایەتییەکەی کەمتر لە 40 کەسە - پتر لە 190 منداڵ لە بارودۆخێکی نالەباردا بە سەر دەبەن [51]. بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی چاکژیانەوە لە وڵامی ئەم ڕەخنانەدا وتیان منداڵان لەم ناوەدانەدا جیا دەکرێنەوە؛ واتە منداڵانی ئەفغانستانی ئەگەر سەرپەرشتیان نەبێ ئاودیوی سنوور دەکرێن و بەڵێن لە دایک و باوکی دیکەی منداڵان وەردەگیرێ کە چیتر لە سەر شەقامەکاندا دەرنەکەون. ماوەی ڕاگرتنی ئەم منداڵانەش بە پێی ئەوەی کە جاری یەکەم یان دووهەم یا سێهەمی قۆڵبەستکردنیان بێ جیاواز بوو. منداڵێک کە لە چوارڕێیانی وەلیعەسر کاری دەکرد بەم شێوە ئەزموونی خۆی لەم قۆڵبەستکردنانە گێڕاوە:

> بێهزیستی هەتا ئێستا پێنج جار منی گرتووە. دەمانبەنە بێعسەت. دوو سێ ڕۆژ لەوێ ڕادەگیرێی، ئینجا بەڕەڵات دەکەن. دایک یان باوکت دێن بە دواتدا. بەڵام ئەگەر یەک یان دو سێ جار بتگرن مانگ دوو مانگ ڕادەگیرێی. منیان زۆر ڕاگرتووە، سێ مانگ بوو. ئەگەر قوتابخانە پشوو نەبێ ناتگرن. کە هاوینی لێ دێ قوتابخانەکان دادەخرێن، ئەو کات دەگیرێی، ئێستا سەروبەندی کۆڕۆنایە ناتوانن

هەمووومان لە شوێنێکدا کۆ بکەنەوە.

منداڵان بەتایبەت ئەوانەی کە گەورەساڵن و چاپووکترن هەر وا بە ئاسانی ناهێڵن کاربەدەستانی بێهزیستی بیانگرن و بیاننێرنە ناوەندەکانی ڕاگرتن، بەتایبەت بە هۆی بوونی چەندین جار گرتن، زۆر بە باشی کاربەدەستانی بێهزیستی و ئۆتۆمبێلەکانیان دەناسنەوە. کەواتە باش دەزانن کە چۆن لە دەستیان هەڵبێن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەک نەبرێنە ناوەندەکان. تاقمێک لە منداڵەکانیش لە کاتی گرتن بە لاڵانەوە و پاڕانەوە داوا لە کاربەدەستان دەکەن کە ڕزگاریان بکەن. هەندێ لە منداڵە دەستفرۆشەکان لە مەڕ ئەزموونی خۆیان لەم گەڵاڵە بەم شێوە دوان:

گرتمیان، بۆ وێنە ئێستا سێ حەفتەیە لەوە پێش ئەوسا پۆلیس گوڵەکانی لێ ستاندین. ئێمە هەڵهاتین.
خاوەنکارەکەم وتی کە بینیت ڕا بکە.

لەبەر دەستفرۆشی منیان بردە بێهزیستی. من لە ئۆتۆمبێلەکەیدا بووم؛ دوای سێ کاتژمێر بینیم هەموویان دابەزین، شۆفێرەکە هاوارێکی کرد، شۆفێرەکەش دابەزی. درگاکە کراوە، بە چوار پێنج منداڵم وت کاتی ئەوە هاتووە ڕا بکەم. چووین دەرگاکەمان کردەوە، چووینەوە ئۆتۆمبێلەکە، لە پشت ئۆتۆمبێلەکەوە هەڵهاتین. جارێکی دیکە منی گرت، هەر ئەو پیاوە کە منی گرتبوو لە پشتیەوە هەڵهاتبووم، منی گرت؛ بوو بە شەو، چوون خواردن بکڕن بۆ خۆیان، بۆ ئێمەشیان کڕی من و کاکم بووین. خانمێک هاتە ئەوێ، ئێمەی بینی و وتی: لێرە چی دەکەیت؟ وتمان ئێمە بێهزیستی گرتوونی شەویشە باوک و دایکمان ئاگادار نین. پێم گوت، چوو ناسنامەکەی پیشان دا، ئێمەیان ڕزگار کرد. وتم پووری ئێستا ئێمە ئیشمان نەکردووە چۆن بچینەوە بۆماڵەوە. کارتی بانکی کێشا بایی ١٦٠ تمەن شتی لێ کڕین، چووینە ماڵەوە.

لەو ساتەدا کاکم شەڕی کرد، منیان گرت. کاکم هەڵهات، منیان گرت، تەلەفۆنیان کرد بۆ ماڵەکەمان.

ڕۆژێک بێهزیستی هاتە لامان، هەمووانی کۆکردەوە، ویستی ئێمە کۆ بکاتەوە،

ئێمە چووینە سەر ئەو لوتکە، ڕامان کرد و ڕۆشتین، چووینە سەر شەقام، خۆمان شاردەوە. ئیتر نەهات و ڕۆژە ڕۆژە دێت. تا ئێستا، منیان نەگرتووە، هەڵاتووم، بەڵام ئەم کوڕەیان گرت. ئای چەندە گریا چەندە نووزاندی.

پۆلیس منی گرت؛ منیان برد، هەموو چەشنە پرسیارێکیان لێ کردم. دەیویست باوکم ببنێت. وتم حەقت بە سەر باوکمەوە نەبێ! ئەحەمیلایەکم خوێند و وتی بڕۆ.

ترس و دڵەڕاوکێی منداڵان سەبارەت بەو پلانانەی کە پێیان دەوترێ پلانی ڕێکخستنەوە جیا لەوەی بە توندی زیان بە تەندروستیی دەروونییان دەگەیەنێ، کۆکردنەوەی منداڵان لە شەقامەکان بەو جۆرە، بە پێچەوانەی ئەوەی بەرپرسانی بێهزیستی ڕایانگەیاندووە، بەبێ ڕەزامەندیی منداڵان دەکرێ، بە جۆرێک کە ئەو وەحشەت و فشارەی کە بە هۆی ئەم ڕووداوەوە دروست دەبێ، وایان لێدەکا هەڵبێن. لە زۆر حاڵەتدا منداڵان بە هۆی هەڵاتنیان دەبێتە ئۆپەراسیۆنی ڕاونان کە تاکە شتێک کە بوونی نییە پێی دەوترێ "پشتیوانیی کۆمەڵایەتی" یان "ڕێکخستن".

لە پلانی ڕێکخستنی منداڵاندا، وەک گێڕانەوەکان دەریدەخەن، هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان بەبێ یاسای تایبەت و ناشارەزایانە و لە هەندێک حاڵەتدا سەرەڕۆیانەیە و پەیوەستە بەو تاکەوە کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە. تەنها بێهزیستی نییە کە منداڵان لە شەقامەکان کۆ دەکاتەوە، شارەوانی و پۆلیسیش لەم کارەدا بەشدارن. وا دیارە ئەم دامەزراوانەی گرووپی دووەم، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ منداڵان و کۆکردنەوەیان زیاتر توندوتیژی دژی ئەوان بە کار دەهێنن، چونکە، بە پێچەوانەی کۆکردنەوەکانی ناوەندەکانی بێهزیستی کەمتر هاوکاری لە شارەزایانی بواری منداڵان، واتە یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی یان دەروونناسەکان، وەردەگرن. گرووپی دیسپلینی شار یان "سکوادە ماڵوێرانکەرەکانی شارەوانی" لە هەڵسوکەوت لەگەڵ گرووپەکانی دیکە وەکوو چەرچییەکان ئاستێکی بەرچاو لە توندوتیژی بە کار دەهێنن و بە دوایدا توندوتیژی لە دژی منداڵانیش بە کار دەهێنن. هەندێک جار لەوانەیە کاڵا بێ کە منداڵەکە دەیفرۆشێ یان ئامرازەکانی کارەکەی بێ لێ وەردەگرێ یان ناچاری دەکەن چالاکیی دیکە ئەنجام بدا کە هەموو ئەم کردارانە جۆرێک لە توندوتیژین. گێڕانەوە دوو منداڵ زبڵگەڕ سەبارەت بە توندوتیژی بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| شـــارەوانی دوو جار دەســـتی بەســـەردا گرتووە. بۆ وێنە ســـەرۆکی شـــارەوانی دەتگرێ، هـەموو پـارەکـەت لێ دەســـتێنێ، چـەنـد کـاتژمێر پێم دەڵێن ئێرە خـاوێن بکەنەوە، پاشان دەڵێ بڕۆ. |

| |
|---|
| بەڵێ، دەســـتیان بە ســـەردا گیراوە. شـــارەوانی هەندێک جار دێ گیر دەدا، بارەکەت لێ دەســـتێنێ. ئەمڕۆ نا، چەند ڕۆژێک لەوە پێش ڕفاندیان. لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا پازدە جار ڕووی داوە. |

ئەم جۆرە توندوتیژییە لە دژی منداڵانی زبڵگەڕ زۆر زیاترە. دەبێ بوترێ شارەوانیی تاران پاشـماوەی وشـک وەک دەرەکیسپێری دەخاتە ئەسـتۆی پەیمانکاران. هەروەها پەیمانکارەکانیش هەر کامیان بەشـێک لە گەڕەکی شـار لە ئەسـتۆ دەگرن. ئەوان بۆ چاودێریکردنی ناوچەکە هێز دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی کەسێک لە دەرەوەی گرێبەستەکە نەتوانێ بچێتە ناو گەڕەک و زبڵ و خاشاک لە ناوچەکەدا کۆ نەکاتەوە. ئەگەر منداڵێک بە بێ گرێبەست لەگەڵ پەیمانکار بچێتە ناو گەڕەکێکی دیکە یان لە کاتێکی جیا کاتی دیاریکراو زبڵ کۆ بکاتەوە، لە لایەن چاودێرانی پەیمانکارەوە دەستنیشان دەکرێن و لە دژیان توندوتیژییەکی زۆر لە بە کار دەهێنرێت [52].

منداڵانی زبڵگەڕ ئەم جۆرە توندوتیژییەیان لە لایەن ســـەرپەرشـــتیارانی ناوەندی ڕیسایکین یان پەیمانکاران زۆر بەئەزموون دەکەن کە لە ڕاستیدا شێوازێکە بۆ ڕێگری و پێشـــگری لە چالاکیی منداڵانی زبڵگەڕ لە ناوچەکەدا. لەم ڕووەوە منداڵێکی زبڵ گێڕایەوە:

| |
|---|
| هەرکەســـێک بۆ کاری قاچاخچێتی بێتە ئێرە دەســـتگیر دەکرێ و ســـەرکۆنەی دەکەن؛ دەیبەنە ڕیسـایکلین، ئاو دەکەن بە سـەریدا، زیندانی دەکرێن. لە منیشـیان دا. بەڵێ، جارێک ... وتی: وەرە. گوێت دەبڕم. |

لە ڕۆژانی سـەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنادا لە بەشـی کۆکردنەوەی زبڵ لە دژی کاری منداڵان ئاستەنگێکی زۆر دروست کرا و لەم ڕووەوە بەو ڕێوشـوێنانەی کە شـــارەوانی گرتیەبەر، ماوەیەک منداڵان کۆکردنەوەی زبڵیان لێ قەدەغە کرا، بەڵام وەکوو زۆرێک لە ڕێکارەکانی دیکە، ئەم پلانەش بە ئامانجی دیاریکراو نەگەیشـــت و منداڵەکانیش جارێکی دیکە بە نیازی کۆکردنەوەی زبڵ ڕژانە سەر شەقامەکان.

لە بازاڕیشـــدا، لەوانەیە ئەو منداڵانەی بە داشـــقە (عارەبانە) کار دەکەن زۆر لە کاربەدەستانی دام و دەزگا جێبەجێکردنکارەکان بەتایبەت بەرپرسانی شارەوانی نزیک بن کە ئەزموونی کۆمەڵێکیان ئەزموونی ئاســتەنگی بەر دەم کار و توندوتیژی بوو. لەم بەشەدا پەیمانکاران (بەڵێندەران)ـــی شارەوانی بۆ داشقەکان تابۆ دابین دەکەن و تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن لە بواری بازاڕدا چالاکی بکەن و بار بگوازنەوە کە داشقەیان هەیە. بەو پێیەی بەشــێک لە منداڵانی پەنابەر بەڵگەی ناســنامەیان نییە، توانای دابین‌کردنی تابۆیان نییە و ناچارن داشـــقەی بێ‌تابۆ بۆ گواســـتنەوەی بار بە کار بێنن. ئەمەش ناڕەزایەتیی کەســـانێکی لێ دەکەوێتەوە کە بە شـــێوەی فەرمی‌تر بار دەگوازنەوە، واتە خاوەن داشـــقە یان یان عارەبانە تابۆدارەکان. بۆیە پەیمانکارەکان ڕێگری لە چالاکیی داشـــقە بێ‌تابۆکان دەکەن. منداڵێک کە لە گەڕەکێکی گەورەی بازاڕدا کاری کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە:

> جارێکیان ویســتیان داشــقەکەم لێ بســتێنن. کۆمپانیای ڕیســایکلینگ دەیوت تابۆت نییە. پێریێ بوو، دوێنێ بوو، لە بیرم نییە. بارەکەم لێ بســـتێنێ، کەســـم نییە یارمەتیم بدا، هەر خۆمم.

لە میترۆدا زۆر جار پاســـەوانانی میترۆ ڕێگری لە کارکردنی منداڵان دەکەن و لەوانەیە لە کاتی ڕێگری لە کار توندوتیژییەکی زۆر دژی منداڵان بە کار بهێنێن چونکە پێیان وایە ژمارەی زۆری منداڵانی کار لە میترۆدا دەردەسەریان بۆ ساز دەکات. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا هەندێ گەڵاڵە بۆ ڕێگری‌کردن لە چالاکیی دەستگێڕان و منداڵان لە میترۆدا جێبەجێکردن دەکرێ و ئاستەنگ دەخەنە بەر دەم منداڵان و وەک باس کرا توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان دەســەپێنن و یان کەلوپەل و شــمەکەکانیان بە زۆری لێ دەستێنن. یەکێک لە منداڵە کۆچەرەکان باسی ئەمەی کرد:

> یەکەم جار کە کۆرۆنا هات، نەیاندەهێشت ئێمە ئیش بکەین. ئەفسەری میترۆ هاتە لام و بە زۆری لە ناو شەمەندەفەرەکە منی بردە دەرەوە؛ ئادامس و بنێشتەکانمی برد و وتی جارێکی دیکە بەیتە ئێرە، قژت هەڵدەپاچم.

هێزە ئینتزامییەکانیش بە پێی هەندێک یاســـا، وەک کۆکردنەوە و گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی لە هەندێک گەڕەک و ناوچەدا منداڵ دەدۆزنەوە و دەیانگەڕێننەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ژمارەیەک منداڵی پەنابەر بەم شێوە ئەمەیان گێڕاوەتەوە:

| |
|---|
| پۆلیس دەمانگرێ و دەمانگرێ و دەماننێرن بۆ ئەڤغانستان سێ جار هاتووم؛ دوو جار دەستگیر کرام ناردمیانەوە بۆ ئەڤغانستان. |

| |
|---|
| ئەرێ جارێکیان منیان گرت، ڕام کرد. منیان برد ڕیپۆرتم بکەنەوە. جارێکیان ڕیپۆرتیان کردمەوە، دیسان گەڕامەوە. |

| |
|---|
| من نا، بەڵام کاکم با گرتیان؛ لە دوو ساڵ سێ ساڵ لە خۆم گەورەترە. جارێکیان منیان گرت مینش بەڵگەنامەکەم برد، فۆتۆکۆپیم کرد، خستمە گیرفانم. ئیتر حەقیان بە سەرمەوە نییە، ئیتر نامگرن. چونکە زانیاریی ناسنامەکەم لە ناو کۆمپیوتەردایە، ناوی خۆم و پاشناوەکەم. |

ئاستەنگ و توندوتیژی و بەربەستی سەپێنراو بە سەر منداڵان لە هەندێک کاردا دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بەرەو کاری مەترسیدارتر دنە بدرێن. ئەم داپەڕانە بە گەشتی نابنە هۆی کۆتاییهاتنی کاری منداڵان، چونکە لە بری هۆکارەکانی کاری منداڵان، واتە هەژاری و دابەشکردنی نایەکسانانەی دەرفەت و پشتیوانی هەمەلایەنە لە منداڵان، خودی منداڵەکانیان کردووەتە ئامانج. هەمان ئەو هۆکارلنەی کە بوونەتە هۆی کاری منداڵ ئەم جارە دەبنە هۆی گواستنەوەی منداڵەکە لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، کە ڕەنگە زۆر لە کارەکەی پێشوو مەترسیدارتر بێت.

بۆ وێنە لەوانەیە ئەو منداڵانەی لە سەر شەقامەکان کار دەکەن لە بەر ئەوەی کە کارەکانیان لە بەر چاوە زیاتر بکەونە بەر گەڵاڵەی کۆکردنەوە و قەدەغەی کار و بە هۆی ئەوەی چەند جار دەستگیر کراون، لەوانەیە کارەکانیان بگۆڕن و بچنە ناو کاری دیکە، کە ئەزقەزا مەترسیی زیاتریان بۆ دروست دەبێت. منداڵێک کە لە سەر شەقام کاری دەکرد سەبارەت بە ئەزموونی گۆڕینی کارەکەی بە هۆی دەستگیرکردنیەوە وتی:

| |
|---|
| لە پێشدا فیلمم دەفرۆشت، ئینجا چومە مەیدانی پوونەک گۆرەویم دەفرۆشت. ئەو کات وا نەبوو. شارەوانی لێی دەداین، جارێکیان بێهزیستی زۆر خراپ لێیداین [زەردەی دێت] ئیتر وتمان وا نابێت. ناکرێ لەگەڵیان تێوە بگلێین. ئیتر چووینە کاری قوڕەکاری. کە چووین کاکم بەر بۆوە. تووشی کێشە هات، ئیتر نەچووم. گەچکارەکە لە بەرزایی بەر بۆوە پشتیان نەشتەرگەری کرد. ئیتر نەچووم. ئیتر چووم بۆ سافکاری. حەزم لەم کارەیە. نزیکەی چوار پێنج مانگ لە قوڕەکاری و |

بیناسازی ئیشم کرد. بەڵام براکەم لە مێژە. نزیکەی دە ساڵە گەچکارە، ئەو لێی نەهاتە دەرەوە.

لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا منداڵان تووشی جۆرێک یان جۆرەکانی سنووردارکردن و قەدەغەکردن دەبن. قەدەغەکردنی کاری منداڵان بەو مانایەیە کە منداڵ نابێ کار بکا، کە بە دڵنیاییەوە کارێکی بەسوودە، بەڵام مرۆڤ دەبێ بیر لە میکانیزمەکانیشی بکاتەوە و ئەو جۆرە میکانیزمانە بۆ کۆکردنەوە یان ڕێکخستن وەکوو پلانەکانی ئێستا کەم نەکاتەوە. لەم گەڵاڵەدا، منداڵان لەوانەیە دەستگیر بکرێن و لە ناوەندەکانی بێهزیستی بۆ ماوەیەکی کورت یان زیاتر ڕابگیرێن و لە کۆتاییدا بەڵێننامەیەک کە لە خێزلنەکانیان لە سەر بنەمای کارنەکردنی منداڵەکە وەردەگیرێ و بەڕەڵا یان بکەن؛ ئەم جۆرە داپەڕانە ناتەواون و ڕەگ و ڕیشەی کاری منداڵان وشک ناکەنەوە. دەرەنجامی ئەم جۆرە داپەڕانە – وەک پیشان درا – ئەزموونی توندوتیژی لە لایەن منداڵانەوە، دەستبەسەرکردنی کاتییان لە ناوەندەکانی بێهزیستی و دواجار بەڕەڵاکردنیان و دووبارە چوونە ناو سووڕی کارە.




وێنەی ڕێکخراوی یاسر لە گەڵاڵەی ڕێکخستنی منداڵانی کار و سەرشەقامی ساڵی 1398 هەتاوی (وێنە هەواڵدەریی ئیسنا)

## لێکەوتە و مەترسییەکان
## مەترسییەکانی کاری منداڵان لە جۆرە جیاجیاکانیدا

بە پێی مادەی 3 کۆنوانسیۆنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار قەدەغەکردن و داپەڕی دەستبەجێی بۆ نەهێشتنی "خراپترین جۆری کاری منداڵان"، کاری مەترسیداری منداڵ بەم شێوە پێناسە کراوە: "کارێک کە بە هۆی سروشتەکەی یان ئەو بارودۆخەی کە منداڵ تێیدا کار دەکا لەوانەیە زیان بە تەندروستی، ئاسایش و ئەخلاقی منداڵان بگەیێنێت." [53] بە تایبەتی مەترسییەکانی کاری منداڵان لە ئەنجامی بارودۆخی مەترسیدار یان ناتەندروستی کارکردنەوە سەر هەڵدەدا، کە دەتوانێ ببێتە هۆی مردن، بریندار بوون یان نەخۆشکەوتن و لە ئەنجامدا لاوازیی ستانداردەکانی خۆپارێزی و تەندروستی، و تەدارکاتی کار. ئەم مەترسییانە لەوانەیە ببنە هۆی کەمئەندامی هەمیشەیی منداڵەکە کە لە ئەنجامدا لاکەوتەیی و زیانبەرکەوتنی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی منداڵەکەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن کە زۆربەی ئەو مەترسی و کێشانەی پەیوەستن بە کارەوە کە منداڵان بەئەزموونی دەکەن لەوانەیە تا تەمەنی گەورەیی خۆیان دەرنەخەن. [54]

وەک منداڵان و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) ئاماژەیان پێ کردووە، زۆر جار دایک و باوکی ئەم منداڵانە، بەتایبەتی باوکیان، لە تەمەنی مامناوەندا خانەنشین دەبن و ئەم خانەنشینکردنە یان ناچار بە خانەنشینبوونە بە هۆی ئەو ماندووبوون و لێکەوتانەیە کە لە منداڵیدا تووشی بوون.

بەپێی خەملاندنەکان ٧٣ ملیۆن منداڵ لە نێوان پێنج بۆ هەڤدە ساڵدا لە کەرتە جیاجیاکانی وەکوو کشتوکاڵ، کانگا، بیناسازی، بەرهەمهێنان، هەروەها لە کەرتەکانی دیکەی وەکوو زبڵگەڕی، بازاڕ، چێشتخانە و شەقامەکان کار دەکەن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار مەزەندە دەکا ساڵانە نزیکەی ٢٢ هەزار منداڵ لە پیشە جیاوازەکاندا دەمرن و ژمارەی بریندارەکان یان ئەو کەسانەی کە نەخۆشن نەزانراوە. ئەم ڕێژەیە لە ئەفریقا و ئاسیا لە چاو کیشوەرەکانی دیکە زیاترە [55].

لە وڵاتی ئێرانیشدا ساڵانە زۆر منداڵ لە شوێنی کار و لە بێدەنگیی میدیای سەربەخۆ و ئازاددا دەمرن یان کەمئەندام دەبن و وەک زۆرێک لەو کۆمەڵگایانەی دیکە کە کاری منداڵانیان تێدا باو بووە، هیچ ئامارێکی ورد لە سەر مردن و کەمئەندامبوونی منداڵانی کار بوونی نییە. هەروەها دەرەنجامە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوەش

دەریانخست کە لە جۆرە جیاوازەکانی کاردا منداڵان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک مەترسی دەبنەوە کە لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا حەڕەشە لە تەندروستییان دەکات. هەندێک جار سروشتی کارکردن تەندروستیی منداڵەکە دەخاتە مەترسییەوە، وەک بڕینی ئەندامانی جەستە بە هۆی بەکارهێنانی هەندێک ئامێرەوە، هەندێک جاریش بارودۆخی کارکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵەکان، وەکوو بەرکەوتنی گەرما و سەرمای زۆر یان مادەی ژەهراوی لە هەندێک کاردا. هەندێک چالاکیی دیکە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بۆ منداڵ مەترسیدارن و زیان بە تەندروستیی دەروونیی دەگەیێنن. هەروەها هەندێک کار مەترسییان زۆر و لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانن و هەندێکیشیان کەمتر مەترسییان هەیە. لە درێژەدا هەر یەک لە جۆرەکانی کاری منداڵان (کە لەم توێژینەوەدا لێکۆڵینەومیان لە سەر کراوە) و مەترسییەکانیان باس دەکرێن.




چارتی ژمارە 22-3: دابەشکاریی منداڵان بە پێی جۆری مەترسییەکانی کار (N=211)




چارتی ژمارە 23-3: دابەشکردنی مەترسییەکان بە پێی ڕێژەی توندییەکەیان (N=211)

**کارکردن لە مارکێتی مادەی خۆراکی یان دووکان:** لە ناو ئەو مەترسییانەی کە حەڕەشە لە منداڵان دەکا لەم جۆرە کارەدا، دەتوانین ئاماژە بە ماوەی کارکردنی درێژ و ماندووبوونی زۆر، گواستنەوەی باری زۆر و قورس و لە هەندێک حاڵەتدا کارکردن بە دوور لە خێزان و خەوتن لەناو دووکان بکەین.

منداڵان هەندێک جار لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە هەتا نیوەی شەو کار دەکەن، هەرچەندە لەوانەیە لە نێوان کاتژمێرەکاندا پشوویەک وەربگرن. لە وەڵامی پرسیاری مەترسییەکانی کارکردن لە مارکێتی مادەی خۆراکی، منداڵێک کە لە گەڕەکی سەعادەتاباد کار دەکا بەم شێوە وەڵامی دایەوە:

> بەشە سەختەکە لێرەدا ئەوەیە کە دەبێ لە بەیانی زووەوە هەتا درەنگانی شەو ئیش بکەیت؛ زۆر لە سەر پێی خۆتیت. لێرە، هەمووان دیلن، تەنیا دەبێ بار بگوازمەوە، تەلیسی برنج، سۆدە، ناخۆشە ئیتر.

لە هەندێ کاری دیکەدا، وەک قەسابخانە یان مریشکفرۆشی، بە هۆی ئەوەی منداڵان بە چەقۆ کار دەکەن، ئەگەری ئەوەی کە دەستیان ببڕن زۆرە و زیاتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە زیان بە خۆیان بگەیێنن.

> منداڵ بووم، لە قەسابییەکدا یاریم دەکرد، بەم شێوەیە چەقۆم لێ دەدا. لە هۆشم چوو، شەقێکم لە دەستم دا، سەیر بکە. پاشان چوومە لای دکتۆر.

**کارکردن لە مەیدانەکانی سەوزە و میوە:** منداڵان لەم کارەدا تووشی مەترسیی جۆراوجۆری جەستەیی و تەندروستی و دەروونی و ئەخلاقی دەبنەوە. گرینگترین مەترسییە پیشەییەکانی ئەم پۆلە کارانە بریتین لە دووریی لە خێزان، کاتژمێری کارکردنی درێژ و ناڕێکوپێک، گواستنەوەی بار، شەوکاری، وەستانی زۆر و ئازاری پێ، بارودۆخی تا ڕادەیەک نەگونجاوی نیشتەجێبوون، ماندوویێتی و لاوازیی لە ڕادەبەدەر بە هۆی درێژخایەنبوونی ماوەی کارکردن و کارکردن لە شەودا، فێربوونی هەندێک ڕەفتاری مەترسیدار وەکوو بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و کحول یان پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار لە شوێنی کار، گواستنەوەی باری قورس، بەرگەگرتنی لە هەمبەر سەرما و گەرمای شوێنی کار و ژیان، بڕینی دەستەکان لە کاتی پاککردنەوە و ئامادەکردنی هەندێک بەروبوومی وەکوو کاهوو و هتد. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە هەندێک لە مەترسی و سەختییەکانی ئەم کارانە دەخەنە ڕوو:

| |
|---|
| کاتژمێری کارکردنمان نییە، بۆ وێنە کاتژمێر یازدە و دوازدەی شەو بار دێ، لە خەو هەڵدەستین و بەتاڵی دەکەینەوە. پاشان جارێکی دیکە سەعات یەک و نیو و دوو بار دێتەوە. سێ و چوار جاری دیکە بار دێتەوە. پێنج و نیو و شەش جارێکی دیکە بار دێتەوە. ڕۆژانی پێنجشەمە کە لە هەموویان قەرەباڵغتر دەبێ، بەیانیان هەر بار دادەگرین. |

| |
|---|
| خۆی، گواستنەوەی ئەم هەمووە بارە قورس سەختە. دەبێ کیسەیەکی ٥٠ کیلۆیی پەتاتە و فاسۆلیا بگوازیتەوە کاهوو قورسە؛ سندووقەکان بزماریان پێوەیە، لەوانەیە شوێنێکی لەشت بریندار بکات. |

| |
|---|
| سەختیی کارەکانمان ئەوەیە کە زۆر بە ڕێگاوە دەڕۆین. ئێستا، ئەمڕۆ، خولەکێک پشووم وەرگرتووە هاتمە ئێرە .... ئیتر سەختیی ئیشەکەمان ئەوەیە کە دەبێ بە کۆڵ باری قورس هەڵبگرین. |

**دەستفرۆشی لە سەر شەقامەکان یان گواستنەوەی گشتی وەکوو میترۆ:** ئەو منداڵانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانی وەک میترۆ و پارک و شەقامەکاندا سەرقاڵی چالاکییەکانی وەک دەستفرۆشی، سڕینی شووشە، ئەسپەندەرسووتاندن، سواڵکردن،

گۆرانی‌چڕین و ژەنینی ئامێرە مۆسیقاییەکانن، هەرچەندە لەوانەیە مەترسیی جیدی وەکوو کەمئەندامی حەرەشەیان لێ نەکا، بەڵام کارەکەیان چەندین مەترسیی گەورەشیان لە سەرە. یەکێک لە مەترسییەکانی پیادەڕەویی دوور و درێژ لە درێژەی ڕۆژدا لەکاتی دەستگێڕی لە مێترۆ یان بەردەوام وەستانە. لەم کۆمەڵە ئەرکەدا منداڵان هەندێک جار شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن و لەوانەیە ئازاری یەکتر بدەن. گێڕانەوەی ژمارەیەک منداڵی دەستگێڕ لە میترۆدا سەبارەت بە مەترسی و سەختیی کارەکانیان بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| قاچم دێشێ، ئیتر دێم. قاچم زۆر دێشێ، سەختە. |

| |
|---|
| کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر کار نەکەین ناچارین هەتا درەنگانێ لێرەوە هەتا ماڵی خۆمان بۆ ماوەیەکی زۆر دوور، دوو کاتژمێر، یەک کاتژمێر وەدرەنگ دەکەوین، کاتژمێر یازدە دەگەینە ئەوێ. بۆ وێنە دایکم دەمەقاڵێم لەگەڵ دەکا، بۆ دوا دەکەوی، زووتر وەرە. پاشان ئەگەر زووتر بڕۆین لە بەر ئەوەی کارمان نەکردووە، دیسان شەڕمان لەگەڵ دەکاتەوە و پێمان دەڵێ بۆچی هاتی؟ |

| |
|---|
| ئەو کابرایە کە دەڵێ بڕۆنە دەرەوە. بڕۆنە دەرەوە. |

| |
|---|
| دەبێ هەر بە ڕێگاوە بی و بڕۆی. |

| |
|---|
| چی بکەین؟ دوو کاتژمێر بەڕێوەین.کلینییکس بکڕە، کلینێیکس بکڕە، خوێن و ئارەقەمان تێکەڵ دەبێت. |
| لەبەر ئەو گەرمایە دەبێ هەر بە ڕێگاوە بین، ناخۆشە. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە لاماندا تێدەپەڕن جوێنمان پێ دەدەن. |

هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە سەر شەقامەکان کار دەکەن ڕووبەڕووی ئەم کێشانە دەبنەوە. ئەوان لە پاڵ ئەوەی بە ڕۆژدا مەودایەکی زۆر دەبڕن و یان بە پاوە دەوەستن، ڕووبەڕووی کێشەی دیکەی وەکوو سەرما و گەرما، هەڵمژینی دووکەڵی مادەی کیمیایی بە هۆی سووتانی لێنتی تورمیز و لاستیک دەبنەوە. یەکێک لەو منداڵە دەستگێڕانەی کە لە شەقامی موتەهەری کاری دەکرد، گێڕایەوە:

| |
|---|
| هەر دەبێ لە نێوان ئەم ئۆتۆمبێلانەدا بە ڕێگاوە بی، دووکە هەڵبمژی لە بەیانییەوە تا شەو لە بەر خۆر دەسوتێی. ئەو تاوە زۆر ئازارمان دەدا. لە زستاندا لە سەرما قڕمان دێ، هاوین بە گەرما دەپیشێین. ئێستا هەمووئەمانە بە لایەک، لانیکەم شتێکت پێ بدەن مرۆڤ دڵخۆش بکات. دەچێتەوە ماڵەوە بڵێ لانیکەم شتێکمان بۆ ماڵەوە کرد. هەندێ جار ئێستا لە دڵی خۆمدا بیر دەکەمەوە خودایە بۆچی وەک مرۆڤ هاتینە دونیا؛ ئێمە ئازاری یەکتر دەدەین، بە هیچ شێوەیەک چاومان ناکەینەوە. ئەگەر خراپەمان کرد، پێویستە بیر لە خۆمان بکەینەوە. |

هەروەها ئەم گرووپە تووشی هەندێک زیانی جەستەیی دیکە وەکوو ئەگەری ڕووداو و کەوتن و برینداربوون لە سەر شەقام بە هۆی یاریکردن و هاوشێوەکانی دەبن. ئەزموونی یەکێک لەو منداڵانە بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| جارێک لێرە بووم ئۆتۆمبێلێ جنێوی پێداین. هات و ڕۆیشت، پەنجا هەزارییەکی پێدام، وتی ببوورە. ئێمە چووینە ئێرە، کەوتم؛ پام گیری کرد، کەوتم، خوێنم لێ هات. ئێرەم خوێن لێ هات. |

هەروەها دوو دەستفرۆشی سەر شەقام ئەزموونەکانیان خستەڕوو:

| |
|---|
| ئەو پیاوە کە لە چێشتخانە ئیش دەکا بێزارمان دەکا، ڕێگەمان پێ نادا ئیش بکەین؛ دەڵێ لێرە ڕامەوەستن. شتە سەختەکەی دیکە ئەوەیە کە چیتر لێمان ناکڕن. ئەم ڕێگا ڕۆشتن و گەرما و ئەمانە زۆر بێزارت دەکات. |

| |
|---|
| هەوا گەرمە، بازاڕ جووڵەی نییە، ئیتر بڵێین چی. |

مەترسییەکی دیکە کە ئەم منداڵانە ڕووبەڕووی دەبنەوە، مەترسییە دەروونی و ئەخلاقییەکانە. بۆ وێنە کاتێک منداڵێک لە سەر فرۆشتنی شتومەکەکەی بە مشتەرییێک پێداگری دەکا، یان لە شوێنی کارەکەی تووشی توندوتیژیی زارەکی دەبێتەوە، یان لە هەمووی گرینگتر پێشنیاری سێکسی لە هەندێک شۆفێر یان کەسانی دیکە وەردەگرێ، ڕووبەڕووی چالنج و هەستی نەرێنی دەبێتەوە. توندوتیژیی جەستەیی و دزیکردن لە یەکتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسایەتیی منداڵەکان بە باشی گەشە نەکا و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کە توندوتیژییەکان بەرهەم بهێننەوە و مەیلی بێئەخلاقی

لە کەســـایەتییاندا بیچم بگرێت. چەند کەســێک لەو منداڵانە ســەبارەت بەو توندوتیژییانەی کە بەئەزموونیان کردووە وتوویانە:

کێشـــەکە زۆرە. بۆ وێنە ئازاری ســێکســی لە پارکدا زۆرە، بەتایبەت کاتێک دەستگێڕی دەکەین. دوای ئەوەی بە زەحمەت ئیش دەکەین، زەحمەت دەکێشین، شـــەوانە دەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، پارەکانمان لێ دەڕفێنن. ئەوە بۆ من ناخۆشـە کە لە بەیانییەوە تا شـەو لە بەر خۆردا بەردەوام دەڕۆم، کەسێک دەیهەوێ گیرفانم بڕووتێنێتەوە. بێگومان ئەمەم بە ســـەر هاتووە؛ زۆر گیرفانیان ڕووتاندوومەتەوە، هەرچەند قەرەبووم کردنەوە، منیش دزیم لێ کردن. دەمزانی کێن، هاوڕێکانم بوون. من هەر کەس کە بیهەوێ زیانم پێ بگەیەنێ، ئەگەر بزانم کێیە، کۆڵ نادەم؛ واتە ئەگەر ئەم زەوییە دەمی بکاتەوە و بچێتە ژێر زەوی، من لە کۆڵی نابمەوە.

کار ئەمەیە ئیتر، سـووکی و قورسـی هەیە. جار ئەگەر کار بکەی باشـە؛ دەڵێی ئیشـم کردووە، پارەم پەیدا کردووە. کاتێک مرۆڤەکان ناو و نیتکە دەخەن قسـەیەک دەپەڕێنن و دەڕۆن، ئێمە هیچ گرینگی پێ نادەین.

من خۆم چەندین جار شـــەڕم کردووە، هەر ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تێدەپەڕن. بۆ وێنە ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی شـاسـی بڵیند تێپەڕی، شـووشـەکەیم سـڕی. پاشـان شـووشـەکەی دابەزاند و جنێوی پێدام. وەڵامم داوە. من ئەو کەسـە نیم کە شـتێک بڵێن و وەڵام نەدەمەوە. هەرچی بڵێ وەڵامی دەدەمەوە.

جارێک کابرایەک پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەی دابەزاند. پاشان منیش تووڕە بووم، لە شـووشـەکەم دا و شـکاندم. پانتۆڵەکەی داکەندبوو. لە ترسـا ڕۆشـت. جارێک پیاوێک لە نازیئاباد ڕایگرت، ویسـتی بە زۆر بمخاتە ناو سـندووقی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە، بەڵام من ڕام کرد.

**گواســتنەوەی بار بە داشــقە (عارەبانە):** یەکێکی دیکە لەو کارە قورسـانەی کە منداڵان ئەنجامی دەدەن گواسـتنەوەی بار بە داشـقە (عارەبانە)یە. جگە لە هەندێ پرس، وەک قەپاتکردنی سـەرەڕێکان و مشـتومڕکردن لەگەڵ کەسـانی سـەر

پیادەڕەوەکان و گرژی و شــەڕ و ئاڵۆزییەک کە لە کاتی کارکردندا لە نێوان منداڵاندا سـەر هەڵدەدەن، یەکێک لە مەترسییە سـەرەکییەکانی ئەم کارە زۆر ڕۆشتن لە درێژەی ڕۆژ لەگەڵ گواسـتنەوەی باری قورسـە. بۆ منداڵێک کە هێشـتا ئەندامەکانی لەشـی بە باشــی گەشــەیان نەکردووە و لە گەشــەکردندان، گواســتنەوەی باری قورس دەتوانێ گەشـەی جەستەیی تێک بدا و زیان بە بڕبڕەی پشـت و ئێسکەکانی دیکەی بگەیێنێت. ئەم منداڵانە زۆر لە شــەقامە قەرەباڵغەکانی ناوەندی شــاردا کار دەکەن و هەر بۆیە لەوانەیە وەک چەرچی و منداڵانی سـەر شـەقامەکان لەگەڵ شـۆفێرانی دیکە تووشــی دەمەقرێ و تێهەڵچوون ببن. هەروەها لە درێژەی ڕۆژدا بەرکەوتنیان لەگەڵ شــتی جۆراوجۆری پیسـکەر دەبێ و بڕێکی زۆر دووکەڵ هەڵدەمژن. کۆمەڵێک لەو منداڵانە مەترسییەکانی کارەکەیان بەم شێوە گێڕاوە:

لەم گەرمایەدا تۆنێک دەخەیتە سەر داشقە، ئارەقە دەکەی، دەکێشی، ناخۆشە.



وێنەی منداڵێکی عارەبانەچی لە بازاڕی گەورەی تاران (وێنە: توێژەر)

کرێکاری لوڕ و کورد زۆرمان هەراســان دەکەن؛ ئەگەر بارمان هەبێ ناهێڵن، دێن دەڵێن ئێمە ئێرانین. دەڵێن وڵاتی خۆمانە. کەڵەگایی دەکەن وڵاتی خۆیانە.

بێ‌تاقەتین داشقە، ئەم داشقە، داشقەچێتی ناخۆشە.

زۆر شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکان دەکەم. خۆیان جوێن بە خەڵک دەدەن. بۆ وێنە تۆ تێدەپەڕی، پاڵت پێوە دەنێن یان لە داشقەکەت دەسرەوێنن؛ بارێکی هەیە، لە داشقەکەت دەسرەوێنێ، داشقەکەت فڕێ دەداتە ئەو لا.

هەراسان دەبی، بارەکە قورسە. مرۆڤ زۆر بێزار دەبێ، بارێکی قورس. لە ماڵدا ماندوو دەکەوی. دەبێ کاتژمێر نۆی بەیانی هەستی و بێیتەوە ئێرە.

ڕۆنی بیست کیلۆ و برنجی چل کیلۆیی دەگوازمەوە، شەکری ٥٠ کیلۆیی. هەموویان قورسن، مرۆڤ دەپڕووکێت.



وێنەیەکی منداڵێک لە بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا دەخولێتەوە (وێنە: توێژەر)

کارکردن لە کارواش (شوشتنی ئۆتۆمبێل): ئەو مەترسییە سەرەکییانەی کە منداڵان لە کارواشدا ڕووبەڕووی دەبنەوە بریتین لە کاتی کارکردنی درێژخایەن و کەمخەوی، کارکردن بە ڕاوەستاوی، هەڵمژینی بۆنی پاککەرەوە و کارکردن بەو پاککەرەوانە، هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا کەمئەندامی کە بە هۆی ئەوەی نەزانین و نەتوانینی لە بەکارهێنانی کەرەستەی کارکردن. گێڕانەوەی ئەو منداڵانەی کە لەم

کەرتەدا کاریان دەکرد سەبارەت بە مەترسییەکانی کارەکەیان بەم شێوەیە بوو:

یەکێکیان تازە گەیشتبوو، لە سۆندەکەی دا، لە چاوی خۆی دا، چاوی کوێر کردبوو؛ هێشتا لە نەخۆشخانەیە.

ئەیچی سەختیشە؛ ئێمە لە حەوتی بەیانییەوە تا دەی شەو ئیش دەکەین، هەمووومان لە سەر پێین. هەمووی هەر ئاوە، بۆنی کەف پیاو قڕ دەکات.

پاکژی دەکەینەوە، ئۆتۆمبێلەکەی بۆ گسک دەدەین. هەندێ جار شتێک دەپەڕێنن مرۆڤ ناڕەحەت دەبێت. خاوەنکارەکەم هەندێک جار بە خراپ هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات.

**زبڵگەڕی:** زبڵگەڕی زبڵ یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵانە. منداڵان لەم جۆرە کارەدا مەترسیی زۆر بەئەزموون دەکەن. گرینگترینیان بریتین لە: بڕینی دەست و پەنجەکان بە هۆی بوونی کەلوپەلی بڕێنەری وەکوو دەرزی و شووشە و هتد لەناو زبڵدا، دەستکردنە ناو زبڵی پیس و ڕزیو، هەڵمژینی بۆنی زۆر ناخۆشی زبڵدان بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، پیاسەی دوور و درێژ بە گواستنەوەی بار یان زبڵ بە کۆڵ، بەئەزموونکردنی هەموو جۆرە توندوتیژی و بوونە قوربانیی تاوان، نیشتەجێبوون لە شوێنە مەترسیدارەکان، کارکردن لە کەشوهەوای گەرم و سارد، کاتژمێرەکانی کارکردنی درێژخایەن و ماندووبوونی زۆر، چوونە ناو زبڵدان یان چەماندنەوەی زبڵدانەکان و ئەگەری ئەوە هەیە کە زبڵدانەکە بەسەریاندا بکەوێ و لە هەمووی گرینگتر ئەو ئازارە دەروونییەی کە لە ئەنجامی ئەم کارەدا تووشی دەبن. گێڕانەوەی هەندێک منداڵی زبڵگەڕ سەبارەت بە مەترسی و سەختیی کارەکانیان بەم شێوەیە بوو:

کێشەیەکی دیکەی کە هەیە بێخەوییە، ناچاری زۆر بە پێ بڕۆی؛ هەر دەبێ ئەم زبڵانە بە کۆڵ هەڵبگری.

ئیتر کەمخەوی کابرا تووڕە دەکات.

بۆنی زبڵدان و خاشاک دەتخنکێنێت.

سـەختییەکەی ئەوەیە کە لە بەیانییەوە کار دەکەین، دە بەیانی هەتا نۆ شـەو. پاشـان بەیانی کاتژمێر شـەش هەڵدەسـتین بۆ کارکردن هەتا دە. ئێمە ناتوانین سـیمکارت بکڕین، پەیوەندی بە بنەماڵەکەمانەوە بکەین. بۆ وێنە نایلێکسـێک دەکەیتەوە، دەست دەیکەیتە ناوی، هەموو شتە ڕزیوێک دێتە ناو دەستت.

هەموومان دەسـتمان دەبڕدرێ؛ ئەم شـتە تیژانە دەسـتمان دەبڕن، ئەیچی. کە دەستم دەبڕێ، پەڕۆیەک دەدۆزمەوە، دەیبەستمەوە

ئێستا کە دەچینە سەر سەبەتەی زبڵ، ئەم ماسکانە لە زیادبووندان، ئێمەش کە دەستەوانەمان نییە دەستمان لێی دەکەوێت.

هەروەها یەکێک لە شارەزایانیش سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم کارە وتی:
ژینگەیەکی باش نییە، چونکە کاتەکانی کارکردن درێژە. بۆ زیادکردنی کاتەکانی کارکردنیان ناچارن ڕوو لە مادە هۆشـبەرەکان بکەن. لە بواری زبڵ و پاشـەڕۆدا، بارودۆخی تەندروستی دڵهەژێنە و چاودێریی گشتی بە سەر منداڵاندا ناکرێ، کە ئەم چاودێرییە لە سـەر شـەقام کەمە. لە گەراجەکاندا، کە منداڵانمان دەدواند، دەیانوت دۆخی کارگاکان خراپتر بووە. خراپتر بەو مانایەی کە خاوەنکار زۆر سـووکایەتی پێ کردوون و تەڵەکان لەم ڕووەوە باشترن.



وێنەیەکی زبڵی شاری کە لە لایەن منداڵانەوە لە ناوچەی جەنەتاباد کۆ کراونەتەوە (وێنە: توێژەر)

**کارگای دار و دارتاشـی:** ئەو مەترسییە گرینگانەی کە لەم کەرتەدا حەڕەشـە لە منداڵان دەکا بریتین لە: گواستنەوەی باری قورس، دەنگ و هەرای زۆری ژینگەی کارکردن، بڕین و کەمئەندامی بە هۆی کارکردن بەو ئامێرانەی کە منداڵەکە بۆ بەکارهێنانیان شـارەزا نییە. گێڕانەوەی ژمارەیەک منداڵ کە لە بواری کابینەسازی و مۆبیلیاتدا کار دەکەن بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| ئەگەر ئەم پەنجەم بچێتە ژێرەوەی دەبڕدرێت؛ زۆر بە خێرایی دەقرتێ، چونکە لار و گێڕە. لەم ڕووەوە زۆر کارێکی چەتوونە. |

| |
|---|
| جارێک زیانی گەیاند، قاچم کەوتە بەری. |

| |
|---|
| ئەمانە بەرز دەکەینەوە و لێرە دایدەنێین، سەختە. |

بەهۆی ئەوەی هەندێک ئامێر کارپێکردنیان زۆر قورسە و دەتوانێ زیانیان پێ بگەیێنێ، هەندێک لە خاوەنکارەکان ئاگاداری ئەم بابەتەن و ڕێگە نادەن منداڵەکە بەو ئامێرانە کار بکات. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە دارتاشیدا کار دەکا، ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| بەو ئامێرە دارتاشـییەی کە دەیبڕێ، ئەمە شـریتەکە دەبڕێ، دەبێ ئیش بە هەموویان بکەین. جارێک دەسـتی کاکمی بڕی؛ ویسـتی زبڵەکان کۆ بکاتەوە دەستی وەبەر کەوت .... ڕێگەم پێ نادرێ زۆر ئیشیان پێوە بکەم، خاوەنکار دەڵێ دەستت دەبڕیت. |



وێنەی هەرزەکارێک کە لە کارگایەکی دار لە گەڕەکی ئیسماعیلاباد کار دەکا (وێنە: توێژەر)

**گوڵفرۆشـی**: یەکێکی دیکە لەو کارانەی کە مەترسـی بۆ سـەر منداڵان دروسـت دەکا، کارکردن لە بازاڕەکانی گوڵ یان گوڵفرۆشـی لە سـەر شـەقامەکانە. بە گەشتی ئەم جۆرە کارە لە چاو کارەکانی دیکە کەمتر مەترسـیدارە و لە بەر ئەوەی زۆربەی منداڵان لەڕێگەی تۆڕی خزمایەتییەوە ڕادەکێشـی ئەم کارە دەبن، هەمیشـە ئاسـتێکی پاڵپشـتیی کۆمەڵایەتی وەردەگرن. لەم کارەدا بۆ منداڵان خۆشـە کە مامەڵە لەگەڵ گوڵدا دەکەن و چێژ لەم کارە دەبینن، بەڵام فرۆشتنی گوڵ لە سەر شەقامەکان وەک جۆرەکانی دیکەی کاری سـەر شـەقام مەترسـیدارە. گێڕانەوەی منداڵان سـەبارەت بە مەترسـی و ئەزموونە ناخۆشەکانی ئەم کارە بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| گوڵفرۆشی دەبێ هەر لەبەر خۆر بی سەختە. |

| |
|---|
| لێرەش دەبێ ئەم داشقانە بارەوبار بکەی، سەختە. |

| |
|---|
| من گوڵ دەکێڵم، ئەیچی ناخۆشە. |

| |
|---|
| دەبێ لە کاتژمێر چواری بەیانیەوە لە خەو هەڵبسـتین بۆ ئەوەی ئیش بکەین، ئەوە بەشە سەختەکەیە. |

| |
|---|
| ئەمە باشـە؛ کاتێک گوڵدانەکان (مەرەکە) دەگۆڕی هەسـتێکی جیاوازی هەیە. بۆ وێنە کاتێک خۆڵەکەی یان گوڵدانەکەی دەگۆڕی بە خۆت دەڵێی ئەم گوڵدانە مشتەری بیباتەوە بۆ ماڵەکەیان تا چەندە لەگەڵیدا دەژی. |



وێنەیەکی عەرەبانەی منداڵێکی گوڵفرۆش لە بازاڕێکی گوڵی مەحەلاتی (وێنە: توێژەر)

**کارکردن لە مادە خەسارچووەکان:** کارکردن لە کارگاکانی مادە خەسارچوودا چەندین مەترسی بۆ منداڵان لە خۆیدا هەڵگرتووە و گرینگترینیان بریتییە لە: گواستنەوەی پارچەی کانگا قورسەکان، ژاوە ژاوی زۆر لە کاتی کارکردن بە ئامێری هەوابڕین، ئەگەری برینداربوون و سووتان لەکاتی کارکردن بە ئامێری هەوابڕین، یان زیانلێکەوتن و برینداربوون بە هۆی جێگۆڕکێ‌کردن بە پارچە ئاسنییەکان. گێڕانەوەی ژمارەیەک منداڵ کە لەم کەرتەدا کاریان دەکرد سەبارەت بە مەترسی و سەختیی کارەکانیان بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| دەی ئەمانە قورسن، سەرەتا کە بەرزیان دەکەیتەوە زۆر قورسن. پارچە ئاسنەکان ببڕی باشە، بەڵام لە سەرەتادا سەختە. |

| |
|---|
| ئەم کارە زۆر مەترسیدارە. هاوڕێکانیشم بریندار بوون، خۆشمان بریندار بووین؛ پاڵ بە ئاسنەکەوە دەنێی، لە قاچت گیر دەکا، بە زەویدا دەکەویت. ئاوایە ئیتر. بە واتایەکی دیکە زیانت پێ دەگەیێنن، بریندارت دەکەن. |

| |
|---|
| من ئەم دەرگایانەم بڕی. دمیانهاڕم، هەندێک جار دەستەکانم بریندار دەبن، دەسوتێن. ئەمەتا. |

ئامێرێکی مەترسیدارە. بۆ وێنە شتێک دەخەیتە ناوی، دەستت وەبەری دەکەوێ، دەبێ زۆر وریا بیت.

**لەحیمکاری:** گرینگترین مەترسییەکانی ئەم کارە بریتییە لە ئەگەری سووتان بە هۆی کارکردن بە ئامێری هەوابڕ و لەحیمکاری، دەنگە دەنگی زۆر، تێکچوونی چاو بە هۆی کارکردن بە ئامێری لەحیمکاری و پزیسکی لەحیمکاری، کێشەی هەناسەدان و سییەکان بە هۆی بوونی گازی ژەهراوی لە کەوانە / لەحیمە ئەلیکترییەکان و کێشەی ئێسک و پروسک (ئۆرتۆپیدی) لە بەشی بڕبڕەی پشت بە هۆی دانیشتنی زۆر. گێڕانەوەی ئەو منداڵانەی کە لەم کەرتەدا کار دەکەن لە مەڕ مەترسییەکانی کارەکەیان بەم شێوەیە بوو:

سەختییەکەی ئەوەیە کە ئەم ئامێرە هەوابڕنە کاتێک ئاسن دەبڕی وریا نەبی دەسووتێی.

جارێک یەکێک لە هاوڕێکانم پریشکێک کەوتە چاوی، ئیتر نەیدەتوانی باش ببینێت. ئەوانەی گەورە دەبن، زۆرێکیان چاویان لاواز دەبێ، چاویلکە لە چاو دەکەن.

ئەوە قورسە؛ هاوەن بگرەوە .... لەحیمکاری ئازارم دەدا.




وێنەی مێرمنداڵێک کە لە کارگای لەحیمکاری گەڕەکی خەلەزیر کار دەکا (وێنە: هی توێژینەوەیە)

**کارکردن لە کێڵگە و مەزرا کشـتوکاڵییەکان:** کارکردن لە کێڵگەکاندا کۆمەڵێک زیانی وەکوو کارکردن لە بەر تیشکی خۆر، کە دەبێتە هۆی تووش‌بوون بە شێرپەنجەی پێســت، کارکردن بە کەرەســتەی کشــتوکاڵی، یان کارکردن بە ئامێری تیژ و بڕێنەر لەکاتی هەڵگرتن و کەپس‌کردنی سەوزە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، کەوتن لە سەر دار لەکاتی ڕنینەوەی هەندێک بەرهەمی باغ، ئازاری پشــت لە کاتی هەڵگرتنەوەی بەروبووم، نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و هتد. چەند منداڵێک کە لەم کەرتەدا کار دەکەن، مەترسی و سەختییەکانیان بەم شێوە باس کردووە:

| |
|---|
| ســەختییەکەی ئەوەیە کە لە هاویندا دەبێ بەردەوام لە بەر ئەم خۆرەدا ئیش بکەی، ئارەقە دەتخووسێنێ، پشت‌ئێشە ئازارت دەدات. |

| |
|---|
| من هەر ئیش دەکەم؛ ڕۆژانی هەینی دەچمە سەر کار، ناچمە هیچ شوێنێک. ئیتر کەس شار نابینێ زۆر ناخۆشە. |

| |
|---|
| جارێکیان دەســتی هاوڕێکەم لەو ئامێرەدا گیری کرد، پەنجەی زۆر بە خراپی بریندار بوو. |



وێنەیەکی مێرمنداڵان کە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی ڕێگای سەرەکیی ترانسفۆر کار دەکەن
(وێنەکە لە توێژینەوەکە وەرگیراوە)

**کارکردن لە کارگەکانی بلوورسازی:** کارکردن لەم کەرتەدا مەترسیی زۆری بۆ منداڵان هەیە. گرینگترینیان بریتییە لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ژینگەی کارکردن، بەرکەوتن بە مادە کیمیاییەکان و کوورە توێنەرەوەکان، دزەکردنی مادە کیمیاییەکان بۆ ناو لەش لە ئەنجامی فووکردنە ناو شووشە، کێشەی سییەکان و هەناسەدان، نەبوونی هەواگۆڕکێی گونجاو لە کارگاکاندا، سووتانی ئەندامەکانی جەستە وەکوو دەست، قاچ و سک، وشکبوونەوەی پێست و تەنانەت سینگ و مەمک بە هۆی گەرمیی ژینگەی کارکردن، فشارێکی زۆر بۆ سەر جەستە بە هۆی گواستنەوەی باری قورس، وەستانی زۆر لەکاتی کارکردن لە کریستاڵکردنی قاڵبکراو و ژینگەی کارکردنی نەپارێزراو. بە گشتی منداڵان لەم کارەدا ئامێری خۆپارێزییان نییە و تەنانەت زۆر کاری دیکەش کەرەسەکانی خۆپارێزیی وەکوو پێڵاو و جلوبەرگ و کڵاویان نییە. هەڵبەت جلوبەرگی خۆپارێزی بە هیچ شێوەیەک بۆ منداڵان نادوودرێ، جلوبەرگی خۆپارێزی و جلوبەرگی کاریش بۆ منداڵان لەبەردەست نییە. گێڕلنەوەی یەکێک لە منداڵانی سەر شەقام کە ئەزموونی کارکردنی لە کارگەی بلوورسازی هەبوو، سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم کارە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| جاران لە کارگەیەکی شووشە ئیشم دەکرد. شووشەکەم دەخستە سەر ئاسنەکە، بردم و خستمە ناو ئامێرەکەوە. ئافرەتەکان کۆیان دەکردەوە و دەیانخستە ناو کارتۆنێک. ئۆتۆمبێلێک دەهات و دەیبرد. لەوێ ٢٠٠، ٣٠٠، ٤٠٠، ٥٠٠، ٧٠٠ پارمیان پێ دەدام. پاشان هاتمە دەرەوە. ئینجا هاتمە ئێرە [ولتە کارکردن لە سەر شەقام و شوشتنی پەنجەرەی ئۆتۆمبێل]. لەوێ دەستەکانم سووتان [قۆڵی هەڵدەداتەوە و ئاماژە بە جێگا سووتاوەکانی سەر دەستی دەکات]. پاشان لەوێوە هاتمە دەرەوە. پاشان کاکم لەوێ کاری دەکرد، دەستی سووتا، هاتە دەرەوە. من زیاتر لەو ئیشم دەکرد. کارم کرد، دواتر هاتمە دەرەوە. بەیانی کاتژمێر چوار دەرۆشتم، کاتژمێر پێنج دەهاتمە ماڵەوە. |

منداڵێکی دیکەی کە لەم کەرتەدا کاری دەکرد لە بارەی مەترسییەکانی کارەکەیەوە وتی:

| |
|---|
| کاری من لەگەڵ ئەم مێلانەیە. دەستم چەند جارێک لە ناو کوورەکەدا سووتاوە. ئەوە سەرەتای کار بوو؛ من هاتم بۆ ئەوەی نازانم چی بکەم، درا لە دەستم و دەستم سووتا. |



وێنەیەکی منداڵانی ئیشکەر کە لە کارگەیەکی بلوورسازیی نەریتی لە گەڕەکێکی خێراباد کار دەکەن (وێنە: لە توێژینەوەکە وەرگیراوە)

**کارکردن لە کارگای بەرهەمهێنان:** منداڵان زیاتر لە کارگای جانتا و پێڵاو و جلوبەرگ و بەرگدووریی و کاری دەستیی دیکەدا کار دەکەن. گرینگترین مەترسییەکانی ئەم جۆرە کارانە بۆ منداڵان بریتییە لە: تێهەڵچەقینی دەرزیی مەکینەی دروومان لە سەر پەنجە، بڕینی دەست و پەنجە لەکاتی کارکردن بە مقەست، خێرایی توندی هەندێک ئامێر و تابشهێنانی دووقات بۆ هەماهەنگی لەگەڵ خێراییەکەی، کارکردن بە مادە کیمیاییەکان و مادە گڕگرەکان، ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە شوێنی کار بە هۆی بەکارهێنانی مادە سووتێنەرەکانی وەکوو چەسپی کیمیایی، گیرۆدەبوون لە ئەنجامی هەڵمژینی مادە کیمیاییەکان و چەسپەکان یان ڕاهاتن بە فووکردنە ناو ئەو شووشانە، بڕین و قرتانی ئەندامەکانی جەستە وەکوو دەست و قاچ، ئەنجامدانی کاری یەکپارچە و تێکچوونی مێشک، ڕاگواستنی بارە قورسەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کێشە ئەخلاقییەکان و لێکەوتەکانی لە سەر کەسایەتی و ڕەفتاری منداڵەکە، و بینینی هەندێک ڕەفتاری مەترسیداری وەکوو بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و کحول. بەشێک لەو منداڵانەی لەم کەرتەدا کار دەکەن، مەترسی و سەختییەکانی کارەکەیان بەم شێوەیە باس کردووە:

لە کارگەکانی پێشوودا دوو شاگردمان هەبوو، چواریان کاریان بە مەکینەی بەرگدووری دەکرد. ئینجا ئەم شاگردە دوو ڕۆژ جارێک دەچوو بۆ یانەی وەرزشیی سەبا. من کە هاتم کارم دەکرد، هەموو خێراییان زۆر بوو. ئینجا وەستا وتی ...

وەدوا کەوتی [بە تام و چێژەوە دەیگێڕاوە]. وتم من ناتوانم لە جێی ئەو شاگردەی کە نایەتەوە ئیش بکەم، وتی من نازانم. وەختێ لێرە ئیش دەکەی دەبێ دەست و بردت هەبێت. وتم ئیتر ئیش ناکەم ... . کار دەکەی خۆ کۆیلە نیت کە تابشتی زەخت و گووشار بێنیت.

دوو کەس بووین؛ واتە هەر دوو مەکینەی درووومان پێویستی بە شاگردێکە. ئەمە ئاساییەکەیەتی. بۆ وێنە لە شەوی جەژندا ئیشەکەت قورس دەبێ، بەڵام لە مانگە ئاساییەکاندا شاگردێکی بەردەست دەتوانێ بە تەنیا لە سەر مەکینەیەک ئیش بکات. بە دڵنیاییەوە کەس ناتوانێ کار لە سەر چوار مەکینەی درووومان بکات. من بەردەست بووم و چوار دانە مەکینەی درووومان هەبوو. بەیانییەکەی دیکە تا دوازدە بۆ دوازدە و نیو ئیش زۆر بوو. ئەویش کەوتە بۆڵە بۆڵە کە کاکە! بۆچی فریا ناکەوی. وتم ناتوانم لە جێی کاری یەکێکی دیکەش ئیش بکەم. وتی ئەگەر نەتوانی کار بکەی مەیکە. وتم ئێستا دەڕۆم و ئیش ناکەم. هەستام و هاتمە دەرەوە.

هەندێک جار بەڵێ بۆ وێنە بارێکی قورست پێ دەدەن و دەڵێن بەرزی بکەرەوە. ناتوانم بارێکی قورس هەڵبگرم، بۆ وێنە هەشتا کیلۆیی لەمانە .... من دەڵێم ناتوانم، ئەویش دەبۆڵێنێت.

لە کارەکەی پێشووم هاتمە دەرەوە .... شوێنەکەم گۆڕی، ویستم کۆتاڵەکە ببڕم، بە قەیچی دەستم بڕی. لەوێ وتیان بڕۆ ناتوانی.

دوو حەفتە لە کارگای دوورینی جلوبەرگدا ئیشم کرد، لە بازاڕی ئەرمەنییەکان. من هاتمە ئێرە بۆ کارگای درووومان. ئیتر سەخت نییە، یان هەر بە پاوەی، تەواو دادەهێزرێی. یان دەبێ هەر دابنیشیت یان بە پاوە ڕاوەستی. منیش لەوێ لە بەرهەمهێناندا بەردەست بووم، هەموومان دانیشتبووین. نازانم، جلوبەرگەکان ئاوەژوو بکە، سەری پەتەکان ببڕەوە، خۆ ئیش نییە، بە کەڵک نایە.

لەم بەشەدا باس لە گێڕانەوەی شارەزایانی بواری منداڵان دەکرێ، نوێنەرانی کار، هەندێ لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی کە لە پەیوەندیی لەگەڵ منداڵان لەم بوارەدا لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) کار دەکەن، و تێبینییە مەیدانییەکانی توێژەران لە

شوێنی کاری منداڵاندا تاوتوێ دەکرێت.

زۆربەی منداڵان کێشەی دەروونی و جەستەییان هەیە. ئەوان لە کارەکانیان ماندوو دەبن، تەنانەت هەندێکیان بە جۆرێک ماندوو دەبن، ناتوانن وانەکانیان باش ئەنجام بدەن. پاشـان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک دەسـتدرێژیش بکرێتە سـەریان، جا یان لە لایەن خاوەنکارەوە یان هەر کەسـێکی دیکە کە لەوێیە. لێیان دەدرێ، چونکە ئەو سـەرپێچی دەکا، بۆ وێنە کاری خۆی بە باشـی ئەنجام نادات. ئەم کێشـانەی تێدایە. بەڵێ بۆ وێنە لێیان دەدرێ، کە بۆچی ئیش ناکەی، درەنگ هاتی، درەنگ هاتی، ئەم بابەتانەش هەیە.

زۆر شـت، بەڵام ئەمانە ئەوانە بوون کە دەبوو پێشـبینیمان بکردایە، دەبوو بەدواداچوونمان بکردایە، دەبوو بەڵگەکان لای یەک دابنێین. بۆ وێنە کاتێک دەبینم گرووپێکی گەورە یان بچووک لەوێ لە کارگایەکدا نان دەخۆن و دەخەون، لە ڕووی کەلتووری و هزرییەوە مۆدێلێکی دیکەن. خاوەن خانووەکەی ژوور سـەریشـیان کاری قاچاخی دەکرد، مادەی هۆشـبەر؛ ئەو و هاوسـەرەکەی و کچەکەی هەموویان ئالوودە بوون. بۆ وێنە کچەکەی جگە لەوەی گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بوو، سـۆزانیش بوو. تۆ دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگریت لێرەدا هەموو شتێک ڕوو دەدات.

من بەش بە حاڵی خۆم وام پێ باشـە منداڵ لە سـەر چوارڕێیانەکلاندا ئیش بکا نەک لە کارگە. شا منداڵ لە ئاست خاوەنکار متمانەی بە خۆی نییە و خاوەنکار باش دەزانێ کە تەنانەت بنەماڵەی ئەم منداڵە کاتێک کە کێشـە بۆ ئەم منداڵە سـاز دەبێ هەست بەوە دەکا کە ئێستا دەچێتە لای دایکی یان باوکی دەیدرکێنێ یان نا. منداڵ ئەم هەسـتەی نییە چونکە باش دەزانێ کە باوکیشـی کرێکاری ئەم پیاوەیە و مافی دەنگ هەڵبڕینی نییە. ئیتر ئەوەیە کە ئەم منداڵە ئەگەر لە کارگا دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سـەری دەنگ ناکات. جیا لەمانە، هەر ئەوەی کە ڕێزی لێ ناگرن چونکە باش لێیان ڕوونە، خاوەنکار چاک دەزانێ و منداڵەکانیش دەزانن، منداڵان زیرەکن. وەک شـتێ ئەم کابرا هێزی ڕەهای ئەم بنەماڵەیە و زۆر جار لە دلیک دەبیسـتین کە بەڵێ ئەم پیاوە هات و ئیشـی بە منداڵەکەم دا، لەوەی کە ئیشـی پێ داوە زۆر حۆشـحاڵن. بەڵام ئەمە دەرهاویشـتەی باشـی لێ ناکەوێتەوە. بەتایبەت لە ناو ئەو کارگایانەی کە لە ناو شـاری تاراندا سـەردانم دەکردن. من وام دەزانی ئەم منداڵانە شـەوانە دەچنەوە بۆ ماڵی خۆیان بەڵام نا شـەوانە لە ناو بازاڕی تاران ڕۆژ دەکەنەوە. من چاک دەزانم لەوێ شـتی باش ڕوو نادا گەنج و پیر، ژنیان تێدا نییە.

زۆر جار منداڵان لە کارگاکاندا کەکڵاوەژۆییان لێ دەکرێ، لە شوێنی کارەکەیان دەیانچەوسێننەوە؛ بەو مانایەی کە ئیش بە منداڵێک دەکەن، ئەویش ئیش دەکا، ئێستا یان حەقدەستی پێ نادەن یان حەقدەستی زۆر کەمتری پێدەدەن. زۆر جار ئەمەیە، زۆر جاریش ڕفتاری توندوتیژانەی وەکوو توندوتیژیی زارەکی کە دەگووڕێنن، سووکایەتی دەکەن، بەڵام دەستدرێژیی سێکسی یان کەڵکاوەژۆیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لەم گرووپە تەمەنییەدا کەمە؛ من ناڵێم نییە، لەو گرووپە تەمەنییەی کە دەچن ئیش دەکەن، بە هۆی ئەوەی منداڵان گەورەساڵن و بە ئاستی خۆچاودێری گەیشتوون – من تەنها لەبارەی منداڵانی کارگا دەدوێم - کەڵکاوژۆیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان کەمە.

تاڵی جلەکە دەگرن. بۆ وێنە ئەو جلەی کە دەدورێت دێتە خوارەوە، تاڵی جلەکە دەبڕدرێ، تای دەکەن، لە سەر عەرزەکە هەڵدەگرنەوە و هتد. ئەمانە لە ڕووی پیشەوە لاکەوتەیی لێ دەکەوێتەوە، هەر دەبێ لە سەر ئەژنۆ دابنیشیت. زۆر حاڵەتمان بووە هاتوون گلەییان کردووە کە دادە ماوەی کار زۆر درێژە. خانم دەبێ زۆر بە پاوە ڕاوەستم. ئێستا لە ڕووی زیانی جەستەییەوە، بۆ وێنە لەوانەیە دەستیان بکەوێتە ژێر دەرزیی ئامێری دروومان. لەم حاڵەتانەمان بووە کە ئەم پرسانەیان هەبێت.

حاڵەتێکم هەبوو کە منداڵ بوو لە کارگای پێڵاوچنی ئیشی دەکرد، بارودۆخی باش نەبوو. ئێستا نیمە سوپاس بۆ خوا بەڵام لەو حاڵەتەم بووە. باشە یەکێک لەو ئەزموونانەی کە بوومانە ئەوە بوو کە بۆنی چەسپ و ئەمانەی لێ دەهات.

بارودۆخی کارکردنی منداڵ لە کارگاکان زۆر خراپتر لە بارودۆخی سەر شەقامەکانە، چونکە چاوی جەماوەر نایانبینێ و ئەگەری کەمئەندامبوونیان هەیە و خاوەنکار لەم ڕووەوە هیچ بەرپرسیارێتییەکی نییە. کارکردن لە کارگا خەسارەتی زیاتری لێ دەکەوێتەوە، منداڵ ئاسایشی پیشەیی نییە و تووشی برینداربوون و قرتانی بەشەکانی جەستە دەبێتەوە. کاری کارگایی خراپترین جۆری کارکردنە، هەر بۆیە دەوترێ نابێ ڕووبەڕووی کاری سەرشەقامی منداڵ ببینەوە و یان کۆیان بکەینەوە، واتە منداڵ دەترسێ و دەچێ لە کارگا ئیش دەکات. منداڵێک کە نەتوانێ لە شەقامدا بنێشت بفرۆشێ، دەچێتە لای تراشکاری، ئەگەری کە کەمئەندامیی لە تەراشکاریدا یەکجار زۆرە.

هەڵبەت قسە لە سەر گەشەکردنە و ئەوانەش دەبێ ڕەچاو بکرێ و ئەمە لە لایەکی دیکەشەوە هەندێک کار و ئەرک نەک هەر نابێتنە هۆی گەشەکردنی ئەو منداڵە،

بەڵکوو دەتوانێ زیان بە زەینییەتیی ئەو منداڵە بگەیەنێ؛ واتە منداڵێک کە هەر لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە سەرقاڵی کاری لەم جۆرە بێ، بۆ وێنە جۆرێک لەم چەشنە ئیشانە، تەنانەت ڕەنگە زیان بە مێشکی بگەیەنێت. بەڵام لەڕووی فرەچەشنی و گەشەکردن و ئەمانە، لە کاتێکدا ئەو منداڵەی کە دێتە سەر شەقام توانای ئاراستەدۆزی و چووزانم زۆر شتی نییە، لەبەر ئەوەی مێشک بەرکەوتنی لەگەڵ شتی جیاواز دەبێ، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی نۆ مانگ یان دە مانگی ڕەبەق لە ژینگەیەکی بچووک بەردەوام ڕوو لە دیوار کارێک ئەنجام بدەی ئەمە وردە وردە زیان بە مێشک دەگەیەنێت.

لە شوێنی کاردا دژ بە منداڵ توندوتیژی ئەنجام دەدرێ، واتە گەورەساڵێک کە لە لای شانتە لە ماوەی ئەو هەشت، نۆ، دە کاتژمێرەی کار دەکا، بە دە یان سەدان جار سووکایەتیت پێ دەکا، تەنانەت لە ڕووی جەستەییەوە لێت دەدا؛ واتە لێی دەترسیت. بۆ وێنە هەر جارێک ئیشێک دەکەی ڕەخنە لە ئیشەکەت دەگرێ، بەردەوام بەدوای بیانوودا دەگەڕێ بۆ ئەوەی لە شوێنێکی ترەوە تووڕەیی خۆی دژ بە تۆ دەرببڕێت. ئەمەش ڕەنگە لە ماوەی هەشت کاتژمێری ئیش‌کردن و هەموو ڕۆژەکانی ئیش‌کردندا هەمیشەیی بێ، لە کاتێکدا هەمان کەس لە کارگادا ئازاری منداڵەکە بدا ئەوەندە نییە. هەڵبەت باش دەزانین زیان و فشارەکانی وەک یەک نین. جۆری ئەم کێشانە بەشێکی لە بواری تەندروستیدایە، وەکوو بۆ وێنە باسەکانی پەیوەست بە خۆراکی منداڵان، پەیوەندی بە تەندروستیی سیستەمی ماسوولکە ـــ ئێسکەپەیکەری و ماسولکەکانەوە هەیە. هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە کارگادا بە سەر منداڵدا دێ، لە سووتان و ژەهراوی‌بوون و هتدەوە بگرە تا برین و بڕینی بەشەکانی جەستە، هەمووی؛ کۆمەڵێک کێشە لە بواری تەندروستی جەستەیی منداڵانە. ئەو ئارگیومێنتە کە دەتوانرێت جومگەکە بکرێتەوە؛ جۆرێکە لە تەندروستی کاری منداڵان، زۆر جار وەبەر هەندێک جۆری توندوتیژی، جۆرێک لە حەڕەشە، جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی دەکەوێ و ئەمانەش ئەم تەندروستی دەروونییە دەخەنە مەترسییەوە.

تێبینیی دوو کەس لە پرسیارکەرانی ئەم پرۆژەیە سەبارەت بە گارگاکانی پێڵاو و دروومان لە باشووری شار و بازاڕی گەورەی تاران بەم شێوەی خوارەوەیە:

خاوەن‌کارەکە کارگایەکی زۆر قەرەباڵغ و پیسی هەبوو، کارگاکەی پێڵاوچنی بوو. سەخت بوو بە پلیکانەکاندا بچیتە سەرەوە بۆ ئەوەی بگەیتە کارگاکە. ناو کارگاکە زۆر گەرم بوو، هەمووان ئارەقەیان دەکرد. تایبەتمەندییەکی دیکەی کارگاکانی شەقامی شاپوور ئەوەیە کە هەموویان لە خانووی نیشتەجێ‌بووندان، خانووی ڕووخاو و وێران

بە درگای داخراوەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵی ئەم بەشـــەی بەرهەمهێنان مەحاڵ بێت.

چوومە ناو حەوشـــەی بینا کۆنەکە؛ لای چەپی حەوشـــەکە، لە کۆتایی دیوارەکەی لای چەپ، کە کۆڵێ جلوبەرگی پێ هەڵواســـرابوو، دەرگایەکی بچووکی هەبوو کە لە ڕێگـەی ئـەو درگـاوە چوومـە ژوورەوە. مێزێکی گـەورەی لێ بوو؛ مۆدێلی گشـــتیی پۆشاکی جلوبەرگ منداڵانەی هەبوو. پیاوێکی بیست و چەند ساڵان لە ژێر مێزەکەدا خـەوتبوو. خـاوەنکـارێک و کرێکـارێـک خـەریکی تـاکردنی جلوبـەرگـە دووراوەکـان بوون. لە خوارەوەی ژوورەکەدا دەرچەیەک هەبوو کە بەرەو ڕووی شـــوێنێکی بچووکی بێ ڕووناکی دەکرایەوە و لەوێ سێ مەکینەی دروومان دانرا بوو.

هـەروەهـا یـەکێک لـە یاریـدەدەرە کۆمـەڵایـەتییـەکـانی چـالاکی گـەڕەکی هـەڕەنـدی سەبارەت بە مەترسییەکانی کاری کارگایی وتی:

منداڵێک هەبوو کە لە کارگای پێڵاوچنی ئیشـی دەکرد، کە بارودۆخی باش نەبوو. ئێسـتا نیمانە سـپاس بۆ خوا بەڵام بوومانە. باشـە یەکێک لە ئەزموونەکانمان ئەوەیە کە لەو زیلنانەی کە بۆنی چەســـپی لێ دێ و هەوڵ دەدەین منداڵەکان کاتێک یەکەمجار قبوڵیان دەکەین بناســـین، ئەم جۆرە کارانە بدۆزینەوە. ئێســـتا بەو دەســـتێوەردانانەی کە دەیکەین، چ لە ڕێگەی خێزانەوە چ لە ڕێگەی دۆزینەوەی لایەنگرێکەوە، تەنانەت بۆ جیاکردنەوەی منداڵەکان لەو کارەی کە دەیکەن. ئێمە دەمانەوێ بە هەموو شـــێوەیەک کـار بگۆڕین، بـەڵام مۆدێلێکی کـارکردنی وەک ئـەمـانـەمـان زۆر نییـە، بۆ وێنـە ڕێژەی منداڵانی دەستگێڕ لە ناوەندی شار زۆر نین. منداڵانی دەستفرۆش لە ناوەندی [شار] هەموو منداڵن، بە هۆی ئەو ئێتنیکەی کە هەیانە لە ناوەندی بازاڕەکەمان زۆر زیاترن. بـە دڵنیـاییـەوە، کـاک ... ڕوونی دەکـاتـەوە. منـداڵانی عـارەبـانـەچی یـەکجـار زۆرن. منـداڵێکی زۆر لـە بـازاڕی گوڵ خـەریـک ئیشـــن و پێم وایـە لـە نـاوەنـدی خـاوەران تێکەڵەیەک لە هەموو ئەم منداڵانە بوونی هەیە، بەڵام ئێمە بە هۆی ئەوەی لە ناوچەی بازاڕیداین زۆرێک لە منداڵەکانمان لە کارگاکاندان.

بەشـــێک لەو بابەتانەی کە منداڵان لەم ژینگەیانەدا دەیبینن، بابەتی ئەخلاقی و زیانی کۆمەڵایەتیی وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشـــبەر و ڕەفتارە مەترســـیدارەکانە. منداڵان کاتێک ڕووبەڕووی ئەم پرســـانە دەبنەوە تووشـــی هەســـتێکی خراپ دەبن و بە هۆی ئـاخێزگـەی نـەریتی و کولتووریی خێزانـەکـانیـان و نـەبوونی ڕاهێنـانی کـارامـەی سێکسـی و خۆچاودێری هەست بە شـەرمەزاری دەکەن. ڕەنگە هەندێک جار بە هۆی

ئەم جۆرە کێشـــەوە کارەکەیان بگۆڕن. هەروەها بینینی ئەم چەشـنە ڕەفتارانە لە درێژخایەندا وایان لێ دەکا ئەمانە بۆ منداڵان ئاسـایی بن و لەوانەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات فێری ئەو ڕەفتارانە بن. گێڕانەوەی خاوەنکاران و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و هەندێک لە منداڵان لەم ڕووەوە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| من لە بەرگدووری ئیشـــم دەکرد، ئەو دۆســـتەکچەکەی دەهێنا؛ من حەزم نەدەکرد، کاری خراپیان دەکرد، هاتمە دەرەوە. |

| |
|---|
| من هەرگیز لە بەرگدووریدا گێچەڵ و ئازاری سـێکسـیم نەبینیوە، بەڵام بۆ وێنە زۆر زوو گیرۆدە دەبن. بڕوانە منداڵ دێتە ناو گرووپێک، بۆ وێنە دەی منداڵەکە دێ و دێتە ناو دانیشـتنێکەوە، گوێی لەو شـتانە دەبێ کە نابێ بیبیسـتێ، ئەوان کارێک دەکەن کە نابێ لە بەردەم ئەو منداڵەدا بکرێت. واتە هەندێ شـتێک ڕوو دەدا کە بۆ ئەو منداڵە ئاسـایی و سـروشـتی دەبێت. بۆ وێنە ببوورە، با بە ئارەزووی خۆم قسـە بکەم بۆ وێنە ئەو خاوەنکارە، خۆشەویستەکەی هەڵدەگرێ و دەیهێنێتە ناو کارگای بەرگدووری و پاش کۆتاییهاتنی ئیشـەکە دەیهێنێتە ناو کارگای بەرگدووری و منداڵ ئەمە دەبینێ، منداڵەکە ڕەحەت دەبێت. بۆ وێنە خاوەن دووکانەکە لەبەردەم منداڵەکە عارەق دەخولتەوە، ئەی چی، منداڵەکە پێی ڕادێ، پاش کەمێک پێ دەگا، دەتوانین بڵێین ئەویش فێری ئەم بەزمانە دەبێت. |

کوڕە گەورەترکانن و لەولنەیە زیانی سـێکسـییان پێ بگا، یان باخدارەکان لە ناو باخەکەدا شـەراب بخۆنەوە، منداڵەکانیش لە هەمان ژینگەدان و بەڕێکەوت لەم ژینگە داخراوەدا زیاتر زیان بە منداڵەکان دەگات. لە شـەقام منداڵ بۆ پارە و هاتوچۆ ئازادترە. منداڵی ناو کارگاکان زۆر چەوسـاوە و بەسـتەزمانن و ئاسـتی متمانەبەخۆییان کەمە، بەڵام لە سـەر شـەقام زیاتر متمانەیان بەخۆییان هەیە و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکدا هەیە، بەڵام لە کارگادا هیچ قسەیەکیان بۆ وتن پێ نییە.

یەکێک لەو منداڵانەی لە کارگەیەکی جلوبەرگدا کار دەکا سـەبارەت بە فێربوونی ڕەفتارە مەترسیدارەکان لەم جۆرە ژینگانەدا وتی:

| |
|---|
| شـا ئێمە خۆمان تلیاک و شـووشـە بە کار ناهێنین، بەڵام هەندێک گەورەسـاڵ هەن، بۆ وێنە تلیاک دەکێشـێ، شـووشـە دەکێشـێت. من تەنها نێرگەلەم کێشـاوە، هیچی ئیتر. |



وێنەی کارگایەکی بەرهەمهێنانی پێڵاو و جانتا لە پەراوێزی بازاڕی تاران و منداڵێک لەوێ کار دەکات (وێنە: هی توێژینەوەیە)

**کارکردن لە کارگای فیتەری:** کارکردن لە کارگای فیتەری کۆمەڵێک ئەرکی بەرفراوان لە خۆ دەگرێ، وەکوو گۆڕینی ڕۆن، سافکاری، تراشکاری، وایەرکێشی (تێلکێشی) و کارەباکێشی و دیکەی بەشەکانی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل. ئەو مەترسییانەی کە لەم جۆرە پیشەدا حەڕەشە لە منداڵ دەکەن بریتییە لە: پیسیی جلوبەرگ و دەست، پیس‌بوونی ژینگەی کارکردن، ساردبوونی شوێنی کار لە وەرزی زستان و گەرما لە هاویندا، بوونی مادەی کیمیایی و ڕۆنی ئۆتۆمبێل، هەڵمژینی مادە کیمیاییەکانی وەکوو ئەو مادانەی کە لە سافکاریدا بە کار دەهێنرێن، ژاوەژاوی زۆر بەتایبەت لە سافکاری و تەراشکاری، ئاگاداربوونی زۆر لە کاتی دانان یان لابردنی هەندێک لە پارچەکان و لاوازبوونی منداڵ لە ئەنجامدانی ئەم کارانە، گواستنەوەی پارچە قورسەکانی ئۆتۆمبێل، ئەگەری بریندار‌بوون و کەمئەندامی، کەوتنە ژێر ئۆتۆمبێل بە هۆی هەڵخلیسکانی جاک، سووتانی بە هۆی پریشکی لەحیمکاری، و لاوازبوونی چاوەکان، ئەگەری شۆرتی کارەبا لە کاتی بەستنەوەی وایەرەکان (تەزوو) لە کاتی وایەرکێشیدا و مەترسییەکانی دیکە. گێڕانەوەی منداڵان سەبارەت بە مەترسییەکانی کارکردن لەم کەرتەدا بەم شێوەیە بوو:

| |
|---|
| مەترسییەکەی ئەوەیە کە بۆ وێنە دەستم دەچێتە ناو ئەگزۆزەکەوە، دەسووتێ یان |

بۆ وێنە شتێک دەستم دەبڕێت. پێویستە ئاگادار بیت.

تەنها ئەگزۆزەکانی کاتێک کە لێی دەخورِن زۆر گەرمە. جارێکیان پام لێی کەوت، بە سەختی سووتاوە. هەندێک لە مشتەرییەکان لە قسەم تێناگەن؛ تۆ پێی دەڵێی ئەمە کێشەکە نییە، دەڵێ تێناگەی، پارەم پێ نادەن. بۆ وێنە دەمانەوێ بزوێنەرەکەی دابەزێنین، بێزار دەبین. سەختیی خۆی هەیە، تا ئەم کارە نەیکەی لێی تێناگەیت.

ئەگەر من نەتوانم کارێک بکەم، توورِە دەبم، قەڵس دەبم. بۆ وێنە پێم بڵێ برِۆ تایەرەکەی بکەرەوە، ناتوانم زۆر بێزار دەبم. هیچ، پێم خۆشە لێدەم بیشکێنم. دوێنێ هەر لە سەر ئەو پەرشیایە کە نەدەهاتە خوارەوە. توورِە بووم. دەستم لە شەرِەکەدا بریندار بوو، ئێمە لە کەرەج بووین، خزمەکەمان لەگەڵ سێ کەس شەرِیان کرد. پاشان پێی وتم، لەبەر ئەوەی من لە بۆکسێن ئیش دەکەم، وتی دەتوانی لەمانە بدەی. مشتێکم وەشاند، کورِەکە بێهۆش کەوت، مستەکەم لە دیوار کەوت، دەستم شکا.

رِۆژێک خاوەنکارەکەم وتی دەچم نانی نیوەرِۆ دەخۆم و دێمەوە. لە دووکانەکە چوومە دەرەوە و هەرگیز نەگەرِامەوە. ئیشەکەی قورس بوو، هەر شتی قورس بوو، خۆشی خوێنتاڵ بوو.

هەندێک جار بۆ وێنە کارێک دەهاتە بەر دەستمان، پاشان وای لێ دەهات کە کارەکە تێک دەچوو، مێشکم دەتەقی، ئێمە کارەکەمان نەدەکرد. هەندێک ئیش زەحمەتی زۆرە، ئێمە ناتوانین، پێمانی دەسپێرن کە بیکەین.

ناچار بوون بیشکێنین بۆ ئەوەی دروستی بکەم؛ ئیشێکی قورس بوو، دروست نەدەبوو، مێشکم خەریک بوو دەتەقی [ئاماژەی بە پارچە ئۆتۆمبێلێک دەکرد].

سافکاری ژاوەژاوی زۆرە، مێشکمی دەتەقاند و پێم نەدەکرا و نەمتوانی، هاتمە دەرەوە.

| |
|---|
| چووم بۆ ماتۆڕسکیلێتسازی، چووم پیس بوو، بۆ ئیشکردن نەدەبوو. |

| |
|---|
| لێرەدا لە زستاندا لەبەر سەرما قڕت دێ، لە هاوینیشدا بە گەرما وەختە بتەقی. |

| |
|---|
| تایەری ئۆتۆمبێل قورسە؛ زۆر بۆ من چەتوونە، دەبێ بیانهێنیتە ژوورەوە، بیانگوازیتەوە. |

گێڕانەوەی یەکێک لە خاوەنکارەکانی وەزارەتی کار و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە مەترسییەکانی کارکردن لەم کەرتەدا بەم شێوەیە بوو:

من بینیم هەندێک لە منداڵەکان لە کارگاکانی تەراشکاری پەنجەکانیان قرتاوە، بەڵام خاوەنکارەکە قەرەبووی ڕیاڵێکی نەکردوونەتەوە، چونکە ناوی منداڵەکە نە لە بیمەدا هەیە و نە لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا تۆمار کراوە. ناوی منداڵەکە لە هیچ شوێنێک تۆمار نەکراوە و ڕۆژمزدی ئیشی دەکرد. یەکێکی دیکە لە کێشەکانی منداڵان لەم کارگایانەدا لاکەوتەیی پێشوەختەیە، منداڵێک کە لە تەمەنی کەمدا لە تەراشکاری ئیش دەکا وەک پیرێکی حەفتا ساڵان تەمەنی چل ساڵە.

**کارکردن لە کەرتی بیناسازی:** لەم کەرتەشدا منداڵان ڕووبەڕووی هەندێ مەترسی دەبنەوە کە ئەم مەترسییانە بریتییە لە مردنی بە هۆی بەربوونەوە، نەبوونی جلوبەرگ و پێڵاوی خۆپارێزی، نەبوونی بیمەی ڕووداو بە هۆی کۆچی نایاسایی و نەبوونی بەڵگەی ناسنامە، گواستنەوەی باری قورس، پیسبوون بە کەرەستە وەکوو گەچ و چیمەنتۆ، سووتانی دەست، برینداربوون، کارکردن لە بەر سەرما و گەرما، هەڵمژینی تەپ و تۆز، ماندووبوونی زۆر، کەوتنی کەرەستەی بیناسازی و ئامێرەکانی کار لە سەر بەشە جیاوازەکانی جەستە، وەبەرکەوتنی دەست و پەنجە لە ژێر وایەری بەرزکەرەوە و هتد. ئەو منداڵانەی کە لە بواری بیناسازیدا کار دەکەن گێڕانەوەی سەبارەت بە مەترسییەکانی کارەکەیان بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئەم میلگردانە لە هاویندا زۆر گەرم دەبن؛ ئەگەر دەستەوانەی باش لە دەست نەکەی، ئەوا دەستت دەسووتێت. |

| |
|---|
| کاری قوڕەکاری قورسە؛ هەر دەبێ شتە قورسەکان بگوازیتەوە، دەستتان یان لە |

ناو ئاوە یان چیمەنتۆکە دەستت دادەتڵێنێت.

لە سەر بیناکە کاکم بەر بۆوە، تووشی کێشە هات.

بەرزکەرەوەکە بە باشـی دانەنرا، ئێمە کەرەسـتەمان پێ دەگواسـتەوە، بەڵام دواتر کەوت بە سـەر هاوڕێکەمدا؛ تەواو گیانی شـکا، هەموو گیانی خوێناوی بوو، بردمانە نەخۆشخانە.

بۆ وێنە خاوەنکارەکەم دەڵێ بڕۆ بەم ئامێرە کاشـییەکە ببڕە، بەرد ببڕە. دەبێ زۆر ئاگادار بی پات نەقرتێنێ، کاشـی نەچێتە چاوت. ئەو تۆزەی کە هەیەتی مرۆڤ دەخنکێنێت.

تەزووی بەرزکردنەوە زۆر مەترسـیدارە؛ دەسـتی پیاو دەکەوێتە بەری. زۆر جار بووە لە کاتی ئیشدا کە کاریان کردووە دەستیان وەبەری کەوتووە.

کە دەتەوێ چیمەنتۆ ببەیتە نهۆمی چوارەم و پێنجەم، خۆڵ ببەی و ئەمانە، ئەو کارانە قورسن. ئیتر ئەمەیە، هەر ئەوەی کە کەرەستانەی کە دەتەوێ بیبەیتە خوارەوە، بیهێنیتە سـەرەوە، کاشـی، سـیرامیک. سـەختە گواسـتنەوەی بار، بەرد، بەردی جوانکاری.

**کارکردن لە کوورەی خشـتپێژی:** کارکردن لەم کەرتەشـدا چەندین مەترسـی لەگەڵە، وەکوو کارکردن لە وەرزی هاوین لە بەر تیشـکی خۆر، گواسـتنەوەی مادە قورسـەکان، سـووتمان، کەوتنی خشـت لە سـەر پا، هەڵمژینی تۆز و کێشـەی هەناسـەدان، بوون لە بەر گەرمای کوورەخانەکان، خنکان لە ئاگردانی کوورە، کەوتنە ناو هۆپەری ئامێرەکانی خشتسازی، بەربوونەوەی ئامێری گواستنەوە (بەرزکەرەوەی خشت) بە سەر منداڵ، کەوتنە ناو ئەو چاڵانەی لە دەوروبەری کارگادا هەڵکەندراون، بەریەککەوتنی منداڵ لەگەڵ پاژە سـووڕێنەرەکانی مەکینە، بەربوونەوەی خشـت و خشتی خاو بە سەر منداڵ. دوو منداڵ لەم کەرتەدا ئیشیان دەکرد سەبارەت بە مەترسی و سەختیی کارەکانیان بەم شێوە دووان:

بۆ نموونە هەندێک جار خشــتەکان دەشــکێن، ئیتر قەڵس دەبین. دەســت و پاگیرە. خشـتەکان. کاتێک دەمانەوێ بیانخەینە کۆگا، شـکاوەکان بە سـەر قاچماندا بەر دەبنەوە و بریندار دەبین ... چارە چییە؟ پاشـان خشـتەکە تەڵەزمی تێ دەکەوێ، دەڵێین کێشە نییە، هەڵیدەگرینەوە، تەق دەشکێنێ، دەدرێ بە قاچماندا.

لـە کـاتژمێر چوار و پێنج بەیانییەوە لـە خەو هەڵدەســتین، دەچین، خشــت دروســت دەکەین هەتا نیوەڕۆ کە دەگەڕێینەوە ماڵەوە نانێک دەخۆین. دەبێ ئێواران جارێکی دیکە بچینەوە سـەر کار. گەرما بێزارمان دەکات. هەموو دەسـت و پێمان برینداره، شـەوانە پشـتمان دێشـێ، ناتوانین بخەوین. باوکم دەڵێ دەبێ ئیش بکەی، من نانم نییە بیدەم ئێوە هەڵمەلەقوتی بکەن.

بە گشـتی منداڵان لە شـوێنی کارکردندا تووشـی چەندین جۆری مەترسـی دێن کە ئەم مەترسـییانە دەبنە هۆی مردن، کەمئەندامی، بڕینی ئەندامەکانی جەسـتە بەتایبەت دەسـت، تێکچوونی ماسـولکە و بڕبڕەی پشـت، نەخۆشـیی جۆراوجۆر، لەدەسـتدانی بینایی یان لاوازبوونی چاو، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشـبەر و ڕەفتارە مەترسـیدارەکانی دیکە، سـووتمان بە ڕێژەی جیاواز، لاوازی لە گەشـەکردنی مێشـک و زەین و پرسـە ئەخلاقییەکان. زۆرێک لە لێکەوتەکانی کارکردن، وەکوو لاکەوتەیی، لە داهاتوویەکی نزیکدا خۆیان دەردەخەن و بۆ هەتا هەتای ژیان ئەم ئازارانەیان لەگەڵە. زۆرێک لە منداڵانی کار یان هەموویان، بەتایبەت منداڵانی پەنابەر و بێناسنامە، گرێبەستی کار یان بیمەیان نییە و ئەگەر زیانیان پێ بگا و بچنە بنکەکانی تەندروسـتی، ئەوا دەبێ خۆیان تێچووی قورسـی چارەسـەرکردن بدەن. یەکێک لە شـارەزایانی بواری منداڵان بەم شێوە مەترسییەکانی منداڵانی کار پۆلێنبەندی دەکا:

شــا ئەم دەرەنجامانە، پەیوەســت بە زۆر شــتی جیاوازە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئیشکردن، بە پێی جۆری کار، هەندێک لێهاتوویی بۆ منداڵەکان دروست دەکا، بەڵام تا بارودۆخی کارکردن بۆ منداڵەکە قورســتر بێ و لەو شــتەی کە چەمکی کاری منداڵانە.نزیکتر بێ، واتە لە ڕووی جەســتەییەوە ئازاری منداڵەکان دەدا، زیان بە دەروونیان دەگەیەنێ، زیان بە ئەخلاقیان دەگەیەنێ، یان بۆ ماوەیەک ڕێگری لە خوێندنیان دەکا، یان ناچاریان دەکا خوێندن لەگەڵ کاری ســەخت ئەنجام بدەن، بێگومان منداڵەکە هەموو ئەم فشــارە جەســتەیی و دەروونی و ئەخلاقییانە بەئەزموون

بکات. ئیتر بە پێی جۆری کارەکە، واتە ئێوە جۆری کارەکەتان هەیە کە دەتوانێ لە هەموو بارێکەوە ئەوانەی کە باسم کردن زۆرترین زیان بگەیەنێت. ئیتر ئەوە پۆلێنبەندیی جیهانییە. ئیتر دیارە ئەو کارانەی کە پەیوەندیی بە پۆرنۆگرافیای منداڵان یان بەکارهێنانی منداڵان وەک سەرباز لە ژینگە زۆر سەختەکانی وەک کانگا و هتد هەتا ئەو ڕادەیەی کە ئەم کارانە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەم بابەتانە نەبێت. منداڵەکە ماوەیەکی سنووورداری هەیە بۆ وێنە لە ڕۆژیان حەفتەدا، کە بۆ وێنە ئەژمار ناکرێ و هیچ زیان حەرەشەی لێ ناکا، دژی خوێندنی ئەم منداڵە نییە. لە ناوە ناوەیدا هەند کار هەن کە دەتوانن بە جۆرێک کاریگەری لە سەر تەندروستیی منداڵەکە هەبێ. پێم وایە خێزان دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگیش بگێڕێ لەوەی کە چەندە پشتگیریی لەم منداڵە بکات. خێزانە لێک‌جیابووەکان، جگە لە پێداویستییە ئابوورییەکانی خۆیان، لە دۆخێکی پشێودان، گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن، کێشەی ئەخلاقییان هەیە، حاڵەتی لەشفرۆشییان تێدا هەیە، کۆنترۆڵ و پشتیوانییەکی تەواویان بە سەر منداڵەکانیاندا نییە، لەوانەیە منداڵ بە کار و پیشەی زۆر زیانبەخشەوە تێوەگلا بێ، هەروەها لە بەر ئەوەی هیچ پاڵپشتێکی نییە، زیاتر لە ژینگەی کاردا زیانی پێ دەگات. ئێمە لە کاری سەرشەقام و بەراوردکردنی نێوان بنەماڵە ئێرانی و ئەفغانییەکلندا چەندین جار ئەمە دەبینین. پسپۆڕان ئێمە کە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا ئیش دەکەن بیستبوومان خێزانە ئەفغانییەکان، لانیکەم تا چەند ساڵێک لەمەوبەر، لەبەر ئەوەی کە کەمتر زیانیان پێ دەگا، زیانی کۆمەڵایەتی و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر لە ناویاندا کەمترە. بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە ئەوان لە بارودۆخی کۆچبەریدا ئیش دەکەن و ورد دەڕۆن و ورد دێنەوە، خێزانەکە بە گشتی جێگیرترە.



دیمەنی کوورەی خشتپێژی شەمساباد (وێنەی توێژینەوەکە)

**ئاسایش**

یەکێک لە گرینگترین پێداویستییەکانی هەموو مرۆڤێک ئەوەیە کە هەست بە ئاسایش بکات. ئاسایش دەڕوانێتە ژێدەری ڕاستەقینەی ئەو لە جیهانی واقیع و هەستی ئاسایش ئاماژە بە چەمک یان تێگەیشتن لە ئاسایش دەکات. هەرچەندە ئەم دووانە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام ڕەنگە جیاوازیشیان هەبێت. بۆ وێنە لەوانەیە ژینگەیەک تا ڕادەیەک هێمن و ئارام بێ، بەڵام ئەوانەی دەچنە ناو ژینگەکە هەست بە نائارامی دەکەن، چونکە لەگەڵ ژینگەکە ئاشنا نین، یان بە هۆی ترسەوە بە هیچ شێوەیەک ناچنە ناو ئەو ژینگەوە.

پرسی ئاسایش لە لێکۆڵینەوەی جۆرەکانی کاری منداڵان گرینگە و هەر بۆیە لەم بەشەدا هەندێک لە نموونەکانی باس دەکرێن. ئاسایش ڕەهەند و نموونەی جۆراوجۆری هەیە، کە گرینگترینیان ئاسایشی ژیان و هزری و جڤاکی و داراییە. جۆرێکی دیکەی ئاسایش بریتییە لە "ئاسایشی بوون". بە بڕوای گیدنز[1]، ئاسایشی بوون بریتییە لەو دڵنیاییەی کە زۆربەی مرۆڤەکان بەردەوامن لە ناسینی شوناسی خۆیان و مانەوەی ژینگە کۆمەڵایەتی و مادییەکانی دەوروبەریان [56].

کار و ژیانی منداڵان و کۆچکردنیان بۆ کار پڕە لە نائارامی و مەترسی. ئاسایشی منداڵان بەتایبەت منداڵانی ئەفغانستانی لە کاتی کۆچکردندا زۆر لە مەترسیدایە و تەنانەت لەوانەیە گیانی خۆیان لەدەست بدەن. گێڕانەوەی منداڵێکی ئێرانی کە لە شارێکی دیکەوە بە نیازی کار هاتووەتە تاران، ئەو ترس و نائاسایشییەی پێوە دیارە کە ئەو منداڵە لە کاتی کۆچکردندا تووشی بووە:

> کاکم لە تاران بوو، وتی کارێکم بۆ تۆ دۆزیوەتەوە. وتم باشە دێم. دایکم وتی مەڕۆ. شەو سواری پاس بووم، هاتم؛ لەناو پاسەکەدا زۆر ترسام، گریام. من تازە هاتمە تاران، زیاتر ترسام. دەترسام ون بم. سەرەتا وتم خۆزگە هەر نەهاتبام. من هەمیشە دۆعا دەکەم، هیچ منداڵێک ئەمەی بۆ پێش نەیەت. تەمەنم سێزدە ساڵ بوو.

ئەم ئەزموونە بۆ منداڵانی ئەفغانی کە بە شێوەیەکی نایاسایی کۆچ دەکەن زۆر قورسترە. ئەزموونی کۆچبەرییان بە جۆرێکە کە سەرەتا بە ئۆتۆمبێل دێنە سەر سنووری ئێران. دواتر خۆیان ڕادەستی قاچاخچییەکان دەکەن بۆ ئەوەی لە سنوور بیانپەڕێننەوە.

1. Anthony Giddens

لەوانەیە چەند ڕۆژێک لە نێوان چیاکانی ئێران و ئەڤغانستان بە کەمێک ئاو و خواردنەوە یان بەبێ هیچ خواردنێک بە پێ بڕۆن. دوای ئەوە دەگەنە سنوورەکانی ئێران و خۆیان ڕادەستی قاچاخچییە ئێرانیەکان دەکەن. ئەوانیش منداڵان بە ئۆتۆمبێل دەبەن بۆ شوێنێکی تایبەت کە زۆر جار نزیکە لەو پاسانەی کە دەچنە شارە گەورەکانی ئێران. ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە ئۆتۆمبێلی سوار بە کار بهێنن، بە زۆری دە بۆ پازدە کەس دەخەنە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە، چەند کەسێکیش دەبێ لەناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکەدا دابنیشن. ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەیان ڤانێکی نیستان بێ، نزیکەی سی کەس هەڵدەگرن. قاچاخچییانی منداڵان بە خێراییەکی زۆر بەرز ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕن بۆ ئەوەی لە دەستی ئەفسەرەکان هەڵبێن و زووتر بگەنە شوێنی مەبەست کە ئەمەش لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی ڕووداو و مردنی بەشێکی زۆر لەو کۆچبەرلنە. لە ئێران ساڵانە لانیکەم چەند ڕووداوێک لەو حاڵەتانە ڕوو دەدەن؛ تەنها پێویستە لە ئینتەرنێتدا کەمێک بگەڕێین دەیان حاڵەتیان لێ دەدۆزینەوە. هەندێک جار ئەفسەرانی هێزە ئینتزامییەکان لە ڕێگادا تەقە لەم کۆچبەرە نایاساییانە دەکەن و دەیانکوژن، یان کاتێک چەند کەسێک سواری سندوقی ئۆتۆمبێل دەبن بۆ ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست ئەندامانی جەستەیان زیانی پێ دەگات. ئەم خەڵکە هەمیشە ترسیان هەیە کە گولەباران بکرێن و بکوژرێن. منداڵێکی ئەڤغانی بەم شێوە باسی چۆنیەتیی کۆچکردنی خۆی دەکا:

> ڕێگای هاتن دەردەسەرە. وەک کیسەیەک ئارد، لە پاڵ یەک داماندەنن [ئاماژە بە نیسان دەکات]، سی و پێنج کەس جێی دەبێتەوە. وێستگەی شەمەندەفەر بە پێ دەڕۆین، بە پێ دەڕۆین بۆ بەم، بە پێ دەڕۆین بۆ کرمان، بە پێ دەڕۆین بۆ نایین. ئەگەر ڕێگاکە چۆڵتر بێ، لە ناوەوەی پاکستانەوە بۆ ئێران زیاتر لە چوار ڕۆژ ناخایەنێ، ئەگەر چۆڵ بێت. مەترسی هەیە؛ مەترسیی برسێتی هەیە، مەترسیی دزی هەیە، مەترسیی حکومەت هەیە، مەترسیی ئۆتۆمبێل هەیە. تۆ سەیری تەقەکردنەکە دەکەی، جگە لە تەرمی ئەڤغانییەکان نەبێ هیچی دیکە بەدی ناکەی[1]؛ مەبەستم ئەوەیە، بۆ جێگاکە، دەڵێین جێگاکە، نازانم ئێوە چی پێ دەڵێن چی. خودا شایەدە، یازدە تەرمە. تەنها نازانرێ کە دز کوشتوونی یان حکومەت. پێم وایە 100% کاری دزە. چواردە جار دەچمە ئێران، وەرە و بڕۆ. ئێمە پێی

1. کاتێک تەقە دەکرێ هەر تەرمی ئەڤغانی دەبینی.

ڕاهاتووین، ئاساییە [57].

لەم دۆخەدا منداڵ لای خۆی بیر لە دنیا دەکاتەوە، کە جیهان بۆ ئەو شــوێنێکی نائارامە کە لەوانەیە هەر بینا ژیانی لەدەست بدات. واتە چیتر لە ڕووی بوونەوە هەست بە ئاسایش ناکات.

ئاســایشــی ئەم منداڵانە لە شــوێنی کار و ماڵ، چ لە شــوێنی کار یان لە ماڵە تاکەکەســییەکان، لە کۆمەڵێک ڕووەوە مەترســی لە ســەرە. ئەوان کاتێک کە لە ماڵەوە بەرەو شوێنی کار و یان لە ڕێگای گەڕانەوە لە شوێنی کار بۆ ماڵەوە لەوانەیە ئاسایشیان بکەوێتە بەر مەترســی. بۆ وێنە دزەکان لەوانەیە پەلاماریان بدەن و پارەکانیان بدزن. بۆیە بۆ ئەوەی دروســتکردنی ئاســایش و پاراســتنی خۆیان و تەنانەت بۆ ئەوەی تێچووی هاتوچۆ کەم بکەنەوە، منداڵان ڤان یان تەکســی بە کرێ دەگرن. واتە یەکێک لە ستراتیژییەکانیان بۆ پاراستنی ئاسایش بەکرێگرتنی تاکسی و هاتوچۆی بە کۆمەڵە. گێڕانەوەی هەندێک لەو منداڵانە ئەم خاڵە پشتڕاست دەکەنەوە:

حەوت هەشــت کەســین، تاکســیمان بە کرێ گرتووە؛ بەیانی دەمانهێنێ، شــەو دەمانگەڕێنێتەوە. زۆر باشە ئاوا دزیش نامانڕووتێنێتەوە.

ئۆتۆمبێل دێ و لێرە داماندەبەزێنێ، شەو دێ و دەمانباتەوە.

لێرە ئیش دەکەم. پێش ئەوەی بێم ئەو هاوڕێی من بوو، دەمناسی؛ .... دەیگوت کـاتێک دەگـەڕێمـەوە بـەرەو لای شـــەقامی دەوڵـەتخـا، ئـەو پڕوپووچـانـە دەیگرن، چەقۆی لێ ڕادەکێشـن، دەیکوژن ... هەر ئەوەندە ... هێشـتا نەبۆتە دوو حەفتە، لێرە ئیشــی دەکرد؛ لە ســەر جادە پێی دەڵێن مۆبایلەکەتمان دمیە، پارەکەتمان دمیە. کاتێک موبایلەکەی دەدا بە دەسـتەوە جارێکی دیکە بە چەقۆ لێی دەدەنەوە. تەمەنی هەژدە حەڤدە ساڵان بوو. دووان بوون هاوڕێم بوون. باشـە بۆ هەر شـوێنێک بچین بۆ دارتاشــی بە جووتە دەچین. هەر بۆیە ئەو هاوڕێیەم بە چەقۆ لە دەســتی دەدەن، ئەمەی دیکەیان چەقۆ لە دڵی دەدەن. ئەو هاوڕێیەی ڕزگاری بووە.

بەڵێ تەرمی زۆر هەیە؛ هاتن پارەیان وەرگرت، نەمتوانی هیچ بکەم. کاتێک چەقۆکە دەردەهێنرێ چی لە دەست دێت؟

لە شـــوێنی کاریشـــدا، بە پێی جۆری کار، ئاســـایشـــی منداڵان لە ڕەهەندی جۆراوجۆردا دەکەوێتە مەترسییەوە، لە ئاسایشی جەستەییەوە بگرە تا دەگاتە ئاسایشی دەروونی و دەستدرێژی کە لە شوێنی کاردا تووشی دەبن. هەڵبەت ئەزموونی ئاسایش و هەســـت پێکردنی بە پێی ڕەگەز جیاوازە، چونکە کچان زیاتر تووشـــی توندوتیژیی سێکسی دەبنەوە و لە ئەنجامدا هەست بە ناهێمنیی زیاتر دەکەن، چ ڕاستەقینە و چ هەســـتپێکراوانە. لە زۆر حاڵەتدا هەســـتکردن بە نائارامی دەبێتە هۆی ئەوەی یان کارەکانیان بگۆڕن یان واز لە کارەکانیان بهێنن. دوو لەو کچانەی لە ناوچەی ڤیلێنجەک کاریان کردووە، ئەزموونی خۆیان بەم شێوە وەسف کردووە:

| |
|---|
| من چووم بۆ ئیشکردن؛ دوو کچ هەبوون کە بڕیار بوو شـــوو بکەن. ئێمە بە تەنیا ماینەوە. ئێستا کە ئیتر ناڕۆین. ئەمڕۆ بڕیارە پارەکەمان پێ بدەنەوە، چونکە ئێرە شـوێنی ژن نییە. دایک و باوک ڕێگەمان پێ نادەن بچینە سـەر کار. دوو پیاو هەن. لە پێشـدا هەشـت کەس بووین؛ هەموومان ڕۆیشـتین، بە تەنیا ماینەوە لەگەڵ دوو پیاو کە ئیتر ڕێگەیان نەدەدا بڕۆن. |

| |
|---|
| جوێن دەدەن، زۆر بێ ئەدەبن. کچەکە چووە لای پیاوەکە، ئەویش پانتۆڵەکەی داکەند. کە پانتۆڵەکەی دادەکەنێ، کچە دەچێتە لای دایکی. دایکی گرینگی پێ نادا، دەڵێ بە توون. لەمانە زۆر ڕووی داوە، بەڵام بۆ من نا ڕووی نەداوە. |

ڕەنگە هەندێک جار کچان لە لایەن شـارۆمەندانی دیکەوە لە شـوێنی کارەکانیان، بەتایبەتی لە کاری سەر شەقامی دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەریان. بەشێک لەو کەســانەی کە لە شــەقامەکانی ناوەندی شــاردا کاریان دەکرد، ئەزموونی خۆیان لەم بوارەدا بەم شێوە خستەڕوو:

| |
|---|
| بۆ وێنە لە پارکەکەدا ئازاری ســێکســی زۆر هەیە، بەتایبەت ئێمە کە دەســتفرۆشــین. ئێســتا هەر ئەو کچەی کە باسـیم کردبوو کە ڕای کردووە خەڵکی سەبزەوارە، ئەمە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری. پاشان نەیتوانی بە دایکی بڵێ، چونکە بە دایکی بکوتایە، دایکی بڕوای پێ نەدەکرد. دەیوت دیارە خۆت شـتێکت کردووە کە (وا وا لێهاتووە) هاتووەتە لات. هەر ئێسـتا بە دایکم بڵێم دایە ئەمەم بە سەر هاتووە، باوەڕم پێ ناکات. بەڵام قسەی کەسێکی نەناس کە نایناسێ، |

پێشتر نەیبینیوە، قسەی بۆ بکا، بۆ وێنە بێ و بەڵێ کچەکەت شتێکی وای کردووە، بڕوای پێ دەکات. پاشان ناچار بوو بە دایکی نەڵێت. تووشی ئازاری ویژدان هاتبوو و لە ماڵ ڕای کرد و دەرچوو. هەر لەم پارکەشدایە. ئێستا من و خوشکەکەم لە پارکەکەدا پیاسە دەکەین، زۆرێک، بۆ نموونە، پێشنیار دەدەن و دەڵێ با بچین بۆ شوێنێک، ئەوەندە پارەت پێ دەدەم، بەڵام هێشتا کۆڵمان بۆیان نەداوە.

هەندێک کوڕ دێنە بەر دەمت. هەموو کێشەکانمان کوڕن کە بێزارمان دەکەن.

ئەزموونی توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی یان واز لە کارەکانیان بهێنن یان کارەکانیان بگۆڕن. بۆ وێنە لە کاری کارگا یان کاری سەر شەقامەکان ڕوو بکەنە کارکردن لە ماڵەوە. بە گشتی ئەزموونی نائارامی ڕۆڵێکی گرینگ لە گۆڕینی جۆر یان شوێنی کارکردنی منداڵان دەگێڕێت. یەکێک لە منداڵەکان سەبارەت بە گۆڕینی کارەکەی وتی:

لەگەڵ خاوەنکارەکەمدا تووشی دەمەقرێ هاتم. لە سەر شتی هیچ و پووچ جنێوی دەدا، قسەی ناشرینی دەکرد. من پێم خۆش نەبوو. من لە منداڵیدا حەزم لە شتی خراپ نەبووە. هاتمە دەرەوە.

شتە خراپەکان چین؟

بۆ نموونە جنێوی ناحەز بەم و ئەو. ڕەوشتیان باش نەبوو. بۆ وێنە هەندێک جار گاڵتەی ناشرینیان پێ دەکردم؛ بۆ وێنە جنێویان بە کاکم و ئەوان دەدا، بەم شێوە. منیش توڕە بووم، لێی دەرچووم.

لەوانەیە دایکان و باوکان لە ترسی ئەوەی کە نەکا ئاسایشی منداڵەکانیان بکەوێتە مەترسییەوە بێنە شوێنی کارەکردنیان و بەم شێوە ئاگاداری منداڵەکانیان بن. ئەمەش لە کاری سەر شەقامەکاندا زیاترە. بۆ وێنە خێزانێک لەوانەیە منداڵەکەیان یان منداڵەکانیان بهێننە سەر چوارڕێیان و ئەو منداڵانە کەمێک لە دوورەوە چاودێریی دایک و باوکیان هەبێت؛ وەک یەکێک لە منداڵەکان لەم ڕووەوە وتی:

ئێمە لەو چوارڕێیانە بووین، خێزانێکی ئەفغانی کە هەموویان پێکەوە کاریان دەکرد. دایکیان لە شوێنێک ڕادەوەستا، چاوی لە سەر ئەوە بوو کە کەس لێیان نەدا، شەڕیان لەگەڵ نەکات.

ســتراتیژێکی دیکەی منداڵان بۆ خۆپارێزی پەنابردنە بەر تۆڕەکانی خێزان لە شــوێنی کارەکەیانە. ئەمە لە زۆرێک لە کارەکاندا باوە. بێگومان دەکرێ بڵێین لە بەر ئەوەی لە هەندێک کاردا خەڵک لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتی - خێزانەکانیانەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە، ئەم تۆڕانە ئاسایش و هەستکردن بە ئاسایشیان بۆ بەرهەم دەهێنن. تێبینیی یەکێک لە توێژەرانی بواری توێژینەوە بەم شێوە:

خاوەنکار لە کارگایەکدا لەگەڵ ژنێک و دوو منداڵ کە خوشک و برا بوون کاریان دەکرد. دایکی منداڵەکان لە نهۆمی دووەمی بیناکە کاری دەکرد کە کارگای دروومان بوو. لە میانەی چاوپێکەوتنەکەدا دایکیان هاتە خوارەوە و منداڵەکەی دیکەی کە منداڵێکی ســاوا بوو بەجێدەهێڵێ بۆ ئەوەی بخەوێت. منداڵەکان ئەم کارەیان لە ڕێگەی دایکیانەوە دۆزیبۆوە. لەم حاڵەتانە دەتوانین بڵێین کە ژینگەی کارکردن و خاوەنکار لە لایەن دایکەوە پەســەند کراوە و جگە لەوەش منداڵەکان متمانە و ئاسایشیان هەیە.

هەر وەک باس کرا هەستکردن بە ئاســایش ڕۆڵێکی گرینگ لە کارکردن یان کارنەکردنی منداڵان و ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی بنەماڵەکانیان بەتایبەت لە ناو بنەماڵە پەنابەرەکاندا دەگێڕێت. بۆ هەستکردن بە ئاسایش ئاشنابوون بە ژینگە و پانتای کار زۆر گرینگە. چونکە زۆرێک لە خێزلنە پەنابەرەکان ماوەیەکی کەم لە ئێران دەژین و لە کۆمەڵگە بچووکەکانی ئەفغانســتانەوە هاتوون، لە کاتی کۆچکردن بۆ تاران لەم شــارە دەترسن و لەوانەیە بۆ کارکردن نەچنە هیچ شوێنێک و زیاتر لە دەوروبەری ماڵەکانیان بمێننەوە. یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی یەکێک لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) لەم بارەوە ڕایگەیاندووە:

لە مەیدانی کتابدا کارێکی زۆر باشم بۆ بنەماڵەیەکی ئەفغانی دۆزییەوە کە باوکیان گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بوو و لەگەڵیان نەبوو، و دایکیان زۆر خەمۆک بوو، دایک و منداڵ بە توندی وابەستەی یەکتر بوون، وەک فریادڕەس و قوربانی، پاشان دایک ڕێگەی نەدا؛ وتی ڕێگاکەی دوورە کە چۆن بڕوا و چۆن بگەڕێتەوە. لەم حاڵەتانەمان هەبوو؛ دەزانی بۆ؟ چونکە تازە لە ئەفغانستانەوە دێن، ژینگەی ئارامی و خۆپارێزییان لێرەیە، دەترسن بۆ ماوەیەک لێرە دوور بکەونەوە.

واتە ئەگەر بیانهەوێ لەو ناوچە هێمنەی کە هەیانە دەربچن دەترسن؟

ڕێک وایە. بۆ وێنە لە مەڕ کارگای پیشەسازیی دار، چەندە وتمان کە پێویستە بچنە ناو کۆمەڵگاوە، خەڵک بناسن، ئەزموون بەدەست بهێنن، و لەوانەیە ببێتە هۆی

پێشکەوتن و کۆچکردنت بۆ وڵاتانی دیکە، بەڵام ...

ڕەهەندێکی دیکەی ئاسایشی منداڵان ئاسایشی کارە. بێگومان دووپاتی دەکەینەوە کە نابێ منداڵان کار بکەن، بەڵام لە هەمان ئەو کارانەدا کە بەشێکن لە کاری منداڵان، ئاسایشی کارەکەیان بە شێوەی جۆراو جۆر هەڕەشەی لێ دەکرێت. هەروەها وەک لە مەترسییەکانی کار بە باشی ڕوون کراوە، منداڵانی کار لەوانەیە ئەندامانی جەستەیان لە دەست بدەن یان تەنانەت بمرن. لەوانەیە دوای برینداربوون لە کارەکانیان دوور بخرێنەوە یان لاکەوتە ببن. لە شوێنی کاردا خاوەنکار چەندین شێوەی جۆراوجۆری یاسای نەنووسراو بەسەریاندا دەسەپێنێ و دەیانچەوسێنێتەوە. ئەم هەستکردن بە نائارامیی کارە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات. بۆ وێنە منداڵانی زبڵگەڕ کە لە سەرەتای مانگدا تا کۆتایی مانگ پارەی "گومرکی"ـی خۆیان دەدەن، لەوەی کە ئایا دەتوانن بەقەد گومرکی مانگەکەی دیکە داهاتیان هەبێت یان نا نیگەرانن. بێگومان ئەو منداڵانەی کە ئەزموونی کارکردنیان یان ئاستی لێهاتوویيان زیاترە و گوێڕایەڵترن، کەمتر هەست بە نائاسایش دەکەن، چونکە بۆ خاوەنکار هێزی کاری باشن.

جۆرێکی دیکەی ئاسایش بریتییە لە ئاسایشی دارایی یان ئابووری کە منداڵان لە کارە جۆراوجۆرەکاندا لێی بێبەشن، وەک لە نموونەی سەرەوەدا باس کراوە. لە زۆرێک لە کارگا و فێرکارییەکانی ناو دووکانەکاندا، خاوەنکار بە هۆکاری درۆی وەک باش کارنەکردن، دواکەوتن، زوو دەرچوون، فێربوونی کار و هتد ئامادە نییە پارەی منداڵەکان بدات. یان هەندێکیان حەقدەستەکانیان بە نیوەچڵی پێ دەدەن یان بە بیانووی ئەوەی ئێستا نیمە و دواتر دەیدەم، حەقدەستیان پێ نادات. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە بە ڕوونی ئەم ڕەهەندی نائارامییە پیشان دەدەن:

| |
|---|
| چوومە لای بۆ ئەوەی پارەکەم وەربگرم؛ وتی خۆ هیچ ئیشت نەکردووە. وتم چۆن! هەموو ڕۆژێک لە سەعات نۆ هەتا هەشتی شەو دەهاتم. |

| |
|---|
| پارەیان نەدەدا؛ 50 هەزار تمەن، هاتمە دەرەوە. |

| |
|---|
| هەر دەڵێ ئەم حەفتە پارە دەدەم، خۆ هەمووشی نادا یان بۆ وێنە ٢٠٠ هەزار تمەن دەدا، ئەوەی تریش نادات. |

گێڕانەوەی یەکێک لە یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە (NGO) سەبارەت بە نائەمنی منداڵانی کار لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا بەم شێوەیە بوو:

کەمترین حەقدەست، نەبوونی خۆپارێزی و تەندروستی، نەبوونی ئاسایشی کار، نەبوونی مافی نارەزایی دەربڕین، نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی، کەوتنە بەر بە هەموو جۆرە حەڕەشەیەکی لێدان و دەستدرێژیکردنە سەر لە گەڕەکە دوورەدەستەکان لە کێشەکانی منداڵانن. یەکەم بابەتی گرینگ ڕەچاوکردنی خۆپارێزیی کارە و گرینگترین و پێویستترین بەشیشە. لە قۆناغی دووهەمدا نە پەروەردە و نە داهاتووی کۆمەڵایەتی و نە پاڵپشتیی کۆمەڵایەتیان هەیە. کەمیی حەقدەست، یەک لە سەر چوار و یەک لە سەر پێنجی حەقدەستەکانی کار کە لە یاسای کاردا، کە لەگەڵ حەقدەستی کرێکارانی دیکە یەکسانە. هەروەها مافیان زۆر پێشێل دەکرێت. بۆ وێنە حەقدەستەکانیان پێ نادەن.

جۆرێکی دیکەی نەبوونی ئاسایش کە منداڵان لە شوێنی کارەکەیان بەئەزموونی دەکەن، ئاسایشی پەیوەندییە. پەیوەندی گرینگترین توخمی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە. بێگومان هەر پەیوەندییەک دەتوانێ کوالیتی هەبێ یان نەیبێت. ئەو پەیوەندییانەی کە لە سەر بنەمای پەیوەندییەکانی ئاغا - نۆکەری یان پەیوەندیی ناهاوسەنگ و لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێن لەو پەیوەندییانەن کە ئاستی کوالیتییان نزمە. منداڵان لە شوێنی کارەکەیاندا ئەم جۆرە پەیوەندییانە بەئەزموون دەکەن. لە وتەزای پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا، بە باشی باس کرا کە چۆن پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ناهاوسەنگ بە زیانی منداڵانە و ئەم منداڵانە لە شوێنی کاردا تووشی کەمیی ئاسایش دەبنەوە. پەیوەندیی خاوەنکار لەگەڵ ئەوان ئارەزوومەندانەیە، بە شێوەیەک کە ڕەنگە بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، یان بەهیچ شێوەیەک گرێبەست لەگەڵ منداڵان نابەستێ یان بۆ ماوەیەکی کورت گرێبەستیان لەگەڵ دەبەستێ و کاتەکانی کارکردنیان زۆر درێژ دەکاتەوە. منداڵێک کە لە گەڕەکی نەرمەک کاری فیتەری دەکرد، سەبارەت بە کاتی دەوامەکەی دەڵێ:

> پێم گوت لە پێنج بەو لاوە ناتوانم لێرە بمێنمەوە. وتی پێویستە تا کاتژمێر نۆ لێرە [دووکانی فیتەری] بیت. بۆ من قورس بوو، نەچووم.

تێکچوونی ئاسایشی دەروونی لە کۆتاییدا حاڵەتێکی دیکەیە کە منداڵان بەئەزموونی دەکەن. هەڵبەت کاتێک مرۆڤەکان هەست بە ئاسایش ناکەن، لێکەوتە سروشتییەکەی دەبێتە ترس و دڵەڕاوکێ و دیکەی کێشە تەندروستییە دەروونییەکانە.

یەکێک لە میکانیزمەکانی منداڵان لەم دۆخەدا پەنابردنە بەر چارەنووس‌خوازییە. کاتێک ئاسایشەکەیان لە هەر بوارێکدا هەڕەشەی لەسەر بێ هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی ئەو پێکهاتە دەروونیانەی کە دروستی دەکەن هەستی ئاسایش بۆ خۆیان بخولقێنن. بێگومان ئەم ئاسایشە درۆیە، چونکە منداڵان لە مافەکانیان بێبەش دەکا و دەرفەتی زیاتریان بۆ چەوسێنران دەڕەخسێنێت.

> زۆر لە کارەکەم ڕازی بوون، بەڵام لە کاتی پارەدان ڕازی نەبوون؛ دەیانگوت: "باوە، تۆ هیچ نازانی ئیش بکەی، بە هیچ شێوەیەک لە کاتی خۆیدا نایەیت". من دەڵێم برا لە هەشت بەیانییەوە هەتا دوازدەی شەو ڕادەوەستم. [بە زەردەخەنەوە]. لاساری دەکەن. ئەگەر بتەوێ بتبەم بۆ لای ئەوان. من مرۆڤێکم، پێم وتن ئەم دونیایە بێ بەهایە، تۆ دەتەوێ پارەکەم بخۆی بیخۆ. تازە چووە دنیا ئەوە ناهێنێت. هەندێک جار سڵاویان لێ دەکەم. من کەسێک نیم کە بە دڵی بگرم، دەڵێم ڕەنگە ئەمە قسمەتی من بێ، ڕەنگە ویستی خودا بێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە جگە لەوەی کە دامودەزگاکانی وەک بێهزیستی و شارەوانی لە کاتی پلانی ڕێک‌خستنەوەدا حەڕەشە لە ئاسایشی منداڵان دەکەن، هێزی پۆلیس حەڕەشە لە ئاسایشی منداڵانیش دەکات. هەڕەشەکەیان زیاتر لەسەر منداڵانی ئەفغانییە کە بە شێوەیەکی نایاسایی بەرەو ئێران کۆچیان کردووە. بە هۆی نەبوونی بەڵگەی ناسنامە و کۆچی نایاسایی، ئەم منداڵانە هەمیشە دەترسن کە لە لایەن پۆلیسەوە بناسرێنەوە و دەستگیر و دواجار ڕیپۆرت بکرێن. بۆ وێنە لە شوێنەکانی جیاکردنەوەی زبڵ بینرا کە چۆن هەندێک لە زبڵگەڕەکان لە سەربانی کۆخەکانیان نووستنگەیان ساز کردبوو، کاتێک لێمان پرسین بۆچی وا دەکەن، وەڵامیان داوە کە لە ترسی هێزەکانی ئینتزامی و قۆڵبەستکران لە سەربان دەخەون بۆ ئەوەی ئەگەر هێرشیان کرایە سەر پێش ئەوەی ئەفسەرەکان بێنە ناو شوێنەکە، ئەوان ئەفسەرەکان ببینن و لە دستیان ڕا بکەن.

> هەر ئەوە ... پۆلیسی شارەوانییە. خەریک بوو ببرێم بۆ زیندان. بە هۆی دەستفرۆشی پێیان دەگوتم ئاژاوەگێڕ. چونکە کاتێک دەیبینێ لێی ناترسین، بە زمانە پیسەکەی وشەیەکی وات پێ دەڵێت.

**ئەزموونی توندوتیژی و ئازار**

منداڵان لە شـوێنی کاردا تووشـی هەموو جۆرە ئازار یان توندوتیژییەک دەبن. ئازاردان زیاتر لە ڕەهەندی نێوان کەســەکاندا ڕوو دەدا، بەڵام توندوتیژی جگە لە ڕەهەندی نێوان‌کەســەکان ڕەهەندێکی پێکهاتەییشــی هەیە. بۆ وێنە کاتێک خاوەن‌کارێک یان شــارۆمەندێک دەســتدرێژی دەکاتە ســەر منداڵێک، ئەم ڕەهەندە زیاتر لە جۆری توندوتیژیی نێوان‌کەســەکانە، لە کاتێکدا وەختێک پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو دابەش‌کردنی نایەکسانانەی سەرچاوەکان یان یاساکان زەمینە بۆ کاری منداڵان خۆش دەکەن، نەک هەر کاری منداڵان قەدەغە ناکەن، بەڵکوو تەنانەت ئەوان بە جۆرێک لە جۆرەکان شــەرعیەتی پێ دەدەن و ئەمەش جۆرێکە لە توندوتیژیی پێکهاتەیی کە لە دژی منداڵان بە کار دەهێنرێت. لەم بەشــەدا بە پێی ئەزموونی ژیانی منداڵان لە کارە جۆراوجۆرەکاندا زیاتر گرینگی بە توندوتیژیی نێوان‌کەســەکان دەدرێت. منداڵان چەندین جۆری توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی، سێکسی، و پشتگوێخران لە لایەن کەسـانی وەک خاوەن‌کار، شـارۆمەند، کاسپکارەکان، ئەندامانی خێزان، هاوکاران یان هاوتەمەنەکانیان لە شـوێنی کار، بریکارانی دامەزراوە فەرمییەکانی وەکوو بەرپرسـانی شــارەوانی، ئەفســەرانی هێزە ئینتزامییەکان و کاربەدەســتانی میترۆ و پشــکنەرانی بێهزیستی بەئەزموون دەکەن.

پێناســەی جیاواز بۆ توندوتیژی پێشـنیار کراوە. لە پێناســەی توندوتیژیدا هاتووە: "هـەر کردارێکی جـەســتـەیی، فیزیکیی یـان دەروونی یـان ڕۆحی، ئـازارانـدن، پشـتگوێ‌خسـتن یان ڕەفتارێک کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، سـووکایەتی‌کردن یان کـەڵکـاوەژۆیی بێ، بۆ وێنـە دەســتـدرێژیی ســێکســی." [58]. لـەم چوارچێوەدا، دەســتدرێژی‌کردنە ســەر منداڵان بریتییە لە: "هەر زیانێکی جەســتەیی یان دەروونی، دەستدرێژیی سێکسی یان چەوساندنەوە و دابین‌نەکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەو کەسـانەی کە تەمەنیان خوار هەژدە سـاڵە لە لایەن کەسـانی دیکە کە ناهەڵکەوتانە بێت" [59] لە پێناســەیەکی دیکەی توندوتیژیی دژ بە منداڵان هاتووە کە توندوتیژی دژ بە منداڵان بریتییە لە هەموو ئەو توندوتیژییانەی کە دژ بە کەسانی خوار هەژدە ساڵ دەســەپێنرێ، ئـەم تونـدوتیژییـانـە لـە لایـەن دایـک و بـاوک، چـاودێرانی دیکـە، هاوتەمەنەکان، خاوەن‌کارەکان، هاوبەشــە ڕۆمانســیەکان[1] و کەســانی نامۆ ئەنجام بدرێت [60].

1. Romantic partners

جۆرێک لە توندوتیژی کە منداڵان لە شوێنی کارەکەیان تووشی دەبن، توندوتیژی فیزیکیی یان جەستەییە کە لەوانەیە ببێتە هۆی برینداربوون یان کەمئەندامی. ئەم جۆرە توندوتیژییە لە شـوێنی کاردا زۆر باوە و زۆرێک لە منداڵان بەئەزموونی دەکەن. زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە دووکانەکانی چاککردنەوەی وەکوو فیتەری یان بەرهەمهێناندا کار دەکەن، توندوتیژیی جەستەیی توند بەئەزموون دەکەن. هەڵبەت ئەم جۆرە توندوتیژییە هەمیشـە توندوتیژیی زارەکی یان دەروونی لەگەڵە. لە هۆکارە سـەرەکییەکانی ئەزموونی توندوتیژی لە دووکانەکانی چاککردنەوە و کارگاکاندا دەتوانین ئاماژە بە کاری نالەبار لە شـوێنی کار، فرۆشـتنی کەلوپەل بە مشـتەری بە شێوەیەکی نەشیاو، دەمەقرێ لەگەڵ مشتەری لە سەر قازانجی خاوەنکار، چاوەڕوانیی خاوەنکار بۆ فرۆشـتنی کەلوپەلەکان بە مشـتەری بە هەر چەشـن و هەر جۆرێک، نەگەیلندنی کاڵا یان کار بە مشـتەری لە کاتی گونجاودا، زیانگەیلندن بە ئامێرەکانی کار، ونکردنی ئامێری کار، زیانگەیلندن بە شـتی مشـتەری، ئامادەنەبوون لە کاتی خۆیدا لە شـوێنی کار، تێکدانی مادەکە، بزۆزی لە کاتی کارکردندا و هتد. لەم کارگایانەدا چەندین گێڕانەوە لە سەر توندوتیژی هەیە. کوڕێکی تەمەن چواردە ساڵان کە پێشتر لە کارگایەکی فیتەریدا کاری دەکرد، باسی ئەم جۆرە توندوتیژییەی کرد:

> خاوەنکارێکمان هەبوو بە پیچبادەر (دەرنەفیس) لێی دەداین، دەیگوت تۆ باش ئیش ناکەی، ئیشـم لێ خراپ دەکەی، گوێڕایەڵم نین. چیتر ناتوانین زۆر پەیوەندییان لەگەڵدا ساز بکەین؛ من دەڵێم کێشە نییە، ئیتر ژیان ئاوایە.

یان منداڵێک کە لە فیتەرییەکی گەڕەکی فەرەحزاد کاری دەکرد، ئەزموونی توندوتیژیی خۆی بە هۆی وەدرەنگ کەوتن بەم شێوە گێڕایەوە:

> شەڕیش دەکرێ، بەڵێ، ڕوو دەدا، لێشت دەدات. ئەو ڕۆژە درەنگ چوومە سەر کار، جنێوی پێدام؛ وتی درەنگ بێی ئیتر ناهێڵم بەیتە ژوورەوە. یان جارێک جەڕوادەرێکی دا بە سەرمدا.

هەروەها دوو منداڵ کە لە کارگای جلوبەرگدا کاریان کردووە و لە ئەنجامی خراپکردنی کار ئەم جۆرە توندوتیژییەیان بە سەر هاتووە، ڕایانگەیاندووە:

> خاوەنکارەکەم، جارێکیان شتێکم خراپ کرد، هاواری لێ هەستا. دواتر پێی وتم ناڕەحەت نەبی، هاوارم کرد بۆ ئەوەی زیاتر وریا بیت.

هات کۆڵێ بە سەرما گوڕاندی، بۆچی پاڵتۆکەت خراپ دووریوە و ئەمانە.

منداڵێک کە تازە دەستی بە کارێک کردووە ئاساییە کە ئەو کارە بە باشی ئەنجام نەدا، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا خاوەنکار وا بیر ناکاتەوە و ئەگەر منداڵەکە کارەکەی بە باشی ئەنجام نەدا، توندوتیژیی لە دژی ئەو منداڵە دەنوێنێت. هەروەها ونکردنی ئامێرەکانی کار لە شوێنی کار بۆ ماوەیەکی کەم یان بۆ هەمیشەش بابەتێکی ئاساییە، بەڵام هەندێک جار ونکردنی کەرەستەکانی کار هۆکارێکە بۆ ئەوەی خاوەنکار توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان بنوێنێت. لە میانەی دیمانە و توێژینەوەی مەیدانیدا منداڵەکان چەندین جار باسیان لەوە کردووە کە بە هۆی ونکردنی کەرەستەی کارکردن لە لایەن خاوەنکارەوە توندوتیژییان لەگەڵ کراوە.

لێدان، جا چ لێدانێک! بە دار، لە سەری جەرِوادەڕێکی ونبوو لە یەکتریان دا و دواتر بوو بە شەڕ. زۆربەی وەستاکان لەگەڵ شاگردەکان شەڕ دەکەن. دەڵێن کوا جەڕوادەر، کوا پێچبادەر، بۆ ونت کرد؟

لە زۆر حاڵەتدا توندوتیژیی بەردەوام لە شوێنی کاردا وای کردووە منداڵان دەستبەرداری ئەو کارە بن و ڕوو بکەنە کارێکی تر. لە ڕاستیدا ئەو توندوتیژییانەی کە دەبێتە هۆی وازهێنان لە کار ڕۆڵێکی گرینگی لە چەوساندنەوە و هەژاریی منداڵاندا و هەروەها چوونە ناو پیشەکانی دیکە هەیە. کوڕێکی تەمەن سێزدە ساڵان کە لە کارگایەکدا لە گەڕەکی قەلعەمورغی کاری دەکرد، لەم بارەیەوە گێڕایەوە:

لە شوێنێک خەریکی دروومان بووم، پەردەکەم بڕی. ئیتر خاوەنکار لێی دام، شەڕم لەگەڵی کرد، ئەو پارەی پێ نەدام. وتی: تۆ تازە هاتووی، تەنها کارەکەمت تێکدا. هیچی تر، من هاتمە ئێرە.

لەم زەمینەدا گێڕانەوەی منداڵێک کە وەک فیتەر کاری کردووە بەم شێوە بوو:

تەلێکی وایەر هەیە، گەرمی دەکەن، ئێرمیان پێ داغ کردم. وتی ئەم کارە بکە، من نەمکرد، بەڵام ئەو ئێرەی داغ کردم [بە پێکەنینەوە دەیگێڕێتەوە]. جارێکی تر، یەکەم جارم بوو هاتبووم، وتی ئامرازێک بهێنە، نەمتوانی بیهێنم. بەو جەڕوادەرە لە سەرمی دا. هیچ، هاتمە دەرەوە.

منداڵان بۆ فێربوونی شتێک ماوەیەک کات بە سەر دەبەن، بەڵام بە هۆی ئەزموونی توندوتیژی ناچار دەبن واز لەو شتانە بهێنن کە فێری بوون. لەم حاڵەتانەدا لەگەڵ گۆڕینی کار تەکنیک و کارامەیی ئەو منداڵە کە لەو زەمینەدا فێری کار بووە لەدەست دەچێ، چونکە زۆر جار دەچێتە ناو جۆرێکی دیکەی کارەوە و تەکنیک و ئەزموونەکانی چیتر سوودی بۆی نییە. هەروەها لە زۆر حاڵەتدا کاتێک منداڵ دەچێتە ناو کارێکەوە، ڕەنگە خاوەن کارەکە بۆ چەند مانگی یەکەم مووچەی پێ نەدا چونکە پێی وایە ئەو منداڵە نازانێ چۆن کار بکا و خەریکە فێر دەبێت. لەم بارەوە منداڵێکی تەمەن دوازدە ساڵ کە لە یەکێک لە پاساژەکانی ناوەندی شاردا کار دەکا، بۆی گێڕاینەوە:

> لێرە زۆر هەراسانم دەکەن، ڕەنگە بڕۆم. کاتێک هەراسانم دەکا کە پارەم پێ نادا، سەر مانگ دەڕۆم. بۆ وێنە حەقدەستەکەم وەدوا دەخا، بۆ وێنە هەراسانم بکا، بە سەرمدا بگوڕێنێ، دەبێ ئیشەکەم بگۆڕم. بێزارم دەکا، خاوەنکارەکەی پێشووم بێزاری کردم، هاتمە ئێرە. زۆر شتم فێر بووم، ئیتر هیچ، ئێستا بە کەڵکم نایە. ئەو زۆر ناپیاو بوو.

لە هەندێک کاردا جاری وایە پەیوەندیگرتن لەگەڵ مشتەری و مشتەریەکان بۆ منداڵان هەمیشەییە. خاوەنکارێک لە بازاڕی میوە و تەڕەباری گەڕەکی سادقیە سەبارەت بە ئەزموونی پەیوەندیی مشتەری و منداڵانی ئیشکەر ئەمانەی بۆی گێڕاینەوە:

> لێرەدا کێشەی زۆر هەیە؛ شەڕ دەکەن. بۆ وێنە کابرا دێ نرخی بارەکە بپرسێ، بارەکە دەخا یان بارەکە هەڵدەفلیقێنێ؛ بۆ نموونە دەڵێی بۆ ئەوەت کرد، دەڵێ من نەبووم. ئیتر ئەمانەش هەڵدەچن و دەیکەن بە شەڕ.

هەروەها کوڕێکی تەمەن 15 ساڵ کە لە بازاڕی میوە و تەڕەباری گەڕەکی سادقیە کاری دەکرد، بۆی گێڕاینەوە:

> لێرە ببێتە پێنجشەممانە ئێرە قەرەباڵغییەکە هەر مەپرسە. ئیتر فریا ناکەوین، مشتەری پێت دەڵێ بار بێنن و دایبڕێژن. من پێم گوت: بۆ نازانی ئەگەر هەڵیڕێژم هەمووی دەبەن؟ ئیتر لە سەر ئەوە دەبێتە شەڕ.

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی شەڕ لەگەڵ هاوکارەکانی، وەڵامی دایەوە:

بەرێوەڵا لەگەڵ ئەوانیشدا شەڕ دەکەن. بۆ وێنە گەورەکان هەموویان فەرمانمان پێ دەدەن، کەڵەگایی دەکەن، ئێمەش ناتوانین هەموو کارەکان بکەین. ئیتر شەڕ و لێدان ڕوو دەدات. لێمان دەدەن، ئێمەش دەسڕەوێنین. لە سەر ئەم ناکۆکییانەدا ئەندازیار[1] سزامان دەدا و دەرمان دەکات.

ئەو منداڵانەی کە لە سەر شەقامەکان کار دەکەن، زۆرترین جۆری توندوتیژی بەتایبەتی توندوتیژیی جەستەیی بەئەزموون دەکەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم توندوتیژییە شەڕ لە سەر سنوورە. هەندێک جار ئەم جۆرە توندوتیژییە بە شێوەی گرووپی بە کار دەهێنرێت. دەستفرۆشێکی تەمەن چواردە ساڵان ئەزموونی توندوتیژیی لە سەر ئەم سنوور و بازنانە بەم شێوە گێڕاوە:

... ئەمان دەڵێن ئێمە دە ساڵە لێرە ئیشمان کردووە، ئەمە چوارڕێیانی ئێمەیە، من دەڵێم باشە کوا تاپۆتان، ئیتر لە بەر ئەوە ڕۆژێک بوو بە شەڕمان. ئێمە پێشتر لەم چوارڕێیانەدا ئیشمان نەدەکرد، دەچووینە سەر چوارڕێیانی شارەوانی. حەفتەیەک لەوێ بووین، جارێکیان ... بەرەو لای ئۆتۆمبێلێک ڕۆشت، ویستی خاوێنی بکاتەوە، ... ماتۆرسیکلێتێک هات؛ لە ناکاو دای بە قاچی کوڕە، هەر لەبەر ئەوە ئێمە هاتینە سەر چوارڕێیان. شارەوانی و شت نییە لە تاقمێکی دیکەیە ... هی ئەو منداڵانەن وا لەوێن منداڵانی ئەفغانستانین.

دەستفرۆشێکی دیکە کە لە میترۆی موتەهەری کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

من لەگەڵ ئەوان شەڕ دەکەم، چونکە ڕێگە بە کەس نادەم لێرە ئیش بکات. من لێرەدا ڕێگە نادەم بێن و ئیش بکەن. چونکە بەڕاستی دەستگێڕ و چەرچی زۆرن. هێشتا هەندێکیان نەهاتوون، واتە دەتانەوێ با بیژمێرم، واتە تەواوی ئەو دەستفرۆشانەی لێرە ئیش دەکەن بیست کەسن. ئەو وەختە من ناهێڵم بێنە ئێرە. دوێنێ نا پێرەکە شەڕم لەگەڵ کچێک کرد. ناوی ... و لە ماڵەوە ڕای کردبوو،

1. چاودێرانی شارەوانی لە ڕێکخراوی مەیدانەکانی میوە و تەڕەبار

مەشـهەدییە، سـەبزەواریە، لە ماڵەوە ڕای کردبوو. ئەو بۆ فرۆشـتنی دەسـماڵ هاتبووە ئەوێ، کەس لێمانی نەدەکڕی. ناچار بووم قژی بکێشـم. من پارەیان لێ وەرناگرم. چونکە حەرامە پارەیان لێ وەربگیرێت. ئینجا دایکم دەڵێ پارەی حەرام مەهێنە ناو ئەم ماڵە. ڕقم لە خۆمە.

هۆکاری شـەڕکردن لە سـەر سـنوور و بازنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسـانەی ماوەیەکی زۆرە لـە بازنـەیەکدا چالاکی دەکەن ئەو بازنـە بە هی خۆیـان دەزانن. لـە ئەنجامدا ئەوانی دیکە کە بە هەر شـێوەیەک بازنەکەیان داگیر دەکەن، بە دەسـتدرێژکار لە قەڵەم دەدەن و لەولنەیە بە شـێوەی جۆراوجۆر پەنا بۆ توندوتیژی دژی تازەهاتووان ببەن. یەکێک لە منداڵەکان ئەزموونی خۆی لەم بارەوە بەم شێوە گێڕاوە:

هەندێک جار لێمان دەدا، دەڵێ ئەمە ئۆتۆمبێلی منە، هەموو شـتێک نیوە بکە. هەموو شـەوێک ۲۰ هەزار تمەنمان لێ وەردەگرێت. ئەم منداڵانە، گەورەساڵەکان، ڕۆژانە ۲۰ هـەزار تمـەن لـە ئێمە دەخۆن، دەڵێ، چوارڕێیان هی ئێمەیە. ئیتر توخنی ئێرە مەکەون. ئەو پوورزایەیان کاتژمێر چواری پاشـنیوەڕۆ دێت. دەڵێ ئەو شـەوی ۲۰ هەزار تمەن وەردەگرن، هەر بۆیە هاتووە. ئەمە ماڵی ئەولنە فەرەحزادە لێرە ئیش دەکەن. ئەوان شـەو هەتا کاتژمێر دوازدە و یازدەی نیوەی شـەو ئیش دەکەن. پاشـان پێمان دەڵێ وەرن، شەوی ۲۰ هەزار تمەن بدەن. ئەگەر نەیکەین لێمان دەدات. من و کاکم ٤٠ هەزار تمەنی پێ دەدەین، لەگەڵ ۲۰ هەزار تمەنەکەی ئەو، دەکاتە ٦٠ هەزار تمەن. ئێمە سـێ کەسـمان تەنها ڕۆژانە ٦٠ هەزار تمەنمان دەدا. ئیتر ئەوانی دیکـە پـارە نـادەن، خزمن. ڕۆژی وایە دێ ئـەڵێ بـاوکم ون بووە ٥ هـەزار تمـەنم پێ بدەن و لەمانە.

منداڵانی دیکەش ئەزموونی شەڕیان لە سەر بازنە بەم شێوەیە وەسف کردووە:

یـەکـەم ڕۆژ کـە هـاتینـە ئێرە، پیـاوێکی بـاڵا بـەرزی لێ بوو؛ هـات و وتی لێرە مەگەڕێ. وتم بۆ ڕێگەمان پێ نادەن. وتی یەکەم ڕۆژ کە هاتووین شـوێنی خۆمانە. پیاوەکە دوو سـێ ڕۆژ چووە سـەرەوە، وتم تەجریش پارەی باشـی تێدا دەسـت دەکەوێ، لە خۆوە وتم تەجریش پارەی باش دەدات. پاشـان چووە سـەرەوە و بینی تەجریشم پارەیەکی باشی تێدا دەست دەکەوێت، چووە سەرەوە.

| |
|---|
| لە چوارڕێیانەکەدا ئەوەندە شەڕ و پێکدادان ڕووی داوە؛ کابرایەک لە هەر کەسێک ۳۰ هەزار تمەنی وەردەگرت. ئەم کۆچەرانە، ئەو ژنانە سەری چوارڕێیانیان گرتبوو. نەیاندەهێشت ئێمە کار بکەین. ئێمەش تەلەفۆنمان کرد و ئەویش هات. یەکی زللەیەکیان لێ درا، ماتۆڕسیکلێتەکەشیانی برد، وتی جا ئێستا بڕۆن. ئەو خزمی ئێمە بوو؛ براکەی چەقۆی لێ دراوە، لێرەوە هەڵدڕاوە .... خەڵکی ئەفغانستان بوو. |

| |
|---|
| هەر ئەو سەوزەفرۆشە دەهات و دەیوت لێرە دەرچۆ، دەیگوت لێرە ڕامەوەستە. نازانم جێگای کێیە. وتم بۆ؟ پاشان نازانم بەو پیاوەم وت، چارەسەری کرد [مەبەستی دووکاندارێکە کە هاوڕێیەتی و لە بازاڕەوە سەوزەی بۆ دەهێنێت]. |

منداڵەکان هەندێک جار لە سەر شەقام یان لە خاڵە یەکتربڕەکان لە لایەن منداڵە گەورەساڵەکانەوە لێیان دەدرێ، یان ڕەنگە پارەیان لێ وەربگیرێت. یاساکانی کارکردن لە چوارڕێیان لەم بارەوە کە کێ یەکەم جار دێتە کەوان و شتێک بە مشتەری دەفرۆشێ یان خزمەتگوزارییەک پێشکەش بە مشتەری دەکا هۆکارێکی دیکەی توندوتیژی لە ناو منداڵانە. منداڵێک کە لە گەڕەکی مەرزداران دەستفرۆش بووە دەڵێ:

| |
|---|
| شەڕ زۆرە؛ دوێنێ بووک و زاوایەک هاتن. پاشان کوڕێک وتی من دەبێ لە پێشدا بڕۆم. هەروەها کوڕێک وتی من دووهەم کەس دەچم. ئەم کەسە دووەمە نەچوو، ... چووبوو، شووشەکەی سڕی، دە هەزار تمەنی پێ دابوو. دوای ئەو کوڕە من دووەم بووم، ئەو پارەی نەدا. وتم شتێکیش بە من بدە، وتی نایدەم. لە سەر ئەوە بوو بە شەڕ. لە ناکاو سەرم ... جۆرێک لێی دام سەرم درا لەو درەختە. باوکی هات وتی بۆ لە کوڕەکەمت دا، بوو بە شەڕ. باوکی ... پێی وتین و ... و ... بڕۆنەوە ماڵەوە، با بزانم چی بووە. چووینە ماڵەوە. نازانم ئەمڕۆ چی بکەم. هەموو ڕۆژێ لێمان دەدەن، پارەمان لێ وەردەگرن. پاشان کە دێین بۆ وێنە مشتەرییەک دێ دەڵێ من یەکەمم؛ واتە دەبێ ئەو پارەیەی کە بەدەستت هێناوە پێم بدەیت؛ مەبەستم ئەوەیە تۆ شووشەکەی پاک بکەرەوە، ئەو بڕێک پارەت پێدەدات. پاشان دەڵێ من یەکەمم، پارەکەم بدەیە. ئەمانە هەموویان هەراسانمان دەکەن؛ واش نییە یەک و دوو بێ، هەموویان بێزارمان دەکەن. |

منداڵێکی دیکە کە لە شەقامی شەریعەتی کاری کردووە لەم بارەوە وتی:

> ئەوان گەورەترن و ئێمەش بچووکترین، هەندێک جار لێمان دەدەن. کاکم لێم دەدا، ئەمیش تێم هەڵدەدات. جاری وایە ئەمەش تێم دەسرەوێنێ، دەڵێ ئۆتۆمبێل هی منە. ئەم دەڵێ هی منە، هەر کەس بێ دەیسرێت. ئێمەش ئەم سەگبابە لێمان دەدا. ئەم منداڵە هات و قاچی منی شکاند. ئەم منداڵە لە چوارڕێیان، ئەم چوارڕێیانی شارەوانییە، ئەم منداڵە هات و قاچمی شکاند.

هەندێک جار شێوازی یارمەتیدانی ئەم گرووپە منداڵانە لە لایەن شارۆمەندانەوە توندوتیژی لە ناو منداڵانی لێ دەکەوێتەوە؛ بە جۆرێک کە گێڕانەوەی یەکێک لەو منداڵانە ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

> نەخێر بۆ وێنە کەسێک ٥٠ هەزار تمەنم پێ بدا، بۆ وێنە دەڵێ دەبێ دابەشی بکەین. بە هەموو هاوڕێکانم دەڵێ با دابەشی بکەین. پاشان کەسێک بە زۆر لێم دەڕفێنێ، دەڵێ ئەو خانمە وتی دابەشی بکەن. دوای دە هەزار تمەنی پێ دەدەم.

یان لەوانەیە شارۆمەندانی دیکە توندوتیژی دژی ئەم منداڵانە بە کار بهێنن، وەک منداڵەکان خۆیان گێڕایانەوە:

> پیاوە گەورەساڵەکان شەڕمان لەگەڵ دەکەن بەڵام ئێمە حەقمان بە سەریانەوە نییە.

> هەندێک کەس پێمان دەڵێن سواڵکەر و ئەمانە، من پێم خۆش نییە، تووڕە دەبم.... هیچ، ئێمەش وەڵاممان دەداوە.

توندوتیژی لە دژی منداڵان لە لایەن شارۆمەندانی دیکەوە جۆرێکی تری توندوتیژی لە چوارڕێیانەکان و لە سەر شەقامەکانە. هۆکارەکانی ئەم توندوتیژییە دەتوانن بە پێی جۆری کارەکە جیاواز بن. زۆربەی هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان لە لایەن شارۆمەندانەوە لە چوارڕێیانەکان یان لە شەقامەکان ئەمانەن: ڕێگریکردن لە هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان، جێنەهێشتنی ناوەڕاستی شەقام لەکاتی سەوزبوونی گڵۆپی ترافیک، سڕینی پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکان بە پێچەوانەی خواستی شۆفێران، کوتانی دەرگا و پەنجەرەی ئۆتۆمبێل لە لایەن منداڵان، پێداگری لە

ســەر کڕینی کاڵا یان وەرگرتنی یارمەتی و هاوشـێوەکانی. لە کاری زبڵگەڕیدا یاخود گواستنەوەی بار بە عەرەبانە لە بازاڕی گەورەی تاران یاخود لە بازاڕەکانی گوڵفرۆشیدا، بە هۆی ئەو هاتووچۆیەی کە عەرەبانەکان دروستی دەکەن و بە جۆرێک شارۆمەندان ناڕەحەت دەکا، کە ڕەنگە ئەمانە ببنە هۆکاری توندوتیژی دژ بەم منداڵانە. لە کۆکردنەوەی زبڵدا، دلنانی زبڵ لە گۆشـەی شـەقامێک یان کوچەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی دراوسـێکان یان کاسپکارەکان ناڕەزایەتی دەرببڕن. هەر لەو کارەشـدا هەندێک لە شـارۆمەندان لەگەڵ منداڵان تێک هەڵدەچن و زبڵ و خاشـاکە کۆکراوەکانیان دەدزن. ئەزموونی ژیانی منداڵان لەم جۆرە توندوتیژییە بەم شێوە بوو:

> ئەوان جوێنمان پێ دەدەن، ئێمە دەچین شـووشـەکەی پاک دەکەینەوە، دەڵێن بڕۆ بزانم. جوێن دەدا، دەڕۆین، ئاوی پێدا دەڕێژین، دەیسڕین. هەندێکیان پارەیان نییە.

> پێیان وتین بڕۆ چوارڕێیانێکمان هەیە، چووین، شـوشـە پاککەرەوەکەمی برد، کڵاوەکەمی برد. پاشـان شـووشـەی پاککەرەوەکەی کاکمم وەرگرت و گورجانە ئیشەکەم دەکرد. بۆ سەد هەزار تمەن زۆر ئیشم دەکرد، دواتر چوومە ماڵەوە.

> بۆ نموونە ئێمە دەیسـڕین، دەقریشـکێنن. دەڵێین هاوار مەکەن باشـە. ئێمە بەقسـەی دەکەین و دەڵێین باشـە، هاوار مەکە. ئەویش دێ، ئێمەش شـەڕ دەکەین، پاشان بەم شێوە دەبێتە شەڕمان.

> جارێک گڵۆپەکە حەڵ بوو، ئۆتۆمبێلەکە بڕۆن، من لە ناوەڕاستی شـەقامەکەدا بووم. کەسـێک پێی وتم خۆ گا نی نافامی بڕۆیتە ئەو لا. وتم باوکت گایە. ئەو ویستی وەشوێنم بکەوێ، بەڵام من هەڵاتم.

> بۆ نموونە تۆ خەریکە تێدمپەڕی، پاڵت پێوە دەنێ یان لە داشـقەکەت دەدات. بارێکی پێیە، لە داشقەکەن دەدات. داشقەکەت فڕێ دەدات.

> ئێمە زبڵەکان دەهێنینە ئێرە و دەڵێن لێرە دایمەنێن. فڕێی دەدەن، جوێن دەدەن.

| |
|---|
| لە گەڕەکی ٢ زۆر هەراسـانمان دەکەن؛ لە بەر چاوی خۆمان بارەکانمان دەڕفێنن. هەر ئەو تورکانەی کە خاوەنی ڤانن زۆر ئەزیەتمان دەکەن. لێی دەداین. جارێک چەقۆی لە هاوڕێکەم دا، دواتر قاچی شـکا. زللەیەکی لێ دام، ڕام کرد [61]. |

ئەوە تەنها شارۆمەندان و شۆفێران نین کە توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان دەنوێنن، بەڵکوو هەندێک لە کاسـپکارانی دەوروبەری شـوێنی کارکردنی منداڵانیش لە دژی ئەم منداڵانە توندوتیژی دەنوێنن. ئەم توندوتیژییە زیاتر لە شـێوەی توندوتیژیی جەسـتەییە کە چەندین لێکەوتەی دەروونی هەیە. هەندێک لە کاسـپکاران پێیان وایە بوونی منداڵانی کار لە سـەر شـەقام و شۆسـتەی شـەقامەکان مەشتەری و مشـتەریان بێزار دەکا و ڕووخسـاری دەوروبەری شـوێنی کارەکەیان ناشـرین دەکات. منداڵەکان بەم ڕستانەی خوارەوە ئەزموونی خۆیان لەم بارەوە خستەڕوو:

| |
|---|
| ئەم چێشـتخانەیە، چێشـتخانەکە، ئەوەندە لێم دەدا، دەڵێ لێرە کار مەکە. ئەم چێشتخانەیە هی دوو کەسە، لەگەڵ یەکتر هاوبەشن. ئەوانی دیکە باشن. |

| |
|---|
| ئەم بەڕێزە کە لە چێشـتخانەیەکدا کار دەکا، هەراسـانمان دەکا؛ ناهێڵێ ئیش بکەین، دەڵێ لێرە ڕامەوەستن. |

| |
|---|
| دووکاندارەکان هەراسـانمان دەکەن، دەڵێن لێرە دەرچن. من دەڵێم بۆ ئەمە موڵکی باوکتە. |

| |
|---|
| کەس بێزارم ناکا، تەنیا ناوبەناو لەولنەیە دووکاندارەکان بێزارمان بکەن؛ دەڵێن بۆ دەوەستن و لە دووکان ژاوەژاو دروست دەکەن. |

بە پشـتبەسـتن بە بەڵگەی مەیدانی، هەندێک جار کاسـپکارەکانی شـوێنەکە پشتگیری لەم منداڵانە دەکەن، بۆ وێنە خۆراکیان پێ دەدەن یان لە کاتی شەڕدا لێکیان جیا دەکەنەوە.

| |
|---|
| زۆربەیان خۆراکمان پێ دەدەن. ئەوان جنێومان پێ نادەن. ئێمە دەچینە دووکانەکان، دووکەڵمان پێیە، ئەو جوێن نادات. ڤانگ دەسووتێنین. |

نەخێر، دووکاندارەکان شـەڕمان لەگەڵ ناکەن، باشـن. تەنانەت هەندێک جار جیامان دەکەنەوە. کە شەڕمان دەبێ، لێکمان جیا دەکەنەوە.

هەندێک جار توندوتیژی لە لایەن ئەفسـەرانی ڕێکخراوە دەوڵەتی یان ڕێکخراوە حکومییەکانەوە دژی منداڵان بەکار دەهێنرێت. بۆ وێنە لە گەڵاڵەی ڕێک‌خسـتن یان کۆکردنەوەی منداڵان لە سـەر شـەقامەکان، بە پشـتبەسـتن بە بەڵگەی مەیدانی، توندوتیژی دژی ئەم منداڵانە بەکار هاتووە، یان لە زۆر حاڵەتدا کاربەدەسـتانی میترۆ یان پارکە شـارەوانییەکان شـێوازی توندوتیژ بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی منداڵان لە ناوچە پارێزراوەکانیان کار نەکەن. وەک لەم گێڕانەوەیانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ، منداڵانیش لە لایەن ئەم ڕێکخراوانە یان کاربەدەستەکانیانەوە تووشی توندوتیژی بوون.

کاتێک یەکێک لە ئەفسـەرەکان کە ناوی ... یە، قژی ڕاکێشـام، منی بە زۆری فڕێ دایە ناو شـەمەندەفەرەکە. چونکە ڤایرۆسـی کۆرۆنا تازە لەو مانگەدا لە ئێران بڵاو ببووەوە. بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ گەڵاڵەی ئەم ئیمام خومەینییە لە هەموو شـوێنێک بڵاو ببووەوە. من چی ترم بکردایە؟ نەمتوانی بەو هەمووە شـتە لە ناو شـەمەندەفەرەکەدا بمێنمەوە. لە شـەمەندەفەرەکە دابەزیم. قژی گرتم و پێی وتم بڕۆ سواری شەمەندەفەرەکە بە، ئەگینا فڕێت دەدەمە سەر ئاسنە ڕێی شەمەندەفەرەکە بە خۆت و شتومەکەکانتەوە. وتم ناڕۆم. بە زۆر منی خستە ناو شەمەندەفەرەکە.

هەر کات پۆلیس دەمانگرێ، یان ڕامان کردووە یان لێی داوین. بەڵام شارەوانی جارێک گرتمانی، ئەوەندە بە توندی لێی داین.

لە بێهزیسـتییەوە هاتن بمانگرن، منداڵەکانیان گرت. ئیتر سـوار نەبووم، بۆ سواربوون ڕایکێشام. زۆر هاوارم کرد.

ئەگەر شـەڕمان ببێ، ئیتر هیچ ، بچینە لای ئەفسـەرەکە، دەڵێ تۆ بیانیت؛ خەتای تۆیە.

هەروەها منداڵان لە لایەن خێزانەکانیشـیانەوە تووشـی بڕێکی زۆر لە توندوتیژیی دەروونی و جەستەیی و پشتگوێخران دەبنەوە. ڕەنگە هەندێک خێزان توندوتیژی دژی منداڵەکانیان بەکار بهێنن، چونکە ناچنە سـەر کارەکانیان، بۆچی لە کارکردن وەدوا

دەکەون، زوو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، داهاتی پێویستیان نییە، یان پارەیەکی کەم ڕادەستی خێزانەکە دەکەن. بە پێی بەڵگە مەیدانییەکان، ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لە نێو خێزانە "کۆچەرەکاندا" باوە. بێگومان ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ناو ئەو بنەماڵانەشی کە منداڵەکە لەگەڵیاندا کاریان کردووە یان خێزان منداڵەکەی ناچار بە کار کردووە باوە. ئەزموونی منداڵان لەم بوارەدا بەم شێوەی خوارەوە بوو:

| |
|---|
| باوکم زۆر دەبۆڵێنێت. تەنانەت لە برا بچووکەکەم دەدات. لە منیش دەدا .... دەستی فێری لێدانە. باوکم دەڵێ بڕۆن ئیش بکەن. |

| |
|---|
| باوکم دەڵێ ئەمڕۆ دەبێ ئەوەندە بڕە پارە بێنیتەوە، بۆ وێنە ٥٠ هەزار تمەن. ئەگەر کارت نەکرد مەیەوە بۆ ماڵەوە. |

| |
|---|
| ڕۆژێک وەعزم باش نەبوو، هەلامەتم بوو، دواتر چوومە ماڵەوە. شەڕیان لەگەڵم کرد کە بۆچی ئەوەندە زوو هاتیتەوە. |

| |
|---|
| ڕۆژێک کە ئێمە کار ناکەین، تا درەنگانێ بمێنینەوە ماڵەکەمان دوورە. کاتێک کە دەگەین کاتژمێر یازدەیە. دایکم شەڕم لەگەڵ دەکا، دەڵێ بۆ دوا دەکەوی، زووتر وەرەوە. پاشان ئەگەر زووتر ڕۆیشتینەوە لە بەر ئەوەی ئیشمان نەکردووە، جارێکی دیکە شەڕمان لەگەڵ دەکا و دەڵێ بۆ کارتان نەکردووە. ئەگەر لە شوێنی کارەکەم کێشەیەکم هەبێ دەڵێ بەو بوفەییە (قاوەخانە) دەڵێم بێ یارمەتیم دەدات. |

وا دیارە ئەو منداڵانەی کە کار بۆ باندەکان دەکەن یان ئەو باندانەی کە دایاندەمەزرێنن، زیاتر لە منداڵانی دیکە تووشی توندوتیژی دەبن. دوو کەس لەو منداڵانەی کە ئەزموونی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو منداڵانەدا هەبووە کە کاریان بۆ باندێکدا کردووە، گێڕانەوەی کارکردن بۆ ئەم باندانە و ئەزموونی توندوتیژیی نێوانیان بەم شێوە باس کردووە:

| |
|---|
| بۆ نموونە هەندێک کەس ناتوانن ئاگاداری منداڵەکانیان بن، منداڵەکانیان دەفرۆشن. دوای ئەوەی دەیفرۆشێ، کابراش ئاگاداری منداڵەکە دەبێ، پێی دەڵێ دەبێ ڕۆژێک ئەوەندە ئیش بکەیت. ئەگەر ڕۆژێک ئەوەندە ئیش نەکەی، یان خۆراکت پێ نادەین یان شوێنی خەوتنت نابێت. سوپاس بۆ خوا من و دادم لەم |

گرووپەدا نین. بەڵام ئەگەر من لەو گرووپەشـــدا بم دڵنیا بە ڕا دەکەم. ئەو گرووپانە مەترســـیدارن؛ واتە، بۆ وێنە ئەگەر کار نەکەی، خواردنت پێ نادرێ، یان هەتا شەرای مەرگ لێت دەدرێ، یان شوێنی نووستنت پێ نادەن.

ڤانەکە پڕ لە منداڵە، دێنە تەجریش دایاندەبەزێنن. هەتا ئیشـــیش نەکەن ڕێگەم پێ نادەن بڕۆن. مەیدانی تەجریش پارکێکی هەیە. ئێمە نازانین منداڵی کێن، ئەگەر بمانزانییە ڕزگارمان دەکردن. هەندێک جار ئەوانەی بە پێ دەڕۆن، ئەوانەی ماڵەکەیان لە کەمپە، سەرۆکێکیان هەیە. هەر کەسێک وتی ماڵی ئێمە لە کەمپە واتە سەرۆکیان هەیە. ئەوانەی ماڵەکەیان لە خوارەوەی شارە، فەلاحە، نەخێر، خاترجەم بە.

یان هەندێک جار لەولنەیە ئەم منداڵانە لە لایەن هەندێک بلندەوە کەڵکاوەژۆییان لێ بکرێ، چونکە ســـەرانی ئەو باندانە باش ئاگادارن کە منداڵان ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. بۆیە بە ناو یان لە چوارچێوەی دامەزراوەدا بەکاریان دەهێنن. یەکێک لەو منداڵانەی کە ئەزموونی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم باندانەدا هەبووە دەڵێ؛

ســـاڵی ڕابردوو دامەزراوەیەک هات ئێمەی برد بۆ چی، وەرداوەرد لای کەرەج. گەیشـتینە کەرەج. دەی لەوێ وتیان 2 ملیۆن و 800 هەزار تمەن بدە با بتناسـێنم، بۆ هەر کەســـێک کە دەیهێنی ٤٠٠ هەزار تمەن وەربگرە. وتمان لە کوێ خەڵک بێنین. بۆ وێنە ئەمە وتبووی 2 ملیۆن و 800 هەزار تەمن دەبێ بدەی بە دەوڵەت. هەر کەسـێک بهێنی، من ٤٠٠ هەزار تمەن دەدەم هەتا وەرداوەرد وەرە. ئیشـەکەش ئەوە بوو کە من ٢ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار تمەن بدەم، ئەم پیاوە بەرم؛ ئەوەی ٢ ملیۆن و ٨٠٠ دەدا، ٤٠٠ تمەن دەدەن بە من ئەوەی دیکە بێ 400 هەزار تمەنی دیکە هەر وا.

توندوتیژیی سـێکسـی جۆرێکی دیکەی توندوتیژییە کە منداڵان لە شـوێنی کاردا بەئەزموونی دەکەن. ئەم جۆرە توندوتیژییە خراپترین جۆری توندوتیژییە کە هەر منداڵێک دەتوانێ بەئەزموونی بکا، بە جۆرێک کە لە ئەنجامدا منداڵەکە هەســـت بە ناخۆشـی دەکا و یاد و بیرەوەرییەکەی بۆ سـاڵانێک لەو منداڵەدا دەمێنێتەوە. ئەزموونی ئەم جۆرە توندوتیژییە بۆ منداڵان قەیرانێکی ڕاستەقینەیە کە تەندروستیی جەستەیی و

دەروونییان دەخاتە مەترسییەوە. لە زۆر حاڵەتدا منداڵان بەتایبەت کچان لە ترسی ئەوەی لە لایەن تۆڕەکانی پشتیوانیکردنیانەوە تاوانبار بکرێن یان ئەو تێڕوانینەی کە ڕەنگە ئابڕوویان لەکەدار بێ، ئەو جۆرە توندوتیژیانە ڕاناگەیێنن. لە حاڵەتەکانی تردا ڕەنگە دایک و باوک لە ترسی ئازاردانی سێکسیی کچەکانیان، کچەکانیان ناچار بە شووکردن بکەن. هەر چەندە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ئەوە دەردەخا کە ئەم جۆرە توندوتیژی و دەستدرێژیکردنە لە ناو منداڵاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەئەزموون نەکراوە، بەڵام پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە زۆرێک لە منداڵان بە هۆکاری جۆراوجۆر دەبنە قوربانیی توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی، بە هۆکاری جیاوازی وەکوو ترس و خۆبەتاوانبارزانین، ئامادە نین بیگێڕنەوە و ئەمەش یەکێک لە خەسارەتە شاراوەکانی منداڵانە، کە ئەزقەزا لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی هەیە. بەڵام بەدەستهێنانی ئەزموونی منداڵان لەم جۆرە توندوتیژییە پێویستی بە متمانەی ئەوان هەبوو، کە ئەمەش لە دەرفەتی کورتی دیمانە لەگەڵ منداڵان لە کاتی کاری مەیدانیی ئەم توێژینەوەدا نەدەلوا. لە لایەکی دیکەوە زۆرێک لە منداڵان، کاتێک بە هەر شێوەیەک سەبارەت بە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان پرسیاریان لێکرا، بە هەر هۆکارێک بێ ئەزموونی خۆیان لەم بارەوە نەدەگێڕاوە، بەڵکوو ئەزموونی منداڵانی دیکەی ئەم بوارەیان دەگێڕاوە. ئەزموونی ئەم گێڕانەوانە نیشان دەدا کە، یەکەم، ئەم منداڵانە دەزانن دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان چییە، دووهەم: ئەم جۆرە توندوتیژییە یان دەستدرێژیکردنە بۆ سەر منداڵان تا ڕادەیەک لە ناویاندا بوونی هەیە. یەکێک لە بەردیمانەکان باسی لە گێڕانەوەی منداڵێک کرد کە لە گەڕەکی جەی کاری دەکرد:

داوای لێکردم دیمانەکە ببڕم. ڕوونیشی کردەوە کە چیتر نایەوێ پارە لە دایک و باوکی وەربگرێ، چونکە ئەوان پارەیان بە منەتەوە پێ دەدا. دەچێتە لای فیتەرێک بۆ ئەوەی ئیش بکا و دەچێتە ئەوێ باران دادەکات. لە سەر پێشنیاری خاوەن فیتەرییەکە جلەکانی دادەکەنێ تا وشک ببێتەوە و خاوەن فیتەرییەکە دەستی لێدەدات. پاشان لە دووکلنەکە هەڵدێ و جلەکانی لەوێ بە جێ دەهێڵێت. کاتێک دەگاتە ماڵەوە، مامی بە تەلێک بە توندی لێی دەدا، کە بۆچی لە بری ئیشکردن چووەتە شوێنێکی دیکە. هەموو ئەم زانیارییانەی بە شێومیەکی پارچەپارچە و دڵەڕاوکێ دەگێڕاوە، دەست و قاچی دەلەرزان. بەردەوام نیگەران بوو لەوەی دەنگەکەی تۆمار بکرێت. تەنانەت لەوەی کە من لە دەفتەرەکەمدا ئەم بابەتەم دەنووسی هەستی بە ئارامی و ئاسایش

نەدەکرد. ئەو نە دەیویست و نە بارودۆخەکەی بە جۆرێک بوو کە بتوانم سەبارەت بەو بابەتە پرسیاری وردتری لێ بکەم.

هەروەها دووان لە منداڵەکان ئەزموونی منداڵانی دیکەی ئەم بوارەشیان گێڕاوە:

کەسێک لە مەیدانی فەرهەنگی سەعادەتاباد کچێکی ڕفاند. بردیانە تورکیا، بردیانە ئەوێ .... هاوڕێکانی لەگەڵی بوون، ڕایان کرد. ئینجا بە باوکیان وت پارە بێنە ... چوو کچەکەی هێناوە.

کچێک هەیە ناوی چی بوو؟ ناوی نازانم. دۆستی یەکێک لە منداڵەکانی میترۆ بوو؛ مێردی هەبوو، بەڵام دەیویست لە مێردەکەی جیا ببێتەوە. بەڵام ئەم کچە لەگەڵ کوڕەکانی میترۆدا چووە ماڵەکەیان و بە زۆر دەستدرێژی دەکەنە سەری. خۆی لام باسی کرد، زۆریش دەگریا. پێی وتم بە کەس مەڵێ.

منداڵێک کە لە گەڕەکی ئەشرەفی ئەسفەهانی دەستفرۆش بوو ئەزموونی خۆی لەم بارەوە گێڕاوە:

جارێکیان پیاوێک پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەی هێنا خوارەوە. پاشان منیش تووڕە بووم، لە شووشەکەیم دا، چونکە پانتۆڵەکەی داکەندبوو. بە ترسەوە ڕۆیشت. جارێکیش لە نازیاباد پیاوێک ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرتبوو، ویستی بە زۆر بمخاتە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکەیەوە، بەڵام من ڕام کرد.

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵەی فاڵفرۆش لە پارکی لالە، باسی لە ئەزموونی توندوتیژیی دژ بە منداڵێکی دیکە کرد:

لە پارکەکەدا ئازاری سێکسی زۆرە، بەتایبەت ئێمە کە دەستفرۆشین. ئێستا هەر ئەو کچەی کە باسیم کردبوو کە ڕای کردووە خەڵکی سەبزەوارە، ئەمە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری. پاشان نەیتوانی بە دایکی بڵێ، چونکە بە دایکی بکوتایە، دایکی بڕوای پێ نەدەکرد. دەیوت دیارە خۆت شتێکت کردووە کە وا وا لێهاتووە ئەتکتی کردووە. هەر ئێستا بە دایکم بڵێم دلیە ئەمەم بە سەر هاتووە، باوەڕم پێ ناکات. بەڵام کەسێکی نەناس کە نایناسێ، پێشتر نەیبینیوە، قسەی بۆ بکا، بۆ وێنە بێ و بڵێ کچەکەت قەوماندوویەتی، بڕوای پێ دەکات. پاشان ناچار بوو بە دایکی نەڵێت. تووشی ئازاری ویژدان هات و لە ماڵ ڕای کرد و دەرچوو. هەر لەم

پارکەشدا. ئێستا من و خوشکەکەم لە پارکەکەدا پیاسە دەکەین، زۆر پێشنیار دەدەن و دەڵێن با بچین بۆ شوێنێک، ئەوەندە پارەت پێ دەدەم، بەڵام هێشتا کۆڵمان بۆیان نەداوە.

ئەزموونی ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ناو منداڵانی کاردا چەندین شێوەی لە خۆ گرتووە، سادەترین شێوەیان دەتوانێ پێشنیاری پەیوەندیی سێکسی بێ هەتا دەگاتە دەستدرێژیی سێکسی. جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی، وەک پیشاندانی وێنەی سێکسیی ناشرین، دەرخستنی ئەندامی زاوزێ، دەستدان لە جەستەی منداڵان لە شوێنە چۆڵەکانی وەکوو کارگا و ئۆتۆمبێل، داوای دەستدان لە ئەندامی زاوزێی کەسی دەستدرێژکار، ڕفاندن و ئازاردانی منداڵان. زۆر جار کچان بەتایبەت ئەو کچانەی کە لە خاڵە یەکتربڕەکاندا کار دەکەن، بە لەشفرۆش ناوزەد دەکرێن. هەندێک جار منداڵان لە شوێنێکی داخراو و تەنانەت لە هەندێک شوێنی گشتیدا ڕەنگە بە شێوازی جیاواز ئازاری سێکسیی یەکتر بدەن. حاڵەتێکی دیکە کە دەتوانرێ باس بکرێ، ئازاردانی سێکسی لە شوێنی نیشتەجێبوون لە لایەن کەس‌وکار یان هاوڕێیانە. بۆ وێنە لە هەندێک کارگادا کە کرێکارانیش تێیدا دەژین، یان لە ماڵە تاکەکەسییەکان کە منداڵان تێیدا دەژین، جۆرێک لە ئازاردانی سێکسی ڕوو دەدات. یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵ منداڵان سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی باس کرد:


لە ژینگە ژێرزەمینییەکان لەبەر ئەوەشی کە ستانداردەکان ڕەچاو ناکرێ و چاودێرییەکی تەواو بوونی نییە، مەترسییەکان لەم گرووپە منداڵانەدا زیاترن. ئەگەری توندوتیژی، زۆرداری، و توندوتیژیی سێکسی لە ژینگەکانی دیکە زیاترە و کچانیش زیاتر لە کوڕان خەسارهەڵگرترن.

مرۆڤ خۆی پێشبینی دەکات. بزانە ئێستا کەش و هەوا چۆنە، ئێمە بەم شێوەیە دەیبینین. منداڵەکان بە هیچ شێوەیەک هیچیان نەدەگوت. کێشەیەکی 100% سێکسی لە نێوانیاندا بوونی بووە، ئەگەری دەستدرێژیکردنە سەر لە ئارادا بووە و خەسارەتی لەم چەشنە. من لەو کارگایانەدا مادەی هۆشبەرم نەبینی. چەند کەسێک بووین و لە ناو گەڕەکدا بڵاوەمان دەکرد. زۆربەی منداڵانی ئەو گەڕەکە کێشەی سێکسیان هەبوو و خەسارەتی سێکسییان هەبوو. بەڵێ، دەستدرێژیی سێکسییان

بەئەزموون کردبوو.

نا ئەوەی کە بڵێین حاڵەتی وەک ئەمانەمان هەبووە، نەخێر. بەڵام ئەگەر بمەوێ بڵێم، بۆ وێنە ئەزموونگەلێک هەبوون کە منداڵەکە تێیدا دەستدرێژی کرابووە سەری، بۆ وێنە کێشەی دەستدرێژیکرانە سەر و هتد، و بە هۆی ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی، چیتر ئەوەندە بەرامبەر ئەم پرسەر خۆڕاگری نامێنێ؛ واتە ئەو زۆر چووەتە ناو ئەو پەیوەندییانە، واتە بەردەوام کۆنترۆڵی ئەوە دەکا کە ئێستا تۆ لەگەڵ کەسێک دای، پاشان لەگەڵ کەسێک دای، چۆن چۆنی، لەگەڵ کەسێکدا ڕەدوو نەکەوی. باش دەزانی کە شتێکی دواتر کە دەچنە ناو ئەم پرۆسەوە ئەوەیە کە کاتێک خێزانەکە لە دۆخێکی وا خراپدا دەیبینن خێرا دمیدەن بە شوو بۆ ئەوەی بیانەوێ بە جۆرێک سەری بلبەتەکە بنێنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بڵێین ئەمە لە چوارڕێیان ڕووی داوە، نەخێر، بەڵام لە هەمان گەڕەک و لە هەمان خێزانەکاندا ڕووی داوە.

ئەوەی من بینیم، واتە وەک کەسێک کە کارم کرد و بینیم، کە دەرەوە زۆر زیانبەخشترە؛ واتا کاتێک منداڵێک هاتووە و قسەی کردووە و گوێت بۆ قسەکانی شل کرد کاکە چ ستەمێکی لێ کراوە! سەرەتا لە منداڵەکانی چوارڕێیانەکەوە دەست پێدەکا، هەستی خۆبەگەورەزانینی منداڵەکان پێشێل دەبێ کە منداڵەکە یەکەم جار دێ و بە ڕقەوە دەیگێڕێتەوە کە دادە کەسێک لە ئۆتۆمبێلەکە هاتۆتە خوارەوە و زللەیەکی لێ سرەواندم و جاری دووەمیش ناڕەحەت دەبێ ، جاری سێیەم لای هاوڕێیانی باسی دەکا کە فڵان شت ڕووی دا و بە ئاسانی دەبینی کە چۆن خۆبەگەورەزانینی منداڵەکە لەدەست دەچێت. منداڵەکە بۆ ئەوەی نەشتەرگەری بۆ لەوزەکانی بکا سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبێ و دەبینی کە هەزار شتی بەسەردا دێت. لە بەر ئەوەی فڵان ئۆتۆمبێلی خۆش دەوێ، سواری ئۆتۆمبێل دەبێ و شتێکی بە سەر دێت؛ دەستدرێژی ئاسایی دەبێتەوە و ئەمە زۆر حاڵەتێکی بەدە. جیاوازی نییە لەنێوان کچ و کوڕدا، بەداخەوە زۆر شتی خراپمان هەیە کە لەم قۆناغەدا ڕوو دەدا، کە دەتوانم بڵێم لەوانەیە پێشتر ئەوەندە نەبووبێ، ئێستا مۆدێلەکە زۆر هەمەچەشن بووە.




چارتی ژمارە 24-3: جۆرەکانی ئازاری بەئەزموونکراوی منداڵان (N=159)

بە گشــتی منداڵان لە شــوێنی کارەکەیان تووشــی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دەبنەوە و بە کارێکی تایبەت تەســک نابنەوە، هەر چەندە لە هەندێک کاردا ڕەنگە زەمینەکانی گرژی و توندوتیژی زیاتر بن، بەتایبەت لەو کارانەی کە منداڵەکە پەیوەندییەکی فراوانتری لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە و کارەکانیان بە جۆرێک ژیانی ڕۆژانەی شارۆمەندان دەشەمزێنێ. لەم چوارچێوەدا دەتوانین ئاماژە بە کارەکانی وەک کارکردن لە ســەر شــەقام و چوارڕێیانەکاندا بکەین کە بریتییە لە ســڕینی شــووشــە، فاڵفرۆشــی، دەســتفرۆشــی، زبڵگەڕی، کاری ناوەندی شــار وەکوو گواســتنەوەی بار بە داشــقە، کارکردن لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار. لە شــوێنە داخراوەکانی وەک کارگا یان شــوێنی نیشتەجێبوون بە هۆی نەبوونی چاودێرێکی بەتوانا ڕەنگە ئازاردانی سێکسی زیاتر ڕوو بدات. لە زۆر حاڵەتدا کار خۆی جۆرێک لە توندوتیژییە، کاتێک جەستە و دەروونی منداڵ لە کاردا شــەکەت دەبێ و منداڵ لە کار قەڵس بکات. منداڵێک کە لە گاراژی ئازادیدا بە عەرەبانە بارەکەی دەگواستەوە، دەڵێ:

| |
|---|
| هیچ شــتێک بێزارت ناکا، تەنها ئەو کەســە نەبێ کە باری قورســت پێ دەدات. پیاو زۆر بێزار دەبێ، بارەکە قورسە، لە ماڵەوە ماندووی. دەبێ سـەعات نۆی بەیانی هەستی هەتا شەو لێرە ئیش بکەی، پیاو پشتی دەشکێت. |

منداڵێک کە لە ســەر شــاڕێی کوردســتان خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشــاک بوو، وتی:

| |
|---|
| کاتێک دەســت دەخەیتە ناو ئەم زبڵدانە، هێڵنج دەدمیت. هەموو شــتێک بە |

> دەســـتتەوە دەلکێت. کۆڵێ مێشـــوولەی پێوەیە. ئێســـتا کە هاوینە بۆنی پیســـی هەموومانی خنکاندووە، جلوبەرگمان هەموو بۆگەنە، بۆنمان دێت.

گێڕانەوەی منداڵێک کە لە بازاڕی میوە و تەڕەباری گەڕەکی نەیاوەران کاری دەکرد، بەم شێوە بوو:

> هەندێک جار ڕۆژانە تەنها سێ کاتژمێر دەخەوین؛ کاتژمێر هەشتی شەو ئێرە دادەخرێ، بۆ ئەوەی نان بخۆین، بار لە مەیدانەکەوە دێت. بەیانیان پەیتا پەیتا بار دێت. بۆ ماوەیەک دەخەوین. کاتژمێر شـــەشـــی بەیانی دەبێ هەســـتین و بارەکان دابگرین.

و منداڵێک کە لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی بە عەرەبانەیەک کاری دەکرد، بۆی گێڕاینەوە:

> ئەوەی کە پارەکەت بخۆن یان پارەکەت نەدەن، پیاو لە ڕووی دەروونییەوە تێک دەچێت. بۆ من لە ڕووی جەستەییەوە، ڕەنگە ئەم دڕکە گوڵباخییە کە کەمێک ئازارم دەکا، کە بە دەســـتەولنە چارەســـەری دەکەم؛ ڕەنگە و بە پێچەولنەوە هیچ زیانێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت. بۆ وێنە ڕەنگە ســـەتڵەکە قورس بێ، ئازاری پشـــتم دەدا ئەگەر نا کێشە نییە.

هەموومان باش ئاگادارین کە زبڵدانی شـاری سـەرچاوەی پیسـیین و بەتایبەت لە وەرزی هاویندا تێپەڕین بە لای ئەم زبڵدلنانەدا قێزەون و ناخۆشـــە، تەنانەت کاتێک چەند مەترێکیش بە لایاندا تێدەپەڕین بۆنێکی ناخۆشـــیان لێ دێت. بەڵام منداڵانی زبڵگەڕ دەبێ بۆ چەندین کـاتژمێر بە نـاو زبڵدانەکاندا بچەمێننەوە و زبڵەکان جیا بکەنەوە. ئەم بابەتە نەک تەنها تەندروســـتیی جەســـتەیی منداڵ دەخاتە مەترســـییەوە، بەڵکوو زیان بە دەروونی منداڵەکە دەگەیەنێ و کەسایەتیشی تێک دەدات.

لە ڕاســـتیدا توندوتیژی دژ بە منداڵان چەندین لێکەوتەی بایۆلۆژی و دەروونی و ســـۆزداری و کۆمەڵایەتیش لە خۆ دەگرێ کە لە ڕەفتارەکانی "بەدەروونیکردن"[1]دا (وەک گۆشـەگیری، بیرکردنەوەی نەرێنی، خەمۆکی) و ڕەفتارەکانی "بەدەرەکیکردن"[2]

1. Internalization
2. Externalization

(وەک شەڕەنگێزی) خۆیان دەردەخەن. وا دیارە تا منداڵەکە لانەوازتر بێ یان تۆڕەکانی پشـــتیوانی لاوازتر بن، زیاتر توندوتیژی بەئەزموون دەکات. لەم پێوەندییەدا نوێنەری ئەنجومەنی باڵای کرێکاران ڕایگەیاند؛

کاری زیادە، ماوەی کارکردنی بێســنووری ئەم منداڵانە، بە پێی ئەو پشــتگیرییەیە کە لە خێزانەکە وەریدەگرن. بارودۆخیشــیان جیاوازە. لەوانەیە لە ناو بنەماڵەدا دایک و بـاوک ئیش بکـەن و منـداڵـەکـە هـاوکـاریی خێزانـەکـەی بکـا، و منـداڵ بـە پێی ئـەو پشـــتگیرییەی کە لە لایەن خێزلنەکەی هەیەتی ڕەفتاری خاوەنکار لەولنەیە بگۆڕێت. بەڵام بەڕاستی، هەرچی ئەمانە زیاتر بێدەسەڵات بن، ئێمەش بێبەزەیی‌تر دەبین.




چارتی ژمارە 25-3: بەئەزموونکردنی جۆرەکانی توندوتیژی لە کار

منـداڵانی کۆچبـەر بـە شـــێوازی دیکـە تووشـــی توندوتیژی دەبن و لـە بـەرامبـەر ئەزموونی توندوتیژی ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. گێڕانەوەی منداڵێکی ئەفغانی کە لە شەقامی لالەزار داشقەیەکی دەگواستەوە بەم شێوە بوو.

| |
|---|
| نەخێر ســـەیر کە ئێمە لێرە هەراســـان دەکرێین؛ ئێمە کۆڵ بۆ هەموو شـــتێک دەدەین. ئێمەی ئەفغانســـتانی بەدبەختین، ئەفغانســـتانی داماوین، ناتوانین هیچ بکەین. ئەگەر شـــتێک بڵێم لێم دەدەن. هەر ئەو ئێرانییانە لێمان دەدەن، کورد لێمان دەدا، هەراسان دەکرێین؛ دەڵێ بار مەبە، لێم دەدات. ئێمە کە نە دەسەڵاتمان هەیە، نە بەڵگە، بێناسنامەین، ناتوانین هیچیان پێ بڵێین. |



وێنەی منداڵانی کار و سەر شەقام (وێنەی بەهارنیووز)

**چەوساندنەوە**

ئەوە مارکس بوو کە لە ناو بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا زۆرتر خۆی سەرقاڵی پرسی چەوساندنەوە کرد. لە سیستەمی سەرمایەداریدا بە دوای سەرچاوەی قازانجدا دەگەڕا و دواجار گەیشتە ئەو بڕوایەی کە سەرچاوەی قازانج لە چەوساندنەوەی کرێکارەوە دێ، ئەو کەسەی کە کار دەکا؛ ئەمەش واتە بەشێکی زۆری ئەو زێدەباییەی کە کرێکار بەرهەمی دەهێنێ بچێتە گیرفانی سەرمایەدار. بەم پێیە ناوبراو بە شێوەیەکی زانستی سەلماندی کە چینی سەرمایەدار چۆن چینی کرێکار دەچەوسێنێتەوە، گەڵاڵە زانستییەکانیشی دەبووە گەڵاڵەی ئەخلاقی و هەر بۆیە هەندێک ئەویان لە مرۆڤێک پێ باڵاتر بووە. بۆ وێنە ئارۆن[1] لەبارەی ئەوەوە فەرمووی: "لەبەر ئەوەی مارکس بۆ ڕزگاریی کرێکاران خەباتی دەکرد، جگە لەوەی زانا بوو، پێغەمبەریش بوو". [62]

مارکس چەندین جار ئاماژەی بە کێشەی منداڵان و چەوساندنەومیان کردبوو. یەکێک لە وتە وردەکانی بەم شێوە بوو: "لە پارێزگاکانی دێربیشایێر و نۆتینگام شایێر و بەتایبەتی لانکاشاییر، ئامێری نوێ لە کارگە گەورەکاندا بە کار هێنرا، کە لە تەنیشت ئەو ڕووبارانە دروست کرابوون کە ڕۆیشتنی ئاویان دەیتوانی چەرخی ئاوەکە بخولێنێتەوە". لەم ناوچە دوورەدەستانەی شاردا لە ناکاو پێویست بوو هەزاران کرێکار دابمەزرێنرێن، بەتایبەت لانکاشاییر کە تا ئەو کاتە ژمارەی دانیشتووانەکەی تا ڕادەیەک کەم و زەوییەکەی بێبەرهەم بوو، بەڵام ئێستا لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیان بە حەشیمەت بوو. لە بەر ئەوەی زیاتر پێویستیان بە پەنجەی بچووک و

1. Arun

چالاکی منداڵانی بچووک بوو، دەستبەجێ وەرگرتنی شاگرد لە هەتیوخانەکانی بەشە جیا جیاکانی شاری لەندەن و بیرمینگهام و شوێنەکانی دیکە بوو بە شتێکی باو. هەزاران لەو بوونەوەرە بچووکە بەشەمەینەت و بەدبەختانەی کە تەمەنیان لە نێوان حەوت بۆ سێزدە ساڵان بوو، ڕەوڵنەی باکوور کران. نەریتەکە لە سەر ئەوە بوو کە مامۆستا (هەمان منداڵدز) جلوبەرگ و خواردن بۆ قوتابییەکانی دابین بکات. لە بەرژەوەندیی ئەواندا بوو کە تا دەکرێ کار بە منداڵەکان بکەن، چونکە حەقدەستەکانیان بە پێی ئەو کارە بوو کە دەیانتوانی بە منداڵەکانی بکەن. دڕندەیی لێکەوتەیێکی سروشتیی ئەمە بوو. [63] بێگومان مارکس کێشەی نایەکسانی و هەژاری و چەوساندنەوەی وەک لێکەوتەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەزانی، بە جۆرێک کە چینی دەسەڵاتدار بە چەوساندنەوەی چینی کرێکار پێشگری لە گەشەکردن و بەهرەمەندبوونی ئەوان و ژیانی تێکەڵ بە ئاسایش و ئاسوودەییان دەکەن. [64].

ئەو منداڵانەی کە لە ئێرلندا کار دەکەن، بەتایبەت لە کاری کارگایی و زبڵگەڕیدا، ئەگەر بارودۆخیان لەوەی کە مارکس باسی دەکا خراپتر نەبێ، باشتر نییە. کارکردنی درێژخایەن لەپاڵ کارکردن لە هەلومەرجێکی سەخت و کەمترین بڕە حەقدەست لە تایبەتمەندییەکانی کاری منداڵان بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئێرانن. دەکرێ بڵێین لە هەموو جۆرەکانی کاری منداڵاندا، کە لەم توێژینەوەدا لێکۆڵینەومیان لە سەر کراوە، جۆر و ڕادەیەک لە چەوساندنەوە بوونی هەیە. هەروەها بە هۆی نەبوونی توانای بەرگریکردن لە مافەکانیان و نەبوونی یاسا و میکانیزمی کاریگەر بۆ داکۆکی لێکردنیان منداڵان بە خراپترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە و لە زۆر حاڵەتدا خاوەنکارەکان دەیانەوێ ئەوان دابمەزرێنن نەک کەسێکی گەورەساڵ. لێدوانی بەشێک لەو خاوەنکارانە ئەم خاڵە پشتڕاست دەکەنەوە.

> من پێم وایە ئەم منداڵانە هەندێ جار لە سەد گەورەساڵیش باشترن.
> باشترن؟
> چونکە ڕاستگۆ و گوێڕایەڵن و هەمیش زیاتر دەترسن ئەمانە لە سەد گەنجی نەفام باشترن. بۆ وێنە بە گەنجێکی تەمەن بیست یان نۆزدە ساڵان ناوێری لە گوڵ کاڵتری پێی بڵێی دەتۆرێ یان خەریکە بتخوات.

> خۆشە، منداڵانێکی زیرەکن، لە چاو گەورەساڵان باشتر ئیش دەکەن. ئێمە متمانەمان پێیانە و کارمان پێ سپاردوون.

وتەزای چەوساندنەوە زیاتر دەڕوانێتە ئەو بڕە حەقدەستەی کە منداڵێک وەریدەگرێت. بێگومان لەم لێکۆڵینەوەدا ڕەهەندی دیکەش هەن کە هەموویان تاوتوێ دەکرێن. لە ڕووی حەقدەستەوە، دەتوانین بڵێین هەموو منداڵان حەقدەستێکی زۆر کەم وەردەگرن. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە بە باشی بڕی حەقدەستی ئەم منداڵانە پیشان دەدەن:

| |
|---|
| بزانم لێرە زۆر هەراسانم دەکەن، ڕەنگە بڕۆم. کە ئەو هەراسانم دەکا دەبێ بڕۆم، مانگانە پارەم پێ نادات دەڕۆم. بۆ وێنە ئەگەر حەقدەستەکەم دوا کەوت، بێزارم دەکا، توڕەم دەکا و هتد، ناچارم ئیشەکەم بگۆڕم. |

| |
|---|
| چۆن حەقدەستکەت وەردەگریت؟<br>ئێستا کە کردوومانە بە حەفتانە، چونکە هەر کات دەچووین پارەکانمانی دەخوارد، هەر ئەمڕۆ سبەینێ، ئەمڕۆ سبەینێی دەکرد. هەر ئێمە دەمانوت باشە سبەی کەی دەتوانی پارەمان پێ بدەی؟ بینیمان چیتر ناتوانین پارە وەربگرین، چەند شوێنێکمان بەجێهێشت. ئێستا ئەو شوێنەی لێیین تازەیە. |

| |
|---|
| دەچوومە هەر شوێنێک زۆر متمانەیان پێدەکردم، بەڵام کاتێک پارەیان پێ دەدام، بێزاریان دەکردم [پێدەکەنێت]. |

| |
|---|
| زۆر لە کارەکەم ڕازی بوون، بەڵام لە کاتی پارەدان ڕازی نەبوون؛ دەیانگوت: "باوە، تۆ هیچ نازانی ئیش بکەی، بە هیچ شێوەیەک لە کاتی خۆیدا نایەیت". من دەڵێم برا لە هەشت بەیانییەوە هەتا دوازدەی شەو ڕادەوەستم. [بە زەردەخەنەوە]. لاساری دەکەن. ئەگەر بتەوێ با بتبەم بۆ لای ئەوان. من مرۆڤێکم، پێم وتن ئەم دونیایە بێ بەهایە، تۆ دەتەوێ پارەکەم بخۆی بیخۆ. تازە چووە دنیا ئەوە ناهێنێت. هەندێک جار سڵاویان لێ دەکەم. من کەسێک نیم کە بە دڵی بگرم، دەڵێم ڕەنگە ئەمە قسمەتی من بێ، ڕەنگە ویستی خودا بێت. |

| |
|---|
| جاران حەفتانە ٧٠ هەزار تمەنم دەست دەکەوت، تەنانەت نیوەشی نەدەدام و دەیوت حەفتەی داهاتوو پێت دەدەم. |

خاوەنکارێک لە بواری ماف و حەقدەستی کاری منداڵان وتی؛

حەقدەستی منداڵان نزیکەی نیوەی نرخی شاگرددووکانی مارکێتیەکی گەورەترە. تەنانەت لە هەندێک کاردا، وەک کارکردن لە شوشتنی ئۆتۆمبێل (کەرتی کارواش)، لەوانەیە منداڵەکە سەرەڕای دوازدە کاتژمێر کاری قورس و ماندووکردن، حەقدەست وەرنەگرێ و تاکە حەقدەستەکەی شاگردانەیەکە کە لە مشتەری وەریدەگرێت.

بە پشتڕاستکردنەوەی ئەم خاڵە، منداڵێک کە لە کارواش لە گەڕەکی ئێڤین کاری دەکرد دەڵێ:

ئێمە لێرە کرێکاری شاگردانەین. ئێمە لێرە هیچ حەقدەستێکمان نییە.

یان یەکێک لە دووکاندارەکانی ناوچەی قەیتەرییە لەبارەی خاوەنکارەکان بە گشتی وتی:

منی دووکاندار بە تەمام ئەم بڕە پارەشی پێ نەدەم.

تەمەنی منداڵان یەکێکی تر لە هۆکارە گرینگەکانی چەوساندنەوەیانە. زۆرێک لە منداڵان لە کارە جیاوازەکاندا لێهاتوویی ئەوتۆیان نییە و بە شێوەیەکی سروشتیش لەوانەیە بۆ ئەو کارانەی کە پێویستیان بە لێهاتوویی و کارامەییە، حەقدەستێکی کەمتریان پێ بدرێ بەڵام ئەمە هەمیشە وا نییە. هەندێک جار تەمەن بیانوویەکە بۆ ئەوەی خاوەنکارێک کە سەرەڕای ئەوەی منداڵ کاری زیاتریش دەکا پارەی کەمتر بەو منداڵە بدات. تەنانەت لەو کارانەی کە پێویستیان بە کارامەیی تایبەت نییە، منداڵان بەقەد گەورەساڵان کار دەکەن و ڕەنگە زیاتریش، خاوەنکارەکان کەمتر حەقدەستیان پێ دەدەن. گێڕانەوەی خاوەنکارەکان و خودی منداڵەکان ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە:

حەقدەستی منداڵان نیوەی حەقدەستی شاگردی مارکێتیەکی گەورەترە، بەڵام کاتژمێری ئیشکردنی فەرقی نییە، بەیانی دێ و نیوەڕۆ دەڕوات.

پێدانی حەقدەستی منداڵان لە بچووکەوە بۆ گەورە جیاوازە. گەورەساڵترەکان بە پێی وەزارەتی کارە. منداڵەکان سەڵتن [پێدەکەنێت]. گەورەساڵان خەرجی خێزانیان لە گەردنە. بە پێی ئەمە، ئێمە زیاتر حەقدەستیان لە بەر چاو دەگرین؛

خانوو بە کرێ دەگرن، خەرجی ماڵ و بژێوی و منداڵیان لە ئەستۆیە.

چونکە من بچووکم، ملوێنێک و 500م پێ دەدات.

یەکێک لە خاوەنکارەکانی لە بازاڕی گوڵی ئیمام ڕەزا سەبارەت بە حەقدەست و حەقدەستی منداڵان وتی:

من حەقدەستی ڕۆژانە لەگەڵ ئەوان حسێب دەکەم؛ منداڵان دەتوانن تا ٧٠ هەزار تمەن بە دەست بهێنن، ئەوانەی گەورەساڵترن هەتا ٤٠٠ هەزار تمەن دەکەون.

یەکێک لە خاوەنکارە چالاکەکان لە کەرتی دوورینی پەردەش وتی:

حەقدەستی منداڵان زۆر کەمتر لە حەقدەستی گەورەکانە .... لەم کەرتەدا وەزارەت و مەزارەتی کار قسەی قۆڕە؛ بەرعۆدەی هیچ شتێک نییە. بۆ وێنە کاتێک منێکی خاوەنکار دێمە ئەم بەرگدوورییە و دە دانە کرێکار دێنمە ئێرە، دەڵێم بیمەتان نییە، دەرد و قوزەڵقورتتان نییە، هیچتان نییە هەر وەرن ئیش بکەن و حەقدەست وەربگرن.

لە کەرتی زبڵگەڕیدا، کە منداڵ دەبێ مانگانە بڕە پارەیەک وەک (ڕسووم، گومرک) بدا بە خاوەنکار بۆ ئەوەی لە بازنەیەکی دیاریکراودا کار بکا، لە حاڵەتی دیکەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو بڕە پارەی کە منداڵێک و کەسێکی گەورەساڵ وەک ڕسووم دەیدەن بە خاوەنکار نییە، مەگەر ئەوەی دایک و باوکی منداڵەکە داوا لە خاوەنکار بکەن پارەیەکی کەمتری لێ وەربگرێ چونکە منداڵترە و کەمتر توانای کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی هەیە. بێگومان ئەمە تەنها لە زبڵگەڕیدا قەتیس نابێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەرکەکانی دیکەش دەگونجێ وەکوو گواستنەوەی بار بە داشقە؛ واتە ئەو بڕە پارەی کە منداڵان وەک کۆمیسیۆنی کار دەیدەن، بارتەقای هەمان ئەو بڕە پارەیە کە گەورەساڵان دەیدەن، بەڵام زۆر جار داهاتیان کەمتر لە گەورەساڵەکانە، چونکە باری کەمتریان بۆ گواستنە پێ دەدەن. سەبارەت بە نرخی ڕسووم، ئەو منداڵە زبڵگەڕە کە لە گەڕەکی ئەقدەسییە کاری دەکرد، گێڕایەوە:

خۆ ئەوە نییە تۆ هەرکە بێی بۆ کۆکردنەوەی زبڵ، دەبێ ڕسووم بدەی، ئێمە

مانگانە 2 ملیۆن و 500 هزار تمەن دەدەین. بەڵام ئێمە بچووکین، ڕەنگە کەمتر بدەین. بۆ وێنە باوکم دەچێتە لایان و دەلالێتەوە، پێیان دەڵێ کەمتری لێ وەربگرن.

لە هەندێک کەرتی دیکەدا، وەک کارکردن لە کارگای فیتەری، بەرگدووریی و هاوشێوەکانی، کە پێویستیان بە ڕادەیەک لە لێهاتووییە، منداڵان کەمترین حەقدەستیان پێدەدرێت. هەروەها خاوەنکارەکە دەڵێ منداڵەکە هیچ کارامەییەکی نییە و زیاتر لەوەی بتوانێ ئیشێک بکا لە پرۆسەی فێربووندایە. بێگومان منداڵان جگە لە فێربوون، لە ڕۆژدا کارێکی زۆر بۆ خاوەنکار دەکەن. پسپۆڕێکی منداڵان لەم بوارەدا ڕایگەیاندووە؛

سەیر کە لە کارگاکلندا حەقدەست زۆر کەمترە لەوەی کە لە دەرەوە وەدەست دەهێنرێت. ئەو منداڵەی لە کارگاکەدا ئیش دەکەن، خاوەنکارەکە ئیدعای ئەوە دەکا کە تۆ لێرە شتێک فێر دەبی کە نایزانیت. حەقدەستەکەی زۆر کەمە، ڕەنگە حەفتەی ٦٠ هەزار تمەن بکەوێت.

و دوو خاوەنکارێکی دیکەش وتوویانە:

منداڵەکان حەقدەست لە ئێمە وەردەگرن. بۆ وێنە منداڵان باش دەزانن شتێک کە دەیزانن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوە کارلنەی دیکە، کاتێک کەسێک یەکەم جار بۆ شاگردێتی دێ بۆ وێنە ٤٠٠ هەزار، ٥٠٠ هەزار تمەن وەردەگرێت.

سەرمتاکان کە دێن ئیش نازانن. ئێمە فێری کاریان دەکەین. وەکوو چۆن هەر ئاواش کاریان فێری ئێمە کردووە، ئێمەش فێری کاریان دەکەین؛ ئیتر هەر کەسێک ئاستی بەهرەی جیاوازە.

ڕەهەندێکی دیکەی چەوساندنەوە لە کاری منداڵاندا ماوەی درێژخایەنی کارکردن و کارکردن لە کاتە نائاساییەکانە. بە پێی یاساکان، کاتەکانی کارکردن نزیکەی ٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدایە یان شتێکی وەک ١٧٠ کاتژمێر لە درێژەی مانگە، بەڵام منداڵان دەتوانن مانگانە تا ٤٠٠ کاتژمێر کار بکەن. بۆ وێنە ئەو منداڵانەی لە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار کار دەکەن، بە پێی کاتەکانی دەوامی بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار لە ڕۆژی شەممەوە تا پێنجشەممە، ڕۆژانە ماوەی دە کاتژمێر کار دەکەن، ڕۆژانی هەینیش ڕۆژانە پێنج کاتژمێر کار دەکەن. لە ڕۆژدا جگە لە کارکردن لە بازاڕەکانی میوە

و تەڕەبار، چوار بۆ پێنج کاتژمێر خەریکی داگرتنی بار، پاککردنەوە و خاوێنکردنەوەی ناو دووکان و ئامادەکردنی میوە و شتی دیکە و هەڵگرتنیان بە سەر دەبەن، حەفتانە نزیکەی ١٠٠ کاتژمێر و مانگانە زیاتر لە ٤٠٠ کاتژمێر کار دەکەن. بۆ منداڵانی زبڵگەڕیش هەمان شتە؛ بۆ ئەوانەی لە کەرتی نافەرمی و شەوانە کار دەکەن، کاتی کارکردنیان دەتوانین بڵێین بەم شێوەیە: ئێواران، نزیکەی کاتژمێر سێ بۆ چواری ئێوارە، بە ئۆتۆمبێلێکی کرێ چاڵەکان بە جێدەهێڵن، و لە نزیکەی چوار یان پێنجی کاتژمێری ئێوارەوە هەتا نزیکەی کاتژمێر دوازدەی شەو یان یەک یان دووی بەیانی کار دەکەن. بەیانیان ناچارن لە کاتژمێر حەوت یان هەشتەوە بۆ نزیکەی دوازدە و یەکی نیوەڕۆ زبڵەکان جیا بکەنەوە. منداڵێک کە لە شەقامی نیرووی هەوایی شاری تەڕەبار کاری دەکرد، کاتی کارکردنی بەم شێوە وەسف کردووە.

| |
|---|
| دەبێ لە ناو شەمەندەفەردا کار بکەی؛ بەیانیان لە کاتژمێر حەوتی بەیانی تا هەشتی شەو، شەوانە بارەکە دەبێ بەتاڵ بکەیتەوە. |

ئەو زبڵگەڕەی کە لە مەیدانی مونیرییە خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک بوو، سەختیی کارەکەی دەگەڕاندەوە بۆ ماوەی دوور و درێژی کار:

| |
|---|
| کەمخەوی ناخۆشە؛ دەبێ شەوانە هەموو زبڵ و خاشاکەکان کۆ بکەیتەوە، بەیانیی زوو لە خەو هەڵستی، خاوێنی بکەیتەوە. |

کاتە درێژخایەنەکانی کارکردنی لەگەڵ حەقدەستی کەم تەنها منداڵان لەم دوو جۆرە کارە ناگرێتەوە و لە هەموو جۆرەکانی کاری منداڵاندا بوونیان هەیە. هەرچەندە مانگانە بەلایەنی کەمەوە ٣٠٠ کاتژمێر بە کەمترین حەقدەستەوە کار بۆ خاوەنکار دەکەن، بەڵام کاتێک پشوو وەردەگرن و ناچنە سەر کارەکانیان، هیچ حەقدەست و پارەی ئەو ڕۆژە وەرناگرن. جۆرێکی دیکەی چەوساندنەوە کارکردن لە کاتژمێرە نائاساییەکانە، بەجۆرێک لە هەندێک کاردا منداڵان بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستن و تا درەنگانی شەو کار دەکەن، تەنانەت لە کۆتایی حەفتەشدا ئیش دەکەن.

پێشتر منداڵان سەبارەت بە بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار و زبڵگەڕی ڕوونکردنەوە دراوە، لەم بەشەدا کاری دیکەش تاوتوێ دەکەین. لە کاری وەک کارکردن لە بازاڕەکانی گوڵ یان کوورەی خشتپێژیدا، منداڵان دەبێ لە کاتژمێر چوار بەیانی لە خەو هەستن. منداڵان لە ڕۆژانی پشوو بەتایبەت ڕۆژانی هەینی لە کارواش و فیتەری و لە چەندین کەرتی دیکەدا کار دەکەن و زۆر ناڕەحەت دەبن لەوەی کە کاتیان بۆ

پشـــوودان و یاریکردن نییە. لە هەندێک کارگای وەکوو بەرگدووری بەتایبەت لە وەرزی هاویندا بە هۆی گەرمیی کارگاوە ڕەنگە کاتەکانی کارکردن لە بەیانییەوە بۆ شـــەو بگۆڕێت. لە مارکێتی مادە خۆراکییەکاندا منداڵان بە گشـــتی حەوت ڕۆژ لە حەفتەدا لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە هەتا کاتژمێر یازدەی شەو کار دەکەن و بە گشتی کاتی کارکردنی منداڵان لە هەموو جۆرەکانی کاردا زۆر درێژ و نائاســاییە. گێڕانەوەی هەندێک لە منداڵان لەم بارەوە بەم شێوە بوو:

> سـەختیی ئێرە [بازاڕی گوڵ] ئەوەیە کە دەبێ بەیانیی زوو لە خەو هەڵبستی، بۆ وێنە کاتژمێر چواری بەیانی.

> لە کارواش (شـوشـتنی ئۆتۆمبێل)دا هەموو ڕۆژەکان دەبێ ئیش بکەی، ڕۆژانی هەینیش هەیە. بگرە هەینی زیاتر دەبێ کار بکەی، چونکە ئۆتۆمبێلی زیاتر دێت.

منداڵێک کە لە دووکانێکی لاســتیکفرۆشـــی لە مەیدانی ئێعدام کاری دەکرد، کاتەکانی کارکردنی خۆی بەم شێوە باس کرد:

> لە هەشت بەیانییەوە تا دە شەو لێرەم. نرخی حەفتانە ٢٣٠ هەزار تمەنە.

هەندێک جار خاوەنکارەکان منداڵان ناچار دەکەن لە توانای خۆیان زیاتر کار بکەن و بۆ منداڵەکەش دۆخەکە وەک کۆیلایەتی وایە. گێڕانەوەی دوو منداڵ کە لە کۆمپانیایەکی جلوبەرگدا کاریان دەکرد بەم شێوە بوو:

> لە کارگەکانی پێشـــوودا دوو شـــاگردمان هەبوو، چواریان کاریان بە مەکینەی بەرگدووری دەکرد. ئینجا ئەم شـاگردە دوو ڕۆژ جارێک دەچوو بۆ یانەی وەرزشـیی ســـەبا. من کە هاتم کارم دەکرد، هەموو خێراییان زۆر بوو. ئینجا وەســـتا وتی ... وەدوا کەوتی [بە تام و چێژەوە دەیگێڕاوە]. وتم من ناتوانم لە جێی ئەو شاگردەی کە نایەتەوە ئیش بکەم، وتی من نازانم. وەختێ لێرە ئیش دەکەی دەبێ دەست و بردت هەبێت. وتم ئیتر ئیش ناکەم ... . کار دەکەی خۆ کۆیلە نیت کە تابشـــتی زەخت و گووشار بێنیت.

> دوو کەس بووین؛ واتە هەر دوو مەکینەی دروومان پێویســـتی بە شـــاگردێکە.

ئەمە ئاسـاییەکەیەتی. بۆ وێنە لە شـەوی جەژندا ئیشـەکەت قورس دەبێ، بەڵام لە مانگە ئاساییەکاندا شاگردێکی بەردەست دەتوانێ بە تەنیا لە سەر مەکینەیەک ئیش بکات. بە دڵنیاییەوە کەس ناتوانێ کار لە سـەر چوار مەکینەی دروومان بکات. من بەردەسـت بووم و چوار دانە مەکینەی دروومان هەبوو. بەیانییەکەی دیکە تا دوازدە بۆ دوازدە و نیو ئیش زۆر بوو. ئەویش کەوتە بۆڵە بۆڵە کە کاکە! بۆچی فریا ناکەوی. وتم ناتوانم لە جێی کاری یەکێکی دیکەش ئیش بکەم. وتی ئەگەر نەتوانی کار بکەی مەیکە. وتم ئێستا دەڕۆم و ئیش ناکەم. هەستام و هاتمە دەرەوە.

لە هەندێک کاردا ئەگەر منداڵ زیان بە کەرەستە و ئامرازەکان بگەیەنێ، خاوەنکار تێچووەکەی لە حەقدەسـتی منداڵەکە دەبڕێ، بێ ئاگا لەوەی کە بەشـێکی ئەمانە بە هۆی سـروشـتی کارەکەوەیە یان بە هۆی ئەوەی تواناکانی منداڵەکە بە باشـی گەشـەی نەکردووە، بۆ ئاگاداربوون لە هەموو شـتێک لە شـوێنی کاردا ئەو کارامەیی و توانا ئەوتۆیەی نییە. بێگومان لە هەندێک حاڵەتدا خاوەنکارەکان لەوە تێدەگەن کە هەڵە بەشـێک لە کارە و نابێ بخرێتە سـەر کرێکار. گێڕانەوەی خاوەنکارێک کە خاوەنی بەرگدوورییەک بوو بەم شێوە بۆچوونی خۆی دەربڕی:

شـاگردێکم هەبوو – هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە - کۆتاڵێک بوو، کۆتاڵ بۆ یەکێک لە گرانترین کۆتاڵە پەردەییەکانە. کۆتاڵەکەم پێدا، وتم بیبە بۆ فلان شوێنێ کە بیدوورێت. پاشان چبوو، کۆتاڵەکەی بردبوو، بەم شێوە خستبوویە سەر ماتۆر سیکلێتەکەی. مەڵێ وا ڕۆشتبوو کە لەتێکی ئەو کۆتاڵە کەوتە بن ئیگزۆزی ماتۆڕەکە. شـانسـی ئێمە ئێگزۆزی ماتۆڕ سـیکلێتەکەم سـوور ببووە. ئەوسـا، سـێ سـاڵ لەمەوبەر، یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزارم تمەنم بەو کۆتاڵە دابوو. چی لێ بکەم؟ پێی بڵێم پارە بدات؟ ئەگەر داماو و بەدبەخت نەبوایە نەدەهات لێرە ئیش بکات. هەندێک کەس قبوڵی ناکەن، دەیخەنە باڵای کرێکارەکە. زۆر کەس لێیان دەدەن. باشـە منداڵێک کە حەقدەسـتەکەی 300 هەزار تمەنە 400 هەزار تمەنە منی دووکاندار بەدوای ئەودا دەگەڕێم ئەم برە پارەی پێ نەدەم.

خاوەنکارێک کە خاوەنی دووکانێکی چاککردنەوە بوو هەمان قسەی کرد:

[بە پێکەنینەوە] قامچییان لێدەدەین. نا هەڵە لە کاردا هەیە. نەک ئەوەی نەبێ، لە کاردا هەڵە هەیە؛ خۆ کۆمپیوتەر نییە هەڵەی لێ نەوەشـێتەوە، هەڵە هەیە. ئەوەی

| |
|---|
| ئێمە دەیڵێین ئەومیە کە نابێ دووبارە ببێتەوە، ئەگینا هەڵە هەیە. بە گشتی دەڵێم، ئەوەی دەیڵێم زیاتر بۆڵەیە. بە بۆڵەوە قسە دەکەم بۆ ئەوەی پێبکەنن، تا زیاتر پێبکەنن. نەخێر لە دوو جار زیاتر هەڵە دووبارە ناکەنەوە. |

کارکردن لە کارگاکاندا، بەتایبەت کارگا بچووکەکان، زەمینەی زیاتر بۆ چەوساندنەوەی منداڵان دەڕەخسێنێت. لە بەر ئەوەی ژینگەی ئەم کارگایانە بچووکە، لە زۆر حاڵەتدا شوێنی مانەوەی شەوانە بۆ منداڵانیش لە ناو هەمان ئەو کارگاکاندایە. کەواتە منداڵ هەمیشە لەبەردەستی خاوەنکارە و هیچ یاسا و ڕێسایەکی فەرمی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان منداڵ و خاوەنکار بوونی نییە و شتی تری لەم جۆرە منداڵەکە زیاتر دەچەوسێنێتەوە. وەک باس کرا منداڵانی ئەم کارگایانە زیاتر گوێڕایەڵ دەبن.

هەروەها یاساکانی کار لە ئێران زەمینەیەکی باشی بۆ چەوساندنەوەی منداڵان ڕەخساندووە. بە پێی مادەی ٧٩ی یاسای کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاری منداڵان لە خوار تەمەنی پازدە ساڵەوە قەدەغەیە، بەڵام لە کرداردا، بە هۆی جێبەجێکردننەکردنی یاسا و چاودێریکردنی کاری جۆراوجۆری منداڵان، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زۆربەی پیشە و سەندیکاکان خەریکی ئیشن. ئەوان هیچ کام لە ماف و سوودەکانی کارکردن سوودمەند نین، وەک مافی سکاڵاکردن و مافی بیمە. بۆیە لە لایەکەوە یاسایی‌بوونی کاری گرووپێکی منداڵان، واتە گرووپی تەمەنیی پازدە بۆ هەژدە ساڵ و لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی میکانیزمی گونجاو بۆ قەدەغەکردنی کاری منداڵان بووەتە هۆی زیاتر چەوساندنەوەیان. خاوەنکارەکان بەبێ ترس لە یاسا و چاودێری، منداڵان لە خراپترین بارودۆخدا دادەمەزرێنن و کەمترین حەقدەستیان پێدەدەن. یەکێک لە چالاکوانانی ئەم بوارە لەم بارەوە ڕایگەیاندووە:

لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا گلەیی دەکەن بەڵام بە ئەنجامێک ناگەن. کەمتر لە تەمەنی پازدە ساڵ ئیزنی بە سکاڵاکردنیان پێ نادرێت. حکومەتەکەمان لە بری پشکنین و ڕێگریکردن لە کاری منداڵان، نەک هەر ڕێگری لە کاری منداڵان نەکردووە، بەڵکوو لە ڕێگەی کارەکانی وەزارەتی کارەوە پاڵنەریشیانە. گەورەترین هاندان ئەومیە کە بە هەر حەقدەستێک و هەر هەلومەرجێک بێ منداڵی ئیشکەر دەتوانن ڕازی بکەن، چونکە ئەگەر گەورەساڵەکە سکاڵا تۆمار بکا، خاوەنکار هەمیشە لێی دەترسێت. بەڵام منداڵەکە تەنانەت داواکارییەکەی تۆماریش ناکرێت. ئەگەر

منداڵێک لە شـوێنی کاردا پەنجەیەکی لەدەسـت بدا، هیچ پاڵپشـتییەکی نییە و زۆر سوپاسی خاوەنکارەکەیان دەکەن کە بۆ وێنە پارەی پانسمانی دەستی منداڵەکەی داوە و ئەم کارگایانە هیچ چاودێرییەکی تایبەت بە سـەر کار و مافە یاسـاییەکانی منداڵانی تێدا نییە. بەو پێیەی کە لە هەڕەتی گەشـەکردنیشـدان، خەسـارەتێکی سـەخت دەتوانێ هەتا دواساتی ژیانیان کاریگەریان لە سەر دابنێت.

لە هەندێک کاری دیکەدا منداڵان دەبێ پارە بدەن بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن یان لە کارەکانیان دوور نەخرێنەوە و لانیکەمێکی ئاسایشی کاریان هەبێ، وەک پارەدان بە گومرگ بۆ کاری زبڵگەڕی، پێدانی پارەی کۆمیسـیۆن بۆ کاری عارەبانەچێتی، پێدانی پارە بە جلوبەرگی کار لە هەندێک کاردا، و پێدانی بەشـێک لە داهاتی ڕۆژانەیان بە خاوەنکار لە کارەکانی وەک گوڵفرۆشـی لە سـەر چوارڕێیانەکان یان لەکاتی کارکردن بە عەرەبانە کاتێک کار بۆ خاوەنکار دەکەن. هەروەها بنەماڵەی منداڵان بە شـێوازی جۆراوجۆر زەمینەیان بۆ چەوساندنەوەیان خۆش دەکەن. هەژاریی بنەماڵە کە بەرهەمی پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە یان شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە بواری چەساندنەوەی منداڵ خۆش دەکات. فاکتەری دیکە کاتێک سەرهەڵدەدا کە دایک و باوک لە کارە جۆراوجۆرەکاندا پشـتگیریی منداڵەکانیان ناکەن و بەم شـێوە زەمینـە بۆ چـەوسـانـەوەی منـداڵ لـە لایـەن خـاوەنکـارەوە خۆش دەکـەن. نوێنـەری ئەنجومەنی باڵای کرێکاران لەم بارەوە ڕایگەیاند:

کاری زیادە، ماوەی کارکردنی بێسـنووری ئەم منداڵانە، بە پێی ئەو پشـتگیرییەیە کە لە خێزانەکە وەریدەگرن. بارودۆخیشـیان جیاوازە. لەوانەیە لە ناو بنەماڵەدا دایک و بـاوک ئیش بکـەن و منـداڵـەکـە هـاوکـاریی خێزانـەکـەی بکـا، و منـداڵ بـە پێی ئـەو پشـتگیرییەی کە خێزلنەکەی بۆیان هەیە ڕەفتاری خاوەنکار لەولنەیە بگۆڕێت. بەڵام بەڕاستی، هەرچی ئەمانە تا زیاتر بێدەسەڵات بن، ئێمەش بێبەزەییتر دەبین.

یەکێک لە خاوەنکارەکانیش لەم بارەوە وتی:

سـەیر کە بەخوا خاوەنکارێکم نەبینیوە کە پاڵپشـتی منداڵێک بکات. بۆچی درۆ بکەم، لەوانەیە لەڕووی داراییەوە یارمەتیان بدەن، بەڵام من نەمبینیوە. لێرەدا تەنها خاوەنکار دەڵێ ئیش بکە. هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەشـی نییە. ئێسـتا لەمانە بگەڕێتەوە خۆشـم شـاگرد بووم؛ من لە پاسـاژی ولیعەسـەر شـاگرد بووم، شـاگردی بەرگدووری بووم، خاوەنکارەکە بە هیچ شێوەیەک فەڕی بە سەر ئەم شتانەوە نەبوو، دەتوانی چی بکەیت؟ تەنها دمیەوێ تۆ ئیش بکەی و پارەکەی بچێتە گیرفانیەوە. بۆ

| |
|---|
| ئەو گرینگ نییە کە بۆ وێنە ئەم منداڵە پێویستی بە پشوودانە، پێویستی بە یاریکردنە، پێویستی بە ... بێگومان کاتێک دایک و باوک بۆی گرینگ نییە، باشە خاوەنکارەکەش دەڵێ کاتێک باوکی و دایکی بەم شێوە بیر دەکەنەوە، باشە منیش هەر وا بیر دەکەمەوە. |

لەو کارلنەی کە منداڵان لەگەڵ خێزلنەکانیان یان لە کارگا خێزانییەکلندا دەیکەن، منداڵەکە بە کردەوە لە لایەن هەردوو خاوەنکار و خێزلنەوە دەقۆزرێتەوە. ئەم خێزلنانە سەرەتا منداڵ بۆ پەیداکردنی داهات دادەمەزرێنن، کە خۆی جۆرێک لە چەوساندنەوەیە و کاتێک کار بۆ خاوەنکار دەکەن، حەقدەستی منداڵەکەش لە خاوەنکار وەردەگرن، تەنانەت منداڵەکە نازانێ بڕی حەقدەستەکەی چەندە. هەروەها زۆرێک لە منداڵانی ئەفغانستانی ئەوەی وەک حەقدەست وەریدەگرن دەیدەن بە خێزانەکانیان و تەنیا کەمترین بڕە پارە بۆ خەرجییەکانی ڕۆژانەیان وەردەگرن. ئەوەی لەم بارەوە گوتراوە و بیستراوە بەم شێوەیە:

| |
|---|
| زۆربەیان بە نایاسایی هاتبوون، و ئەوەی کە بەشێک لە منداڵەکان پارەکەیان وەرنەدەگرت و گەورەکانیان وەریاندەگرت و پارەکەیان دەناردەوە بۆ شاری خۆیان. لەولنەیە منداڵەکە نەیزانیبێ چەندی دەست دەکەوێ، لەولنەیە کەمێک دەرماڵەی پێ بدەن. |

| |
|---|
| ئیتر نازانم حەقدەستکەم چەندە، دەدرێ بە دایکم. |

| |
|---|
| پارەکەم کارت بە کارت دەکەم، دەینێرمەوە بۆ ماڵەوە. |

| |
|---|
| کاتێک کرێکارێک دێ بۆ ئێرە پێی بڵێین 450 هەزار تمەنت پێ دەدەین ڕەنگە ئەو کرێکارە بە دایکی بڵێ من حەقدەستەکەم 400 هەزار تمەنە. ڕەنگە ٥٠ هەزار تمەن بخاتە گیرفانیەوە. ڕەنگە بەو ٥٠ هەزار تمەنە، من ناڵێم زۆر شت دەکا، چونکە خێزانەکانی ئێرە زۆر لاوازن. من دەبێ بە دایکیان بڵێم چەندە حەقدەست وەردەگرن، چونکە دەبێ بۆ وێنە کارەکانی لێرە ببینن، بزانن لەگەڵ کێ ئیش دەکا، بارودۆخی کارکردنەکە ببینن. |

هەروەها بەرزبوونەوەی هەڵاوسـان و دابەزینی بەرچاوی بەهای ڕیاڵ بەرامبەر بە دۆلار بووەتە هۆی زیاتر چەوسـاندنەوەی منداڵان بەتایبەت منداڵانی کۆچبەر کە ناچارن پارەکەیان بگۆڕنەوە. لەم سـاڵانەی دواییدا زۆرێک لە کۆچبەران بە هۆی دابەزینی بەهای ڕیاڵەوە ئێرانیان بەجێ هێشـتووە و ئەوانەی ماون حەقدەسـتیان بۆ کەمتر لە نیوە کەم بۆتەوە. گێڕانەوەی دووان لە منداڵانی کۆچبەر بەم شێوە بوو:

جاران ئێرە باش بوو، جاران 3 ملیۆن و 3 و 500 هەزار تمەنم وەردەگرت، بەڵام ئێستا باش نییە. دۆخەکە زۆر خراپە. پارەی ئێران بایەخی نەماوە.

حەقدەست کەمە، بەڵێ ٢ و ٥٠٠ ئێستا کە نرخی دۆلار بەرز بووەتەوە، دراوی ئەڤغانی چی لێ هاتووە! ئەم ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەنە دەبێتە ٦ هەزار ئەڤغانی. بەڵێ کێ تێچووی ئێرە دابین بکا، کرێ ماڵ ... کرێ ماڵ یەکی 100 هەزار تمەن دەبێ بدەین.

منداڵانی ئەڤغانستان بەتایبەتی ئەو کۆچبەرە نایاساییانەی کە هیچ بەڵگەنامەیەکی یاسـاییان نییە، ئەگەری چەوسـاندنەوەیان زیاترە، چونکە بۆ ئەوەی بچنە ناوەندە یاساییەکان هیچ ناسنامەیەکیان نییە و یاسا پاڵپشتییان لێ ناکات. منداڵێکی ئەڤغانی بەم شێوە لێکەوتەکانی نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی گێڕاوە:

لە شـوێنێک کارم دەکرد، پازدە ڕۆژ پارەی پێ نەدام. ناتوانین سـکاڵا بکەین، چونکە بەڵگەمان نییە. ئەگەر بمانهەوێ سـکاڵا تۆمار بکەین دیپۆڕتمان دەکەن. ئێستا من لە سەر ئەو کوچە ئیشم کرد، من ٢٠ هەزار تمەنم لێی دەوێ، بەڵام ئەو نەیدا. من تەلەفۆنم بۆ کرد هیچ وەڵامی نەداوە، ئەوانەی بەڵگەنامە و پاسـپۆرتیان هەیە دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن، ئێمە ناتوانین.

جگە لەوەش منداڵان لە جۆرە جیاوازەکانی کارکردندا خەسـارەت و توندوتیژیی جۆراوجۆر بەئەزموون بکەن. کاتێک لە کاتی کاردا زیانێکیان پێ دەگا، بۆ دابینکردنی خەرجییەکانیان هیچ بیمەیەکیان نییە و ناچارن لە سـەر گیرفانی خۆیان تێچووی پشـتشـکێنی چارەسـەر بدەن و خاوەنکار بەرعۆدەی تێچووی چارەسـەرەکە نابێت. ئەمەش بەتایبەتی بۆ منداڵە کۆچبەرەکان ڕاسـتە. ئەوان کاتێک لە شـوێنی کارەکەیان زیانیان بەر دەکەوێ، بە هۆی نەبوونی بیمە و تێچووی زۆری پزیشـکی ناچارن

بەشـێکی زۆری داهاتیان بۆ چارەسـەرکردن سـەرف بکەن. لە زۆر حاڵەتدا بە هۆی نەتوانینی پێدانی پارەی چارەسەرکردن، سەردانی پزیشک یان نەخۆشخانە ناکەن و تووشـی زیانێکی جەسـتەیی قەرەبوونەکراو دەبنەوە. زۆرێک لەو زیلنلنە بە هۆی ئەو بارودۆخی کارەیە کە ئەوان تێیدان. بەم پێیە، چەوسـاندنەوە تەنیا ئاماژە بە چەوساندنەوەی حەقدەستی منداڵان ناکا، بەڵکوو ئاماژە بە چەوساندنەوەی هەرەتی منداڵیی ئەوانیش دەکات. بەشێکی ئەم چەوساندنەوە بە هۆی شێوازی هەڵسوکەوتی خاوەنکارەکان لەگەڵ منداڵانە و بەشـێکی گرینگتر بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیە کە منداڵان ناچار بە ئیشکردن دەکا، چاودێرییان ناکا و نایانپارێزێ، کارکردنیان لێ قەدەغە ناکا و لەگەڵ پەرەسـەندنی ئەو هەژارییەی کە بە سـەر ئەوان و خێزلنەکانیان سـەپاندووە وایان لێدەکا کار بکەن. پرسـێکی دیکە کە دۆخی منداڵانی کرێکاری کۆچبەر و خێزانەکانیان کە بە شێوەیەکی نایاسایی لە وڵاتی ئێراندا نیشتەجێن دەخاتە مەترسـییەوە، قەیرانی ئێسـتای پەتای کۆرۆنایە. سـەرەڕای زەختی دارایی و زەختی ئابووری، ئەو کەسـانە لە ماوەی پەتای ڤایرۆسـی کۆرۆنادا هیچ هاوکارییەکی داراییان وەرنەگرتووە و ئەگەر تووشـی ڤایرۆسـی کۆرۆنا بوون نەیانتوانی بچنە نۆرینگەکان. هەروەها لە ماوەی کوتاندا، لە ترسـی گرتن لە لایەن یاسـا و لە بەر ئەوەی مۆڵەتی نیشـتەجێبوونیان نییە، ئامادە نین کوتانیان بۆ بکرێ، ئەمەش تەندروسـتیی ئەوان و منداڵەکانیان دەخاتە مەترسییەوە.

## کاتی پشوو

ژیانی مرۆڤ ڕەهەندی جیاوازی هەیە. لە دابەشکردنێکی گشـتیدا دەتوانین بڵێین ژیانی مرۆڤ دوو ڕەهەندی هەیە، "کار و هەوڵدان" و "کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن لە ژیان". بێگومان مەرج نییە ئەم دوو ڕەهەندە لە یەکتر جیا بن، بەڵام لە سـەرەتای منداڵیدا کار و هەوڵ گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە و ئەوەی گرینگە منداڵ لەم سـاڵانەدا بە شـێوەیەک بژی هەم چێژ لە ژیان وەربگرێ هەم بتوانێت لە ڕەهەند جیاوازدا گەشـە بکا و تواناکانی بەهێز بێ و گەشە بکات. ئێمە گەورەساڵەکان کاتێک بیر لە منداڵیمان دەکەینەوە، ئەو قۆناغە بە یاری و خۆشـیەکانییەوە لێک دەدەینەوە و ئەگەر ئەمانە بەئەزموون نەکرێن، وەک ئەوە وایە منداڵیمان بەئەزموون نەکردبێت. هەرچەندە کارکردن زیانی قەرەبوونەکراو بە کاتە پشـووەکانی منداڵان دەگەیێنێ، بەڵام منداڵان هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ستراتیژی کاتی پشووش وەربگرن. لە پێناسەی

کاتە پشــووەکاندا هاتووە: "دەتوانین کاتە پشــووەکان وەک کاتێک ســەیر بکەین کە لە دەرەوەی ئـەرک و بـەرپرســـیـارێتیـەکـانی کـار و خێزان و کۆمـەڵگـادایـە کـە مرۆڤ بـە ئامادەییەوە و بە خواست و سەرپشکیی خۆی ئەو کارە بکا کە گەشانەوە و ڕەزامەندی بۆ دابین بکات" [65]. نیۆمیر[1] لە پێناسەکردنی کاتە پشووەکاندا جەخت لە سەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کە تایبەتمەندیی کات بەســەربردن بە بەراورد لەگەڵ کاتەکانی دیکەی ژیان ئەوەیە کە کات بەسەربردن ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەڕاستی ئەو کاتانەی خۆش دەوێت [66]. لە دیمانە لەگەڵ منداڵانی کار و کەســانی پیشــەیی ئەو بوارەدا دەرکەوتووە کە منداڵان حەزیان لە کار نییە و حەز لە یاریکردن دەکەن. ئەم بابەتە لە درێژەدا زیاتر تاوتوێ دەکرێت.

بۆردیۆ یەکێک لەو کۆمەڵناســانەیە کە باســی کاتە پشــووەکانی کردووە. بە بڕوای بۆردیۆ، کاتە پشووەکان و بژاردەکانی مرۆڤ ڕەگ و ڕیشەی لە شێوازی ژیانیدا هەیە و شـێوازی ژیانیشـی بە شـێوەیەک بەسـتراوەتەوە بەو پێگە کۆمەڵایەتی – ئابوورییەی کە تـاک تێیـدا دەژی. بـە وتـەی نـاوبراو، ئـاســتی دەســـتڕاگـەیشــتن بـە ســـەرچـاوە جۆراوجۆرەکانی وەکوو سەرچاوە ئابووری و کەلتوورییەکان، وەکوو پارە و پەروەردە و کـەلوپـەلی فـەرهـەنگی و کـەلتووری، پێگـەی کۆمـەڵایـەتیی تـاکـەکـان لـە پێکهـاتـەی کۆمەڵایەتیدا دیاری دەکا و تاکەکان بە پێی ئەو باردۆخانە شــێوازی ژیانی تایبەت دەگرنەبەر. سەرمایە و ئیمکانیات و مەیل و سەلیقە کات بەسەربردنی تاکەکان دیاری دەکەن [67]. نەبوونی دەســـتڕاگەیشــتن منداڵانی کار بەم ســـەرچاوانە ڕۆڵێکی گرینگیان لە سنووردارکردنی ڕادە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی کاتە پشووەکانیان هەبووە. بۆ کاتە پشــووە تەندروســتەکان چەندین کاردا ڕەچاو کراوە و دومەزدییە[2] باســی ســێ کاردای گرینگی کردووە: دابینکردنی پشـــوودان، کات بەســـەربردن و کەمکردنەوەی بێزاری، گەشـــەپێدانی کەســـایەتیی تاک و کۆمەڵگا لە ڕێگەی زیادکردنی زانســـت و پەیوەندی لەگەڵ دیتران [68].


منداڵان لە شێوە جۆراوجۆرەکانی کاردا هەمیشە هەوڵیان داوە کە جۆرێک لە کات بەسەربردن لە ژیانیاندا هەبێ، هەرچەندە بۆ ئەوان هەمیشە کارکردن و سەختییەکانی یـەکێـک لـە ئـاســـتـەنگـە جـدییـەکـانی بـەر دەم ڕابواردن بووە. وەک بـاس کـرا، دەســـتڕاگەیشــتنی تاکەکان بە ســـەرمایە ڕادە و چۆنیەتیی کاتە پشــووەکانیان دیاری

---

1. Neumeier
2. Dumazedier

دەکات. لە جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵاندا، هۆکارگەلێک هەن کە ڕێگری لە کاتە پشـــووەکانیان دەگرن، گرینگترینیان بریتین لە: نەبوونی ســـەرچاوە و ئیمکانیاتی پێویســـت، کاتژمێری کارکردنی درێژ و کەمخەوی، هەبوونی کاری دووەم، نەبوونی پشـــووی کار، و شـــوێنی نیشـــتەجێبوون و مانەوە لە شـــوێنی کار. لە هەندێک کاردا، وەک مـارکێتی مـادەی خۆراکی و زبڵگـەڕی و بـازاڕەکـانی میوە و تـەڕەبـار و کـاری کشـــتوکاڵ، منداڵەکە کاتژمێرێکی زۆر کار دەکا و کاتی تەواوی بۆ بەســـەربردنی کاتە بەتاڵەکانی نییە. منداڵێک کە لە مارکێتی مادەی خۆراکی لە گەڕەکی نارەمەک شـــاگرد دووکان بوو لە وڵامی ئەم پرسیارە کە "ئایا کاتی بەتاڵت هەیە؟" وتی:

> من لێرە کاتی پشـــووم و ئەمانەم نییە، تەنیا کاتێک دەتوانم بڕۆم کە شـــتێکی گرینگ ڕوو بدات. من کـاتم بۆ یـاری‌کردن و ئـەمـانـە نییـە؛ دەبێ کـار بکـەم، بـە درێژایی ڕۆژ لێرەم.



چارتی ژمارە 26-3: دابەش‌کردنی منداڵان بە پێی ئامادەنەبوون یان پشوووەرگرتن لە کار

لەم جۆرە کارانەدا منداڵ لە بەیانییەوە هەتا شەو کار دەکا و شەوانە دوای داخستنی دووکانەکە دەبێ کەلوپەلەکان لە ســـەر قەفەزەکان دابنێت. یەکێک لەو منداڵانەی لەم مـارکێتیـانەدا کـار دەکـا ڕایگـەیانـدووە کـە کـاتێ دەتوانێ دووکـانەکـە بـە جێ بهێڵێت یـان پشوو وەربگرێ کە کەسانی دیکە هەبن کە کۆمەکی بکەن. بێگومان "ڕۆشتن" بە واتای کاتی بەتاڵ و یاری‌کردن نییە، زۆر جار ڕۆشـتن بۆ شـار و سـەردانی خێزانە. منداڵێک کە لە بازاڕی میوە و تەڕەبار سەر بە گەڕەکی سادقیە کاری کردووە، دەڵێ:

> پشـــوومان نییە، هەر لێرەین، کاتی یاری‌کردنمان نییە؛ ئێمە کاتژمێر حەوت بۆ هەشـــت بەیانی کار دەکەین، شـــەولنە ژەمی ئێوارە دەخۆین، کەمێک دەخەوین،

دواتر شەوان دەبێ بارەکان دابگرین. ئێستا ڕەنگە مۆڵەت وەربگرین، کە بچینەوە بۆ شاری خۆمان.

سێ منداڵی دیکەش سەبارەڕت بە ئاستەنگەکانی کاتە پشووەکانیان وتیان:

خاوەنکار مۆڵەت دەدا، بەڵام بۆ وێنە بێزارمان دەکات. بۆ وێنە دەڵێ دەبێ شەوانە قەرەبووی بکەیتەوە. ئەگەر بڵێم نا دەڵێ تۆ ناتهەوێ ئیش بکەی، بڕۆ دەرەوە؛ زۆر بە ئاسانی. لە هەموو شوێنێک وەک یەکە.

من بە هیچ شێوەیەک پشووم نییە؛ من هەموو ڕۆژێک دێم، تەنانەت ڕۆژانی پێنجشەمە و هەینی. بۆ وێنە ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی درەنگ دێم، پاشنیوەڕۆ دێم بۆ وێنە لە سەعات سێ بۆ چوار دێم هەتا سەعات دە دەمێنمەوە. من بە هیچ شێوەیەک خۆشیم نییە، تەنانەت ئێستاش جەرگم جەرگ دەخوا بچم بۆ پارک؛ دوو سێ ساڵە نەچوومەتە هیچ شوێنێک.

هەر کاتێک شتێکم بۆ پێش هات، دەتوانم مۆڵەت وەربگرم، بەڵام حەقدەستەکەم کەم دەکاتەوە. دوو کاتژمێریش نەیەمەوە حەقدەستەکەم کەم دەکاتەوە.

کاری قورس و تاقەتپڕووکێن وای کردووە منداڵان لە ژیانیاندا ڕەهەندی پشوویان نەبێت. لە زۆر حاڵەتدا دوای کارکردن بۆ ماوەیەک، لەوانەیە بۆ سەردانی خێزانەکانیان چەند ڕۆژێک یان ماوەیەک پشوو وەربگرن و بگەڕێنەوە شارەکەیان یان وڵاتەکەیان. بێگومان لەم جۆرە کارەدا وەرگرتنی پشوو و حەقدەست یەک ناگرنەوە. سەبارەت بە وەرگرتنی پشووی بێحەقدەست یان پشوو بە لێبڕینی بڕێکی حەقدەست منداڵێک وتی:

دەبێ هەر لە شوێنی کارەکەتدا بیت؛ بۆ یەک ڕۆژ حەقدەستەکەت کەم دەکرێتەوە، ئەگەر ئیزن وەرنەگریت.

لە زۆر حاڵەتدا کاری درێژخایەن و ماندووهێنەر بووەتە هۆی ئەوەی منداڵان ڕۆژانی پشوویان نە بە یاریکردن و خۆشی بە سەر بردن، بەڵکوو بە حەولنەوە و ئەنجامدانی کاری تایبەتی بە سەر ببەن. منداڵان چەندین جار باسیان لەوە کردووە کە

پشووەکانیان تەرخانی حەوانەوە و پاککردنەوە دەکەن، و یاری لە گۆڕدا نییە. ئەم جۆرە کات بەسەربردنە، واتە نەبوونی کاتێکی خۆش و یاری نەکردن و مانەوە لە ژوورەکەدا، دەتوانێ ببێتە هۆی بێزاری و خەمۆکی و تەنانەت کاتێک منداڵان کارەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە بەراورد دەکەن، لەوانەیە هەست بە توڕەیی و ناڕەزایەتی بکەن. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە بە ڕوونی نیشان دەدەن کە منداڵان یان کاتیان بۆ یاریکردن و شادی نییە و یان ئەگەر هەبێ، کاتە پشووەکانیان زۆر سنووردارە و فرەچەشنییەکی ئەوتۆی تێدا نییە.

| |
|---|
| ڕۆژانی پشوو تا سێ سەعات زۆر خۆش دەخەوم. دوای ئەوە لە خەو هەڵدەستم تەلەفۆن بۆ هاوپۆلەکانم دەکەم. |

| |
|---|
| ئێمە لە ڕۆژانی هەینی نایەمە دەرەوە؛ قاپەکان دەشۆم، ماڵ گسک دەدەم. |

| |
|---|
| ناتوانم لە سەر ئیشەکەم ئامادە نەبم. حەفتەی ڕۆژێک ئەویش ڕۆژانی یەکشەمە ئیشم نییە. کارەکانم لە ماڵەوە ئەنجام دەدەم؛ دەچمە گەرماو، جلەکانم دەشۆم. |

| |
|---|
| ڕۆژانی هەینی خوشکەکەم دەچێتە سەر کار، منیش دێم. ئێستا، بۆ ڕۆژی جەژن هاتووین بۆ ئیش، بۆ ئەوەی جلوبەرگ بۆ خۆم و خوشکەکەم بکڕین. ڕۆژانی هەینی کار کەمترە. |

| |
|---|
| ئەو ڕۆژانەی کە ناچمە سەر کار، لە ژوورەکەمم. لە ژوورەکەمدا، خۆ خۆشیمان نییە. |

| |
|---|
| لە کۆتایی حەفتەدا دەچم بۆ گەرماو، جلەکانم دەگۆڕم، دەچم و دادەنیشم. |

| |
|---|
| لە ڕۆژی پشوودا من لە ماڵەوەم؛ ئێمە دەخەوین، پشوو دەدەین. ئێمە یاری و شت نایکەین. کێ تاقەتی یاریکردنی هەیە؟ |

| |
|---|
| ئیتر ناتوانین شەولنە بخەوین. حەفتەیەکی ڕەبەق کار دەکەین، ڕۆژی هەینی پشوو دەدەین [بە پێکەنینەوە دەڵێت]. |

> لە ڕۆژی پشـــوو، پشـــوو دەدەین؛ دەچینە گەرماو، ســەر و ملمان دەشــۆین، دەچینە مەیدانی یاری.

> من بـەردەوام کـار دەکـەم، هـەموو ڕۆژانی هـەینی کـار دەکـەم، نـاچمـە هیچ شوێنێک.

> لە یەکەم ســاتی ڕۆژی پشــوودا ماڵ خاوێن دەکەینەوە. دوای ئەمە دەچینە گەرماو. دوای گەرماو دێین دەخەوین.

هەموو ئەو گێڕانەوانەی ســەرەوە نیشــان دەدەن کە چۆن ئەم منداڵانە لە کاتی پشـــووەکان و یاریکردن بێبەش کراون، هەروەها چۆن کاتە بەتاڵەکانیان تەرخانی کاروباری تایبەتی، خەوتن، یان مانەوە لە ژوور و ماڵی سـووکەڵەی کرێکاری بە سـەر دەبەن. منداڵێکی دەستفرۆش لەم بارەوە وتی؛

> ئێمە ڕۆژانی شــەممە پشـــوومان هەیە؛ هەموو ماڵەکانمان پاک دەکەینەوە، قاپەکان دەشۆین، دەچین دادەنیشین و ئێمە واش نین، سەفەریش دەکەین.




چارتی ژمارە 27-3: ئێتنیک و ڕۆژی پشوو

لە هەندێک کاردا ڕۆژانی پشـــوو وەکوو ڕۆژانی هەینی ئەوپەڕی کاری منداڵانە، چونکە لەم ڕۆژانەدا زیاتر دەتوانن کار بکەن، کەلوپەل بفرۆشـن، یان زبڵ کۆ بکەنەوە. بۆیە ئەگەر ڕۆژێکی پشـــوویان هەبێ، ئەوا ڕۆژی پشـــووەکەیان کۆتایی حەفتە یان هەینی نییە، کە لەو حاڵەتەدا چیتر هەســت بە ڕۆژی پشـوو ناکەن. ئەمە لە زبڵگەڕیدا زۆر زەقە، چونکە زۆرێک لە زبڵگەڕەکان، بە هۆی ئەوەی ڕۆژانی هەینی زیاتر زبڵ بەرهەم دەهێنرێ و کەمتر لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکلنەوە ســنووردار دەکرێنەوە، ئەو ڕۆژی هەینییە بە کارکردن و کۆکردنەوەی زبڵ بە ســەر دەبەن بۆ ئەوەی زبڵی زیاتر کۆ بکەنەوە. گێڕانەوەی منداڵانی زبڵگەڕ لە ناوچەی جەماران ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| زیاتر ڕۆژانی شەمە پشوومان هەیە، ڕۆژانی هەینی زۆرتر دەچینە سەر کار. |

| |
|---|
| ڕۆژانی شەمە پشووین، من لە ماڵەوە دادەنیشم. |

منداڵانی کۆچبەری ئەفغانســتان و منداڵانی دیکەی کۆچبەری ئێرانی کە بە دوور لە بنەماڵەکانیان دەژین، زۆر بیری خێزانەکانیان دەکەن، یەکێک لە خۆشــییەکانیان پەیوەندی بەتایبەت پەیوەندیی ڤیدیۆیی لەگەڵ بنەماڵەکانیانە. دوای ماوەیەک کارکردن و پاشــەکەوتکردنی پارە، لەولنەیە مۆبایلێک بکڕن تا بتوانن بە ئاســانی پەیوەندیی ڤیدیۆیی لەگەڵ خێزلنەکانیان ســاز بکەن و هەســتی دووری و بیرکردنی ماڵەوە کەم بکەنەوە. هەندێک لەو منداڵانەی کە مۆبایلیان نییە بە هۆی ئاســتەنگی یاســایی بۆ کڕینی ســیمکارت یان نەبوونی پارەی کڕینی ســیمکارت بە مەبەســتی پەیوەندی ســازکردن لەگەڵ بنەماڵەکانیان مۆبایلی هاوڕێکانیان بەکار دەهێنن. منداڵێکی ئەفغانی لەم بارەوە گێڕایەوە:

| |
|---|
| دادە من خۆم تەلەفۆنم نییە. 20 هەزار تمەن دەخەمە ناو مۆبایلی هاوڕێکەمەوە، بەو مۆبایلە تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکەم. پەیوەندیی ڤیدیۆیی دەگرم. |

لە هەندێک کاردا، وەک ئەو کارلنەی کە شــوێنی نیشــتەجێبوونی منداڵەکە و شــوێنی کارکردنی یەکن، منداڵەکە بەهیچ شــێوەیەک پشــووی نییە و هەمیشــە لە بەردەســتی خاوەنکارە و ئەگەر مۆڵەتیش وەربگرێ و بیهەوێ لە ماڵەوە بمێنێتەوە، دیســانیش هەر لە شــوێنی ئیشــەکەیەتی و ناتوانێ بە تەواوەتی و بە ئاســوودەییەوە ئەم پشــووە بە کار بێنێت. لەم جۆرە کارلنەدا خاوەنکار پشــوو بە منداڵەکە نادا و ئەمەش وەک چەوساندنەوەی دووقاتی منداڵەکە دادەنرێت.

دیوەکەی دیکەی ژیانی منداڵان یاریکردنە، بێگومان هەموو منداڵانی کارکەر وا نییە کە کاتی پشوویان نەبێ، وەک چۆن هەندێکیان کاتی پشوویان هەیە و چێژی لێ وەردەگرن و لە کاتی پشووەکانیاندا یاریی جۆراوجۆر دەکەن، دەچن بۆ سەردانی کەسوکار و دەچن بۆ شاری یاری و کاری لەم چەشنە دەکەن. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە بە ڕوونی شێوازی هەبوونی کاتە پشووەکان بە شێوەی جیاواز نیشان دەدەن:

| |
|---|
| دوایین جار کە چوومە شوێنێکی کات بەسەربردن، چوومە هۆڵی وەرزش بۆ پاککردنەوە، چوومە لەشجوانی. |

| |
|---|
| ڕۆژانی هەینی دەچینە پارک. |

| |
|---|
| بەڵێ ئێمە زۆر حەزمان لە یارییە. ئێمە منداڵی ئێرەین. هەموومان تۆپی پێمان پێ خۆشە. ئێمە یاریی گۆڵی بچووک دەکەین، دەچینە سەر چیمەنی تۆپی پێ. |

| |
|---|
| من تەنها لە ڕۆژانی هەینیدا نایەم. من دەچم کاتێکی خۆش بە سەر دەبەم و یاری دەکەم. |

| |
|---|
| ڕۆژانی هەینی لەگەڵ هاوڕێکانمان دەچینە دەرەوە بۆ پارک، گەیمنێت. |

| |
|---|
| ئێمە هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر یەک تا سێ یاریی تۆپی پێ دەکەین، دواتر دێینە سەر کار. |

| |
|---|
| هەینی بێکارم؛ پاشنیوەڕۆ دەچمە تۆپین. |

| |
|---|
| بۆ نموونە دەچمە بازاڕکردن، دەچمە شوێنێک بۆ کات بەسەر بردن یان پشوودان. |

| |
|---|
| جاران دەچوومە دەماوەند. ئێمە هاتین بۆ ئێرە، ئیتر نەچوومە تایکواندۆ. ئێمە هاتینە ئێرە و لەوێش یانەکەی زۆر لە ماڵەکەمان دوور بوو. ئەگەر یانەکە نزیک بێ دەڕۆم. |

بێکار بین، دەڕۆین، دیسان دەچینە دەرەوە. بۆ وێنە دەچینە پارک، هەموو شوێنێک دەچین.

هیچ، دەچینە ژوورەکەمان، دەچین سەردانی هاوشاریانمان دەکەین.




چارتی ژمارە 3-28: کاتی پشووی منداڵان (N=136)

ئەو گێڕانەوانەی سەرەوە بە باشی نیشان دەدەن کە چۆن یاریکردن و لایەنەکانی دیکەی کات بەسەربردن، وەک سەیران، بازاڕکردن، دیدار و چاوپێکەوتن و بینینی هاوڕێ و ناسیاوەکان، هەموویان بەشێک لە ژیانی منداڵانن. هەندێک جار منداڵان، دوای ماوەیەک کارکردن و پاشەکەوتکردن، مۆبایلێک دەکڕن بۆ ئەوەی وەک ئامرازێک بۆ کات بەسەربردن کاتی لەگەڵدا بە سەر ببەن. گۆرانییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت گۆرانییە خۆجێیی یان نەتەوەییەکانیان لە میمۆری مۆبایلدا هەڵدەگرن و لە کاتی بەتاڵی خۆیلندا گوێیان لێدەگرن یان لە سەر میمۆری مۆبایلەکە یاری دادەنێن بۆ ئەوەی لەکاتی بێکاریدا یاری بکەن. بێگومان بە هۆی ئەو سەرچاوە مادییە کەمەی کە لە بەردەستیاندایە، بژاردەکانیشیان لەم بوارەدا سنووردارە. هەروەها زۆربەی ئەم منداڵانە لە گەڕەکە کەمداهات و بێبەشەکانی شاردا دەژین، کە لە ئیمکاناتی کات بەسەربردن و وەرزشی بێبەشن. یان هەندێک جار لە گەڕەکی تاوانسازی وەک گەڕەکی دەروازەی غار و گەڕەکی شووش دەژین کە بنەماڵەی ئەو منداڵانە بە هۆی ترسەوە ڕێگە نادەن منداڵان بچنە دەرەوە و یاری بکەن بەتایبەت دوای تاریکبوونی هەوا و ئەم ترسەش دەبێتە هۆی ئەوەی خێزانەکان بە توندی چاودێریی منداڵان بکەن. ئەزموونی یەکێک لەو منداڵانە بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| لە کۆتایی حەفتەدا لەگەڵ هاورێکانم دەچمە گەیمنێت. من زۆر گەیمنێتباز نیم؛ باوکم دەمکوژێت. گەیمنێت باش نییە، هی منداڵێکی ئالوودە بە مادەی هۆشبەر و جگەرەکێشە. بشمرم جگەرە ناکێشم. |

لە زۆر حاڵەتدا بوونی کاتی پشـــوو و چوونە دەرەوە لە ماڵ پێویســـتی بە خەرجی مادی و هەبوونی پارەیە، کە زۆرێک لە بنەماڵەی منداڵانی کار توانای دابینکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست وەک پێدانی پارەی گیرفانیان نییە، لێرەوە منداڵان ڕوو لە بژاردە بەدیلەکان دەکەن. بۆ وێنە لە بەر ئەوەی ئەوان کار دەکەن بۆیان هەیە بەشێک لە پارەکە بە خێزانەکەیان نەدەن و بۆ خۆیانی گل دەدەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەوەی دەیانەوێ بۆ خۆیانی جێبەجێکردن بکەن وەک جلوبەرگ یان کات بەســـەربردن. منداڵێک کە لە گەڕەکی شووش بە عەرەبانەیەکەوە باری دەگواستەوە لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| بۆ نموونە من ڕۆژانە ١٠ هەزار تمەن گل دەدەمەوە، لە شـــوێنێکدا دایدەنێم، ڕۆژی هەینی خەرجی دەکەم. |

لایەنێکی دیکەی کاتە پشـــووەکان بریتییە لە هەبوونی کاتی پشـــووی نەرێنی یان کات بەســـەربردنی ســـاختە کە دەتوانێ منداڵان بەرەوڕووی زیانە جۆراوجۆرەکان بکاتەوە. پێویســـتە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە بەر ئەوەی ئەم منداڵانە کار دەکەن و ســـەرچاوەی مادییان هەیە، لەوانەیە پارەکانیان لەو بوارانەدا خەرج بکەن کە تەندروســـتیی جەســـتەیی و دەروونییان دەخاتە مەترســـییەوە یان تەنانەت بچنە ناو پەیوەندییەکی مەترســـیدارەوە. دیمانەکارێک لە میانەی دیمانە لە کارگایەکدا بابەتێکی لەم بارەوە بۆ دەرکەوتبوو، کە بەم شێوە دەیگێڕێتەوە:

| |
|---|
| لە مامۆســـتا ... بیســـتم کە ســـاڵێکە بە شـــێوەیەکی بەردەوام ســـێکس لەگەڵ کرێکارێکی سێکسی دەکا و بۆ ئەوەش پارەیەکی زۆر سەرف دەکات. |

جگە لەوەش زۆرێک لەو منداڵانە لە شوێنی کار و بە دوور لە خێزان کار دەکەن و دەژین و کەمتر لە ژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی ئەندامانی خێزاندان و کاتێکی زیاتر لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان بە سەر دەبەن. هەر بۆیە زەمینەی ڕووکردنە هەندێک ڕەفتاری مەترســـیدار لە نێوانیاندا لەبارە. هەروەها هەندێک جار لەگەڵ گەورەکان دەبنە هاوماڵ و لەولنەیە فێری هەندێک ڕەفتاری مەترســـیدار بن، وەک جگەرەکێشـــان، نێرگەلە یان خواردنەوە کحۆلییەکان. منداڵێک کە لە بازاڕی میوە و تەڕەبار لە دەڤەری پوونەک

کاری دەکرد، لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| بۆ درۆ بکەم جگەرە نا، بەڵام نێرگەلە، بەڵێ ئێمە دەیکێشـــم. ئیتر لە شـــوێنی کارەکەماندا هەیە. |

یان منداڵێکی دیکە سەبارەت بە کاتە پشووەکانی وەها دوا:

| |
|---|
| تا ئێستا هەمیشە لە سەر دەوامەکەم بووم، بەڵام یەک ڕۆژ ئامادە نەبووم. لەگەڵ هاوڕێکانم چووینە دەرەوە. ئێمە دەچین بۆ گەمە ئاو لە ســەر ڕووبار. ئاوەکەی زۆر کەمە؛ ئێستا گەرمە، ئاوی کەمترە. دەچینە ئەوێ، ئاوەکە دەگرینەوە، یاری دەکەین. عارەقیش دەخۆینەوە. ئیتر جگەرە ناکێشـــم. وەرزش دەکەم، دوو مانگ جگەرەم نەکێشا، بەڵام عارەقم دەخواردەوە. |

زۆرێک لە منداڵان لە پاڵ کارکردن دەخوێنن و کارکردن و خوێندن لە هەمان کاتدا فشاری زیاتریان لە سەر دروست دەکا و کاتیان بۆ کات بەسەربردن و یاریکردن نامێنێت. لەم ڕووەوە دوو منداڵ گێڕایانەوە:

| |
|---|
| من زۆر لە دەرەوە نیم. من تەنها کارم دەکەم، دەچمە قوتابخانە. |

| |
|---|
| ڕۆژانی هەینی دەخوێنم. من هیچ کاتێکی خۆش بە ســەر نابەم. ولنەکەم زۆر پێ خۆشترە. |

یان کاتێک کچە دەستفرۆشێک لە گەڕەکی پارکی ڤی پرسیاری لێکرا "ئەو ڕۆژانەی نایەی بۆ سەر کارەکەت چی دەکەیت؟"

| |
|---|
| من کۆمەکی دایکم دەکەم، هیچی تر، وانەکانم دەخوێنم. |

هەندێک لە ڕێکخراو و ئێن‌جی‌ئۆکان، بۆ زۆرێک لە منداڵان، جگە لەوەی هەندێک لێهاتوویيان فێر دەکەن، دەرفەتیان بۆ ڕەخســاندوون بۆ ئەوەی یاری بکەن و کاتێکی خۆش بە ســەر بەرن، هەروەها دەرفەتیان بۆ منداڵان ڕەخســاندووە کە لە مەیدانی کەمپەکەدا یاری بکەن و تەنانەت ڕۆژانی هەینیش هەن بۆ ئەوەی منداڵان تولنای بەکارهێنانی ئەم فەزلیلنەیان هەبێت. ســەبارەت بە کاتە پشـــووەکانی منداڵان پرسیار لە یارمەتیدەرێکی کۆمەڵایەتی کرا و وەڵامەکەی ئەوە بوو:

ئێمە هەوڵ دەدەین خۆمان لەگەڵ بارودۆخی منداڵەکاندا بگونجێنین؛ واتە ئەو خاوەنکارانەی کە بۆ وێنە ڕێگە بە منداڵان نادەن بێنە ئێرە، دەڵێین کێشە نییە، ڕاهێنەرێک دەنێرین. هەمووی پەیوەستە بە پیاوەتیی خاوەنکارەوە. زۆربەی منداڵان لە ڕۆژانی هەینیدا دێن، چونکە ئێمە هەینییانەش لێرەین.

پێکەوەژیانی منداڵانی ئەفغانستانی، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئێران لەدایک دەبن، لەگەڵ منداڵانی ئێرانی، وای کردووە کە فێری سەرچەشنی ڕابواردنە ئێرانییەکان بن. لە ئێراندا ڕۆشتن بۆ باکووری ئێران (شیمال) لە ڕۆژانی پشوودا بە مەبەستی کەیفخۆشی و ڕابواردن شتێکی زۆر باو و ئاساییە. منداڵانی ئەفغانیش فێری ئەم سەرچەشنە بوون و حەز دەکەن لە ڕۆژانی پشوودا بەرەو باکوور گەشت بکەن. منداڵێکی ئەفغانی کە لە گەڕەکی شەهران کار دەکا، سەبارەت بەم جۆرە ئارەزووە وتی:

> ئێستا بە باوکم دەڵێم بڕوانە باوکە ڕۆژێک پشوو وەربگرە با بڕۆین بۆ شیمال. ئێستا ئۆتۆمبێلمان نییە. چووینە ئەفغانستان، هەموو پارەکانمان لەدەست دا. ئێستا پارەمان نییە بچین ئۆتۆمبێل بکڕین. کاتێک ئۆتۆمبێلی هەبوو تەنها دەچوو بۆ شاخ و کێو، بۆ هیچ شوێنێک نەدەچوو. پاشان بە باوکمم دەگوت بڕۆ بۆ شیمال، پێی دەگوتم باشە دەچین. تا ئێستا نەچووین.

بە گشتی منداڵان زیاتر حەز بە یاریکردن دەکەن. ئەوان لەوەی کە ناتوانن وەکوو زۆرێک لە هاوتەمەنەکانیان یاری بکەن زۆر قەڵس دەبن. کارکردن ئەویش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی تێکەڵ بە کاری جەستەیی قورس، ئەم دەرفەتەی لە منداڵان زەوت کردووە و لە ئەنجامە ئەرێنییەکانی کات بەسەربردن لە ڕەهەندە جیاوازەوە بێبەشیانی کردووە. ئەزموونی یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا بەم شێوەیە بوو:

منداڵان بە هیچ شێوەیەک حەزیان لە ئیش نییە. ئەوەی بۆم دەرکەوتووە، بە گشتی منداڵ حەزی لە یاریکردنە، حەزی لە بزۆزییە. ئێستا هەندێک جار ناوە ناوە ئیش دەکات. ئێمەش زۆر ڕژدی نانوێنین. بەڵام بە گشتی منداڵە، خۆ پیر نییە، چواردە ساڵ، پازدە ساڵ؛ ئەوان حەزیان لە یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانە.

جگە لە ناهۆگریی گشتی منداڵان بۆ کارکردن، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە هەندێک لە منداڵان حەز بە کار دەکەن لەوانەیە ئەوە

بێ کە کارکردن دەرفەتیان پێ دەدا لە شوێنی کاردا لەگەڵ منداڵانی دیکە یاری بکەن. بەتایبەت لە کاری سەر شەقامەکاندا وەکوو دەستفرۆشییەتی.

## خواردن

گەشـــەی مرۆڤ ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێ، ڕەهەندی جەســـتەیی، فیزیکی، دەروونی، ئەخلاقی، ســـۆزداری، ورووژان و کۆمەڵایەتی. گەشـــەی جەســـتەیی لە منداڵیدا لە ڕەهەندەکانی تر پێشترە، چونکە تافی منداڵی قۆناغێکە کە ئەندامە فیزیکییە جۆراوجۆرەکانی منداڵ تێیدا گەشە دەکەن. بۆیە خۆراکی دروست بۆ گەشەی منداڵ زۆر گرینگە. مرۆڤ لە تەمەنێکی بچووکدا دەچێتە تەمەنی باڵقبوون و گۆڕانکاری و گەشـــەی خێرای جەســـتەیی بەئەزموون دەکات. تەمەنی باڵقبوون لە کەســـێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و لە نێوان تەمەنی هەشت بۆ چواردە ساڵیدا ڕوو دەدات. لەم ماوەیەدا گۆڕانکاریی خێرای جەستەیی دەست پێدەکا، وەک گەشەی ماسوولکەکان بەتایبەتی لە کوڕاندا و هەروەها باڵاکردن و زیادبوونی کێش لە هەر دوو ڕەگەزەکەدا. خۆراکی گونجاو و خواردنی هەموو گرووپە خۆراکییەکان لەم ماوەدا زۆر گرینگە. خۆراکی نەگونجاو و بەدخۆراکی لە تافی منداڵیدا دەبێتە هۆی "خاوبوونی گەشـــەی جەستە، کورتەباڵایی و کەمبوونەوەی گەشەی زەینیی منداڵان و هەروەها هەوکردنی پەیتاپەیتا و بەرگری لە هەمبەر چارەســـەری و کەمبوونەوەی چالاکیی جەســـتەیی" لێ دەکەوێتەوە. لە منداڵانی تووشـــبوو بە بەدخۆراکی، جگە لە کەمبوونەوەی گەشـــەی جەســـتە، بڵاوبوونەوەی تێکچوونی دەروونی زۆر باوە و ئەم منداڵانە لە قۆناغەکانی دیکەی ژیاندا ناتوانن بەو تولنا جەســـتەیی و دەروونییانە بگەن کە لەگەڵ تەمەنیاندا گونجاوە. [69]

سێ شت لە خۆراکدا زۆر گرینگە:

١. ڕێکخســـتن: ئەمە بەو مانا دێ کە لە خۆراکدا یەکەمایەتی بە گرووپەکانی خوارەوەی قووچەکی خۆراکە؛

2. فرەچەشـــنی: واتە دەبێ لە هەموو گرووپە خۆراکییەکان بخورێ و ناکرێ یەکێکیان جێگرەوەی گرووپێکی دیکە بێ، چونکە کاریگەریی خراپی بۆ سەر جەستە هەیە؛

3. هاوڕێژەیی: ئەمەش بەو مانایە دێ کە خۆراک دەبێ لەگەڵ تەمەن و چالاکیی مرۆڤەکان گونجاو بێت [70].





وێنەی 1- 3: قووچەکی خۆراک (ssu.ac.ir)

کار و نەبوونی خۆراکی گونجاو تەندروستی و گەشەی جەستەیی منداڵان دەخاتە مەترسییەوە؛ واتە کاری درێژماوە، لە کاتە نائاسایییەکانی وەکوو شەوان و کاری قورسی وەکوو گواستنەوەی بار کاریگەریی زۆر نەرێنی لە سەر تەندروستیی منداڵان دادەنێت. لە لایەکی دیکەوە خۆراک نەگونجاو کێشەی تەندروستیی منداڵان توندتر دەکات. منداڵانی بێ‌ماڵ و لانەواز و منداڵانی دوور لە خێزلنەکانیان زیاتر تووشی کێشەی خۆراک دەبن، چونکە زۆریان کەسیان نییە خواردنیان بۆ ئامادە بکا، هەروەها ئەم منداڵانە لە زۆر حاڵەتدا لە ماڵەکانی چینی کرێکاردا لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی خێزان یان خزم یان هاوڕێیان ژیان دەکەن. لە زۆرێک لەو ماڵانەدا خۆراک و پێداویستییەکان بە کۆمەڵ دابین دەکرێ و هەندێک لە کارەکانیش دەخرێتە ئەستۆی منداڵەکان. بۆ وێنە منداڵان بەرپرسی پاک‌کردنەوەی ماڵ و بازاڕکردن و قاپشۆردنن و ئەو کەسە یان ئەو کەسانەی کە دەزانن چێشت لێ بنێن خواردنەکە ئامادە دەکەن. لەم جۆرە ماڵانەدا بەرنامەی ژەمەخۆراک بوونی نییە و جۆری خواردنەکەش بەندە بە لێهاتوویی و سەلیقەی چێشتلێنەر و تەنانەت داهاتی ڕۆژانەیانەوە. دووان لەو منداڵانە سەبارەت بە خۆراکی خۆیان وتوویان:

> ئێمە خۆمان خواردن دروست دەکەین؛ کوڕەکەی هاوڕێم. ئێمە هەموو شتێک دروست دەکەین: برینج، مریشک، هێلکە، فاسۆلیا، پەتاتە، کەدوو.

نیوەڕۆ و ئێوارە لە سەر زکی خۆمانین خاوەنکار نایدات. لەوێ دووکانێک هەیە، هەرچیمان بووێت داوای دەکەین، سەری مانگ حسێب و کتێبی لەگەڵ دەکەین. دەڵێ بوو بە 200 هەزار تمەن، بوو بە 300 هەزار تمەن.




چارتی ژمارە 29-3: جۆری خواردنی منداڵان بە پێی شوێن و شێوازی سازکردنی خواردن (N = 120)

لە هەندێ لە گرووپەکاندا کرێکاران بەکۆمەڵ کارەکان دەکەن و هەر کەسێک ئەرکێکیان لە سەر شانە، بەڵام لەم جڤاکانەشدا دابەشکردنی ئەرکەکان دادپەروەرانە نییە و کاری قورس دەخەنە ئەستۆی منداڵان و تەنانەت کەڵکاوەژۆیی لە منداڵان دەکرێت. لەم جڤاکانەدا بەرنامەی ژەمە خواردن بوونی نییە و جۆری خواردنەکەش بەندە بە سەلیقەی چێشتلێنەر و بڕی داهاتی ڕۆژانە، هەروەها ئەو کاتانەی کە داهاتی منداڵەکان کەم دەبێتەوە، لە ئەنجامدا سەرچاوەی دارایی بۆ ئامادەکردنی خۆراکیش کەم دەبێتەوە. بۆ وێنە لە کاتی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا دەرکەوت کە بوونی هەڵاوسان و گەمارۆکان و چەند قاتبوونی نرخی خۆراک فشاری زیاتری خستۆتە سەر منداڵان و سەبەتەی کڕینیان لە زۆرێک لە گرووپە سەرەکییەکانی خۆراک بەتاڵ بووەتەوە؛ واتە بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک وای کردووە هەندێک لەو شتانەی کە گرانترن وەک گۆشت لە سەر خوانەکانیان نەمێنێ و لە بری ئەوانە خواردنی هەرزانتری وەک پەتاتە بخۆن.

هاوڕێکەم خواردن ئامادە دەکا، من وڵات پاکژ دەکەمەوە. پەتاتە، مەعکەرۆنی، فاسۆلیا، پەنیر، ئەم شتانە دەخۆین.

هەروەها جۆری کار زۆر کاریگەری لە سەر جۆری خۆراکی منداڵان هەیە و لەم ڕووەوە لە هەندێک کاردا منداڵان زیاتر دەستیان بە خۆراک و بەکارهێنانیان دەگا و لە هەندێک کاردا کەمتر. هەروەها شێوازی کارکردن، واتە خێرایی و کاتی کارکردن، کاریگەری لەسەر جۆری خۆراکی منداڵان دادەنێت. لە هەندێک کاردا، خاوەنکار ڕەنگە خۆراک بۆ منداڵەکان دابین بکا، وەک هەندێک لە خاوەنکارەکانی مارکێتی مادەی خۆراکی و بازاڕەکانی میوە و تەڕەبار کە ئەم کارە دەکەن. بە پێی بەڵگە مەیدانییەکان، لە بازاڕی میوە و تەڕەبار زۆر جار خاوەنکارەکان هۆدە جۆراوجۆرەکان چێشتلێنەرێک بۆ ئامادەکردنی خواردن بۆ منداڵان و کرێکارانی دیکەی تەڕەبار بەکرێ دەگرن. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە بازاڕی میوە و تەڕەبار کە لە گەڕەکی شەهرەکی غەرب کار دەکا، ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| لێرەدا خاوەنکارەکان چێشتلێنەرێکیان بۆ لێنانی چێشت بۆ هەمووان دادەمەزرێنن .... هەموو شتێک لێ دەنێ: زریشکپڵاو و مریشک، ماکارۆنی، شلە، کاتلێت، کووکووی سەوزی، ئاوگۆشت. لە تەڕەبار خواردن بە گشتی لە ئەستۆی خاوەنکارە. |

هەروەها بە هۆی لەبەردەستبوونی سەوزە و میوە، منداڵان دەتوانن بە ئاسانی ئەو ڤیتامینانە بەدەست بهێنن کە جەستەیان پێویستی پێیەتی. هەروەها لە هەندێک لە مارکێتکانی خواردەمەنی خاوەن دووکلنە بەرعۆدەی ئامادەکردنی خواردنە و خاوەنکار یان لە دەرەوە خواردن بۆ کارمەندەکان ئامادە دەکا یان ڕێگەیان پێدەدا کە هەندێک خواردنی ناو مارکێت وەکوو قوتوو، ساس و کاڵباس و ... بخۆن. لەم حاڵەتەدا منداڵەکان گلەییان لە نەبوونی کات بۆ پشوودان و کاتی پێویست بۆ نانخواردن هەبوو و منداڵێکیش کە لە یەکێک لە دووکانەکانی گەڕەکی قەیتەرییە کاری دەکرد بەم شێوەیە ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی:

| |
|---|
| سەختییەکەی ئەوەیە کە پشوودانێکی تەواومان نییە؛ دووهەم: نانی نیوەڕۆ و ئێوارە ناتوانین بە ئاسوودەیی بخۆین. بۆ وێنە کاتێک نانی نیوەڕۆ دەخۆین مشتەری دێ، دەبێ هەستی و بچی بە دەمییەوە. |

بە پێچەوانەی ئەو منداڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن، منداڵی تریش هەن کە خۆراکی پێویستیان نییە و لە بەر ئەوەی دەبێ خۆیان پارەی ژەمەکان بدەن، قەناعەت

دەگرنە بەر و کەمتر پارە خەرج دەکەن، ئەمەش تەندروستیی جەستەیان دەخاتە مەترسییەوە. بۆ وێنە کوڕێکی زبڵگەڕ کە لە گەڕەکی فەرمانییە کاری دەکرد سەبارەت بە خۆراکی خۆی وتی:


> پارەکەم دەنێرمەوە بۆ ئەفغانستان. هەموو مانگێک بڕی سەرفی خواردنم ۲۰۰ هەزار تمەن گل دەدەمەوە، ئەوەی دیکە دەینێرمەوە بۆ ئەفغانستان .... لەو شوێنەی ئێمە دەخەوین، دووکانێک هەیە کە هی ئەربابە، لەوێوە خواردن دەکڕین.

ئەم دۆخە کەم تا زۆر بۆ منداڵان لە کارەکانی دیکەدا وەک یەکە. بۆ وێنە منداڵێک کە لە کارواش (شوشتنی ئۆتۆمبێل) لە گەڕەکی دەرکە کاری کردووە لەم بارەوە دەڵێ:

> خاوەنکارەکەمان چێشتلێنەرێک بەکرێ دەگرێ، ئێمە ڕۆژانە ۲۵۰۰ی پێ دەدەین، ئەو خواردنمان بۆ ئامادە دەکا ...

و ئەو منداڵە گوڵفرۆشەی کە لە مەیدانی ئازادی کاری دەکرد لەم بارەوە وتی:

> لەماڵەوە خواردن بۆ خۆم دەهێنم، لە شوێنێک دادەنیشم و نان دەخۆم؛ من بە تەنیا لە گۆشەیەکدا دادەنیشم تا ئاگادار بم کە نەهێڵم ئەفسەرەکان بێن بیرفێنن.




چارتی ژمارە 3-30: خواردنی ژمە خۆراک لە شوێنی کار بە پێی جۆری کار (بە پێی کەس)

جۆرە جیاوازەکانی کاری سەر شەقام کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر خۆراکی منداڵان هەبوو. بەشێک لە ژەمە خواردنەکانی ئەم منداڵانە بەتایبەت ژەمی نیوەڕۆ و

هەندێک ژەمی ئێوارە لە ژێر کاریگەریی کارەکانیانە. لەوانەیە ڕێژەی خواردنی ژەمی نیوەڕۆ کەم بکەنەوە یان تەنانەت نەشیخۆن، چونکە هەندێک جار کاتیان بۆ ژەمی نیوەڕۆ نییە. لە زاری دوو منداڵەوە کە لە شەقامەکانی بازنەی ڤەنەک کاریان دەکرد بیستمان:

| |
|---|
| ئێمە نانی نیوەڕۆ ناخۆین. هەندێک جار ئەگەر خوشکەکەم بیکڕێ، ئێمەش دەچین نان دەخۆین. |

| |
|---|
| شەوانە نان دەخۆم، نانی نیوەڕۆ ناخۆم. کێکێک و گازدارێک دەکڕین و دەیخۆین. |

کڕینی خۆراک لە خواردنە ئامادەکراوەکان لە نێو منداڵانی سەر شەقامەکاندا زۆر باو و ئاساییە. بە گشتی هەندێک بەڵگە ئەوە دەردەخەن کە منداڵان زیاتر هۆگری خواردنی خێران، وەک پیتزا و ساندڤیچ. زیادەڕەوی لە خواردنی ئەم خۆراکانە بەتایبەت ئەوەی کە ئەم منداڵانە بە هۆی کێشەی داراییەوە خواردنی خێرای هەرزان و کوالێتیی نزم دەکڕن، کاریگەریی نەرێنی لە سەر تەندروستی و گەشەی منداڵان هەیە، چونکە بە خواردنی ئەم خۆراکانە بڕێکی بەرچاوی چەوریی تێرکراو دەچێتە ناو لەشەوە و لە تەمەنی گەورەییدا دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی. هەڵبەت ئەم بابەتە هەموو منداڵانی سەر شەقام ناگرێتەوە؛ بەشێک لەوانەی کە لە گەڕەکەکانی باکوور و ناوەڕاستی شارەکە کار دەکەن زۆریان داوا لە ڕێبواران دەکەن کە خواردنیان بۆ دابین بکەن و زۆرینەی شارۆمەندان بە هۆی ڕەهەندە سۆزدارییەکانیانەوە وەڵامی ئەرێنی بۆ داواکارییەکانی منداڵەکان دەدەنەوە. گێڕانەوەی دوو منداڵی سەر شەقام بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| کاتێک برسیمانە، من و هاوڕێکەم دەچینە ئەو ساندڤیچییەی کە لەوێیە. بەو کەسانەی کە دانیشتوون پێیان دەڵێین خواردنمان بۆ ساز بکەن؛ هەندێک پێمان دەڵێن جا ئێمە چیمان داوە، هەندێک خواردنمان پێ دەدەن. |

| |
|---|
| من لەبەردەم کەسێکدا دەوەستم، دەڵێم پووری، برسیمە، تۆ خواردنم بۆ دەکڕی؛ ئەویش بۆم دەکڕێت. |

ئەم چەشنە ڕێکار و ستراتیژانە سەرەڕای خاڵە ئەرێنییەکان، خەسارەتیشی لەگەڵە.

بۆ وێنە ڕەنگە هەندێک منداڵ ڕۆژانە چەند جارێک داوای خۆراک لە شــارۆمەندە جیاجیاکان بکەن، تەنانەت هەندێکیان زێدەڕۆیی دەکەن کە لەگەڵ هەندێک دووکاندارردا ڕێک دەکەون کە "ئێمە داوای خۆراک و ئەم شتانە لە شارۆمەندان دەکەین و دوای ئەوەی کڕیان و ڕۆشــتن، ئێمە خواردنەکەت دەدەینەوە و تۆش پارەکەمان پێ بدەرەوە". بێگومان پێچەوانەکەشی ڕاستە و لە هەندێک حاڵەتدا بینراوە کە دووکانداران داوا لە شــارۆمەندان دەکەن چاوپۆشــی لە داوای منداڵەکان بکەن، چونکە بۆ نموونە تەنها چەند خولەکێک لەمەوبەر شــارۆمەندێک دیکە بۆیانی کڕیوە. پێویســتە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئەوەی زیانێکی زۆری پێدەگا، ورەبەرزیی منداڵە و ئەوەی کە ئەو لە ژێر کاریگەریی کار و ژیانی ســەر شــەقام فێری هەندێک نانۆڕمی و ڕەفتار دەبێ کە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کۆمەڵگا مەترسی دروست دەکات.


زۆرێک لە شــارۆمەندان، لەبەرە ئەوەی نایانهەوێ لە ڕێگەی هاوکاریی داراییەوە یارمەتی منداڵان بدەن زەمینەی کەڵکاوەژۆیی لێکردنیان بۆ خۆش بکەن و لە بەر ئەوەی نازانن هاوکارییە داراییەکانیان لە کوێ خەرج دەکرێ و بە کێ دەگا، وایان پێ باشــە منداڵان بە ژەمە خواردنەکان دڵخۆش بکەن و ئالیکارییان بدەن. بۆ وێنە خێر نەزرەکان خۆیان لە بەهەشــتی زەهرا دەبەن بۆ منداڵانی گوڵفرۆش و منداڵە گوڵفرۆشەکانی بەهەشتی زەهرا بە هۆی دابەشکردنی خواردنە نەزرییەکانەوە سوود لە جۆرەها خۆراک و خواردن وەردەگرن. هەروەها بەشــێک لە شــارۆمەندان خۆراک بە زبڵگەڕەکان دەدەن. هەروەها ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (**NGO**) هەندێک جار لەم بوارەدا چالاکییان هەیە و خۆراک بۆ منداڵان دابین دەکەن. بەڵام زۆر جار بینراوە کە ئەو منداڵانەی کە ئامادە نین داوای خواردن لە شارۆمەندان بکەن، نانی نیوەڕۆ ناخۆن یان تەنها کێک و کولێرە دەخۆن، مەگەر ئەوەی شارۆمەندان بە ئارەزووی خۆیان بچنە لایان و خواردنیان بۆ بهێنن. هەروەها منداڵانی زبڵگەڕ کە لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەوە هەتا نیوە شــەو (نزیکەی کاتژمێر ١ی بەرەبەیانی) کار دەکەن، لەوانەیە ژەمی ئێوارە نەخوات. کوڕێکی زبڵگەڕ لە پارکی پەردیســان لەکاتی کۆکردنەوەی زبڵدا تێچووی خواردن و خواردنی مانگانەیان بەم شێوە باس کرد:

| |
|---|
| پارەی خواردنەکەم مانگانە دەکاتە ٢٠ هەزار تمەن. بۆ هەر شوێنێک بچم نانی نیوەڕۆ دەخۆم. نەگەیشتم، ناخۆم. ناتوانم بچمەوە، پێم بڵێ بۆ نەهاتی، ئاغا بمبینێ شــەڕم لەگەڵ دەکات. خواردن لەگەڵ کاکم دەخۆم. کاکم دێ، دەیکڕم؛ پێکەوە دادەنیشین، نان دەخۆین. ئێمە کێک دروست دەکەین، دۆدرمە دروست دەکەین. |

ئێمە برنج و گۆشتمان نییە [71].

بە گشـــتی پێویســـتە بگوترێ خواردنی شـــارۆمەندان و منداڵەکان دەگاتە ئەو منداڵانەی کە لە بەر چاویاندان و ناگاتە ئەو منداڵانەی کە لە کارگاکان یان لە میترۆکاندا کار دەکەن. لە هەندێک کاردا، بەتایبەتی ئەوانەی کە شـوێنی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی شارەوە (وەکوو شوێنی فڕێدانی زبڵ، کاری کشتوکاڵی، کوورەخانەی خشـــتپێژی) و ئەو شـــوێنانەی کە ئاو و خۆراک و گاز و کەرەســـتە و ئامرازی پێویستی دیکەیان بۆ چێشـتلێنان لەبەردەستدا نییە، خۆراکی منداڵان زیاتر لە مەترسیدایە. لەم جۆرە کارانەدا تەنانەت کرێکارانیش داوای ئاوی پێویست دەکەن کە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی تایبەتەوە بۆیان دەنێردرێت. لەم کارگلیلنەدا بۆ ماوەیەکی زۆر ئاو لە ناو تانکی ناتەندروستدا دەهێڵنەوە بۆ ئەوەی وردە وردە بە کاری بهێنن و ئەمەش مەترسی لە سەر تەندروستیی ئەو کەسانە دادەنێت. کوڕێکی زبڵگەڕ کە لە شـوێنی فڕێدانی زبڵ لە گەڕەکی غەنییاباد دەژیا، باســـی لەوە کرد کە چۆن ئەو ئاوەیان کە پێویستیانە دەستیان کەوتووە:

نیسانێکی شین هەیە، ئەو ئاومان دێنێت. بۆ وێنە ئەگەر ئێمە ٥٠ هەزار تمەنی پێ بدەین، ئەویش ئاومان بۆ دێنێت.




چارتی ژمارە 3-31: شێوازی نانخواردنی منداڵانی دەستفرۆش ( بە پێی کەس)

ئەو خێزانانەی داهاتیان یاخود بەشـێکی بەندە بە داهاتی منداڵەکەوە، بێگومان خۆراک و خۆراکیشـــیان بەندە بە داهاتی ڕۆژانەی منداڵەکەوە. ئەم خانەوادانە هەرگیز

مانگانە یاخود بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خواردن ناکڕن، بەڵکوو ڕۆژانە یاخود بۆ چەند ڕۆژێک خواردن دەکڕن. بۆیە ڕاژانی داهاتی منداڵ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕێژە و کوالێتیی خۆراک لە خێزاندا هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی گرانبوونی نرخی خۆراک و هەڵاوسان لە کەرتەکانی تردا، وەکوو خانووبەرە، داهاتی منداڵان بەتەنها بەشی بژێویی خێزانێک ناکات. بۆیە چەندین خواردن لە سەبەتە و سەر سفرە و خوانی ئەم گرووپە کەم بۆتەوە. لە هەندێک حاڵەتدا خێزانەکان بۆ دابینکردنی داهات و بژێوی خێزانەکە فشاری زیاتر دەخەنە سەر منداڵەکە، بەتایبەت لەو خێزانانەی کە ئەندامێکی خێزانەکە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانە (بەتایبەت باوک)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێک لە داهاتی منداڵەکە بۆ مادە هۆشبەرەکان خەرج بکرێ، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری نەرێنیی لە سەر خۆراکی منداڵ دادەنێت.

لە کارەکانی دیکەدا، وەک کارکردن لە کارگاکانی بەرهەمهێنانی ناوەندی شار، کە هەندێک لە خاوەنکارەکان بەرپرسی ئامادەکردنی خواردن بۆ کرێکارەکانن، داوا لە منداڵان دەکرێ بچنە ناوەندەکانی ئامادەکردنی خۆراک و خۆراک بۆ کرێکارەکان بکڕن. لەم حاڵەتانەدا منداڵەکە لە ڕاستیدا دەبێتە بەردەستی خاوەنکار و دیکەی ئەو کەسانەی کە لە کارگاکەدان. منداڵێک کە لە یەکێک لە کارگەکانی نزیک بازاڕی گەورە کاری دەکرد، دەڵێ:

> خاوەنکار خواردنمان بۆ دەکڕێ، بەڵام خۆی ناڕوا، ئێمە دەڕۆین. ئێمە مەنجەڵەکە دەبەینە چێشتخانەکە، شلە دەکڕین.



وێنەی منداڵێکی دەستفرۆش (وێنەکە لە لایەن فەراروو)

**شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵان**

خانووبەرە و سەرپەنایەکی پارێزراو یەکێک لە گرینگترین پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەموو مرۆڤێکە، بە جۆرێک کە وەک یەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێناسە کراوە و حکومەتەکانی جیهان هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی دەستڕاگەیشتن بە خانوبەرە بۆ هاووڵاتییانیان دابین بکەن و نەهێڵن ببێتە کاڵا. باس لەوە کراوە کە خانوبەرە و سەرپەنایەکی گونجاو، جگە لەوەی کە کاردای سەرپەنای هەیە، بە پاراستنی سنووری بنەماڵە و پاراستنی ئەندامانی خێزان لە مەترسییە ئەخلاقییەکان، کەموکوڕییە ئەگەرییەکان لە ناو دەبا و ئابڕووی خێزان لە چاوی خەڵکدا دەپارێزێت [72]. لە ئێران بە هۆی چوونی سەرمایە بۆ ناو کەرتی خانوبەرە، قەتیسبوونی سەرمایە لەم بوارەدا، بازرگانیکردنی، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان لەم کەرتەدا، و نەبوونی سیاسەتی هەمەلایەنەی خانوبەرەی کۆمەڵایەتی، ئەم پێویستییە بنەڕەتییە بووەتە کاڵا و بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی شارۆمەندان بەرەو کوختەخەوی، ژێرپردخەوی و ئەمانە دنە بدرێن. وەک پیرانی باسی دەکا: "سەرێکی باخنشینی و کاخنشینی لە ناوشاری و سەرەکەی دیکەی شەقامخەوی و گۆڕخەوییە." [73] بوونی خانووی گونجاو هەست بە ئۆقرەیی و ئاسوودەیی دروست دەکا و بەش بە حاڵی خۆی هەستی ولبەستەیی و هۆگری لە مرۆڤدا بەدی دێنێ و ئەگەر مرۆڤ لە بوونی خانوبەرەی گونجاو بێبەش بێ، بێگومان لەم هەستانەش بێبەش دەبێت.

بە شێوەیەکی سروشتی منداڵانی کار وەک یەکێک لە چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا، زیاتر لە خەڵکی دیکە تووشی کێشەی خانووبەرە دەبن و بە پێی پێناسەکانی ئێستا ژمارەیەکی زۆریان بێماڵ و حاڵن، کە لە درێژەدا زیاتر باسیان لێ دەکرێت. یەکێک لە باسە گرینگەکان سەبارەت بە منداڵانی کار ئەوەیە کە جۆری ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن شێوەی خانووبەرمیان دیاری دەکات. وەک بەڵگەکان دەریدەخەن، منداڵان لە کارە جیاوازەکاندا چالاکی دەنوێنن و لە ئەنجامدا جۆری شوێنی نیشتەجێبوونیان بە پێی جۆری کارەکەیان جیاوازە. منداڵانی زبڵگەڕ زۆرینەیان یان لە ناوچە پەراوێزەکانی شاری تاران لە ناو کوختەخۆدروستکراوەکەیان و هەندێک لە ناو کوورەخانەی خشتپێژی جێهێڵدراو دەژین، یان لە کانێکسی ناو شار یان لە زبڵخانەکان و شوێنەکانی ڕیسایکلکردندا دەژین. یەکێک لەو منداڵە زبڵگەڕانە کە لە یەکێک لە شوێنەکانی ڕیسایکلکردن لە ناوچەی ئەشرەفاباد دەژیا لەم بارەوە وتی:

ئێمە لە بەشی خوارەوەی شاردا دەژین، لەوێ زبڵ و خاشاک کۆ دەکەینەوە. هۆدە هۆدەیە، تا بڵێی کێشەی هەیە، ئاو نییە، دووکانەکە دوورە، شەوانە کەلوپەلەکانمان لێ دەدزن.

منداڵێکی تریش وتی:

ماڵی ئێمە لە فەرەحزادە، حەوشەیەکی گەورەیە؛ هۆدە هۆدەیە، دەیدەن بە کرێ، ژوورێکیان داوە بە ئێمە.

ئەو سەرپەنایەی کە ئەم منداڵە زبڵگەڕە باسی دەکا، کوختەی خۆدروستکراوی شوێنەکانی ڕیسایکڵینی زبڵ لە گەڕەکەکانی ئەشرەفاباد، مەحموداباد، غەنیاباد، گەڕەکەکانی باشووری پارێزگای تارانە. منداڵان لەم سەرپەنایانەدا ڕووبەڕووی هەموو جۆرە مەترسییەک دەبنەوە:

یەکەم: هیچ ئامێرێکی چاکی گەرمکەرەوە و ساردکەرەوەیان لەم شوێنانەدا نییە.

دووهەم: بە هۆی نزیکییان لە شوێنی کار و زبڵ و خاشاک، هەموو جۆرە مێرووی ئازاردەر و هەموو چەشنە پیسکەرێک مەترسی لە سەر تەندروستییان دروست دەکات.

سێیەم: ئیمکاناتی سەرەتایی پێویستی وەکوو تەوالێت و گەرماویان نییە، هەروەها شوێنی چێشتلێنان و نووستنیان یەکە کە هەر ئەمە بەشێوەی جۆراوجۆر حەڕەشە لە ئاسایش و تەندروستییان دەکات. لە بەر ئەوەی هاتن بۆ ئەم شوێنانە ئاسانە و پاسەوانی جێ‌متمانەی تێدا نییە، جارجارە هەندێک دز دزییان لێدەکەن و کەلوپەلی منداڵان دەڕفێنن. هەروەها بەهۆی ئەوەی خاوەنی هەندێک لەو شوێنانە بە شێوەیەکی نایاسایی جۆری بەکارهێنانی زەوییەکەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە زبڵخانە، دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەراسان بوون و کەڵەکەبوونی زبڵ و خاشاک لەو شوێنانە مەترسیی ژینگەیی دروست کردووە. بۆیە هەندێک جار پشکنەر و ئەفسەرانی داموەزگا گشتییەکانی وەک شارەوانی، لەگەڵ ئەفسەرانی دادوەری و هێزە ئینتزامییەکان، بە هاوکاریی "جووخە وێرانکەرەکانیان"[1] هێرش دەکەنە سەر حەوشەی ڕووت و پەناگەی منداڵان و وێرانیان دەکەن. هەروەها زۆرێک لە منداڵان کە لە کارەکانی تردا کار دەکەن لە پەناگەیەکی هاوشێوەی ئەم یان شوێنی کارەکەیاندا دەژین. منداڵێکی ئەردەبیلی کە لە

1. (جوخەهای ویرانساز) ئەم وشە لە بەیاتەوە وەرگیراوە (بیات، 1396 هەتاوی، ل 96).

گەڕەکی ئەقدەسییە شاگرد دووکان بوو لەم بارەوە وتی:

| |
|---|
| من شەوانە هەر لێرە لە دووکانەکەدا دەخەوم، ژوورێکی بچووکی هەیە لە قاتی سەرەوە. زۆر سەختە، لە هاویندا ئەم ساردکەرەوەیە ئێرە زۆر گەرم دەکا، پیاو تێیدا دەپیشێت. |

منداڵێک کە لە مارکێتی خواردەمەنی لە گەڕەکی سەعادەتاباد کاری دەکرد، سەبارەت بە شوێنی خەوتنی خۆی دەڵێ:

| |
|---|
| هەندێک جار لە دووکانەکەدا دەخەوم؛ من لەوێ دەخەوم. هەموو حەفتەیەک دەگەڕێمەوە ماڵەوە. |

یان منداڵێکی دیکە کە لە بازاڕی میوە و تەڕەباری شارۆچکەی غەرب سەبارەت بە شوێنی مانەوەی وتی:

| |
|---|
| منداڵەکان نووستنگەیان هەیە؛ هی هەمووانە، شوێنێکی باش نییە، ئێمە سی کەس لە یەک هۆڵداین. شەوانە باری هەموو هۆدەکان دێت. بۆ وێنە باری سەوزە لە پێشەوە دێ، کرێکارەکانیان هەڵدەستن و دەچن بارەکە بەتاڵ دەکەنەوە. پاشان باری تەڕەبار دێ، پاشان میوە. ئیتر ئێرە تا بەیانی قەرەباڵغە. ئێستا کە هاوینە بۆنی پێ و ئارەقەشی لێ دێت. |

نەبوونی شوێنی گونجاو دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بە باشی نەخەون و پشووی پێویستیان نەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر ماندووبوون و داهێزرانیان، هەروەها کاریگەریی نەرێنی لە سەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی ئەم منداڵانە دادەنێت. لە زۆربەی ئەو نووستنگانەدا گرووپە تەمەنییە جیاوازەکان پێکەوە دەژین و لە زۆر حاڵەتدا هیچ ئەندامێکی خێزانی منداڵەکە لەگەڵیدا نییە. لە ئەنجامدا منداڵەکە دەخرێتە ژێر فشاری دووقاتەوە. لە بازاڕی گەورەدا کە زۆرێک لە منداڵانی کار تێیدا کار دەکەن، هەندێک منداڵ لە ناو پاساژەکان یان لە سەربانەکەدا دەخەون. هەندێک جار پاسەوان یان نگابانی پاساژەکە بەشێک لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بە کرێ پێ دەدات. یەکێک لەو منداڵانەی کە لە بازاڕدا بە عەرەبانە بارەکەی دەگواستەوە، سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی وتی:

| |
|---|
| شەوانە پاساژێک هەیە کە لەگەڵ براکەم لەوێ دەخەوین. |

فرۆشـتن یان بەکرێدانی سـەربانی پاسـاژەکان بۆ خەوتن چەند سـاڵە لە تاران بۆتە باو و نیشان دەدا کە چۆن نەداران و هەژارانی شارەکان و منداڵانی کار لە سەرەتاییترین پێداویسـتیی خۆیان، واتە لە پەناگەیەکی ئارام بێبەش کراون. زۆربەی منداڵانی ناوچە ئازەرینشـــینەکان کە لە چالاکییەکانی بەرهەمهێناندا، وەکوو بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاودا چالاکی دەنوێنن، ئەوانیش لە شـوێنی کارەکەیاندا دەخەون، واتە لە ناو هەمان ئەو کارگایەدا کە ئیشـی تێدا دەکەن، کە هەواگۆڕکێی پێویسـت و ڕووناکیی گونجاوی تێدا نییە. وەڵامی پرسـیاری "شـەوانە لە کوێ دەخەویت؟" لە لایەن یەکێک لەو منداڵانەی کە لە کارگەیەکی جانتا و پێڵاودا کار دەکا بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| هەر لێرە [کارگەی جانتا و پێڵاو]. شـەوانە هەندێک شـت لەوێ لە سـەر یەک کەڵەکە دەکەین، لێرە دەخەوین. سـاڵی پار بۆ گەرمکردنی گازەکەمان داگیرسـاند، ئێرە ئاگری گرت. |

زۆر منداڵی دیکەش کە لە بازاڕی گوڵ و کارواش و کوورەخانەی خشـتپێژی و هەندێک کارگای فیتەری کار دەکەن لە هەمان شـوێنی کاردا دەژین. یەکێک لەو منداڵانەی کە لە کوورەخانەی خشـتپێژیی گەڕەکی شـەمسـاباد کار دەکا سـەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونیان وتی:

| |
|---|
| لێرەش کوورەخانەی تەنیشـتمان پڕ بوو لە ئاو، ئاوەکەی تەواو بوو. ئێمە کرێکارەکان لە خوارەوە دەهاتین دەمانبینی کە ئاو نییە، ناچار دەبووین بە قاچی قوڕاوییەوە بەینەوە بۆ ماڵەوە. ماڵیش ئەم کێشـانەی هەبوو. بۆ وێنە خانمان دەتوانن لە نیوەڕۆ، بەیانیان یان ئێواران بچنە گەرماو، بەڵام شـەولنە کە کرێکارەکان دەوام دەکەن، ناتوانن بچنە گەرماو. ئێمە ئەم کێشـەمان هەیە؛ ئێمەش کە عارەقە دەکەین ئێسکەکانمان ئازار دەچێژن. |

هەروەها دوو منداڵی زبڵگەڕی گەڕەکی تێهرانپارش ئەم قسانەیان کرد:

| |
|---|
| لێرە لە ڕیسایکلکردن (بەکارهێنانەوە). ئێمە لەوێ دەخەوین، شوێنی کارگەی تاقیکارییە، حەکیمییەیە. ژوورەکەمان کانێکسـە. ئێمە سـێ کەسـین؛ برالەیمن (برامن)، لە من گەورەترن. |

| |
|---|
| ئێمە لەو شوێنە دەخەوین کە زبڵ و خاشاک کۆ دەکەینەوە. دوو گەرماو و دوو تەوالێتی هەیە. |




چارتی ژمارە 32 ـ 3: دابەشکاریی منداڵان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون (N=318)

هەندێک جار منداڵان لەگەڵ چەند هاورێ و ئەندامێکی خێزان و کەس‌وکاریان، لە یەکێک لە گەڕەکەکانی پەراوێزی شار، وەک فەرەحزاد، شـــووشـــە، دەروازە غار و بەشی گەڕەکە باشوورییەکانی شاری تاران، پەناگەیەک بە کرێ دەگرن و لەوێ پێکەوە دەژین. بۆ وێنە لە گەڕەکی فەرەحزاد هەندێک جار ۳۰ کەس پێکەوە خانوویەک بە کرێ دەگرن و هەر ژوورێک بە سەر چەند کەسێکدا دابەش دەکەن و تێیدا دەژین. بەو پێیەی ڕێک‌خستنی کۆمەڵایەتیی ئەم گەڕەکانە ڕووخاوە، ئەم گەڕەکانە خەسارهەڵگرن و زبڵ و خاشـــاکێکی زۆر لە تەنیشـــت ماڵی ئەم منداڵانە کەڵەکە بووە. لەم جۆرە شوێنانەدا بە گشتی دانیشتووان تەنها یەک ژووریان هەیە، کە هەم شوێنی پشوودان و هەم شـــوێنی چێشـــت‌لێنان و خواردنیانە. لەم جۆرە پێکەوەژیانە بەکۆمەڵەدا ئەرکەکان دابەش دەبن و منداڵانیش بەرپرســـی پاک‌کردنەوە و جارجاریش چێشـــت لێنانن. هەڵبەت هەندێک جار کەسێک کە زیاتر لەم بوارەدا پسپۆڕ بێ، ئەرکی چێشت‌لێنان لە ئەستۆ دەگرێت. یەکێک لەو منداڵانەی لەم بارەوە ئاماژەی پێکراوە:

| |
|---|
| لە فەرەحزاد خانوویەکمان بە کرێ گرت؛ هۆدە هۆدەین. ئێمە لەوێ نان دەخۆین. بەڵێ ئەرکەکانمان دابەش کردووە. بۆ وێنە من پاک و خاوێنی لە ئەستۆمە، ئەوان خواردن دروست دەکەن. |

بە پێی پێناســـەکەان دەتوانین بڵێین هەموو جۆرەکانی ئەم جۆرە نیشـــتەجێبوونە،

جۆرێک لە بێ‌ماڵ و حاڵییە. بۆ وێنە والاس[1] کەسانی لانەواز و بێ‌ماڵ و حاڵ بەو کەسانە دەڵێ کە لە مەیخانەکان، فرۆشگەی مادە خۆراکییەکان و یانەی شەوانەکان، شانۆکان، بازاڕەکان، کۆختەکان، وێستگەکان، کۆگاکان، بینا وێرانەکان یان و دەرەوە یان لە فەزای نائارامەکانی شاردا دەژین [74]. لە ساڵی ٢٠١٩ زایینیدا دامەزراوەی جیهانیی لانەوازان چوارچێوەیەکی بۆ تێگەیشتن لە بێ‌ماڵ و حاڵی لە پێوەرێکی جیهانیدا ئامادە کرد. ئەم چوارچێوەدا سێ ڕەهەندی سەرەکیی ماڵ یان شوێنی نیشتەجێبوون لە بەر چاو دەگرێ بۆ ئەوەی دیاری بکا کە ئەوە کێیە دەستی بە خانوبەرەی بە کوالێتیی نزم ناگات. ڕەهەندی یەکەم "ڕەهەندی ئاسایش"ە[2]، کە بریتییە لە هەبوونی نازناوێکی یاسایی بۆ وەرگرتنی خانوبەرە، ئەگەری کردەیی‌بوونی دەرهێنان لەو چوارچێوە، دەسەڵاتی بێبەش‌کردنی شوێن لە دیتران و ئیمکانی پێدانی کرێی خانوو یان قەرزی خانووبەرە. ڕەهەندی دووەم "ڕەهەندی فیزیکی"ە[3]، کە پەیوەستە بە کوالێتی، بەهێزی، پاراستن لە هەمبەر کەش‌وهەوا، دابین‌کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، پاراستن لە هەمبەر پیس‌بوون و پیسکەرەکان، هەروەها پاراستنی ئاسایشی تاکەکەسی و موڵک و ماڵ لە هەمبەر حەڕەشە دەرەکییەکانەوە. هەروەها بواری فیزیکیی پەیوەندی بە چەندایەتی یان کوانتێتیی خانووبەرەوە هەیە، واتە چڕیی خانووبەرە. ڕەهەندی سێیەم "ڕەهەندی کۆمەڵایەتی"یە[4] و ئاماژە بە دەرفەتەکانی چێژوەرگرتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک شتێک کە لە ڕووی کولتوورییەوە گونجاوە، ئاسایشی تاکەکەسی و ئاسایشی موڵک و ماڵی لە هەمبەر دیتران دەکات [75]. بە پشتبەستن بەو پێناسانەی سەرەوە و ئەوەی کە سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵان وتراوە، دەتوانین بڵێین هەموو منداڵان بە جۆرێک لە جۆرەکان لانەوازی و بێ‌ماڵ و حاڵیان بەئەزموون کردبوو.

پۆلێکی دیکەی منداڵانی کار ئەو منداڵانەن کە لەگەڵ خێزانەکانیان دەژین. کاری ئەم منداڵانە کاریگەری لە سەر ژیان‌کردن لەگەڵ خێزانەکانیان داناوە، چونکە پێشتر لەگەڵ ئەو خێزانەدا سەرپەنایەکیان هەبووە کە تێیدا دەژیان و دواتر ڕوویان لە کارکردن کردووە. کارەکانیان لەم ڕووەوە کاریگەری لە سەر جۆری نیشتەجێبوونیان داناوە. بۆیە شەوانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و کات لەگەڵ خێزانەکانیان بە سەر دەبەن. بۆ وێنە

1. Wallace
2. Security domain
3. Physical domain
4.Social domain

ئەو منداڵانەی لە سەر شەقامەکان کار دەکەن زۆر جار شەوانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و لەگەڵ دایک و باوکیان بە سەر دەبەن. شوێنی ژیانی ئەوان لە ناوچە پەراوێزخراو و گەڕەکە تاوانکارییەکانی وەک دەروازە غار، شووشە، فەرەحزاد، گەڕەکەکانی باشووری تارانە. دایکی منداڵێکی کار کە لەگەڵ منداڵەکەی لە شەقامی عەباسئاباد کاریان دەکرد، لەبارەی شوێنی مانەوەیان وتی:

> من لەگەڵ هاوسەرەکەم و خەزوورم و خەسووم و دوو هێوەری بچووکم پێکەوە لە ژوورێکی نۆ مەتری لە دەروازەی غاز دەژیم.

ڕەنگە هەندێک جار منداڵان بە هەر هۆکارێک شەوانە نەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و لە سەر شەقام بخەون. بۆ وێنە زۆربەی ئەو منداڵانەی بە مێترۆ هاتوچۆ دەکەن، ئەگەر نەگەنە دوا شەمەندەفەر، لەوانەیە شەو لە سەر شەقام بمێننەوە. منداڵە کۆچەرەکان کۆمەڵێک منداڵی کارن کە زۆربەیان لە سەر شەقامەکان کار دەکەن و شەو لەگەڵ دایک و باوکیان لە ماڵەوە بە سەر دەبەن. لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆری منداڵانی کۆچبەر و خێزانەکانیان لە تاران بە شێوەیەکی کاتی نیشتەجێ دەکرێن و ئەمەش لە نێو منداڵانی ئەفغانیدا زۆر باو و ئاساییە، چونکە لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ ئەفغانستان یان بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچ بکەن. بەردەوامیی نیشتەجێبوون یەکێک لە سەرچاوەکانی بەهێزکردنی گەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەستکردن بە هۆگری و وابەستەبوون و لە ئەنجامدا یەکێک لە سەرچاوەکانی خۆکۆنترۆڵکردنە [76]. منداڵانی کۆچبەر لەم سەرچاوەیە بێبەشن، کە هەر ئەمەش زەمینەی خەسارهەڵگریان خۆش دەکات. لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا منداڵان بەتایبەت ئەوانەی وەرزانە کار دەکەن، لە کۆختەیەکی کاتی یان چادرێکدا دەژین و دوای کۆتاییهاتنی کاری مەزرا کۆچ دەکەن.

ئەو منداڵانەی لە شوێنی کارەکەیاندا دەژین لە ژێر فشاری زیاتردان و ئەم جۆرە خانووبەرە لە بەرژەوەندیی خاوەنکارە، چونکە خاوەنکار کۆنترۆڵی زیاتری بە سەر ئەوان و کار و هاتوچۆکانیاندا هەیە و کاتێک خاوەنکار لە شوێنی کارەکەیدا نییە، منداڵەکان وەک "پارێزەرێکی بەتوانا" ئاگاداری موڵک و ماڵی خاوەنکار دەبن و لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین کاتژمێرێکی زیاتر کار دەکەن. منداڵێک کە لە کارواش لە گەڕەکی ئێڤین کاری دەکرد، ئەم فشارە دووقاتەی بەم شێوە وەسف کرد:

> ئێمە شەوانە لێرە دەخەوین، هەموومان دەبێ کار بکەین، لە بەیانیی زووەوە

هەتا درەنگانی شەو.

پێویســتە ئاماژە بەوە بکرێ کە جگە لە بێبەش‌کردنی منداڵان لە چەندین دەرفەتی ژیان، شــوێنی نیشــتەجێبوونی ئەم منداڵانە، ئەوانی لە ئیمکاناتی دیکەی ژیان و هەروەها گەشــەکردن و پەرەپێدانی تواناکانیان بێبەش کردووە. لە هەندێک حاڵەتدا لەوانەیە لەم جۆرە شــوێنی نیشــتەجێبوونەدا بەتایبەت لە ماڵە ســەڵتییەکاندا دەســتدرێژیی ســێکســی بکرێتە ســەر منداڵان، وەک چۆن هەندێک منداڵ لە ئەزموونەکانیاندا باسیان لە توندوتیژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانی دیکە کرد.

بێگومان ژیانی دوور لە نیشتمان و خێزان ژیانێکی بێ هەست و سۆزە و دڵتەنگی و هەندێک جار خەمۆکی لەگەڵە. زۆربەی ئەو منداڵانەی لە بنەماڵەکانیان دوور بوون، بەتایبەت لە دایک و باوکیان دوور بوون زۆر بیریان دەکردن و ئەم دڵتنگییەیان دەردەبڕی. گێڕانەوەی تاڵی منداڵێکی کۆچبەر کە لە دووکانێکدا لە گەڕەکی یوســفاباد کاری پەیکی دەکرد، بەم شێوەیە بوو:

یەکەم جار کە لە شــارەکەی خۆمانەوە هاتمە تاران، بە درێژایی شــەو دەگریام؛ ئەوەندە دەگریام کە خەوم لێکدەکەوت.

پێویستە بگوترێ لە کۆمەڵگایەکدا کە هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤ بوونەتە کاڵا و تەنیا ئەوانەی پارەیان هەیە دەتوانن خانووبەرە و پێداویســتییەکانی دیکە دابین بکەن، لە کۆمەڵگایەکدا کە بەرپرســان و داڕێژەرانی ســیاســەت، بە پێچەوانەی دروشــمە دادپەروەرییەکان، هەموویان لە باکووری شــاری تارانن و لە گەڕەکی 1ی شــارەوانی دەژین کە کوالێتیی خانووبەرە بە تێکڕا 80% بەرزتر لە تێکڕای گەڕەکەکانی دیکە و هەزار هێندە بەرزتر لە خانووبەرەی منداڵانی کارە. و بۆ خۆیان شــارۆچکەی کۆشــک‌نشــینی جۆری باســتی‌هیلز دروســت بکەن و هەموو ســەرچاوە ئابووری و بەرهەمهێنانەکانیان قۆرخ کردووە و هیچ سیاســەتێکی کۆمەڵایەتییان بۆ بەهێزکردن و نیشــتەجێ‌کردنی هەژاران نییە شــتێکی ســروشــتییە کە منداڵان بەشــداری لە کاری منداڵان و خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان بکەن و لەو گەڕەکانەدا بژین کە ئاسایش و تەندروستیی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییان دەکەوێتە مەترسییەوە.



وێنەی منداڵانی کار کە لە ناوچەکانی هەرەندی، بازاڕی گەورەی تاران، نێعمەتاباد و غەنییاباد دەژین (وێنە: هی توێژەرە)

## ڕێکار و ستراتیژی منداڵان بۆ زیادکردنی سەرکەوتن و ئاسایش لە شوێنی کار

منداڵان لە کارە جیاوازەکاندا بۆ وەدەستهێنانی پارەی زیاتر، پێشکەوتنی پیشە، دوورکەوتنەوە لە مەترسییەکانی کار و توندوتیژی، بەرگریکردن لە مافەکانیان، و چەندین کێشەی دیکە کە لە شوێنی کارەکەیان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کۆمەڵێک ڕێکار دەگرنە بەر. دەتوانین بڵێین ئەوانیش وەکوو هەر مرۆڤێکی دیکە کۆمەڵێک ئامانج و ئاواتیان بۆ خۆیان هەیە کە حەز دەکەن ئەم ئارەزوو و خولیایانە بەدی بهێنن، هەروەها ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرس و کێشە دەبنەوە کە بە شێوەی ناچاری بەشێک لە ژیان و کاریانە. کۆی ئەم ستراتیژانە بە سەر دوو جۆری گشتیدا دابەش دەبن: ڕێکار یان ستراتیژی چالاک یان ناچالاک. هەر یەکێک لەم ستراتیژانە ڕەنگە کاریگەر بن یان نەبن. هەندێک جار ڕێکارێکی ناچالاک دەتوانێ کاریگەر بێت. بۆ وێنە منداڵی زبڵگەڕ، بۆ ئەوەی لە لایەن شارۆمەندانەوە هەراسان نەکرێ، لێیان دوور دەکەوێتەوە و بە کەمترین پەیوەندی ئیشی خۆی بەڕێوە دەبا، هەروەها بە بێ ئەوەی گرینگی بە شارۆمەندان بدا، خێرا لە زبڵدانێکەوە بۆ زبڵدانێکی دیکە دەچێ و کەمترین کێشە بۆ خۆی دروست دەکات. ئەمە جۆرێک لە ستراتیژیی بەرگرییە کە منداڵی زبڵگەڕ دەیگرێتە بەر و بەم شێوە دەیگێڕێتەوە:

> ئەگەر کەس حەقی بە سەرمانەوە نەبێ منیش حەقم بە سەر هیچەوە نییە. تەنها سڵاویان لێ دەکەم.

شارەزلیەکی بواری منداڵان لە بارەی ئەم جۆرە ستراتیژەی منداڵانی زبڵگەڕەوە دەڵێ:

منداڵانی زبڵگەڕ لە نێو پیشەکانی تردا کەمتر پەیوەندی لەگەڵ تاکەکان و خەڵکدا ساز دەکەن و کەمتر وەڵامی سووکایەتی و هەراسانکردنیان دەدەنەوە.

هەندێک جار ستراتیژێک دەتوانێ چالاک بەڵام بێکاریگەر بێت. بۆ وێنە منداڵ لەولنەیە بە هەر هۆکارێک لەگەڵ خاوەنکار یان منداڵەکانی تردا دەمەقاڵێ بکا و بیکا بە شەڕەنگێزی کە ئەمەش ستراتیژێکە، بەڵام منداڵەکە ناگەیێنێتە ئامانجی دڵخوازی خۆی. ئەم بەشە باس لە دوو گرووپی سەرەکیی ستراتیژەکان دەکا: گرووپی یەکەم ئەو ستراتیژانەن کە منداڵان بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی پارەی زیاتر لە شوێنی کاردا دەیگرنە بەر، گرووپی دووەمیش ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخی کارکردن، بەتایبەت لە بەرامبەر چەوساندنەوە و هەراسانکردن و مەترسی یان پاراستنی ئاسایش

بەکار دەهێنرێت. بە واتایەکی دیکە منداڵان بۆ هەر کام لە بابەتەکانی سەرەوە پێویستیان بە سندووقێکی ئامرازە کە لە شوێنی کار و ناوچە جوگرافییەکاندا بە ئاگاداری یان نائاگایانە فێری دەبن و بەکاری دەبەن.

منداڵان بە پێی جۆری کار و ئاڵۆزیی هەر کام لە کارەکان بە مەبەستی سەرکەوتن لە کار، واتە پەیداکردنی پارە و پێشکەوتنی پیشە ستراتیژی جیاواز هەڵدەبژێرن. بەشێک لەو منداڵانە ئەو منداڵانەن کە لە چوارڕێیان و لە سەر شەقامەکان کار دەکەن و بە هۆی ئازادیی کارکردن کە لەم ئیشەدا هەیانە، بە باشی فێری تواناکانی پەیوەندیسازکردن دەبن. ئەوان بە فێربوونی فێڵ و تەکنیکی وەک جۆری سەیرکردنی مشتەریان، شێوازی ئاخافتن، چۆنێتیی پۆشینی جلوبەرگ و لە هەمووی گرینگتر وروژلندنی بەزەیی خەڵک هەوڵ دەدەن پارەی زیاتر بە دەست بهێنن. ئەم منداڵانە، لە چوارچێوەی کارکردن بە کەرەستەی جۆراوجۆری وەکوو سڕینی شووشە، فرۆشتنی فاڵ و بنێشت، سووتاندنی ئەسپەندەر و فرۆشتنی کەلوپەلی دیکە ناڕاستەوخۆ ئەم پەیامە دەگەیەنن کە "سواڵ ناکەین و ئەو پارەی کە دەیدەی بۆ ئەو خزمەتگوزاری یان کاڵایەیە کە دەیکڕیت" دەستەواژەی "تۆخوا لێم بکڕە" لە ناویلاندا زۆر باوە، تەنانەت ئەگەر مشتەرییش پێویستی بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکەی نەبێ، بە بەکارهێنانی هەمان زاراوە و بابەتی دیکەی وەک "شتێکم لێ بکڕە"، هەستی بەزەیی لە ناو شارۆمەندلندا دەوروژێنێت. بە هۆی ئەو فێڵانەی کە فێری بوون، ئەم منداڵانە زۆر جار دەزانن کە کێ ئەگەری زیاترە کە کاڵایان لێ بکڕێ یان خزمەتگوزارییان لێ وەربگرێ، بۆ وێنە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژن و مێرد یان دوو کچ و کوڕی دۆستی تێدایە ئەگەری ئەوەی کە شتیان لێ بکڕن زیاترە. منداڵێکی گوڵفرۆش کە لە چوارڕێیانی میرداماد کاری دەکرد، ئەزموونی خۆی بەم شێوە وەسف کرد:

> هەموویان پارە نادەن، کاتێک ژن و مێرد بن یان کوڕێک لەگەڵ دۆستەکەی بێ ئەوسا پارەی باشتر دەدەن.

پاراستنی شوێنی کار ستراتیژێکی دیکەیە کە منداڵان بۆ پەیداکردنی پارەی زیاتر بەکاری دەهێنن. ئەوان دەزانن ئەگەر خەڵک و منداڵی دیکە بۆ کارکردن بچنە ناو بازنەکەیان، یان وەک ئەوەی دەڵێن دەست زۆر دەبێ و کار و کاسپییەکەیان پەکی دەکەوێت. بۆیە بە پشتبەستن بەو گرووپانەی کە پێکیان هێناوە (زۆر جار لە سەر بنەمای تۆڕی خزمایەتی، نەتەوە، یان ئەو شارەی کە پێشتر تێیدا نیشتەجێ بوون)

بازنەکەیان دەپارێزن. هەندێک لە دەستفرۆشان لە شوێنەکانی دیکە و ئەو منداڵانەی کە دەڕۆنە مەکۆی گوڵفرۆشەکان کە دەڕوانێتە گۆڕستانە کار دەکەن ، هەر ئەم ستراتیژە بەکار دەهێنن؛ لە گێڕانەوەی گوڵفرۆشێک کە لە شارێگای خەلیج فارس (ڕێگای تاران – قوم) لە نزیک بەهەشتی زەهرا کاری دەکرد ئەمەی پشتڕاست کردەوە:

| |
|---|
| لێرەدا شەڕ لە نێوانماندا نییە. بەڵام ئەگەر کەسێکی نامۆ هات فڕێی دەدەینە دەرەوە. مەکۆکەمان ئێرەیە. لێرەدا ئەگەر بێگانەیەک هات، فڕێی دەدەینە دەرەوە؛ دەڵێین لە کوێ بووی بڕۆرەوە بۆ ئەوێ. |

هەروەها پێچەوانەکەشی ڕاستە؛ واتە هەندێک جار لە چوارڕێیانێکدا "دەست زۆر دەبێت" و منداڵە بۆ ئەوەی پارەی زیاتری پەیدا بکا شوێنی کارەکەی دەگۆڕێ و دەچێتە چوارڕێیان یان شەقامێکی دیکە؛ وەک دەستفرۆشێک گێڕایەوە:

| |
|---|
| لەوێ لە فاتمی باش نەبوو؛ بێهزیستی هەمیشە بە سەرمانەوە بوو، کۆچەرەکان بوون، هەراسانیان دەکردین، پڕ لە منداڵ بوو، لە خەڵکیان دەدا، پارەیان لێ دەڕفاندین. خوشکەکەم وتی با بچینە شوێنێکی تر. ئێمە هاتینە سەر تەخت تاوس. ئێرە باشە، کارێکی باش و هاوڕێمان هەیە. ئێرە دووکانی باشیان هەیە، ئێمەیان خۆش دەوێت. |

یەکێکی دیکە لە ڕووداوە باوەکانی منداڵانی سەر شەقامە شەڕ لە سەر مشتەریە کە خزمەتگوزاری پێ بدەن یان کاڵای پێ بفرۆشن، کە هەر ئەم ڕکابەرییە داهاتیان زۆر دەکات. لێرەدا گێڕانەوەی هەندێک لەو منداڵانە دەخەینەڕوو کە ئەزموونەکانیان سەبارەت بەم ستراتیژانە باس کرد:

| |
|---|
| شەڕمان دەبێ؛ هەندێک جار لە سەر پارە شەڕ دەکەین، پەیوەندیی بە مشتەریەوە هەیە، ئیتر جا هەر چییەک بێت. |

| |
|---|
| هەندێک جار پارەمان لێ دەخۆن و تووشی شەڕ دەبین. لێرەدا یەکێک هەیە پارەمان لێ دەڕفێنێت. جارێک چووم کارتی یەکێکی دیکە بکێشم، ئەو مشتەرییەکەمی ڕاکێشا بۆ لای خۆی، منیش هۆشم نەبوو؛ بە مشتەریەکەمی وت وەرە کارتێکم بۆ بکێشە. ٢٠ هەزار تمەنی کارتی کێشا، بەڵام پارەکەی پێ نەدام. جارێکی تر، یەکێکی دیکە ١٠ هەزار تمەنی لە کارتی مشتەریەکە وەرگرت، بەڵام |

| |
|---|
| ٥ هەزار تمەنی پێدام، ٥ هەزار تمەنی تری نەدا. |

| |
|---|
| جارێک کابرایەک ویستی جێگەی من بگرێتەوە، تەلەفۆنم بۆ دایکم و باوکم کرد؛ هاتن و شەڕێکی گەورەمان لەگەڵیدا کرد، ئیتر شوێن و هەتەریمان نەدی. |

هەروەها دەستفرۆشان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان شێوازی تایبەت بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی بەزەیی مشتەریان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ یەکێک لە شێوازەکان بریتییە لەوەی کە لە کاتی کارکردندا کتێبی قوتابخانە بخوێنن و وانەی قوتابخانە ئەنجام بدەن و بینووسن. ئەم ستراتیژە ڕەنگە یەکێک لە ستراتیژییە بەزەیی‌بزوێنەکان بێت. هەندێک جار لە هاتوچۆی گشتیدا دەبینرێ کە منداڵان پێڵاوی شارۆمەندێک واکس دەکەن و دواتر گۆشەیەکی پێی ماچ دەکەن و داوای یارمەتی لێ دەکەن. هەروەها زۆر جار دایک و باوک یەکێک لە منداڵەکانیان بۆ وروژانی بەزەیی بە کار دەهێنن. هەڵبەت پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە هەموو ئەم شێوازانە بەرهەمی فێربوونن و منداڵان ئەم شێوازانە لە خاوەنکار و خێزان و هاوتەمەنەکانیانەوە فێر دەبن بۆ ئەوەی سەرنجی مشتەری و خەڵک ڕابکێشن. لە نەبوونی چاودێرییەکی دروست بە سەر دۆخی منداڵانی کار و نەبوونی پشتیوانیی سەرەتایی، تووشی چەندین زیان دەبن، یەکێک لەوانە پەروەردەی هەڵە بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاترە. لە ڕاستیدا کاتێک دامودەزگاکانی بەرپرسی پاڵپشتی و پەروەردەی منداڵان خۆ لە بەرپرسیارێتی قوتار دەدەن و منداڵان پشتگوێ دەخەن، ئەو کەسانەی کە منداڵان دەقۆزنەوە و دەیانچەوسێننەوە دەرفەت دەقۆزنەوەی بۆ ئەوەی منداڵان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پەروەردە بکەن. دەبینرێ زۆرێک لە منداڵان بە دەستەواژەی وەکوو "تێچووی ماڵ لە سەر منە"، "منداڵمان هەیە"، "دایک و باوکم کەمئەندام و نەخۆشن" بە دوای وروژاندنی هەستی بەزەیی شارۆمەندانن بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن یان کاڵایان لێ بکڕن.

لە ناو منداڵانی کار و سەرشەقامدا، هەندێک هەن کە بە هۆی پێشینەی خێزانی و بیر و باوەڕی ئایینی و بە هۆی ئامۆژگاریی بەردەوامی خێزانەکەوە، پابەند بە بژێویی حەڵاڵن، لە لایەکی دیکەشەوە گرووپێکی دیکەش هەن کە لە ژێر کاریگەریی سەرپەرشتیارانی ناشایست و بوونی بەردەوام لە سەر شەقام، مل بە کاری تاوانبارانەی وەکوو دزی دەدەن. ئەم تاقمی منداڵانە زۆر جار لە سەر شەقام کێشە بۆ

هاوتەمەنەکانیان دروســـت دەکەن و هەندێک جار شـــمەک و پارەکانیان لێ دەدزن. هەڵبەت لە بەر ئەوەی ئەم منداڵانە ئازادیی کردەومیان زیاترە و متمانەیان بەخۆییان زیاتر بووە، هەر وا بە ئاسانی لە بەرامبەر دزیکردندا بێدەنگ نابن و بە هەر چەشنێک بێ بەرگری لە خۆیان دەکەن. کەواتە بەرگریکردن لە مافەکانیان لە دژی دزیکردن یەکێکی دیکە لە ســـتراتیژەکانیانە. گێڕانەوەی خوارەوە هی منداڵێک کە لە شـــەقامی وەلیعەسر کاری کردووە، ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە:

| |
|---|
| زۆر گیرفانم دەڕووتێننەوە، هەرچەند قەرەبووم کردنەوە، منیش دزیم لێ کردن. دەمزانی کێن، هاوڕێکانم بوون. من هەر کەس کە بیهەوێ زیانم پێ بگەیەنێ، ئەگەر بزانم کێیە، کۆڵ نادەم؛ واتە ئەگەر ئەم زەوییە دەمی بکاتەوە و بچێتە ژێر زەوی، من لە کۆڵی نابمەوە. |

یەکێک لە ستراتیژییە گرینگەکانی منداڵانی زبڵ، کارکردنی بێدەنگ و شاراوەیە، وەکوو تارماییەک لە ســـەر شـــەقام و کۆڵانەکاندا کار دەکەن، بەبێ ئەوەی ســـەرنجی کەس ڕابکێشن. ئەوان بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە لە شوێنی کاردا ئاسایش بۆ خۆیان دروســـت دەکەن. هەروەها بەو پێیەی زۆربەی ئەو منداڵانە ئەفغانین و دوور لە شـــار و کۆمەڵگا شـــارییەکان دەژین، ئەوان بە باشـــی شـــارۆمەندان ناناســـن، لە زمانەکەیان تێناگەن، ترســـیان لەوە هەیە کە لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەدا ئاســـایشـــیان بخەنە مەترســـییەوە. لە هەندێک ناوچەدا، وەکوو ناوچە باکوورییەکانی تاران، کاتێک ئەم منداڵانە برســـی دەبن و پێویســـتیان بە خۆراکە، لەوانەیە لە شـــارۆمەندان نزیک ببنەوە، چونکە پێشـــتر یارمەتیان دراوە و ناوشـــیارانە فێر بوون کە دەتوانن بۆ وەرگرتنی خۆراک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ساز بکەن. هەندێک جار منداڵان تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەســـەرکردنی کێشـــە ڕوو لە خۆیان دەکەن و ســـتراتیژی وەرگرتنی یارمەتی لە کەسێکی دیکە بەکار ناهێنن. منداڵێک کە لە پیتزافرۆشییەکدا کاری دەکرد، دەڵێ:

| |
|---|
| ئەگەر لە شـوێنی کاردا کێشـەیەک هەبێ من خۆم چارەسـەری دەکەم، بە کەس ناڵێم. من حەزم لەوە نییە کێشەی خۆم بە کەس بڵێم، خۆم کێشەکەم خۆم چارەسەر دەکەم. |

گەرما یان سەرما و خۆری توند لەوانەیە ببێتە کۆسپی بەر دەم کارکردنی منداڵانی ســـەر شـــەقام و بێزاریان بکات. بۆیە لەوانەیە بە مەبەســـتی کەمکردنەوەی مەترســـییە

ژینگەییەکان شــوێنی کارکردنیان بگۆڕن. ئەو دەســتفرۆشــەی کە لە میترۆ ســەنعەت کاری دەکرد، هۆکاری گۆڕانی شوێنی کارەکەی بەم شێوە ڕوون کردەوە:

| |
|---|
| هەندێک جار کە خۆر تیژ دەبێ، لێرە دەڕۆم، لە ناو میترۆ کار دەکەم. |

ئەو منداڵانەی کە لە کارگای بەرهەمهێنان و بەرگدووری و هاوشــێوەکانی کار دەکەن، لە شــوێنی کارەکانیاندا بەدوای ســەرکەوتن و پێشــکەوتنی پیشــەدا دەگەڕێن. ئەوان باش دەزانن کە ئەگەر لێهاتووییان زیاتر بێ و منداڵانێکی ملکەچ بن و بە زمانێکی دیکە " گوێڕایەڵ " بن و متمانەی خاوەنکار بە دەســت بهێنن ســەرکەوتووتر دەبن. بۆ ئەو منداڵانەی کە لە مارکێتی خواردەمەنی کار دەکەن، بەرزکردنەوەی ئاستی کار و دوایین پۆستی کاشێرە. فێڵەکەیان بۆ گەیشتن بەم پێگە بریتییە لە گورجوگۆڵی لە کار، ڕازیکردنی مشتەری بە شێوازی جۆراوجۆر و لە هەمووی گرینگتر وەدەستهێنانی متمانەی خاوەنکار. ئەوان لە درێژەی کاردا بە شــێوازی جۆراوجۆر دەیانهەوێ بە خاوەنکار بســەلمێنن کە تولنای ئەنجامدانی ئەم کارمیان هەیە. بۆ وێنە هەندێک جار داوا لە خاوەنکار دەکەن بچنە پشت کەوانتەرەکە و ئەو شتانە بژمێرن کە مشتەریەکان کڕیویانە. هەروەها ســەرکەوتن بۆ ئەو منداڵانەی کە لە تەڕەبار کار دەکەن هەر بەم شێوەیە؛ واتە کاشێری دوا قۆناغی کارەکەیە، چونکە پێویستی بە کاری فیزیکیی کەمتر و بەتاڵ نەکردنەوەی باری شــەوانەیە و هەروەها ئەوەی کە ئەو حەقدەســتەشــی کە لەم پۆستەدا وەردەگیرێ زیاترە. بەڵام بە گشتی منداڵان ناگەنە ئەم قۆناغە، چونکە هەمیشە کەســانی دیکە هەن کە ئەو کارە بکەن. لە تەڕەبار ئەو کەســانەی کە لە کۆگاکان کار دەکەن هەوڵ دەدەن دوای ماوەیەک شــوێنی کارەکەیان بۆ دووکان یان هۆدە بەرز بکەنەوە، چونکە کەمتر کاری فیزیکیی دەکەن و دەتوانن لەگەڵ مشتەریان پەیوەندییان هەبێ و زیاتر چێژ لە کارەکان وەربگرن. ڕازیکردنی مشــتەری و گواســتنەوەی ئەو شــتانەی کە دەیکڕن فێڵێکی دیکەیە کە ئەم منداڵانە بە کاری دەهێنن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەرگرتنی شــاگردلنەوە داهاتی زیاتر بە دەســت بهێنن. ڕەنگە کۆمەڵێک لەم منداڵانە بۆ ئەوەی ئاســتی کارەکانیان بەرز بکەنەوە و پارەی زیاتریان دەســت بکەوێ هەندێک جار لای خاوەنکار زەم و بەدگۆیی هاوکارەکانیان بکەن و واتایەکی بێشــەڕەفی بکەن. ئەم کارە لەوانەیە لە هەموو ئەو "کارانەدا"دا ڕوو بدا کە بۆ خاوەنکار ئەنجام دەدرێ و کەسانی دیکەش لەو کارەدا بەشدار بن.

لە بواری بلوورســازیدا زۆربەی منداڵان پێیان خۆشــە لە بەشــی کەپەسکردن

(بەستەبەندی) ئیش بکەن، شوێنێک کە کارەکەی ئاسانترە و گەرما کەمتر بێزاریان دەکات. خۆیان لە کارکردن لە لای زۆپا کە پێی دەوترێ "دەروازەی دۆزەخ"، بەتایبەتی لە هاویندا بەدوور دەگرن. بۆیە تەنانەت هەندێک جار بە فیتنەیی لە کەسانی دیکە و خۆنواندن دەیانهەوێ بگەنە بەشی کەپسکردن. منداڵانی پەیک ماتۆڕی و ئەوانەی لە بواری سناپفووددا کار دەکەن پێیان خۆشە لە گەڕەکە باکوورییەکانی شاری تاران کار بکەن، کە لە ڕۆژدا کاری زیاتری و شاگردانەی تێدایە. هەر بۆیە ئەم گرووپە لە گەڕەکەکانی وەک فەرەحزاد بە شێوەی تەنیا دەژین.

لە گوڵفرۆشی و بازاڕەکانی گوڵ، منداڵان بە مەبەستی وەرگرتنی شاگردانە لە مشتەرییەکان هاوکارییان دەکەن و هەوڵ دەدەن ڕازییان بکەن. بۆ وێنە گوڵ بۆ مشتەریەکان چەپکچەپک دەکەن، شریت بە دەوری گوڵەکەدا دمبەستن، یان خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە مشتەری دەکەن. ئەو منداڵانەی لە بازاڕەکانی گوڵدا بە داشقە کار دەکەن مشتەریان دەبەن بۆ چەند دووکانێکی تایبەتتر و بەم شێوە هاوکاریی مشتەریەکە دەکەن و هەموو ئەم کارانە لە پێناو پاداشت و حەقدەستی زیاتر ئەنجام دەدەن. لە کارواشدا منداڵان هەندێک کاری زیادە دەکەن بۆ ئەوەی پاداشتی زیاتریان دەست بکەوێ و مشتەریەکە ڕازی بکەن، وەک شوشتنی وردتر و لێدانی کەفی زیاتر و پیشاندانی وردبینی و لێهاتوویی بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن.

لە کاری مادە خەسارچووەکاندا منداڵان بە مەبەستی زیادکردنی داهاتیان دەڵاڵی دەکەن؛ واتە ڕاستەوخۆ ئەو پاشماوە لە مشتەری دەکڕن و بە نرخی زیاتر بە خاوەن دووکانەکانی دەفرۆشن یاخود دەیانهەوێ پاشماوەکە بە هەرزانترین نرخ بکڕن و بە گرانترین نرخ بیفرۆشن، و خەسارچووفرۆشەکان هان دەدەن کە مادە خەسارچووەکان لە دووکانی ئەواندا بفرۆشن .

لە کاری وەکوو لەحیمکاری و سافکاری و فیتەریدا، منداڵان هەوڵ دەدەن لە شاگردێکی سادەوە، ولتە ئەو قۆناغەی کە دووکلنە پاک دەکەنەوە و جەڕوادەر بدەنە دەست خاوەنکار و پارچەکان لە دووکانەکانی دیکە وەربگرن، ببنە شاگرد فیتەرێکی لێزان و زنجیرەی شاگردێتی هەرچی خێراتر تێپەڕ بکەن. گرینگترین ستراتیژی ئەوان لەم کارەدا ئەوەیە کە فێری کارامەیی پێویست بن و بە خاوەنکاری بسەلمێنن کە لە هەموو ڕوویەکەوە کارەکە بە لێهاتوویی ئەنجام دەدەن.

لە کاری ناو ماڵدا منداڵان هەوڵ دەدەن کێبڕکێ لەگەڵ هاوکارەکانیان کە زۆربەیان ئەندامی خێزانی خۆیانن بکەن و بە هەر پەڵپ و بیانوویەک کارێکی کەمتر ئەنجام

بدەن. لە مەزرا و کێڵگە کشتوکاڵییەکانیشدا منداڵان هەوڵ دەدەن خۆیان بە خاوەنکار نیشـــان بـدەن و زیـاتر کـار بکـەن، کـار لـە بـارودۆخی ســـەختدا قبوڵ دەکـەن و بۆ ڕازیکردنی خاوەنکار لە بواری کشـــتوکاڵدا تەنانەت زانیارییە خۆجێییەکانیان بەکار دەهێنن.

پۆلێکی دیکـەی ڕێکـاری منـداڵان ئـەوانـەن کـە بۆ بـەرەنگـاربوونـەوەی دژ بـە هەراسـانکردن یان بۆ پاراسـتنی ئاسـایشـیان و بەرەنگاربوونەوەی چەوسـاندنەوە بەکار دەهێنرێن. لەم ڕەهەندەشـدا منداڵان چەندین سـتراتیژی ناچالاک هەتا تەواو چالاک بەکار دەهێنن کە هەندێک جار بە ئەنجام دەگا و هەندێک جاریش بە ئەنجام ناگات. لە کاری کارگاییدا، کە خاوەنکار ئامادەیە و منداڵەکان کاری بۆ دەکەن، بە هۆی ئەزموونی ئازار و توندوتیژی و چەوسـاندنەوە، منداڵان چەندین سـتراتیژ هەڵدەبژێرن، یەکێک لەولنە گۆڕینی کارە، چونکە پێیان وایە بە گۆڕینی شـــوێنی کار یان پیشـــە لە کۆتوبەندی چەوساندنەوە سەرۆکە تونداژۆ و ستەمکارەکەیان دێنە دەرەوە. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە دووکانێکی سافکاری کاری دەکرد بەم شێوە بوو:

| |
|---|
| ئەم کێشـانە بە کەس ناڵێم چییە، چی بڵێم؟ من هیچ ناڵێم. دەچم دەڵێم بێزارم دەکەی، چی زۆرە دووکان، لە شوێنی دیکە پێشنیاریان پێداوم. |

بێگومـان لـەوانـەیـە بۆ کـەمکردنـەوەی ڕێژەی چـەوســـانـدنـەوە و ڕێگریکردن لـە پێشـــێلکردنی مافەکانیان داوا لە خاوەنکارەکەیان بکەن کە حەفتانە پارەیان پێ بدا؛ وەک منداڵێک کە لە قەسابییەکدا کاری دەکرد وتی:

| |
|---|
| ئێســـتا حـەفتـانـە حـەقـدەســـتمـان پێ دەدەن. چونکـە هـەر کـات دەچووین پارەکەمانی دەخوارد، دەیوت ئەمڕۆ سبەینێ، ئەمڕۆ سبەینێ. هەر ئێمە دەمانگوت ســـبەی کـەی دەتوانی پـارەمـان پێ بدەی؟ بینیمـان چیتر نـاتوانین پـارە وەربگرین، چەند شوێنێکمان گۆڕی. ئێستا ئەو شوێنەی کە تێیداین تازەیە. |

ڕاســـتە پێشـــتر ڕوون کراوەتەوە کە هەندێک جار منداڵان بە هۆی چەوســـاندنەوە، ئازار، بەدەســـتهێنانی پارەی زیاتر، یان هەر هۆکارێکی دیکە شـــوێنی کارکردنیان یان جۆری کارەکەیان دەگۆڕن، بەڵام پێویستە بوترێ هەمیشە وا ناکەن، چونکە یەکێک لە هۆکارەکانی نەگۆڕینی شـــوێنی کار ترس لە فەزای نوێ و کەســـانی نوێیە. ئەمەش بە تایبەتی بۆ کچان ڕاســـتە، چونکە دەترســـن بە گۆڕینی شـــوێنی کارەکەیان ڕووبەڕووی

کەسانی دیکە ببنەوە کە دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەریان. چالاکێکی بواری منداڵان لەم بارەوە وتی:

بڕوانە ئێمە ناتوانین هیچ کارێک لە سەر خودی خاوەنکارەکە بکەین، بەڵام هانی دەدەین شوێنی کارەکەت بگۆڕی، چونکە تۆ سێ ساڵە لەوێی، بۆ نموونە سەیر کە فڵان کەس لە شوێنێک بەم بڕە حەقدەستە ئیش دەکا، تۆش دەتوانی، دەتوانی لێرە دەربچیت. بە گشتی قورسە منداڵ لە شوێنێک دەربهێنرێ کە چەند ساڵێکە کاری تێدا کردووە، چونکە بۆیان گرینگە کە چەند ساڵێک لەوێ هەست بە ئاسایش دەکەن. بەڕاستی دەترسن لەوەی کە ڕەنگە لە کارگای نوێدا چی ڕوو بدا، دەڵێن باشە، لانیکەم ئەم خاوەنکارە زەڕی بۆم نییە، بۆ نموونە، یان ئێرە هەموو ئافرەتن؛ دەترسم بچمە شوێنێک کە پیاوی لێ بێ، ئەو هەستی ترسە وایان لێ دەکا لەوێ بمێننەوە. من دەڵێم لە بەر ئەوەی دەترسن، بۆ ئەوان گرینگە لە شوێنە کۆنەکە بمێننەوە.

بەرەنگاربوونەوە دژ بە ئازار و توندوتیژی ستراتیژێکی دیکەیە کە منداڵانی کار بەتایبەت منداڵانی سەر شەقام بە کاری دەهێنن. لە بەر ئەوەی لەوانەیە ئەم منداڵانە لە ژینگەی شەقامەکاندا تووشی ئازارێکی زۆر ببن، زۆر جار بەرامبەر بەو هەراسانکردنە کاردانەوەی توندوتیژیان دەبێت.

> من خۆم چەندین جار شەڕم کردووە، هەر ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تێدەپەڕن. بۆ وێنە ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی شاسیی بڵیند تێپەڕی، شووشەکەیم سڕی. پاشان شووشەکەی دابەزاند و جنێوی پێدام. وەڵامم داوە. من ئەو کەسە نیم کە شتێک بڵێن و وەڵام نەدەمەوە. هەرچی بڵێن وەڵامی دەدەمەوە.

وەرگرتنی یارمەتی لە تۆڕە پشتیوانییەکان ستراتیژێکی دیکە بۆ منداڵانە بۆ ئەوەی توندوتیژی و چەوساندنەوە لە کار و شوێنی کار کەم بکەنەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕە پشتیوانییەکانی ئەم منداڵانە بریتین لە: خێزان، هاوڕێ، خزم و ناسیاو. لە زۆر حاڵەتدا منداڵان سەرەتا لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە دێنە ناو کار. ئەم پرۆسە لە هەموو جۆرەکانی کاردا بەدی دەکرێت. بۆ وێنە منداڵێک کە لە ئەفغانستانەوە بەرەو ئێران کۆچ دەکا، لە ڕێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەوە دەچێتە ناو کاری زبڵگەڕی یان کاری سەر شەقام. بۆ منداڵانی کورد و تورک و لوڕ و کۆچبەرانی دیکەی شاریش هەمان شتە. لە زۆر حاڵەتدا منداڵانی سەر شەقام ئەندامێکی خێزانی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ئەوەی لە دوورەوە ئاگاداریان بێ کە ئەگەر ئەم منداڵانە تووشی کێشەیەک

بوون، بەرسـقیان بدەنەوە و داکۆکییان لێ بکەن. ئەمەش نەک تەنها لە کاری سـەر شـەقامەکاندا بەدی دەکرێ بەڵکوو لە جۆرەکانی تری کارکردندا دەبینرێت. بۆ وێنە منداڵان بەتایبەت ئەو کچانەی لە کارگاکاندا کار دەکەن، کاتێک لەگەڵ خێزلنەکانیان کار دەکەن، هەست بە ئاسایشی زیاتر دەکەن. گێڕانەوەی منداڵان لەم تۆڕە پشتگیرییانە جیاواز بوو، هەندێکیان بەم شێوەن:

ئەگەر لە شوێنی کار کێشەیەک هەبێ بە باوکم دەڵێم، بە دایکم دەڵێم، بە کاکم دەڵێم.

لێرە کەس بێزارم ناکات. ئەوە پوورزامە ئەوەی دیکەش هەر پوورزامە. کەس بێزارمان ناکا، ئەوان هەن.

بۆ نموونە ئەگەر کەسـێک لە من گەورەتر بێ و ئازارم بدا، جارێک کوڕێک هات و بەردی بۆ توورڕ دەداین؛ بە کاکمم وت. خۆم لێرە کارم دەکرد، کارم دەکرد، ئەویش ڕۆشت.

ئەگەر کەسـێک بێزارم بکا، دەچم لەگەڵیان شـەڕ دەکەم، دەچم بە دایکم و باوکم و ئەوان دەڵێم ...

هەندێک جار ئەم منداڵانە ڕەنگە ناچالاکترین سـتراتیژەکان هەڵبژێرن، تەنانەت داوای کۆمەک و هاوکاریی تۆڕەکانی پشـتیوانیی خۆیان ناکەن یان توندوتیژی و هەراسـانکردن قبوڵ دەکەن. گێڕانەوەی ژمارەیەک منداڵ ڕێکار و سـتراتیژی ناچالاک نیشان دەدات:

من لێرە هیچ کێشـەیەکم نییە؛ تەنها هەندێک جار وەسـتاکەم شـەڕم لەگەڵ دەکات.

ئەگەر کەسێک هەراسانم بکا ...، هیچ، چی بکەم؟ من هیچ ناکەم.

کاتێک کەسێک بێزارم دەکا، دان بە خۆمدا دەگرم. من شەڕ ناکەم.

ئەگەر بۆ وێنە شتێک ببێتە هۆی ناڕەحەتیم و بە کەسێک بڵێم ئەویش ناڕەحەت

دەبێ، بەهیچ شێوەیەک نایڵێم.

دواتر بۆ وێنە کاتێک تەنیام لەگەڵ خۆم قسە دەکەم، دواتر لە یاداشتنامەکەمدا دەینووسم.

من خۆم کێشەکەم چارەسەر دەکەم، بە کەس ناڵێم. من حەزم لەوە نییە کێشەی خۆم بە کەس بڵێم، خۆم کێشەکەم چارەسەر دەکەم.

پشتبەستن بە بیر و باوەڕی ئایینی ستراتیژێکی دیکەی منداڵانە کە ئازاری کار و ئەزموونی توندوتیژی و چەوساندنەوەیانی پێ ئەهوەن دەکەنەوە. گێڕانەوەی منداڵێک کە لە سافکاری کاری دەکرد بەم شێوە بوو:

کاتێک منداڵ بووم ئەوەندە شەڕمان دەکرد؛ ئەوەندە بە توندی لێیان داین، ئێمەش لێمان دەدان. پاشان ئێستا پێم وایە خۆزگە لێیان دەدام، بەڵام من لێم نەدلبان. زۆربەی کات شەولنە بیرم دەکردەوە، بۆ وێنە خوایە گیان لێیان دام. لای خودا دەردەدڵ و سکاڵام دەکرد، دڵم نەدەهات ئەملنە لای کەس بڵێم و ئەوانیش نارەحەت بکەم، مەگەر ئەوەی کەسێک بیبینیبایە.

ئەو منداڵانەی کە لە سەر شەقامەکان کار دەکەن بە بەراورد بە منداڵانی تر زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ گەڵاڵەی دەزگاکانی حکومەت وەک بێهزیستی و شارەوانییەکان دەبن. ئەم منداڵانە بەتایبەت ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە سەر شەقامەکان کاریان کردووە، بە باشی شارەزای هەڵاتن لە دەستی ڕێکخەران گەڵاڵە بوون. بۆیە دەربازبوون لە ئەفسەران ڕێکارێکی دیکەی منداڵانە بۆ ئەوەی قۆڵبەست نەکرێن و لە کارکردن بەردەوام بن، کە ئەمەش لەم دوو گێڕانەوەی خوارەوەدا تەواو دیارە:

من هەرگیز نەکەوتوومەتە دەست بێهزیستی و شارەوانی. هەڵدێم. لێرە خۆمان حەشار دا، چووینە ژێر ئەو درەختە. کارمان کرد، دوایین جار کە شتێکمان کون کرد، بە کێرد تایەرەکەیمان هەڵدڕی.

نا شارەوانی دێ، یەک دوو فوودانەیان پێ دەدەین ئارام دەبێتەوە. باشە کاتێک دێ شتەکانمان لێ بستێنێ لە ناکاو سێ و پێنج دلنەی هەڵدەگرت، هەمووی هەڵگرت. زۆر تکام کرد و لالامەوە وتی نەخێر نایدەم. ئیتر هەمووی برد.

بێهزیستی و شارەوانی دێن، ئێمە تا دەتوانین هەڵدێین؛ دەچینە ماڵەوە، چونکە دەمانگرن. جارێکیان کاکمیان گرت.

دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە لە سەر شەقام، شوێنی کاری منداڵان ستراتیژێکی تر بۆ ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ کێشە و مەترسییەکانی کار بۆ منداڵانی شەقامە. ئەم گێڕانەوەی خوارەوە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە لە لایەن منداڵێکی دەستفرۆش پشتڕاست دەکاتەوە:

من هاوڕێی هەموو ئەولنەم وا لێرەن. ئاگایان لێمە. بۆ وێنە جارێک کەسێک بێزاری کردم، هەموویان حاشاوڵیان بۆ هێنا، تەلەفۆنیان کرد پۆلیس هات و بردی. مامە ... ئەویش میوەفرۆشە؛ ئەوە زۆر باشە. بۆ وێنە ئەگەر داوای پارە بکەم پێم دەدات. ئەو ڕۆژەی کە کارم نەکردبێ، دەڵێ بۆ وێنە ٥٠ هەزار تمەن سبەی یان دووسبەی بیدەوە، هەرکات توانیت بیدەوە، بە قیست بیدەوە. پیاوێکی باشە. بۆ وێنە ئەگەر برسیمان بێ لە خواردنی خۆیمان بۆ تێدەکا؛ میوە بخۆین، هیچمان پێ ناڵێ، هیچ. ئەگەر شتێک پێش بێ ئەوە مامە ... هاوکاریمان دەکات.

دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کار دەکەن ستراتیژێکی دیکەی منداڵانە بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەدوای پشتیواندا بگەڕێن. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە نیشان دەدەن:

لێرە هاوڕێی زۆرم هەیە؛ ئاخر هاوڕێکانم هەموویان کچن، ئینجا بەئەدەبن، لە من گەورەترن. ناوی باشترین هاوڕێم لێرە ...؛ ئێوارە دێت. ئەگەر کارێکم هەبێ کێشەیەکم هەیە، یارمەتیم دەدات.

ئەگەر کارێکم هەبێت بۆ وێنە ئەگەر بارەکە زۆر بوو ناتوانم بە تەنیا بیبەم، تەلەفۆن دەکەم و دێن یارمەتیم دەدەن. تەلەفۆنیش نەبێ، ئەوان نزیکن، لە کووچەی بنکەی پۆلیس؛ من بانگیان دەکەم، ئەوان یارمەتیم دەدەن. ئێستا ئەمانە ئەو چەند کەسەن کە لا من و هاوڕێی منن.

بۆ نموونە هەندێک کەس دەچمە لایان دەڵێم ئادامست ناوێ، دەڵێن وەرە با

پێکەوە دابنیشین و قسە بکەین، دواتر لێت دەکڕین. دەبێ لەبەردەمیدا دابنیشیت. هاوڕێیەکم هەیە، ئەو ڕۆژە لەگەڵم هات؛ زۆر لە فرۆشتنی بنێشتەکەدا یارمەتی دام. کە ڕۆیشت دوو جین ئادامسم پێ مابووەوە، نەمتوانی بیفرۆشم.

وەک باس کرا منداڵان لە شەقام و پارک و میترۆدا تووشی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دەبن. زۆرێک لەو منداڵانە ئەفغانین. لەوانەیە لە قوتابخانەکان یان لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) و لە کتێبی دەرسەکانیاندا خوێندبێتیانەوە کە ئەگەر کێشەیەکیان لە سەر شەقام هەبێ دەتوانن یارمەتی لە پۆلیس وەربگرن، بەڵام کاتێک لە جیهانی ڕاستەقینەدا کێشەیەکیان بۆ دروست دەبێ و داوای یارمەتی لە پۆلیس دەکەن، پۆلیس نە تەنیا یارمەتیان نادا، تەنانەت لەوانەیە بە هۆی نەتەوە یان بوونی نایاساییان لە سەر شەقامەکان سووکایەتی پێ بکا و دەستگیریان بکات. گێڕانەوەی دوو منداڵی ئەفغانی سەبارەت بە بەرکەوتنی سەر شەقام بەم شێوە بوو:

هەندێکیان توندوتیژن، هەندێکیان مێهرەبانن، هەندێکیان توڕەن. تووشی هەموو جۆرە مرۆڤێک دەبین. زۆربەیان دەستقووچاون، هەندێکیان توڕەن. سەرەتا توڕەن، دواتر ئوزرمان لێ دەخوازن. هەڵبەت هەندێکیان نەک هەموویان، هەندێکیان بێ ئەدەبن و دەچم بە ئەفسەرەکە دەڵێم هەڵبەت ئەفسەر هاوکارییەکی ئەوتۆمان ناکا، بۆ وێنە پێشنیاری خراپمان پێ دەدەن. بێتاقەتم دەکەن. ناچارم وەخۆ بکەوم، بەردێکی زل هەڵدەگرم وەدوایان دەکەوم کە هەمووان بزانن ئەوە کێیە. ئەفسەرەکان دەڵێن ئەگەر لەم کارە وەڕەز دەبی بچۆرەوە بۆ وڵاتەکەت و منیش دەڵێم وڵاتی خۆم ئاسایشی تێدا نییە، ئەگەر ئاسایشی تێدا نەبێ دەچمەوە لێرە چی دەکەم.

دوێنێ لێیان دام؛ زلەیەکی لێ دام [پشت سەری خۆی نیشان دەدات]. بە پۆلیسیش بڵێم، دەڵێ بەڵێ ئەفغانی بڕۆرەوە.

بە گشتی منداڵە پەنابەرەکان بە هۆی نەبوونی بەڵگەی ناسنامە و ترس لە دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوە، ڕەنگە ستراتیژیی ناچالاکتر هەڵبژێرن. چەندین جار لە گەڕەک و قوتابخانە و شوێنی کار لە لایەن منداڵانی ئێرانی و کەسانی دیکەوە

بێڕێزییان پێ کراوە و بە شـێوەیەکی نەرێنی بە "ئەفغانی" ناوزەد کراون. بەم شـێوە متمانە بەخۆبوونیان لە بەرامبەر مەترسـییەکان و خۆپاراسـتنیان بیچمی نەگرتووە یان کەم بوومتەوە. لە ئەنجامدا زیاتر ئەگەری بەکارهێنانی سـتراتیژیی ناچالاکتر هەیە. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە ئەم پرسە پشتڕاست دەکەنەوە:

| |
|---|
| ئێمە لەگەڵ منداڵانی ئێران شـەڕ ناکەین؛ ئیتر وڵاتی ئێمە نییە. قسـە دەکەن، سەرمان دادەخەین، تێدەپەڕین. شەڕمان پێ دەفرۆشن. |
| تا ئێسـتا بووە ئیشـمان کردووە، پارمیان پێ نەداوین. ئێمە چیتر شـکاتمان نەکردووە، خۆ ئەفغانی نابێ شکات بکات. |

| |
|---|
| ئێمە لێرە هەراسـان دەکرێین، ئێمە هەموو شـتێکمان بە سـەر دێ، ئێمە ئەفغانسـتانی نەگبەتین، ئێمە ئەفغانسـتانی نەگبەتین، ناتوانین هیچ بکەین. ئەگەر شـتێک بڵێم لێم دەدەن. هەر ئەو ئێرانییانە لێمان دەدەن، کورد لێمان دەدا، ئێستا کە لێمان نادەن، کەسانی دەوربەریان پێمان دەڵێن بار مەهێنن، لێم دەدات. ئێمە کە نە دەسـەڵاتمان هەیە، نە بەڵگەمان هەیە، نە ناسـنامەمان هەیە، ناتوانین هیچیان پێ بڵێین. دەڵێ تۆ ئەفغانیت، ئەمە مەکە. ئەگەر باری کەسـێک هەڵبگری لێت دەستێنم، من ناتوانم. شەڕ لەگەڵ ئێمە دەکەن، باوە چەندین جار تێمانیان هەڵداوە. |

زۆرێک لە منداڵانی پەنابەر بە مەبەسـتی سـوودوەرگرتن لە ڕاهێنان و پشـتیوانیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (**NGO**) بەشداری ئەو ڕێکخراوانەیان کردووە و پێشبینیش دەکرێ بە هۆی بوونی چەندین کەسـی پسـپۆڕ و شـارەزا، وەک یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسـان، بتوانن داکۆکی لەم منداڵانە بکەن، چونکە یەکێک لە کارداکانی ئەم ڕێکخراوانە پاراستنی منداڵان لە هەمبەر توندوتیژی و چەوساندنەوەیە. بەڵام پێناچێ لەم ڕووەوە بە تەواوی سـەرکەوتوو بووبن. ئەزموونی یەکێک لە توێژەرەکان لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری لە منداڵانی کارکەر سـەبارەت بە تۆڕەکانی پشتگیریکردنیان بەم شێوە بوو:

یەکێک لەو شتانەی کە لە میانەی دیمانەدا لەگەڵ منداڵانی ئەم قوتابخانە ڕووی دا ئەوە بوو کە هیچ کام لەم منداڵانە لە وڵامی پرسـیاری "ئەگەر کێشـەیەکتان بۆ ساز بێ لای کێ دەیدرکێنن" ئاماژەیان بە هیچ کام لە ناوی ئەنجومەن و یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێن‌جی‌ئۆ نەکرد و وەک کەسی نهێنی‌پارێز سەیریان نەکردن.

بێگومان ئەمە هۆکار و فاکتەری خۆی هەیە، کە کارمەندان و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (**NGO**) بەم شێوە باسیان کرد:

بڕولنە بۆ وێنە ئێمە هەندێ جار شـیمانە دەکەین، دەمانوت بۆ ناڕەحەتی لەملنە. دەملندا بە دەروونناسـەکەمان کە لەوێیە، دەچوو قسـەی لەگەڵ دەکرد. هەوڵمان دا لانیکەم پسـپۆڕانە مامەڵە بکەین. نەخێر، دەبوو زەمینەیەکی لەبار بڕەخسـێ کە بێن. بۆ وێنە دەمانگوت بیری خێزانەکەت دەکەیت؟ دەیگوت نەخێر یان بەڵێ خاتوون؛ دەمێکە نەیانمبینیوە، بیریان دەکەم. بەڵام باسـی ئەو حاڵەتە تایبەتەیان نەدەکرد. ئاماژەیان نەدەکرد، دەترسـان، سـەبارەت بە خێزانەکەیان، بینینی دایکیان هیچیان نەدەوت. ئەوان لەو کەسە دەترسن کە ئەم بەڵای بە سەر هێناون، لەو دۆخەی کە ناچار دەبێ بچێتە زیندان. بەڵێ چون نایاسایی هاتووە، نە کارتی هەیە نە هیچ شتێک.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە منداڵان لە شـوێنی کاردا ڕووبەڕووی کێشـە ببنەوە، بەڵام دیار بوو کە متمانەیان بە تاک و ڕێکخراو و هتد نییە و لەوەی کە قسـەی لە سـەر بکەن هەسـتیان بە ئاسـایش نەکرد. ئەو کێشـانەی باس کران ئەو کێشـانە بوون خۆیان دەیانزانی ئەگەری ڕوودان و سەرهەڵدانیان هەیە.

ناتوانین بڵێین تەواو تەواوە. پەیوەستە بەوەی کە ئایا منداڵ فێری قسەکردن بووە یان نا و ئەو کێشـەی کە لە زەینیدایە پێویسـتە، کارێکی زۆر پێویسـتە. هەندێک جار منداڵەکان پێمان دەڵێن و هەندێک جار دوای زنجیرەیەک بەدواداچوون، دایکەکە دەڵێ لە کار هاتۆتە دەرەوە، باش نەبووە، خاوەنکارەکەی بە باشـی مامەڵەی لەگەڵ نەکردووە. بەڵام بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی لەگەڵ منداڵان و خێزانەکان هەمانە، دەڵێین قسە بکە، پەیوەندیمان پێوە بکە، ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریتان پێ بگەیێنین، ئەرکی ئێمەیە بەدواداچوونتان بۆ بکەین. ئەمە خەریکە بیچم دەگرێ، بەڵام بە هۆی فەرهەنگ و کولتوری داخراویانەوە هێشتا نەگەیشتووە بەو قۆناغە تەواوە، باشـە. بەڵام خەریکە بیچم دەگرێ و ئێسـتا بەو تێبینیانەی کە هەمانبووە، پەیوەندیمان لەگەڵ منداڵەکان باش بوو.

دەکرێ بڵێین لە بەر ئەوەی منداڵان توانای بەرگریکردنیان لە مافەکانیان نییە، توانای ئەوەیان نییە تۆڕەکانی پاڵپشتییان بە باشی بەکار بهێنن یان تۆڕەکانی پاڵپشتییان لاوازن و ئەگەر ئەم منداڵانە داوای یارمەتی بکەن توانای پشـتگیریکردنی باشـی منداڵانیان نییە. حکومەت و یاسـاکانیش داکۆکی لەم منداڵانە ناکەن و تەنانەت ئەم منداڵانە لە لایەن سـتافی دامەزراوە یاسـایی و جێبەجێکردنکارەکلنەوە توندوتیژی و

ئازار دەبینن. بە گشـــتی ســـتراتیژی کردەیی منداڵان ئەنجامێکی باشـــیان بۆ ناهێنێ، چونکە توندوتیژی و هەراســـانکردن، مەترســـیی جۆراوجۆر، چەوســـاندنەوە، خراپ بەکارهێنانی مافەکان، ماوەی درێژخایەنی کارکردن، بێڕێزیکردن، بینینی ڕووداوە ناخۆشەکان بەشێک لە ئەزموونە ژیاوەکانیان لە کارەکەیانە.



وێنەی منداڵێکی کار (وێنە لە اعتماد آنلاین **Etemadonline** وەرگیراوە)

## کار و تەندروستیی منداڵان

جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان، چ بە هۆی ســـروشـــتی خۆیانەوە و چ بە هۆی بارودۆخی کارکردن و ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەری کاردا ڕوو دەدەن، لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە تەندروســـتیی منداڵان دەخەنە مەترســـییەوە و هەر بۆیە بە کاری منداڵان ناو دەبرێن. باشـــترین پێناســـە بۆ "تەندروســـتی"[1] لە پەیڕەونامەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی[2] لە ساڵی ٢٠١٧دا هاتووە: "چەمکی تەندروستی تەنها نەبوونی نەخۆشـــی و کەمئەندامی نییە، بەڵکوو حەســـانەوەی تەواوی جەســـتەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە". لە ناسینەوەی کەسێکی تەندروستدا دەکرێ بڵێین مرۆڤی تەندروست کەســـێکە کە نەخۆش نییە، کەمئەندام نییە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەدا خۆی دەگونجێنێ، بۆ بـەڕێوەبردنی ژیـان و خۆڕاگریی پێویســـت لـە بـەرامبـەر ڕووداوە

1. Health
2. Constitution of the World Health Organization

کتوپڕەکلندا هێزی تەواوی هەیە، لە ڕووی دەروونییەوە کەسایەتییەکی هاوسەنگی هەیە و لە ڕووی چڤاکییەوە تەواو لە دیتران تێدەگا، بەدوور لە تەماح و ستەم و ئیرەییە و گەشبین و خێرخواز و ڕووخۆشە [77].

بە گشتی دوو ئاراستەی جیاواز بۆ پێناسەکردنی تەندروستی بوونی هەیە:

**1) ئاراستەی نەخۆشیتەوەر** بە بوون یان نەبوونی نەخۆشی لە وتەزا جیاوازە جەستەیی و دەروونییەکان سنووردار بۆتەوە. لەم ڕوانگەدا تەندروستی حاڵەتێکە کە تێیدا هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی تێدا نییە و تەندروستی ئامانجی کۆتایی پزیشکییە. لەم بۆچوونەدا ڕۆڵی فاکتەرە دیاریکەرەوە ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونناسییەکان پشتگوێ دەخرێت [78].

**2) ئاراستەی تەندروستیتەوەر** تەندروستی وەک بوونی پلەیەکی بەرزی خۆشبژێوی پێناسە دەکات. بە پێی تیۆریی تەندروستی، کەسێکی بە تەندروست گریمانە دەکرێ کە پلەی باڵای هێماکانی تەندروستی هەبێت. تەندروستیی ڕاستەقینە ڕەنگدانەوەی پرۆسەی بەهێزبوون و توانای تێکەڵ بە ژیانێکی باشە.

لە پێناسەکاندا تەندروستی چوار ڕەهەندی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێ: ڕەهەندی جەستەیی، ڕەهەندی دەروونی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی مەعنەوی. لەم لێکۆڵینەوەدا دوو ڕەهەندی یەکەم لە نێوان منداڵانی کاردا لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە. وەک باس کرا، کاری منداڵان تەندروستییان دەخاتە مەترسییەوە و ڕێگری لە گەشەکردنی گونجاویان دەکات. لە وتەزای مەترسییەکانی کاریش ڕوون کراوە کە منداڵان مەترسیی وەکوو کارکردن لە بەر سەرما و گەرما، کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان کە بە پیسایی ڕۆ ئاودێری دەکرێن، هەڵمژینی هەوای پیس لە شەقامدا، بەرکەوتنی مادە کیمیاییەکان، سووتان، بڕین، شکان، ڕووداوی هاتوچۆ، نەخۆشکەوتن، بڕینی ئەندامانی جەستە، تەنانەت مردنیان لە سەرە. لە زۆرێک لە کارەکاندا بە داشقە و عارەبانە باری قورس، زبڵگەڕی، کارکردن لە مەیدانکانی سەوزە و میوە، دووکان و مارکێتی مادە خۆراکییەکان و کارگای بەرهەمهێنان ناچارن باری قورس دەگوازنەوە. لە کاری وەکوو دەستفرۆشی لە میترۆ یان زبڵگەڕیدا دەبێ ڕۆژانە مەودلیەکی زۆر دوور بە پا ببڕن. لە کارەکانی وەکوو مادە خەسارچووەکان، فیتەری، سافکاری، لەحیمکاری و دارتاشی، دەنگ و ژاوەژاوی زۆر دەتوانێ بیسایییان بخاتە مەترسییەوە. لەحیمکاری زیان بە بینایییان دەگەیەنێ و هەموو جۆرەکانی کاری منداڵان پەیوەندییان بە مەترسییە زەختەکانەوە هەیە، کە هەموو گێڕانەوەکان لە وتەزای

مەترسییەکانی کاردا تاوتوێ کران.

ئەم کارانە جگە لەوەی ڕاستەوخۆ زیان بە منداڵان دەگەیەنن، کاریگەریش لە گەشەی جەستەییان دادەنن، و کاتێک دەگەنە تەمەنی پیری، بە هۆی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی وەک دیسکی کەمەر و کێشەی دیکەی جەستەییەوە ناتوانن کار بکەن و تووشی لاکەوتەیی پێشوەختە دەبن. دەبێ لە سەرەتای پیریدا خانەنشین ببن، هەر وەک چۆن باوکیان لە سەرەتای هەرەتی پیرێتیدا بە هۆی کێشەی جەستەیی و نەخۆشیی دەروونییەوە نەیانتوانیبوو و ناتوانن کار بکەن. منداڵان لە پاڵ کارکردنی درێژخایەنی ڕۆژلنەدا، خۆراکی گونجاویان نییە و هەندێ لە ژەمە خواردنەکانیان هیچ ناخۆن یان گرووپی خۆراکیی فرەچەشنیان سنووردارە و هەندێک جار ئەوەندە کار دەکەن کە بە هۆی نەبوونی خۆراکەوە ناتوانن ژەمێکی ئاساییان هەبێت. منداڵانی کۆچبەر، چ منداڵانی ئێرانی و چ منداڵانی نائێرانی، کە لە تارانن و بە دوور لە بنەماڵەکانیان و لە فەزای کرێکاری یان لەگەڵ کەسانی سەڵت کار دەکەن و دەژین، زیاتر لە هەمووان کێشەیان لە سەرە، وێڕای ئەوەی کە کێشە دەروونییەکانیش حەرەشەیان لێ دەکا، کێشەگەلێکی وەکوو دەستدرێژی جەستەیی و سێکسیشیان لە سەرە. منداڵێکی زبڵگەڕ کە لە گەڕەکی پوونەک خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ بوو، شێوازی ژیانی خۆی گێڕاوە:

> من هیچ ناخۆم، بەرچایی ناخۆم هەتا کاتژمێر دەی شەو، سەعات یازدە دەچمە ماڵەوە، شتێک دەخۆم. هیچم نییە بیخۆم. هەندێک جار مریشکی سوورکراو دەخۆم شتێک دەخۆم، هەندێک جار هیچ نییە بخۆم. لە ماڵەکەملندا فەرشمان هەیە، کۆمیدییەکمان هەیە، سەلاجەکەم شکاوە. تەلەفزیۆنەکەم شکاوە. پەردە و بەتانی و هیچمان نییە. خۆزگە موبایلێکمان هەبوایە.

وەک گێڕانەوەکان دەریدەخەن، بە هۆی نەبوونی خۆراکەوە منداڵان لە هەندێک ژەمە خواردن بێبەش دەبن و هەندێک جار داوا لە شارۆمەندان دەکەن خۆراکیان بۆ بکڕن. لە بەر ئەوەی منداڵان هێشتا لە ڕووی ناسیاری و مەعریفییەوە بە تەواوی گەشەیان نەکردووە، زۆر جار ناتوانن مەترسییەکانی کارکردن زۆر بە باشی بناسن. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی سروشتی منداڵییەوە حەزیان لە یاریکردنە و هەندێک جاریش لە سەر شەقام یان لە شوێنی کارەکەیان یاری لەگەڵ یەکتر دەکەن، کەچی نازانن یاریکردن لەو ژینگانەدا ڕەنگە بۆیان مەترسیدار بێت. لەوانەیە لە کاتی

یاری‌کردن و گاڵتە و جەفەنگ لەگەڵ یەکتردا بە هۆی تایبەتمەندیی ژینگەکەیان زیان بە یەکتر بگەیەنن یان زیانیان پێبگەیەنن. چالاکێکی منداڵان وتی:

باشــم لە بیرە لەگەڵ دایکێکم قســەم کرد، بۆم ڕوون کردەوە کە ئیش‌کردن لە ســەر شــەقام مەترســیدارە؛ منداڵەکە زیانی پێ دەگا، شــتێک ڕوو دەدا، لەوانەیە منداڵەکەت بەم شێوە بێ و .... وتی بەڵێ من هەموو ئەمانە خۆم دەزانم، بەڵام چی بکەم، پێویستم بە پارەکەیە. لە چوارڕێیانەکەدا بە شــۆخی و گاڵتەیەک منداڵەکەیان ســوتاند، لە ســەر گاڵتە و جەفەنگێک! بردیان بۆ نەخۆشــخانە نیوەی تێچووەکەی ئەنجومەن دای. منداڵەکە ئێســتا باشــە، خەریکی خوێندنە، ئەندامیان بۆ چاند. دوای ئەم ڕووداوە جارێک یان دوو جار تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی کە تۆ ئەوەت وتووە. پێم وت چیتر مەهێڵە بچێتە چوارڕێیان، بەڵام ئێســتا دەبینم جارێکی دیکە دەڕواتەوە ســەر چوارڕێیان، ئیتر پێویســتییە. شــا پرســەکە بە ئێمە جێبەجێکردن نابێ، دەبێ لە ڕەگەوە چارەسەر بکرێت. پێم وایە پێویستە ئاستی خۆشگوزەرانیی گشتی بەرز بکەینەوە، ئەمە کاری حکومەتە. ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندین، ئێستا هەندێک کەس دەستیان بە سەر سەروەت و ســاماندا گرتووە. ئەگەر هەژاری نەبێ، هیچ دایک و باوکێک نایهەوێ لە هاویندا، لە کاتژمێر 12 نیوەڕۆدا، یان لە زستاندا منداڵەکەی بنێرێتە سەر شەقامەکان. لە کاتێکدا کە لە زســتاندا کەش‌وهەوا ئەوەندە ســارد دەبێ، کەس ناتوانێ لە دەرگاکە بێتە دەرەوە، بەڵام ئەو منداڵە لە سەر چوارڕێیان و خاڵە یەکتربڕەکاندایە. ئیتر ناچارییە. هەمان شارەوانی لە بەر چاو بگرن. شارەوانی ئەرکی پێشکەش‌کردنی خزمەتگوزاریی لە ســەرە. هەندێک منداڵمان هەبوو، من بەرپرســیان بووم، لە پارکی جەوانمەردان کانێکســمان پێدان؛ پێشــنیاری خودی شــارەوانی بوو. ئەم کانێکســەی پێ داین و هیچیشــی نییە. ئێمە خۆمان تەیارمان کرد، بەڵام ئەوان چاوەڕێی هەموو شــتێکیان لە ئێمە دەکرد کە بۆ وێنە بۆ ڕاپۆرتەکەیان پێ نادەین، بۆچی وێنە نادەن، لیســتێکی دوو و درێژی چاوەڕوانییەکانیان نارد بۆ ئێمە. یەکەم ئەرکی تۆیە. دووەم لە بەرامبەر ئەو کارە بچووکەی ئێوە کردووتانە، دەمانهەوێ هێڵی ســوور ببەزێنین! منداڵەکە دێتە ئەوێ، من بەم تەمەنەوە دەچم یاری لەگەڵ دەکەم، تۆپێنی لەگەڵ دەکەم یاری دەکەین، هەموو شــتێک دەکەین بۆ ئەوەی منداڵەکە تەنها بیر لە یاری‌کردن بکاتەوە، کایە و بزۆزی بکات. ڕاهێنەرەکانمان کە بۆ یارمەتیدان هات‌بوون، وێنەیان گرت، بە منداڵەکانم وت وێنەکە مەگرن، خۆم دەیگرم. جارێک منداڵەکانی ئەوێ ویســتیان وێنەی خۆیان بگرن، وتم نەخێر کوڕەکان با هێڵی ســووری خۆمان نەبەزێنین. بەڵام شــارەوانی

دەیەهەوێ ئەمانە وەک شـــانازیی خۆی تۆمار بکا، لە کاتێکدا ئەرکی خۆیەتی و لە هەمووی گرینگتر پرســـی هەژارییە؛ هەژاری هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لە شەقامەکاندا ئیش بکەن.

پرســـێکی دیکە کە تەندروســـتیی منداڵان و خێزانەکانیان دەخاتە مەترســـییەوە، ســـەردانەکردنی پزیشـــک لە کاتی نەخۆش‌کەوتن و برینداربوونە. هۆکاری وەها ملنەدانێک دوو شـتە: یەکێکیان پێکهاتەی زەینییە، واتە بیر و باوەڕەکانیان سـەبارەت بە تەندروســـتی، ئەوی دیکەیان هەژاری و تێچووی پشـــت‌شـــکێن و ماڵوێرانکەری چارەســـەرە، بەتایبەتی بۆ منداڵانی ئەفغانی و خێزانەکانیان. بێگومان ئەم دوو بژێرە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و لێک جیا نین. هەندێک منداڵ لە کاتی نەخۆشـــکەوتن یان برینداربوون بۆ چاکبوونەوە ناچنە نەخۆشـــخانە یان بنکەی تەندروســـتی، ئەوان پێیان وایە کێشەکەیان، واتە ئەو نەخۆشییە یان ئەو برین یان زیانەی کە پێیان گەیشتووە، بە تێپەڕبوونی کات چاک دەبێتەوە. قسەی دوو منداڵ ئەم مانایە پشتڕاست دەکاتەوە:

> من خەریکی چێشـــت‌لێنان بووم؛ خەریکی دروســـت‌کردنی ماکاڕۆنی بووم، ڕژا بە ســـەر قاچمدا، قاچم ســـووتا، لە پێشـــدا پێم وابوو باشـــتر دەبێ، دواتر ئەو پێڵاوانەم لە پێ کرد و ئیشـــم کرد ســـووتمانەکە هەوی کردبۆوە. پاشـــان چوومە نەخۆشخانە.


> من، لەو ســـاڵەی وا لەدایک بووم، هەرکات نەخۆش دەبم، هەوڵ دەدەم خۆم چاک بکەمەوە.

تێچووی قورسی تەندروستی بۆ منداڵانی ئەفغانی و ئێرانیی بێ‌بیمە یەکجار زۆرە. هەندێک جار، لە ترسـی ئەو بڕە تێچووە زۆرانە ناچنە ناوەندە پزیشـکییەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی برینەکانیان لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەریی نەرێنی لە ســـەر تەندروسـتییان دابنێت. تەنانەت کاتێک کە دەبێ بچن، لەوانەیە ناچار بن پارەی چەند مانگیان سـەرفی سـەردانی پزیشـکی بدەن. بۆیە هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بۆیان دەکرێ خۆیان لەم تێچوونانە بەدوور بگرن. منداڵێک کە کرێکاری بیناســـازی بووە لەم بارەوە وتی:

> جارێک لە کاری بیناسـازیدا دەسـتم شـکا، چوومە نەخۆشـخانەی تاڵەقانی، ٢ ملیۆن تمەنیان وەرگرت.

لە کاتێکدا ئەم ڕووداوانە بەشێک لە ڕووداوی کارن و دەبێ خاوەنکار بەرعۆدەی پارەکەی بێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە گرێبەستی کارکردنیان نییە و بیمە نایانگرێتەوە، خاوەنکار خۆی لە دانی پارەی چارەسەری کرێکارە بریندارەکان دەبووێرێت. ئەزموونی نەچوون بۆ ناوەندە پزیشکییەکان لە بنەماڵەی زۆرێک لەو منداڵانەشدا دەبینرێت. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان زیانبەرکەوتنی و نەخۆشییەکانی دایک و باوک بێ، کە ئەویش بەرهەمی کارکردن لە تافی منداڵییە و ئەم خولە لە خێزانە هەژارەکاندا بەردەوامە و ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. ئەم منداڵان دەبێ بۆ بژێویی خێزانەکانیان کار بکەن و وەک نانەدەرهێنەری خێزانەکەیان سەیر دەکرێن. منداڵێک ئەزموونی ژیاوی خۆی لەم بارەدا بەم شێوە گێڕاوە:

> من لەگەڵ دایکم و باوکم و خوشکەکەم، براکەم دەژیم. باوکم تووشی تێکچوونی دەمارەکان بووە؛ بۆ ماوەی ساڵێک دەبێ تورە دەبێ و مستە کۆڵەی وات لێ دەدا کە ساڵێک هەڵناسیتەوە. جارێک لە سەرمی دا هەتا ڕۆژێک خەوتم، بێهۆش کەوتم. نەمانتوانین بیبەینە نەخۆشخانە، باشترین دەرمانمان بۆ کڕی، باش نەبوو. چاکە خەڵکیش کۆمەکیان کردین، بەڵام پارەمان نییە بیبەین بۆ نەخۆشخانە. خۆشمان کە نەخۆش دەکەوین کۆخە، قورگئێشە، ئازاری پێ، ئازاری شان، ئازاری پشت، سەرئێشە، ژانەسەر، ئەم شتانە ڕوو دەدەن، ناچینە لای پزیشک، دەرمان دەکڕین.



چارتی ژمارە 33-3: پێکهاتەی بنەماڵەی منداڵان (N=293)

لە ئێستادا کێشەی کۆرۆنا و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤیدی 19 یەکێکی تر لەو چالنجانەیە کە منداڵانی کار ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەم ڤایرۆسە جگە لەوەی لە زۆر ڕووەوە زیان بە کار و کاسپیی منداڵان دەگەیەنێ، مەترسیی تەشەنەسەندنی ئەم پەتایە دەخاتە بەردەم منداڵان. منداڵان زیاتر لەو ژینگەدا کار دەکەن کە ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییەکە زیاترە، وەک کارکردن لە شوێنی داخراوی کارگای بەرهەمهێنان، کارکردن بە عارەبانە لە بازاڕ، هەروەها لە مەیدانەکانی میوە و تەرەبار لە شوێنە قەرەباڵغەکان، زبڵگەڕی و دەستخستنە ناو زبڵدان کە پڕ لە ماسکی پیسبوو بە ڤایرۆسە. لەوەی کە لە سەدا چەندی منداڵانی کار بەرکەوتەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە، بەڵام ناتوانین وێنای ئەوە بکەین کە ئەوان لەم نەخۆشییە پارێزراو بوون. منداڵێکی زبڵگەڕ کە لە نزیک نەخۆشخانەی شەریعەتی خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک بوو، بەم چەشنە باسی ئەو دەمامکە پیسبووانەی کرد:

> دەچینە سەر ئەم زبڵدانە، کۆمەڵێک دەمامک هەڵڕژاوە؛ ئێمەش خۆ دەستەوانەمان نییە، دەستمان لێی دەکەوێ ....

لێکەوتەی هاوبەشی هەموو جۆرەکانی کاری منداڵان ئەوەیە کە ڕەهەندەکەی تر واتە تەندروستیی دەروونیی منداڵانە دەکەوێتە بەر مەترسی. کارکردن لە بارودۆخێکی سەخت، ماوەی درێژخایەن و نائاسایی کارکردن، ئەزموونی توندوتیژی و چەوساندنەوە، بوونە قوربانیی تاوان، لە هەندێک حاڵەتدا کارکردن لە دووری ماڵ و خانەوادە، کارکردن لە شوێنی کار لەگەڵ کەسانێک کە هاوتەمەنی منداڵەکە نین، ئەزموونی دەستگیرکران لە لایەن بێهزیستی و هێزە ئینتزامییەکان لە هەندێک جۆری کار و لە حاڵەتەکانی دیکەدا، چەندین جار تەندروستیی دەروونیی منداڵانی خستۆتە مەترسییەوە. ئەوان ڕووبەڕووی کێشەگەلی وەکوو خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، شەڕەنگێزی، و بەئەزموونکردنی هەستی ناخۆشی وەک توڕەیی، دڵتەنگی، بێزاری و جاڕزی، هەستکردن بە ڕق و کینە دەبنەوە. لە کارەکانی وەک دەستفرۆشی و کارکردن لە چوارڕێیانەکاندا، منداڵان بە هۆی ئەوەی هەندێک جار بۆ فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان تکا دەکەن و دەپاڕێنەوە یان تەنانەت سواڵ دەکەن ورەبەرزییان لەدەست دەدەن و سووک دەبن. گێڕانەوەی هەندێک لە منداڵان خەسارمەتەکانی

ڕەهەندی دەروونی وەبیر دەخاتەوە:

شــتە ســەختەکەی دیکە ئەوەیە کە دەبێ بگری، بڵێی تۆخودا بیکڕن، تەنانەت هەندێک جار مرۆڤەکان جوێنمان پێ دەدەن. مرۆڤ لە دڵی خۆیدا بیر دەکاتەوە، باشە ئەوە کارە؟!

ســەختیی کارەکانمان ئەوەیە کە دەبێ شــووشــەکە بە زۆر بشــۆین. هەندێک کــەس پێیــان خۆش نییــە، ئێمــە زۆر پێــداگری دەکــەین. بۆ وێنــە دوای ئــەوەی شووشەکەمان سڕی، پارە نادەن. هەروەها لە دڵمدا دەڵێم، حیزباب پارەی نەدا.

کۆچ و دابڕان لە هەندێک ســـەرچاوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا، نەبوونی هەســـتی ولبەســـتەیی کە لە کۆچەوە ســـەر هەڵدەدا و نەبوونی کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی کە لەم سەرچاوانە سەر هەڵدەدا و لە لایەکی دیکەوە فشاری کارکردن و ئەو دەرفەتانەی بۆ منداڵان لە شوێنی کار و لە سەر شەقام لە بەردەستە وا دەکا کە ڕوو لە هەندێک ڕەفتاری مەترسیداری وەکوو بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار بکەن. هەروەها ژیان لە ژینگەی کرێکاری لەگەڵ گەورەساڵاندا هەندێک هەلی تاوانکارییان بۆ دەڕەخســێنێ و دەتوانن لە گەورەســاڵەکانەوە فێری ئەم ڕەفتارانە ببن. جگەرەکێشـــان، بەکارهێنانی هەندێک مادەی هۆشـــبەری ســـووک، خواردنەوەی خواردنەوە کحولییەکان و پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار لە نێو هەندێک لە منداڵانی کار بەتایبەت گەورەســـاڵەکلندا بوونی هەیە. یەکێک لە خاوەنکارەکان بە پشتبەستن بە ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆی سەبارەت بە کارتێکراویی منداڵان لە لایەن گەورەساڵەکانەوە وتی:

بۆ نموونە زۆر زوو ئالوودە دەبن؛ واتە بە هۆی ژینگەی کارکردنەوە .... شـــا منداڵ دێتە ناو گرووپێک، بۆ وێنە منداڵەکە دێ و لە گرووپێکدا دادەنیشــێ، گوێی لە شــتگەلێک دەبێ کە نابێ بیبیســتێ، ئەوان کارگەلێک دەکەن کە نابێ لە بەر چاو ئەو منداڵەدا بیکەن. منداڵ بۆی دەبێتە شــتێکی ئاســایی، واتە ئەو شــتانەی کە ڕوو دەدەن بۆی ئاسـایی و سـروشـتی دەبن .... بۆ وێنە ببوورە، ئاو کراوە قسـە دەکەن، بۆ وێنە خاوەنکار خۆشـــەویســـتەکەی هەڵدەگرێ و دوای دەوام دەیهێنێتە دووکانی بەرگدووری. بەڵێ دەیهێنێتە ناو دووکانی بەرگدووری منداڵەکە ئەمە بە باشـــی دەبینێت. بۆ وێنە خاوەن دووکانەکە لە بەر دەم منداڵێک عارەق دەخواتەوە، ئەیچی،

| |
|---|
| منداڵەکە بە لایەوە ئاسـایی دەبێتەوە. کاتێک کە هەڵ دەدەن یان گیرۆدە دەبێ یان بەیانان کە دێتە ئێرە بۆنی حەشـیش وڵات دادەگرێ ئیتر دڵ و دەماغت دەکرێتەوە و شادومان و کەیفخۆش دەبیت. (ئەم قسانە بە تانە و توانج دەکات.) |

هەروەها منداڵێک کە لە زبڵخانەیەک لە گەڕەکی شـەمسـاباد دەژیا، سـەبارەت بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان وتی:

| |
|---|
| نـا، ئێمـە لـەوێ گـەورەیـەکمـان هـەیـە، نـاهێڵێ لـە ژوورەکـەدا نـاس بکێشـین؛ ئەوانەی کە دەکێشن، ژووری تایبەت بە خۆیان هەیە. |

ئەزموونی ئازاردانی سـێکسـی یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە تەندروسـتیی دەروونیی منداڵان دەخاتە مەترسییەوە. وەک بەڵگەی بەشەکانی پێشوو دەریانخست، ژمارەیەک لە منداڵان ئازاردانی سـێکسییان بەئەزموون کردووە. کاتێک پرسـیاریان لە ئەزموونی ئازاردانی سـێکسـی دەکرد، زۆر جار ئەزموونی کەسـانی دیکەیان دەگێڕاوە، یان هەندێک کچ دەیانگێڕاوە کە توندوتیژیی سێکسی لە شوێنی کار یان لە پارکەکاندا زۆر بووە. ئەزموونی ئەم ڕووداوانە یەکێک لەو ئەزموونە تاڵانەیە کە هەر مرۆڤێک دەتوانێ لە ژیانیدا بەئەزموونی بکا و لێکەوتەکانی بۆ چەندین سـاڵ لە مێشـک و دەروونی منداڵەکەدا دەمێنێتەوە و چەندین خەسارەت لە پاش خۆی بە جێ دەهێڵێ کە ئەم لێکەوتانە بریتین لە هەسـتکردن بە شـەرمەزاری، ڕق لە خۆبوون، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، و پەرێشـانی. لە بەر ئەوەی منداڵان بەتایبەت کچان دەترسـن لە ئەزموونی توندوتیژی و ئازاردان بە تاوانبار لە قەڵەم بدرێن، ئەزموونی ئازاردران لای تۆڕە پشتیوانییەکانی خۆیان باس ناکەن و ئەگەری زۆرە منداڵەکە بۆ ماوەی چەندین ساڵ و هەندێک جار تا کۆتایی ژیانی بە تەنیا ئەم مەینەتە لە کۆڵ بنێت.

کۆمەڵێک منداڵ بە ڕێنمایی و هاوکاریی دەوروبەریان بە مەبەسـتی پەیداکردن و پاشـەکەوتکردنی داهاتیان کۆچ دەکەن بۆ تاران تا لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن بگەڕێنەوە شـارەکە و بژێویی ژیانیان بۆ خۆیان دابین بکەن، بەڵام هەموویان سـەرکەوتوو نابن و بە هۆی ئەوەی نەیانتوانیوە شـتێک بۆ خۆیان پاشـەکەوت بکەن لە ڕوویان هەڵنایە بگەڕێنەوە بۆ شاری خۆیان و سەرەڕای بارودۆخی خراپی شاری تاران لەو شـارەدا دەمێننەوە. هەسـتکردن بە سـووکایەتی یەکێک لەو هەسـتانەیە کە لە ئەنجامدا بەئەزمونی دەکەن. لە بەر ئەوەی فێری هەندێک کارامەیی ژیان نەبوون، بە

ئاسانی دەچنە ناو ئەو ڕەوتە خەسارەتبەخشانەی کە تەندروستییان دەخاتە مەترسییەوە. بۆ وێنە لە هەندێک کاردا، کە لەوانەیە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا (کچ یان کوڕ) پەیوەندییان هەبێ، بە ئاسانی وابەستەی ئەوان دەبن و لەوانەیە هەموو داهاتی ڕۆژانەیان بۆ خەرج بکەن. هەر لە بەر ئەم هۆکارەش نەیانتوانیوە پارە پاشەکەوت بکەن ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ شار یان وڵاتەکەیان.

سەرچاوەیەکی دیکەی فشار بۆ سەر منداڵانی کار بەتایبەت منداڵانی کۆچبەری ئەفغانستان بەئەزموونکردنی ناوناتۆرە و تاراندنە کە لە ماڵ و لە قوتابخانەدا تووشی دەبن. بێگومان ئەم ئەزموونە تایبەت بە منداڵانی ئەفغانستان نییە. بۆ وێنە بە هۆی ئەوەی منداڵانی ئێرانی لەگەڵ بنەماڵە هەژارەکانیان کۆچ دەکەن بۆ تاران، زۆر جار لە گەڕەکەکانی پەراوێزی شار و گەڕەکە نەشیاوەکاندا نیشتەجێ دەبن. ئەم منداڵانە دواتر ئاشنای ژیانی شارۆمەندانی گەڕەکەکانی دیکە دەبن و بینینی هەموو ئەم نایەکسانییە وایان لێ دەکا کە هەست بە شکست بکەن. لە منداڵێکی کرێکار کە لە گەڕەکێکی فەرەحزاد دەژیا، پرسیار کرا، "بۆچی کار دەکات؟"

> من دەمەوێ ئیش بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکم بتوانین شوقە بکڕین. ئەمە ماڵ نییە، هەمووی وێرانە؛ سەیری کەن زبڵخانەیە، ماڵەکان هەمووی کەلاوەن، دوو کۆڵان و شەقامی ڕێکوپێکی تێدا نییە.

ئەم هەستە لە ئاکامی ژیانکردن لە گەڕەکی فەرەحزاد کە یەکێک لە شارۆچکە نافەرمی و کرێکارنشینی گەڕەکە باکوورییەکان تارانە ئاوقانی منداڵ دەبێ، بەڵام ڕەنگە ئەو نەزانێ کە بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە بووەتە یەکێک لە میکانیزمەکانی تاراندنی هەژاران لە ژیانی شارییەوە بۆ پەراوێزنشینی. ئەم منداڵانە نە تەنها لە گەڕەک بەڵکوو لە قوتابخانەشدا بە بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا ئەم هەستە ناخۆشانە بەئەزموون دەکەن. کاتێک دەزانن منداڵی دیکەش هەن کە بە پێچەوانەی ئەوان کار ناکەن و پێویست ناکا کار بۆ بژێویی ژیانی خۆیان بکەن، تێدەگەن کە دیوێکی دیکەی ژیان هەیە، لایەنێک کە پەیوەستە بە دابینکردنی ئیمکانیاتی ڕێژەیی ژیانەوە.

زۆر جار منداڵانی ئەفغانستان لە قوتابخانە حکومییەکان لە لایەن منداڵانی ئێرانەوە دەتارێنرێن و ناو و ناتۆرەی "ئەفغانی" و "پۆخڵ"یان لێ دەنرێ و لە یاریی بەکۆمەڵدا ئیزنی یاریکردنیان پێ نادەن. گێڕانەوەی یەکێک لە منداڵە ئەفغانییەکان کە

لە ناوچەی شووش بە داشقە بار دەگوازێتەوە، بەم شێوە بوو:

> لە قوتابخانە پێمان دەڵێن ئەفغانی! پیس و پۆخڵ! بۆ هاتوونەتە ئێران، مەگەر خۆتان وڵاتتان نییە! من هیچ ناڵێم، تەنها دەڵێم هەموومان موسڵمانین و نابێ قسەی ناجوان و ناشایست بە یەکتر بڵێین. خوای گەورە هەموومانی بە موسڵمانی دروست کردووە.

تێکەڵبوونی کار و چوون بۆ قوتابخانە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لە شوێنی کارەکەیان تووشی چەندین فشار ببن. پۆلی خوێندن، نەگونجانی خوێندن لەماڵەوە، ژووری بچووک و لە هەندێک حاڵەتدا پڕحەشیمەتبوونی خێزان لە لایەک و کارکردن لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە تووشی فشاری دووقات ببن. خاوەنکار لە لایەک بە شێوازی ئاسایی هەندێ ئاستەنگ دەخاتە بەر دەم خوێندنی ئەم منداڵانە و لە لایەکی دیکەشەوە مامۆستایانی قوتابخانە و ئێن جی ئۆکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە ئەو منداڵانە وەک خوێندکارێکی ئاسایی بە پۆلی خوێندن و وانەکانیان ڕابگەن، بەڵام ئەمە بۆ منداڵانی کار مەیسەر نییە و تەنها دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەخت و گوشاری دووقلتە بەئەزمون بکەن کە ئەمە تەندروستیی جەستەیی و دەروونییان دەخاتە مەترسیی زیاترەوە و لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی وازهێنانیان لە خوێندن؛ وەک منداڵێکی کۆچبەر کە لە ئەردەبیلەوە هاتبووە تاران، بەم جۆرە کێشەکانی گێڕاوە:

> قوتابخانەم بەجێهێشت، کارمان هەیە ... نەمانتوانی هەم کار بکەین و هەم بخوێنین .... هەتا شەشم خوێندم. پاشان پارەمان بۆ ماڵ نەبوو، کرێی خانووەکەمان وەدوا کەوت، ئیتر هاتم ئیشم کرد.

[1] فلیک، اووه. (1391 هەتاوی). درآمدی بر تحقیق کیفی (وەرگێڕانی هادی جلیلی). تهران: نی.

[2] پۆرتالی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار. پێداچوونەوە لە 4 بەفرانباری 1399 هەتاوی. از
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang-en/index.htm
http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang-en/index.htm

[3] ILO. (2008هەتاوی). Global child labour developments: Measuring trends from 2004 to 2008. International Labour Organization Geneva.

[4] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398هەتاوی). یغمای کودکی: پژوهشی درباب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدۀ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[۵] خبر آنلاین، کار ارزان و دردهای گران؛ کسی به فکر کودکان باربر نیست، 1397/03/30 هەتاوی.

[۶] خبرگزاری برنا، سوزاندن روح زنان و کودکان کار در کوره‌های آجرپزی، 1398/03/25 هەتاوی.

[۷] صفی‌خانی، ثمره. (1396هەتاوی). کار کودکان در کوره‌های آجرپزی تحلیل شبکه روابط اجتماعی یک کوره. فصلنامه انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات، 13 (46)، 178-206.

[۸] خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران، پێداچوونەوە لە 15 بهمن 1399 هەتاوی، لە
https://www.irna.ir/news/81810116/%D9%85%D8%B0%D9%87%D8%A8-%D9%88-%D9%82%D9%88%D9%85%DB%8C%D8%AA-%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%81%D8%BA%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86.

[9] ILO. (2007). Child domestic labour information resources. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[10] Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work.

[12] پۆرتالی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، پێداچوونەوە لە 4 بەفرانباری 1399 هەتاوی، لە
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang-en/index.htm
http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang-en/index.htm

[13] Unicef. (2002هەتاوی). innocenti digest: Child domestic work.

[14] Blagbrough J. (2008هەتاوی). They Respect Their Animals More: Voices of Child Domestic Workers. London: Anti-Slavery International.

[15] Unicef. (2002هەتاوی). innocenti digest: Child domestic work.

[16] بلک. (2002 زایینی). فقر و پیامدهای بر زندگی کودکان، تهران: اندیشه

[17] هەمان.

[18] Bwibo NO, Onyango P. (1987هەتاوی). Final Report of the Child Labour and Health Research. University of Nairobi: Nairobi.

[19] ILO. (2007). Child domestic labour information resources. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[20] باسـو و ون. (1998هەتاوی). جامعەشـناسـی مرزها. (وەرگێڕانی حسـن آقایی). تهران: ناب

[21] Emerson, Patrick M. André Portela Souza. (2003هەتاوی). Is There a Child Labor Trap? Inter-Generational Persistence of Child Labor in Brazil. Economic Development and Cultural Change, 51(2), 375-98

[22] امرسون و ناب. (2006 زایینی).

[23] هەمان.

[24] Howieson, Cathy; Jim McKechnie; Sheila Semple. (2006). The Nature and Implications of the Part-time Employment of Secondary School Pupils. Edinburgh: Scottish Executive Social Research.

[25] وامقی، مروئە و یزدانی، فرشـید. (1398هەتاوی). گزارش وضـعیت کار کودکان در ایران در آسـیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضـعیت اجتماعی ایران 1388-1396 هەتاوی. بەرگی 2، (ل 95-150). تهران: آگاه.

[26] Schneider, F. & D.H. Enste. (2000). Shadow Economies: Size, Causes, and Consequences. Journal of Economic Literature, 38 (1), 77-114.

[27] پۆرتالی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، پێداچوونەوە لە 4 بەفرانباری 1399 هەتاوی، لە
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang-en/index.htm
http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang-en/index.htm

[28] هەمان.

[29] عرب‌مازایار یزدی، علی. (1398هەتاوی). اقتصـاد غیررسـمی و نابرابری در ایران در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1388-1396. بەرگی 2 (ل 495-516)، تهران: آگاه.

[30] لهسایی‌زاده، عبدالعلی. (1368 هەتاوی). نظریات مهاجرت. شیراز: نوید.

[31] صـادقی، رسـول؛ عباسـی شـوازی، محمد جلال و صـلواتی، بهرام. (1397هەتاوی). ایران در بسـتر مهاجرت‌های بین‌المللی (ل 118-142؛ در عباسـی شـوازی، محمد جلال. تحولات و وضـعیت جمعیت در جمهوری اسـلامی ایرانهەتاوی). تهران: مؤسسـه مطالعات و مدیریت جامع و تخصصی جمعیت کشور.

[32] گیدنز، آنتونی. (1396 هەتاوی). جامعەشـناسـی (وەرگێڕانی حسـن چاوشـیان). تهران: نی.

[33] پۆرتالی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، کنفدراسیون اتحادیۀ کارگری بین‌المللی، 2008.

[34] Diallo, Yacouba; Etienne, Alex; Mehra, Farhad. (2013). Global child labour trends 2008 to 2012. International Labour Organization.

[35] حسـینی، سـید حسـن. (1383هەتاوی). وضـعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[36] وامقی، مروئە؛ دژمان، معصـومە؛ رفیعی، حسـن و روشـنفکر، پیام. (1394هەتاوی). ارزیابی سـریع وضـعیت کودکان خیابانی در شـهر تهران (علل و خطرهای کار کودکان در خیابان).

مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. 4 (1)، ل 33-57.

[37] زند رضوی، سیامک؛ رحیمی پورانارکی، ناهید (1390هەتاوی). مقایسه وضعیت کودکان کارگر ایرانی و افغان در استان کرمان بر پایه چهاراصل پیمان‌نامه حقوق کودک (سه اصل جامعه‌شناختی و دو راه‌حل). مجله مطالعات اجتماعی ایران، 5 (1)، 72-98.

[38] امیدی، رضا. (1398هەتاوی). بررسی تأثیرات عوامل اجتماعی بر نابرابری در ایران در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1388- 1396 هەتاوی. (بەرگی 2، ل 436-464). تهران: آگاه.

[39] ریاحی، محمداسماعیل. (1381 هەتاوی). جوگی‌های مازندران. مطالعات ملی، 3 (12):، ل 1-21.

[40] خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران، پێداچوونەوە لە 15 بهمن 1399، لە
https://www.irna.ir/news/81810116/%D9%85%D8%B0%D9%87%D8%A8-%D9%88-%D9%82%D9%88%D9%85%DB%8C%D8%AA-%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%81%D8%BA%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86.

[41] ریتزر، جورج (1395هەتاوی). جامعه‌شناسی دوران معاصر (وەرگێڕانی محسن ثلاثی). تهران: چاووشگران نقش.

[42] احمدی، کامیل. (1396هەتاوی). طنین سکوت: پژوهشی جامع درباب ازدواج زودهنگام کودکان در ایران. تهران: شیرازه.

[43] وامقی، مروئه؛ دژمان، معصومه؛ رفیعی، حسن و روشنفکر، پیام. (1394هەتاوی). ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی در شهر تهران (علل و خطرهای کار کودکان در خیابان). مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. 4 (1)، ل 33-57.

[44] حسینی، سید حسن. (1383هەتاوی). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[45] Perlovsky, L. (2013). A challenge to human evolution-cognitive dissonance. Frontiers in Psychology, 4, Article 179.

[46] Unicef. (1989). Convention on the Rights of the Child.

[47] Cohen, S. (1985). Visions of social control: Crime, punishment and classification (pp. 127-143). Cambridge: Polity Press.

[48] سن، آمارتیا. (1397هەتاوی). توسعه یعنی آزادی (وەرگێڕانی محمدسعید نوری نائینی). تهران: نی.

[49] sciencedirect.com .(2013 .(Acessed Sep 2020.

[48]http://ngosiran.ir (2017 .(Acessed Sep 2020.

[50] سن، آمارتیا. (1397هەتاوی). توسعه یعنی آزادی (وەرگێڕانی محمدسعید نوری نائینی). تهران: نی.

[51] خبرگزاری ایسنا، 17 تیرماه 1398، لە
https://www.isna.ir/photo/98041708716/%D9%85%D8%B1%DA%A9%D8%B2-%D9%BE%D8%B0%DB%8C%D8%B1%D8%B4-%D9%88-

%D8%B3%D8%A7%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%87%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%AF%DA%A9%D8%A7%D9%86-%D8%AE%DB%8C%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C

[52] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398هەتاوی). یغمای کودکی: پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدۀ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[53] ILO. (1999). Worst Forms of Child Labour Convention, 1999. Geneva: International Labour Organization Geneva (No. 182).

[54] پۆرتالی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، پێداچوونەوە لە 4 بەفرانباری 1399، لە

https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang-en/index.htm

http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang-en/index.htm

[55] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[56] گیدنز، آنتونی. (1396هەتاوی). جامعه‌شناسی (وەرگێڕانی حسن چاوشیان). تهران: نی.

[57] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398هەتاوی). یغمای کودکی: پژوهشی درباب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدۀ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[58] نوری، سید مسعود. (1387هەتاوی). خشونت خانگی علیه کودکان. چیستی، چرایی و راهکارهای درمان آن در پرتو تلاش‌های حقوقی. فصلنامه حقوق بشر، 2 (3)، ل 35-54.

[59] لودوینگ و کورنبرگ (1982 هەتاوی)؛ به نقل از مدنی قهفرخی، سعید و بیات، مجتبی. (1389هەتاوی). فقر و کودک‌آزاری در ایران. فصلنامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی، 9 (35)، ل 271-300.

[60] سازمان بهداشت جهانی. (2018 هەتاوی). مروری بر ادبیات بهداشت عمومی.

[61] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398هەتاوی). یغمای کودکی: پژوهشی درباب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدۀ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[62] آرون، ریمون. (1396 هەتاوی). مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعه‌شناسی (وەرگێڕانی باقر پرهام). تهران: علمی و فرهنگی.

[63] مارکس (1394 هەتاوی)؛ به نقل از مروئه و یزدانی، فرشید. (1398هەتاوی). گزارش وضعیت کار کودکان در ایران در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1388-1396 هەتاوی. (بەرگی 2، ل 95-150). تهران: آگاه.

[64] مشونیس، جان. (1396 هەتاوی). مسائل اجتماعی (وەرگێڕانی هوشنگ نایبی). تهران: پژوهشگاه فرهنگ، هنر و ارتباطات.

[65] زاهدی اصل، محمد. (1384 هەتاوی). اهمیت و ضرورت سیاست‌گذاری در اوقات فراغت. تهران: مرکز مطالعات و تحقیقات اجتماعی و فرهنگی. معاونت امور اجتماعی و فرهنگی تهران.

[66] گلابی، فاطمه. (1392 هەتاوی). گونه‌های فراغت و تأثیر آن بر سلامت اجتماعی جوانان. دو فصلنامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه، 2 (2)، ل 69-121.

[67] قادرزاده امید، قادرزاده، هیرش و حسن‌پناه، حسین. (1394 هەتاوی). بسترها و منابع گذراندن اوقات فراغت جوانان. مطالعات و تحقیقات اجتماعی در ایران، 4 (4)، 637-661.

[68] گلابی، فاطمه. (1392 هەتاوی). گونه‌های فراغت و تأثیر آن بر سلامت اجتماعی جوانان. دو فصلنامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه، 2 (2)، ل 69-121.

[69] پاسدار، یحیی؛ دربندی، میترا؛ جهانبخش علی‌رضا و دیگران (1393 هەتاوی). بررسی وضعیت تغذیه‌ای کودکان کار در شهر کرمانشاه در سال 1391 هەتاوی. مجله علوم پزشکی دانشگاه سبزوار، 21 (4)، ل 604-612.

[70] دانشگاه علوم پزشکی و خدمات بهداشتی و درمانی تبریز. (1397 هەتاوی). تغذیه در دوران خاص زندگی. مجله علوم پزشکی، 2 (3)، ل 83-92.

[71] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398هەتاوی). یغمای کودکی: پژوهشی درباب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[72] بیات، آصف. (1391 هەتاوی). سیاست‌های خیابانی، جنبش تهیدستان در ایران (مترجم سید اسدالله نبوی چاشمی). تهران: پردیس دانش.

[73] پیران، پرویز. (1397 هەتاوی). نابرابری فضایی و پی‌آمدهای آسیب‌شناختی آن در ایران در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1388-1396 هەتاوی. (بەرگی 1، ل 21-48). تهران: آگاه.

[74] علیوردی‌نیا، اکبر. (1389هەتاوی). مطالعه جامعه‌شناسی کارتن‌خوابی، علل، تجارب جهانی و راهکارها (بررسی موردی شهر تهران). تهران: دفتر مطالعات فرهنگی و اجتماعی شهر تهران.

[75] نوبهاری، مهناز. (1399هەتاوی). بررسی عوامل اجتماعی بی‌خانمانی در کلان‌شهر کرج. پایان‌نامه کارشناسی‌ارشد. دانشگاه غیرانتفاعی دانش البرز.

[76] Sampson, R. J. & Laub, J. H. (1993). Crime in the Making: Pathways and Turning Points through Life. Cambridge, MA: Harvard University Press.

[77] سازمان بهداشت جهانی. (2018 زایینی). مروری بر ادبیات بهداشت عمومی.

[78] Blanco, Amlio and Dario Diaz. (2007). Social order and mental heath: a social well-being approach, psychology in Spain, 11, 61-71.

[79] سجادی، حمیرا (1380 هەتاوی). سنجش سلامت اجتماعی. مددکاری اجتماعی، 8، ل 39-49.

# بەشی چوارەم: کۆبەندی، ئەنجامگرتن و ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی کاری منداڵ

## چاوپێخشاندن

ئەو کۆمەڵە فاکتەر و هۆکارانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا باس کراون، لەوانە هەژاری و نائارامیی کۆمەڵایەتی، نایەکسانی، ئابووریی نافەرمی و ئابووریی ژێرزەمینی، کۆچ و ئێتنیک، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا پەرمیان بە کاری منداڵان داوە و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە وەک کێشەیەکی چارەسەرنەکراو لەم کۆمەڵگایانەدا وێنا بکرێت. لە ڕاستیدا هەر ئەم کەمگەشەکردنە وای کردووە کاری منداڵان لە وڵاتانی دواکەوتوودا بەردەوام بێ و کۆمەڵناسان دەسەڵاتی تاکڕەو و هەژاری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتییان وەک گرینگترین هۆکاری گەشەنەسەندن لە قەڵەم بدەن و پێیان وایە هەتا ئەو کاتەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دانەمەزرێ ئەم زنجیرە بەردەوامە، چونکە کاری منداڵان پرۆسەی گەشەی سروشتی و پەروەردەی منداڵ تێک دەدا و ئەو منداڵە تووشی مەترسی دەکا و یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم گەشەکردنی سەرمایەی مرۆڤێکی پسپۆڕ و لێهاتوو و تەندروستە کە کاری منداڵان کۆسپی بەردەم ئەم بیچمگرتنەیە. هەژاری و نایەکسانی لە زنجیرەیەکی فرەچیندا منداڵان دێنێتە ناو کارەوە: لە سەر ئاستی نیشتمانیدا نایەکسانی دەبێتە هۆی دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوە و دەرفەت و سەرمایە لە ناو چینە ئابووری – کۆمەڵایەتییەکان و پانتای جوگرافی. بێگومان دابەشکردنی نایەکسانانەی سەرچاوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک گرووپی کۆمەڵایەتی، وەکوو کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان، ژنان و ئەوانەی کە دوور لە ناوەندەکانی وەبەرهێنان دەژین، واتە پەراوێزخراوەکان، لە سەرچاوە و دەرفەت و سەرمایە بێبەش ببن. بە شێوەیەکی سروشتی دەرەنجامی ئەم نایەکسانییانە بێبەشڕاگرتنی بەشێک لە حەشیمەت لە گەشەکردن و لە ئەنجامدا هەژارییانە، کە زەمینە بۆ کاری منداڵان دابین دەکات.

بێگومان نایەکسانی و هەژاری تەنیا لە سەر ئاستی نیشتمانیدا شیاوی شوێنهەڵگرتنەوە نین، بەڵکوو لە سەر ئاستی جیهانیشدا کەلێنێکی قووڵ لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕوو لە گەشە دەبینین. ئەم کەلێنە بەرهەمی فاکتەرە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام بەجیهانیبوونی ئابووری و دابەشکردنی نایەکسانانەی کار لە

سەرانسەری جیهاندا پشکی بەرچاوی لەم نایەکسانییانەدا هەیە. لە پرۆسەیەکی مێژوویدا وڵاتە پیشەسازییەکان کەلوپەلی پیشەسازییان بۆ وڵاتانی ڕوو لە گەشە و پێشنەکەوتوو هەناردە دەکرد و لە ئەنجامدا پیشەسازییە ناوخۆییەکانی وڵاتانی هاوردەکار لەناو دەچوون و بە هۆی ئەوەی بەشێک لە فەرمانڕەواکانی ئەو کۆمەڵگایانە کە وابەستەی وڵاتانی ناوەند بوون، لە هەمبەر ئەم ڕەوتە کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. هاتنی کاڵای پیشەسازی بۆ ناو ئەم کۆمەڵگایانە و لەناوچوونی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و نەبوونی ژێرخان و بژێرەکانی بەپیشەسازیبوون و گەشەسەندن لە کۆمەڵگا ڕوو لە گەشەکلندا، ئابووریی ئەم وڵاتلنەیان ولبەستە کرد، بە جۆرێک کە کەرەستەی خاویان هەناردە دەکرد و بەرهەمی پیشەسازییان هاوردە دەکرد. لەم پرۆسەدا هاوسەنگیی بازرگانیی ئەم وڵاتانە نێگەتیڤ بوو و ڕەوتی زێدەبایی لە وڵاتانی پەراوێز و نیمچە پەراوێزەوە بۆ وڵاتانی ناوەند بیچمی گرت. ئەم ئاڵوگۆڕە نایەکسانە پشکی بەرچاوی لە نایەکسانی و هەژاریی جیهانیدا هەیە، کە بێگومان زەمینەی بۆ کاری منداڵان خۆش کردووە.

خەڵکی کۆمەڵگا هەژارەکان (پەراوێز یان ڕوو لە گەشە)، بەتایبەت هەژارترینەکان، لە پێناو بەدەستهێنانی دەرفەت و کارکردن و پەیداکردنی داهات، لە وڵاتانی ڕوو گەشەوە بەرەو وڵاتانی گەشەسەندوو (ناوەند) کۆچ دەکەن. ئەمڕۆ ئێمە شاهیدی ڕەوتێکی گەورەی کۆچکردن لە نێوان ئەم وڵاتانەین کە بەشێکی بە شێوەی نایاسایی و لە شێوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و منداڵان ئەنجام دەدرێت. کۆچی نێوانسنووری یان نێودەوڵەتی لەمڕۆدا ئەوەندە گرینگ بووە کە زانایانی وەک کاستێلس و میلەر[1] (٢٠٠٣) و کۆڵمان[2] (٢٠٠٦) لە ژێر ناوی سەردەمی کۆچکردن یان تێپەڕینی حەشیمەت[3] ئاماژەی پێ دەکەن. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێژەی کۆچبەران لە ساڵی ٢٠١٥دا بە ٢٤٤ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهان مەزەندە کراوە، واتە بارتەقای حەشیمەتی حەوت وڵاتی دنیا [1].

ئێران کە وڵاتێکی ڕوو لە گەشەیە، بە هۆی جۆرەکانی نایەکسانیی چینایەتی، پانتایی، کەرتی و نایەکسانیی لە سەر بنەمای ئێتنیک، ڕەگەز، ئایین و ئایینزاوە دەناڵێنێت. لە سەرەتای ئەم سەدەدا و لە کاتی دەستپێکی ڕەوتی گەشە لە سەرەوە بەشێکی زۆری سەرمایەدانەرییە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندی ئێران و

---

1. Castells and Miller
2. Coleman
3. Third demographic transition

بەتایبەت لە تاران چڕ بۆتەوە. ژمارەی دانیشتووانی شاری تاران کە هەتا سەرەتای ئەم سەدە نزیکەی 300 هەزار کەس بووە، لە ساڵانی نەوەدەکانندا (نەوەدی هەتاوی) گەیشتووەتە نزیکەی هەشت ملیۆن و 300 هەزار کەس و ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای تاران 16 ملیۆن کەسە. ئەم پێوەرە بە ڕوونی نیشان دەدا کە گەشەسەندنی نایەکسانانە لەم وڵاتەدا قووڵە و لێکەوتەی وێرانکەری لە پاش بەجێ هێشتووە. بۆیە دانیشتوانی ناوچە پەراوێزییەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر لەوانە دۆزینەوەی هەلی کار و پارە پەیداکردن لەگەڵ منداڵەکانیان بەرەو تاران کۆچ دەکەن. جگە لەو نایەکسانی و هەژارییە قووڵەی کە کۆمەڵگای ئێرانی گرتۆتەوە، سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بەتواناکردنی هەژاران ئەنجامێکی بەرجەستەیان نەبووە.

بێگومان ڕەوتی کۆچی نێودەوڵەتی ئێرانیشی گرتۆتەوە. ئێران هەم وڵاتێکی کۆچبەرگرە و هەم وڵاتێکی کۆچبەردەرە. بە هۆی شەڕ و نائارامی لە وڵاتی ئەفغانستان، ئێران نزیکەی چوار دەیەیە میوانداریی پەنابەرانی ئەفغانی دەکات. ئەم کۆچبەرانە بە شێوەیەکی یاسایی و نایاساییی لە ڕێگەی تۆڕەکانی قاچاخەوە دەچنە ناو ئێران. سیاسەتی کۆچبەرگریی ئێران بەتایبەت بەرامبەر بە ئەفغانییەکان بە جۆرێکە کە وەرگری کۆچبەرە پسپۆڕە ئەفغانییەکان نییە و زۆربەی ئەفغانییە ناشارەزا و ناپسپۆڕەکانن کە هیچ بژاردەیەکیان نییە و بە هۆی نزیکیی زمانی و فەرهەنگییەوە (بۆ وێنە هەراتییەکان) ئێران هەڵدەبژێرن و ئێران وەک پردێک بۆ کۆچکردن بەرەو ئەورووپا دەبینن. ئەمڕۆ لە شارە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت شاری تاران ژمارەیەکی زۆری منداڵانی کار کۆچبەری ئەفغانستانین. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، شێوازی ناکارامەی حوکمڕانی لە ئێران و کەمیی گەشەی ئابووری لە ماوەی چوار دەیە و بەتایبەت لە دوو دەیەی یەکەمی دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، بەشێک لە دانیشتوانی ئێران بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچیان کردووە. ئەمڕۆ تورکیا و عێراقیش بوونەتە شوێنی مەبەستی کۆچبەرانی ئێرانی.

بە هۆی ئەم فاکتەرانە و ڕەوتە نیشتمانی و جیهانییەکانە کە ئەمڕۆ ئێمە شاهیدی کاری منداڵانین. گرینگترین فاکتەر و ڕەوت بریتییە لە: دابەشکردنی نایەکسانانەی جیهانیی کار و لە ئەنجامدا وابەستەیی و پەراوێزخرانی ئابووریی هەندێک وڵات، گەشەنەسەندن یان گەشەسەندنی نایەکسان لە سەر ئاستی نیشتمانی، ڕەوتی کۆچ چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە سەر ئاستی نیشتمانی، و نەبوونی سیاسەتی یەکدەست بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بەتوناکردنی هەژاران. بێگومان ناتوانین

کاری منداڵان تەنها بۆ فاکتەری ئاستی بەربڵاو و کەڵان کورت بکەینەوە چونکە چەندین فاکتەری دیکەش لە ئاستە جیاوازەکاندا بەشدارن، بەڵام ئاراستەی ڕوانینی هۆکاری لە کەڵانەوە بۆ وردە.

ئەمڕۆ دەبینین کە منداڵان لە شاری تاران لە کاری جۆراوجۆری وەکوو کاری سەر شەقامەکان، لە هەندێک ناوەند و دامەزراوەی ژێر چاودێریی حکومەت و ناوەندە گشتییەکانی وەکوو مەیدانەکانی میوە و سەوزە یان کارگای ڕیسایکل‌کردن (بەکارهێنانەوە)، کارگای بەرهەمهێنان، زبڵگەڕی، کاری خزمەتگوزاری، و زۆر ئیشی دیکە خەریکی کارن. بەشێکی زۆری ئەم کارانە لە کەرتی ئابووریی نافەرمیدا ئەنجام دەدرێ، کە هیچ یاسایەک بۆ چاودێری‌کردنی بوونی نییە و سیستەمی چاودێریی حکومەت ناکارامەیە. لەم کەرتەدا کار بیمەی نییە، حەقدەست کەمە، مەترسییەکانیشی زۆرن. هەندێک کار لە کەرتی نافەرمیدا وەکوو کاری سەر شەقامەکان بە شێوەی خۆخاوەنکارانە ئەنجام دەدرێن، بەڵام ئەم فۆرمی کارکردنە تەندروستیی منداڵانیش لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا دەخاتە مەترسییەوە. لەم بەشەی کتێبەکەدا کە بابەتی ڕێکارەکانە، سەرەتا لە چوارچێوەی مۆدێلی توێژینەوەکەدا پێداچوونەوەیەکی کورت بە هەندێک دۆزینەوەدا دەکرێ، ئینجا چارەسەرەکان دەخەینە ڕوو.




وێنەی منداڵێک کە لە بازاڕی گوڵی مەحەلاتی بە عەرەبانەوە کار دەکا (وێنەکە لە توێژینەوەکە وەرگیراوە)

## پوختە و ئەنجام

لە پرۆسەیەکی لۆژیکیدا، ئەو مۆدێلەی لەم بەشەدا خراوەتەڕوو، فاکتەرە هۆکارییەکان، هۆکارە زەمینییەکان، هۆکارە کاریگەرەکان، دیاردە تەوەرییەکان، ستراتیژییەکان و

لێکەوتەکانی کاری منداڵان نیشـــان دەدات. گرینگترین فاکتەرە هۆکارییەکانی کاری منداڵان بریتین لە کەلێنی گەشــە، گرژی و ململانێ لە وڵاتی ئەفغانســتان، هەژاری و بێکاریی خێزان، ئازاردان و بێ‌ماڵ و حاڵی و گرینگیدان بە کار. کەلێنی گەشـــە ئاماژە بە گەشـەسـەندنێکی نایەکسـان دەکا کە لەم وڵاتەدا ڕیشـەی داکوتاوە. سـیاسـەتەکانی گەشـەپێدان لە سـەرەتای ئەم سـەدەوە چەندین پارێزگای ناوەڕاستی وەک تارانی کردۆتە ئامانج و زۆربەی پیشـــەســـازی و چالاکییە خزمەتگوزارییەکان لەم بەشـــەی ئێرلندا جێگیر کراون و ناوچەکانی دیکەش بەتایبەت ناوچە پەراوێزییەکان لە گەشـــەپێدان بێبەش بوون. لە ئەنجامی ئەم پرۆســـەدا خەڵکێکی زۆر بەتایبەت منداڵان لە ناوچە دوورترەکانەوە بە نیازی دۆزینەوەی کار بەرەو تاران کۆچیان کردووە. ئەفغانســتان وەک دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا تووشی ناسەقامگیری و شەڕ بووە و ئەمەش بووەتە هۆی نائارامییەکی بەربڵاو لەم کۆمەڵگایەدا. نائارامی لەگەڵ هەژاریی زۆر، کۆمەڵگای ئەفغانســـتانی بەتایبەت لە ناوچە گوندنشـــینەکان بۆ کۆچ‌کردن لەم وڵاتە بۆ ئێران هان داوە. ئەمڕۆ دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی کارە جۆراوجۆرەکان پەنابەرانی ئەفغانستانن.




وێنەی 1 4: مۆدێلی زەمینەیی فۆرمەکانی کاری منداڵان

هەژاری و بێکاریی بنەماڵەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کاری منداڵانە. ئەم فاکتەرە لەگەڵ ئەو دوو فاکتەرە دیکە کە ئاماژەیان پێکرا لە پەیوەندیدایە. بۆ وێنە پێشکەوتنی نایەکسان و ناهاوسەنگ دەبێتە هۆی بێبەش‌ڕاگرتنی بەشێکی کۆمەڵگا لە

هەندێ سوود و بەرژەوەندی و پێشکەوتنی یەکسان، خۆی فاکتەرێکی سەرەکی و پێشخەری هەژاری و بێکارییە بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزی و ئێتنیکی و ئایینییەکان. کۆمەڵگای ئێران پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت بوویەوە، بە جۆرێک کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ڕێژەی حەشیمەت بۆ دوو قات بەرز بۆتەوە. بە پێچەوانەی هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت، دۆخی ئابووری گەشەی نەکردووە و بە هۆی کاریگەریی گەمارۆ و سیاسەتدانانە گشتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا ئاستی گەشەی ئابووری دابەزیوە. هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت لە پاڵ گەشەی ئابووریی داتەپیو بێکاری و هەژاری لێکەوتۆتەوە. لەم بارودۆخەدا بنەماڵەکان بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە خەرجەکانیان وەک هێزی کار منداڵەکانیان بە کار دێنن.

| |
|---|
| ئێمە پارەکەمان دەدەین بە کرێ خانوو. ئێمە پارەکانمان خەرج ناکەین؛ ئێمە هەرچی وەدەست دێنین دەیدەین بە کرێماڵ و ئەمانە. کرێی خانووەکەمان ٨٠٠ هەزار تمەنە. هەروەها ٦ ملیۆنمانیشمان داوە بە بە ڕەهن. کاکم پارەکەی من دەخاتە سەر حسێبی خاوەنخانوو، خۆشی مانگ ملوێنێک دەکەوێ سەرفی ماڵەوە دەکرێت. |



وێنەی منداڵێک کە لە کارگای پیشەسازیی بلوور لە گەڕەکی خەیراباد کار دەکا (وێنەکە لە توێژینەوەکە وەرگیراوە)

بەدسەرپەرشتی و بێسەرپەرشتی یەکێکی دیکە فاکتەرە هۆکارییەکانی کاری منداڵانە. بەشێک لە سەرپەرشتانی بنەماڵە بە هۆی گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر و

نەخۆشـــی و لاکەوتەییەوە ناتوانن کار بکەن و بژێویی خۆیان دابین بکەن و سەرپەرشتی کۆمەڵێکی دیکەی منداڵان مردوون. لەم دۆخەدا خێزانەکان بە دەست هەژاریی دووقاتەوە دەناڵێنن و ئەم هەژارییە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بچنە ناو سووڕی کارەوە.

هەژاری بە هۆی بەدسەرپەرشتی و بێسەرپەرشتی پیشان دەدا کە سیاسەتە پاڵپشتییەکانی دەوڵەت بێکاریگەر یان کەمکاریگەرە. ناوەندە بەرپرسیارەکان دەبێ داکۆکی لە منداڵانی بێسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت بکەن بۆ ئەوەی نەچنە ناو سووڕی کارەوە. لە کۆتاییدا، حەز و ئەنگێزەی منداڵان بۆ کارکردن یەکێکی دیکە لە فاکتەرە هۆکارییەکانی کاری منداڵانە. هەندێک لە منداڵان پێیان خۆشە کار بکەن بۆ ئەوەی داهاتیان هەبێ و سەربەخۆ بن یان هاوکاریغ تێچوو و خەرجییەکانی خێزان بکەن. بێگومان ئەنگێزەی منداڵان بۆ کارکردن بەرهەمی ئەو فەزای کۆمەڵایەتییەیە کە تێیدا دەژین. کاتێک خێزانەکان هەژار دەبن و ناتوانن پێداویستی و خواستەکانی منداڵەکانیان دابین بکەن و پشتگیرییان بکەن، لەم دۆخەدا منداڵەکان خۆیان وەخۆ دەکەون بۆ ئەوەی داهاتیان هەبێ و بەشێک لە خولیا و خۆزگەکانیان بەدی بێنن، ئاواتگەلی وەکوو کڕینی پاسکیل، دابینکردنی تێچووی خوێندن، یارمەتیدانی خێزان، و هاوشێوەکانی. یەکێک لە یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی کە لە ناوچەی بازاڕی گەورەی تاران کاری کردووە لەم بارەوە وتی:

هەندێک لە منداڵەکان هاوڕێکەیان دەبینن کە ئیش دەکا ...، ئێستا بۆ وێنە دێ و دەڵێ هاوڕێکەم دەیهەوێ شتێک بکڕێ، چونکە کاری کردووە و پارەی هەیە .... ئەویش دەیهەوێ بتوانێ پارەی هەبێ بۆ ئەوەی بۆ خۆی خەرجی بکات. داوا لە دایک و باوکی دەکا کە ڕێگەی پێ بدەن ئیش بکا، ئەوانیش ئەم مۆڵەتەی پێ دەدەن. ئەبێتە پەتا و لەگەڵی خۆشە دەبێ کە بڕوا و یان بنەماڵەکە تەنانەت دەڵێن ئەمە دەچێ کاسپیمان بۆ دەکا، جا هەندێ بنەماڵەش هەن کە چاولێکەرییان زۆرە و بە منداڵەکەیان دەڵێن شا کوڕی فڵان کەس ئیش دەکا، ئەی تۆ بۆ ناچی لە ماڵەوەوە درێژ بوویەتەوە، سەیر کە 15 هەزار تمەن، 20 هەزار تمەن، 100 هەزار تمەن دێننە ناو ماڵەوە، تۆ داوەشاوی هیچت پێ ناکرێت. تۆش دەبێ ڕاپەڕی. ئەمەش دەچێ ئیش دەکا و تامی ئیش دەچێتە بن ددانی.

فاکتەرە کاریگەرەکانی کاری منداڵان بریتین لە شێوازی جێبەجێکردنکردنی یاساکان و چاودێریکردنیان، تۆڕی کۆچبەرەکان، هەڵاواردنی ئێتنیکی و ڕەگەزی،

پەیوەندیی دەسەڵات، نیشتەجێکردن (شوێنی نیشتەجێبوون) بەها و ڕوانگەکان. بە پێی یاسای کاری ئێران بەکارهێنانی منداڵانی ژێر تەمەنی 15 ساڵان قەدەغەیە؛ بەڵام وەک دەبینین ڕێژمیەکی زۆری منداڵان لە تەمەنی کەمتر لە 15 ساڵان ئیش دەکەن. هەندێکیان لە کەرتی ئابووریی نافەرمی و هەندێکیشیان لە کەرتی فەرمیدا کار دەکەن، وەکوو کارکردن لە کارگەی بەرهەمهێنان، کوورەی خشتپێژی، مارکێتی خواردەمەنی، کارگەی بلوور و شووشەسازی، کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ، بازاڕی گوڵ و خانەی پلاستیکی و هاوشێوەکانی. بەڵام بەداخەوە پشکنەرانی وەزارەتی کار چاودێری بە سەر ئەم کارانەدا ناکەن و لە ئەنجامدا خاوەنکارەکان بە شێومیەکی کردەیی یاسای کار دەور لێ دەدەنەوە و کەڵک لە کاری منداڵان وەردەگرن. تەنانەت کاتێک پشکنەرەکان بە نیازی چاودێری سەردانی شوێنی کار دەکەن خاوەنکارەکان بە شێوازی جۆراوجۆر منداڵان دەشارنەوە. هەروەها تۆڕەکانی کۆچبەران بە سازکردنی پەیوەندی لە نێوان شوێنی سەرچاوە و شوێنی مەبەست دەرفەت بۆ کار کردنی منداڵان دەڕەخسێنن. وەک بینیمان منداڵانی هەندێک لە ئێتنیکەکان لە هەندێک کاردا چالاکترن. بۆ وێنە زبڵگەڕەکان زۆربەیان خەڵکی هەراتن، ئەو منداڵانەی کە لە سەوزیخانە ئیش دەکەن خەڵکی پارێزگای کوردستانن. ئەم بەڵگانە گرینگیی تۆڕەکانی کۆچ لە چوونە ناو کار پیشان دەدەن. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان هەڵاواردنی ئێتنیکی و ڕەگەزییە. بەشێک لە هەڵاواردنە ئێتنیکییەکان لە ژێر کاریگەریی هەمان گەشەی ناهاوسەنگە. بەڵام تەنیا لەودا سنووردار نابێتەوە. لە ئێراندا هەندێ لە ئێتنیکەکان و ژنان بە هۆی هەڵاواردنی پێکهاتەییەوە دەناڵێنن و دەستیان لە هەندێ هەلی سیاسی، ئابووری و سەربازی کورت بۆتەوە و یان بینیومانە سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە یەکجار ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەوان لە بواری دەستگەیشتن بە دەرفەتەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی پێکهاتەیی زۆر بوونەتەوە و دەبنەوە. ئەنجامی هەڵاواردنە پێکهاتەییەکان سنووردارbوونی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانە کە ئەمەش هەژاریی زێدەتری لێ دەکەوێتەوە. پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانە. بە هۆی نەبوونی یاسا بۆ ڕێککردنی پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکار لە کەرتی نافەرمی و دەور لێدانی یاساکانی لە کەرتەکانی دیکە خاوەنکاران کەڵکاوەژۆیی لە هێزی کار دەکەن و لە ڕاستیدا دەیانچەوسێننەوە. هەروەها پێویستە ئەوەش بکوترێ کە بە باوەڕی بنەماڵەی منداڵانی کار خاوەنکار

ســەرچاوەی دەســەڵاتە و لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشــنە ئازارێک بنەماڵە ماف بە خاوەنکار دەدا و دژی ناوەستێتەوە.

هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵان لە جۆری کارکردنیاندا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت. بۆ وێنە ئەو منداڵانەی کە لە گەڕەکی فەرەحزاد کار دەکەن، زیاتر دەچنە ناو کاری فیتەری و کاری سـەرشـەقام لە بەشـە باکوورییەکانی شـاری تاران، بەتایبەت لە گەڕەکی ٢ی شارەوانی، یان لە ناوچەکانی ناوەڕاستی شاری تاران، بەشێک لە منداڵان دەچنە ناو کارگاکانی بەرهەمهێنان و لە گەڕەکە باشـوورییەکانی شـاری تاران ژمارەیەک منداڵ لە کەرتی کشـتوکاڵ و کوورەخانەی خشـتپێژیدا کار دەکەن. فاکتەری کۆتایی کاریگەری و دەسـتێوەردانی بەها و ڕوانگەی منداڵان بەرامبەر بە کارە. وەک باس کرا ڕوانگـەکـان پێکهـاتـەیـەکی ئـایـدیـایی، مـەعریفی و سـۆزدارین و بـەهـاکـان شـتـە خواسـتراوەکانن. کار بۆ هەندێک منداڵ باشــە و ڕوانگەیەکی ئەرێنییان بۆی هەیە، چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە بە ئامانجەکانیان دەگەن. بۆ وێنە لەو شـوێنانەی کە پەروەردە دامەزراندنی لێ ناکەوێتەوە و لەم زەمینەدا بەربەسـتی پێکهاتەیی بوونی هەیە، بۆ وێنە منداڵانی پەنابەران و ئەو منداڵانەی کە لە ناوچە هەژارەکاندا ژیان دەکەن، ئەوە کارە کە کە ئەم ڕێگایەی بۆیان دابین کردووە.



دیمەنی شوێنی نیشتەجێبوونی بەشێک لە منداڵانی کار لەگەڵ خێزانەکانیان لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی باشووری تاران (وێنە هی توێژینەوەیە)

هەروەها تەمەن و ڕەگەز و ئێتنیک کاریگەری لە ســەر کاری منداڵان و جۆری کاری منداڵان دادەنێت. لە زۆر حاڵەتدا تەمەن ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت. بۆ

وێنە منداڵە بچووکەکان لە کارگەلی وەکوو دەستفرۆشی، سڕینی شووشەی پەنجەرەی ئۆتۆمبێل، گوڵفرۆشــی و ســواڵکردن زیاتر ســەرکەوتوو دەبن، چونکە باشــتر توانای ورووژاندنی بەزەیی و هاوســۆزی دیترانیان هەیە، لە کاتێکدا لە هەندێک کاردا کە پێویستیان بە ڕادەیەک لە هێزی جەستەیی و وردبینییە، وەکوو بیناسازی و قوڕەکاری، زبڵگەڕی، فیتەری، دروومان، لەحیمکاری، منداڵە گەورەترەکان بوونێکی تۆختریان هەیە، ئەگەرچی ڕەنگە منداڵە بچووکترەکانیش بەشــدار بن. بە هەمان شــێوە ڕەگەز و ئێتنیک لە جۆری کاری منداڵاندا ڕۆڵیان هەیە. کچان زیاتر لە کارەکانی وەکوو کاری ناوماڵ، کاری ماڵی، بەرگدووری و کاری دەســتی کار دەکەن، چونکە زۆرێک لە نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ناهێڵن کچان بە شــێوەی دیکە کار بکەن. تەنانەت ئەگەر کچەکان لە کاری سەر شەقام و دەستگێڕیدا چالاکی بکەن، هەتا بەر لە تەمەنی باڵقبوون لە لایەن پیاوانی بنەماڵەوە ئیزنی ئەم کارەیان هەیە، دوای ئەوە دەبێ لە ژوورەوە کار بکەن.

دوو دیاردەی تەوەریی ئەم توێژینەوە بریتین لە بازاڕی کاری نافەرمی و چەوســاندنەوە. بازاڕی کاری نافەرمی وەک یەکێک لە دیاردە تەوەرییەکان هەڵبژێردراوە، چونکە ئەمڕۆ بوومتە یەکێک لە گرینگترین کەرتەکانی کاری منداڵان. هەموو ئەو جۆرە کارانەی کە لە ســەر شــەقامەکان ئەنجام دەدرێ، زبڵگەڕی، گواســتنەوەی بار بە عارەبانە، کارکردن لە بەشــێک لە کارگای بەرهەمهێنان جۆرە سەرەکییەکانی کاری منداڵان لە بازاڕی کاری نافەرمیدان. ئەم بەشە لە ژێر کۆنترۆڵی یاســادا نییە و هەر لەبەر ئەوەش چاودێری ناکرێت. لێرەوە زەمینەی چەوســاندنەوە و ئازاردانی منداڵانی ڕەخساندووە. لەم کەرتەدا زۆربەی منداڵان نزیکەی یەک لە سەر پێنج تا یەک لە ســەر دەی حەقدەســتی ڕاســتەقینە وەردەگرن، هەر چەندە ڕەنگە ماوەیەکی درێژخایەن کار بکەن. هیچ گرێبەستێکی دادپەروەرانە لە نێوان خاوەنکار و منداڵدا بوونی نییە، هیچ بیمەیەک نایانگرێتەوە، لە زۆر حاڵەتدا خاوەنکار ئامادە نییە حەقدەســتەکانیان بدا، هەروەها لەکاتی بریندار بووندا دەبێ خۆیان تێچووی زۆری چارەسەرەکە بدەن.

لە کاتی کار و مەرجەکانیدا، منداڵان و بنەماڵەکانیان و ئێن جی ئۆکان کۆمەڵێ ســتراتیژ هەڵدەبژێرن کە گرینگترین ســتراتیژەکان بریتین لە: کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی منداڵ، بەنۆڕمکردن، ناوبژیوانێتی، لایەنە پەیوەندیدارەکان، کردارە چالاک و ناچالاکەکان. هەر یەکێک لەم ستراتیژانە لە بەشی پێشوودا بە وردی باس

کراون. دەتوانین بڵێین بۆ کەمکردنەوەی گیر و گرفتەکانی کار و لێکەوتەکانی، چاودێری منداڵان و کەمکردنەوەی ڕێژەی چەوساندنەوەی بنەماڵەی منداڵان، ئێن جی ئۆکان و منداڵان خۆیان کۆمەڵێک ڕێوشوێنی بەرفراوان دەگرنە بەر. ئەم ستراتیژانە هەندێک جار ئەنجامی باشیان لێ دەکەوێتەوە و هەندێ جاریش هیچیان لێ سەوز نابێت. بۆ وێنە پاڵپشتیی ئێن جی ئۆکان لە منداڵان لە ڕێگەی ناوبژیوانیی نێوان منداڵ و خاوەنکار و خێزانی منداڵەکە و خولەکانی ڕاهێنان و لێهاتوویی و تەنانەت پێشنیاری ئەو کارانەی کە کەممەترسیدارترن و ئەگەری فێربوونی پیشە لە لایەن منداڵەوە یەکێک لە ستراتیژییە گرینگەکانیانە.

کاری منداڵان دوو کۆمەڵە لێکەوتەی هەیە: گرووپێک لێکەوتەی نەرێنی و ناخۆشە، گرووپەکەی دیکەش دەتوانێ لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا ئەرێنی و دڵخۆشکەر بێت. گرینگترین لێکەوتە نەرێنی و ناخۆشەکان بریتین لە: بێبەشبوون لە خوێندن، نەبوونی ڕابواردن و کات بەسەربردن و خۆراکی گونجاو، کێشەی تەندروستی، بەئەزموونکردنی توندوتیژی و هەموو جۆرە مەترسییەک. هەر ئەم لێکەوتانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم چەشنە کارانە وەک کاری منداڵ پێناسە بکرێن و بۆیە پێویستە حکومەتەکان هەوڵی نەهێشتنی بۆ بدەن. تاقمێکی دیکەی لێکەوتەکانی کار لێکەوتە ئەرێنی و چێژبەخشەکانن بە پێی دۆخی ژیانی منداڵەکە و جۆری ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدا ئەرێنین - کە بریتین لە: ڕاهێنانی کارامەیی و بەرپرسیارێتی. پێویستە ئەو خاڵەش زیاد بکرێ کە ئەم ئەنجامە ئەرێنیانە هەرگیز کاری قورس و زیانبەخش بۆ منداڵان ناگرێتەوە، و تەنها ئەو کارانە دەگرێتەوە کە منداڵەکە جگە لە پرۆسەی گەشەکردنی سروشتیی خۆی، فێری پیشەیەک دەبێ کە لەو ڕێگەوە دەتوانێ لە داهاتوودا بژێویی ژیانی تێدا دابین بکات.

## ڕێکارە کردەییەکانی کەمکردنەوەی کاری منداڵان

ئەو مۆدێلە پارادایمییە کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا خراوەتە ڕوو، بە باشی زەمینە و لێکەوتەکانی کاری منداڵانی نیشان داوە. ئەو ڕێکارانەی کە بۆ کاری منداڵان پێشنیار دەکرێن لە سەر بنەمای مۆدێلی سەرەوە و کۆمەڵێک پێشنیار لە ڕەهەندی جیاوازدا بیچمی گرتووە. بەشێکی بەرچاوی کێشەی کاری منداڵان یاسایی نییە، بەڵکوو لە چەشنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە. بۆ وێنە قەدەغەکردنی یاسایی کاری منداڵان بە تەنیا کێشەی کاری منداڵان چارەسەر ناکا، بەڵکوو پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە. لەم بەشەدا بە مەبەستی نەهێشتن و

کەمکردنەوەی کاری منداڵان و بەتواناکردنی بنەماڵەی منداڵانی کار و خودی منداڵان کۆمەڵێک ڕێکار پێشنیار کراوە. وەک بەڵگەکانی بەشەکانی پێشوو دەریانخست، دیاردەی فۆڕمی جۆراوجۆری کاری منداڵان لە تاران زیاتر پەرەی سەندووە و سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی لە سەر بنەمای هۆکار و فاکتەری جۆراوجۆر ڕووی داوە، کە لەم لێکۆڵینەوەدا بە پێی ئەنجام و تێبینییە مەیدانییەکان، ئەم فاکتەرانە دەستنیشان کراون. لەم بەشەدا باس لە چارەسەرە پێشنیارکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەکەین. ئەم ستراتیژانە لە ناو دڵی ئەنجام و دۆزینەوەکانی مۆدێلی توێژینەوە وەرگیراون و بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە مەبەستی بنەبڕکردن و نەهێشتنی تەواوەتی دیاردەی کاری منداڵان خراونەتە ڕوو و هۆکار و فاکتەری ڕوودان یان زەمینەی سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم دیاردە تاوتوێ دەکەن. هەرچەندە ڕەنگە جێبەجێکردنکردنی ئەم پرۆسە و دەرەنجامی ڕێکارە بنەڕەتییەکان لە کورتخایەندا مومکین نەبێ، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە بۆ نەهێشتنی کاری منداڵان، پێویستە ئەم پرسانە تاوتوێ بکرێن، کە لە خوارەوە بە تەواوی باسی دەکەین.

1) گەشەسەندنی ناهاوسەنگ لە وڵاتدا لە سەر سەرچەشنی ناوەند – پەراوێز و هەڵاواردن لە دژی هەندێک گرووپی ئێتنیکی و نەتەوەیی و ئایینی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەژاری و بێبەشیی هەندێک کەس لە ئێرانە. ئەمڕۆ زۆرێک لە بنەماڵەکان و منداڵان لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە، بە زۆرینەی گرووپە ئێتنیکییە تایبەتەکانەوە بە نیازی دۆزینەوەی هەلی کار و دابینکردنی بژێویی ژیانیان بە شێوەی هەمیشەیی یان کاتی، بەرەو تاران و کەڵەشارەکانی دیکە کۆچ دەکەن. ڕاستە کە لە پلانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا جەخت لە سەر گەشەسەندنی ئابووریی هاوسەنگ کراوەتەوە، بەڵام هێشتا نایەکسانییەکی قووڵ لەم وڵاتەدا دەبینین. بۆیە دامەزراوە پلاندانەرەکانی وەکوو ڕێکخراوی پلاندانان و بودجە، و دەزگاکانی دیکەی حکومەت پێویستە بە مەبەستی گەشەپێدانی ناوچە پەراوێزییەکان بەرنامەی جیاکاریی ئەرێنی لە پلانەکانیاندا پەیڕەو بکەن بۆ ئەوەی بتوانین هەندێک پێشکەوتن لەم بوارانەدا ببینین، چونکە ئەو ناوچانە یەکێک لە ناوەندەکانی کۆچکردن و سەرچاوەی کاری منداڵانن.

2) لە زۆرێک لە ناوچە پەراوێزییەکانی ئێران و تەنانەت لە نێو چینی پلە نزمیشدا، دەرفەتە ئابوورییەکانی پەیوەست بە پەروەردە کەمن. کاتێک پەروەردە نابێتە هۆی دامەزرلندن، خێزلنەکان سەرمایە بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان تەرخان ناکەن، چونکە

پێیان وایە ئەم سەرمایەدانانە لە داهاتوودا ناگەڕێتەوە و هیچی لێ سەوز نابێ و دامەزراندنی منداڵەکانیانی لێ ناکەوێتەوە و دواجار سەرمایەکەیان و ساڵانی تەمەنی منداڵەکە بەفیڕۆ دەچێت. لەبەر ئەوەیە کە خێزانەکان پاڵپشتیی پەروەردەی منداڵەکانیان ناکەن و دژی بەردەوامیی خوێندنیانن و لە ئەنجامدا بۆ کارکردن دنەیان دەدەن. وەک باس کرا، دایکان و باوکان پێیان وایە پەروەردە نابێتە هۆی دامەزراندن، و ئەوە فێربوونی کارێکی کردەییە کە ئاستی پیشەکەیان بەرەو پێشەوە دەبا، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو کارانەی کە منداڵان هەڵیدەبژێرن، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە قورس و خەسارەتبەخشن و لێکەوتەی نەرێنی و ناخۆشی جەستەیی و دەروونییان هەیە؛ دووهەم: ئەم کارانە هەمیشەیی نین و هەر کە منداڵەکانیان بێکار دەبن، دیسان دەچنەوە ناو سووڕی خراپی هەژاری و بێکارییەوە؛ و سێیەم: ئەم کارانە بە هۆی کاری قورس و زوو چوونە ناو بازاڕی کارەوە دەبێتە هۆی خانەنشینیی پێشوەختە و ئەم جۆرە کەسانە لە تەمەنی گەنجی و سەرەتای پیرێتیی خۆیان تووشی چەندین گرفتی جەستەیی دەبن. تەنانەت بۆ خودی منداڵەکانیش درێژەدان بە خوێندنیان وەک بژاردە لە قەڵەم نادرێ، چونکە دەزانن گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆ وێنە دۆزینەوەی هەلی کار، لە ڕێگەی خوێندنەوە مومکین نییە. بۆیە پێویستە لەم ناوچانەدا پیشەکان بەتایبەت ئەو کارانەی کە پەیوەندییان بە پەروەردەوە هەیە، گرینگیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەردەوامبوون لە خوێندن ڕێگری لە کارکردنی منداڵان بکرێ و بەتوانا بکرێن.

3) دەستنیشانکردنی منداڵانی کار و خێزلنەکانیان لە پلانێکی نیشتمانیدا و دانانی بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بەتواناکردنی خێزانەکان یەکێک لە ڕێکارە بنەڕەتییەکانە. لە ئێراندا ڕێکخراوی بێهزیستی بەرپرسی پشتیوانیکردن لە خەسارەبەرکەوتووانی کۆمەڵایەتییە. بە کۆمەک و هاوکاریی ڕێکخراوەکانی دیکە کە ئەرکی پشتیوانی و پەروەردەییان هەیە، وەکوو کومەیتەی ئیمداد، ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی خۆشگوزەرانی، هەرەوەرزی و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ئابووری، ئیدارەی کاروباری پەنابەرانی بیانی، و وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان، دەبێ منداڵانی بەرمەترسی، دابڕاو لە خوێندن و ناچار بە کاری زۆرەملێ بناسێ و بە بەتواناکردنی بنەماڵەکانیان لە سووڕی کاری ناچاری ڕزگاریان بکات. ئەم ڕێگایە بە باشترکردنی بارودۆخی ئابووریی بنەماڵەکانیان، دابینکردنی تێچووی پەروەردەی منداڵان و پێدانی هەلی کار بە سەرپەرشتانی بنەماڵە

مەیسەر دەبێت. ئەم داکۆکییانە تەنیا داکۆکیی ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکوو دەبێ بە پێی هەر حاڵەتێک، پێداویستییەکانی منداڵ وەکوو (تەندروستی - لەشساغی، نیشتەجێبوون، پەروەردە و خۆراک) دەستنیشان بکرێ و پشتگیری لێ بکرێت. لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ پرۆژەی وەکوو دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە و هاوکاریکردنیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ قوتابخانە بەردەوام بووە. ئەم پلانانە لە خۆیاندا بایەخدارن، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بەبێ کەمکردنەوەی ئاستی هەژاریی خێزانەکان، لەوانەیە ئەم منداڵانە جارێکی دیکە واز لە خوێندن بهێنن و بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. لەم ڕووەوە پێویستە هەندێک پشتیوانیی حکومەت بۆ ئەم منداڵانە و خێزانەکانیان بە مەرجی بەردەوامبوونی منداڵەکە لە خوێندن هەبێت. موسەوی چەلەک سەرۆکی کۆمەڵەی چاودێریی کۆمەڵایەتیی ئێران لە وتووێژێکدا وتی:

یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە حکومەت سیستەمی فرەلایەنی دابینکردنی کۆمەڵایەتی پەسەند بکا و بیکا بە یاسا کە لەم یاسادا سیستەمێکی دەستنیشانکردن و داکۆکیی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێ و [منداڵان] بە پێی بارودۆخیان دەستنیشان بکرێن، هەندێ جاریش بە هۆی بارودۆخی تایبەتەوە پاڵپشتی و داکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە قۆناغ قۆناغ، بوونی ڕێکخراوە بیمەییەکان و وەرگرتنی مووچەی مانگانە لە سیستەمی بیمە. هەنگاوی دووەم بریتییە لە دەستنیشانکردنی کارگاکان، پەیوەندیی لەگەڵ کارگاکان، و ئاسانکاری بۆ منداڵان بۆ دەستڕاگەیشتن بە یارمەتیی کۆمەڵایەتییەک کە بە پێی پێداویستییەکانیان بێ، و بەستێنێکیان بۆ ساز بکا کە وەک منداڵێک لە ناو کۆمەڵگادا لە مافە شارۆمەندییەکان سوودمەند بن و بێگومان بەدواداچوون بۆ ئەو ناوەندانە بکەن کە ئیش بە منداڵان دەکەن.

4) کاری منداڵان لە ناو کۆچبەرلندا بەتایبەت کۆچبەرە ئەفغانی و کۆچبەرەکانلدا زۆر باوە. کۆچبەران لە سۆنگەی یاساییەوە لە زۆرێک لە دەرفەتەکانی وەکوو کارکردن لە زۆر پیشەدا و هەبوونی خانووبەرە بێبەشن. ئەم جیاکارییە پێکهاتەییانە پەرە بە هەژاریی زیاتر دەدەن و کێشەگەلێکی لێ دەکەوێتەوە کە تێچوویەکی زۆر ئاوقانی ئێران دەکات. بۆیە پێشنیار دەکرێ کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەستێوەردانی سیاسی و یاسایی هەڵواردنی پێکهاتەیی لە دژیان نەمێنێ و خێزانەکانیان بە کارە قازانجدارەکانەوە ببەستێتەوە. هەروەها بۆ گۆڕینی بارودۆخی منداڵانی کار پێویستە لە خوێندنی بێبەرامبەر سوودمەند بن. هەروەها منداڵانی کۆچبەر لە بواری پەروەردەدا

لە زۆرێک لە دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕووبەڕووی بەربەستی پێکهاتەیی و سنووردارییی ڕێکارەکان دەبنەوە. بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەبێ ئەوەی ئاستەنگ بخاتە بەردەم خۆیانیان و خێزلنەکانیان پلانی گشتگیر بۆ پەروەردەی ئەو منداڵانە ئامادە بکات. بەڕێوەبەری یەکێک لە ئەنجومەنەکانی تایبەت بە کاری منداڵان ڕایگەیاند:

بڕولنە ئەملنە هاتوونەتە ناو وڵاتێک کە ئێمە هیچ خانەخوێیەکی باش نین. ئێستا دەتوانن لە قوتابخانەکاندا ناونووسی بکەن، هەر ئەم ناونووسین لە قوتابخانانە خۆی پڕۆژەیەکە؛ هەموو ساڵێک دەبێ بچنە ئیدارەی پەنابەران، لەوێ نامە وەربگرن، ئیدارەی پەنلبەران جاری وایە نامە دەدا و جاری واشە نایدات. ئەم چوونە قوتابخلنە پڕۆژەیەکە دەی قوتابخانەش بە دووچاوەکی و جیاکارانە لێیان دەڕوانن. بۆ وێنە من باشم لە بیرە درگاوانێک لە قوتابخانەکەیاندا بوو - قوتابخانەکە قوتابییە ئێرانی و پەنابەرەکانی لێک جیا کردبۆوە، دانگی بەیانی ئێرانییەکان و دانگی پاشنیوەڕوان پەنابەرەکان دەچوونە قوتابخانە - کە ئەم درگاوانە لای بەیانی دەبوو بە مامۆستای دانگی پاشنیوەڕوان. ڕەنگە ئەو درگاوانە کەسێکی خوێندەوار بێ، بەڵام ئەمە جیاوازییە منداڵەکانی ئازار دەدا. منداڵەکانیش زۆر بە باشی جیاوازی ئاستی کوالێتی وانەوتنەوەی دانگی بەیانی و پاشنیوەڕۆیان بۆ دەرکەوتبوو ئەگەرچی کوالێتیی هیچیان لە ئاستێکی ئەوتۆدا نییە، بەڵام ئەمە لە دانگی بەیانان خراپترە.

5) هەنلێک منداڵ هیچ بەڵگەی ناسنامەیان نییە بۆیە ناتوانن لە قوتابخلنەکان بخوێنن. پێویستە بە ناساندنی ئەم کۆمەڵە منداڵە، بەڵگەی ناسنامەیان بۆ دەربکرێ و دواتر هەوڵ بۆ خوێندنیان بدرێت.

بەڕێوەبەری یەکێک لە ئێن‌جی‌ئۆکانی داکۆکی لە منداڵان لەم بارەوە وتی:

کێشەی سەرەکیی سیاسەتی ناڕوونی ئێمە بەرامبەر بە ئەفغانییەکانە؛ یان دەبێ دەست بە کار بن، ناسنامە وەربگرن، ڤیزە وەربگرن، بە شێوەی فەرمی بێن و دواتر دوای ماوەیەک وەربگیرێن، یان پێویست نەکا بێن. ئەم قەبارە گەورە بەڕێوەن، بەڵام بە ئیمکانیاتی کەمەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە سیاسەتی دروستمان نییە، چ بۆ ئەم منداڵانە و چ بۆ منداڵانی ئێران. ئێمە هیچ سیاسەتێکمان نییە، نامانهەوێ هەژاری بنەبڕ بکەین. ئێمە پشتگیریی لە کارخولقێنەران دەکەین، لە حاڵێکدا دەبێ پشتگیری لە خاوەن کارگاکان بکەین، چونکە کاری کارخولقێن کاتییە.

6)ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) یەکێک لە کاریگەرترین نووێلەکانی

داکۆکی لە مافی منداڵان و پاراستنی منداڵان لە کار و مەترسییەکانیەتی. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ڕۆڵی کاریگەری ئەم ڕێکخراوانەشیان لە پشتگیریکردنی منداڵانی کار نیشان دا. بەڵام بۆ کارایی باشتر، ئەم ڕێکخراولنە پێویستیان بە پشتگیرییە، بەتایبەت پشتگیریی یاسایی. لە بواری حوکمڕانیدا، پێویستە نەک تەنها دەبێ ڕوانگەی ئەمنییان لە سەر هەڵبگیرێ، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆر پشتگیری بکرێن، چونکە ئەوان یەکێک لەو دامەزراوە دەگمەنانەن کە توانیویانە بە کۆکردنەوەی شارۆمەندان زەمینەی داکۆکیی کاریگەر بۆ پشتگیری منداڵانی کار و خێزانەکانیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە وەزارەتی ناوخۆ میکانیزمی جۆراوجۆر بەتایبەت وەزارەتی پەروەردە، ئەم ڕێکخراولنە بەرەو بەتولناکردنی منداڵانی کار دنە بدا و پاڕلەمان یاسای ئەم ڕێکخراوانە ئامادە و پەسەند بکات.

7) ژمارەیەک منداڵ بە هۆی بەدسەرپەرشتی و بێسەرپەرشتی و بابەتی پەیوەندیداری دیکەی وەکوو هەژاری، دەچنە ناو سووڕی کارەوە. هەرچەندە یاسای داکۆکی لە منداڵان و مێرمنداڵانی بێسەرپەرشت و بەدسەرپەرشت لە ساڵی ١٣٩2ی هەتاوی پەسەند کراوە و بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ڕاگەیەندراوە، بەڵام ئەم یاسایە منداڵانی کۆچبەری بیانی ناگرێتەوە و هەتا ئێستاش لە بواری منداڵانی ئێرانیشدا بە باشی جێبەجێکردن نەکراوە. دەزگا حکومەتی و دەوڵەتییەکان، وەکوو بێهزیستی و کومەیتەی ئیمداد، پێویستە ئەم منداڵانە دەستنیشان بکەن و هەتا ئەو کاتەی لە ڕووی ئابوورییەوە پێ دەگەن پاڵپشتیان لێ بکەن و زەمینەی سەرپەرشتییان لە لایەن ئەو کەسانەوە بۆ خۆش بکەن کە ئامادەن سەرپەرشتیی ئەم منداڵانە قبوڵ بکەن. بۆ وێنە ئەمڕۆ داواکاری بۆ خاوەنداریێتیی منداڵ لە ڕێگەی دایکی جێگرەوە شیاوی سەرنجە، لە کاتێکدا دەتوانین هەندێک پلان و میکانیزم بەکار بهێنین بۆ ئەوەی ئەم خێزانانە ڕازی بن کە منداڵی کار وەک منداڵی خوێنراوی خۆیان بەخێو بکەن.

8) یاسای قەدەغەکردن و داپەڕی خێرا بۆ بنبڕکردنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان و پێشنیارنامە تەواوکەرەکەی لە ساڵی 2001 پەسەند کرا. لە مادەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە؛

بەپێی ئەم کۆنوانسیۆنە "خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان" ئەمانەی خوارەوەن:

ئەلف) هەر هەموو جۆرەکانی کۆیلەتی یان شێوازە هاوشێوەکانی کۆیلایەتی، وەکوو فرۆشتن و قاچاغکردنی منداڵان، بەندایەتی بە هۆی قەرز و ڕایەتی و کار یان زۆرداری یان ناچاری، وەکوو کارپێکردنی بە زۆر یان زۆرەملێی منداڵان بۆ بە

کارهێنانیان لە تێکهەڵچوونی چەکدارانەدا.

ب) بە کارهێنان، دابینکردن، یان پێشکەشکردنی منداڵان بۆ لەشفرۆشی، بەرهەمهێنانی پۆرنۆگرافی یان نمایشی پۆرنۆگرافانە.

پ) بە کارهێنان، دابینکردن، یان خستنە ڕووی منداڵان بۆ کاری نایاسایی، بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر، بەو شێوەی کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا پێناسە کراون.

ت) کارێک کە بە هۆی تایبەتمەندییەکەی یان ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێ، ئەگەری ئەوە هەیە زیانی بۆ تەندروستی، پارێزراوی یان ئەخلاق و ڕەوشتی منداڵان هەبێت.

یان لە بەشێکی تری ئەم یاسایەدا باس لە کارە مەترسیدارەکان کراوە:

لە دیاریکردنی جۆرەکانی کار بابەتی بڕگەی (د)ی مادەی (٣)ی کۆانسیۆن و لە دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە ئەو کارانەیان تێدایە، ئەمانەی خوارەوە لە بەرچاو بگیرێ:

ئـ - ئەو کارانەی کە منداڵان بەرەو ڕووی دەستدرێژیی جەستەیی، دەروونی، یان سێکسی دەکاتەوە.

ب) کارکردن لە ژێر زەوی، ژێر ئاو، بەرزاییە مەترسیدارەکان، یان لە شوێنی داخراو.

پ) کارکردن بە ئامێر و ئامراز و کەرەسەی مەترسیدار، یان کارێک کە بریتییە لە گواستنەوە یان هەڵگرتنی باری قورس بە دەست.

ت) کارکردن لە ژینگەیەکی ناتەندروست کە ڕەنگە بۆ وێنە منداڵان تووشی مادە، هۆکار یان پرۆسەی مەترسیدار بکا، یان بیانخاتە بەر پلەی گەرمی، دەنگ، یان لەرزینێک کە زیان بە تەندروستییان دەگەیەنێت.

ج) کارکردن لە ژێر بارودۆخێکی زۆر سەختدا، وەکوو کارکردن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یان شەوانە یان کارکردن لەو شوێنانەی کە منداڵەکە بە شێوەیەکی نائاسایی لە کارگای خاوەنکاردا قەتیس کراوە.



وێنەی منداڵێک کە لە کەرتی خەسارچووەکانی ئاسن لە دەڤەری خەلەزیر کار دەکا (وێنەکە لە توێژینەوە وەرگیراوە)

زۆرێک لە جۆرەکانی کاری منداڵان کە لەم توێژینەوەدا لێکۆڵینەومیان لە سەر کراوە بە خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان دادەنرێن، وەکوو زبڵگەڕی، لەحیمکاری، گواستنەوەی عەرەبانە، کاری سەر شەقامەکان، کارکردن لە مەیدانەکانی میوە و تەڕەبار، کوورەخانەی خشتپێژی، کارەکانی ماڵەوە، کارکردن لە مەزرا و کێڵگەی کشتوکاڵ و هتد. ئێستا ئەو پرسیارەی دێتە بەرچاو ئەوەیە: بۆچی سەرەڕای پەسەندکردن و ڕاگەیاندنی یاسای قەدەغەکردن و داپەڕی دەستبەجێ بۆ نەهێشتنی خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان، کە لە ساڵی ٢٠٠١ پەسەند کرا و ڕاگەیەندرا، هێشتا شایەتی ئاشکراترین و خراپترین جۆری کاری منداڵانین؟ یەکێک لە وەڵامەکانی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنکردنی ئەم یاسایە دلنەنراوە، یاخود دەزگاکانی ئێستای حکومەت بۆ وێنە وەزارەتی ڕفاهـ (خۆشگوزەرانی) وەک پێویست ئەم یاسایە جێبەجێکردن ناکەن. بۆیە پێشنیار دەکرێ ئەم یاسایە کە یەکێک لە یاسا پێشەنگەکانی بواری قەدەغەکردنی خراپترین جۆری کاری منداڵان بە شێوەیەکی دروست و تەواو جێبەجێکردن بکرێ و دەزگا چاودێرییەکانی وەکوو مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و کۆڕی لێکدانەوەی بەرژەوەندیی ڕژێم بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنکردنی بکەن.

9) خێزانە پڕحەشیمەتەکان یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵانن.

بەشـێک لە منداڵانی توێژینەوەکە لە خێزانی پڕحەشـیمەت و زۆر پڕحەشـیمەتدا دەژین. هەروەها توێژینەوەکان دەریانخسـتووە کە هەژاری پەیوەندی ڕاسـتەوخۆی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوونەوە هەیە. بۆیە پێشـنیار دەکرێ کە لە سـیاسـەتی حەشیمەتیدا گرینگییەکی تایبەت بە بەرزنەبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت لە ناو بنەماڵە هەژارەکاندا بدرێت. ئەم نیگەرانییە هەیە کە جەختکردن لە سـەر هەڵکشـانی ڕێژەی حەشـیمەت بە سـنووردارکردنی هەندێک پلانی ڕێگری لە دووگیانی دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی حەشـیمەتی ناو خێزانە هەژارەکان. زیادبوونی حەشـیمەت لە ناو ئەم بنەماڵانەدا تەنیا دەبێتە هۆی هەندێک کێشـە و خەسـارەتی زیاتر، بۆ وێنە کاری منداڵان. بۆیە پێشـنیار دەکرێ کە پلانی بەرگری لە دووگیانی بخرێتە بەردەسـتی ئەم خێزانانە و پشـتیوانیی مەرجدارانە بەتایبەت پشـتگیریی دارایی پێشـکەش بەو خێزانە هەژارلنە بکرێ کە ژمارەی حەشـیمەتیان زۆرە؛ واتە پاڵپشـتییەکە بە نەخسـتنەوەی منداڵی زیاتر و ناردنی منداڵ بۆ قوتابخانە و بەکارنەهێنانی هێزی کاری ئەو منداڵانە مەرجدار بکرێت. لەم ڕووەوە پێشـنیار دەکرێ ئەو بنکە تەندروسـتییانەی کە لەم گەڕەکلنەدان و نیازی ئاگادارکردنەوە و ڕێکخسـتنی خێزانیان هەیە خزمەتگوزاری و پەروەردەی بێبەرامبەر پێشـکەش بکەن، هەروەها پێویسـتە ئەم پڕۆژە لە ناوچە پڕخەسارەتەکانیشدا دەست پێ بکات.

10) ژمارەیەک منداڵ لە توێژینەوەکەدا ڕایانگەیاندووە کە یەکێک یان ژمارەیەک لە ئەندامانی خێزانەکەیان گیرۆدە بە مادەی هۆشـبەرن و بە هۆی لاکەوتەیی کە ئەنجامی گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشـبەرە و لاوازی لە دابینکردنی بژێویی ژیان و دابینکردنی تێچووی مادەی هۆشبەر بۆ کەسی گیرۆدە کە ئەندامی بنەماڵەیە منداڵەکە دەنێرنە بەر کار. ڕێکارە پێشـنیارکراوەکانی کەمکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کاری منداڵان و گیرۆدەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشـبەر بریتین لە: چاککردنەوەی دایک و باوکی گیرۆدە بە مادەی هۆشبەر و باشترکردنیان لە ڕێگەی ئەو ناوەندانەی کە منداڵانیان خسـتۆتە ژێر چاودێریی خۆیانەوە، وەکوو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (**NGO**) و بێهزیسـتی کە لە ڕێگەی پێدانی ڕاوێژ بە کەسـی گیرۆدە و بەڕێوەبردنی خولی وازهێنان لە مادەی هۆشـبەر و تەنانەت خۆپاراسـتن لە گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشـبەر و ناسـاندنیان بە ناوەندەکانی وازهێنان لە مادەی هۆشـبەر (کەمپ) لە سـەر خواسـتی کەسـی گیرۆدە و بەکارهێنانی ئاراسـتەی ئەنگێزەیی و پاڵنەری ئیش لە سـەر سەرپەرشتیاری گیرۆدە بە مادەی هۆشبەر بکەن.

11) تێچووی خوێندن و سیستەمی پەروەردەی ناکارامە و نزمیی کوالێتیی قوتابخانە و مامۆستایان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کاری منداڵانە. منداڵان تەنها لە درێژەی ساڵی خوێندندا خەرج دەخەنە سەر شانی خێزان، و ئەم خەرجانە کاتێک دەگەڕێندرێنەوە کە دوای تەواوکردنی خوێندن کار بکەن. بەشێک لە ماڵەکان کە لەو ناوچانەدا دەژین کە ئاستی پەروەردەیان نزمە، پێیان وایە بە هۆی نزمیی ئاستی پەروەردە، منداڵەکانیان لە داهاتوودا ناتوانن ڕکابەریی لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بکەن کە لە قوتابخانە ئاست بەرزەکاندا دەخوێنن. لە ئەنجامدا لە داهاتوودا پێ ناچێ ئەو تێچووەی کە بۆ خوێندنی منداڵەکە سەرف کراوە قەرەبوو بکرێتەوە. بۆیە خوێندنی منداڵ تەنها بەهەدەردانی ژیانی منداڵ و سەرچاوە داراییەکانی خێزانە. لە وەها دۆخێکدا ئەو خێزانانە بڕیار دەدەن منداڵەکەیان بنێرن بۆ کار. هەروەها بە کاڵاکردنی پەروەردە و تێچووی زۆری خوێندن فشارێکی زیاتری خستۆتە سەر خێزانەکان بەتایبەت خێزانە کەم داهاتەکان. بەتایبەت بۆ منداڵانی ئەفغانی کە ناسنامەیان نییە و بە خۆڕایی ناتوانن بچنە قوتابخانە حکومییەکان. هەندێک لە منداڵان بۆ ئەوەی پارەی خوێندنەکەیان دابین بکەن کار دەکەن. بۆ وێنە تێچووی سەرسوڕهێنەری تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن (کونکوور)، لەوانەش کتێبی دەرسیی تاقیکردنەوەی کونکوور و خولە ڕاهێنانییەکان، کێبڕکێیەکی وێرانکەری لە ناو خوێندکاران و خێزانەکانیاندا دروست کردووە. لەم دۆخەدا کە دادپەروەریی پەروەردەیی بوونی نییە، منداڵ دەبێ یان لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن و هۆڵەکانی زانکۆ بێبەش بێ یان بچێتە ناو پەیوەندییە داراییەکانیەوە کە دەبێ کار بکا بۆ ئەوەی پارەی بۆ بدات. بێگومان کاریش پرۆسەی پەروەردە تێک دەدات. بۆیە پێشنیار دەکرێ کە بواری پەروەردە بۆ گەڕەکە بێبەشەکان و خێزانە هەژار و دەستنەڕۆکان بە شێوەی بێبەرامبەر بێ و تەنانەت هاوکاریی ئەم خانەوادانەش بکرێت. هەروەها ڕێکخراوە جەماوەرییەکان **(NGO)** پێویستە بەشێک لە پشتگیرییەکانیان لە سەر ئەم بابەتە چڕ بکەنەوە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵگەی ئاماری منداڵانی کاری ئەفغانستانن و ژمارەیەکی زۆریان ناسنامەیان نییە و لە ئەنجامدا، بۆیان نییە قوتابخانەی حکوومیدا بخوێنن، کەواتە پێشنیار دەکرێ کە پەروەردە و ڕاهێنان و ئێن‌جی‌ئۆکانی تایبەت بە منداڵانی کار و ئێن‌جی‌ئۆی تایبەت بە منداڵانی پەنابەری کار لە بواری بەبێبەرامبەرکردنی خوێندن بۆ منداڵە پەنابەرەکان و یان دابین‌کردنی تێچووی خوێندنیان هەندێ داپەڕیان هەبێت.

12) هەندێک منداڵ وازیان لە خوێندن هێناوە یان لە تەمەنێکی گەورەتردا لە سەر خوێندن بەردەوامن. ئەم منداڵانە بە ئەستەم خۆیان لەگەڵ قوتابخانە و پۆلەکاندا دەگونجێنن. لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی لە خوێندن بەردەوام بن و گەشە بکەن، پێویستیان بە خزمەتگوزاریی زیاترە وەکوو خزمەتگوزاریی یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، پۆلی زیادە و شێوازی فێرکردنی داهێنەرانەیە کە پێویستە ئەم خزمەتگوزارییانەیان بۆ دابین بکرێت.

یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوێکی جەماوەری (**NGO**) لە گەڕەکی فەرەحزاد ڕایگەیاند:

ئەوان هەندێک لاوازی لە خۆیاندا دەبینن چونکە هەیانە. بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ڕاهێنانی تواناکانی ژیان. بۆ وێنە کێشەیەک کە هەمیشە لە منداڵانی کاردا هەیە، باسی بەڕێوەبردنی کاتە، کە بەڕێوەبردنی کاتیان نییە، کاتێکیش تووشی کێشەیەک دەبن، تووشی چالنج دەبن و پێیان وایە ئەوە کەسانی دیکەن کە ناچاریان دەکەن و ئەمە دەبێتە کێشەیەکی دەروونیی بۆ ئەوان. بەشێکی دیکە پرسی پەیوەندیی کاریگەرە، کە لە ڕاستیدا زۆر جار نازانن چۆن گفتوگۆیەکی تەندروست ساز بکەن. بێگومان ناحەقیشیان نییە. بۆ وێنە هەمان ئەو منداڵەی کە ماومیەکە لە کارگادایە، ماومیەک دەستفرۆش بووە، بۆ وێنە ماومیەک دەیگوت "پووریّ گۆرەویم لیّ بکڕە" جا لەولنەیە جنێوێکیشی پیّ بدریّ، بە توندی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکریّ و ئەگەر چاوەڕێی ئەوە بین کە شێوازی هەڵسوکەوت بزانیّ و پەیوەندی ساز با، دەی چاوەڕوانییەکی زۆرە. کاتێک دەچنە شوێنێکی وەکوو کارگا، پێویستە فێری ئەوە بکرێن، و یەکێک لەو بابەتانەی کە زۆر جار منداڵان نایزانن خۆپاراستنە. ئەم ڕاهێنانی خۆپاراستنە دەبیّ بە پێی تەمەنی منداڵ لەم بەشەدا فێری منداڵان بکریّ و پرسێکی دیکە کە هەیە ئاراستە بکرێن، بەهرەیان بدۆزرێتەوە، بەرەو شتێک دنە بدرێن کە لە ڕاستیدا فێری دوو شتیان بکا لێهاتوویی و هەستکردن بە داهێنان؛ ئەوەی کە دەتوانم شتێک بخولقێنم، چونکە ئێمە لەم بوارەدا، من خۆم لێرە ئەزموونێکی سەرکەوتووم هەبووە: یەکێک لە منداڵەکانمان، دەستفرۆشێک بوو، یەکەم ساڵ بوو کە هاتم، ئەو بە هۆی شەڕەنگێزییەوە ڕەوانەی لای من کرا. دوای ئەوەی قسەمان کرد، ئینجا پشکنینی شەڕەنگێزیمان بۆی ئەنجام دا، بینیمان کە تاقیکردنەوەکەی ئەرێنییە. کەمێک دواتر ئاستی خەمۆکییەکەی بەرز بووەوە. پاشان قسەم کرد و بینیم کە لە بەر ئەوەی کە دەچێتە چوارڕێیان گۆرەوی دەفرۆشیّ، سووکایەتی پێدەکریّ، هەراسان دەکریّ بە

لایەوە ناخۆش بوو. بۆ وێنە دەیگوت "من ڕقم لە خۆمە. بۆ وێنە هەندێک جار حەزم لە لێدانی خەڵکە، چونکە هەمیشە قسەم پێ دەڵێن". هەر وا بێتەوە کوڕێکی لووتبەرزیش هەبوو، قسەم کرد و ئەوانە. بۆ وێنە ئێستا هەندێ سۆزی و بەڵێنمان پێ دا کە ئێمە ئەمە دەکەین و ئەوە دەکەین، بە مەرجێک تۆ کار نەکەی. بینیمان کە جێبەجێکردن نابێ، بەو شێوە لە ڕاستیدا نەمتوانی ئەو کارە کەم بکەمەوە یان بنەبڕی بکەم. پاشان وتم باشە ئەگەر دەتهەوێ کار بکەی حەزت لەم کارە هەیە. تۆ دەڵێی ئەم ئیشەم پێ خۆش نییە دەی چ ئیشێکت پێ خۆشە. وتی من حەزم لە فیتەری یان سافکارییە. پاشان باسی ئەمەم کرد، هەر لە فەرەحزاد، مەیدانی فەرەحزاد، لەگەڵ سافکارێک قسەمان کرد؛ ئەم کابرا بەڕێزێکی زۆر خوێندەوار بوو و بەڕاستی پێکەوە قسەمان کرد، ئەم کوڕە چوو بۆ لای و ئێستاش لە هاویندا لەوێ کار دەکا، وانەکانیشی دەخوێنێ؛ واتە پەیوەندییەکەشی لەگەڵ خاوەنکارەکەی لە ڕادەبەدەر باشە و ڕازییە. هەندێک جار پێم وایە دەبێ لە دەرچەیەکەوە بچیتە ناو دنیای منداڵەکە، ئەو ئەگەر پێویستی بە کارکردنە با ئیش بکا، بەڵام دەبێ بۆ کارێکی لەبار ڕێنمایی بکرێت.

13) پێویستە دەستڕاگەیشتن بە دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ هەمووان یەکسان بێ، بۆ ئەوەی منداڵانی ناوچە بێبەش و پەراوێزخراوەکان بتوانن لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونیان سوودیان لێ ببینن، چونکە ئامارەکان دەریانخستووە کە زۆر جار منداڵان بە هۆی نەبوونی ئیمکانیات و دامەزراوە پەروەردەییەکان و قوتابخانە دەوڵەتییەکان لەو ناوچەی کە تێیدا دەژین واز لە خوێندن دەهێنن. وەک وتمان زۆرێک لە منداڵان لە شوێنەکانی وەک کوورەخانەی خشتپێژی، مەزرا و کێڵگەی کشتوکاڵ، زبڵخانە و هاوشێوەکانی دەژین، کە هیچ قوتابخانە و ڕێکخراوێکی ناحکوومی تێدا نییە. پێویستە هەندێ میکانیزم بۆ پەروەردەکردنی منداڵان لە نزیک ئەم ناوچانە دابڕێژرێت. قوتابخانەی گەڕۆک و کانێکس دەتوانێ بژاردەیەکی باش بێت. لەم جۆرە پەروەردەدا دەتوانین تواناکانی تری ژیان فێری منداڵان بکەین.

14) دەتوانین ڕاهێنانی پیشەیی بۆ منداڵانی گەورەتر دابین بکەین، بەتایبەت ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە سەرووی پازدەساڵە. هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە پەروەردە لەگەڵ تەمەن و باری جەستەیی و دەروونیی منداڵان گونجاو بێت. بۆ وێنە ڕاهێنانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بۆ منداڵێکی حەوت ساڵان و منداڵێکی پازدە ساڵان جیاوازە.

15) پێشنیار دەکرێ کە منداڵان لە قوتابخانە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

(**NGO**) فێری ولنەی مافەکانی خۆیان بن. هەروەها پێویســـتە فێر بن کە داکۆکیی لە خۆیان بکەن و داوای یارمەتی لە دامەزراوە پاڵپشـــتەکان بکەن، بەتایبەت کاتێک مافەکانیان لە کۆمەڵگادا پێشـــێل دەکرێت. یەکێک لە یاریدەدەرەکانی ناوەندی بەتواناکردنی منداڵان لە گەڕەکی هەرەندی لەم بارەوە ڕایگەیاندووە:

ڕێکاری ئێمە بۆ کێشـــە فەرهەنگییەکان ئەومیە کە بتوانین لە ئاســـت کەلتووریی نزمەکە بەرزیان بکەینەوە، چونکە هەمان ئاســـتی فەرهەنگییە ئەگەر بەرز ببێتەوە، لە ڕووی ئابوورییشەوە گەشە دەکەن، لە خێزانەکەیان گەورە دەبن، منداڵەکەش درک بەوە دەکا کە چی بکا، چۆن ڕەفتار بکا، تەنانەت لە چوارڕێیانەکلندا، تەنانەت لە شـــوێنی کاردا. لەم بوارانەدا لە لایەن یارمەتیدەرەوە هەر دوو خێزان و منداڵەکە ڕادەپەڕێنرێن. ڕێکاری کەمکردنەوەی زیان ئاگادارکردنەوەی منداڵەکەیە کە زیاتر لەگەڵ یارمەتیدەر و خاوەن ماڵەکە لە پەیوەندیدا بین و لە ڕووی جەســـتەیی و دەروونی، هەروەها لە ڕووی پرســـی شـــەڕەنگێزی و هەڵســـوکەوتی خراپ لەگەڵ خاوەنکار زانیاری پێ ببەخشـــێت. خاوەنکار حەزی لە چاو و برۆی نییە. من ناتوانم ڕێکارێکی بۆ بدۆزمەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە بە منداڵەکە بڵێم، بۆ وێنە کاکە مەچۆ بۆ کار. بەتولنای بکەم یان بۆ وێنە کەسێک بدۆزەمەوە کە لە ڕووی داراییەوە یارمەتیی خێزانەکە بکات. لەم دوو ڕێگا زیاتر نییە. بەڵام ئەو ڕاســـتییەی کە دەتهەوێ هەموو منداڵەکان لە ڕووی داراییەوە بەهێز بکەی، بەشـــێک لە ئەرکی ئێمە نییە. ئێمە تەنها ڕێنماییان دەکەین، تەنانەت سەرپەرشتیاری منداڵەکانیش نین، یارمەتیدەری ئەوانین، یارمەتیدەری بوارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانین. ئەوەندەی بۆمان بلوێ هاوکاریی خێزانەکە دەکەین. بۆچی؟ چونکە منداڵەکە بە هیچ شێوەیەک لەبەردەستی ئێمەدا نییە. ئێرە وەک بێهزیســـتی نییە ئەگەر منداڵەکە ٢٤ کاتژمێر لێرە بێ، دەتوانی هەر پلانیەک بتهەوێ جێبەجێکردنی بکەیت. منداڵ دوو کاتژمێر لەگەڵتە، ســـێ کاتژمێر لەگەڵتە. پاشـــان دەچێتەوە ناو کۆمەڵگا، دواتر دەچێتە لای خێزان. ڕەنگە زۆر بلبەتت لە زۆر ڕووەوە پێ گەیاندبێ، قســـەت لەگەڵ کردبێ، فەرهەنگســـازیشـــت کردبێ، بەڵام ئەو دیســـان لەو جەوەدایە، ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات لە بیریشـــی بچێتەوە کە تۆ چیت کردووە و چیت وتووە. نەک ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی نەبێ، نەخێر، بەڵکوو لە بەر ئەوەی لە یەک جیا بووینەتەوە، کاریگەرییەکی زۆر کەمتری لە سەر خێزانەکە هەیە.

16) وەک بەڵگەکانی بەشـــەکانی پێشـــوو دەریانخســـت، هەندێک چوارچێوەی فەرهەنگی و کەلتووری و تێڕوانینە هەڵەکان ســـەبارەت بە منداڵان یەکێکی دیکە لە

فاکتەرەکانی کاری منداڵانە. بیر و باوەڕ و هەڵوێستی وەک "کوڕ دەبێ کار بکا بۆ ئەوەی ببێ بە پیاو" یان "کچ پێویستی بە خوێندن نییە چونکە دەبێ شوو بکا" و لە ئەنجامدا کچان لە بری ئەوەی بچنە قوتابخانە کاری ماڵەوە دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ هاوسەرگیری ئامادە بکەن. ئەم چوارچێوانە کە زۆر جار چوارچێوەی بەکۆمەڵن، لە ناو دارشتەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا سەر هەڵدەدەن. بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەمانە جگە لەوەی کە دەبێ ڕووبەڕووی ڕەگ و ڕیشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان ببینەوە – کە هەژارییە – پێویستە خولی ڕاهێنان بۆ بەرەنگاربووەوەی ئەم بیر و باوەڕانە و خولی پەروەردەکردنی دروستی منداڵ دابین بکرێت. ئەمە ئەرکی سەر شانی بێهزیستی (چاکژیانەوە) و بنکەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و میدیای گشتی و خانووی گەڕەک (خانه محل) و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (**NGO**)ی ناوچە هەژارنشین و پەراوێزخراوەکان. لەم ڕووەوە پێشنیار دەکرێ کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و بنکەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگاداری ئەم جۆرە پێکهاتانەن، دەستێوەردانێکی جیدی لە ناو خێزاندا بکەن و خێزانەکە بە ڕەهەندەکانی ئەم سەرچەشنە دروستکراوە لە ڕێگەی پیشاندان و گۆڕینی ڕۆڵ و دەورەکان و دەستێوەردانی پسپۆڕانە دیکە، وەکوو خزمەتگوزاریی دەروونناسی و یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، بۆ ڕێگریکردن لەم جۆرە سەرچەشنانە ئامادە بکەن. نابێ چاوپۆشی لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنی گشتی لە هۆشیارکردنەوەدا بکرێ، بەتایبەت ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و بە سەرنجدان بەوەی کە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئەهلی لە ئێرلندا بوونی نییە، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەبێ ئەرکی پەروەردەیی و فەرهەنگیی خۆیان بە هەند وەربگرن و لە چوارچێوەی چەندین بەرنامەدا هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بخەنە پلانی کاریان.

17) گۆڕانکارییە لەناکاوە ئابوورییەکان کە ئەنجامی شەڕ و مەترسییە سروشتییەکانە کۆچکردن بۆ وڵاتانی دراوسێی بە نیازی هەلی کاری بە حەقدەستی زیاتری لێ دەکەوێتەوە، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی بە کاری منداڵانەوە هەیە و بە پێی بەڵگەکانی ئەم توێژینەوە ڕێژەیەکی بەرچاوی منداڵانی کار کۆچبەر و بەتایبەت ئەفغانین کە زۆربەیان کۆچی نایاساییان هەبووە و لە ئێستادا بۆ نیشتەجێبوون لە ئێران ناسنامەیان نییە. هۆکارێکی دیکەی کارکردنی منداڵانی کۆچبەر، ئەو ئاستەنگانەیە کە منداڵان و خێزانەکانیان بۆ کار و خاوەنداریێتیی ماڵ و دووکان لە بەر دەمیانە هەر بۆیە ناچاریان دەکا ڕوو لە پیشەی نافەرمی بکەن و منداڵەکانی خۆیان بنێرنە بەر کار.

جگە لە لێکەوتەکانی کۆچی نایاسایی بۆ کۆچبەر و کۆمەڵگای خانەخوێ، دۆخی کۆچی نایاسایی پرسێکی بەرچاوە کە پێویستە بە کەمترین زیان بۆ مرۆڤ ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێ، هەر لەم بوارەدا ڕێکارەکانی ژێرەوە پێشنیار دەکرێن:

- ڕێگریکردن لە کۆچی ناوخۆیی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی بە تەنیا و کۆچی نایاسایی بۆ دەرەوەی ماڵ. لە تێرمیناڵەکاندا دەتوانین کۆچی ناوخۆیی منداڵانی تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ بکەین و بە قەدەغەکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو جۆرە کۆچانە لە سنوور و تێرمیناڵەکان و ناوەندەکانی گەشتیاری و مسافربەرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین ڕێژەکەیان کەم بکەینەوە؛
- دانانی یاسای توندی کۆچبەری و چاودێرییەکی ورد بە سەر جێبەجێکردنکردنیان؛
- پشتگیریکردن لەو کۆچبەرانەی کە لە ڕووی یاساییەوە هاوڵاتیی وڵاتن؛
- بەرەنگاربوونەوەی دژ بە گەلاڵەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، بەتایبەت بەرەنگاربوونەوەی بازرگانان و ڕەچاوکردنی سزا و یاسای پێشگیرانە.

18) لەمڕۆدا بازاڕی کاری نافەرمی بووەتە یەکێک لە زەمینە سەرەکییەکانی کاری منداڵان. لە پاڵ پێشنیارەکانی دیکەدا پێویستە بۆ نەهێشتنی کاری منداڵان گرینگی بەم بەشە بدرێت. یەکێک لە گرینگترین پێشنیارەکان لەم ڕووەوە پێشنیارنامەی ٢٠٤ سەبارەت بە تێپەڕین لە ئابووریی نافەرمییەوە بۆ ئابووریی فەرمییە. ئەم پێشنیازە لەم بەشەدا بە ڕوونی باس لە نەهێشتنی کاری منداڵان ناکا، بەڵکوو پێشنیارەکان دەخاتە ڕوو کە ئەگەر جێبەجێکردن بکرێ، دەتوانێ لە سەر بەتواناکردنی خێزانە هەژارەکان و لە ئەنجامدا کەمکردنەوەی کاری منداڵان دەوری گرینگی هەبێت. بە هۆی گرینگییانەوە، هەندێک بڕگەی ئەم ڕاسپاردە لە خوارەوە باس کراوە. لە بەشی ئامانج و شیاوییەکاندا، پێشنیاری ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە پێشکەشی ئەندامانی دەکا:

(ئـــ) ئاسانکاری بۆ تێپەڕینی کرێکاران و یەکە ئابوورییەکان لە ئابووریی نافەرمییەوە بۆ ئابووریی فەرمی، وێڕای ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی کرێکاران و دەستەبەریکردنی هەندێ دەرفەت بۆ ئاسایشی داهات و بژێوی و کارخولقێنی؛

ا) پشتگیریکردن لە دامەزراندن، پاراستن و بەردەوامیی دامەزراوە ئابوورییەکان و کارە شیاوەکان لە ئابووریی فەرمیدا و پەیوەندی و یەکخستنی ئابووریی گەورە، پیشەداربوون، پاراستنی کۆمەڵایەتی و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە؛

ب) ڕێگریکردن لە نافەرمیبوونی پیشە فەرمییەکان.

هەروەها پێشنیارنامەکە لە بەشی دارِشتنی ستراتیژە یەکدەست و یەکپارچەکان بۆ ئاسانبوونی تێپەڕین بۆ ئابوورییەکی فەرمی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بۆ ئەندامان پێشنیار دەکا:

ئـــ) فرەچەشنیی تایبەتمەندییەکان، و بارودۆخ و پێداویستیی کرێکاران و یەکە ئابوورییەکان لە ئابووریی نافەرمیدا و پێویستیی گرینگیدان بەو هەمەجۆرییە بە گرتنەبەری ئاراستەی تایبەت بۆ هەر حاڵەتێک؛

ا) دۆخەکان، یاساکان، سیاسەتەکان، شێوازەکان و یەکەمایەتییە تایبەتە نیشتمانییەکان بۆ تێپەڕین بەرەو ئابوورییەکی فەرمی؛

ب) ئەو ڕاستییەی کە ستراتیژی جیاواز و بێژومار بۆ ئاسانبوونی تێپەڕین بۆ ئابووریی فەرمی بەسوودە؛

پ) پێویستیی دروستکردنی یەکدەستی و هاواهەنگی لە بوارێکی بەرفراوانی سیاسەتدا بۆ ئاسانکردنی تێپەڕین بۆ ئابووریی فەرمی؛

ت - پەرەدان بە مافەکانی مرۆڤ و داکۆکیی کاریگەرانە لە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو چالاکەکان و هەڵسووڕاوانی ئابووریی نافەرمی؛

ج – بەدیهێنانی کاری شایستە بۆ هەمووان لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی بنەما و مافە بنەڕەتییەکان لە شوێنی کار و یاسا و کردەوە؛

چ) نوێکردنەوەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی کار بۆ ئەوەی لە بواری سیاسەتە تایبەتەکاندا ڕێنیشاندەر بێت (بڕوانە هاوپەیوەستی ئەم پێشنیازە)؛

ح) پێشخستنی یەکسانی جێندەری و جیاکاری نەکردن؛

د) پێویستیی سەرنجدانی تایبەت بە ژنان، گەنجان، کۆچبەران، بەساڵاچووان، خەڵکی ڕەسەن و کۆچەر، کەسانی تووشبووی نەخۆشیی ئایدز، کەمەندامان، کرێکارانی ماڵی، و ئەو جووتیارانەی کە بژێویی ژیانیان کاری کشتوکاڵە، کە لە هەمبەر جیدیترین کەمییەکانی کاری شیاو لە ئابووریی نافەرمیدا خەسارهەڵگرن.

تێپەڕین لە ئابووریی نافەرمیەوە بۆ ئابووریی فەرمی نەک هەر ئابووریی نیشتمانی بەهێز دەکا، بەڵکوو بە دابینکردنی کاری شایستە ڕۆڵێکی کاریگەری لە کەمکردنەوەی هەژاریی خێزاندا هەیە. هەروەها لەگەڵ بچووکبوونەوەی ئەم بەشەی ئابووریدا، یەکێک لە زەمینەکانی کاری منداڵان وردە وردە لەناو دەچێت.

19) پێویستیی هاوکاریی ئێن‌جی‌ئۆکان لەگەڵ یەکتر و دامەزراوە ناوخۆییەکانی دیکە بە مەبەستی زیادکردنی پشتیوانی بۆ منداڵانی کار یەکێک دیکە لە ڕێکارە

کردەیی و پێشـنیارکراوەکانە. بەڵگەکان دەریدەخەن کە پەیوەندیی ئێن‌جی‌ئۆکان لەگەڵ یەکتر کارا نییە و لە هەندێک حاڵەتدا لە شـێوەی کێبڕکێی ناتەندروست و ساختەکارانەدا دەردەکەون، کە ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ڕێکارە جیاوازانەیە کە بۆ پشتگیریکردنی منداڵان هەڵیدەبژێرن، هەندێ جاریش ئەم ڕێکارانە لە لایەن هەموو کەسێکەوە قبوڵ ناکرێت. بۆیە بۆ نەهێشتنی کاری منداڵان و بەتواناکردنیان، پێویستە لە نێوان ئێن‌جی‌ئۆ و ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا هەوڵەکان پێکەوە گرێدراو و هاوبەشی بن. پەیماننامەی مافی منداڵ دەتوانێ بناغەی شێوازی لاگیری و کارکردنی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانە بێت. هەروەها حکومەت دژی ئێن‌جی‌ئۆکانە و هەندێ جار دەیانخاتە چالنجەوە کە ئەمەش زیان بە کارایی و کاریگەرییان دەگەیەنێت. یەکێک لە چالنجە هەرەگرینگەکانی ئەم زەمینە ئەوەیە کە ئێن‌جی‌ئۆکان فرەسەرپەرشتیارن و سەرەڕای گرینگیی ئێن‌جی‌ئۆکان، لە یاسا و پلانکانی گەشەپێداندا حکومەت بە چاوی سیاسی و ئاسایشییەوە تەماشایان دەکات. هەروەها دەرکەوتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێک ئێن‌جی‌ئۆ تولنای پێویستیان نییە و لە پەیوەندیکردن لەگەڵ حکومەت لاوازی و کەموکورتیان هەیە کە ئەمەش وای کردووە حکومەت بەرامبەر بە هەموو ئێن‌جی‌ئۆکان بێمتمانە بێت. بۆیە لەم زەمینەدا پێویستە پەیڕەوی ناوخۆ و یاساکانی پەیوەست بە ئێن‌جی‌ئۆکان کۆ بکرێنەوە و پەسەند بکرێ، حکومەت بە یەک چاو سەیری هەموویان بکا، هەروەها حکومەت لە چوارچێوەی یاسادا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکا و ڕوانگەی ئەمنییان لە سەر هەڵبگیرێت.

20) پرسێکی دیکە کە ڕووبەڕووی ئێن‌جی‌ئۆکان دەبێتەوە و بە هۆیەوە ڕەخنە لە ئێن‌جی‌ئۆکان دەگیرێ، پرسی گەڕان بەدوای کار بۆ منداڵانە. لەم بارەوە ئەو پرسیارە گرینگەی کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە: ئایا ئێن‌جی‌ئۆکان دەبێ کار بۆ منداڵان بدۆزنەوە یان نا؟ پێش وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بڵێین کە بۆچوونی ئێن‌جی‌ئۆکان بۆ دۆزینەوەی کار بۆ منداڵان ئەوە بوو کە منداڵان لە کارە مەترسیدارەکانەوە کە داهاتوویان نەبووە بەرەو کارە کەممەترسییەکان کە لەوانەیە تێیاندا فێری پیشەیەکیش بن ڕاکێش دەکەن. هەروەها لە هەندێک بواردا کارێکی کەممەترسییان بۆ هەندێک منداڵ دۆزیوەتەوە و دەتوانین بڵێین کاردۆزییان بۆ کردوون. ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە. بە پێی پێناسەی کاری منداڵان و ئاراستەکانی ئێستا بۆ پشتگیری لە منداڵان دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. بە ولتایەکی دیکە ئەم دوو حاڵەتە بنەمایەک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە دەرەخسێنن. وەک باس کرا، کاری منداڵان بەو

کارە پێناســـە دەکرێ کە منداڵان لە تافی منداڵی و تولنا و شـــان و کەرامەتییان بێبەش دەکا و زیان بە گەشـــەی جەســـتەیی و دەروونییان دەگەیەنێ، هەروەها ئاماژەیە بۆ کارێک کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

- لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە مەترسیدارن و بۆ منداڵان زیانبەخشن.
- و لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ڕێگری لە خوێندنی منداڵان دەکەن:

✓ ئەوان لە دەرفەتی چوونە قوتابخانە بێبەش دەکەن.

✓ ناچارن پێش تەواوکردنی خوێندن دەست لە خوێندن هەڵبگرن.

✓ یان ناچار دەبن چوونە قوتابخانە لەگەڵ کاری زۆر درێژخایەن و قورســـدا تێکەڵ بکەن [2].

هەروەها چەندین ئاراســـتەی ڕووبەڕووبوونەوەی کاری منداڵان و داکۆکیی لە منداڵان بوونی هەیە: ئاراستەی یەکەم ئاراستەی خۆشگوزەرانییە. بە پێی ئەم ئاراستە منداڵانی کار منداڵانێکی دەستنەڕۆ و هەژارن کە پێویستیان بە یارمەتییە. ئەم ئاراستە هەڵوەدای گۆڕینی بابەتەکەدا نییە و هەندێک لە پێشـــنیارەکانیان بۆ پشـــتگیریکردنی منداڵان بەم شێوەیە:

1. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و چاودێریی تەندروستی؛
2. دابینکردنی ئامراز و ئامێری خۆپارێزی؛
3. ڕێکخستنی چالاکیی کات بەسەربردن بۆ منداڵان و دابینکردنی خانوو بۆ خێزانەکان.

پێدەچێ ئەم ئاراستە پاساو بۆ کاری منداڵان بهێنێتەوە و ئەمە پێچەوانەی پێناسەی کاری منداڵان و پەیماننامەی مافی منداڵانە.

ئاراستەی دووەم ئاراستەیەکی بە پێی گەشەسەندنە. بە پێی ئەم ئاراستە منداڵانی کار کەسانێکی هەژارن کە دەبێ تواناکانیان گەشە بکات. نموونەی دەستێوەردانەکان لەم ئاراستەدا بریتین لە:

1. دابینکردنی ئیمکانیاتی چاودێریی ڕۆژانە؛
2. پێشکەشکردنی ڕاهێنانی فەرمی و نافەرمی و ڕاهێنانی پیشەیی؛
3. دابینکردنی هەلی بەدیلی کار.

ئاراستەی سێیەم ئاراستەیەکە کە لە سەر بنەمای مافەکانە[1]. بە پێی ئەم ئاراستە پێویستە کەشێکی سیاسی بۆ منداڵانی کرێکار دروست بکرێ و پێگەی ئەوان بەهێز بکرێ بۆ ئەوەی ببینرێن و دەنگیان ببیسترێت. نموونەی دەستێوەردانەکان لە سەر بنەمای ئەم ئاراستە بریتین لە:

1. ڕێکخستن و لۆبی‌گەری و هاندانی بەشداریی سیاسی؛
2. زیادکردنی هۆشیاری لەبارەی کاری منداڵان لە کۆمەڵگاکاندا؛
3. چاکسازی یاسایی و باشترکردنی چۆنیەتیی جێبەجێکردن‌کردنی یاساکانی کاری وەکوو نەهێشتنی کاری منداڵان و چاودێریی زیاتر بە سەر کار.

سێ ئاراستەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار کە ئاراستەیەکی ئاوێتەیی و چەند ڕێکاری لە خۆ دەگرێ، بەم شێوەیە:

1) ڕێکاری خۆپاریزی: ئامانجەکانی ئەم ڕێکارانە بەهێزکردنی یاسا و جێبەجێکردن‌کردن و باشترکردنی دەرفەتەکانی خوێندن و پەرەدان بە چاکسازی یان ڕیفۆڕمەکان بۆ دروستکردنی سیستەمی پەروەردەی گونجاو و ڕاکێشانی هەموو کچان و کوڕان و زیادکردنی داهاتی بنەماڵەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە لێکەوتەکانی خراپترین جۆری کاری منداڵان؛

2) بەتواناکردن[2]: بە گشتی بریتییە لە خزمەتگوزاریی تەندروستی و ڕاوێژکاری و دەرفەتەکانی ڕاهێنانی لێهاتوویی و پەروەردەی هەستیار بە ڕەگەز بۆ منداڵانە لە خۆ دەگرێ کە لە دەرەوەی کاری منداڵانن؛

3) پاراستن لە هەمبەر چەوساندنەوە و کاری مەترسیدار لە ڕێگەی یاسادانان و جێبەجێکردن‌کردنی ستانداردەکانی کار و باشترکردنی بارودۆخی کار [3].

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ئێن‌جی‌ئۆکان نابێ کارگەلێک بۆ منداڵان بدۆزنەوە کە دەچنە ڕیزی ئەو کارانەی کە زیان بە منداڵ دەگەیێنن. ئەگەر کرا دەبێ ئەو ئیش و کارانە پێشکەش بکەن کە بە شێوەی نیمچە کاتی بێ و زیان بە تەندروستی و خۆشگوزەرانیی منداڵان نەگەیەنێ و ڕێگری لە چوونە قوتابخانە یان تێکدانی خوێندنیان نەکات. هەموو ئەو کارلنەی لەم لێکۆڵینەوەدا پێداچوونەومیان بۆ کراوە، لە هەندێک ڕووەوە زیانیان بۆ منداڵان هەیە، تەنانەت ئەو کارانەی کە ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەش دەکەن، وەک کاری فیتەری، چونکە کۆسپی بەر دەم پەروەردەی منداڵانە

---

1. Rights.based approach
2. Rehabilitation

یان کاری زۆر درێژخایەن و قورس لەگەڵ پەروەردە تێکەڵ دەکا کە دوا جار منداڵەکان ناچار دەبن واز لە قوتابخانە بێنن. هەروەها ئێن‌جی‌ئۆکان دەتوانن بە نیازی نەهێشتنی کاری منداڵان بە تەواوی کۆمەڵێک ڕێکار و ستراتیژ هەڵبژێرن. بۆ نموونە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان دەتوانن بۆ پێشکەش‌کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە منداڵان و پاراستنیان بانگهێشتی خاوەن‌کاران بکەن ، یاخود خۆیان دەتوانن بە هەر شێوەیەک ئەمانە بۆ منداڵانی کار دابین بکەن. ئەم داپەڕەی ئێن‌جی‌ئۆکان خاڵێکی ئەرێنیی دیکەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە هاوسۆزی لەگەڵیان و تێگەیشتن لە دۆخی ئابوورییان متمانەی خێزلنەکان ڕادەکێشێ و ڕێگری لە زۆر زیانی دیکە دەکا و بە جێی‌متمانەبوونی ئێن‌جی‌ئۆکان بە لای بنەماڵەکانەوە، لە ئەگەری ڕوودانی هەر کێشەیەک ئاسانتر گیر و گرفتەکانیان لای ئەوان دەخەنە ڕوو. بە گشتی ئەم داپەڕانە بە مانای دادنان بە کاری منداڵان نییە، بەڵکوو بە مانای هەوڵ بۆ کەم‌کردنەوەی خەسارهەڵگریی منداڵان بەرامبەر بە کارە.

21) بە مەبەستی کەم‌کردنەوەی زیانەکانی کارکردنی منداڵان لە ئاقاری خۆشگوزەرانی، دەتوانین بچینە ناو کارگاکان و داوا لە خاوەن‌کارەکان بکەین کۆمەڵێک ئاسانکاری و خزمەتگوزاری لە شوێنی کاردا دابین بکەن بۆ ئەوەی زیانەکانی سەر منداڵان کەم ببێتەوە. هەروەها دەتوانین خولی ڕاهێنان بۆ خاوەن‌کارەکان دابنێین بۆ ئەوەی لەگەڵ مافەکانی منداڵان ئاشنا بن. قسەی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی ناحکوومی هاوتەریب لەگەڵ ئەم ڕێکارە بوو:

دامەزراوە ... لە کەرەج لەم بوارەدا هەندێ ئیشی کردبوو، بۆیە ئێمە بەبەڵگەمان کرد. یان لە تاران خاتوون ... کاریان کردبوو. دوو سێ ئێن‌جی‌ئۆ بوو، بە تەواوی لە بیرم نییە، چونکە ئەمانە کۆنن، بەڵام پرۆژەیەک بوو کە چۆن بە ئاراستەی CFR کارێکیان کرد کە خاوەن‌کار بەرپرسیار بێت. هەمان ئەو کۆمپانیایانە کە ئێوە دەیناسین یان ناوەند و ئەمانە کە لە ڕاستیدا بەو ئاراستەدا بچن کە خاوەن‌کار خۆی دێتە ناو ئەم شتەوە. ئێستا میتۆدی جیاوازی هەبوو، واتە ستراتیژی جیاوازی هەبوو؛ بۆ وێنە هەندێکیان لای خاوەن‌کار دانوستانیان کردبوو؛ مەبەستم ئەوەیە، گریمان ئەگەری ئەوە هەیە کە کارگای جلشۆر کە بە مەرجی پارە یان هەر شتی دیکە بە بێبەرامبەر بدەن بەو منداڵانە ئەوەندەی لە بیرم بێ چونکە ئەمانە لە بیر دەکەم. گریمان فێنک‌کەرەوە لە شوێنێک بوو کە هیچی نەبوو و شوێنەکەشی باش نەبوو داوایان لە خاوەن‌کار کردبوو چەند ڕۆژێک بێڵێ کە ئەم منداڵانە بچن بۆ ڕاهێنان. یان خودی خاوەن‌کار و

گەورەســاڵەکانی ئەو کارگا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی منداڵان و مافی منداڵان بەشداری لە خولەکان دەکەن، بۆ وێنە ملیان دەدا کە لەم خولانەدا بەشداری بکەن. بۆ نموونە خولیان بۆ دەکردنەوە لە بەرامبەردا ئەوانیش هەندێ شــتیان بە کارگا دەدا. ئەمەش وای لێکردن کەمێک زیاتر ئاگادار بن؛ واتە بەتواناتر بن و نابێ دژ بە مافەکانی منداڵ توندوتیژی بنوێنن یان بۆ وێنە بەبێ ئەوەی بزانێ مەترســی چییە، توندوتیژی بە گشــتی چییە. ئەمەش بە شــێوەیەکی جیاواز ئەنجام درا، زۆر ســەرنجڕاکێش بوو؛ مەبەســتم ئەوەیە پڕۆژەیەک هەبوو، دوو ســاڵ کاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) بوو، هەندێکیان ئەنجامێکی ســەرنجڕاکێشــیان هەبوو. هەموو جۆرە خاوەنکارێک لە کەســێکی عەرەبانەچییەوە کە لە ناودا بوو، بۆ وێنە کەرەج، بۆ وێنە تەنیا پلاستیکی کۆ دەکردەوە، گریمان دە منداڵ کاریان بۆ دەکرد، هەموو جۆرە فیتەر و بەرگدوور و هتد. ئەوەش ئاراســتەیەکە. تەنها ویســتم بڵێم کە هەموو ئەمانە کەمکردنەوەی زیان بە ئەجێندای جیاواز بوون؛ ئەم ئەجێندایە دەتوانی پســپۆڕانی لەشــســاغی و تەندروســتی بێ، دەتوانێ یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی بێ، دەتوانێ ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بێ یان ڕێکخراوێکی ناحکومی (NGO). لەوانەیە خۆبەخشەکانیان هەندێک کاری پەروەردەیی بکەن. پشکنین بۆ منداڵەکانیان دەکەن و ئەوان کاروباری منداڵەکە یان ئەنجام دەدەن یان هاوکاری دەکەن. یان ئەجێنداکە دەتوانێ خودی خاوەنکارەکە بێت؛ هەندێک لە خاوەنکارەکان کار دەکەن، هەندێک لە خاوەنکارەکان بەبێ ئەم خول و ئەمانە خۆیان کار بۆ منداڵان دەکەن، بەڵام باشە بۆ ئەوەی بچی و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەی، بۆ وێنە گرینگیی پەروەردەکردنی منداڵەکە کە چ ســودێکی بۆ منداڵەکە هەیە، بۆ ئەوەی ئەمە بکا، ئەوە ڕێگای بەتواناکردنە کە دەتوانین ئەنجامی بدەین. خاوەنکارەکان و دیکەی کەســانی ناو کارگاکان، لە بواری دووبارە مۆنتاژکردنەوەدان. لە جیهاندا داهێنانی زۆر هەیە لە بواری تەندروســتی و تەندروســتیی دەروون و ڕاوێژ. داهێنانی جیاواز زۆرن. خۆبەخشــانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO)، ئەمانە دەکەن، دەتوانن فۆرمێکی دیکە وەربگرن کە دەتوانێ خۆراک بێ، پەروەردە. ئەمانە داهێنان و دەســتپێشــخەرییانە بۆ کارکردن لەگەڵ خاوەنکارەکانە؛ نموونەی جۆراوجۆر بۆ کەمکردنەوەی ئاســتی خەســارهەڵگریی منداڵان لە کاردا هەیە.

22) ئەو پلانانەی کە پێیان دەوترێ پلانی ڕێکخستن بە شێوەی ئێستایان نەک هەر منداڵان بەهێز ناکەن و کارەکانیان لەناو نابەن، بەڵکوو وەک لە دەقەکەدا

دەردەکەوێ، بە شێوازی جۆراوجۆر زیانیان پێدەگەیەنن. لەبری گەڵاڵەی ڕێکخستن یان فۆرمە نوێکەی کە پێی دەوترێ "گەڵاڵەی داکۆکیی کۆمەڵایەتی"، کە پێدەچێ هیچ لە گەڵاڵەکەی پێشوو باشتر نەبێ، پێویستە سیستەمی ناسینەوە و ڕاکێشان لەو گەڕەک و ناوچلنەدا دابنرێ کە منداڵان تێیدا نیشتەجێ کراون و کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە بناسرێنەوە و لە پرۆسەیەکی ئینسانی و بە دوور لە هەر چەشنە توندوتیژی و ترسێک، ڕابکێشرێن و قبووڵ بکرێن و دواتر خزمەتگوزاریی بەتواناکردنیان پێ بدرێت. لە ڕاستیدا پێویستە لەبری خزمەتگوزاریی سزادان خزمەتگوزاریی هاندان بەکار بهێنرێت. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی بێهزیستی و شارەوانی و قایمقامیەت و دامودەزگا بەرپرسەکانی ئەم بوارە لەگەڵ دەسەڵات و پسپۆڕانی بواری مافی منداڵان لە پەیوەندییەکی نزیکدا بن و پێش گرتنەبەری هەر داپەڕ یان گەڵاڵەیەک، پرسەکە بخەنە بەر تیشکی ڕوانگەی کارناسانە و شارەزایانی ئەوان ئینجا دەست بە کار بن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی جێبەجێکردنکردندا منداڵان تووشی خەسارەت و زیانی دووقات نەبنەوە.

23) توێژینەوەکان لە ئێران زیاتر لە سەر ئەو جۆرە کاری منداڵانەیە کە دیارتر و بەرجەستەترن و کەمتر لە سەر ئەو جۆرە کارانەی منداڵانە کە زیاتر شاراوە و هەستپێنەکراون کە ئەگەری زیانبەرکەوتنیان زیاترە. بۆ وێنە لە لێکۆڵینەوەکانی دیکەی ئەم بوارە باس لە بلبەتگەلێکی وەک کاری ناوماڵ، بازرگانیکردن بە منداڵان، بەکارهێنانی منداڵان بۆ ئەنجامدانی هەندێک تاوان، کاری منداڵان لە گوندەکان و هتد نەکراوە. هەروەها توێژینەوەکان لەم بوارەدا کەمتر گرینگییان بە هۆکارە پێکهاتەییەکانی کاری منداڵان داوە، وەک ئەوەی بۆچی و چۆن لە کۆمەڵگایەکدا بەشێک ماڵبەدەر و هەژار دەبن و لە ئەنجامدا منداڵان ناچار بە کارکردن دەکەن. پێویستە توێژینەوەکانی داهاتوو لە چوارچێوەی توێژینەوەی چۆنایەتی و چەندایەتیدا لە جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵاندا ئەم کارانە و هۆکارە پێکهاتەییەکانیان زیاتر بخەنە پلانی کاریی خۆیانەوە.

24) هەروەها هەندێک جۆری کاری منداڵان هەیە کە بۆ نەهێشتنیان دەبێ ئیش لە سەر ڕێکارە تایبەتەکانی ئەو کارە بکرێ؛ واتە نەهێشتنی کاری منداڵان لە کەرتی نافەرمیدا لەگەڵ کەرتی فەرمیتر پێویستی بە ڕێگەچارەی جیاوازە لە ڕاستیدا کارنەکردنی منداڵان لە کەرتی فەرمیدا چوارچێوەی یاسایی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ وێنە مادەکانی ٧٩ تا ٨٥ی یاسای کار کاری منداڵانی خوار پازدە ساڵان قەدەغە دەکەن و لە تەمەنی پازدە تا هەژدە ساڵیشەوە لە ژێر هەندێک مەرجدا کارکردنی منداڵ

مومکین دەبێت. ئەگەر یاسـاى کار بە باشـی ڕەچاو بکرێ و لە کەرتی فەرمیدا چاودێری جێبەجێکردنکردنی بکرێ، زۆر جۆری کاری منداڵان بە تەواوەتی قەدەغە دەکرێت. هەروەها چەندین جۆری کاری منداڵان لەناو دەچێت. هەروەها بۆ کاری زبڵگەڕی و نهێشـتنی ئەم کارە ئەگەر شـارەوانی چاودێریی جێبەجێکردنکردنی ڕێسـاکانی کۆکردنەوەی پاشـماوەی وشـک بکا ئەم جۆری کاری منداڵانەش بنەبڕ دەبێت.

25) لە کۆتاییدا، بۆ جێبەجێکردنکردنی سـتراتیژەکان، پێشـنیار دەکرێ کە هەر ڕێکخراوێکی بەرپرسـیار بە پێی ئەرک و دەسـەڵاتی خۆی، بەرپرسـیارێتیی جێبەجێکردنکردنی سـتراتیژەکان لە ئەسـتۆ بگرێ و بە پلاندانانی کورتخایەن، مامناوەند و درێژخایەن دەست بخاتە ناو پێکهاتەی ورد و مامناوەند و گەورە و سـوود لە پسپۆڕان و کەسانی شارەزا بە مافەکانی منداڵان ببینێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە بەشێکی زۆری ئەم بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کار و هەرەوەرزی و خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، چونکە لە پلەی یەکەمدا دەبێ بە هەمووارکردنەوە و جێبەجێکردنکردنی هەندێک یاسـای کار ڕێگری لە کاری منداڵان بکا، هەروەها بە سیاسەتی خۆشگوزەرانی پشتیوانی لە خێزانە هەژارەکان و منداڵانی کار بکا بۆ ئەوەی منداڵان نەچنە ناو سووڕی کارەوە. خاڵی دوایی ئەوەیە کە ڕێکخراوە بەرپرسیارەکان لە زۆر حاڵەتدا بە داپەڕی دوورگەیی و کردەوەی ناهەماهەنگ نەک هەر یارمەتیدەری کەمکردنەوەی خەسـارەت و زیانەکان نەبوون بەڵکوو ڕێژەکەیان زیاد کردووە. بۆ وێنە لە وەزارەتەکانی بێهزیسـتی، پەروەردە، تەندروسـتی، دەزگای داد، هێزە ئینتزامییەکان، شارەوانییەکان، و دامەزراوەکانی تر، ئیدارە یان فەرمانگەیەک هەیە بە ناوی کەمکردنەوە یان ڕێگریکردن لە خەسـارەتە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێک لە ئەرکە سـەرەکییەکانی ئەم ئیدارانە هەوڵ بۆ بەتواناکردنی خێزانەکان و ڕێگریکردن لە کاری منداڵانە و هەر یەکەیان لە ڕێگەی کردەوەی دوورگەیی و قۆرخکاری و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی تر بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە هەنگاوی ئەرێنییان لەم ڕووەوە هاویشـتووە، لە کاتێکدا پەیوەندی و هاوکاریی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ یەکتر دەتوانێ ئەنجامی زۆر ئەرێنیتری لێ بکەوێتەوە. بۆ وێنە پێویسـتە بەشـی خۆپاراسـتن لە خەسارەتەکانی پەروەردە و ڕاهێنان هەوڵ بدا ئەو کەسانەی وازیان لە خوێندن هێناوە و چوونەتە ناو سووڕی کارەوە دەستنیشان بکرێ، هەر ئەم ئیدارە لە دەزگای داد دژی ئەو بنەماڵە و خانەوادانە بووەسـتێتەوە کە منداڵان دەقۆزنەوە، وەزارەتی تەندروسـتی

زەمینەیەک بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی منداڵان بە هۆی نەخۆشیی دلیک و باوکەوە ناچار نەبن ئیش بکەن، وەزارەتی خۆشگوزەرانی بۆ بەتواناکردنی بنەماڵەکان پلاندانانی بکا و شارەوانی ئەو پەیمانکار و بەڵێندەرە تاوانبارانە دەستنیشان بکا کە منداڵان دەقۆزنەوە و چیتر هاوکارییان نەکات. دیارە هەموو ئەم ڕێکار و پێشنیارانە لە سایەی هاوکاریی فرەلایەنەی دامودەزگا بەرپرسەکان و بەکارهێنانی شارەزایی و ئەزموونی چالاکوانانی مافی منداڵان مومکین دەبێ و لێکەوتەکەشی ئەوە دەبێ کە لە درێژخایەندا ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ناچار بە کاری زۆرەملێن کەم دەبێتەوە.

**سەبارەت بە نووسەر**

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر لە دایک بووی شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی **یاسای لەندەن** لە بنیاتی مافەکان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانیی ئاشتی **(PEACE)** بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە.** توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیک و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەز (جێندەر) و منداڵان بووە.

کامیل ئەحمەدی، پاش چوونی بۆ بەریتانیا خوێندنی پاشناوەندی و پێش زانکۆی لەو وڵاتەدا درێژە پێ داوە و ساڵی ۱۹۹۹ کارناسیی چاپ، مافەکانی چاپ و ئابووریی ئاقاریی لە کۆلێجی گواستنەوە و گەیاندنی لەندەن وەرگرتووە. ناوبراو هەروەها ساڵی ۲۰۰۳ ماستەری لە ڕستەی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و قەومنگاریی وێنەیی لە زانکۆی کێنت لە کانتێربێری بەریتانیا وەرگرتووە و پاشان خولە پسپۆڕی و تایبەتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی لێکۆڵینەوە درێژە پێداوە و ئەم خولانەی لە زانکۆی ئابووری و زانکۆی بێرک بەکی لەندەن تێپەڕاندووە.

وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکیی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **سازگاری و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵانی مەهاباد** "بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازیی ڕەگەزی و خۆڕاگری - ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە کوردستانی ئێران" لە سالی ۲۰۰۶ لە مە هاباد کراکە لە ۲۰۱۹ لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندن و لە سالی ۲۰۲۱ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** "ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ دابونەریتی مزۆپۆتامیا"؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009) لە لایەن چاپەمەنیی اتکیم بە سێ زمانی تورکی و ئینگلیزی ئیستانبول لە چاپ کراوە.

**-بە ناوی نەریت** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران "کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و چاپەمەنیی شیرازە لە ساڵی ٢٠١٦ و لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی ساڵی ٢٠٢١ چاپ کراوە، یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛ و چاپەمەنیی شیرازە و دیسان لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ماڵێک لە سەر ئاو** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە ۆ هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران "کە دەقە فارسییەکەی لە ساڵی ٢٠١٨ لایەن چاپەمەنیی شیرازە بڵاو بۆتەوە و چاپەمەنیی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە و لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران "بە ئینگلیزی و فارسی کە ساڵی ٢٠٢٠ لە چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛ هە ر وها لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکان لەبەر دەستن.

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران "بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕیی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩ ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی، کوردی و فارسیی دەقی **شاری قەدەغەکراو** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران "یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ

کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن ساڵی لە ٢٠١٩ چاپ کرا؛ فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف لە ٢٠٢١ دووبارە چراپ کراونەتەوە.

– و لە ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران"کە ٥ ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛ دیسان لە دانیمارک لە ٢٠٢١ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی هەنووکە لەبەر دەستە.

کتێبی **ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان"کە لە ساڵی ، هاورێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی دژی کاری منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی و دەنگیی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە و لەبەر دەستە.

ئەم نووسەرە سەبارەت بە خەتەنەی پیاوان / کوڕان، زیناکردن لەگەڵ مەحارم، و دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی چەندین توێژینەوەی ئامادەیە کە بەم زووانە لە دەکەوێتە بەر دەست هۆگران و خەمخۆرانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها بەرێزیان لە گۆڤارە جیاوازە فارسی، کوردی و ئینگلیزییەکاندا چەندین وتاری بڵاو بۆتەوە. توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیاندا دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

# سەرچاوە کانی بەشی چوارەم:

## کتێبەکان / بڵاڤۆکەکان

[1] صادقی، رسول؛ عباسی شوازی، محمدجلال و صلواتی، بهرام. (1397 هەتاوی). ایران در بستر مهاجرت‌های بین‌المللی (ل 118-142) در عباسی شوازی، محمدجلال. تحولات و وضعیت جمعیت در جمهوری اسلامی ایران. تهران: مؤسسه مطالعات و مدیریت جامع و تخصصی جمعیت کشور.

[2] ILO. (2017 هەتاوی). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[3] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398 هەتاوی). یغمای کودکی: پژوهشی درباب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنینەوە، گێڕانەوەی دەستەبەجێی ئازارەکانی منداڵانە، کە هەژاری و نائارامی کۆمەڵایەتی ئەوانی لە جیهانی منداڵی جیا کردووەتەوە و ئەوانی هێناوەتە ناو سووڕێکی پێشوەختە و سەختی کارکردنەوە. ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵان بە گەڕان لە قووڵایی بوارەکەدا، وێڕای دەستنیشانکردنی فۆرمەکانی کاری منداڵان لە تاران، هەروەها لە فاکتەرەکانی بەردەوامی و لێکەوتەکانیشی تاوتوێ کردووە؛ توێژینەوەیەک کە ئاوێنەیەکی تەواونوێنی شارە گەورەکانی دیکەیە و مافە پێشێلکراوەکانی منداڵان لە کەڵەشارە بێ‌هەستەکانی وێنا کردووە. ئەم کتێبە ئەو برینە دەگێڕێتەوە کەئاسەواری چەوساندنەوە لە سەر جەستە و دەروونی منداڵانە، ئەو منداڵانەی کە خەمی ماندووبوونی بە هۆی کاری پێشوەختە تەنانەت لە قسەکانیشیاندا دیارە و وەک ماتەمێکی خەمناک دەمێنێتەوە.

ـ من لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە کار دەکەم، لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە، لێرە لە چوارڕێیان هەمووان دەمناسن.

ــــ دەست و قاچمان بریندار بوون، سەیر کە. ناتوانم دەست لە هیچ کوێ بدەم، دەکولێتەوە. لەم کارەدا دەبێ بارێکی قورس بەرز بکەینەوە و بیخەینە سەر عارەبانەکە. هێزمان پێی ناشکێت. خواردنی پێویستمان دەست ناکەوێت.

ـ ئێمە پارەکانمان خەرج ناکەین. هەر چی پارەی گوڵفرۆشییە دەیدەین بە کرێ ماڵ.

ـ من ناتوانم لە شووشەسازیدا ئیش بکەم، دەبێ خەرجی ماڵەوە بکێشم. ناکرێ نەچم، لە ماڵەوە هیچمان نییە بیخۆین.

ــــ لە جیاتی کاکم لە دارتاشی ئیش دەکەم. نەخۆشە. باوکمان نەخۆشە. نەگبەتین. پارە نییە. بە خۆم دەڵێم باشە خوایە گیان بۆ ئێمەت دروست کرد، ئەمە کەی ژیانە!

[1] (مصاحبه خدایی، 1398).
[1] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.
[1] کورسارو, و. (1393). جامعه شناسی کودکی. (ع. کرمانی, Trans.) تهران: ثالث.
[1] Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work.
[1] نادری، صلاح‌الدین (1393). جامعه‌شناسی مردم مدار وآزمون نظریه کاستلز در عرصه کار کودکان (پژوهش عملی مشارکتی با کودکان افغان در مرکز دوستدار کودک مشتاق). گروه جامعه‌شناسی دانشکده ادبیات و علوم اجتماعی. دانشگاه باهنر کرمان به نقل از انجمن حمایت از حقوق کودکان، 1398: 88).
[1] عرب‌مازایار یزدی، علی. (1398). اقتصاد غیررسمی و نابرابری در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 2، ص 516-495). تهران: آگاه.
[1] وامقی، مروئه؛ دژمان، معصومه؛ حسن رفیعی؛ روشنفکر، پیام (1393). ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیاباني در شهر تهران، (علل و خطرهاي کار کودکان در خیابان) مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. بهار 34،1394-57
[1] کلانتری, ص., & کیانی, م. (1385). بررسی تطبیقی کار کودکان در کشوهای پیشرفته و جهان رو به توسعه. اطلاعات سیاسی- اقتصادی, 232-231(آذر و دی ماه).
[1] Boyden, J. (1991). Children of the cities. London: Zed Book.
[1] کارل مارکس 1394
[1] پرتال انجمن حمایت از حقوق کودکان کار. بازبینی در 16 دی 1399 از https://apcl.org.ir/%D8%AA%D8%A7%D8%B1%DB%8C%D8%AE%DA%86%D9%87-%DA%A9%D8%A7%D8%B1-%DA%A9%D9%88%D8%AF%DA%A9%D8%A7%D9%86/

[1] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.
[1] کورسارو, و. (1393). جامعه شناسی کودکی. (ع. کرمانی, Trans.) تهران: ثالث.
[1] (ILO, 2018).

[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث
[1] ر. ک. کورتروب (۱۹۹۱)؛
[1] کورسارو, و. (1393). جامعه شناسی کودکی. (ع. کرمانی, Trans.) تهران: ثالث.
[1] همان
[1] همان
[1] همان

[1] Hecht, T. (1998). At home in the street:street childrenof northeast Brazil. New York: Cambridge University Press
[1] Hecht, T. (1998). At home in the street:street childrenof northeast Brazil. New York: Cambridge University Press
به نقل از: کورسارو, و. (1393). جامعه شناسی کودکی. (ع. کرمانی, Trans.) تهران: ثالث.

[1] همان
[1] همان
[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث
[1] (ILO, 2004)
[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث
[1] Boyden, J. (1991). Children of the cities. London: Zed Book.
به نقل از: جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث
[1] همان
[1] ILO. (2007). Child domestic labour information resources
[1] کمبود کار شایسته برای بزرگسالان ILO به نقل از صفایی, م., & ناظم, ن. (1386). کار کودکان. تهران: موسسه کار و تامین اجتماعی.
[1] کلانتری, ص., & کیانی, م. (1385). بررسی تطبیقی کار کودکان در کشوهای پیشرفته و جهان رو به توسعه. اطلاعات سیاسی- اقتصادی, 232-231(آذر و دی ماه).

[1] صفایی, م., & ناظم, ن. (1386). کار کودکان. تهران: موسسه کار و تامین اجتماعی.
[1] وامقی، مروئه و یزدانی، فرشید. (1398). گزارش وضعیت کار کودکان در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 2، ص 150-95). تهران: آگاه.
[1] سیف، احمد. (1373). اقتصاد ایران در قرن نوزدهم. تهران: چشمه.
[1] فوران، جان. (1380). مقاومت شکننده، تاریخ تحولات اجتماعی ایران از صفویه تا سال‌های پس از انقلاب اسلامی. مترجم احمد تدین. تهران: موسسه خدمات فرهنگی رسا.
[1] صفایی, م., & ناظم, ن. (1386). کار کودکان. تهران: موسسه کار و تامین اجتماعی.
[1] روزنامه خراسان 1399/12/28

[1] Global child labour developments: Measuring trends from 2004 to 2008. ILO.

[1]جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث

[1] همان

[1] Forastieri,Valentina )1997). Children at work: Health and safety risks. ILO Child Labour Collection. Geneva, International Labour Office

[1] همان

[1] ایمانی، نفیسه؛ نرسیسیانس، ایملیا (1390). مطالعه انسان‌شناسانه پدیده کودکان کار خیابانی در شهر کرج. مسائل اجتماعی ایران، 3 (1)، 7-32.

[1] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva

[1] همان

[1] www.childinfo.com

[1] مرکز آمار ایران

[1] زاهدی اصل، محمد (1393). آسیب‌های اجتماعی از منظر مددکاری اجتماعی. تهران. انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی.

[1] (رفیع‌پور،1377).

[1] زاهدی اصل، محمد (1393). آسیب‌های اجتماعی از منظر مددکاری اجتماعی. تهران. انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی.

[1] معیدفر، سعید (1389). مسائل اجتماعی ایران. تهران. نشر امین.

[1] حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث

[1] زاهدی اصل، محمد (1393). آسیب‌های اجتماعی از منظر مددکاری اجتماعی. تهران. انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی.

[1] حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث

[1] همان

[1] (زنجانی،1382؛127).

[1] هاریسون, پ. (1364). درون جهان سوم. (ش. وجدی, Trans.) تهران: فاطمی.

[1] کاستللو, و. (1368). شهرنشینی در خاورمیانه. (پ. پیران, & ع. رضایی, مترجم) تهران: نی.

[1] همان

[1] همان

[1] (اسفندیاری و جمال منش،1381).

[1] حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[1] (شکیبایی و شادمانی، 1391).
[1] (صامتی، ساعتی و دلائی میلان، 1388؛ نقل از حسینی 1396).
[1] (خندان، 1395: 3-2).
[1] نیلی, م. (1385). اقتصاد غیر رسمی، علل ایجاد، روشهای تخمین و اثرات ان بر بخش رسمی. فصلنامه علمی و پژوهشی شریف, 36.
[1] (اشنایدر،2004؛ به نقل از نیلی, م. (1385). اقتصاد غیر رسمی، علل ایجاد، روشهای تخمین و اثرات ان بر بخش رسمی. فصلنامه علمی و پژوهشی شریف, 36.
[1] نیلی, م. (1385). اقتصاد غیر رسمی، علل ایجاد، روشهای تخمین و اثرات ان بر بخش رسمی. فصلنامه علمی و پژوهشی شریف, 36.
[1] Sirvastava,J. (2003).Child Labour in South Asia, Are Trade Sanctions the Answer?CUTS CENTRE FOR INTERNATIONAL TRADE, ECONOMICS & ENVIRONMENT.
[1] همان
[1] Mendevich,Elias(1979).”Child Labour”. International Labour Review. Vol,118.No,5.
[1]Grooter.Chiritia and Ravi Kanbur(1995).”Child Labour: Economic Perspective.International Labour Review. Vol.134. No.2.
[1] Fyfe. Alice (1989). Child Labour. Polity Press. New York.
[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث
[1] (لاهیری،2002).
[1] کاستلز، امانوئل (1380). اقتصاد، فرهنگ، عصر ارتباطات، پایان هزاره. جلد سوم. ترجمه افشین خاکباز و احمد علیقلیان، تهران: طرح نو.
[1] همان
[1] همان
[1] همان
[1] همان
[1] همان
[1] همان
[1] همان
[1] همان
[1] Ventis, L. (1995). The relationship Between religious and mental health. *Journal of Social Issues*.
به نقل از: امینی, ی., & امینی, م. (1390). بررسی تاثیر پدیده طلاق بر سلامت روانی و عزت نفس دانش آ موزان پسر مقطع راهنمایی در شهرستان بوکان.

[1] Cantor, M. (1979). Neighbors and friens: An overlooked resource in the informal support system. Research on agina.

[1] Thoits, P. (1982). Conceptual, methodological and theoretical problems in studying social support as a buffer against life stress. *Journal of health and Social Behaviors*.
به نقل از: امینی, ی., & امینی, م. (1390). بررسی تاثیر پدیده طلاق بر سلامت روانی و عزت نفس دانش آموزان پسر مقطع راهنمایی در شهرستان بوکان.
[1] بخشنده, م. (1395). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.
[1] (زارعی و تندنویس، ۱۳۸۲).
[1] (veal, 2000).
[1] عیوضی، غلام حسن (1388). سبک زندگی، تلویزیون و مصرف. فصلنامه فرهنگی- دفاعی زنان و خانواده. سال پنجم، شماره 16. ص 143-167.
[1] (لیتل‌جان و فاس، 1394: 131).
[1] تن، الکسیس (1388). نظریهها و پژوهشهای ارتباطجمعی. ترجمه نعیم بدیعی. تهران، انتشارات همشهری.
[1] کامل عباسی و آقا محمدیان شعرباف، ۱۳۸۹ به نقل از بخشنده, م. (1395). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.
[1] (کاپلان و سادوک ۱۳۷۵ به نقل از بخشنده, م. (1395). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.
[1] بخشنده, م. (1395). سنگ فرش هر خیابان از طلا نیست. تهران: جامعه شناسان.
[1] پژوهش آه-انگ
[1] Boyden, J. (1991). Children of the cities. London: Zed Book.
[1] (بونت،1993؛389).
[1] Forastieri,Valentina )1997). Children at work: Health and safety risks. ILO Child Labour Collection. Geneva, International Labour Office.
[1] Wall,S(2006). Child labour in various industries.India. Sarub & Sons.
[1] O’Driscoll, D. (2017). Overview of child labour in the artisanal and small-scale mining sector in Asia and Africa. K4D Helpdesk Report. Brighton, UK: Institute of Development Studies.
[1] گزارشی که سونگا در سال 1996
[1] گزارش مارو در سال 1994
[1] جیمز، آلیسون و دیگران (1383). جامعه‌شناسی دوران کودکی. ترجمه علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم‌آبادی. تهران. نشر ثالث

[1] نوون هایز در سال 1994
[1] Sirvastava,J. (2003).Child Labour in South Asia, Are Trade Sanctions the Answer?CUTS CENTRE FOR INTERNATIONAL TRADE, ECONOMICS & ENVIRONMENT
[1] طالبی، نادر (1389). کار کودکان و بازتولید نابرابری اجتماعی. تهران. گروه جامعهشناسی دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه علامه طباطبایی.
[1] رئیس دانا، فریبرز (1382). واکاوی کار کودکان. رفاه اجتماعی. 2(7)،231-248.

[1] حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.
[1] وامقی، مروئه و یزدانی، فرشید. (1398). گزارش وضعیت کار کودکان در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1388-1396. (ج 2، ص 150-95). تهران: آگاه.
[1] وامقی، مروئه؛ دژمان، معصومه؛ حسن رفیعی؛ روشنفکر، پیام (1393). ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیاباني در شهر تهران، (علل و خطرهاي کار کودکان در خیابان) مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. بهار 34،1394-57
[1] مزینانی، زهرا؛ مزینانی، مجتبی (1390). آسیب‌شناسی حقوقی کار کودکان و نوجوان در کسب‌وکارهای خانوادگی. خانواده پژوهی، 7(26).
[1] افشانی، علیرضا؛ عسکری ندوشن، عباس؛ حیدری، محمد (1391). تحلیلی بر وضعیت کودکان خیابانی و کار در شهر اصفهان. جامعه‌شناسی کاربردی.23(48)، 85-102.
[1] ایمان‌زاده، علی؛ علی‌پور، سریه (1398). تجربه زیسته کودکان کار شهر تبریز از احساس تنهایی. مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. 8(2)،279-304.
[1] داورپناه، صفورا؛ راغفر، حسین؛ نخعی، منیژه (1388). فقر کودکان و بازار کار در ایران. رفاه اجتماعی. 9(35).
[1] نادری، صلاح‌الدین (1393). جامعه‌شناسی مردم مدار وآزمون نظریه کاستلز در عرصه کار کودکان (پژوهش عملی مشارکتی با کودکان افغان در مرکز دوستدار کودک مشتاق). گروه جامعه‌شناسی دانشکده ادبیات و علوم اجتماعی. دانشگاه باهنر کرمان.
[1] ... تولایی در سال 1391
[1] پیام روشنفکر دلارام علی
[1] پژوهش پرن‌فر در سال 1391

[1] (کار و کارگر، ۱۳۸۱).
[1] همان
[1] خبرگزاری برنا 98/02/17 مصاحبه با سعید خال مدیرعامل سازمان بهشت‌زهرا.
[1] ویکی پدیای فارسی. تاریخ دسترسی تابستان 1399
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D8%B1%D8%AD%D8%B2%D8%A7%D8%AF

[1] سازمان نوسازی شهر تهران (1397). کتاب محله فرحزاد.
[1] فلیک, ا. (1391). درآمدی بر تحقیق کیفی. (ه. جلیلی, مترجم) تهران: نی.

[1] پرتال سازمان بین‌المللی کار. بازبینی در 4 دی 1399. از:
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang--en/index.htm
http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang--en/index.htm
[1] Global child labour developments: Measuring trends from 2004 to 2008. ILO.

[1] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.
[1] خبر آنلاین، کار ارزان و دردهای گران؛ کسی به فکر کودکان باربر نیست، 1397/03/30
[1] خبرگزاری برنا، سوزاندن روح زنان و کودکان کار در کوره‌های آجرپزی 1398/03/25

[1] صفی خانی، ثمره. (1396). کار کودکان در کوره‌های آجرپزی تحلیل شبکه روابط و اجتماعی یک کوره. فصل‌نامه انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات. 13 (46): 178-206.
[1] خبر گذاری جمهوری اسلامی ایران. بازبینی در 15 بهمن 1399 از
**https://www.irna.ir/news/81810116/%D9%85%D8%B0%D9%87%D8%A8-%D9%88-%D9%82%D9%88%D9%85%DB%8C%D8%AA-%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%81%D8%BA%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86.**

[1] ILO. (2007). Child domestic labour information resources
[1] Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work.
[1] پرتال سازمان بین‌المللی کار. بازبینی در 4 دی 1399. از:
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang--en/index.htm
http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang--en/index.htm
[1] Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work.
[1] Blagbrough J. 2008. They Respect Their Animals More: Voices of Child Domestic Workers. Anti-Slavery International: London.
[1] Unicef. (2002). innocenti digest: Child domestic work.
[1] (بلک، 2002).
[1] (بلک، 2002).
[1] Bwibo NO, Onyango P. 1987. Final Report of the Child Labour and Health Research. University of Nairobi: Nairobi.
[1] ILO. (2007). Child domestic labour information resources
[1] (باسو و ون ، 1998).
[1] Emerson, Patrick M.; André Portela Souza. (2003). Is There a Child Labor Trap? Inter-Generational Persistence of Child Labor in Brazil. Economic Development and Cultural Change, 51(2): 375–98
[1] (امرسون و ناب ، 2007).
[1] (امرسون و ناب، 2006)

[1] Howieson, Cathy; Jim McKechnie; Sheila Semple. (2006). The Nature and Implications of the Part-time Employment of Secondary School Pupils. Edinburgh: Scottish Executive Social Research

[1] وامقی، مروئه و یزدانی، فرشید. (1398). گزارش وضعیت کار کودکان در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 2، ص 150-95). تهران: آگاه.

[1] Schneider, F. & D.H. Enste. (2000). Shadow Economies: Size, Causes, and Consequences. Journal of Economic Literature 38 (1): 77–114.

[1] پرتال سازمان بین‌المللی کار. بازبینی در 4 دی 1399. از:
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang--en/index.htm

http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang--en/index.htm

[1] همان

[1] عرب‌مازیار یزدی، علی. (1398). اقتصاد غیررسمی و نابرابری در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 2، ص 516-495). تهران: آگاه.

[1] لهسايي زاده، عبدالعلي، نظريات مهاجرت، شيراز: انتشارات نويد، 1368.

[1] صادقی، رسول؛ عباسی شوازی، محمد جلال و صلواتی، بهرام. (1397). ایران در بستر مهاجرت‌های بین‌المللی. (ص 142-118). در عباسی شوازی، محمد جلال. تحولات و وضعیت جمعیت در جمهوری اسلامی ایران. مؤسسه مطالعات و مدیریت جامع و تخصصی جمعیت کشور.

[1] گیدنز، آنتونی. (1396). جامعه‌شناسی. ترجمه حسن چاوشیان. تهران: نی.

[1] (پرتال سازمان بین‌المللی کار، کنفدراسیون اتحادیۀ کارگری بین‌المللی، 2008).

[1] Diallo,. Yacouba; Etienne, Alex; Mehra, Farhad. (2013). Global child labour trends 2008 to 2012. International Labour Organization.

[1] حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[1] وامقی، مروئه؛ دژمان، معصومه؛ حسن رفیعی؛ روشنفکر، پیام (1393). ارزيابی سريع وضعيت کودکان خياباني در شهر تهران، (علل و خطرهاي کار کودکان در خيابان) مطالعات و تحقيقات اجتماعی ايران. بهار 34،1394-57

[1] زند رضوی، سیامک؛ رحیمی پورانارکی، ناهید (1390). مقایسه وضعیت کودکان کارگر ایرانی و افغان در استان کرمان بر پایه چهاراصل پیمان‌نامه حقوق کودک (سه اصل جامعه‌شناختی و دو راه‌حل). مجله مطالعات اجتماعی ایران، 5 (1)، 72-98.

[1] امیدی، رضا. (1398). بررسی تأثیرات عوامل اجتماعی بر نابرابری در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 2، ص 64-436). تهران: آگاه.

[1] ریاحی، محمد اسماعیل. (1381). جوگی‌های مازندران. مطالعات ملی. 3 (12): 21-1.

[1] خبر گذاری جمهوری اسلامی ایران. بازبینی در 15 بهمن 1399 از

https://www.irna.ir/news/81810116/%D9%85%D8%B0%D9%87%D8%A8-%D9%88-%D9%82%D9%88%D9%85%DB%8C%D8%AA-%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%81%D8%BA%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86.

[1] ریتزر، جورج (1395). جامعه‌شناسی دوران معاصر. ترجمهٔ محسن ثلاثی. تهران: چاوشگران نقش.

[1] احمدی، کامیل (1396). طنین سکوت: پژوهشی جامع در باب ازدواج زودهنگام کودکان در ایران. تهران، نشر شیرازه.

[1] وامقی، مروئه؛ دژمان، معصومه؛ حسن رفیعی؛ روشنفکر، پیام (1393). ارزيابی سريع وضعيت كودكان خياباني در شهر تهران، (علل و خطرهاي كار كودكان در خيابان) مطالعات و تحقیقات اجتماعی ایران. بهار 34،1394-57

[1] حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. فصلنامه رفاه اجتماعی، 5 (19)، 155-173.

[1] Perlovsky, L. (2013). A challenge to human evolution—cognitive dissonance. Frontiers in Psychology, 4, 179.

[1] (پیمان‌نامه حقوق کودک، 1989).

[1] Cohen, S. (1985). Visions of social control: Crime, punishment and classification (pp. 127-143). Cambridge: Polity Press.

[1] سن، آمارتیا. (1397). توسعه یعنی آزادی. ترجمه محمد سعید نوری نائینی. تهران: نی.

[1] (منبع: sciencedirect.com).

[1] (منبع: http://ngosiran.ir)

[1] سن، آمارتیا. (1397). توسعه یعنی آزادی. ترجمه محمد سعید نوری نائینی. تهران: نی.

[1] خبرگزاری ایسنا 17 تیرماه 1398

https://www.isna.ir/photo/98041708716/%D9%85%D8%B1%DA%A9%D8%B2-%D9%BE%D8%B0%DB%8C%D8%B1%D8%B4-%D9%88-%D8%B3%D8%A7%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%87%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%AF%DA%A9%D8%A7%D9%86-%D8%AE%DB%8C%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C

[1] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[1] ILO. (1999). Worst Forms of Child Labour Convention, 1999. (No. 182(

[1] پرتال سازمان بین‌المللی کار. بازبینی در 4 دی 1399. از:
https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang--en/index.htm

http://www.ilo.ch/global/topics/employment-promotion/informal-economy/lang--en/index.htm

[1] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[1]گیدنز، آنتونی. (1396). جامعه‌شناسی. ترجمه حسن چاوشیان. تهران: نی.

[1] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[1] نوری، سید مسعود. (1387). خشونت خانگی علیه کودکان. چیستی، چرایی و راهکارهای درمان آن در پرتو تلاش‌های حقوقی. فصلنامه حقوق بشر، جلد 2 (3): 35-54.

[1] (لودوینگ و کورنبرگ ، 1982؛ به نقل از مدنی قهفرخی، سعید؛ بیات، مجتبی (1389). فقر و کودک‌آزاری در ایران. فصل‌نامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی، 9 (35): 271-300.

[1] (سازمان بهداشت جهانی ، 2018).

[1] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[1] آرون، ریمون (1396). مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعه‌شناسی. ترجمهٔ باقر پرهام. تهران: علمی و فرهنگی.

[1] مارکس، 1394؛ به نقل از مروئه و یزدانی، فرشید. (1398). گزارش وضعیت کار کودکان در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 2، ص 150-95). تهران: آگاه.

[1] مشونیس، جان (1396). مسائل اجتماعی (ترجمهٔ هوشنگ نایبی). تهران: پژوهشگاه فرهنگ، هنر و ارتباطات.

[1] زاهدی اصل، محمد. (1384). اهمیت و ضرورت سیاست‌گذاری در اوقات فراغت. مرکز مطالعات و تحقیقات اجتماعی و فرهنگی. معاونت امور اجتماعی و فرهنگی تهران.

[1] گلابی، فاطمه. (1392). گونه‌های فراغت و تأثیر آن بر سلامت اجتماعی جوانان. دو فصل‌نامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه. 2 (2): 69-121.

[1] قادرزاده امید، قادرزاده، هیرش و حسن‌پناه، حسین. (1394). بسترها و منابع گذراندن اوقات فراغت جوانان. مطالعات و تحقیقات اجتماعی در ایران. 4 (4): 61-637.

[1] گلابی، فاطمه. (1392). گونه‌های فراغت و تأثیر آن بر سلامت اجتماعی جوانان. دو فصل‌نامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه. 2 (2): 69-121.

[1] پاسدار، یحیی؛ دربندی، میترا؛ جهانبخش علی‌رضا و دیگران (1393). بررسی وضعیت تغذیه‌ای کودکان کار در شهر کرمانشاه در سال 1391. مجله علوم پزشکی دانشگاه سبزوار، 21 (4)، 604-612.

[1] دانشگاه علوم پزشکی و خدمات بهداشتی و درمانی تبریز. (1397). تغذیه در دوران خاص زندگی.

[1] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.

[1] بیات، آصف. (1391). سیاست‌های خیابانی، جنبش تهی‌دستان در ایران. مترجم سید اسدالله نبوی چاشمی. تهران: پردیس دانش.

[1] پیران، پرویز. (1397). نابرابری فضایی و پی‌آمدهای آسیب‌شناختی آن در ایران. در آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388. (ج 1، ص 48-21). تهران: آگاه.

[1] علیوردی نیا، اکبر (1389). مطالعه جامعه‌شناسی کارتون خوابی، علل، تجارب جهانی و راهکارها (بررسی موردی شهر تهران). دفتر مطالعات فرهنگی و اجتماعی شهر تهران.

[1] نوبهاری، مهناز. (1399). بررسی عوامل اجتماعی بی‌خانمانی در کلان‌شهر کرج. پایان‌نامه کارشناسی ارشد. دانشگاه غیرانتفاعی دانش البرز.

[1] Sampson, R. J. & Laub, J. H. (1993). Crime in the Making: Pathways and Turning Points through Life. Cambridge, MA: Harvard University Press.

[1] (سازمان بهداشت جهانی، 2017).

[1] Blanco, Amlio and Dario Diaz (2007), "Social order and mental heath: a social well-being approach", psychology in Spain, vol. 11.

[1] (سجادی، 1380: 42).

[1] صادقی، رسول؛ عباسی شوازی، محمد جلال و صلواتی، بهرام. (1397). ایران در بستر مهاجرت‌های بین‌المللی. (ص 142-118). در عباسی شوازی، محمد جلال. تحولات و وضعیت جمعیت در جمهوری اسلامی ایران. مؤسسه مطالعات و مدیریت جامع و تخصصی جمعیت کشور.

[1] ILO. (2017). Global estimates of child labour: Results and trends, 2012-2016. Geneva: International Labour Organization Geneva.

[1] انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدهٔ زباله‌گردی کودکان در تهران.